

هاوڕێنامە

بۆمیژووی کوردستان و کورد

هاوڕێ باخەوان

کوردپیدیا

چرا

هاوڕێنامە بۆمیژووی کوردستان و کورد

٩

کوردپیدیا

چرا

بەرگ: غەیرەتمەند سالح

زۆرتر لە چارەکە سەدەیەک بەسەر چاپکردنی چاپی یەکەمی پەرتووکی هاوڕێنامە بۆ میژووی کوردستان و کورد تێدەپەڕێت، دروست ساڵی ١٩٩٩ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بە زنجیرەی ژمارە ١٦، بە ژمارەی سپاردنی ٢٠٣، لە چاپخانەی ڕووڕ لە سلێمانی بە سوپاسەوە چاپی یەکەمی تەنجامدا.

پاش چاپکردنی، هاوڕێنامە هەر زوو ناو و دەنگی پەیداکرد. زۆرێک ڕەخنە و تێبینی و دەستخۆشیم لە بڵاوبوونەوەی هاوڕێنامە بەڕووڕوو بووەوە، زۆرێک لە هەڵەکانم چاککردەوە، لێی نەوەستام تا ڕۆژی ئەمڕۆ، هاوڕێنامە لە چوار سەد و ئەوەندە لاپەڕەوە بووە هەزاران لاپەڕە. زۆر پەرتووکم بینی لە لیستی سەرچاوەکاندا ناماژەیان بۆ هاوڕێنامە کردبوو، زۆری تریشم بینی زانیارییان لە هاوڕێنامەوە وەرگرتبوو و تەنانەت هەڵەی چاپ و ڕێنووسی منیشیان دانابوو لە نووسینەکانیاندا! بەبێ ئەوەی ناماژە بە هاوڕێنامە و ناوی من بکەن!. زۆربەی تەلەڤزیۆنەکانی تەوکات، ڕووداوەکانی ڕۆژیان لە هاوڕێنامەوە وەردەگرت بەبێ ئەوەی باسی هاوڕێنامە بکەن!

زۆر جار پێم دەوترا تکایە چاپی بکەرەوە، بەڵام من دوودڵ بووم لەوەی کە هێشتا ناماده نییە و چاپی دووەمی هاوڕێنامە دەبێت زۆر زۆر لەوەی یەکەمی باشتربێت.

دیارە ئەم وەشانی دووەمەش وەک چاپی یەکەم بێ هەڵە نییە! نازانم ئیدی چاپی سێیەم دەکرێت یان من فریای دەکەوم، بەڵام جارێ سوورم لەسەر ژیانی پڕۆژەی هاوڕێنامە لای من کۆتایی نەهاتووە و هەردەم بەهۆی کوردپیدیاوە خەریکی پوختەکردن و باشترکردن و زۆرترکردنی دەبم.

سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی لەم وەشانی دووەمەدا هاوکارم بوون.

نرخ ١٥٠٠٠ دینار

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا
سلێمانی سەرچناری ئیمەقامی مەولەوی
فەرعی سەعید تەها کۆیە
٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨ - ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧
Ktebxanai chwarchra

هاوڕێنامە (وەشانی 2، بەشی 9 لە 10)

ڕووداونامەیەکی کرۆنۆلۆژییە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاوەکو ساڵی دەرچوون (پاکژ و زێدە)

بەشەکانی ئەم بایندەرە 7.229 تۆمار بەم زمانانە لەخۆدەگرێت:
کوردیی ناوەڕاست |

ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردیپێدیا
ڕۆژی دەرچوون: 2025-01-10

ئەرشیڤوانانی بەشداربوو لەم بەرهەمەدا
هاوڕێ باخەوان

ژمارەی بابەت
7.229

ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
https://www.kurdipedia.org
2008 - 2025

هاوڕێنامە (وەشانی 2، بەشی 9 لە 10)

ڕووداونامەیەکی کرۆنۆلۆژییە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاوەکو ساڵی دەرچوون (پاکژ و زێدە)

بەشەکانی ئەم بایندەرە 7.229 تۆمار بەم زمانانە لەخۆدەگرێت:
کوردیی ناوەڕاست |

ئامادەکردنی: ڕێکخراوی کوردیپێدیا
ڕۆژی دەرچوون: 10-01-2025

ئەرشیڤوانانی بەشداربوو لەم بەرهەمەدا ژمارەی بابەت

هاوڕێ باخەوان 7.229

ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
https://www.kurdipedia.org
2008 - 2025

ناوەڕۆک

ناوەڕۆک 3

دەربارەی پڕۆژەی هاورێنامە 14

چەند وتەیەک 16

بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا 17

دەربارەی کوردیپێدیا 20

2018-07-28 22
2018-07-29 23
2018-07-30 24
2018-07-31 25
2018-08-01 27
2018-08-02 29
2018-08-03 30
2018-08-04 32
2018-08-05 33
2018-08-06 35
2018-08-07 36
2018-08-08 38
2018-08-09 39
2018-08-10 41
2018-08-11 43
2018-08-12 45
2018-08-13 46
2018-08-14 48
2018-08-15 50
2018-08-16 52
2018-08-17 54
2018-08-18 56
2018-08-19 58
2018-08-20 61
2018-08-21 63
2018-08-22 65
2018-08-23 66
2018-08-24 67
2018-08-25 69
2018-08-26 72
2018-08-27 73
2018-08-28 75

2018-08-29 77
2018-08-30 79
2018-08-31 81
2018-09-01 84
2018-09-02 85
2018-09-03 88
2018-09-04 90
2018-09-05 92
2018-09-06 94
2018-09-07 96
2018-09-08 97
2018-09-09 100
2018-09-10 103
2018-09-11 106
2018-09-12 108
2018-09-13 110
2018-09-14 112
2018-09-15 114
2018-09-16 116
2018-09-17 118
2018-09-18 121
2018-09-19 122
2018-09-20 125
2018-09-21 126
2018-09-22 128
2018-09-23 129
2018-09-24 131
2018-09-25 133
2018-09-26 135
2018-09-27 137
2018-09-28 139
2018-09-29 141
2018-09-30 142
2018-10-01 144
2018-10-02 147
2018-10-03 148
2018-10-04 151
2018-10-05 153
2018-10-06 154
2018-10-07 157
2018-10-08 159
2018-10-09 160
2018-10-10 163
2018-10-11 165
2018-10-12 167
2018-10-13 169
2018-10-14 171

2018-10-15 173
2018-10-16 175
2018-10-17 177
2018-10-18 179
2018-10-19 181
2018-10-20 183
2018-10-21 185
2018-10-22 186
2018-10-23 188
2018-10-24 190
2018-10-25 192
2018-10-26 194
2018-10-27 196
2018-10-28 198
2018-10-29 201
2018-10-30 202
2018-10-31 204
2018-11-01 207
2018-11-02 209
2018-11-03 210
2018-11-04 212
2018-11-05 214
2018-11-06 216
2018-11-07 218
2018-11-08 220
2018-11-09 223
2018-11-10 225
2018-11-11 227
2018-11-12 228
2018-11-13 231
2018-11-14 233
2018-11-15 236
2018-11-16 238
2018-11-17 240
2018-11-18 242
2018-11-19 244
2018-11-20 246
2018-11-21 248
2018-11-22 251
2018-11-23 252
2018-11-24 254
2018-11-25 257
2018-11-26 258
2018-11-27 260
2018-11-28 262
2018-11-29 264
2018-11-30 267

2018-12-01 269
2018-12-02 271
2018-12-03 273
2018-12-04 275
2018-12-05 278
2018-12-06 280
2018-12-07 282
2018-12-08 283
2018-12-09 285
2018-12-10 288
2018-12-11 290
2018-12-12 292
2018-12-13 294
2018-12-14 297
2018-12-15 298
2018-12-16 300
2018-12-17 302
2018-12-18 304
2018-12-19 306
2018-12-20 308
2018-12-21 310
2018-12-22 313
2018-12-23 314
2018-12-24 316
2018-12-25 319
2018-12-26 320
2018-12-27 321
2018-12-28 322
2018-12-29 323
2018-12-30 325
2018-12-31 326
2019-01-01 328
2019-01-02 329
2019-01-03 331
2019-01-04 333
2019-01-05 335
2019-01-06 337
2019-01-07 339
2019-01-08 342
2019-01-09 344
2019-01-10 347
2019-01-11 348
2019-01-12 351
2019-01-13 353
2019-01-14 355
2019-01-15 358
2019-01-16 360

2019-01-17 362
2019-01-18 364
2019-01-19 366
2019-01-20 368
2019-01-21 370
2019-01-22 372
2019-01-23 374
2019-01-24 376
2019-01-25 377
2019-01-26 379
2019-01-27 382
2019-01-28 383
2019-01-29 386
2019-01-30 388
2019-01-31 390
2019-02-01 393
2019-02-02 394
2019-02-03 397
2019-02-04 398
2019-02-05 401
2019-02-06 402
2019-02-07 405
2019-02-08 406
2019-02-09 408
2019-02-10 410
2019-02-11 413
2019-02-12 415
2019-02-13 416
2019-02-14 419
2019-02-15 421
2019-02-16 423
2019-02-17 425
2019-02-18 427
2019-02-19 429
2019-02-20 432
2019-02-21 434
2019-02-22 437
2019-02-23 438
2019-02-24 440
2019-02-25 443
2019-02-26 445
2019-02-27 448
2019-02-28 449
2019-03-01 451
2019-03-02 453
2019-03-03 453
2019-03-04 454

2019-03-05 455
2019-03-06 457
2019-03-07 459
2019-03-08 461
2019-03-09 462
2019-03-10 463
2019-03-11 464
2019-03-12 465
2019-03-13 467
2019-03-14 468
2019-03-15 470
2019-03-16 471
2019-03-17 472
2019-03-18 474
2019-03-19 476
2019-03-20 477
2019-03-27 479
2019-04-03 481
2019-04-05 481
2019-04-06 482
2019-04-07 484
2019-04-19 485
2019-05-02 486
2019-05-10 487
2019-05-11 488
2019-05-12 489
2019-05-13 490
2019-05-14 491
2019-05-15 492
2019-05-16 493
2019-05-17 495
2019-05-18 496
2019-05-19 497
2019-05-20 499
2019-05-21 500
2019-05-22 501
2019-05-23 502
2019-05-24 504
2019-05-25 506
2019-05-26 507
2019-05-27 509
2019-05-28 510
2019-05-29 512
2019-05-30 513
2019-05-31 515
2019-06-01 516
2019-06-02 518

2019-06-03 519
2019-06-04 520
2019-06-05 521
2019-06-06 523
2019-06-07 524
2019-06-08 526
2019-06-09 527
2019-06-10 529
2019-06-11 530
2019-06-12 532
2019-06-13 533
2019-06-14 535
2019-06-15 537
2019-06-16 538
2019-06-17 539
2019-06-18 541
2019-06-19 542
2019-06-20 543
2019-06-21 545
2019-06-22 546
2019-06-23 547
2019-06-24 549
2019-06-25 551
2019-06-26 553
2019-06-27 554
2019-07-02 556
2019-07-03 558
2019-07-04 559
2019-07-05 560
2019-07-06 560
2019-07-07 562
2019-07-08 563
2019-07-09 564
2019-07-15 565
2019-07-17 566
2019-07-26 566
2019-07-27 567
2019-07-29 568
2019-08-07 569
2019-08-08 570
2019-08-09 571
2019-08-10 573
2019-08-11 574
2019-08-12 575
2019-08-14 576
2019-08-15 577
2019-08-16 578

2019-08-17 579
2019-08-18 581
2019-08-19 582
2019-08-20 584
2019-08-21 585
2019-08-22 587
2019-08-23 588
2019-08-24 589
2019-08-25 591
2019-08-26 593
2019-08-27 594
2019-08-28 595
2019-08-29 596
2019-08-30 598
2019-08-31 599
2019-09-01 600
2019-09-02 601
2019-09-03 603
2019-09-04 604
2019-09-05 605
2019-09-06 606
2019-09-07 607
2019-09-08 608
2019-09-09 610
2019-09-10 611
2019-09-11 612
2019-09-12 613
2019-09-13 614
2019-09-14 616
2019-09-15 618
2019-09-16 619
2019-09-17 621
2019-09-18 623
2019-09-19 625
2019-09-20 626
2019-09-21 627
2019-09-22 628
2019-09-23 630
2019-09-24 631
2019-09-25 633
2019-09-26 635
2019-09-27 637
2019-09-28 638
2019-09-29 640
2019-09-30 641
2019-10-01 644
2019-10-02 646

2019-10-03 648
2019-10-04 649
2019-10-05 651
2019-10-06 652
2019-10-07 654
2019-10-08 656
2019-10-09 658
2019-10-10 661
2019-10-11 662
2019-10-12 663
2019-10-13 665
2019-10-14 667
2019-10-15 669
2019-10-16 671
2019-10-21 672
2019-10-23 673
2019-10-27 674
2019-10-30 674
2019-10-31 676
2019-11-01 678
2019-11-02 679
2019-11-03 682
2019-11-04 683
2019-11-05 685
2019-11-06 687
2019-11-07 689
2019-11-08 690
2019-11-09 692
2019-11-10 694
2019-11-11 696
2019-11-12 698
2019-11-13 699
2019-11-14 701
2019-11-15 704
2019-11-16 706
2019-11-17 707
2019-11-18 709
2019-11-19 711
2019-11-20 713
2019-11-21 716
2019-11-22 718
2019-11-23 719
2019-11-24 721
2019-11-25 724
2019-11-26 727
2019-11-27 729
2019-11-28 732

2019-11-29 735
2019-11-30 737
2019-12-01 739
2019-12-02 741
2019-12-03 743
2019-12-04 745
2019-12-05 747
2019-12-06 750
2019-12-07 752
2019-12-08 753
2019-12-09 755
2019-12-10 758
2019-12-11 760
2019-12-12 763
2019-12-13 765
2019-12-14 767
2019-12-15 770
2019-12-16 771
2019-12-17 774
2019-12-18 777
2019-12-19 779
2019-12-20 782
2019-12-21 785
2019-12-22 787
2019-12-23 790
2019-12-24 792
2019-12-25 794
2019-12-26 796
2019-12-27 799
2019-12-28 802
2019-12-29 804
2019-12-30 806
2019-12-31 808
2020-01-01 809
2020-01-02 811
2020-01-03 812
2020-01-04 814
2020-01-05 816
2020-01-06 817
2020-01-07 819
2020-01-08 821
2020-01-09 823

لیستەی ئاماژەکاری ناو و شوێنەکان 826

دەربارەی پڕۆژەی هاوڕێنامە

زۆرتر لە چارەکە سەدەیەک بەسەر چاپکردنی چاپی یەکەمی پەرتووکی هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد تێدەپەڕێت، دروست ساڵی ١٩٩٩ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بە زنجیرەی ژمارە ١٦، بە ژمارەی سپاردنی ٢٠٣، لە چاپخانەی ڕووبار لە سلێمانی بە سوپاسەوە چاپی یەکەمی ئەنجامدا.
چاپی یەکەمی هاوڕێنامە نزیکەی ٤٧٠ لاپەڕەی ئەی-چوار بوو. تەواوی دیزاینی ناوەوە و بیرۆکەی بەرگەکەی لەلایەن خۆمەوە ئەنجام درابوو. دانانی هاوڕێنامە دروست چوار ساڵ زۆرتری خایاند. زۆرتر لە ٥٠٠ سەرچاوەم بۆی بەکارهێنا.
پاش چاپکردنی، هاوڕێنامە هەر زوو ناو و دەنگی پەیداکرد. لەوانەیە یەک لە هۆکارەکان ئەوە بێت کە ئەوە یەکەمجار بوو لە مێژووی پەرتووکخانەی ئێمەدا بەرهەمێکی وا گشتر و گەورە لەسەر کرۆنۆلۆژیا بڵاوببێتەوە. هۆکاری دووەمیش کێشانەوەی هاوڕێنامە بوو لە پەرتووکخانەکانی کوردستان و پاشان پێشەکییەکی نوێی بەبێ ئاگاداریی من لەلایەن سەرۆکی ئەوکاتی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم شێرکۆ بێکەس-ەوە بۆ نووسرا و سەرلەنوێ خرایەوە ناو پەرتووکخانەکان. وەک دەڵێن دیسان هاوڕێنامە بۆ جاری دووەم لە پەرتووکخانەکانی کوردستان لابران و کۆکرانەوە.
دیارە چیرۆک زۆرن لەسەر کێشانەوەی هاوڕێنامە لە پەرتووکخانەکان بەڵام ئەو دوو دێڕەی سەرەوە ڕاستییەکانن کە کارمەندانی دەزگاری سەردەم و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی سلێمانی بۆ منیان باس کردووە.
کۆتایی ساڵی ١٩٩٩ و سەرەتاکانی ٢٠٠٠ زۆرێک لەسەر هاوڕێنامە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان نووسران. بەڕادەیەک ئەگەر لە کلتووری چاپەمەنیی ئێمەدا "پەرتووکی ساڵ" ببووایە، ئەوا هاوڕێنامە "دەبووە" "پەرتووکی ساڵی ١٩٩٩"!.
وەک بیستوومە سەرۆکی دەزگای سەردەم ئەگەرچی هاوڕێنامەی پێ باش بووە، دووداڵ دەبێت لە چاپکردنی، چونکە مێژوویەکی زۆر ناشرین لە شەڕی براکوژی لەخۆدەگرێت و بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی لەوکاتەدا پێ باش نەبووە. هەربۆیە لاپەڕەکانی هاوڕێنامە هەڵدەگرێت و دەچێتە قەڵاچوالان و پیشانی مام جەلال-ی دەدات. مام جەلالیش خۆشبەختانە دەڵێت چاپی بکەن.
پاش بڵاوبوونەوە و کۆکردنەوەی پەرتووکەکە، قاچاخچییانی پەرتووک لە هەولێر "هەزار" دانە یان زۆرتری لێ چاپ دەکەن و دەیفرۆشنەوە. من پاشتر ئەمەم زانی! ساڵی ٢٠٠٠ یان پاشتر، ڕۆژێک لەگەڵ ئاکۆ محەمەد کە ئەوکات سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا بوو، قاچاخچییەکانمان لە هەولێر دۆزییەوە. دیارە نەچوونە ژێری و وەک بۆمان دەرکەوت پارەیەکی زۆر باشیان لە چاپکردنەوە و فرۆشتنی هاوڕێنامە دەستکەوتبوو. ئەوەم زۆر پێ کارەسات بوو، چونکە ئەو کۆمپیوتەرەی کە ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ بەنازی هاوژینم بە قەرز کڕیبوومان و هاوڕێنامەم بۆ ماوەی چوار ساڵ پێ تایپ و ڕێکخستبوو، هێشتا مانگانە کەیمان نەدابووەوە! ئیدی دنیا هەروا بووە، کێ دەیکات و کێ دەیخوات! هاوکێشەیەکی نادادپەروەرانەی مێژووی مرۆڤایەتییە.
زۆرێک ڕەخنە و تێبینی و دەستخۆشیم لە بڵاوبوونەوەی هاوڕێنامە بەرەوڕوو بووەوە، زۆرێک لە هەڵەکانم چاککردەوە، لێی نەوەستام تا ڕۆژی ئەمڕۆ، هاوڕێنامە لە چوار سەد و ئەوەندە لاپەڕەوە بووە هەزاران لاپەڕە. پێشتر لەسەر وێبی باخەوان کە ماڵپەڕێکی کەسیی خۆمە، دامنا و پەیوەستم کرد بە ماشێنێکی گەڕانەوە. خەڵکانێکی زۆر بەکاریان هێنا. زۆر پەرتووکم بینی لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ هاوڕێنامە کردبوو، زۆری تریشم بینی زانیاریان لە هاوڕێنامەوە وەرگرتبوو و تەنانەت هەڵەی چاپ و ڕێنووسی منیشیان دانابوو لە نووسینەکانیاندا! بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هاوڕێنامە و ناوی من بکەن!. زۆربەی تەلەفزیۆنەکانی ئەوکات، ڕووداوەکانی ڕۆژیان لە هاوڕێنامەوە وەردەگرت بەبێ ئەوەی باسی هاوڕێنامە بکەن!.
ساڵی ٢٠٠٨ کە ماڵپەڕی کوردیپێدیا دامەزرا، تۆمارەکانی هاوڕێنامە بووە بەشێکی گرنگی ئەو داتا بانکە و هەموو زانیارییەکان خرانە پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا)وە، ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر، پاکژتر دەبوو، بۆ زۆرێک لە ڕووداوەکان وێنەی پێویستم پەیداکرد. پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو لە کوردیپێدیا تاکە پۆلە کە من بەتەنیا کارم تێیدا کردووە، پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا ئاسانکارییەکی باشی بۆ کردم تاوەکو کارەکانی هاوڕێنامە پوختەتر ئامادەبکەم و تا ڕۆژی نووسینی ئەم چەند وتەیە هەر بەردەوامم لە زانیاری کۆکردنەوە و ڕێکخستنەوەیان.
پاش نەمانی پەرتووکی هاوڕێنامە لە پەرتووکخانەکان، سەدان جار پێم وترا تکایە چاپی بکەرەوە، بەڵام من دووداڵ بووم لەوەی کە هێشتا ئامادە نییە و چاپی دووەمی هاوڕێنامە دەبێت زۆر زۆر لەوەی یەکەمی باشتربێت.
ساڵی ٢٠٠٥، دەزگای ئاراس لە هەولێر ئامادەیی خۆیی بۆ چاپی دووەمی هاوڕێنامە دەربڕی. بەڵام بەداخەوە کارەکە سەری نەگرت.
ساڵی ٢٠١٦ لە پێشانگای نێودەوڵەتیی پەرتووک لە هەولێر سەرۆکی دەزگای بەدرخان، کاک حەمید بەدرخان-م بینی و پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەوان هاوڕێنامە چاپ دەکەنەوە. بۆ ئەو مەبەستە دەزگاکە دیزاینەری بەناوبانگ عوسمان پیرداودی دەستنیشانکرد تاوەکو دیزاینی چاپی دووەمی هاوڕێنامە بکات. کاک عوسمان کەوتە کار و گەڵاڵەی دیزاینەکەی بە ٥٠٠ وێنەوە ئامادەکرد کە هەزاران لاپەڕەی لە چەند بەرگێکدا لەخۆدەگرت، بۆ ئەو مەبەستە چەند جارێک لە سلێمانییەوە چوومە هەولێر. بەڵام بەداخەوە کاک حەمید بەدرخان نەخۆشکەوت و چووە دەرەوەی وڵات. چاپکردنی هاوڕێنامە بە هەڵواسراوەیی مایەوە و کارەکە سەری نەگرت.

لە ٢٠١٦ەوە زانیاریی زۆرتر چووە سەر خەرمانی هاوڕێنامە، ساڵی ٢٠٢٤ کاک شێخ کامیل، خاوەنی چاپخانەی چوارچرا لە سلێمانی ئامادەیی خۆیی بۆ چاپکردنی هاوڕێنامە لای هاوڕێم کاک ئاراس ئیلنجاغی دەربڕیبوو.
پاش ماوەیەک قسەکردن لەگەڵ کاک کامیل لەسەر چاپکردنی هاوڕێنامە ڕێککەوتین و ئەوە ئێستا دەکەوێتە بەردەستی ئێوە.
سوپاسی زۆرم بۆ چاپخانەی چوارچرا و کارمەندانی کە لە چاپکردنی ئەم بەرهەمەدا ئەرک دەکێشن.
دیارە ئەمیش وەک چاپی یەکەم بێ هەڵە نییە! نازانم ئیدی چاپی سێیەم دەکرێت یان من فریای دەکەوم، بەڵام جارێ سووڕی ژیانی پڕۆژەی هاوڕێنامە لای من کۆتایی نەهاتووە و هەردەم بەهۆی کوردیپێدیاوە خەریکی پوختەکردن و باشترکردن و زۆرترکردنی دەبم.
سوپاس

هاوڕێ باخەوان
لاهای – هۆڵندا
ساڵڕۆژی ڕەشی دامەزراندنی سوپای داگیرکەری ئێڕاق – ٢٠٢٥

چەند وتەیەک

ئەمەی بەردەستتان، بایندەرێکی ڕێکخراوی ڕووداونامەیەکی کرۆنۆلۆژییە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، هەر لە سەرەتای مێژووەوە تاوەکو ساڵی دەرچوون.
لەم بایندەرەدا ڕەچاوی ڕیزبەندیی ئەلفوبێی پۆل و سەرباسەکان کراوە، پاشان زمان و شێوەزمانەکان.
تۆمارەکان بەپێی توانا و دەستکەوتنی زانیاری، پێناسیان نووسراوە، وێنە و فایلی پی. دی. ئێف ئەگەر دەستمان کەوتبێت خراوەتە پاڵ تۆمارەکەیەوە. هەروەها هەر مێتاداتایەکی تری پێویستیش وەک پاشکۆ لەگەڵ تۆمارەکاندا دانراون.
لەگەڵ هەر تۆمارێک لینکێک هەیە، ئەو لینکە گرێدراوە بە تۆمارەکەوە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا، بابەتەکان هەندێکجار گۆڕانکاریان بەسەردادێت و باشتر دەکرێن، مێتاداتا، وێنە و فایلی پەیوەندیداریان دەخرێتەسەر، بۆ ئەوەی لە دوا ڤێرشنی ئەو تۆمارە ئاگاداربیت، کلیک لە بابەتەکە بکە و لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا بیکەرەوە.
لە کۆتایی هەر بابەتێکدا، وێنەی کویک ڕیسپۆنس هەیە، ئەم وێنەیە کە سکێن دەکرێت، یەکسەر دەتباتە سەر بابەتەکە لەسەر ماڵپەڕی کوردیپێدیا.
هەندێک بابەت پەیوەستکراوە بە بابەتی ترەوە، بۆ نموونە نووسەر بە پەڕتووکەکانییەوە، یان هەندێک بابەت فایلی پەیوەندیداری لەگەڵە، ئەوانە لێرەدا پیشان نەدراون و بۆ بینینیان دەبێت لە ماڵپەڕی کوردیپێدیادا سەیریان بکەیت.

تێبینی: وەشانی یەکەمی ئەم کوردیپێدیانامانە، تاقیکردنەوەن!
ئەم پەڕتووکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەرپی تایبەت بە ڕێکخراوی کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
بەهیوای ئەوەی ئەم بایندەرە زۆرتر و پاکژتری بکەین و بەزووترین کات وەشانێکی تر بخەینە بەردەستی ئێوەی بەڕێز..

ئەم بایندەرە، سەرئەنجامی کاری بەردەوامی چەند ساڵەی ئەرشیڤوانانی کوردیپێدیایە. بەبڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە کوردیپێدیا هیچ دەستکەوتێکی مادەی پەیداناکات. تکایە لە کاتی سوودوەرگرتن لەم بایندەرە لە تۆژینەوە و نووسینەکانتاندا، ئاماژە بە ناوی ئەم بایندەرە، ژمارەی وەشان، ساڵی دەرچوون و کوردیپێدیا بکەن.

گرنگە ئەوە بگووترێت کە ئەم بایندەرە لێکۆڵینەوە نییە! تەنها کۆکردنەوەی زانیارییە وەک سەرچاوەیەک بۆ لێکۆڵینەوە پەیوەندیدارەکان بەم بابەتەوە.
سوپاس.

ڕێکخراوی کوردیپێدیا
https://www.kurdipedia.org
contact@kurdipedia.org
13-01-2025

بڵاوکراوەکانی کوردیپێدیا

#	ناوی پەرتووک	زمان	ژمارەی وەشان	لاپەڕەکان - A4	بابەت	ڕۆژی دەرچوون
53	ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد	کوردیی ناوەڕاست	1	86	0	2024-12-03
52	فەیلی-نامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	1.720	745	2024-11-08
51	زمانی کورد، بگونجێنە بۆ 0 و 1	کوردیی ناوەڕاست	1	138	0	2024-10-28
50	ژینانامە - وەشانی 2	کوردیی ناوەڕاست	2	448	258	2024-09-16
49	مەتەڵنامە - وەشانی 2 (دوو بەرگ)	کوردیی ناوەڕاست	2	6.426	6.202	2024-09-03
48	شۆێنەوارنامە - وەشانی 3	کوردیی ناوەڕاست	3	1.801	1.272	2024-08-29
47	کۆڵبەرنامە - وەشانی 2	کوردیی ناوەڕاست	1	484	352	2024-08-28
46	سیاسەت و پلانی زمان بۆ هەرێمی کوردستان	کوردیی ناوەڕاست	1	54	1	2023-08-19
45	لۆژانامە - وەشانی 2	کوردیی ناوەڕاست	2	1.425	339	2023-07-17
44	سایکس-پیکۆنامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	1.100	235	2023-04-07
43	سیڤەرنامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	1.416	274	2023-03-25
42	وەرزشنامە - وەشانی 3	کوردیی ناوەڕاست	3	1.106	1.351	2023-02-09
41	ئەنفالنامە - وەشانی 3	کوردیی ناوەڕاست	3	3.821	4.613	2023-01-26
40	ژنکوژینامە - وەشانی 4	کوردیی ناوەڕاست	4	105	122	2022-08-18
39	شهدائنا في حرب ضد الدولة الاسلامية - داعش، الطبعة 2	عربي	2	501	698	2022-08-18
38	ئاراسنامە – وەشانی 3	کوردیی ناوەڕاست	2	957	1.526	2022-02-08
37	2020نامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	687	366	2021-02-25
36	2019نامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	459	363	2020-01-01
35	ژینگەنامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	173	158	2019-01-10
34	2018نامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	624	365	2019-01-03
33	2017نامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	472	363	2018-01-03

32	چۆنێتیی بەکارهێنانی کوردیپێدیا	کوردیی ناوەڕاست	1	30	0	2017-04-02
31	2016نامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	208	348	2017-01-22
30	دور احداث شنكال في تطوير القضية الكردية	عربي	1	20	0	2016-09-26
29	ڕۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد	کوردیی ناوەڕاست	1	21	0	2016-08-08
28	شەهیدانی شەڕی داعش - وەشانی 1ەم	کوردیی ناوەڕاست	1	1.734	3.287	2016-05-12
27	2015نامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	153	339	2016-01-01
26	یارینامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	11	9	2015-09-17
25	ناندینامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	29	45	2015-09-17
24	پاسۆکنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	189	141	2015-09-11
23	هونەرنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	1.219	2.075	2015-09-10
22	چالاکوانnامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	1.249	2.075	2015-09-10
21	وێنەنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	882	2.333	2015-09-10
20	بەڵگەنامە - وەشانی 1ەم	کوردیی ناوەڕاست	1	847	771	2015-09-10
19	ئەتڵەسنامە - وەشانی 1ەم	کوردیی ناوەڕاست	1	42	93	2015-09-10
18	ئامارنامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	901	1.191	2015-09-09
17	نووسەرنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	2.703	4.563	2015-09-09
16	بڵاوکراوەنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	325	719	2015-09-08
15	پەڕتووکنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	5.207	11.223	2015-09-08
14	گەپنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	190	476	2015-09-07
13	ناونامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	1.347	4.294	2015-09-07
12	پەندنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	1.579	5.613	2015-09-07
11	زیندانینامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	2.849	7.015	2015-09-07
10	داعشنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	58	92	2015-03-14

9	کۆبانێنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	136	191	2015-02-01
8	شوێننامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	1.347	2.957	2015-01-22
7	پێشمەرگەنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	353	536	2015-01-21
6	جاشنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	140	287	2015-01-18
5	رێکخراونامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	510	960	2015-01-16
4	هاوڕێنامە - وەشانی 4ەم	کوردیی ناوەڕاست	4	1.859	5.035	2015-01-15
3	براکوژینامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	172	285	2015-01-11
2	شەهیدنامە - وەشانی 2ەم	کوردیی ناوەڕاست	2	3.935	7.345	2015-01-04
1	2014نامە - وەشانی 1	کوردیی ناوەڕاست	1	166	344	2015-01-01

دەربارەی کوردیپێدیا

کوردیپێدیا، پڕۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پەیوەست بە کوردستان و کورد و بەهیوایە لە پاشەڕۆژدا ببێتە پڕ زانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بەهۆیەوە بەئاسانی بزانرێت: کێ، کێیە؟! و کوێ، کوێیە؟ !و چی، چییە؟...!
ڕێکخراوی کودیپێدیا ساڵی 2008 لەلایەن (هاوڕێ باخەوان)ەوە دامەزراوە.
کوردیپێدیا وشەیەکی لێکدراوە و لە کوردی و پێدیا پێکهاتووە. وشەی پێدیا، وشەی دووەمی وشەی لێکدراوی گریکیی ئەنسیکلۆپێدیایە (encyclopedia) کە بەواتای ناسین یان زانینی یاخود زانیاریی گشتی دێت. وشەی کوردیپێدیاش لەوەوە داتاشراوە و دەکرێت واتای کوردناسی، کوردیناسی یان کوردزانین یاخود زانیاریی کوردی بدات. بۆ یەکەمجار وشەی کوردیپێدیا لەلایەن دامەزرێنەری کوردیپێدیاوە ئافرێندراوە.
سەرچاوەکانی کوردیپێدیا
-ئەو تۆمارانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەنێو ماڵپەڕەکانی ئنتەرنێت دەیدۆزێتەوە و لە یەکێک لە پۆلەکانی کوردیپێدیادا چڕوپڕییدەکاتەوە و هەندێک جاریش هەوڵی گۆڕینی ڕێنووسە هەڵەکانی دەدرێت و بەشێوەیەکی دڕووست تۆماری دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی دەستکاریی ناوەرۆکی بابەتەکان بکرێت. هەر بابەتێک لە هەر ماڵپەڕێکەوە وەربگیرێت، وەک ئەمانەتێکی زانستی ناوی ماڵپەڕەکە لە لیستی سەرچاوەکەدا
تۆماردەکرێت ”=KTML_Quote_Icon;=KTML_Quote_Begin==KTML_Style=width:30%;float:right;.
=KTML_Quote_Content=کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پڕۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە=KTML_Quote_End.
-ئەو بابەتانەی کە میوانانی کوردیپێدیا بۆمان دەنێرن و لە ڕێی فۆرمی تۆمارکردنی بابەتێکەوە ئامادەیدەکەن. هەر بابەتێک لەلایەن هەر میوانێکەوە بەدەستمان بگات، ناوی ئەو میوانە دەبێتە سەرچاوەی ئەو بابەتە. تکایە هەرکەسێک نایەوێت ناوی لە لیستی سەرچاوەکانی کوردیپێدیادا ببێت با ئاگادارمان بکاتەوە.
-ئەو نامە تایبەتییانەی کە بەدەست کوردیپێدیا دەگەن و پەیوەستن بە ژیان و کارنامەی ئەو کەسانەی کە دەخوازن وەک بابەتێک بێنە نێو ئەم کوردیپێدیایەوە.
-ئەو بابەتانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لە دوو توێی بڵاوکراوەکاندا ئامادەی دەکات و چڕوپڕییدەکاتەوە و پۆلێنی دەکات.
-ئەو دیمانانەی کە هاوکارانی کوردیپێدیا لەگەڵ کەسانێکدا ئەنجامی دەدات، بە مەبەستی نووسینەوەی بیۆگرافیی کەسێک، شوێنێک، ڕێکخراوێک، بڵاوکراوەیەک یان هەر شتێکی تری پەیوەست بە کوردستان و کورد.
-تەواوی بابەتەکانی پۆلی ڕێکەوت و ڕووداو (کرۆنۆلۆژیا) تا ساڵی 2010 لە داتابەیسی هاوڕێنامەوە وەرگیراوە، بڕوانە: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999 .
هەر تۆمارێک بێتە نێو کوردیپێدیاوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی بە کوردستان و کوردستانییانەوە هەیە، هیچ بابەتێک لە دەرەوەی ئەو تەوەرانە تۆمار ناکرێت. لەو تێڕوانینەوە هەندێک جار ژیان و کارنامەی کەسێکی ناکورد دەبینیت، ئەو کەسە یان کوردناسە و خاوەنی باسێکە لەسەر کورد یان کوردستانییە، یاخود پەیوەندیی بەڕووداوێکی کوردستانییەوە هەیە.
کوردیپێدیا، هیچ پەیوەندییەکی بە ویکیپێدیا و هەر ڕێکخراوێکی ترەوە نییە، پڕۆژەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکێکی تایبەتیی ڕێکخراوی کوردیپێدیایە.
تکایە ئەگەر هەر زانیارییەک لەم داتابەیسەدا بۆ بەڕێزتان گونجاو نییە و ناخوازن لێرەدا ببێت، ئەوا کوردیپێدیای لێ ئاگاداربکەنەوە.
کوردیپێدیا هەر زانیاری و وێنەیەک لە هەر سەرچاوەیەکەوە وەریگرێت، بۆ مەبەستێکی بازرگانی بەکارناهێنێت.
کوردیپێدیا بەردەوامە لەسەر پاکژکردنی بابەتەکان و وەرگێڕانی ساڵە کۆچی و هەتاوییەکان بۆ ساڵی زایینی بەشێوەیەکی دڕووست، تکایە لە هەڵە و کەموکوورتییەکانمان ببوورن.
هەر زانیارییەک لە کوردیپێدیاوە وەربگیرێت، پێویستە ناوی سەرچاوەکەی و ناوی کوردیپێدیای لەسەر بنووسرێت.
ماڵپەڕ و داتابەیسی کوردیپێدیا بە دۆت نێت C - شارپ و SQL بەتایبەت بۆ ڕێکخراوی کوردیپێدیا ئامادە و بەرنامەکراوە، بەردەوامیش لە باشکردن و گەشەکردندایە. ڕۆژانە لەسەر دوو سێرڤەری جوودا بەکئەپی داتا و وێنەکان دەکرێت، تاوەکوو پارێزراوبن لە هەر هێرشێکی هاکەرەکان.!
ماڵپەڕی کوردیپێدیا لەسەر براوسەرەکانی ئنتەرنێت ئێکسپلۆرەر، فایەر فۆکس، سەفاری، ئۆپێرا و گووگڵ کرۆم بەتەواوەتی تێست کراوە و بە بێکێشە کاردەکات، تکایە ئەگەر هەر کێشەیەکتان بوو ئەوا ئاگادارمان بکەنەوە..
بەهۆی هەوڵەکانی هاوکارمان کاک (هەڤاڵ نەژاد) ەوە، کوردیپێدیا لە ڕۆژی 11-11-2013 بووە ڕێکخراوێکی فەرمی و لە هەولێر لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تۆمارکرا.

لۆگۆی کوردیپیدیا بەتایبەتیی بۆ کوردیپیدیا لەلایەن کۆمپانیای لۆگۆ-لەڤ-ەوە دروستکراوە. کۆپی ڕایتی فەرمیی هەیە و جگە لە کوردیپیدیا یان ئاماژە بۆ کوردیپیدیا، هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە بەکاریبهێنێت.
بەهیوای ئەوەی کوردیپیدیا بکەینە پڕ زانیاریترین سەرچاوەی کوردی و بانکی زانیاریی نەتەوەیی کورد!

دامەزرێنەری کوردیپیدیا: هاوڕێ باخەوان
2008-2025
https://www.kurdipedia.org
contact@kurdipedia.org

بابەت: 1

2018-07-28



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر ناوچەکانی نێوان لیجە و هەزرۆی لە پارێزگای ئامەد ئاگر تێبەرداوە و دەستیکردووە بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن. لە ئێستادا لە ناوچەیەدا شەڕێکی قورس ڕوو دەدات.[2]
-لە کاتی ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی بەروارپی پارێزگای سێرتی باکووری کوردستان تەقینەوەیەک ڕوویدا. ڕاگەیاندرا بەلانیکەمەوە لەو تەقینەوەیەدا جەردەوانێک بریندار بووە.[2]
باشووری کوردستان
- ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی سێیەمین کۆنفرانسی خۆی لە هۆڵی ڕیستۆرانتی داوا لە شاری سلێمانی ئەنجام دەدات.[1]
- شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی ئیبراهیم ئەحمەد لە شاری سلێمانی، باوکێک لە دوای ئەوەی کوڕەکەی ئامۆژگارییەکانی وەرناگرێت، بە دەمانچە تەقەی لێدەکات و پاشان خۆی دەکوژێت.[3]
- سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا ڕایگەیاند کە چەند پێگەیەکی پەکەکەیان لە زاپ و قەندیل بۆردومان کردووە.[4]
- بە بڕیارێکی وەزارەتی دارایی و بە هەوڵی یەکێتی مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە، سەرجەم ئە و مامۆستایانەی لەساڵی 2006 لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەڵەبجە دامەزراون، بە هۆی فەوتانی سەرەموچەی ساڵانی ڕابردوویان قەرەبووەکرێنەوە کە بڕی 110 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی گرووپی فیرقەی حەمزە و چەتەکانی سەر بە ئەنقەرە، لە گوندی سۆرخانێکێ 41 دۆنم زەوپی کشتوکاڵی و 4 هەزار و 970 داری زەیتونی سوتاندووە و بەردەوامە لە سوتاندنی باخ و دارەکانی ئەو گوندە.[2]
- سالح موسلیم، ئەندامی کۆمیتەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی تەڤگەری جڤاکی دیموکرات، تەڤ-دەم، ڕایدەگەیەنێت، کە دانیشتنەکانی دیمەشق لە نێوان مەسەدە و حکومەتی سوریادا بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی هەڵوێستەکان ئەنجام دراوە.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی 3 هاوولاتیان لە عەفرین بە ناوەکانی عومەر عەلیکۆ تەمەن 33 ساڵ، عەگید محەمەد دەردۆ تەمەن 28 ساڵ و محەمەد حەسەن محەمەد دەردۆی تەمەن 22 ساڵ-یان ڕفاند.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: باکووری کوردستان
ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 2018-07-27
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-28
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 2018-07-28
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2018-07-28

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-28

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 2

2018-07-29



باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی تەکیەی سلێمانی بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی، وێستگەیەکی 400 کەی ڤی دابەشکردنی کارەبا دەکرێتەوە و بەگوتەی بەرپرسان، وێستگەکە کاریگەری گەورەی لەسەر کەرتی کارەبا دەبێت.[1]
- بەناونیشانی (دوکان لە دیدارێکی گەشتیاریدا)، ئەمڕۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی دیدارێکی گەشتیاری لە هۆتێل ئاشور سازکرد.[2]
- لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا لە بەغدا، شاندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەبارەی کردنەوەی ڕێگەی هەولێر - کەرکووک ڕێککەوت. بەپێی ڕێککەوتنەکە بڕیاردراوە پردێکی ئاسن بەشێوەیەکی کاتی بۆ کردنەوەی ڕێگەکە دابنرێت و ڕاستەوخۆش پڕۆژەی دروستکردنەوەی پردی پردێ دەستپێبکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایدەگەیەنێت ئەمریکییەکان بە ئابڵوقەدان ئالودەبوون وتیشی لەچەند مانگی داهاتوودا ناچاریان دەکەین ئەو نەخۆشییەیان چارەسەر بکەن.[2]
- فستیڤاڵی فیلمی Summer film school کە لە وڵاتی چێک بەڕێوە دەچێت خەڵاتی شانازی چل و چوارەمین دەورەی

خۆی پێشکەشی سینەماکاری بەناوبانگی کورد بەهمەنی قوبادی کرد.[3]
- ژمارەیەک بەکرێگیراوی حکومەتی ئێران، لە هۆڵی ژمارە 10ی زیندانی 'ڕەجایی شەهری' کەرەج هێرشیان کردە سەر زانیار موورادی، لوقمان موورادی، سەعید شیرزاد و ئارەش سادق، زیندانیانی سیاسی و بریندارییان کردوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-07-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-30
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 3

2018-07-30

فراکسیۆنەکانی خولی ئەمجارەی پەرلەمان:

فراکسیۆنی ڕووداو
فراکسیۆنی کەی ئێن ئێن
فراکسیۆنی کوردسات
فراکسیۆنی جەماوەر
فراکسیۆنی ڕێگا
فراکسیۆنی ئێن ئارتی
فراکسیۆنی سپێدە
فراکسیۆنی پەیام
فراکسیۆنی پێلیستانك
فراکسیۆنی کوردماکس پەپولە ...See more

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زەینەب جەلالیان، زیندانیی سیاسیی کوردی سزادراو بە زیندانی تاهەتایی و نۆ زیندانی دیکە لە زیندانی شاری 'خۆی' بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی لە دژی بڕیەشبوونینان لە دەرفەتەکانی زیندان و دیدار لەگەڵ خانەوادەکانیان دەستیان دایە مانگرتن لە خواردن.[2]

باشووری کوردستان
- مەسیحییەکانی شارۆچکەی عەینکێتێی نیشتمانیی کوردستاناوە و ناوچەکانی تری کوردستان، دژی سیستمی کۆتا لە هەولێر خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک لە شارۆچکەی جندرێسی سەربە عەفرین و گوندەکانی، زیاتر لە 30 هاوڵاتیان ڕفاندووە و بۆ ئازادکردنیان داوای پارە لە خانەوادەکانیان دەکەن.[2]
- لە نزیک کانی باسووت کە چەتەکان لە گوندی باسووتی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرین لێی جێگیربوون، بە ماتۆرسکیلێکی بۆمبڕێژکراو هێرشێک ئەنجامدرا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دوای دابەزینە مێژوییەکەی بەهای ڕیالی ئێرانی (تمەن) لە بازارەی ئێراندا، کە بەهای دۆلارێک بوو بە 112 هەزار ڕیال، لە کاتێکدا ڕۆژی شەممە 98.000 ڕیاڵ بوو، ئەوەش ناڕەزایی و نیگەرانی بازرگانان و کاسبکارانی لێکەتەوە و لە زۆربەی شارەکان مانگرتن دەستپێکردوە.[1]
- ئاژانسی فیتش بۆ پۆلینی دڵنیایی بانکی نێودەوڵەتی، دوای دابەزاندنی پۆلینی دڵنیایی تورکیا، ڕایگەیاند، ژمارەیەک کۆمپانیای تورکی توانایان نابێت پابەند داراییەکانیان جێبەجێ بکەن، هۆشداری ئەوەشیدا، کە کەرتی بانکی تورکیا توشی داڕمان ببێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2018-07-30
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-30
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-30
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 4

2018-07-31



باکووری کوردستان

- داواکاری گشتیی کۆماریی لە پارێزگای بوڕسا، 777 جار داواکاری پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان بۆ دیداری ئیمرالی ڕەتکردەوە.[1]

باشووری کوردستان

- لەدوو ڕووداوی تەقەکردندا لە دوو گەڕەکی شاری سلێمانی، دوو هاوڵاتی بریندار بوون.[2]

- بەپێی نوسراوێکی ئەمیندارێتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەسەڵاتی ئیمزاکردنی نوسراوە فەرمییەکان لە ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەوەکالەت وەرگیراوەتەوە ئەوەش بەپێی وتەی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای شارەکە.[2]

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئە و هەواڵانەی ڕەتکردەوە کە باس لەسڕکردنی دەسەڵاتەکان و لەکارلابردنی ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەوەکالەت دەکات.[2]

- لە هەولێر کونسوڵخانەی بەریتانیا و وەزارەتی پێشمەرگە کۆنفرانسێکی هاوبەشیان لەبارەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجامدا و، 31 ئەفسەری پێشمەرگە دوای مەشق و ڕاهێنان خەڵاتکران کونسوڵی بەریتانیاش ڕایگەیاند پێویستە پێشمەرگە خاوەن چەکی زیاتر بێت.[1]

- هێزێکی ئاساییش، لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر، ڕێگری لە بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان دەکات.[4]

- کاژیر 11:27 خولەکی ئەمشەو بۆمبێکی چێندراو لەنێو زبڵدانێکی گەڕەکی واستی شاری کەرکووک دانراوە. بەهۆی تەقینەوەی بۆمبەکە کەسێک بەناوی یاسر جەلال کوژراوە و دوو کەسی دیکەش بەناوەکانی موزەفەر ئیبراهیم و عەللا موحسن بریندار بوون.[1]

- دژی ڕاگرتنی کارەکانی پرۆژەی بەندەاوی باوەنوور، ژمارەیەک لە هاوڵاتیان و چالاکوانانی شارەدێی باوەنووری ئیدارەی گەرمیان گردبوونەوە و داویانکرد، کە هەرچی زووڕە بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکە تەرخان بکرێت.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- مینێکی چەتەکانی سەر بە سوپای تورکیای داگیرکەر کە لە ناوچەی جندرێسی عەفرین جێگیریان کردبوو، لە کاتی تێپەڕبوونی تراکتۆری جوتیارێک تەقییەوە. ڕاگەیەندرا کە بەهۆی تەقینەوەکە جوتیارەکە بە سەختی بریندار بووە.[5]

دەرەوەی کوردستان

- ئەمڕۆ هەزاران کاسبکار و شۆفێر لە شاری ئیسفەهانی ئێران ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-07-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-07-31
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-07-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-07-31
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-31
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 5

2018-08-01



باکووری کوردستان
- لە دژی بنکەی سەربازیی زەمینیی گوندی ناڤیان لە شرنەخ چالاکییەک ئەنجامدرا. لە چالاکییەکەدا بە لانیکەمەوە 4 سەرباز و 3 جەردەوان بریندارببوون.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو پێشمەرگەی پژاک بەناوەکانی هۆشمەند عەلیپور و محەمەد ئوستاد قادر لە شاری سەقز لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە دەستگیرکران.[5]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پارێزەری خۆبەخش و ڕێکخراوی سەردەم کە تایبەتە بە جووتیاران، سکاڵایان لەسەر وەزیری بارزگانی عێراق

تۆمارکردووە بەرامبەر بە پێنەدانی پارەی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ یەکەم دانیشتنی دادگایی لە دادگای ئیداری لە بەغدا بەڕێوەدەچێت.[1]
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە شارەدێی چوارقورنەی سەر بە ئیدارەی ڕاپەرین، کاسبکارێکی 44 ساڵان بەناوی سالار ئەرسەلان ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا و پاشان گەیەندرایە نەخۆشخانە.[3]
- لەسەر بڕیاری پارێزگاری سەڵاحەدین، ئەمڕۆ پۆستی قایمقامیەتی دوزخورماتوو بە شێوەیەکی ڕەسمی درایە تورکمانێک کە لە بنەڕەتدا پشکی کوردە، بە پێی زانیارییەکانیش تانەی قایمقامە کوردەکەی خورماتوو لە لایەن دادگای ئیدارییەوە ڕەتکراوەتەوە.[4]
- لە گوندی زارگەلی بە مەراسیمێک یادی شەهیدانی زارگەلی کرایەوە، کە سێ ساڵ لەمەوبەر بەهۆی بۆردوومانەکانی تورکیاوە شەهید بووبوون.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرلەبەیانێ ئەمڕۆ چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک، هەڵیانکوتایە سەر بازاڕی میللی لە عەفرین، دەوری بازاڕەکەیان گرت و پاشان دەستیان کرد بە تاڵانکردنی بازاڕەکە، هەروەها سێ هاوڵاتیاشیان ڕفاند.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کۆچەر بیرکار، خەڵاتی فیڵدزی بواری بیرکاری، کە بە نۆبڵی ئەو بواڕە دادەنرێت لەگەڵ سێ پرۆفیسۆری دیکە لە بەرازیل بەدەستهێنا.[5]
- بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسیەک کە ڕۆژنامەی (Die Welt)ی ئەڵمانی بڵاویکردۆتەوە بەشی زۆری ئەڵمانەکان دژی ئەوەن ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا سەردانی وڵاتەکەیان بکات.[4]
- ئەمڕۆ وەزارەتی گەنجینەی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزای لەسەر دوو وەزیری حکومەتی تورکیا سەپاند بەهۆی دۆسیەی دەستیگرکردنی قەشەیەکی ئەمریکی لە لایەن تورکیاوە.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە بەیاننامەیەکدا وەڵامی بڕیارەکەی ئەمڕۆی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا دایەوە کە سزای دوو وەزیری حکومەتی ئەنقەرەی داوە و ڕایگەیاند ئیدانەی ئە و بڕیارەی ئەمریکا دەکەن و دەشڵێت لە بڕیارە هەڵەکەت پەشیمان بەرەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-01

[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 6

2018-08-02



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەدەستپێکردنی شەپۆلێکی دیکە لە خۆپشاندانەکان لە ئێران، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بانگەوازیی کرا بۆ خۆپشاندان لەدژی هەڵئاوسانی ئابووری و گرانی کاڵاکان، حکومەتی ئێرانیش شاری سنەی بەسەربازیکردووە بۆ ڕێگریکردن لە دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان.[4]
- کۆڵبەرێکی دیکە کوردی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری سەڵماس لە سنووری ئەو شارە، بە تەقەی هێزە سنووریارێزەکان گیانی لە دەست دا. شوناس و ناونیشانی ئەو کۆڵبەرە کوردە، بە سلێمان بادۆشێوە، خێزاندار و کوڕی عیسا، خەڵکی گوندی دەرگەی بەخشی کۆساری شاری سەڵماس ڕاگەیەندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، دەستیان بە بۆردوومانکردنی ناوچەی برادۆست کردەوە.[3]
- ئاساییشی هەولێر تۆمارێکی دەنگ و ڕەنگیی ئیسماعیل سوسەیی بڵاوکردەوە کە تێیدا دان دەنێت بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ داعشدا.[3]
- دوای چوار ساڵ لە کۆمەڵکوژیی شنگال، بۆ یەکەمجار ڕێوڕەسمی جەژنی چلەی هاوینی کوردانی ئێزدی لە مەزارگەی لالش بەڕێوەچوو.[3]
- بەیانی ئەمڕۆ سوپای تورک باخ و باخچەیەکیان لە گوندی گرەزێرەل لە سنووری زاخۆ گوللەباران کردوە و لە ئەنجامدا منداڵێکی ئێزدیی گیانی لەدەستداوە. منداڵەکە تەمەنی 12 ساڵە و ناوی ماهیر عەلی-یە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی گرووپی سوڵتان موراد و تابوری 112ی سەر بە ئەنقەرە لە گوندی داملیای ناوچەی ماباتای عەفرین 9 هاووڵاتیانی ڕفاندووە، کە یەکێکیان ژنە. ئەو هاووڵاتیيانەی ڕفێندراون بریتین لە: 1 – سەیدۆ سلێمانی هیجی تەمەن 25 ساڵ، 2 – نەواف وەلید عەلۆ تەمەن 18 ساڵ، 3 – ئاڤدار ڕفات عەلۆ تەمەن 18 ساڵ، 4 – چەگەر حسێن عەبدوڵا تەمەن 35 ساڵ، 5 – محەمەد عەلی هیجی عومەر تەمەن 65 ساڵ، 6 – ئەحمەد مەحمود حەمۆ ئەبو جەبەل تەمەن 35 ساڵ، 7 – عەلی تەمەن 65 ساڵ، 8 – فاتمە فەخری عەلی تەمەن 49 ساڵ، 9 – بەخری قادر عەلی تەمەنی 35 ساڵ.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری دەرەوەی تورکیا هەڕەشە لە ئەمریکا دەکات و ڕایدەگەیەنێت، هەوڵی سەپاندنی سزا بەسەر دوو وەزیری ئەواندا لەلایەن ئەمریکاوە بێ بەرامبەر نامێنێتەوە.[1]
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند، لە عەفرینی داگیرکراودا مافەکانی مرۆڤ لە ئاستێکی مەترسیداردا پێشێڵ

دەکرێت. ڕاشیگەیاند، تورکیا عەفرینی داگیرکردووە بەرپرسی ئەو پێشێلکارییانەیە.[2]
- بنیامین نێتانیاهو لە مەراسیمێکدا بۆ خەڵاتکردنی ئەفسەرە سەربازییەکانی سوپای ئیسرائیل قسەیکرد و ڕایگەیاند: ئەگەر ئێران هەوڵ بدات گەرووی باب ئەلمەندب دابخات، هاوپەیمانییەکی جیهانی لەدژی دەوەستێتەوە کە بێگومان هێزە ئیسرائیلییکانیش ئەندامێکی ئەو هاوپەیمانییە دەبن.[4]
- لە سێیەمین ڕۆژی خۆپیشاندانەکانی هاوڵاتیانی ئێران لەدژی هەڵئاوسانی ئابوری و گرانی کاڵاکان، خۆپیشاندان بەرفراوانتربووە و جگە لە ئەسفەهان و کەرەج، چەندین شاری دیکەشی گرتەوە.[4]
- لەنامەیەکی کراوەی هەڕەشەئامێزدا، سوپای پاسداران بە توندی هۆشداریی دەداتە حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ئێران و داوای لێدەکات ڕێگە لە داڕووخانی زیاتری بەهای تمەن بگرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-02
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-03
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 7

2018-08-03



باکووری کوردستان
- لە 4 گوند و 5 ناوچەی لیجێ وهێلێ-ی ئامەدە لە کاتژمێر 23:55 خولەکی دوێنی شەوەوە ڕێگە نادەن کەس لەماڵ دەرکەوێت. بە بیانووی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە گوندەکانی ئەو ناوچەیە قەدەغەی هاتووچۆی تێدا ڕاگەیەنراوە.
هەلیکۆپتەرەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرگوندی هووریێ-ی هێنی، گوندی زەرێ وگوندەلۆکی باتەیەتێ-ی لیجێ-یان بۆردمان کردووە. بۆردمانەکە هەتاکو بەرە بەیانی بەردەوان بوو.دوابەدوای ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچولە ناوچەکەجموجوولەکانی فڕۆکە وهەلیکۆپتەرەکانی سوپای تورکیا لە ناوچەکە زۆربووە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی سپای پاسداران، جێگیر لە پاسگای سارەوڵلای گوندی هێق، دەستیان بەسەر زیاتر 900 سەر مەڕومااڵت، لە سنووری شاری شنۆدا گرت.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ، لە شەنگال بەمەبەستی یادکردنەوەی شەهیدانی فەرمانی 3ی ئابی 2014 مەراسیمێکی سەربازیی لەلایەن شەڕڤانانی یەبەشە و یەژەشەوە ئەنجامدرا.[2]
- ڕێکخراوی ژینگە دۆستانی گەرمیان هۆشداری دەداتە حکومەت و لایەنە پەیوندیدارەکان بەوەی، فڕێدانی پاشەڕۆی دەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان بوونەتە مەترسی گەورە بۆ سەر تەندروستی هاوڵاتیان.[3]
- کۆچی دوایی جەمال کرژەیی.
دەرەوەی کوردستان
- خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ئێران کە جارێکی دیکە لە ئەسفەهان، کەرەج، شیراز، مەشهەد و چەندین شاری دیکە دەستیپێکردبۆوە، تارانی پایتەختیشی گرتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-03

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-08-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-04
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-03
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 8

2018-08-04



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر دارستان و پاوانەکانی جۆلەمێرگ بە بەردەوامی تۆپباران دەکات و بەهۆی ئەو تۆپبارانانەشەوە ئاگر لە دارستانەکانی جۆلەمێرگ بەربووە.[4]
باشووری کوردستان
- بەهۆی پشتیوانیکردنی بۆ پاراستنی مێژوو و کەلتوور و کەلەپوری کورد و مۆزەخانە، ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە مۆزەخانەی سلێمانی ڕێوەرسمێکی ڕێزلێنانی بۆ خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ڕێکخست.[1]
- بە ئامادەبونی کەسوکار و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران و کەسایەتی سیاسی و حکومی و هەوادارنی لەسەر مەزارەکەی یادی شاعیر و نوسەری گەورەری کورد شێرکۆ بێکەس کرایەوە.[1]
- ئاگر لە قەیسەرپی شاری هەولێر کەوتەوە و بەهۆیەوە سەدان دوکان سووتان.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی کورزێلەی سەربە شێراوای عەفرین و بەرهەمە کشتوکاڵەکان و ئۆتۆمبێلەکانیان تاڵان کردوون و چەند هاوڵاتییەکیشیان ڕفاند.[3]

- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، هەموو دەشتایەکانی دێرەزۆر و ئاسایشی هەموو سنوورەکانی نێوان عێراق و سوریایان لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگارکرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-04

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-04

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-04

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 9

2018-08-05



باکووری کوردستان
- سەربازانی سوپای تورکیای گوندی گەڤەتەپەی ناوچەی قەرەیازیی-یان لە پارێزگای ئەرزرۆم گەمارداوە و رێگای هاتووچۆ بە هاوولاتیان نادەن. هاوکات فرۆکە جەنگییەکان گوندەکە بۆردومان دەکەن و ژیانی هاوولاتیانی ئەو گوندە لە مەترسیدایە.[5]
رۆژهەلاتی کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمرۆ کاتێک، کە حسێن ئەحمەدی نیاز بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ کەیسی ڕامین حسێن پەناهی، زیندانی سیاسیی کورد سەردانی دادگای شۆڕشی سنەی کرد، دەستگیکرا و پاش چەند کاژێرێک ئازادکرا.[4]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 9:30ی دەقیەی شەوی ڕابردوو، ئاگر لە بازاڕی سێبیرانی سەنتەری شاری هەولێر کەوتەوە و کاتژمێر 10ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاگرەکە کۆنترۆڵکرا. زۆرتر لە 150 دوکان سووتان و زیانێکی مادیی زۆری لێکەوتەوە.[1][2]
- نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید شێرکۆ لە سلێمانی کرایەوە، بەوتەی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی شۆڕش یەکێکە لە گەورەترین فریاکەوتنەکان لەهەرێمی کوردستان و عێراق.[1]
- لە دەوروبەری گوندی عەلییە ڕەش لە مەخموور چەتەکانی داعش کەمینیان داناوەتەوە، بە و هۆیەوە پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لەنێوان چەتەکان و هێزە عێراقییەکان لە ناوچەکە شەڕ هاتووەتە ئاراوە. ڕاگەیەندراکە لە دوای شەڕەکە تەرمی 2 چەتەی داعش دۆزراونەتەوە.[5]
- کۆگایەکی دیکەی چەک و تەقەمەنی لە شارەدێی کانی قەژاڵەی هەولێر تەقییەوە، ئەمەش پێنجەمین کۆگای چەک و تەقەمەنییە کە لەماوەی ساڵی ڕابردوودا لە هەولێر تەقیوەتەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەی ئەلوەتەن ئۆنڵاینی سعودی بەفەرمی داوای لێبوردن لە مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵێک، کە ئاماژەی بەسەروەت و سامانی بارزانی کردبوو.[3]
- وەک هەواڵێک بۆ دامرکاندنەوەی توڕەییەکانی شەقام، دەسەڵاتدارانی ئێران، ئەحمەد عیراقچی یاریدەدەری پارێزگاری بانکی ناوەندی بۆ کاروباری دراوی قورس و چوار کەسی دیکەیان لە بازرگانانی دراو دەستگیرکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-05
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-05
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 10

2018-08-06



باشووری کوردستان
- تێرمینالی نوێی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری نوێ و دوای نۆژەنکردنەوە و فراوانکردنی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، ئەمڕۆ لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێتەوە.[2]
- قوباد تاڵەبانی، دەربارەی بەردەوامی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی تورکیا بۆ سلێمانی، ڕایگەیاند لەناو فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە داوا لەحکومەتی تورکیا دەکەم ئاسمانی نێوان سلێمانی و تورکیا بکاتەوە.[4]
- بەبۆنەی تێپەڕبوونی 32 ساڵ بەسەر سوتان و شەهیدبوونی نزیکەی 200 هاوواڵتی لە بینایەکی شارەدێی سیروانی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لە گەرمەی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا، بە دروشمی (شەهیدانی بیناسوتاوەکەی سیروان برینێکی دیکەی جەستەی هەڵەبجەن) لە مەراسیمێکی تایبەتدا لە شارەدێی سیروان بە ئامادە بوونی بەرپرسانی حزبی و حکومی یادی 32 ساڵەی ئە وکارەساتە کرایەوە.[4]
- سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێم داوای کردوە، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرچاوە خۆجێیەکانی ناو شاری عەفرین ڕایانگەیاند کە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر و چەتەکانیان، لە گوندی بادینای ناوچەی ماباتا لە عەفرین، 9 هاووڵاتیی مەدەنییان ڕفاند کە یەکێکیان ژنە. ناوی ئەو هاووڵاتییە مەدەنییانەی کە ڕفێندراون بەم شێوەیە: 1 - نیهاد عومەر تەمەن 40 ساڵ، 2 - حسێن شەعبان تەمەن 25 ساڵ، 3 - ڕەشید جبالی تەمەن 27 ساڵ، 4 - حەسەن جەعفەر تەمەن 45 ساڵ، 5 - مەولیدا تەمەن 50 ساڵ، 6 - حەمودا ئەشکیلە تەمەن 44 ساڵ، 7 - محەمەد تەمەن 26 ساڵ، 8 - خەسان دادۆ تەمەن 40 ساڵ، 9 - حەبەش حەبش تەمەن 25 ساڵ.[3]
- وتەبێژی یەپەگە وەڵامی ڕاپۆرتێکی هیومان ڕایتس وۆچی دایەوە و جەختیکردەوە، کە ئەوان دژی چەکدارکردنی منداڵانن، ئامادەیی خۆشیانی دەربڕی، هاوکاریی هەرکەسێک بکەن کە ڕاستییەکانی ناوچەکە تۆمار دەکەن.[5]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک کۆماری عێراق ڕایدەگەیەنێت، بارودۆخی عێراق و سروشتی پەیوەندیی لەگەڵ ئێراندا، وادەکات قورسبێت بۆی پابەندی جێبەجێکردنی ئە و سزایانەبێت کە واشنتن بەسەر ئێراندا دەیسەپێنێت. [1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان

ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-08-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-08-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-08-06
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 11

2018-08-07



باکووری کوردستان
- والییەتی جۆلەمێرگ بە بیانووی ئۆپەراسیۆنی سەربازی، بۆ ماوەی 14 ڕۆژ 30 شوێنی سەر بە ناوچەکانی گەڤەر، شەمزینان و چەلێی سەر بە جۆلەمێرگ لەگەڵ ناوەندی شاری جۆلەمێرگی وەک (هەرێمی ئەمنیەتی تایبەت) ڕاگەیاند.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا لە ئیزمیربە بیانووی بڕیاری پشکنین هەڵیکوتایە سەرماڵی ڕوکەن دەمیر هەواڵنێری ئاژانسی مەزۆپۆتامیا.[1]
- لە هەڵکوتانە سەر ماڵی هاووڵاتیاندا لە گەڕەکی یوکاری دۆروکلوو لە ناوچەی سەرێکانی لە پارێزگای ڕحا، 3 کەس لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران. لەو پەلامارەدا هەریەک لە زەینەب داگ تەکین و عەلی داگ تەکینی تەمەن 17 ساڵ، لەگەڵ کەسێکی تر کە ناوەکەی هێشتا نەزانراوە دەستگیر کراون. هێشتا نەزانراوە ئەو 3 کەسە بە چ بیانوویەک دەستگیرکراون. ئەو کەسانە لە دوای پشکنینی تەندروستی ڕەوانەی لقی هێزە تایبەتەکانی پۆلیس لە ڕحا کران.[1]
- لە ناوچەی ئەلکێ لە پارێزگای شرنەخ، هێزەکانی پۆلیس هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی هاوڵاتیاندا و لە ئاکامدا 5 کەسیان دەستگیرکردووە، کە هێشتا ناوەکانیان ئاشکرا نەبووە و ناشزانرێت کە داخۆ بە چی بیانوویەکەوە دەستگیر کراون.[1]

رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی حاسڵ بادبەرین تەمەن 18 ساڵ کوڕی خدر خەڵکی گوندی ترکەش، لە ناوچەی بەری مێرگان سەر بە شاری پیرانشار لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە کوژرا.[4]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 6:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ نزیکەی 30 ئۆتۆمبێلی سەربازی تورکیا کە پێکهاتبوون لە بارهەڵگری درع و ئۆتۆمبێلی بچوک لەڕێگەی دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل-ەوە چەک و تەقەمەنیان گەیاندووەتە هەردوو سەربازگەی تورکیا لە گرێی و کانی ماسێ.[3]
- هەشتەم کۆنگرەی لاوانی دیموکراتی کوردستان کە تێدا چەندین کەسایەتی سیاسیی و حکومی بە بەشداری سەدان لاو و گەنجی کوردستان بەڕێوەچوو.[2]
- ڕێگەنەدرا لیژنەی پێشمەرگە لە هۆکارەکانی تەقینەوەی کۆگاکانی چەک و تەقەمەنی بکۆڵێتەوە، سەرۆکی لێژنەکەش دەڵێت وەزارەتی پێشمەرگە هیچ گرەنتییەک نادات کۆگاکانی تر نەتەقنەوە.[3]
- ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان پۆلیسی سلێمانی، دەستگیرکردنی 19 ئافرەتی بە تۆمەتی سوڵکردن ڕاگەیاند و ئەوەش دەخاتەڕوو کە، ئەو ئافرەتانە بە بیانووی سوڵکردن لەسەرشەقامە گشتییەکان ڕادەوەستن.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- گروپێک لە چەتەکانی بە ناوی فەیلەق حەمزە-ی سەربەدەوڵەتی تورکیا لە گوندی عەبدالۆ-ی ناوچەی شێراوا 4 هاووڵاتییان ڕفاندووە بۆ شوێنێکی نادیار. ناوی ئەو کەسانەی کە ڕفێندراون بریتین لە: حەسەن حەمزە(38) ساڵ، ڕزگار وەلیدعومەر(33)، عەلی جومعە(43)، عەلی عەدناد جەمۆ(45) و هاووڵاتییەکی کەم ئەندام بە ناوی عەدنان جەمۆ.[1]
- ژووری چالاکیی غەزەبی زەیتوون ڕایگەیاند، لە چالاکییەکی تایبەتدا لە ناوچەی جندرێسی عەفرین چەتەیەکی گرووپی فەیلەق شامیان کوشتووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا بۆسەر ئێران دەچێتە واری جیبەجێکردنەوە.[5]
- کۆشکی سپی داوا لە هەموو وڵاتانی دیکە دەکات کە ئێران ڕووبەڕووی دوو بژاردە بکەنەوە: یان دەست لە ڕەفتارە تێکدەرانەکانی هەڵگرێت، یان لە ئابووری جیهاندا پەراوێزبخرێت.[2]
- سەرۆکی ئەمریکا پەیامێکی تووندی ئاراستەی سەرکردە ئێرانییەکان کرد و، پێیگوتن تووندترین سزاتان دەخەمە سەر، لەبەرامبەردا ڕووحانی دەڵێ ئەمریکا شەڕی دروونی دەکات و سزای گەلی ئێران دەدات.[2]
- وەزیری بەرگریی ئیسرائیل ناوی یەپەگە لەگەڵ حیزبوڵڵا، حەشدی شەعبی، حووسییەکان و حەماس دەهێنێت و دەڵێت، ئێران هاوکاری ئەو گرووپانە دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-08-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-07
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 12

2018-08-08



باکووری کوردستان
- ڕۆژنامەوان دەنیز فورات کە 4 ساڵ بەر لە ئێستا لە مەخموور لە ئەنجامی هێرشی داعش شەهید بوو، لەسەر گۆڕەکەی خۆی لە شاری وان یادی کرایەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی جاویدان هەکاری تەمەن 25 ساڵ کوڕی زوبەید خەڵکی گوندی کەلەڕەش سەر بە ناوچەی شەپیرانی شاری سەڵماس بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری شاری شنۆ گیانی لە دەست دا.[6]
باشووری کوردستان
- بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە ئەمڕۆوە فۆرم پڕکردنەوە بۆ دامەزراندنی کارمەندانی سەر سندووقەکانی دەنگدان دەستپێدەکات و نزیکەی 42 هەزار کەس دادەمەزرێن و زۆرترینی لە هەولێر دەبێت.[1]
- شەوی ڕابردوو، بەهۆی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی نێوان دوو بنەماڵە لە گەڕەکێکی شاری هەولێر 3 کەس دەکوژرێن و دوانیش بریندارەبن.[2]
- بۆ یەکەمجار بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەڵەبجە بەڕەسمی کرایەوە، لەمەودواش پارێزگاکە بۆ دابەشکردنی مووچە و کاروبارە داراییەکان پشت بەخۆی دەبەستێت.[2]
- حەسەن خەلیل کە دەوترێت لە کاتی فەرمانی سەر ئێزدییەکاندا هاوکاری چەتەکانی داعشی کردووە، وەک ئەندامی ئەنجومەنی شارۆچکەی شەنگال دانرا، هاوڵاتیانی شەنگال لەدژی ئەو بڕیارەی حکومەتی عێراق خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[3]
- فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای تورکیا بۆردومانی گوندەکانی بناری قەندیلیان کرد.[4]
- هێزەکانی حسک لە شارەزوور بەبۆنەی دامەزراندنی حسکەوە مانۆرێکی سەربازییان ئەنجامدا.[4]
- کۆمەڵێک پەرلەمانتار و چالاکوان و کەسایەتی و ڕۆژنامەنووس، گردبوونەوەیەکیان بۆ ئازادکردنی هەڤڕەس شوان ئەنجامدا، کە ماوەی 25 ڕۆژە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیر کراوە.[3]

- بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، لە و داموددەزگایانەی کە پۆلیس ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی لەسەر شانە، وەک پاڵپشتییەک هێزێکی زێرەڤانیش لەو شوێنانە جێگیردەکرێت.[2]
- لەمیانی پانێلێکدا، سالار مەحمود، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند، کە داگیرکارییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە پەکەکەوە نییە و چەندین ئامانجی دیکەی سەربازیی و ئابوریی هەیە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-08
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 13

2018-08-09



رۆژهەڵاتی کوردستان
- چالاکێکی مەدنیی کورد بە ناوی سەحەر کازمی خەڵکی شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری سنەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری کرماشان، وەرزشکارێکی کورد بە ناوی عادڵ کەرەمی، تەمەن 25، لە لایەن کەسێکی نەناسراوە هێرش کرایەوە سەری و لە ئاکامدا بە هۆی کاریگەربوونی برینەکەیەوە گیانی لە دەست دا.[6]
باشووری کوردستان
- کۆمسیۆن ئەنجامی دەست ژمێریی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرڵەمانی ئێراق ڕاگەیاند، شایانی باسە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لەگەڵ ئەنجامەکانی پێشوودا ڕووینەدا.[4]
- بەرپرسێکی دەستەی دەسپاکی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، دوای وردبینیکردن لەناوی کاندیدانی لایەن و قەوارە سیاسییەکانی هەرێم، هیچ کاندیدێک کێشەی نەبووە و ناوەکانیش ئاڕاستەی وەزارەتی ناوخۆ کران.[1]
- بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق ڕایدەگەیەنێت، بەر لە جەژنی قوربان بەغدا 317 ملیار دینارەکە بۆ مووچە دەنێرێت بەپێی سەرچاوەیەکی حکومەتی هەرێمیش پێش جەژن مووچەی سەرجەم وەزارەتەکان دابەشدەکرێت.[1]
- دانانی پردی ئاسن و بازگەی هاوبەش لە ڕێگەی هەولێر - کەرکووک دەستپێکرد و بڕیارە پێش جەژن ڕێگەکە بکرێتەوە.[2]
- لە ڕوونکردنەوەکەیدا ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕەتیکردووەتەوە، هیچ ڕێگرییەکی لە پێدانی مۆڵەت بە کەنالی ئازادی کردبێت.[1]
- چوارەمین پێشبڕکێی وێنەکێشان، چیرۆک و هەڵبەستی شەهید دەنیزی فورات بە پێشەنگیی یەکێتی خوێندکارانی ئازاد (یەخەئا - YXA) لە کەمپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، لە هۆڵی کۆنفرانس بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە نوێنەری ڕێکخراو و دەزگاکان و میوانانی دەرەوە و ناوخۆ بەڕێوەچوو.[3]
- لە سنوری شارۆچکەی ڕواندز، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کادیرێکی یەکێتی کوژرا و برایەکیشی بریندار کرا. ئە و کەسەی کوژراوە ناوی (نەوزاد شێخە برایم)ە و کادیری یەکێتییە، برایەکیشی کە بریندار بووە ناوی (شێرزاد)ە. ئەم شەڕە پاشتر سەریهەڵدایەوە و ژمارەی کوژراو و بریندار گەییشتە 5 کەس[1]
- بەهۆی کەمتەرخەمی و فڕێدانی جگەرە، ئاگر لە بەشێکی پارکی مەلیک مەحمود لە سلێمانی کەوتەوە و بەهۆیەوە دەیان دار سووتان.[4]
- بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دوو هەفتەی سەخت لەبەردەم کارەبای هەرێمی کوردستاندا ماوە. گوتیشی بەپێی ئەو پلانەی هەیە لە زستاندا نزیکەی 900 مێگاوات کارەبا زیاددەبێت، بەوەش دۆخی کارەبا دەگەیەنێتە قۆناخێکی زۆر باش.[2]
- 14 حیزبی تورکمانی و عەرەب ئامادەکاریی دەکەن بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن لە کەرکووک و ڕازی نین لە دەرئەنجامی ژماردنەوەی دەنگەکان بە دەست. ئەوان داوا دەکەن، ئیدارەی کەرکووک مۆڵەتیان پێ بدات بۆ ئەو مەبەستە.[2]
- لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی بەچاودێری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و تۆڕی پێکهاتەکانی کوردستان لەژێر دروشمی (پێکەوە ژیان و ئاشتی) چەند چالاکییەک بەڕێوەچوو.[1]
- مەعسومە ئەحمەدی، هاوژینی هەژار موکریانی، لە هەولێر کۆچی دواییکرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی زانیارییەکان، چەتەکانی لیوای هەمزەی سەر بە تورکیا ئەمڕۆ بە نزیکەی 30 ئۆتۆمبێلەوە هەڵیانکوتاوەتە سەر

گوندی بورج حەیدەر-ی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرین و نیوەی دانیشتوانی گوندەکەیان ڕفاندووە. ئاژەڵدارانی ناوچەکە ڕایانگەیاند کە چەتەکان دەستیان بەسەر تەلەفۆنی هەموو دانیشتوانی گوندەکەدا گرتووە و هاتووچۆی گوندەکەشیان قەدەغە کردووە. بەشێک لە وکەسانەی کە ڕفێندراون و ناسنامەیان ئاشکرا بووە، بریتین لە: سەیدۆ عەلی سلێمان، گوڵێ خەیری (30 ساڵان)، عەبدالحی زەکەریا حەسەن (25 ساڵان)، عەگید ڕەشید حەسەن (26 ساڵان)، ئەحمەد ڕەشید حەسەن (22 ساڵان)، محەمەد حەسەن ناسرۆ (53 ساڵان)، باسل عەدنان محەمەد (22 ساڵان).[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە دەریای ئیجەی تورکیا لەکاتی پەڕینەوەیان بۆ یۆنان، بەهۆی وەرگەڕانی یەختەکەیانەوە، دایکێک و سێ کچی کوردی دانیشتووی خورماتوو خنکاون و باوک و کوڕێکی خێزانەکەش ڕزگاریان بووە.[1][4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێڕاق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-09
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-11
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-09
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 14

2018-08-10



باکووری کوردستان
- 88-ەمین داواکاری خانەوادەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە بۆ سەردانیکردنی زیندانی ئیمرالی، لەلایەن داواکاری گشتیی دادگای کۆماریی بورسای تورکیاوە ڕەتکرایەوە.[4]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو تەرمی گەنجێک لە گەڕەکێکی کوردنشینی کەرکووک دۆزرایەوە، سەرچاوەیەکیش لە پۆلیسی شارەکە دەڵێت لەلایەن ژنەکەیەوە کوژراوە. وتیشی گەنجەکە ناوی (محەمەد شێرکۆ)یە و تەمەنی 18 ساڵەو پێشمەرگەیە.[1]
- پۆلیسی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، دوای چاودێریکردنی گازینۆکان و کافتریاکانی شاری سلێمانی لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە، زانرا لەبەشێک لەوشوێنانەدا قومار دەکرێت، دوای وەرگرتنی فەرمانی دادوەر و گەڕان و پشکنین 60 کەسیان دەستگیرکردووە.[1]
- نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ کاتژمێر 05:00ی ئێوارە، لە دژی بێسەروشوێنکردنی محەمەد وەفا کۆچاکلی، ئەندامێکی هەدەپە، لە بەردەم ئاسایشی ڕاپەڕینی هەولێر خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن. ئاساییشی هەولێر ڕێگەی نەدا ئەم خۆپیشاندانە بکرێت[4]
- لە باشوری کەرکووک دوو چەکداری داعش لەبۆسەیەکی هێزە عێراقییەکاندا کوژران، تەرمی گوندنشینێکی ڕفێندراویش بەکوژراوی دەدۆزنەوە.[1]
- لە سەیرانگای خۆرنەوەزانی سەر بە شاروچکەی کفری لە گەرمیان، ئاهەنگێک بۆ یادی 34 مین ساڵیادی 15ی ئاب، دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە بەڕێوەچوو.[4]
- ئۆفیسی سلێمانی کونسوڵخانەی تورکیا پێدانی فیزا بەهاوڵاتیانی شاری سلێمانی دەستپێدەکاتەوە و لەمەدوا لەشاری سلێمانی مامەڵەکانیان لێ وەردەگیرێت.[1]
- لەڕوداوێکی هاتوچۆدا لە نزیک شارەدێی دیبەگە، بەڕێوەبەری ئاوی مەخموور گیانی لە دەستدا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو، تەقینەوەیەکی گەورە لە شوێنی حەوانەوەی سەربازان وچەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە گوندی باسیلێ-ی سەربە شێراوا ڕوویدا.[2]
- چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک، هەڵیان کوتایە سەر گوندی بورج حەیدەر-ی سەربە شێراوای عەفرین وچەندین کەسیان ڕفاندووە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی ئەمریکا لە نوێترین هەڵوێستیدا لەبارەی ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتەکەی و تورکیا دەڵێت، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا باشنین. گوتیشی، باجی سەر ئەلەمنیۆم و ئاسنی تورکیا دوو هێندە زیاد دەکەین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-10
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 15

2018-08-11



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەر بە حیزبی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک لە ماڵپەڕی ڕەسمی ئەو حیزبەدا، شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ سپای پاسدارانی پشتڕاست کردووتەوە و ڕایگەیاندووە: شەوی ڕابردوو، شەڕێکی توند لە

نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سپای پاسداران لە شاخەکانی کێلەشینی شنۆ ڕوویدا کە نزیک بە 5 کاتژمێری خایاند.[5]
- هێزە نیزامییەکانی جێگر لە پایگای بێوران، 12 کۆڵبەری کوردی خەڵکی گوندەکانی شاری سەردەشتیان دەسبەسەر کرد.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ ئەمسااڵی خوێندن لە کۆپی 490 بەش لە کۆلێژەکانی ئێوارانی بەشی زانستی و یاسا زیاتر لە 202 بەشی داخست، لەبەرامبەردا ڕێژەی خوێندنی پارااڵێڵی لە 10%-وە بۆ لە 40% بەرزکردەوە.[1]
- لایەنە تورکمانییەکانی کەرکووک داوای پۆستی پارێزگاری کەرکووک دەکەن. لە پرۆژەیەکی نوێدا بەرەی تورکمانی بەمەرجی وەرگرتنی ئە و پۆستە، ئامادەن ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک کارابکەنەوە و پۆستە ئیدارییەکانیش بەرێژەی 32% دابەش بکەن.[3]
- قایم مەقامی شەنگال مەحما خەلیل ڕایگەیاند: حەشدی شەعبی لە ڕەبیعە کشاوەتەوە و بریاری کشاندنەوەی لە شەنگال داوە.[1]
- ڕێکخراوی یونسکۆ لەهەر سێ شاری هەولێر و دهۆک و سلێمانی، خولی ڕاهێنان لە پیشەکانی (کارەبا، ساردکەرەوە) دەکاتەوە و ئاشکرایدەکات خولەکە بۆ ئە و کەسانەیە کە بێکارن.[2]
- لە کاتی پەردەلادان لەسەر پەیکەری (کلتور و خۆشەویستی)ی لە شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود لە سلێمانی، پرۆژەی خەڵاتی گەل ڕاگەیەنرا و ئەمسااڵ وەک یەکەم ساڵ دەبەخشرێتە کۆچەر بیرکار.[2]
- سەرکردەی یەکەمی چوار لایەنە ناڕازییەکە (گۆڕان، یەکگرتوو، هاوپەیمانی و کۆمەڵ) ڕایدەگەیێنن، ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ڕەتدەکەنەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشە درندانەکەی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەروچەتەکانی لە عەفرین بەردەوامە. دەوڵەتی تورکیای داگیرکەروگروپەچەتەکانی بەشێوازێکی درندانە بەربوونەتە گیانی ژینگەی عەفرین ولەناوی دەبەن. سەرچاوەیەکی هەرێمی لەم بارەیەوە زانیاری داوەتە ئاژانسی هاواروئاشکرای کردووە کە سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەرلە گوندی هۆپ-ی ناوچەی ڕاجۆ دارە زەیتوونەکان دەسووتێنن.ڕاگەیەنراکە 5هەزارداری زەیتوون-ی هاووڵاتییەک بەناوی ناسان محەمەد سوتێنراوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- دەسەاڵتدارانی تورکیا هۆشداری دەدەن لەوەی زیادکردنی باج لەسەر ماددە کانزاییەکانی وەکو ستیل و ئەلەمنیۆم لەلایەن دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، زیان بە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەگەیەنێت، بەڵێنی وەاڵمدانەوەش دەدەن.[2]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا، گوتارێکی بەزمانی ئینگلیزی لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز بەناونیشانی تورکیا چۆن دەڕوانێتە قەیرانەکەی لەگەڵ ئەمریکا بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەداوە، 60 ساڵە تورکیا و ئەمریکا هاوپەیمانن، بەاڵم ئەگەر ئەمریکا ڕێز لە سەروەرییەکانی تورکیا نەگرێت و هەستیاری گەلی تورکیا لەبەرچاو نەگرێت، هاوپەیمانێتییەکەیان دەکەوێتە مەترسییەوە و دەڵێ ئەگەر ئەمریکا کۆتایی بەم بێڕێزییە نەهێنێت، تورکیا دەستەکات بەدۆزینەوەی دۆستێک و هاوپەیمانێکی نوێ.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەاڵت)
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سەردەشت
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	شنۆ
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەاڵتی کوردستان

ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-08-11
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-11
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 16

2018-08-12



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی پارتی هەڕێمە دیموکراتیەکان 'دەبەپە' لە ناوچەی چووکوورۆفا حەیدەر یوکسەل، لە ئەدیرنە دەستگیر کرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سەبوور یاری تەمەن 31 ساڵ خەڵکی گوندی شمشێر، سەر بە بەخشی ناوەندیی شاری پاوە بە هۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو و لەو ڕووداوەدا لاقی ڕاستی لە دەست دا.[5]
باشووری کوردستان
- هاوولاتییەکی بە ڕەگەز ئەمریکی لە ڕووباری بلێی سنوری شاروچکەی مێرگەسوور خنکا.[2]
- ئەمڕۆ، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانی گەنجان، ڕێکخراوی ئەنجومەنی گەنجانی کوردستان بە ئامادەبونی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجان و هاوولاتیان بەوبۆنەیەوە فێستیڤاڵێکیان لە شانۆی ڕۆمانی لە پارکی هەواری شاری سلێمانی ڕێکخست و چەند چالاکییەک بەڕێوەچوو.[2]
- ئامادەکاریی بۆ دانانی پردی ئاسن لەڕێگەی هەولێر - کەرکووک دەکرێت، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لەسەر دانانی پردی ئاسن و بازگەی هاوبەش ڕێککەوتن و بڕیارە پێش جەژن ڕێگەکە بکرێتەوە.[3]
- ئەمڕۆ ئەنجومەنی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا

وادەی دەستپێکردنی بانگەشەی بۆ لیست و قەواڕە و کاندیدانی هەڵبژاردنەکەی 30ی ئەیلولی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دیارییکرد. بەپێی بەیاننامەکە، لە کاتژمێر 12-ی شەوی 5-ئەیلول بانگەشەی هەڵبژاردن دەست پێدەکات تاوەکو کاتژمێر 08:00 ئێوارەی 28-09-2018.[4]
- بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو لە گوندی زەنگڵان-ی سەر بە شارۆچکەی سەنگەسەری شارۆچکەی پشدەر، ئافرەتێک خۆی خنکاندووە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا ئەمجارەیان لە گوندی ئەبلەی ناوچەی بلبلێ لە عەفرین، هاووڵاتییەکی مەدەنییان بە ناوی عەدنان شەمسەدین حوسێن کوشت.[1]
- پارتییە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سیڤیل لە عەفرین و شەهبا، دەربارەی بەردەوامیی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا و چەتەکانی دژ بە عەفرین ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و هێرشەکانیان ئیدانە کرد.[1]
- چەتەکانی فەیلەق شام ئێوارەی ئەمڕۆ لە ناوچەی جندرێس لە عەفرین 2 هاووڵاتی تریان ڕفاندووە. ئەو 2 هاووڵاتییە ناوەکانیان بریتییە لە: حەسەن هۆرۆ و محەمەد عوسمان.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کەنالی سکای نیوز بڵاویکردەوە بەهای لیرە بەردەوامە لەدابەزین و نرخی دۆلارێک بوو بە 7.22 لیرە، ئەوەش نزمترین ئاستی بەهای لیرەی تورکییە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی کە لە مێژوودا بەخۆیەوە دەیبینێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مێرگەسوور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-08-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 17

2018-08-13



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە چیای باگۆک و دەوروبەری دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن کرد.[3]
باشووری کوردستان
- دەرچوانی بەشی پزیشکی گشتی و ددان و دەرمانخانە، لەبەردەم بینای پارێزگای سلێمانی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر دانەمەزراندنیان.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ، لەبەردەم بینای پارێزگای کەرکووک بەشێک لە ئەنجومەنی گەڕەکەکانی کەرکووک خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر خەرج نەکردنی بڕی ئەو 250 هەزار دینارەی وەک مووچەی مانگانە بۆ هەریەکەیان تەرخانکراوە و دەبێت لەڕێگای قائیمقامیەتی کەرکووکەوە پێیان بدرێت.[2]
- بەبیانووی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە، هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا چەند ناوچەیەکیان لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی و ئاکرێ سەر بە پارێزگای دهۆک بۆردومانکرد.[1]
- بەهۆی بەرزی و نزمی دراوی کۆماری ئیسلامی ئێران، بازرگانان لە شاری سلێمانی توشی زیانبوون و بەشێکیشیان مەمەڵەکردنیان لەگەڵ بازرگانانی ئەو وڵاتە وەستاندووە.[1]
- دایکێک و چوار منداڵی کوردی ئێزدی لە دەستی داعش ڕزگارکران، دایکەکە ناوی غەزال عەلییە و منداڵەکانیشی ناویان حەبیب حوسێن، عەلی حوسێن، سامی حوسێن، دالیا حوسێنە.[4]
- پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، بەهۆی کێشەیەکی خێزانییەوە لە شارۆچکەی پێنجوێن کوڕێک دایکی خۆی کوشت.[4]
- دووەمین خەڵاتی وەدات حسێن، بەخشرایە هەریەکە لە ڕۆژنامەنووس و چالاکوان نیاز عەبدوڵڵا و ڕۆژنامەنووس کاروان سالار.[2]
- بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لەگەنجانی شارۆچکەی پێنجوێن، ماراسۆنێکی ماوە درێژ کە لەلایەن ناوەندی وەرزش و لاوان بەهاوکاری گروپی ژیانەوە ڕێکخرابوو لەبەردەم قایمقامیەتی قەزای پێنجوێن تا دەروازەی قەزاکە بەڕێوەچوو.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بە بەشداری ژمارەیەک هاوڵاتی، کە زۆربەیان گەنج بوون، لە دورگەیەکی وڵاتی یۆنان یادی وەدات حسێن، پەیامنێری تیرۆرکراوی ڕۆژنیوز کرایەوە.[3]
- داواکاری گشتی تورکیا دەستیکرد بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاسایی توند لە دژی ئە وکەس و لایەن و دامەزراوانەی بە وتەی ئەوان ڕۆڵیان لە دابەزاندنی نرخی لیرەدا هەبووە بەرانبەر بە دۆلاری ئەمریکی و بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی دابەزینی نرخی لیرەش ئەنقەرە مامەڵەی لەدۆلارەوە گۆڕی بۆ یۆرۆ.[1]
- ئەنگێلا میرکڵ، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ڕایگەیاند، ناسەقامگیری ئابووری لە تورکیا لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێک نییە.[4]
- دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا پرۆژە یاسایی بودجەی ساڵی 2019ی پنتاگۆنی واژۆ کرد. بە واژۆکردنی ئەو پرۆژە یاسایە فرۆکەی جەنگیی جۆری ئێف 35 (F-35) بە تورکیا نادرێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-13
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 18

2018-08-14



باکووری کوردستان
- ماوەی هەفتەیەکە دارستانەکانی پارێزگای دێرسیم دەسووتێن و ئاگرەکە بۆ حەوت ناوچەی ئەو پارێزگایە تەشەنەی کردووە. ناوچەکانی (دەیرمەن دەرە، زۆگار، زەنگە، کۆچەری، بۆزان،کۆسک ئۆزلوجا و دوندول)یشی گرتووەتەوە.[1]

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ چیای سنجاک-یان لە سنووری ناوچەی خۆزات لە پارێزگای دێرسیم بۆردومانکرد.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ، ئەمجەد حسێن پەناهی، برای ڕامین حسێن پەناهی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەردا ڕایگەیاند، کە شەوی ڕابردوو کاتژمێر 11:00 ڕامین گوازراوەتەوە بۆشوێنکی نادیار.[4]

- کۆڵبەرێکی کورد بەناوی ئیسماعیل عەزیزی خەڵکی شاری مەهاباد، لە سنووری کانی زەردی سەردەشت بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان گیانی لەدەستدا.[6]

- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی محەممەد حەمزە پوور خەڵکی گوندی باساوێ و ڕێبوار خزرپوور خەڵکی گوندی میر شێخ حەیدەر لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە تەقەیان لێکرا و بە سەختی بریندار بوون.[6]

- کاتژمێر 21:30 خولەک، یەکێک لە مەئمووڕانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە ناوی سەرگورد حەسەن مەلەکی، لە شاری ڕوانسەر، لە لایەن کەسانێکی نەناسراوەوە کوژرا.[6]

باشووری کوردستان

- یەکەم و دووەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر ئاستی زانکۆکانی هەرێم لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوا دەکەن دابمەزرێن، چونکە حکومەتی هەرێم پێشتر ئە و بڕیارەی داوە. یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان لە 2015-2016 خوێندنیان تەواو کردووەو ژمارەیان هەزار و 300 کەسە.[3]

- لە گەرلەری زاموا-ی شاری سلێمانی بۆ یەکەمجار پێشانگەی فۆتۆگرافی هاوچەرخ و دیجیتاڵ ئارت کرایەوە.[3]

- فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بۆردومانی ژمارەیەک گوندی شارەدێی سیدەکانیان دەستپێکردەوە و بەوهۆیەوەش ئاگرێکی گەورە لە نزیک گوندێکی شارەدێکە کەوتۆتەوە.[3]

- دانیشتنی دادگای فیدراڵی بۆ بڕیاردان لەبارەی یاساییبوونی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێمی کوردستان و فرۆشتنی، دواخرا بۆ 29ی ئاب.[1]

- لەچوارچێوەی کۆبونەوەیەکی نێوان وەزیری کشتوکاڵ و وەفدێکی هاوبەشی کورد و تورکمان بڕیاردرا بەڕاگرتنی پێدانەوەی زەویيە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک بە عەرەبی هاورده.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- پۆلیسی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر، دوێنێ شەو لە عەفرین هەڵیان کوتایە سەرماڵی کوردەکان و 2 ژنی کوردیان ڕفاند.[2]

- تیمێکی تایبەتی هێزەکانی سوریای دیموکرات، خانەوادەیەکی ئێزدی لە چنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد.[4]

دەرەوەی کوردستان

- بەگوێرەی ئاژانسە هەواڵە ناوخۆکانی ئێران، شەوی ڕابردوو عەلی خامنەیی، لە کاتی پێشکەشکردنی وتارێکدا، بۆ یەکەم جار لە سەردەمی ڕێبەرایەتییەکەیدا، دانی بە هەڵەبوونیدا نا. خامنەیی وتی: ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکان هەڵە بوو، لەو بارەوبەوە بەندە هەڵەم کردووە، بەهۆی پێداگری چەند کەسێک، ڕێگەم پێدان کە ئەزمونی بکەن، هەرچەند ئەوان هێڵە سوورەکانیان تێپەڕکرد.[4]

- لە ئۆپەراسیۆنێکی پۆلیسی تورکیا لە شاری ئەنکارا دەیان ئەندامی هەدەپە دەستگیرکران. لەو هێرشەدا بەڕێوەبەری شاری ئەنکارا مەحموود ئەمین ئاڤجی، نامزەدی پارلمانتاری هەدەپە و وتەبێژی پێشووی مەجلیسی ژنان-ئ ئەنکارا ئیپەک گور، هاوسەرۆکی ناوچەی چانکایا-ی هەدەپە ڕەمەزانکاراکوچ، بەڕێوەبەری ناوچەی کەچێورەنێ-ی هەدەپە فێگەن ئونجو وگولهان ئاکنجی، دایکی ئاشتی قەدریە ئوزگەن و مونیب کۆچ دەستگیر کران.[2]

- تورکیا بە فەرمی بایکۆتی خستەسەر کەرەستە ئەلەکترۆنییەکانی ئەمریکا.[5]

- حەیدەر عەبادی سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کۆبوونەوە، بەپێی سەرچاوەکان کۆبوونەوەکەیان تایبەت بووە بە پرسی ئاو، ناردنی نەوتی کەرکووک لە ڕێی تورکیاوە و هەروەها پرسی بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئەنکەرە

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-14
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-14
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 19

2018-08-15



باکووری کوردستان
- سەر لەبەیانیی ئەمڕۆ لە ناوچەی جزیر لە پارێزگای شرنەخ لە هەڵکوتانە سەر ماڵاندا چەندین کەس دەستگیرکران. کەسە دەستگیرکراوەکان براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی تورک لە جزیر. ناوی چەند کەس لە دەستگیرکراوەکان بڵاوبووەتەوە کە بەم شێوەیەین: نورەدین بایک، حەنیفە ساکین، عادل چۆملەک و فاروق جیلاسون.[4]

- سەڵاحەدین دەمیرتاش، لە زیندانداا چاوی بە خێزان و کەسوکارەکەی کەوت.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی مووسا مەحموودی، تەمەن 45 ساڵ، خەڵکی گوندی گوندەوێلەی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- فەرهاد سەحراپەیما زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی شاری ورمێ، کە شەشەمین ساڵی زیندانبوونی لەو زیندانەدا تێدەپەڕێ، لە هەمبەر ڕەزامەندنەبوونی دادگا بۆ ئازادکردنی و بەڕێوەنەبردنی مادەی 134 کۆکراوەی حوکمەکان دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن.[6]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 17:00ی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیای داگیرکەر دەستیان بە بۆردومانی هەرێمی شەنگال کرد. فڕۆکە جەنگییەکان دۆڵی شیلۆ-ی شەنگال و دەوروبەریان کردووەتە ئامانج.[4]
- هەندێک سەرچاوە لە بۆردومانەکەی ئەمڕۆی شنگالدا باس لەوە دەکەن کە سەرپەرشتیاری دەڤەری شنگال و ئەندامی کۆمسیۆنی گەل – پەکەکە ئیسماعیل فەرمان ناسراو بە زەکی شنگالی و حەربۆ خدر مردۆ هەماهەنگکار لەنێوان حکوومەتی عێراق و پەکەکە و مەزلووم ڕۆس، فەرماندەی چەکدارانی یەبەشە- ئەندامی پەکەکە کە خەڵکی ئەرمینیایە و هەرەوها ژمارەیەک شەڕڤانی تر گیانیان لەدەستدا و بریندارببوون.[5]
- سوپای تورکیای داگیرکەر کە لە باکووری کوردستان بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئاگر لە دارستانەکان بەردەدات، لە دەوروبەری گوندی دەشتی کافیە و گوندی گوزۆێ-ی سەر بە هەرێمی گارا-ی باشووری کوردستانیش ئاگری لە دارستان بەردا.[4]
- لە هەولێر، بە تۆمەتی قاچاخچێتی دەرمان شەش کەس دەستگیرکران و چوار دەرمانخانەش داخران، قایقامی ناوەندی هەولێریش دەڵێت بەدواداچوون بەردەوامی دەبێت.[1]
- یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی لە هۆتێل دیڤانی هەولێر بەڕێوەدەچێت، کۆنفرانسەکە لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو و ئۆفیسی ڕزگارکردنی ڕفێندراوە ئێزدییەکان ڕێکخراوە و تۆڕی میدیایی ڕووداو سپۆنسەری کۆنفرانسەکەیە.[2]
- ئەمڕۆ تەرمی ئەو چوار کەسەی، کە لە دەریای ئیجەدا خنکان، گەڕێندرانەوە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین و لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاک سپێردران.[3]
- لە ڕێگەی دانانی بۆمبێکی موگناتیسی بەئۆتۆمبێلەکەیەوەو تەقاندنەوەی، فەرمانبەرێکی وەقفی سونی لە کەرکووک کوژرا و سەرنشینێکی دیکەی نێو ئۆتۆمبێلەکەش بریندارببوو.[1]
- لە سنووری شارەدێی سەرگەڕانی سەر بە شارۆچکەی دوبز (ڕۆژئاوای کەرکووک) بۆمبێکی چێنراو بەئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاب تەقیوەتەوە و بەهۆیەوە چوار سەرنشینی ئۆتۆمبێلەکە بریندارببوون کە ئەندامی یەک خێزانن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندی قەستەل کشکێ-ی سەر بە ناوچەی شەرا-ی عەفرین 15 هاوڵاتیی سیڤیلیان ڕفاند.[4]
دەرەوەی کوردستان
- واشنتن هۆشداریدەداتە عەبادی و ڕایدەگەیەنێت، پێشێلکردنی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، وادەکات عێراق دوچاری هەمان سزا ببێتەوە.[1]
- ڕۆژنامەی قودسی عەرەبی لە ڕاپۆرتێکیدا ئاشکرایکردووە، حکومەتی هەرێم لە دوای کەوتنی ڕژێمی پێشووی عێراقەوە لە ساڵی 2003، بەهۆی چەند پێشێلکارییەکەوە نیو تریلیۆن دۆلاری ئەمریکی قەرزاری بەغدادە.[1]
- میدیاکانی تورکیا، بڵاویانکردەوە، حکومەتی تورکیا باج لەسەر بەرهەمە هاوردەکانی ئەمریکا زیادەکات لە نێوانیاندا ئۆتۆمبێل و خواردنەوە کحولییەکان و جگەرە.[1]
- لەپاش ئەوەی ئەمڕۆ دادگای تورکیا ڕەتیکردەوە ئەندرۆ برۆنسۆن قەشەی ئەمریکی ئازاد بکات کۆشکی سپی ئە و وڵاتە بەتوندی وەڵامی ئەنقەرەی دایەوە. کۆشکی سپی ڕایگەیاند تورکیا کێشەی ئابوری و سیاسی هەیە و نیگەرانین لە هەنگاوە نوێکانی تورکیا دژ بە ئەمریکا. وتیشی تورکیا وەک تۆڵە باج دەخاتە سەر هەناردەی ئەمریکا و ئە و هەنگاوانە بەئاڕاستەیەکی هەڵەدایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: بەغدا

شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: باکووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئێراق
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-15
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 20

2018-08-16



رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد، چەند کەسێک لە ئەندامانی بنەماڵەی حیزبە کوردییەکانی بانگهێشتی ئەو ئیدارە حکوومەتییە کردووە و داوای لێ کردوون، کە بچن کوڕەکانیان کە ئەندامی حیزبە کوردییەکانن بیانهێنەوە.[3]
- فەردین مستەفایی، بەرێوەبەری کانالی هەواڵیی سەقز ڕووداو و ناسر بارامپوور، بەرێوەبەری کانالی شار سەقز، بە هۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بە داخرانی ڕێگای سنووریی کۆڵبەران، بانگهێشتی ئیتلاعاتی سپا کراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرا.[3]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر، سلێمانی، شنگال، کەلار و ڕانیە خۆپیشاندانی نارەزایی بۆ هێرشەکەی دوێنێی شنگال بەرێوەچوو.[6]
- هاوسەرۆکایەتیی کەجەکە ڕایگەیاند، بەگوێرەی زانیارییەکان لە شەنگالەوە، گومان دەکرێت کە هێزی نزیک لە پارتی یان حکومەتی عێراق هاوکارییان کردبێت بۆ بە ئامانج گرتنی مام زەکی شنگالی، ڕاشیدەگەیەنن: گەر دەستی ئەوانی تێدانییە، با بەفەرمی شەرمەزاری بکەن و ڕوونکردنەوە بدەن.[2]
- عەلی عەونی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت حزبەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە هێرشەکەی دوێنێی سەر شەنگالەوە نییە و دەڵێت پێویست ناکات پەکەکە داوای ڕونکردنەوەمان لێبکات.[1]
- وتەبێژی یەکێتی، لەبارەی هێرشی فڕۆکەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر شەنگال و شەهیدکردنی زەکی شەنگالی، دەڵێت: ئێمە لایەنگری ئەوەین لێکۆڵینەوە بکرێت لەو ڕووداوە و پێویستە ئاسمانی عێراق بپارێزرێت.[2]
- پەروەردەی گشتی کەرکووک بڕیاریداوە بەدابەشکردنی زەوی نیشتەجێبوون لەسەر ڕێگەی کەرکووک – سلێمانی بەسەر ماموستایاندا، بەڵام بڕیارەکە ماموستایانی خوێندنی کوردی ناگرێتەوە.[1]
- تۆپخانەکانی سوپای تورک لە گوندی بەرمیزەی ناوچەی برادۆستەوە، بۆردوومانی گوندەکانی کۆلیت، ناودارۆک و سنین-ی ناوچەی برادۆستیان کرد و بەهۆیەوە زیان بە ژینگەی ناوچەکە گەیشت و ڕووبەرێکی زۆر لە پووش و پاوان سووتان.[2]
- بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی لێدوانێکی لەسەر هێرشەکەی تورکیا بۆ سەر شەنگال بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، جارێکی دیکە بریندی خەڵکی شەنگال و کۆچۆ و دەروبەریان کولاندەوە و خاڵێکی دیکەی ڕەشیان لە مێژووی تاوان و کوشتن و ستەمکاریی تۆمار کرد.[2]
- لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یادی 72 ساڵەی ئەو حیزبە، لە سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرس و لایەنگر و هەوادارانی پارتی چەند چالاکییەک بەرێوەچوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیا وچەتەکانی لە گوندی گورزەلە-ی شێراوا-ی عەفرین 5 هاوووڵاتیان ڕفاند وداوای فەدیە لەبنەماڵەکەیان دەکەن. بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی هاوار ئەو کەسانەی کە ڕفێندراون: عەگید عەبدولڕەحمان(25)، ئەحمەد یوسف عەبدولڕەحمان(28)، جەمال ئۆلۆ(23)، نووری محەمەد(44) و یوسفعەبدولڕەحمان (68) ساڵ تەمەن ڕاگەیەنراوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری کشتوکاڵی عێراق ڕایدەگەیەنێت، تورکیا ڕەزامەندیداوە لەسەر دواخستنی پرکردنەوەی بەنداوی ئەلیسۆ تا ساڵی داهاتوو.[1]
- ستیڤن منوچین وەزیری خەزێنەی ئەمریکا ڕایگەیاند ئەمریکا ئامادەیە سزای زیاتری تورکیا بدات گەر قەشە ئەمریکییەکە

(ئەندرێو برەنسن) ئازاد نەکرێت.[1]
- پشکێنەرەکەی وەزارەتی نەوت لەبارەی نووسراوی قەدەخەکردنی بەکارهێنانی دەستەواژە و زمانی کوردی لە نووسراوەکانی کۆمپانیای گازی باکوور ڕوونکردنەوە دەدات و ڕایدەگەیێنێت، بەهیچ شێوەیەک مەبەستم قەدەخەکردنی زمانی کوردی نەبووە.[5]
- ئاژانسی فرانس پرێس بڵاویدەکاتەوە، پارێزگای نەجەف دووچاری قەیرانی ئابوری بووەتەوە بەهۆی ئە و سزایانەی کە ئەمریکا سەپاندوویەتی بەسەر ئێراندا و دەشڵێت ئوتێلەکان و بازاڕەکان چۆڵ بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-16
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 21

2018-08-17



باکووری کوردستان
- کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە ڕایگەیاند، کە هێرشی سەر شەنگال لە ئەنجامی ڕێککەوتن و بازرگانییەکی گەورە ئەنجامدراو ە و زۆری پێناچێت کە خۆشی هێرشەکە لە قورگیان دەگیرێت.[5]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی پاسووری ئامەد ئاگری لە دارستان بەردا. ئە و ئاگرکەوتنەوەیەی بەهۆی گولەبارانی سوپای تورکیا دەستی پێکردبوو، دەیان هەزار هێکتار دارستانی سووتاندووە و سەربازانیش ڕێگە نادەن ئاگرەکە بکوژێنرێتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو هەڵۆکانی زاگرۆس، ماشینی هەڵگری هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە جاددەی بەردەبووک-بانە لە لایەن گرووپێکی چەکدارەوە درایە بەر دەسرێژی گووللە و لە ئاکامی ئەو هێرشەدا، چوار کەسیان کوژران و سێ کەسی دیکەش بریندار بوون.[2]
باشووری کوردستان
- دوو فڕۆکەی جەنگی تورکیا ژمارەیەک گوند و ئاوایی لە دەڤەری پشدەر و باڵەکایەتی بۆردوومان دەکەن و بە و هۆیەوە لە چەند بەرزاییەکی ناوچەکان ئاگر کەوتووەتەوە. ئە و گوندانەی بە سەختی لە بناری قەندیل کەوتوونەتەبەر بۆردوومانەکە و گوندی ئاوەدانن، بۆکریسکان و سەرگەلین لە دەڤەری پشدەر و لە سنووری شاروچکەی قەسرێ سەر بە شاروچکەی چۆمانیش گوندەکانی تەگەروێ و کەڵەکی باڵەپی بۆردوومان کراون.[3]
- بە بیانوی بوونی بارەگاکانی پەکەکە لە شارەدێی کانی ماسێ لە سنوری شاروچکەی ئامێدی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا ئەشکەوتێکی لە سنورەکە بۆردومانکرد.[1]
- بەرەی دیموکراسی گەل لەسەر هێرشەکەی شەنگال ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیان، لە جیاتی ڕێکەوتن لەگەڵ تورکیا، پێویستە حکومەتی عێراق هەنگاو بۆ دیموکراسی بنێت و کێشەکانی چارەسەر بکات.[4]
- عەلی قەرەداغی، ئەمینداری یەکێتی جیهانیی زانایانی مسوڵمان ڕەتیدەکاتەوە لەهیچ شوێنێک باسی خەوبینین بە پێغەمبەر و هەڵگرتنی لیرەی تورکی کردبێت و ڕایدەگەیێنێت، دووڕووەکان بەناوی من و پێغەمبەری خواوە درۆ هەڵدەبەستن و بەداخەوە هەندێک خەڵکی ساویلکەش بڕوایان پێ دەکەن.[3]
- ئەمڕۆ، کەسوکاری 17 پێشمەرگەی دیلی دەستی چەتەکانی داعش، لە بەردەم بینای قائیمقامی شارەدێی قەرەهەنجیری سەر بە پارێزگای کەرکووک لە گردبونەوەیەکدا، دوای ئاشکراکردنی چارەنوسی نەوەکانیان کرد، کە هێشتا لە دەستی چەتەکانی داعشدان.[5]
- لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا سێ تاوەری کارەبا لەسنوری پارێزگای کەرکووک تەقێندراونەتەوە کە یەکێکیان بوەتە هۆی پچڕانی کارەبای پارێزگای نەینەوا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکایەتی تورکیا ئاشکرایدەکات، لەگەڵ بەغداد ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی ئۆپراسیۆنی سەربازی لە سێ ناوچەی عێراق لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئەنجامبدەن.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق بوونی هەر جۆرە هەماهەنگییەک لەگەڵ تورکیا دەربارەی بۆردومان ئاسمانییەکان بۆ سەر شەنگال ڕەتدەکاتەوە.[1]
- بە ئامانجی شەرمەزارکردنی هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆسەرشەنگال کە بووە هۆی شەهید بوونی زەکی شنگالی ئەندامی

کۆردیناسیۆنی کۆمەڵگەی ئێزدی، لە چەندین شارناوەندی ئەوروپایی چالاکیی ئەنجامدرا.[4]
- سعودییە ڕایدەگەیەنێت، بە سەد ملیۆن دۆلار بەشداریدەکات بۆ هاوکاری هەوڵەکانی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی بەشەکانی باکوری سوریا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: بەغدا
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێڕاق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-17
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 22

2018-08-18



باکووری کوردستان
- بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی والی شرناخ هەرێمی فەراشین-ی ئیلکێ، هەرێمی مەزرا وگونەیاکا وهەرێمی سێگرکێ-ی قیلبانێ بەگشتی 66 هەرێم، وەک هەرێمی پاراستنی تایبەت دیاری کراوە و بۆ ماوەی 15 ڕۆژ قەدەغەی هاتووچۆی تێدا ڕاگەیەنراوە.[2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 05:30 خولەک هەتاکۆ کاتژمێر 7 هێلیکۆپتەرەکانی سوپای تورکیا چیای سینجیک-یان لە دەرسیم بۆردومان کردووە. دوای بۆردومانەکە لە ڕێگەی هێلیکۆپتەروە یەکینەیەکی سەربازی سوپای تورکیا لە ناوچەکە جێگیر بووە ودەستیان بە ئۆپەراسیۆن کردووە.[2]
- سەربازەکانی سوپای تورک لە گوندی پاکونیی سەربە چەولگ هێرشیان کردە سەر گلکۆی گەریلای هەپەگە و کێلەکەیان شکاندن.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- محەمەدئەمین قازی خەڵکی گوندی گوندەوێلە سەر بە شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپا دەسبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- تەرمی زەکی شەنگالی بەخاکدەسپێردرێت.[1]
- بە بەشداریی هەزاران کەس لە هاوواڵاتیان، مەراسیمێکی بە شکۆ بۆ بەخاکسپاردنی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ئێزدییەکانی شەنگال و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کەجەکە زەکی شەنگالی، کە بەهۆی هێرشی دەوڵەتی تورکیاوە لە 15ی تەباخدا شەهید بوو بوو، لە مەزارگەی شەهید دڵگەش و بەرخۆدان، مەراسیمێکی بەشکۆ بەڕێوەدەچێت. تەرمی مام زەکی شەنگالی لەسەر شان برایە مەزارگەکە و لە مەزراگەکە مەراسیمێکی سەربازیی بۆ ئەنجامدرا.[2]
- خانەوادەی مام زەکی شەنگالی، بە مەبەستی بەشداریکردن لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی مام زەکیدا گەیشتنە شەنگال.[5]
- سەرلەبایەنی ئەمڕۆ لقی سلێمانیی پارتی ئازادی و دیموکراسیی ئێزدییەکان (پادێ - PADÊ) لە گردی عەلی ناجی نزیک بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی سلێمانی پرسەی بۆ شەهید مام زەکی شەنگالی ئەندامی کوردیناسیۆنی ئەنجوومەنی گەلی ئیزدی دانا. ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی پرسەکەی بوو. پرسەکە بۆ ماوەی 3 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[2]
- لە پێنجوێن کۆنفرانسێک بۆ موفتی پێنجوێنیی شاعیر بەڕێوەدەچێت، کۆنفرانسەکە دوو ڕۆژ دەخایەنێت.[1]
- گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق و پێکهێنانی کابینەی نوێ لەگەڵ پارتی، ڕەشنووسێکی 27 خاڵییان ئامادە کردووە. دەشڵێت چوار لایەنەکەی دیکە دەتوانن خاڵی دیکە بۆ ڕەشنووسەکە زیاد بکەن.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا چیای قەندیل-یان بۆردومان کرد. بەهۆی ئەو بۆردومانانەوە دارستانەکانی ناوچەکە ئاگری تێبەربوو.[2]
- دژی هێرشە ئاسمانییەکەی دەوڵەتی تورک بۆ سەر شەنگال و شەهیدکردنی زەکی شەنگالی، ئەنجومەنی هەرێمی کەرکووکی تەڤگەری ئازادیی گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و وێڕای ئیدانەکردنی هێرشەکە، ئەو هێرشەیان بە زەنگێکی مەترسیدار بۆ سەر تەواوی خاکی باشوری کوردستان و بەتایبەتیش کەرکووک ناوبرد.[5]
- بە بۆنەی تێپەڕ بوونی سێ ساڵ بەسەر ناساندنی وەک(هاوناز ئەحمەد) یەکێک لە منداڵە دۆزراوەکانی هەڵەبجە و دواجار دروست نەبوونی ناوەکەی، سەر لە ئێوارەی ئەمڕۆ بە ئامادە بوونی کەسوکاری منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە و بەرپرسانی

حکومی و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لە مەراسیمێکی تایبەتدا هاوسۆزی و پشتیوانی بۆ مریەم هەڵەبجەیی سازکرا کە ئێستا ناوی خۆی ناوە (ژیان کامەران).[4]
- زەردەشتییانی کوردستان، جەژنی پەیمانیان لە ئەشکەوتی مێژووی قزقاپان پیرۆزکرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا شەشەمین کۆنگرەی ئاسایی ئاکپارتی بەڕێوەدەچێت و جگە لە هەدەپە سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە بە فەرمی بانگهێشتکراون. پارتی تەنیا حیزبی باشووری کوردستان بوو کە بۆ کۆنگرەی ئاکپارتی بانگهێشتکرابوو.[3]
- لە شەشەمین کۆنگرەی ئاکپارتیدا لە کۆی 50 ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی بڕیار و بەڕێوەبردن تەنیا 21 ئەندام لە پۆستەکانیاندا مانەوە و ژمارەیەک لە وەزیر و بەرپرسانی ئاکپارتی لە ئەنجوومەنەک دوورخرانەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەنکەرە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێف ئێف نیوز - 2018-08-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-06-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 23

2018-08-19



باکووری کوردستان
- ناوچەیەکی فراوان لە نێوان گوندەکانی سن و هۆپکا قرخان لە سەروی گەیکسویو لە دەرسیم لە دوێنێ شەوەوە ئاگری تێبەردراوە و تاوەکو دێت ئاگرەکە ناوچەی زیاتر دەگرێتەوە.[1]
- ماوەی 3 ڕۆژە دارستانەکانی سنووری دارا هێنێ لە چەلیک ئاگریان تێبەردراوە و لە ئاگردا دەسوتێن. گەلی هەرێمەکە دەیانەوێت بڕۆن ئاگرەکە بکوژێننەوە، بەڵام سەربازی تورکیا ڕێگریان لێدەکەن و ناهێڵن ئاگرەکە بکوژێننەوە.[1]
- پارێزگاری دەوڵەتی تورکیا لە جۆلەمێرگ ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و بەپێی ڕاگەیاندراوەکە، 30 ناوچەی ئەو پارێزگایەی لە هاوولاتیان قەدەغەکردووە. لە ڕاگەیاندراوی پارێزگاری تورکیا لە جۆلەمێرگدا هاتووە، 30 ناوچە لە ناوەندی جۆلەمێرگ، لە چەڵ، شەمزینان و گەڤەر لە ڕۆژی 22ی ئابی 2018ەوە و تاوەکو 5ی ئەیلولی 2018 کراون بە ناوچەی ئەمنیی تایبەت و لەو ماوەیەدا هەموو جۆرە هاتووچۆیەک لە هاوولاتیانی ئەو ناوچانە قەدەغە دەکرێت.[1]
- نوێنەرانی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات - کەجەدە، بزووتنەوەی ژنانی ئازاد - تەژەئا، دایکانی ئاشتی، پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە، پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان - دەبەپە، پارتی سۆسیالیست و ئازادی - ئۆسەپە و ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سیڤیل لە شاری ئامەد-ی باکووری کوردستان کۆبوونەوە و لە لێدوانێکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیدا ئیدانەی هێرشی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر شەنگال و شەهیدکردنی مام زەکی شەنگالی-یان کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوولاتیانی شاری مەریوان زبڵ و خاشاکەکانی ماڵەکانیان لە بەردەم بینای شارەداریی شاری مەریوان کۆ کردەوە و ئاگریان تێبەردا. ناڕەزایەتیی هاوولاتیانی شاری مەریوان، لەوە سەرچاوەی گرتووە، کە شارەداریی ئەو شارە بە هۆی کۆ نەکردنەوەی زبڵەکان لە ناو شارەدا، بوو بە هۆی ناڕەزایەتیدەربڕینی هاوولاتیانی ئەو شارە.[6]
- دادستانی شاری سەقز حوکمی وەگەڕخستنەوەی دۆسیەی ئەندامانی پێشووی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئێرانی دەرکرد و ئەو کەسانەش لە لایەن ناوەندە ئیتلاعاتییەکانەوە بانگهێشت و لێکۆڵینەوەیان لێدەکرێت.[6]
- لاوێکی کورد بە ناوی تەوحید حەقدار تەمەن 19 ساڵ، کوڕی بارزان، خەڵکی گوندی دۆستان سەر بە ناوچەی شپیرانی شاری سەڵماس بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری شاری شنۆ گیانی لە دەست دا.[6]
- لاوێکی کورد خەڵکی شاری ئیلام، بە ناوی محێدین غەیاسی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە ڕاگوێزرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە سەردەشتی چیای شەنگال، بۆ مام زەکی شنگالی، ئەندامی کۆردیناسیۆنی جڤاکی ئێزدی، پرسە دانرا.[5]
- بەهۆی پردێکی کاتیی ئاسنینەوە، ڕێگای کەرکووک - هەولێر دوای 10 مانگ لە داخستنی کرایەوە و بڕیاریشە لە نێوان کەرکووک و شارەکانی هەرێمی کوردستان خاڵی گومرگی دابنرێت.[2]
- قایمقامی خورماتوو ڕایدەگەیەنێت بەمەبەستی هاوسەنگی هێز لەخورماتوو فەوجێک لەهێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا دروستدەکەن کە هەموو نەتەوەکان وەکو یەک مافی دامەرزاندنیان تێدا هەیە.[3]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی پاشماوەی داعشەوە لە شنگال گەنجێک گیانی لەدەستدا.[3]
- وتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، کە زۆرترین کاری مافیایی دەرمان لە هەولێر ئەنجامدەدرێت و زۆرترین دەرمانی ماوە بەسەرچوو لەسەر خەڵکی هەولێر تاقیدەکرێتەوە، داوا لە حکومەتی هەرێمیش دەکات بەرپرسانی پشت بازرگانیکردن بە دەرمانی ماوە بەسەرچوو، دەستگیربکرێن.[3]

- هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەمڕۆ یان ڕۆژانی ڕابردوو هەریەک لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، بافڵ تاڵەبانی و قوباد تاڵەبانی سەردانی مەسعود بارزانییان لە سەری ڕەش کردووە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە ناوچەی پردی ئەبیەز لە باشوری ڕۆژئاوای شاری حەسەکە، مین بە ئۆتۆمبێلکدا تەقییەوە، لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا دوو برا بریندار بوون.[5]
- لە کەمپی بەرخۆدانی کانتۆنی شەهبا کە ئاوارەکانی کانتۆنی عەفرینی لێ دەمێننەوە، ئەمڕۆ پرسەی مام زەکی شەنگالی ئەندامی کۆردیناسیۆنی کۆمەڵگەی ئێزدی لە لایەن یەکێتیی ئێزدییەکانی عەفرین دانرا.[1]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوا لە خەڵکی وڵاتەکەی دەکات سەردانی عێراق نەکەن، ئەوەش بەهۆی تیرۆر و کێشەی چەکدارییەوە. لە ڕاگەیێندراوەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هاتووە، هاووڵاتیانی ئەمریکی لە عێراق لە مەترسییەکی گەورەی ڕفاندن و ئەنجامدانی کاری تووندوتیژیدان.[4]
- دوای 99 ڕۆژ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دادگای فیدراڵیی ئەنجامەکەی پەسەند کرد.[2]
- جێگری یەکەمی سەرۆککۆماری ئێران ڕایدەگەنێت لە ئێستادا وڵاتەکەمان لە بارودۆخێکی هەستیاری ئابووریدایە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئێمە تووشی کێشە بووین، تەنانەت لە قەیرانیشدا نین.[3]
- کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە عێراق هێرشەی تورکیا بۆسەر شەنگال شەرمەزاردەکات و داوا لە حکومەت دەکات، کە بەیاداشتێک داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووکان بکات، دەستوەردانی دەوڵەتانی هەرێمیی لە خاکی عێراق قەدەغە بکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	ئاگری
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	ئیلام
شار و شارۆچکەکان:	جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان:	حەسەکە
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	دێرسیم
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
شار و شارۆچکەکان:	سەڵماس
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	شنۆ
شار و شارۆچکەکان:	شەمزینان
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-19
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-08-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-08-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-08-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-08-20

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-19

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 24

2018-08-20



باکووری کوردستان
- حوسێن یوکا هاوسەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەی کۆمور لە پارێزگای سەمسوور لە دوای دەستگیرکردنی، بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرچوو و زیندانیکرا.[3]
- ئەندامی بزووتنەوەی ژینگەپارێزیی میزۆپۆتامیا گونەر یانلیچ دەستنیشانی کرد، ئەو ئاگرەی لە دەرسیم کەوتووەتەوە لەلایەن سووپای تورکیاوە کراوەتەوە و لە سنوورێکی بەرفراواندا بڵاوبووەتەوە. وتیشی دەرسیم دەسووتێندرێت و ئێمەش دەبینە دەنگی دەرسیم.[3]
- ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیی دەوڵەتی تورکیا لە کوردستان بەردەوامە. جەندەرمەی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی هەواگ-ی ڕوحا بەرەبەیانیی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر ماڵان و هەر یەکە لە موهیتین کارا، حەسەن کارا، محەمەد کارا، میرکان کارا و محەمەد چەلیک دەستبەسەر کران. هاوکات لە ناوچەی پرسووس ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی پرسووس محەمەد پۆڵات، بەڕێوەبەری ناوچەی پرسووس-ی پارتی هەڕیمە دیموکراتەکان (دەبەپە) نوور جەیران و هەریەکە لە سالح داگ، جووما دەمیر و محەمەد تاڤاس دەستبەسەر کران.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- یەکەم دادگای لێپرسینەوەی ئیجلال قەوامی، چالاکی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەنووسی دانیشتووی شاری سنە لە لقی دووی دادگای لێپرسینەوەی قەزایی لەو شارە بەڕێوەچوو. تۆمەتی ئەو چالاکەی مافی مرۆڤە بڵاوکردنەوەی درۆ بە مەبەستی تێکدانی

بیروڕای گشتی بووە و ناوبراو پاش تەواو بوونی یەکەم دادگای لێپرسینەوە بە دانانی بارمتەی 20 میلیۆن تەمەنی ئازاد کرا.[4]
- ئیدارەی ئەماکنی شاری جوانڕۆ لە سەر سکاڵای یەکێک لە فەرمانبەرانی شۆرای ئەو شارە، بانگهێشت و لێپرسینەوەی لە هەواڵنێرێکی سەربەخۆی کورد، بە ناوی ئیرەج محەمەدزادە کرد.[4]
- سێ هاوواڵتیی کورد، لە شاری کرماشان، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، لاوێکی تەمەن 23 ساڵ کوژرا و دوو کەسی دیکە بریندار بوون. شوناسی ئەو لاوە کوژراوە بە ناوی مەجید یەعقووبنیا تەمەن 23 ساڵ و دوو کەسە بریندارەکەش بە ناوەکانی میلاد پەلەنگی و معیاد شاوەیسی ڕاگەیەندراوە.[5]

باشووری کوردستان
- ئەمرۆ باڵیۆزی تورکیا لە عێراق سەردانی خورماتووی کرد و پیرۆزبایی لە قایمقامی نوێی ناوچەکە کرد کە لە نەتەوەی تورکمانە.[2]
- مەسعود بارزانی و برێت مەکگۆرک لە پیرمام دەربارەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی ئێراق کۆبوونەوە.[1]
- ئێوارەی ئەمرۆ بە بەشداری هەر یەک لە کۆمیتەی خانەوادەی شەهیدانی پەکەکە لە باشور، کۆمیتەی شەهیدانی کۆدار و ڕۆژئاوای کوردستان، بە مەراسیمێکی شکۆدار ناوی مەزاری شەهیدانی ڕاپەرین بە ناوی شەهیدی فەرمانده هیوا حەمید ناسراو بە هەڵوێست پارتیزان ناونرا.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان
- ژووری چالاکییەکانی غەزەبی زەیتوون ئاشکرای کرد کە ڕۆژی 17ی ئاب\26ی گەلاوێژ لە دژی چەتەیەکی سەر بە گرووپی سوڵتان مورادە کە ناوی عاد خالد خالدی-یە، چالاکییەکیان ئەنجامداوە.[3]

دەرەوەی کوردستان
- بەیانیی تەقە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئەنکەرە کرا، جگە لە زیانی مادی، هیچ زیانێکی تری لێنەکەوتەوە.[1]
- کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی ئێرانی بەجێهێشت و کارکردنی ئە و کێڵگە نەوتەدا ڕاگرت کە لە باشوری ئە و وڵاتە کاری تێدا دەکرد.[2]
- ئیدارەی ئەمریکا داواکارییەکی حکومەتی تورکیای ڕەتکردووەتەوە، کە تیایدا داوایکردبوو کە قەشە برنسون ئازاد دەکەن، لەبەرامبەردا ئەگەر ئەمریکا واز لە هاڵک بانک بهێنێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئەنکەرە
شار و شارۆچکەکان: پیرمام
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەمسوور
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-08-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-08-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-08-21

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-20

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 25

2018-08-21



باکووری کوردستان
- ئەو ئاگرەی لە دارستانەکانی دێرسیم بەهۆی بۆردومانی سوپای تورکیاوە کەوتووەتەوە تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامیی هەیە. ئاگرەکەش بە ناوچەکانی بالی دەرەسی، مالی مەزارسی، موشکیرەک، باکر داغلەر و چرتک دەرەسی لە ناوەندی دێرسیم بڵاوبووەتەوە. دەوڵەتی تورکیا هیچ ناکات بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی کە سوپاکەی بەریداوەتەوە دارستانەکانی دێرسیم.[4]
- لە ناوچەی قسلە لە دەرسیم تەقینەوەیەک ڕوویدا. لە ئاکامی ئەو تەقینەوەیەشدا ژنێک بە سەختی بریندار بوو.[4]
- تەرمی دیلەک ئادسان ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کەجەدە لە نەخۆشخانەوە بە کەژاوەیەکی ئۆتۆمبێل برایەوە بۆ شاری ئێلح و لە مەراسیمێکدا بەخاکسپێردرا.[4]

باشووری کوردستان
- لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانداا باڵیۆزی تورکیا لە عێراق سەردانی کەرکووکی کرد و نوێژی جەژنی لە و شارە کرد و پەیامی ئەوەی دا کە شاری کەرکووک بەشێکە لە خاکی تورکیا و باووباپیرانیان.[4]
- ژمارەیەک لەئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان، واژۆ بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆدەکەنەوە، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانیش لەوبارەیەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە و جێگری سەرۆکی پەرلەمان پرۆژەکەی بەشێوەیەکی زارەکی ڕەتکردۆتەوە.[3]
- لە بەیاننامەیەکدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی بەفەرمی داوای لێبوردن لە بزوتنەوەی گۆڕان دەکات بەهۆی تەقەکردن

لەمەکۆی سەرەکی بزوتنەوەی گۆڕان لە 12ی ئایاری ئەمساڵ و وتەبێژی یەکێتیش دەڵێت لە کاتیخۆشیدا داوای لێبوردنمان لە بزوتنەوەی گۆڕان کردووە.[3]
- سەرۆکی جڤاتی گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی پەیامەکەی یەکێتی بۆ جەژنی قوربان ڕایگەیاند، هەر هەوڵێکیان پێباشە کە ببێتە هۆی یەکڕیزی نێوان لایەنەکان.[1]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبارەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەداتەوە و ڕایدەگەیێنێت، حکومەت بە جیدی کاردەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر جۆرە تووندوتیژییەک دژی ئافرەتان و بازرگانیکردن بە ئافرەتان و منداڵان و بەتووندی سزای ئەو کەسانە دەدات، کە ئەو تاوانانە ئەنجامدەدەن.[1]
- دەرەنگانێکی شەوی ڕابردوو، لە ناوچەی زەرگەی ڕۆژئاوایی شارۆچکەی خورماتوو-ی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، چەتەکانی داعش هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق.[2]
- فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە سۆران ڕایانگەیاند کە بەئامانجی لێکنزیکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و هەنگاونان بۆ ئاشتەوایی نیشتیمانی ئە و پرۆژەیەمان ئامادە کردووە و ئومێد دەکەین سەرجەم لایەنە سیاسیەکان بەجددی بەپیر ئە و پرۆژەیەوە بێن.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە کۆڵانی ڕاجۆی شاری عەفرین بۆمبێک کە لە زبڵدانێکدا دانرابوو تەقییەوە، بەهۆیەوە 3 هاوڵاتیی سیڤیل ژیانیان لەدەستدا. ڕاگەیەنرا کە چەند کەسێکی دیکەش بریندار بوون و بە ئامبولانس ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون.[4]
دەرەوەی کوردستان
- حەسەن ڕوحانی سەرکۆماری ئێران ڕایگەیاند کە ئەمریکا بوێری ئەوەی نابێت هێرش بکاتە سەر وڵاتەکەی لەبەر ئەوەی دەزانێت باجەکەی قورس دەبێت.[3]
- کۆمپانیا ڕووسییەکەی بەرهەمهێنەری s-400 وادەی ڕادەستکردنی سیستەمی مووشەکی بەرگریی ئاسمانیی لە جۆری S-400 بۆ تورکیا ئاشکرادەکات و ڕایدەگەیێنێت، ساڵی 2019 سیستەمەکە ڕادەستی تورکیا دەکرێت.[1]
- یەکەمین فڕۆکەی شەڕکەری بەرهەمی ئێران، فڕۆکەی کەوسەرە، فڕۆکەکە پەردەی لەسەر لادرا و دواتر بە ئامادەبوونی حەسەن ڕووحانی، سەرۆککۆماری ئێران تاقیکرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 21-08-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-21
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 26

2018-08-22



باکووری کوردستان
- لە شاری شرناخ 4 کەس کە دوانیان منداڵن بەهۆی لەوەڕاندنی مەڕەکانیان، بە بیانووی (چوونە ناوچەی قەدەغەکراوی سەربازی) دەستگیرکران.[3]
باشووری کوردستان
- لە سەر چیای شەنگال، پرسەی زەکی شەنگالی، ئەندامی کۆردیناسیۆنی جڤاکی ئێزدی لە ڕۆژی پێنجەمدا بە مەراسیمێک کۆتایی هات، لە مەراسیمەکەدا بەڵێنی بەردەوامیدان بە تێکۆشانی زەکی شەنگالی درا.[5]
- هێزەکانی دژەتیرۆری عێراق ڕێگریانکرد لەخۆپیشاندانێک لە دژی لێدوانێکی باڵیۆزی تورکیا لە عێراق کە لەمیانی سەردانەکەیدا بۆ کەرکووک ڕایگەیاندبو کە کەرکووک شارێکی تورکییە.[4]
- شەوی ڕابردوو، فڕۆکە جەنگییەکانی تورک، ژمارەیەک گوندی ناوچەکانی سیدەکانی بۆردوومانکرد.[1]
- قایمقامی شارۆچکەی شەرگات، وردەکاری لەبارەی هێرش و پەلامارەکانی شەوی ڕابردووی چەکدارانی داعش لە شارۆچکەی شەرگات دەخاتەڕوو و دەڵێ شەش کەس لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا کوژراون.[2]
- سەبارەت بە پارێزگای کەرکووک و ناوچە جێناکۆکەکان، بەرەی تورکمانی پەیامێکی ئاراستەی پارتە کوردستانییەکان کرد و داوادەکات دیالۆگ لەگەڵ بەرەی تورکمانی دەستپێبکەن نەک لەگەڵ هێزە براوەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لە بەغدا.[2]
- بریاردەری ئەنجومەنی سەرکردایەتی کۆمەڵ، ڕایدەگەیەنێت کۆمەڵێک قسە لەبارەی مەلا سەلیم شوشکەیی دەکرێت کە هیچ ئەسڵ و ئەساسی نیە، تەنیا قسەی بێ بنەما و تۆمەت و بیانووە، ئەگەرنا نە قاچاغە و نەدەشگیرێت و دەشگەڕێتەوە بۆ هەولێر.[4]
- خەلیل خوداد، بەرپرسی کۆمیتەی جەلەولای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەمڕۆ ڕاگەیاند، یەعقوب یوسف، بەڕێوەبەری شارەدێی جەلەولا دوای سێ مانگ لە زیندانیکردنی، لەلایەن دادگاوە ئازادکراوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراقی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەرپی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-08-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-08-22
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 27

2018-08-23



باشووری کوردستان
- ئاگرێکی گەورە لە نزیک بۆڕییە نەوتییەکانی (جەوەڵ بۆر) کەوتەوە کە دەکەوێتە سەر ڕێکەی کەرکووک - سلێمانی.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ، ژمارەیەک گوللە هاوەن لە گەڕەکی عەسکەری شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین کەوتنە خوارەوە.[2]
- سوپای تورکیا لە ڕێگەی تۆپخانە و فڕۆکەوە بۆردومان و تۆپبارانی چەند ناوچەیەکی سنوری سیدەکانی دەستپێکردەوە.[1]
- بەڕێوەبەری پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سلێمانی ڕایگەیاند بەهۆی زۆری گەشتیارەوە هیچ جێگایەکی بەتاڵ لە میوانخانەکانی سلێمانیدا نەماوە، گوتیشی بەپێچەوانەی جەژنەکانی پێشوو ئەو چێشخانە و خواردنگانەی شوێنەکانیان

داخستبوو، سزای قورس دەدرێن.[3]
- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، هەوڵێک لە دەرەوەی پەرلەمان هەیە بۆ دواخستنی هەڵبژاردن، بەڵام هیچ فراکسیۆنێک بەئاشکرا کاری بۆ دواخستنی هەڵبژاردن نەکردووە و دەڵێت تازە دواخستنی هەڵبژاردن بە پەرلەمان ناکرێت.[1]
- مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کوردستان، سەبارەت بە لێدوانەکانی فاتح یلدز، باڵوێزی گشتیی تورکیا،کە لە یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان لە مزگەوتی گەورەی نوری شاری کەرکووک وتبوویکەرکووک شوێنی باوباپیرانمانە، بەڕاگەیندراوێک کاردانەوە و ناڕەزایەتی توندی نیشان دا.[4]
- بۆ یەکەمجار و بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری سنووری شارۆچکەی پێنجوێن، شەوەئاهەنگێکی هەمەڕەنگ لە هۆڵی ناوەندی وەرزش و لاوانی پێنجوێن بەڕێوەچوو کە لەلایەن گروپێکی خۆبەخشی سنووورەکە و ناوەندی وەرزش و لاوان-ەوە ڕێکخرابوو.[1]
- کچێک بەناوی (پەرواز حوسێن) تەمەن 16 ساڵ لە گەڕەکی ئاشتی قەڵادزێ بەهۆی ئەوەی بە ئاگر سووتاوە دەگەیێندرێتە نەخۆشخانەی قەڵادزێ، بەڵام بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتاویەکەی کە 70% بووە بەڕێدەکرێت بۆ نەخۆشخانەی ئیمرجێنسی سلێمانی و دواتر لە دەرەنگانی شەو گیانلەدەستدەدات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی سزاکانی سەر ئێران لەلایەن ئەمریکاوە، هەردوو وڵاتی فەرەنسا و بەریتانیا بڕیاریاندا لەسەرەتای مانگی داهاتووەوە گەشتە ئاسمانییەکانیان بۆ ئێران ڕابگرن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سیدەکان

شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-24

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-23

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 28

2018-08-24



رۆژهەڵاتی کوردستان
- نرخی بلیتی فڕۆکە بۆ گەشتی کرماشان-تاران بەڕێژەیەکی باوەڕپێنەکراو بەرزبووەتەوە و ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد، بەچەشنێک نرخی بلیتی گەشتێک کە پێشتر بە پێی جۆری فڕۆکە و کورسییەکە 200 تاکو 300 هەزار تمەن بووە، ئێستا بۆ 962 هەزار تمەن واتە نزیکی یەک ملیۆن تومەن بەرزبووەتەوە. ئەویش بۆ گەشتێک کە تەنیا 45 خولەک دەخایەنێت.[2]
- کاتژمێر 9ی بەیانی، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەیووب نیکزاد، کوڕی عەتا، خەڵکی گوندی سەردۆش سەر بە شاری مەریوان بە هۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو و ڕوانەی نەخۆشخانە کرا.[4]
- بە هۆی کۆنەکردنەوەی زبڵ و خاشاک لە لایەن شارەداری مەریوانەوە، خەڵکی ئەو شارە ئاگریان لە زبڵ و خاشاکەکە لە ناو شار بەردا.[4]
باشووری کوردستان
- محەمەد سەمعان بەرپرسی ڕێکخستنەکانی بەرەی تورکمانی، داوا لەحکومەتی عێراق دەکات پێکهاتەی نوسینگەی کەرکووکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بگۆڕێت، چونکە بەپێچەوانەوە ڕێگە نادەن هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجامبدرێت.[1]
- کاروان هاشم، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕاگەیاند، سەرەڕای داوای لێبوردنکردنی یەکێتی، بەڵام گۆڕان لەڕووی یاساییەوە ئامادە نییە لە یەکێتی خۆشبێت و دوای پشووی جەژنیش لە کۆبوونەوەدا ئەو پرسە تاوتوێ دەکات.
هەرەوەها گوتی: گۆڕان سکاڵای یاسایی لەدژی یەکێتی تۆمار کردووە و لە سکاڵاکە ناکشێتەوە.[2]
- سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەرکووک ڕایگەیاند، لەبازگەیەکی شارەکە دوو چەکداری داعش دەستگیرکران کە دەیانویست دزەبکەنە شارەکەوە.[1]
- بەڕێوەبەری بەشی گرتن و گواستنەوەی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند، لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابردووی جەژندا، نزیکەی 5 هەزار کەس سەردانی ڕاگیراوانیان کردووە.[2]
- ئەمڕۆ بەلایەنی کەمەوە دوو کەس لە ڕووبارەکانی باشووری کوردستان خکاون.[3]
- وەزارەتی کارەبا ڕوونکردنەوەیەک بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێت، بەهۆی گرفتێکی تەکنیکی لەناکاو بەرهەمهێنانی کارەبا بەبڕی 900 مێگاوات کارەبا لە تۆڕی کارەبای نیشتمانی کەمبووەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دوای دارمانی دراوی تورکی بەتایبەت لە هەفتەی ڕابردوو، بە جۆرێک کە تەنیا لە ڕۆژێکدا 20% بەهاکەی لەدەستدا، تورکیا گلەیی لە قەتەر دەکات کە لە قەیرانەکان لەگەڵی نەبووە، هیچ پاڵپشتییەکی نەبووە بۆ ڕزگارکردنی ئابووری ئەنقەرە و دابەزینی لیرە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-24
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-25
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 29

2018-08-25



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بە گوێرەی هەواڵێکی کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و مەدەنی، لە ئەمڕۆوە سەردان و پەیوەندی تەلەفۆنی بە ڕامین حسێن پەناهییەوە بڕاوە و ئەوەش نیگەرانییەکانی بۆ جێبەجێکردنی سزاکەی زیاتر کردووە.[3]
- ئەمڕۆ بەهۆی کەوتنەوەی ئاگر لە دارستانەکانی سنووری شارۆچکەی مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژمارەیەک ژینگەپارێزی ناوچەکە بوونەتە قوربانی.[2] بەپێی هەندێک سەرچاوە 4 ژینگەپارێز گیانیان لەدەستداوە کە یەکێکیان شەریف باجوەر-یە و ئاگرەکە بەهۆی تۆپبارانی پاسداران کەوتووەتەوە.[4]. ژینگەپارێزەرەکانی تر بریتین لە ئومید کۆنەپۆشی، ڕەحمەت حەکیمی نیا و محەمەد پژوهی.
- دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی مەریوان لە کاتی گەڕانەوە لە ئەرکێکی ڕێکخراوەییدا لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرگیر بوون و دوو کەس لە هاوڕێیانی کۆمەڵە، بە ناوەکانی ئەرسەلان جەوزاک و پەرویز عەبدی گیانی لەدەستدا.[5]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، بارەگای دەزگای میدیایی کەرکووک کرایە ئامانج کە جگە لە کەنالی ئاسمانی کەرکووک، نوسینگەکانی کوردسات و گەلی کوردستان و کوردستانی نوێشی تێدایە. ڕووداوەکە هیچ زیانێکی گیانی نەبووەو تەنیا زیانی مادی کەمی لێکەوتووەتەوە و بەردەم نوسینگەی کوردساتی پێکاوە کە باخچەیە و هیچ بینایەک لەو بەشەدا نییە.[2]
- سکرتێری جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت، بزوتنەوەکەیان تائێستا لەگەڵ ئەوەیە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت، دەشڵێت ئەگەر هەموو لایەنەکان لە بەرژەوەندی میللەت لەگەڵ دواخستنی بن ئێمەش بڕیاری خۆمان لەوبارەیەوە دەدەین.[2]
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بڕیاریدا بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان.[2]
- شەوی ڕابردوو، بەهۆی تەقینەوەی مین لەسنووری گوندێکی شارەدێی گەرمکی سەر بەشارۆچکەی پێنجوێن، کۆڵبەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوی ناسر سدیق گیانی لەدەستدا و سیانی دیکەش بەسەختی بریندارببوون. بریندارەکان ناویان (ئیقبال ئەحمەد) 46 ساڵ و (ئیبراهیم محەمەد) 32 ساڵ و (مەنسور مەجید) 40 ساڵە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان

- ئاژانسی هەواڵی هاوار نیوز بڵاویکردەوە، سوپای تورکیا و گروپە هاوپەیمانەکانی گۆڕی نوری دەرسیمی نوسەر و کەسایەتی دیاری کورد و هاوسەرەکەی و چەند کەسایەتییەکی دیکەی کوردیان لە کانتۆنی عەفرین لە ڕۆژئاوای کوردستان هەڵداوەتەوە.[6]
- بە گوێرەی زانیارییەکان کە بە ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF) گەیشتوون، گرووپی (بەرەی شام)ی سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە گەڕەکی ئەشرەفیەی ناوەندی شاری عەفرین 2 هاوڵاتیی سیڤیلیان بە ناوەکانی ڕێزان ئەدلۆ و ئەحمەد شێخ بریم ڕفاندووە و چارەنووسیان دیار نییە.[1]
- سوپای توک و چەتەکانی لە عەفرین سێ ژنی دیکەیان ڕفاند، بۆ ئازادکردنی یەکیان داوای پێنج ملیۆن لیرەی سوریان کردووە و هیچ زانیارییەکیش لەبارەی چارەنووسی دوو ژنەکەی دیکەوە نییە.[3]

دەرەوەی کوردستان

- ئەمڕۆ دایکانی کەسانی بێسەروشوێن لە 700 ەمین هەفتەی چالاکییەکەیاندا، کە لە ڕۆژانی شەممەدا ئەنجامی دەدەن، لەبەردەم کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لە ئەستەنبوڵ گردبوونەوە، بەڵام پۆلیس هێرشی کردە سەریان. کەمێک پاش ئەوەی گردبوونەوەکە دەستپێکرد و پانکاردەکان بەسەر چالاکوانەکاندا دابەشکرا، هێزەکانی پۆلیس بەربەستێکیان لەبەردەمی چالاکواناندا دروستکرد و پێیان وتن: ئەو گردبوونەوەیە ڕێگەپێدراو نییە. دواتر، هێرشیان کردە سەر دایکان و دەستیان کرد بە دەستگیرکردنیان و کۆکردنەوەی پانکاردەکان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-27
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2018-08-25

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 30

2018-08-26



باکووری کوردستان

- لە ناوچەی کانی ڕەشی چەولیکی باکوری کوردستان، شەڕی دژوار لە نێوان گەریلاکانی هەپەگە و سوپا داگیرکەرەکی تورکیا ڕوویدا. مەدیاکانی تورکیا قەومانی شەڕەکەیان پشتڕاست کردووتەوە، بەڵام بانگەشەیان کردووە، لە شەڕەکەدا تەنها سەربازێک کوژراوە و 2ی دیکەش بریندار بوون.[2]

- ئە و ئاگرەی بەهۆی بۆمبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە دارستانەکانی هەرێمی دێرسم-ی باکووری کوردستان کەوتبووەوە، لە ڕۆژانی ڕابردوو لە لایەن ژینگەپارێزان و خەڵکی ناوچەکە دامرکێندرا. بەڵام بەرەبەیانیی ئەمڕۆ جارێکی دیکە سوپای تورکیای داگیرکەر هەرێمەکەی بۆمباران کرد و بەهۆیەوە دیسان ئاگر لە دارستانەکان بەربوو.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.1 ڕێختەر، زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە، لە کرماشان و دەوروبەری قوربانیی لێکەوتەوە، سەدان بریندار هەیە و دەیان خانوو ڕووخاون[1]

- تەرمی هەر چوار ژینگەپارێزەرەکەی مەریوان کە دوێنێ لە کوژاندنەوەی دارستانەکانی مەریوان گیانیان لەدەستدا، بە بەشداریی هەزاران کەس بەخاک دەسپێردرێن.[1]

باشووری کوردستان

- بوومەلەرزە زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە.[1]

- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە پارکی لەیلا قاسم لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، دەستەی داکۆکی لە مافی مامۆستایانی گەرمیان، گردبوونەوەیەکیان دژی گرانی نرخ و گەندەڵی لە پرۆژەی یەکەی نیشتەجێبوونی مامۆستایان، کە بڕیارە بۆ مامۆستایانی گەرمیان دروستبکرێت، ئەنجامدا.[3]

- هەر چوار لایەنی بزوتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی و هاوپەیمانی بۆ دادپەروەری و دیموکراسی ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی هاوپەیمانێتییەکی هاوبەش لە عێراق.[4]

- گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان پۆستی سەرۆککۆمار بەمافی پارتەکەی دەزانێت و ڕایدەگەیێنێت، پۆستەکان بەخاڵ دابەشدەکرێت و بەپێی ئەو خاڵانەش، دەبێت پۆستی سەرۆککۆمار بۆ پارتی بێت.[5]

- لە شارۆچکەی خورماتوو لەلایەن چەکدارانی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوللە لە هاوواڵاتییەکی مەدەنی کرا و کوژرا، لەسەر ڕێگەی کەرکووک-بەغداش داعش کەسێکی ڕفاند و وێنەکەشی بڵاوکردەوە.[4]

- لە سەردانەکەیدا بۆ گەرمیان قوباد تاڵەبانی لە گەڵ نوێنەری مامۆستایانی ناڕازیی کۆبوەوە و بەڵێنی پێدان سەبارەت بە گرانی نرخی یەکەی خانووی مامۆستایان هەوڵی جددی بدات بۆ کەمکردنەوەی نرخەکەی.[4]

- لە مەراسیمێکی شکۆداردا و بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومیی و حزبیی و کەسوکاری شەهیدان و خانەوادەکەی، لە شارۆچکەی پێنجوێن-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، چلەی شەهید ئیقبال مورادی بەڕێوەچوو.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) ڕایدەگەیەنێت، هیچ زیندانێکی سیاسی لە زیندانەکانی ڕۆژئاوای کوردستان نییە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- سەناتۆری دیاری ئەمریکی جۆن مەککین، سەر بە پارتی کۆماری ئەمریکا لە تەمەنی 81 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کۆچکردوو پەیوەندی باشی لەگەڵ کورد هەبوو و چەندینجار سەردانی باشووری کوردستان و ساڵی 2017ی ش سەردانی کۆبانێی کرد بوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-26
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 31

2018-08-27



باکووری کوردستان
- درەنگانی شەوی ڕابردوو سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانی دژ بە گەریلاکانی پەکەکە لە ناوچە شاخاوییەکانی شارۆچکەی سلۆپی سەر بە پارێزگای شرناخ دەستپێکردووە. لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکەدا چیای جوودی لەلایەن تۆپخانەکانی سوپای تورکیا لە سەربازگەی هیسار-ەوە تۆپباران کراوە و بەوهۆیەوە لە دارستانەکانی ناوچەی گیرەچۆلیا ئاگر کەوتووەتەوە.[1]
- ئە و ئاگرەی بەهۆی بۆمبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە دارستانەکانی هەرێمی دێرسم کەوتووەتەوە، لە دۆڵی ئافگاسۆر، لادێی بالی، گوندی موشکرەک، ناوچەی کارتان، چیای سنجک، چیای خۆشرووک، گوندی دیکەنلی مەحموود و گاریپووشاگی سات بە سات تەشەنە دەکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاروانێک لە کۆڵبەرانی کورد، لە نزیک گوندی سەنگەر، سەر بە شاری ماکۆ کەوتنە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی عوسمان قەدیمی بە توندی بریندار بوو.[6]
باشووری کوردستان
- شاندێکی باڵای یەکێتی سەردانی بزووتنەوەی گۆڕانیان کرد بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان.[5]
- لە سنووری شارۆچکەی خورماتوو، بە هۆی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێنراو بە هێزەکانی حەشدی شەعبیدا، دوو چەکدار کوژران و دووچەکداری دیکەش بریندار بوون، وتەبێژی حەشدی شەعبیش بە کردەوەی چەکانی داعشی دەزانێت.[2]
- بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانی هەولێر ڕایگەیاند کە دوای پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ بەدواداچوونی دەرمانی قاچاخ و ساختە، 16 کەس کە زۆربەیان بازرگانی دەرمانن، دەستگیرکراون.[1]
- بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، شاندێکی هاوبەش لە هاوپەیمانییەتییەکانی سائیرون، نەسر، وەتەنییە، حیکمە، دێنە هەولێر و لەگەڵ یەکێتی و پارتی کۆدەبنەوە.[2]
- پۆلیسی فیدراڵی لەشاری کەرکووک ئاشکرایدەکات، لەچوارچێوەی هەڵمەتی گەڕان و پشکنینەکانیان توانیویانە 16 کەس بەتۆمەتی هاوکاریکردنی داعش دەستگیربکەن.[3]
- لە دوێنێ شەووە تاوەکو ئەمڕۆ کاتژمێر 3:00ی دوای نیوەڕۆ فڕۆکەکانی هاوپەیمانان چەندجارێک شوێن و مۆڵگەکانی چەکدارانی داعشیان لە چیای قەرەچوغ بۆردومان کردووەو بەپێی زانیارییەکانیش پێنج چەکداری داعش کوژراون.[3]
- بەهۆی پابەندنەبوون بە مەرج و ڕێنماییە پەروەردەییەکان، وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەیەک خوێندنگا و پەیمانگای ناحکومی داخست و سزای دارایی ژمارەیەکی خوێندنگای دیکەشی دا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆنگرەی سێیەمی تەڤ-دەم لە شاری ڕمێلان لە ناوەندی کلتوری و هونەری ئارام تیگران بە ڕێوەدەچێت. شاندێک لە ئەنجومەنی سیڤیلی سەر بە مەسەدە، نوێنەرانی پارتە سیاسیەکان و ڕێکخستنە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژئاوا و باکووری سووریا، لەگەڵ هاوسەرۆکانی دەستەی بەڕێوەبەریی تەڤ-دەم بەشداری کۆنگرەکە دەکەن. لە کۆنگرەکەدا زەلال جەگەر و غەریب حسۆ بە هاوسەرۆکی نوێی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری تەڤدەم هەڵبژێردران.[4]
- سەرچاوەیەک لە گوندی مۆساکا-ی ناوچەی ڕاجۆ-ی سەر بە کانتۆنی عەفرین ڕایگەیاند، چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر هاوڵاتییەکیان بە ناوی شێروان مستەفا (34 ساڵان) بەر لە دوو ڕۆژ لە دوکانەکەی خۆی لە عەفرین کە کاری بەرگدروون دەکات، ڕفاندووە. سەرچاوەکە گوتی چارەنووسی شێروان مستەفا نادیارە و چەتەکان لە بەرانبەر ئازادکردنی

داوای فیدیەیان لە خانەوادەکەی کردووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ئاژانسی تەسنیمی ئێرانی لەسەر زاری عەلی فەدەوی فەرماندەی هێزی دەریایی سوپای پاسدارانەوە ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بەتەواوی گەروی هورمزی لە کەنداوی عەرەب کۆنترۆڵ کردووە. عەلی فەدەوی دەڵێت دەتوانین بە و هەنگاوە ئێمەش مەترسی دروست بکەیت لەسەر هاتوچۆی کەشتی گواستنەوەی نەوت لە کەنداو.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2018-08-27
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-27
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2018-08-27
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-27
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردپا - 2018-08-28
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 32

2018-08-28



باکووری کوردستان
- دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی پارتیی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کە بە (بەڕێوەبردنی ڕێکخستنی تێرۆریستی) تۆمەتبار دەکرێت، لە هۆڵی بەندیخانەی سینجانی سەر بە نۆزدەمین دادگەی سزاتوونداەکانی ئەنقەرە بەڕێوەچوو. دەمیرتاش لە ڕێی سیستەمی دەنگ و ڕەنگ بەشداری دانیشتنەکە بوو. پارێزەرانی دەمیرتاش کە بیانووی خۆیان بە دادگە ڕاگەیاند، بەشداربیان نەکرد لە دانیشتنەکە. دادگە دوای خوێندنەوەی دۆسیەکە، مافی قسەکردنی بە دەمیرتاش دا. دەمیرتاش ویستی دانیشتنی دادگە بە ئامادەبوونی پارێزەرەکانی خۆی بەڕێوەبچێت و ئە و کاتەش ئە و بەرگری لە خۆی دەکات. بۆیە داوای کرد کە دانیشتنەکە دوابخرێت. دادگە بڕیاری دا کە دەمیرتاش بە زیندانیکراوی بمێنێتەوە و دانیشتنەکەی بۆ 3ی تشرینی یەکەم دواخست.[5]
- بەیانیی ئەمڕۆ پارێزگەی دەرسیم ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: (ئۆپەراسیۆن لە هەرێمەکە بەردەوامە و هەتا کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکان دێت، ڕێگەی دێرسم - پولور دادەخرێت.) ئەم بڕیارە هاوکات بوو لەگەڵ سەردانی شاندێکی پارتیی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کە بڕیاربوو ئەمڕۆ سەردانی ئە و شوێنانە بکەن کە ماوەیەکە بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئاگری لێ کەوتووەتەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی بەختیار مورادپوور خەڵکی گوندی کیسەڵە و ئەرکان کاکەیی لە سنووری شێخ سڵە سەر بە سەلاسی باوەجانی، لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی حکوومەتی ئێران بریندار کران.[3]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پەنابەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، داوا دەکەن ڕەوانەی ئەوروپا بکرێن یان ئیقامەی نیشتەجێبوونیان لە هەرێمی کوردستان پێبدرێت.[1]
- بەئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، پرۆژەی خزمەت کە پرۆژەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ڕاگەیێندرا و قوباد تاڵەبانی لە گوتارێکدا ڕایگەیاند: ئامانجمان لە بەرنامەی خزمەت باشترکردنی خزمەتگوزارییە باشەکانە. بەم هەنگاوە حکومەت شەفافیەتێکی زیاتر دەگەیێنێت بە هاوواڵتیان لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی کارەکانی.[2]
- بە بڕیاری حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، 55 خێزانی عەرەب لە هۆزی جحێش گەڕانەوە گوندی گولات لە نزیک مەزارگەی شەرفەدین لە شنگال، بەڵام کوردانی ئێزدی لە گەڕانەوەیان ناڕازین و هۆشداری دەدەن لە ئەگەری دروستبوونی ڕووداوی کۆمەڵایەتی.[2]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ لە مزگەوتی گەیلانی لە شاروچکەی پێنجوێن، بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حکومیی و کەسوکاری شەهیدان و چینوتوێژە جیاوازەکانی شاروچکەی پێنجوێن، پرسەی شەهید سدیق مورادی ناسراو بە دڵسۆز ڕوونی، خەڵکی شاری جوانڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو.[4]
- وتەبێژی پۆلیسی هەڵەبجە ڕایگەیاند، ئێوارەی ئەمڕۆ ئێسک و پروسکی هاوواڵتییەکیان دۆزیوەتەوە کە خەڵکی شاری سلێمانییە و لە سەردەمی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە بێسەروشوێن بووە. هاوواڵتییەکە ناوی (ئەحمەد محەمەد کریم ئاغابرا)یە و لە دایکبووی 1964 و دانیشتوی سلێمانی بووە.[1]
- سێ هەلیکۆپتەری نەناسراو سنووری ناوچەی ماوەتیان بەزاند.[6]
- دوای کۆبوونەوەی شاندی باڵای پارتی و یەکێتی لە هەولێر، گوتەبێژی هەردوو حیزبەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکەیان ڕاگەیاند و دەڵێن، تاوەکو ئێستاش 30ی ئەیلوول وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە.[2]

دەرەوەی کوردستان
- خەڵاتی نێونەتەوەیی کەمانچەی ئایزاک سترن لە شاری شانگهای وڵاتی چین پێشکەشی کەیهان کەڵهوڕ دەکرێت. ئەو خەڵاتە بۆ ڕێزگرتن کارە هونەری و مرۆی و مرۆدۆستییەکانی کەیهان کەڵهوڕ پێی بەخشراوە.[5]
- سەرۆککۆماری ئێران، بۆ وەڵامی پێنج پرسیاری پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتە چووە پەرلەمان و دوای قسەکانی، وەڵامەکان خرانە دەنگدان و لەکۆی 5 پرسیارەکە، پەرلەمانتاران بڕوایان بە چوار وەڵامی ڕووحانی نەهێنا.[2]
- حەیدەر عەبادی سەرەک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند هیچ سازشێک دەربارەی کەرکووک لەگەڵ کوردەکاندا ناکرێت لەبەرامبەر ئەوەی کە بێنە هاوپەیمانێتیە چوارقۆڵیەکەی پێکهێنانی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانییەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شاربازێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-28
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-28
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 33

2018-08-29



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە گوندی میرئاوای شاری شنۆ ژمارەیەک لە کاسبکارانیان دایە بەر دەسرێژی گوللە کە لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتیدا 45 سەر ئەسپی کاسبکاران کوژران و لەناو چوون.[5]
باشووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر، گوندەکانی هەرێمی برادۆست لە باشووری کوردستان تۆپباران دەکات. بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە لە ئاژەڵی گوندنشینان لەناوچوون و ڕەز و باخەکانی ئەوگوندانەش ئاگریان تێبەربووە.[1]
- سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات، ئەمڕۆ 29ی ئاب جارێکی دیکە دادگای باڵای فیدراڵی لە حەوتەمین دانیشتنی خۆیدا سەبارەت بە داوای وەزارەتی نەوت لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ مانگی ئەیلولی داهاتوو دواخست.[2]
- ژنانی سەرکردەی پارتە سیاسییەکانی هەرێم نیگەرانی خۆیان لە ناوزڕاندنیان لە پرۆسەی سیاسی دەردەبڕن و ڕایدەگەیەنن، ناشریەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی ژنان لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بووەتە دیاردە.[2]
- وتەبێژی پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، بەیانی ئەمڕۆ گەنجێکی دانیشتووی گەڕەکی باداوەی هەولێر دایکە 55 ساڵانەکەی بەناوی (سەمیرە عسامەدین) بە گوللە کوشتووە دەشڵێت بکوژەکە و باوکی دەستگیرکراون.[2][4]
- بەڕێوبەرانی نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە لە هەرێمی کوردستان، لە چوونەژوورەوەیان بۆ شاری هەولێر لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکران، دواتر برانە هەولێر و ئازاد کران.[4]
- سیروان بارزانی، سەرۆکایەتیی میحوەری گوێڕ-مەخموری هێزی پێشمەرگە ڕایگەیاند، لە سنووری شارۆچکەی مەخموور 11 چەکداری داعش کوژران.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئێوارەی ئەمڕۆ جارێکی دیکە بۆمبارانی هەرێمی گارا-یان کرد لە سنووری هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا.[1]
- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بۆ ئەمساڵی خوێندنی 2018 - 2019 پشووی ڕۆژانی شەممە نامێنێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە بەردەم فڕۆگەی فەیسەل قەدوور کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی ڕاجۆ لە ناوەندی شاری عەفرین، لە کاتی تێپەڕبوونی کاروانێکی سەربازیی چەتەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر تەقینەوەیەک ڕوویدا, دەیان چەتەی ئیسلامیی سەربە تورک کوژران و بریندار بوون.[1]
- بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنەکەسە ڕایگەیاند، حکومەتی سووریا دان بە خوێندنی پرۆگرامی پێنج ساڵی ڕابردووی ڕۆژئاوای کوردستاندا نانێت، ئەوەش مەترسی ئەوەی دروستکردووە خوێندنی ئەو پێنج ساڵە بەفیڕۆبڕوات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- مەجلیسی شەنگالی دەرەوەی وەڵات ئەوەی خستەڕووکە حکومەتی عێراق ئەو عەربانەی دەوروبەری شەنگال کە هاوکاری داعشیان کردبوو ڕەوانەی هەرێمەکە کردووە و سنوورەکانی نێوان شەنگال و ڕۆژئاوای کوردستان-ش داخراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-08-30
کاتی تۆمارکردن: 2018-02-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 34

2018-08-30



باکووری کوردستان
- پاش ئەوەی چالاکوانان، سیاسەتمەداران و بەڕێوبەرانی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە موش، بڕیاری بەڕێوەبردنی پرسە بۆ کۆچەر ئۆزدال، زیندانیی سیاسی-یان دەرکرد، پارێزگاری تورکی موش لەو شارە و ناوچەکانی دەوروبەری قەدەغەی

هاتووچۆی ڕاگەیاند.[3]
- لە دەفەری گردی بێرمەگ و شلەروو-ی سەر بە هەرێمی چیای جوودی کە دەکەوێتە بەرانبەر شاری شرناخ، ئاگر کەوتەوە. ئاگرەکە کە بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر کەوتەوە، سات بە سات تەشەنە دەکات.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، ئەمجەد حسێن پەناهی، برای ڕامین حسێن پەناهی، زیندانی سیاسیی کوردی سزادراو بە سێدارە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی لە شاری سلێمانی ئەنجامدا. ئەمجەد حسێن پەناهی ڕایگەیاند: بەرپرسانی زیندانی ڕەجایی شەهری تاران پێیان ڕاگەیاندووین، کە ڕۆژی سێشەممەی هەفتەی داهاتوو سزای لەسێدارەدانی ڕامین جێبەجێ دەکرێت.[3]
باشووری کوردستان
- لە باشووری پارێزگای کەرکووک خۆکوژێک بە ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە خۆی بە بازگەیەکی هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا تەقاندەوە و کوژراو و بریندار هەیە.
- لەگوندێکی سنوری شارۆچکەی بەردەڕەش بەهۆی کێشەی زەوی و زارەوە کەسێک دوو برازای خۆی دەکوژێت.[5][1]
- لە گوندی عەلییە ڕەشی نزیک چیای قەرەچوغ فرۆکەکانی هاوپەیمانان 11 چەکداری داعشیان کوشت و پێنجی دیکەش بریندار بوون.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، لە بارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا ئەنجامدەدرێت.[4]
- چەند ڕۆژێکە پەخشی ناوخۆی کەناڵی NRT لە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆک وەستاوە، بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیریش ڕایدەگەیەنێت، وەستانی کەناڵەکە تەکنیکیەو پەیوەندی بە هیچ لایەنێکەوە نییە.[5]
- لە شاری هەولێر کۆنفرانسی پڕۆگرامەکانی خوێندنی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان دەستی بەکارەکانی کرد و وابڕیارە لە کۆنفرانسەکەدا ژمارەیەک ڕاسپاردە دەربکرێت بۆ شوێنکردنەوەی خوێندن، مێژوو، بیر و باوەری ئایینی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان لە کوردستاندا.[1]
- لە گوندێکی سنووری دهۆک کێڵگەیەکی چاندنی مەریوانە و گیای هۆشبەر دۆزرایەوە. نۆکەس بەناوی جووتیارەوە لە کێڵگە هۆشبەرەکەدا کارپانکردووە. ئێستا سێ کەسیان دەستگیرکراون و شەش تۆمەتباریش شوێنیان نادیارە. [6]
- لە باکوری کەرکووک، تەرمی ژنێک لەزێی بجوک دۆزرایەوە، پۆلیسیش دەڵێت ناسنامەکەی نەناسراوەتەوە.[1]
- لە کۆمەڵگەی خانکێی پارێزگای دهۆک دوو گەنج بەناوەکانی (ک.ا.ک) و (ق.ق.ک) کە تەمەنیان 19 ساڵان و 21 ساڵانە لەکاتی مەلەکردندا خنکان.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە چوارڕێیانی سەبی بەحراتی منبیج، مین بە ئۆتۆمبێلێک لە جۆری ڤان و هاوڵاتییەک بەناوی فەیاز بەکر کە ڤانەکە لە بەردەم ماڵی ئەو بوو تەقییەوە، لە ئەنجامدا ئەو هاوڵاتییە هەر دوو قاچی لەدەستدا.[3]
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی فەیلەق شام ئێوارەی ئەمڕۆ هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی کەباشین لە ناوچەی شێراوای عەفرین و دەیان هاوواڵاتیی ئەو گوندەیان ڕفاند.[2]
دەرەوەی کوردستان
- شاعیر و دەنگبێژی کورد، کارمەندی ڕادیۆی ئەریڤان مەجیدێ سلێمان لە تەمەنی 81 ساڵیدا کۆچیی دوایی کرد.[4]
- لە شاری ئەنتاڵیای تورکیا ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی گورگین بیلەن یەکێک لە بەرپرسانی ڕێکخستنی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لە شارەکە. گورگین بیلەن و براکەی کە ناوی حوسەین بیلەنە و لە عێراقەوە بە مەبەستی بەشداری لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیری سەردانی ماڵەوەی کردبوو، لە لایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستبەسەر کران.[2]
- کۆمەڵەی ئازادی کە بۆ مافی زیندانیانی کورد لە ئەڵمانیا لە تێکۆشاندایە لەبارەی ئەو سیاسەتمەدارە کوردانەوە کە بە هۆی یاسای دژە تیرۆرەوە دەستگیر و زیندانیکرابوون ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە. کۆمەڵەی ئازادی لە بولتەنی مانگانەیدا ڕایگەیاندووە، سیاسەتمەداران بەدرەدین کافاک، عەلی ئۆزەل و عەلی حەیدەر دۆغان لە دوای تەواوبوونی سزاکەیان لە مانگی ئابدا لە زیندان ئازاد کران.[2]
- ئە و هاریکارییە ئابووریەی کە حکوومەتی ئەڵمانیا دەیدا بە ڕێکخراوی یەکێتیی ئیسلامیی تورک (DITIB) کە وەک نوێنەرایەتیی ڕژێمی ئەردۆغان لە ئەڵمانیا کار دەکات، ڕاگیرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: یەریڤان
ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ئەڵمانیا
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-30
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-08-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-08-31
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-30
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 35

2018-08-31



باکووری کوردستان
- لە نێوان گوندەکانی کوملوپنار و کۆجابەی لە ناوچەی هەزۆ لە پارێزگای ئێلح بەهۆی ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیاوە شەڕ

ڕوویدا. لەو شەڕەدا 2 سەرباز بریندارببوون و گوسترانەوە بۆ نەخۆشخانەی حکومیی هەزۆ و دواتر ئەو 2 سەربازە لە نەخۆشخانە بەهۆی قورسیی برینەکانیانەوە مردن.[4]
- ئەمڕۆ هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەری کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، لەبارەی سووتاندنی دارستانەکانی کوردستانەوە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. کەجەکە لە ڕاگەیەندراوەکەیدا، سووتاندنی دارستانەکانی دەرسیم تا ئامەد و بۆتان تا قەندیلی بە تاوانێکی دژە مرۆڤانە ناوناوە و بێدەنگیی دەوڵەتانی ئەورووپایی، ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانی بە بەشداری لەو تاوانەدا زانیوە.[2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، لە گەڕەکی گینافاز لە ناوچەی نسێبینی سەر بە مێردین، کاتێک کە ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشی سەربازیی تێپەڕ دەبوو، بۆمبێکی پێدا تەقیەوە.[4]
- والیی تورکیا لە شاری دەرسیم، قەدەغەی هاتووچۆی لە 31 هەرێمی ئەو پارێزگایە ڕاگەیاند. بەشێک لەو هەرێمانە بریتین لە هەرێمەکانی ناوەندی دەرسیم، ناوچەی پولور، ناوچەی پیلەموورى، ناوچەی خۆزاد و ناوچەی قسڵە، کە لە سبەینێوە هەتا 15 ی ئەیلول هاتووچۆیان تێدا قەدەغە کراوە.[4]
- بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی پارێزگەی جۆلەمێرگ، لە شارۆچکەی خرقاتەی سەر بە ناوچەی گەڤەری جۆلەمێرگ لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا سەربازێکی تورکیا کوژراوە.[4]
- ئە و ئاگرەی کە دوێنێ بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە دەڤەری گردی بێمرگ و شلێروت لە هەرێمی چیای جوودی کەوتەوە سات بە سات تەشەنە دەکات.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە بەرزاییەکانی چیای ئاوییەری شاری سنە، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان گردبوونەوە و یادی شەهیدانی ژینگەیان بەرز ڕاگرت. هاوڵاتیان بە بەرزکردنەوەی وێنەی شەریف باجوەر، ئۆمێد حسێن زادە، ڕەحمەت حەکیمی نیا و محەمەد پەژوهی، و وتنەوەی دروشمی شەهیدان نامرن، یادی ئەو شەهیدانەیان کردەوە.[2]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی مەهدی خۆگەر خەڵکی گوندی دەلی سەر بە شاری سەولاوا بەهۆی تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو. ئەم هاووڵاتییە کورده لە لە کاتی کاری وەرزێریدا تووشی ئەم ڕووداوە هاتووە کە بووەتە هۆی بریندارببوونی لاق.[6]
- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی سیروان هوشمەند و موختار وەلیپوور خەڵکی شاری مەریوان لە کاتی کۆبوونەوە لە بەردەم دەکەی شەریف باجوەر دەسبەسەر کران.[6]

باشووری کوردستان

- تەرمی شەهید ماهیر سەرحەد، کە لەگەڵ مام زەکی شەنگالی کرابووە ئامانجی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک و بریندارببووبوو دوای 14ڕۆژ پێرێ شەهید بوو، بەخاکسپێردرا.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی سنوری شارەدێی سیدەکانی دەستپێکردەوە و بەوهۆیەشەوە ئاگرێکی گەورە لەناوچەکە کەوتە.[3]
- تاوەکو دێت ناڕەزایەتییەکان لە گەڕانەوەی عەرەبەکان بۆ شارۆچکەی سنوونێ لە باکووری ڕۆژئاوای شنگال زیادەکات و دانیشتووانی شنگال دەڵێن، ئەو عەرەبانەی گەڕاونەتەوە هاوکاری داعش بوون.[1]
- بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی یەکێتی و لێپرسراوانی حزبی و حکومیی، لە شاری کەرکووک یادی 30 ساڵەی شەهیدکردنی ئازاد هەورامی کرایەوە.[5]
- شێخ عەمەر عەجاج، سەرۆکی عەشیرەتی شێخ خەلەف و گەورەی گوندی گوهبەل، باسی فەرمانی 3ی ئاب دەکات و لەبارەی نەگەڕانەوەی ئێزدییەکان بۆ گوندەکانیان ڕەخنە لە حکومەتی عێراق دەگرێت، هەروەها بانگەوازیی سەرۆک عەشیرەتە عەرەبەکانی کرد، کە ئەو کەسانەی هاوکاریی فەرمانەکەیان کردووە بدۆزنەوە و ڕادەستی عەدالەتیان بکەن.[2]
- سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، شەرمە بۆ ئە و کەسانەی کە لە ئەم ڕۆژە شەرمهێنەرەی 31ی ئاب دا، برینەکان هەڵدەدەنەوە.[5]
- لە شاری کەرکووک ئەمڕۆ بەئامادەبوونی سەدان کەس یەکەم ڕۆژی پرسەی گەریلای شەهیدی هەپەگە گۆران محەمەد ناسراو بە سەرکەوت گابار لە مزگەوتی گوندی گورگەچاڵ بەڕێوەچوو.[4]
- لە کاتژمێر 7ی بەیانی ئەمڕۆوە ئاگرێک لە زنجیرە چیای سەفین کەوتەوە.[3]
- وتەبێژی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، لەماوەی 10 ڕۆژدا لە هەرێم 10 هاووڵاتی کوژراون و خۆیان کوشتووە و دەڵێت دیاردەکانی کوشتن بە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێم کۆنترۆڵ ناکرێت و چاوەڕێی دۆخی خراپتر دەکرێت.[3]
- دانیشتوانی شارۆچکەی خانەقین لەهەڵمەتێکدا هەزاران سێت ئاوی خواردنەوەیان بۆ هاوکاریکردنی پارێزگای بەسرە کۆکردەوە و دوێنێ هەینی ڕەوانەی پارێزگاکەیان کرد.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ژووری چالاکییەکانی تووڕەیی زەیتوون ڕایگەیاند، لە ئەنجامی چالاکییەکی هێزەکانیان لە ناوچەی شێخی عەفرین سەرچەتەیەکی فەیلەقی شام بە ناوی زیاد محەمەد خەیووب کوژراوە. ژووری چالاکییەکانی تووڕەیی زەیتوون دیمەنی چالاکییەکەشی بڵاوکردەوە.[4]

- پێنتاگۆن قۆناخی دووەمی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگەی منبجی ڕاگەیاند و وەزیری بەرگرپی ئەمریکاش دەڵێت، ئامادەکاری پێویستکراوە و بەمزووانە ڕاهێنانی هاوبەش دەستپێدەکەن و دواتریش دەستدەکەن بە دروستکردنی گەشتی هاوبەشی سەربازیی ئەمریکا و تورکیا لە منبج و دەوروبەری.[1]

دەرەوەی کوردستان

- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرکۆماری تورکیا ڕاگەیاند لە باکوری عێراقەوە **"**هەڕێمی کوردستان**"** هێرش دەکرێتە سەرمان ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئە و پێکدادانانەی کە لەنێوان سوپای تورکیاو پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە سەر سنوری نێوان هەرێم و تورکیا ڕووەدەدن. ئەمڕۆ هەینی 31ی ئاب ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە وتارێکدا ڕاگەیاند داوای چەکی قورسمان لە هاوبەشەکانمان کردووە پێیان نەداوین و داوای فڕۆکەی ئێف 35 مان کردووە و ئەگەر پێمان نەدەن هەڵویستمان دەبێت، وتیشی تورکیا ڕووبەڕووی پیلانگێڕی دەبێتەوە کە دواترینیان سزا ئابورییەکانی ئەمریکایە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سیدەکان

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-08-31

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-08-31

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-08-31

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-08-31

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-08-31

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-08-31

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 36

2018-09-01



باکووری کوردستان
- لە شاری ئامەد، خۆپیشاندانێکی جەماوەری بۆ ئازادیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رێبەری پەکەکە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئاشتییەوە بەڕێوەدەچێت.[1]
- پلاتفۆرمی ڕەنج و دیموکراسیی چەولیک کە حیزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ژووری پیشەیی و سەندیکاکانی تیادا ئەندامە، لە کاتی چوونیان بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی جەماوەریی 1ی ئەیلول ڕۆژی جیهانی ئاشتی لە ئامەد، ڕێگریان لێکرا.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ 13هەمین فێستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام-ی مەریوان دەستی پێکرد.[1]
- ئێوارەی دوێنێ ئاگر بەردرایە دارستانەکانی کەبیر کوی ئیلام. سەر لەبەیانیی ئەمڕۆ ئاگرەکە کۆنترۆڵ کراوە، بەڵام مەترسیی ئاگرکەوتنەوەی تر لە ئارادایە. لەو ئاگرەدا ڕووبەرێکی بەرفراوان لە دارستانە چڕەکانی ناوچەی مەلەکشاهی سوتاوە.[6]
- کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بوو بە قوربانیی ژیان. شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردە، بە ناوی مەحمود کتابی، تەمەن 30 ساڵ، خەڵکی شاری بانە، ڕاگەیەندراوە.[7]
باشووری کوردستان
- لە ڕێوڕەسمێکدا پرووسکی 13 ئەنفالکراو لە قەڵای نزارکێ لە دهۆک دەنێژرێن.[1]
- شەوی ڕابردوو، بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.5 بە پێوەری ڕیختەری شاری قەسری شیرینی لە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەژاند. لەلایەکی ترەوە بەرەبەیانی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.9 سنوور تازەئابادی لە کرماشان هەژاند.[2]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 9:15 خولەک جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەستی بە بۆردوومانکردنی ناوچەکانی (ئافاشین، گەلی باڵندە، کورەژارۆ)ی هەرێمی بادینان-ی سەر بە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیایان کرد.[3]
- باڵەخانەیەکی بازرگانی لە هەولێر گڕیگرت.[1]
- بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئاشتییەوە لە شاری هەولێر و شارەدێی تەقتەق چالاکیی بەڕێوەچوون و تیایدا گۆشەگیریی سەر عەبدوڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکە شەرمەزارکرا و داوای ئازادکردنیشی کرا.[3]
- ڕێکخراوی هۆریزن، بە هاوکاری کۆمەڵێک گەنجی خۆبەخش، پڕۆژەی هەزار خەندەیان لە شاری سلێمانی ڕاگەیاند، بەمەبەستی کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ پێدانەوەی قەرزی هەزار مالّی کەمدەرامەت. بۆ ئەم چالاکییەش چین و توێژە جیاجیاکان پاڵپشتی خۆیان نیشانداوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بەردەم ناوەندێکی چەتەکان لە شاری عەزاز ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە، ئەنجامەکەی کوژراو و بریندارێ لێکەوتەوە.[3]
- لە دەروازەی چوونە ژوورەوە بۆ عەفرین ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیوەتەوە. بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکە زیانێکی زۆر بە ناوچەکە گەیشتووە.[6]

دەرەوەی کوردستان
- میدیاکانی ئیسرائیل ئاشکرایانکرد، سوپای ئیسرائیل چەند هەفتەیەکە ئاگاداری گواستنەوەی موشەکە لە ئێرانەوە بۆ عێراق.[4]
- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز بڵاویکردۆتەوە، حکومەتی توکیا بەنیازە لەمڕۆوە بڕی نرخی کارەبا بۆ کەرتە پیشەسازییەکان 14% و بۆ هاوڵاتیانیش 9% زیادبکرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-01
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-02
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 37

2018-09-02



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی کوتودەری سەر بە ناوەندی شاری دێرسم دوو ڕۆژ بەر لە ئێستا ئاگرێک بەهۆی بۆمبارانی سوپای تورکیای داگیرکەر کەوتەوە و تا ئێستا نەکوژێنراوەتەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی داگیرکەری ئێران لە گوندی ماشکان سەر بە شاری پیرانشار تەقەیان لە ژمارەیەک کۆڵبەری کورد کورد لەو ناوچەیە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، پاش تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عەلی عەرەب کوڕی موراد بە سەختی بریندار بوو و هەروەها دوو کۆڵبەری دیکەش لەو ڕووداوەدا بێسەروشوێن بوون.[5]
- هاوواڵاتییەکی کورد، بە ناوی واحید خالیدنژاد تەمەن 25 ساڵ، کوڕی محەممەدئەمین، خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- نادر قازیپوور، نوێنەری شاری ورمێ، لە مەجلیس ئیدعای ئەوە دەکات، کە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە پارەی عەرەبستان و کەرەستەی ئامریکایی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێران تەیار دەکات.[5]
باشووری کوردستان
- ئاگرتێبەردانی دارستان، لەوەڕگە، باخ و ڕەز و پێدەشت و شاخەکانی کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەردەوامە. بەهۆی تۆپبارانکردنی تۆپخانەکان و بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرەوە چەندین ئاگر لە ناوچەکانی کوردستان کەوتونەتەوە. تازەترین ئاگرتێبەردانی دەوڵەتی تورکیا لە سنووری گوندەکانی بەدەهێ و ئۆرێ و بابیرێیە لە ناوچەی مەتینان ڕوویدا.[2]
- لە شاری سلێمانی پانێلێکی زانستی لەسەر ژیان و کەسایەتی مەستوورە ئەردەڵانی بەڕێوەچوو، کە ئاماژە بەسەرجەم وێستگەکانی ژیان و بەرهەم و تواناکانی ئە و خانمە کورد کرا.[7]
- هەڵمەتێکی کوتان دژی نەخۆشی سوورێژە لە پارێزگاانی هەرێمی کوردستان دەستپێبکات و ماوەی 10 ڕۆژ بەردەوام بێت. [1]
- سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە ڕایدەگەیەنێت، بڕیارماندواوە بانگەشەی هەڵبژاردن لە بەردەم مۆنۆمێنتی هەڵەبجەوە تا کۆتایی شەقامی بەردەم قایمقامییەت قەدەغەبکرێت و هەر لایەنێکی سیاسیش پابەندنەبێت سزادەدرێت.[3]
- چەکدارانی داعش بۆمبێکی زۆر لە ناوچەی شێخ باوەی سنوری جەلەولا دادەنێن و بە وتەی سەرچاوەیەکیش چەکدارەکان لە چەند ناوچەیەک بە ئاشکرا دەردەکەون.[3]
- ئەمرۆ و ڕۆژانی پێشوو، کۆبوونەوەیەکی زۆر لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی لەنێوان حیزبە کوردستانی و ئێڕاقییەکان بە مەبەستی بەشداریکردن لە پەڕڵەمانی ئێڕاقدا دەکرێت.[1]
- لە گوندێکی ڕوژئاوای سەنتەری شنگال لەسەر ئۆتۆمبێلی بێناسنامە و دانانی بازگەیەک گرژی کەوتە نێوان یەبەشە و سوپای عیراق. بۆ ماوەی یەک کاژێر تەقەکردن لەنێوان هێزەکانی یەبەشە و سوپای عیراق دروست بوو.[4]
- لەبارەی خۆکاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، د. بەرهەم سالح سەرۆکی هاوپەیمانی بۆ دادپەروەری و دیموکراسی، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ وەفدی پارتی، ڕایگەیاندئەوەی میدیا باسی دەکات ئەسڵ و ئەساسی نییە و کاندیدی هیچ لایەنێک نیم بۆ ئە و پۆستە.[3]
- بەرهەم سالح، ڕیگەیاند، کە بەهۆی ئەوەی نوێنەریان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان نییە و تێبینیان لەسەر کارەکانی ئەو کۆمسیۆنە هەیە، بڕیاریانداوە بەشدارێی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نەکەن.[6]
- عارف تەیفور، سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لەسلێمانی لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ کەنالی

(کوردستان24) ڕایگەیاند کە پۆستی سەرۆک کۆمار ئیستیحقاق پارتییە و سازشی لەسەر ناکەین.[3]
- وەزارەتی تەندروستی عێراق بۆ جاری سێیەم، وەزارەتی تەندروستی هەرێم لەبارەی جۆرەکانی دەرمانی ساختە ئاگادارەکاتەوە و داویان لێدەکات کە ڕێگری بکەن لە ساخکردنەوەی ئە و دەرمانانە.[3]
- وەزارەتی بازرگانی و پیشەزانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند، چەکی شایستە داراییەکانی جوتیاران گەیشتە هەرێمی کوردستان. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەشخراوەتەروو، کە بڕی چەکەکە 154 ملیار و 130 ملیۆن دینارە و بۆ وەرزی بازارکردنی ساڵی 2018 هەیە.[7]
- هێزەکانی هاوپەیمانان ڕایدەگەیەنن، هاوکارییەکانیان بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوامدەبێت و ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازیش لە وەزارەتی پێشمەرگە چوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.[3]
- ئەمشەو ژمارەیەک چەکدار لەگەڵ برای سەرۆک عەشیرەتێکی سنوری سلێمانی لەگەڵ پۆلیسەکانی هاتوچۆی سلێمانی لە شەقامی سەهۆڵەکە کێشە لەنێوانیاندا دروستبووە و لە وەڵامدا چەکدارەکان تەقەیان بەسەر پۆلیسەکانی هاتوچۆدا کرد و کەس لە ڕووداوەکەدا بریندار نەبوو.[3]
- وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ئاشکرایدەکات، وەک ناڕازیبوونێک لە بەرامبەر ساختەکاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ڕێککەوتنە ژێربەژێرەکان، سبەی دووشەممە بەشداری یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی عێراق ناکەین.[3]
- یەکەم ڕۆژی هەفتەی نمایشی جلوبەرگ لە کوردستان بەڕێوەچوو، لە یەکەمین هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان 60 مۆدێل بەشدار بوون کە 40 یان کچ و 20 یان کوڕ بوون.[4]

دەرەوەی کوردستان

- شەوی ڕابردوو، لە فڕۆکەخانەی مزەی سەربازی کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای دیمەشقی پایتەختی سوریاوە، چەندین تەقینەوەی گەورە ڕوویانداوە.[1]
- لە ئیستەنبوڵ بە بەشداری دەیان هەزار کەس میتینگی (ئاشتی گۆشەگیر ناکرێت) بەڕێوەچوو. لە میتینگەکەدا نوێنەرانی دایکانی ئاشتی، خانەوادەی قوربانیانی کۆمەڵکوژیی پرسووس و کۆمەڵەی 10ی تشرینی یەکەم قسەیان کرد.[2]
- لاوانی کورد ئەمڕۆ لەپێناو ئازادیی ڕێبەر عەبدوڵا ئۆجالان لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا دەستیان بە ڕێپێوانێکی درێژمەودا کرد. پۆلیس ڕێپێوانەکەی قەدەغە کرد و هێرشی کردە سەر لاوان.[2]
- لە پەرلەمانی ئێران، وەزیری دەرەوەی ئێران ڕوبەروی پرسیار کرایەوە سەبارەت بە ئاڵای کوردستان کە چۆن ڕازی بووە لە مەراسیمی ناشتنی تەرمی مام جەلال کە بە ئاڵای کوردستان داپۆشرا بوو ڕاوەستێ و گوتی: تەنیا کەسێک بۆ ڕێز گرتن سەری خۆی دانەنواند من بووم. چونکە ئاڵای کوردستانی پێوە بوو.[1] پاشتر ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی وەزیری دەرەوەی ئێران دەداتەوە لە بارەی گشتپرسی و ئاڵای کوردستان لەسەر تەرمی مام جەلال و دەڵێت، هەموو وردەکارییەکانی مەراسیمی هێنانەوەی تەرمی مام جەلال، بنەماڵەکەی لێی بەرپرس و ئاگادار بوون نەک مەسعود بارزانی.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
شار و شارۆچکەکان:	دێرسیم
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	شنۆ
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئێراق
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-09-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-09-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-09-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-09-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-09-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 38

2018-09-03



باکووری کوردستان
- دەوروبەری گوندی هەلهەلێ-ی ناوچەی هەزرۆ-ی ئامەد بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەلایەن سوپای تورکیاوە هێرشی ئاسمانی کرایەسەر.دەوترێت کە دوابەدوای بۆردومانی گوندەکە دانیشتوانی گوندە بە هۆی دوکەڵ وبۆنی ئەومادەیەی کە لەبۆمبەکەدا بووە تووشی ژانەسەربوون.[4]
- ئە و ئاگرەی کە لە دوای ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر لە دۆڵی ڕۆژ-ی سەر بە دێرسم لە باکووری کوردستان دەستی پێکرد، ماوەی 3 ڕۆژە بەردەوامە و دانەمرکاوەتەوە. ئە و گوندانەی دەکەونە ناوچەکە لە سااڵنی نەوەدەکان لە لایەن دەوڵەتەوە چۆڵکراون و بەشێکیشیان کراونەتە ناوچەی قەدەغەکراو (ناوچەی ئاسایشی تایبەت). بەهۆی ئەوەی کەس ناتوانێت لە گوندەکان نزیک بێتەوە، هیچ زانیارییەک دەربارەی ناوچەکە دەست ناکەوێت. چەند گوندێکی ناوچەکە بەهۆی دوکەڵی زۆر بە ئەستەم دەبینرێن.[4]

باشووری کوردستان
- بەهاوکاری مەڵبەندی 1ی ڕێکخستن و کۆمیتەی قەرەداغ یادی 41 ساڵەی شەهید مەلا ئەحمەد حەمە ئەمین ناسراو بە مەلا گەرمیانی دەکرێتەوە.[1]

- لە کتێبخانەی زانکۆی هەڵەبجە لە هەڵەبجە، لە مەراسیمێکی تایبەتدا کتێبخانە کەسییەکەی نوسەری کورد (غەفوری میرزا کەریم) کە زیاتر لە هەزار و 500 کتێبی جۆراوجۆربوون بەخشرایە کتێبخانەی زانکۆکە.[5]
- سەرکردەیەکی ئیئتلافی سائیرون، ڕایگەیاند کە شاندی دانوستانکاری یەکێتی و پارتی خۆیان یەکلاکردوەتەوە و چوونەتەپاڵ هاوپەیمانییە گەورەکە.[2]
- پەرلەمانتارێکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە خولی نوێی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، چونەتە ناو کوتلەکەی نەسر و سائیروون. گوتیشی پشتگیری ئەوە دەکەین، حەیدەر عەبادی ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران.[3]
- چەکدارانی داعش هەڵیانکوتایە سەر گوندێکی سنووری کەرکووک و 10 هاوواڵتییان کوشت.[3]
- هەڵوێستی لایەنە کوردییەکان لەسەر بەشداریکردنی پەرڵەمانی ئێراق و هاوپەیمانێتییان نارووونە، سەرچاوەکان کۆک نین لەسەر ئەو هەڵوێستانە.[6]
- لە شارەدێی جەلەولای سەر بە شارۆچکەی خانەقین، چەکدارانی داعش هاوڵاتییەکی مەدەنییان گوللە بارانکرد.[2]
- هەشتەمین کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەبەشداری 166 ئەندام بە ناونیشانی (نیشتمان) و بەدروشمی (تواناسازی ئافرەت جڤاتی پێشکەوتوو) بەڕێوەچوو.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ناوەندی ڕاگەیاندنی یەپەگە بڵاویکردەوە، شەڕڤانان لە ناوچەی ڕاجۆی عەفرین چالاکییەکیان ئەنجامداوە و لەو چالاکییەدا 2 چەتە کوژراون.[4]
- چەتەکانی جەیشی ئیسلام کە سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەرن ، ئەمرۆ لەسەر ڕێگەی تیرینده-ی عەفرین هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵێکی ئێزدی و 2 برای ئێزدییان بە ناوەکانی عەبدۆ حامکە (64 ساڵان) و بەحری حامکە (60 ساڵان) ڕفاندووە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- لەپاش ئەوەی چەند لیستێکی شیعە و سونە بە بەشداری عەبادی و سەدر و حەکیم فراکسیۆنێکیان ڕاگەیاند بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، فراکسیۆنێکی تر بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی قانون و هادی عامری سەرۆکی هاوپەیمانی فەتح ڕاگەیەندرا.[2]
- ئەمرۆ کاتژمێر 11:50 خولەک، بە سەرۆکایەتیی محەمەد عەلی زەینی، بەتەمەنترین پەرلەمانتاری ئەم خولە، کە لە کوتلەی سائیرونە، یەکەمین دانیشتنی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستپێکرد و لە سەرەتادا مارشی نەتەوەیی عێراق وترایەوە. لە دانیشتەکەدا، زۆربەی پەرلەمانتارە کوردەکان بەشداریان کردووە، بەڵام پەرلەمانتارانی بزووتنەوەی گۆڕان بایکۆتیان کردووە.[5]
- هەریەکە لە فراکسیۆنەکانی یەکێتی و پارتی و هاوپەیمانییەکانی فەتح و دەوڵەتی یاسا لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کشانەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	دێرسیم
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێراق

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-09-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-03
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-03

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 39

2018-09-04



باکووری کوردستان
- لە ناوەندی هاتای و ناوچەکانی ئەسکەندەروون، لە ئۆپەراسیۆنێکدا پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر ماڵی ئەندامانی هەدەپە. لەو ئۆپەراسیۆنەدا موحسین تاشان و ئەحمەد چاهان، هاوسەرۆکانی هەدەپەی ناوچەی ئەسکەندەروون و دەیان ئەندامی تری هەدەپە دەستگیرکراون.[1]
- لە دارستانەکانی ماقورک، ناوڤدەشت ورێهلا ورچە-ی نێوان گوندەکانی کەهاهەمزۆ وهاریێ-ی جولەمێرگ بە هۆی تۆپبارانی سوپای داگیرکەری تورکیاوە دارستانەکانی ئەو ناوچانە ئاگریان تێبەربووە. بە بیانووی ئەوەی کە شوێنی ئاگرەکە ناوچەی قەدەغەکراوە ڕێگە نادەن کەس بۆکوژاندنەوە وکۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە لەشوێنە نزیک بێتەوە. ڕاگەیەنرا کە ئاگرەکە لە ناوچەکە پەرەی سەندووە.[1]
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەری کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، بانگەوازیی هاوڵاتیانی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیای کرد، کە خۆیان لە هەڵسوکەوتی تووند دووربگرن و بەگوێرەی یاسا چالاکی بکەن، هەروەها داوای لە حکومەتی ئەڵمانیا کرد، کە سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ ئەڵمانیا بەتاڵ بکاتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە 18هەمین خولی کێبڕکێی وەرزشییەکان لە شاری جاکارتا، وەرزشوانانی کورد، توانیان بەسەر ڕکەبەرکانیان سەربکەون و

میدالّە زێر و زێوەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. پارێزگای کرماشان بە بەشداریی 20 وەرزشوانی کچ و کوڕ، توانی 10 میدالّ بۆ خۆی لەو کێبڕکێیە ئاسیاییەدا بەدەست بهێنێت.[5]
- شەوی ڕابردوو، کۆڵبەرێکی کورد، خەڵکی شاری سەقز بە تەقەی ڕاستەوخۆی هەنگی سنووری نەنوور پێکرا و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا. هەواڵنێری کوردپا لە شاری سەقز شوناسی ئەو کۆڵبەرە کوردەی بە ناوی ئاکۆ مینایی ناسراو بە ئاکۆ سەعادەت تەمەن 23 ساڵ کوڕی تەوفیق خەڵکی گوندی پیرئۆمرانی شاری سەقز ڕاگەیاندووە.[5]
- دوو چالاکی کرێکاریی بە ناوەکانی موزەفەر سالّحنیا ئەندامی هەیئەتی یەکیەتیی ئازادی کرێکارانی ئێران و خالید حوسێنی ئەندامی کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[5]

باشووری کوردستان

- دانیشتوانی گەڕەکی ئازادی لە شارۆچکەی سۆران لەدژی نەبوونی خزمەتگوزاری خۆپیشاندانیان ساز کردووە و هێزە ئەمنییەکان ڕێگە بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نادەن ڕووماڵی خۆپیشاندانەکە بکەن. لەلایەکی تردە خۆپیشاندەران ڕێگەی سەرەکی سۆران – برادۆست-یان داخستووە.[3][4]
- لەچەند بۆسەیەکی پۆلیسی ئیتیحادی لەباشوری کەرکووک 5 حەکداری گروپی تیرۆریستی داعش کوژران، ژمارەیەکی زۆر بۆمبی چێندراویش پوچەڵکرایەوە.[2]
- پارتی و بزووتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتەی سلێمانی کۆبوونەوە.[6]
- ئەنجومەنی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایگەیاند، کە خواستنی دواخستنی هەڵبژاردن خواستی ئەوان نییە و لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردندان لەکاتی خۆیدا، داواش لە هاوڵاتیان دەکەن بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر ئەمڕۆ کاتژمێر 15:30 بۆردومانی دەوروبەری گوندەکانی قەڵاتوکان، سووردێ و دەڤەری شەهید هاڕوونیان کردووە لە هەرێمی قەندیل. هاوکات فڕۆکە جەنگییەکانی داگیرکەر بۆردومانی دۆڵی ڕەش، لۆلان و شەکۆی ناوچەی برادۆستیان کردووە لە هەرێمی خواکورک.[6]
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان، وادەی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی بۆ 11ی ئەم مانگە دواخست.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە عەفرین لە دژی سوپای داگیرکەری تورکیا و چەتەکانی چالاکییان ئەنجامدا. لە چالاکییەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە سەربازان و چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر کوژران. یەکەم چالاکی شەڕڤانانی یەپەگە و یەپەژە لە گوندی تیرێندێ-ی عەفرین ئەنجامدرا. تەقینەوەیەک لە خاڵی پشکنینی گوندەکە ڕوویدا، لەو تەقینەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە چەتەکانی لیوای شیمال و توگای 23ی کوژران. هەروەها لە چالاکی دووەمدا شەڕڤانانی یەپەگە ویەپەژە لە چیای ئیهلام ئۆتۆمبیلێک-ی سەربازیان کردە ئامانج. لەو چالاکییەکدا ژمارەیەک چەتەی سەربە سوپای تورکیا کوژران.[1]

دەرەوەی کوردستان

- کوردستانییان لە کۆڵن، نارەزایی دژی لەسێدارەدانی ڕامین حوسێن پەناهی دەربڕی.[6]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا ڕایگەیاند کە داوای لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کرودوە، چەکدارە کوردەکان لە خاکی سوریا دەربکات بە یەکجاری.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: باکووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: ئەڵمانیا
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-04
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-04
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 40

2018-09-05



باکووری کوردستان
- بە پێی ڕاگەیەنراوی والی جولەمێرگ لە 30 ناوچە لە ناوەندی جولەمێرگ و ناوچەکانی چەلێ، شەمزینان وگەفەر، بۆ ماوەی 15 ڕۆژ قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیەنراوە و هاوواڵتیان مافی ئەوەیان نییە سەردانی ئەو ناوچانە بکەن.[4]
- لە ماوەی 2 ڕۆژدا لە ئامەد هەڵکوتراوەتە سەر 73 ماڵ.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد، بە ناوی ناسر ئیبراهیمزادە، خەڵکی گوندی گەوڵانی شاری سەردەشت بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی کۆڕرا.[6]
- هاجەر سەعیدی، چالاکی بواری مافی ژنان و ژینگەپارێزیی خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[6]
- حەسەن گەڵوانی، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری نەغەدە، لە گرتووخانەی شاری ورمێ، بۆ زیندانی ناوەندیی شاری ئەردەبێل دوور خرایەوە.[6]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی سوپای تورکیا جارێکی تر گوند و ناوچەکانی سنوری برادۆستیان بۆردوومان کرد و بۆردوومانەکە ناوچەکانی چیادێل و خواکورک و گەڕوی سیران و گەڕووی کەوەرت و، دەوروبەری گوندی خەلیفان و گەلی خواکورک ز گەلی ڕەشی گرتۆتەوە. بەهۆی تۆپبارانەکەشەوە زیانێکی زۆر بە ڕەزو باخی دانیشتووانی ئە و ناوچانە کەوتووە و بەوهۆیەوە ئاگرێکی گەورە لە سنورەکە کەوتۆتەوە.[3]
- نزیکەی 20 ڕۆژە لە کەرکووک، بە هۆی نەبوونی کارەبای نیشتمانییەوە زۆربەی وێستگەکانی کۆکردنەوەی ئاو لە ووشکبووندان و گەڕەکەکانی شارەکەی بەجۆرێک بێئاو کردووە کە خەڵکی بە تانکەر ئاو دەکڕن.[1]
- پارتی دیموکراتی کوردستان داوای بزووتنەوەی گۆڕانی لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان قبوڵنەکردوە، سەرچاوەیەکیش لە نێو گۆڕان دەڵێت ئێستا گۆڕان تەنها بڕیاری بایکۆتکردنی لەبەردەمدا ماوە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لە لایەن جڤاتی نیشتمانییەوە ئە و بابەتە یەکلادەکرێتەوە.[2]
- لە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی، بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە و سەرۆکی سەندیکای پزیشکان و پزیشک و کارمەندانی تەندروستیی نەخۆشخانە، مەراسیمێکی ماتەمینی بۆ د. جەمال ئەحمەد ڕەشید بەڕێوەچوو.[2]
- وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم بڕیاریدا ناوی نەخۆشخانەی فێرکاری منداڵانی سلێمانی بگۆڕدرێت بۆ نەخۆشخانەی دکتۆر جەمال ئەحمەد ڕەشید.[2]
- بەرپرسێکی کۆمپانیای نەوتی باکوری عێراق ئاشکرای دەکات، لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئاڵۆگۆڕکردنی نەوت لەگەڵ ئێراندا، هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بۆ ئێران چووە بواری جێبەجێکردنەوە و ڕۆژانە 60 هەزار بەرمیل بەتانکەر ڕەوانە دەکرێت.[2]
- لە گەڕەکی وڵوبە لەشاری سلێمانی کچێکی تەمەن 13 ساڵان بەهۆی گوللەوە گیانی لەدەستدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە چوارچێوەی هاریکارییە بەردەوامەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆر بۆ هێزەکانی سوریای دیموکرات، نزیکەی 150 بارهەڵگر گەیشتنە شاری قامیشلۆ. ئە و بارهەڵگرانە کەلوپەلی سەربازی و لۆجیستیان هەڵگرتبوو، گەیشتە دەست هێزەکانی سوریای دیموکرات لە و ناوچەیە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێک کە لە ڕۆژنامەکانی ئیسرائیلدا بڵاوبووەتەوە، سوپای ئیسرائیل پشتڕاستی کردووەتەوە، کە بۆسەر پێگە ئێرانییەکانی ناو سوریا 200 هێرشی ئاسمانی کردووە، هەروەها زیاتر لە 800 ڕۆکێتیشی هاویشتووەتە سەر ئەو پێگانە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: جولەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-09-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-05
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 41

2018-09-06



باکووری کوردستان
- بەهۆی بۆردومانی ئاسمانیی سوپای تورکیا لە دۆڵی ڕۆژ لە ناوچەی کوتوودەرەی دێرسیم ئاگرێک کەوتووەتەوە و ماوەی 7 ڕۆژە بەردەوامە. هاوواڵتیان دەیانەوێت ئاگرەکە بکوژێنەوە، بەاڵم سەربازانی تورکیا بە پاساوی 'ناوچەی ئەمنیی تایبەت' ڕێگری لە چوونی هاووڵاتیان دەکەن بۆ دۆڵی ڕۆژ و بەو پاساوە ڕێگایان پێنادەن ئاگرەکە بکوژێنەوە. داموودەزگا پەیوەندارەکانی حکومەتی تورکیاش هیچ کارێک ناکەن بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرە. ئاگرەکە لە تەشەنەسەندنی بەردەامدایە و ئاگرەکە

گەیشتووەتە سنووری گوندەکانی گیولەچ و زەریکان لە ناوچەی مازگرت، هاوولاتیان دەستیان بە کوژاندنەوەی ئەو بەشە لە ئاگرەکە کرد، بەڵام لە سنوورەکانی تردوە ئاگرەکە بەردەوامیی هەیە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 4 و 30 خولەکی ئێوارە، کۆڕەشێعرێک لەژێر ناوی ستڕانی هەنار بە مەبەستی خزمەت بە شێعر و ئەدەبی کوردی بۆ نیزیک بە پازدە کەس لە شاعیرانی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی مەولەوی کورد لە شاری سەقز بەڕێوەچوو.[6]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنی و کوردانی ڕۆژهەڵات لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر گردبوونەتەوە و داوا دەکەن (ڕامین حوسێن پەناهی) لە زیندان ئازادبکرێت.[2]
- ئەمجەد حوسێن پەناهی، برای ڕامین بەناوی بنەماڵەکەیەوە بە ڕۆژنامەڤانانی ڕاگەیاند ژمارەیەک چالاکڤانی دیکەش لە سلێمانییەوە بە چوار پاس ویستیان بێنە هەولێر، لە بازگەی تاسلّوجە ڕێگریمان لێکرا.[3]
- لە سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری ئیبراهیم پاشای بابان لادەبرێت.[1]
- تۆپخانەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بەچڕی تۆپبارانی کوێستانەکانی بەربزینی سەر بە شارۆچکەی سیدەکان دەکەن، فڕۆکەی چاودێریش لە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕێتەوە.[3]
- وەفدێکی سەربازیی ئەڵمانیا لە سەردانێکیاندا بۆ کوردستان، ڕایدەگەیەنن کە کورد دۆستێکی نزیکیانە و هاوکارییە سەربازییەکانیشیان بۆ هێزی پێشمەرگە کە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەتێکشاندنی تیرۆرستانی داعش بەردەوامدەبێت.[5]
- ئەمڕۆ، 80 شێوەکاری شاری بەغدا و شاری سلێمانی لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنەسوورەکەی شاری سلێمانی، پێشانگایەکی شێوەکاریی هاوبەشیان بەدروشمی هەمیشە پێکەوەین کردەوە. هەر شێوەکارێک بە تابلۆیەک بەشداریی لە پێشانگاکەدا کردبوو. بڕیارە پێشانگاکە ماوەی 10 ڕۆژ بەردەومبێ و لە یەکەم ڕۆژیشدا هاوڵاتییەکی زۆر سەردانی پێشانگاکەیان کرد.[6]
دەرەوەی کوردستان
- پلاتفۆرمی عەفرین کە ڕێکخەری فێستیڤاڵی کولتووریی ڕایگەیاند، حکوومەتی ئەڵمانیا فێستیڤاڵی کولتووری قەدەغە کرد کە بڕیار بوو ڕۆژی 8ی ئەیلوول\17ی خەرمانان بەڕێوەبچێت.[4]
- بارودۆخی شار و شارۆچکەکانی باشوور ئێراق، بەتایبەتری بەسرە زۆر تێکچووە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا خۆپیشاندانەکانی بەسرە دەیان کوژرا و بریندارى لێکەوتووەوە. خۆپیشاندەران زۆرێک لە باڵەخانە حکومییەکانیان سووتاندووە. ئەمڕۆش قەدەغەکردنی هاتووچۆ لە بەسرە ڕاگەیەندرا.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەدرێژەی خۆپیشاندانەکانی بەسرە، لەباشووری عێراق، خۆپیشاندەرێک لەناو بینای پارێزگای بەسرە سووتا و مااڵی حەوانەی پارێزگاری شارەکەش سووتێنران کە بەوەش تائێستا نزیکەی 15 خۆپیشاندەر کوژراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	دێرسیم
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سیدەکان
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنااڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 42

2018-09-07



باکووری کوردستان
- دادگای تورک بڕیاری زیندانیی 4 ساڵ و 8 مانگ بۆ سەلاحەدین دەمیرتاش و 3 ساڵ و نیوی بۆ سورەیا ئۆندەر دەرکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بڕیارە ئەمشەو هەردوو زیندانی سیاسیی کورد لوقمان موارادی و زانیار موارادی لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە لەسێدارەبدرێن.[4]
هەندێک سەرچاوەی تر باس لەوەدەکەن کە سبەی بەیانی ئەنجام دەدرێت.[2]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، هاوولاتییەکی کورد خەڵکی شاری نەغەدە بە ناوی سەعدی مەعرووفی کوڕی لەتیف خەڵکی گوندی کوێک سەر بە شاری نەغەدە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- زانیار و لوقمان موارادی پەیامێکی ڤیدیۆییان بڵاوکردەوە تیایدا بانگەوازیی لە هەموو ناوەندەکانی مافی مرۆڤ دەکەن، کە بە جوڵانەوەی خێرا ڕێگریی بکەن لە جێبەجێکرجنی سزای لەسێدارەدانیان، چونکە سبەینێ درەنگ دەێت.[4]
باشووری کوردستان
- تۆپبارانی داگیرکەری ئێران بۆ باڵەکایەتی ئەمرۆش بەردەوامە.[2]
- پاش ئەوەی شەوی ڕابردوو تەرمەکەی لە ئەڵمانیاوە گەییشتە سلێمانی، کاتژمێر 8ی بەیانی ئەمڕۆ تەرمی د. جەمال ئەحمەد ڕەشید، لە مزگەوتی (ئەحمەدی حاجی عەلی)یەوە بەڕێکرا و تەرمەکەی دەبڕێتە ماڵەکەی خۆی، کلینیکەکەی و نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی. پاشانیش هەر لە سلێمانی لە گردی سەیوان بەخاک دەسپێردرێت.[3]
- چەکدارانی داعش ناوچەی تەلوەردیان لە باشووری کەرکووک هاوەن باران کرد.[3]
- ئاگرێک لەنێوان دوو گوندی دەڤەری نهێل کەوتەوە کە ناویان (سەرگەڵ و سگێرێ)یە، بەهۆیەوە دەیان دۆنم زەوی و پوش و پاوان گڕیان گرت.[3]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، بانگەوازیی لە هەموو کەسێکی ئازادیخواز کرد، کە هەڵوێست دەربڕن بۆ ئەوەی سزای لە سێدارەدانی هەریەکە لە زانیار و لوقمان موارادی و ڕامین حسێن پەناهی، زیندانیانی سیاسیی کوردی سزادراو بە سێدارە ڕابگیرێت.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازان و چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا لە عەفرین هەڵیانکوتایە سەر گوندەکانی ئافڕازا و جۆقا لە ناوچەی ماباتای عەفرین. لە دوای ئەشکەنجەکردنی ژنان، دەیان هاوواڵاتیی ئەو گوندانەیان ڕفاند.[1]
- لە گوندی دارگرێ لە ناوچەی ماباتای عەفرین چەتەکانی بەرەی شامی تورکیا 17 هاوواڵاتییان ڕفاندووە. ناوی کەسە ڕفێنراوەکان بریتین لە: جەمیل خەلیل عارف، عەزیز مەنان موستەفا، ئەمین عەزیز موستەفا، لەوەند عەزیز موستەفا، مەنان عەزیز موستەفا، محەمەد مەنان موستەفا، دیار محەمەد موستەفا، کاوە ڕەشید عەلیکۆ، محەمەد عومەر عەلیکۆ، نەزمی ئەحمەد عەلیکۆ، ئەحمەد محەمەد سەقمی، ئەحمەد محەمەد عەلیکۆ، ڕۆشین ئەمین ئیجۆ، عەریف حوسێن ناسانان، ڕووکەن عومەر، سلێمان وەلید و جەودەت بەکر.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بارودۆخی بەسرە زۆر خراپتر بووە و چەندین بارەگای حیزبەکان سووتێنراوە، لە بەغداش چەند موشەکێک گیراوەتە ناوچەی سەوز.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ کونسوڵخانەی ئێران لە بەسرە سووتێندرا. ئێران بەهۆیەوە سنووری لەگەڵ بەسرە داخست و داوای لە ئێرانییەکانی بەسرە و دەوروبەری کرد بەسرە بەجێبهێڵن.[2]
- هەرسێ سەرۆکەکانی ڕووسیا، ئێران و تورکیا دەربارەی بارودۆخی سووریا لە تاران کۆبوونەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-07
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-07
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 43

2018-09-08



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کاتژمێر 4ی ئەم بایەنییە، ڕامین حسێن پەناهی لەسێدارەدرا.[2]
- بنەماڵەی زانیار مورادی لەسەر دواین دۆخی زانیار و لوقمان باس لەوە دەکەن، کە لە کاتژمێر 03:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆوە لە بەردەم زیندانی ڕەجائی شەهری کەرەج وەستاون، بەڕێرسانی زیندانەکە زانیاری ڕوونیان پێنەداون کە سزاکەی جێبەجێکراوە یاخود نا. ئاماژەیان بەوەشکردووە، کە بەڕێرسانی زیندان یاری بە هەستیان دەکەن و جارێک دەڵێن لەسێدارە دراون و جارێکیش دەڵێن سزاکە جێبەجێنەکراوە، بەوەش لە گومان و دڵەڕاوکێدا هێشتوویانەتەوە.[3]
- زانیار موڕادی و لوقمان موڕادی لەسێدارەدران.[2]
- بەهۆی لەسێدارەدانی هەر سێ لاوە کوردەکەی ڕۆژهەڵات و هێرشی داگیرکەری ئێران بۆسەر کۆیە، چالاکوانانی ڕۆژهەڵات کەمپینی من لە ماڵ نایەمەدەر و مانگرتنی سەرتاسەرییان بۆ ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو لە هەموو شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵات ڕاگەیاند.[2]

باشووری کوردستان

- چەند بارەگایەکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە شارۆچکەی کۆیە لەلایەن داگیرکەری ئێرانەوە موشەک باران کرا و قوربانی لێکەوتەوە. سەرچاوەکان باس لە شەهیدبونی 14 کەس کە 6یان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندین و بریندارببوونی دەیان کەس دەکەن. هەریەک لە مستەفا مەولودی سکرتێری گشتی حزبی دیوکراتی کوردستان و خالید عەزیزی سکرتێری پێشوی ئە و حزبە بریندارن، موشەکبارانەکە لە کاتێکدا بووە کە حیزبی دیموکرات پلینیۆمی بەستووە و کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی لایەنگرانی حزب لە ئارادابووە.[2]
- داگیرکەری ئێران دیسان تۆپبارانی ناوچەکانی سیدەکان و حاجی ئۆمەرانی دەستپێکردەوە.[2]
- سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند لەسەر بۆردوومانەکەی کۆیە، پێویستە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکات.[5]
- هێزەکانی هاوپەیمانان بە پشتیوانی هێزەکانی کۆماندۆی سەر بە پێشمەرگە ناوچەی شۆراو لە نێوان خورماتوو - کفری بۆردومان دەکەن و ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتیان بۆ لەناوبردنی داعش لە و سنوورە دەستپێکردووە.[1]
- پاش هێرشەکەی ئێران بۆ سەر بارەگای هەردوو دیموکرات لە شاری کۆیە، تیمێکی تایبەتی شارەزایانی ئەمنیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو هێرشە، چوونەتە کۆیە و شوێنی هێرشەکەیان لە نزیکەوە بینیوە.[7]
- لەسنوری خانەقین لە پەلامارێکی چەکدارانی داعش بۆ سەر بازگەیەکی چەکدارانی حەشدی شەعبی، چەکدارێکی بازگەکە کوژرا کە کوردە.[1]
- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە، لەسەر بۆردومانکردنی بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داوای کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکات.[1]
- بێگەرد تاڵەبانی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: تاوەکو ئێستا هیچ داوایەک ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نەکراوە بۆ کۆبوونەوە لەسەر بۆردومانکردنی بارەگاکانی حزبی دیموکراتی ئێران و دەشڵێت، بەڵام پەرلەمان بێ دەنگ نابێت.[1]
- هەردوو فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، دوو بەیاننامەی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و تێیدا پشتگیری خۆپیشاندەرانی شاری بەسرەیان کردو ئیدانەی هێرشەکەی سەر کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد لە شاری کۆیە کە چەندین کەس تێیدا شەهیدو بریندارببوون.[6]

- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ لە بەردەم موزەخانەی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسان، چالاکوانان و چین و توێژەکانی گردبوونەوەکیان بۆ ئیدانەکردنی لەسێدارەدانی ڕامین حسێن پەناهی، زانیار و لوقمان موارەی لەشاری سلێمانی ئەنجامدا.[4]
- چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسانی شاری هەولێر، دژی هێرشە موشەکییەکەی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) و حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) لە شاری کۆیە و لەسێدارەدانی هەریەکە لە ڕامین حسێن پەناهی و زانیار و لوقمان موارەی، زیندانیانی سیاسیی کورد، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داوای داخستنی کۆنسوڵخانەی ئێران-یان کرد.[3]
- بۆ ماوەی 10 ڕۆژ بە بەردەوامیی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا بە بیانووی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە، چەند ناوچەیەک لە سنوری شاروچکەی ئامێدی بۆردومان دەکەن، سەرچاوەیەکیش لە شارەدێی شێلادزێ ڕایدەگەیەنێت: دوێنێ و ئەمڕۆ هەشت گوند لە دەڤەری ڕێکان و دوسکی ژۆری بۆردومان کراون و دارستانی ئەو ناوچانە ئاگری گرتووە.[1]
- هێزەکانی پۆلیسی ئیتیحادی لەمیانی هەڵمەتەکانی گەڕان و پشکنیندا بۆ ژمارەیەک لەگوندەکانی دەوروبەری پارێزگای کەرکووک، دەستگیرکردنی 27 کەسیان ڕاگەیاند، هاوکات 54 بۆمبی چێندراویش پوچەڵکراوەتەوە.[1]
- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و شاناز ئیبراهیم ئەحمەد بریندارەکانی حزبی دیموکراتیان لە نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی بەسەرکردەوە.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- کاتژمێر 09:00 بەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی ڕژێمی سوریا لە نزیک فڕۆکەخانەی قامیشلۆ بە زۆرگەنجێکیان دەستگیرکردبوو و خواستبوویان بیبەن بۆ سەربازیی زۆرەملێ. هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی خۆبەڕێوبەریی قامیشلۆ دەستیان لەو دۆخەکە وەرداوە و چوونە شوێنی ڕوودارەکە و لە ئەنجامدا بەهۆی ڕوودانی شەڕەوە بەلانیکەمەوە 13 سەربازی ڕژێم کوژران و ئەندامێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی قامیشلۆ شەهید بوو و 2 ئەندامی تری ئاسایشی ناوخۆی قامیشلۆ بریندار بوون.[4]
- پارتی مارکسیست لنینیست، کۆمۆنیست (MLKP) لە ڕۆژئاوا بە مەراسیمێکی بەشکۆ 25هەمین ساڵی دامەزراندنی خۆی پیرۆزکرد.[4]

دەرەوەی کوردستان

- دوای ئەوەی 26-ەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کورد لە شاری دینسلانکەنای ئەڵمانیا قەدەغەکرا، ئەمڕۆ بە بەشداربوونی دەیان هەزارهاووڵاتی گردبوونەوەی دۆسڵدۆرف دەستیپێکرد. دەیان هەزار هاووڵاتیی کورد لە شارە جیاوازەکانی ئەوروپاوە ئەمڕۆ خۆیان گەیاندە دۆسڵدۆرف و بەشداری گردبوونەوە بۆ ئازادیی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە شاری دۆسڵدۆرفی ئەڵمانیا بوون.[4]
- وەزارەتی دەرەوەی ئێران باڵیۆزی عێراق لە وڵاتەکەی بانگهێشت کردووە و پەیامێکی ناڕەزایی توندی پێداوە لەسەر ئە و ڕوداوانەی کە لەشاری بەسرە ڕوویداو بەهۆیەوە هێرشکرایە سەر کونسڵخانەی تاران لەوشارە، ئەوەش بەپێی هەواڵێک کە ئاژانسی ئارتی ڕوسی بڵاویکردووەتەوە.[1]
- ئاژانسی هەواڵی فارس نیوز ئەمڕۆ بڵاویکردەوە: بەتۆمەتی پەیوەندییان بە گروپە چەکدارییەکان و ئەنجامدانی کردەوەی تێکدەرانە لە ڕۆژئاوای ئێران زانیار و لوقمان موارەی و ڕامین حسێن پەناهی لەسێدارەدراون.[1]
- ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنڵ ڕایگەیاند حەپەساوین بە لەسێدارەدانی هەریەک لە زانیار و لوقمان موارەی و ڕامین حوسێن پەناهی لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: ئەڵمانیا
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-08
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-09-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری روودداو - 2018-09-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-08
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2018-09-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 44

2018-09-09



باکووری کوردستان
- مەجلیسی ژنانی هەدەپە دەربارەی لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی کورد ڕامین حسێن پەناهی، لوقمان مورادی و زانیار مورادی کە لە لایەن ڕژیمی ئێرانەوە لە سێدارە دران بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لەسێدارەدانی ئەو 3 چالاکە کوردەی شەرمەزارکرد.[5]
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەری کۆما جڤاکێن کوردستان- کەجەکە، لەسێدارەدانی سێ چالاکوانی سیاسیی کورد و هێرش بۆ سەر کۆبەی شەرمەزارکرد و ڕایگەیاند، کە ئێران بەو کردەوانە کێشەکان قوونتر دەکات.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێران تەرمی شەهیدان لوقمان مورادی و زانیار مورادی ناداتەوە و لە تاران بەخاکیان دەسپێرێت.[4]
- سەرۆکی فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: زیاتر لە 10 هەزار کەس لە کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زیندانداون و 15 زیندانی دیکەش سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە.[1]
باشووری کوردستان
- تەرمی شەهیدانی کۆبە لە گۆرستانی حیزبی دێموکرات لە کۆبە بەخاک دەسپێردرێن.[4]
- لە پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆوە پرسەی شەهیدانی سێدارە زانیار مورادی لە ماڵی دایکی زانیار لە گەڕەکی قوڕە ڕەش لە شارۆچکەی پێنجوێن-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی بەڕێوەچوو.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیا چیاکانی دەروبەری شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومان دەکەن. لەم هەفتەیەدا سێیەم جارە تورکیا ناوچەکانی شارۆچکەی ئامێدی بۆردووماندەکات.[4]
- لە کاتژمێر 12:30 خولەکەوە تۆپخانەکانی ئێران ئەمڕۆبەچڕپی کوێستانی شیوەدز لە دەڤەری برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێر تۆپباران دەکات. بەهۆی تۆپبارانەکەوە چەندین دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ماڵی خۆیان جێهێشتووە ئاوەڕەی سیدەکان و گوندەکانی نزیک لە سیدەکان بوون.[5]
- فڕۆکەیەکی سیخوڕپی بە ئاسمانی شارۆچکەی کۆبەی سەر بە پارێزگای هەولێردا دەسوڕێتەوە، بەڵام دیار نییە، کە فڕۆکەی چ وڵاتێکە.[3]
- لە شاری سلێمانی بە گردبوونەوەیەکی جەماوەری ئیدانەی هێرشە موشەکییەکەی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) ل کۆبە و لەسێدارەدانی هەر سێ زیندانی سیاسی کورد ڕامین حسێن پەناهیی و زانیار و لوقمان مورادی کرا.[3]
- بۆربیەکی گواستنەوەی نەوت لەنێوان کەرکووک و شارۆچکەی دوبز (ڕۆژئاوای کەرکووک) تەقێندرایەوە، لەکاتی هەوڵدان بۆ کوژانەوەی ئاگرەکەیش بۆمبێکی دیکە بەکارمەندانی کۆمپانیای نەوتی باکور تەقیوەتەوە.[1]
- بەڕێسی مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتی لە خورماتوو ڕایگەیاند، هێزەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا خورماتوو جێدەهێڵن و لەجێگەی ئەوان لیوایەکی سوپای عێراق جێگیردەبێت. گوتیشی: لەسەر ئەو باڵەخانەیەی هێزەکەی تێدا بووە، کێشە دەکەوێتە نێوان یەکێتی و لیوای 52ی عێراق.[2]
- بە نوسراوێکی هەڵواسراو لە ناو بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی کەرکووک، داوا لە مامۆستایان و فەرمانبەرانی حکومەتی عێراق کراوە، کە مامەڵەی یاسایی بکەن بۆ وەرگرتنی زەوی، واتا زەوی تەنیا بەسەر ئەو مامۆستایانەدا دابەش دەکرێت، کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراق-ن و مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێی بێبەشن، ئەمەش نیگەرانیی مامۆستایانی خویندنی کوردیی لێکەوتووەتەوە.[3]

- دوای ئەوەی ئەمشەو ژمارەیەک دوکانی تەجاوز لە نزیک تێرمینالّی شارەزوور لەلایەن شارەوانی سلێمانییەوە ڕوخێنران، دوکاندارەکان و کەسوکاریان خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.[1]
- مینێک لە گوندی چالە دوانەی سەر بە شارەدێی قادر کەرەمی شارۆچکەی چەمچەماڵ تەقیوەتەوە و تێیدا گەنجێک بەناوی (ئ، ع، س) لەدایکبووی 1994 گیانی لەدەستداوە. بەپێی زانیارییەکانی پەیامنێرمان، گەنجەکە پیشەی شوان بووە و سەرقاڵی لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەکەی بووە، کاتێک کە مینەکە پێیدا تەقیوەتەوە.[6]
- وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەر بەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم ڕایگەیاند: کاتژمێر 12ی شەوی 11-09-2018، بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکات.[4]
- لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەمەراسیمێکدا ڕێزی لە ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ئەرشیڤیستی ناوداری کورد جەمال خەزنەدار گرت.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بە گوێرەی هەواڵی ئاژانسی ئانها، شەوی ڕابردوو چەتەکانی ئەحراری شام هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندی کەفەر شلە-ی سەر بە ناوەندی شاری عەفرین و 10 هاوڵاتیی سیڤیلیان ڕفاندووە کە لەنێویاندا ژن و منداڵ هەیە. ناوی ئە و کەسانەی کە ڕفێنراون: حەسەن مانان مستەفا (45 ساڵان)، ئیسماعیک مەنان مستەفا (43 ساڵان)، سوبحی مەنان مستەفا (40 ساڵان)، مستەفا خەلیل عەبدولڕەحمان (25 ساڵان)، مەزڵووم ئەحمەد مستەفا (25 ساڵان)، عیسمەت ڕەشید مدەوەر (30 ساڵان)، فەرهاد مستەفا (17 ساڵان)، ئەحمەد حەسەن مستەفا (16 ساڵان)، مەنان ئیسماعیل (15 ساڵان) و عەبدۆ خەلیل عەبدولڕەحمان (18 ساڵان).[5]
- بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی ئانها، ئەمڕۆ دانی نیوەڕۆ لە نزیک هۆڵی ژن لە شەقامی فل-ی ناوەندی شاری عەفرین تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویداوە.[5]

دەرەوەی کوردستان

- ئەمڕۆ 34 ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆچی دوایی شۆڕشگێڕ و سینەماکاری ناوداری کورد یڵماز گونەی. بە و بۆنەیەوە لەسەر گۆڕەکەی خۆی لە گۆڕستانی پێرلاشز لە پاریس مەڕاسیمێک بەڕێوەچوو.[5]
- بەگوێرەی میدیاکانی تورکیا، درەنگانی شەوی ڕابردوو کاروانێکی سەربازیی کە لە تانک، زرپێوش، چەکی قورس، ئۆتۆمبێل، ئامێر و کەرەستەی سەربازیی پێکهاتبوون، وەک هێزی پشتیوانی بۆ یەکەکانی سەر سنووری سووریا ڕەوانەکران و گەیشتنە پارێزگای کلیس. کاروانە سەربازییەکە لە شارە جیاوازەکانی تورکیاوە بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی توند، گەیشتنە کلیس و ڕەوانەی دەروازەی سنووریی ئۆنجوپنار کران. پاشان پەڕینەوە ئەودیوی سنووری سووریا.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبارەی بۆردوومانەکانی دوێنێ بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) لە کۆیە، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند بەزاندنی سەروەریی عێراق ڕەتدەکەینەوە.[1][2]
- سوپای پاسداران وردەکاریی هێرشەکەی سەر بارەگای حدک و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێت لە هێرشەکەدا 7 مووشەکی زەمین بە زەمینی مەودا کورت بەکارهێندراوە و ئۆپەراسیۆنەکە بە سەرکەوتوویی کۆتایی هاتووە. سوپای پاسداران هەروەها هۆشداریی دەداتە گرووپەچەکدارەکانی دژی ئێران، ئەگەر چالاکییەکانیان دووبارەبکەنەوە، وەڵامێکی سەختترمان بۆیان دەبێت.[2]
- ڕاوێژکاری ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کاروباری سەربازی ڕایگەیاند، ئەگەر سووریا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەی پێویستی بە هاوکاری بێت، ئێران هاوکاری سەربازی دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سیدەکان

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دوارۆژ - 2018-09-09
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری رووداو - 2018-09-09
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری رۆژنیوز - 2018-09-09
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-09
[6] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری پوک میدیا - 2018-09-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-09
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 45

2018-09-10



باکووری کوردستان

- ئەو سیاسەتمەدارانەی کە بەهۆی دۆزی سەرەکیی کەجەکە – وان دەستگیرکرابوون لەلایەن دادگای دەوڵەتی تورکیاوە سزا باران کران. بەکرکایا هاوسەرۆک شارەوانیی گەورە شاری وان یەکێک لەو کەسانەیە و سزای 8 ساڵ و 9 مانگ زیندانیی بەسەردا سەپێنرا. پێشتریش سزاکانی 7 ساڵ و 6 مانگ تاوەکو 8 ساڵ و 9 مانگی بەسەردا سەپێنرابوو.[2]
- دەوڵەتی تورکیا بەردەوامە لە تاڵانکردنی حەسێکفی 12 هەزار ساڵ. ئەمرۆش گۆرێکیتری دێرین و مێژووپی لە حەسکێف لە شوێنەکەی خۆی هەڵکەنرا و بردیان بۆ شوێنێکی تر.[2]
- هەپەگە ئاشکرای کرد لە ماوەی هەفتەیەکدا 59 سەربازی تورکیا لە ئەنجامی چالاکییەکانی گەریلادا کوژراون.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- زیندانییەکی دیکەی سیاسی کورد بە ناوی کەماڵ ئەحمەدی نژاد کە خەڵکی گوندی گامێشگولی سەربە شاری میاندواو بووە سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە گرتووخانەی ئیتلاعاتی میاندواو لە لایەن داگیرکەری ئێرانەوە لە سیدارە درا.[3]
- هاوسەرۆکانی هەدەپە لە نامەیەکدا بۆ حدک و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێرشەکەی ڕژێمی ئێرانیان شەرمەزار کرد.[3]
- بەپێی لێدوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، داگیرکەری ئێرانی هێزێکی زۆری لەسەر سنووری باشوور مۆڵداوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێرش بۆسەر بنکەکانی دێموکرات لەسەر سنوور بەدوور نازانیت.[3]
- بە بڵاوکردنەوەی ئاگادارینامە، هەوڵدرا لەلایەن کەسوکاری زانیار مورادییەوە لە شاری مەریوان-ی سەربە پارێزگای سنە، ئەمرۆ پرسە بۆ شەهید زانیار دابنرێت، بەڵام ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان بە دەستگیرکردنی ڕێبوار مورادی مامی زانیار مورادی، ئاستەنگی دروستکرد و ناچاری کردن کە بڵاوکراوەکان کۆبکەنەوە و پرسەکە هەڵبوەشێنرێتەوە.[4]

باشووری کوردستان

- بەرەبەرەیانی ئەمرۆ لە سنوری شاروچکەی خانەقین ژمارەیەک چەکداری داعش هەڵیانکوتاوەسەر شەش گەنجی کورد و دوای ڕفاندنیان، چواریان شەهید کردوون کە دوانیان پێشمەرگەن و دوانەکەی تریان ئازاد کردووە.[1]
- کاتژمێر 02:00ی دوانیوەڕۆی ئەمرۆ، لە هۆڵی ئاتاسای شاروچکەی کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر، پرسە بۆ شەهیدانی هێرشە موشەکییەکەی ڕۆژی 8ی ئەم مانگەی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بەڕێوەچوو.[4]
- ئاسایشی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، هێزەکانیان یەکێک لە بکوژەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکەی کۆمسیۆن (فارس محەمەد سادق)یان دەستگیرکردووە و ڕادەستی پۆلیس کراوە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە کاتژمێر 14:30 دەستیان بە بۆمبارانکردنی سنووری شارۆچکەی ئامێدی کرد.[2]
- لە کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانیی بزووتنەوەی گۆڕان-دا بڕیاردرا گۆڕان بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات.[3]
- هەریەکە لە ئەنجومەنی هەرێمی کەرکووکی تەفگەری ئازادیی و بەرەی دیموکراسی گەل و گەنجانی وڵاتپارێز و ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک لە شاری کەرکووک، گردبوونەوەیەکیان لەدژی هێرشە موشەکییەکەی سەر کۆیە و لەسێدارەدانی چالاکوانانی کورد لەلان حکومەتی ئێرانەوە ئەنجامدا.[4]
- بەهۆی پەلاماری سەگێکەوە، منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵ لە گوندی سێکانیان (باکوری کەرکووک) گیانی لەدەستدا.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی مینی گەرمیان، ئەمڕۆ ژمارەیەک پارچە تەقەمەنی هەڵگرتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی ئەحرار شام و فرقەتی حەمزە لە گوندی کورزێلێ لە ناوچەی شێراوای عەفرین 60 هاوواڵاتییان ڕفاندووە. هاوکات چەتەکان ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی ئەو گوندەیان تاڵانکردووە. ناوی بەشێک لە کەسە ڕفێنراوەکان بریتین لە: فەرهاد حەمکارۆ تەمەن 25 ساڵ، مەزڵوم قجێ تەمەن 25 ساڵ، حسێن قجێ تەمەن 20 ساڵ، زەکی حەمکارۆ، نوری حەجی تەمەن 45 ساڵ، محەمەد شامی تەمەن 55 ساڵ، سەبحیە سەتاف تەمەن 60 ساڵ.[2]
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە شارۆچکەی مارای-یەوە کە داگیریان کردووە، بە هاوەن شارۆچکەی تل ڕەفعەت-ی سەر بە کانتۆنی شەهبا تۆپباران دەکەن.[2]
- نوێنەرانی دەیان ڕێکخراو و دامودەزگەی هەرێمی فورات لە بەردەم بینای ئەنجومەنی جێبەجێکار لە کۆبانێ کۆبوونەوە و لە لێدوانێکی هاوبەشی ڕۆژنامەوانیدا لەسێدارەدانی لاوانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان ئیدانە کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	ئامێدی
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	وان
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 10-09-2018

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-10
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-10
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 46

2018-09-11



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرپرسێکی حزبی دیموکرات ڕایدەگەیەنێت: دوای هێرشەکەی سەر بارەگاکانمان پشتیوانی ناوخۆیی و دەرەکیمان زیادبووە و ناوەندە جیهانییەکانیش لە چۆنیەتی ڕووداوەکە ئاگادارەکەینەوە.[2]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەسکەندەر گاگەشی تەمەن 47 ساڵ کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی کانی زەرد سەر بە شاری سەردەشت بە هۆی تەقینەوەی مین لە کوێستانەکانی ماموند و هەڵشۆلە هەرێمی کوردستان گیانی لە دەست دا. تەرمی ئەو کۆڵبەرە کردە بۆ نەخۆشخانەی شاری قەڵادزێ لە هەرێمی کوردستان ڕاگوێزراوە. هەروەها کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی حوسێن ئەحمەدی تەمەن 23 ساڵ خەڵکی شاری ڕەبەت کوڕی سەید ئەحمەد بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی بە سەختی بریندار بوو.[7]
- ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز، هەڕەشەی لە هونەرمەندی ناسراوی کورد، عەلی عابدی کرد و ڕایگەیاند: لە ئەگەری چوونە ڕیزی مانگرتووانی گشتیی لە ڕۆژی چوارشەممە 21ی خەرمانان، فێرگەی موسیقای ناوبراو پۆلمپ دەکەن.[7]
باشووری کوردستان
- دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرڵەمانی باشووری کوردستان.
- بەپێی ئە و خشتەیەی کە پێشتر وەزارەتی پەروەردە بڵاوی کردبۆوە، ئەمڕۆ سێشەممە 11ی ئەیلوڵی 2018، دەبوایە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی خولی یەکەم و دووەم بۆ پۆلەکانی چوار، پێنج، شەش، حەوت و هەشتی بنەڕەتی بۆ بابەتەکانی کوردی، عەرەبی، بیرکاری و کۆمەڵایەتی ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی پشووی فەرمییەوە ئە و تاقیکردنەوانە ئەنجام نەدران و وەزارەتی پەروەردەش هیچ ڕوونکردنەوەیەکی پێشوەختەی بڵاونەکردەوە.[2][1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کۆڵبەرێکی تەمەن 47 ساڵ بە ڕەگەز ڕۆژهەڵاتی دانیشتووی کانی زەردی سەر سنوور لە نزیک چیای مامەندە لە سنووری شارەدێی هەڵشۆ سەر بە شارۆچکەی پشدەر بەهۆی تەقینەوەی مین گیانی لەدەستدا.[3]
- دیداری ڕۆشنبیری و هونەری محەمەد ساڵح دیلان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە هونەرمەندان و بەرپرسانی حزبی و حکومی و لایەنگران و شەیدایانی هونەر لە تەلاری هونەر لەشاری سلێمانی دەستپێکرد.[3]
- شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی تەقە لە بارەگای پەیوەندییەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕان و زەحمەتکێشانی کوردستان کرا.[4]
- بۆ جارێکی دیکە تۆپخانەکانی سوپای پاسدارانی ئێران دەستیان بە تۆپبارانکردنی ناوچە سنووریەکانی برادۆست کردەوە

بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکان دەڵێت، بەهۆی بۆردوومانەکان تاوەکو ئێستاش 200 خێزان ئاوارە بووە.[4]
- بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێران، دانیشتوانی چەند گوندێک ماڵەکانیان چۆڵکردووە و بەڕێوەبەری شارەدێی سیدەکانیش ڕایدەگەیەنێت: بە هۆی ئەم بۆردومانانەوە 320 دۆنم پاوان و دارستان سوتاون و زیانێکی زۆری ماددیش بەر خەڵکەکە کەوتووە.[2]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: هیچ هێزێکی کۆماری ئیسلامی ئێران نەهاتۆتە سنوری پارێزگای سلێمانی و ئە و دەنگۆیانەش بە بانگەشەی هەڵبژاردن ناودەبات.[2]
- بەهۆی نالەبارپی دۆخی ئەمنیی شارۆچکەی خانەقین و زیادبوونی کردەوە تیرۆریستییەکان لەو شارۆچکەیە، بەشێک لە هاوڵاتیان و چالاکوانانی شارۆچکەکە گردبوونەوە و جەختییان لە بەردەوامیدان بە ناڕەزایەتییەکانیان کردەوە، تا ئەوکاتەی ئاوڕ لە دۆخی ئەمنیی شارۆچکەکەیان دەدرێتەوە.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان
- شیمار حیمۆ چالاکوانی سیاسی لەڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند: چەکدارانی سەربە تورکیا لە شاری عەفرین دوو مامۆستایی ئاینیان بەناوەکانی شێخ بەکر، شێخ مستەفا بەرزنجیان دەستگیرکردوە.[3]
- فەرماندەیی گشتیی قەسەدە بە ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی کۆتا قۆناغی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی جزیرەی بە ناوی شەڕی لەناوبردنی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات ڕاگەیاند.[6]

دەرەوەی کوردستان
- فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا دەگۆڕدرێت و ژەنەڕاڵ پۆل جۆزێف لاکامێرا لەشوێنی ژەنەڕاڵ پۆل فانک دەستبەکار دەبێت.[1]
- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر جارێکیتر ئەکاونتی فەرمیی بەشی تورکیی ئاژانسی هەواڵی فورات (ANF)ی لە تویتەر داخست.[5]
- شەوی ڕابردوو ژمارەیەک لە چالاکوانانی کورد بە خوێن لەسەر دیوارەکانی باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس دروشمیان نووسی، کارمەندانی باڵیۆزخانەکە چەند کاتژمێر سەرقاڵبوون بە سڕینەوە خوێن لەسەر دیوارەکان.[6]
- سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران داوا لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکات ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە باشووری کوردستان جێگیرن، ڕادەستی ئێران بکاتەوە، ئەگەریش ناتوانن ئەوکارە بکەن دەبێت دەریان بکەن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-09-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-09-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-09-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-11
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-09-11
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-09-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 47

2018-09-12



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مانگرتن لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکرد.[1]
- ئیتلاعات بە تەلەفون پەیوەندی بە دوکانداڕە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەکات و داوایان لێدەکات دوکان و مۆڵەکانیان بکانەوە، ئەگەرنا تووشی لێپرسینەوە دەبن.[1]
- بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، لە ماوەی چەند ڕۆژێ ڕابردوودا، سێ زیندانیی لە گرتووخانەی ناوەندیی شاری ورمێ، بە هۆی تووشبوون بە نەخۆشی جۆراوجۆر و بەرێ نەکردنیان بۆ دەرەوەی زیندان بۆ چارەسەری پزیشکی، لە زیندانی ئەو شارە گیانیان لەدەست دا.[5]
- بە هۆی پشتیوانی لە مانگرتنی سەرتاسەریی کوردستان، هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران لە شارەکانی کوردستان، دەستیان کردوە بە ڕەشبگیری و ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنیی کوردیان دەسبەسەر کرد. بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ئەمڕۆ، هێزە ئەمنییەتییەکان شەش چالاکی مەدەنی و سیاسیی کوردیان لە شارەکانی سنە، شنۆ و مەریوان دەسبەسەر کرد. هەواڵنێری کوردپا لە شارەکانی کوردستان شوناسی ئەو شەش چالاکە مەدەنییانەی بە ناوەکانی موختار زارعی سنە، ڕەشید ناسرزادە و خەلیل گەنجی لە شاری سنە و سۆران دانشوەر، ئارام فەتحی و موسلیم بەهرامی لە شاری مەریوان ڕاگەیاندووە.[5]
- سێ چالاکی مەدەنی شاری مەریوان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناوەکانی سۆران دانشوەر، ئارام فەتحی و موسلیم بەهرامی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کران.[4]
- دوو چالاکی کرێکاری، خەڵکی شاری سنە بە ناوەکانی خالید حوسێنی و موزەفەر سالحنیا، شەوی ڕابردوو، لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە، لە شاری سنە دەسبەسەر کران.[5]
- سێ کاسبکاری کورد خەڵکی شاری سەردەشت لە سنووری کێلی ئەو شارە، لە لایەن هەنگی سنووریی سەردەشت دەسبەسەر کرا. شوناسی یەکێک لەو سێ کاسبکارە کوردە پەرویز خەڵکی گوندی زورانی شاری سەردەشت ڕاگەیاندراوە.[5]

باشووری کوردستان
- سوپای تورکیا ئەمڕۆ بە تۆپ و هاوەن گوندی نیزۆر لە ناوچەی حەفتانین لە باشووری کوردستان بۆردومان دەکات.
بەهۆی ئەو تۆپبارانەوە هاوەنبارانەوە ئاگرێکی گەورە کەوتووەتەوە و زیانێکی زۆر بە باخ و ڕەزی هاوواڵتییان گەیشتووە.[2]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بومەلەرزە لە شاری هەڵەبجە ڕووبیدا کە گوڕەکەی 3.0 پلەی ڕێختەر بووە.[3]
- شەوی ڕابردوو لەڵایەن کەسانی نەناسراوە گڕ لەباخەکانی گوندی باوە مەحمودی سەربە شارۆچکەی خانەقین بەردەدرێت و بەشێکی دەسوتێت.[4]
- ئەمڕۆ، لە دژی تۆپبارانەکان و لە سێدارەدانی گەنجانی کوردانی ڕۆژهەڵات، ژمارەیەک لایەنی سیاسی و چالاک و هاوواڵتیانی چوار پارچەی کوردستان گردبوونەوەیەکی ناڕەزایییان لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر ئەنجامدا. [3]
- قائمیقامی کۆیە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە ڕووداوەکەی بۆردومانکردنی بارەگاکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕایگەیاند: بەهۆی ڕووداوەکە 15 کەس شەهید بوون و 42 کەسی دیکەش بریندارببوون کە لەئێستادا تەنها دوو کەس لە نەخۆشخانەکان ماونەتەوە.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: لەمەودا بەکارهێنانی مۆبایل لەناو هۆڵەکانی نەشتەرگەری و چاودێری بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەهۆی تەقینەوەی مینێکی چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە عەفرین منداڵێک ژیانی لەدەستدا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆشکی سپی لەبارەی هێرشەکانی ئێران بۆ سەر عێراق ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە و لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، ئێران بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لە هێرشەکان بۆ سەر هاوواڵتیانی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانیان لە عێراق.[2]
- بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی یەنی شەفەق تورکی کە سەر بە ڕەجەب تەیب ئەردۆغانە، ئاشکرایکردووە: ئەمریکییەکان لەڕێگەی پرۆژەیەکەوە هەریەک لە شاری کەرکووک و تەلەعفەر و ناوچە سنووریییەکانی سێگۆشەی تورکی - عێراق - سووری دەخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان.[3]
- چوار کورد بۆ پەڕڵەمانی سوید هەڵبژێردران.[1]
- ئەنجوومەنی کۆمکاری عەرەبی لە 150هەمین کۆبوونەوەیەدا داوای لە تورکیا کرد هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە و دەست لە کاروباری ناوخۆیی عێراق وەرنەدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-09-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-09-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-09-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-12
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 48

2018-09-13



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاتژمێر 1ی نیوەشەو، هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە شاری مەریوان لە نزیک بەنداوی گاران، تەقەیان لە ماشینێکی تویوتا کرد و لە ئاکامدا شۆفێری ئەو ماشینە کە کاسبکارێکی خەڵکی شاری بانە بووە، گیانی لەدەست داوە. هەواڵنێری کوردپا لە شاری مەریوان، شوناسی ئەو کاسبکارە کوردەی بە ناوی زانا محەممەدی، تەمەن 24 ساڵ، کوڕی ئیسماعیل خەڵکی شاری بانە ڕاگەیاندووە.[3]
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئەمرۆ، لە بەیاننامەیەکدا نیگرانی خۆی لە باردوخی دوو زیندانی کورد (هۆشمەند عەلیپور و محەمەد ئوستاد قادر)، لە ئێران دەربڕی. و تۆمەتانەشی کە بۆیان دروستکراوە، بەدرۆدەخاتەوە.[4]
- فەرهاد عەبدوڵڵاپوور، برای هیدایەت عەبدوڵڵاپوور زیندانی سیاسیی کورد مەحکووم بە ئێعدام پاش لێپرسینەوە لە دادگای شنۆ بۆ زیندانی ئەو شارە گواستراوەتەوە.[3]
- چالاکێکی بواری مافی مرۆڤ، بە ناوی سورەیا خدری، ئەندامی دامەزراوەی خێرخوازیی ڕوجیار کوردستان لە سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[3]
- سێ هاوواڵتیی کورد لە شنۆ، بە ناوەکانی سالح پاشایی، سادق پاشایی و خوسرەو قودرەت، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان، ئەو سێ هاوواڵتییە کوردەیان بە دەست و چاوبەستراوەیی لە بەر هەتاو ڕاگیراتووە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: هێزە ئیتلاعاتییەکان، ئەو سێ هاوواڵتییە کوردەیان، بە تۆمەتی پشتیوانی لە مانگرتنی گشتیی خەڵکی کوردستان دەسبەسەر کردووە.[3]

باشووری کوردستان
- سەرچاوەیەک لە حەشدی شەعبی لە حەویجە ڕایگەیاند، هێزەکانیان چوار تەرمیان دۆزیونەتەوە، کە لەگەڵیاندا سێ ناسنامەی هێزەکانی پێشمەرگە هەیە، ئەوەی دیکە کەسێکی سڤیلی خەڵکی پارێزگای زیقارە. بەپێی زانیارییەکان، سێ لەو تەرمانە پێشمەرگەن و لە شەڕی دژی داعش لە ساڵی 2014 شەهیدبوون و تەرمەکانیان کەوتووتەنە دەست داعش، بە ناوەکانی زیاد حەوێز ڕەشید، هۆشەنگ عەبدوڵڕەحمان شاهین، ڕەجەب حەسەن شاهین.[1]
- لیوا قارەمان کەمال، جێگری سوپاسالاری هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، ڕووفاتی ئەو سێ پێشمەرگەی دۆزراونەتەوە هی پێشمەرگە دیلەکان نین، بەڵکو ئەو سێ پێشمەرگەیە لەلای وەزارەتی پێشمەرگە بە شەهید ئەژمارکراون؛ کەسوکارەکانیان دەزانن شەهید بوون و مووچە شەهیدانەشیان هەیە.[1]
- شەوی ڕابردوو لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە دوو کارمەندی کوردی تەندروستی نەخۆشخانەی حەفتەغار لە داقوق دەرفێنن. ئە و دوو کارمەندە کوردن و ناویان (سەباح تاهیر عەبدولغەفوور و نەوشیروان محەمەد مەحمود)ھ و کارمەندی نەخۆشخانەی حەفتەغار-ن لەگوندێکی داقوق.[2]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، سوپای تورکیا لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگی و ئێران لە ڕێگەی تۆپخانەکانییەوە تۆپباران و بۆردومانی ناوچە سنورییەکانی شارەدێی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆرانی دەستپێکردوە.[4]
- بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی ئۆفیسی دهۆکی کۆمیسۆنی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای دهۆک ڕایدەگەیەنێت، لە سنوری پارێزگای دهۆک زیاتر لە 30 کاندید بە کۆژمەی جیاجیا سزادەدرێن.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا کە هێڵی جەرابلووس، ئەختەرین، مارای، عەزاز و باب-یان داگیرکردووە، جارێکی دیکە ناوچەی تل ڕەفعەت و گوندی شێخ عیسایان بۆردومان کرد کە دەکەونە سنووری کانتۆنی شەهبا لە هەرێمی عەفرین.[5]
دەرەوەی کوردستان
- فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران دەڵێت: تۆڵەکردنەوەی ئەم دواییانەی سوپا لە هێزەکانی پێشمەرگەی (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حدک)، پەیامێکی پڕ مانا بوو بۆ دوژمنەکانمان و بە تایبەت ئە و زلهێزانەی کە پێیانوایە دەتوانن ئامانجە گلاوەکانیان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن.[4]
- بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنێکی لێکۆڵینەوەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، سوپای تورکیا لە عەفرین یاسا نێودەوڵەتییەکانی پێشێلکردووە و ئەو گرووپە چەکدارانەش کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتیدەکرێن ئاژەزوومەندانە خەڵکیان گرتوون.[1]
- بڕیاربوو ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ لە ئەمەریکا پیشانگایەکی وێنەیی کلتوری و پێکەوە ژیانی کوردستان بکاتەوە، بەڵام لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک لە تورکیا بەشێک لە تابلۆکان لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئە و وڵاتەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
شار و شارۆچکەکان:	سنە
شار و شارۆچکەکان:	سیدەکان
شار و شارۆچکەکان:	شنۆ
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2018-09-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-13
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 49

2018-09-14



باکووری کوردستان
- مانگرتنی زیندانیانی دۆزی پەکەکە و پاژک لە زیندانەکانی تورکیادا بۆ ئۆجالان و زیندانییە نەخۆشەکان لە ڕۆژی سێیەمدایە. مانگرتنەکە وەک هۆشداریپەکە و ئەمڕۆ کۆتای پێدێت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تەرمی کچێکی لاو، تەمەن 15 ساڵ بە ناوی سۆما خەڵکی شاری سنە. لە بان شڵانەی لە شاخی ئاویەر دۆزرایەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو کچە لاوە، بە هۆی کێشەی لەگەڵ باوکی بە شێوەی خۆهەڵواسین، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنابوو.[6]
- پاش بانگەوازی ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنیی شاری مەریوان، خەڵکی مەریوان بە نیشانەی ناڕەزایەتیدەربڕین، پێشنوێژی مزگەوتی مزگەوتی ئەو شارەیان بایکوت کرد.[6]
- دوو هاوواڵاتیی کوردی خەڵکی شاری سەقز، بە ناوەکانی محەمەد یادگارنوین و فەرشید نیکبین، بە تەقەی دەستوپەیوەندییەکانی حکوومەتی لەو شارە پێکران و هەروەها چەند گوللەیەک بەر ماشینی فواد مەولوودیش کەوتووە.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەعرووف خۆشمەرام، کوڕی جەبار خەڵکی گوندیباوان، سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بە توندی بریندار بوو.[6]
باشووری کوردستان
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هاوپەیمانی بۆ دیموکراسی و دادپەروەری لە سلێمانی کۆبوونەوە، سەرچاوەکان باس لە یەکگرتنەوەی ئەم دوو حیزبە دەکەن.[4]
- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا موسڵ ڕایدەگەیەنێت: ئەنجومەنی پارێزگا و ئیدارەی پارێزگای موسڵ لە ئەنجامی ئە و دۆخە خراپە ئەمنییەی کە لە شەنگال هەیە بەهۆی ئە و هێزانە لەوێ هەن ناتوانێت لە ئێستادا گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵبداتەوە.[3]
- لە ترسی تۆپبارانی کۆماری ئیسلامی ئێران خوێندن لە خوێندنگەیەکی سنووری شارەدێی سیدەکانی سەربەشارۆچکەی سۆران دەوەستێت. فاخیر شێخۆ، بەڕێوەبەری خوێندنگەی بنەڕەتی (بن ڕەشکین)ی تێکەڵاو ڕایدەگەیەنێت: ناکرێت ژیانی خوێندکارەکانمان بخەینە مەترسیەوە، بۆیە تا دۆخەکە ئاسایی نەبێتەوە و تۆپباران بەتەواوی نەوەستێت دەرگای خوێندنگەکە

دادەخەین.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی بەرەی شامیی سەر بە سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی شێراوای عەفرین 3 شوانیان ڕفاند. بەپێی زانیارییەکان چەتەکان ئەو 3 شوانەیان ڕفاندووە بۆ زیندانی باسوتێ، کە لە ناو خەڵکدا بە زیندانی قەڵا و ئەشکەنجە قورسەکانی ناوبانگی دەرکردووە. ناوی شوانە ڕفێنراوەکان بریتین لە کاوە عادل حەج ئەواش، عەبدۆ حوسێن حوسێن و مەزڵوم عەبدۆ حەمۆ.[2]
- ئەمشەو لە شاری منبج تەقینەوەیەک ڕوویداوە. ڕاگەیەنرا تەقینەوەکە لە نزیک نەخۆشخانەی ئەمەل-ی شارەکە ڕوویداوە و ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی جۆری کیا تەقیوەتەوە. بەپێی زانیارییەکان تەقینەوەکە قوربانی لێکەوتووەتەوە و بریندار هەیە.[2]
- لە بۆسەیەکی گروپی داعشدا لە ڕۆژهەڵاتی سوریا، زیاتر لە 20 شەڕڤانی هێزەکانی سوریای دیموکرات شەهیدبوون. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕوانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ، ڕێکخراوی داعش لەو بۆسەیەدا سودی لە خراپی کەشوهەواو خۆڵبارینی ناوچەی هەجین وەرگرتووەو تیایدا زیاتر لە 20 شەڕڤانی هەسەدەیان شەهیدکردووە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئێریک باهون، وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا (پنتاگۆن) ڕایگەیاند: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هەماهەنگیی لەگەڵ تورکیای هاوپەیمانی، لە بەکارهێنانی بنکەی ئەنجەرلیک بەردەوام دەبێت. ڕاشیگەیاندووە: تورکیا بە نسبەت ئەمریکاوە هاوبەشێکی جێگیرە لە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆرستانی داعش و هەردوو وڵاتیش هاوپەیمانن لە پەیماننامەی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ)دا.[1]
- جێگری سەرۆک وەزیرانی ڕووسیا ئاشکرایکرد، تورکیا سوورە لە کڕینی چەکی سیستەمی مووشەکی بەرگریی ئاسمانیی ڕووسی لە جۆری S-400. شوگاییف ڕاشیگەیاند، سەرەتا بڕیاربوو سیستەمی S-400 لە ساڵی 2020 ڕادەستی تورکیا بکرێت، بەڵام لەسەر داوای تورکیا، هەنگاوەکان بەخێرایی هاوێژران و بڕیاردرا لە ناوەڕاستی 2019 تەواوی پڕۆژەی سیستەمەکە بە پاتریۆتەکانییەوە ڕادەستی حکومەتی ئەنقەرە بکرێت.[5]
- ئاژانسی فیتچ نێودەوڵەتی بۆ پۆلینی دڵنیایی، پۆلینی چوار بانکی گەورەی تورکیای دابەزاند، کە بریتین لە بانکەکانی ئەدانە بانک (Anadolubank) فیبا بانک (Fibabanka) شکر بانک (Şekerbank) أودیا بانک (Odeabank).[3]
- حکومەتی هۆڵەندا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بڕیاریداوە تاوەکو کۆتایی ساڵ فڕۆکە بەشدارەکانی شەڕی داعش لە عێراق و سووریا بکێشێتەوە. بەڵام بۆ پرسی ئاوەدانکردنەوە و جێگیرکردنی ئاسایش 50 سەرباز لە هەرێمی کوردستان جێگیردەکات.[5]
- کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران-ژنێف، لە 39هەمین دانیشتنی شۆرای مافی مرۆڤی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی مەحکووم کرد.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
ولّات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-14
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-15

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-14
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 50

2018-09-15

ئاگاداری ئاگاداری
بۆ بەرز راگرتنی یادی شەهیدانی مووشەک بارانی قەڵا و بنکەی دێموکرات، لە لایەن کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، کۆڕیادێک پێک دێنین. بەشداریتان وەڵامێکی گورچوو بڕە بۆ کۆماری تیرۆریستیی ئیسلامیی ئێران و ئەمەگناسییە بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەم تێکۆشەرانە.
شوێن: Kanalvägen 10, Scandic Hotel infracity ,194 61
Upplands Väsby
رێکەوت: شەممە، ٢٤ی خەرمانان بەرانبەر بە ١٥ی سپتامبر
کاتژمێر: ١٤ تا ١٧



رۆژهەڵاتی کوردستان
- جێگری بەڕێوەبەری ئابوری ناوچەی ئازادی ماکۆ، لە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکرایکرد کارگەیەکی تواندنەوەی ئاسن لە شاری ماکۆ لە ناوچەی ئازادی ئە و شارە دەکرێتەوە.[2]
- شەوی ڕابردوو لەسەر بەرزاییەکانی ئاویەری سنە، ژمارەیەک چالاکوان گردبوونەوە و یادی زانیار مورادی، لوقمان مورادی و ڕامین حسێن پەناهییان کردەوە.[1]
باشووری کوردستان
- قوباد تاڵەبانی سەردانی پارێزگای هەڵەبجەی کرد، هاوکات هەر ئەمڕۆ لەگەڵ بازرگانان و وەبەرهێنەرانی هەڵەبجە کۆدەبێتەوە و بەبڕی 11 ملیار دیناریش پڕۆژەی ڕاگیراوی هەڵەبجە وەگەر دەخاتەوە.[2]
- کونسۆڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر ڕایدەگەیەنێت، پڕۆگرامێکی ئابوری جێبەجێ دەکەن کە هەڵی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئاوارە و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت.[2]
- سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرایکرد، ئە و سکاڵایانەی لەسەر کۆمپانیاکانی فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە ڕژێمی بەعس تۆمارکراون، ڕادەستی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا کراون، لەم هەفتەیەشدا ڕادەستی کۆمپانیا کان دەکرێت و دادگاش بڕیار لەسەر بڕی قەرەبووەکان دەدات.[2]
- هەرمان وەتمان، ڕۆژنامەنووسی کورد، خەڵکی شاری مەهاباد و بەرپرسی ئاژانسی هەواڵدەریی هاژە بە تۆمەتی تێکدانی بیری گشتی و پشتیوانی لە مانگرتنی گشتیی کوردستان بانگهێشتی ئیدارەی پولیسی فەتای شاری مەهاباد کرا و دوای چەند سەعات لێکۆڵینەوە و هەڕەشە بە دانانی بارمتە بە شێوەیەکی کاتی ئازاد کرا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەدیلگیرانی نۆ شەرڤان لە عەفرین لەلایەن چەتەکانەوە، بەرپرسانی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە ئەو هەواڵەیان بەدرۆخستەوە. بەرپرسانی یەپەگە ڕایانگەیاند، کە هەواڵی لەو بابەتە درۆن و بە هەندێک مەبەستی تایبەت لەلایەن میدیای تورکەوە بڵاودەکرێنەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- دانیشتنی پەرڵەمانی ئێراق بەڕێوەچوو، بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران کە بە پرۆسەیەکی نهێنیدا تێپەڕ بوو، محەمەد

حەلبوسی بووە سەرۆکی نوێی پەرلەمانی عێراق.[3]
- ئاژانسە هەواڵییەکانی ئێران، ڕایانگەیاندووە، کە چەند کەسێکی سەربە کۆمەڵە ئەمرۆ هێرشیان کردووەتە سەر باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس. ئەو ئاژانسانە ڕاشیانگەیاندووە، کە پۆلیسی فەرەنسا لە بەرامبەر هێرشەکەدا بەرگرییان لە باڵیۆزخانەکە نەکردووە.[1]
- جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایدەگەنێت: ئەگەر بێت و ئەوروپا لە بەرامبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی بێ هەڵوێست بێت و کردەوەکانی ئەمریکا ڕێککەوتنی ئەتۆمی بخاتە مەترسییەوە، تاران پێتاندنی یۆرانیۆم زیاد دەکات.[2]
- جیۆ ڕۆبنسن، سەربازێکی پێشووی بەریتانیا، کە بە تۆمەتی شەڕکردن لە ڕیزەکانی یەپەگە لە تورکیا دەستبەسەربوو، لەلایەن دادگای تورکیاوە سزای زیندانیکردنی بۆ ماوەی 7 ساڵ و نیو بەسەرداسەپێندرا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-15
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-15
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 51

2018-09-16



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرەڕای فشار و ڕێگری هێزەکانی ڕژیمی ئێران نەیتوانی ڕێگری لە بەڕێوەبردنی پرسەی شەهید ئارگەش کارزان لەشاری کامیاران-ی سەربەپارێزگای سنە بکەن، بەهەزاران هاوواڵاتی بەشداریان لەپرسەی شەهیدا کرد.[1]
- دوو بریندار گەیەندرانە نەخۆشخانەی شارەدێی سیدەکان-ی سەر بە پارێزگای هەولێر، کە لە کوێستانەکانی کێلەشین-ی سەر بە شارەدێی سیدەکان بە فیشەک بریندارببووبوون. ئەو دوو کەسە کۆڵبەرن بەناوەکانی (نیعمەت مەحمودیی و محەمەد)، کە لەکاتی دەربازکردنی سنووری دەستکردی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە شنۆ وە بۆ کێلەشین، پاسدارانی ئێران تەقەیان لێکردوون و بریندارییان کردوون.[3]
- ژنێکی لاو خەڵکی گوندی گردکسپیانی سەر بە شاری پیرانشار، بە ناوی عایشە گوڵمحەمەدی تەمەن 15 ساڵ، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. سەرچاوەیەکی ئاگادار، لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: ئەو ژنە لاوە ماوەی 16 ڕۆژە ژیانی هاوبەشی پێک هێناوە و پاش هێنانەوەی مێردەکەی بۆ ماڵی باوکی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.[6]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، لە سنووری شاری سەردەشت دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکانی ئێرانەوە و لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەحیم باپیری بە سەختی بریندار دەبێت.[6]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە کوێستانەکانی مێرگە چەکۆ لە نزیک گوندەکانی زێویە و ماشکانی شاری پیرانشار، تەقەیان لە دەیان سەر ئەسپی بارهەڵگری کاسبکاران کرد. هێزە نیزامییەکان پاش کوشتنی ئەسپی کاسبکاران، دەستیان بە سەر شتومەکی کاسبکاران داگرت و لەگەڵ خۆیان بردیان و لاشەی کوژراوی ئەسپەکانیان لەو دەشتە بەجێ هێشتووە.[6]
باشووری کوردستان
- بەهۆی جموجۆڵی داعشەوە نائارامییەکی زۆر لە ناوچە ناکۆکەکانی باشووری کەرکووک و دیالە هاتۆتەئاراوە. داعش ڕۆژانە خەڵک دەکوژێت و درفێنێت.[2]
- بەشیر خەلیل حەداد، بووە جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق.[2]
- بومبەلەرزەیەک بە گوڕی 3,5 پلە لە سەنتەری چیای ئەزمڕی نزیک سلێمانی ڕوویدا.[2]
- لە ئۆفیسی سەرەکی منداڵپارێزی کوردستان لە سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە بەرپرسانی حکومی و حزبی یادی دامەزراندنی 27 ساڵەی منداڵپارێزی کوردستان کرایەوە، لەیادەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرا بە ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی و کەسایەتی سنووری ئیدارەی سلێمانی.[4]
- لەشارۆچکەی خورماتوو، پاسکیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیەوەوە، جگە لە زیانی مادەی، هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبوو.[3]
- هاوواڵتییەک تەقە لە ژن و کچەکەی دەکات و لەپاش گیان لەدەستدانی کچەکەی خۆیشی دەکوژێت ئەوەش بەپێی ڕاگەیەندراوێک کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بڵاویکردووەتەوە.[4]
- ئۆرسۆلا فۆن دێر لاین، وەزیری بەرگری ئەڵمانیا گەیشتە هەولێر.[5]
- لە دهۆک، فیستیڤاڵی ساڵانەی تریێ و هەنگوین بەڕێوەچوو.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەرمی ژنە شەڕڤانی یەکینەکانی پاراستنی ژن-یەپەژە هێلێن جوودی یەکەمین شەهیدی یەپەژە-ی شاری ڕەقا بەمەراسیمێک بەخاک سپێردرا.[1]
- نوری مەحمود وتەبێژی یەینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە ڕایدەگەیەنێت، کە بانگەشەی بەشداربوونی یەکینەکانیان لە

ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنی ئیدلبدا ڕاست نییە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراق ئەمڕۆ بەسەرۆکایەتی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیران کۆبوونەوەکەدا چەند بڕیارێکی گرنگ دەرکرا، لە ناویاندا بڵاوکردنەوەی هێزەکانی پاسەوانی سنورە بە درێژایی سنورەکانی نێوان عێراق و تورکیا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-16
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-17
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-16
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 52

2018-09-17



باکووری کوردستان

- سوپای تورکیای داگیرکەر ئامادەکاری دەکات بۆ ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن بۆ سەر ناوچە شاخاوییەکانی چیای جودی لە پارێزگای شرنەخی باکووری کوردستان.[2]
- سوپای تورکیا لە بدلیس ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەکات و لە 8 گوند و 3 گوندەنۆک بۆ ماوەی یەک ڕۆژ قەدەغەی هاتووچوی ڕاگەیاندووە.[2]
- پارێزگاری شاری وان تابلۆی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی و ئەحمەد عارف لەگەڵ هۆنراوەی گۆرانییەکانی تەحسین تەها و محەمەد عارف جزراوی لە کۆڵانی هونەر لابرد. بەبیانووی ئەوەی وشەی گوماناوییان تێدایە.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- عالیە جیهاندیدە، تەمەن 27 ساڵ کچی محەممەدئەمین، خەڵکی شاری مەهاباد و دانیشتووی شاری پیرانشار بە هۆی هەڕەشەی هێزە ئیتلاعاتییەکان، دیار نەماوە و چارەنووسی نادڕوونە.[3]
- چالاکێکی کورد بە ناوی ئەحمەد ئەمینی کوڕی خودادا، لە دادسەرای گشتی و ئینقلابی شاری سنە، بە تۆمەتی بێڕێزی بە ڕێبەری بەپێی مادەی 154 یاسای سزای ئیسلامیی کتێبی تعزیرات، بە شەش مانگ زیندان مەحکووم کرا.[3]
- هونەرمەند ڕەسوڵی نادری لە نەخۆشخانەی مەهاباد کۆچی دوایی کرد.[6]

باشووری کوردستان

- لە بەرامبەر خەرجنەکردنی پارەی گەنمەکانیان نیوەڕۆی ئەمڕۆ ژمارەیەک لە جوتیارانی سنوری پارێزگای هەڵەبجە و شارۆچکەی سەیدسادق دەستیان بە خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی کردوو بەوهۆیەشەوە ڕێگای سەرەکی پێنجوێن – سەید سادقییان داخست و داوای خەرجکردنی بڕی 12 ملیار و 500 ملیۆن دیناری شایستەی دارایی پارەی گەنمەکانیان دەکەن.[1]
- وەزیری بەرگری ئەڵمانیا ڕایگەیاند، نزیکەی 150 ڕاوێژکارمان لە هەرێمی کوردستان جێگیرکردوون و لە داهاتوودا ژمارەیان بۆ خواروووی 100 ڕاوێژکار کەمدەکەنەوە.[4]
- فرۆکە جەنگیەکانی عیراق مۆڵگەکانی تیرۆرستانی داعشیان لە سنوری چیای قەرەچوغ بۆردومانکرد.[5]
- وتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم ڕایدەگەیەنێت: سەرۆکی شارەوانی دۆسڵدۆرف-ی ئەڵمانیا 100 پاسی گەشتیاریی بە دیاری داوەتەوە پارێزگای هەولێر، دەڵێت: گرێبەستێک بۆ ئەم مەبەستە واژۆکراوە و تەنها ماوە پاسەکان ڕادەستی ئیدارەی پارێزگای هەولێر بکرێت.[1]
- نارنجۆکێک لەسەر ڕێگەی هەولێر - کەسنەزان لە نزیک ماجیدی لاند تەقییەوە و کەسێک بە سووکی بریندارببووە.[4]
- چەکدارانی داعش لە سنووری شارۆچکەی گوڵاڵەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین گوندی (قایە)ی عەرەبنشین کۆنترۆڵدەکەن. فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەڵێت، سێ کەسێ لە دانیشتووانی گوندەکە بە سەختی بریندارببوون.[4]

دەرەوەی کوردستان

- عەلی ڕەزا تەنگسیری، فەرماندەی هێزی دەریایی سوپای پاسدارانی ئێران لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: کونترۆڵی تەواوی کەنداوی فارس و گەرووی هورمز لە دەست هێزی دەریایی سوپا و کونترۆڵی کەنداوی عەممانیش لە کونترۆڵی هێزە چەکدارەکانی ئێراندایە.[1]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جارێکی دیکە هەڕەشە لە وڵات و لایەنانە دەکات کە هاوکاری ئابووری ئێران دەکەن.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ چەند ئەندامێکی گرووپێکی یۆنانی هێرشیانکردە سەر باڵەخانەی باڵیۆزخانەی ئێران لە یۆنان، بەپێی

میدیاکانی یۆنان ئەوانەی هێرشەکەیان کردووە ئەندامانی گرووپی ئانارشیست بەناوی 'rووی کوناس' بوونە. گوتەبێژێکی گرووپە لە فەیسبووک نووسیویەتی: ئەم هێرشە وەک ناڕەزایەتی بەرامبەر بە سەرکوتکردنی کوردەکان لەلایەن حکومەتی ئێران ئەنجامدراوە.[4]
- نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی پەنابەران لە تورکیا ڕایدەگەیەنێت، بەرەبەیانی ئەمڕۆ دوو پەنابەری کوردی باشوور لەکاتی کۆچکردنیان لەدەریاپی ئیجەوە بۆ کەناراوەکانی یۆنان و ئیتاڵیا خنکاون.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕەتیدەکاتەوە بڕێت مەگگۆرک، نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لەگەڵ قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران کۆبووبێتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2018-09-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-09-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-09-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-09-17
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 53

2018-09-18



باکووری کوردستان
- لە 3 گەڕەک و 2 گوندی ناوچەی دهۆ لە پارێزگای سێرت قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیاندرا. قەدەغەکارییەکە بۆ ئامادەکارپی ئۆپراسیۆن ڕاگەیاندراوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاشم حوسێن پەناهی چالاکی مەزهەبی و یەکێک لە بەرپرسانی دەفتەری حەسەن ئەمینی سەرۆکی شۆرای مەکتەب قورعانی کوردستان، بەهۆی بانگهێشتێکی فەرمییەوە خۆی بە دادگای دادسەرای تایبەت بە ڕۆحانیەتی شاری هەمەدان ناساندووە، کە ناوبراو تۆمەتی چالاکی تەبلیغی دژی نیزام و تێکدانی بیروڕای گشتی بەسەردا سەپاوە.[6]
باشووری کوردستان
- لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا کێڵی شاعیران سالم و کوردی و ئەمین زەکی بەگ لە گۆڕستانی شێخ مارف لە شاری سلێمانی شکێندرا، ئەوەش نیگەرانی ڕۆشنبیرانی شارەکەی لێکەوتەوە، بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری سلێمانیش دەڵێت: دەزگا ئەمنییەکان لێکۆڵینەوەیان دەستپێکردووە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر بۆردومانی هەرێمی مەتینان دەکەن.[4]
- سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان فازل میرانی، لەبارەی قسەی هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتی ڕایگەیاند، لە بەرپرسە باڵاکانی ئەو حیزبە گوێمان لێدەبێت کە قسە لەبارەی ئێمە و حکومەتەوە دەکەن بە خراپی، زۆرپێمان ناخۆشە کە لە بەرپرسانی باڵای ئەو حیزبەوە گوێمان لێدەبێت، بۆیە لەمەودوا یەک قسەمان لەسەر بکەن، ئێمەش سەد قسەمان بۆ گوتن هەیە.[3]
- لەدوای کۆبوونەوەی لە گەڵ وەفدێکی ئەمریکا بەسەرۆکایەتی بریێت ماکگۆرک، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند :ڤیتۆی لەسەر هیچ کاندیدێکی یەکێتی نییە بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق و پشتگیری هیچ کاندیدێکیش ناکات، بەڵکو ئەنجومەنی سەرکردایەتی کاندیدی یەکێتی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان دەکات.[1]
- گروپی هەڵمەتی دادپەروەری لە هەولێر لە بارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گردبونەوەیەکیان ئەنجامداو داوایان کرد خانەنشینی پەرلەمانتاران نەمێنێت.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ هاوڵاتییەکی کورد لە کەرکووک بەناوی (یونس ستار) تەمەن (46 ساڵ) لەماڵەکەی خۆیدا کوژرا.[1]
- بەمەبەستی زنجیرەیەک ڕاوێژ و گفتوگۆ پەیوەست بە دواییەن پێشهاتەکانی پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عیراق فوئاد مەعسوم گەیشتە شاری سلێمانی.[5]
- گەنجێکی دانیشتوی سنوری شارەدێی سیدەکان بە هۆی تەقینەوەی مینەوە پێیدا گیانی لەدەستدا. گەنجەکە تەمەنی 22 ساڵە و ناوی (س.ح.ا) دانیشتوی گوندی ژیلیایی سەر بە شارەدێی سیدەکانە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان لەبارەی دروستبوونی لافاو لە هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، ئەگەری دروستبوونی لافاو لە هەرێمی کوردستان هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی نییە و دووڕە لە ڕاستییەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئیسرائیل جارێکی تر بە موشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی کردەسەر دامەزراوە پیشەسازییەکانی سوریا.[2]
- فڕۆکەیەکی سەربازی ڕوسیا بە هەڵە لەلایەن هێزی بەرگری ئاسمانی سوریاوە خرایە خوارەوە.[2]

- لە ئۆپەراسیۆنێکدا بۆ سەر ڕێکخراوی داعش لە قەیسەری، عەبدولخالق کوردی، ئەمیری سەربازی شنگالی ڕێکخراوی داعش و کوڕەکەی مەهدی کوردی، کە لە تەلەعفەر کاریان بۆ ڕێکخراوە کردووە، دەستگیرکران.[3]
- سێناتۆرێکی ئامریکایی هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی بە بەشێک لە هەوڵەکانی حکوومەتی ئێران بۆ نائەمن کردنی ناوچەکە زانی. سێناتۆڕ مارکۆ ڕووبیۆ لە ئەندامانی باڵای سنای ئامریکا لە تووێتێکدا هێرشی مووشکی سپای پاسداران بۆ سەر مەقەڕەکانی حیزبی دێموکراتی مەحکووم کرد و خوازیاری وڵامی توند بەو هێرشە مووشەکییەی حکوومەتی ئێران بوو.[6]
- بەلەمێکی کۆچبەران بە 21 کۆچبەری خەڵکی باشووری کوردستانەوە لە ئاوی ئیجەدا نوقمبوو، دوو خوشکی خەڵکی دەربەندیخان و ئافرەتێکی خەڵکی سلێمانی خنکان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: سێرت
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-09-18
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-18

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-18
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 54

2018-09-19



باکووری کوردستان

- بەهۆی بۆردومانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە چیای زەلێ سەر بە ناوچەی نازمیای دێرسم ئاگرکەوتەوە و سات بە سات ئاگرەکە زیاتر تەشەنە دەکات.[5]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- شەوی ڕابردوو، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە ئەنجامی دەسڕێژ لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، کۆڵبەرێکی کوردیان لە سنووری شاری چالدێران کوشت. شوناسی یەک لەو کۆڵبەرە کوردە بە ناوی نعمەت شەهبازی حەیدەرانلوو، تەمەن 30 ساڵ، خەڵکی گوندی عیسا گۆلێکی شاری چالدێران ڕاگەیەندراوە. ئەو کۆڵبەرە کوردە، خێزاندار و باوکی دوو منداڵ بووە.[1]
- لەگوندی بان زلانی لە شارۆچکەی دالاهۆی سەربە پارێزگای کرماشان، بە ئامادەبوونی بەناوبانگترین موزیک ژەنەکوردەکانی ڕۆژهەڵات فیستیڤالی ئاوازەکانی تەنبورو میوزیکە کوردیەکان بەڕێوەدەچێت.[2]
- قادر عێزەتی خەڵکی شاری مەریوان یەکێک لە بریندارببووانی مووشەکبارانکردنی مەقەرەکانی حیزبی دێموکرات بە هۆی سەختیی برینەکەیەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانییە گیانی لە دەستدا.[1]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، دەستیان بە سەر 320 سەر مەڕومااڵتی هاووڵاتییانی کورد لە گوندی سنووریی بیرواسسەر بە بەشی نەوسووددا گرت.

باشووری کوردستان

- لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نامەی گەرانەوەی (بەرهەم ئەحمەد سااڵح) بۆ ناو یەکێتی پەسەندکرا و بە فەرمی بووە کاندیدی یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری ئێراق.[4]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەستیان کردووە بە بۆردومانکردنی دوو گوندی سنوری شارۆچکەی ئامێدی. بۆردومانەکە هەردوو گوندی سێرگێ و سەرگەلی دەڤەری نهێلی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی گرتووەتەوە.[6]
- سوپای تورک گوندێکیان لە ناوچەی کانی ماسیی سەر بە ئامێدی هاوەنباران کرد و بەهۆیەوە جووتیارێکی دانیشتووی گوندەکە بریندارببوو.[3]
- هاوپەیمانیی بۆ دیموکراسیی و دادپەروەریی ڕایگەیاند، کە بەرهەم سااڵح نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی هاوپەیمانی کردووە و هاوپەیمانیش نامەکەی قبووڵکردووە، بڕیاریشە لە داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی

فراوانی هاوپەیمانی سەبارەت بە چۆنییەتی و شێوازی بەڕێوەبردنی ئەو حزبە ئەنجامبدرێت.[3]
- ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو لە گەڕەکی تسعینی شاری کەرکووک تەقیەوە و ژمارەیەک بریندار لێکەوتووەتەوە.[6]
- لاهور شێخ جەنگی ڕایدەگەیەنێت بە نەیارانی یەکێتی دەڵێم سنوور مەبەزێنن، ئەگەر سنور ببەزێنن ئەوا بەدەنگەکانمان ئاودیوی سنوریان دەکەینەوە.[2]
- قایمقامیەتی شارۆچکەی خانەقین، بەهۆی ڕۆژی عاشوراوە قەدەغەکردنی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل و هاوڵاتیانی بۆ ناو قەزاکە ڕاگەیاند و بڕیارەکە تاوەکو نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە بەردەوامی دەبێت.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ هەزاران هاوڵاتیانی شاری کۆبانێ لەسەر بانگەوازی تەڤگەرێی جڤاکی دیموکرات، تەڤ-دەم، ڕژانە سەر شەقامەکان و داگیرکردنی عەفرین و گۆشەگیرکردنی ئۆجالانیان شەرمەزارکرد.[3]

دەرەوەی کوردستان
- ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ لە ڕاپۆرتێکدا باس لە ئۆپەراسیۆنە ئاسمانی و زەمینییەکانی دەوڵەتی تورک دەکات بۆ سەر باشوری کوردستان و، ڕایدەگەیەنێت ئەو ناوچانەی هێرشیان دەکەنە سەر تەنیا هاوڵاتیانی مەدەنییان تێدایە و هیچ بنکەیەکی پەکەکەی لێنییە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامێدی
شار و شارۆچکەکان:	پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	دێرسیم
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	ورمێ
شار و شارۆچکەکان:	کرماشان
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئێراق
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-19
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 55

2018-09-20



باکووری کوردستان
- کاتژمێر 10:00ی بەرەبەیانیی ئەمڕۆ، ئیبراهیم ئایهان، کە لە دوو خولی پەرلەمانی تورکیادا پەرلەمانتاری شاری ڕوهای باکوری کوردستان بوو لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان، بەهۆی جەڵتەی دڵەوە، لە شاری هەولێری هەرێمی کوردستان کۆچی دوایی کرد.[2]
باشووری کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە، دانیشتوانی 2 گوندی شارەدێی سەنگەسەری شارۆچکەی پشدەر، بەهۆی کێشەی زەویوزار ڕووبەڕووی یەکتری بونەتەوە، شەڕی نێوانیان بەردەوامە و بە گوێرەی وتەی پۆلیسی ڕاپەڕینیش: لە شەڕەکەدا کوژراوێک بەناوی قارەمان حەسەن هەیە. هەر ئەمڕۆ پاش دامرکاندەوەی شەڕەکە پاشتر هەڵیدایەوە پۆلیسێکیش لە ناوبژیدا کوژرا.
پاشان پۆلیس نزیکەی 22 کەسی لە هەردوولا دەستگیرکرد[1][2]
- لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەخێرهاتنەوەی د. بەرهەم ئەحمەد سالح بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتی و ئومێدی خواست بەهەموو لایەک کار بکرێت بۆ سەرخستنی زیاتری یەکێتی و یەکدەنگی لە کوردستان.[3]
- لەبارەی پاشکەوتکردنی مووچەی سێ مانگی کۆتایی ئەمساڵ وتەبێژی حکومەتی هەرێم دەڵێت: حکومەت مانگ بە مانگ مووچەی سەرجەم چین و توێژەکان دابەشدەکات و ئەگەر داهاتی هەرێمیش زیادبێت، پاشەکەوت بەیەکجاریی نامێنێت.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە خانەقین بۆمبێکی چێندراو تەقیوەتەوە.[2]
- مزگەوتی حسینیە لە سلێمانی ئەمڕۆ لە ڕێوڕەسمێکدا لە شاری سلێمانی یادی عاشورا_یان کردەوە.[3]
- سەرچاوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: بەرهەم سالح پالێوراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق، پشتگیریی مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیی بەدەستهێناوە بۆ وەرگرتی پۆستەکەی، دەشڵێت: دوور لە چاوی میدیاکان کۆبوونەتەوە.[1]
- لە گەڕەکی ڕاپەڕینی شاری سلێمانی باوکێک دوو منداڵەکەی فڕێدەداتە سەر شەقام و هێزەکانی پۆلیسیش دەستبەجێ دەگەنە شوێنی ڕوداوەکە و تۆمەتبارەکە دەستگیردەکەن.[3]
- وەزارەتی پەروەردەی هەرێم گۆڕانکاری لە بڕیاری پێشووی خۆیدا کرد و بڕیاریدا بە دواخستنی پرۆسەی دەستپێکردنەوەی خوێندنی ئەمساڵ بۆ 2ی تشرینی یەکەم.[1]
- لازیمە خێرۆ، کچە کوردێکی ئێزدی بوو لەدەست داعش ڕزگاری بوو و گەڕایەوە نیو ماڵباتەکەی خۆی لە شنگال.[4]

- کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، مەلا سەلیم شوشکەیی بۆ بەربژێری سەرۆک کۆماری ئێراق هەڵبژارد.[6]
- لیوا فازل نەجیب بەرواری، فەرماندەی فیرقەی زێرین-ی سوپای عێراق کۆچی دوایی کرد، خزمێکی نزیکی ئە و فەرماندەیەش دەڵێت: بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کردووە.[1]

رۆژئاوای کوردستان

- سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئەمڕۆ کاتژمێر 15:30 دەستڕێژپی گولەیان لە هاوڵاتیانی سیڤیلی گوندی خراب کۆرک کرد لە قامیشلۆ کە 500 مەتر لە سنووری تورکیا دوورە. لە ئەنجامدا منداڵێک بە ناوی عەبدوڵا بەرزان کە مەڕەکانی خۆی دەلەوەڕاند، بریندار بوو.[5]

دەرەوەی کوردستان

- ئاژانسی ڕۆیتەرز لەڕاپۆرتێکدا لەزاری بەرپرسانی فرەنسییەوە، دەڵێت: حکومەتی فرەنسا ناردنی باڵیۆزی وڵاتەکەی بۆ تاران هەڵپەساردوە تا ئەوکاتەی زانیارییەکانمان لەسەر هەوڵ بۆ ئەنجامدانی تەقینەوە لە پاریس ڕوونەبێتەوە.[1]
- ئاژانسی هەواڵی بلومبێرگ لە زاری بەرپرسێکی ئەمریکی ئاشکرای دەکات کۆمپانیای ڤۆڵکس واگن کۆتایی بە گشت چالاکی و پەیوندییەکانی لەگەڵ ئێران دەهێنێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	کۆمەڵی دادگەریی کوردستان
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئێراق
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-20
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-20

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 56

2018-09-21



باکووری کوردستان
- دانیشتنی دۆزی بەکرکایا هاوشارەداری وان لە دادگا دواخرا و بڕیار درا لە زیندان بمێنێتەوە.[4]
- سوپای تورکیای داگیرکەر بەبەشداریی جاشەکان لە دەوروبەری گوندی زۆراڤا کە دەکەوێتە نێوان ناوچەکانی کاتۆ ژێرکا و بەستا دەستی بە ئۆپەراسیۆنێکی بەرفرەوان کرد.[1]
باشووری کوردستان
- هاوڵاتیانی ئێزدی لە چیای شەنگال جەژنی شێخ ئادی پیرۆزدەکەن.[1]
- بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئابڵوقە ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران، شاندێکی کونسڵخانەی ئەمریکا سەردانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی کرد.[2]
- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم ڕایدەگەیەنێت ئامادەکارییەکانیان بۆ ڕۆژی دەنگدان تەواوکردوە و 28 و 30ی ئەم مانگەش پرۆسەی دەنگدانی تایبەت و گشتی بەڕێوەدەچێت.[3]
- دانیشتوانی گوندی 'عەوامر' لە سنووری شارەدێی قەرەتەپەی سەر بەشارۆچکەی خانەقین-ی پارێزگای دیالە، کە دانیشتوانەکەی نزیکەی 20 ماڵە، بەهۆی هێرشەکانی داعشەوە ئاوارەی شارەدێکە بوون.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ئاشتییەوە لە سلێمانی کەرنەڤاڵی ئاشتی لە پارکی هەواری شار بەڕێوەچوو، کە چەندین چالاکی جۆراوجۆر بەو بۆنەیەوە نمایشکراو بڕیاریشە سبەینێ لە هەڵەبجەی پایتەختی ئاشتی هەمان فێستیڤاڵ بەڕێوەبچێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ماڵی ئێزدییەکانی شارۆچکەی تربەسپی-ی سەر بە کانتۆنی قامیشلوی ڕۆژئاوای کوردستان، بەبۆنەی نزیکبوونەوەی چلەی شەهید مام زەکی شەنگالی، ئەندامی کوردۆناسیۆنی کۆمەڵگای ئێزدی و ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەریی کۆما جڤاکێن کوردستان-کەجەکە، مەراسیمێکی بەبیرهێنانەوەیان ڕێکخست.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-21
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-21
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 57

2018-09-22



باکووری کوردستان
- بۆ ماوەی 6 مانگی دیکە دیداری عەبدوڵڵا ئۆجەلان قەدەغە کرا.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حکوومەتی ئێران چەکوچۆڵی قورسی بۆ شارەکانی سنە و کامیاران هەنارە کردووە. شایەتحاڵان وێنە و فیلمی هەنارەکردنی ئەم چەکوچۆڵە قورسانەیان لە ڕێگاکانی سنە و کامیاران بۆ ئاژانسی کوردپا ناردووە.[6]
باشووری کوردستان
- محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە سەردانێک گەیشتە هەولێر.[3]
- خانێکی گومرگی لەنێوان کەرکووک و سلێمانی لە نزیک ناوچەی چیمەن کرایەوە.[2]
- بۆ یەکەمجار و بەئامادەبوونی ژمارەیکی بەرچاو لە چین و تونێژە جیاوازەکانی شاری هەڵەبجە، یەکەمین کەرنەڤاڵی ئاشتی جیهانی لە شارەکە بەڕێوەچوو، تیایدا چەندین چالاکیی هونەریی جۆراوجۆر پێشکەشکران.[5]
- پێنجەمین فێستیڤاڵی کولتووری جیاوازەکان لە ڕانیە بەڕێوەدەچێت. فێستیڤاڵەکە بە بەشداری 12 گرووپە کە لە چوار وڵاتەوە هاتوون و ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت و ئەمڕۆ دواییین ڕۆژییەتی.[4]
- سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرایدەکات کە حیزبەکەی بەربژێرکردنی بەرهەم سالحی قبووڵ نییە بۆ پۆستی سەرۆککۆمار و دەڵێت، کاندیدی ئێمە لەلایەن بارزانییەوە دەستنیشان دەکرێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- هەفتەی کولتووری کوردستان کە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بەڕێوەدەچێت، لە ڕۆژی دووەمیدا بە نمایشکردنی

مەڕاسیمی ئاهەنگی هاوسەرگیری کوردان بەردەوامە.[1]
- هێرشکرایە سەر نمایشێکی سەربازی لە شاری ئەهوازی ئێران و دەیان پاسدار کوژراون و بریندار بوون.
[2]
وتەبێژی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕایدەگەیەنێت: چوار هێرشبەرەکەی سەر نمایشی سەربازی لە شاری ئەهواز، سەر بە ئەمریکا و موسادن و لە دوو وڵاتی کەندراوی عەرەب پاڵپشتی دارایی و سەربازییان لێدەکرێت و ڕاهێنانی سەربازیان پێکراوە.[2]
- مارک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە کەنالی (سی ئێن ئێن)ی ڕاگەیاند: خودی تاران بەرپرسیارێتی هەر هێرشێکی دەکەوێتە ئەستۆ کە لەلایەن کرێگرتەکانی ئێرانەوە بکرێتە سەر بەرژەوەندیەکانی واشنتۆن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و ڕاستەوخۆ وەڵامی تاران دەدەینەوە.[2]
- کۆماری ئیسلامی ئێران دوو دەروازی سنوری لەگەڵ عێراق داخست بەهۆی ئە و هێرشەی کە ئەمڕۆ کرایەسەر سەر نمایشێکی سەربازیی لە شاری ئەهوازی باشوری ئێران.[2]
- پۆلیسی تورکیا ئەمڕۆ جارێکی دیکە هێرشی کردە سەر چالاکیی دایکانی شەممە لە شاری ئیستەنبوول، بەشداربوانیش بە دروشم وەڵامی هێرشی پۆلیسیان دایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-22
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-22
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 58

2018-09-23



باکووری کوردستان
- بە هۆی بۆردومانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە چیای جوودی لە ماوەی یەک هەفتەدا دووجار ناوچەکە ئاگری تێبەربوو کە بەهۆی ئەو ئاگرانەوە بە سەدان داری فستەق بوونە خۆڵەمێش.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ دادگای شۆڕشی وەرێ لەبارەی محێدین ئیبراهیم، زیندانی سیاسیی کورد لە وەرێ بڕیاریداوە و سزای سێدارەی بەسەردا سەپاندووە.[3]
- ڕۆژنامەنووسی وەرزشی ئیبراهیم دلاوەری، پاش پێنج ساڵ بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشی، ئەمڕۆ لە نەخۆشخانەی شاری قورە، لە تەمەنی 60 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[6]
باشووری کوردستان
- هۆزانەوان جەلال جۆبار، لە تەمەنی 89 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[4]
- تەرمی ئیبراهیم ئایهان، پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە بە مەراسیمێک لە هەولێرەوە بەرەو باکوری کوردستان بەڕێکرایەوە.[3]
- ئەمڕۆ وەفدێکی باڵای یەکێتی دەگاتە بەغدا بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پرسی سەرکۆمار لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی بەغدا.[2]
- بەشیر خەلیل جێگری دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕایدەگەیەنێت، کە پارتی سوورە لەسەر وەرگتنی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، دەشڵێت: بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پارتی بەردەوامە لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکاندا.[3]
- چالاکوانانی سیاسیی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاروچکەی ڕانیە، بە مەراسیمێک یادی ئەو چوار شەهیدەی کۆدار-یان کردەوە، کە ڕۆژی 7ی ئەم مانگە لە ئۆپەراسیۆنێکی سوپای پاسدارانی ئێراندا لە سنووری شاری سنە شەهیدببوون.[3]
- لەلایەن کۆمەڵێک کەسی نەناسراوەوە، هێرشکراوەتە سەر بارەگای تەڤگەری ئازادی و بەشێکی زۆر لە کەل و پەلی ناو بارەگاکە شکێندراوە، چەند ئەندامێکی تەڤگەریش بەدەستی ئەو گروپە لێیان دراوە، بەڕپرسانی تەڤگەریش دەڵێن، کە گومانمان هەیە ئەم گروپە ئاڕاستەکراوبن.[3]
- مەسعود بارزانی سەردانی سلێمانیی کورد و وتارێکی بانگەشەی هەڵبژاردنی بۆ پارتی دا.[4]
- فوئاد حسێن لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق بەربژێر کرا.[4]
- بەئامادەبوونی ڕێکەوت حەمە ڕەشید وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەران و کارمەندانی تەندروستی هەردوو پرۆژەی فراونکردن و خێرا کردنی خزمەتی ئوتۆمبێلی فریاکەوتن و چوار هۆڵی نەشتەرگەری و چاودێری ورد بەستاندەری جیهانی لە سلێمانی کرانەوە.[5]
- لیستی ژمارە 317ی مەسیحییەکان لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان کشایەوە و هۆکارەکەشی بەستەوە بە هەموارنەکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بە ئامانجی شەرمەزارکردنی ئەردۆغان، کوردستانیان، ڕێکخستنە چەپەکانی تورکیا وئەڵمانیا لە شاری فرانکفۆرت ڕژانە سەرشەقامەکان و بە دروشمی "ئەردۆگان بەخێرنەیەیت" خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[1]

- کوتلەی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە لە هۆتێل بابل لە بەغدا کۆبوونەوە و لەدوای کۆبونەوەکەش ڕاگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە. لەڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: کە دەبێت کورد یەک کاندیدی بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق هەبێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-23
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 59

2018-09-24



باکووری کوردستان
- شاندی هەدەپە وبنەماڵەی پارلمانتاری پێشووی هەدەپە ئیبراهیم ئایهان دوای ئەوەی کە دوێنێ تەرمەکەیان لە هەولێر وەرگرتەوە وهێنایان بۆ سلێمانی، دوای ئەوەی کە بەشی پزیشکی دادوەری نەخۆشخانەی دەوڵەتی شێرناخ تەرمەکەی پشکنی، تەرمی ئیبراهیم ئایهان بەرەو ناوچەی سێرەوەرگ-ی ڕەحا بەرێکرا.[2]
- هونەرمەندی کورد هۆزان جانێ کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەڵمانیایە و ئێستا لە زیندانەکانی ڕژێمی تورکیا دایە، نامەیەکی بۆ ئەنگێلا مێرکەل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا نارد و دەستنیشانی کرد کە لە زیندانداا دۆخیان زۆر خراپە. نامەکەی هۆزان جانێ لە ئاژانسی DPAی ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە و سەرنج خراوەتە سەر بارودۆخی ئە و هونەرمەندە. هۆزان جانێ کە لە شاری کۆلن دەژیا، لە کاتی هەڵبژاردنی 24ی حوزەیرانی 2018 بۆ ئەوەی پشتگیریی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بکات، چوو بۆ تورکیا و لە کاتی میتینگێکدا لە شاری ئەدیرنە دەستگیر کرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵاتییەکی کورد، بە ناوی کەریم ئەحمەدپوور، خەڵکی گوندی بێورانی خوار سەر بە شاری سەردەشت، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[3]
- محەممەد تەقی ئەسانلوو، فەرماندەی قەرارگای حەمزە لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەواڵدەرێی حکوومەتی مێهر، بە هەڕەشەکردن لە حیزبە کوردییەکان ڕایگەیاند: بە هەر جۆرە هەڕەشەیەک دژی وڵات وڵامێکی توند دەدەینەوە. ناوبراو هەروەها ئەوەشی خستەڕوو: هەر جۆرە جووڵەیەکی دژە شۆڕش و ئامریکا لە ناوچەکە بە وردییەوە لەژێر چاوەدێری دەخرێن.[3]
- لە بانە، شەش هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی میلاد ڕەسووڵی، موحسێن قادرپەنابی، ئەرکان ڕەزایی، ڕزگار محەممەدی، تەیب ئەحمەدی و عەتا ڕەشیدزادە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.[3]
باشووری کوردستان
- چەکدارانی داعش هێرشدەکەنە سەر گوندێکی خانەقین و دانیشتوانی گوندەکە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و فرۆکەی هاوپەیمانانیش بۆردومانی مۆڵگە و شوێنی چەکدارەکان دەکات لەسنوری نێوان جەلەولا و خانەقین.[1]
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆی لەسەر دەستبەکاربوونی ئازاد تۆفیق وەک پارێزگاری نوێی هەڵەبجە کرد.[1]
- حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند، گەشتکردن بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی تاوەکو ڕۆژی 24-12-2018 درێژکرایەوە.[4]
- هێزەکانی هاوپەیمانان و وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنن: جموجۆڵی چەکدارانی داعش لەهەردوو پارێزگای کەرکووک و موسڵ زیادیکردووە و دەبێت ڕێگە لە کردەوە تیرۆریستییەکانیان بگیرێت.[1]
- زانا مەلا خالید، بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان ڕاگەیاند: ئەمشەو کاژێر 9:30 خولەک دوو ئۆتۆمبێلی جام ڕەش تەقەیان لە من و پاسەوانەکانم کرد، بەڵام خۆشبەختانە هیچ کەسێک زیانی پێنەگەیشتووە و سەلامەتین.[4]
- لەگوندێکی سنوری گەرمیان دوو ئامۆزا لەسەر کێشەی زەوی و زار دەبێتە شەڕیان و یەکتر بریندار دەکەن.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە فرانکفۆرت یادی مەزلووم ئورفا شەهیدی بەرخۆدانی کوبانی کرایەوە.[2]
- سەرۆک کۆماری ئێران، ئاماژەی بەوەدا: عەرەبستانی سعودیە لەپشت ئەو هێرشەوەیە کە کرایەسەر نمایشێکی سەربازیی

سوپای ئێران لە شاری ئەهوازی باشوری ئەو وڵاتە و بەهۆیەوە 24 ئەفسەر و سەربازی ئێرانی کوژران و 54 ئەفسەر و سەربازی تر و خەڵکی مەدەنی بریندارییوون. حەسەن ڕۆحانی سەرۆک کۆماری ئێران وتی: وەڵامدانەوەی سعودیە لەلایەن ئێرانەوە وێرانکەر دەبێت.[1]
- وەفدێکی یەکێتی بە سەرۆکایەتی (هاوار حاجی) جێگری لێپرسراوی ناوەندی دەرەوەی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بەشداری کۆنفرانسی سالانەی پارتی کرێکارانی بەریتانیایان کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-24
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-24
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 60
2018-09-25



باکووری کوردستان
- داموددەزگەی دادوەرپی دەوڵەتی تورک سزای سانێک و 11 مانگ زیندانیکردنی بۆ هونەرمەند فەرهاد تونچ بڕیەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی عەبدوڵڵا محەممەدزادە خەڵکی گوندی تینال سەر بە شاری مەریوان و عەلی نادری خەڵکی گوندی گونتو سەر بە شاری دیواندەرە بە هۆی تەقینەوەی مین لە سنووری مەریوان کوژران. کۆڵبەرێکی دیکەش بە ناوی حەمید باینچوو خەڵکی گوندی باینچووب سەر بە شاری سنە لە ڕووداوەدا بە تووندی بریندار بووە.[1]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەری مالی دوو هاوواڵاتیی کورد لە گوگتەپەی شاری مەهاباد و دەسبەسەریان کردوون. هەواڵنێری کوردپا لە شاری مەهاباد شوناسی ئەو دوو لاوە مەهابادیەی بە ناوەکانی حەسەن ئەرتەنگ و ئارام خورسەندی ڕاگەیاندووە.[1]
باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە شاری سلێمانی، لە بەردەم ماڵەکەی دەستڕێژی گولە لە چالاکی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لوقمان شەهابی کرا و بەسەختی بریندار کرا.[4]
- لە ئەنجامی تەقینەوە یان وەک هەندێک سەرچاوە دەڵێت تامپۆنی دوو ئوتومبیل لە نزیک ماجدی مۆڵێ هەولێر 3 کەس بریندار بوون. پاشتر پارێزگاری هەولێر ڕایدەگەیەنێت، ڕووداوەکەی ئەمشە و تەقینەوە نەبووە، بەڵکو پێکدادانی نێوان دوو ئۆتۆمبێل بووە.[5]
- تونێلی گەلی زاخۆ بە فەرمی کرایەوە.[5]
- لە بەرامبەر پێنەدانی کرێی کارکردنییان بۆ ماوەی زیاتر لە حەوت مانگ، ئەمرۆ کرێکاران و شۆفێرانی کۆمپانیایەکی تورکی لە سەید سادق دەستیان لە کارەکانیان لە دروستکردنی جووت سایدی هەڵەبجە سەیدسادق هەڵگرت و ڕاشیانگەیاند: تا وەرگرتنەوەی مافەکانیان دەستبەکار ناکەنەوە.[2]
- سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیاند: ئەگەر خاڵەکانی دەستور جێبەجێبکرایە، پەنامان نەدەبردە بەر ڕیفراندۆم، دەڵێت: داوا دەکەم هەولێر و بەغدا کێشەکان بەپێی دەستوور و لەسەر بنەمای تەوافوق چارەسەر بکەن و ئە و دەرفەتەی هاتووەتەپێش، لەدەستی نەدەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-25
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-25
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 61

2018-09-26



باکووری کوردستان
- لە شاخی ئەزمانای گتە لە ناوچەی سلۆپی شرنەخ جەردەوانان و سەربازان لە ئۆپراسیۆندان. لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنەکەیاندا تەقینەوەیەک ڕوویدا. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لەو تەقینەوەیەدا 2 جەردەوان بە ناوەکانی خەلیل یەربۆگا و سولەیمان تۆسون کوژراون و بەلانیکەمەوە 4 جەردەوانی تریش بریندار بوون.[2]
- ئاگربەردانە ناوچەی دۆڵی ڕۆژ لە دێرسیم لەلایەن سوپای تورکیاوە زۆر تەشەنەی سەندووە و سنوورێکی فراوانی گرتووەتەوە. ڕێگریش لە خۆبەخشەکان دەکرێت و ڕێگایان پێنادرێت ئاگرەکە بکوژێننەوە.[2]
- لە و ناوچەیەی کە پارێزگاری بەدلیس قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاندبوو، بەهۆی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا ئاگر لە دارستانی سەهیڕ کەوتەوە و سات بە سات زیاتر تەشەنە دەکات.[2]
- پۆلیسی تورکیا لە شاری ئامەد هەڵیکوتایە سەر ماڵی فەسیح کاراتاش هاوسەرۆکی لقی شارۆچکەی هێنێی پارتی دیموکراتی

گەلان (هەدەپە). لە دوای پشکنینی ماڵەکەی، پۆلیس ناوبراوی دەستگیر کرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیجلال قەوامی، چالاکی مافی مرۆڤ، دانیشتووی شاری سنە، بەبێ ئامادەبوونی خۆی لە لقی 109ی دادگای کەیفەری 2ی ئەو شارە، بە تۆمەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست بۆ تێکدانی بیروڕای گشتی بە 8 مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[3]
- هاوواڵتییەکی کورد بە ناوی ئەنوەر جەنگی خەڵکی گوندی حاجی حەسەن موکریان سەر بە ناوچەی شاماتی میاندواو لە لایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.[3]
- کچێکی کورد بەناوی ئەفسانە خورسەندی خەڵکی گۆگ تەپەی مەهاباد لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کرا.[3]
باشووری کوردستان
- یەکەم کاروانی دەرمانی تایبەت بە چارەسەری بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی لە بەغداوە گەیشتە هەڵەبجە و بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی شارەکەش دەڵێت: داوای بەشی شەش مانگ دەرمان و چارەسەرمان لە بەغدا کردووە.[1]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) ڕایدەگەیەنێت: پەکەکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، پشتگریی هیچ حیزب و لیستێکی دیاریکراو ناکات و تەنها دەخوازین پرۆسەکە بە شێوەیەکی دیموکراسی و مەدەنی بەڕێوەبچێت.[1]
- لە هۆڵی بۆنەکانی شاری هەڵەبجە پێنجەمین فیستیڤاڵی دەنگە جیاوازەکان لەژێر ناوی (عەشقی وەلی دێوانە لە پایزدا ئەپشکوێ) بە ئامادەکاریی ڕێکخراوی کوردیۆ و ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە بەڕێوەچوو.[6]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلسی سلێمانی لە ڕاگەیەنراوێکیدا ڕایگەیاند: ئەمشەو، لەسەر ڕێگای سلێمانی –دوکان بەهۆی پێکدادانی نێوان دوو ئۆتۆمبێل سێ ئەندامی خێزانێک گیانیان لەدەستداو حەوت کەسی تریش بریندار بوون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ کاتژمێر 11 سەدان کەس کە زۆرینەیان خوێندکاران و لاوان بوون، لە مەیدانی شەهید جیهاد لە شاری عامووداێ کۆبوونەوە و دەستیان بە ڕێپێوان کرد. دوکانداران دوکانەکانیان داخست و هاتنە ڕیزی خۆپیشاندارانەوە. لە ڕێپێوانەکەدا بەتوندی داگیرکاریی ڕژێمی تورکیا ئیدانە کرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانتارێکی ئیئتیلافی سائیرون داوادەکات: سەرجەم کاندیدەکانی پۆستی سەرکۆماری ئایندەی عێراق، سیڤی خۆیان بخەنەڕوو، دواتریش هەڵوێستی خۆیان لەسەر یەکپارچەیی عێراق ئاشکرا بکەن، ئەوانەش کە لایەنگری ڕیفراندۆم بوون داوای لێبوردن بکەن.[1]
- دەزگای قەزایی دەوڵەتی تورکیە لە حوکمێکدا ڕایگەیاندووە، کە سێ بەرهەمی مێژووی سەبارەت بە مێژووی نەتەوەی کورد بەتایبەتی کوردستان و کورد، بەرهەمی دوکتور قاسملوو، مۆڵەتی چاپکردنی نییە.[3]
- پەرلەمانتارێکی ڕەوتی حیکمە ڕایدەگەیەنێت: هەردوو هاوپەیمانی (چاکسازی و بنیاتنانەوە) و (بونیادنان) دەنگ لە بەرژەوەندی (بەرهەم سالح) دەدەن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار.[1]
- بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، سوپای وڵاتەکەی لە هێرشەکانی بۆ سەر پێگە سەربازییەکانی ئێران لە سووریا بەردەوامدەبێت، هاوکات بۆ هاوئاهەنگی سەربازیی لەگەڵ ڕووسیا کۆدەبنەوە.[4]
- ئیدارەی تەرمپ هەڕەشە لەو وڵاتانە دەکات کە بەردەوامدەبن لە کڕینی نەوتی ئێران و ڕایدەگەیێنێت هەر وڵاتێک تاوەکو ڕۆژی 4ی مانگی 11 ئاستی کڕینی نەوتی ئێران نەگەیێنێتە ئاستی سفر، ڕووبەڕووی مەترسی سزای ئەمریکا دەبێتەوە.[4]
- پاش قسەکانی دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک، تەمەن ئەوەندەی دیکە داکشا و ئێوارەی ئەمڕۆ بەهای هەر دۆلارێک گەیشتە زیاتر لە 19 هەزار تمەن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامودا
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-26
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-26
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-26
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 62

2018-09-27



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی ئەلکێ لە شرنەخ پۆلیسی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر مااڵی هاووڵاتیان و لەو هەڵکوتانەیاندا 7 هاووڵاتییان دەستگیرکرد. هەڵکوتانەکەش ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری داواکاری گشتیی کۆماری تورکیادا بەڕێوەچوو. ناوی کەسە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: قاسم گیوفەن، جەمیل جین، عەگید دروموش، حازم دورموش، حەسەن ئاتامان، بولەند

ئاتامان و زەکەریا ئاتامان.[1]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە فاراشینی ناوچەی ئەلکێ لە پارێزگای شرنەخ بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر سەرباز و جەردەوان دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆن کرد. بەپێی زانیارییەکان لە کاتی ئۆپراسیۆنەکەی سوپای تورکیادا لە ناوچەکانی شرنەخ، وان و جۆلەمێرگ شەڕ ڕوویداوە. هاوکات جموجوڵی کۆپتەرەکانی تورکیا زۆر زیادیان کردووە.[1]
بەهۆی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر لە هەموو شوێنێکی شاری دێرسم ئاگر دەکەوێتەوە. ئاگرکەوتنەوەکان لە ناوچەکانی کووتوودەرە، هارسی، ئارەکی، زارگۆفیت و ئاهبانۆس بەردەوامە. بەپێی زانیارییەکان لە ناوچەی پیلڤەنک-یش ئاگر لە دارستان بەربووە و تەشەنەی کردووە.[1]
باشووری کوردستان
- ئەنجوومەنی کۆمیسیارانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان، وێنەگرتنی دەنگدەرانی لەکاتی دەنگدان هەڵوەشاندەوە.[4]
- ئازاد تۆفیق، پارێزگاری نوێی هەڵەبجە لە بەردەم نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ سوێندی یاسایی خوارد بۆ وەرگرتنی پۆستەکەی.[3]
- دواڕۆژی بانگەشەی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان.[2]
- وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێم هەریەک لە بەشەکانی پاراستنی ددان، منداڵی نەبەکام و ئیکۆی دڵی لە شارۆچکەی ڕانیە کردەوە.[3]
- لە نزیک شەقامی پشتێنەی کەلار، لەنێو ئۆتۆمبێلێکەوە تەقە لە ئافرەتێک دەکرێت و دەکوژرێت. ئەو ئافرەتە ناوی (ش، ع، م) ە و تەمەنی 23 ساڵ و دانیشتووی شارۆچکەی کەلارە.[3]
- فڕۆکەکانی هاوپەیمانان چەکدارانی داعش لە چیای قەرەچووغ بۆردوومانەدەکەن و سێ چەکدار کوژراون.[4]
- حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند بە بۆنەی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستانەوە تەنیا ڕۆژی 30 ئەیلول پشووی ڕەسمی دەبێت.[5]
- سەرکەوت حەسەن، ناسراو بە سەرکەوتی کوبە، دوای ئەوەی ڕیزەکانی گۆڕانی جێهێشت و بەفەرمیگەڕایەوە ناو یەکێتی.[5]
- بەهۆکارێکی نادیار کچێکی گوندی جەلکانی شارۆچکەی پشدەر گیانی لە دەستدا و وتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین-یش دەڵێت: دوو ژنی تری هەمان گوند بەهۆی ناجێگیری باری تەندروستییان ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی سلێمانی کراون.[3]
- لە شارۆچکەی سەید سادق بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، شەڕ دروستبووە و کوژراوێک و دوو بریندار لێکەوتووەتەوە.[4]
- ژمارەیەکی زۆر سەربازی تورک بە زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازی و بلدۆزەر و کەرەستەی هەڵکەندنی زەویییەوە، هاتنە ناو گوندی شاپان-ی سەربە شارەدێی سیدەکان لە شارۆچکەی سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێر، بەو بەهانەیەی دەیانەوێت دەرگایەکی سنووری لەنێوان باشوور و باکووری کوردستاندا بکەنەوە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- سەردانی ئەردۆگان بۆ ئەڵمانیا.[2]
- دادگای مافی مرۆڤ ئەوروپا لەسەر سکاڵای ئەشکەنجەدانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕایگەیاند، بەڵگەکان وەک پێویست سەلمێنەر نین.[1]
- پێش ئەوەی ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا بڕوات بۆ ئەڵمانیا، کوردستانیان و دۆستەکانیان چالاکیی ئیدانەکردنی ئەردۆغان و پێشوازیکردن لە ئەردۆغانیان دەستپێکرد.[1]
- لە شاری ئینگۆلستادی ئەڵمانیا گەنجێکی کورد بەناوی ئومێد ئاجار لە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجالان، ڕێبەری پەکەکە و چوونی ئەردۆغان بۆ ئەڵمانیا ئاگری لە جەستەی بەردا و خۆی سووتاند.[6]
- محەمەد حەلبووسی، سەرۆکی پەڕلەمانی ئێراق لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەڕلەمانی ئێراق لەبارەی بەربژێرەکانی پۆستی سەرۆککۆماریی ئێراق ڕایگەیاند، ژمارەی ئەو کەسانەی خۆیان بۆ پۆستی سەرککۆمار بەربژێرکردووە 31 کەسن، بەڵام تەنیا حەوت کەسیان مەرجەکانیان تێدایە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-27
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-27
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-28
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 63

2018-09-28



neues deutschland
SOZIALISTISCHE TAGESZEITUNG
Freitag, 28. September 2018 73. Jahrgang/Nr. 227

STANDPUNKT

Spatz in der Hand

Alexander Ludewig zur Vergabe der Fußball-EM nach Deutschland

Einig werden sich viele sein, dass die Vergabe der Fußball-Europameisterschaft 2024 an Deutschland die bessere Wahl ist. Zu weit entfernt hat sich die Türkei von demokratischen Maßstäben, noch unsicherer ist die weitere Entwicklung des Landes unter dem autoritären Präsidenten Recep Tayyip Erdoğan. Das bedeutet jedoch nicht, dass Deutschland eine gute Wahl ist.
Zur Erinnerung: Im Skandal

Ne bi xêr tê Erdoğan!

Türkischer Präsident besucht Deutschland / Zahlreiche Proteste angekündigt

باکووری کوردستان
- 26 ناوچەی پارێزگای چەولک وەک ناوچەی تایبەتی ئاسایش دیاریکرابوون و دۆخی نائاسایی تێدا ڕاگەیەندرابوو، دۆخی نائاسایی لەو ناوچانەدا تا ڕۆژی 11ی مانگی 10 درێژکرایەوە.[5]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لەگەڵ یەکینەشاراوەکان لە هێڵی چنارۆک و هەنارۆک-ی سەر بە گوندی بلکان و بەسپین-ی چیای جوودی دەستی بە ئۆپەراسیۆن کردووە. ڕاگەیەنرا کە جاشەکانی گوندی بێسپین-یش بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنەکە.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حکوومەتی ئێران چەند تانگ و کەرەستەی قورسی شەڕی ڕەوانەی شاری شائاباد لە پارێزگای کرماشان کرد.[7]
- دوو هاوواڵاتیی کورد، بە ناوەکانی شێرکۆ ڕەهبەری و یەعقووب محەممەدی، خەڵکی گوگتەپەی شاری مەهاباد، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[7]
باشووری کوردستان
- دەنگدانی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 99 بنکەی دەنگدان لە هەر 4 پارێزگاکەی کوردستان دەستپێکرد.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەڤەری بەرواری باڵای سەر بە شارەدێی کانی ماسێ لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی بۆردومانکرد، سەرچاوەیەکیش لەو دەڤەرە ڕاگەیاند: لە ماوەی دوو هەفتەدا ئەمە چوارەم جارە ناوچەکە بۆردومان دەکەن.[3]
- بەرپرسی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە ڕایگەیاند، هێرش کراوەتە سەرمان و ڕێگە نەدراوە دەنگدەرانمان بەشێوەیەکی ئازادانە دەنگبدەن.[4]
- لە سنوری شارۆچکەی سۆران هێرش دەکرێتە سەر پەیامنێری گەلی کوردستان و بە گێرەشێوێن ناوی دەبەن.[6]
- لە ژمارەیەکی زۆر بنکەکانی دەنگداندا لەسنوری هەولێر و دهۆک سەربێچی و خروقاتی ئاشکرادەکرێت و بەشی هەڵبژاردنی یەکێتیش سکاڵای یاسایی تۆماردەکات.[6]
- بەیانی ئەمڕۆ بە مەراسیمێک گەلەڕیی کەرکووک لە شەقامی کۆماریی لە باڵەخانەی جومعە نەجارِ لە شاری کەرکووک کرایەوە و تێیدا نوێنەری پێکهاتە و ئاینە جیاوازەکان بەشداربوون.[5]
- یەکێک لەو چوار بریندارەی کە بەهۆی شەڕە تەقەکەی شەوی ڕابردووی شارۆچکەی سەید سادقەوە گەیەنرابوونە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەڵەبجە، بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.[3]
- لەسەر ڕێگای خەلەکان – ڕانیە دوو ئۆتۆمبێل لەجۆری (قەمەرە، تاکسی و ئۆتۆمبێلێکی گەڵابە، بارهەڵگر) پێکیانداو بەهۆیەوە ئۆتۆمبێلی جۆری قەمەرە تاکسی سوتاو سەرجەم سەرنشینانی کە چوار کەس بوون گیانیانلەدەستدا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەی ئەڵمانیای نوێ (Neues Deutschland) بە مانشێتی کوردی وەڵامی سەردانەکەی ئەردۆغانی بۆ ئەڵمانیا دایەوە و لە مانشێتەکەیدا نووسیی ئەردۆغان بەخێر نەیەیت.[2]
- لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا جەیمس جێفری، نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا لە وەڵامی پرسیارێکدا ڕایگەیاند، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) هاوپەیمانی ئەمریکایە لە شەڕی دژی داعش، هەڵوێستی واشنتن ئەوەیە هەموو لایەنەکان بەشداری پرۆسەی سیاسی سووریا بن.[4]
- بە دەسپێشخەری پلاتفۆرمی' ئەردۆغان بەخێرنەهاتی' بانگهێشت کردنی سەرۆک کۆماری تورک ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەلایەن دەوڵەتی ئەڵمانیاوە بە خۆپیشاندانێکی جەماوەری شەرمەزارکرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ووڵات: ئێران
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: ئەڵمانیا
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-09-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رووداو - 2018-09-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی رۆژنیوز - 2018-09-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-09-28
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-09-29
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-28
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 64

2018-09-29



رۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، لە سنووری شاری سەڵماس، دەسڕێژیان لە ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد کردووە، کە لە ئاکامدا دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی سەڵماس بریندار بوون. شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە، بە ناوەکانی عەبدولعەزیز فەنەکی و میرحاج عەلیزادە ڕاگەیەندراوە.[2]
باشووری کوردستان
- لە کاتژمێر 3:30 خولەکی ئەمڕۆوە فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بە هاوکاریی فڕۆکەی سیخوڕیی بۆردوومانی چیای گارە و دەشتی کافیە-ی سەر نە ناوچەی شیلادزێ دەکەن.[1]
- لە سنووری خانەقین، شەوی ڕابردوو لە گوندی یوسف بەگ بۆمبێکی دەنگی لە نزیک ماڵی ئەفسەرێکی ئاسایشی نیشتیمانیی عێراق تەقیەوە، هاوکات دوو گوللە هاوەن ئاڕاستەی گوندی موبارەک کرا و لەناو خانەقین-یش پۆلیسێک بریندار

کرا.[1]
- لە نێوان هەردووو شارۆچکەی کفری و دووزخورماتوو فڕۆکەیەکی جەنگی کەوتە خوارەوە. [3]
- ئیدارەی گەرمیان داوا لە هاوڵاتیان دەکات لەدوای تەواوبوونی پڕۆسەی هەڵبژاردن تەقەی خۆشی نەکەن و هۆشداریشدەدات لەوەی هەر کەسێک سەربێچی بکات ڕووبەڕووی یاسای دەکەنەوە.[3]
- عەبدوللّەتیف ڕەشید، کاندیدی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، لەبارەی خۆکاندیدکردنی بۆ ئەو پۆستە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی ئەنجامدا. عەبدوللّەتیف ڕەشید، لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، ئاماژەی بەوەکرد، کە بەردەوامە لە خۆکاندیدکردنی، بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار و داواشی لە سەرکردایەتی یەکێتی کردووە کە هاوکاری بن.[1]
- شارەوانی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت: مۆڵەتی یەک مانگ دەدەینە قەوارەکان بۆ لابردنی دروشم و پۆستەرەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن و دەڵێت: بە پێچەوانەوە بەپێی زۆری و کەمی پۆستەر و وێنەکان سزای لایەنەکان دەدەین.[3]
دەرەوەی کوردستان
- بەبەشداری هەزاران کەس لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا سەرۆک کۆماری تورک ڕەجەب تەیەب ئەردۆغان شەرمەزارکرا. لە خۆپیشاندانەکەدا دروشمی ' بکووژ ئەردۆغان' و' بەخێرنەهاتی ئەردۆغان وترایەوە'.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-09-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-29
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-29
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 65

2018-09-30



کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی
فەرمانگەی داتـــا
خشتەی بنکە و وێستگەکانی دەنگدان
هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 30 / 9 / 2018

ژمارەی بنکە	ژمارەی وێستگە	ژمارەی دەنگدەر	ژمارەی بنکە	ژمارەی وێستگە	ژمارەی دەنگدەر	ژمارەی بنکە	ژمارەی وێستگە	ژمارەی دەنگدەران	پارێزگا	ھێمای پارێزگا
دەنگدانی تایبەت ڕۆژی هەینی 28 / 9 / 2018			دەنگدانی گشتی ڕۆژی یەکشەممە 30 / 9 / 2018			کۆی گشتی				
41	201	72,653	499	2,142	1,036,419	540	2,343	1,109,072	هەولێر	5
37	172	62,220	476	2,306	1,134,760	513	2,478	1,196,980	سلێمانی	6
20	92	33,421	257	1,361	677,797	277	1,453	711,218	دهۆك	4
1	6	2,175	28	132	66,016	29	138	68,191	هەڵەبجە	7
99	471	170,469	1,260	5,941	2,914,992	1,359	6,412	3,085,461	کۆی گشتی	

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سپای پاسداران کوێستانی کۆدۆ لە سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بوردوومان کرد.[4]
- سەڵاحەدین سەعیدپوور پاڵەوانی مەلەی ئێران، کە 20 ڕۆژ پێش لەسەر گۆڕی شەریف باجوەر و ئومید کۆنەپۆشی، میدالیەکانی خۆی پێشکەش بەوان کردبوو، ئەمڕۆ بۆ یادی ئەوان پانتایی گۆلی زرێباری بە مەلەکردن پێوا.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی شەفیع محەمەدپوور خەڵکی بەخشی سیلوانای شاری ورمێ لە خاڵی سنووری ئەو شارە بریندار کرا.[4]
باشووری کوردستان
- ڕۆژی دەنگدانی گشتی بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان.[1]
- لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە پارێزگای هەڵەبجە چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایانگەیاند: ڕاوێژی تەکنیکیمان پێشکەش بە کارمەندانی کوردستان کردووە و کارەکانیان زۆر پڕۆفیشنالانە بەرێوە دەڕوات.[2]
- ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایدەگەیەنێت، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بێلایەن و سەربەخۆن و هەر بڕیارێک بدەن ئێمە پێوەی پابەند دەبین.[1]
- بەرپرسێکی ئۆفیسی سلێمانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن ڕایدەگەیەنێت: نزیکەی 25 هەزار کەس لە سلێمانی مافی دەنگدانیان فەوتاوە لەبەرئەوەی پێشتر سەردانی بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیان نەکردووە.[2]
- کاروخ عوسمان، کاندیدی بزووتنەوەی گۆڕان لە سنووری شارەدێی قەسرێ هێرشیکرایە سەر و بریندارکرا.[2]
- وتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم ڕایگەیاند: هاوواڵتیانی ناوچەکانی ماددەی 140 بۆیان نییە لە هەرێمی کوردستان دەنگبدەن.[2]
- لەدوای بەشدارپی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، زۆربەی سەرکردەکانی یەکێتی بە فڕۆکەیەکی سەربازی چوونە بەغدا بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی پۆستی سەرۆککۆماری ئێراق.[3]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی بەرێوەچوونی هەڵبژاردن و سەرقاڵبوونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی حکومەت سبەینێی کرد بە پشوو.[1]
- بەهادین نووری سکرتێری پێشووتری حزبی شیوعی ئێراق و کەریم ئەحمەد سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی کوردستان بۆ بەوشداری کردن لە پڕۆسەی دەنگدانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان سەردانی بنکەی دەنگدانییان کرد، بەڵام نەیانتوانی لە سلێمانی دەنگ بدەن. ئەم دوو کەسایەتییە کە تەمەنیان لەسەرو 90 ساڵەوەیە و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێم ناویان لە لیستی تۆماری دەنگدەراندا سڕدراوەتەوەو لە کاتێکدا لە ژیاندا ماون.[6]
- بەهۆی تەقەی خۆشییەوە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دوو هاوواڵتی بریندارببوون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کردەوە دژە مرۆییەکانی دەوڵەتی تورکیا وچەتەکانی لە دژی هاوواڵتیان وسروشتی ناوچەکەکانی عەفرین بەردەوامە.
چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا دەستیان کردووە بە سووتاندنی چیاکانی ناوچەی-ی مەیدانکێ-ی عەفرین.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری سوتۆکهۆڵمی سوید بە بەشداری کوردستانیان یادی ئارگەش کارزان، دلۆڤان فیدایی، تۆلهەڵدان سنە وڕۆژهات لە ئەندامانی ڕێبەری کۆداروکۆمەڵگەی گەنجانی ڕۆژهەڵات و شەهیدانی پای سێدارە ڕامین حسێن پەناهی، زانیارولوقمان

موراد‌ی کرایەوە.[5]
- کۆچی دوایی نووسەر و ڕاگەیاندکار کەمال ڕەئوف محەمەد - بابی لالۆ لە هۆڵندا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: هۆڵاند
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-09-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-09-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-09-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-09-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-09-30
کاتی تۆمارکردن: 2018-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 66

2018-10-01



رۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەکرەم خەلیلی، تەمەن 27 ساڵ، خەڵکی کووران لە ناوچەی سۆمای برادۆست، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.[6]
- بەرەبەیانیی ئەمڕۆ کاتژمێر 03:4، بوومەلەرزەیەک لە ناوەندی شارۆچکەی تازەئاباد-ی سەربە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کورستان ڕوویدا، بوومەلەرزەکە کە شارەکانی جوانڕۆ و گاوارەی پارێزگای کرماشان و هەڵەبجەی هەرێمی کوردستانیش هەستی پێکراوە. بەرپرسانی فریاکەوتن لە کرماشان دەڵێن: ئەو بوومەلەرزەیە زیانی لێ نەکەوتووەتەوە.[3]
- کاوە بەهرامی، فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی ڕەسمی حیزبی دێموکرات، بەیاننامەی قەرارگای حەمزە، سەبارەت بە تۆپباران نەکردنی مەقەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ڕەت کردەوە.
ناوبراو دەڵێت: سپای پاسداران لەو بوردوومانەدا لە مووشەکی 30 کیلۆیی دروسکراوی سالی 2017 کەڵکی وەرگرتووە.[6]
- هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی دوو هاوڵاتیی کورد، بە ناوەکانی فواد و ئازاد ئەمجەدی لە شارەکی نەساجی و ئەو دوو برایەیان دەسبەسەر کردووە.[6]
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، دەستیان بەسەر زیاتر لە 300 سەر مەڕومااڵتی خەڵک لە شاخەکانی کوڕا بەڕی سپی لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێدا گرت.[6]
- سپای پاسداران چەکوچۆڵی قورس لە جۆری کاتیووشا و تانک ڕەوانەی ناوچە سنوریییەکانی شاری ورمێ دەکات.[6]

باشووری کوردستان

- دەستەی کەشناسی و چاودێری بوومەلەرزەی عێراق ئاشکرایکرد کە بەرەبەیانی ئەمڕۆ بوومەلەزەیەک سنوری شاری هەڵەبجەی گرتووەتەوە و گوڕەکەی نزیکەی 4.5 پلەی ڕێختەر بووە.[1]
- ئەمڕۆ کاتژمێر10:20 خولەک تۆپخانەکانی سوپای ئێران دەستیان بە تۆپبارانی گوندەکانی ماتا، تۆپزاوا و بەربزن لە دەڤەری برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێر.[4]
- یەکەم فڕۆکەی هێڵی ئاسمانی سعودیە لە هەولێر نیشتەوە. لەمەودوا لە هەفتەیەکدا سێ ڕۆژ گەشتی ئاسمانی لەنێوان عەرەبستانی سعودیە و هەولێر ئەنجامدەدرێت.[1]
- ڕێکخراوی فردریچ ئیبێرتی ئەڵمانی کە چاودێریی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە و ڕایگەیاند ڕێژەی بەشداری

دەنگدەران لە و هەڵبژاردنەدا کەم بووە و جێگەی چاوەڕێ و پێشبینی ئە و چاوەدێرە بیانیانە نەبووە کە چاودێری پرۆسەکەیان کردووە.[1]
- فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەپەرلەمانی عیراق ڕایگەیاند: د.بەرهەم سالح تەنها کاندیدی یەکێتییە بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عیراق و داوای لەنوێنەرانی سەرجەم فراکسیۆنە کوردستانی و عیراقییەکان کرد کە متمانەی خۆیان بەکاندیدەکەی یەکێتی ببەخشن.[2]
- شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان ڕایگەیاند، هەنگاوی یەکەمی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەتکردنەوەی کۆی پرۆسەی هەڵبژاردنە و لەدوای هەڵبژاردن بە پەیکەری ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی گۆڕاندا دەچینەوە.[5]
- شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ڕایگەیاند، کە بەشداری پەرلەمانی کوردستان ناکەن بەهۆی ئەو ساختەکارییەی ڕوویداوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی قیبارا-ی سەربەناوەندی عەفرین ژمارەیەکی زۆرلە هاوواڵتیانی ئێزدی کە ژنیشیان تێدایە لەکاتێکدا کە سەردانی کێڵگەو باخە زەیتوونەکانی خۆیان دەکرد لەلایەن سوپای تورکیای داگیرکەروچەتەکانەوە ڕفێندران.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سوپای پاسداران لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردووەتەوە: کاژێر 2ی سەرلەبەیانی بە مووشەکی (زەمین - زەمین) لە شاری کرماشانەوە چەند ئامانجێکی لە شاری ئەلبوکەمالی ڕۆژهەڵاتی سوریا کردووەتە ئامانج، بەبێ خستنەڕووی ئاماری هێرشە مووشەکیەکە، تەنیا ئاماژە بە کوژران و بریندارببوونی چەند چەکدارێک دەکرێت.[2]
- ئاژانسی ئیلنا لە زاری عەبدول محەمەد زاهێدی، پارێزگاری قەزوین و ئەکبەر باقری سەرۆکی بەشی کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکانی پارێزگای قەزوین بڵاویکردەوە، زیادبوونی چەندین بەرامبەری نرخی تەماتە بەهۆی بازرگانانی هەرێمی کوردستانەوەیە کە هەموو بەرهەمەکانی تەماتە دەکڕن و بازاڕەکانیان خاڵی کردووتەوە.[1]
- ڕۆژنامەی بێڵدی ئەڵمانی، لە ژمارەی ئەمڕۆیدا ڕایگەیاند، کە بەهۆی چوونی ئەردۆغان بۆ ئەڵمانیا تەنیا لە بەرلین و کۆڵن 10 هەزار پۆلیس ئەرکدارکراون، ئەوەش حەوت بۆ هەشت ملیۆن دۆلاری بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیا تێچووە.[4]
- بانکی ناوەندیی چین وڵاتی ئێرانی بەهۆی پێبەندنەبوون بە یاساکانی هێزی کاری کردارە دارایییەکان (فاتف - FATF) خستە ڕیزی ئەو وڵاتە زۆر مەترسیدارانەوە، کە ئەنجامدانی کاری بازرگانی و ئاڵوگۆڕی دراو لەگەڵیاندا مەترسیدارە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-07-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 67

2018-10-02



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، حوکمی ئێعدامی سێ زیندانیی، بە ناوەکانی سەلمان خانعەلیلو، زەینەب سکانوەند و حەسەن حاجیلوو، لە زیندانی ورمێ جێبەجێ کرا.[4]
باشووری کوردستان
- لە سەرجەم خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان بەبەشداری زیاتر لە ملیۆنێک و 700 هەزار خوێندکار زەنگی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن لێدرا.[1]
- گوتەبێژی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەڵێت، لە هەر شوێنێک ئیرادەی دەنگدەر لەژێر هەڕەشە و گوشاردا بووبێت، دەنگی ئەو بنکەیە پووچەڵدەکرێتەوە. دەشڵێت، ئەمڕۆ فۆرمی سەرجەم پارێزگاکان گەیشتوونەتە کۆمیسیۆن و لە داتابەیس تۆماردەکرێن بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی بەرایی ڕابگەیێنین.[3]
- وتەبێژی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی ڕایگەیاند، بەپێی ئە و ئامارانەی دەست ئێمە کەوتووە یەکێتی 24 بۆ 26 کورسی پەرلەمان بەدەستدەهێنێت و ئەگەر کۆمسیۆن بە وردی لەسکاڵاکانمان بکۆڵێتەوە گومانمان نیە کە ڕێژەی کورسییەکانمان زیاددەبێت.[5]
- فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا لەلایەن هێزەکانی گەریلاوە خرایە خوارەوە.[7]
- بۆ جاری یەکەم لە شارۆچکەی کەلار، بەناونیشانی 'مافی خۆمە خەونەکانم بەدی بهێنم' شانۆیەکی سەرشەقام نمایشکرا.[6]
- بەهۆی تەقەی خۆشییەوە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ پیاوێکی تەمەن 47 ساڵ گیانی لەدەستدا و لە شارەزوریش گەنجێک بریندارببوو.[2]
دەرەوەی کوردستان

- کۆماری ئیسلامی ئێران داوای لە پارتی و یەکێتی کردووە لەسەر یەک کاندید بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق ڕێکبکەون باشترە، ئەگەر نا ئەو پرسە لە پەرلەمانی عێراق یەکلایی بکرێتەوە.[2]
- بەهۆی ململانێی پارتی و یەکێتی لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، پەرلەمانی ئێراق دانیشتنی خۆی دواخست بۆ کاژێر 8ی ئێوارە.[1]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، لە نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، فراکسیۆنی پ-د-ک،ڕایگەیاند، کە کاندیدی سەرۆک کۆماری خۆیان دەکێشنەوە و ئەو پرۆسەیە مایەی قبوڵ نییە.[6]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، بەرهەم ئەحمەد ساڵح بە زۆرینەی دەنگەکانی پەرلەمانی ئێراق بە سەرۆک کۆماری ئێراق هەڵبژێردرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2018-10-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 68

2018-10-03



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی فاراشینی ئەلکێ شەڕ لە نێوان هێزەکانی گەریلا و سەربازانی تورکیادا ڕوویدا. سەرچاوە هەرێمییەکان ڕایانگەیاند، سەربازانی تورکیا کوژراو و برینداریان هەیە و لە قلەبانیش ئامادەکاری بۆ ئۆپۆاسیۆن دەکرێت.[3]
- ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیای داگیرکەر کە لە گەڕەکەکانی مزاگ، باراف و کۆرمک-ی ناوچەی لیجەی ئامەد دەستی پێکردبوو، لە ڕۆژی سێیەمدا بەردەوامە. لە ئۆپەراسیۆنەکەدا تیمە تایبەتەکانی جەندەرمە و پۆلیس بەشدارن.[3]
- پەروین بوڵدان و سەزای تەمەلی هاوسەرۆکانی گشتیی هەدەپە ئەمڕۆ پەیامێکی پیرۆزباییان ئاراستەی بەرهەم ساڵح کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆماری عێراق.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ کۆڵبەرێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنووری نێوان گوندی نودشەی سەر بە پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شارەدێی تەوێڵەی پارێزگای هەڵەبجە لە بەرزاییەکانی شۆشمێ، بە تەقەی سوپای پاسدارانی ئێران کوژرا. ئەو کۆڵبەرە ناوی عەزیم ئەحمەدی-یە و خەڵکی گوندی تەشار-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و باوکی سێ منداڵە.[6]
- ژمارەیەکی زۆر لە هێزی پاراستنی یەکە تایبەتەکان (گارد یگان ویژە) و هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە نێو شاری سنە جێگیر کران.[4]
- سپای پاسداران چەکوچۆڵی قورسی لە شارەکانی دیواندەرە، سنە، کامیاران و کرماشان، بۆ ناوچە سنووریەکان ڕەوانە کرد.[4]
باشووری کوردستان
- لە سلێمانی مەراسیمی ساڵیادی کۆچی دوایی سەرۆک مام جەلال بەڕێوەچوو.[2]
- ڕابەر کەمال، ئەو گەنجەی شارۆچکەی شارەزوور کە شەوی ڕابردوو بەهۆی تەقەکردنی هاوولاتیان بە مەبەستی دەربڕینی خۆشی بریندارببوو، بەهۆی سەختی بریندەکەیەوە ئەمڕۆ گیانی لەدەستدا.[1]
- مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، هاوکاری داموودەزگا پەیوەندارەکان دەکەن بۆ بەسزا گەیاندنی ئەو کەسانەی تەقەی خۆشیان کردووە.[5]
- تەرمی کەمال ڕەئوف محەمەد - بابی لالۆ لە هۆڵندا‌وە دەهێندرێتەوە کوردستان.[2]
- دوو تەقینەوەی بەهێز شاری کەرکووکیان هەژاند کە یەکێکیان لە تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو بووە.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی سەبارەت بەیەکپۆشی خوێندکاران ڕایدەگەیەنێت، بەڕێوەبەری خوێندنگاکان تەنیا دەتوانن ڕەنگی جلەکان دیاری بکەن و ڕێگەیان پێنادرێت کەسوکاری خوێندکاران ناچار بکەن لە کۆمپانیایەکی دیاریکراو جلەکان بکڕن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئامینە عومەر هاوسەرۆکی مەجلیسی سووریای دیموکراتیک-مەسەدە، ڕایگەیاند: دانوستانەکانی نێوان مەسەدە و ڕژیمی سووریا ڕاوستاوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کۆشکی سەلام لەلایەن فوئاد مەعسومەوە ڕادەستی بەرهەم ئەحمەد سالح دەکرێت.[2]
- ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەڵمانیا بڕیاریدا ماوەی مانەوەی هێزەکانی لە عێراق و سووریا دژی داعش بۆ ماوەی ساڵێک درێژبکاتەوە.[5]

- شێخ سەباح ئەحمەد جابر، میری کوەیت، بانگهێشتنامەیەکی ڕەسمی ئاڕاستەی بەرهەم سالح، سەرکۆماری نوێی عێراق کرد بۆ سەردانیکردنی وڵاتەکەی.[1]
- دەنگی تەقەکردن لە نزیک بارەگای سەرەکی فەتحوڵڵا گولەن سەرمایەدار و بانگخوازی تورکی لە ئەمریکا دەبسترێت کە لەلایەن تورکیاوە داواکراوە ڕادەستی بکرێتەوە.[1]
- پەرلەمانی تورکیا لە یەکەم کاری وەرزی نوێیدا، بڕیارنامەی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنووری کردە ڕۆژەڤی خۆی. لە بڕیارنامەکەدا پێشنیازی درێژکردنەوەی ماوەی ئۆپەراسیۆنەکە بۆ ساڵێکی دیکە کرا، لە ئەنجامدا بە دەنگی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی ئاکەپە، جەهەپە، مەهەپە و ئیی پارتی بڕیارنامەکە پەسەند کرا.[3]
- دادگای نێودەوڵەتی لاهای ئەمڕۆ بڕیاریدا کە ئەمریکا دەبێت گەرەنتی ئەوە بدات کە گەمارۆکانی بۆ سەر ئێران بەشی مرۆیی نەگرێتەوە و ئەو کەسانەی بە فرۆکە لە ئێران گەشت دەکەن ژیانیان نەکەوێتە مەترسییەوە.[5]
- مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت وڵاتەکەی لە ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی لەگەڵ ئێران دەکشێتەوە کە 63 ساڵ لەمەوبەر لە نێوانیان واژۆ کراوە.[1]
- ئەنجومەنی بەڕێوەبەری کەنەکە بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەرهەم سالح بە سەرۆک کۆماری عێراق پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ناوبراو کرد. لە پەیامەکەدا هاتووە، (بە هەڵبژاردنی بەڕێزتان بۆ سەرۆک کۆماری عێراق، ئێمە وەک کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بە شادمانیەوە پێشوازی لەو بڕیارە دەکەین و لە دڵەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەین.)[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سنە
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
وڵات:	هۆڵاند
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-03
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-03
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-03

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 69

2018-10-04



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکایەتیی کۆنسەی بەڕێوبەریی کەجەکە پیرۆزبایی لە د.بەرهەم سالح دەکات بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆک کۆماری عێراق و هیوا دەخوازێت، کە هۆشیاریی سیاسیی بەرهەم سالح گەمارۆی ئتنیکی، ئایینی و مەزهەبی لەسەر گەلانی عێراق لابەبات و ژیانێکی دیموکرات دروست بکات.[4]
- لە کاتی تێپەڕینی ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆش بۆ بەشداریکردن لە ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا لە ناوچەی کەرجەوس لە پارێزگای ئێلح (باتمان) تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویداوە. بەپێی میدیاکانی تورکیا لەو تەقینەوەیەدا 4 سەرباز کوژراون و 5 سەربازی تریش بریندار بوون. سەربازە کوژراو و بریندارەکان بە کۆپتەر لە شوێنی تەقینەوەکە گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە.[1] هەندێک سەرچاوە باس لە کوژرانی 7 سەرباز دەکات.[3][2]
- دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخراوی تێرۆریستیی چەکداری) لە هەژدەمین دادگەی سزاقورسەکانی ئەنقەرە بەڕێوەچوو. دادوەر نەجاتی کایاکۆزو ئەم داواکارییەی ڕەتکردەوە. سەرۆکی دادگە بڕیاری دا کە هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە بەزۆر بەشداری پێبکرێت لە دانیشتنی دادگەدا و دانیشتنەکەشی دواخست.[1]
- دانیشتنێکی دیکەی نۆزدەمین دادگەی سزا قورسەکانی ئەنقەرە دەربارەی دۆسیەی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووتری هەدەپە بەڕێوەچوو. لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆدا بڕیار درا کە دەمیرتاش ئازاد نەکرێت و لە زیندانداا بمێنێتەوە. بڕیاریشە دانیشتنی داهاتووی دادگە لە 12-14ی کانوونی یەکەمی 2018 بەڕێوەبچێت.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرهاد سالحی بەڕێوەبەری کانالی سەلام پاوە و موزەفەر وەلەد بەیگی بەڕێوبەری کەنالی دەنگی نوریار، بە هۆی ڕوومالکردنی هەواڵی کوژراونی کۆڵبەری کورد عەزیم ئەحمەدی لەو دوو کاناڵە تێلێگرامییە بووەتە هۆی بانگهێشت کرانیان بۆ ئیدارەی ئیتلاعات.[7]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر مالی هاوولاتییەکی کورد بە ناوی عوسمان زەبرە خەڵکی تاچینئاوای شاری شنۆ و پاش پشکنینی ماڵەکەی ناوبراویان دەسبەسەر کرد. لە لایەکی دیکەوە، هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری شنۆ لە ناوچەی دەشتەبێل هاوولاتییەکی کوردیان بە ناوی ڕزگار مەعرووفی تەمەن 26 ساڵ کوڕی ئەحمەد دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕایانگواستووە.[7]
باشووری کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند چوونی ئێمە بۆ بەغدا بۆ ئەوە بوو هەموو هەوڵێک بدەین یەکێتی ڕیزەکانی کورد بپارێزین. پرسی سەرۆککۆمار ئیستحقاقی گەلی کوردستانە نەک پارتی و یەکێتی، بە بۆچوونی ئێمە دەبوو ئەو

پرسە لەناو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا یەکلابکرێتەوە، کە پێشتریش ئەوە کرا نەک لایەنی دیکە بەربژێری کورد بۆ ئەو پۆستە دەستنیشانبکەن. نێچیرڤان بارزانی ڕاشیگەیاند ئەو هەنگاوە تاکلایەنەی یەکێتی زۆر جێگەی نیگەرانییە و دەستپێکێکی مەترسیدارە، کە ئەو پۆستە لە دەرەوەی ئیدارەی خەڵکی کوردستان دیاریکراوە. ئەوەی برادەرانی یەکێتی کردیان بۆ داهاتوو مەترسیدارە.[2]
- ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەوەکالەت، عیرفان کەرکووکلی ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگا سەرپشککرد بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەن.[5]
- عومەر کالۆ، پێشکەشکاری تەلەڤزیۆنی ڕووداو دوای زیاتر لە مانگێک لە دەستگیرکردنی لەلایەن حکومەتی سووریاوە، ئەمڕۆ ئازادکرا.[2]
- دیار نەسرەدین جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ئاشکرایکردەکات کۆمسیۆن تاوتوێی سکاڵای بەشێک لە کارمەندەکانی دەکات کە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا ئازاردراون یان هێرش کراوەتە سەریان.[5]
- لە ئاسمانی هەڵەبجەوە شتێکی هاوشیوەی مووشەک بیندراوە کە بە ئاراستەی سلێمانی هاوێژراوە، لە دوای خۆیەوە دووکەڵی بەجێ هێشتووە.[6]
- بەرێوبەرایەتی گشتی پۆیسی پارێزگای هەولێر، ئاگاداری هاوڵاتیانی شاری هەولێر دەکاتەوە کەوا لە کاتی ئاشکرا کردنی ئەنجامی هەڵبژاردندا، هەر کەسێک تەقەی خۆشی بکات یان چەکی بەدەستەوە بێت ڕێکاری یاسایی تووندیان بەرامبەر دەگرنەبەر.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بڕیارە ئاراس شێخ جەنگی وەک گەورە ڕاوێژکاری سەرکۆماری نوێی عێراق د. بەرهەم ساڵح دەستنیشانبکرێت.[5]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، هێزەکانیان لە سوریا ناکشێننەوە تا ئەو کاتەی هەڵبژاردن لەو وڵاتە ئەنجامنەدرێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری باسنیوز - 2018-10-04
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 70

2018-10-05



باکووری کوردستان

- پۆلیس لە وان لە هەڵکوتانە سەر ماڵان و هاندان باگجی هاوسەرۆک شارەوانیی قەلقەلی-یان دەستگیرکرد. هەر لەو هەڵکوتانەدا لە ناوچەی قەلقەلی زوبەیر باگجی و کەسێکی تر کە ناوەکەی نازانرێت دەستگیرکران. هەروەها لە ناوچەی ئەردیشی وان پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ماڵی بەڕێوەبەری هەدەپە ئایفەر سایات لە گەڕەکی یەشیلۆڤا و ئایفەر سایات-یان دەستگیرکرد.[1]

- ئۆپراسیۆنەکەی سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی تلۆ و ناوەندی سێرت لە باکووری کوردستان بەردەوامە. ئۆپراسیۆنەکەی سوپای تورکیا گەڕەکانی ئەلماجک، کارگاجک، ئەرەنلەر، ئاکومەرە و گوندەکانی چنارلس، هانتارات، ئاکیایلا و تاشبالاتانی ناوچەی تلۆ و گوندی کۆچلوی سەر بە ناوەندی شار و دەوروبەری گوندەکانی ئەمەکچلەر و بایراکتەپەی گرتووەتەوە.[1]

- پۆلیسی تورکیا بەرەبەیانیی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی قۆسەر-ی مێردین هەڵیکوتایە سەر زۆر ماڵ. لە ئەنجامدا چەندین ئەندام و بەرپرسی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و پارتی هەرێمەدیموکراتییەکان (دەبەپە) دەستگیرکران. ئە و کەسانەی کە دەستگیرکراون بریتین لە: حەمدیە تورگای کاندیدی هەدەپە لە شاری هاتای بۆ هەڵبژاردنی 2015ی پەرلەمانی تورکیا، یاسەمین دەمیرکایا ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی بەرێوەبەری دەبەپە، حەقی ئاکانسەل هاوسەرۆکی پێشووی دەبەپە لە ناوچەی قۆسەر، مەلاهات ئۆرال ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی بەرێوەبەری دەبەپە، حەمدوڵا ئەرەس کارمەندی پێشووی شارەوانی، سەردار چەتین، مەسعوود یگیت و سەلین چنار.[1]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان لە نزیک گوندی دیناران لە ناوچەی ئالانی شاری سەردەشت، دایە بەر دەسرێژ و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکاندا دوو کۆڵبەری کورد، بە ناوەکانی کەماڵ قادریان تەمەن 28 ساڵ و ئومید ساڵحپوور تەمەن 23 ساڵ بە سەختی بریندار بوون.[5]

- لە کاتی مانۆڕی سپای پاسداران لە شاخی شاهۆ، بە تۆپبارانی ئەو زەنجیرە شاخە، بەتایبەت لە گوندەکانی لۆنی سادات و تیلەکۆ، بوو بە هۆی ئاگردانی چەندین لەوەڕگە و سووتانی دارستانەکانی ئەو زنجیرە شاخە.[5]

باشووری کوردستان

- ڕۆژنامەنووس و مامۆستا محەمەد حاجی فەرەج دێکۆنی بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.[3]
- فڕۆکەکانی تورک دەوروبەری گوندەکانی دەڤەری نهێل لە شارۆچکەی ئامێدی بۆردوومان دەکەن.[2]
- تەرمی کەمال ڕەئوف محەمەد - بابی لالۆ لە هۆڵنداوە گەییشتەوە سلێمانی و ئێوارەی ئەمڕۆ لە تەنیشت لالۆی کوڕییەوە نێژرا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- نادیە موراد، کچە کوردی ئێزیدیی قوربانیی دەستی داعش، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی وەرگرت. لە کاتی ڕێزلێنانەکەدا بەهیچ جۆرێک ناوی کورد و کوردستان نەهات.[2]
- عەممار حەکیم،سەرۆکی ڕەوتی حیکمە لە توێتێکیدا دەنووسێت: بە بەهێزترین ڕستەکان، سەرکۆنەی تەقینەوە تیرۆریستەکە دەکەین کە بووە هۆی کوژرانی 7 سەربازی تورک لە ویلایەتی باتمانی ڕۆژهەڵات و هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ حکومەت و گەلی تورکیای دراوسێ دەخەینەڕوو بەتایبەتی کەسوکاری قوربانییان و هەڵوێستی نەگۆڕی خۆمان دژ بە تووندوتیژی و تیرۆر، دەخەینەڕوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح

شار و شارۆچکەکان: سێرت

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: ماردین

شار و شارۆچکەکان: وان

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

وڵات: هۆڵاند

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-05

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-05

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕوودا‌و - 2018-10-05

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-06

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 71

2018-10-06



باکووری کوردستان
- نزیکەی هەفتەیەکە لە ناوچەی لیجەی ئامەد ئۆپراسیۆنێکی سەربازیی سوپای تورکیا بەردەوامە. سەربازە ئۆپراسیۆنچییەکان هەڕەشە لە گوندنشینانی ئەو ناوچەیە دەکەن و ڕێگایان پێنادەن لە ماڵەکانی خۆیان بچنەدەرەوە.[1]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ماڵان. لە دوای پشکنینی ماڵەکان، نیزامەدین تۆگوچ هاوسەرۆکی هەدەپە لە ئێلح و 7 کەسی تریان دەستگیرکرد. ئەو 8 کەسە دەستگیرکراوەیان گواستووەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئێلح.
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە گەڕەکی باغلەرباشیی ناوچەیی خەلیلیەی ڕحا پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ماڵان و محەمەد کلچ بەڕێوەبەری ڕێکخستنەکانی هەدەپەی شاری ڕحای دەستگیرکرد. پۆلیس دەستیان گرت بەسەر کۆمپیوتەر و تەلەفونەکانی ئەندامانی ئەو ماڵانەدا کە هەڵیانکوتاوەتە سەری. لە گەڕەکی کارائۆتلاک-یش جەندرمە هەڵیکوتایە سەر ماڵی گەنجێک بە ناوی ڕەسوڵ شەکەر. ئەو گەنجەیان بە پاساوی بڵاوکردنەوەی بابەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستگیرکرد.[1]
- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا لەبارەی ئەو ئۆپراسیۆنەوە ڕایگەیاند لە ئۆپراسیۆن لە ئێلح نیزامەدین تۆگوچ هاوسەرۆکی هەدەپە و 7 کەس، لە ئاگری 25 لایەنگری هەدەپە، لە ئەنقەرە 5 کەس، لە موش 1 کەس و لە مێردین 1 کەس و لە ڕحا 9 کەس، کە بە گشتی دەکاتە 49 کەس، دەستگیرکراون.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵێکی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، سوپای پاسداران دەستیکردووە بە گواستنەوەی ڕۆکێت و چەکی قورس بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سنە، مەریوان، کامیاران، پاوە، سەولاوا و چیاکانی شاهۆ و کۆسالان جێگری کردوون.[5]
- دەیان سەر ئاژەڵی مەڕدارانی شاری پیرانشار لە لایەن سپای پاسدارانەوە لە سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و کوردستانی ئێراندا دەستیان بەسەردا گیرا.[7]
باشووری کوردستان
- سەعات 6ی بەیانی ئەمڕۆ، لە گەڕەکی ئازادی شارۆچکەی کۆیە پیاوێک خێزانەکەی کوشتووەو دواتریش خۆی کووشتوە.[2]
- سەرپەرشتیاری میحوەری مەخموور-گوێر ڕایگەیاند، هاوپەیمانان چەکدارانی داعشیان لە باشووری گوندی کوشاف

بۆردوومانکرد و 6 چەکداریان کوژراون.[3]
- ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیکی شەنگال پیرۆزبایی لە نادیە موراد چالاکوانی کوردی ئێزدی و دکتۆر دێنس ماکویچی داکۆکیکار لە مافی ژنان لە کۆمای کۆنگۆی دیموکراتیک کرد، کە بە شایانی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ ناسێنراون لە جیهاندا.[1]
- سەرۆکی یەکێتیی هاوردە و هەناردەکاران ڕادەگەیەنێت: لەم ڕۆژانەدا نرخی خۆراک و سەوزە و میوە و کەلوپەلی تر لە کوردستان دادەبەزێت و بازرگانان جگە لە ئێران، کەلوپەل و خۆراک لە وڵاتانی دیکەوە هاوردەی هەرێم دەکەن.[6]
دەرەوەی کوردستان
- پۆلیسی بەریتانیا ڕایگەیاند: تەرمی کچێکی کورد بە ناوی ئافان نەجمەدین تەمەن 32 ساڵان لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری فێنتۆن دۆزراوەتەوە.[4]
- ئەمرۆ پلاتفۆرمی هۆرام یەکەم کۆنفرانسی هەورامان ناسیی دەرەوە وڵاتی بە دروشمی ژیانی پێکەوە و کۆمەڵگای فرەڕەنگ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید دەستپێکرد.[5]
- بەشی دووەمی زریپۆشەکانی دروستکراوی ڕووسی لە جۆری BMP-3 ڕادەستی سوپای عێراقی کرا و بەمنزیکانەش بەسەر یەکە سەربازییەکانی هێزەکانی وشکانی دابەش دەکرێن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	ئاگری
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	مەخموور
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
وڵات:	شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
وڵات:	یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-06
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-06
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 72

2018-10-07



باکووری کوردستان
- لە شاری ئێلح، پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر بینای هەدەپە لە شاری ئێلح و هاوسەرۆکی لقی شاری ئێلح-ی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) بێریڤان هەلەن ئشک-یان دەستگیر کرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سوپای پاسداران بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی چیای شاهۆ.[2]
- بەهۆی بۆمباران کردنی چیای شاهۆ، ئاگر لە ناوچەکە کەوتووەتەوە و هێزەکانی سوپای پاسداران ڕێگە نادەن ئاگرەکە بکوژێنرێتەوە. لە ڕۆژانی ڕابردووشدا پاسدارانی ئێران لە ناوچەکانی کەلە، تەنە و کۆسااڵن-ی هەورامان دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کردبوو.[2]
- هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئێدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز، هێرشیان کردە سەر ماڵی مامۆستایەکی کورد بە ناوی محەمەدسااڵح شەکەری و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.[5]
باشووری کوردستان
- فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سلێمانی، بەهۆی زیادکردنی دەوامەوە بایکۆتیان ڕاگەیاند.[1]
- بەهۆی زیادکردنی ژمارەیەک هێڵی تاکسی بۆ تورکمانەکانی ناوچەکە، شۆفێرە کوردەکانی تێرمینااڵی گشتی، خورماتوو نیگەرانییان دەربڕی و سکاڵایان تۆمارکرد، هەڕەشەی مانگرتنیش دەکەن.[1]
- دوای ئەوەی پۆلیسی کۆیە، دوو دەستگیرکراو بۆ لێکۆڵینەوە دەبات بۆ بەردەم دادوەر لە شارۆچکەی تەقتەق، لەڕێگا ئەو دوو دەستگیرکراوە لەلایەن کەسوکارییانەوە لەدەستی پۆلیسی دەرفێندرێن.[3]
- بەبیانووی هەبوونی بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە، تۆپخانەکانی سوپای تورکیا بناری گوندی کێستە لە شارەدێی کانی ماسێ تۆپباران دەکەن.[1]
- ژمارەیەک لە کەسایەتی و هاوڵاتیان، کەمپەینی واژۆ نەکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن-یان ڕاگەیاندرا، داوا لەئەندامانی ئەجومەنی کۆمسیاران دەکەن واژۆ لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان نەکەن.[4]
- کۆسرەت ڕەسول عەلی لەگەڵ برێت مەکگۆرک کۆبووەوە و بە شاندی میوانی ڕایگەیاند، بەلای یەکێتییەوە گرنگە لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆببنەوە و کێشەکانیان چارەسەربکەن و ململانێ حیزبییەکانیان وەلابنێن.[3]
- تادێت دەنگی نارەزایەتیەکان لەناو بزووتنەوەی گۆڕان بەرزتردەبنەوە و سەرەکیترین داواکاریش دەست لەکارکێشانەوەی ڕێکخەری گشتی و خانەی ڕاپەڕاندنە، بەرپرسێکی بزوتنەوەکەش دەڵێت: لەسەر چاکسازی ناوخۆیی لێکتێگەیشتن لەنێوان ئۆرگانە جیاجیاکاندا هەیە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ گروپی کچانی (زایەڵە)ی مەریوان لەهۆڵی ڕۆشنبیری شارۆچکەی چەمچەماڵ کۆنسێرتێکی هونەری-یان سازکرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەپێی زانیارییەکان نزیکەی 80 چەتەی دەوڵەتی تورکیا لە عەفرین دەستیان کردووە بە دزینی زەیتونی هاووڵاتیان و زەیتونەکانیان بردووە بۆ کارگەیەک و هەوڵیانداوە زەیتی زەیتونی لێدروست بکەن.[2]
دەرەوەی کوردستان

- عەلی دایی ئەفسانەی تۆپی پێی ئێران، بەتۆمەتی هاوکاری کردنی لێقەوماوانی بومەلەرزەکەی کرماشان بەبێ ئاگاداری حکومەت، دەستگیرکرا. میدیاکانی ئێران ئاشکرایانکردووە: عەلی دایی دەیان میلیار تمەنی وەکو هاوکاری بەخشیوە بە لیقەوماوانی بومەلەرزەکەی کرماشان و هاوکارییەکانی لە هاوکاری حکومەتی ئێران زیاتربووە، بەڵام بەبیانووی ئەوەی بەبێ ئاگاداری حکومەت ئەو کارەی کردووە، بانگێشتی دادگاکراوە و تا یەکلابوونەوەی کەیسەکەی لە زیندانداا دەمێنێتەوە.[1]
- چاغداش کاپڵان بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆژنامەی یەنی یاشام بە پاساوی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەسەر کۆبانێ و ئەو وێنانەی کە لە کۆبانێ گرتوویەتی دەستگیرکرا.[2]
- کۆنگرەی هەنگەڤانانی وڵاتانی عەرەبی و ئەفریقی لە بەیروتی پایتەخی لوبنان ئەمڕۆ کۆتایی بە کارەکانی هێناو، هەنگەڤانانی کورد دوو خەڵاتی یەکەمیان بردەوە، بڕیاریشە کۆنگرەی داهاتوو لە ساڵی 2019 لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-09

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 73

2018-10-08



باکووری کوردستان
- دەیەمین دانیشتنی یەکەمین دادگەی سزاقورسەکانی شاری مەڵەتی دەربارەی دۆسیەی هاوشارەداری گەورەی ئامەد گوڵتان کشاناک و هاوسەرۆکی پارتی هەڕێمە دیموکراتییەکان (دەبەپە) سەباحەت تونجەل بەڕێوەچوو. لە دانیشتنەکەدا پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)، یاریدەدەری هاوسەرۆکی دەبەپە و پەرلەمانتارێکی شاری زوریخی سویسرا ئامادە بوون. هەروەها نوێنەرانی ناوەندی گشتیی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ تورکیا و لقی شاری ئامەد و مەڵەتی هەمان ڕێکخراو ئامادە بوون. بە تۆمەتی (دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ڕێکخستن)، (پرۆپاگەندە کردن بۆ ڕێکخستن) و (سەرەڕای هۆشداری پێدان، بەشداری کردن لە کۆبوونەوە و خۆپیشاندانە نایاساییەکان) داوای سزای 230 ساڵ بەندکردن بۆ کشاناک و 145 ساڵ بەندکردن بۆ تونجەل دەکرێت.[1]
ڕۆژهەلاتی کوردستان
- بە هۆی گرانبوونی شتومەک و نەبوونی کەرەستە سەرەکییەکان لە بازاڕ و قۆرغ کردنیان لە لایەن بازرگانەکانەوە، هاوڵاتیانی شارەکانی شارەکانی سنە، مهاباد، پیرانشار، مەریوان، سەقز، بانە، پاوە، بۆکان، کرماشان، سەردەشت، ئورمیە و میاندواو دەستیان بە مانگرتنی گشتیی کرد.[4]
- یەکێک لە مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان بە ناوی میلاد محەمەدیان خەڵکی شاری کامیاران لە شەڕ و تێکەڵچوونێکی چەکداریدا، لە سنووری شاری مەریوان کوژرا.[5]
- ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی ژینگەپارێزانی شاری سەقز، بە چاندنی نەمام لە 50 شوێنی ئەو شارە وەکوو ڕێزلێنان لە گیان لەدەستداوانی ژینگەپارێزیی 3ی خەرمانان، لە شاری مەریوان چەند چالاکییەکیان ئەنجام دا.[5]
- بەهۆی داڕوخانی دیواری خوێندنگایەک لەگوندێکی سەربە شاری سنە منداڵێکی شەش ساڵانی قۆناغی یەکی سەرەتایی بەناوی دنیا وەیسی گیانی لەدەستدا.[1]
- چالاکێکی کرێکارپی کورد، بە ناوی زانیار دەباغیان خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- لە ڕێورەسمێکدا پرۆسەی ئاڵوگۆڕی پۆستی پارێزگاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت و ئازاد تۆفیق وەک پارێزگاری نوێ دەستبەکاربوو.[1]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو بە هێزێکی کاکەییەکاندا لەسنوری شارۆچکەی داقوق سەر بەپارێزگای کەرکووک دوو چەکداری ئە و هێزە بریندار بوون.[2]
- هێزەکانی هاوپەیمانان ڕایدەگەیەنن: لەگەڵ ئە و فشارانەی لە سوریا خراوەتە سەر چەکدارانی داعش پێدەچێت بەشێک لە و چەکدارانە دزە بکەنە ناوخاکی هەرێمی کوردستان. هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزیری پێشمەرگە بەوەکالەت کۆبوونەوە و لە ڕاگەیەنراوێکی کۆبوونەوەکەش ئاماژە بە زیادبونی جموجۆڵەکانی داعش لەسنوری هەردوو پارێزگای کەرکووک و موسڵ و کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان کرا.[2]

- لە کاتژمێر 2:30 خولەکی ئەمڕۆ تۆپخانەکانی سوپای تورک لە چەلێ-ی باکوری کوردستانەوە دەستیان بە تۆپبارانی ناوچەکانی زاپ و ئافاشین و دەوروبەری شارەدێی باتوفا لە شارۆچکەی ئامێدیی سەر بە پارێزگای دهۆک تۆپباران دەکەن.[4]
- لە زانکۆی کۆیە سەنتەری مەلای گەورە بۆ توێژینەوە کرایەوە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- فڕۆکەیەکی سیخوڕی تورکیا لە شاری کۆبانێ کەوتەخوارەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: بۆکان

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-08

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-08

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-08

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-09

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 74

2018-10-09



باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورکیا سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە شاری ئامەد بە ئۆتۆمبێلی زرێپۆش هەڵیکوتایە سەر ماڵان و دەیان دەرگای ماڵانیان شکاند. پۆلیس لە هەڵکوتانە سەر ماڵاندا، ڕۆژنامەنووسان عەبدولڕەحمان گۆک، کیبریە ئەفڕەن و محەمەد شەریف چامچی هاوسەرۆکی هەدەپەی ئامەد و زیاتر لە 100 کەسیان دەستگیرکرد.[1]
- ئەمڕۆ پۆلیسی دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەی چاڵدرانی پارێزگای وان هەڵیکوتایە سەر 13 ماڵ و 13 کەسی دەستگیرکردووە و 7 کەسی تریشیان ڕاپێچ کردووە و چاوەڕێ دەکرێت ئەوانیش دەستگیر بکەن. ناوی ئەو کەسانەی کە دەرگای ماڵەکانیان لەلایەن پۆلیسەوە شکێنراوە و دەستگیرکراون بریتین لە: حاجی هاراک، شاهیر تۆپچی، موستەفا کایا، سەید خان ئاجار، فەوزی ئۆزونای و شەمسەدین ئاجار. هەروەها عەلی ئێحسان تاش هاوسەرۆکی هەدەپە لە چاڵدران، سەلامی کۆچ بەڕێوەبەری هەدەپەی ئەو ناوچەیە، جەنگیز کۆچ، فاروق تراک، نەوزاد ئۆزونای، کە پۆلیس هەڵیکوتاوەتە سەر ماڵەکانیان، لەو کاتەدا لە ماڵەوە نەبوون.[1]
ناوی 63 کەس لە دەستگیرکراوەکان
کیبریە ئەفڕەن ڕۆژنامەنووس، عەبدولڕەحمان گۆک ڕۆژنامەنووس، سەمیحە ئالانکیوش ڕۆژنامەنووس، ئەسرا سۆلین دال ڕۆژنامەنووس. حەسەن حوسێن ئەبدەم ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە)، محەمەد نوری ئۆزدەمیر ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە)، حوسێن کایا ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە)، حیلمی ئایدۆغان ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە)، عەدنان ئاک گیول ئەندامی دیوانی هاوسەرۆکایەتیی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە). ڕوکەن کلچ ئەندامی ئەنجوومەنی هەرێمیی کەجەدە، وەحید دۆغرول خەباتکاری کەجەدە، شەریف چامچی هاوسەرۆکی هەدەپە لە ئامەد، وەدات داغ خەباتکاری ڕاگەیاندنی هەدەپە، ئەیلەم جەیلان ئەندامی ئەنجوونی هەدەپە، سەحەر تومەر یاریدەدری هاوسەرۆکی گشتیی دەبەپە، نەڤریە چور ئەندامی ئەنجوومەنی دەبەپە، فیگەن ئەکتی چالاکوانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (تەژەئا)، ئەلیف حەرپان چالاکوانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (تەژەئا)، فیگەن ئاراس چالاکوانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (تەژەئا)، مەکییە ئۆرمانجی، سەرجان دۆغان، سەلمان مەتین، نێعمەت یورەک، نەسلی خان کاراجا داغ، ئای گیول ئالاگیوندوز، دڵناز ئەمەکچی، ئەحمەد ئاسلان، لەیلا تەکداغ، موکریمە کانکان، زەکی باران، پنار تەکین، ئەنگین بابایت، شێخموس کارایلا، زەهرا ئۆزدەمیر، محەمەد ئای، موعەزەز جانپۆلات، ڕفات ڕۆنی، لەیلا ئایاز، شاتی هایمە، قەدریە ئۆزجانلی، محەمەد تەمیز یوز، ئەڤیندار ئایدن، زانا دۆنار، ماهیر کۆیون، نالان ئۆزایدن، موعەزەز ئولاش، مەهتاب مەتین، عەباس ئاسلان، نەجدەت سەزگین، سەما کۆچ، ڤەیسەڵ ئۆزەکتی، ئەمرولا کالاکان، پنار سرناچ، محەمەد ئاکدۆغان (نووسەر)، خەدیجە شەن، دەریا ئاسلان، سەلدا ئەرتەن، حەبیبە ئەکینجی، خالیسە یاووز، حەسەن چیچەک، ساواش ئاسلان (دابەشکاری ڕۆژنامە)، حەیات ئۆزمەز (دابەشکاری ڕۆژنامە)، سیاژن پاشناوەکەی نازانرێت.[1]
- ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی لە لایەن ڕژێمی ئاکەپە - مەهەپە بەردەوامە. پۆلیسی تورکیا ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر ماڵی لەیلا گوفەن پەرلەمانتاری هەدەپە و هاوسەرۆکی کەجەدە کە ئێستا لە زیندانداید.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوکمی لە سێدارەدانی زیندانیی سیاسیی کورد هیدایەت عەبدوڵڵاپوور خەڵکی شاری شنۆ لە زیندانیی ناوەندی شاری ورمێ لە لایەن دیوانی باڵای وڵاتەوە پشتڕاست کرایەوە.[5]
باشووری کوردستان

- سەدان مامۆستا و خوێندکارانی کوردانی ڕۆژئاوا لەبەردەم بارەگای UN لە هەولێر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داوا دەکەن قوتابخانەکانی کوردانی ڕۆژئاوا دانەخرێن.[2]
- یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی لەبارەی داهاتووی کورد-ەوە لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[3]
- ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دانانی خاڵی گومرگی لەنێوان کەرکووک و شارەکانی هەرێم بەنایاسایی ناودەبات و داوا لە حکومەتی عیراق دەکات ئە و خاڵانە لابببات.[3]
- لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، شارۆچکەکانی ڕانیە و دەربەندیخان، خۆپیشادان بۆ شەرمەزارکردنی، گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی 9ی ئۆکتۆبەر، دژ بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، دەستپێکرد.[4]
- ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەنگۆی ڕێگری لە چوونی کۆسرەت ڕەسول بۆ هەولێر ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت دڵنیاین خەڵکی کوردستان بڕوا بە و جۆرە پڕوپاگەندانە ناکەن.[6]
- ئەمڕۆ لە باخچەی شەهیدان لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکووک کۆمەڵێک کەسایەتیی، ڕۆژنامەنووس و چالاکوان و بەشێک لە ڕێکخراوەکانی مەدەنیی لە جوارچێوەی گروپێکدا بەناوی (هاوپەیمانیی کۆمەڵایەتیی هاوڵاتیانی کەرکووک) و بە دورشمی دەسەڵاتی سەربازیی لەسەر کەرکووک هەڵگرن، گردبوونەوە و بەیاننامەیەکیان خوێندەوە.[4]
- سەندیکای مامۆستایانی عێراق داوای چۆڵکردنی بینایەک لە لقی کەرکووکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەکات، بۆ ئەو مەبەستەیش هێزێکی سەربازی بەهەمەڕەوە چۆتە سەریان.[2]
- گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان ڕایگەیاند چوار چەکدار مووچەی پێنج قوتابخانە و باخچەیەکی ساوایانی خوێندنگە کوردییەکانی خورماتوویان بردووە.[6]
- دژەتیرۆری هەرێمی کوردستان سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەستگیرکردنی تۆرێکی گەورەی سەرچاوەی دارایی داعشی لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشدا لەگەڵ هاوپەیمانان ڕاگەیاند.[6]
- پەیکەری کاوەی ئاسنگەر کە لە لایەن چەتەکانی ئەردۆغان لە عەفرین شکێندرا، لە دەربەندیخان داندرایەوە و بووە سیمبولێک بۆ ئەو شارۆچکەیە.[4]
- لە پارێزگای دهۆک، بە بۆنەی گەلەکۆمی 9ی ئۆکتۆبەر لە دژی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، کۆڕێک ئەنجامدرا و تیشک خرایە سەر ئامانجی گەلەکۆمەکە و کاریگەری فکر و تێزەکانی ئۆجالان.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە شەڕی ڕووبەڕووبونەوەی نێوان شەڕڤانانی سوپای سوریای دیموکرات و داعش لەسنوری پارێزگای دێر ئەلزوری سوریا، فەرماندەیەکی شەڕڤانان بەناوی حسێن دۆشکا شەهیدبوو.[4]

دەرەوەی کوردستان

- مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە کۆشکی سپی لەگەڵ نادیە موراد، کچە چالاکوانی کوردی ئێزدی کۆبووەوە و ڕایگەیاند، نادیە شایەنی ئەم خەڵاتەیە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 75

2018-10-10



باکووری کوردستان
- دانیشتنی دادگەی سزاقوورسەکانی شاری موش-ی باکووری کوردستان دەربارەی دۆسیەی ڕۆژنامەوانی ئاژانسی میزۆپۆتامیا سەدا تاشکین بەڕێوەچوو. تاشکین لە 20ی کانوونی یەکەمی 2017 بە بیانووی (دەربارەی ئە و ئیخبار هەیە) دەستبەسەر کرا و ڕۆژی 22ی کانوونی دووەمی 2018ش بڕیاری گرتنی درا. دادگەی ڕێژیمی تورکیا سزای 7 ساڵ و 6 مانگ زیندانیکردنی بەسەر ڕۆژنامەوان سەدا تاشکیندا سەپاند.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە گەڕەکی میراوای شاری بۆکان، گەنجێکی تەمەن 25 ساڵ لە بەر چاوی هاوولاتیان خۆی لەسەر پردێکەوە هەڵدایە

خواردەوە و لە ئەنجامدا گیانی لە دەستدا.[3]
- لە سنە، هەشتەمین پیشانگای نێودەوڵەتی پەرتووک دەستی پێ کرد، ئەو پیشانگایە تا ڕۆژی 15ی ئۆکتۆبەر بەردەوام دەبێت لە کارەکانی. 195 ناوەندی بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، 157 ناوەندی بڵاوکردنەوەی بە نوێنەرایەتی و 52 ناوەندی بڵاوکردنەوەی بیانی لەو پیشانگایەدا بەشداریان کردووە. 73 هەزار و 500 ناونیشانی پەرتووکی ناوەندە بڵاوکردنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و 400 ناونیشانی پەرتووک لە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە نێودەوڵەتییەکان و دوو هەزار و 800 ناونیشانی پەرتووکی کوردیش لە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی هەرێمی کوردستان لە پیشانگاکەدا نمایش دەکرێن.[3]
باشووری کوردستان
- بە بەشداری 17 وڵاتی جیاواز سیازدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی پەرتووک لە هەولێر کرایەوە. نزیکەی 300 دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە تێیدا بەشدارن کە لە 17 وڵاتی جیاواز کە 11 وڵاتی عەرەبییەو سێ وڵاتی ئەوروپی و هەریەک لە تورکیا و ئێران و هیندیستانیش بەشدارن. پێشانگاکە 500 هەزار ناونیشانی جیاوازی پەرتووک لەخۆدەگرێت و بۆ ماوەی 10 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، بەنمایشکردنی فیلمی (کچانی خۆر) سێیەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم لە شاری سلێمانی دەستپێدەکات و هەفتەیەک بەردەوام دەبێت.[1] لە ماوەی هەفتەیەکی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵەکە 122 فیلم لە 52 وڵاتەوە لە 4 هۆڵی جیاواز لە سلێمانی نمایش دەکرێن.[5]
- لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا سوپای تورکیا لە ناوچەکانی ئامێدی و برادۆست سێ بنکەی تری سەربازیی دامەزراندووە و ژمارەی سوپاکەشی لە ناو خاکی هەرێم بۆ دووهێندەی جاران زیاتر کردووە، ئەمە سەرەڕای هێنانی چەک و جبەخانەی قوورس و زۆر بۆ ئە و بنکانە.[2]
- ئەمڕۆ، دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان بڕیاری ئەنجوومەنی کۆمسیارانی هەڵوەشاندەوە، بۆ پەسندکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، کە بەپێی ئەو بڕیارە دەبووایە دوولەسەرسێی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمسیاران دەنگ لەسەر پەسەندکردنی ئەنجامەکان بدەن، بەڵام دوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە ئێستا بە 50+1 ئەنجامەکان پەسەند دەکرێت، بڕیاردەری ئەنجوومەنی کۆمسیارانیش دەڵێت بەپێی یاساکەش ناتواندرێت تانە لە بڕیارەکە بدرێت.[3]
- سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت، هەرچەندە زۆر هەوڵدرا پاشەکەوتی مووچەی ئەو پێشمەرگانە بە یاسایەک لاببرێت کە مووچەیان کەمە و حەقی پاشەکەوتکردن نین، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی یەکەم دەیەوێت قەرزە کەڵەکەبووەکانی بداتەوە، پاشان پاشکەوتی مووچە لابدات.[1]
- هێزەکانی گەریلا لە کاتژمێر 09:00 لە شاخی لێلیکان لە ناوچەی برادۆست لە باشووری کوردستان چالاکییان لە دژی سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئەنجامداوە. هێزەکانی گەریلا لە کاتژمێر 14:00 دا چالاکییەکی تریان لە دژی سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە شاخی لێلیکان ئەنجامداوەتەوە و لە چالاکییەدا 4 سەربازی تورکیا کوژراون.[4]
- ئەمڕۆ لە گەڕەکی هەرشەم 2 لە شاری هەولێر گەنجێک بەناوی کارزان فەرید کوژرا.[3]
- لە دوای دانانی دوو خاڵە گومرگییەکەی نێوان کەرکووک-سلێمانی و کەرکووک-هەولێر، بەبیانوی سەندنی باج ڕێگە نادەن هیچ پەرتووکێکی کوردی بێتە شارەکەوە.[1]
- محەمەد سەمعان، بەرپرسێکی بەرەی تورکمانی ڕایدەگەیەنێت: لەگەڵ یەکێتی و عەرەبدا لەڕێککەوتنی کۆتایی نزیکن لەسەر دانانی کەسایەتییەکی کورد بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە دەریای ئیجە، یەختێک کە 35 کەسی تێدابووە و سەرجەمیان خەڵکی دهۆک و زاخۆن نقووم بوو. پاش نقومبوونی یەختەکە هەشت کۆچبەر بە خنکاوی دۆزراونەتەوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-10
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 76

2018-10-11



باکووری کوردستان
- سەزای تەمەڵی، هاوسەرۆکی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە لەگەڵ شاندێکی هەدەپە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی ئاکەپە و مەهەپە لەدژی سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی کورد چووە ئامەد و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بەشداریی کرد.[6]
- ڕۆژنامەوان کیبریە ئەڤرەن لە ئامەد بەند کرا.[4]
- لە شاری ئامەد 2 پارێزەر دەستگیر کران.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- یەکەم کۆنگرەی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی لە خانەی مجتمع فەرهەنگی شاری شنۆ بەڕێوە چوو، کە بە هۆی دەستێوەردانەکانی سپای پاسداران، ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنیی شاری شنۆ لەو کۆنگرەیە بەشدارییان نەکرد.[7]

باشووری کوردستان

- کاتژمێر 8ی بەیانی ئەمڕۆ بۆمبێکی چێندراو لە گەڕەکی ڕێگای بەغدای شاری کەرکووک تەقییەوە و بووە هۆی کوژرانی 2 هاوڵاتی و 4ی دیکەیش بریندار‌بوون.[1]
- پاسەوانی سنوور سەر بە حکومەتی عێراق بارەگایەکی گەورەی لە شاڕۆچکەی کانی ماسی سەر بە ئامێدی کردەوە، ئەرکیان پاراستنی ناوچە سنووریەکانی بەرواری باڵایە لە گەڵ تورکیا. ئەو هێزانە هاوکات چاودێری دەروازەی سەر زێڕیش دەکەن.[2]
- بەبیانووی بوونی بارەگاکانی پەکەکە گەلی سیڤا کە دوو کیلۆمەتر لەسەنتەری گوندی گوهەرزی دوورە، بۆردوومان کرا لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە کە یەکەمجارە ئەو ناوچەیە دەکرێتە ئامانج. سەرەڕای بوونی خۆڵبارینی زۆر، هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان لێ نیشتووە و بۆردوومانەکە زۆر سەختە.[5]
- یەکەی قەناس بەدەستی هێزەکانی گەریلا لە شاخی خودێ لە ناوچەی بارزان چالاکییەکیان لە دژی سەربازانی سوپای تورکیای داگیرکەر ئەنجامدا. لەو چالاکییەدا سەربازێکی تورکیا کوژرا.[4]
- ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، تەواونەبوونی ئەنجامی ڕێژەی 15%ی دەنگەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەیوەندی بە تەواونەبوونی وردبینی سکاڵاکان و فۆرمەکانەوە هەیە.[5]
- وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایدەگەیەنێت لە خانەقین خۆکوژێکیان دەستگیرکردووە کە ویستویەتی خۆی بتەقێنێتەوە، پۆلیسی خانەقینیش باس لەوە دەکات ئە و کەسەی دەستگیرکراوە تەمەنی 14 ساڵە و خەڵکی سوریایە.[5]
- لە بۆسەیەکی هێزە ئەمنییەکانی عێراقدا لە باشوری کەرکووک دوو چەکداری داعش کوژران.[5]
- بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لە داقووق دوو چەکداری حەشدی شەعبی کوژران.[2]
- لە شارۆچکەی داقوق مااڵی جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکووک تەقێنرایەوە، تەنها زیانی مادی لێکەوتەوە.[1]
- کاتژمێر 2:00ی پاشنیوەڕۆ، لە شارەدێی حاجیئاوای، سەر بە شارۆچکەی ڕانیە، سەر بە دەڤەری ڕاپەڕین، ژنێکی تەمەن 48 ساڵ بە هۆی هەڵواسینەوە لە ژورێکی مااڵی باوکی گیانی لەدەستدا.[6]
- لەشاری دهۆک و ئامێدی گەنجێک کەسێک و هاوسەرەکەی خۆی دەکوژێت.[3]
- سێیەمین وەرزی هونەرمەندانی مۆدێرنی کوردستان لە هەولێر بەڕێوەچوو. 25 هونەرمەند بە 30 بەرهەم لە باشوور، ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان لە دیدی خۆیانەوە وێنای جیهانی دەوروبەریان کرد.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هێزەکانی ئەنجومەنی سەربازی منبج لەڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن ئەمریکاوە ئۆتۆمبێلی سەربازی پێشکەوتویان پێدەدرێت بۆ باشتربەڕێوەبردنی دۆخی ئەمنی ناوچەکە.[3]

دەرەوەی کوردستان

- ئاشکرا بوو کە ئەو 35 کۆچبەرەی دوێنێ لە ئاوی ئیجە لە ئیزمیری تورکیا یەختەکەیان ژێرئاوکەوت سەرجەمیان کوردن. تاوەکو ئەمڕۆ تەرمی 14 کەسیان دۆزراونەتەوە.[1]
- مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە پەیمانگای جوو بۆ ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لە نزیکەوە کاری لەگەڵ کوردەکانی سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان) کردووە و ئەوان هاوبەشێکی گرنگن. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە درێژەی قسەکانیدا گوتی، ئێستا واشنتن کار لەسەر ئەوە دەکات کوردەکان لە دانوستاندنەکانی داهاتووی تایبەت بە چارەنووسی سووریادا بەشداریپان هەبێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 2018-10-11
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی پوک میدیا - 2018-10-11
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-11
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2018-10-11
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-10-11
[7] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2018-10-12

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 77

2018-10-12



باکووری کوردستان
- لە ئۆپراسیۆنی پاکتاوی سیاسیی ڕۆژی 9ی تشرینی یەکەمی 2018دا، کە دەوڵەتی تورکیا لە دژی گەلی کورد ئەنجامیدا 25 کەس دەستگیرکرابوون. ئەو کەسانە لە ئامەد برانە بەردەم دادگا. کیبریپە ئەفرەنی ڕۆژنامەنووس و 12 کەسی تر لەو دەستگیرکراوانە لەلایەن دادگاوە سزای زیندانیکردنیان بەسەردا سەپێنرا و 12 کەسی تریش ئازاد کران.[2]

رۆژهەڵاتی کوردستان
- 19 نوێنەری پەرلەمانی ئێران بە ئاماژەدان بە گیانلەدەستدانی دونیا وەیسی، کچە قوتابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و 4 قوتابی دیکە، داوا لە دەزگای دادی ئێران دەکەن لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە بکات و، بەرپرسان و تۆمەتبارانی گیانلەدەستدانی ئەو قوتابییانە سزابدات.[5]
- هێزەکانی سپای پاسداران لە سەرەتای جادەی خاکی بیدمیری سەر بە شاری پاوە کە دەگاتە کۆیستانەکانی شاهۆ، هاوواڵاتیەکی کورد بە ناوی فەرشاد چەچانی، کوڕی ئیسماعیل، دانیشتووی شاری پاوەیان کردە ئامانجی دەسڕێژی خۆیان کە لە ئاکامدا ئەو هاوواڵاتیە کوردە گیانی لە دەست دا.[6]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری پێشووی هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی و چالاک بزووتنەوەی گۆڕان عەمید نەریمان عەزیز فەقێ محەمەد، کۆچی دواییکرد.[1]
- لەکاتی لێدانی بیری کارێز لە سنوری گەرمیان، چوار هاوڵاتی کەوتنە ژێر گڵەوەو بەهۆیەوە سێ کەسیان گیانی لەدەستدا.[3]
- شەوی ڕابردوو لەسەر ڕێگای کەلار – سلێمانی نزیک شارەدێی باوەنور، ژمارەیەکی زۆر جوجکی زیندوو فڕێدران و بە شەقامەکاندا بڵاوبوونەوە، قایمقامیەتی کەلاریش ڕایدەگەیەنێت، ئەو جوجکانە لە ڕووی تەندروستییەوە مەترسیان نیەو هەڵگری هیچ ڤایرۆس و نەخۆشییەک نین.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە تورکیا، دانیشتنی دادگایی ئەندرۆ برۆنسن، قەشە ئەمریکییەکە بەڕێوەچوو، دادگەی سزا سەختەکانی ئیزمیر، قەشە برۆنسنی بە سانێک و مانگێک و 15 ڕۆژ سزادا، بەڵام بە ئەژمارکردنی ئەو ماوەیەی کە دەستبەسەربووە، قەشە ئەمریکییەکەی ئازادکرد.[1]
- تەرمی 4 پەنابەری باشوور لە دەریای ئیجە دۆزرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-12
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 78

2018-10-13



باکووری کوردستان

- دەوڵەتی تورکیا لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی پاکتاوی سیاسیی گەلی کورد دا لە وان 15 کەسیان دەستگیرکرد، کە 3 کەسیان ئەنجوومەنی گەڕەکەکانن.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- حوکمی یەک ساڵ زیندانی بۆ چالاکێکی مەدەنیی کورد خەڵکی شاری سنە بە ناوی محەمەد سدیق ڕۆستەمی کوڕی سەعید لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنەوە، بە سەر ئەو چالاکە مەدەنییە کوردەدا سەپا.[6]

- لقی چواری لێپرسینەوەی دادسەرای گشتی و ئینقلابی شاری سنە، حوسێن ئەحمەدینیاز، پارێزەری پلەی یەکی کوردی بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کرد. حوسێن ئەحمەدینیاز، بانگهێشتکردنی خۆی بۆ دۆسیەی ڕامین حوسێن پەناهی، زیندانیی سیاسیی ئێعدامکراوی کورد و لێدوانەکانی سەبارەت بە کچانی شیناوێ گەڕاندەوە.[6]

باشووری کوردستان

- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە 95%ی دەنگەکانی جیاکردۆتەوە بە هۆی بوونی سکاڵا و ناکۆکی لەبارەی چارەنووسی بەشێک لە و سندوقانەی قردیلەی سووریان لەسەرە و دووبارە داخڵکردن و وردبینیکردن بۆ فۆڕمەکان، ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دواخستووە.[3]

- بەڕێوەبەری گشتیی پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان لە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لەسەر دەروازەی سنووریی حاجی ئۆمەران لەگەڵ ئێران لەسەر چوار خاڵ ڕێککەوتوون، کە یەکێکیان ئەوەیە دەروازەکە دەبێت 24 کاژێر کراوە بێت.[2]

- جێگری بەڕێوەبەری گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی بیری تووندڕەوییەوە ڕێگەمان نەداوەوە 38 کتێب لە پێشانگای کتێب لەهەولێر نمایش بکرێت.[3]

- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکان لە تورکیا لە پەیوەندیدایە و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ گەڕاندنەوەی تەرمی قوربانیانی ڕووداوەکەی ئیجە.[2]

- سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئێران وەک پێشتر ناتوانێت هەموو کاڵایەک هەناردەی

هەرێمی کوردستان بکات و هەڵدەدەین بارزگانەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت تورکیا ئالوگۆڕی بازرگانی ئەنجام بدەن.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، کچێکی تەمەن 13 ساڵ، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، بە خنکاوی گەیەندراوەتەوە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی چەمچەماڵ.[5]
- ئۆتۆمبێلێکی بۆمڕێژکراو لە کەرکووک تەقیەوە، وتەبێژی پۆلیسی کەرکووکیش ڕایدەگەینێت، بەپێی زانیارە سەرەتاییەکان شەش کەس لە تەقینەوەکە براوبندار بوون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەپێی زانیارییە هەرێمییەکان، گوندی عەلی شێر لە ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی تورکیاوە بە چەکی قورس کراوەتەوە ئامانج و هێرشی کراوەتە سەر.[1]
- دەوڵەتی تورک سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێرشی کردە سەر گوندی عەزیزیە لە سەرێکانی، کە کەوتووەتە 10 کیلۆمەتری قووڵایی خاکی ڕۆژئاوای کوردستانەوە، لەو هێرشەدا جوتیارێک بەناوی جەمال موسا کە تەمەنی 25 ساڵە بریندارببوو.[5]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی ئەمریکا، ڕایدەگەیەنێت، کە لەبەرامبەر ئازادکردنی قەشە ئەمریکییەکە لەلایەن تورکیاوە، هیچ ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ئەو وڵاتە نییە بۆ لابردنی سزاکانیان.[5]
- سێرگی لاڤڕۆف وەزیری دەرەوەی ڕوسیا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: ئەمریکا هەوڵدەدات نیمچە دەوڵەتێک لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فورات دروستبکات بە یارمەتی هاوپەیمانانی لە سوریا، لە پێش هەموویانەوە کوردەکان، ئەمەش بەلای مۆسکۆوە هەنگاوێکی نارەوایە و ڕەتدەکرێتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 79

2018-10-14



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە بەدلیس قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند و ئامادەکاریی بۆ ئۆپراسیۆن لە مەزرا و گوندی دۆیوملو و ناوچەی خیزان دەکات.[4]
- بەهۆی قەدەغەکاریی دەوڵەتی ئاکەپە و ڕێگریکردن لە چوونی هاوولاتییان بۆ لەوەڕگە و کوێستانەکان، زیانێکی زۆر بە کەرتی ئاژەڵداریی هاوولاتییان گەیشتووە. دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە بە زۆری کاری ئاژەڵداری دەکەن، ناچار بوون تەنها ئاژەڵەکانیان لە گوندەکانیاندا بلەوەڕێنن. لەبەر ئەوەی هاوولاتییان ڕێگرییان لێکرا، کە ئاژەڵەکانیان ببنە ناوچە شاخاوی و کوێستانەکان لە مانگی ئەیلولی ئەمساڵدا سەدان سەر ئاژەڵ مردار بوونەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی جێبەجێ نەکردنی یاسا پەسندکراوەکان بۆ ماموستایان، هەروەها بەهۆی زیادنەبوونی مووچەی ماموستایان و لەلایەکی دیکەوە بەکاڵابوونی پەروەردە ماموستایانی سەرتاسەری ئێران، لەسەر بانگەوازیی ئەنجومەنی هەماهەنگی سەندیکاکانی ماموستایانی ئێران، ئەمڕۆ و سبەینێ لە سەرتاسەری خوێندگاکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان مان لە کارکردن دەگیرێت و ماموستایان ناچنەوە خوێندنگاکان.[3]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە کوێستانی بریاجی سەر بە بەخشی ناوەندی شاری سەردەشت دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکان لەو کۆڵبەرانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەسوڵ سەراجی بە سەختی بریندار دەبێت.[5]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، هێزەکانی سپای پاسداران، لە شاخی خێروزەی گوندی میراوێ سەر بە شاری شنۆ، دەستیان بە لێدان و ئازار و ئەشکەنجەی شوانێکی تەمەن 16 ساڵ دەکەن. هەواڵنێری کوردپا شوناسی ئەو شوانە مێرمنداڵەی بە ناوی ناسیح تەمەن 16 ساڵ خەڵکی گوندی میراوێ ڕاگەیاندووە.[5]
- ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری پاوە، ڕێگریان لە بەڕێوەچوونی سەرەخۆشی بۆ شاهۆ وەیسی کرد، کە چەند ڕۆژ پێش لە شەڕ و تێکەڵچوونێکی چەکدارانەدا لەگەڵ هێزە ئیتلاعاتییەکان گیانی لە دەستدابوو.[5]
باشووری کوردستان
- لە بەردەوامی سازکردنی کۆڕەکانیدا، ساڵۆنی کوردستانی نوێ بەناونیشانی (ئەزموونی میللەتان لە ناساندنی کەیسی جینۆساید دا) کۆڕێک بۆ محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق سازدەکات.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە: کاتژمێر 12:04 خولەکی شەوی ڕابردوو بومەلەرزەیەک لە شارۆچکەی سۆرانی داوە. ئاماژە بەوەشکراوە کە بومەلەرزەکە بە گوڕی 3،2 پلەی ڕێختەر بە قوڵایی 10کم بووەو هاوولاتیان هەستیان پێکردووە، بەڵام هیچ زیانێکی بەدواوە نەبووە.[2]

- بەشێک لە و خوێندکارانەی ناویان لەهیچ زانکۆو پەیمانگاکایەک نەگەڕانەوە، لەپێش وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەولێر گردبوونەتەوە و داوادەکەن، کێشەکانیان چارەسەر بکرێت. پاشتر بەڕێوەبەری گشتی خوێندن و پلان و بەدواداچوونی وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕایدەگەیەنێت: سیستمێکی نوێ بۆ ئە و خوێندکارانە جێبەجێدەکرێت، کە ناویان لەهیچ زانکۆ و پەیمانگەیەک نەگەڕاوەتەوە.[2]
- نزیکەی 50 کیلۆی ماددەی هۆشبەر لە سنوری پارێزگای دهۆک دەستی بەسەرداگیرا، کە وابڕیار بوو بە ڕێی قاچاغ ڕەوانەی تورکیا بکرێت.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بومبەلەرزەیەک شارۆچکەی سۆران و ڕواندزی هەژاند.[6]
- شەوی ڕابردوو، لە گوندی وەرمێلێ سەر بە شاری دهۆک، لە ڕوودواوێکی سەرنجراکێش دا دوای پێکدادانی لەگەڵ ئۆتۆمبێلێک، ئەسپێک دەچێتە نێو ئۆتۆمبێلێکەوە و ژنێک بریندار دەبێت.[6]

دەرەوەی کوردستان

- نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەوروپا ڕایدەگەیەنێت، کۆمپانیای بازرگانی هۆنگ کۆنگ- ئەفریقی کە پێشتر بەهۆی قەیرانی دارایەوە پرۆژەکانی لە هەرێم جێهێشتبوو، لەئێستادا بەمەبەستی وەبەرهێنان دەگەڕێتەوە کوردستان.[2]
- وەزارەتی ئیتلاعات بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕایگەیاندووە، کە هێزە ئیتلاعاتییەکان لە ئیدارەی گشتیی ئیتلاعاتی پارێزگای کرماشان، شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیان لە شاری پاوە، دۆزیەوەتەوە و پاش شەڕ و تێکەڵچوونێکی چەکدارانە لە نێوان هێزە ئیتلاعاتییەکان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕووی داوە.[5]
- دەزگای هەواڵگریی عێراق ئاشکرای دەکات: هیچ گومانێکیان لەمردنی فازڵ بەرواری فەرماندەی لیوای ئاڵتوونی نییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

شار و شارۆچکەکان: بەدلیس

شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ڕواندز

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-13

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-14

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-14

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-14

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-14

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2018-10-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 80

2018-10-15



باکووری کوردستان
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ئێی پارتی لە ناوەندی شرناخ و شارۆچکەکانی جزیرە، سلۆپی، ئولودەرە، بەیت و شەباب و هەزەخ-ی سەربە پارێزگای شرناخ، زۆرتر لە 800 ئەندام دەستلکارکێشانەوەی بەکۆمەڵەیان ڕاگەیاند.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، ئیدارەی چاوەدێریی بەسەر ئەماکنی گشتیی فەرماندەیی ئینتزامیی شاری سنە، هەوڵی داخستنی دووکانی مانگرتووانی داوە.[4]
- شەوی ڕابردوو، لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆدا لەناوچەی سەڵوەت ئابادی شاریی سنە، تانکەرێکی گواستنەوەی ماددەی کیمیایی گرپەگرێت و گیانلەدەستدان و بریندارببوونی لێدەکەوێتەوە.[1]
- وتەبێژی دەزگای قەزایی لە شاری کرماشان، ناوی 10 بازرگانی کورد بە تۆمەتی تێکدەرانی ئابووری بڵاو کردەوە و ڕایگەیاند: ئەو 10 کەسە بە 80 ساڵ زیندان و دەسبەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانیان مەحکووم کراون. شوناسی ئەو 10 کەسە کە حوکم دراون لە لایەن دەزگای قەزاییەوە بەم چەشنەیە: نەریمان بەختیاری کوڕی قارەمان 15 ساڵ زیندان، محەممەدڕەزا ئامریون کوڕی عەلیئەکبەر 15 ساڵ، حەدی محەممەدی کوڕی محەممەدمووراد 15 ساڵ، سدیق محەممەدی کوڕی حەسەن، حوسێن نیکڕەوش، هوومەن بەهرەمەند، محەممەدهادی یووسفشاهی کوڕی نەجمەدین، حەسەن حەبیبی کوڕی پیروت، سەردار محەممەدی کوڕی ئەحمەد و هەروەها بەهیە ئاستینچیدە کچی ئیبراهیم، بۆ هەرکامەیان 5 ساڵ زیندانیان بۆ بڕدراوەتەوە.[4]
- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی کاوە دەشمیر خەڵکی گوندی گزگسکی شاری پیرانشار بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بریندار کرا.[4]
- دوو هاوواڵاتیی کوردی خەڵکی شاری مێهران، بە هۆی تەقینەوەی کەرەستە تەقەمەنییەکان بریندار بوون و بۆ ناوەندەی دەرمانیی شاری ئیلام ڕاگوێزراون.[4]
- پاش دەمەقاڵێ لە نێوان یەکێک لە زیندانییانی سیاسی لەگەڵ مەئموورانی زیندانی ورمێ و لێدانی ئەو زیندانییە سیاسییە لە لایەن مەئموورانی زیندانەوە، زیندانییانی سیاسیی ناڕەزایەتییان دەربڕی و ئەمەش هێرشی گاردی زیندان بۆ سەر زیندانییان سیاسی لێ کەوتەوە.[4]
باشووری کوردستان
- گوریکی بەکۆمەڵی کوردانی ئێزدی کە زۆربەیان خەڵکی گوندی کۆجۆن، لە گوندی کەسر میحراب لە تەلەعفەر هەڵدراوەتەوە. 18 تەرمی تێدا بووە کە ناسنامەی هەشت تەرمیان ئاشکرابوون و ئەمرۆ دەگوازرێنەوە بۆ شنگال.[3]
- ئەمرۆ کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانی گۆچانی سپی کەتایبەتە بە نابینایان و خاوەن پێداویستی تایبەت، لەسەنتەری ڕۆشنایی شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە نابینایان و خاوەن پێداویستی تایبەت چەند چالاکییەک بەڕێوەچوو، لە یادەکەدا نابینایان پەیامێکیان لەڕێگەی 111 گۆچانی سپی و 111 عەینەکی ڕەش بۆ سەدو یازدە ئەندام پەرلەمان نارد و

داوایان لێکردن چیتر لەخەمی نابیانایان بن و پشتگوێ نەخرێن.[5]
- بەهۆی خراپی مامەڵەی پاسداران لە خاکی (ئێران)دا بەرامبەریان، شۆفێرانی کورد لە خاڵی سنووریی باشماخەوە بڕیاری مانگرتنیان داوە کە نەچنە خاکی ئێران بۆ بارکردن تا بڕیارێک وەرنەگرن لەلایەنی پەیوەندیدار، بۆ باشکردنی ئەوپرسە.
بەهۆیەوە گرژیەک لە نێوان ئاسایش و ئەو شۆفێرانەدا کە گردبونەوەیان ئەنجامداوە ڕوویدا، لە ئەنجامدا هێزی ئاسایش تەقەیان کرد بەرامبەر شۆفێرەکان، بەڵام زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە.[2]
- ژمارەیەک لە دەرچووانی یەکەم و دووەم و سێیەمی زانکۆ و پەیمانگەکان گردبوونەوەیەکی ناڕەزایییان ئەنجامدا و داوای دامەزراندن دەکەن، بۆ بەردەوامی گردبوونەوەکەشیان خێمەیان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران لەشاری هەولێر هەڵدا.[5]
- بەشی ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵی هەڵەبجە پێشانگایەکی بە دروشمی (کۆڵەکەی پێشکەوتنی کشتوکاڵ، بە بازاڕکردنی شایستەی بەرهەمی جوتیارانە)، بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکانی جوتیارانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە کردەوە. لە پێشانگاکەدا زیاتر لە 50 جوتیار و 45 خاوەن پیشەی دەستیی و ئامادەکاری خواردنی کوردەواریی بەشداریان کرد و زیاتر لە 100 جۆر بەرهەمی وەک هەنار،هەنجیر، تووی وشک، دۆینە، ترخێنە، کەلانە سەروپێ و دەیان جۆری دیکەی خواردن نمایشکرابوون.[6]
- وەڵاتپارێز و تێکۆشەر حاجی نووری ڤارلی کە ڕۆژی 13ی تشرینی یەکەم\21ی ڕەزبەر لە کەمپی شەهید ڕۆستەم جوودی لە مەخموور بەهۆی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد، ئەمڕۆ بە مەڕاسیم لە گۆڕستانی شەهید محەمەد قەرەسوونگوور لە قەندیل بەخاکسپێردرا.[7]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی نالپارێزی سەر بە شارۆچکەی پێنجوێن ڕایگەیاند، دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاسۆ ئەحمەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاوی نالپارێز بە وەکالەت، لەلایەن کەسێکەوە کوژرا.[3]
- لە گوندی یوسف، بەگ لە سنوری شارۆچکەی خانەقین، دوو بۆمبی چێندراو تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا پۆلیسێک بریندار بووە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- سایتی ڕۆژنامەی سۆزجووی تورکی ئاشکرایکردووە کە باڵیۆزی ئێران لە تورکیا لە باڵەخانەکە براوەتە دەرەوە و ڕێوشوێنی ئەمنی تونديش لە چواردەوری باڵیۆزخانەکە گیراوەتەبەر. هەردوو سایتی سی ئێن ئێن تورک و حوریيەتی تورکی ئاشکرایان کردووە ئەگەر هەیە هێرشی هاوشێوەی فرەنساو یۆنان بۆ سەر باڵیۆزخانەکانی ئێران لە تورکیاش دووبارە ببێتەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-15
[2] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - زریان سەرچناری
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-15
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-08-09
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 81

2018-10-16



رۆژهەڵاتی کوردستان
- سامان نەسیم زیندانیی سیاسی کورد لە گرتووخانەی ناوەندەی شاری ورمێ بە دانانی بارمتەی 500 میلیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی هەتا کاتی بەڕێوەچوونی دادگایەکەی ئازاد کرا.[7]
- دوو هاوواڵاتیی کورد، بە ناوەکانی جەبار برشان و موسلیح قوریش، کوڕی سەیدموراد، خەڵکی گوندی نمنجەی سەر بە شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران بە سەختی بریندار بوون.[7]
- کاسبکارێکی کوردی خەڵکی شاری بانە، بە ناوی عوسمان سەعیدی، خەڵکی گوندی بنژاڕ بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.[7]
- 200 سەر مەڕومااڵتی ئاژەڵدارانی خەڵکی گوندەکانی میراوێ و پێگەڵە، سەر بە شاری شنۆ لە سنووری کێڵەشین، لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەستیان بەسەردا گیرا. لە ماوەی ڕابردوودا، هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، بە شێوەی سیستماتیک لە شارەکانی پاوە، شنۆ، ورمێ و پیرانشار هەوڵی تااڵنکردنی مەڕومااڵتی ئاژەڵدارانیان داوە.[7]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە بازاڕی حەسەن قەوان و کۆماری و هەڵۆیست، لە شاروچکەی دووزخورماتووی سەربە پارێزگای سەڵاحەدین، هاوڵاتیان و دوکانداران و کاسبکارانی کوردی شاروچکەکە، وەکوو هەڵوێستێک دژی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017،

مانگرتنی سەرتاسەریان ڕاگەیاند.[5]
- ئەدهەم جومعە، سەرپەرشتیاری بزووتنەوەی مافی کورد لە کەرکووک، درەنگانی شەوی ڕابردوو لەلایەن هێزێکی دژەتیرۆری عێراقەوە دەستگیرکراو، براکەشی دەڵێت، ئەو هێزەی هاتبوون نزیکەی 70 کەس دەبوون.[3]
- بە ڕاگەیەندراوێکی فەرمی هێزەکانی حەشدی شەعبی، شارەدێی تلعەزەر-ی شەنگال-یان ڕادەستی ئەنجومەنی خۆسەری شەنگال و ئاسایشی ئێزیدخان کردەوە.[4]
- مەلا بەختیار لە ساڵیادی 16ی ئۆکتۆبەردا هەمان پەیامی ساڵی ڕابردووی بڵاوەکاتەوە و دەڵێت ئێستاش هەمان ئەو بۆچوونانەم هەیە کە ئەوکات نوسیوومن، بەڵام بەرژەوەندیپەرست و هەلپەرستەکان بۆچونی خۆیان گۆڕی.[3]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕێک بۆ دابەشکردنی کتێبی (بونیادە گێڕانەوەگەرییەکان لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی گەلاوێژدا) ڕێکدەخات.[1]
- سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین ڕایدەگەیەنێت: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا کۆچەر بیرکار سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات و دکتۆرای فەخری پێدەبەخشرێت.[2]
- ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە وەکالەت ڕایگەیاند، ئێستا لە کەرکووک چوار بەڕێوەبەری کورد و تورکمان لە زیندانەکانی حەشدی شەعبیدان و ئەو هێزە هیچ ڕێزێک بۆ پارێزبەندی و بەڕێوەبەری دانانێت.[3]
- دوای حەوت ڕۆژ چالاکی بەردەوام و نمایشی فیلم، ئەمڕۆ فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی کۆتایی بە کارەکانی هێنا و خەڵاتەکانی دابەشکرد.[6]
- عەمید زرار کاوانی، کادیری باڵای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەولێر بە ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەستدا.[1]
- قایمقامی هەولێر دەستگیرکردنی شوفێری ئەو تەنکەرە ڕادەگەیێنێت، کە پیسایی مااڵنی لە زەویيەکی کشتوکاڵییدا ڕۆکردبوو، هاوکات بڕیاری تێکدانی ئەو شوێنەش دەدات، کە پیسایيەکەی لەژێر ڕۆکراوە.[3]
- بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلێکی لیوای چواری حەشدی شەعبیدا لە شارەدێی سەعدیە-ی سەربە شارۆچکەی خانەقین لە سنووری پارێزگای دیالە تەقییەوە. لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیەدا چەکدارێکی حەشد کوژراوە و چواری دیکەش بریندارببوون.[5]
- دوو بنەماڵە لە گوندی دۆڵاشی سەربە شارۆچکەی سەید سادق دەبێتە شەڕ و ئاڵۆزییان پۆلیسی سەید سادق گەیشتنە شوێنی ڕوداوەکەو بەزویی بارودۆخەکە کۆنترۆڵکرا. هێزەکانی پۆلیسیش 8 تۆمەتباری ڕووداوەکەیان دەستگیرکرد.[1]
- لە شەڕێکدا دژی چەتەکانی داعش لە شارەدێی زاب-ی سەربە پارێزگای کەرکووک، ئەفسەرێکی هەوانگری پۆلیسی فیدراڵی کوژرا و دوو پۆلیسیش بریندارببوون.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک لە شارۆچکەی مارع-وە بە چەکی قورس هێرش دەکەنە سەر گوندەکانی ئوم هۆش، هربل و شێخ عیسای سەربە شەهبا و گوندەکانی دەوروبەری بەنداوەکە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- فیدراسیۆنی سەرانسەری پەنابەرانی عێراق تەرمی چوار کۆچبەری سنوری پارێزگای دهۆک لە وڵاتی تورکیاوە بەرەو هەرێم دەگەڕێنێتەوە.[2]
- 14 سەربازی ئێرانی کە پاسەوانی سنوری وڵاتەکەیان بوون لەگەڵ پاکسان لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوەوە ڕفێندران.[2]
- کاروانێکی سەربازیی تورکیا لەڕێگەی خاڵی سنووریی 'باب ئەلهەوا' لە باکووری ئیدلبەوە چووە خاکی سوریاوە.[5]
- ئەمەریکا، بڕی 178 ملیۆن دۆلاری وەک هاوکاری پێشکەش بە کەمە نەتەوەکانی عێراق کرد.[6]
- نوێنەری پەرلەمانی ئەوروپا کاتی پیری لە ئەنقەرە سەردانی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ی کرد و ڕایگەیاند: (هەبوونی هەدەپە لە پەرلەمان خۆشحاڵمان دەکات.)[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-16
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 82

2018-10-17



باکووری کوردستان
- لە جڤاتی گشتی ناوەندی پارێزرانی ئەدەنە، بەهۆی ئەوەی شیار ڕشڤانوغلو وتبووی کوردستان و گەریلا لەلایەن نەژادپەرستەکانەوە هێرش کرایە سەری.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومبەلەرزەیەکی بەهێز شارۆچکەی قەسری شیرینی سەربە پارێزگای کرماشانی هەژاند.[1]
- مریەم سادقی، ئەندامی کۆمیتەی هاوئاهەنگیی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بانگهێشتی دادسەرای گشتی و دادگای ئینقلابی شاری سنە کرا.[7]
باشووری کوردستان
- بەڕێوبەرایەتی کەشناسی و بومبەلەرزەزانی هەرێم بڵاویکردەوە: لە کاتژمێر (6:16)خولەکی بەیانی ئەمڕۆ، بومبەلەرزەیەک بە گوڕی (4.5) پلەی ڕێختەر، لە دووری (152 کیلۆمەتر) لەداتا سەنتەری چیای ئەزمەڕ لە پارێزگای سلێمانی و 18کیلۆمەتر لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی خانەقین تۆمارکراوە و هەستی پێکراوە.[3]
- ئەمڕۆ تەرمی چوار لەو کۆچبەرانە گەڕێنرانەوە زاخۆ کە هەفتەی ڕابردوو لە دەریای ئیجەدا خنکابوون، لە کۆی 35 کۆچبەر، تەنها یەکێکیان ڕزگاری بوو، 19ی دیکەشیان کە کورد بوون لە دەریای ئیجەدا خنکان.[4]
- خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی ددان لە زانکۆی سلێمانی دەستیان بە بەرزکردنەوەی دروشمی دامەزاندن دەستیان بە خۆپیشاندان کردەوە و شەقامی سەرەکی بەردەم زانکۆی سلێمانی-یان گرت، یەکێک لە و خوێندکارانەش دەڵێت: بەردەوام دەبین تا حکومەت بەدەم داواکارییەکانمانەوە دێت.[3]
- وەزیری تەندروستی هەرێمی ڕایگەیاند: دامەزراوەیەکی نیشتمانیی دەرمان پێکدەهێنرێت و ئە و دامەزراوەیە بەرپرس دەبێت لەهێنان و کڕین و دابەشکردنی دەرمان لەهەرێمی کوردستان.[5]
- بڕیاردەری ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی دەڵێت: کارەکانی کۆمسیۆن بەرەو کۆتایی دەچن و لەماوەی هەفتەیەکی دیکەدا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنین.[6]
- فڕۆکەجەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر کاتژمێر 15:30ی ئەمڕۆ بۆردومانی گوندەکانی سەر بە شارۆچکەی ئامێدییان کرد لە سنووری پارێزگەی دهۆک. بە گوێرەی زانیارییەکان فڕۆکەجەنگییەکان دەوروبەری گوندەکانی کانێ و سێگرکێ-یان بۆردومان کردووە. هەروەها دەڤەرەکانی مەتینا و نهێرا-ی هەمان ناوچەیان کردووەتە ئامانج.[2]
- بەرپرسی کۆمیتەی مەخموری یەکێتی ڕایدەگەیەنێت: دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بەچڕی بنکە و بارەگاکانی داعشیان لە سنوری مەخمور بۆردومان کردووە.[3]
- بە تۆمەتی بەقاچاغ بردن و فرۆشتنی نەوت، چەند بەرپرسێکی ئاسایش لە شاری هەولێر دەستگیرکران، وتەبێژی حکومەتی هەرێمیش هەواڵە پشتڕاست دەکاتەوە.[6]
- عەمید عەلی عەبدوللا، بەرێوەبەری پۆلیسی کۆیە ڕاگەیاند: ئێوارەی ئەمڕۆ لەسەر پوش و پاوان دەمەقاڵێ لەنێوان دوو خێزانی گوندەکانی قۆریتان و باخەجنێر ڕوویداوە کەدا باوکێک کە خەڵکی گوندی قۆریتانە کوژراوە و دوو کوڕیشی بریندار بوون. بریندارەکان لەژێر چاودێری پزیشکدان.[4]
- نەجمەدین کەریم هەواڵی پەیوەندیکردنی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانە مەرامی سیاسی لەپشتەوەیە.[4]
- لەسەر داوای دەستەی دەسپاکیی عێراق، بەڕێوبەر و بەشێک لە فەرمانبەرانی خاڵی گومرگی کەرکووک- سلێمانی دەستگیر

کران.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندی ئۆلاشلیی سەر بە شاری باب و لە ڕۆژئاوای هێڵی منبجەوە بە چەکەکانی هاوەن، دۆشکا، ئەی فۆر و بی کەی سی هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج و شەڕڤانانیش بە چڕی وەڵامی هێرشەکەیان دایەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی بۆردومانێکی هەڵەی فڕۆکە سەربازییەکانی ئەمریکاوە لە نزیک شاری دەیرزوری سوریا شەش شەڕڤانی هێزەکانی سوریای دیموکرات کوژران و 15ی تریش بریندار بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-10-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-10-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-10-17
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-10-17
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-10-18
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 83

2018-10-18



باکووری کوردستان

- ئەمڕۆ دانیشتنی دووهەمین دادگەی سزا قورسەکانی شاری ئاگری دەربارەی دۆسیەی سەرۆکی شارەوانیی گەورەی وان بەکر کایا و چەند خەباتکارێکی شارەوانییەکە بەڕێوەچوو. دادگە سزای 8 ساڵ و 3 مانگ زیندانیکردنی بۆ بەکر کایا بڕیەوە. هەروەها سزای 2 ساڵ و مانگێک زیندانیکردنی بۆ هەریەکە لە خەباتکاران؛ بەکر کران، چەتین چیفتچی، جووما کۆیئۆغلوو، ئیدریس شایباک و نەریمان ئووبار بڕیەوە. هەریەکە لە زەلال تانلی، محەمەد یالم ئەریگیت و جان تایلان ئازاد کران.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سەیدعەلی حوسێنی و سلێمان عەبدی دوو ماموستای ناسراو و چالاکی مەدەنیی شاری سەقز، بە هۆی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی مانگرتنی ماموستایانی قوتابخانە، لە لایەن دامەزراوە ئەمنییەتییەکانەوە بانگهێشت و لێپرسینەوەیان لێ کرا.[1]
- ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ بەناوی هەنگاو ڕایگەیاند: لەم هەفتەیەدا حکومەتی ئێران سێ هاوواڵاتی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەسێدارەداوە.[2]
- سێ هاوواڵاتیی کورد بە ناوەکانی بڕیار کاوە تەمەن 25 ساڵ کورێ ئەمین، موحسێن فەرەهمەند کورێ خوسرەو و حەمید پەروازە تەمەن 28 ساڵ کورێ محەممەد، خەڵکی گوندی نێ شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[1]
- ئێوارەشێعرێکی پاییزی، بە بەشداریی کۆمەڵێک لە شاعیرانی کوردستان، لە بنکە فەرهەنگییەکانی گوتاری نوێ و خانای قوبادی، لە شاری جوانڕۆ بۆ قوربانیانی بوومەلەرزەی کوردستان بەڕێوە چوو.[1]
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی جەماڵ عەلی وەیسی خەڵکی شاری کرماشان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[1]

باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک، چیای قەندیل و کورتەک و دۆڵی باڵەیان بۆردوومان دەکەن.[6]
- خوێندکارانی بەشی پزیشکی ددانی زانکۆی سلێمانی لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان خۆپیشاندانیان دەستپێکرد و بەڕێپێوان دەچنە بەردەم نوسینگەی پەرلەمان.[2]
- ئەمڕۆ لە کاتژمێر 09:00 وە بۆ 09:30 خولەک، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر دەوروبەری گوندی فلەحای سەربە ناوچەی زاپ-ی هەرێمەکانی پاراستنی مەدیایان بۆردوومان کردووە.[5]
- گوتەبێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەنگاوەکانی پارتی بە کاردانەوەی پۆستی سەرۆککۆمار ناودەبات و دەڵێت، پارتی بریندارە و یارمەتییان دەدەین بریندەکانیان سارێژ بێت. هەروەها ڕەتیکردەوە کە پۆستی پارێزگاری کەرکووک کەسی بێلایەن وەری بگرێت و دەڵێت، پارتی خۆی کردووە بە محاصی هەموو لایەنەکان.[3]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کاروان محەمەد وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی دەستپێکردنی هەڵمەتی هۆشیاریی هاتوچۆی ڕاگەیاند، کە بۆ ماوەی یەک مانگ بەردەوام دەبێت.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بەمەبەستی ئیدانەکردنی گۆشەگیریی تووندی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان و داگیرکاریی تورکیا لە عەفرین ڕێپێوانێک لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەچوو.[5]

دەرەوەی کوردستان

- ماریا زاخاروڤا، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا لە کۆنگرەی ڕۆژنامەڤانی هەفتانەی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ئاماژەی بەوەدا، لە دژی بەڕێوەبەرایەتی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا گرووپی چەکداری نوێ پێکدێن، چونکە دامەزراوە خۆجێییەکان لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە سەرکەوتوو نەبوون.[3]
- فیدراسیۆنی پەنابەران ڕایگەیاند ئەو بارهەڵگرەی لەئزمیر وەرگەڕاو کۆچبەری پەنابەری تێدا بووە عیراق بوون و 9 کەسیان گیانیان لەدەستداوەو زیاتر لە 30 کەسی دیکەشیان بریندارن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-18

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 84

2018-10-19



رۆژهەڵاتی کوردستان

- نیگارکێش، ئیسماعیل پاکزاد (سمکۆ پاکزاد) لە مەهاباد کۆچی دوایی کرد.[3]
- بە پێی هەواڵی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ڕۆژی هەینی هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕژیمی ئێران لە گوندی نێ-ی سەربەشاری مەریوان، هاوواڵاتییەکی کوردیان بە ناوی محەمەد پەروازە دەسبەسەر کرد. هەروەها کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاندووە کە ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردووە هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی 3 هاووڵاتی دیکەیان بە ناوەکانی حەمید پەروازە 28ساڵ تەمەن، بڕیارکاوە 25 ساڵ تەمەن و موحسین فەرەهمەندی 26 ساڵ تەمەنیان دەسبەسەرکردووە و گوازراونەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار.[1]
- هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی شاری بۆکان بە ناوی عەلی نەسیری کوڕی حاجی کەریم، کە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە سەختی بریندار ببوو، پاش گواستنەوە و مانەوەی لە نەخۆشخانەی شاری مەهاباد، بە هۆی کاریگەری برینەکانییەوە، گیانی لە دەستدا.[5]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان، لاوێکی کوردیان بە ناوی محەمەد پەروازە تەمەن 21 کوڕی مەلاحوسێن خەڵکی گوندی نێ شاری مەریوان، دەسبەسەر کرد.[5]
- بە بەشداری 50 زۆرانوانی کورد لە شارەکانی بانە، سەقز، کامیاران، مەریوان، بیجار و ئارمەردە، یەکەمین کێبڕکێی زۆرانوانی لە شارەدێی ئارمەردە بەڕێوەچوو.[5]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شاری مەریوان دەستیان بە سەر پەیکەری شەریف باجوەر لە گوندی ئێنگیجەی ئەم شارەدا گرت و لەگەڵ خۆیان بردیان.[5]

باشووری کوردستان

- لە شارەدێی شیلادزێ-ی سەر بە پارێزگای دهۆک، سوپای تورکی داگیرکەر ئەمڕۆ کاتژمێر 7:30 خولەک چەندین ئۆتۆمبێلی سەربازیی ڕەوانەی بارەگا سەربازییەکانی کردووە لە شارۆچکەی ئامێدی.[2]
- شەوی ڕابردوو ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی خاڵی گومرگیی کەرکووک – هەولێر دەستگیرکران. دەستگیرکردنی ئەو فەرمانبەرانە، لەلایەن پۆلیسی عێراقیی و لەسەر داوای دەستەی دەسپاکیی عێراق بووە.[2]
- ڕێکخراوی ژنانی گەنجی تێکۆشەر، دووەمین کۆنفرانسی خۆیان لە شاری سلێمانی دەبەستن، بانگەوازی لە ژنانیش دەکەن، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان لە باشوری کوردستان و ڕووبەڕووبوونەوەی تووندوتیژییەکان، بەشداری لە کۆنفرانسەکەیاندا بکەن.[2]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، چلەی ماتەمینی د. جەمال ئەحمەد ڕەشید پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان لە کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی بەڕێوەچوو.[5]
- لەگەڵ نزیکبوونەوەی قۆناغی دووەمی سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا، مامەڵەکان لە بازاڕەکانی دراوی هەرێم لەگەڵ ئە و وڵاتە ڕووی لە سستی کردووە، پسپۆڕێکی ئابوریش دەڵێت: باشترە بازرگان و کۆمپانیاکانی بواری دراو تا سەرەتای مانگی داهاتوو خۆیان بەدووربگرن لە مامەڵەکردن بە تمەنی ئێرانییەوە.[4]

رۆژئاوای کوردستان

- یەکەمین کۆنفرانسی زانکۆکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بەمەبەستی بونیاتنانی سیستمێکی هاوبەش بۆ خوێندنی باڵا لە قامیشلۆ دەستپێکرد.[2]
- لە کاتژمێرەکانی نیوەشەودا سوپای تورکیای داگیرکەر و چەتەکانی لە بەردەوامی پێشێلکاری و داگیرکارییەکانیان لە عەفرین،

گوندی بورج قاس-ی شێراوای عەفرینیان بە هاوەن تۆپباران کرد تۆپباران کرد. سەرچاوە هەرێمییەکان ڕایانگەیاندووە، کە لەو هێرشەدا زیان بەر ماڵی دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی ئەحمەد ئەحمۆکا و حەمووش خەلۆ کەوتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: بیجار
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-19
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 85

2018-10-20



باکووری کوردستان
- یەکەی شارەوای سوپای تورکیای داگیرکەر لە دەوروبەری گوندی خرابە باڤا لە پارێزگای مێردین دەستیان بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی کردووە. ئۆپراسیۆنەکە سنووری پالەتی لەو ناوچەیە گرتووەتەوە و جموجوڵی سەربازیش لە ناوچەکە زیادیکردووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی زەکەریا بەکری کوڕی عەلی خەڵکی گوندی هەلەج سەر بە ناوچەی مەرگەوەری شاری ورمێ بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.[3]
- دادگای ئینقلابی شاری سنە، لەگەڵ ئازادکردنی سەحەر کازمی، ژنە چالاکی مەدەنیی بە دانانی بارمتە دژایەتی کرد و ناوبراو هەروەها لە گرتووخانەدا چارەنووسی نارِوونە.[3]
- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سوپای پاسداران دەستی بە بردنی خاکی بەپیتی گوندی چەپەرئاوێ شاری شنۆ کردووە.
سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەوە بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: سپای پاسداران بە شێوەی نایاسایی دەستی بە بردنی خاکی بەپیتی ئەو گوندە کردووە و دەیفرۆشێت.[3]
- شەش کەس لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی شاری سەقز بە ناوەکانی تاهیر قادرزادە، سلێمان عەبدی، سەید عەلی حوسێنی، ئەحمەد قادری، حەمید یەزدانی و خالید عەبدوڵلاهی بانگهێشتی ئیدارەی ئەماکن کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.[3]
باشووری کوردستان
- کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژارنەکان و ڕاپرسی هەرێم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ڕاگەیاند.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بە پێشەنگایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بۆ قسەوباس لە سەردۆخی کوردستان و چارەسەری کێشەی کورد بە بەشداری ژمارەیەک سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە سالۆنی هۆتیل جوتیاری دهۆک کۆبونەوەیەک بەڕێوە چوو.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-10-20

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 86

2018-10-21



باکووری کوردستان
- بەرپرسانی حیزبی حەرەکەتی ئازادی، پارتی دیموکراتی کوردستان – تورکیا (PDK-T)، پارتی ئازادی و سۆسیالیزم (OSP)، حیزبی ئازادی، پارتی دیموکراتی کوردستان – پلاتفۆرم (PDK-P)، حیزبی ئیسلامی و پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی هەدەپە، ئەحمەد تورک سیاسەتمەداری کورد، سری ساکیک و پەرلەمانتارانی هەدەپە ئیمام تاشچر، نەجدەت ئیپەک یوز و تەیب تەمەل لە دەمیر ئۆتێلی ئامەد لەبارەی پێشهاتەکانی ئەمدواییەوە کۆبوونەوە.[2]
- سوپای تورکیا بە یەکەی شاراوە لە هەرێمی چیای جودی لە پارێزگای شرنەخ لە باکووری کوردستان دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کرد. ئۆپەراسیۆنەکە سنووری ناوچەکانی شاخی هرمۆ، حەسەنا و شاخی چۆلیی گرتووەتەوە. هاوکات جموجوڵی سەربازیی سوپای تورکیا لەو سنوورانەدا زیادیکردووە و ئامادەکاری بۆ بەرفراوانترکردنی ئۆپەراسیۆنەکە دەکرێت.[2]
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوو پرسی ئازادکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە میدیای ناوخۆیی و دەرەوە دەنگی دایەوە و لەو بارەیەوە نوێنەری پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە لە باشووری کوردستان ڕایدەگەیەنێت: ئازادکردنی دەمیرتاش دوورە لەڕاستی.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چوار هاوواڵتیی خەڵکی گوندی نێی مەریوان بە ناوەکانی حەمید پەروازە تەمەن 28 ساڵ کوڕی محەممەد، بڕیار کاوە تەمەن 25 ساڵ کوڕی ئەمین، موحسین فەرهەمەند تەمەن 24 ساڵ کوڕی خوسرەو، محەممەد پەروازە تەمەن 21 ساڵ کوڕی مەلاحسەین، بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە ڕاگوێزراون.[5]
- ژمارەیەک لە زیندانیانی سیاسی-عەقیدەتی زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، لە ئاکامی هێرشی گاردی ئەو زیندانە بۆ سەر

زیندانییانی سیاسی کورد، ماوەی 6 ڕۆژە لەو زیندانە، مانیان لە خواردن گرتووە.[5]
باشووری کوردستان
- محەمەد عەلی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی و ڕێکخەری ژووری توێژینەوەی سیاسی گۆڕان دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە.[1]
- دانیشتووانی سێ گوندی سنووری شارۆچکەی داقوق سکاڵای ئەوە دەکەن لەلایەن بەشێک لە عەرەبە هاوردەکانی سنوورەکەیان هەڕەشەی داگیرکردنی زەوییەکانیان لێدەکرێت و داوا لە بەرپرسانی کورد دەکەن فریایان بکەون.[3]
- جارێکی دیکە بەشێک لە دەرچووانی پۆلی 12ی ئامادەیی، کە لە زانکۆ و پەیمانگا حکومییەکان وەرنەگیراون، لەبەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا لە هەولێر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، هەڕەشەی بەردەوامبوونیش دەکەن.[4]
- دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتژمێر 2:30 خولەک لە چیاکانی گوندی زەنگلانی سەر بە شارەدێی سەنگەسەری ئیدارەی ڕاپەڕین، هەورە بروسکە لە ڕانەمەڕێکی دا و لە ئەنجامدا 16 سەر مەڕ مردارببوونەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-10-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-10-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-10-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-10-21
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 87

2018-10-22



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنێکی دووگیان بەناوی پرشنگ لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کوژرا.[2]
- کاروانێکی کۆڵبەران لە ناوچەی کانی خودای سنووری پیرانشاری سەربە ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی تاریکی و تەمومژ و ترسی بۆسەی هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ئێران، بەهەڵە کەوتنە مەیدانێکی مینەوە و کۆڵبەرێک هەردوو قاچی لەدەستدا. ئەو کۆڵبەرە ناوی شەهاب ئاکفووده، خەڵکی شاری مەهابادە.[5]
باشووری کوردستان
- خوێندکارانی بەشی پزیشکی زانکۆی سلێمانی لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان خۆپیشاندانیان دەستپێکرد و چوونە بەردەم نەخۆشخانەی شۆڕش.[1]
- یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بڕیاریدا کە لەم خولەی پەرلەمانی کوردستاندا بەشداری حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکات و ببێتە ئۆپۆزسیۆن.[1]
- پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت بڕیاریداوە زەوی و زاری نۆ گوندی کوردنشینی شارۆچکەی داقوق ڕادەستی عەرەبە هاوردەکان بکرێتەوە. جوتیارانی داقوقیش ئە و بڕیارە بەپێشێلکردنی مافەکانی کورد لەناوچە جێناکۆکەکان ناو دەبەن و پەرلەمانتارانی یەکێتیش لەپارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنن، بڕیارەکەی پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت قابیلی قبوڵکردن نییە و ڕێوشوێنی یاسایی و دەستوریشی لەدژ دەگرنەبەر.[4]
- ئەمرۆ بەڕێوبەری نوێی پارتی ئازادی و دیموکراتی ئێزدی-پادێ، یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و ئەمیر سالح، جارێکی دیکە وەک سەرۆکی پادێ دیاری کرا.[5]
- یەکەمین فێستیڤاڵی هونەرە میللییەکان لە هەولێر بەڕێوەچوو.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە) لە چوارچێوەی قۆناعی کۆتایی هەڵمەتی دژ بە چەتەکانی داعش چوونە ناو شارۆچکەی سوس لە دێرەزۆر.[2]
- مینێکی چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر بە 4 هاوڵاتیی عەفرینداتەقییەوە لە کاتێکدا هەوڵیان دەدا لەنێوان گوندەکانی بارادە و برجک-ی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرینەوە بچنە دەرەوەی ناوچەکە. بە گوێرەی زانیارییەکان، ئە و 4 هاوڵاتییە سیڤیلە بەهۆی زەخت و ستەمی هێزە داگیرکەرەکان وبستوویانە لە سنووری کانتۆنی عەفرین کۆچ بکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-22
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 88

2018-10-23



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ بینینی ئۆجالان، بۆ جاری 757 سەردانی داواکاری گشتیی تورکیایان کرد، بەڵام زۆر بە خێرایی داوای پارێزەران بۆ بینینی ئۆجالان ڕەتکرایەوە.[4]
- بەڕێوبەرانی زیندانی ئامەد، 20 ژنەزیندانی سیاسی کورد لەو زیندانەوە بۆ زیندانی ژنانی تارسووس دوورخرانەوە. لەو 20 ژنە زیندانییە، پێنجیان نەخۆشن، حالیم ئیشک یەکێکە لەو زیندانییە نەخۆشانە. هەروەها، زەهرا دۆغان، کارێکاتێریستی زیندانی،

یەکێکە لەو زیندانییانەی بۆ زیندانی تارسووس دوورخراوەتەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زانیار گولابی، شەوگەرد گولابی و وریا خوسرەوی لە شاری سنە لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ئێرانەوە ڕفێندراون.[2]
- ژمارەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی ڕازی شاری کرماشان، بە نیسبەت خراپبوونی خزمەتگوزارپی بەشی خواردنی ئەو زانکۆیە، مانیان لە خواردن گرت. مانگرتنی خوێندکارانی ڕازی شاری کرماشان، لەوە سەرچاوەی گرت، کە بە هۆی تێکردنی کافوور لە خواردنەکەیان و خراپی چۆنایەتیی خواردنەکەیان دەستیان دایە مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕین.[6]
- لە ناوچە سنوورییەکانی شپیرانی سەربە شاری سەڵماسی پارێزگای ورمێ، کە هاوسنوورە لەگەڵ باکوری کوروردستان، دەستەیەک کۆڵبەر کەوتنە بۆسەی هێزەکانی حکومەتی ئێرانەوە هێرشیان کرایە سەر. هێزە سەربازییەکانی ئێران تەقەیان لەو کۆڵبەرانە کرد، لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک بەناوی فەرامەرز جلی باقوی تەمەن 26 ساڵ کوژرا و کۆڵبەرێکی دیکەش بەناوی زاکری جلی باقوی تەمەن 30 ساڵ بە سەختی بریندارببوو.[2]
باشووری کوردستان
- نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و بارزان قەساب بەرپرسی ئاسایشی هەولێر کە برای یەکترن، بەهۆی فرۆشتنی نەوتی قاچاخ دەستگیر کران.[5]
- خوێندکارانی کۆلێژی پەرستاری زانکۆی سلێمانی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و شەقامی سەرەکی بەردەم کەمپی ناوشاری زانکۆیان داخست. خوێندکاران داوای داخستنی سەرجەم کۆلێژی پەرستارییەکان لە زانکۆ ئەهلییەکان دەکەین. هەروەها داوای دامەزراندنی سەندیکایەکی سەربەخۆ دەکەن بۆ دەرچووانی بەشی پەرستاری زانکۆ.[1]
- لە شاری هەولێر دوو گردبوونەوەی ناڕەزایی بەرێوەچوون، بەشێکی ناڕازیبان داوای دامەزراندن لە حکومەت دەکەن و بەشێکی دیکەشیان پارەیان لای حکومەتە و داوای خەرجکردنی دەکەن.[2]
- لە خورماتوو، بۆمبێکی چێنراو لە بەردەم دوکانێکی مەی فرۆشتندا تەقێنرایەوە و تەنها زیانی مادیی هەبووە.[1]
- لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکووک تەرمی ژنێک کە شوێنەواری گوللەی بەسەرەوەیە دۆزرایەوە و دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کە هاوژینەکەی خۆی کوشتوویەتی.[3]
- بزووتنەوەی ئیسلامی پێشوازی لە ئۆپۆزسیۆنبوونی یەکگرتووی ئیسلامی دەکات و ڕایدەگەیەنن پێشتر ڕابەری حیزبەکەیان داوای لە ئەمینداری یەکگرتوو کردووە جگە لەئۆپۆزسیۆنبوون، بەشداری پەرلەمانیش نەکەن.[1]
- ڕاکان سەعید جبوری، پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت نووسراوێکی فەرمی بۆ پۆلیسی فیدرالی لە کەرکووک کردووە، بۆ ئەوەی 81 مالی عەرەب لە گوندی شاناغە نیشتەجێبکرێن، کە بە گوتەی ڕاکان جبووری ئەوانە خەڵکی گوندەکەن و ناویان لە تۆماری ناسنامەی قەزای دووبز و ناحیەی سەرگەڕان هەیە، داوادەکات ئاسانکارییان بۆ بکرێت بەمەبەستی نیشتەجێکردنیان.[3]
- لە هۆڵی بابانی زانکۆی سلێمانی، گروپی کچانی کوردستان، بە هاوکاری زانکۆی سلێمانی و نەخۆشخانەی هیوا-ی تایبەت بە شێرپەنجە، سیمینارێکی تایبەت بە شێرپەنجەی مەمک بۆ 'هاژە عەبدولا' پزیشک و پسپۆڕی بواری شێرپەنجەی مەمک بەڕێوەچوو، ئامانج لێی هۆشیارکردنەوەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی و ژنان بوو بەرامبەر بە شێرپەنجەی مەمک.[2]
- لە شاری کەرکووک سەنتەری میتۆگرافی دووەمین فێستیڤاڵی فۆتۆگرافی بە هاوکاری (ئینگلش زۆن) و ڕێکخراوی کۆکار کردەوە. بڕیارە فێستیڤاڵەکە ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بێت.[4]
- گەنجێکی تەمەن 29 ساڵ بەناوی ڕێکەوت ڕەزا، دانیشتووی گەڕەکی شارستانی لە هەڵەبجەی تازە، لەلایەن دوو براوە کە دراوسێی بوون، لەسەر مانگایەک کوژرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆیە

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-10-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-23
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-07-16

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 89

2018-10-24



باکووری کوردستان
- پۆلیسی ڕژێمی ئاکەپە هەڵیکوتایە سەر ماڵی ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی هەدەپە، زەکی کۆچ کە لە ناوچەی ئەسکەندەروونی شاری هاتای دەژیت. ناوبراو دەستگیر کرا و دەستیش بەسەر کەلوپەلەکانیدا گیرا.[3]
- بەپێی ئاژانسی فەرمیی تورکیا، لە ئۆپەراسیۆنێکی هێزە ئەمنییەکان لە ئامەد، کەسێک بەناوی (هـ. ب) کە بە یەکێک لە بەرپرسانی پەکەکە لە وڵاتی سوێد دادەنرێت، دەستبەسەرکرا.[2]
- لە ناوچەی وێرانشاری سەر بە پارێزگەی ڕوحا هێزەکانی جەندرمەی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و 4 کەسیان دەستگیر کرد. دەروێش ئارتران موختاری گەڕەکی گەدە دودویا کە لە کارەکەی دوورخراوەتەوە، لەگەڵ هاوڵاتیانی ناوچەکە خەتیب دۆنمەز، مەحموود ڤوورال و کەسێکی دیکە کە ناوەکەی نەزانرا، بە بیانووی (پڕوپاگەندە کردن بۆ ڕێکخستن) دەستگیر کران.[3]

رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەڕێوەچوونی جێژنی هەنار لە بەخشی باینگانی شاری پاوە لە ئەنجامی دژایەتی مەلا قادر قادری، پێشنوێژی هەینی ئەو شارە و سپای پاسداران هەڵوەشایەوە.[5]
- هاوواڵاتییەکی کورد، بە ناوی جەماڵ گرامی خەڵکی گوندی نێی مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[5]
باشووری کوردستان
- خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی ددانی زانکۆی سلێمانی دەستیان بە خۆپیشاندان کرد و شەقامی پیرەمێردیان لەسلێمانی داخست.[1]
- سێ هەزار و 200 ماڵباتی ئاوارەی عەرەب کەمپەکانی داقووقیان پێچۆڵکرا، لەم ڕۆژانەدا بە بڕیاری ڕاکان سەعید 1300 خێزانیان براونەتە ناو کەرکووک و ئەوانی دیکەیان لە ناوچەی پیشەسازی شارەکە جێیان کراوەتەوە.[2]
- لە زانکۆی سلێمانی، دووەمین کۆڕبەندی کۆمەڵایەتیی کوردستان دەستپێکرد، دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت و پرسەکانی ئازادیی ڕادەربڕین، بەشداریی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیار، پاراستنی ژینگە و سەرچاوەکانی ئاو و چەند پرسێکی دیکە تاوتوێدەکرێن و لەداهاتوودا کاریان لەسەردەکرێت.[3]
- دەستگیرکردنی خالید گۆران ئەندامی مەڵبەندی نەینەوا-ی یەکێتی لە شارۆچکەی بەردە ڕەش لە لایەن ئاسایشی پارتییەوە.[6]
- وەزیری پەروەردەی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: بەڕێرسانی حکومەت پێیان وتوین کابینەی تازەی حکومەت پاشەکەوتی موچە ناهێڵێت، دەشڵێت :پشووی ڕۆژانی شەممە لە قوتابخانەکاندا نەماوە و بڕیارەکە هەڵناوەشێتەوە.[1]
- شاندێکی بازرگانیی ئەمریکا لەگەڵ بازرگانانی شاری سلێمانی کۆبوونەوە و پێشنیاریان کرد، کە بازرگانانی هەرێم لە جیاتی ئێران ڕوو لە ئەمریکا بکەن.[4]
- لێژنەی فەتوا لە شاری سلێمانی بڕیاریدا بە حەرامکردنی یاری پەبجی بۆ ئەوکەسانەی کە بەجۆرێک ئالودەی بوون تا لە کارە سەرەکییەکەی خۆیان دوورییان بخاتەوە.[1]
- پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی کە بە بیانووی قاچاخچێتیی نەوت لە ڕۆژانی ڕابردوو دەستگیر کرابوو، لە ئەنجامی دیدارێکی مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی ئازاد کرا. لە بری ناوبراو 2 پاسەوانی دەستگیر کراون.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لەکۆبونەوەی ئەمشەوی پەرلەمانی عیراقدا، کاندیدی 14 وەزارەت خرانە دەنگدانەوە و متمانەیان پێدرا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-24
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 90

2018-10-25



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسە ئێرانییەکان، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 08:00 لە گوندی ژیواری سەربە ناوچەی کۆسالانی شاروچکەی سەولاوا، دوو ئەندامی بەسیج لەلایەن هێزێکی نەناسراوەوە کوژراون. ئیرەج ئاداک و کەمال فەتحی ئەو دوو ئەندامەی بەسیجن کە کوژراون. لە هەواڵەکەدا هاتووە، کە ئەو ئەندامانەی بەسیج لە شفتی شەوی پاسەوانییان بۆ بارەگایەکی بەسیج دەگەڕانەوە کە کراونەتە ئامانج و کوژراون.[4]
- دانیشتووانی گوندەکانی گەمارەلەنگ، گوێزەکوێرە، کۆڵیت، کۆلیج و دەرێ، بە نیسبەت دێپۆکردن و چاڵکردنی پاشماوەی زبڵەکانی ئەو شارە، لە نزیک ئەو گوندانە ناڕەزایەتییان دەربڕی و لە ئاکامدا شەڕ و تێکەڵچوون لە نێوان هێزە ئینتزامییەکان و خەڵکدا هاتە ئاراوە. لە ئاکامی ئەو شەڕ و تێکەڵچوونەدا، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی ئەرکان کەرەمی بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بریندار و پێنج هاووڵاتییە دیکە بە ناوەکانی زانیار ئیبراهیمی، محەممەدمورادکەریمی، عەلی سلێمانی، فاروق

مەحموودی و عەزیز سالّحی دەسبەسەر کران.[5]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، ئاگرێکی گەورە لە بازاڕی لەنگەی هەولێر کەوتەوە و بووە هۆی سووتانی نزیکەی 2 هەزار دوکان و زیانی ماددی گەورەی لێکەوتەوە.[1]
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، لەمەودوا هەر کەنالّێک ڕیکلام بۆ دەرمانێک بکات کە لە کوالێتی دەرنەچووبێت، ئەوا بەبێ ئاگادارکردنەوە، کەنالّەکە دادەخرێت.[2]
- بەچاودێری وەزارەتی کشتوکاڵ و تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە ئەمڕۆ چوارەمین فێستیڤاڵی هەنار لە شاری یاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت.[1]
- دوو بۆمب لە دوو شوێنی جیاوازی نێوان گوندەکانی شەشە و سەید وەلەدی کاکەیینشین لە کەرکووک تەقینەوە و بەهۆیەوە چوار هاوواڵتی کاکەیی بریندارببوون کە لەوکاتەدا بەوێدا تێپەڕیبوون.[2]
- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کۆنفرانسێکی گشتیی لەژێر ناوی بەخۆداچوونەوە و پلان بۆ ئایندەی نوێ لە دهۆک ئەنجامدەدات.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە ماجدی مۆڵ، لە شاری سلێمانی، یەکەمین پێشانگای هونەری شێوەکاری بەڕێوبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی کرایەوە. لە پێشانگاکەدا، بەرهەمی کاری دەستی 30 سزادراوی نێو چاکسازی گەوران نمایشکرابوو، کە لەماوەی هەشت مانگدا، نزیکەی 150 بەرهەمییان دروستکردبوو، بەرهەمەکانیش خۆی لە دەسبەند و جانتای ژنان و کاری ڕووپۆشکردن بە زەنیانە و چنین و شمەکی لە تەختە دروستکراو و تابلۆی هونەری-دا دەبینییەوە.[4]
- بەئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو، فێستیڤاڵی گۆرانی و میوزیکی سورنا، لە شاری سلێمانی دەستپێکرد، لە یەکەم ڕۆژی فێستیڤاڵەکەدا شەش گروپی گۆرانی و میوزیک بەرهەمی خۆیان پێشکەش دەکەن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بە ئامادەبوونی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی نوێی عێراق و حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق ڕێوڕەسمی ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات و ڕادەستکردن پۆستە وەزارییەکان بەڕێوەچوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دواڕۆژ - 2018-10-25
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕووداو - 2018-10-25
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-25
[5] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری کوردپا - 2018-10-26

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 91

2018-10-26



باکووری کوردستان
- ئەمرۆ پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵی هاوواڵتیان و سیاسەتمەدارانی کورد لە قەرس و چەندین کەسی دەستگیرکرد. ناوی سیاسەتمەدارە دەستگیرکراوەکان: شافاک ئۆزالن پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە، جەنگیز ئالانی هاوسەرۆکی دەبەپە لە شاری قەرس، ئەکرەم ساڤجی هاوسەرۆکی هەدەپە لە شاری قەرس، جەنگیز تۆپباشی هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە شاری قەرس، حەیاتی مەتمەت ئۆغلۆ ڕاوێژکاری ئایهان بیلگەن سەرۆکی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا. ئەو کەسە دەستگیرکراوانە براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی شاری قەرس.[5]
- لە ئامەد کۆنگرەی، ئامەد: کۆمەڵگە، مێژوو و ئابووری بەڕێوەدەچیت. لە کۆنگرەکەدا 130 پسپۆڕ و مامۆستای زانکۆ لە هەشت وڵاتی جیاواز تاوتوێی تایبەتمەندییەکانی ئامەد دەکەن.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەدیب حوسێنی خەڵکی گوندی بلوجوک سەر بە ناوچەی قوتوور لە شاری خۆی بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.[7]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی موزەفەر حوسێنی تەمەن 35 ساڵ کورِی عەلی خەڵکی گوندی گسیان سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ لە کاتی کۆڵبەریدا بە هۆی سەرمابردووپی گیانی لە دەست دا.[7]
- پاش هەڵوەشاندنەوەی فێستیڤاڵی هەنار لە بەشی باینگان، ئەم جارەش فێستیڤاڵی هەنار لە گوندی داریان بە هۆی گوشاری پێشنوێژی هەینی پاوە و ناوەندە حکوومەتییەکان هەڵوەشایەوە. ئەو ڕێوەرەسمە بڕیاربوو، ئەمڕۆ بەڕێوە بچێت و شوێنی ڕێوەڕەسمەکە نگین هورامان کە بەرپرسایەتی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێورەسمە لە ئەستۆدا بووە، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوێک، ڕایگەیاند: بە هۆی سرنج و تێبینیی هێندێک لە کەسایەتییەکان و نەدانی مۆڵەتی پێویست لە لایەن فەرماندارِیِ شاری پاوە و دەزگا پەیوەندییدارەکان، فێستیڤاڵی هەناری داریان هەڵوەشایەوە.[7]
باشووری کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە، بەهۆی بارینی بارانێکی بەخورِ لافاو لە شارەدێی سمیلان ڕوویدا و بەهۆیەوە بە دەیان کەس لە دانیشتووانی ناوچەکە ماڵەکانیان جێهێشت و پەیوەندی 14 گوندیش لەگەڵ سەنتەری ناحیەکە پچڕاوە.[1]
- لە سنوری شارۆچکەی پشدەر لەکاتی سەرقاڵبوونی هاوڵاتیەک بە کۆکردنەوەی دار، لافاو لەگەڵ خۆیدا بردی و دوای دوو کاتژمێر و بردنی بۆ مەودای یەک کیلۆمەتر هاوڵاتیەکە ڕزگار کرا.[3]
- لە سنوری شارەدێی سیدەکان تەرمی دوو هاووڵاتی دۆزانەوە کە لافاو هێناونی و یەکێکیشیان ژنە. تەرمەکان نەناسراونەتەوەو ناشزانرێت کێن، چونکە بەهۆی لافاوەکەوە هیچ کەسێک لەناوچەکە گیانی لەدەستنەداوە، بەڵام پێدەچێت تەرمی ئەو کەسانە بێت کە پێشتر بەهۆی بۆردومانەکانی تورکیاوە شەهید بوون.[4]
- لافاوێکی بەهێز دۆڵی سورەدێی لە بناری قەندیلی گرتەوە و هاوسەرۆکی شارەوانی بناری قەندیلیش دەڵێتلافاوەکە زیاتر 15 خانووی وێران کردووە دوو پردوو و دوو ئۆتۆمبێلیشی ڕامااڵیوە.[3]
- خاوەنی ئەو دوکانانەی بازاڕی لەنگەی هەولێر کە دوێنێ دوکانەکانیان سوتا، خۆپیشاندانیان دەستپێکردو داوا دەکەن بەهۆی ئەو زیانە زۆرەی بەریان کەوتووە قەرەبوو بکرێنەوە.[4]

- بەپێی ڕاپۆرتێک کە سایتی The daily mealی بریتانی بڵاوکردووتەوە شاری هەولێر پێنجەم شاری ئارامی جیهانە لە ڕووی سەردانی گەشتیارەوە لە کۆی 50 شاری ئارام لەسەرانسەری جیهاندا.[3]
- ئەمڕۆ ماراسۆنی نێودەوڵەتی هەولێر، لە ژێر دروشمی ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانی لە ناوەندی هەولێر بە بەشدارپی هەزاران کەس بەڕێوەچوو. ماراسۆنەکە لە سێ پێشبڕکێ پێکهات، پێشبڕکێی 42 کیلۆمەتری لە شەقامی 60 مەتری، دوو پێشبڕکێی دیکەش لە دەوری پارکی سامی عەبدولڕەحمان بە 12 کیلۆمەتری و چوار کیلۆمەتری بەڕێوەچوو. هاوکات دەیان ڕاکەری بیانی بەشداربیان لە ماراسۆنەکەدا کردووە، کە حەوتەمین ساڵە لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.[6]
- سەرجەم گەشتەکانی فڕۆکەخانەی نێودەڵەوتی سلێمانی وەستان و بەڕێوەبەری ئە و فڕۆکەخانەیەش دەڵێت :بەهۆی خراپی کەشوهەواوە ناچاربووین سەرجەم گەشتەکان بوەستێنین.[3]
- بەڕێوەبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەبارەی ڕاگرتن و دووبارە دەستپێکردنەوەی گەشتەکان ڕاگەیاند، بەهۆی خۆڵبارینەوە بۆ ماوەی چەند کاژێرێک گەشتکردن لە فڕۆکەخانەکەمان وەستا و دواتر دەستیپێکردەوە.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ئاگادارییەک بۆ هاونیشتمانیان و بە تایبەت شۆفێران بڵاودەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێت، بەهۆی ڕەشەباوە یەکێک لە تاوەرە سەرەکییەکانی کارەبای هەولێر لەڕێگەی سەرەکی هەولێر - مەخموور لە نزیک گوندی مناڕە کەوتووەتە خوارەوە و بەهۆیەوە یەکێک لە سایدەکانی ڕێگەکە گیراوە، بەڵام وەکو چارەسەرێکی کاتی دیوەکەی دیکەی شەقامەکە کراوەتە و شۆفێران دەتوانن بە وریاییەوە هاتووچۆ بکەن.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی گوڵمکەوە-ی سەر بەشارەدێی شوان-ی پارێزگای کەرکووک، شوانێکی بەنەتەوە عەرەب، کە تەمەنی 15 ساڵەو ناوی 'محمود فازل خەڵەف-ە' خنکا.[6]
- ئەمشەو، لەناو بازاڕی ئیسکانی شاری هەولێر تەقە لە ژن و مێردێک کراو پیاوەکە کوژرا.[3]

دەرەوەی کوردستان

- هەژدەمین جۆڵەی گشتیی کەنەکە لە شاری بارلۆ-ی هۆڵەندا بەڕێوەدەچێت. کۆبوونەوەکە 3 ڕۆژ بەردەوام دەبێت و لە کوردستان و ئەوروپاوە سەدان ئەندام بەشداربیان تێدا کردووە.[1]
- سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت، هەنگاوەکانی ئیدارەکەی لە بەرامبەر حکومەتی ئێراندا کاریگەری گەورەیان هەبووە و گوتی: لە 5ی تشرینی دووەمدا تەواوی سزاکان بە سەر ئێراندا دەسەپێنینەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان:	چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سیدەکان
شار و شارۆچکەکان:	قارس
شار و شارۆچکەکان:	مەخموور
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	ورمێ
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-26
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-10-26
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-27
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 92

2018-10-27



باکووری کوردستان
- ئەردۆگان، بڕیاری گۆڕینی بەشێک لە پارێزگارەکانی باکووری کوردستانی دەرکرد.[3]
- بەهۆی سەرماوە دوو سەربازی تورکی گیانیان لەدەستدا پاش ئەوەی بەشداربیان کردبوو لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەشاری تونجەلی دژی گەریلاکانی پەکەکە. ڕەقبوونەوەی ئەو دوو سەربازە تورکە شەپۆلێکی ناڕەزایی تووندی بەدوای خۆیدا هێناوە لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چوار لاوی خەڵکی شاری پاوە، بە ناوەکانی ئاسۆ مورادی کوڕی حەسەن، ئارش مورادی کوڕی محەممەدڕەشید، یووسف ئەحمەدی کوڕی ڕەفیق و شایان خالیدی کوڕی نامدار، لە لایەن حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە لە شاری مەریوان دەسبەسەر کراون.[4]
- کاتژمێر 05:00ی بەرەبەیانیی ئەمڕۆ، پۆلیسی پاسەوانی سنوری عێراق، بە دووری دوو کیلۆمەتر لە سەیرانگای ئاوێسەر-ی سەر بە شارەدێی تەوێلە، بەڵام لەناو خاکی ڕۆژهەڵاتدا، دوو تەرمیان دۆزیوەتەوە و شوێنەواری گوللەیان پێوەبووە، دواتر لایەنی ئێرانیی ئاگادارکراوەتەوە و هەردوو تەرمەکەیان بردووە بۆ شاری پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەپێی زانیارییەکانی وتەبێژی پۆلیسی هەڵەبجە، کوژراوەکان کۆڵبەر نین، خەڵکی شاری سەرپێڵی زەهاو-ی سەر بە پارێزگای کرماشانن.[5]

شوناسی ئەو دوو لاوە کوردە بە ناوەکانی بیلال تەحامی کوڕی ئەحمەد لە دایکبووی ساڵی 1999 و ئەیووب پاڵانی کوڕی حوسێن لە دایکبووی 1998 خەڵکی گوندی تەپەماران لە دەشتی زەهاو ڕاگەیەندراوە کە بۆ دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی بژیوی ژیانیان مەبەستیان بووە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.[4]
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی میلاد قزلباش، خەڵکی شاری ماکۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا.[4]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە کاتژمێر 10:40ی ئەمڕۆوە دەستیانکردووە بە بۆردومانکردنی گوندەکانی قەندیل.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، کۆگایەکی سووتەمەنی لە سلێمانی کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی تانجەرۆ - قەرەداغ ئاگری گرت.[3]
- بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک کۆماری عیراق بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتە فڕۆکەخانەی سلێمانی و لەلایەن کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتی و پارێزگاری سلێمانی و ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی عیراق و کەسایەتی حزبی و حکومی پێشوازی لێکرا.[5]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە هۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد-لقی سلێمانی، لەلایەن گروپێکی سەربەخۆ کە بەشێوەیەکی بازنەیی (کاری گروپی بێ ئەوەی سەرۆک و بەڕێوبەریان هەبێت) لە باشوری کوردستان و ئەوروپا کاردەکەن، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییدا پرۆژەیەی 'ژن ژیانە مەیکوژە' ڕاگەیاند. لەم پرۆژەیەدا کۆمەڵێک لە ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و ئەندامانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشداریان کردووە. ئامانجی پرۆژەکە بەرەنگاربوونەوەی ژنکوژی و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ڕێگەگرتن لە و هۆکارانەیە، کە دەبنە هۆی ئەنجامدانی ئە و تاوانە.[5]
- پایزگای هەولێر داوا لە خاوەن دوکان و دوکاندارە سوتاوەکانی لەنگەی هەولێر کرد خۆیان دوکانەکانیان چاکبنەوە و ئەوانیش وەک حکومەت تۆڕی ئاوەڕۆ و هێڵی کارەبایان بۆ دادەنێن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە عەفرین لە دژی خاڵی پشکنینی پۆلیس و سەربازانی سوپای تورکیا چالاکی ئەنجامدرا، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان چەتەیەک کوژرا ویەکێکی دیکەش بریندار بوو.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری لیڤەرپول بە ئامادەبوونی کەس و کاری و ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕەوەندی کوردی و نوێنەرانی هەردوو ڕێکخراوی ژنانی کورد و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراق، ڕێ و ڕەسمی بە خاک سپاردنی ئافان نەجمەدین، قوربانیەکی تری توند و تیژی و کوشتنی ژنان بەڕێوەچوو.[3]
- سەر لەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیسی ڕژێمی کۆشک لە ئەنقەرە هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتیان و ئەندامانی هەدەپە و 6 ئەندامی هەدەپەیان دەستگیرکرد. ناوی کەسە دەستگیرکراوەکان: ئیبراهیم بینیجی پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە، لوقمان ئایدۆغموش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە ناوچەی ئەتیمەسگیوت، دەریا بەکر بەڕێوەبەری شاری ئەنقەرەی هەدەپە، سەدات یاگجی ئۆغلو ئەکادیمیسیەن، خەلیل چەلەنک بەڕێوەبەری هەدەپە، عیسمەت یالچن کایا کە لە هەڵبژاردنەکانی 7ی حوزەیرانی 2015 و 1ی تشرینی دووەمی 2015دا پاڵێوراوی هەدەپە بوو بۆ پەرلەمانی تورکیا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەنکەرە
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ووڵات: ئێران
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-27
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-27
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-28
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 93

2018-10-28



رۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی خدر موفید کوڕی محەممەد خەڵکی گوندی گومان سەر بە شاری سەردەشت بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لە دەست دا.[4]

باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر ناوچەی چەمانکێ-یان لە سنووری ئامێدی بۆردومانکرد.[2]
- فراکسیۆنەکانی گۆڕان و هاوپەیمانی نیشتمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکەن لێژنەیەک بۆ خەملاندنی زەرەر و زیانی لافاوی ناوچەی ڕاپەڕین دروست بکات بۆ ئەوەی قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکرێتەوە.[1]
- سەرۆکی لێژنەی ئەمنی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند، هێزە ئەمنییەکانی عێراق چواردەوری گەڕەکی شۆریجەیان گرتووە و ماڵ بە ماڵ پشکنین دەکەن و ناهێڵن کەس لە ماڵ دەرچێت.[3]
- سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ڕایدەگەیەنێت: خاوەن دوکان و مۆڵکەکانی بازاڕی لەنگە دڵنیادەکەینەوە کە بازاڕەکە بە خێراڕی و وەکو خۆی دروستدەکرێتەوە و هەموو ئاسانکارییەکیشی لەلایەن شارەوانییەوە بۆ دەکرێت.[1]
- ئەمڕۆ، لەهۆڵی کافتریای گەلەری ئەمنە سورەکە لە شاری سلێمانی، ڕێکخراوی باران بۆ پرسی ئەنفال و جینۆساید، مەراسیمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی شەش کتێبی تایبەت بە ئەنفال و گۆڕەبەکۆمەڵەکان ئەنجامدا.[5]
- کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە عێراق، لە شاری هەڵەبجەوە ڕایگەیاند، ئەوەی بەسەر خەڵکی هەڵەبجە-دا هاتووە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیە، دەشڵێت: هەڵەبجەییەکان دڵنیا دەکەینەوە کە پشتوانیان دەبینین و بەڵێنی فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستەیان پێدەدەین.[5]
- مەهدی موبارەک، بەڕێوەبەری پێشوی کشتوکاڵی کەرکووک ئەمڕۆ ڕایگەیاند: نزیکەی مانگێکە فەرمانی دورخستنەوەم دەرچووە و کەسێکی تورکمانی شیعەی دانیشتوی شارۆچکەی تەلەعفەر لە پۆستەکەم دانراوە.[1]
- بەهۆی ئەو باران و لافاوەی هەرێمی کوردستان و باکووری گرتووەتەوە، سەرچاوەکانی ئاوی کردووەتە قوڕ و لیتەیەکی زۆر و بەو هۆیەش چوار پرۆژەی ستراتیژی ئاو، کە (ئیفرازی یەکەم، دووەم و سێیەمە لە هەولێر) و پرۆژەی ئاوی شەقڵاوەیە وەستان.[3]

- سەر لە بەیانی ئەمرۆ ئاسایشی پارتی لە کۆمەڵگای کەلەکچی، سەر بە شارۆچکەی شێخان-ی سەر بە پارێزگای دهۆک، هەڵدەکوتنە سەر ماڵی چالاکوان رێکان ڕەشید و دەستگیری دەکەن.[5]
- هیوا گەیلانی، بەرپرسی لقی 11ی پارتی لە ڕانیە ڕاگەیاند: دوای ئەوەی ئێوارەی ڕۆژی 26-10-2018، (خۆشناو ئەنوەر) کادیری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەلایەن ئاسایشی ڕانیە دەستگیرکرا، ئێوارەی ئەمڕۆ، ئازادکرا.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای تورکیای داگیرکەر لە کاتژمێر 10:30 دا هێرشیان کردووەتە سەر 4 گوندی ڕۆژئاوای کۆبانێ. سوپای تورکیا بە تۆپخانەکانی ئەو 4 گوندەی تۆپبارانکردووە و زیانی بە ماڵ و موڵکی هاوواڵتیان گەیاندووە. ئەو گوندانەی ڕۆژئاوای کۆبانێ کە لەلایەن تۆپخانەکانی تورکیاوە تۆپباران کراون بریتین لە: زۆرموغار، خراب عەتۆ، چارقلی و ئاشمێ.[2]
- شەڕڤانانی قەسەدە لە دێرەزۆر گەنجێکی دیکەی ئێزدییان لەچنگی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد، کە لە ساڵی 2014 لەلایەن چەتەکانی داعشەوە ڕفێندرابوو، ئەزهەر سوهێل مەهەد خەڵکی شەنگالە وتەمەنی 18 ساڵە، ئەمڕۆ لە ناوەندی تەڤگەری ئازادیی ژنانی ئیزدی لە خانەسۆر ڕادەستی خانەوادەکەی کرایەوە.[5]

دەرەوەی کوردستان

- گروپێک لە فاشیستەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر بارەگای هەدەپە لە ناوچەی مەزیتلیی لە پارێزگای مێرسین. ئەو گروپە فاشیستە لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر بارەگاکەی هەدەپە تابلۆی بارەگاکەی هەدەپەیان هێنایە خوارەوە و ئاگریان لە تابلۆی بارەگاکە بەردا و دواتر لە بارەگاکە دوورکەوتنەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	ئاگری
شار و شارۆچکەکان:	ئامێدی
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سەردەشت
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 28-10-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 28-10-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-10-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-28
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 94

2018-10-29



باکووری کوردستان
- لەژێر دروشمی 'ئەمڕۆ زمانی دایکیمان سبەی نەتەوەکەمان'، نۆ پارتی کوردی لە باکوری کوردستان، ئەنجومەنێکیان بۆ بەفەرمیکردنی زمانی کوردی لە تورکیا دروستکرد و ڕایانگەیاند، کە ئیتر لە هەموو شوێنێک بە کوردی قسە دەکەن.[3]
- هێزەچەکدارەکانی دەوڵەتی تورک بەیانیی ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەر 28 ماڵ لە شاری شرناخ و ناوچەکانی دەوروبەری. لە ئەنجامدا 23 کەسیان دەستگیر کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان، بەشێک لە وکەسانە بەهۆی بڵاوکراوەکانیان لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەشێکیشیان بەهۆی بەشداری کردنیان لە مەڕاسیمی بەخاکسپاردنەکان، دەستگیر کراون.
دەستگیرکراوەکان گوازراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاسایش لە شار و ناوچەکان.[2]
- پارێزگەی ئامەد لە چەند شوێنێکی سنووری گوندەکانی سەر بە لیجە، کاراز و هەزۆ-ی ئامەد، قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند. بە گوێرەی ڕاگەیەنراوی پارێزگەی ئامەد، لە 29ی تشرینی یەکەمی 2018\7ی گەڵارێزان کاتژمێر 21 قەدەغەی هاتووچۆ لە و دەڤەرانە دەستپێدەکات و تا کاتێکی نادیار بەردەوام دەبێت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خەڵکی گوندی سەردۆش سەر بە بەشی خاومیراوای شاری مەریوان، لە ڕێوڕەسمێکدا، بە مەبەستی ئاشتبوونەوە لەگەڵ سروشت، تەورەکان و مشارەکانیان شکاند. ئەو ڕێوڕەسمە بە هاوکاریی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان، لەژێر ناوی ئاشتی لەگەڵ سروشت بەڕێوە چوو، کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خەڵک بەڕەوڕوو بووە.[4]
- محەمەد خرەد تەمەن 40 ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار و بەڕێوەبەری کانالی تێلێگرامی دەنگی خانێ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[4]
باشووری کوردستان
- لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە 15 ئەفسەری بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک دەستگیرکران. دەستگیرکردنی ئەو ئەفسەرانە کە پلەی جیاوازی تێدایە بەفەرمانی دەستەی دەستپاکی کەرکووکە و لەئێستادا لەلای پۆلیس تەوقیفکراون تاوەکو کۆتایی بەلێکۆڵینەوەکان دێت. لە نێو ئەو ئەفسەرانەدا کوردیش هەیە.[1]
- ساڵی نوێی خوێندن لە شەنگال بە کردنەوەی 4 خوێندنگای نوێ و بەشداریی هەزار و 500 خوێندکار دەستپێکرد.[3]
- پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕەتیدەکاتەوە بەنگین ڕێکانی وەزیری ئاوەدانکردنەوە لە کابینەی نوێی حکومەتی عێراق کۆنە بەعسی بووبێت، دەیان چالاکوانی دهۆکیش ڕایدەگەیەنن کە کۆنە بەعسییە.[1]

- دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ڕایدەگەیەنێت: ژن هەبووە بەهۆی یەک نامەوە کوژراوە و جەختیش دەکاتەوە کە دەبێت سزاکانی ژنکوشتن توندتربن و ڕێگە نەدرێت لەدەرەوەی دادگا بە سوڵح و کۆمەڵایەتی حیزب و مامۆستای ئایینی چارەسەر بکرێن.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- تەڤدەم هێرشەکانی دوێنێی سوپای تورکیا لە دژی گوندەکانی کۆبانێ بە تووندی ئیدانە کرد و ڕایگەیاند، دەوڵەتی تورکیا هەوڵ دەدات ڕێگری لە کۆتایهێنان بە شەڕی سوریا بگرێت و چارەسەری دیموکراتیک بۆ سوریا دروست نەبێت.[2]

دەرەوەی کوردستان

- جەندرمەکانی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوی ئۆپراسیۆنی سڕینەوە و پاکتاوکردنی سیاسیی گەلی کورد دا لە گەڕەکی یەنی محەلەی ئەنقەرە هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوواڵاتیانی سەربە هەدەپە. لە هەڵکوتانە سەر ماڵاندا عەلی یڵدز بەڕێوەبەری ناوچەی یەنی محەلەی ئەنقەرە و سەڵاحەدین یاڤاش و شاکر تاشکن بەڕێوەبەرانی پێشووی ئەو ناوچەیە دەستگیرکران.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ئەنکەرە

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-30

کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 95

2018-10-30



باکووری کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا دەستیکرد بە تۆپبارانی چیای جوودی و گوندی مەلێ-ی سەربە ناوەندی شرناخ.[3]
- عوسمان شانیاشار کە براکەی و دووبرازای بەدەستی ئیبراهیم خەلیل یەڵدز پارلمانتاری ئاکەپەی ڕەحا کوژراون، لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی دەوڵەتی تورکیاوە لە فڕۆکەخانەی ئیستانبوول دەستگیرکرا.[3]
- پارێزگەی بەدلیس ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، لە کاتژمێر 18ی ڕێکەوتی 30ی تشرینی یەکەم\8ی گەڵارێزان بەدواوە ڕۆژانە لەنێوان کاتژمێر 18 و 19 هاتووچۆ لە گوندەکانی ئارپالی، باگشلی، ئاگاچلی، کێڵگەکانی ڕەجەبلی، کێڵگەی گوندی ئاکشار ئاشاگکلاقوز، کێڵگەکانی یوکارکلاقوز، گوندەکانی ئوچدیرەک، کوپلو، کانیگۆلو و کێڵگەکانیان، قەدەغەیە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شاری ورمێ پێشانگەیەکی فەرش بەڕێوەچوو کە تێیدا بەرهەمهێنەرانی فەرشی دەستچنی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداربوون و بەرهەمەکانی خۆیان نمایشکرد کە جۆرێکی تایبەتە و لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی دابەزینی بەهای تمەنەوە لە وڵاتانی دراوسێ خوازیاری زۆری بووە.[4]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هاوولاتییەکی کوردی خەڵکی شاری شنۆیان بە ناوی ئەمیر حاجیپوور دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.[7]
- هیوا حەفیدی خەڵکی شاری مەهاباد و مامۆستای پێشووی زانکۆی شاری قەزوێن، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد دەسبەسەر کرا.[7]
باشووری کوردستان
- کاژێر 10:00ی بەیانی ئەمڕۆ، تەقینەوەیەک لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی چلەی ئیمام حوسێن لە خانەقین لە نزیک مەزاری باوە مەحمود ڕوویدا و بەهۆیەوە بەپێی سەرچاوەکان دوو کەس کوژران و زۆرتر لە 10 کەسی دیکەش بریندار بوون.[1]
- گروپی تیرۆرستی داعش لەپێگەی تایبەت بەخۆی بەرپرسیاریەتی خۆی لەتەقینەوەکەی ئەمڕۆی نزیک مەزاری باوە مەحمودی خانەقین ڕاگەیاند.[5]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ژۆتۆمبێلێکیان لە سنوری شاروچکەی ئامێدی بۆردومانکرد و سەرچاوەیەکی دانیشتوی ناوچەکەش دەڵێت: ژۆتۆمبێلی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکەیە و شەهید و بریندارى لێکەوتووەتەوە.[1]
- کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە شاروچکەی شنگال و دەشتی نەینەوا بەهۆی بوونی پاشماوەی مین و تەقینەوەکانی داعش ئامادە نین بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان.[2]
- ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 2018ی پەرلەمانی کوردستانی پەسندکرد.[1]
- کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسانی شاری هەولێر، نارەزایی بەرامبەر سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دەردەبڕن، لە بەرامبەر پێشێلکاری بەرامبەر مافی ڕۆژنامەنووسان و جیاکاری لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن-دا، دەشڵێن، کە پێویستە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەڵوێست لە بەرامبەریدا وەربگرێت.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازەکانی سوپای تورک هێرشیان کردە سەر گرێسپی، لەو هێرشەدا شەڕفانێکی هێزەکانی ئەرکی بەرگریی شەهیدبوو و شەڕفانێکی دیکەش بریندار بوو.[6]
دەرەوەی کوردستان

- وەزیری دەرەوەی دانیمارک ڕایگەیاند: باڵوێزەکەیان لە تاران کشاندۆتەوە و داواش لە یەکێتی ئەورووپا دەکات کە سزای زیاتر لەدژی ئێران بگرێتە بەر.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-10-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-10-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-10-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-10-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-10-30
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-10-31
کاتی تۆمارکردن: 2018-09-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 96

2018-10-31



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاوڵاتیی کوردی خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران. شوناسی ئەو دوو هاوڵاتییە کوردە کە (باوک و کوڕ بوون)، بە ناوەکانی سدیق ڕەحمانزادە تەمەن 45 ساڵ و عوسمان ڕەحمانزادە تەمەن 15 ساڵ ڕاگەیاندووە.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی حەمید بروویکی میلان، لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی سوپای تورک لە چاڵدیران بریندار بوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.[3]
- زەبیحوڵڵا ڕەئووفی تەمەن 69 ساڵ، خەڵکی شاری سنە، کە لە لایەن دادگای ئینقلابەوە بە یەکساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم و یەکساڵ دوورخستنەوە بۆ شاری میناب، لە پارێزگای هۆرمۆزگان مەحکووم کرابوو، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانەکەی، بۆ زیندانی شاری سنە ڕەوانە کرا.[4]
- هاجەر زەندی، کچە خوێندکاری زانکۆی کوردستان لە شاری سنە، وەکو ئافرەتی ساڵ دەستنیشان کرا.[4]
باشووری کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان بۆ ماڵئاوایی لە خولی چوارەم کۆبێتەوە.
- بەپێی ڕێکەوتنێکی حکومەتی هەرێم و عیراق، ئەمرۆ ئیدارە کۆنەکەی شنگال و شارەدێیەکانی سەر بە شارۆچکەکە دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.[2][1]
- لە شەنگال دژی ئیدارە کۆنەکە خۆپیشاندانە و ڕێگە بە پارێزگاری موسڵ و قایمقام و بەڕێوەبەری شارەدێیەکانی دەوروبەری شەنگال نادرێت بگەڕێنەوە ناو شارەکە.[1]
- شەوی ڕابردوو لە ناوچەی زەرگەی ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو، چەتەکانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر سوپای عێراق و شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان هەردوولادا ڕوویداوە.[3]
- لە سنوری نێوان کفری - خورماتوو، هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری هێزێکی هاوپەیمانان ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش بوونەوە و لە ئاکامدا سێ چەکداری داعش کوژراون و سێ پێشمەرگەش برینداربوون.[5] هەر لەو ئۆپەراسیۆنەدا چوار چەتەی داعش کوژراون و سێ پێشمەرگەش بریندار بوون.[7]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە ڕێگەی بۆمبێکی چێندراوەوە مەزاری باوەمەحمود لە شاری خانەقین تەقێندرایەوە کە مەزاری کەسایەتیەکی ئایینی شیعەکانە.[5]
- جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە بڕیاری بایکۆتی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پاشگەزبوونەوە و ڕایگەیاند، بەربژێرە دەرچووەکانی دەچنە پەرلەمان.[6]
- لە کامپی شەهید ڕۆستەم جوودی - مەخمور، بە ئەنجامدانی مەراسیمێک، یادی ڕۆژی جیهانی پشتگیری لە کۆبانێ کرایەوە و تێیدا سەدان هاوڵاتی کامپەکە ئامادەبوون.[3]
- جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و شاندێکی یاوەری سەردانی سەرۆک و بەشێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیان کرد لە نووسینگەی هەرێمی کوردستانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە هەولێر، بەشیر حەداد ڕایگەیاند 16ی ئۆکتۆبەر و ڕووداوەکانی دواتری لە دەرەوەی یاسا و دەستوور بوون.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا لەدوێنێ ئێوارەوە بە چەکی قورس هێرشی کردووەتە سەر گرێ سپی و هێرشەکە بەردەوامە.[7]
- سوپای تورکیا بەهاوەن گوندی کورعەلی کوبانی کردووەتە ئامانج. تۆپبارانەکە بەردەوامە. هاوکات سوپای تورکیا بە تانک

هێرشی کردووەتە سەرگوندی سەلێمێ کە دەکەوێتە 15 کم ڕۆژئاوای کوبانی.[7]
- لە قامیشلۆ 18 لایەنی سیاسی بە لێدوانێکی هاوبەش بانگەوازیان کرد، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و حکومەتی سوریا هەڵوێستی خۆیان لە سەر هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باکوری سوریا ڕوون بکەنەوە و پارێزگاری لە ئارامیی ئەو ناوچەیە بکەن.[3]
- قەسەدە ڕایگەیاند، دوای ئەوەی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هێرشی کردە سەر باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، ئەوان وەک قەسەدە هەڵمەتەکەیان دژی داعش لە دێرەزۆر وەستاندووە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- حەسەن ڕۆحانی سەرۆکی ئێران ڕایگەیاند: سزا نوێکانی ئەمریکا وڵاتەکەی ناترسێنن و چەندین دەوڵەت دژی ئە و سزایانەی ئەمریکا پشتگیری ئێران دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	سنە
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان:	گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کفری
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 31-10-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 31-10-2018
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 31-10-2018
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 31-10-2018
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 31-10-2018
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 31-10-2018
کاتی تۆمارکردن: 01-09-2018
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 97

2018-11-01



باکووری کوردستان

- هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکیا لە ئۆپەراسیۆنێکدا لە ناوچەکانی سەربە ئامەد هەڵیانکوتایە سەر 107 ماڵ.[2]
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ناوەندی شاری ئێلح و ناوچەی کەرجۆس هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵ و زیاتر لە 10 کەسیان دەستگیرکرد. ئۆپەراسیۆنەی پاکتاوکارنەکەی دەوڵەتی تورکیا بەردەوامیی هەیە. لەو ئۆپەراسیۆنەدا هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکیا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی سەبری ئۆزدەمیر هاوسەرۆک شارەوانیی دەبەپە لە ئێلح و ئۆزدەمیر و چەندین کەسی تریان دەستگیرکرد.[2]
- بۆ یەکەمجارە لە ئامەد و بە گشتی لە باکووری کوردستان لووتکەی ژنانی بازرگان بەڕێوەدەچێت، کە ئامانج لێی بەشداری ئافرەتە لە کەرتی ئابووری و بازرگانی لە تورکیا و لابردنی ئەو ئاستەنگانەیە کە لەبەردەم ژنان لە بواری ئابووری و وەبەرهێناندا هەن.[1]

باشووری کوردستان

- لە گوندێکی سنووری شارۆچکەی داقوق لەسەر کێشەی زەوی، شەڕ لەنێوان کورد و عەرەبی هاوردە دروستبووە و چەند کەسێک بریندار بوون.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا بە بیانووی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە، گوندەکانی بناری چیای گارە لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی-یان بۆردومانکردووە.[4]
- ئەمڕۆ، هەڤڕەست شوان، کە ئەندامی هەرێمی هەولێری تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و هاوکات خوێندکاری قۆناغی سێیە لە کۆلێژی لوبنانی – فەرەنسی لە بەشی یاسا لە شاری هەولێر، دوای ئەوەی هیچ تۆمەتێکی بەسەردا نەسەپێندرا، ئازادکرا.[3]
- شاندێکی پارتی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی و هەڵەبجە، سەردانی مەڵبەندی یەکێ یەکێتی کرد لە سلێمانی، لە کۆبوونەوەکەشیاندا عارف تەیفوور ڕایگەیاند: بە بێ یەکێتی حکومەت پێکناهێنین.[1]
- فەوجی 9 ی لیوای 37 ی یەکەی نۆی زریپۆشی سوپای عێراق سەربازگەی کەیوانی کەرکووکی جێهێشت.[4]
- بۆ جاری سێیەم ڕاکان سەعید، پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت هێز دەنێرێتە سەر 38 گوندی کوردنشین لە سنووری سەرگەڕان و دووبز و، ناهێڵێت جووتیارانی کورد زەوییەکانیان بکێڵن.[1]
- کاروانێکی سەربازی سوپای تورکیا لە سنووری هەردوو شارۆچکەی زاخۆ و ئامێدی، لەڕێگەی دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل-ەوە بۆ ناو خاکی باکوور کشانەوە. ئەو کاروانە سەربازییانەی سوپای تورکیا لە نزیکەی 18 بارهەڵگر و 15 ئۆتۆمبێل و ناقیلەی سەربازی پێکهاتبوون.[4]
- ئەنجومەنی شەقام بۆ ماف و ئازادییەکان لەسەر کێشەی سووتەمەنی و پاشکەوتنی مووچە و بەرزبوونەوەی بەهای بەنزین، یاداشتێکی ئاڕاستەی نووسینگەی پەرلەمانی عێراق لە سلێمانی کرد.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەمرۆ، هێزەکانی پاراستنی سنووری تورک تەقەیان لە هاوڵاتیانی گەڕەکەکانی باکوری شاری گرێ سپی لە کانتۆنی فورات کرد، کە دەکەونە سنوری نێوان ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان.[3] لە ئەنجامدا منداڵێکی کچی تەمەن 12 ساڵان بە ناوی سارا ڕەفعەت کوژرا.[2]
- ئەمشە و کاتژمێر 20 بە کاتی ڕۆژاڤا، سوپای تورکیای داگیرکەر جارێکی دیکە بە چەکی دۆشکە گوللەبارانی گوندەکانی چارخلی و کۆر عەلی کردووە لە ڕۆژئاوای کۆبانێ.[2]
- لە شارۆچکەی تربەسپیی سەر بە کانتۆنی قامیشلۆ بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کۆبانێ خۆپیشاندانێکی گەورە ساز کرا و هەزاران کەس هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەریان ئیدانە کرد.[2]
- خولوسی ئەکار، وەزیری بەرگریی تورکیا ڕایگەیاند، ئەمرۆ سەربازانی سوپای وڵاتەکەی و سەربازانی ئەمریکی لە شاری منبجی باکووری سووریا دەستیان بە ئەنجامدانی دەوریپەی هاوبەش کردووە.[1]
- سوپای تورکیای داگیرکەر لە دوای هێرشکردنە سەر گوندی تل فەندەر لە کاتژمێر 21:50دا بە چەکی دۆشکا هێرشی کردە سەر گوندی سوسکێ لە 10 کیلۆمەترپی ڕۆژئاوای گرێ سپی دا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- شۆن ڕایان، گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش ڕایگەیاند، هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بەشێوەیەکی کاتی ئۆپەراسیۆنەکانی دژی داعش ڕاگرتووە، ئەوەش لە وەڵامی هێرشەکانی تورکیادا. شۆن ڕایان ئاماژە بەوە دەکات، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە پەیوەندیدایە لەگەڵ تورکیا و هەسەدە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێوربکاتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامێدی
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان:	زاخۆ
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان:	گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان:	منبج
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	تورکیا
وڵات:	لوبنان
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 98

2018-11-02



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی سەلام مەردان تەمەن 27 ساڵ کوڕی خالید خەڵکی گوندی سەوجە جەبلی وەیسی خەڵکی ناوچەی دەشتەبێڵی شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکان دەسبەسەر کراون و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.[2]
باشووری کوردستان
- بەهۆی کارکردن لە پرۆژەی ستراتیژی دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندنی ئاوی پارێزگای هەڵەبجە و شارەدێی سیروان، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دابەشکردنی ئاوی خواردنەوەی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری ڕادەگیرێت، بەڕێوەبەری ئاوی هەڵەبجەش ئاماژە بەوەدەکات: دەمانەوێت کۆتایی بە گرفتی دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندنی ئاو بۆ هاووڵاتیان بهێنین.[3]
- بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە ماڵێکی گەڕەکی ڕاپەڕین لە ڕانیە، 4 کەسی خێزانێک گیانیانلەدەستدا و حەوت کەسی دیکەش بریندارببوون. گوتەبێژی بەرگری شارستانی ڕاپەڕین دەڵێت، بەهۆی سەختی بارینەکانیان سەرجەم بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کراون.[4]
- فەرماندەی هێزەکانی پۆلیسی عیراق ڕایگەیاند: هێزەکانیان لە چەند هەڵمەتێکدا لە سنووری شارۆچکەی مەخموور 19 تیرۆرستی داعشیان کوشتووە.[5]
- بەهۆی تەقینەوە و کردەوە تیرۆریستییەکان، سەرجەم مەزارە ئاینییەکان لە خانەقین پاسەوان و پۆلیسی تایبەتی بۆ دادەنرێت و هەروەها بە شێوەیەکی تووندوتۆڵتر زیارەتکاران دەپارێزرێن.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەی سەر بە دەوڵەتی تورکیا بە چەکی هاوەن هێرشیان کردووەتە سەر ناوچی فافین لە کانتۆی شەهبا. هێرشەکە لە کاتژمێر 00:15 شەوی ڕابردوو ئەنجامدراوە و هاوەکان لە شوێنێکی نزیک لە کامپی بەرخودان-یان داوە، کە هەزاران هاووڵاتیی عەفرینی لەو کامپەدا دەژین.[1]
- سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەر گوندی تل جیهان-ی سەر سنووریان کردە ئامانج. لە ئەنجامی گولەبارانی سەربازاندا

ئەندامێکی هێزەکانی سەنادید بە ناوی عەدنان ئەحمەد خەلەف بریندار بوو. ناوبراو ڕەوانەی نەخۆشخانەی شەهید بەرخۆدان کرا لە شاری دێرک.[1]
- ئاژانسی هەواڵی هاوار (ئانها - ANHA) بڵاویکردەوە، پەیامنێرانیان گولیستان محەمەد و ئیبراهیم ئەحمەد لە کاتی ڕووماڵکردنی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر گرێ سپی لەلایەن سوپای تورکیاوە کراونەتە ئامانج و بریندار کراون. ئەو 2 پەیامنێرە بریندارە گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی وەتەن لە ژێر چاودێڕی پزیشکدان.[1]
- شەرفان دەروێش، وتەبێژی هێزەکانی ئەنجومەنی سەربازی منبج ڕایدەگەیەنێت: هیچ خاڵێکی سەربازیمان لە منبج ڕادەستی هێزەکانی تورکیا نەکردووە، لە داهاتووشدا کاری هاوبەشی زیاتر لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە منبج دەکەین.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئیدارەی تەمپ گەڕاندنەوەی هەموو سزاکانی بۆ سەر ئێران ڕاگەیاند، کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی ئەتۆمی ساڵی 2015دا لەسەر ئەو وڵاتە هەڵگیرابوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-02
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 99

2018-11-03



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر 30 ناوچە و ناوەندی پارێزگای جۆلەمێرگ کردە ناوچەی ئەمنیی تایبەت و قەدەغەی هاتووچۆی بەسەر هاوواڵتیاندا سەپاند. ئەو قەدەغەکارییە بۆ ئەوەیە سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆن و هێرش ئەنجام بدات.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی دەروازەی گومرگی خابووری سەر بە پارێزگای شرناخ لە باکووری کوردستان، ئۆتۆمبێلێکی تابلۆی دهۆکی ڕاگرت، دوای ئەوەی بەئامێری پشکنینی تیشک پشکنینیان بۆ کرد، لە سندووقی ئۆتۆمبێلەکەدا ملیۆنێک و 500 هەزار دۆلاریان لەنێو دوو کارتۆنی کارتۆنی پاقڵاوە دۆزییەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی داگیرکەری ئێران، گرووپێک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شێخ سانحیان دایە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی برووومەند بەهرامی، خەڵکی گوندی زیارەت تەمرخان، سەر بە شاری سەلاسی باوەجانی گیانی لەدەست دا و دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی هووشیار نەمامی و ئەرکان بەهرامی بە تووندی بریندار بوون.[6]
- پەرەستوو میرزایی هاوسەری زانیار دەباغیان، چالاکی کرێکاریی دەستبەسەرکراو، لە ڕێگەی پێوەندی تەلەفۆنییەوە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات بانگهێشت و پاشان دەستبەسەر کراوە.[6]
- 16 سەر ئەسپی بارهەڵگری کاسبکاران بە تەقەی مەئموورانی ئینتزامیی حکوومەتی ئێران لە ناوچەی سنووری گوندی زێوکە و ماشکان، لە ناوچوون.[6]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ گروپێکی چەکدار لە گوندێکی نزیک شارۆچکەی دووبزی سنووری کەرکووک دوو هاوڵاتی کورد بەناوەکانی فەهمی سالح، جووتیار و سەرحان محەمەدیان ڕفاند و چەند کاژێرێک پاشتر تەرمی فەهمی سالح دۆزرایەوە.[1]
- لە خورماتوو، کۆگایەکی چەکی حەشدی شەعبی تەقییەوە و دەیان چەکداری حەشد بریندار بوون.[1]
- لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان دژی پێدانی 48 ملیۆن دینار بەرپەلەمانتاران، چالاکوانانن و ڕێکخراوەکانی مەدەنی گردبوونەوە و خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.[2]
- لە شارۆچکەی خانەقین چەکدارانی داعش دوای تەقاندنەوەی بۆمبێک بە ئۆتۆمبیلێکدا، هێرشیانکردەسەر بازگەیەکی هێزەکانی پۆلیس و لە ئەنجامدا ئەفسەر و پۆلیسێک و هاوواڵتییەکی مەدەنی بریندار بوون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیا کچێکی تەمەن 17 ساڵیان بەناوی لافا مستەفا لە گەڕەکی مەقسوودییە لە ناوەندی شاری عەفرین ڕفاند.[7]
دەرەوەی کوردستان
- لەژێر دروشمی (دانانی ستراتیژ بۆ کۆتایهێنان بە داعش سەنتەری زانیاری ئەوروپی و وڵاتانی کەنداو لە پراغ) پایتەختی وڵاتی چیک بەبەشداری چەندین کەسایەتی و سیاسی ودیپلۆماسی وسەربازی دیداری خۆی ڕێکخست.[2]
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا سزای سەپێنراوی سەر هەردوو وەزیری ناوخۆ و وەزیری دادی تورکیا هەڵدەگرێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-03
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-03
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 100

2018-11-04



رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هوشیار نەمامی، خەڵکی گوندی زیارەت تەمرخان سەر بە سەلاسی باوەجانی کە بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە بە سەختی بریندار ببوو، گیانی لە دەست دا.[3]
- هێزە نیزامییەکانی پایگای نەجەفی تەقەیان لە شوانێکی کورد، خەڵکی شاری پیرانشار، لە شوێنێک بە ناوی مێرگی سەید عەبدوڵڵا، کرد.[3]
باشووری کوردستان
- لە سلێمانی مەراسیمێک بۆ پەردەلادان لەسەر پەیکەری ڕۆشنگەر ڕەفیق حیلمی ڕێکدەخرێت.[1]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕێک بۆ ناساندن و دابەشکردنی کۆکراوەی ژمارە 1-25 ی دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان ڕێکدەخات.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دەوروبەری کاتژمێر 15:30ی ئەمڕۆ، هێرشی ئاسمانییان کردە سەر گوندی دشیشێ لە دەڤەری کانی ڕەش-ی سەر بە ناوچەی بەرواری لە شارۆچکەی ئامێدی.[5]
- زیاتر لە هەفتەیەکە هەنارەد و هاوردەکردنی سووتەمەنی بە هەموو شێوەیەک لە مەرزی پەروێزخانەوە ڕاگیراوە و هیچ مامەڵەیەکی بازرگانی پێوە ناکرێت و ئەوەش پەیوەندی بە سزاکانی ئەمەریکاوە بۆ سەر وڵاتی ئێران هەیە.[4]
- ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان بەربژێرە دەرچووەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان ئاگادارەکاتەوە ڕۆژی 2018-11-06 ئامادەی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان بن.[2]
- بنکەی ئاسایشی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکانی سۆران ئەمڕۆ یەکشەممە 4ی تشرینی دووەمی 2018 لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاشکرایکرد: هێزەکانی ئاسایش لە سنوری شارۆچکەی سۆران هاوڵاتییەکیان دەستگیرکرد و لەکاتی دەستگیرکردنیشیدا بڕی حەوت کیلۆ و 200 گرام ماددەی هۆشبەری جۆری هیرۆیینی پێبووە. ڕاشیگەیاند: ئە و هاوڵاتیە دانیشتوی قەزایەکی هەرێمی کوردستانە و لە شوێنی نیشتەجێبونی خۆیەوە هێناویەتی و ویستویەتی ئە و ماددە هۆشبەرە لە شارۆچکەی سۆران ساغبکاتەوە.[4]
- لیوا مەعن سەعدی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی کەرکووک ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد، لە ئەنجامی دوو بۆردومانی جیای هێزە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان، 25 چەکداری داعش کوژراون و دوو مۆنگەشیان خاپوور کراوە.[5]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی سۆران-ی سەر بە پارێزگای هەولێر دژی دابەش نەکردنی بەشە نەوتی ماڵان، ڕێکخراوەکان و هاوڵاتیان لەبەردەم بینای قائیمقامییەت گردبوونەوە و یاداشتێکیان ئاراستەی دەزگا پەیوەندیدارەکان کرد.[7]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، ناوەندی چاوی کورد لە هۆڵی هۆتێل تایتانیک لە شاری سلێمانی، پانێلێکی بەناونیشانی گەمارۆکانی سەر ئێران و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، بۆ هەریەکە لە مستەفا شێخ عەبدولڕەحمان، سەرۆکی گشتیی هاوردەکار و نارەزایانی هەرێمی کوردستان، یاسین مەحمود، وتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان و هاوبیر ئەنوەر، وەبەرهێن سازکرد.[7]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە هۆتێل شیراتۆنی شاری هەولێر ڕێکخراوی نیو کوردستان بۆ پرسە نێودەوڵەتییەکان پانێلێکی بۆ هەریەکە لە دکتۆر بەشیر حەداد، جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق و دکتۆر محەممەد شاکر لە فراکسیۆنی پارتی و ڕابوون مەعروف لە فراکسۆنی نەوەی نوێ و کاوە محەممەد لە فراکسیۆنی گۆڕان و هەرێم کەمال ئاغا لە فراکسیۆنی یەکێتی ڕێکخست.[7]

ڕۆژئاوای کوردستان
- لە گرێ سپی تەرمی قوربانییەکی تۆپبارانەکانی تورکیا بەخاکسپێردرا.[6]
- بە هەزاران هاوواڵاتی گرێ سپی و گوندەکانی دەوروبەری خۆپێشاندانیان لە دژی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک ئەنجامدا.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-04
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 101

2018-11-05



باکووری کوردستان
- لە دانیشتنی دادگای فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە دا، دادگا بە پاساوی گومانی بەهێز بۆ تاوان بڕیاریدا ماوەی دیلکردن و مانەوەی یوکسەکداغ لە دۆخی بارمتەیەدا درێژ بکاتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنە هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی گوڵستان جنکانلو، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری ماکۆ، لە زیندانی شاری خۆی، بە تۆمەتی زینا لە لایەن لقی 1ی دادگوستەری ئەو شارە، حوکمی لە سێدارەدانی بە سەردا سەپا.[6]
باشووری کوردستان
- گەریلاکانی پەکەکە سەنگەرێکی پاسەوانانی سوپای تورکیایان لە دەروازەی سەرزێرێ لە شارەدێی کانی ماسی لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی کردە ئامانج و ڕێگەی هاتۆچۆی نێوان هەرێم و تورکیا لە و دەروازەیەوە ڕاگیرا.[2]
- ئەمڕۆ لەبەردەم بینای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە شاری هەولێر، کەمئەندامان گربوونەوەیەکیان ئەنجامدا، بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزای لە بەرامبەر خانەنشیەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندنی پەرلەمانتاران بە موچەیەکی زۆر و پێدانی 48 ملیۆن دینار بەهەر پەرلەمانتارێک وەک پێشینەی خانەنشینی. لە گردبوونەوەکەدا، کەمئەندامان وەک نیشاندانی ناڕەزایی لە بەرامبەر پێدانی 48 ملیۆن دینار، بە پەرلەمانتاران و خراپی گوزەرانی کەمئەندامان، پێداویستییە کەمئەندامییەکانی خۆیان سوتاند.[5]
- بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە لە هەندێک گەڕەکی شارۆچکەی خورماتوو لافاو دروستبووە و کەشناسی گەرمیانیش ڕایدەگەیەنێت، بارانبارینەکە تا ئێوارەی چوارشەممە بەردەوام دەبێت.[3]
- عەبدولڕەحمان فارس ناسراو بە (ئەبو کاروان)، پەرلەمانتاری حزبی شیوعی لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا ئە و 49 ملیۆن دینارە وەرنەگرێت، کە وەکو پاداشتی شەش مانگی خانەنشینی بەسەرجەم پەرلەمانتارانی خولی چوارەم دەدرێت.[2]
- لە کتێبخانەی گشتی ڕانیە، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کەنەکە دیبەیتێکی کراوەی لەسەر دۆخی ئێستای کوردستان لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نەبوونی یەکێتییەکی نەتەوەیی سازکرد.[5]
- ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی هاوواڵاتیانی کوردستان دڵنیا دەکاتەوە کە سزاکانی سەر ئێران کاریگەریی لەسەر بازاڕی هەرێمی کوردستان دروست ناکەن و خاڵە سنووریەکانی نێوان هەرێم و ئێران کراوەن و شتومەک ئاڵوگۆڕ دەکرێت بەبێ هیچ گرفتێک.[3]
- کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی هەیام ئەلیاس، دانیشتووی کەمپی مام ڕەشان لە شارۆچکەی شێخان، بە دەمانچەیەک خۆی کوشت.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورکیا گوندی سووسکێ کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای گرێ سپیەوە گولەباران کردووە. ڕاگەیەنرا کە سوپای تورکیا قوتابخانەیەکی سەرەتایی داوەتە بەرگولە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- قۆناخی دووەمی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دەستپێکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-06
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-14
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 102

2018-11-06



باکووری کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەرلە دەوروبەری شارۆچکەی گوندەک-ی مەل-ی شڕنەخ دەستیانکرد بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی بەرفراوانی سەربازی کرد.[4]
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، سەردانی داواکاری گشتیی دادگای کۆماری بورسایان کرد، و بۆ جاری 761مین، داوای بینینی ئۆجەلان-یان کرد.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دەرهێنەرانی کورتە فیلمی ذبح لە چواردەهەمین فێستیڤاڵی خوێندکاریی Early Bird کە لە وڵاتی بولغارستان لە شاری سوفیا، پایتەختی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو، ڕێوڕەسمێکیان بۆ یادکردنەوەیەک شەریف باجوەر و هاوڕێکانی لە سەرەتای فێستیڤاڵەکەدا بە بەشداری فیلمسازان بەڕێوە برد.[6]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی عەبدوڵڵا موکەڕەم تەمەن 67 ساڵ خەڵکی شارەکی تەرزیلووی شاری ورمێ بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ کرا.[6]
باشووری کوردستان
- خولی نوێی پەرلەمانی کوردستان یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدەدات و لە کۆبوونەوەکەدا پەرلەمانتاران سوێندی یاسایی دەخۆن. هەردوو قوباد تاڵەبانی و شاسوار عەبدولواحید ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون و سوێندیان نەخوارد[2]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، سەرپەشتیاری مەرزی نێودەوڵەتی باشماخ، سەبارەت بەدەستپێکردنی قۆناغی دووەمی سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران و ڕایگەیاند: کاری بازرگانی نێوان هەرێم و ئێران بەردەوامە.[3]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕی ناساندن و دابەشکردنی کتێبی سەرچاوەکانی هەواڵ لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا بەڕێوەدەبات.[1]
- یەکەمین گەشتی ڕاستەوخۆی نێوان فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی شارقە لەوڵاتی ئیمارات لەلایەن هێڵی ئاسمانی ئەلعەربیەوە دەستپێکرد.[1]
- پارێزگاری سلێمانی ڕایدەگەیەنێت: پێشتر لەگەڵ ئەمریکییەکاندا قسەیان کردوە کە دۆخی سلێمانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ مامەڵە لەگەڵ ئێران زۆر جیاوازە و دەڵێت: خۆشبەختانە ئەمریکییەکان ئەو تێبینییانەیان وەرگرتووە و هەرێمی کوردستان و عێراق لە لیستی ئەو شوێنانەن کە لەو گەمارۆیانەدا موراعاتی تایبەتیان دەکرێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 07:30 خولەکی بەیانی لە چواردِیانی سەبی بەحراتی منبج بۆمبێک کە لە ناو ئۆتۆمبیلێکدا ئۆتۆبیلێکدا دانرابوو تەقییەوە. بەهۆی ئەوتەقینەوەیە شوفیری ئۆتۆمبیلەکە بەناوی عەبدولڕەحمان ئیبراهیم بەسەخی بریندار بوو. ناوبراو بەهۆی سەختی بریندەکەی لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[4]
- سوپای داگیرکەری تورکیا بەردەوامە لە هێرشەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، لەو چوارچێوەیەشدا ئەمڕۆ گوندی تل جیهان-ی سەر بە تربەسپی تۆپباران کرد.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بڕی 12 ملیۆن دۆلار وەکو خەڵات دادەنێت بۆ هەر کەسێک شوێنی سێ سەرکردەی باڵای

پارتی کرێکارانی کوردستان ئاشکرابکات. پێنج ملیۆن بۆ موراد قەرەیلان، بڕی چوار ملیۆن دۆلار بۆ ئاشکراکردنی شوێنی جەمیل بایک و سێ ملیۆن دۆلاریش بۆ ئاشکراکردنی شوێنی دوران کالکان دانراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-05

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-06

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-06

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-06

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-07

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 103

2018-11-07



باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورکیا لە ئامەد قەدەغەی لە 19 گەڕەک و 54 دێ و لادێ لە سنووری شاری لیجەی ئامەد ڕاگەیاند و هەموو جۆرە جموجۆڵ و چوونەدەرەوەیەک لە دوای سعات 6 لە هاوڵاتیان قەدەغە کراوە. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەو قەدەغەکارییە، یەکە تایبەتەکانی سوپای تورکیا لە هەندێک لەو ناوچانەدا کە قەدەغەی تیادا ڕاگەیاندراوە دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کرد. ئۆپەراسیۆنەکە چەندین کۆپتەریش تیایدا بەشداران و بە کۆپتەری جەنگی و لۆجستی هاوکاریی سەربازەکانی یەکەی تایبەتی سوپای تورکیا دەکرێت.[3]
- لەیلا گیوقەن هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتیک (کەجەدە) و پەرلەمانتاری زیندانیکێتیی نیشتمانیی کوردستانراوی هەدەپە، لەبەر ئەوەی ڕەتیکردەوە بە کەلەپچەکراوی ببرێتە دادگا، نەبرا بۆ دانیشتنی دادگا و دانیشتنەکە بەبێ ئامادەبوونی خۆی بەڕێوەچوو.[6]
- بەڕێوەبەرایەتیی زیندانی جۆری ئیی ئامەد بە پاساوی ئەوەی لە ڕۆژی 1ی نۆڤەمبەردا لە قاوشی زیندانیدا 10 ژنە زیندانیی سیاسیی کورد بە کوردی گۆرانییان چڕیوە، دەستیکرد بە لێکۆڵینەوەکردن لە گەڵیاندا.[3]
- پۆلیسی تورکیا بەیانیی ئەمڕۆ لە ناوچەی تووتاخ-ی ئاگری هەڵیکوتایە سەر زۆر ماڵ و 15 کەسی دەستگیر کرد. ئە و کەسانەی دەستگیر کراون بریتین لە: مەندووح ئایدن بەرپرسی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەکە، نووردین دووران، بەدیر ئەلبی، مەندەرەس ئەلبی، ئیلیاس ئەفە، ڤەدات تووڕگووت، جەڤدەت بیلیجی، محەمەد دووراک، عەبدولڕەحمان دەمیرەل، مەناف یڵدرم، مەتین یڵدرم، ئەنقەر کوتولای و یاشار دووران. دەستگیرکراوان گواستراونەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی تورکیا لە شاری ئاگری.[3]
- دادگەی دەوڵەتی تورک سزای سالێک و 8 مانگ زیندانیکردنی بۆ جەرەن چۆبان هاوسەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی لاوانی سۆسیالیست لە تورکیا بڕیەوە بەهۆی لێدوانێک دەربارەی داگیرکاریی سەر عەفرین.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، سپای پاسداران دەستی بەسەر 140 سەر مەڕوماڵاتی هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی فەرهاد سادق خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ لە گوندی میراوا داگرت.[4]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی مەنسوور پەرویزی خەڵکی بەخشی قوتوور؛ بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.[4]
باشووری کوردستان
- خانەوادەی شەهیدانی 16ی ئۆکتۆبەر لەسنووری شاڕۆچکەی پێنجوێن، بەهۆی جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان و ڕێگەپێنەدانیان تا لەمەرزی نێودەوڵەتی باشماخ کاربکەن، لەبەردەم مەرزەکە گردبونەوە و تا ڕۆژی شەممەی داهاتوو مۆڵەتیان داوە، بۆ ئەوەی ڕێگەی کارکردنیان لە باشماخ پێبدرێت.[2]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی سووتانی بازاڕی لەنگەی هەولێری دەرکرد و بەگوێرەی ناوەڕۆکەکەی، کرێچی و خاوەن دوکان پێکەوە قەرەبوو دەکرێنەوە، ئەگەر بڕی ئەو 5 ملیۆن دۆلارە ڕەزامەندی لەسەر بدرێت کە تێچووی پڕۆسەی نۆژەنکردنەوەیەتی.[5]
- ئەندامێکی دیکەی ئەو خێزانەی ڕانیە گیانی لەدەستدا کە بەهۆی ڕوداوی ئاگرکەوتنەوەکەوە پێشتر چوار کەسیان گیانیان لەدەستدا بوو.[7]
- بەڕێوەبەری شارەدێی لەیلان لە سنوری کەرکووک کە لەنتەوەی تورکمانە بەهۆی هەڵوێستەکانی دژی گەڕانەوەی عەرەبە

هاوردەکان لەلایەن دادگای کەرکووکەوە بەشێوەیەکی کاتی دەستبەسەرکرا و دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا.[2]
- لە کاژێر 6:30 خولەکی ئەمڕۆ دوو فڕۆکەی سەربازیی تورکیا بۆ جارێکی دیکە ئاسمانی هەرێمی کوردستانیان بەزاندە، دوای سوڕانەوەی نزیک 10 خولەک، بەچڕی کەوتوونەتە بۆردوومانکردنی خواکورک، گەلی ڕەش و دەوروبەری گوندی خەلیفان. بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکان گوتیشی، بۆردوومانەکە زیانی گیانی نەبووە بەڵام ترس و دڵەڕاوکێی خستووەتە نێو دانیشتوانی گوندی خەلیفان چونکە نزیک گوندەکە بەر بۆردوومانەکەی ناوە ناوەی فڕۆکەکان دەکەوێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکیای داگیرکەر ئەمشەو گوندەکانی چارخلی و سلێکران-ی کۆبانێیان بەچڕی گولەباران کرد.[3]
- تورکیای داگیرکەر کاتژمێر 18:30 بە کاتی ڕۆژئاڤا، بە چەکی لوولەدرێژ هێرشی کردووەتە سەر گوندی سووسک-ی کانتۆنی گرێ سپی.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی ناوخۆی عێراق، ئەمڕۆ، لۆگۆیەکی بۆ وەزارەتەکەی بڵاوکردەوە کە لە لۆگۆکەدا زمانی کوردی بەکارهێناوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-11-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-11-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-11-07
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-11-07
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-11-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 104

2018-11-08



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، زینەت ئالگان هاوسەرۆکی دەبەپە لە نسێبین، جەنگیز کۆک هاوسەرۆک شارەوانیی نسێبین و ئەمینە ئاکیوز ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانیی نسێبین تووشی ڕوودداوی هاتووچۆ بوون. ئاکیوز باری تەندروستیی ناجێگیرە.[4]
- جەنگیز چیچەک، ئیبراهیم بیلمەز، فوئاد جۆشجاک پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە، ئەمڕۆ جارێکی دیکە بۆ بینینی ئۆجالان سەردانی داواکاری گشتیی دەوڵەتی تورکیان لە بورسا کرد، بەمەس ژمارەی ئەو داواکارییانەی پارێزەران پێشکەش بە دادگاکەیان کردووە، بوو بە 762 جار.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی سەلاح ئەسفەندوەند تەمەن 28 ساڵ خەڵکی شاری مەهاباد بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەستدا.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یوونس ئیبراهیمی خەڵکی گوندی زێوەی شاری سەردەشت بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لە دەسدا.[3]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی فاروق فەیزی کوڕی ئیسماعیل خەڵکی گوندی تەنگیوەر سەر بە شاری کامیاران بە هۆت تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە شاری ئەهواز گیانی لە دەسدا.[3]
باشووری کوردستان
- لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی سێهەمین فێستیڤاڵی هەنگوین بەڕێوەدەچێت و لە ماوەی دوو ڕۆژی فێستیڤاڵدا بە سەدان جۆر هەنگوینی کوردستان نمایش دەکرێت.[1]
- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایدەگەیەنێت: وڵاتی چیک لقێکی زانکۆی پالاسک لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە و دەشڵێت: خوێندن لە و زانکۆیە ئە و بوارانە لەخۆدەگرێت کە گرنگن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە زانستییەکان.[2]
- ژمارەیەک کارمەندی گرێبەست لە ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق گردبوونەوەکیان ئەنجامدا و داوای دامەزراندن دەکەن.[2]
- حزبی شیوعی کوردستان، دژ بە بڕیاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، سەبارەت بە پێدانی خەڵات بەو کەسانەی شوێنی سێ سەرکردەی کەجەکە و پەکەکە، ئاشکرادەکەن، لە کەلار گردبوونەوەیەکی ئەنجامدا و تێیدا ئیدانەی ئەو بڕیارەیان کرد و داوایانکرد، کە ئەمریکا بەو بڕیارە نادروستەیدا بچێتەوە.[5]
- لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا ئەمڕۆ بۆ جاری دووەم دابەشکردنی ئاو لە هەڵەبجە ڕادەگیرێت و بەهۆیەوە هەندێک لە گەڕەکەکانی شارەکە نزیکەی هەفتەیەکە ئاوی خواردنەوەیان بەدەست نەگەیشتووە، ئەمەش نیگەرانی لای هاوڵاتیان دروستکردووە و داواکارن سەرچاوەی دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی ئەوی خواردنەوەیان بگوازرێتەوە بۆ سەرچاوەی ئاوی زەڵم.[2]
- سەرچاوەیەک لە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە شارەدێی گوڵاڵە، ڕایگەیاندووە کە تیرۆرستانی داعش بە 7 گولە هاوەن بۆردوومانی جەلەولا-ی کرد بەڵام هیچ زیانی گیانی نەبووە.[4]
- لە نزیک دەریاچەی حەمرینی سنوری شارەدێی سەعدیە، هێزە ئەمنییەکان ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش بوونەوە و لە ئاکامدا سێ چەکداری داعش کە یەکێکیان بەرپرسی بۆمبڕێژکردنە لەگەڵ پۆلیسێک کوژران.[2]
- پێشمەرگەیەک بەناوی شێرزاد محەمەد ئەمین، کە سەر بە لیوای 16یە، ئەو پێشمەرگەیە دانشتوی شاری کەرکووک-ە، بەمەبەستی سەردان هاتووەتە ماڵی باوکی، دواتر دەچێتە حەوشەی ماڵەکە و دەدرێتە بەر دەستڕێژی گولە و بریندار دەبێت،

بەڵام دوای چەند خولەکێک بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەسدا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ئەنجامی تەقینەوەی مینێکدا کە چەتە و سەربازانی تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی بلبلێ جێگیریان کردوون، 5 کەسی خانەوادەیەک گیانیان لەدەستدا. ناوی 2 لە قوربانییەکانی تەقینەوەی مینەکە ئاشکرا بوو کە بریتین لە ئیسماعیل ئیبیش ئیسماعیل و هەمزە ئیبیش ئیسماعیل.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لەلایەن داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا لە بیویوک چەکمەجەی ئیستەنبول، سکاڵایەکی تر لە دژی هونەرمەند فەرهاد تونچ تۆمار کرا. هۆکاری تۆمارکردنی سکاڵاکە بۆ بڵاوکردنەوەی تویتێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر دەگەڕێتەوە. لە سکاڵاکەدا ئیدعای ئەوە کراوە، فەرهاد تونچ سوکایەتیی بەسەرۆک کۆمار کردووە.[4]
- کۆمەڵەی سویفت بۆ پەیوەندی دارایی نێودەوڵەتی ئاشکرای کرد، وەک پابەندبوون بەسزا ئابووریەکانی ئەمریکا، لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە هەموو خزمەتگوزارییەکانی لەگەڵ بانکە ئێرانیەکان بچڕاند، یەکێتی ئەوروپاش نیگەرانی خۆی دەربڕی بەرامبەر بڕیارەکە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی هەڕیمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	حزبی شیوعی کوردستان
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سەردەشت
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	مەهاباد
شار و شارۆچکەکان:	نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-08

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 105

2018-11-09



باکووری کوردستان
- پارێزگاری جۆلەمێرگ ئێوارەی ئەمڕۆ ڕایگەیاند، لە کاتی تۆپ هاویشتندا تەقینەوەیەک لە سەربازگەی گردی سۆنگوی گوندی ئۆرتاکلار ڕوویداوە و لەنێو سەربازاندا بریندار هەن. ڕاشیگەیاند، بەهۆی خراپی جبەخانەی سەربازگەکە تەقینەوەکە ڕوویداوە. وەزارەتی پاراستنی میللیی تورکیا ڕایگەیاند، 25 سەرباز ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون و 7 سەربازیش بێسەروشوێن. هاوکات دادگەی دەوڵەتی تورک لە شەمزینان بڕیاری قەدەغەی پەخشی ڕاگەیاندنەکانی دا دەربارەی تەقینەوەی سەربازگەی گردی سۆنگو.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا؛ سەید عەلی حوسێنی و سلێمان عەبدی دوو مامۆستای قوتابخانەکانی شاری سەقز دووبارە بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کران.[4]
- ناوەندی فەرهەنگی و فێرکاریی بەیان، یەکەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی خۆی بەڕێوە برد. لەو ڕێوەڕەسمەدا، کە بە بەشداری سەدان کەس لە شاعیران، نووسەران و خەڵکی شاری بۆکان، لە ساڵۆنی پاساژی شارەداریی ئەم شارە بەڕێوە چوو، ڕێز لە کار و چالاکیی یەکساڵی ڕابردووی فێرگەی بەیان گیرا و بڕوانامەی کۆتایی خولی ڕێنووسی کوردی بە 200 خوێندکاری ئەو فێرگەیە پێشکەش کرا.[7]
باشووری کوردستان
- لە کەرکووک بۆمبێکی چێندراو لەبەردەم ماڵی ئومێد حسێن فەرماندەی حەشدی کاکەیی تەقییەوە و هیچ زیانێکی گیانیی لێنەکەوتەوە.[1]
- لە کۆنگرەی نائاسایی هاوپەیمانی دیموکراسیی و دادپەروەری لە هەولێر، بڕیاری بەردەوامبوونی حیزبەکە بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەکە پەسندکرا.[2] ئارام قادر، یەکێک لە دامەزرێنەرانی هاوپەیمانی نیشتمانی ئەو حزبە بە سەرۆک هەڵبژێردرا.[1]
- دووەمین کۆنفرانسی ژنانی گەنجی تێکۆشەر، لە هۆڵی ئوتێل مەم و زین لە شاری سلێمانی دەستی پێکرد.[3]
- کاتژمێر 4:30ی ئێوارەی ئەمڕۆ سوپای تورک دەستی کرد بە تۆپبارانکردنی سنوری نێروە و ڕێکان لە شارۆچەکی ئامێدی.[3]
- بەپێی هەواڵێکی پوک میدیا؛ نزیکەی چوار هەزار لە هەڵسوڕاوان و لایەنگران و دەنگدەرانی بزووتنەوەی گۆڕان لەناو شاری سلێمانی بڕیاریاندا لە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانییدا درێژە بەکاری ڕێکخراوەیی بدەن و لە داهاتودا دەنگەکانیان بۆ یەکێتی بێت.[6]
- لە شەنگال خۆپیشاندانێک دژی گەڕانەوەی ئیدارەی شارەکە بەڕێوەچوو.[3]
- لە ئاهەنگێکی بووکگواستنەوە لە شارۆچکەی کەسنەزانی هەولێر بەهۆی شەڕ و دەمەقاڵێ کەسێک کوژرا و دوو کەسی

دیکەش بریندارببوون.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- لە شارۆچکەی ڕمێلان-ی قامیشلۆ بەدروشمی بەتێکۆشانی جەوانانی شۆڕشگێڕ ئێمە سووریایەکی ئازاد و دیموکراتیک دابمەزرێنین دوویەمین کۆنگرەی یەکیەتی جەوانانی ڕۆژئاوا (YCR)دەستی پێکرد. 5 هەزار گەنج لەباکووری سووریا وڕۆژهەڵاتی سووریاوە بەشداری لەم کۆنگرەیەدا دەکەن.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە مۆسکۆی پایتەختی ڕوسیای فیدراڵ، یەکەمین کۆنفرانسی زانستی کۆمەڵەی لاوانی کوردناسی لەژێر ناونیشانی (بارودۆخی نوێی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست-دا)، بەڕێوەچوو. لە کۆنفرانسەکەدا کۆمەڵێک لە شارەزایانی چەندین نەتەوەی جیاواز و ولاتی جیاواز، لە ڕوسیا، ئازربایجان، ئەرمینیا، تورکیا، سوریا و عیراق و کورد بەشداریانکردبوو کە پێکهاتبوون لە: (مارنین ئ.ئ، لوکیانۆف.گ.پ، تڕۆفیمچوک.گ.پ، پاتیێف.ف.ئ، سەرتیپ عەلی، کاروان یاروەیس، د.هونەر ئەمین، شاخەوان هەرکی).[6]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەناوچەی بەرگەما، سەفەرحەسار، مەنمەنە وناوەندی ئیزمیر پۆلیسی تورکیا هەڵی کوتایەسەرمالان و 9 کەسیان دەسبەسەرکرد. ئەم کەسانە بەبینووی ئەوەی کە لەسەرتۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بانگەشەیان بۆ پەکەکە کردووە لەلایەن پۆلیسەوە دەسبەسەرکراون. دەسبەسەرکراوەکان گوازراونەتەوەبۆ ناوەندی پۆلیسی ئیزمیر.[5]
- بەپێی ڕاگەیێندراوێکی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا، لەمیانەی ئۆپەراسیۆنەکانی هێزە ئەمنییەکان لەنێوخۆی تورکیادا، لە ڕۆژانی 1 بۆ 8ی ئەم مانگەدا، چوار بەرپرسای باڵای پەکەکە/کەجەکە کوژراون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-09

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-09
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-11
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 106

2018-11-10



باکووری کوردستان
- ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، لە تەقینەوەکەی شەمزینانداا 4 سەرباز کوژراون و 20 سەربازی تریش بریندار بوون. سەرچاوە هەرێمییەکانیش باس لە کوژرانی سەربازی زیاتر دەکەن.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرپرسی میراتە فەرهەنگییەکانی پارێزگای کرماشان ڕایگەیاند: پەیمان محەممەدی، هونەرمەندی کرماشانی، لە بواری پیشە دەستییەکان، پاش هەڵسەنگاندنی لێژنەی داوەران، خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرگرت.[6]
- دوو هاوواڵتیی کورد لە بۆکان بە ناوەکانی هاشم و حەسەن فەتحی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[6]
باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی تاکۆ بە هاوبەشی لەگەڵ نوسینگەی سلێمانی مافی مرۆڤ بە هاوکاری و سەرپەرشتی پارێزگاری سلێمانی دیداری بەرەنگاری دیاردەی چەکداری و تاوانەکانی کوشتن و خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان سازدەکات.[1]
- مامۆستایانی نارازی لە سنوری شارەدێی بالیسانی سەر بە پارێزگای هەولێر ڕایدەگەیەنن: بەهۆی پێنەدانی دەرماڵەکانی وانەبێژی، لە ئەمڕۆوە بایکۆتی خوێندنیان دەستپێکردووە.[2]
- لە کاژێر 8:05 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ، دوو فڕۆکەی هاوپەیمانان بەچڕی بۆردوومانی پێگەکانی داعش لە سنووری چیای قەرەچووخ کرد.[3]
- شەوی ڕابردوو نارنجۆکێکی دەستی فڕێدراوەتە ماڵێک لە قەڵادزێ، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێنەکەوتووەتەوە و تەنیا شوشەی پەنجەرەی ماڵەکەی شکاندووە.[3]
- سەرچاوەیەک لە ئاسایشی شارەدێی زینانە ئەمڕۆ ڕایگەیاند: سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە کاتی چوونی هاووڵاتییەک بە ناوی هێمن عەلی بۆ کێڵانی زەوی و زار لە گوندی شۆراو لە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی خورماتوو لە ناوچەی داوی لە ڕێگادا بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلەکەیدا دەتەقێتەوە و بە و هۆیەشەوە بریندار دەبێت، وتیشی: خۆشبەختانە برینەکەی سوکە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی شارۆچکەی کەلار کراوە.[1]
- لە شارۆچکەی قەڵادزێ گردبوونەوەیەک دژی بڕیاری ئەمریکا بۆ دیاریکردنی خەڵات لەبەرامبەر ئاشکراکردنی شوێنی سێ

سەرکردەی پەکەکە و کەجەکە ئەنجامدرا، تێیدا ئەو بڕیارە شەرمەزارکرا و وەک درێژەپێدەری پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دژی کورد بیندرا.[4]
- هاوشێوەی بەشێک لە شار و شارۆچکەکانی تری باشوری کوردستان، لە شارۆچکەی سەید سادق-ی سەر بەپارێزگای سلێمانیش بە گردبوونەوەیەک ئیدانەی بڕیارێکی ئەمەریکا کرا سەبارەت بە پێدانی بڕێک پارە لە بەرامبەر ئاشکراکردنی شوێنی سێ سەرکردەی کورد.[5]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە شارۆچکەی دەربەندیخان سەر بە پارێزگای سلێمانی، گردبوونەوەیەکی جەماوەری لە دژی بڕیارەکەی ئەمریکا سەبارەت بە دۆزینەوەی شوێنی هەر سێ سەرکردەی کورد جەمال بایک و مووراد قەرەیلان و دوران کالکان، گردبوونەوەیەکی نارەزایەتی ئەنجامدرا.[5]
رۆژئاوای کوردستان
- ئەنجوومەنی سەربازی منبج ئاشکرای کرد کە چەتەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر هاوولاتیانی مەدەنی منبجیان کردووتە ئامانج. مەجلیسی سەربازی منبج ئەوەی خستەڕوو لەگوندی هەرمان کەدەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی منبج، لەکاتی ئەوەی کە خەریکی چاندنی زەیتوون بوون لەلایەن سوپای تورکیای داگیرکەرەوە کراونەتە ئامانجی گوللە.[4]
- چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورک لە عەفرین ژنێکی تەمەن 80 ساڵانیان ڕفاند و دوای دزینی پارە و زێڕەکانی خنکاندیان.[5]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆککۆماری تورکیا بەردەوامە لە هەڕەشەکانی درێژەپێدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە باشووری کوردستان و دەڵێت ''بەردەوامین لەبەرەوپێشچوون بۆ ڕووخاندنی قەندیل و شنگال بەسەر تیرۆریستاندا.[3]
- سەرکۆماری ئێران ڕایگەیاند: گەمارۆکانی سەر وڵاتەکەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئابووری ئێران نەبووە، دەڵێت: ئەمریکا تەنها دەیەوێت فشار بخاتەسەر هاوولاتیانی ئێران.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-11-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-10

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 107

2018-11-11



باکووری کوردستان
- تونا ئایدن هاووتەبێژی ئەنجوومەنی گەنجانی هەدەپە، کە لە ئۆپەراسیۆن پاکتاوی سیاسیی دەوڵەتی تورکیا لە دژی گەلی کورد دەستگیرکرابوو، بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخستن دا بڕیاری زیندانیکردنی بەسەردا سەپێنرا.[2]
- وتەبێژی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کەجەکە وەڵامی لێدوانێکی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا دەداتەوە و دەڵێت: دەبێت ئەردۆغان و ئاکەپە خەونی خاپورکردنی قەندیل و لەناوبردنی پەکەکە لەگەڵ خۆیان ببەنە ژێر گڵ.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی غالب کویەک خەڵکی گوندی دزەوەن سەر بە شاری مەریوان لە سنووری ئەو شارە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەسدا.[5]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە شاری هەولێر کۆمەلێک لەچالاکوانان، مامۆستایان، ڕۆژنامەنووسان و هاوواڵتیانی شاری هەولێر بەئامانجی ئیدانەکردنی بڕیارەکەی ئەمریکا لەدژی 3کادیرە پێشەنگەکەی پەکەکە و بە دروشمی ئێمە شۆڕشگێڕەکانمان نافرۆشین خۆپیشاندانێکیان لە بەردەم کونسوڵخانەی ئەمریکا لە عەن کاوەی شاری هەولێر ئەنجامدا.[2]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕێک بۆ ناساندن و دابەشکردنی کتێبی ڕاڤی هۆرامی سازدەکات.[1]

- ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند، ماوەی چەند ڕۆژێکە هەناردەکردنی نەوت بۆ ئێران لە کەرکووکەوە ڕاگیراوە، هەروەها زانیاری ئەوە هەیە کە نەوتی کەرکووک لە ڕێگەی بۆریە نەوتییەکانی خاکی هەرێمەوە بەرەو تورکیا هەناردە بکرێتەوە.[2]
- ئەمشەو چەند تیرۆرستێکی داعش هێرشیان کردوەتە سەر گوندی بەنی وەیس سنوری شارەدێی سەعدیە و هاوواڵاتیەکیان کوشتوە و یەکێکی تریان بریندار کردوە.[1]
- دژ بەمامەڵەی خراپی کارمەندانی حکومەتی ئێران، بەرامبەر بە شۆفێری ئۆتۆمبێلە بارهەڵگری هەرێمی کوردستان، لە خاڵی سنوری پەروێزخان، نزیکەی 600 شۆفێر مانگرتنیان ڕایگەیاند و جموجوڵی بازرگانیان ڕاگرت، دەشڵێن: تاکارمەندەکانی ئێران لە خاڵی سنوری پەروێزخان نەگۆڕدرێن مانگرتنەکە ناشکێنن.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە گوندی تەل قەرەح-ی سەربە ناوچەی ئەحداس-ی شەهبا مینێکی چێنراوی چەتەکانی داعش تەقییەوە و بەو هۆیەوە منداڵێکی 12سال تەمەن بەناوی جەبۆ عومەر عەبدۆ کوژرا. ڕاگەیەنراکە بنەماڵەی جەبۆ عومەر خەڵکی گوندی بەراد-ی ناوچەی شێراوای عەفرینن کە دوای داگیرکردنی گوندەکەیان لەلایەن دەوڵەتی تورکیا و چەتەکای بەناچاری ڕوویان لە شەهبا کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 108

2018-11-12



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە زانکۆی پەیامی نووری مەریوان هەڵمەتێکی بەڕووچاندن لە لایەن چالاکانی ژینگەپارێز بەڕێوەچوو و چالاکییەکەش پێشکەش بە شەهیدانی ژینگەپارێز کرا.[5]

- ماموستایەکی کورد بە ناوی ئومید شامحەمەدی، خەڵکی شاری دیواندەرە لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعات دەسبەسەر کرا. ئەم ماموستا کوردە پاش مانگرتنی سەرتاسەری ماموستایان بە هۆی هاندانی ماموستایان بۆ بەشداری کە مانگرتنی سەرتاسەری بانگهێشتی ئیتلاعاتیی سپای پاسداران کراوە.[6]

باشووری کوردستان

- یانەی سیاوچەمانە ڕێوڕەسمی ناساندن و واژۆکردن و بەخشینی کتێبی (گەوهەری ژمارەیەک تێکست و دەستنوسەکان) بەڕێوەدەبات.[1]

- چوارەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بە ناونیشانی سلێمانی مێژوویەکی دێرین، لە کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]

- دکتۆر ڕەزا حەسەن، سەرۆکی زانکۆی سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: بەهۆی ئەنجامدانی فێستیڤاڵی یادی یۆبیلێی زێڕینی زانکۆی سلێمانی، ڕۆژانی 28 و 29ی ئەم مانگە دەکرێتە پشووی فەرمی و دەوام ناکرێت.[4]

- لە دژی بڕیاری ئەمریکا لەسەر پێشەنگەکانی کورد، لە شاری سلێمانی گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو، تێیدا وێڕای ئیدانەکردنی بڕیارەکەی ئەمریکا، ئەو بڕیارەش بە خزمەتەکردن بە تیرۆریستانی داعش و هاوکار بۆ پێشخستنی داعشیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوبرا.[3]

- سەر لە بەیانی ئەمڕۆ کرێکارانی کۆمپانیای گارێکس، کە کاری خاوێنکردنەوەی سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین لە ئەستۆ دەگرن، لە بەردەم بینای شارەدێی حاجیاوا-ی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین گردبوونەوە و مانگرتنیان لە کارەکانیان ڕاگەیاند. مانگرتووان پێکهاتوون لە کرێکارانی سنووری شکارتە و سەروچاوە و حاجیاوا و مانگرتنەکەیان دژ بە کەمکردنەوەی مووچەکانیانە لە 400 هەزار دینارەوە بۆ 250 هەزار دینار.[3]

- بەرپرسی مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتی لە خورماتوو ڕایگەیاند، چەکدارانی داعش لە سنووری خورماتوو هەن، ژمارەیان کەم و زۆر دەکات و لەنێوان 50 بۆ 80 کەس دەبن.[2]

- هاوڵاتیانی بناری قەندیل بڕیارەکەی ئەمریکا دژی پێشەنگانی بزووتنەوەی ئازادیی کوردستان شەرمەزار دەکەن، بڕیارەکە بە پیلانگێڕیی ناوزەد دەکەن، دەشڵێن: شۆڕشگێڕی خۆمان نادەینە دەست دووژمنان.[3]

- سەرۆکی دادگای کەرکووک سەرجەم دادوەرانی باری کەسێتی ئاگادارکردووەتەوە داوای ڕەزامەندی هاوژینی یەکەم لەو پیاوانە نەکەن کە دەیانەوێت ژنی دووەم بهێنن، هەروەها بۆ سێیەم و چوارەمیش بەهەمانشێوە.[4]

- عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاند: ئەمڕۆ یەکێک لە بریندارەکانی شەڕەکە بەناوی (زوهێر جەعفەر) گیانی لەدەستدا کە خێزاندارە. وتیشی: پۆلیس بەردەوامە لە دۆزینەوەی بکوژانی هەیسەم و زوهێر کە تائێستا سێ کەس بە گومانی کوشتنی ئە و دوو هاوڵاتییە دەستگیرکراون. [4]

- وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی کردەوە تیرۆرستییەکانی ئەمدواییانەی داعش، دەیان کەس لە خەڵکی سڤیل کوژراون و بریندارببوون کە ئەمەش بوەتە هۆی دروستبوونی ناسەقامگیری و گرفت بۆ خەڵک.[4]

- کۆبوونەوەی بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە و نوێنەری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لە هەولێر بەڕێوەچوو، کە تێیدا تاوتوێی جموجۆڵەکانی داعش کرا.[2]

- گەورەترین فڕۆکەکانی بواری گواستنەوەی ئاسمانی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی نیشتەوە و بڕیاریشە لەنزیکترین کاتدا فڕۆکەیەکی دیکەی هاوشێوە بگاتە فڕۆکەخانەکە.[1]
- دوای ڕاگرتنی هاوردە و هەناردەکردنی سوتەمەنی بۆ ماوەی نزیکەی 20 ڕۆژ لە مەرزی پەروێزخان، ئەمڕۆ جارێکیتر جوڵەی بازرگانی بە سوتەمەنییەوە لەو مەرزە دەستیپێکردەوە.[4]
- بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ڕەتیدەکاتەوە، ئاگر لە بەشێکی باڵەخانەی وەزارەتی ناوخۆ کەوتبێتەوە و فایلە گرنگ و نهێنییەکان سوتابن.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە بنکەیەکی پۆلیسی شارۆچکەی جەرابلووس تەقیەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان کە لە سەرچاوە خۆجێییەکان وەرگیراون، بەهۆی تەقینەوەکە لایەنی کەم 9 کەس بریندار بوون. ناوی بریندارەکان: فادی عەبد مەجید (29 ساڵان)، عیسا محەمەد (32 ساڵان)، جەمال حوسێن (28 ساڵان)، عەبد هادی سابری (24 ساڵان)، محەمەد فەرەج (18 ساڵان)، عەبد عەزیز خدر، محەمەد هنداوی (34 ساڵان)، فەرەح هنداوی (18 ساڵان) و محەمەد ڕەجەب.[5]

دەرەوەی کوردستان

- لە دادگای باڵای شتوتگارت یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنی گەنجێکی کورد کە لە ئەڵمانیا لەدایکبووە و پەیوەندی بە داعشەوە هەبووە، بەڕێوەچوو. گەنجەکە ناوی دەستبارە و پێشتر مەلا ئیسماعیل سووسەیی لە دانپێدانانەکەیدا باسی ئەو گەنجە دەکات و دەڵێت، لە ئەڵمانیاوە هاتووەتە هەولێر.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-12
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-16

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 109

2018-11-13



باکووری کوردستان

- لە ئامەد لەسەر داوای پارتیی ئازادی کوردستان پاک و پارتی سۆسیالیستی کوردستان، کۆنفرانسێک لەبارەی نەخشەڕێگەی چۆنییەتی بەشداری کورد لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەڕێوەچوو.[5]
- لە کاتژمێر 01:00 نیوەشەودا لە ناوچەی بسملێ-ی ئامەد کەسێک بینای هەدەپەی دایەبەر دەسڕێژی گوللە. بەهۆی ئەوەی کە هێرشەکە لەنیوەشەودا ئەنجامدراوە و بیناکەی هەدەپە چۆڵ بووە زیانی گیانی بەدواوە نەبووە وتەنیها خەساریٚ مادی بەربیناکە کەوتووە.[2]
- داواکاری گشتیی ئەنقەرە دۆسیەیەکی بۆ دادگەیی کردنی هاوسەرۆکی گشتیی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) پەروین بوولدان، هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات (کەجەدە) بەردان ئۆزتورک، پەرلەمانتاری ئامەدی هەدەپە ئیمام تاشچیئەر و پەرلەمانتاری دێرسمی هەدەپە عەلیجان ئۆنلو ئامادە کرد بە تۆمەتی (پڕوپاگەندە کردن بۆ ڕێکخستن).[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کاتژمێر 04:30 خولەک بەکاتی کرماشان، ژنێکی کورد بە ناوی شەرارە ئەلیاسی لە زیندانی ناوەندی سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێدارە درا.[2]
- مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستان و ئێران ناڕەزایەتییان لە مەڕ جێبەجێ نەکردنی داخوازییەکانیان دەربڕی و مانیان گرت.[4]
- غالب حوسێنی، چالاکی کرێکاری و لە ئەندامانی کومیتەی هاوئاهەنگی بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی هێزە ئینتزامییەکان لە شاری سنە کرا.[4]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی حەسەن فەتحی تەمەن 27 ساڵ خەڵکی شاری بۆکان، کە لە سەرەتای ئەم حەوتوویەدا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو، بۆ لێپرسینەوە، ڕەوانەی گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد کرا.[4]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لاوێکی کوردیان بە ناوی سامان کەریمی تەمەن 23 ساڵ خەڵکی شاری بانە دەسبەسەر کرد.[7]

- ئومید شامحەمەدی چالاکی مامۆستایان و مامۆستای ژینگەناسیی لە شاری دیواندەرە، ئەمڕۆ، ڕۆژێک پاش دەسبەسەرکرانی، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە شاری سنە ڕاگوێزرا.[7]

باشووری کوردستان

- کاتژمێر 09:15 فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا گەلیی بەدران لە ناوچەی بۆکریسکان و چەند ناوچەیەکی دیکە لە بناری قەندیل بۆمبارانی دەکەن.[2]
- سااڵنی کوردستانی نوێ کۆڕێک بۆ ناساندن و دابەشکردنی کتێبی سینەماتۆگراف سازدەکات.[1]
- وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئاشکرایکرد ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ڕەزامەندیداوە لەسەر خەرجکردنی بڕی 16 ملیارو 858 ملیۆن دینار بۆ خوێندکارانی کورِو کچی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی.[3]
- لە چوارچێوەی هەڵمەتی هۆشیاری هاتوچۆی سلێمانی کە لە ژێر دروشمی (ئامانجمان سزادانتان نییە، پەرۆشی سەلامەتیتانین)، سەر لەبەیانی ئەمرۆ بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (هێڵی سور) زیاد لە 250 منداڵ بە هاوکاری مامۆستایان، هەر دوو خوێندنگای بنەڕەتی زەڵێ و هەواڕە بەرزە سەردانی بینای بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانیان کرد بە هەڵگرتنی دروشمی (تکایە بمان پارێزن) و بە چەندین دروشمی هاتوچۆی تر.[1]
- لەسەر ئەرکی کۆمەڵێک خێرخواز قوتابخانەیەکی شەش پۆلی لە شارەدێی بۆسکێنی سەر بە شارۆچکەی ڕانیە کرایەوە.[5]
- بە مەبەستی خێراکردنی کارەکانی نۆژەنکردنەوەی دووکانەکانی بازاڕی لەنگەی شاری هەولێر و گەڕانەوەی کاسبکارەکان بۆسەر کارەکانیان، کار گرووپ شەش هەزار تۆن چیمەنتۆ بەسەر خاوەن دووکانەکانی لەنگە دابەشدەکات.[5]
- کاتژمێر 3:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، لەبەردەم پارکی چەرمۆ، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەلایەن چین و توێژەکانی شارۆچکەی چەمچەماڵەوە، گردبوونەوەیەک بۆ ئیدانکردنی بڕیارەکەی ئەمریکا بۆ پاکتاوکردنی سێ سەرکردەی پەکەکە و کەجەکە، ئەنجامدرا.[6]
- گەنجانی مەخموور، بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان، بڕیاری ئەمریکا دژی پێشەنگانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی کورد ڕەتدەکەنەوە و بە دژی ئۆجەلان و تەواوی گەلی کورد لە قەڵەمی دەدەن و ڕاشیانگەیاند 'پێشەنگەکانی ئێمە کەرامەتی ئێمەن'.[6]
- بەهۆی زۆربوونی ڕووداوەکانی کوشتن لە هەولێر و پارێزگاکانی دیکە، وەزارەتی ناوخۆی هەرێم هەڵمەتێکی دیکە بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێمۆڵەت دەستپێدەکاتەوە، بەرپرسێکی پارێزگای هەولێریش دەڵێت: مۆڵەت بە هەموو کەسێک نادرێت.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە ناوچەی ئەهرەسی سەر بە کانتۆنی شەهبا مینێک تەقییەوە، لە ئەنجامدا 3 کەس بریندار بوون کە دوانیان منداڵن.[2]

دەرەوەی کوردستان

- نوێنەری ڕاوێژی گەلی کوردی ئەرمینیا، کوردستان کۆمیتە، نوێنەرایەتی مەجلیسی شەنگال لە ئەرمینیا، ڕۆژنامەی زاگرۆس، ڕۆژنامەی ڕێگەی تازە، ژمارەیەک زانا و ڕۆشنبیر لە ئۆفیسی کوردستان کۆمیتە کۆبونەوە لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا بڕیارەکەی ئەمریکایان دژ بە سێ سەرکردەی پەکەکە (جەمیل بایک، دوران کالکان و مووراد قەرەیلان)شەرمەزار کرد.[4]
- دانیشتنێکی دادگای مافی مرۆڤ ئەوروپا دەربارەی کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی تورک لە شاری جزیری باکووری کوردستان لە کاتی ڕاگەیاندنی خۆبەڕێوەبەریدا بەڕێوەچوو، دانیشتنەکە دەربارەی دۆسیەی کوشتنی دوو کەس بە ناوەکانی عومەر ئەلچی و ئۆرهان تووننچ بوو، دانیشتنەکە سێ کاتژمێری خایاند و بنەماڵەی تووننچ و ئەلچی ئیفادەیاندا. پارێزەران ڕەمەزان دەمیر و نەورۆز ئویسال، هەروەها زەینەب تووننچ هاوژینی محەمەد تووننچ-ی کە لە کاتی کۆمەڵکوژییەکە گیانی لەدەستدابوو و گوڵەر تووننچ هاوژینی ئۆرهان تووننچ ئامادە بوون. پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە، ئایشە ئاجار باشاران و پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە فەیسەڵ ساری یلدز-یش ئامادە بوون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: بۆکان

شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-13
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 110

2018-11-14



باکووری کوردستان

- یەکەی تایبەتی پۆلیسی تورکیا لە ئامەد هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵی هاوواڵاتیان لە ئامەد. پۆلیس لە هەڵکوتانەکەیاندا دەرگای ماڵەکانیان شکاند و دەستیان کرد بە پشکنینی ماڵەکان. لە هەڵکوتانە سەر ماڵانەدا لە گەڕەکی یالملی لە ناوچەی لیجە سەیفەدین دەمیر، نەزیر گیوموش، زەکی گیوموش و زەکی مەنەکەش دەستگیرکران. زەکی مەنەکەش نەخۆش بووە لە ماڵەوە لە جێدا بووە، کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکراوە. کەسە دەستگیرکراوەکان براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی دەوڵەتی تورک لە ئامەد. لە فارقین-یش هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوواڵاتیان و ژنێک بە ناوی یلدز ئەلما دەستگیرکرا.[6]

- پاش ئەوەی گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) لە ڕێی ئامێری ئاسمانییەوە دژی سەربازگەیەکی سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی شەمزینان چالاکییەکی کاریگەریان کرد و ژمارەیەکی زۆری سەربازی تورکیا کوژران و بریندار بوون، پارێزگاری جۆلەمێرگ بڕیاری قەدەغەکردنی ئامێرە ئاسمانییە بێفڕۆکەوانەکانی دا. بە گوێرەی بڕیارەکە، فڕاندن و بەکارهێنانی فڕۆکەی سیخووڕیی بێفڕۆکەوانی جۆری IHA و درۆن تەنیا لە ڕێی وەرگرتنی مۆڵەت دەبێت.[6]

- ئەمڕۆ دانیشتنی دادگەیی کردنی هۆزان جانێ کە هاوکات هاوڵاتیی ئەڵمانیایە لە سێیەمین دادگەی سزاقورسەکانی ئەدیرنە بەڕێوەچوو. هونەرمەند هۆزان جانێ لە بەندیخانەی ئیستەنبوڵەوە لە ڕێی سیستەمی دەنگ و ڕەنگەوە بەشداری لە دانیشتنەکە کرد و ئە و تۆمەتانەی ڕەتکردەوە کە دراوەتیەپاڵی. هۆزان جانێ گوتی: (من هیچ پەیوەندییەکم بە و نووسینانەوە نییە کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراونەتەوە. من هونەرمەندم و کاری هونەری دەکەم.) دەستەی دادگە بە بیانووی (پڕوپاگەندەکردن بۆ ڕێکخستن) سزای 6 ساڵ و 3 مانگ زیندانیکردنی بۆ هونەرمەند جانێ بڕیەوە.[6]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کاسبکارێکی کورد بە ناوی لوقمان خیاڵی تەمەن 36 ساڵ، خەڵکی گوندی حەسەن کوردەی شاری بانە، بە تەقەی هێزە حکوومەتییەکان بریندار بوو.[7]

- کاتژمێر 1:30 خولەکی نیوەشەوی ڕابردوو لە گەڕەکی ئیلاهیە ی شاری کرماشان-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز خەڵکی لە ماڵەکانیان بردە دەرەوە. بە گوێرەی شەیەتحاڵان، شووشەی زۆرێک لە ماڵەکانی ئەو گەڕەکە شکاوە و زیانێکی زۆر بەر چەند ماڵێک لە نزیک تەقینەوەکە کەوتووە. تەقینەوەکە لەبەردەم ئۆتۆمبێلێکدا ڕوویداوە، کە

لەناویدا کەسێک بە ناوی بەهرام نەورۆزی و هاوسەر و کچەکەیانی تێدابووە و بە بریندارێی گەیەندراونەتە نەخۆشخانە.[5]
- چالاکێکی مەدەنیی کورد خەڵکی شاری سەقز، بە ناوی ئەیووب جەوانپوور بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا.[7]
- مامۆستایەکی کورد بە ناوی ئەسکەندەر لوتفی خەڵکی شاری مەریوان بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتیی شاری مەریوان و لەو ناوەندە حکوومەتییە لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.[7]
باشووری کوردستان
- سلێمانی یادی 234 ساڵەی دامەزراندنی دەکاتەوە و لە ساڵرۆژی دامەزراندنیشی چەندین چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچن.[1]
- لە چوارچێوەی کارەکانی کۆڕبەندی پاریس حکومەتی فەرەنسا بڕیاریدا بە پێشکەشکردنی بڕی دوو ملیۆن یۆرۆ بە سندوقی نۆژەنکردنەوەی شارۆچکەی شنگال، کە لەلایەن نادیە مورادەوە دامەزراوە.[4]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی سیدەکان ڕایگەیاند، بۆ ماوەی 45 خولەک تورکیا تۆپبارانی چەند گوندێکی سنوورەکەیانی کردووە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبووە و دەشڵێت تۆپبارانەکە لە وەڵامی هێرشێکی پەکەکەدا بووە، کە ئەمڕۆ کردوویانەتە سەر بارەگایەکی سەربازی تورکیا.[3]
- بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە ڕایدەگەیەنێت: کونسوڵخانەی کۆریای باشور لە هەولێر، 110 جۆر دەرمان و پێداویستی پزیشکی گەیاندۆتە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شارەکە.[2]
- وتەبێژی پۆلیسی هەولێر ئاشکرایدەکات: لە شاری هەولێر باوکێک کە چەند ساڵێک لە زیندان بووە، دەرەنگانی شەوی ڕابردوو بە دەستڕێژی گوللە کوڕەکەی خۆی بەناوی م. س. کوشتووە.[2]
- هاوڵاتییەک لە نزیک نەخۆشخانەی شۆڕش لە شاری سلێمانی ئاگری بەردایە جەستەی خۆی و بە شێکی جەستەی سوتا و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.[5]
- ئەمڕۆ لە هۆتێل ڕۆتانا لە هەولێر ڕێکخراوی سپارک کۆنفرانسێک سەبارەت بە تووندتیژی و تووندڕەوی بە هاوکاری وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا سازدەکات.[3]
- بەرپرسێکی پەروەردەی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: دوای ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە بڕیاردرا لە سەرجەم خوێندنگاکان دوو وانەی زانست و بیرکاری بەفەرمی بکرێن بە زمانی ئینگلیزی و مامۆستاش بۆ وانەکان دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانراوە.[2]
- هێزەکانی ئەڵمانیا لەهەرێمی کوردستان لە مەراسیمێکدا بنکەی چاککردنەوەی ئامێرەکانی گەیاندنیان بەئامادەبوونی بەرپرسانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە ڕادەستی یەکەی گەیاندنی هێزەکانی پێشمەرگە کرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجوومەنی باڵای دادوەری عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، دادگای کەرخی تایبەت بە سەیرکردنی دۆسیەی تیرۆر، پێداچوونەوەی بە دانپێنانی یەکێک لە دیارترین سەرکردەکانی ڕێکخراوی داعشدا کردووە، کە والی کەرکووک بووە و ناسناوی ئەبو حەمزەی کوردی-یە. کە تۆمەتبارە بە بەدیلگرتنی ژمارەیەک پێشمەرگە گەڕاندنیان بەنێو حەویجە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ووڵات: ئەڵمانیا
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-11-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-11-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-11-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-11-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-14
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-11-15

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 111

2018-11-15



باکووری کوردستان
- لە 81هەمین ساڵیادی لەسێدارەدانی ڕێبەری ڕاپەڕینی دێرسم سەید ڕەزا و هاوڕێکانی کە لە 15ی تشرینی دووەمی 1937 لە لایەن دەوڵەتی تورک لەسێدارەدران، لە مەیدانی سەید ڕەزا مەڕاسیمێکی یادکردنەوە بەڕێوەچوو. مەڕاسیمەکە لە لایەن هێزە دیموکراتیبەکانی دێرسم ڕێکخرا. هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە سەزای تەمەللی، پەرلەمانتارانی هەدەپە عەلیجان ئۆنلو، دڵشاد جانباز، عەلی کەنانئۆغلوو، کەمال بولبول، سەرۆکی گشتیی PSAKD غانی کاپلان، هاوسەرۆکانی گشتیی کۆمەڵەی عەلەوییە دیموکراتیبەکان (DAD) سەلدا گونەش و مووسا کوولوو و زۆر هاوڵاتی بەشدار بوون.[6]
- بەهۆی ئەو شەپۆلی بەفربارینەی لە سنووری پارێزگاکانی ئەرزینگان، قەرس، مووش، ئەردەخان و ئاگری باریوە، ڕێگای هاتووچۆی نێوان 270 گوند لەگەڵ ناوەندی شار و شارۆچکەکان داخراون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی سپای پاسداران جێگر لە گوندی زێی مەریوان، چەند هاووڵاتییەکی دانیشتووی ئەو گوندی بە ناوەکانی ڕەحمەت

ئەفرا، عەبوڵلا ئەفرا، سەلاح ئەفرا، ئەحمەد ئەفرا و سەردار ئەفرا بانگهێشت کرد. یەکێک لە دانیشتووانی گوندی نێ لەم بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: باغی هاووڵاتیانی بانگهێشت کراو لە نزیک پایگای سپای پاسداران هەڵکەوتووە و هێزەکانی سپای پاسداران هەڕەشەیان لەو هاووڵاتیانە کردووە کە بیئیزنی سپا مافی هاتن بۆ ناو باغەکانی خۆیان نییە.[5]
- هاووڵاتییەکی کورد خەڵکی گوندی نێی شاری مەریوان بە ناوی بێهزاد بامداد لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- لە دێهیاری سەوڵاوای شاری سنە، خولێکی زمانی کوردی و فێرکردنی دەف و سێ تار، بۆ فێرخوازانی زمان و هونەری کوردی بە ڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا، کە ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی فەرهەنگیی شاری سنە و هاووڵاتیانی خەڵکی شاری سەوڵاوا، بەشداربوون و لەوحی کۆتایی خولی زمانی کوردی و دەف و سێ تار بەخشرایە فێرخوازان.[5]
- دوو لاوی کورد بە ناوەکانی شیروان ڕۆستەمی کوڕی بارام و حەمدی ڕەزایی کوڕی مەحموود، خەڵکی گوندی دزڵی شاری مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[5]

باشووری کوردستان

- شەوی ڕابردوو، بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، سێ هاووڵاتیی کۆمەڵگەی قەدشی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی گیانیان لەدەستدا.قوربانییەکان ناویان (ڕەمەزان محەمەد، ئیسماعیل حەسەن و دلۆڤان سالح)ە. پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ تەرمی هەر سێکیان لە گۆڕستانی کۆمەڵگای قەدش خاک سپێردران.[1]
- توبا سەید قادر کە خەڵکی عەبابەیلێ بوو، یەکێک بوو لە بەرکەوتووانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ساڵی 1988. پاش چەندین ساڵ گیرۆدەبوونی بە کاریگەرییەکانی چەکەکە، ئەمڕۆ کۆچی دواییکرد.[4]
- شەوی ڕابردوو، لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، سێ تەقینەوە ڕوویانداوە. تەقینەوەی یەکەم لە گەڕەکی عەسکەری شارۆچکەکە بووە. هەروەها تەقینەوەی دووەم، لە نزیک مەزارگەی فاتما ئەلزەهرا لەهەمان گەڕەک، مانێکی چۆڵ تەقێندراوەتەوە. هاوکات کۆگایەکی مادە کهولییەکان، تەقێندراوەتەوە.[2]
- سەرۆکی لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەت ڕەتیدەکاتەوە لە شاری سلێمانی گۆشتی گوێدرێژ فرۆشرابێت و دەڵێت: داوای یاسایی لەسەر ئە و کەناڵە تۆماردەکەین کە ئەو لێدوانێکی ئێمەی شێواندووە.[3]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، کۆنفرانسێک لەلایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، کۆنفرانسێکی تایبەت بە کاریگەری دراما بیانییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی، لە زانکۆی لوبنانی فەرەنسی لەشاری هەولێر بەڕێوەچوو. لە کۆنفرانسەکەدا، چەندین پسبۆڕی بواری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئامادەبوون و چەندین بابەت لەبارەی کاریگەری دراما بیانییە دۆبلاژکراوەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی پێشکەشکرا و باس لە ڕێگاچارەی کەمکردنەوەی کاریگەری خراپی ئەو دراما بیانییانە کرا لەسەر کۆمەڵگا.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ ڕووداوێکی هاتوچۆ لە نزیک گوندی ئەڤریکێ کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دهۆک لەنێوان دوو ئۆتۆمبێلدا لە جۆرەکانی کۆستەر و شۆفرلێت ڕوویداوە، لە ئەنجامدا ژنێک و دوو پیاو گیانیان لەدەستداوە و 18ی تریش بریندارببوون.[3]
- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کڵێسەی ماریوسف و مەرقەدی کاک ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی بەسەردەکاتەوە.[7]
- بەڕێوەبەری بەشی پاراستنی کۆمەڵایەتی تەندروستی شارۆچکەی شەقڵاوە ڕایدەگەیەنێت: لە خوێندنگایەکی قەزاکە 32 خوێندکار بەهۆی بەرکەوتیان بە جۆرە کرمێکەوە تووشی حاڵەتێکی مەترسیدار بوون.[3]
- شارەوانیی سلێمانی، هەڵمەتی ساڵانەی پاککردنەوەی شەقام و باخچە و شوێنە گشتییەکانی ئەنجامدا، ژمارەیەک خۆبەخش و ژینگەپارێز و کۆمپانیاکانی تایبەت بە پاککردنەوە بەشداربوون.[2]
- خالید کوری عەبدولکەریم خزر مەفرەجی سەرۆکی دادگای کەرکووک لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لەبەغدا دەستگیرکرا. ناوبراو بەتۆمەتی مامەڵەکردن بەمادەی هۆشبەرەوە دەستگیرکراوە و بۆ دادگاییکردنیشی ڕەوانەی دادگای کەرکووک کرایەوە.[3]

دەرەوەی کوردستان

- دادگای دادی ئەوروپی ئەمڕۆ لە بڕیارێکی نوێدا ڕایگەیاند لەنێوان 2014 بۆ 2017 هێشتنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە لیستی تیرۆر ناحەقی بووە. بەپێی حوکمەکەی دادگای یەکێتیی ئەوروپا، ئەنجوومەنی وڵاتانی ئەندام بۆ بڕیار و ڕێکاری دەرکراو، هۆکاری پێویستیان نەخستووەتەڕوو، کە پەکەکەیان لەو ساڵانەدا لە لیستی تیرۆردا هێشتووەتەوە.[4]
- لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا یادی 81هەمین ساڵیادی لەسێدارەدانی سەید ڕەزا و هەڤاڵەکانی کرایەوە و یادیان بەرز ڕاگیرا.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ئەرزینجان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شەقڵاوا (خۆشناوەتی)
شار و شارۆچکەکان: قارس
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-15
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-16
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 112

2018-11-16



باکووری کوردستان
- پەرلەمانتارانی هەدەپە بۆ پشتگیریکردن لە مانگرتن لە خواردنی لەیلا گیوفەن، لە زیندان، ویستیان لە بەردەم بەندیخانەی ئامەد لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی بدەن، بەڵام پۆلیسی تورک هێرشی کردە سەریان.[2]
- والی جولەمێرگ لە بەیاننامەیەکی خۆیدا ئاشکرای کرد کە لەوناوچانەی سەربەجولەمێرگ-ی شەمزینان، وک چەڵی، گەڤەرو30 ناوچەی دیکە کە لە 20ی تەشرتنی یەکەمەوە قەدەغەی تێداڕاگەیەنراوە هەتاکوکۆتایی تەشرینی دوویەم قەدەغەکە درێژکراوەتەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمرۆ، لە گوندەکانی فارساوا و فەرەجاوای و چەند گوندێکی دیکەی هەورامان ژاوەرۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن گروپێکی ژینگەپارێزەوە هەڵمەتێکی پاککردنەوەی ژینگە، دەستیپێکرد و دەروبەری ئەو گوندانە لە خۆڵ و خاشاک پاککرایەوە، بڕیار وایە هەڵمەتەکە لە ڕۆژانی داهاتوودا بەردەوام بێت.[2]
- کۆڵبەرێکی مێرمنداڵ بە ناوی مێهران دەهستانێراد تەمەن 15 ساڵ خەڵکی گوندی دۆڵەتووی شاری سەردەشت بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بە سەختی بریندار کرا.[6]
- 22 سەر ئەسپی کاسبکاران، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری بانە بە کوشت چوون و لاشەکانیان لە دەشت و دۆڵ بەجێهێشتووە.[6]
- هەڵۆکانی زاگرۆس بە بڵاوکردنەوەی بەیانییەیەک ڕایگەیاندووە کە لەو شەڕ و تێکهەڵچوونی ئەمرۆ، لە شوێنێک بە ناوی خێڵە ڕەشی شاری بانە، یەکێک لە هێزە نیزامییەکان کوژراوە و دوو کەسی دیکە بریندار بوونە. هەڵۆکانی زاگرۆس شوناسی ئەو مەئموورە کوژراوەی هێزە نیزامییەکانیان بە ئارمان فەخری ڕاگەیاندووە و دوو کەس لە بریندار بووەکانیش بە ناوەکانی لوقمان خیاڵی و مەنشلوو بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی سەلاحدین ئەیوبی بانە ڕاگوێزراون.[7]
باشووری کوردستان
- حکومەتی عێراق هەناردەکردنی نەوتی کەرکووکی لەڕێگەی بۆڕی کوردستان دەستپێکردەوە.[3]
- فراکسیۆنی نەوەی نوێ، لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی بۆردوومانکردنی ئامێدی لەلایەن سوپای تورک-ەوە بڵاوکردە و تێیدا ئیدانەکە هێرشەکە دەکات و دەشڵێت، کە بێدەنگی پەرلەمانتارانی هەرێم و بەغدا بەرامبەر بەو بۆردوومانکردنانە خیانەتکردنە لەو سوێندەی کە خواردوویانە.[2]
- شەوی ڕابردوو هونەرمەند عەبدوڵڵا حاجی لە دهۆک کۆچی دواییکرد.[1]
- کاژێر 1:30 خولەکی شەو لەکاتی هەڵکەندنی بیری گاز لە گوندی تورگە لە چەمچەماڵ، گاز دەرپەڕیووە، لە ئەنجامدا کارمەندێکی هەڵکەندنی بیر کە خەڵکی کەنەدایە گیانیلەدەستداوە و دوو کارمەندی دیکەش دۆخی تەندروستییان تێکچووە.[1]
- زانکۆی سلێمانی و زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتییان لەبارەی پەرەپێدانی تەلارسازی خۆماڵی ئەنجامدا. هەموو ئەو بابەتانەی لە کۆنفرانسەکەدا خرانەڕوو جەختکردنەوە بوو لە داڕشتنی بنەمایەکی زانستی تەلارسازی، کە مۆرکێکی تایبەتی هەبێت بەکورد.[1]
- یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی هۆشداری دەدەنە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم لەئەگەری هێشتنەوەی پاشەکەوتی موچە، پێشبینی دروستبوونی ناڕەزایی دەکرێت.[4]
- مەڵبەندی خانەقینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕونکردنەوەیەکدا ڕەتیدەکاتەوە داواکرابێت، فەرمانگەکانی سەر بە هەرێمی کوردستان و پۆلیسە کوردەکانی سنووری خانەقین بگەرێنەوە گەرمیان و لە خانەقین بکشێنەوە.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان
- ەمڕۆ دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بە گومانی ئەوەی لە ناوچەی جەرابلووس ئیدانەی داگیرکاریی تورکیا بکرێت، بە تانک، دۆشکە و سەرباز چواردەوری هەموو مزگەوتەکانی گرتووە. سەرچاوەکان ڕایانگەیاند، بەهۆی بەسەربازیکردنی شوێنەکان گەل ناچار بووە لە دوای نوێژ بڵاوەی پێبکات. هەروەها ئە وکەسانەی وێنەیان گرتووە لە لایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە دەستگیر کراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-16
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-17
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 113

2018-11-17



رۆژهەڵاتی کوردستان

- نزیکەی سەعات 10ی شە و بومەلەرزەیەکی بەهێز شارۆچکەی تازە ئابادی سەربە پارێزگای کرماشانی هەژاندوە.

ڕونیشکراوەتەوە: پلەکەی 4.1 ڕێختەربووە و تاکو ئێستا زیانەکان نەزانراوە.[1]

باشووری کوردستان

- لە کۆمەڵگای (تل عزێر)ی سەر بە شارۆچکەی شنگال لە گۆڕێکی بە کۆمەڵدا پروسکی ژنێک و شەش پیاو دۆزرانەوە کە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە کۆمەڵکوژکرابوون.[2]

- بۆ یەکەم جار لە شاری سلێمانی کونسوڵخانەی کۆریا لە هەولێر و کۆمەڵگەی پەروەردەیی کوردستان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ڤیستیڤاڵی کەلتوری کۆری. فیستیڤاڵەکە پاشنیوەڕۆ لە تەلاری هونەری شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت. گۆرانی و میوزیکی کۆری و سەمای تەقلیدی کۆری، نمایشی یاری تایکواندۆو چەندین سوپرایزی دیکە لە خۆدەگرێت.[1]

- پارتی و یەکێتی لە سلێمانی لەسەر پێکهێنانی حکومەت کۆبوونەوە.[3]

- ماوەی 4 ڕۆژە ژینگەپارێزانی ناحیەکانی شارۆچکەی ڕانیە دژی بڕیاری کەمکردنەوەی مووچەکانیان لە 400 هەزار دینارەوە بۆ 300 هەزار دینار مانگرتنیان دەستپێکردووە، ئەمڕۆش خۆپیشاندانی ژینگەپارێزان لە شارەدێی حاجیاوا بەردەوامبوو. بەهۆی مانگرتنی ژینگەپارێزانی ناحیەکانی حاجیاوا و سەرکەپکان لە ئێستادا خۆڵ و خاشاکێکی زۆر لەناوبازاڕ و شەقام و کۆڵانەکانی ئەو دوو ناحیەیە کۆبوونەتەوە و بوونەهۆی بێزاری هاووڵاتیان و مەترسی ژینگەشی لەسەر ئەو دوو ناحیەیە دروستکردوە.[2]

- لە شارۆچکەی خورماتوو، شەڕوپێکادان لەنێوان گروپێکی چەکدار و چەکدارانی حەشدی شەعبی ڕوویدا و دوای بریندارکردنی چەکدارێکی حەشد، گروپە چەتەکە دەستگیرکران.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای داگیرکەری تورکیا بەچەکی قورس و مام ناوەند شوێنی مانەوەی هاووڵاتیانی مەدەنی کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی گرێ سپی کردووەتە ئاماج.[4]

- پێشبڕکێی هەڵبژاردنی شاجوان لە شاری قامشلۆ بەڕێوەچوو.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-16

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-17

[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-17

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 114

2018-11-18



رۆژهەڵاتی کوردستان
- تۆپخانەکانی سپای پاسداران بەرزاییەکانی شاخی شاهۆی لە نزیک گوندی شمشێر سەر بە شاری پاوە تۆپباران کرد. لەو تۆپباران کردنەدا، خەسارێکی بەرچاو بە ژینگەی ناوچەیە گەیشتووە و بووتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری شاهۆ.[5]
- کاتژمێر 9ی شەو، لاوێکی تەمەن 22 ساڵ بە ناوی سەلمان ئەفراکوڕی ڕەحمەت خەڵکی گوندی نێی مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دسبەسەر کرا و لە ماوەی 32 ڕۆژی ڕابردوودا، ئەمە 5مین هاوواڵاتییە خەڵکی ئەو گوندەیە کە دەسبەسەر دەکرێت.[5]
- لە شاری سەحنە لە پارێزگای کرماشان وەک نەریتێکی ساڵانە مەراسیمی ساڵیادی سەید خەلیل عالیزاد بۆبەرزڕاگرتنی یادی ئەو هونەرمەندە، سەرەڕای ڕێگریی هێزە ئەمنییەکانی ئێران بەڕێوە چوو.[4]
- دوو کرێکاری کورد خەڵکی شاری خۆی، بە هۆی هەڵمژینی گاز لە کارگەی ئامونیاک، گیانیان لە دەست دا.[5]
باشووری کوردستان
- بۆ یەکەمین جار دیداری گۆرانی شاعیر لە پارێزگاری هەڵەبجە بە چاودێری وەزیری ڕۆشنبیر و پارێزگاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت.[2]
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: هیچ ڕێککەوتنێک بۆ هاوتاکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵ سوپا و هێزەکانی پیادەی عێراق نەکراوە، دەڵێت: لە بودجەی ساڵی 2019دا، 37 ملیار دینار بۆ هێزەکانی پێشمەرگە تەرخانکراوە.[1]
- لە گوندی پارە پارە لە باکووری خورماتوو، بۆمبێکی چێنراو بە تراکتۆری جوتیارێکی کورددا تەقییەوە و تەنها زیانی مادیدی هەبووە. لە لایەکی دیکەوە هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوری نێوان شاروچکەی کفری - خورماتوو بۆمبێکیان پوچەڵکردەوە کە ماوەیەکە لە و ناوچەیە تیرۆریستانی داعش جموجۆڵیان زیاتر بووە.[1]
- دانیشتووانی گوندی یەنگیجەی تاڵەبانی جارێکی دیکە ڕێگری لە گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ گوندەکەیان دەکەن کە نیازی ئەوەیان هەیە بە هاوکاری دادوەری داقووق دەستبەسەر ئەو زەویانەدا بگرنەوە کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعس لە کورد سەنرابوونەوە و بە عەرەب درابوون.[3]
- بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی گەرمیان، بۆ یادکردەوەی ڕۆژی جیهانی قوربانیانیی هاتووچۆ ماوەی پێنج خولەک هاتووچۆی ئۆتۆمبێلی ڕاگرت.[4]
- کۆچی دوایی نووسەر و وەرگێڕ حەکیم کاکەوەیس.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ هێزە چەکدارەکانی سەربە تورکیا کە شاری عەفرینیان داگیرکردوە، دەبێتە شەڕی ناوخۆیان و کوژراو بریندارێ لێدەکەوێتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2018-11-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-18
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 115

2018-11-19



کوردستان
هەریەکە لە کەناڵەکانی ستێرک تی ڤی، مەدیا هابەر تی ڤی، ژن تی ڤی، ئاریەن تی ڤی، چرا تی ڤی و ڕۆناهی تی ڤی ئەمڕۆ کاتژمێر 17 بۆ ماوەی چەند خولەکێک شاشەکانیان ڕەش کرد. بەڕێوەبەرانی ئە و کەناڵانە ڕایانگەیاند، بەبۆنەی نزیکبوونەوەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەی تووندوتیژیی دژی ژنان (25ی تشرینی دووەم) ئەم چالاکییەیان ئەنجام داوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو کاسبکاری کورد بە ناوەکانی لوقمان فەتحی و لوقمان ئەعلەم خەڵکی گوندی ئارمردەی بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە سەختی بریندار بوون.[6]
- هاوواڵتییەکی کورد بە ناوی محەممەد دادڕەسی تەمەن 33 ساڵ کۆڕی حامید خەڵکی گوندی نێی شاری مەریوان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی خەلیل کەریمی خەڵکی شاری سنە، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[6]
- ژنە هاوواڵتییەکی کورد بە ناوی نەرمین سەمەدی کچی عۆسمان، خەڵکی شاری بۆکان بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی لەگەڵ مێردەکەی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[7]
باشووری کوردستان

- فڕۆکەیەکی تورکیا بۆردوومانی هەردوو چیای شەرانش و خامتیری کرد لە سنووری زاخۆ.[1]
- فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر بۆردومانی دەڤەری چەمگین-یان کردووە لە سنووری هەرێمی ئافاشین-ی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگەی دهۆک.[3]
- لە مەراسیمێکی شکۆداردا تەرمی شەرفانێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە، کە لە ڕۆژئاوای کوردستان شەهید ببوو لە شاری هەولێر بەخاک سپێردرا.[5]
- بەرەی تورکمانی بایکۆتی هەموو دانوستان و کۆبونەوەکانی کرد لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا لەبارەی کەرکووکەوە، تا لە کابینەی نوێی حکومەتدا بەشداری پێدەکرێت.[2]
- پڕۆسەی دانانەوەی چوار شمشێرەکە لەگەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکووک دەستپێکرد و لە یەکەم هەنگاودا یەکێک لە شمشێرەکان دانرایەوە، کە پێشتر لەلایەن ئیدارەکەی نەجمەدین کەریمەوە وەکو یەکێک لە شوێنەوارەکانی حزبی بەعس لە پارێزگاکە لادرا.[3] بەڵام بە هۆکاری مۆڵەت وەرنەگرتن لە لایەن دژە تیرۆری عێراقەوە ڕێگری لێکرا.[5]
- کاژێر 08:00ی ئەمشەو ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هێرشدەکەن سەر هەر سێ گوندی ئیخوە، محەممەد شیربەگ و حوسێن مەمە لە سنووری خانەقین و شەڕ لەنێوان گرووپەکە و دانیشتووانی گوندەکان بە پاڵپشتی پۆلیسی فیدراڵی ڕووبداوە.[1]
- نزیکەی سەعات 9ی ئەمشە و بۆمبێک بەهێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتنی خانەقین تەقییەوە و چوار پۆلیس بریندار بوون و ئەفسەرێکیش کوژرا.[4]
- کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان لە هەولێر، هەڵبژاردنی ناوخۆیی بۆ سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ئەنجامدا و بەپێی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانیش بۆ جارێکی دیکە کاوە مەحمود بە سکرتێر و بابە عەلی بەجێگری سکرتێر بۆ ماوەی دوو ساڵ هەڵبژێردرانەوە و دوو لە ئەندامانی سەرکردایەتیش بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران.[2]
- بەهۆی ڕووداوی هاتووچۆوە لە سنوری دهۆک دوو پێشمەرگە گیانیان لەدەستدا.[4]
- سەرۆکی ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید ڕایدەگەیەنێت: سەرەڕای ئەوەی ڕێکخراوەکەمان بانگهێشتانەی ڕەسمی بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی جیهانی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی بۆ نێردراوە، بەڵام تورکیا ڕێگەنادات بەشداری کۆنگرەکە بکەن.[2]
- پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: برای شەیمای 17 ساڵانیان دەستیگرکردووە، کە 19 ڕۆژ پێش ئێستا بەبیانووی دواکەوتنی لە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، بە حەوت گوللە کوژرا.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بەبشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی هەولێر، ڕێورەسمی ساڵانەی یادی مەولودی بێغەمبەری ئیسلام بەڕێوەچوو.[5]
- ئەمڕۆ دووشەممە، شاندێکی گومرگی عێراق سەردانی هەولێریان کرد و لەبارەی پرسی داخستنی خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەرێم و عێراق ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد، بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمیش دەڵێت: شاندەکە چەند ڕۆژێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان دەمێننەوە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- تەرمی شەڕڤانی یەپەگەی خەڵکی هەولێر عەلی خەبات و شەڕڤانی فەرەنسایی یەپەگە شاهین قەرەچۆخ بە مەراسیمێکی شکۆدار لە دەروازەی سنووری سێمالکا ڕەوانەی باشووری کوردستان کران.[3]

دەرەوەی کوردستان

- لە دادگای ڕەسافەی بەغدا دانیشتنێک لەبارەی قەرزی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت و بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، جووتیارانی کوردستان نزیکەی 555 ملیار دیناریان لای حکومەتی عێراقە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق

پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: بۆکان

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: فرەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-19
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 116

2018-11-20



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، جەنگیز یورەکلی، مەزڵووم دینچ و سینان زینجیر بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئۆجالان، جارێکی دیکە داواکاریان پێشکەش بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی لە شاری بوورسا کرد. بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان

ڕەتکرایەوە.[5]
- چالاکی بزوتنەوەی ژنانی ئازاد زەینەب ئولبەجی لەماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی قازی لەری ناوچەی پەیاسێ-ی ئامەد دەستگیرکرا. پۆلیسی تورکیا بەبێ مۆڵەتی دادوەرهەڵیانکوتایە سەر ماڵی ئەو چالاکوانە و دەستگیریان کرد.[5]
- دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدان-ئاکەپە، پێش هەڵبژاردنەکان، دەستی بە بڵاوکردنەوەی خەڵوزی بێبەرامبەر کردووە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ، بەڵام دانیشتوانی گوندی حزووێ-ی ناوچەی حەسکێف لە باکوری کوردستان، ئەو خەڵوزانەیان قبوولنەکرد و لەپێش چاوی بەرپرسانی ئاکەپە ڕژاندیان.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، مادیح فەتحی هاوژینی سەحەر کازمی چالاکی مەدەنیی دەسبەسەر کراوە خەڵکی شاری سنە و دایکی ناوبراو بە ناوی مەهوەش ئەمیری ماوەی 5 ڕۆژە لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە دان.[3]
- لە شاری شووش، مێرمندانێکی تەمەن 12 ساڵ بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە کۆ نەکراوەکانی شەڕی 8 ساڵەی ئێران و عێراق، گیانی لە دەست دا. شوناسی ئەو مێرمندانە تەمەن 12 ساڵە بە ناوی محەممەد ئەمین قالبی حاجیوەند، ڕاگەیاندراوە.[3]
باشووری کوردستان
- پۆلیسی ئێراق لەکاتی هەڵمەتەکەیان بۆ گوندی زەنقەر لە داقوق چونەتە سەر ماڵی نەجیب کەریم فارس و بەهۆی شێوازی پشکنینەکەیانەوە کە لەڕووی عەشایەریيەوە قبوڵ نەکراوە، شەڕە بۆکس لەنێوان کوڕێکی ماڵەکە و پۆلیسەکان دروستبووە. لەئەنجامدا هێزەکە تەواوی ماڵەکەیان شێواندووە و نەجیب کاکەیی و هەردوو کوڕەکەیان دەستبەسەر کردووە.[1]
- لە ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە چەمچەماڵ حەوت کەسی خێزانێک گیانیانلەدەستدا، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاکە دەڵێت، خێزانەکە عەرەبن و لەژوورێکدا سەرجەمیان سووتاون و گیانیانلەدەستداوە.[2]
- سەرۆکی ئەنجومەنی گومرگی سەوزە و میوەی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەی تەماتە بۆ ناو عێراق، ئەمڕۆ هیچ بەرهەمێکی تەماتە لە هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی عێراق نەکراوە، دەشڵێت: ئە و بڕیارەی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق زیانێکی زۆر بە بازرگانان دەگەیەنێت.[1]
- لە هۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد لە شاری سلێمانی، کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات، بەهاوکاری یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی، سیمینارێک-یان بەدروشمی 'بێدەنگی بشکێنن، ڕێکارێک بۆ بەرگرتن بەتوندوتیژی بەرامبەر بە ژنان!' بۆ 'کەوسەر فەتاحی' چالاکوانی بواری ژنان ئەنجامدرا.[6]
- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەو ڕاپۆرتانە دەداتەوە کە تۆمەتباریدەکەن بە پێشێلکردنی مافی کریستیانەکانی هەرێمی کوردستان و گۆڕینی دیموگرافیای ناوچە کریستیاننشینەکانی پارێزگای دهۆک و دەشتی نەینەوا.[2]
- سێ هاوواڵتی بەڕەگەز تورکمان دانیشتووی سنووری خورماتوو لەکاتی ڕاوەماسیدا لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندران.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە گەڕەکی ئەل کەچلێ-ی منبج مینێک تەقییەوە، تەقینەوەکە لە کۆڵانی 30هەمینی گەڕەکی ئەل کەچلێ ڕوویدا. دەربارەی ئەنجامی ئەو تەقینەوەیە هیچ زنیارییەک بڵاو نەبووەتەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا داوای ئازادکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشوی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) و ئەندام پەرلەمانەکانی ئە و پارتە کوردییە دەکات کە لەلایەن تورکیاوە زیندانیکراون.[4]
- لە وەڵامی بڕیارەکەی دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا، ئەردۆغان ڕایگەیاند ئەو بڕیارانەی دادگای مافەکانی مرۆڤ لە ئەوروپا دەریاندەکات، پەیوەندییان بە ئێمەوە نییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-20
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-20
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 117

2018-11-21



باکووری کوردستان

- پۆلیسی تورکیا ئەمڕۆ لە ناوچەی پرسوسی ڕحا هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاووڵاتییەک بە ناوی باران کاراک و لە دوای پشکنینی ماڵەکە کاراک-یان دەستگیرکرد و لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئەو ناوچەیە.[4]

لە گەڕەکی ئەلبەنگەدی لە ناوچەی وێرانشار بە پاساوی بڵاوکردنەوەی بابەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان 2 هاووڵاتی بە ناوەیکانی حەسەن کاباک و عەبدولقادر چالاگان دەستگیرکران و ئەو 2 هاووڵاتییەیان گواستەوە بۆ فەرماندەیی جەندرمەکانی ئەو ناوچەیە.[4]

- دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی پەرلەمانتاری هەدەپە سەلچووک مزراکلی بەڕێوەچوو.[4]

- پاسێک کە لە هێڵی گواستنەوەی ڕێگەی ئامەد - ئەدەنە کار دەکات، لە کلیۆمەتری 65ی ڕێگەی ئۆتۆبانی نێوان ڕوحا - بیرەجیک لە لایەن پۆلیسەوە وەستێنرا. لە کاتی پشکنینی ناسنامەی سەرنشینانی پاسەکە، لە دووری 50 مەترەوە لەنێو ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشەوە گولەبارانی پاسەکە کرا و لە ئەنجامدا سەرنشینێکی پاسەکە بە ناوی سەدات پۆڵات (32 ساڵان) بریندار بوو. پاش ئەوەی ناوبراو ڕەوانەی نەخۆشخانەی پەروەردە و لێکۆڵینەوەی محەمەد عاکیف ئینان کرا، گیانی لەدەست دا. دواتر لە فەرمانگەی پزیشکی دادوەری تەرمی ئە و هاوڵاتییە ڕادەستی خانەوادەکەی کرایەوە.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- چالاکێکی مەدەنی بە ناوی کەریم ئەسغەری بە هۆکاری نادیار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سپای پاسدارانەوە لە شاری سنە دەسبەسەر کرا.[7]

- کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی زەینەدین شێخە خەڵکی شاری سەردەشت لە سنووری کانی خوابی شاری پیرانشار لە لایەن هێزە ئینتزامییەکانی حکوومەتی ئێرانەوە دەسبەسەر کرا.[7]

باشووری کوردستان

- بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ەوە، لە هۆڵی گەلەری ئەمنەسورەکەی شاری سلێمانی، مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە ی-ن-ک، پێشەنگایەکی بۆ وێنەی شەهیدانی شەڕی دژی داعش کردەوە.[5]

- لە بارەگای نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە شاری هەولێر، ئەندامانی نوێنەرایەتییەکە دژ بە بەردەوامیی گۆشە گیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان-پەکەکە مانگرتنیان لە خواردن دەستپێکرد و ڕایانگەیاند.[5]

- ڕیزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا.[1]
- لە شاری سلێمانی، هەڵەبجە و کۆیە و چەندین ناوچەی تر ڕێورەسمی تایبەت بۆ ڕۆژی شەهیدانی یەکێتی بەڕێوەچوو.[3]
- فەرماندەی پاسەوانی سنووری عێراق لە هەرێمی کوردستان و فەرماندەی پاسەوانی سنووری سنە لە سلێمانی کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانی هاوبەشدا، لیوا شێرکۆ عەبدوڵڵا، فەرماندەی پاسەوانی سنووری عێراق لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان کۆماری عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێراندا کراوە، پێویستە شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەیەک لەنێوان فەرماندەکانی پارێزگاکانی سنوور ئەنجام بدرێت، جارێک لە ئێران و جارێکیش لە عێراق.[2]
- پزیشکی دادوەری بەغدا ئەنجامی پکشنینەکانی (دی ئێن ئەی) بۆ ئێسکپڕوسکەکانی حەویجە و کەسوکاری ژمارەیەک پێشمەرگە ئاشکراکرد، بەپێی پشکنینەکان هیچ پارچەیەک لەئێسکوپڕوسکەکان هی ئەو پێشمەرگانە نین کە ناسنامەکانیان لە حەویجە دۆزرابوویەوە.[6]
- ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان، سیمینارێکی لە قوتابخانەی ڕەوشتی کچان لە شارۆچکەی کەلار، بۆ ڕابیعە عەباس ڕێکخست، سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و تێیدا ئاماژە بەوەکرا، کە پێویستە ژنان بە توانا و بە خۆبەڕێکخستنکردن ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە.[5]
- ناوی 273 تۆمەتباری هەڵهاتوو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕادەستی وەزارەتی ناوخۆ کران و بڕیارە لە یەکشەممەی داهاتوو ئە و لیژنە باڵایەی بۆ دەستیگرکردنیان پێکهێندراوە، شوێنی نیشتەجێبوونیان ئاشکرا بکات.[6]

دەرەوەی کوردستان

- پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا خاڵە گومرگییەکانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان لابرێن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 21-11-2018
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی پوک میدیا - 21-11-2018

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-21
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-21
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 118

2018-11-22



باکووری کوردستان
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی پاکتاوکردن و سڕینەوەی سیاسیی گەلی کورد دا، هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵی هونەرمەندانی ناوەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامیا (نەچەمە - NÇM) و 8 هونەرمەند و منداڵێکی تەمەن 1 ساڵیان دەستگیرکرد.[2]
- لە شارۆچکەی دارەندەی سەر بە پارێزگای مەلەتی پاسێک وەرگەڕا. بەپێی ئاماری سەرەتایی، لانیکەم حەوت کەس گیانیانلەدەستداوە و 15ی دیکەش بریندارببوون.[1]
- کاتژمێر 8:50ی بەیانی بومبەلەرزەیەک بە گوڕی 4.1 پلە بەپێوەری ڕێختەر ناوچەی سلۆپی بە پارێزگای شرنەخ هەژاند. بومبەلەرزەکە لە قوڵایی 6.91ی کیلۆمەتری ژێر زەویدا ڕووی داوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرباری تێپەڕینی 45 ڕۆژ بەسەر تەواوبوونی مانۆڕی سەربازیی سوپای پاسداران لە زنجیرە شاخ و کوێستانەکانی چیای شاهۆ، بەڵام سوپای پاسداران تا ئێستاش بەردەوامە لە بۆردومانکردنی ناوچە جیاجیاکانی شاهۆ و بەهۆی ئەو تۆپبارانکردنانەوە زیانێکی زۆر بە سروشتی شاهۆ و بە تایبەتی ئەو ناوچانە گەیشتووە، کە کراونەتە ئامانجی تۆپبارانەکان.[2]
- هاوواڵتییەکی کورد بە ناوی تاهیر سۆفی تەمەن 36 ساڵ خەڵکی گوندی گەرگۆڵی خوار، سەر بە شاری پیرانشار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش هێرش کردنە سەر ماڵی ئەو هاوواڵتییە کوردە، ناوبراویان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کردووە.[5]
باشووری کوردستان
- مەسعود بارزانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیی هاوبەشدا لەگەڵ ڕێبەری هاوپەیمانیی فەتح ڕایگەیاند: بۆ پشتگیریکردنی ئەو هەلە نوێیەی لە عێراق هاتووەتە پێشەوە، سەردانی بەغدام کردووە.[1]
- بومبەلەرزەیەکباکووری خۆرئاوای شارۆچکەی زاخۆی سەربە پارێزگای دهۆکی هەژاند.[3]
- لە دەڤەری بەرواری سەر بە شارۆچکەی ئامێدی، بەفرباریین دەستیپێکرد. بەڕێوەبەری کەشناسی و بومبەلەرزەزانی ئامێدیش دەڵێت: شەپۆلی بەفروباران تا شەممەی داهاتوو بەردەوام دەبێت.[4]

- لەسەر ڕێگای سلێمانی-کەرکووک نزیک کۆمەڵگای (تەینا‌ڵ) بەهۆی پێکدادانی ئۆتۆمبێلێک و بارهەڵگرێکەوە سێ ئەندامی خێزانێک گیانیان لەدەستدا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شرناخ

شار و شارۆچکەکان: مەلاتێ

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-11-22

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-22

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-22

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-22

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-27

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 119

2018-11-23



باکووری کوردستان

- پارێزگاری دیلۆک ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: (لە نێوان 23ی تشرینی دووەمی 2\2018ی سەرماوەز و 7ی کانوونی یەکەمی 16\2018ی سەرماوەز لە و ناوچە قەدەغەکراوانەی وەک [ناوچەی ئاسایشی تایبەت] ڕاگەیەنراون، هاتووچۆی مرۆڤ و ئۆتۆمبێل قەدەغەیە. قەدەغەی پێویست و ڕێوشوێنی ئاسایشی پێویست لە لایەن بەرێوەبەرایەتیی ئاسایشی شار و فەرماندارەتیی جەندەرمەی شار دەگیرێنەبەر.)[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سپای پاسداران هەوڵی ڕەوانە کردنی چەکوچۆڵی قورسی نیزامیی بۆ بەرزاییەکانی شاخۆ شاهۆ دەدات. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، سپای پاسداران پایگاگەلێکی نوێ لە بەرزاییەکانی شاخی شاهۆ دروست کردووە و ئەم چەکوچۆڵە قورسانەش ڕەوانە ئەو پایگاگایانە دەکات.[5]

باشووری کوردستان

- بە ئامادەبوونی 180 کۆمپانیای بیانی و ناوخۆیی 13 هەمین پیشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی کرایەوە. ئە و پیشانگایە لە 23-11-2018 هەتا 28-11-2018 بۆ ماوەی 6 ڕۆژ بەردەوام دەبێت و کۆمپانیاکان کاڵاکانی خۆیان دەخەنەڕوو. ڕۆژانە لە سەعات 11ی بەیانی هەتا 5 ئێوارە پیشانگاکە بەڕووی هاوڵاتیاندا کراوەیە.[2]
- بەهۆی بارانبارینێکی زۆر لە کەمپی شێخان ئاوچوونەتە نێو نزیکەی 30 خێوەتی ئاوارەی کوردانی ئێزدی و هەموو کەلوپەلەکانیان ژێرئاوکەوتوون.[1]
- نووسەر و ڕۆژنامەنووس د. محەمەد ئەمین هەورامانی لە تەمەنی 90 ساڵیدا لەسلێمانی کۆچی دوایی کرد.[2]
- ژنانی هەولێر لە ژێردروشمی (هەموو پێکەوە بەرەنگاری تووندوتیژی دەبینەوە) گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تیایدا داوایانکرد چیتر تووندوتیژی بەرامبەر ژنان نەکرێت.[6]
- شەوی ڕابردوو بەهۆی زۆری ڕێژەی بارانبارین، لافاو لە بەشێک لە گەرەگ و شەقامەکانی سەدمەتری و شەشت مەتری شاری هەولێر دروستبوو.[4]
- لە ژێر ناونیشانیلە دژی تووندوتیژی، هەموومان پێکەوە بەرەنگاریی تووندوتیژی دەبینەوە، ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک، بە بەشداری چین و توێژە جیاوازەکان، ڕێپێوانێکیان لە بەردەم باخی گشتی بۆ پارکی دایک-ی شاری سلێمانی

دەستپێکرد.[4]
- لە کەلار هۆڵێکی هونەری بە گوژمەی 879 ملیۆن دینار کرایەوە و لە ماوەی چوار ساڵدا پرۆژەکە تەواوکرا، بۆ یەکەمجار دیدارێکی هونەری لە هۆڵەکەدا ئەنجامدا کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەم دەبێت و چەند گرووپێکی ئێرانی و ڕووسی تێیدا بەشدارن.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شارەدێی وەرتێی سەر بە شارۆچکەی ڕواندز، گەنجێکی تەمەن 22 ساڵان بەناوی ئاسۆ ئازاد وێستوویەتی هاوشێوەی یاری پەپجی ڤیدیۆییەک تۆماربکات، بەڵام بەهەڵە لەلایەن هاوڕێیەکییەوە کوژراوە.[6][2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەنجوومەنی سەربازیی منبج ڕایگەیاند، گروپە چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هێرشیان کردووەتە سەر خاڵەکانی شەڕڤانان لە گوندی عەرەب حەسەن لە منبج.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئەنتاب - دیلۆک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ڕواندز

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

ولّات: باشووری کوردستان

ولّات: ڕۆژاوای کوردستان

ولّات: ئێران

ولّات: تورکیا

ولّات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 120

2018-11-24



باکووری کوردستان
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی ئاکەپە بە دوکاندار و کاسبکارانی ناوچەی جزیریان لە شرنەخ ڕاگەیاندووە، نابێت لە کاتژمێر 12ی شەو بە دواوە دوکان و بازاڕ و شوێنی کارەکانیان کراوە بێت.[3]
- پۆلیسی دەوڵەتی ئاکەپە لە وان بەڕێوەبەرانی دیسا دەر (DÎSA-Der) و خەباتکارانی ڕۆژنامەی یەنی یاشام و هەدەپەی دەستگیرکرد.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، ئەمیر سوهەیلی، بەرپرسی ئەنجومەنی کارتۆن و کاریکاتۆری سنە، لە ڕێگای نێوان کامیاران-سنە، بە هۆی ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەست دا.[6]
- سەحەر کازمی، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی شاری سنە، کە چەند مانگ پێشتر لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو، بە شێوەی کاتی لە گرتووخانە ئازاد کرا.[6]
- دوو لاوی کورد، بە ناوەکانی پەیام ئەنوەری و ڕەزا مەریمی، خەڵکی شاری بانە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. هێزە ئیتلاعاتییەکان هۆکاری دەسبەسەرکردنی ئەم دوو هاوواڵاتییە کوردەیان، بۆ لایەنگەری لە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی حکوومەتی ئێران گەڕاندووەتەوە.[6]
- ئومێد دەباغچی موکری، چالاکێکی مەدەنیی کورد، لە گرتووخانەی شاری مەهاباد پاش تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەی ئازاد کرا.[6]
- چالاکێکی مامۆستایان بە ناوی حامید نێرگسی خەڵکی شاری دیواندەرە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سپا دەسبەسەر کرا.[6]
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی سینا ئەحمەدی خەڵکی شاری بانە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە نزیک شارەدێی تەکیە-ی سەر بە شاروچکەی چەمچەماڵ-ی پارێزگای سلێمانی، تەقە لە ئۆتۆمبێلێک کرا، بەهۆیەوە کەسێک کوژرا و دوو کەسی دیکەش بریندار بوون، کە هەرسێکیان خەڵکی شاری کەرکووک-ن و لە نەتەوەی تورکمان-ن.[1]
- کۆگایەک لە شاری هەولێر گڕی گرت و ژمارەیەک خێزانیش کە لە بینای سەر کۆگاکەدان ژیانیان کەوتە مەترسیەوە. ئاگرەکە

زیانی ماددی زۆری لێکەوتەوە و سەرئەنجام زیانی گیانی نەبوو.[2][5]
- شیروان میرزا، ئەندامی لیژنەی دارایی پەرلەمان عێراق ڕایگەیاند، لەکۆبوونەوەی ئەمڕۆ گفتوگۆ دەکرێت لەبارەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکانی ئەم دواییەی عێراق و ئێمەش داوای قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی بناری قەندیل دەکەین.[4]
- ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، حکومەتی فیدرالی پابەند کرد بە قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی ئەم دواییەی ناوچەکانی هەرێم.[5]
- بۆ یەکەمجار لەسلێمانی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق بەڕێ کردنەوەی قەفەزەی سنگ نەشتەگەری گۆڕینی سەمامەی دڵ ئەنجامدرا، وتەبێژی تەندروستی سلێمانیش دەڵێت: تیمێکی ئەڵمانی بەهاوکاری پزیشکانی ناوخۆ نەشتەرگەرییەکانیان بەسەرکەوتووی ئەنجامداوەو نرخی هەر سەمامەیەکیش 40 هەزار دۆلارە.[5]
- فرۆشتنی جۆرە پێڵاوێک لە بازاڕەکانی دهۆک مەسیحییەکانی ئە و شارە تووڕە دەکات و داوا دەکەن ئە و جۆرە پێڵاوە لەبازاڕ نەفرۆشرێت، پەرلەمانتارێکی مەسیحی-ش داوا دەکات ئە و کسانە سزا بدرێن کە ئە و کارەیان کردووە.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سۆران دەستی بەسەر بڕی 31 کیلۆ ماددەی هۆشبەر لە جۆری هێرۆیندا گرت، کە لەنێو ئۆتۆمبێلێکی تایبەت بووە لە جۆری مازدا.[4]
- بەهۆی بارانی بەخوڕ و لێزمە، لە ئێوارەی ئەمڕۆوە لە سنووری مەندەلی و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری لافاو دروستبووە و بەهۆی ترس لە زیادتربوونی لافاو تیمە فریاگوزاریەکان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان.[2]
- یاسین ڕەحیم جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی و ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژووری بازرگانی پێشوازیان لە محەمەد قایە سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی ئامەد و عەبدلقادر دەمیر سەرۆکی ژووری بازرگانی باتمان کرد و پرۆتۆکۆڵێکی هاوکاریان واژۆکرد.[5]
- لە چەمچەماڵ شەڕ لەنێوان دوو بنەماڵە ڕوویدا و بەهۆیەوە دوو کەس بریندار بوون.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شیمار حیمۆ چالاکوانی سیاسی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند: لەشارۆچکەی تیانەی سەربە پارێزگای دێر ئەلزور، شەڕڤانان و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش ئوسامە عوێد ئەبو زەید کەسی دووەمی داعشیان دەستگیرکردوە.[5]
- چەتەکان بە ئامانجی لەباربردنی ئاسایشی منبج، دوو مین-یان لە گەڕەکی سەرب بەجێ کردبوو، مینی یەکەم لە نزیکی خوێندنگای 'قەسر بەنات عەرەب' لە کاتژمێر 23:24 خولەکی شەو تەقییەوە، کە لە ئەنجامی تەقینەوەکە کەسێکی سڤیل و دوو سەرباز بریندار بوون، تەقینی دووەمیش لە نزیکی مەیدانی دەلوو کاتژمێر 23:25 خولەکی شەو ڕوویدا کە ئەو تەقینە زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- لە شاری ئارنەیمی هۆڵندا لەبارەی کەمپەینی تووندوتیژی دژ بە ژنان سیاسەتە سیمینارێک ڕێکخرا. ئەو کەمپەینە لەلایەن بزووتنەوەی ژنانی کورد لە ئەروپا (تەژەکە ئەوروپا - TJK-E) ڕێکخراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: هۆڵاند
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-24
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2018-11-24
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-24
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2018-11-24
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری پوک میدیا - 2018-11-24
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردپا - 2018-11-24
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 121

2018-11-25



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.5 پلەی ڕێختەر لە سەرپێڵ زەهاو و قەسری شیرین و ناوچەکانی تری سنووری کرماشانی دا. قوربانی و بریندارى زۆری لێکەوتەوە. هەواڵە سەرەتاییەکان باس لە کوژرانی 7 هاووڵاتی لە سەرپێڵی زەهاو دەکەن. پارێزگاری کرماشان ژمارەی بریندارانی 115 کەس ڕاگەیاندووە. بە وتە هوشەنگ بازوبەند پارێزگاری کرماشان لە گیلانی غەرب 50 کەس، لەسەرپێڵی زەهاو 50 و 15 کەسی دیکە لە گیلان غەرب بریندار بوون.[3]
- ژمارەیەک لە کۆچانی هونەرمەندی شاری سنە، پێشانگایەکیان بە ناوی هاوار سەبارەت بە تووندوتیژی دژی ژنان بەڕێوە برد.[5]
باشووری کوردستان
- بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.5 پلەی ڕێختەر لە گەرمیان و سنووری پارێزگای سلێمانیی دا، بەهۆیەوە بەلایەنی کەمەوە 2 کەس لە کەلار گیانی لەدەستداوە و دەیان بریندارى لێکەوتەوە.[3]
- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان لەهەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنێت. لەمەڕاسیمەکەدا هەر یەکە لە نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی و نوێنەری یەکێتی ئەوروپا و نوێنەری ژمارەیەک کونسڵی وڵاتان لەهەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی ژنان ئامادە دەبن.[1]
- بەهۆی بوونی کەموکوڕی و ناڕەزایی لەدۆخی ژیانیانن خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سلێمانی خۆپیشاندانێکیان دەستپێکرد و بەهۆیەوە دەوام ڕاگیرا. سەرۆکی زانکۆی سلێمانی ڕایگەیاند: لێژنەیەکیان بۆ بەدەنگەوەهاتنی داواکاری خوێندکاران پێکهێناوە و ئەمڕۆش بڕیار دراوە تا ماوەیەک بەڕێوبەری کەمپی ناوشاری زانکۆی سلێمانی بەرپرسیارێتی بەشە ناوخۆییەکان دەگرێتە دەست.[1]
- ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، سکاڵایەکی یاسایی لەسەر باوکی نما تۆمارکرد و، ئەمڕۆش بۆ لێکۆڵینەوە بردرایە بەردەم دادگا.[2]
- لە شارەدێی خانەسۆر لە شەنگال بە بۆنەی 25ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان، سیمینارێک ئەنجامدرا و دواتر خۆپیشاندانێک بەڕێوەچوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-25
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-27
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 122

2018-11-26



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورکیا لە 11کەرەک و گوندی لیجە قەدەغەی هاتوچۆی لە دژی هاووڵاتیان ڕاگەیاند. سوپای تورکیا دوای ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆئۆپەراسیۆنێکی سەربازیان لەناوچەکەدا دەستپێکردووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی بوومەلەرزەکەی دوێنێ شەوەوە، سەرچاوەکان باس لە کوژرانی 8 کەس و برینداربوونی زۆرتر لە 700 کەس دەکەن لە سنووری کرماشان.[1]
- بەرپرسی تۆڕی ناوەندی بومەلەرزەزانی پارێزگای کرماشان ڕایگەیاند: لەدوای ئەو بومەلەرزە بەهێزەکەی لە کرماشان ڕوویدا 161 بومەلەرزەی سوک و مام ناوەند لەو پارێزگایە تۆمارکراوە.[5]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی دالاّنپەڕی مەرگەوەر، لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە تەقەیان لێدەکرێت و لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مامەش عەلیزادە خەڵکی ناوچەی تەرگەوەڕ، بە سەختی بریندار بوو.[3]
- چەند ڕۆژ پێش، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی حشمەت ئادمنتەمەن 28 ساڵ خەڵکی گوندی ئەسپەڕێز سەر بە دێهستانی پیرشالیاری شاری سەولاوا، لە لایەن مەئمووڕانی ئیتلاعاتی سەر بە هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[3]
باشووری کوردستان
- لەماوەی 24 سەعاتی ڕابردوودا 90 بومەلەرزە شاری خانەقین و دەوروبەری هەژاندوە.[5]
- کاتژمێر: 23:00، ئاگرێک لە بازاڕی قەیسەرپی مێژوویی کەرکووک کەوتەوە و بەهۆیەوە سەدان دوکان سووتان و زیانی ماددی و مێژوویی لێکەوتەوە.[1]
- ئەمڕۆ جارێکی دیکە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەبەردەم کەمپی نوێی زانکۆ گردبونەوەیان ئەنجامدا. ئەو خوێندکارانە، جەختیان کردەوە، کە تا ئەو کاتەی تەواوی داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکرێت، بەردەوام دەبن لە دەربڕینی ناڕەزایی.[6]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، لە بارەگا سەرەکیی خۆیان لە شاری سلێمانی، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان لەسەر بڕیاری داخستنی حزب و ڕێکخراوە بێ مۆڵەتەکان ڕێکخست، کە دوێنێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرکرا. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا، شیلان شاکر، هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادیی قسەیکرد و ئەوەی خستەڕوو: دوای دەرچوونی ئەو بڕیارە، ئەمڕۆ بەشی ئاسایشی ڕزگاریی لە شاری سلێمانی سەردانی بارەگاکەمانی کرد و داوای پیشاندانی مۆڵەتی لێ کردین، ئێمەش پێمانوت کە مۆڵەتی هەرێممان نییە بەڵام مۆڵەتی عێراقمان هەیە.[6]
- عاسی محەمەد زەنگەنە دانیشتووی شاری کفری کە یەکێکە لەوانەی لە سەر دۆسیەی ئەنفال داواکراو بوو، چوار ساڵ لەمەوبەر خۆی ڕادەستی دادگا کرد بوو، ئەمڕۆ لە زیندانداکۆچی دوایی کرد.[7]
دەرەوەی کوردستان
- هەفتەی ڕابردوو کۆبوونەوەیەک بە بەشداری ژمارەیەک شارەزای کورد، عەرەب و ئیسرائیلی لە ئورشەلیم بەڕێوەچوو کە تێیدا سیستەمی فیدراڵیزم بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تاوتوێ کرا، بەتایبەتیش لە عێراق، سووریا، ئوردن و ئیسرائیل، ئەمەش وەکو بەشێک لە چارەسەری ئەو دۆخە ئاڵۆزەی لە چەندین ساڵی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتووەتەوە. یەکێک لەو بژارانەی لەوێدا خراوەتەڕوو، پێکهێنانی جۆرێک لە کۆنفیدراڵی لە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-11-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-11-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-11-26
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-11-26
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-11-26
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 123

2018-11-27



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵیدا، سەردانی داواکاری گشتیی دادگای کۆماری بورسایان کرد.
ئەمە 766هەمین جارە کە پارێزەران سەردانی دادگای کۆماری بورسا دەکەن. بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان

ڕەتکرایەوە.[5]
- بەرەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیس هەڵیکوتایە سەر دەیان ماڵ لە پارێزگەی شرناخ. بە گوێرەی زانیارییەکان لە ناوەندی شارەکە 8، لە جزیر 18، لە سلۆپی 14، لە هەزەخ 9 و لە قلابان-یش کەسێک دەستگیر کراوە. ڕاگەیەنرا ئە و کەسانە بە بیانووی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) و (پڕوپاگەندە کردن بۆ ڕێکخستن دەستگیرکراون و ڕەوانەی بەڕەوەبەرایەتیی ئاسایش کراون.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دانیشتووانی سنووری کرماشان، بەهۆی ترس لە بوومەلەرزە لە دەرەوەی ماڵەکانیان ڕۆژ دەکەنەوە.[2]
- عێزەت نەسری چالاکی کرێکارێی کورد، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانەکەی بەپێی حوکمی دادگوستەربی شاری سەقز، خۆی بە ناوەندە قەزاییەکان ناساند و بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی مێهدی ئەمینی، کوڕی مەجید خەڵکی گوندی نەنووری شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان پێکرا.[6]
- ستوانی یەکەم مستەفا عەبدولمەلەکی، خەڵکی شاری قوروە و فەرماندەی پاسگای سنووری بروێشکان، لە گوردانی نووری شاری بانە، لە شەڕ و تێکەڵچوونێکدا لەگەڵ کەسانێکی نەناسراو کوژرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە دادگای بەرایی هەڵەبجە و بە ئامادەبوونی پارێزەرانی نێودەوڵەتی و کەسوکاری شەهیدان و پارێزەری کۆمپانیاکانی فرۆشتنی چەکی کیمیایی، پرۆسەی دادگایکردنی فرۆشتنی چەکی کیمیایی بە ڕژێمی بەعس دەستپێکرد.[1]
- شەوی ڕابردوو ئاگر لە بازاڕی قەیسەری شاری کەرکووک کەوتەوە، بەو هۆیەوە زیاتر لە 300 دوکانی بازاڕەکە بە کەلوپەلەکانی ناویانەوە سووتان.[2]
- هێزەکانی ئاسایش لە سلێمانی چوونە بارەگای تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و پێیان ڕاگەیاندوون، کە بەهۆی نەبوونی مۆڵەتەوە دەبێت بارەگاکەیان داخەن و بۆ ئەو مەبەستەش دەستەی بەڕێوبەربی تەڤگەری ئازادییش لە کۆبوونەوەدایە و هێزەکانی ئاسایشیش گەمارۆ بارەگاکەیان داوە و لە چاوەڕوانیی داخستنیدان. هاوڵاتیان و ئەندامانی تەڤگەر ڕوو لە بارەگای تەڤگەری ئازادیی دەکەن بە مەبەستیی پشتگیریی.[2]
- محەمەد عەبدوڵڵا، هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە، کە بارەگانیان ڕادەستی هێزە ئەمنییەکان بکەن و دابخرێت، دەشڵێت: ئەگەر بەزۆریش ئێمەیان کردە دەرەوە، ڕێگای خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دیموکراسییانە دەگرینە بەر.[2]
- ساڵیادی دامەزراندنی پەکەکە لە چیاکانی کوردستان بە مەراسیمێک پیرۆزکرا.[2]
- دانیشتوانی گوندەکانی سنووری شاروچکەی داقوق خۆپیشاندانێکیان ساز کرد بەمەبەستی ڕێگرتن لەچوونی عەرەبەکان بەپاڵپشتی هێزە ئەمنییەکان بۆ گوندەکانیان.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: ئێوارەی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک لە شاروچکەکەی خانەقینی داوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.[1]
- مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەدوای کۆبوونەوەکەی ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، یەکێتی بە شەراکەتی ڕاستەقینە و بڕیاری هاوبەش و بەرپرسیارێتی هاوبەش، بەشداری کابینەی نوێی حکومەت دەکات.[4]
- فیلمی (14ی تەموز) کە باس لە بەرخۆدانی مێژوویی پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئازادیی کوردستان (پەکەکە) لە زیندانی ئامەد دەکات، بڕیار بوو لە ڕۆژی 1ی کانوونی یەکەم\10ی سەرماوەز بەدوا، لە سینەما سالمی شاری سلێمانی نمایش بکرێت، بەڵام بە بڕیاری ئاسایشی گشتیی سلێمانی نمایشی فیلمەکە قەدەغە کرا.[5]
- گەنجانی باڵەکایەتی بەبۆنەی 41 ساڵەی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە ڕۆشتنە شوێنی گەریلاکان و بە یاریە ئاگرینەکان چیاکانیان ڕوناک کردەوە، بەو شێوەیە پیرۆزبایی خۆیان بۆ ئەو یادە دەربڕی.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمریکا بەردەوامە لەفراوانکردنی توانا سەربازیەکانی خۆی لەڕۆژئاوای کوردستان و لەناوچەی گرێ سپی سەربازگەیەک لەنێوان سنوری تورکیا- ڕۆژئاوا دادەمەزرێنێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شاروچکەکان: ئاگری
شار و شاروچکەکان: بانە
شار و شاروچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-11-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-27
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-28
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 124

2018-11-28



باکووری کوردستان
- لە سێیەمین سااڵیادی کوشتنیدا، لە بەردەم منارەی چوار لنگ لە ناوچەی سووری ئامەد مەڕاسیمی یادکردنەوەی تاهیر ئەلچی سەرۆکی ژووری پارێزەرانی ئامەد بەڕێوەچوو. لە مەڕاسیمەکەدا تورکان ئەلچی هاوژینی تاهیر ئەلچی، نوێنەرانی ژووری پارێزەرانی دیلۆک، ئیزمیر، ئەنقەرە و یەکێتیی ژووری پارێزەرانی تورکیا (TTB)، پەرلەمانتارانی پارتیی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ڕەمزیە تۆسوون، سەلچووک مزراکلی، مووسا فارسئۆغوواللاری و زۆر پارێزەری دیکە بەشدار بوون.[5]
ڕۆژهەاڵتی کوردستان
- لە شەوی ڕابردووەوە، چەند بوومەلەرزەیەک لە سنووری سەرپێڵ زەهاو ڕوویانداوە.[1]
باشووری کوردستان
- لە یادی 50 ساڵەی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی، چەند ڕێورەسم و چاالکییەک بەڕێوەدەچێت. لە یەکەمین ڕۆژی دەستپێکی چاالکییەکانیدا، یۆبیلی زێڕینی دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی خەاڵتی ڕێزلێنان بەخشیە سەرۆک مام جەاڵل لە پێناو دامەزراندن و گەشەپێدان و یارمەتی و کۆمەکەکانی بۆ ئەو زانکۆی سلێمانی. هەروەها زانکۆی سلێمانی لە پێناو خزمەتکردنیان بە و زانۆیە خەاڵتی ڕێزلێنان بەخشییە ژمارەیەک لە بەرپرسان و سەرۆک و دڵسۆزانی ئە و زانکۆیە کە لەناویاندا پشتیوان و هاوکار بوون لە سەرخستن و بەرەوپێشبردنی زانکۆکەدا هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ، نەوشیروان مستەفا، مەسعود بارزانی، جەمال عەبدول، لەتیف ڕەشید، فاروق مەال مستەفا و ژمارەیەک کەسایەتی زانستی و ئەدەبی و هونەری دەبیندرێت.[2]
- شەوی ڕابردوو، 3 بوومەلەرزە لە نزیک خانەقین ڕوویاندا.[1]
- ئاسایشی گەرمیان، ڕۆشتوونەتە سەر بارەگای تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە شارۆچکەی کەالر و داوای ئەوە دەکەن بارەگاکەیان دابخەن.[3]
- بەیانی ئەمڕۆ، هێزێکی ئاسایشی کۆیە، چوونەتە سەر بارەگای تەڤگەری ئازادی لە شارۆچکەی کۆیە-ی سەر بە پارێزگای هەولێر و دایانخستووە.[3]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ هێزەکانی ئاسایش لە شارۆچکەی کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان بارەگای تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستانیان داخست.[3]
- بارەگای تەڤگەری ئازادی لە هەردوو ڕانیە و قەاڵدزێ لەسنوری ئیدارەی ڕاپەڕین لەاليەن هێزە ئەمنییەکانەوە داخران.[4]
- هێزەکانی ئاسایشی ڕانیە ئەمشە و هەڵیانکوتایە سەر نووسینگەی ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان (ڕەژاک) لە شاری ڕانیە و دوای 3 ڕۆژ لە کردنەوەی، نووسینگەکەیان داخست.[5]
- شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە، سەردانی بارەگای تەڤگەری ئازادییان کرد لە شاری سلێمانی و پشتیوانیی خۆیان بۆ هاوسەرۆکان و ئەندامانی دەستەی بەڕێوبەریی تەڤگەری ئازادیی دەربڕی.[3]
- بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: حکومەتی هەرێم داوا لە بریتانیا دەکات کار بکات بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتی بۆ ناساندنی کەیسی ئێزدییەکان بۆ بە جینۆساید ناساندنی.[4]
- تەقە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بەشی ڕۆژ هەاڵتی سلێمانی لە گەڕەکی توی مەلیک کرا و زیانی ماددیی لێکەوتەوە.[4]
- بە مەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بە کەرتی کشتوکاڵ و دروستکردنی بازارێک بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی جوتیارانی سنورەکە، بە ئامادەبوونی نوێنەری یەکێتی ئەورووپا لە هەولێر و بەرپرسانی حکومی و حزبی، لەسەر بودجەی یەکێتی ئەورووپا و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە هەفتەبازارێکی کشتوکاڵی لە هەڵەبجە کراوە کە بێ بەرامبەر دەدرێتە جوتیاران.[4]

دەرەوەی کوردستان
- وەفدێکی هاوبەشی کورد و تورکمان لەبارەی کێشە کشتوکاڵییەکانی کەرکووک لەگەڵ بەرهەم سااڵح، سەرکۆماری عێراق کۆبونەوە.[4]
- تاهیر ئەلچی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ 3 ساڵ لەوە پێش و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا لە ئامەد تیرۆرکرا. بڕیاربوو لە ئەنقەرە یادی ئەلچی بەڕێوەببێت، بەاڵم پۆلیسی تورک ڕێگای نەدا یادەکە لە ئەنقەرە بەڕێوەببێت.[3]
- بەرەبەیانیی ئەمڕۆ ڕژێمی ئاکەپە هەڵیکوتایە سەر ماڵان و لە ئەنجامدا هەریەکە لە ئەندامانی هەدەپە؛ هانیفی بالجی، سەیفەدین بۆزکوورت، ڕەمەزان ئایهان، ئەکرەم عەلی پنار، ئیهرابی چەتین، شەهابەدین ئولکەر و 3 کەسی دیکە کە ناویان نەزانرا دەستگیر کران. بە گوێرەی زانیارییەکان بەشێک لە و دەستگیرکراوانە لە بەڕێوەبەرانی پێشووی هەدەپەن کە بەهۆی بااڵوکراوەکانیان لە تۆڕەکۆمەاڵیەتییەکان دەستگیرکراون.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / الیەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / الیەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / الیەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەاڵدزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەالر (گەرمیان)
وااڵت: باشووری کوردستان
وااڵت: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-28
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 125

2018-11-29

بەپەلە لە شیرین کاوە گەرمیانی Shirin Kawa Garmiany
پارلەمانتارەوە

ئێستا لە بارەگای تەڤگەری ئازادی لە کەلار ئەندامێکیان بەهۆی
زۆری ئەو ئاسایشەی کە نێردراوەتە سەریان ئەیەوێت ئاگر لە
جەستەی خۆی بەردات لەسەر بانی بارەگەکە..
بەداخەوە ئاسایش ڕێگریان لە من کرد کە برۆمە سەر بان و بۆ
ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە.



باکووری کوردستان
- ژاندەرمەکانی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی بیرەجووک-ی سەر بە پارێزگەی ڕوحا هەڵیانکوتایە سەر گەڕەکی زیارەت و 7 کەسیان دەستگیر کرد. لەنێو دەستگیرکراوەکاندا موختار هشمان کلچ، سادوون کلچ، سالح قەرەیلان و سەباحەدین قەرەیلان هەن.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هادی سەلیمی، تەمەن 30 ساڵ کوڕی ئەحمەد، بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، جێگیر لە پایگای ماڵتەی شاری بانە، گیانی لە دەست دا.[3]
- کاروانێک لە کۆڵبەران لە ناوچەی کانی خودا (کانی خوڵا) لە سنووری پیرانشار کەوتوونەتە بۆسەی چەکدارەکانی سەر سنووری ئێران و بەهۆی تەقەی ئەو چەکدارانەوە کۆڵبەرێک بە ناوی فەرهاد بیانک خەڵکی گوندی ماشکان کوژراوە.[6]
باشووری کوردستان
- محەمەد عەبدوڵڵا، هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی ڕایدەگەیێنێت، چوار بارەگای حیزبەکەیان لە سنووری سلێمانی داخراوە و بارەگای کەلاریش گەمارۆدراوە. هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادی ئاماژەی بەوەشکرد تاوەکو ئێستا هیچ ڕوونکردنەوەیەک ڕوونینەداوە شیاوی باسکردن بێت، تەنیا لە قەڵادزێ دوو هەڤاڵمان دەستگیرکراون و دواتر ئازادکران.[1]
- بڕیاربوو لە دژی داخستنی بارەگاکەیان و بەندکردنی چوار ئەندامیان لەناو بارەگا تا درەنگانی شەو، کاتژمێر 9:00ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لەبەردەم بارەگای تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە شاروچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان گردبوونەوەیەک بەڕێوەبچێت، بەڵام هێزێکی زۆری ئاسایش پەلاماری چالاکوانانیان دا و ڕێگانادەن چالاکییەکە ئەنجام بدەن. هێزەکانی ئاسایش بە سەختیی لە سێ ئەندامی تەڤگەری ئازادیی-یان داوە و هەرسێ ئەندامەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار کراون لە کەلار.[2]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00 بەرەی تورکمانی لەژێر ناونیشانی (داواکارییەکانی تورکمان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە هۆڵی هۆتێل کوارتز لە شاری هەولێر دەستی بە کۆبوونەوە کرد، تیمی ڕۆژنیوز بە مەبەستی ڕووماڵکردنی کۆبوونەوەکە چووە هۆڵەکە، بەڵام لەلایەن ئەندامانی بەرەی تورکمانییەوە ڕێگری لێکرا. ئەندامانی بەرەی تورکمانیی ڕاگەیاندووە، کە بەهۆی ئامادەبوونی هاکان قەرەچای، کونسوڵی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، لەناو کۆبوونەوەکە، نابێت ڕۆژنیوز لێرە ئامادەبن و

ڕووماڵ بکەن.[2]
- کونسڵی گشتی تورکیا لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند وڵاتەکەی پاڵپشتی ئە و بڕیارە دەکات کە حکومەتی هەرێم دەریکردووە بۆ داخستنی بارەگای حزبە پێ مۆڵەتەکان ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ بڕیاری داخستنی بارەگای ڕەوتی تەڤگەری ئازادی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەبوونی مۆڵەتی یاسایی کە بە گروپێکی نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) هەژمار دەکرێت.[4]
- شێرکۆ جەودەت، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە دژی فشارەکانی سەر تەڤگەری ئازادیی، ڕایدەگەیەنێت، کە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان یاسا پێشل دەکات و وتیشی: دەبوو وەزارەتەکە وەڵامی هەموو ئەو حیزبانەی بدایەتەوە کە سەردانی وەزارەتی ناوخۆیان کردووە.[2]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە لایەن پۆلیسی ئێڕاقییەوە یەکەم کۆمەڵگەی تەعریب لە ناوچەی داقوق جێگیرکرا، کە نزیکەی 50 ماڵ دەبن.[5]
- لە نزیک گوندی ئەشاجیر-ی سەر بە شارەدێی سەعدیە لە شارۆچکەی خانەقین، لە کاتی تێپەڕبوونی کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی، بۆمبێک تەقیەوە. بەهۆی تەقینەوەکە جەمال جەنابی فەرماندەی فەوجی ڕوحوڵای سەر بە لیوای 110ی حەشدی کوژرا و چەند چەکدارێکی فەوجەکەش بریندار بوون.[6]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بومبەلەرزەیەک بە گوڕی 4،3 پلە بە پێوەری ڕێختەر بە قوڵی 11 کیلۆمەتر بە دووری 30 کیلۆمەتر لە سنووری خانەقین ڕوویدا.[4]
- لە ژێر دروشمی بەرەنگاربوونەوەی ماددەهۆشبەرەکان لەپێناو کۆمەڵگایەکی تەندروست لە شارۆچکەی کفری پۆلیسی کۆمەڵگەیی کۆنفڕانسێکی ئەنجامدا و یاداشتێک لە و بارەیەوە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێڕاقی
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-29

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-11-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-29
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-29
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 126

2018-11-30



باکووری کوردستان
- بەپێی سەرچاوە هەرێمییەکان گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) و یەکینەی ژنانی ئازاد (یەژاستار - YJA-STAR) لە شاخی عەلی شێر لەناوچەی گەفەر لە پارێزگای جۆلەمێرگ لە سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەریان دا و بەو هۆیەوە 5 سەرباز کوژران.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بنکەی فەرهەنگی و ئەدەبی ڕووناک لە شاری پیرانشار شەوە شێعرێکی بۆ شاعیران و هۆگرانی شێعر و ئەدەبی کوردی بەڕێوە برد. لەم شەوە شێعرەدا کە کاتژمێر 4ی ئێوارە دەستی پێکرد، 33 شاعیر بەشدار بوون کە تێیدا زیاتر لە 50 شێعریان خوێندەوە؛ ئەم شەوە شێعرە زیاتر لە 4 کاتژمێری خایاند. شاعیرانی بەشداربووی ئەم شەوە شێعرە خەڵکی شارەکانی سەردەشت، بانە، مەهاباد، بۆکان، سەقز، نەغەدە و شنۆ بوون.[6]
- کۆڕی ناساندن و تاوتوێکردنی گۆڤاری زانستیی هۆژین لە کافە کتێبی ئەندێشە (پیرانشار)، بە بەشداریی ستافی

بەڕێوەبەرایەتی بنکەی زانستی-فەرهەنگی هۆژان، سەرنووسەر، بەرپرسان و کۆمەڵێک لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هۆژین بەڕێوە چوو.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی جبرەئیل ئەحمەدی خەڵکی ناوچەی سۆمای ورمێ لە ئاکامی تەقەی هێزە ئینتیزامییەکاندا لە ڕێگای گەیشتن بە هەشتیان، شانی بریندار بوو.[6]
باشووری کوردستان
- فیدراسیۆنی پەنابەران ڕایدەگەیەنێت، سەعات 6:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەسەر ئەرکی قوباد تاڵەبانی تەرمی منداڵێکی پەنابەری تەمەن 3 ساڵ بە ناوی ئەحمەد عەبدولڕەحمان کە بە ڕووداوی هاتووچۆ گیانی لەدەستدابوو، لە یۆنانەوە گەڕێنرایەوە هەرێم.[1]
- کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: بەیانی ئەمڕۆ بوومەلەرزەیەک بە قۆڵایی 10 کم لە شاری خانەقینی داوە.[2]
- فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کورستان ڕایگەیاند، داخستنی بارەگاکانی تەفگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان دەکات.[3]
- کەجەکە ڕایگەیاند، بارەگاکانی تەفگەری ئازادی لە ژێر گوشاری دەوڵەتی تورک دا داخراون. ڕاشیگەیاند هۆکارەکانی دامەزراندنی یەکێتی و هێڵی سیاسیی مام جەلال ئەو ڕێگایەیە کە دەبێت یەکێتیی ئەمڕۆش لەسەری بێت. کەجەکە داوای لە یەکێتی کرد دەست لەو هەڵوێستەی هەڵگرێت.[4]
- کاتژمێر 11ی بەیانی ئەمڕۆ فاتح یەڵدز باڵوێزی تورکیا لە عێراق سەردانی بازاڕی قەیسەریی کەرکووک کرد، کە سوتاوە، دواتر نوێژی هەینی لە مزگەوتی قشڵی کرد، کە دەکەوێتە بەرامبەر قەیسەریی کەرکووک، بەڵام جگە لە کەناڵی عێراقیە و تورکمانی، ڕێگە بە هیچ دەزگایەکی تر نەدرا سەردانەکەی ڕووماڵ بکەن.[3]
- کۆردیناسیۆنی کۆما ژنانی کوردستان - کەژەکە ڕایگەیاند، داخستنی بارەگەکانی تەفگەری ئازادی و ڕۆژاک، لە بەهاکانی وڵاتپارێزی ناوەشێتەوە و داوای لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ی- ن- ک، کرد خۆیان لە و هەڵسوکەوت و بڕیارانە بەدوورببگرن.[3]
- لە کاردانەوی داخستنی بارەگەکانی تەفگەری ئازادی لە سنووری سلێمانی، ژمارەیەک گەنج لە سنوونێ چوونە سەر بارەگای کۆمیتەی 2ی یەکێتی و داوای داخستنی بارەگاکەیان کردووە و بۆ ماوەی دوو کاژێر کۆمیتەکە داخرا، ئاڵای یەکێتیش لەسەر بارەگەکە هێنراوەتە خوارەوە.[5]
- پارتی ئازادی و دیموکراسی ئێزدی – پادێ، ڕایگەیاند، کە ئەو گەنجانەی چوونەتە سەر بارەگای ی- ن- ک، لە شەنگال هیچ پەیوەندییاکیان بە ئەوانەوە نییە و لەگەڵ ئەو کارەشدا نیین کە ئەنجامیان داوە.[3]
- بەپێی ڕاگەیەندراوێکی ڕۆژنامەوانی نوسینگەی ڕاکان جبوری، پارێزگاری کاتی کەرکووک کە لەبارەی سەردانی ئەمڕۆی فاتح یەڵدز، باڵیۆزی تورکیا لەعێراق بۆ کەرکووک بڵاوکراوەتەوە لە کۆبوونەوەکانی ئەمڕۆدا تەئکیدکراوەتەوە لەسەر ئەوەی ساڵی داهاتوو ئاژانسی پەرەپێدانی تورکیا (تیکا) چەند پرۆژەیەک بۆ پاڵپشتی لەئیدارەی کەرکووک ئەنجام دەدات. هەر لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەشخراوەتەڕوو یەکێک لە و پرۆژانە کردنەوەی نوسینگەی پێدانی ڤیزای وڵاتی تورکیا-یە بەهاوڵاتیان.[2]
- لە چوارچێوەی یارییەکانی خولی نایابی کوردستان لەیاریگای دهۆک یاری نێوان هەردوو یانەی دهۆک و زاخۆ بەڕێوەچوو، بەڵام لەکاتی یارییەکەدا شەڕو پێکدادان لەنێوان هاندەرانی دهۆک و زاخۆ سەریهەڵداو پەلاماری یەکیانداوەو تێڵاو دارلاستیکیکیشیان بەکارهێناوەو بەهۆیەوە 12 کەس لەهەردوولا بریندار بوون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- پەیەدە ناڕەزایەتی پیشان دا لە بەرانبەر داخستنی بارەگەکانی تەفگەری ئازادی و ڕایگەیاند، ئەم هەنگاوە خزمەتی کوردستان ناکات.[4]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی ڕابردوو سوپای ئیسرائیل چەند ئامانجێکی لە سووریا بۆردوومانکردوون و بەرپرسێکی سووریاش دەڵێت، سوپای وڵاتەکەی وەڵامی هێرشەکەی داوەتەوە.[2]
- نۆزدەمین دادگەی سزا قورسەکانی ئەنقەرە داواکارِیی پارێزەرانی دەمیرتاشی ڕەتکردەوە کە لەژێر ڕۆشنایی بڕیارەکەی دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپا داوای ئازادکردنی سەلاحەدین دەمیرتاشیان کردبوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەفگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-11-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-11-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-11-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-11-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-11-30
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 127

2018-12-01



باکووری کوردستان
- بە ئامانجی هەڵگرتنی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان و پشتیوانییکردنی مانگرتنەکەی لەیلا گوفەن، ئەمڕۆ سەباحەت تونجەل هاوسەرۆکی پارتی هەڕێمە دیموکراتییەکان-دەبەپە و 14 ژنی دیکە لە زیندانی پیتی (ئیف)ی ژمارە 1-ی کاندیرای کۆجائەلی مانگرتن لە خوارادنیان دەستپێکرد و بڕیارە 10 ڕۆژ بەردەوام بێت.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوکمی 2 ساڵ و 188 ڕۆژ زیندان بۆ 6 چالاکی کرێکاری خەڵکی شاری کامیاران بە ناوەکانی مێهرداد سەبووری، دڵنیا سەبووری، ئومید ئەحمەدی، ئارام محەمەدی، شاهۆ سادق و ڕۆژین ئیبراهیمی لە لایەن لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە پشتڕاست کرایەوە. دەزگای قەزایی ئەو 6 چالاکە کرێکارییەی بە تۆمەتی بەڕێوەبردن و بەشداری لە ڕێورەسمی ڕۆژی جیهانی کرێکاران تاوانبار کردووە.[3]
باشووری کوردستان
- کەمال موفتی وەزیری پێشووتری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێک لەفەرمانده سەربازییەکان لەهەرێمی کوردستان بەهۆی نەخۆشییەوە لەشاری پزیشکی فاروق کۆچی دوایکرد.[4]
- شەوی ڕابردوو بەهۆی بارانبارینی بەلێزمەوە لە ناوچەی مسێریک لە شارۆچکەی سێمێلی پارێزگای دهۆک ئاوی باران لە کۆلانەکان بەزبووەتەوە و بەهۆیەوە 21 ماڵ ژێر ئاو کەوتن و خاوەن ماڵەکانیش بەناچاری خانووەکانیان بەجێهێشتووە.[1]
- بەیانیی ئەمڕۆ تەقگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە هۆڵی لوبنان-ی شاری کەرکووک بەبەشداریی 150 ئەندامی شاری کەرکووک و دەوروبەری دەستی بە کۆنفرانسی هەرێمی کەرکووک کرد و تا ئێوارە بەردەوام دەبێت. لە کۆنفرانسەکەدا هەر یەک لە ڕێحان حەمادی و کۆمەڵ سەرمەند وەک هاوسەرۆکانی نوێی ئەنجوومەنی کەرکووک هەڵبژێردران.[2]
- یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە کە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) هەڵیان کوتابێتە سەر بارەگایەکیان لە شارەدێی سنونێ لەسنوری شارۆچکەی شنگال و ئاڵاکەیان داگرتبێتن وەک ئەوەی بەشێک لە میدیا عێراقییەکان باڵاویان کردووە و بەڕپرسی مەڵبەندی یەکێتێش لە و سنورە دەڵێت ئەوەی ڕویدا ئەوە بووە چەند گەنجێک هاتونەتە لامان و داواکارییەکیان لەرێگەی ئیمەوە بەرز کردووەتەوە.[1]
- شەشەمین گرووپی نوێنەرایەتی هەدەپە کە لە 13 ئافرەت و دوو پیاو پێکدێن، لە باشوری کوردستان مانگرتنیان دەستپێکرد و ڕایدەگەیەنن: تا گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان بەردەوام بێت، مانگرتنی ئەوانیش بەردەوام دەبێت.[1]
- فەرمانگەی کەشناسی هەورامان لە ئاگادارییەکی بە پەلەدا هۆشداری دەداتە شۆفێران و ئەو گوندنشینانەی نزیکن لە چەم و دۆڵەکان بەهۆی ئەگەری دروستبوونی لافاو و تەمومژی چڕ لە سەرلەئێوارەی ئەمڕۆوە تا بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە.[1]
- ئەمڕۆ شانێکی شارەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و دهۆک لە دەروازەی سیمالکا لەلایەن ئاساییشەوە ڕێگریان لێکرا بچەن ڕۆژئاوای کوردستان.[5]
- لە سنووری شارەدێی سەنگاو، ئۆتۆمبێلێک کە چەند گەنجێکی تێدابووە لە بازگەیەکی پۆلیسی دارستان نەوەستاوە، دواتر شەڕەتەقە دروستبووە و، بەهۆیەوە هاونیشتمانییەک کوژرا و دووانی دیکەش بریندارببوون.[6]
- لە بەرزاییەکانی زورگەزراو لە میحوەری مەخموور ئەمشەو بەهۆی هەورەبروسکە پێشمەرگەیەک لە فەرماندەی بارزان گیانی لەدەستدا. ئەو پێشمەرگەیە ناوی حەسەن حوسێن مزوریە و دانیشتوی شارۆچکەی سۆرانە و سێ منداڵی لە دوای خۆی جێهێشتووە.[1]
- بەهۆی بارانبارینی بەخورِ لە چەند گەڕەکێکی شاری هەولێر، ئەمشەو ئاو چووە چەندین ماڵ و زیانی مالّی زۆر بەر ماڵەکان کەوتووە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە هەرێمی جزیر بەهۆی بارانی بارینی زۆرەوە لە زۆر شوێن لافاو ڕوویدا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- هەزاران کەس لە بەرلین دژی 25هەمین ساڵیادی قەدەغەی ئەڵمانیا لە دژی پەکەکە ڕژانە سەر شەقامەکان و هەموو قەدەغەکارییەکانی ئەڵمانیایان تێکشکاند. دروشمی بژی سەرۆک ئاپۆیان وتەوە و وێنەکانی ئۆجالان و ئاڵاکانی پەکەکە و یەپەگە و یەپەژەیان بەرزکردەوە.[2]
- سایتی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا CIA لەپاڵ بەکارهێنانی 9 زمانی جیهانی زمانی کوردیش دەخاتە لیستی بەکارهێنانەکانیەوە.[4]
- عادل مەلا سالّح کە بەڕێوەبەری شارەدێی بەمۆیە و دانیشتووی گەرمیانە، لە کۆنگرەی باڵیۆزانی ئاشتی لە وڵاتی میسر وەک باڵیۆزی ئاشتی ڕێکخراوی (نێودەوڵەتی عەرەبی بۆ دادوەری و چارەسەرکردنی ململانێکان) دیاریدەکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: جەزیر - ڕۆژاوا
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-01
کاتی تۆمارکردن: 2018-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 128

2018-12-02



حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئە نجوومەنی وەزیران
وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی
بەشی ئامار

جیاوازی باران بارین لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

ناوی پارێزگا	کۆی باران بارینی ئەم ساڵ بە ملم تاوەکو ئێستا ٢٠١٨/١٢/١	کۆی باران بارینی پار ساڵ بە ملم تاوەکو ئێستا ٢٠١٧/١٢/١	جیاوازی باران بارینی ئەم ساڵ لەگەڵ پار ساڵ بە ملم تاوەکو ئەمڕۆ
هەولێر	215.2	37.6	177.6
سلێمانی	226.3	106.4	119.9
دهۆك	264.1	35.5	228.6
كركوك	165.2	2.7	162.5
هەڵەبجە	174	39.7	134.3

باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورکیا لە ئامەد بە پاساوی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازیی سوپای دەوڵەتەکەی لە 37 دێ و لادێی ناوچەکانی لیجە و هێنێی ئامەد هاتووچۆکردنی لە هاووڵاتیان قەدەغە کرد. بەپێی ڕاگەیاندراوی پارێزگارەکەی دەوڵەتی تورکیا، ئەو قەدەغەکارییە لە کاتژمێر 6ی ئەم بەیانییەوە دەستی پێکردووە و تاوەکو بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوێکی تر قەدەغەکارییەکە بەردەوامیی دەبێت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی ڕۆچوونی زەوی لە شارۆچکەی چوار لە پارێزگای ئیلام، شارەوانی داوا لە دانیشتووانێکی گەڕەکێکی ئەو شارە دەکات تاوەکو ماڵەکانیان چۆڵبکەن، لەدوای بوومەلەرزەکەی هەفتەی ڕابردووی سەرپێلی زهاو کە چواریشی گرتەوە، بەشێک لە هاونیشتمانییان ماڵەکانیان چۆڵکردووە.[3]
- دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی کامیار عەبدوڵڵاهی، 30 تەمەن ساڵ و سەفەر ڕەحمانی تەمەن 35 ساڵ، بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی هەنگەژاڵی شاری بانە، تووشی بریندارببوونی لاق بوون. ئەم دوو هاووڵاتییە کورد کە خەڵکی گوندەکانی عەباس ئاوا و خوری ئاوا لە بەشی نەنووری بانەن، بە هۆی سەختی بریندەکەیانەوە گوازراونەتەوە بۆ ناوەندە دەرمانییەکانی ئەم شارە.[6]
باشووری کوردستان
- بۆ چاککردنی سیستمی زانکۆ و چاککردنەوەی بەشە ناوخۆییەکان، دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی کۆمپانیای پاککەرەوە بۆ ناو زانکۆ، خوێندکارانی کۆلێژەکانی پەروەردەی بنەڕەت و زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سلێمانی لە بەردەم کەمپی کۆنی زانکۆ گردبوونەوەیان ئەنجامدا.[1]
- مەراسیمی بەخاکسپاردنی تەرمی فەریقی یەکەم کەمال موفتی بە ئامادەبوونی کۆسەرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری سکرتێری گشتی و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، عومەر سەید عەلی ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان، محەمەد حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیست، فاروق مەلا مستەفا و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێ و کەسوکار و فەرماندەکانی هێزەکانی هەفتا و بەرپرسانی حزبی و حکومی لە گۆڕستانی ئابلاخ لەشاری سلێمانی بەڕێوەچوو.[4]
- لە ژێر ناونیشانی 'پاراستنی کلتور و شوێنەوار لە ناوچەی ململانێ و شەڕ - کەیسی کۆمەڵی ئێزدی بەنمونە' پانێڵی هاوبەشی هەردوو زانکۆی سلێمانی و زانکۆی لیفەرپوڵی بەریتانی بەڕێوەچوو، لە پانێڵەکەدا ئاماژە بەوەکرا، کە بەهۆی شەڕی داعشەوە زیاتر لە 70 شوێنەواری ئێزدی وێرانکراوە.[5]
- لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، بە هاوکاری زانکۆی سلێمانی و سەنتەری یەکسانیی جێندەر و کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، دیبەتێکی بەناونیشانی 'کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و میدیا لە زیادبوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان' ئەنجامدرا. لە دیبەیتەکەدا وتاری هەریەکە لە زانکۆی سلێمانی، ڕێکخراوی UNFPA -ی سەر بە نەتەوە یەگگرتووەکان، هەروەها سەنتەری یەکسانیی جێندەر پێشکەشکران، دواتر کورتە فلیمێکی تایبەت بە کاریگەرییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان نمایشکرا.[5]
- قایمقامێتی سلێمانی لێژنەی ژمارە 31مان ڕاگەیاند کە ئەم لێژنەیە تایبەتە بە کاری کرێکاران بۆ بەدواداچوونی سەلامەتی کرێکار لەشوێنی کار لەسەرجەم شوێنەکاندا کە کرێکار کاری تێدا دەکات. ڕاشیگەیاند: لەم لێژنەیەدا تەواوی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان و سەندیکای کرێکاران تیایدا بەشدارن بەدواداچون دەکەن بۆ تەواوی ئەو شوێنانەی کرێکار کاری تێدا دەکات هەر جێگەیەک پێشێلی مافی کرێکاران بکات، بەپێی یاسا سزا دەدرێت.[1]

- شاندێکی دەستەی بەڕێوەبەریی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، سەردانی نووسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کرد و لەگەڵ هەریەکە لە یوسرا ڕەجەب، سەرکەوت شەمسەدین و بەهار مەحمود، ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کۆبوونەوە. شاندەکەی تەڤگەری ئازادیی لە کۆبوونەوەکەدا، یاداشتێکیان لەسەر داخستنی بارەگاکانیان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، پێشکەشی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد.[5]
- لە مەراسیمێکدا لە شاری سلێمانی خاوەن پێداویستە تایبەتەکان ڕۆژی جیهانی کەمئەندامانیان بەرزنرخاند و داواشیان لە حکومەت کرد دۆخی ژیانیان باش بکات.[4]
- لە شارۆچکەی کەلار، دوای پێنج ڕۆژ لە هێرش و فشاری هێزەکانی ئاسایش بۆ سەر بارەگای تەڤگەری ئازادیی، ئەمڕۆ بارەگاکەیان پێچۆڵکردن، تەڤگەری ئازادییش ئاماژە بەوەدەکەن، کە ئەوە کارێکی دوژمنکارانەیە و نابێتە هۆی وەستاندنی خەبات و تێکۆشانیان.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە دەروازەی سمێڵکای نێوان هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگیرا ئەوەش بەهۆی بەرزیوونەوەی ئاستی ئاوی ڕووباری دیجلە و دروستبوونی مەترسی لەسەر ئە و پردەی کە هەردوو بەشەکەی کوردستان لە و دەروازەیەوە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.[1]
- بەهۆی ژێرئاوکەوتنی بەلەمێک لەنێو ڕووباری خابوور لەنێوان دەروازەی پێشخابوو لە باشووری کوردستان و دەروازەی سێمێلکا لە ڕۆژئاوای کوردستان، کرێکارێکی کوردی ئێزدی خنکا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: بانە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژئاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-02

کاتی تۆمارکردن: 2018-05-25

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 129

2018-12-03



باکووری کوردستان
- بۆ پشتیوانییکردن لە لەیلا گیوفەن و چالاکییەکەی، ئەندامان و بەرێوەبەرانی رێکخستنەکانی هەدەپە لە مێرسین دوێنێ لە بارەگای هەدەپە دەستیان بە چالاکی مانگرتن لە خواردن کرد، بەڵام پۆلیسی ئەو شارە هەڵیکوتایە سەر بارەگاکە و دەستی بە پشکنین کرد. پۆلیسی دەوڵەتی تورک هەموو رێگاکانی هاتووچۆی دەوروبەری بارەگاکەی داخست 10 چالاکی مانگرتووەی دەستگیکرد.[3]
- پارێزگەی بەدلیس ڕایگەیاند، لە 2ی کانوونی یەکەم\11ی سەرماوەز بەدواوە بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو لە گوندی ئەکینلی، یایلاجک، چالشکانلار، یۆلبیلەن، ساریتاش، ئەرەنجیک و لادێیەکانی دەلیلکلیتاش، بیلگیلی، ساریبال، یەنیچای، گەدیک، ئاکیازی، ئۆزەنلی، ئووزەربان، ئۆتلووک، تاتریک و هەرماندۆڤەن هاتووچۆ قەدەغەیە.[2]
- پەرلەمانتارانی شاری ئامەدی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد بۆ ماوەی 3 ڕۆژ.[3]
- لە شاری ڕوحا دانیشتنی دادگەیی کردنی کۆمەڵێک سیاسەتمەداری هەدەپە و دەبەپە کە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2016 دەستگیر کرابوون، لە شەشەمین دادگەی سزا قورسەکان بەڕێوەچوو. لێدوانی ڕۆژنامەوانی، بەشداربوون لە پرسە و مەڕاسیمی بەخاکسپاردنی تەرم وەک بیانوو بۆ دادگەیی کردنەکە پیشان دران و سزا بەسەر 3 زیندانیکراو و 5 کەسی دیکەدا سەپێنرا.
سزای زیندانیکردنی 7 ساڵ و 10 مانگ و 15 ڕۆژ بۆ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیی بۆزاڤا (سەر بە دەبەپە) بایرام ئاسڵان، 8 ساڵ و 6 مانگ بۆ بەڕێوەبەری پێشووی ڕێکخستنی دەبەپە لە ناوچەی وێرانشار مەحموود کایا، 9 ساڵ بۆ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە ناوچەکە محەمەد چیچەک و ماهیدە کورتەکین، 8 مانگ بۆ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە ناوچەکە پارێزەر سەفدا چەلیک برایەوە. دەستەی دادگە بڕیاری بەزیندانیکراوی هێشتنەوەی هەموو سیاسەتمەدارەکانی دیکەی دا جگە لە تۆمەتباران ئۆزبینگۆل و ئاسڵان.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە تیلاعاتییەکان لە سەردەشت بۆ دەستبەسەرکردنی سۆران خزری تەمەن 21 ساڵ، کوڕی حەسەن، هێرشیان کردووەتە سەر خانووی ناوبراو، بەڵام نەیاتوانیوە دەستبەسەری بکەن. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش پشکنینی خانووی ئەم هاووڵاتییە کوردە، برای ناوبراو بە ناوی کاروان خزری و دایکی بە ناوی تووبا شەهیدیان دەستبەسەر کردووە.[4]
- محەمەدئەمین عەبدوڵڵاهی، زیندانیی سیاسیی خەڵکی شاری بۆکان پاش 13 ساڵ و شەش مانگ زیندان بە شێوەی مەرجدار لە زیندانی بیرجەند ئازاد کرا.[4]
باشووری کوردستان
- هێزەکانی هاوپەیمانان بە فڕۆکە چەند ناوچەیەکی چەکدارانی ئالا سپیەکانیان لە سنووری کفری و خورماتوو بۆردوومان کرد.[1]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی بڕیاریدا مەسرور بارزانی وەک کاندیدی پارتی بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێم دیاریبکات و نێچیرڤان بارزانی-ش دەبێتە کاندیدی پارتی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.[2]
- ئەمڕۆ لەبەردەم سەرۆکایەتیی زانکۆی چەرموو لە شارۆچکەی چەر بە پارێزگای سلێمانی، پەردە لەسەر پەیکەری عەبدولقادر مەحمود، ناسراو بە قالە لادرا، کە ژمارەیەکی زۆر کەسی لە پرۆسەی ئەنفال ڕزگارکردووە.[3]
- د. کەمال ئەحمەد سەعید، پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتیی کە هاوژینی د. هاژیە و هەردووکیان دوو پزیشکی ناسراون لە

سلێمانی، لەناو نۆرینگەکەی خۆیدا لەلایەن کەسێکەوە بە دەمانچەی بێدەنگ تەقەی لێکراوە و باری تەندروستی ناجێگیرە.[1]
- لە گوندێکی سنوری شارۆچکەی خانەقین پیاوێک هاوسەرەکەی خۆی دەکوژێت و لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێت.[5]
- هێزێکی سەر بە سوپای عێراق چوونەتە شەنگال و دەیانەوێت سنوری نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و شەنگال دابخەن و خەڵکی شەنگال-یش ڕێگایان لە هێزەکە گرتووە و ناهێڵن ئەوکارە ئەنجام بدەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-03
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-03
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 130

2018-12-04



باکووری کوردستان
- لە ڕاگەیەنراوێکدا پارێزگەی جۆلەمێرگ ڕایگەیاند، لە شاری جۆلەمێرگ و ناوچەکانی چەلێ، شەمزینان و گەڤەر 30 شوێنیان وەک (ناوچەی ئاسایشی تایبەت) دیاریکردووە و لەنێوان 4-19ی کانوونی یەکەمی 2018\13-28ی سەرماوەز هاتووچۆ لە و شوێنانە قەدەغەیە.[2]
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەمەبەستی سەردانی ئیمرالی، بۆ جاری 769هەمین داواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاریی گشتیی بوورسا کرد.[2]
- سەرەڕای بڕیارەکەی دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپا دەربارەی دەمیرتاش، ئەمڕۆ دادگەریی دەوڵەتی تورک بەپەلە سزاکەی سەر سەلاحەدین دەمیرتاش و سڕی سوورەیا ئۆندەری پەسەند کرد.[2]
- هاوسەرۆکی شارەوانیی گەورەی ئامەد گوڵتان کشاناک و هاوسەرۆکی پارتیی هەڕێمەدیموکراتییەکان (دەبەپە) سەباحەت تونجەل کە لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکیا بەند کراون، سکاڵایەکیان لە دادگەی دەستووری بنەڕەتی تۆمار کردبوو بەهۆی ئەوەی مافەکانیان لە ڕووی کەسی و ئاسایشییەوە پێشێل کراوە. بەڵام دادگەکە بە بیانووی ئەوەی (هیچ بەڵگەیەک نییە) سکاڵاکەی ڕەتکردەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە هۆی تەقینەوەی مینی بەجێماو لە شەڕی 8 ساڵەی نێوان عێراق و ئێران لە ناوچەی چم هندی لە موسیانی دێهلۆڕان لە ئیلام، هاوواڵتیێکی تەمەن 60 ساڵ، بریندار بوو.[7]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی جەعفەر مونیر، تەمەن 28 ساڵ، کوڕی سەید ئەحمەد خەڵکی سەردەشت، هاوکات لە گەڵ گرووپێک لە کۆڵبەرانی دیکە، لە سەر خاڵی سیفری سنووری ئەم سارە لە لایەن هێزە نیزامییە حکوومەتییەکانەوە تەقەیان لێ کراوە و لە ئاکامدا لاقی بریندار بووە.[7]
باشووری کوردستان
- تەها مەحوی، سەرۆکی لقی سلێمانیی سەندیکای پزیشکانی کوردستان ڕایگەیاند وەکو کاردانەوەیەک لە بەرامبەر تەقەکردن لە پرۆفیسۆر د. کەمال ئەحمەد سەعید، سەندیکای پزیشکانی سلێمانی بڕیاریدا ئەمڕۆ سەرجەم نۆرینگە تایبەتییەکانی پزیشکان بۆ ماوەی یەک ڕۆژ دابخرێن. لەگەڵ ئەو هەڵوێستەشماندا چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەکەین تاوەکو هۆکاری ڕووداوەکە ئاشکرا بکەن.[1]
- لە سلێمانی دژی بریندارکردنی پزیشکەکەی سلێمانی گردبونەوەیەکی ناڕەزایی بەڕێوەچوو.[3]
- بە تۆمەتی هاندان دژی عەرەبی هاورده لە شاروچکەی داقوق، جوتیارێکی بە ڕەگەز کورد بەناوی عادل ستار لە لایەن دادوەری دادگای داقوقەوە دەسگیرکرا.[5]
- لە بەردەرکی سەرای سلێمانی بە ئامادەبونی ژمارەیەک لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران پەردە لەسەر پەیکەری شار لادرا کە لەلایەن گروپی هونەری دڵخواز ئامادەکرابوو.[3]
- بەشێک لە جووتیارانی کەرکووک کە لە نەتەوەی کورد و تورکمان و عەرەب پێکهاتبوون، لەبەردەم دیوانی پارێزگای کەرکووک، دژی تەعریبکردنی گوندەکانیان و دەستبەسەرداگرتنی زەویییەکانیان گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا.[4]
- لە سنوری نێوان کفری-خورماتوو، تیمێکی مین هەڵگرتنەوە و هێزێکی پێشمەرگە، ڕووبەڕووی هێرشێکی چەکدارانی داعش بوونەوە و دواتر شەڕ و پێکدادان لەنێوانیان ڕوویدا، دواتر لەگەڵ گەشتنی هێزی دیکەی پێشمەرگە چەکدارەکان هەڵهاتون و شەڕەکە کۆتایی هاتووە و هیچ کارمەند و پێشمەرگەیەک زیانی بەرنەکەوتووە.[3]

- بەپێی بڕیارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرکی عیراق، خاڵە گومرکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لادەبرین و فەرمانبەرەکانیان دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ناو فەرمانگەی گومرکییەکانی پارێزگاکان.[5]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، لە بنکەی پۆلیسی ڕزگاری سلێمانی سکاڵای دژی هاکان قەرەچای کونسوڵی دەوڵەتی تورک لە هەرێمی کوردستان تۆمار کرد، بە هۆی ئەوەی، کە تەڤگەری ئازادیی بە تیرۆست ناوبردبوو.[6]
- کامیل ڕۆستەم بەرپرسی کۆمیتەی 3ی سەربە مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ل ڕایگەیاند: سەعات 2 و 30 دەقیقەی شەوی ڕابردوو لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە بە نارنجۆک هێرش کرایە سەر ماڵەکەم لەگەڕەکی کۆماری شارۆچکەی خورماتوو. وتیشی: زیانی گیانی نەبوە و تەنها زیان بەر ئۆتۆمبێل و خانووەکەم کەوتوە.[5]
- دادگای تاوانەکانی هەولێر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ چوار لە بکوژانی پاسەوانی بارەگایەکی کۆمەڵی ئیسلامی دەرکرد.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- تەقینەوەیەک لە قامیشلۆ ڕوویدا و لە ئەنجامدا دوو ئەندامی هێزەکانی پاراستنی جڤاکی بریندار بوون.[2]
- کۆنفڕانسی (گۆڕینی دیموگرافیا و سرینەوەی ئەتنیکی لە عەفرین) لە ڕۆژی سێیەمدا لە عامووداێ بەردەوامە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە و زۆر پەرلەمانتاری هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامودا
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-12-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-12-04

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-04
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 131

2018-12-05



باکووری کوردستان
- دادگای باڵای تورکیا سزای 7 ساڵ و 6 مانگ زیندانیی بۆ ئیدریس بالوکەن پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپە و ئەندامی شاندی دانوستانی ئیمرالی پەسەند کرد.[2]
- پۆلیسی تورک لە ناوەندی ئامەد دیسانەوە هەڵیانکوتایەوە سەر ماڵی هاوولاتییانی کورد و چەندین بەڕێوەبەری هەدەپە و دەبەپەیان دەستگیرکرد. لە ئامەد نەجمەدین بوراکماک هاوسەرۆکی هەدەپە لە باغلەر، وەهاب گیونای هاوسەرۆکی هەدەپە لە یەنی شەهیر، هالوک ئەیوب ئۆغلو هاوسەرۆکی هەدەپە لە کایاپنار، عەلی ئالکان هاوسەرۆکی دەبەپە لە باغلەر، ڕەمەزان ئونگور بەڕێوەبەری هەدەپە و عوسمان دۆنا و سەعید دەمیر دەستگیر کران. پۆلیسی تورک بەڕێوەبەرە دەستگیرکراوەکانیان برد بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئامەد و باس لەوەش دەکرێت ژمارەی دەستگیرکراوەکان لەوە زیاترە، کە تا ئێستا ئاشکرا بووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عەبدولقادر ساڵحیان کوڕی جەمیل و خەڵکی دزەی ناوچەی مەرگەوەری ورمێ بە هۆی بەرکەوتنی فیشەکی هێزە حکوومەتییەکان کوژرا.[5]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی دالانپەڕ، دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکانەوە و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکاندا، کۆڵبەرێک بە ناوی عومەر نەبیزاد لە بەشی کەمەرییەوە بە توندی بریندار دەبێت.[5]
- لە کرماشان بەهۆی تەقەکردنەوە لە ئاهەنگێکی هاوسەرگیریدا، 30 کەس بوونە قوربانی.[1]
باشووری کوردستان
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، بە ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسان و چین و توێژە جیاوازەکان، یادی پێنجەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس کاوە گەرمیانی، لەسەر مەزارەکەی لە شارۆچکەی کەلار سەر بە ئیدارەی گەرمیان کرایەوە.[3]
- لە شارۆچکەی ڕانیە یادی پێنجەمین ساڵەی تیرۆرکردنی شەهیدی قەڵەم کاوە گەرمیانی کرایەوە و ئاماژە بەوە کرا، جگە لەوەی تا ئێستا تاوانبارانی پشتی ڕووداوەکە دەستگیرنەکراون، هاوکات دەبینین مەوداکانی ئازادیی و دیموکراسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرتەسک دەکرێتەوە.[3]
- لە درێژەی چالاکییەکانی پێنجەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس کاوە گەرمیانیدا، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانان و ڕۆشنبیرانی سنورەکە و شار و شارۆچکەکانی دیکە، لە هۆڵی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری و

هونەری گەرمیان لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، مەراسیمێک بۆ بەخشینی پێنجەمین خەڵاتی کاوە گەرمیانی بەڕێوەچوو. ئەمساڵ ئەو خەڵاتە بەخشرایە سەردار محەمەد ڕۆژنامەنوس لە شاری سلێمانی، کە نزیکەی 20 ساڵ ئەزموون و خزمەتی هەیە لە کاری ڕۆژنامەوانی و پێشخستنی میدیای ئەهلی و ئازاد دا و لە ئێستاشدا سەرنوسەری وێب سایتی ئاوێنە نیوزە، کە میدیایەکی سەربەخۆ و بێلایەنە.[3]
- لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گومرگەکانی سنوری کەرکووک و نەینەوای دەرکردوە، بەڵام هێزە ئەمنییەکان پابەندی ئەو بڕیارە نابن و ڕێگەش نادەن بارهەڵگرەکان تێپەڕبن.[1]
- گەریلاکانی هەپەگە و یەژاستا سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە دژی سەربازانی سوپای تورکیا لە شاخی لێلیکان چالاکییەکیان ئەنجامدا. بەهۆی ئەو چالاکییەوە سوپای تورکیا کوژراو و بریندارای هەیە.[2]
- پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی ئەو کەسەی ئاشکرا کرد کە تەقەی لە دکتۆر کەمال ئەحمەد سەعید کرد. عەمید ئاسۆ شێخ تەها، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی وتی: لە کەمتر لە 72 کاتژمێر هێزەکانمان توانیان ئەو تەقەکەرە دەستگیربکەن کە تەقەی لە د. کەمال ئەحمەد سەعید کرد بوو. وتیشی: ئەو کەسەی دەستگیرکراوە ناوی (هـ.ع.ک)ە و لە دایکبووی 1982 و خەڵکی دەرەوەی سلێمانییە.[1]
- گەنجانی کەرکووک لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕاگەیاندراوێکیان بۆ ئیدانەکردنی بڕیاری داخستنی بارەگاکانی تەڤگەری ئازادی خوێندەوە و ڕایدەگەیەنن، ئەو بڕیارە، بڕیاری وڵاتانی دەرەکییە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە جێبەجێکردنی ئەجندای سیاسیی وڵاتانی دەرەکی کە دواییN بڕیاریان بڕیاری داخستنی بارەگاکانی تەڤگەری ئازادی بوو.[2]
- ماوەی زیاتر لە دوو مانگە مووچەی ژمارەیەک مامۆستای خوێندنی کوردی لە شارۆچکەی خورماتوو لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە دزراوە و تا ئێستاش قەرەبوو نەکراونەتەوە. بەوهۆیشەوە ئەمڕۆ ئەو مامۆستایانە بایکۆتیان ڕاگەیاند و لە لێدوانێکیشدا ئاماژەیان بەوەکرد،داواکارن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم لە زوترین کاتدا قەرەبوویان بکاتەوە و تاوانبارەکانیش بە زووترین کات دەستگیر بکرێن.[4]
- بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی زۆری بارانبارینەوە لەسەرجەم ناوچەکان پەڵەی داوە و دەتوانرێت جووت و داچاندن بکرێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆنفرانسی تایبەت بە گۆڕینی دیمۆگرافیا و تاوانەکانی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی لە عەفرین، کۆتاییهات و ئەنجامنامەیەکی بڵاوکردەوە، داواکراوە فڕین لە ئاسمانی باکوری سوریا قەدەغەبکرێت تا ئەزموونی عەفرین دووبارە نەکرێتەوە، هەروەها کۆمیتەیەکی یاسایی دابمەزرێت، کە سکاڵاکان ڕادەستی دادگا نێونەتەوەییەکان بکات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-06
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 132

2018-12-06



باکووری کوردستان
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانی هاوبەشی عەلی ئەرسلانتاش، پارێزگاری ئەرزینجان و بولەند شەنسۆی، بەڕێوەبەری ئاسایشی هەمان پارێزگا، عەلی ئەرسلانتاش ڕایگەیاند: لە ئۆپەراسیۆنێکدا تیمەکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان دەستیان بەسەر هەزار و 271 کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە جۆری هیرۆییندا گرتووە.[2]
- سێ سوورەیا ئۆندەر پەرلەمانتاری پێشووی ئەنقەرەی هەدەپە و ئەندامی شاندی دانوستانکاری ئیمرالی، دوای ئەوەی لەلایەن دادگای تورکەوە سزای 3 ساڵ و 6 مانگ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندرا، ئەمڕۆ ڕەوانەی زیندانی کاندرە کرا.[3]
- بۆ پشتیوانی کردن لە لەیلا گیوفەن هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (کەجەدە) و پەرلەمانتاری هەدەپە کە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لە زیندان مانی لە خواردن گرتووە، ماوەی 3 ڕۆژ بوو مانگرتن لە خواردن لە بینای هەدەپەی شاری ڕوحا بەڕێودەچوو، ئەمڕۆ دوای کۆتایی هاتنی مانگرتنەکە پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر بیناکە و 40 کەسی دەستگیر کرد.[4]
- بەدیشەن کارابوولاک هاوسەرۆکی هەدەپە لە شاری وان بە هۆی لایک کردنی بابەتێک لە فەیسبووک، دۆسیەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆ کرابوویەوە. لە دانیشتنی دووەمین دادگەی سزا قورسەکانی شاری وان دەربارەی ئە و دۆسیەیە، دادگە سزای ساڵێک و 3 مانگ زیندانی کردنی بۆ ئە و ناوبراو بڕیەوە.[4]
- ئەندامی ئەنجومەنی پارێزی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) و ئەندامی کۆمسیۆنی ئاشتی نووردین تورگوت لە شاری ئێلح دەستگیر کرا. تورگوت گوازرایەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی تورکیا لە شاری ئامەد.[4]

باشووری کوردستان
- بەهۆی بارینی بارانێکی زۆرەوە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار پشووی ڕەسمی بۆ دەوامی دووەمی سەرجەم خوێندنگاکان ڕاگەیاند.[1]
- بەیانیی ئەمڕۆ کاتژمێر 10:30 خولەک سوپای تورک تۆپبارانی گوندی کەندەگەلی لە سنووری شارەدێی سیدەکانی دەڤەری برادۆست-ی تۆباران کرد. سەرچاوەی تۆپبارانەکەی سوپای تورک لە دیوی باشوری کوردستان و لە چیای کەتکین-ی نزیک گوندی بەرمیزە بووە. تۆپبارانەکەی سوپای تورک، زیانی بە ڕێگای نێوان گوندەکانی کەندەگەلی-خەلیفان-ئالەکان گەیاند و بەهۆیەوە هاتووچۆ لەنیوان ئەو گوندانەدا ڕاگیراوە.[3]
- پسپۆرێکی تەندروستی گشتی و نەخۆشییە درمییەکان لە باشووری کوردستان هۆشداری دەدات لە بڵاوبوونەوەی خێرای ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر بەتایبەت جۆری بی.[1]
- قایمقامیەتی کەلار ئاشکرای دەکات مەترسی دروستبوونی لافاو لە ئارادایە و بۆ ئە و مەبەستەش تەواوی تیمەکان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان و بە پێویستیشی دەزانین هۆشداری بدەین بە هاووڵاتیان و ئاگادارین.[1]
- بڕیاری کردنەوەی بەشی ڤی ئای پی (VIP) لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر، کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە، بە شێکی زۆر لە چالاکڤانان و تەنانەت پەرلەمانتارانیش لەڕێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە نیگەرانی خۆیان لەو بڕیارە دەربڕی. هاتووچۆی هەولێریش ڕوونکردنەوە لەسەر بڕیارەکە دەدات و بە بڕیارێکی باشی دەزانێت بۆ خزمەتکردن و ڕاییکردنی مامەڵەی خەڵک.[2]
- لە یادی پێنج ساڵەی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی، ڕۆژنامەنووسانی هەولێر لەبەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تیایدا داوای ئاشکراکردنی دۆسیەی تیرۆری ڕۆژنامەنووسان کرا.[3]
- بە بڕیاری وەزارەتی ناوخۆ بەشی خزمەتگوزاری خێرا کە بە VIP ناسراوە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر ڕاگیرا.[2] پاشتر وتەبێژی هاتوچۆی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: کردنەوەی بەشی vip بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان بەردەوامدەبێت و داناخرێت.[1]
- شاندێکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمسیارانی عێراق کۆبوونەوە و سەرۆکی ئەنجومەنەکە ڕایگەیاند، بڕیاری داخستنی بارەگاکانی تەڤگەر نایاساییە و فشار دەخەنە سەر حکومەتی هەرێم بۆ کردنەوەی بارەگاکان.[3]
- نوێنەرانی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەولێر، بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر کێشەکانیان و پێنەدانی دەرماڵە، گردبوونەوەیەکیان لە بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێم ئەنجامدا، لە ڕێگەی یاداشتێکەوە داواکارییەکانیان ڕادەستی وەزارەتی خوێندنی باڵا کرد.[3]
- لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵای شاری هەولێر پێنجەمین ساڵی خەڵاتەکانی ڕوانگە 2018 بەڕێوەچوو و براوەکانی یەکەم و دووم و سێیەم لە بەشەکانی کورتە فیلم، کورتەچیرۆک، هونەری ڕیسایکلین، وێنەکێشان، تاکژەنی میوزیک، داهێنانی زانستیی، فۆتۆگرافیی، دەستپێشخەری کار، پرۆگرامسازی و، هۆنراوە خەڵاتکران.[2]
- بەهۆی خواردنی قارچکی ژەهراویەوە 12 کەس لە شارەدێی بێتواتەی سەربە شارۆچکەی ڕانیە ڕەوانەی نەخۆشخانە کران.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە نزیک نانەواخانەی جوبەیر لە شارۆچکەی جندرێس-ی سەربە عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان کوژراو و بریندار لەناو چەتەکان هەیە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئەرزینجان
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-06
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 133

2018-12-07



باکووری کوردستان
- هاوشارەداری ناوچەی سێرێ سەر بە شاری وان عەبدولقادر چالشکان کە لەسەر لیستی پارتیی هەڕێمەدیموکراتییەکان (دەبەپە) هەڵبژێردرابوو، لەگەڵ 9 کەسی دیکە کە ماوەی 2 ساڵە لە زیندانداندان، ئەمڕۆ لە پێنجەمین دادگەی سزا قورسەکانی وان دادگەیی کران. دادگەی دەوڵەتی تورکیا بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) سزای 7 ساڵ و 6 مانگ زیندانی کردنی بۆ عەبدولقادر چالشکان بڕیەوە. هەروەها سزای 4 ساڵ و 2 مانگ زیندانی کردنی بۆ باران چالشکان بڕیەوە بە تۆمەتی (هاریکاری کردنی ڕێکخستن. هەمان دادگە سزای 15 ڕۆژ زیندانی کردنی بۆ هەریەکە لە فولیا شەن، محەمەد دوندار و ئەکرەم یوجەل بڕیەوە. هەریەکە لە محەمەد زاکر دەنیز، فەیسەڵ ئەلتەر، نەجلا یامان، زافەر کەلەش و شادیە ئوچاک ئازاد کران.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا ڕەحیم زەبیحی، دەرهێنەری بەناوبانگی کورد و برایەکی گیانیان لە دەستدا.[5]
باشووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی کەرکووک، بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو و لافاوەوە، گوندی گرزوشانی سەر بە شارەدێی سەرگەڕان لە سنوری شارەدێی دبسیان بەدانیشتوانەکەی چۆڵکرد.[2]
- ڕێخراوێکی تورکی دەستپێکردنی پرۆسەی نوژەنکردنەوەی قەیسەریەکەی کەرکووکی ڕاگەیاند. ئەوەش لەکاتێکدایە شوێنەواری کەرکووک ڕایدەگەیەنێت بۆ نوژەنکردنەوەی قەیسەریە سوتاوەکە چاوەڕێی فەرمانی دادگا دەکەن.[1]

- یانەی ئەسپسواریی نێودەوڵەتیی هەولێر، لە درێژەی چالاکییەکانیدا پێشبڕکێی خێرایی ئەسپی ئەنجامدرا و کۆمەڵێک سوارچاک تێیدا بەشداربوون.[3]
- لە گوندێکی سەربە شارەدێی سەنگاو بەهۆی دروستبوونی لافاوەوە منداڵێکی 6 ساڵان ئاودەیبات و گیان لەدەستدەدات.[6]
- بەهۆی بارانباریی زۆر و دروستبوونی لافاو، ڕێگەی نێوان کەلار - دەربەندیخان دادەخرێت.[6]
- لەژێر گوشاری هێزە ئەمنییەکان و حەشدی شەعبی، خاڵە گومرگییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەستیان بە وەرگرتنی گومرگ لە بارهەڵگرەکان کردەوە و بەهۆیەوە بە دەیان شۆفێر لە نزیک ئەو خاڵانە سەرگەردان ماونەتەوە.[3]

دەرەوەی کوردستان

- یەڵدا عەباسی، کچە گۆرانیبێژێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە بەمەبەستی بەشداریکردن لە ساڵیادی دامەزراندنی ناوەندی چاند و هونەری میزۆپۆتامیا، سەردانی وڵاتی تورکیای کرد، شەوی ڕابردوو لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک، لە شاری ئەستەمبوڵ دەستگیرکراوە بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەک لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنەکەیەوە ڕابگەیەندرێت.[1] پاشتر نێوبراو ئازادکرا. لە دادگای تورک بە یەڵدا عەباسی-یان وتووە، کە لەسەر ئەوە دەستگیرکراوە، لە ساڵی 2016دا بەشداری کۆنسێرتێکی کردووە لە شاری وان و لە کۆنسێرتەکەدا پێش ئەوەی گۆرانی بڵێت چەند قسەی کردووە و پشتگیری ڕێکخستنی کردووە، هەروەها لەسەر پێگەی خۆی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پشتگیری عەفرینی کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-07

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-07

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-07

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-07

[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-07

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 134

2018-12-08



باکووری کوردستان
- حەوا تەکین بەڕێوەبەری ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) لە شاری مێرسین لە کاتی هەڵکوتانی پۆلیس بۆ سەر ماڵەکەی دەستگیرکرا. لە دوای پشکنینی تەندروستی تەکین ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی مێرسین کرا. ڕاگەیاندرا، پۆلیس بە پاساوی ئەوەی تەکین بەشدارێی لە چالاکیی مانگرتن لە خواردندا بۆ پشتیوانی لە لەیلا گیوفەن کردووە، دەستگیریان کردووە.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەنجوومەنی فەرهەنگیی قەڵەمی هاوچەرخی کورد لە شاری پاوە، کەوتووەتە ژێر گوشاری ناوەندە فەرهەنگییەکانی سەر بە حکوومەتی ئێران.[5]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی وەحید عەزیمی لە شوێنی کارەکەی لە نزیک مەیدانی ئیقبالی شاری سنە دەسبەسەر کراوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە بێ خستنەڕووی بەڵگەیی یاسایی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکان ئەو هاوولاتییە کوردەیان وێرای لێدانی فیزیکی دەسبەسەر کردووە.[5]
- هاوولاتییەکی کورد، بە ناوی شەهاب میهەنخا، خەڵکی گوندی ئەمیرئاباد، سەربە شاری شنۆ، بە دانانی بارمتەی 400 میلیۆن تمەنی، لە زیندانی ئەم شارە و بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.[5]
باشووری کوردستان
- بەهۆی باران بارین و بەدوورگرتنی خوێندکارانی لە زیانی گیانی لە چەند ناوچەیەکی سنووری هەردوو پەروەردەی گەرمیان و شارۆچکەی شارەزوور دەوامی خوێندنگەکان بۆ ئەمڕۆ کرایە پشووی فەرمی.[1]
- بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی کۆیە ڕایگەیاند، هێشتا هاتوچۆی ئۆتۆمبیل بە ڕێگای سماقوڵیدا ئاسایی نەبووەتەوە، ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی بەنداوی جەلی کە ئاستەنگی بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبیل دروستکردووە.[2]
- بەهۆی باران بارینەوە لە گوندی کەویێن سەربە شارەدێی سەرکەپکانی شارۆچکەی ڕانیە، خانوی هاوولاتییەک داڕما بەسەر دوکانەکەیدا.[3]
- هاتوچۆی گەرمیان داوا لەهاوولاتیان دەکات بەهۆی داڕووخانی بەشێک لە پردی دەرە دۆبنە لە سنووری قەترەی نێوان کەلار- دەربەندیخان بەشێوەیەکی کاتی هاتوچۆکردن بخەنە سەر ڕێگەی بەمۆ.[3]
- لە شارۆچکەی بەردەرەش بەهۆی دروستبوونی لافاو 10 هەزار مریشک دەبنە ژێر ئاوەوە.[3]
- خالید نەرمۆ سەرۆکی شارەوانی شارۆچکەی شێخان ڕایگەیاند: ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی (باسفن) بەنداوێک بەهۆی گلدانەوەی زۆری ئاوی باران هەرەسی هێنا و ڕووخا.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخموور لەئاگادارییەکدا دەڵێت: لەبەر زۆریی بارانبارین قوتابخانەکانی ئەو گوندانەی بەهۆی لافاوەوە ڕێگاکانیان مەترسی لەسەرە، دەتوانن کار نەکەن.[1]
- ستافی سینەما سالم لە شاری سلێمانی، هەفتەیەکی دیکەیان بۆ نمایشکردنی فیلمی 14ی تەممووز (تیرمەہ) درێژکردەوە و لە هەفتەی دووەم-دا ڕۆژانە لە دوو کاتی جیاوازدا نمایش دەکرێت.[4]
- ئاساییشی سلێمانی دەستگیرکردنی گرووپێکی خۆکوژ ڕادەگەیەنێت.[6]
دەرەوەی کوردستان
- پرۆفیسۆر د. جەمال نەبەز نووسەر و زمانەوانی کورد لە تەمەنی 85 ساڵیدا و لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچیدوایی کرد.[6]
- کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ئێراق داوای ڕوونکردنەوەی هۆکاری داخستنی بارەگاکانی تەڤگەری ئازادیی لە

حکومەتی هەرێم دەکات و وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجوومەنی وەزیرانی ئێراقیشی لێئاگادار دەکاتەوە.[4]
- نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ سووریا ڕایدەگەیەنێت: پشتیووانیکردنی کوردەکان لەلایەن واشنتن-ەوە تەکتیکی و کاتییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-08
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 135

2018-12-09



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تەرمی هەریەک لە ڕەحیم زەبیحی دەرهێنەری ناوداری کورد و کەیوان زەبیحی برای، لە گۆڕستانی سڵێمان بەگی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بەشداری جەماوەرێکی زۆری ئەو شارە و هونەرماندان و ڕۆشنبیران بە خاکسپێردران.[4]
- ئاژانس میهر-ی ئێران لە زاری عەبدوڵلا فاتحی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سنە بڵاویکردۆتەوە کە دوای بیست و چوار سەعات لە کوشتنی ڕەحیم زەبیحی و کەیوانی برای، پۆلیس بکوژی ئە و دوو برایەی دەستگیر کردووە. هەر لە و چوارچێوەیەدا ئاژانسی ڕەسمی ئێران (ئیرنا) لە زاری سەرهەنگ ڕەسوڵ کەرەمی بەڕێوەبەری پۆلیسی بانە بڵاویکردەوە کە بکوژی ئە و دوو برایە کەسێکە بە ناوی ئەکبەر عەباس پوور خەڵکی شارۆچکەی مەراغەیە لە پارێزگای تەورێز و هۆکاری کوشتنەکەشی گەڕاندۆتەوە بۆ کێشەیەکی دارایی لەنێوان ئەکبەر و ڕەحیم و کەیوانی برای.[3]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، حەمید پەروازە تەمەن 28 ساڵ کوڕی محەممەد، موحسێن فەرهمەند تەمەن 24 ساڵ کوڕی خوسرەو و محەممەد پەروازە تەمەن 21 ساڵ کوڕی حوسێن، هەر کامیان ماوەی 72 ڕۆژە لە ژووری تاکەکەسی لە زیندانی ناوەندی شاری سنە دان و محەممەد نامداری تەمەن 33 ساڵ کوڕی حامید و سەڵمان ئەفرا تەمەن 22 ساڵ کوڕی ڕەحمەت هەر کامیان ماوەی 21 و 22 ڕۆژە لە ژووری تاکەکەسی زیندانی ناوەندی شاری سنەدا، ڕاگیراون. ئەم پێنج هاوواڵتییە کورد بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران دەسبەسەر و بۆ لێپرسینەوە، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە ڕاگوێزراون.[6]
- سەعات 6 و 45 خولەک و 11 چرکەی بەیانیی ئەمڕۆ، بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.5 بەپێوەری ڕێختەر ناوچەکانی سەرپێڵی زەهاو و قەسری شیرینی لە پارێزگای کرماشان هەژاند.[1]
- بوومەلەرزەیەک شارۆچکەی نەهاوەند-ی لە پارێزگای هەمەدان هەژاند.[3]
- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی ئومید ئەسەدی کوڕی محەمەد خەڵکی شاری کامیاران لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە بە سەرۆکایەتی دادوەر سەعیدی بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا. ئەو چالاکە کرێکارییە بەهۆی چالاکی لە بیاڤی کرێکاری و پشتیوانی لە مافی کرێکاران، ئەم حوکمەی بە سەردا سەپاووە.[6]
- هاوواڵتییەکی کورد بە ناوی کۆرش شەریفپوور خەڵکی شاری دیواندەرە لەلایەن لقی 2ی دادگای ئینقلابی سنەوە بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[6]
باشووری کوردستان
- بومەلەرزەیەک هەردوو شارۆچکەی کەلار و خانەقینی هەژاند.[1]
- کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە ئێراق بانگەواز دەکات کە سێ هەزار چادری ئاوارەکانی پارێزگای موسڵ لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بارانبارینەوە ژێرئاو کەوتوون.[2]
- بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن لەلایەن مامۆستایانی خوێندنی کوردی لە شارۆچکەی خورماتوو بەردەوامی هەیە و ڕایدەگەیەنن تا مووچە دزراوەکەیان پێنەدرێتەوە دەست بەدەوام ناکەنەوە، بەڕێوەبەری پەروەردەش دەڵێت: وەرزارەت بڕیاریداوە قەرەبووی مامۆستایان بکاتەوە، بەڵام دەڵێن هەتاوەکوو لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی دزیکردنەوەکە تەواو نەبێت قەرەبووەکە ناکەنەوە.[4]
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، ئاستەنگ بۆ شۆفێرانی مەرزی نافەرمی سەیران بەن دروستبووە و شۆفێرانیش نیگەرانن لەبەدەنگەوە نەچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی سنووورەکە.[2]
- لە گەڕەکی (لەتیف ئاوا) ی شاری کەرکووک، لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو تەقە لە هاوڵاتیەک کرا، پاش بریندارببوونی

بەسەختی، لە نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا، کە پیشەی پێشمەرگەیە. ئەو پێشمەرگەیە ناوی عەلی عوسمان سالّح-ە و لەدایکبووی 1989، دوای ئەوەی بەسەختی بریندار بوو، لە نەخۆشخانەی ئازادی کەرکووک گیانی لەدەست داوە.[4]
- لە بەردەم پارکی لەیلا قاسم، لە شارۆچکەی کەلار-ی ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، گرووپی کچانی دەستڕەنگینی گەرمیان، بە هاوکاری ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری خانزاد، پێشانگایەکی کاری دەستیان کردەوە بۆ نیشاندانی دەستڕەنگینی کچانی سنورەکە.[4]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ پردی سەرەکی نێوان بەغدا - کەرکووک لە نزیک خورماتوو بەهۆی لافاوەوە بەشێکی ڕووخاوە، ئەوەش بووەتە هۆی دروستبوونی گرفت بۆ هاتووچۆ.[5]
- دوای ئەوەی بەهۆی لافاوەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووەوە زیانی پێگەیەنرا، نۆژەنکردنەوەی پردی دەرە دۆینەی نێوان کەلار – سلێمانی دەستپێکردوە.[3]
- کۆمەڵەی قوبانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، مەراسیمێکی تایبەت بە کۆچی دوایی هونەرمەندی سینەماکاری کورد ڕەحیمی زەبیحی سازکرد، کە تێیدا کەسوکاری شەهیدان و هونەرمەندان و چین و توێژە جیاوازەکانی شاری هەڵەبجە، ئامادەبوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەمەدان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 136

2018-12-10



باکووری کوردستان
- دادگای تورکیا سانێک و 6 مانگ زیندانی بەسەر هەر یەک لە عوسمان بایدەمیر و لەیلا بیرلیک پەڕلەمانتاری پیشووی هەدەپە دا سەپاند. داواکاری گشتی بەهۆی بەشداری بوونیان لە ڕێپێواندا سکاڵای لە دژی عەلی جان ئۆنلو، عایشە ئاجار باشاران، عوسمان بایدەمیر و لەیلا بیرلیک پەڕلەمانتارانی هەدەپە تۆمار کرد و دانیشتنی ئەو سکاڵایە لە دادگای سزاکانی شرنەخ بەڕێوەچوو. لەو دانیشتنەدا دادگا بە پاساوی ئەوەی لە دژی یاسای ڕێپێوان و خۆپیشاندان بوون، بۆ هەر یەک لە عوسمان بایدەمیر و لەیلا بیرلیک بڕیاری سزای سانێک و 6 مانگ زیندانیی دەرکرد. دادگاکە دۆسیەی پەڕلەمانتاران ئۆلون و باشارانی لەو دانیشتە جیاکردەوە و دۆسیەکەیان دەبڕێتە دادگایەکی تر.[3]
- چالاکوانانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (تەژەئا - TJA) و دایکانی ئاشتی لە شاری وان دەستیان بە چالاکیی مانگرتن بۆ پشتیوانیکردن لە لەیلا گیوفەن و چالاکییەکەی کرد و مانگرتنەکەش ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێت.[3]
- 25 ژن لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (TJA - تەژەئا) کە لە شاری ئامەد بۆ 3 ڕۆژ دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کردبوو، ئەمڕۆ لەلایەن پۆلیسی تورکیا دەستگیر کران.[3]
- بزووتنەوەی گەنجانی شۆڕشگێڕ- دەگەهە – DGH، ڕایگەیاند لە ئامەد چالاکییان ئەنجامداوە و لە 12 شوێنی شاری ئامەد دا ئاڵای پەکەکەیان هەڵکردووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ پڕۆژەی تونێلی ڕێگەی نوێی مەریوان - سنە کرایەوە.[5]
- ئارمان غەفووری، چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەریوان کە ڕۆژی 2ی گەلاوێژ لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کرابوو، بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی لە زیندانی مەریوان ئازاد کرا.[6]
- هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپای پاسداران هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی باپیر بەرزە کوڕی عوسمان خەڵکی گوندی چیانە سەربە شاری پیرانشاریان دەستبەسەر کرد.[6]
- هاوواڵاتییەکی کورد، بە ناوی جەماڵ مەحموودزادە، تەمەن 26 ساڵ، کوڕی عەبدوڵڵا، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ دەسبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە گوندێکی نێوان کەلار - خانەقین، بۆمبێکی چێنراو تەقیوەتەوە و هیچ زیانێکی گیانی بەدواوەوە نەبووە.[1]
- ئەمشەو بەهۆی کەشوهەواوە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی گەشتەکانی ڕاگرت.[4]
- بەشێکی خانووی ئیحسان دۆغرەمەچی، کەسایەتی تورکمانی لەسەر قەڵای هەولێر ڕووخا. سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای بوژاندنەوەی قەڵای هەولێریش دەڵێت: بەهۆی بارانبارین و خەرجنەکردنی پارەی نۆژەنکردنەوە وە ڕووخاوە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی خالید دۆسکی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لە لێپرسراوانی حزبی و حکومی و ئەندامانی پە ڕلەمان و ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی شارەکانی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وبەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ لە شاری هەولێر

پێنجەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ لە هۆڵی ڕۆشنبیری بە ڕێوەچوو.[1]
- ئەمڕۆ، لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری کەرکووک، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری کەرکووک، لەگەڵ تیپی شانۆی ئاشتی و تیپی شانۆی سێکانی، مینی درامای (نیشتمانی تورەبوون) و شانۆگەرِیی (دوا گۆرانی) یان نمایش کرد، دواتریش کۆڕێک لەژێرناونیشانی بنەماکانی هونەری دراما و هەڵوەستەیەک بۆ هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی ڕێکخرا.[2]
- لە گوندی سەرقزڵی سەربە شارۆچکەی قۆرەتوو سوپای پاسداران 247 سەر مەڕی ماڵێک دەبەن، شوانی مەڕەکان و کورێکی خاوەن مێگەلەکەش دەستبەسەردەکەن.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە ناوچەی ئەحداس لە کانتۆنی شەهبا بەهۆی تەقینەوەی مینێکی چێندراوی چەتەکانی داعشەوە، دوو منداڵ بوونە قوربانی. منداڵەکانی ئاوارەی عەفرین و بەهۆی داگیرکارییەکانەوە عەفرینیان جێهێشتووە. تەقینەوەکە بووتە هۆی گیانلەدەستدانی ڕۆدی ڕەشید و بریندارببوونی ئیبش عەلی، کە هەردووکیان منداڵن و لە کاتی یاریکردندا مینە چێندراوەکە تەقیوەتەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- نادیە مورادی تەمەن 25 ساڵ و دینیس مۆکویگ-ی تەمەن 63 ساڵ بەهۆی هەوڵەکانیان بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی دەستدرێژی سێکسی وەک چەکێک لەکاتی جەنگدا لەلایەن یەکەم و هەوڵە پزیشکییەکانی کەسی دووەم لە شاری ئۆسلۆ خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرن. نادیە موراد، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەر لە وەرگرتنی خەڵاتەکە وتی: ئەم خەڵاتی نۆبڵە کۆتایی بە هێرشەکانی سەر خانمان و منداڵان ناهێنێت، بەڵام هەوڵدەدەین لە ڕێگەی ئەم خەڵاتەوە دەرگایەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بکەینەوە.[4]
- پۆلیسی تورک ئەمڕۆ لە ئەنقەرە هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتیان لە ئەنقەرە و ڕۆژنامەنووس کەنعان کرک کایا و 11 کەسی تریان دەستگیرکرد. ناوی کەسە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: ڕۆژنامەنووس کەنعان کرک کایا، ئەبوزەر کسا بەڕێوەبەری هەدەپە لە ئەنقەرە، دەنیز ئایدن، مورات چەشمە، گوڵناز بۆزکوورت، سیمگە ئاکسان، محەمەد کۆنوک، ئۆزگە چرپان، بوراک ئایدەمیر، سەلقی پۆلات، محەمەد دەرسولو و ئیلکەر ئیشک.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سنە
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	وان
شار و شارۆچکەکان:	ورمێ
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 137

2018-12-11



باکووری کوردستان
- گیراوانی بەندیخانەی شاری وان بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستیان داوەتە مانگرتن لەخواردن. مانگرتن لەخواردن لەلایەن گروپی دووهەمەوە بەردەوامە.[3]
- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک سزای سادێک و 10 مانگ زیندانی کردنی بەسەر پەیامنێر عەدنان بیلەن-دا سەپاند و جێبەجێ کردنی سزاکەشی بۆ 5 ساڵ دواخست.[3]
- پارێزەرانی ئۆجالان بەمەبەستی دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەمڕۆ جارێکی دیکە داواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی حکوومەتیی ئیسنا، ئارش کەیخوسرەوی، کوڕی ڕەشیدخان، پارێزەری خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن قازی سەڵواتی، بەرپرسی لقی 15ی دادگای ئینقلابی تارانەوە بە شەش ساڵ زیندان مەحکووم کراوە.[4]
- سادق زیباکەلام، چالاکی ڕێفۆرمخواز و مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی تاران لە کۆبوونەوەیەکدا لە هۆڵی مەولەوی زانکۆی کوردستان، کار و چالاکیی حکوومەتی ئێرانی خستە بەر باس و تاوتوێ کردن. ناوبراو بە ئاماژە بە ڕووداوەکانی کوردستان، دێموکراسیی وەک تەنیا ڕێگەچارە بۆ پرسی کورد لە ئێراندا ناو برد؛ وتوویشیەتی: بە جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا، بیری سەربەخۆییخوازی لە کوردستاندا جێگایەکی نامێنێت و هیچ قەومێک خوازیاری جیابوونەوە لە ئێران نابێ و ئەبێ بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ بدەین. قسەکانی زیباکەلام دژکردەوەی تووندی خوێندکارانی زانکۆی کوردستانی بەدواوە بوو و ئەوان بە ڕەخنەگرتن لە قسەکانی ناوبراو سەربەخۆیی کوردستانیان بە تەنیا ڕێگەی وەدیهاتنی خواستەکانی نەتەوەی کورد زانی.[4]
- لاوێکی کورد بە ناوی سلێمان محەمەدنژاد خەڵکی گوندی گەرگوول سەر بە شاری پیرانشار لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی زانیار عەزیززادە کوڕی سلێمان خەڵکی پیرانشار لە کاتی کۆڵبەریدا بە هۆی سەرمابردووی گیانی لە

دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- ڕێباز حەملان وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بڕیاردراوە کە مووچەی سێ مانگی کۆتایی ئەمساڵ پاشەکەوت نەکرێت و هەموو 30 ڕۆژ جارێکیش مووچە دابەش دەکرێت.[1]
- شاندێکی ئەمریکی بەسەرۆکایەتیی وەزیری وزە سەردانی هەولێریان کرد و لەگەڵ مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی کۆبوونەوە، وەزیری وزە ڕایگەیاند کە دەتوانین پێکەوە لە بواری وزەدا کاربکەین.[6]
- بەهۆی کۆبوونەوەی ئاو و دروستبوونی قوڕ و لیتاو لەبەردەم پەیمانگەکەیان، خوێندکارانی پەیمانگەی تەکنیکی دەربەندیخان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و چوونەتە بەردەم قایمقامیەت.[1]
- شەوی ڕابردوو ڕۆژنامەنووس و دەرهێنەر خاتوو بەهار مستەفا هاوسەری هونەرمەند سەلام ڕەشید بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.[2]
- لە هێرشێکی چەکدارانی داعشدا بۆ سەر هێزێکی پۆلیس لە خانەقین چوار کارمەندی هێزەکە بوونە قوربانی، کوژراوێک و 3 بریندارى لێکەوتەوە.[1]
- کۆنفرانسی ئابووری نێوان شاری سلێمانی و شاری سنە دەستپێکرد بەمەبەستی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکان و بەڕەنگار بوونەوەیان. کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی پارێزگاری شاری سنە و سلێمانی و بەرپرسانی حکومی هەردولا و پەرلەمانتاران بەڕێوەچوو.[1]
- بە چاودێری د. یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بەسەرپەرشتی لیژنەی سەرپەرشتیکاری کۆنفرانس و بەدروشمی (ئێمە پلان بە ستراتیژیانە دادەڕێژین یۆ بەڕێوەبردنی قەیران و چارەسەرکردنی) دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و زانکۆی کوردستان (سنە) و زانکۆی سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[2]
- لە کۆڕێکدا لە شاری سلێمانی ڕۆڵی ژن لەناو بزوتنەوەی ئازادیبیخوازیی گەلی کورددا شرۆڤە کرا و بە گرنگ بیندرا ژنانی باشور هاوشێوەی ژنانی ڕۆژئاوای کوردستان خۆیان بەڕێکخستن بکەن و سود لە ئەزموونیان وەربگرن.[5]
- کۆمەڵەی شاخەوانی سلێمانی، یادی ڕۆژی جیهانی شاخ-یان بە کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی کردەوە، بەئامانجی ئاشتکردنەوەی شارنشینەکان لەگەڵ سروشتی ناوچە شاخاوییەکاندا.[5]
- ئەمڕۆ بەشداری دەیان کەس لە چین و تویژە جیاوازەکانی ڕانیە یەکەمین چالاکی پڕۆژەی (ئۆتۆمبێل میوانە) یان ئەنجامداوە، لە ڕێگەی ڕێڕۆشتنی پیادە و لێخوڕینی پایسکیلەوە، لە داهاتوشدا دەیان چالاکی تر لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژەیە ئەنجام دەدەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری بەرلین بە ئامادەبوونی هاوژینەکەی و سەدان کەس لە دۆست و هاوڕێیانی جەمال نەبەز مەڕاسیمی پرسەکەی بەڕێوەچوو.[6]
- سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرۆژەیاسایەکی کۆنگرێسی بە ژمارە 390 لەبارەی جینۆساید لە عێراق و سوریا واژۆکرد کە نوێنەری ئێزدییەکان ئامادەی بوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-12-11
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 138

2018-12-12



باکووری کوردستان
- سەباحەت تونجەل هاوسەرۆکی گشتیی دەبەپە بۆ پشتیوانیکردن لە چالاکیی مانگرتنی لەیلا گیوڤەن دەستی بە چالاکیی مانگرتن لە خواردن بۆ ماوەی 10 ڕۆژ کردبوو، بەڵام بەرپرسانی زیندانەکەی لە بەرامبەردا 10 مانگ سزای دیسیپلینیان بەسەردا سەپاند.[4]
- پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر مانگرتوانی شاری ئامەد کە ئەمڕۆ سەرلەنوێ لە بینای پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کردبوویەوە. پۆلیس 50 مانگرتووی دەستگیر کرد.[4]
- لە دادگای سزا قورسەکانی سینجان لە ئەنقەرە، پرۆسەی دادگاییکردنی سەلاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە بەڕێوەدەچێت. کەیسی دەمیرتاش لە دادگای سزاقورسەکانی ئامەد کرابووەوە، بەڵام بەهۆی ڕەوشی ئەمنییەوە کەیسەکەی بۆ 19ەیەمین دادگای سزا قورسەکانی ئەنقەرە گوازرایەوە. دەمیرتاش لە ماوەی یەک ساڵدا 33 دۆزی لەسەر تۆمار کراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سێمیناری خەسارناسیی ئابووریی سنوور بە ناوەڕۆکی قاچاخ و کۆڵبەری کە بڕیار بوو لە هۆڵی مامۆستا قانعی زانکۆی پەیام نووری مەریواندا بەڕێوە بچێت، لە لایەن حەراسەتی ئەم زانکۆیەوە هەڵوەشێندرایەوە.[5]
باشووری کوردستان

- پێشبینی دەکرێت هەفتەی داهاتوو شەپۆلێکی دیکەی بارانبارین سنوری گەرمیان بگرێتەوە، بۆ ڕێگریکردنیش لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی سلێمانی تیمێکی فرۆکەوانی ڕەوانەی سنورەکە دەکات.[1]
- دارمانی هەردوو پردی سەرەکیی شارۆچکەی خورماتوو بەهۆی لافاوەوە، هاتووچۆکردنی بە ڕێگای سەرەکیی بەغدا - کەرکووک ڕاگرت، قایمقامی شارۆچکەکەش دەڵێت، بەمزووانە هەردوو پردەکە چاکدەکرێنەوە و هاتووچۆ ئاسایی دەبێتەوە.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ گەشتی ئاسمانی فڕۆکە لە فڕۆکەخانەی نێوەدەوڵەتی سلێمانی ڕاگیرا ئەوەش بەهۆی زۆربوونی ڕێژەی تەم و دروستکردنی گرفت بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە.[1]
- چوار چەکداری داعش لە سنوری شارۆچکەی خانەقین هێرشیان کردەسەر گوندێک و کوڕێکی ئەنجومەنی گوندەکەیان ڕفاند.[1]
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێکەوتنامەیەک لە بواری خوێندنی باڵا ئیمزا دەکەن.[2]
- هەردوو وەزارەتی پلاندانانی عێراق و هەرێمی کوردستان کۆنفرانسێکیان لەبارەی سەرژمێری دانیشتوانی عێراق ئەنجامدا و وەزیری پلاندانانی هەرێمیش ئاشکرایدەکات: لە بودجەی 2019دا زیاتر لە 50 ملیۆن دۆلار بۆ ئە و سەرژمێرییە گشتییە تەرخانکراوە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەپۆلێکی باران بارین گوندەکانی ناوچەی کۆچەرات لە دێرکی ڕۆژئاوای کوردستانی گرتەوە و بەهۆی باران بارینی زۆرەوە لە گوندەکانی سوێدییە و گرکێ هەیولێ و چەندین گوندی تردا لافاو ڕوویدا. بەهۆی ئەوەوە ئاو چووە ناو چەندین ماڵی هاوواڵاتیان و ئەوەش بووە هۆی مرداربوونەوەی چەندین سەر ئاژەڵ.[4]
- ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە بنکەیەکی چەتەکانی سەر بە لیوای سوڵتان مورات لە ناوچەی عەزاز تەقییەوە. بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان، لە تەقینەوەکەدا فەرماندەیەکی باڵای لیوای سوڵتان مورات بە ناوی ئەبوو ئەلمۆت کوژراوە و چەندین چەتەی دیکەش کوژران و بریندار بوون.[4]
- دوای ئەوەی لە شاری عەزاز-ی ژێر داگیرکارپی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی تەقینەوەیەک ڕوویدا، تەقینەوەیەک شاری ڕاعیی هەژاند کە ئە و ناوچەیەش لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە داگیرکراوە.[4]
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە شەوی ڕابردووەوە تا بەیانیی ئەمڕۆ هێرشیان کردە سەر خانەکانی هێزەکانی ئەنجومەنی سەربازیی منبج.[4]

دەرەوەی کوردستان

- پۆلیسی دەوڵەتی تورک بەیانیی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر ماڵی ئەندامی ئەنجومەنی دەبەپە خالید شاشماز لە گەڕەکی کوچوکدیکیلی لە ناوچەی سەیهان-ی سەر بە شاری ئەدەنە. پۆلیس دەرگەی ماڵەکەیان شکاند و بەڕێوەبەرەکەی دەبەپەیان دەستگیر کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان شاشماز گوازراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی شاری ئەدەنە.[4]
- بەرهەم سالح سەرۆک کۆماری عیراق لە کۆشکی سەلام لە بەغدا پێشوازی لە نادیە مورادکرد بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی.[2] لە وتەیەکدا لەبەردەم ڕۆژنامەنوسان، نادیە مورادڕایگەیاند: بۆیە گەڕاومەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرپرسان کێشەی ئێزدیەکان یەکلا بکەینەوە کە تائێستا ژمارەیەکی زۆریان لەکەمپەکاندا لە دۆخێکی خراپدان، داوا دەکەم هاووڵاتیان قەرەبوو بکرێنەوە و شەنگال ئاوەدان بکرێتەوە.[1]
- بێهنام ئیبراهیم زادە،چالاکی کرێکاری لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی تارانەوە لە نێو ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر کرا.[5]
- سەرۆکی کۆمسێۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە میانەی کۆ بوونەوەکەی لەگەڵ شاندی تەڤگەری ئازادی ڕایگەیاندووە، داخوازیی تورکیایان بۆ قەدەغەکردنی تەڤگەری ئازادییان جێبەجێ نەکردووە و بە تورکیایان وتوە، تەڤگەری ئازادی پارتێکی یاسایی و هیچ کێشەیەکی نییە.[4]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لە گوتارێکدا کە لە لووتکەی پیشەسازی بەرگری تورک لە ئەنقەرە پێشکەشی کرد ڕایگەیاند بۆ ڕزگاربوون لە ڕێکخراوی جوداخوازی تیرۆری، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا لە ڕۆژهەڵاتی فورات دەست بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن دەکەین.[6]
- شۆن ڕۆبێرتسۆن، گوتەبێژی پێنتاگۆن لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند هەر هێرشێکی سەربازی تاکلایەنە بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لەلایەن هەر لایەنێکەوە بێت، بەتایبەت کە هێزی ئەمریکا لەو ناوچەیەدا هەیە، ئەوا زۆر جێگەی نیگەرانییە. هەر هەنگاوێکی لەو جۆرە بە قبوڵنەکراو دەزانین.[6]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند: واشنتن بە نیازە بە هاوکاری 15 ئەندامی ئە و ئەنجومەنە چالاکییە موشەکییەکانی ئێران کونترۆڵ و سنوردار بکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی هەڕێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2018-12-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-12
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-12
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 139

2018-12-13



باکووری کوردستان
- لە کاتژمێر 6ی بەیانیی ئەمڕۆوە لە 21 ناوچەی لیجە، پاسوور و فارقینی ئامەد هاتوچۆکردن لە هاووڵاتیان قەدەغە کرا. پێش ئەوەی قەدەغەکاری لە دژی هاووڵاتیان ڕابگەیەنرێت، سوپای تورکی داگیرکەر لەو ناوچانە بە بەشداریی یەکەی تایبەت دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی کردبوو. قەدەغەکاری و ئۆپەراسیۆنەکە لە سنووری شاری لیجە هەر یەک لە گوندەکانی حەمزە، جۆفتن، بەششت، گر، ئەنتاخ، بامتن، سنی و کێڵەگانیان دەگرێتەوە. قەدەغەکاری و ئۆپەراسیۆنەکە لە سنووری شاری پاسوور هەر یەک لە گوندەکانی کامکان، چرک، تەمرانکەبر، مالامەکی، مالبازی، تەمرانساخر، گۆدەرن، شاڤوشان، کانکان، باران، ئاراشکان، شەرەفکان و کێڵگەکانیان دەگرێتەوە. لە سنووری شاری فارقینیش گوندەکانی شێلما و جومات و کێڵگەکانیان بەر ئەو قەدەغەکارییە کەوتوون.[2]
- یەکێک لە دەرگاکانی بەنداوی کرال کزی لە شارۆچکەی گێل لە ئامە بەهۆی بارینی بارانێکی بەخووڕ دوای پڕبوونی شکا و مەترسیی لافاو لەسەر ئامەد هەیە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، هەفتەی ڕابردوو نەشمیل قۆیتاسی، هاوژینی ئەرسەلان خۆدکام؛ زیندانیی سیاسیی کوردی مەحکووم بە ئێعدام، لە لایەن لقی یەکی دادسەرای نیزامیی ورمێ بە بڕیۆ بوونی پارێزەر بە تۆمەتی هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی بە یەکساڵ زیندان مەحکووم کرا.[3]
- کۆڕی گشتیی ئەنجومەنی ژینگەی وڵات لە شاری بۆکان لە بەیانییەیەکدا ئاشکرای کردووە کە فەرمانداریی و شارەداری دەیانهەوێ کۆتایی بە چالاکییەکانی ئەو ئەنجومەنە بێنن.[3]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد، لە سنووری شاری خۆی بوونە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکان و لە ئاکامی ئەم تەقەیەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هادی نعمەتی، تەمەن 29 ساڵ، بە توندی بریندار بوو.[3]
- هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی زانیار مورادی، لە شوێنی کارەکەی لە شارەکی سەنعەتیی مەریواندا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کراوە. هێزە ئیتلاعاتییەکان، بە بڕێ ئیزنی یاسایی ئەم هاووڵاتییەیان دەستبەسەر کردووە و ناوبراویان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواستووەتەوە. لە لایەکی تریشەوە، لە هەمان ڕۆژدا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی حەمید ئەحمەدی لە مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوەتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر وارگەی شەهید ڕۆستەم جوودی لە شارۆچکەی مەخموور و گوندی سکێنی-یان لە ڕۆژئاوای شاری شەنگال بۆردومان کرد. لە مەخموور 4 ئەندامی هێزەکانی پاراستنی خۆیی شەهید بوون کە هەموویان ژنن و چەند کەسێکی دیکەشیان بریندار بووە.[2][6]
- دوای هێرشەکەی دەوڵەتی تورک بۆ سەر کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی، هاوڵاتیان خۆپیشاندانی فراوانیان ئەنجامدا و دروشمی بکوژ ئەردۆغان دەڵێنەوە.[6]
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا 21 سەرکردەی بەندکراوی داعشی بەندکراو لە یەکێک لە بەندینخانەکانی پارێزگای سلێمانی هەڵاتوون. لەو 21 کەسە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە 10 کەسیان لەشارەدێی بازیان دەستگیرکراونەتەوە شەش کەسی دیکەیان لە سلێمانی دەستگیرکراونەتەوە، لەئێستاشدا پێنج کەسیان هەڵاتوون لە نزیک ناوچەی دێلێژە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە و گەڕان بەدوایاندا بەردەوامە.[1]
- وەزارەتی دادی عیراق هەواڵی هەڵهاتنی زیندانیی لە گرتووخانەی سوسێی شاری سلێمانی ڕەتدەکاتەوە.[5]

- دوای ڕاگرتنی لە شەوی ڕابردووەوە، پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ گەشتەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دەستیانپێکردەوە.[1]
- هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی چاویان بە نادیە موراد کەوت.[4]
- زانکۆی ڕاپەڕین میوانداری وەرکشۆپێکی نێودەوڵەتی کرد، کە تیایدا چەندین زانکۆی ناوخۆیی و بیانی لەوڵاتەکانی ئەڵمانیا بەشداربوون، تیایدا چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیستەمی خوێندنی بۆلۆنیا تاوتوێکرا، هەروەک باس لە چۆنیەتی ئامادەکردنی مامۆستا کرا بۆ ئەم سیستەمە نوێیە، بەپێی ئەم سیستەمە خوێندکار دەبێتە چەقی فێربوون و مامۆستا تەنها ڕۆڵی ڕێنیشاندەر دەبینێت، وە هەموو هەوڵێکی خوێندکار و ماندووبونەکانی بە ژمارە گوزارشتی لێ ئەکرێت، کە ئەنجامی کۆکردنەوەی ئەم ژمارانە ئاستی خوێندکار و ئاستی فێربوونی دیاری دەکرێت.[5]
- بەهۆی خراپبوونی ڕێگای گەڕەکی ڕۆشنبیری هەولێر و تێکچوونی پردی پەڕینەوە، منداڵێکی ئە و گەڕەکە گیردەخوات و مەترسی خنکانی لێ دەکرێت، بەڵام دواتر لەلایەن پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێرو هاوڵاتیانی ئە و گەڕەکەوە منداڵەکە لە خنکاندن ڕزگار کرا.[1]
- لەسەر زۆری داواکاریی گەنجان و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان،ستافی سینەما سالم لە شاری سلێمانی، هەفتەیەکی دیکەیان بۆ نمایشکردنی فیلمی 14ی تەممووز(تیرمەه) درێژکردەوە.[6]
- بەبۆنەی یادی 50 ساڵەی دامەزراندنی خوێندنگای خانزادی کچان لە شاری سلێمانی، بە ئامادەبوونی مامۆستایان و خوێندکارانی خوێندنگەکە ڤیستیڤاڵێکی ئەرشیفی و کلتوری بەڕێوەچوو.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- دوای ئەوەی تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورک هەڕەشەی داگیرکردنی لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد، جموجوڵی سەربازیی سوپا داگیرکەرەکەی لەسەر سنووری سەرێکانی دەستیپێکرد. سەرچاوە هەرێمییەکان ڕاشیانگەیاندووە، جاروباریش دەنگی چەک لە ناوچەکە دەبیسترێت و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیش بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕێنەوە.[2]
- وتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)، ڕایگەیاند: ئەردۆغان بۆ جاری سێیەم هەوڵ بۆ پاراستنی داعش دەدات کە ئێستا لە هەجین لەلایەن هەسەدەوە دووربێچکراون، بۆیە هەڕەشەی هێرشکردنە سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکات.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە هەرێمی شەهبای داگیرکراودا باری نائاساییان ڕاگەیاند و دەستیان بە کۆکردنەوەی هێز کرد. شەوی ڕابردووش منبج-یان تۆپبارانکرد. کاروانێکی سەربازیش لە کیلیسەوە چووە جەرابلوس. لە 6 ناوچەش باری نائاسایی ڕاگەیاندووە.[2]
- تەقینەوەیەک لە عەفرین ڕوویدا و بەپێی سەرچاوە خۆجێییەکان 5 کەس کوژراون و 4ی دیکەش بریندارن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: بۆکان

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-12-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 140

2018-12-14



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی قەلقەل-ی سەر بە پارێزگەی وان لە باکووری کوردستان بەهۆی بەفر بارینی زۆر چارەنووسی 5 کەس دیار نییە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەحمانی کتابی تەمەن 40 ساڵ خەڵکی گوندی شێلمان و دانیشتووی گوندی نەنووری شاری بانە بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری هەنگەژاڵە، گیانی لە دەستدا و هەروەها کۆڵبەرێکی دیکەی کورد بە ناوی محەممەد مەعرووفی تەمەن 20 ساڵ خەڵکی گوندی بڕی بە سەختی بریندار بووە.[4]
باشووری کوردستان
- لە ڕێگەی دوو فڕۆکەی جەنگییەوە بۆ جارێکی دیکە تورکیا دەستیکردەوە بە بۆردوومانکردنی بەرزاییەکانی دەڤەری برادۆست لە سنووری پارێزگای هەولێر.[1]
- تەرمی ئە و هاوڵاتییە سیڤیلانەی لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەجەنگییەکانی تورکیا لە مەخموور شەهید بوون، بە مەڕاسیمێک بە خاک سپێردران.[2]
- دووەمین کۆنفرانسی هەرێمی سلێمانیی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لە شاری سلێمانی دەستی پێکرد. لە دوای پێشکەش کردنی گوتەیەک لە لایەن محەممەد عەبدوڵا هاوسەرۆکی گشتیی تەڤگەری ئازادیی، ڕاپۆرتی دوو ساڵی کار و خەبات

خوێنرایەوە. دوای نێوەرۆش هەریەک لە شەهێن محەمەد و حاجی ئازاد وەک هاوسەرۆکانی نوێی تەڤگەری ئازادی لە هەرێمی سلێمانی هەڵبژێردران. هەروەها هەڵبژاردن بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی نوێی تەڤگەر لە سلێمانی ئەنجام درا و 19 کەس (13 پیاو و 6 ژن) هەڵبژێردران.[2]
- سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکان لە سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی سوپای تورکیا بۆ سەر شنگال و کەمپی پەنابەرانی باکووری کوردستان لە مەخموور بەپەیامێک ناوەبات بۆ ئەوانەی بەگوتەی ئەو پشتگیری تیرۆر دەکەن. نوێترین ئاماری قوربانیانی ڕووداوەکەش بڵاوکرایەوە و بەپێی میدیای پەکەکە نۆ کەس کوژراون و بریندارببوون.[1]
- کاوە محەمەد، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی گۆڕان، لە دژی هێرشی سەرکامپی 'ڕۆستم جودی' لەمەخمور، داوای هەڵوێست و هەنگاوی بەپەلە دەکات.[3]
- دژی گۆشەگیرییەکانی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان و بۆ پشتیوانی لەیلا گوفەن پەرلەمانتاری هەدەپە کە لەزیندانداا مانی گرتووە، ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- ڕژاک، لە ڕانیە مانگرتنی ڕاگەیاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 141
2018-12-15



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کوشتاری کۆڵبەران و کاسبکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی ڕژێمی ئێرانەوە بەردەوامە. شەوی ڕابردوو لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت بەهۆی تەقەی چەکدارەکانی ڕژێمی ئێرانەوە کۆڵبەرێکی گەنجی تەمەن 16 ساڵ بە ناوی حاسڵ بادبەرین خەڵکی گوندی تووركەس-ی پیرانشار کوژرا.[2]
- ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا، کشانەوەی خۆی لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕاگەیاند.[4]
- ئەنجومەنی فەرهەنگی هونەریی ڤەژین، لە ڕاگەیەندراوێکدا نیگەرانیی خۆی لە هەمبەر لەنێوبردنی دارستانەکانی زاگرۆس دەربڕی.[4]
- بەڕێوە چوونی دادگایی هوشمەند عەلیپوور، خەڵکی شاری سەردەشت و محەممەد ئوستادقادر، خەڵکی شاری سەقز دوو زیندانی سیاسی بەندکراو لە زیندانی سەقز بۆ مانگێکی دیکە وەدواکەوت.[4]

باشووری کوردستان

- حزبی شیوعی کوردستان سەرکۆنەی هێرش و هەڕەشەکانی تورکیا بۆسەر باشور و ڕۆژئاوای کوردستان و دەستێوەردانەکانی لە کەرکووک دەکات.[2]
- فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیای بۆ سەر کامپی مەخمور و شەنگال ئیدانە کرد و لە بەرامبەر بێدەنگیی حکومەتی ناوەندیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ناڕەزایەتیی نیشاندا.[2]
- ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق دوای ساڵێک لە داخستنی، دەروازەی سحێلا-ی لەنێوان دهۆک و شەنگال-دا کردەوە، عێراق-یش ئەو ڕێڕەوە مرۆییەی داخست، کە لەکاتی فەرمانەکەی سەر شەنگال لەنێوان ڕۆژئاوا و شەنگالدا کرابووەوە، بڕیارە خەڵکی شەنگال لەوبارەیەوە ناڕەزایەتیی نیشان بدەن.[3]

دەرەوەی کوردستان

- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە، لە دژی بڕیارەکەی ئەمریکا بەرامبەر بە جەمیل بایک، مووراد قەرەیلان و دوران کالکان کۆبوونەوەیەکی فراوان بە بەشداریی سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان و کەسایەتییە ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەکادیمییەکان بەڕێوەدەبات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: جوواڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
پارت / لایەن: سازمانی خەبات
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-12-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-12-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 142

2018-12-16



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئۆتۆمبێلی کاسبکارێکی کورد، بە ناوی ڕەحمان ڕەسوولی (قەرەچۆم)، تەمەن 31 ساڵ، کوڕی حەسەن، خەڵکی مەهاباد، لە ئاکامی ڕاودوونانی لە لایەن نیزامییە حکوومەتییەکانەوە وەرگەڕاوەتەوە و ناوبراو دەسبەجێ گیانی لە دەست داوە.[5]
- نیزامییە حکوومەتییەکان، گرووپێک لە کۆڵبەرانی کوردیان لە سنووری پیرانشار کردە ئامانجی تەقەی خۆیان و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی نادر نەبیزادە، خەڵکی گوندی زیوە سەر بە شاری پیرانشار بە تووندی بریندار بوو. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم کۆڵبەرە کوردە بە هۆی سەختی بڕینەکانیەوە گواستراوەتەوە بۆ ناوەندە دەرمانییەکانی شاری

پیرانشار. ئەم سەرچاوە ئاگادارە، دۆخی تەندروستیی ئەم کۆڵبەرە کوردەی خراپ وەسف کردووە.[5]
- دوو هاوواڵاتیی کورد، بە ناوەکانی ئەنسار ئەدوایی، تەمەن 27 ساڵ و فەردین ئەدوایی، تەمەن 24 ساڵ، خەڵکی هەورامانی سەوڵاوا، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار گوازراونەتەوە.[5]
باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆژنامەنووس، مستەفا ساڵح کەریم لە سلێمانی.[1]
- بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لە ماڵێکی شارۆچکەی چەمچەماڵ سێ منداڵ گیانیان لەدەستدا و دایکیشیان بریندار بووە.[1]
- لە هۆڵی ڕۆشنبیری بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، 21ەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئۆرکێستڕای کوردستان / هەولێر بەڕێوەچوو.[3]
- لە سلێمانی لە بەردەم بالّەخانەی پارێزگا ساڵیادی مانگرتنەکەی 1991 کرایەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بازاڕی ئەلهال لە ناوەندی شاری عەفرین تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا. سەرچاوە هەرێمییەکان باس لە کوژرانی چەندین چەتەی تورکیا دەکەن.[2]
- سوپای تورکی داگیرکەر بە تۆپخانەکانی هێرشی کردە سەر ناوچەی شێڕاوای عەفرین و لەو هێرشەدا 2 هاووڵاتیی ئەو ناوچەیە بریندار بوون.[2]
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژ ڕایگەیاند، ئەمڕۆ ژمارەیەک پێشمەرگەی هێزی ڕۆژ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا چوونەتە ڕۆژئاوای کوردستان.[3]
دەرەوەی کوردستان
- نادیە مورادە، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و باڵیۆزی نیازپاکی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی لەگەڵ مەولوود چاوشئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا داوایکردووە سوپای تورکیا بۆردوومانەکانی بۆ سەر شنگال ڕابگرێت.[3]
- بۆ بەدواداچوونکردن لەسەر کەیسی داخستنی بارەگاکانیان، شاندێکی تەڤگەری ئازادیی سەردانی فەرمانگەی کاروباری پارتە سیاسییەکانیان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کرد.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 16-12-2018
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕوداو - 16-12-2018

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2018-12-17
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 143

2018-12-17



باکووری کوردستان
- هەزارەها خۆپیشاندەر لە شاری ئامەد دژی هەڕەشەکانی ئەردۆغان و خراپیی باری ئابووری خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.[1]
- دادگای دەوڵەتی تورکی داگیرکەر سزای 9 ساڵ و 4 مانگ زیندانیکردنی بەسەر مستەفا بایرام هاوسەرۆک شارەوانیی شاری خەلفەتی دا سەپاند.[6]
- پۆلیسی تورک لە ناوچەی فارقینی پارێزگای ئامەد هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتییان. پۆلیس لەو هەڵکوتانەدا هەر یەک لە بیلال ئەرەنفیک، عوسمان و ئامەد ئەزەری دەستگیرکرد و کەسە دەستگیرکراوەکانیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی فارقین.[6]
- لە شاری وان ڕۆژنامەوان ئۆکتای جاندەمیر لە لایەن هێزەکانی جەندەرمەی سەر بە دەوڵەتی تورک دەستگیر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستانەوە لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان هەندێک چالاکی بەڕێوەدەچێت.[4]
- حیزبی شیوعی وەکو یەکەم حزبی کوردستانی لە کەرکووک ئاڵای کوردستانی لەسەر بارەگاکەی هەڵکرد.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دوو ڕۆژە ژمارەیەک گوندی سنوری شارۆچکەی ئاکرێ بۆردومان دەکەن، بەهۆیشییەوە سێ گوند لە دەڤەری زێباری چوڵکراون.[1]
- غانم سەباح نادر، لێپرسیراوی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سنووری شارەدێکانی گوێر و قەراج و دیبگە و شارۆچکەی مەخموور، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی هەولێرەوە لەبازگەی بازارگە لەسەر ڕێگای هەولێر-مەخموور دەستگیرکراوە و ڕادەستی ئاسایشی هەولێر و لەوێشەوە ڕادەستی هێزەکانی دژە تیرۆری هەولێر کرا.[2]
- هاتووچۆی گەرمیان بەهۆی بارانبارین و لافاوەوە ڕێگای هاتووچۆی نێوان کەلار- دەربەندیخانی داخست.[5]
- 317 ملیار دیناری پشکی مانگانەی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە ڕەوانەی هەرێم کرا.[1]

- خەڵکی شەنگال لەدژی بڕیاری داخستنی ڕێڕەوی مرۆیی نێوان شەنگال و ڕۆژئاوای کوردستان ناڕەزایی دەربڕی.[5]
- جارێکی تر بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە لافاو ڕوو لەناوچەکانی مەندەلی و قەزانیەی سەربە پارێزگای دیالە دەکات.[5]
- دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە گوندی شێخ لەنگەری سەر بە شارەدێی کوکسی سەر بە شارۆچکەی کفری ئیدارەی گەرمیان، خانوی ئەفسەرێکی وەزارەتی ناوخۆ بەهۆی باران بارینەوە ڕووخا.[2]
- لە گەرمیان هاوڵاتیەک دەستڕێژی گوللە لە براکانی دەکات و برایەکی کوژراو دوو برای دیکەی بریندار بوون.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- گوتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل- یەپەگە دەڵێت، لەم ڕۆژانەی دواییدا هەندێک هەواڵ دەربارەی چوونی ژمارەیەک پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەم هەواڵانە دوورن لە ڕاستییەوە.[3]
- جەیمس جێفری، نوێنەری ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا ڕایگەیاند، پێشمەرگەی ڕۆژ بە ئاگاداری ئەمریکا و هێزەکانی هەسەدە بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە چوونەتە سووریا.[3]

دەرەوەی کوردستان

- لەسەر ناوزەندنکردنی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان بە تیرۆریست لەلایەن هاکان قاراچای، سەرکونسوڵی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دەرەوەی عێراق هۆشداریی دەداتە قاراچای.[2]
- لە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کورستان- پەکەکە، لە شاری ستراسبۆرگی فەرەنسا 18 هاوڵاتی کورد دەستیان بە مانگرتنی بێ مەودا و بێ نۆبەت کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: فرەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 17-12-2018
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 17-12-2018

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-17
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-17
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-17
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 144

2018-12-18



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، لە ناوچەی هێنێ لە پارێزگای ئامەد بەهۆی چالاکیی هێزەکانی گەریلاوە 2 پۆلیس بریندار بوون. ئەو 2 پۆلیسە بریندارە بە کۆپتەر گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی حکومیی سەلاحەدینی ئەیوبی و یەکێک لە پۆلیسە بریندارەکان بە ناوی نازن تونجەر لە نەخۆشخانەدا مردووە.[2]
- دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی سڕینەوەی سیاسیی گەلی کورد دا، کزناز تورکەلی پەرلەمانتاری هەدەپە، شازیە ئۆنەر هاوسەرۆک شارەوانیی ئیدر و محەمەد گیولتەکین هاوسەرۆک شارەوانیی تۆزان و بەرێوەبەری هەدەپەی شاری ئیدری دەستیگرکرد.[2]
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوەندی دێرسیم هەڵیانکوتایە سەر بەشی ناوخۆیی خوێندکاران و لەو هەڵکوتانەیاندا، چەندین خوێندکاریان دەستگیرکرد و بردنیان بۆ بەرێوەبەرایەتیی ئاسایشی تونجەلی. ناوە کەسە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: سەرحەد پۆلات، جەنگیز فیدان، بێریڤان دومان، شێخموس بەکر، محەمەد ئەرکیس، بێریتان ئاکداغ، بیلال دەنیز و لیدەر پۆلات.[2]
- پارێزگاری جۆلەمێرگ بۆ ماوەی 15 ڕۆژ هاتووچۆی لە 30 شوێنی نێو شاری جۆلەمێرگ و دەوروبەری قەدەغە کرد.[2]
- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک سزای سالێک و 8 مانگ زیندانی کردنی بۆ ڕۆژنامەوان هەمزە گوندوز بڕیەوە.[2]
- دادگەیەکی ڕژێمی تورکیا بەهۆی قسەکانی لە نەورۆزی ساڵی 2016دا، سزای 2 ساڵ زیندانی کردنی بۆ ئەرتوغرول کورکچو سەرۆکی فەخرپی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بڕیەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە شاری سنە پەردە لەسەر پەیکەری نووسەر محێدین حەقشناس لادرا.[1]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سالار تەنهایی، تەمەن 32 ساڵ، خەڵکی شاری جوانڕۆ، لە سنووری نەوسوود بە هۆی سەرماوە دڵی ڕاوەستاوە و گیانی لە دەست دا.[6]
- ئارام محەمەدی چالاکی کرێکارپی، لە کامیاران دەسبەسەر کراوە و بە مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندان کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لەسەر ڕاسپاردەی بەرهەم سالح، سەرۆککۆماری عێراق دادگای فیدراڵی هەموو ئە و نووسراوانەی ڕاکان سەعید، پارێزگاری

کەرکووکی بەوەکالەت هەڵوەشاندەوە، کە لەماوەی ساڵێکدا بۆ دەستبەسەرداگرتنی زەوی کورد دەریکردبوون.[3]
- ستیف بلۆک وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاووتوێی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و پێکهێنانی حکومەتی نوێیان کرد. هەردوولا ئاماژەیان بەوە کرد کە پەیوەندییەکانی هۆڵندا و هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی باشدایە.[1]
- هایکۆ ماس، وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا گەیشتە هەولێر و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە، بۆ تاوتوێکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەرلین و مەشقی هێزەکانی پێشمەرگە و چاکسازی لە پەیکەربەندی و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە.[3]
- ئەمڕۆش گەلی شەنگال بۆ ئیدانەکردنی داخستنی ڕێڕەوی مرۆیی نێوان ڕۆژئاوا و شەنگال لەسەر سنوور کۆبوونەوە و داخستنەکەیان ئیدانە کرد.[2]
- سەرپەرشتیاری گشتی فیدراسیۆنی پەنابەران ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی ڕێککەوتنێکی نوێی نێوان سەرۆکی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی هۆڵەندا، دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بەشێوەیەکی زۆرەملێ بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر دەستپێکردۆتەوە.[1]
- بەڕێوەبەری شارۆچکەی سەرگەڕان خۆی ڕادەستی پۆلیسی هەولێر کرد، ئەوەش دوای ئەوەی بەهەڵە فیشەکی لەدەست دەرچووە و خوشکەکەی کوشتووە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هەزاران هاوڵاتیی هەرێمی فوورات لە گۆڕستانی شەهید دیجلە لە شاری کۆبانێ کۆبوونەوە بۆ ئەوەی تەرمی هەر سێ شەهیدی سیڤیل خەلیل خالید جعۆ-ی خەڵکی گوندی قۆلان قەرە عەلی، مستەفا حاجی خەڵکی گوندی قۆلان و مەحموود خان تەمۆ خەڵکی گوندی هەلنج بەخاک بسپێرن کە بەهۆی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر لە شەنگال شەهید بووبوون.[4]
- دەوروبەری کاتژمێر 19:20ی ئەمڕۆ لە نزیک فەرماندارەتیی سوپای تورکیای داگیرکەر لە ناوچەی شەرا تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویداوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی ئیدانەی پێشێلکاریەکانی تورکیا بۆ سەر سەروەری عیراق دەکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	جوانرۆ
شار و شارۆچکەکان:	دێرسیم
شار و شارۆچکەکان:	سنە
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کامیاران
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
وڵات:	هۆڵاند
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 145

2018-12-19



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ئاگادارییەکدا بۆ بیروڕای گشتی ئیدعاکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بۆ چوونە دەرەوە لەو ناوەندەی ڕەد کردەوە.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەحمان شوانە خەڵکی گوندی دۆڵەتوو سەر بە شاری سەردەشت، بە هۆی تەقەی نیزامییە حکوومەتییەکان بریندار بوو و گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانە.[6]
- شاهۆ سادقی، چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری کامیاران، پاش بانگهێشت لە لایەن دادگاوە، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندان کرا.[6]
- کچێکی کورد، بە ناوی چرۆ نیکزاد، تەمەن 16 ساڵ، کچی عەلی، خەڵکی گوندی سەردۆش، سەر بە شاری مەریوان، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم کچە مەریوانییە، بە هۆی بەشوودانی زۆرەملێ لەگەڵ کورە مامێکی خۆی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.[6]
- سابیر نادری ئەندازیاری کامپیۆتێر و بەڕێوەبەری کۆمپانیای شەهیر نەرم ئەفزار پوویا، (شهیر نرم افزار پویا)، خەڵکی شاری قوروە، بۆ تێپەڕاندنی 4 ساڵ زیندان دەسبەسەر کرا و بۆ زیندانی ناوەندیی شاری سنە ڕاگوێزرا.[6]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەخانەی عەربەت بە فەرمی ناسێندرا و بڕوانامەی حەوتەمین فڕۆکەخانەی عێراق و سێهەمین فڕۆکەخانەی هەرێمی کوردستانی وەرگرت.[3]
- کەسوکاری دوو شەهیدەکەی خۆپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردووی ڕانیە دەڵێن، تا ئێستا بکوژانی کورەکانیان دەستگیر نەکراون، داواش دەکەن یاسا سەروەر بێت و بکوژان سزا بدرێن.[4]
- دانیشتوانی شارەدێی سەرکەپکانی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین لە سنوری پارێزگای سلێمانی، بەهۆی نەبوونی کارەباوە خۆپیشاندانیان ئەنجام دا و بۆ ماوەی کاتژمێرێک ڕێگای سەرەکیی ڕانیە - سۆرانیان داخست.[4]

- ئەمڕۆ لەبەردەم بینای پارێزگای هەولێر، نوێنەرانی چوار هەزار بەشداربووی پرۆژەی خانووەکانی گوندی کۆرپی گردبوونەوەیەکیان ئەنجام دا و تێیدا داوایان کرد بە زووترین کات چارەنووسی ئەو خانوانەیان ئاشکرا بکرێت.[4]
- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق، بە نوسراوێکی فەرمی، حکومەتی هەرێمی ئاگادار کردووەتەوە لەبارەی داخستنی بارەگاکانی تەڤگەری ئازادی و دەڵێت، کە تەڤگەر ئازادیی پارتێکی فەرمییەو بۆی هەیە لە هەموو عێراق-دا کاری سیاسی بکات و بارەگای هەبێت.[4]
- فرۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە نزیک کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور بۆردوومانی چەتەکانی داعش دەکەن.[4]
- جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی 2ی یەکێتی لە کەرکووک، ڕایگەیاند، دەستەی دەستپاکی کەرکووک سکاڵای لەسەر ڕاکان جبوری، پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکووک تۆمار کردووە و فەرمانی دەسگیرکردنی بۆ دەرکراوە.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە ڕۆژئاوای منبج لە نێوان گروپێک چەتە بە ناوی ئەحفاد ئەل ڕەسوڵ و سوپای تورکی داگیرکەر شەڕ ڕوویدا.[2]
- ئەمڕۆ بە سەدان دانیشتووی ناوچەی سەرێکانی، لە هەموو پێکهاتەکانی لەبەردەم ماڵی گەل کۆبوونەوە و بەرەوە هێڵی سنووری بەرێکەوتن، تا وەک قەڵغانی زیندوو ڕێگە لە هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بگرن.[4]

دەرەوەی کوردستان

- عادل عەبدولمەهدی, سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایدەگەیەنێت: لەبارەی بۆردومانەکەی تورکیا بۆ سەر شەنگال ئاگادارکردنەوەیەکمان داوەتە باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا کە ئە و کردەوانە ڕەتکراوەن لای ئێمە.[1]
- وێنەکانی تاوان و شەڕەکانی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی سووری ئامەد لە کاتی بەرخودانی خۆبەڕێوەبەریدا لە شارەوانیی شاری لاهای (دێنهاخ)ی هۆڵندا نمایشکران.[2]
- دۆناڵد تەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، داعشیان لە سووریا تێشکاندووە و شەڕی ئەو گرووپەش تاکە هۆکاری مانەوەی هێزەکانیان بوو لە سووریا.[3]
- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز لەزاری چەند بەرپرسێکی باڵای ئەمریکییەوە بڵاویکردۆتەوە، ئیدارەی واشنتۆن دیراسەی کشانەوەی هێزەکانی خۆی دەکات لەسوریا بەشێوەیەکی یەکجاریی.[1]
- ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرنااڵی ئەمریکی لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە ئاشکرایکرد، هێزەکانی ئەمریکا خۆیان ئامادەدەکەن بۆ کشانەوە لە باکووری سووریا.[3]
- یەکەم کاردانەوەی نارەزایی دژی بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریادا لە ناوخۆی پارتی کۆمارییەکان دەرکەوت کە بڕیارەکە بە هەڵەیەکی گەورە ناوزەند دەکات.[5]
- بنیامین نەتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل ئاشکرایکرد، ئیسرائیل تاوتوێی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەکات و کاریش لەسەر پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل دەکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: سازمانی خەبات
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان

ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
ولّات: هۆڵاند
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 146

2018-12-20



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی هەدەپە، سەزای تەمەڵی دەربارەی بڕیارەکەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە سووریا ڕایگەیاند، با هەموو هێزە دەرەکییەکان لە سووریا بکشێنەوە بە تورکیا و ڕووسیاشەوە.[5]
- دانیشتنی دادگەیی کردنی ڕۆژنامەوانانی ڕۆژنامەی (ئۆزگور گوندەم) حوسێن ئایکۆل، زانا کایا، ئینان کزلکایا و سیاسەتمەداری کورد خەتیب دیجلە لە دووەمین دادگەی سزادانی ئیستەنبوڵ بەڕێوەچوو. لە دانیشتنەکەدا ڕۆژنامەوانان ئایکۆل، کایا و کزلکایا هەروەها سیاسەتمەدار خەتیب دیجلە ئامادە نەبوون. لە بری ئەوان پارێزەرەکانیان ئامادە بوون. نوێنەری ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور (RSF) لە تورکیا ئەرۆل ئۆنەرئۆغلو و پەیامنێرانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن چاودێری دانیشتنەکەیان کرد.

دەستەی دادگە دانیشتنەکەی بۆ 21ی شوباتی 2019 دواخست.[5]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- مستەفا عەلیپوور، باوکی هووشمەند عەلیپوور، زیندانیی سیاسیی کورد، لە نامەیەکدا ڕوو بە خەڵکی کوردستان داوای کرد، کە بۆ ئازادکرانی هووشمەند عەلیپوور و محەممەد ئوستادقادر هەوڵ بدەن و گیانیان لە مەترسی ڕزگار بکەن.[2]
- ئومید شامحەمەدی مامۆستای کوردی خەڵکی شاری دیواندەرە، پاش 40 ڕۆژ لە دەستبەسەرکرانی، بە دانانی بارمتەی 100 میلیۆن تمەنی ئازاد کرا.[2]
- لە ناوچەی دەشتە بێلی شنۆ، کاروانێک لە کۆڵبەران دەکەونە بەر دەستڕێژی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک بە ناوی عەلی مامەند بە تۆندی بریندار دەبێت.[2]
- لاوێکی کورد بە ناوی عوسمان فەرەجی، خەڵکی شاری بانە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[2]
باشووری کوردستان
- دوای چەندجارێک هۆشداریدان بەحکومەتی عێراق بۆ ئەوەی مووچەکانیان خەرجبکات، دواجار هێزەکەی کاکەییەکان لەچوارچێوەی حەشدی شەعبیدا سەنگەرەکانیان لە باشووری کەرکووک بەجێهێشت.[1]
- ژنێک لە کەلار خۆی سوتاند و بەهۆی زۆری سوتاوییەکەیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سوتاوی لە سلێمانی کرا.[3]
- بەپێی ڕاگەیەنراوێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان شەوی ڕابردوو سەعات 12:17 دەقیقەی شە و بومەلەرزەیەک بەگوڕی 3.5 پلەی ڕێختەر بەدووری 24 کم لەئاکرێوە ڕوویدا.[3]
- محەمەد زاخۆیی ئەندامی تەفگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، لەلایەن ئاسایشی دهۆکەوە ئازادکرا.[6]
- هەڵمەتی کوتانی منداڵان دژی نەخۆشی ئیفلیجی دەستپێدەکات و تەندروستی سلێمانیش دەڵێت هەڵمەتەکە پێج ڕۆژ بەردەوامدەبێت و منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ دەگرێتەوە.[3]
- لە دوای کۆتاییهاتنی یارِیی نێوان یانەی ڕزگاری و یانەی خانەقین لە شارۆچکەی ڕزگاری، لەلایەن هەندێک کەسەوە کە خۆیان وەکو هاندەری یانەی ڕزگای پیشانداوە، هێرشکرایە سەر ئۆتۆمبێلی یاریزانانی یانە خانەقین. بە و هۆیەشەوە شەش یاریزان بریندار بوون.[4]
- لە سلێمانی بەچالاکی جۆراوجۆر یادی شەوی یەڵدا دەکرێتەوە کە درێژترین شەوی ساڵە.[3]
- هەڵبژاردنی چوارەمین شاجوانی کوردستان لەنێوان 107 بەشداربوو بەڕێوەچوو، سانا مەحمود لە شاری هەڵەبجە وەک شاجوان هەڵبژێردرا.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- وتەبێژی تەفدەم ڕاگەیاند: هێزەکانی سوریای دیموکرات، دەربارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا هەڵوێستی ڕەسمی خۆیان ڕانەگەیاندووە، هەر وتەیەک بەناوی ئە و هێزەوە بڵاوکرابێتەوە ڕاست نییە.[1]
- بۆ ئیدانەکردنی مامەڵەی قێزەونی نێوان بەڕێوەبەرِیی ئەمریکا و تورکیا بەرامبەر بە گەلانی باکوو و ڕۆژهەڵاتی سوریا، لە بەردەم بارەگای هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژ بە داعش لە کۆبانی کۆدەبنەوە.[5]
- قەسەدە، ڕایگەیاند، کە هێشتا شەڕی داعش بەردەوامە و بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بۆشایی سیاسیی و سەربازیی دروست دەکات.[6]
دەرەوەی کوردستان
- لیندسی گراهام، سیناتۆری ئەمریکی پەیوەست بە ڕاگەیاندنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، دەڵێت: ئەوانەی دەڵێن هێزەکانی داعشمان لە سوریا بە یەکجارِیی لەناوبردووە، ئەمە لێدوانێکی ڕاست نییە، بەڵکو تەنیا توانراوە زیانیان پێبگەیەنرێت و تواناکانیان کەمبکرێتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی هەموو توانایەک خرایە بەردەستی هێزەکانمان بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەڵام ڕازی نیم بوترێت کۆتایی بە داعش هێناوە لە عێراق و سوریا.[1]
- دۆناڵد تەمپ بەرگری لە بڕیاری کشانەوە لە سووریا دەکات و دەڵێت ئێمە پۆلیسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نین. دەشڵێت، ڕووسیا و ئێران خۆشحاڵ نین ئەمریکا سووریای جێهێشتووە چونکە دەبێ لەمەودوا خۆیان شەڕی داعش بکەن.[4]
- سەرۆکی ڕوسیا ڕایگەیاند: بوونی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە سوریا ناڕەوایە و کشانەوەی ئەم هێزانە هەنگاوێکی ڕاستە، دەشڵێت: پشتگیری وتەکانی سەرۆکی ئەمریکا دەکەم لەبارەی لەناوبردنی داعش-ەوە.[1]
- نوێنەری پارتیی یەکێتیی دیموکراتی (پەیدە) لە فەرەنسا خالید عیسا بە ئاژانسی فەرەنسا (AFP)ی ڕاگەیاند، هاوسەرۆکانی ئەنجومەنی سووریای دیموکراتی (مەسەدە) ڕیاز دەرار و ئیلهام ئەحمەد لە کۆشکی ئەلیزێ لە پاریس پێشوازییان لێ دەکرێت. هاوکات کۆشکی ئەلیزێ ڕایگەیاند، ڕۆژی هەینی هەردوو نوێنەرەکەی باکووری سووریا (ڕۆژاڤا) دەبنە میوانی کۆشکی ئەلیزێ.[5]
- جیم ماتس وەزیری بەرگری ئەمریکا، دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەی، کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا بووە لە ڕۆژاوا.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: فڕەنسا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-20
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 147

2018-12-21



باکووری کوردستان

- لە شاری وان بەرەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا هەڵی کوتایەسەر ماڵی جالاکانی سیاسی و هاوسەرۆکی هەدەپەی وان ئومید دەدی، هاوسەرۆکی دەبەپە ئوککیش کاوە، بەڕێوەبەری هەدەپەی شارهەندان کاراکسویون، هاوسەرۆکی ناوچەی پایزاڤا، سەنەم لالات و2کەسی تریان دەستگیرکرد.[2]

- شارۆچکەی نسێبین و دەیان گوند و کێڵگەی ئەو شارۆچکەیە ڕووبەڕووی لافاو و بارانی بەڵێزمە بوونەتەوە و، زیانی زۆری بەموڵک و ماڵی خەڵک گەیاندووە.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە گوندی دارەلکی مەهاباد، فێستیڤاڵێکی کولتووری و هونەری بەناوی دایک بەڕێوەچوو کە لەلایەن لیژنەی یاریپە خۆجێیەکانی مەهاباد ڕێکخرابوو. فێستیڤاڵەکە بە ئامادەبوونی سەدان کەس بەڕێوەچوو و تێیدا یاریپە خۆجێیەکان، پیشە دەستییەکان و خواردنە ڕەسەنەکانی ناوچەی موکریان خرانەڕوو.[5]

باشووری کوردستان

- کۆچی دوایی چیرۆکنووس ڕەئوف حەسەن.[1]

- تەرمی جەمال نەبەز لە ئەڵمانیاوە دەگاتە هەولێر.[1]

- لەماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا حەوت تانکەر مەودای کیمیایی و نزیکەی 50 سندوق قارچک بەهۆی دەرنەچوون لە پشکنین ڕەوانەی ئێران کراونەتەوە ئەوەش بە وتەی بەڕێوەبەری کۆمەڵگای دەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران.[4]

- ماوەی 31 ڕۆژە، ئەندامانی نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە لە باشوری کوردستان، دژی بەردەوامی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پشتگیری لە مانگرتنی لەیلا گیوفەن هاوسەرۆکی کەجەدە، دەستیان بە مانگرتن کردووە، ئەمڕۆش گروپی 16هەم دەستیان بە مانگرتن کرد.[2]

- ئەنجومەنی مامۆستایانی ناڕازی ڕایدەگەیەنن، دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم قۆناغێکی نوێ لە خەباتی مەدەنی دەسپێدەکەن، لەئێستاشدا هەر چالاکی و کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدرێت هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نییە.[4]

- بڕیار وابوو، کاتژمێر 1:00ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە شەقامی سالمی شاری سلێمانی، خۆپیشاندانێک دژی گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، بەڕێوەبچێت، بەڵام هێزە ئەمنییەکانی سلێمانی ڕێگریان لە

خۆپیشاندانەکە کرد و بە دەیان خۆپیشاندەریان دەستگیرکرد. بەرهەم لەتیف، پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی ڕۆژنیوز، کە بە ئامانجی ڕوومالکردنی خۆپیشاندانەکە ڕۆشتبووە شوێنی خۆپیشاندانەکە، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرا.[2]
- ئاسایشی گەرمیان ماوەی دوو ڕۆژ مۆڵەتی داوەتە ڕێکخراوی نێوگەر، بۆ ئەوەی بارەگاکەیان دابخەن، ئەوانیش دەڵێن کە مۆڵەتی فەرمیان هەیە و بارەگەکەیان بەهیچ شێوەیەک داناخەن.[3]
- هێشتا هیچ بڕە سووتەمەنییەک بەسەر ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان دابەشنەکراوە، 82 کەمپی سنووری سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە سووتەمەنیان پێنەدراوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی سەربازیی منبج ڕایگەیاند، چەتەکانی 'قەڵغانی فورات' کە سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەرن، هێرشیان کردووەتە سەر خاڵەکانی شەڕقانەکانیان لە ناوچەی ساجوور کە دەکەوێتە باکوور و ڕۆژهەڵاتی منبج، لە هێرشەکەیاندا چەکی دۆشکە و بی کەی سی-یان بەکارهێناوە.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شاری عەفرین تەقینەوەیەکی گەورە لەسەر ڕێگەی مارەت ڕوویداوە. تەقینەوەکە چەتەکانی لیوای فاتیح سوڵتان-ی کردووەتە ئامانج.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی سوریای دیموکرات سەردانی فەرەنسای کردو لەگەڵ لێپرسراوانی باڵای ئە و وڵاتە کۆبوونەوە و لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیشدا داواکاریوون ناوچەیەکی دژە فڕین لە باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا دروستبکرێت.[6]
- کاتژمێر 17ی ئەمڕۆ چالاکییەکە لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە پاریس دەستی پێکرد. خۆپیشاندەران ئاڵاکانی یەپەگە و یەپەژەیان بەرز کردنەوە و دروشمی (کورد لەپێناو هەموومان بەرخۆدانی کرد، ڕێزی لێ بگرن)یان دەگوتەوە. چالاکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد هەر وەک چۆن لە ڕابردوودا کوردان بەرخۆدانیان کردووە، لە ئێستا و داهاتووشدا بەردەوام دەبن لە بەرخۆدان.[2]
- هایکۆماس وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسوریا ڕەخنە لەبڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا دەگرێت و هۆشداری ئەدات و پێی وایە ئە و بڕیارە پەلەی تیاکراوە و داعش بەهێزدەکاتەوە.[6]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆکی تورکیا ڕایگەیاند: ئۆپراسیۆنی سەربازی لە ڕۆهەڵاتی فورات بۆ چەند مانگێک دوادەخەن.[4]
- ڕوانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکردوە: سوپای ئەمریکا، سەربازگەیەکی نوێ لەناو خاکی سوریا دەکاتەوە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	منبج
شار و شارۆچکەکان:	مەهاباد
شار و شارۆچکەکان:	نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	وان
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

ووڵات: ئەڵمانیا
ووڵات: تورکیا
ووڵات: فڕەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-12-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2018-12-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2018-12-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-12-21
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 148

2018-12-22



باکووری کوردستان
- مووراد قەرەیلان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، لەتازەترین لێدوانیدا هەڕەشەی تۆڵە لەبەرامبەر هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر شەنگال و مەخموور دەکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ماوەی حوکمی زیندانییەکی کورد بە ناوی فەرۆخ عەبدی بەڕێوەبەری کانالی تێلێگرامی ئامانج کە ئێستا لە زیندانی ناوەندیی ورمێ دایە؛ لە دوای کۆکردنەوەی حوکمەکانی ماوەی زیندانییەکەی بۆ 5 ساڵ زیندان زیاد کرا.[6]
باشووری کوردستان
- تەرمی جەمال نەبەز گەییشتە فڕۆکەخانەی هەولێر و پاشان بەرەو سلێمانی بەڕێکرا و لە گردی سەیوان نێژرا.[3]
- هێزەکانی ئەمریکا لە خواروی شاڕۆچکەی مەخموور (ڕۆژئاوای هەولێر) بە تۆپی دوورهاوێژ داعشی لە زنجیرە چیای قەرەچووخ بەرامبەر گوندەکای عەلیە ڕەش و بەردە سپی بۆردومانکرد.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر و فڕۆکەکانی چاودێری لە کاتژمێر 03:00ی بەیانیی ئەمڕۆدا بە ئاسمانی

ناوچەکەدا سوراونەتەوە. دوای ئەوە لە کاتژمێر 04:10 دا ناوچەی نێروە و ڕێکان لە سنووری شاری ئامێدی لە پارێزگای دهۆک لە باشوروی کوردستان لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکەوە بۆردومان کرا.[2]
- فاتح یڵدز باڵێۆزی تورکیا لە عێراق، ڕایگەیاند، داوایان لە حکومەتی عێراق کردووە، کە ڕێگایان پێبدات کۆنسوڵخانەیەک لە کەرکووک دا بکەنەوە.[2]
- لە سەربەیانیی ئەمڕۆوە ئاسایشی گەرمیان گەمارۆی بارەگای ڕێکخراوی نوێگەر بۆ گەشەپێدانیی هونەرِی داوە لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان و تابلۆی بارەگاکەیان داگرتە خوارەوە و دایانخست.[5]
- لە سنووری خانەقین چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر بازگەیەکی هێزەکانی پۆلیس و لە ئاکامی شەڕو پێکدادان، پۆلیسێک کوژرا و بۆمبێکیش بە هێزەکانی ئاسایشدا تەقییەوە.[1]
- تەواوی ئەو 97 هاوڵاتییەی کە دوینێ لەکاتی خۆپیشاندان لەدژی گۆشەگیری عەبدوڵلا ئۆجەلان لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیرکرابوون، ئازادکران.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بریت مەگگورک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕ دژی داعش دەستی لەکارکێشایەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-22
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2018-12-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-22
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 149

2018-12-23



باکووری کوردستان
- لە گەڕەکەکانی بیرلیک، شەنلیکی شاری لیجە و سنووری گوندەکانی میاران کۆمو، کلارەش کۆمو، شاکار، ئەیاز و ئاکچە پنار و دەوروبەری لیجە لە پارێزگای ئامەد لە باکووری کوردستان لە کاتژمێر 06:00ی سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هاتوچۆکردن لە هاوولاتیان قەدەغە کرا. پێش ئەوەی لەو گەڕەک و گوندانەدا هاتوچۆکردن لە هاوولاتیان قەدغە بکرێت، ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بە بەشداریی هێزی تایبەت لەلایەن سوپای تورکی داگیرکەرەوە دەستیپێکردبوو.[1]
رۆژهەلاتی کوردستان
- چوار هاوولاتیی کورد بە ناوەکانی باپیر بەرزە، ئەسعەد مەحموودی، شێرکۆ عەلیمحەمەدی و کەیوان نژادپەسوڵ، خەڵکی شارستانی پیرانشار دوای دەسبەسەرکرانیان بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ورمێ ڕاگوێزران.[5]
- لقی 102ی دادگای کەیفەریی 2ی پیرانشار، حوکمی 30 ساڵ زیندانی بۆ دوو هاوولاتیی کورد، بە ناوەکانی محەممەد ئیبراهیمی کوڕی ئەحمەد و ناسح خالیدی کوڕی مستەفا بڕیەوە.[5]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی ڕوحوڵڵا پاریاب تەمەن 47 ساڵە شۆفێری لۆدێری ناوەندی پاککەرەوەی مینی ئێران، بە هۆی تەقینەوەی مینی دژەتانکی M19 بە تووندی بریندار بوو.[5]
- هاوولاتییەکی کورد، بە ناوی ئەمیر بەرەکەتی، کوڕی غوڵامڕەزا، خەڵکی ئیلام لە شوێنی کارەکەی خۆی، لە شەقامی فارابی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوزراوەتەوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان بەبێ مۆڵەتی یاسایی، بە تاوانی هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران، ئەم هاوولاتییە کوردەیان دەسبەسەر کردووە.[5]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم لەڕاگەیەنراوێکدا بڵاوی کردەوە، سەعات 5:48 دەقیقەی بەیانی ئەمڕۆ 2018-12-23، بومەلەرزەیەک بەگوڕی 3.4 پلە بەپێوەری ڕێختەر و بەقوڵای 13 کم خانەقینی هەژاند.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر گوندەکانی قەڵاتوکا و مارادوویان لە بناری قەندیلی سەر بە ناوچەی ژاراوەی شاری قەڵادزێ لە باشووری کوردستان بۆردومانکرد.[1]
- نرخی لیترێک بەنزینی نۆرماڵ بۆ خوار 700 دینار دابەزی.[2]
- دووکانداران و کاسبکارانی بازاڕی شارۆچکەی کەلار، مانگرتنی سەرتاسەریان ڕاگەیاند و دووکانەکانیان داخست، لە ئێستادا لە بەردەم بینای قایمقامییەت گردبوونەتەوە، مانگرتنەکەیان دژی بڕیارێکی شارەوانییە، کە ڕێگڕی کردووە لە هێنانەدەرەوەی کەلوپەلی دووکاندارەکان بۆ بەردەم دووکانەکانیان.[4]
- خوێندکارانی پۆلی 12ی ئامادەیی لە شارۆچکەی ڕانیە ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین بۆ جاری دووەم لە بەردەم بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕانیە گردبوونەوە و داوای لابردنی سیستمی 50 بە 50 دەکەن.[4]
- دادگای تاوانەکانی کەرکووک، فەرمانی دەستگیرکردنی پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکووکی هەڵوەشاندەوە و ڕایگەیاند، پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو کەیسەدا بکرێت.[4]
- مەڵبەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کەرکووک هەواڵێک لەسەر کشانەوەی سکاڵا لە ڕاکان جبووری پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت ڕەتدەکاتەوە.[3]
- لەسنووری بەشێک لەگوندەکانی شارەدێی نالپارێزی سەر بەشارۆچکەی پێنجوێن، لەلایەن بەشی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پێنجوێن و بنکەی پۆلیسی دارستانی نالپارێز، بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ناحیە و شارەوانی، هەڵمەتێکی

بەفراوانی ڕوخاندنی کورەی خەڵوز دروستکردن بەڕێوەچوو، تیایدا زیارت لە (30) کورەی خەڵوز دروستکردن ڕووخێندران.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شاری عەزاز، کە لەلایەن دەوڵەتی تورک و چەتەکانیەوە داگیرکراوە، چەتەکانی دەوڵەتی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵێک لە گوندی بحوروتە و ئەندامانی ئەو بنەماڵەیەیان کۆمەڵکوژکرد.[1]
- سەرەڕای دەرکردنی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەلایەن سەرۆک کۆماری ئە و وڵاتەوە، هێزەکانی سوپای ئەمریکا بەردەوامن لەسەر ئەرکەکانیان و دەچنە ناو بازاڕی منبج لەڕۆژئاوای کوردستان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-23
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2018-12-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2018-12-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-12-23
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 150
2018-12-24



باکووری کوردستان
- دوای ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ لە 7 گەڕەکی گەڕەکی لیجە سوپای داگیرکەری تورکیا دەستی کرد بەئۆپەراسیۆنی سەربازی. سەربازانی سوپای تورکیا هەڵیانکوتایە سەرماڵی هاوواڵتیان و 3 کەسیان دەستگیرکرد.[6]
- جەندرمە و پۆلیسی تورک لە چوارچێوەی پاکتاوکردنی سیاسیی گەلی کورد دا، لە ناوچەکانی ئەردیش و بێگر لە پارێزگای وان لە باکووری کوردستان هەڵیانکوتایە سەر ماڵی هاوواڵتیان و 12 کەسیان دەستگیرکرد.[6]
- شەپۆلێکی بەفرباریین باکووری کوردستانی گرتوەتەوە و بەوهۆیەوە لە سنووری پارێزگاکانی وان، بەدلیس و مووش ڕێگای 242 گوند داخراون. بەهۆی بارینی بەفر لە سنووری پارێزگای مووش ڕێگەی 100 گوند و لە سنووری پارێزگای بەدلیسیش، ڕێگەی 139 گوند داخراون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- گرووپێک لە کۆڵبەرە کوردەکان لە سنووری نێوان شاری قەڵادزێ و سەردەشت کەوتنە کەمینی نیزامییە حکوومەتییەکان و بە هۆی تەقەی نیزامییە حکوومەتییەکانەوە دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی شاری سەقز بە توندی بریندار بوون و بۆ نەخۆشخانەی شەهیدانی شاری قەڵادزێ ڕاگوێزرانەوە.[3]
- هاوواڵتییەکی کورد بە ناوی مووسا مەحموودی، تەمەن 45 ساڵ، خەڵکی گوندی گوندەوێلەی شاری شنۆ لە لایەن دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێرانەوە بە چوار ساڵ زیندان مەحکووم کرا. دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی حکوومەتی ئێران ئەو حوکمەی بۆ ئەو هاوواڵتییە کوردەی دەرکردووە.[3]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ئەنسار ئەدوایی، فەردین ئەدوایی، زانیار مورادی و حەمید ئەحمەدی، خەڵکی گوندەکانی سلێن و دەگاگا، لە ناوچەی هەورامانی سەر بە سەوڵاوا، کە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سوپاوە دەسبەسەر کراون، هێشتا لە گرتووخانەی ئەم ناوەندەدان و هیچ زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسیان لە بەردەستدا نییە.[3]
باشووری کوردستان
- سێوان قادر، دایکی ئەو سێ منداڵەی کە هەفتەی ڕابردوو لەکاتی ئاگرکەوتنەوە لە ماڵەکەیاندا لە چەمچەماڵ سووتان، لە ئەنجامدا سێ منداڵەکەی گیانیانلەدەستدا، خۆیشی لە 90%ی جەستەی سووتا، ئەم بەیانییە گیانی لەدەستدا. قایمقامی چەمچەماڵ بەهۆی ئەو ڕووداوەوە ڕۆژێک ماتەمینیی ڕاگەیاند.[2]
- کەسی یەکەمی حزبە کوردستانییەکان بەبێ پارتی لە کەرکووک کۆبوونەوە.[2]
- حکومەتی تورکیا بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی لەگەڵ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی تا سێ مانگی دیکە.[1]
- لە سنووری شاری شنگال ئاڵۆزی لەنێوان حەشدی شەعبی و هێزی ئێزیدخانی سەر بە هێزەکانی پێشمەرگە ڕوویداو بەهۆیەوە 33 پێشمەرگە لەلایەن حەشدی شەعبیەوە دەستگیرکراون.[1]
- فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگەی ئێزدی لە شنگال ڕایگەیاند، ئەوەی حەشدی شەعبی بەرامبەر بە پێشمەرگە کردوویەتی کارێکی داعشانەیە و گوتیشی: ئەگەر پێشمەرگەکان ئازادنەکەن لە هەرشوێنێک حەشد ببینین لێیاندەدەین.[4]
- بەمەبەستی پشکنینی ناوچەکانی دەوروبەری مەزارگەی باوە مەحمود لە خانەقین، هێزەکانی پۆلیس هەڵمەتێکی فراوانی ئەنجامداوە و بەهۆیەوە ڕێگەی نێوان کەلار-خانەقین داخرا.[1]
- ئازاد تۆفیق پارێزگاری هەڵەبجە، بەئامادەبوونی کاوە عەلی جێگری پارێزگار، پێشوازی لە ئاری هەرسین ئەندامی خولی

پێشووی پەرلەمانی کوردستان کرد، لای خۆشییەوە ئاری هەرسین بڕی ئە و 49 ملیۆن دینارەی کە وەری گرتبوو بەخشیە پارێزگای هەڵەبجە.[5]
- شاندیکی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان بەمەبەستی کۆ بوونەوە لە گەڵ هاوپەیمانیی سائیرون بەرە و بەغداد بەرێکەوت.[6]
- پێشمەرگەکانی ئێزیدخان کە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە دەستگیرکرابوون، ئازادکران.[1]
- ئەمشەو، ژمارەیەک چەکداری نەناسراو هێرشیان کردەسەر گوندی پارەپارەی کوردنشینی ڕۆژئاوای شارۆچکەی خورماتوو و چوار هاوواڵاتیی کوردیان ڕفاند.[1]
- بەهۆی بەفر بارین لە زینی وەرتێ، کە ڕێگای سەرەکی نێوان شارۆچکەکانی ڕانیە و چۆمان و سۆران-ە، ڕێگاکە داخراوە و هاتووچۆ لە نێوان ئەو شارۆچکەیانەدا ڕاوەستاوە، هەروەها چەند ئۆتۆمبێلێک لەسەر ڕێگاکە پەکیان کەوتووە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پنتاگۆن بڕیاری کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە سوریا واژۆکرد کە پێشتر لە لایەن دۆناڵد ترەمپی سەرۆکەوە دەرکرابوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: بەغدا
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-24
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2018-12-24
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-24

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 151

2018-12-25



باکووری کوردستان
- بەفر و تەرزە لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان دەباڕێ و زۆری باریینی بەفر و تەرزە جوڵەی هاووڵاتیيانی پەکخستووە.
ماوەی 2 ڕۆژە بە بەردەوامی لە زۆربەی ناوچەکانی باکووری کوردستان بەفر و تەرزە دەباڕێت. ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕێگای سەدان دێ و لادێ بگیرێت و بەهۆی خزانی ئۆتۆمبێلیشەوە چەندین کەس بریندار بوون.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە هۆی وەرگەڕان و گرگرتنی تانکەرێکی سووتەمەنیی عێراقیی، ڕێگای نێوان شاری 'شاباد' و شارۆچکەی 'حەمەیل' لە پارێزگای کرماشان داخرا.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی فەرشاد میرزایی، کوڕی ئەسەد خەڵکی گوندی بلسووری سۆفلا، سەر بە شاری خۆی، بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە لای ڕانییەوە بە تۆندی بریندار کراوە.[4]
باشووری کوردستان
- تۆڕی ڕێخراوەکانی سلێمانی و ژمارەیەک لە چالاکوانان و هاوڵاتیان، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و تیایدا سەرکۆنەی سوتاندنی سێوان و سێ منداڵەکەیان کرد، داواشیان کرد تاوانبارانی ئەو کارە بە سزای یاسایی بگەیەندرێن.[3]
- شەش ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان لە و حیزبە ڕادەگەیەنن و هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەش بۆ سیاسەتی حیزبەکەیان و دەستێوەردانی ڕابەری گشتیی لە ئۆڕگانەکانی ئە و

حزبە دەگەڕێننەوە. ئەندامە دەستەکارکێشاوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی برتین لەهەریەک لە کامل محمود، حەمەدئەمین ئاشووری، موحسین محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرباز خۆشناو، مەلا غەفور چەمچەماڵی، ئارام کەمال، ئەندامانی سەرکردایەتی بزوتنەوە.[1]
- شەوی ڕابردوو لەسنوری شارەدێ ڕەشاد چەکدارانی داعش بە جلوبەرگی سەربازییەوە چوونەتە سەر هەردوو گوندی زەباع و موبد، 14 هاوواڵتیان ڕفاندووەو لەنێویاندا موختاری گوندی زەباعی تێدایە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-25

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 152

2018-12-26



دەرەوەی کوردستان
- کەیسی وەرگرتنی پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان لە دادگای بەغدا بردرایەوە.[1]

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 01-11-2018
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 153
2018-12-27



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بە هۆی تەقینەوەی مین، لە ناوچەی سالحاوا، سەر بە شاری مێهران، شوانێک بە تونڈی بریندار بووە.[1]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی باست محەممەدی کوڕی حەمەخان تەمەن 32 ساڵ و خێزاندار خەڵکی گوندی دەرەبەیان سەر بە شاری پاوە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2018-12-28

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 154

2018-12-28



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرهاد سەحراپەیما، زیندانیی سیاسیی کورد، لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ئازاد کرا.[1]
باشووری کوردستان
- چلەی نووسەر حەکیم کاکەوەیس لە هەولێر بەڕێوەچوو.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مانۆپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانۆپەڕی کوردپا - 2018-12-30
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 155

2018-12-29






رۆژهەڵاتی کوردستان

- ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد، هەرمان وتمانی، بەرپرسی گشتیی مانپەڕی هاژە، پژمان ئیسماعیل‌نژاد و پۆڵا ئاغاز هەواڵنێرانی هاژە، پەخشان قەلەندەری، بەرپرسی ئەنجوومەنی سەبزئەندیشانی جەوانی مەهاباد، فریا ڕەشئەحمەدی و سەیدحەسەن سەیدهادی لە چالاکانی ژینگەپارێزی و لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی بەگشتی بانگهێشت کردووە. هێزە ئیتلاعاتییەکان، هۆشداریان بەو 6 هاووڵاتییە کوردە داوە، کە دەست لە چالاکییەکانیان هەڵ بگرن. ئەو 6 هاوڵاتییەی شاری مەهاباد، بە دنەدانی بیروڕای گشتی و پڕۆپاگەندە بۆ بیری ناسیۆنالیزمی کوردی تاوانبار کراون.[3]

- لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا، ئەنسار ئەدوایی، فەردین ئەدوایی، زانیار مورادی و حەمید ئەحمەدی، خەڵکی گوندەکانی سلێن و دەگاگا، لە ناوچەی هەورامانی سەر بە سەولاوا، کە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپاوە دەسبەسەر کرابوون، بە شێوەی کاتی لە گرتووخانەی ئیتلاعاتی سپای مەریوان ئازاد کران. ئەم چوار هاووڵاتییە کوردە پاش تەواوبوونی قۆناغی لێپێچینەوە بە شێوەی کاتی ئازادبوون.[3]

باشووری کوردستان

- لە بارەی کەیسی سوتانی سێوان قادرەوە گروپێک لە چینوتوێژە جیاوازەکانی شاری هەولێر، داوایەک ئاراستەی حکومەت و پەرلەمانی هەرێم دەکەن، تێیدا داوای بە لاڕێدانەبردنی کەیسەکە دەکەن و چەند خاڵێک دەخەنەڕوو، لەخالەکانیشدا هۆشداری دەربارەی دراما بیانییەکان و مەترسییەکانی دراوە.[2]

- لە شاری سلێمانی کەمپەینێک بەمەستیی پشتیوانیی لە تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و بۆکۆتاییهێنان بە گوشارەکانی سەریان، ڕاگەیەندرا، کە واژۆی 93 کەسایەتیی، ڕۆشنبیر، ئەکادیمیی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنیی لەسەر بوو.[2]

رۆژئاوای کوردستان

- ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج ڕایگەیاند، چەتەکانی قەڵغانی فوراتی تورکیای داگیرکەر بە چەکی قورس و مامناوەند هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکان و خاڵەکانی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج لە گوندی مەحسەنلی لەسەر هێڵی ساجور.[1]

- لە نزیک گوندی محەمەدییە سەربە جندرێس لە عەفرین، یەپەگە چالاکییان لە دژی گروپێکی فەیلەق شام ئەنجامداوە و بەهۆیەوە سێ چەتە کوژراون و دوو چەتەی تریش بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-30
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 156

2018-12-30





باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، کاروانێکی سەربازیی سوپای تورکیا کە لە ژمارەیەک تۆپهاوێژ پێکهاتوون، لە شاری هاتای-ی تورکیاوە بەرەوە شاری دیلۆک لە باکووری کوردستان بەڕێکەوت.[1]
- تەقگەری گەنجانی شۆڕشگێر- دەگەهە، لە چوارچێوەی هەنگاوی سەرهەڵدە بۆ کۆتایی هێنان بە گۆشەگیرییەکانی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەرپی پەکەکە، لە کوردستان و شارەکانی تورکیا چالاکییان ئەنجامدا، لە ئەنجامدا نۆ ئۆتۆمبێل و پارکینگێکی شوێنی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل سووتێندران.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاوواڵتیی کورد، بە ناوەکانی شێرزاد و سیامەند شەهسەوار، خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ لە گومرۆکی حاجی عومەران دەسبەسەر کران و بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ ڕاگوێزران. هێزە ئیتلاعاتییەکان ئەو دوو هاوواڵتییە کوردەیان بە تۆمەتی

هەواداری و هاوکارێی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کردووە.[2]
- ڕێپۆرتێرانی بێسنوور، دەرکردنی حوکمی زیندان و لێدانی قامچی بۆ سەلاحەدین ڕەنجبەر، بەرپرسی کاناڵی تێلێگرامیی هەواڵدەرێی ئورمیە دەنگ و محەممەدحوسێن سەوداگەر، بەرپرسی کاناڵی سۆزباز نیووزیان مەحکووم کرد.[2]
- لاوێکی تەمەن 34 ساڵ، لە ناوچەی دەشتی عەباس، لە گوندی ئیستقلال، سەر بە شاری دێهلۆران، بە هۆی مینێکی بەجێماوی سەردەمی شەڕی 8 ساڵەی ئێران و عێراق بە توندی بریندار بوو.[2]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەکی زۆر لەخاوەن بەنزیخانە ئەهلیەکان کە ژمارەیان زیاتر لە سەد بەنزینخانەیە لەبەردەم بینای پارێزگای کەرکووک گردبونەوەیەکی ناڕەزایەتیان ڕێکخست و داوایانکرد بڕیاری ڕوخاندنی بەنزینخانەکانیان ڕابگیرێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئەنتاب - دیلۆک
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2018-12-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2018-12-31
کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 157

2018-12-31



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی محەممەد ڕەزایی تەمەن 32 ساڵ، کورِی خەلیل خەڵکی شاری کامیاران لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە. هێزە ئیتلاعاتییەکان بە پێ مۆڵەتی یاسایی ئەو هاووڵاتییە کوردەیان دەسبەسەر و لە کاتی دەسبەسەرکردنیدا ناوبراو کەوتووەتە بەر لێدان. ئەو هاووڵاتییە کوردە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کراوە.[4]
- هێزە ئەمنییەکانی ئێران هەڵیانکوتاوەتە سەر دوکان و شوێنی کاری هەر یەک لە ڕەزا ئەسەدی و فازل قیتاسی لە بازاڕی میللەتی کامیاران و دەستگیریان کردوون. ئەو کەسانە هاوکات ئەندامی لقی کوردستانیی حیزبی وەحدەتی میللین لە کامیاران.[1]
- لاوێکی کورد، تەمەن 19 ساڵ، بە ناوی حەسەن خۆرسان، کورِی عەلی، خەڵکی گوندی بەرەم، سەر بە شاری دێهلۆران، بە هۆی تەقینەوەی مین، لە ناوچەی سنووریی چەم هندی، بە تۆندی بریندار بوو و لاقێکی لە دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- مانگرتنی ڕێکخراوی کرێکارانی میزۆپۆتامیا لە شاری سلێمانی بۆ ئازادیی عەبدوڵلا ئۆجەلان بەردەوامە، لە ئێستاشدا دەیەم گروپ کە پێکهاتوون لە خەڵکی هەر چوارپارچەی کوردستان، مانگرتن لە خواردن درێژەی هەیە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی' ژنان لەسەرپێن' کە لەناو گۆنگرەی ستاردا خەباتی خۆیان دەکەن، بۆ پەنابەرانی عەفرینی لەکەمپەکانی کانتۆنی شەهبا دەستیان کرد بە کردنەوەی کەمپەینێکی کۆکردنەوەی هاوکاری. ناوەندی ڕاگەیاندنی ژانان دەربارەی ئەو کەمپەینە ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و وەبیری هێنایەوە کە بەهاتنی وەرزی زستان بارودۆخی ژیان وگوزەرانی پەنابەران قوورستر بووەتەوە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکەیەکی ئەمریکی لەفڕۆکەخانەی سەربازی کۆبانێ نیشتوەتەوە و چەک و تەقەمەنی گواستووەتەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لیندزی گراهام، کۆنگرێسمانی ناسراوی ئەمریکا بەشێک لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ سەرۆکی وڵاتەکەیدا ڕاگەیاند و دەڵێت، سەرۆک تەرمپ دڵنیاییدەدات لە پاراستنی هاوپەیمانە کوردەکانمان.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران

ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2018-12-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2018-12-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2018-12-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2018-12-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری چاودێر - 2018-12-31

کاتی تۆمارکردن: 2018-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 158

2019-01-01



باکووری کوردستان
- کاتژمێر 05:09 خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.3 پلە بە پێوەری ڕیختەر و بە قوڵایی 5 کیلۆمەتر لە ژێر زەوی، ناوچەی چەرمۆ-ی سەر چەولیکی هەژاند.[2]
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ 777هەمین جارداواکارییان پێشکەشی

سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دۆنالد تەرمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا ماوەی چوار مانگی دیاریکردووە، ئەوەش لە کاتێکدایە پێشتر داوای کردبوو لەماوەی 30 ڕۆژدا پرۆسەی کشانەوەکە ئەنجامبدرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-01

کاتی تۆمارکردن: 2018-10-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 159

2019-01-02



باکووری کوردستان
- پارێزگەی جۆلەمێرگ ڕایگەیاند، لە 31 شوێنی ناوەندی شاری جۆلەمێرگ و ناوچەکانی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ بە بیانووی (ئاسایشی) هاتووچۆ قەدەغە کراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئامانج شوکری کوڕی تۆفیق خەڵکی نەوسوود بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری ئەو شارە بریندار کرا.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سابیر مۆحسێنی تەمەن 21 ساڵ کوڕی عومەر بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە سنووری شاری بانە بریندار بوو.[4]
- فەرهاد محەممەدی، پارێزەری پلە یەکی دادگوستەری پاش بانگهێشت بۆ ستادی خەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە دەسبەسەر و بۆ گرتنگەی ئەو ئیدارەیە ڕاگوێزرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، لە ماوەی ڕابردوودا ئەو پارێزەرە کوردە چەندین جار بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بانگهێشت و لەبارەی چالاکییەکانی لێپێچینەوە لێکرابوو.[4]

- یەکێک لە دەسبەسەرکراوانی گوندی نێی مەریوان بە ناوی موحسێن فەرهمەند تەمەن 24 ساڵ کوڕی خوسرەو بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.[4]
- هاوواڵتییەکی کورد، بە ناوی سوهراب ڕەخشا دانیشتووی شاری ورمێ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. ئەو هاوواڵتییە کوردە، یەکێک لە ناسراوترین خێرخوازەکانی شاری شنۆ بووە و لە دروستکردنی قوتابخانەکانی شنۆدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە.[4]

باشووری کوردستان

- ڕێڤینگ هروری، سەرۆکی کاتی پەرلەمان ڕایدەگەیەنێت: ناکرێت لایەنەکان بەهۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر پۆستە حکومییەکان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەلابنێن، بۆیە داوا لەلایەنە سیاسییەکان دەکەم دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێرن، دواتر لایەنە سیاسییەکان گفتوگۆ لەسەر پێکهێنانی حکومەت بکەن.[1]
- بەفر ڕێگەی 100 گوندی پارێزگای دهۆکی داخستووە، تیمەکانی شارەوانیش ڕێگەی زیاتر لە 80 گوندیان کردووەتەوە. لە شارۆچکەی کانی ماسێی سنووری پارێزگای دهۆک 110 سانتیمەتر بەفرباریووە، ئەمەش دەبێتە زۆرترین ڕێژەی بەفربارین لەو پارێزگایە.[2]
- لە کاتژمێر 12:50 خولەکەوە فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەستیان کردووە بە بۆردوومانکردنی گوندی گوهەرز-ی سەر بە شارۆچکەی ئامێدیی لە پارێزگای دهۆک.[3]
- ماوەی چەند ڕۆژێکە جۆرێک کرم لەناو زەوی چێنراو بە دانەوێڵەی گەنمدا پەیدابووە کە ئە و گەنمانەی شینبوون دەیانخوات، بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵیش دەڵێت: بەهۆی بەردەوامی بارانبارین ناتوانین دەرمانی قڕکەر بەکاربهێنین.[1]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمان، پارتی داوای کرد پەلە بکرێت لە هەڵبژاردنی کابینەی نۆیەم و دۆسیەی کەرکووک و ناوچە دابڕێنراوەکان تێکەڵ بە گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت نەکرێت.[2]
- خەرجکردنی مووچەی ئەندامان و فەرمانبەرانی ئەنجومەنی شارۆچکەی داقوق پێویستی بە واژۆی ڕێبوار تاڵەبانییە، بەڵام بەهۆی ئەوەی فەرمانی گرتن و زیندانیکردنی بۆدەرچووە لە لایەن دادگاوە، کار بە واژۆکەی ناکرێت و بەو هۆیەشەوە مووچەی ئەندامان و فەرمانبەرانی ئەنجومەنی شارۆچکەی داقوق ڕاگیراوە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئاژانسی هەواڵی هاوار بڵاویکردووەتەوە، شەوی ڕابردوو چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورک هێرشیان کردووەتە سەر هەردوو گوندی بوغاز و بوهیج سەر بە شارەدێی عەریمە لە ڕۆژهەڵاتی شاری باب، شەڕقانانی ئەنجومەنی سەربازی بابی-یش بەرپەرچی هێرشەکانیان داوەتەوە، شەڕ و پێکدادانیش تا درەنگانی شەو بەردەوام بووە.[3]
- شیمار حیمۆ چالاکوانی سیاسی لەڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند: هێزەکانی هاوپەیمانان هێشتا لەناو منبج ماونەتەوە و کارەکانی خۆیان بەشێوەیەکی تۆکمە ئەنجام دەدەن.[6]

دەرەوەی کوردستان

- دۆنالد ترمپ سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند لە پاش کشانەوەی هێزە سەربازییەکانیان لەسوریا کار بۆ پارێزگاریکردن لە کورد دەکەن لە و بەشەی کوردستان.[1] هەروەها وتیشی کورد تۆزێک نەوتیان هەیە، دەیفرۆشن بە ئێران، ئێمەش ئەو بابەتەمان پێخۆش نییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-02
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 160

2019-01-03



باکووری کوردستان
- دووەمین دانیشتنی پێنجەمین دادگەی سزا قورسەکانی شاری وان دەربارەی دۆسیەی ڕۆژنامەوان ئیدریس یلماز کە بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) بۆی کرابوویەوە، بەڕێوەچوو. یلماز لە بەندیخانەی خارپێت-ەوە لە ڕێی سیستەمی دەنگ و ڕەنگ (SEGBÎS) بەشداری لە دانیشتنەکەدا کرد. ڕۆژنامەوان ئیدریس یلماز لە چێوەی بەرگری لە خۆکردندا هەمان قسەکانی یەکەمین دانیشتنی دادگەی دووبارە کردەوە. هەروەها پارێزەرانی ناوبراو جارێکی دیکە داوایان کرد گوێ لە شایەتحاڵەکان بگیرێت و کاتی زیاتریان پێبدرێت. دەستەی دادگە هەموو داواکارییەکانی ڕەتکردەوە و بە بیانووی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) سزای 6 ساڵ و 3 مانگ زیندانی کردنی بۆ ڕۆژنامەوان ئیدریس یلماز بڕیەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە نوێنەرە کوردەکانی چوار پارێزگای ڕۆژهەڵات لە نامەیەکدا دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بە هێرش و هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردانی ڕۆژئاوا دەگەیەننە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان و داوا دەکەن ڕێگری بکەن لە هێرشکردنی حکومەتی تورکیا بۆ سەر سوریا و کۆمەڵکوژکردنی بێ بەزەییانەی هاووڵاتیانی کوردی ئە و وڵاتە.[1]
- بەڕێوەبەری ڕێگاوبان و گواستنەوەی مەهاباد ڕایگەیاند، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ باریني بەفر لە مەهاباد دەستیپێکردووە و نزیکەی 70 سانتیمەتر باریوە و بەفرباریني بەردەوامیی هەیە.[5]
- کاروانێک لە کۆڵبەران لە شاخەکانی سنووری ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ دەکەونە کەمینی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و بە هۆی تەقەی ئەو هێزانە کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یەعقووب (کامیان) نیک سیرەت کوڕی ڕەزاق خەڵکی گوندی جۆجەهی سەر بە سۆمای برادۆست گیانی لە دەست داوە.[7]
باشووری کوردستان
- ماڵپەڕی پوک میدیا کە میدیای فەرمی یەکێتییە، ئەمڕۆ بڵاویکردوەتەوە، کاتژمێر 10:30 خولەکی شەوی ڕابردوو، لە گەڕەکی برایەتی هەولێر هێزێکی سەربە ئاسایشی پارتی هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵی 'پێشڕەو ویستی' کارگێڕی مەڵبەندی سێی هەولێری یەکێتیی و ڕفاندویانە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، لەلایەکی دیکەوە لە گەڕەکی ڕۆشنبیری شاری هەولێر هێزی ئاسایشی پارتی هەوڵی ڕفاندنی کادیرێکی یەکێتی بەناوی 'لێزان بەکر'-یان دا.[2][3]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی ئەوەی هێزێکی یەکێتی کادیرێکی ئێمەیان دەستگیرکردوە، بۆیە ئەوانیش ئەو کادیرەی یەکێتیان دەستگیرکردوە.[1]
- بەهۆی باریني بەفرێکی زۆرەوە، ڕێگای نێوان حاجی ئۆمەران – چۆمان گیراوە، ئەوەش بووەبەهۆی ئەوەی سەدان ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و تایبەت بووەستن.[3]
- ڕاکان جبووری، پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکووک هێزێکی ئەمنی لەگەڵ ئەحمەد ڕەجەب داود عوبێدی ناردووە و چوونەتە نێو بەڕێوبەرایەتی وەرزش و لاوانی کەرکووک بۆ ئەوەی ڕەجەب داود عوبێدی وەک بەڕێوەبەری نوێی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش لاوان لە شوێنی بەڕێوەبەری ئێستا کە کوردە، دەستبەکاربێت.[6]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەولێر و سۆران لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و لە گردبوونەوەکەدا یاداشتێکیان خوێندنەوە، یاداشتەکەشیان ڕادەستی پەرلەمان کرد. هاوار هەرکی، نوێنەری ڕێکخراوەکان، یاداشتەکەی خوێندوە، کە تیایدا هاتبوو: ئەمڕۆ هاتین بە پەرلەمانتاران بڵێین، کاربکەن بۆ ئەوەی چیتر ژنان نەبنە قوربانیی دەستی کۆمەڵگای بەبیانووی شەرف و هۆکاری تر.[3]
- بەشێک لە خوێندکارانی پۆلی 12ی شارۆچکەی کەلار، دژی جێبەجێکردنی سیستمی 50 بە 50 لە تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەم و دووەمی خوێندن، لە بەردەم بینای پەروەردەی گەرمیان گردبوونەوەیەکی نارەزایەتییان ئەنجامدا و داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەیان کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- موهەنەد عیقابی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی دەستەی حەشدی شەعبی، ئاشکرای کرد: ژووری ئۆپراسیۆنی ئەمنی فریاکەوتن، لە نێوان عێراق و سوریا دروستکراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر حاڵەت و کەموکوڕییەکی ئەمنی کە بەهۆی پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکاوە دروستببێت، هێزی پێشمەرگەش لە و ژووردا بەشداری.[1]
- هەردوو سەرۆکی داگیرکەرانی ئێراق و تورکیا لە ئەنکەرە کۆبوونەوە.[4]
- ڕۆژنامەی لوپاریزینی فەرەنسیی بڵاویکردەوە، ئیمانوئێل ماکرۆن سەرۆک کۆماری فەرەنسا ڕۆژی چوارشەممە (دوێنێ) لەبارەی بڕیاری کشانەوەی دونالد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا لە سوریا، بە تەلەفون قسەی لەگەڵ ڤلادیمیر پوتین سەرۆکی ڕووسیا کردووە. ڕۆژنامەی لوپاریزینی فەرەنسی هەواڵەکەی لە کۆشکی ئیلیزێ وەرگرتووە و بەپێی ئەو هەواڵە، ماکرۆن لە پەیوەندییە تەلەفونییەکەیدا بە پوتینی وتوە، پێویستە کورد بپارێزێت.[5]
- سەرۆکی کۆمسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەرلەمانی ئەڵمانیا داوا و پێشنیار دەکات، کە لەپێناو پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان و باکوری سوریا ناوچەی ئارام و دژە فڕین دروست بکرێت، بۆ ئەوەش داوا لە حکومەتی وڵاتەکەی و فەرەنسا دەکات پێشنیارەکە بدەنە نەتەوە یەکگرتووەکان.[3]
- کوردەکانی نیشتەجێی تارانی پێتەختی ئێران، بە مەبەستی ڕێزگرتن و دەربڕینی ئەمەگناسیی خۆیان بەرانبەر بە دوو هونەرمەندی نەتەوەیی کورد، مریەم قازی و سمکۆ پاکزاد، کۆڕیادێکیان لە نووسینگە کۆڕی کوردانی تاران بەڕێوە برد. ئەو

کۆڕیادە کە لە لایەن لێژنەی نووسینگەی کۆڕی کوردانی تارانەوە ڕێکخرابوو، بە بەشداریی لێژنە ئەدەبیی کوردانی دانیشتووی تاران (ڕامان)، لێژنەی ژنانی کوردانی دانیشتووی تاران، ئەدیبان، هونەرمەندان، خوێندکارانی کوردی زانکۆوەکانی تاران، کەسایەتییە مەدەنی و ناسراوەکانی کورد و کوردانی دانیشتووی تاران، بەڕێوە چوو.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئێراق

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-03

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-03

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-03

[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-03

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕوودا‌و - 2019-01-03

[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-04

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 161

2019-01-04



باکووری کوردستان
- لەیلا گوڤەن ماوەی 58 ڕۆژە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان مانی لە خواردن گرتووە و ژووری پارێزەرانی ئامەدیش ڕایگەیاند، بارودۆخی لەیلا مەترسیدارە، چونکە ویستویانە سەردانی بکەن و چاویان پێ بکەوێت، بەڵام بەهۆی خراپی باری تەندروستییەوە نەیتوانیوە بچێتە دیدەنییان.[4]
- دایکی لەیلا گیوڤەن هاوسەرۆکی کەدەجە و پەرلمانتاری هەدەپە، مانڵئاوایی لەژیان کرد.[3]
- شەوی ڕابردوو، لە شاری ئامەد گروپێک کە دەموچاوی خۆیان داپۆشیبوو، لەدژی بنکەی پۆلیس-ی شاری نوێی ئامەد، کارگەی گۆشت وشیر و مارکتێک چالاکییان ئەنجامدا و لەڕێگەی بۆمبی دەستییەوە ئەوشوێنانە کرانە ئامانج. ڕاگەیەنرا کە لەوچالاکییانەدا کەسێک بریندارببووە وڕەوانەی نەخۆشخانەکراوە. لەلایەکی ترەوە پۆلیسی تورکیا ناوچەکەی بەچڕی گەمارۆدا وهاتووچۆیان بۆماوەیەک قەدەغەکرد.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاروانێک لە کۆڵبەران لە شاخەکانی سنووری ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووەتە کەمینی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی ئێران و بەهۆیەوە کۆڵبەرێک بە ناوی (یەعقوب نیک سیرەت) خەڵکی گوندی جۆجەهی سەر بە سۆما برادۆست گیانی لە دەستداوە.[4]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم لە ئامێدی ڕایدەگەیەنێت: بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو ئەمساڵ زۆرترین ڕێژەی بەفر لە ئامێدی باریووە، بەشێوەیەک لەماوەی دوو ڕۆژا گەیشتووەتە 118 سم.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی هێزەکانی سووریای دیموکراتیک قەسەدە لە چوارچێوەی هەڵمەتی گردەلوولی جەزیرەدا شەوی ڕابردوو زیاتر لە 700 کەسیان کە لە ژن ومندااڵ وب ەسااڵچوو پێکدەهاتن لەدەستی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد و گوازرانەوە بۆ ناوچە ئارامەکان.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی مەدەنی دێرەزور ڕایگەیاند: بەشێک لە هێزەکانی ئەمریکا، پێنجشەممە 3ی کانونی دووەمی

2019 سوریای بەرە و عێراق جێهێشتووە.[1]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، ڕایگەیاند ئەرکی وەزارەتی دەرەوە بریتییە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەو وڵاتە. پۆمپیۆ ئاماژەی بەوەشدا کە یەکێک لە فەرمانەکان بریتییە لە دڵنیابوونەوە لەوەی سوپای تورکیا کوشتاری دژ بە کورد ئەنجام نادات و پێکهاتە ئایینییەکانی ناو سووریا پارێزراو دەبن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-04
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 162

2019-01-05



باکووری کوردستان
- لەیلا گیوقەن ماوەی 59 ڕۆژە لە چالاکیی مانگرتنی بێسنووردایە و باری تەندروستیی باش نییە و بەهۆیەوە ناتوانێت لەسەر پێ بوەستێت و بەشداری لە پرسەکەی دایکی دا بکات.[3]
- خانەوادەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ، بەمەبەستی سەردانی ئیمرالی دوێنێ داواکارییەکی دیکەیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی کرد، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە هێرشیان کردووە سەر شوێنی کاری عیسا فەیزی، چالاکی ژینگەپارێز لە شەقامی ئەلک شاری کامیاران و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم چالاکە ژینگەپارێزە لە کاتی دەسبەسەرکردندا کەوتووتە بەر لێدانی هێزە ئیتلاعاتییەکان و دواپی بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[5]
- زیندانیانی سیاسی دۆزی پەکەکە و پژاک و کۆدار، دژی ئەو گۆشەگیرییەی خراوەتە سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان- پەکەکە، و بۆ پشتگیری مانگرتنی هاوڵاتیانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، لە زیندانییە جیاجیاکانی ئێران مانیان لە خواردن گرت.[2]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی نحۆ عیبادی تەمەن 24 ساڵ کوڕی ئیسماعیل لەگەڵ کاروانێک لە کۆڵبەران کەوتووەتە بەر دەستڕێژی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران جێگیر لە پاسگای سنووری بردۆک سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ و بە تۆندی بریندار بووە.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یوسف (زانیار) محەممەدی ئەسڵ خەڵکی پیرانشار لە شاخە سنووریەکانی ئەم شارە بە هۆی ڕەقبردووپی گیانی لە دەست دا.[5]
- هێزەکانی ئیتلاعاتی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە هێرشیان کردووە سەر ماڵی دوو چالاکی کورد بە ناوەکانی ڕاشد مۆنتەزری، چالاکی ژینگەپارێز و حسەین کەمانگەر، زیندانی پێشووی سیاسی لە کامیاران و ئەم دوو چالاکە کوردەیان دەسبەرسەر کردووە.[5]
باشووری کوردستان
- سێ بومەلەرزەی یەک لەدوای یەک شاری خانەقینی هەژاندو هیچ زیانێکی لێنەکەوتووەتەوە.[1]
- تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان سەبارەت بە تەندروستیی لەیلا گوڤەن و چالاکانی دیکەی مانگرتنی بێسنوور هۆشداریی دەدات و دەڵێت، کە مەترسیی گیانلەدەستدانیان هەیە، بۆیە داوا دەکات ڕێگا نەدەن کارەساتێک ڕووبدات، مرۆڤایەتیی پێی شەرمەزار بێت.[2]
- لە ماوەی دوو ڕۆژدا لە شارەدێی حاجیاوای شاروچکەی ڕانیە، لە کاتی هەڵکردنی سۆپای نەوتدا دوو ژن دەسوتێن و وتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕینیش دەڵێت: بەهۆی مامەڵەی هەڵەوە ئەو سۆپایانە گڕیان گرتووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:جەیمس جێفری نوێنەری ئەمریکا بۆ سوریا، وەک نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بەداعش لە عیراق و سوریا و جێگرەوەی برێت مەکگۆرگ کە مانگی ڕابردوو دەستی لەکارکێشایەوە دەستبەکار بووە.[1]
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی پاکتاوی سیاسی لە دژی گەلی کورد، لە ئیستەنبول هەڵیکوتایە سەر

چەندین مانّی هاوولّاتیان. لەو هەڵکوتانەدا سەروەت ئاتاکلی هاوسەرۆکی دەبەپەی کوچوک چەکمەجە و 4 کەسی تر دەستگیرکران.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-05
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 163

2019-01-06



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ئیدارەی ژینگەپارێزیی کامیاران و ئامانج قوربانی فەرمانبەری ئەو ئیدارەیە و چالاکی ژینگەپارێزیان دەسبەسەر کرد.[6]
- بوومەلەرزەیەک لە کرماشان و ناوچەکانی دەوربەری ڕوویدا و بەهۆیەوە دەیان کەس بریندار بوون.[1]
- چەند ڕۆژ لەمەوبەر، دوو مێرمندالّی کورد بە ناوەکانی مێهدی کانی سووری و بارزان بابەکری خەڵکی گوندی کانی سوور سەر بە شاری بانە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو دوو مێرمندالّە کوردە، پاش دەسبەسەرکردنیان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.[6]
- زانیار زمیران، فەرمانبەری ئیدارەی گشتیی ئاوی ناوچەی کوردستان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
باشووری کوردستان
- بۆ یەکەمجار لە مێژووی هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ، 6ی کانوون یادی دامەزراندنی سوپای داگیرکەری ئێڕاق، نەکرایە پشووی فەرمی.[1]
- وەزیری دارایی و ئابووری هەرێم ڕایدەگەیەنێت: ڕەوشی دارایی بە بەراورد بە ساڵانی شەڕی داعش و نەناردنی بودجە لەلایەن بەغداوە بەرەو پێشتر ڕۆشتووە و هەموو پێشبینیەکانیش بۆ حکومەتی داهاتووی هەرێم لەرووی ئابوورییەوە گەشبینانەیە.[2]
- هەردوو پارتی و یەکێتی ڕایانگەیاند کە کادرە گیراوەکانی هەردوولا ئازاد دەکرێن.[1]
- بوومەلەرزەیەک لە باشووری کوردستان ڕوویدا و لە زۆربەی شار و شارۆچکەکان هەستی پێکرا.[1]
- کاژێر 5:30 خولەکی ئەمڕۆ (یەکشەممە 6-1-2018) لە گەڕەکی ئاشتی لە قەڵادزێ ژن و پیاوێک کە خاڵۆزا و پورازی یەکدین لە ڕووداوێکدا کوژران.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو لە گوندی گۆرهیۆک کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری باب شەڕێکی قورس لە نێوان شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی باب و چەتەکانی قەڵغانی فورات سەر بە دەوڵەتی تورک ڕوویداوە.[4]
دەرەوەی کوردستان

- جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ڕایگەیاند: جێبەجێکردنی بڕیاری کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانمان لە سوریا پەیوەستە بە کۆتایی هێنان بە گروپی داعش لە و وڵاتە و پارێزگاریکردن لە کورد لە سوریا.[2]
- بە بۆنەی جەژنی 98 ساڵیادی دامەزراندنی سوپای عیراق بەیانی ئەمڕۆ بەرهەم ساڵح تاجە گوڵینەی لە سەر گلکۆی سەربازی ون دانا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێڕاق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-01-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-01-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-01-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-01-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-01-06

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 164

2019-01-07



باکووری کوردستان
- لە 10 گەڕەک و دێ و لادێی ناوچەکانی لیجە، هێنێ و کاراز باری نائاسایی ڕاگەیاندرا و هەموو جۆرە هاتوچۆیەک لە هاوولاتیان قەدەغە کرا. ئەو قەدەغەکارییە لە کاتژمێر 06:00ی ئەم بەیانییەوە ڕاگەیاندراوە. پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە ئامەد لەبارەی ئەو قەدەغەکارییەوە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و ڕایگەیاندووە، قەدەغەکارییەکە بەپێی یاسای ژمارەی 5442ی ئیدارەی شارەکان لە 10 گەڕەک، دێ و دلایێ و مەزرای ناوچەکانی لیجە، هێنێ و کاراز ڕاگەیاندراوە. پێش ئەوەی باری نائاسایی و قەدەغەکارییەکە ڕابگەیەنرێت، سوپای تورک لەو ناوچەیەدا ئامادەکاریی کردووە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی.[4]
- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) ، لەگەڵ حەوت پارت و کۆمەڵەی سیاسی باکووری کوردستان گەیشتووەتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی پێکەوە بەشداری لە هەڵبژاردنە خۆجێیەکانی باکووری کوردستان و تورکیادا بکەن.[2]
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک لە شاری ئامەد هەڵیانکوتایە سەر مااڵی هاوواڵتیان و لەو هەڵکوتانەیاندا 10 کەسیان دەستگیرکرد، کە 6 کەسیان منداڵن. کەسە دەستگیرکراوەکان لەلایەن پۆلیسەکانەوە براون بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئامەد.[4]
- گرووپێک چەتەی چەکدار، کە خۆیان بە ناوی ئێمە دەوڵەتین دەناسێنن لە ناوچەی قرەقەلیی وان و گوندەکاندیدا هەڕەشە لە هاوواڵتیان دەکەن، کە نابێت دەنگ بە هەدەپە بدەن. گرووپێکی تریش بە ناوی تیمی تۆڵە نامەی هەڕەشیان بۆ بەڕێوەبەرانی هەدەپە ناردووە.[4]
ڕۆژهەاڵتی کوردستان
- جەلیل باڵای بەڕێوبەری گشتی قەیرانەکانی پارێزگای کرماشان ڕایگەیاندووە: ئەمڕۆ لە سەرانسەری پارێزگا بەهۆی بومبەلەرزەکانی دوای بومبەلەرزە بەهێزەکەی دوێنێ کەپلەکەی 5، 9 پلەی ڕێختەربووە، تاقیکردنەوەی خوێندنگاکانی لەدەوامی بەیانی و دوای نیوەڕۆدا ڕاگرتووە.[3]
- مااڵپەڕی شهدای ناجا لە هەواڵێکدا باسی لە کوژرانی یەکێک لە مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکانی خۆی بە ناوی مەیسم نژادوەلی لە سنووری شاری ورمێ کرد.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هێدی تەمەن 25ساڵ خەڵکی گوندی گۆیجکەدەری شاری مەهاباد بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی بێتووشی شاری سەردەشت گیانی لەدەست دا.[6]
- بەشێکی بەرچاوی لە شتومەکی کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد لە سنووری نەوسوود لەلایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە دەستی بەسەر داگیرا. یەکێک لەو کۆڵبەرانە کە شتومەکەکەی لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە دەستی بەسەر داگیرابوو، بە ئاژانسی کوردپا ڕایگەیاند: هێزە نیزامییەکان پاش دەسبەسەردا گرتن و ڕاگواستنی کەلوپەلی کاسبکاران و کۆڵبەران بۆ پایگا، شتومەکەکانیان ئاگر تێبەردا.[6]
- دوو هاوواڵتیی کورد بە ناوەکانی ئارام ئەدوایی و بورهان ئەدوائیان خەڵکی گوندی سلێن لە بەخشی هەورامانی سەوڵاوا دەسبەسەر کردووە.[6]
باشووری کوردستان
- تەرمی گەریلا مەدینە چەتین ناسراو بە هاڤین نسێبین، بە دروشمی شەهید نامرێ لە مەزارگەی شەهید محەمەد قەرەسونگول لە بناری قەندیل بەخاکسپێردرا.[5]
- ماوەی چەند ڕۆژێکە فڕۆکەیەکی هەواڵگری سوپای تورکیا لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی کەوتووەتە خوارەوە، میتی

تورکیاش لە بارەگای شیلادزێ 40 هەزار دولاری وەکوو خەڵات دیاریکردووە بۆ هەر کەسێک کامێرای نێو فڕۆکەکە بدۆزێتەوە.[1]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارنی هەڵەبجە، وردەکاری دۆزینەوەی منداڵێکی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاشکراکرد و وتی: ئە و منداڵە ونبووەی هەڵەبجە ناوی (محەمەد ئەمین) ە و لە شاری قوم لە ئێران نیشتەجێ بووە، خوێندنی تەواوکردووە و هاوسەرگیری کردووە و ئە و کاتەی لە ئێران لە خێزانەکەی دابڕاوە تەمەنی حەوت مانگ بووە.[1]
- بەڕێوەبەری کەشناسی و بومەلەرزە لە شارۆچکەی ئامێدی ڕایگەیاند: بەهۆی بەفربارینەوە ڕێگەی هاتوچۆ لە شارەدێ شێلادزێ و دێرەلۆک بۆ سەنتەری قەزاکە نەماوە.[1]
- بەرپرسی میحوەری پردێ هێزی پێشمەرگە ڕایگەیاند، هێزێکی زۆری ئەمریکی چووەتە سەربازگەی K1ی کەرکووک و داوایانکردووە سەربازگەکەیان پێبدرێت.[2]
- لە 24 کاژێری ڕابردوودا 21 سانتیمەتر بەفر لە کانی ماسێ باریوە، بەفربارین ئێستاش بەردەوامە و چاوەڕێ دەکەین تاوەکو چوارشەممە 40 سانتیمەتری دیکەش بەفر ببارێت.[2]
- چالاکییەکانی مانگرتن لە خواردن بۆ شکاندنی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە لە شەنگال، بە سەردانی چین و تویژە جیاوازەکان بۆلای مانگرتووان بەردەوامە.[5]
- بەرپرسێکی یەکێتی مامۆستایان هۆشداری دەدات لەوەی ناڕەزایی ئێستای مامۆستایان و فەرمانبەران بۆ ڕووداوی دیکە سەرنەکێشێت و داوا دەکات پەلە لەپێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێم بکرێت و پاشەکەوتی موچە نەمێنێت.[1]
- 3 ئەندامی کۆمەڵەی گەنجانی وەڵاتپارێز بەناوەکانی ئارام قادر عەزیز، ڕێژوان عەمەر و هۆزان عەلی لە کاتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەلایەن ئاسایشی سلێمانی دەستگیر کران.[4][5]
- ئەمرۆ، لە بارەگای حزبی شیوعی کوردستان، لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین، هەر یەک لە حزبی شیوعی و تەفگەری ئازادیی و یەکێتی نیشتیمانی و بزوتنەوەی گۆران و کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی و بێ ئامادەبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان- ئێراق، کۆبونەوەی مانگانەی حزبە کوردستانییەکانیان ئەنجامدا. بە پێی زانیارییەکانی ڕۆژنیوز، کۆبونەوەی حیزبە سیاسییەکانی خورماتوو، تایبەت بوو بەدوو خاڵ، یەکەمیان پۆستە ئیدارییەکان و دووەمیان بەزۆر سەپاندنی باج و سەرانە بەسەر هاوڵاتیانی کوردی لە خورماتوو، دوای نزیکەی کاتژمێر و نیوێک کۆبوونەوە، حزبەکان گەیشتنە ئە و بڕیارەی ئە و پۆستانەی بە کورد دراوە پڕ بکرێنەوە.[5]
- تەفگەری ئازادیی لەسەر بڕیاری داخستنی بارەگاکانی، لەڕێگای دادنووسی هەولێر-ەوە هۆشداریەکی ئاڕاستەی حکومەت کرد، بۆ ئەوەی بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە، ئەگەریش لە ماوەی 15 ڕۆژدا حکومەت بەدەم هۆشداریەکەی تەفگەرەوە نەچێت، ئەوا لە دادگای ئیداریی هەولێر سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەدەسە) لە بەیاننامەیەکدا ئەوەیان ئاشکراکردووە، هێزەکانیان دوو تیرۆرستی داعشیان دەستگیرکردووە کە بە ڕەگەز ئەمریکیین.[3]
- شەڕفانانی قەسەدە لە شارۆچکەی سوسە لە پارێزگای دێرەزۆر سەدان هاوواڵاتیان لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگارکرد، کە چەتەکانی ئەو هاووڵاتیانەیان وەک قەڵغانی زیندوو بەکاردەهێنا. زۆربەی هاووڵاتییە ڕزگارکراوەکان ژن و منداڵن. هاووڵاتییە ڕزگارکراوەکان گواستراونەتەوە بۆ ناوچە ئارامەکان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەفگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2019-01-07
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2019-01-07
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری پوک میدیا - 2019-01-07
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-07
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-07
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردپا - 2019-01-07
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 165

2019-01-08



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەمەبەستی سەردانی ئیمرالی، جارێکی دیکە داواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد.[5]
- پارێزگەی شرناخ چەندین شوێنی دەوروبەری شاری شرناخی بە (ناوچەی ئاسایشی تایبەت) ڕاگەیاند و هاتووچۆی هاوڵاتیيانی سیڤیلی لە و ناوچانە قەدەغە کرد.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرپی کوردپا، 7 هاووڵاتیی کورد خەڵکی شاری ڕەبەت بە ناوەکانی جەعفەر ڕەسووڵپوور، بەهمەن دەندانساز، محەممەد لەیلانە، محەممەد سویرو و ڕەسووڵ محەممەدئەمینی، هەر کامیان بە یەک ساڵ و 6 مانگ زیندان و وەفا و محەممەد خەڵکی گوندی جێربەند، سەر بە شاری ڕەبەت بە 10 ساڵ زیندانی مەحکووم کراون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم 7 هاووڵاتییە کوردە لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری سەردەشت بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئێران مەحکووم کراون.[6]
- مامۆستای زانکۆ و پارێزەری زیندانییانی سیاسیی کورد مەسعوود شەمسنەژاد لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی ئێران دەستگیر کرا.[4]
- سوپای پاسداران لە شاری ماکۆ هۆشداریان بە دانیشتوانی گوندەکانی یارمیقی سەرەوە و خوارەوە، خەرمانیەری، قوولیشکا، تیکمە، بیری، گریک، سڵبەند و حاجی حەسەن سەر بە شاری بازرگان داوە، لە کاتژمێر 10ی شەو بە دواوە مافی هاتوچۆیان نییە.[6]
باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ ئەمڕۆ ڕایگەیاند کە میردمندالان لە هەرێمی کوردستان ئەشکەنجە دراون بۆ ئەوەی ناچار بکرێت کە دان بەوەدا بنێن لەگەڵ گروپی داعش کاریان کردووە. لەبەرامبەردا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم لە وەڵامی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ دەڵێت: هیچ کەسێک بەبێ بڕیاری دادگا دەستگیر نەکراوە و ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە و گومانیان لێدەکرێت پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت، ئەوا وەک قوربانی دەستی داعش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت نەک تاوانبار.[1]
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاڵای کوردستانی لەسەر بارەگای مەکتەبی سیاسی لە کەرکووک و بارەگای مەڵبەندی دووی کەرکووک هەڵکرد.[7]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گەلی بەدران لە بناری قەندیل بۆردوومان دەکەن و بە ئاسمانی باڵەکایەتییشدا دەسوڕێنەوە.[4]
- بەهۆی ئامادەنەبوونی ڕێژەی یاسایی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک هەوڵی دوورخستنەوەی ڕێبوار تاڵەبانی لە پۆستەکەی شکستیهێنا.[2]
- ئەندامێکی لیژنەی بەرگری و ئاسایش لەپەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت: بەغدا پێشنیازیکردووە، ڕێژەی لە 14% تا 17%ی کۆی گشتی بودجەی تەرخانکراو بۆ هێزە وشکاییەکانی عێراق بدرێتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەڵام ئەوان ئەمەیان ڕەتکردۆتەوە.[1]
- بەهۆی ئامادەکارپی بۆ نمایشکردنی کورتە فیلمێک لەسەر ژیانی ساکینە جانسز، ئاسایشی سلێمانی دەرگای سینەما سالم-ی داخست.[4]
- سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئاشکرایدەکات: پرۆسەی دادگاییکردنی کۆمپانیاکانی چەکی کیمیایی لەسەر داوای پارێزەرانی ئەوان بۆ مانگی ئازاری داهاتوو دواخراوە.[1]
- ئەمرۆ بە ناونیشانی (ژوانگەی شێوەکاری) لە کتێبخانەی گشتیی شاری کەرکووک پیشانگەیەکی شێوەکاری بۆ 10 منداڵ و نەوجەوانی کچ کرایەوە.[5]
- کەشناسی پێنجوێن ڕایدەگەیەنێت: لە ئەمشەو سێشەممەوە کەشوهەوای قەزاکە گۆڕانکاری بەسەردادێت و پلەکانی گەرما بۆ 10 پلەی ژێر سفری سەدی دادەبەزێت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمشە و لە باخی زەیتوون لەسەر ڕێگەی جزیر کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری منبج مینێک تەقییەوە. لە ئەنجامدا هاوڵاتییەکی سیڤیل بریندار بوو. هەر دوای تەقینەوەکە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەستیان بە لێکۆڵینەوە و پشکنین کرد.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەتیکردەوە چاوی بکەوێت بە جۆن بۆڵتن ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا، بەهۆی مەرجی کشانەوەی ئەمریکا بۆ پارێزگاریکردن لە کورد و نێوبراو بەهۆیەوە تورکیا جێدەهێڵێت. سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە ئەم ڕووداوە دەبێتەهۆی قوڵتربوونەوەی کێشەکانی نێوان تورکیا و ئەمریکا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-08
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-08
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-08
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 166

2019-01-09



باکووری کوردستان
- هێزە چەکدارەکانی تورکیا لە گوندەکانی ئۆرەنبورچ و کاراهیسار-ی سەر بە ناوچەی سارای هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و بە بیانووی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) هەریەکە لە عەرەفات گیدەرئۆغلوو، نیهاد ئایان، سەلیم گۆنول، ئیران دوومانلی، ئەحمەد بویوک، قەدری دووارنەر، سەیدخان بارگر، محەمەد شیرین کلچئۆغوللاری و کەسێکی دیکە کە ناوی نەزانرا دەستگیر کران.[6]
- شەپۆلی بەفر، باران و تەزرە بارین لە باکووری کوردستان کاریگەری لە ژیانی هاوڵاتیانی کردووە و زۆر ناوچەی سەر بە ئامەد ڕەنگی سپیبیان پۆشیوە و لە چەندین گوند مەترێک بەفر باریوە. هەر بە و هۆیەوە ڕێگەکانی نێوان پاسوور و مووش و چەندین گوند و لادێ داخراون. لەسەر ڕێگەی ئامەد - وێرانشار ئامبولانسێک و 4 کامیۆن بەهۆی داخرانی ڕێگەکە گیریان خواردووە.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی حەسەن ڕەسوولی تەمەن 40 ساڵ خەڵکی شاری بانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە سنووری چەمپارەی ئەو شارە بریندار کرا.[7]
باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی بەدر لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە هاتەدەنگ و بەرپرسێکی ئەو ڕێکخراوەش دەڵێت، خوازیارین لە 17ی ئۆکتۆبەر وانەیەکتان وەرگرتبێت، ئامۆژگاریشتان دەکەین لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک لە عەرەب و تورکمان دانیشن و کات بەفیڕۆنەدەن.[2]
- لقی کەرکووکی بەرەی تورکمانی ڕایدەگەیەنێت: دوبارە هەڵکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەناوچە کێشەلەسەرەکان هەوڵێکە بۆ تێکدانی نێوان نەتەوەکانی ناوچەکە و پارێزگاریش دەڵێت: ئە و پرۆسەیە نایاساییە.[1]
- جێگری مەڵبەندی دووی کەرکووکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەنگۆی داگرتنی ئاڵای کوردستانی لەدوای هەڵکردنی لە و شارە ڕەتکردەوە و تەئکیدیکردەوە، کە هیچ کەس و هێز و لایەنێک ئاڵای کوردستانی لەو شارە دانەگرتووە و لە ئێستادا ئاڵای کوردستان لەسەر شارەکە دەشەکێتەوە.[3]
- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە سەردانێک گەیشتە هەولێر و لە پیرمام لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆبوەوە و دواتریش لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کۆبوەوە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ هێزەکانی ئاسایشی گەرمیان هەڵیانکوتایە سەر (ئەکادیمیای شەهید گیفارا گەرمیانی) لە شارۆچکەی ڕزگاریی سەر بە شاری کەلار و دایانخست. بە گوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژ نیووز، هێزێکی زۆری ئاسایش بە زەبری هێز ئەکادیمیاکەیان داخستووە و 9 کەسیشیان دەستگیر کردووە کە لەنێویاندا ژن هەیە. پاش چەند کاژێرێک گیراوەکان ئازادکران.[4]
- دانیشتوانی ژمارەیەک گوندی سنوری شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەبەر خراپی ڕێگاوبانی گوندەکانیان خۆپێشاندانیان کرد و بۆ ماوەیەک شەقامی نێوان دەربەندیخان و قەرەداغ-یان داخست.[4]
- بڕیاربوو کاتژمێر 02:00ی ئەمڕۆ لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی گەرمیان لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، لەلایەن ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک-ەوە، حەوتەمین ساڵیادی شەهیدان ساکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز بکرێتەوە، بەڵام ئاسایشی کەلار ئاگاداری کردوونەتەوە، کە بەپێی نووسراوی فەرمیی ئاسایشی گەرمیان، نابێت ئەو یادە لە شارۆچکەکە بکرێتەوە.[4]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە گوندی زەنقر لە شارۆچکەی داقوق-ی سەر بە پارێزگای کەرکووک بۆمبێکی چێندراوە تەقیەوە، باوک و

کوڕێک، کە لەنەتەوەی کورد-ن بوونە قوربانی.[4]
- دوای هەوڵ و فشارێکی زۆر، جارێکی دیکە دەرگای سینەما سالم کرایەوە و ئەو فیلمەی بووە هۆی داخستنی سینەماکە، لە کاتێکی دیکەدا نمایش دەکرێت.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی شارۆچکەی شەقڵاوە لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەکردوە: کە بەهۆی بەفربارینەوە ڕێگەی چیای سەفین گەڕۆتە بەرەو گوندی سولاوکە (هەولێر) گیراوە.[1]
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە، ڕێگەی مەرزی کێلێ لە نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سنوری شارۆچکەی پشدەر داخرا.[1]
- لە سەیرانگای چنارۆکی نزیک کۆیە، ئاوات بۆکانی، گۆرانیبێژی میللی تەقەی لە دوو کەس کرد و هەردوو کەسەکەشی بریندار کردن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- یەکێتی ئەوروپا سزای سەپاند بەسەر بەشێک لە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران و دوو کەس لە کارمەندەکانی ئە و وەزارەتەی خستە لیستی تیرۆرەوە و دارایییەکانیشیانی بلۆک کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	بانە
شار و شارۆچکەکان:	بۆکان
شار و شارۆچکەکان:	پیرمام
شار و شارۆچکەکان:	دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	شەقڵاوا (خۆشناوەتی)
شار و شارۆچکەکان:	قەرەداغ
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان:	کۆیە
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2019-01-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-09

[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-09
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-01-09
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 167

2019-01-10



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، نەورۆز ئوسال، مەزڵوم دێنج و فوئاد جوشاجاک، بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئۆجالان، بۆ جاری 780هەم داواکارییەکی دیکەیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی لە شاری بوورسا کرد. بەڵام ئەمجارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ سالێحە ئایدەنیز و سەمرا گوزەل و موسا فارسۆگوڵەر پەرلەمانتارانی هەدەپە، لەگەڵ هاوڵاتیان و چالاکوانان لە شاری ئامەد بە ڕێپێوان بەرەو بەردەم زیندانی پیێ E ڕۆیشتن، بەڵام ڕێگریان لێکرا. ئەوان وێستیان بەو ڕێپێوان پشتیوانی خۆیان بۆ لەیلا گوفەن نیشان بدەن، کە ماوەی 64 ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان.[3]
- بە هۆی بەفربارین و ڕەهێڵەوە، ڕێگای 778 گوند و ناوچەی نیشتەجێبوون لە شارەکانی وان، بەدلیس، موش و جۆڵەمێرگ داخراون. سەرۆکایەتیی شارەوانی وان ڕایگەیاند کە لە سەرتاسەری پارێزگاکە، ڕێگای 373 ناوچەی نیشتەجێبوون داخراون. لە جۆڵەمێرگیش ڕێگای 169 گوند و ناوچەی نیشتەجێبوون داخراون.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ کاتژمێر 02:00ی پاش نیوەڕۆ هاوڵاتیانی شارۆچکەی قەڵادزێ-ی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین لە باخی گشتیی شارۆچکەکە کۆبوونەوە بە مەبەستی یادکردنەوەی شەهیدانی پاریس، بەڵام لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە هێرشیان کرایە سەر. هێزەکانی ئاسایش پەلاماری ئامادەبووانی مەراسیمەکەیان دا و دوو چالاکیان دەستگیر کرد.[3]
- ئەمشە و لە ناوچەی حەلوانی نێوان خانەقین-جەلەولا، چەکدارانی داعش هێرشیانکردووەتەسەر کارگەیەکی بلۆک کە خاوەنەکەی کورد و پاسەوانانی کارگاکانیان دەستگیرکردووە و دواتر ئازادیان کردوون و هەروەها کارگەکانیان بە تەواوەتی سوتاندووە بە بێ ئەوەی هیچ لایەنێکی ئەمنی سەردانی ناوچەکە بکات.[1]
- بەرپرسێکی کەشناسی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: ئەگەری هەیە ئەمشە و لە سەنتەری شارەکانی سلێمانی و دهۆک بەفر ببارێت و دەشڵێت: تا ڕۆژی شەممەی داهاتوو کەش وهەوای هەرێم بەفر و باراناوی دەبێت.[4]
- سەرچاوەیەک لە سەرۆکایەتی کۆماری عیراق ڕایگەیاند: لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوودا گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و فڕۆکەخانەکانی تورکیا دەستپێدەکاتەوە.[1]
- فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی سەبارەت بەبڵاوبونەوەی هەواڵی دەستپێکردنەوەی گەشتەکانی بۆ تورکیا لە ڕوونکردنەوەیەکیدا دەڵێت: بەهەموولایەکی ڕادەگەیەنین کە وەک فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی تا ئێستا بەڕەسمی هیچ

بڕیارێکمان بەدەست نەگەیشتوەو هیچ زانیارییەک نیە بەدیاریکردنی وادەیەک بۆ دەسپێکردنەوەی گەشتەکان.[5]
دەرەوەی کوردستان
- مەولوود چاوشۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا هەروەها ڕایگەیاند بەبێ کشانەوەی ئەمریکاش، ئێمە ئۆپەراسیۆنەکەمان بۆسەر یەپەگە ئەنجامدەدەین. جەختیشی کردەوە لەوەی تەمپ بەڵێنیداوە سەردانی تورکیا بکات.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: مایک پۆمپیۆ پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کرد لە بەریژێرکردنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.[1]
- وتەبێژی فەرمیی سوپای نیشتمانی لیبیا هۆکاری ئەو ئاژاوەی وڵاتەکەی گرتوەتەوە دەخاتە ئەستۆی تورکیا، باس لەوەش دەکات چەند بژاردەیەک هەن بۆ لێپرسینەوە لە ئەنقەرە بەهۆی دەستێوەردانی لە کاروباری ناوخۆی لیبیا، هەروەها دەوڵەتی تورک بە ڕابەری فەرمیی تیرۆر ناودەبات.[3]
- کاتژمێر 4ی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، 51 پەنابەری کورد کاتێک ویستوویانە لەرێگەی ئیتاڵیاوە بڕۆنە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا، بەڵام بەر لەوەی بگەنە شوێنی مەبەست یەختەکەیان لە دەریای ناوەڕاست ژێرئاو کەوتووە و دواتر لەلایەن پۆلیسی مالیسا بە بەلەمی بچوک کۆچبەرە کوردەکانیان ڕزگار کردووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-10
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 168

2019-01-11



باکووری کوردستان
- ئەندامانی مەجلیسی پارتی دیموکراتیکی گەلان-هەدەپە بەدری یورگوون و ئیزەت کارداغ لەسەرداوای دادگای کۆماری ئانتالیا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران.[5]
باشووری کوردستان
- بەپێی زۆرینەی سەرچاوەکان، ئالای کوردستان لە کەرکووک لەسەر بارەگاکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان داگیرا. تەنیا لەسەر بارەگای مەڵبەند و مەکتبی سیاسیی یەکێتی ماون.[1]
- ئایەتوڵڵا موجتەبا حوسێنی، نوێنەری عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران، بەیاوەری عەلی ئیقبالپوور، فەرماندەیەکی باڵای سوپای پاسداران و نوێنەری قاسم سولەیمانی لە عێراق، سەردانی شارۆچکەی خورماتوو و گوندە تورکماننشینەکانی کرد.[2]
- لە سەکۆی ئازاد لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی، هێزەکانی ئاسایش ڕێگریان کرد لە یادکردنەوە و نمایشکردنی فیلمی ساکینە جانسز و نزیکەی 50 کەسیشیان دەستگیر کرد.[6] ئە و بەڕێوەبەرانەی تەڤگەری ئازادی کە دەستگیرکراون بریتین لە: تارا حسێن گوتەبێژی تەڤگەری ئازادی، بێریڤان محەمەد، دکتۆر ئازاد، دکتۆر بەکر، وەهاب ئەحمەد و نەریمان محەمەد ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی تەڤگەری ئازادی. ئازاد عومەر و شەهێن محەمەد هاوسەرۆکی هەرێمی سلێمانیی تەڤگەری ئازادی. هاوکات هەریەکە عادل عوسمان ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری بەرەی دیموکراتیی گەل و جیهان خەلیل نوێنەری کۆنگرەی ستار لە باشووری کوردستان دەستگیر کراون. لەنێو دەستگیرکراواندا منداڵێکی تەمەن 3 ساڵان بە ناوی فەرهاد محەمەد، هەروەها ڕۆژنامەوانان کەلسوم حسێن و سەلاح خدر هەن. ئە و هاوڵاتیانەی دیکەش کە دەستگیر کراون ناوەکانیان بریتییە لە: محەمەد، تەوار عادل، کیشوەر شەریف، دڵشاد عوسمان، سۆزدار، زارا ئەحمەد، ڕەحمان ڕەسوڵ، ئەسکەندەر، ئارین، میرشاد، گوڵبەهار، هۆژین، نیشتیمان، ڤیان، جیهان، یەکتا، ڕەوشەن، بێریتان، چیمەن، شەهبا، ئەلمیریا، فاتمە، عەبدول، تانیا، چنور، ژیان، شەماڵ، غەریب، ئیبراهیم، ماردین، کاوە، مەحەد، جەمیل، سلاوە، محێدین، سەیران، محەمەد جەلال، میران و لەیلا.[5] پاشتر ئاساییش هەندێک لە ژنە گیراوەکانی ئازادکرد.[1]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ هێزەکانی ئاسایش ڕێگریان کرد لە ئەنجامدانی سیمینارێک بۆ بیرهێناوەوەی ساکینە جانسز و هاوڕێکانی.[6]
- زیاتر لە 300 سەربازی سوپای تورکیا لە ڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل-ەوە هاتنە ناو هەرێمی کوردستان و ڕووبان لە ناحیەکانی بامەرنێ و ناوچەکانی شارۆچکەی ئامێدی کرد.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی، چلەی ماتەمینی عەبدولڕەحمان خەلیفە، ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بەڕێوەچوو.[6]
- بەرپرسی دۆسیەی ئێران لە حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: حکومەتی هەرێم ڕەزامەندیداوە لەسەر ڕادەستکردنەوەی 150

زیندانی ئێران کە لە بەندیخانەکانی هەرێم حکومدراون، دەڵێت: زیندانیانی سیاسی ڕادەستی ئێران ناکرێتەوە.[3]
- بەهۆی گەشتکردنی خەڵکێکی زۆر بۆ ناو بەفر لە هەولێر ماوەی چوار کاتژمێرە نزیکەی هەزار ئۆتۆمبێل گیریانخواردووە هەر ئەمشەویش پارێزگاری هەولێر بڕیاریدا بۆ کۆتایی هێنان بەم کێشەیە تونێلی پیرمام بە شێوەیەکی کاتی بکرێتەوە.[3]
- دوای ئەوەی ئەمڕۆ ئاسایشی سلێمانی 52 کەسی دەستگیرکرد، لە بەیاننامەیەکدا جوڵانەوەی نەوەی نوێ ئیدانەی دەستگیرکردنەکان دەکات و بە مەترسیدار لە قەڵەمی دەدات.[6]
- لیستی هاوپەیمانی نیشتیمانی، لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نارەزایەتییان دژی دەستگیرکردنی چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان و هاوڵاتیان دەردەبڕن و لە لایەن ئاسایشی سلێمانییەوە و دەڵێن: ماوەیەکە کۆمەڵێک کاری نەخوازراو و دوور لەبنەماکانی ئازادی ڕادەربڕین دەبیندرێن، هەرلەداخستنی دەرگای سینەما سالم وگرتنی چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان، داواکارین کۆتای بەودیاردە ناشیرینە بهێندرێت.[6]
- لە ڕاگەیەندراوێکدا حزبی شیوعی کوردستان ئیدانەی دەستگیرکردنی هەڵسوراوانی سیاسی لە سلێمانی دەکات لە لایەن ئاسایشی سلێمانییەوە و دەڵێت: ئەوکارە بە پێشێلکاری ڕاستەوخۆ و مەترسیدارلە سەر ئازادییە سیاسیەکان و ئازادیی ڕادەربڕینی دەزانین.[6]
- فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان، ئیدانەی ڕەشبگیرییەکەی سلێمانی دەکات و دەڵێت: دەستگیرکردنی چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی شاری سلێمانی بەتوندی ئیدانە و مەحکوم دەکەین و داوای ئازادکردنی دەستبەجێی سەرجەم گیراوان دەکەین.[6]
- لە شارۆچکەی خانەقین، ژمارەیەک چەکداری نەناسراو دەستڕێژی گولە-یان لە کۆمەڵێک گەنج کردوو بە هۆیەوە دوو گەنج بریندار بوون.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی هاوار (ANHA)، سوپای تورکی داگیرکەر بە چەکی بی کەی سی و کلاشیەکێتی نیشتمانیی کوردستانۆف هێرشی کردووەتە سەر گوندی سووسک-ی سەر بە شاری گرێسپی.[5]

دەرەوەی کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ، وتەبێژی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کە پرۆسەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەستپێکردووە.[4]
- وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا جەختی لەوە کردەوە، کە کورد بەشێک لە کۆمەڵگای سوریایە، کە دابەش ناکرێت و دانوستاندنی نێوان کورد و دیمەشقی بە خاوەن گرنگیەکی تایبەت وەسف کرد.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: جوڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: پیرمام
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2019-01-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-11
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-11

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 169

2019-01-12



باکووری کوردستان
- عومەر ئۆجالان پەرلەمانتاری هەدەپەی ڕوحا، ئاشکرای کرد کە عەبدوڵلا ئۆجەلان ئەمڕۆ چاوی بەبراکەی محەمەد ئۆجالان کەتووە.[5] ئەو دیدارە دوای ئەوە دێت، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر پلاتفۆرمی ئازادی دژ بە گۆشەگیریی سەر ئۆجالان ڕایگەیاند، لە زیندانەکانی دەوڵەتی تورکدا دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان، لانی کەم 600 زیندانی مانیان لە خواردن گرتووە و داوا دەکەن گۆشەگیریی سەر ئۆجالان هەڵبگیرێت. جگە لە تورکیا، لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و ئەوروپاش بە سەدان کەس لە مانگرتندا بوون بۆ شکاندنیی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان. مانگرتنەکان بۆ شکاندنی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان بە مانگرتنی لەیلا گوفەن، هاوسەرۆکی کەجەدە و پەرلەمانتاری هەدەپە دەستپێکرد، کە ماوەی 65 ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان، لەیلا ئێستا باری تەندروستی خراپ بووە و ژیانی لە مەترسیدایە، داواکاریی لەیلا ئەوە بوو، کە ڕێگە بدرێت سەردانی ئۆجالان بکرێت، بۆیە پێدەچێت ئەم دیدارە مانگرتنەکان بشکێنێت.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی شەهریار خزری تەمەن 20 ساڵ خەڵکی شاری سەردەشت بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە سەختی بریندار کرا.[6]

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئەیووب ئەمینی، کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی دەشوان سەر بە شاری سەڵماس، بە هۆی سەرمابردوویی‌یەوە گیانی لە دەست دا.[6]

باشووری کوردستان

- فەرهاد محەمەد، منداڵە 3 ساڵەکە و نۆ ژنی دیکە لە دەستگیرکراوانی دوێنێی سەکۆی ئازادیی شاری سلێمانی، ئازاد کران.[2]
- وتەبێژی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ڕایگەیاند، کە ڕێکاری یاسایی دژی دەستگیرکردنی ئەندامان و لایەنگرانی تەڤگەر دەگرنەبەر، ئاشکراشی کرد: ئاسایش هەوڵیانداوە بەڵێننامەیان پێ پربکەنەوە، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردووەتەوە.[2]
- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، کە دەستگیرکردنی هاوڵاتیان و چالاکان لە دەرەوەی بڕیاری دادوەر، پێچەوانەی یاسا و هەموو ئە و بانگەشانەیە لە بەرنامەی حزبە سیاسیەکاندا هەیە، دەشڵێت: پێویستە پارتی و یەکێتی دەستبەردارای ئەم دەستێوەردانە خراپانە ببن.[2]
- دژی دەستگیرکردنی چالاکوانان، ڕۆژنامەنووسان، هاوڵاتیان و نوێنەری لایەنەسیاسییەکان، کە دوێنێ لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیرکران، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تێیدا ڕایگەیاندووە: داوا دەکەین دەسبەجێ دەسبەسەرکراوەکان بە بێ مەرج ئازاد بکرێن.[2]
- ژمارەیەک لەسەرکردەکانی هاوپەیمانی عەرەبی لەکەرکووک لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دژایەتی خۆیان بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دووپاتکردەوە.[3]
- ئەمشەو لە شاری هەولێر نوێنەرایەتی هەدەپە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لەسەر دیدارەکەی ئۆجالان و بەردەوامی مانگرتن ئەنجامدا. لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەدا، عابد ئیکە هاوسەرۆکی نوێنەرایەتی هەدەپە لە هەولێر وتی: وەک دەزانرێت محەمەد ئۆجالان چوەتە ئیمرالی و لەگەڵ بەرێز ئۆجالان چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا وردەکاری چاوپێکەوتنەکە نازانرێت. باسی لەوەش کرد، ئەوان بەردەوام دەبن لە مانگرتن و چالاکییەکانیان تا ئەو کاتەی لێدوانێکی فەرمیی لە هەدەپەوە دەدرێت.[2]
- دوو فرۆکەی جەنگی عێراق چەند پێگەیەکی داعشیان لە لە نێوان شاروچکەی خانەقین و و شارەدێی جەلەولا بۆردومان کرد.[3]
- شەوی ڕابردوو ئە و سێ هاوڵاتییەی کە ڕۆژی 24-12-2018 لەلایەن داعشەوە لە گوندی پارە پارەی سەر بە شاروچکەی خورماتوو ڕفێندرابوون لەسنووری شارەدێی ڕەشاد لەبەرامبەر برێک پارەدا ئازاد کران و بەیانی ئەمڕۆ بە کەسوکاری خۆیان شاد بوونەوە. ئە و سێ هاوڵاتییە ناوەکانیان کەنعان عەزیز قادر، ساڵم سەردار محەمەد وادی و محەمەد ئەحمەد هەدل-ە.[4]
- تەرمی منداڵێکی تازە لە دایکبوو لە نزیک گەڕەکی قەڵای نوێ لە شاری هەولێر دۆزرایەوە، پۆلیسی هەولێریش دەڵێت: گیانی لەدەستدابوو و تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادوەری کراوە.[3]
- لە شاری هەولێر، دوو مێردمنداڵ کە دانیشتووی یەک گەڕەکن لە سەر کۆتر بووەتە شەڕیان و لەئەنجامدا باوک و کوڕێک بەناوەکانی (ئیبراهیم و ڕابەر) کوژراون.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- مینێک بە ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی منبج تەقیەوە و دوو ئەندامی هێزەکانی ئاسایش شەهید بوون و ئەندامێکی دیکەش بریندار‌بووە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- هاوڵاتیانی کورد و دۆستانی کورد، لە چوار گۆشەی ئەورووپا-وە بەرەو شەقامەکانی پاریس هاتن و بەرەو کۆڵانی لا فایتە کە شەش ساڵ لەمەوبەر سێ ژنە سیاسەتمەداری کورد تێدا کۆمەڵکوژ کران ڕێپێوانیان کرد. خۆپێشاندەران کە وێنەکانی ساکینە جانسز، ئەندامی دامەزرێنەری پەکەکە، فیدان دوغان، نوێنەری کەنەکەی پاریس و لەیلا شایلەمەز، ئەندامی تەڤگەری گەنجان-یان هەڵگردبوو، دەوڵەتی تورکیان شەرمەزار کرد.[2]
- سوپای ئیسرائیل چەند پێگەیەکی لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دیمەشق بۆردوومانکرد و سوپای سووریاش دەڵێت، بۆردوومانەکە زیانی مادی زۆری هەبووە، بەڵام زیانی گیانی نەبووە.[1]
- وەزیری دەرەوەی ئێران لە کاردانەوە بەرامبەر بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی نێوەدەوڵەتی دژ بە ئێران لە وڵاتی پۆڵەندا، کۆنفرانسەکە بە پەڵەیەکی ڕەش و فەزاحەت بۆ پۆڵەندا ناودەبات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولات: باشووری کوردستان
ولات: ڕۆژاوای کوردستان
ولات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ولات: ئێران
ولات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-12
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-13

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 170
2019-01-13



باکووری کوردستان
- شاندێکی ئەوروپی کە سەردانی تورکیای کردووە، هەوڵی دا بچێتە زیندانی پیێ (ئە)ی ئامەد بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ لەیلا گیوفەن پەرلەمانتاری پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)، بەڵام پۆلیس ڕێگری کرد.[4]
- پارێزەری لەیلا گوفەن چوو بۆ زیندانی ئامەد بە مەبەستی بینینی گوفەن، بەڵام بەهۆی خراپی باری تەندروستیی لەیلا گوفەن، نەیتوانی دیداری لەگەڵ ئەنجام بدات.[2]
- پۆلیسی تورکی داگیرکەر لە شاری ئێلح هێرشی کردە سەر خۆپیشاندانێک کە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان سازکرابوو. پۆلیس کاندیدێکی هەدەپە بۆ هاوشارەداری ئێلح-یان دەستگیر کرد.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شۆفیری لودێرێک بە ناوی مەحموودزادە فەرمانبەری ئیدارەی ڕێگاوبانی شاری مێهران لە ناوچەی قەڵاوێزان لە حاڵی دێپۆ و بارکردنی چەو و لەم، بە هۆی لێدانی مینێکی دژە تانک و تەقینەوەی ئەو مینە بە لۆدێرەکەدا، بریندار بوو.[5]
باشووری کوردستان
- سەدان ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی و کەسایەتی و مامۆستای زانکۆ لە بانگەوازییەکدا، داوای دەستبەجێ ئازادکردنی ئە و کەسانە دەکەن، کە لە سەکۆی ئازادیی دەستگیکران و هێشتا لە زیندانداان.[2]
- هاوسەرۆکی تەڤگەری ئازادیی لەبارەی دەستگیرکردنی ئەندامەکانیانەوە ڕایدەگەیەنێت، کە ئەوان داوای ئازادی ئەندامەکانیان ناکەن و دەشڵێت: دەبێت ئاسایشی سلێمانی داوای لێبوردن لە خوێنی شەهید ساکینە جانسز و هەڤاڵانی بکات.[2]
- کاتژمێر 3ی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ کەسوکاری ئەندامانی تەڤگەری ئازادیی و چالاکوانان، کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو دەستگیرکران، وێستیان سەردانی گیراوەکان بکەن، بەڵام ئاسایشی سلێمانی ڕێگەی پێنەدان.[2]
- جێگری لێپرسراوی مەڵبەندی هەولێری یەکێتی ڕایگەیاند، هێشتا 6 ئەندامیان لەلای ئاسایشی هەولێر گیراوە و ئاسایشی هەولێریش ڕەتیدەکاتەوە، هیچ ئەندامێکی یەکێتی لەلای ئەوان مابێت و لەسەر پرسی سیاسی گیرابێت.[1]
- محەمەد زەریف وەزیری دەرەوەی ئێران سەردانی شاری سلێمانی دەکات و لەگەڵ بازرگانانی کوردستان و چەند شارێکی عێراق کۆدەبێتەوە.[3]
- محەمەد مەحمود بەرپرسی مەڵبەندی 16ی حەمرینی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: دەنگۆی گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ خورماتوو لە ئارادایە، بە وتەی سەرچاوەیەکیش: هێزەکانی حەشد ئاگادارکراونەتەوە فرۆکەخانەی خورماتوو چۆڵبکەن کە شوێنی هێزەکانی ئەمەریکا بووە.[3]
- پۆلیسی هەولێر ئەو دوو تۆمەتبارەی دەستگیرکرد کە لەسەر کێشەی کۆتر کوڕو باوکێکیان کوشت.[6]
- کارمەندانی کەرتی خۆبەخشی تەندروستی، ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00، لە بەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شاری سلێمانی، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان بە دروشمی 'ئیتر بەسە دانەمەزراندنی کارمەندانی تەندروستی' ئەنجامدا، تێیدا لە بەیاننامەیەکدا داواکارییەکانیان خستەڕوو. کارمەندە ناڕازییەکان زۆرینەیان دەرچووی بەشە پزیشکییەکانی پەیمانگان و ژمارەیان پێنج هەزار خوێندکار دەبێت، لە سەرجەم ناوەندەکانی تەندروستی لە شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ماوەی پێنج ساڵە دانەمەزراون و بە خۆبەخش کار دەکەن، ئەمەش سێیەم گردبوونەوەیە کە ئەنجامی دەدەن بۆ دامەزراندنیان.[2]
- بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات: لە ئەمڕۆ یەکشەممەوە شەپۆلێکی

بەهێزی باریني بەفر و باران تەواوی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و پێشبینیشدەکرێت تاوەکو ڕۆژی هەینی بەردەوام بێت.[3]
- لە سنووری پارێزگای دیالە بە تایبەتی لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی جەلەولا و سەعدییە چەکدارانی حەشدی شەعبی دەخرێنە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆ ڕێگریکردن لە گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ سنوورەکە.[3]
دەرەوەی کوردستان
-هاوسەرۆکانی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)؛ سامەت ئایاس لە ناوچەی زەیتینبوورنوو، حەق جەنگیز لە ناوچەی ئوسکودار، سەلما کۆرکماز و خەلیل سالک لە ناوچەی چەکمەکۆی، دەستگیر کران. دەرکەوت کە ئایاس بە بیانووی هەبوونی بڵاوکراوە دەربارەی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا، هەروەها حەق جەنگیز بە بیانووی پۆستەرەکانی سەر بینای ناوچەی هەدەپە دەستگیر کراون. بە گوێرەی زانیارییەکان، سامەت ئایاس بۆ بنکەی ئاسایشی فاتیح لە سیرکەجی، حەق جەنگیز بۆ ئاسایشی ناوچەی ئوسکودار، کۆرکماز و سالیک-یش بۆ بنکەی ئاسایشی ناوەندی چەکمەکۆ گوازراونەتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-13
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 171

2019-01-14



باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە ئامەد لە 13 گوند و مەزرای ناوچەی لیجە و لە 9 گوند و مەزرای ناوچەی هەزرۆ و لە گوندێکی ناوچەی کاراز هاتوچۆکردنی لە هاوولاتیان قەدەغە کرد. قەدەغەکارییەکە لە کاتژمێر 6:00ی ئەم بەیانییەوە دەستپێکردووە و تاوەکو بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوێکی تر لەلایەن پارێزگاری دەوڵەتی تورکەوە لە ئامەد بەردەوامیی دەبێت. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ لەو ناوچانەدا، سەربازانی سوپای تورک دەستیان بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی کردووە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێرش بۆسەر کۆڵبەران لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی ئێرانەوە بەردەوامە و لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لەسەر سنووڕە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان چوار کۆڵبەر بە تەقەی ڕاستەوخۆ بریندارکراون.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عوسمان ڕەمەزانی خەڵکی گوندی داوودئابادی سەر بە شاری سەردەشت، لە ئاوی ڕووباری نۆکاندا خنکا.[6]
- دوو سەربازی ئەرتەشی ئێران لە خاڵی سیفری سنووری ناوچەی خان لەیلی شاری قەسری شیرین بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بە جێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، بریندار بوون و بە هۆی کاریگەری بوونی بریندەکەیانەوە، گیانیان لە دەس دا.[6]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی ئەنوەر سەعیدی، خەڵکی شاری جوانڕۆ، بە بڕ ئیزنی یاسایی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان ئەم هاوولاتییە کوردەیان لە بەشی کڵاشی جوانڕۆ دەستبەسەر کردووە و لە کاتی لێپرسینەوەدا، ئەشکەنجەیان داوە.[6]
- کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی ئەمیر تاهیری، تەمەن 20 ساڵە خەڵکی گوندی گرگرە سەر بە شاری چاڵدیران، بە هۆی سەرمابردووییەوە گیانی لە دەست دا.[6]
باشووری کوردستان
- لەو 60 کەسەی کە ڕۆژی هەینی لە سەکۆی ئازادیی سلێمانیی دەسگیرکران، 23 کەسیان کە تاوەکو ئەمڕۆ ئازادنەکراون، ئەمڕۆ گواستراونەتەوە بۆ دادگای سلێمانی و وتەیان لێ وەردەگیرێت. پاشتر 14 کەسیان ئازادکران و بڕیاریشە سبەی ئەوانی تر

ئازادبکرێن.[5]
- لە گوندیکی سنووری چەمچەماڵ چەکداریکی داعش بەناوی (مناور ماجد وسنی) ناسراوە بە ئەبوعوبەیدە لەلایەن ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی-ەوە دەستگیرکرا کە چەندین لێپرسراوێتی جیاوازی هەبووە.[2]
- کۆبوونەوەی باڵای شاندی یەکێتی و پارتی لە ماڵی نێچیرڤان بارزانی لە هەولێر دەستپێکرد کە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی لەپارتی و کۆسرەت ڕەسول عەلی لەیەکێتی سەرپەرشتی دەکرێت. لەکۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا گفتوگۆ لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەواوکردنی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق و بارودۆخی کەرکووک و دانانی پارێزگارێک لە و شارە دەکرێت، لەکۆبوونەوەکەی ئەمڕۆدا، ڕێگە بە میدیاکاران نادرێت کۆبوونەوەکە ڕوماڵ بکەن.[2]
- هونەرمەندی شانۆکار تەڵعەت سامان بە ڕووداوی هاتوچۆ لەنێوان پیرمام و هەولێر کۆچی دوایی کرد.[1]
- ژان ئیڤ لودریان، وەزیری دەرەوەی فەرەنسا گەیشتە هەولێر.[1]
- بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و تورکیا وەفدێکی هێڵی ئاسمانی تورکیا سەردانی فڕۆکەخانەی سلێمانیان کردو بڕیاردراوە ڕۆژی 24ی ئەم مانگە یەکەم گەشت دەستپێبکاتەوە.[3]
- ئەحمەد عەسکەری سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک لە چاوپێکەوتنێکی دواڕۆژدا باس لەوەدەکات: ڕۆژانە نزیکەی 100 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک لەڕێگەی بۆری هەڕێمەوە هەناردە دەکرێت، دەڵێت: 51 ملیۆن دۆلاری کەرکووک لای هەرێمی کوردستانە و سکاڵاش تۆمارکراوە.[2]
- پۆلیسی هەولێر دوو تۆمەتباری کێشەی کۆترەکەی هەولێری دەستگیرکرد، کەبەهۆیەوە کوڕ و باوکێک کوژران.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا لە تویتێکدا ڕایگەیاند: ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر کورد، ئەوا لە ڕووی ئابووریيەوە تێکی دەشکێنین و باسیش لە ناوچەیەکی پارێزراو دەکات بۆ ڕۆژاوای کوردستان بە قوڵایی 20 میل. ئەم تویتەی ترەمپ بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبووە و خۆشحاڵی کورد و تووڕەییەکی زۆری تورکەکانی لێکەوتەوە.[1]
- دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا هەڕەشەی لە تورکیا کرد کە ئەگەر هێرش بکاتە سەر کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانی ئابوری دەکاتەوە، وتەبێژی سەرۆک کۆماری تورکیا وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: بەردەوام دەبین لە شەڕکردن دژی پەکەکە، یەپەگە و پەیەدە.[2]
- هونەرمەند فەرهاد تونچ لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئەڵمانیا لە فڕۆکەخانەی ئەتاتورک لە ئیستەنبول دەستگیرکرا.[4]
- وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارێکی جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دەربڕیوە سەبارەت بە ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران ئەوەش بەپێی ڕاپۆرتێک کە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جۆرنااڵی ئەمریکی بڵاویکردووەتەوە.[2]
- کۆشکی سپی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا داوای لە ئەنقەرە کردووە مامەڵەی خراپ لەگەڵ کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان نەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پیرمام
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ووڵات: ئێران
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: ئەڵمانیا
ووڵات: تورکیا
ووڵات: فرەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-14

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 172

2019-01-15



باکووری کوردستان
- دوای ئەوەی دەوڵەتی تورک لە 23 دێ و لادێی ناوچەکانی لیجە، هەزرۆ و کاراز لە ئامەد هاتوچۆکردنی لە هاووڵاتیان قەدەغە کرد، سەربازانی تورک هەڵیانکوتایە سەر 11 ماڵ و 7 هاووڵاتییان دەستگیرکرد، کە یەکێکیان منداڵە.[2]
- ئیبراهیم بیلمەز، جەنگیز چیچەک و موهدی ئۆزتوزن پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی بتوانن بڕۆن بۆ ئیمرالی و چاوپان بە ئۆجالان بکەوێت سەردانی داواکاری گشتیی کۆماری تورکیایان لە بورسا کرد.[2]
- دایکی ئاشتی ساکینە گیوقەن بۆ ئەوەی بەشداری لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەماندا بکات، چووە بۆ

پەرلەمانی تورکیا، بەڵام بە پاساوی ئەوەی دادگا بڕیاری ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵی بۆ دەرکردووە، دەستگیرکرا.[2]
- هێزەکانی دەوڵەتی تورک لە نێو شارۆچکەی ئەردیش-ی سەر بە شاری وان و گوندەکانی دەوروبەری هەڵیکوتایە سەر مااڵن.
چەندین کەس دەستگیر کران و گوازرانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش. ئە و کەسانەی دەستگیرکراون بریتین لە: ئەحمەد پۆاڵت، مەحموود بیلیجی، گوڵستان بیلیجی، مەحموود بۆشجەڤیز، فەرمان ئاسااڵن، تووران دەنیز، ئەحمەد دەنیز، فەتاح ئەسااڵن، ئایشە پیشیرگەن، سەعادەت کوورشوون، ئیحسان کوورشوون، ڕەفعەت پیشیرگەن و حیکمەت پیشیرگەن.[2]
باشووری کوردستان
- باری تەندروستیی ناسر یاگز ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێت. یاگز لە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵاڵ ئۆجەاڵن، ماوەی 56 ڕۆژە لە چااڵکیی مانگرتنی بێسنووردایە لە شاری هەولێر.[2]
- کۆچی دوایی محەمەد مەاڵ قادر، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان.[1]
- لە گەڕەکی ڕوناکی شاری کەرکووک لەاڵیەن دوو چەکداری نەناسراوەوە دەستڕێژی گوڵلە لە هاوڵاتیەکی کورد کراوە بەناوی (جەبار عارف ڕەشید) کە بەرپرسی ڕێکخراوی موسەاڵی پارتیە. قوربانییەکە بە بریندارى گەیەندراوەتە نەخۆشخانەی ئازادی، بەڵام بەهۆی ئەوەی گوڵلەیەک بەر سەری کەوتبوو گیانی لەدەستدا.[5]
- بومەلەرزەیەک بەگوڕی 3.9 پلە بەپێوەری ڕێختەر خانەقینی هەژاند.[3]
- شەوی ڕابردوو چەتەکانی داعش وێستیان دزە بکەنە نێو گوندی مەحمەد شیربەگ لە خانەقین و لە دوولاوە تەقەیان ئاڕاستەی گوندەکە کرد، بۆیە چەند خولەکێک پێکدادان دروست بوو لە نێوان پۆلیس و چەتەکانی داعش و لە ئەنجامدا چەتەکان هەڵهاتن بەرەو چەمی ئەڵوەن.[4]
- پارتی و گۆڕان لە سلێمانی کۆبوونەوە.[1]
- محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ بەشداری لە دیدارێکی بازرگانی گەیشتە هەولێر و لەاڵیەن نێچیرڤان بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا.[4]
- محەمەد جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران پاش هەولێر، سەردانی سلێمانیی کرد بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی بازرگانی هاوبەشی نێوان ئێران و هەرێم کە لەهۆڵی گراند میلینیۆم بەڕێوەچوو.[1]
- ئەمڕۆ لە کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی، بە بەشداری تۆڕە جیاوازەکان، کۆڕێک لە ژێر ناونیشانی ' کورتە باسێک لەبارەی کوردەکانی قەفقاس'، بۆ ڕۆژنامەنووس عەلی زاڵۆ بەڕێوەچوو.[4]
- لە شارۆچکەی ڕواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر، لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی هونەرمەند، هاوڵاتیان و دامودەزگا حکومییەکان، پەردە لەسەر پەیکەری وەرداش کە بە خۆشەویستەکەی ڕواندز ناسراوە لادرا، ئەرکی چاودێریکردنی پەیکەرەکەش ڕادەستی شارەوانی کرا.[4]
- بەهۆی شەڕی نێوان هێزەکانی پۆلیس و تیرۆرستانی داعش لەسنوری گوندی مەحمود عەباسی سنوری خانەقین پۆلیسێک گیانی لەدەستدا.[3]
- لە گەڕەکی زیلان سیتی لە شاری هەولێر باتریی یەک بە کارمەندانی پاکەوانیدا تەقییەوە، بەهۆیەوە پاکەوانێک گیانی لەدەست دا و یەکێکی دیکەش بریندار بوو.[2]
- بەشێک لە شاخی سارا لە سنووری شارۆچکەی دوکان داڕما و مەترسی زۆری بۆ چەند هاوڵاتیەک لەگەڕەکی چەوەسپی دروست کرد.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شاری عەفرین کە لە لەژێر داگیرکاریی دەوڵەتی تورکدایە، تەقینەوەیەک ڕوویدا. بە گوێرەی زانیارییەکان تەقینەوەکە لە خاڵێکی چەتەکانی گرووپی هەمزە ڕوویداوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەحمەد حاجی ڕەشید، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە لێژنەی دارایی ئەمرۆ ڕایگەیاند: ماوەی پێنج ساڵە پێشمەرگە تەنها تێکستێکیان لە بوجەدا بۆ دانراوە، بەڵام لە پرۆژەیاسای ئەمساڵدا لە بوجەی وەزارەتی بەرگری بەشە بودجەکەی بۆ هەر مانگێک بە (68) ملیار دینار دیاریکراوە.[5]
- لە دژی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک، 45 پەرلەمانتاری فەڕەنسا لە 7 فراکسیۆنی جیاواز، یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆک کۆماری فەڕەنسا ئیمانوێل ماکڕۆن کرد و داوایان لێ کرد پشتگیرییەکانی بۆ هێزەکوردییەکانی سووریا و هێزەکانی سووریای دیموکراتی (قەسەدە) زیاتر بکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: فڕەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-01-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-01-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-01-15
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 173

2019-01-16



باکووری کوردستان
- جەمیلە تووڕەهاڵی باڵساک پارێزەری لەیلا گیوفەن ڕایگەیاند، لەیلا گیوفەن ناوتوانێت بخوێنێتەوە. کێشەی بینین وتەرکیزی بۆدروستبووە. وەک جاران ناتوانێت بجوڵێتەوە.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەشەوی ڕابردووەوە هەتا بەیانی ئەمڕۆ بوومەلەرزە سێ ناوچەی جیاواز لە پارێزگای کرماشان لەڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەژاندووە.[2]
- شەوی ڕابردوو، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی قوتووری شاری خۆی، دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و لەو پەیوەندییەدا، کۆڵبەرێکی گیانی لە دەستداو کۆڵبەرێکی دیکە بە سەختی بریندار بوو. شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە بە ناوەکانی عەبدوڵلا یووسفی کوژرا و، و ئیحسان خالیدی بریندار، خەڵکی گوندی ڕازی ناوچەی قوتوور ڕاگەیاندراوە.[3]
- سپای پاسداران چەکوچۆڵی قورس و کەرەستەی شەڕ لە ڕێگای ورمێ – مەهابادەوە بەرەو ناوچە سنووریەکانی کوردستان ڕەوانە دەکات.[3]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووە سەر گوندی نگل سەر بە شاری سنە و دوو هاوواڵاتیی کورد بە ناوەکانی ئیدریس محەممەدی و ئاوات کەریمیان دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار گواستووەتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو، بەهۆی تەقەکردنی هەڕەمەکییەوە شەڕ لەنێوان گروپێکی حەشدی شەعبی و دژەتیرۆری عێراق لەنێو نەخۆشخانەی گشتیی کەرکووک دروستبوو، پاشان دژەتیرۆر چەکدارەکانی حەشدی چەککرد.[1]
- لەسەر سکاڵایەکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق. ڕۆژنامەنووس ڕێبوار کاکەیی بەرپرسی نوسینگەی هەولێری کەناڵی 'ئێن ئار تی' لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیرکرا.[5]
- ئاگرێک لە کەمپی هەرشەم لە نزیک بەحرکەی هەولێر کەوتەوە و بەرگری شارستانیش دەڵێت: هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکە شۆرتی کارەبا بووە، بەهۆیەوە 12 ماڵ سووتان و زیانی گیانیی لێنەکەوتەوە.[1]
- دووەمین فێستیڤاڵی ڕۆشنبیری و هونەری لە هۆڵی چالاکیی قوتابخانەکان لە شاری کەرکووک بەڕێوەچوو. فێستیڤاڵەکە بە کردنەوەی پێشانگەیەکی وێنەیی دەستی پێکرد کە لە لایەن فێرخوازانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا کێشرابوون.[5]
- ژمارەیەک لە دەرچووانی بەشی یاسا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، لە بەرامبەر وەرنەگرتنیان وەک ئەندام لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، تێیدا ڕایانگەیاند، ئەگەر وەڵامیان نەدانەوە سکاڵا تۆمارەکەن.[5]
- کارمەندانی خۆبەخشی تەندروستی لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین لەبەردەم بەڕێوبەرایەتی تەندروستی ڕاپەڕین گردبوونەوە بۆ داواکردنی دامەزراندنیان.[1]
- بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لەوەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، دوا مۆڵەت بە 32 کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی دەدرێت، ئەگەر تا کۆتایی ئەم مانگە مۆڵەتەکانیان نوێنەکەنەوە و ڕسومات نەدەن پەخشەکانیان ڕادەگیردرێت.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە نێو خواردنگەیەکی منبج تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویدا، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان زۆرتر لە 10 کەس کوژراون چەند کەسێکی دیکەش بریندارن. لەنێو کوژراوەکاندا چەند سەربازێکی ئەمریکی هەن.[7] هەندێک سەرچاوە باس لە کوژرانی

سەربازی فەرەنسیش دەکەن، داعش بەرپرسیارێتیی تەقینەوەکەی ڕاگەیاند.[8]
- ئەنجومەنی سوریای دیموکرات دروستکردنی ناوچەی ئارام لەسوریا ڕەتدەکاتەوە و ڕایگەیاند، ئەگەر تورکیا هەوڵ بدات بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەوا داگیرکاریە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- باڵیۆزی تورکیا لە بەریتانیا هەرەشەی لە و سەندیکایانە کرد کە پشتگیری لە کوردان دەکەن. لە بەرانبەردا سەرۆکی 14 سەندیکای بەریتانی وەڵامی هەرەشەکانیان دایەوە و گوتیان: (بەردەوام لەپشت کوردان دەبین).[4]
- مانگرتن لە خواردن، کە لە شاری ستراسبۆرگ لەپێناو هەڵگرتنی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان بەرێوەدەچێت، لە ڕۆژی 31هەمدا بەردەوامە، هاوکات لە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپا بە سەدان هاوڵاتی دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان گربوونەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری زەمەن - 2019-01-16
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-16
[8] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 174

2019-01-17



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هاوولاتییەکی کورد، بە ناوی عەلی ئیسماعیلی، کوڕی محەممەد تەمەن 40 ساڵە خەڵکی گوندی جاشێران، سەر بە شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]

- دوو هاوولاتی کورد بە ناوەکانی عوسمان حەسەنی و حەسەن مووسەوی، خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[6]

باشووری کوردستان

- پلاتفۆرمی دابڕان و خانەی زانستە مرۆییەکانی پاریس، کۆنفرانسێکی هاوبەش لەژێر ناونیشانی (زەبروزەنگ و چونەدەرەوە لە زەبروزەنگ) لەشاری سلێمانی دەستپێکرد، کە تێیدا چەندین توێژەر و سۆسیۆلۆگی بەناوبانگی جیهانی و ناوخۆیی بەشداریی لە کۆنفرانسەکەدا دەکەن.[3]

- کچێکی کوردی ئێزیدی تەمەن 18 ساڵان لە دەستی داعش ڕزگاری بوو و گەیشتەوە لای کەس وکارەکەی لە پارێزگای دهۆک.[4]

- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پرسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک دەباتە دادگای ئیتیحادی و سکاڵایەکیش لەدژی پارێزگاری کاتی پارێزگاکە تۆماردەکات.[2]

- سەعید کاکەیی، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕەتیدەکاتەوە لەسەر ساختەکاری هەڵبژاردنی ساڵی ڕابردووی پەرلەمانی عێراق داوای لێبوردنی لە کۆمسیۆن کردبێت، بەڵکو تەنها داوای لێبوردنی لە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمسیاران کردووە.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەنجوومەنی سەربازیی منبج ڕایگەیاند، لە تەقینەوەکەی دوێنێدا 13 کەس ژیانیان لە دەستداوە و 18 کەسی تریش بریندار بوون.[1]

- سەربازێکی ئەمریکی و یاریدەرێکی کە لە تەقینەوەکەی دوێنێی منبج دا بریندار بوو بوون، بەهۆی قورسی برینەکانیانەوە گیانیان لە دەستدا و بەوەش ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا لە تەقینەوەکەی منبج دا گەیشتە 4 سەرباز.[1]

- تەندروستی هەرێم تۆمارکردنی یەکەم حاڵەتی ئەنفلۆنزای بەراز - (H1N1)ی ڕاگەیاند و دەشڵێت: توشبووەکە لەژێر چاودێری تەندروستیدایە و بارودۆخی تەندروستی جێگیرە، ڕەتیشیدەکاتەوە لەهەرێم هیچ حاڵەتێکی ئەنفلۆنزای باڵندە تۆمارکرابێت.[3]

- هاتووچۆی سلێمانی بەمەبەستی ڕێگرتن لەڕووداوی نەخوازراو بەهۆی بەفربارینەوە، ڕێگەی هاتووچۆی لە شەقامی تاسلوجەی سلێمانی کە یەکێکە لە دەروازە سەرەکییەکانی سلێمانی داخست.[2]

- بەهۆی بەفربارینەوە، ڕێگەی دۆڵی سماقوڵی، کە ڕانیە و هەولێر بە یەکەوە دەبەستێتەوە، داخرا و چەندین ئۆتۆمبێل لەو ڕێگەیە گیریان خواردووە.[5]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پنتاگۆن) لەبارەی هێرشە خۆکوژییەکەی منبجەوە ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە. لە ڕاگەیاندراوەکەدا هاتووە، 2 سەربازی ئەمریکی، پاسەوانێک و کارمەندێکی مەدەنیی گرێبەستیان کوژراوە.[1]

- سەرۆکی فڕەنسا ڕایگەیاند: کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سوریا و عێراق دەمێننەوە لە ماوەی ئەمسااڵدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و پاشماوەکانی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری زەمەن - 2019-01-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-17
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-19
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 175

2019-01-18



باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتی گەلان هەدەپە ڕایگەیاند، تەنیا لە جۆڵەمێرگی باکووری کوردستان هەشت هەزار ناو کە بوونیان نییە و هیچ ناونیشانێکیان دیارنییە و نیشتەجێی ئەم شارەش نین، ناویان خراوەتەسەر تۆماری دەنگدەرانی جۆڵەمێرگ.[4]
- بنەماڵەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و 3 زیندانیی تر لە دوورگەی ئیمراڵی بۆ ئەوەی برۆن بۆ ئیمراڵی و چاویان بە ئۆجالان و زیندانییەکانی تر بکەوێت، سەردانی داواکاری گشتی بورسایان کرد.[3]
- هەریەکە لە عیرفان سابای، مەرڤان ئۆرهان و عەبدوڵا ئۆزکان لە چوارەمین دادگەی سزا قورسەکانی وان بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) دادگەیی کران. دەستەی دادگە سزای 100 ساڵ زیندانی بەسەر ئە و 3 گەنجەدا سەپاند.[3]
باشووری کوردستان
- شەپۆلی سەرما و بەفر زۆرینەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتووەتەوە و بەفر ئاستەنگی لە هاتووچۆی هەندێک لە ناوچەکان دروستکردووە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە منبج تەقینەوەیەک پوچەڵکراوەتەوە و ئەو چەتەیەشی کە ویستوویەتی تەقینەوەکە ئەنجام بدات، کوژرا.[2]
- سوپای داگیرکەری تورکیا وگروپەچەتەکانی کە لە گوندی کێمارای ناوچەی شێراوای عەفرین جێگیربوونە، بە تانک وچەکی قورس گوندی سوخانکێ-ی شێراوای عەفرین تۆپباران دەکەن.[3]
- بەپێی ئەوزانیاریانەی کە سەرچاوە هەرێمییەکان بڵاویان کردووەتەوە، گەنجێکی کورد بەناوی عەگید محمەدشێخ حەسەن 24 سال تەمەن کە باوکی دوو منداڵە و دانیشتووی گوندی ئیفراز-ی ناوچەی ماباتای عەفرینە، 3 ڕۆژ لەمەبەر لەلایەن چەتەکانی دەوڵەتی تورکیاوە ڕفێندرابوو، بەکوژراوی دۆزراوەتەوە.[3]
- تیمێکی دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکا بۆ لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەی منبج دەگاتە ئەو شارە.[5]
- ئەمشە و لە بەردەم فڕۆگەی سینا لە گەڕەکی مەحموودیەی شاری عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا.[3]
دەرەوەی کوردستان
- پۆلیس وهێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە ئیزمیر هەڵیانکوتایە سەر چەندین شوێن ودەیان کەسیان دەستگیرکرد. زۆربەی

دەستگیرکراوەکان ئەندامی پارتی دیموکراتی گەلان-هەدەپە و بەڕێوەبەرانی هەدەپەن. لە کۆی ئەو کەسانەی کە دەستگیرکراون ناوی 8 کەس ئاشکرا کراون کە بریتین لە، جەمیل ئایدین، محمەد دەمیر، فاتما یەتیم، حەیات ئیزگل، دونیامانّ ئارنج، سەبری ئادبەلێ، زەریف قەرەسوونگوور و بەهیە یالّچن لەئەندامانی دایکانی ئاشتییە.[3]
- حکومەتی فیدراڵی ئەڵمانیا داوای کرد، گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان کۆتایی پێبێت، میشێل ڕۆت ڕاوێژکاری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەڵمانیا ئەوەی خستەڕوو کە، پێویستە ئۆجەلان بەبێ کشێە و ڕێکوپێک چاوی بە پارێزەران و خانەوادەکەی بکەوێت.
- هاوپەیمانی سائیرون بۆ وەدەرنانی هێزە دەرەکییەکان، بەتایبەت هێزەکانی تورکیا و ئەمریکا لە عێراق، پرۆژەیاسایەکی پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرد، هەروەها هاوپەیمانێتی بینا-ش ئەو بابەتە دەخاتە ڕۆژەڤی ئەنجومەنی نوێنەران و داوا دەکات هێزە دەرەکییەکان لە عێراق وەدەر بنرێن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕوودا‌و - 2019-01-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-18

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 176

2019-01-19



باکووری کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ لە چیای جودی لە پارێزگای شرنەخ بە پشتیوانیی کۆپتەری جەنگی دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کرد.[1]
- هەزاران کەس بە دروشمی لەیلا گیوفەن شکۆمانە بەرەو کۆبوونەوەکەی گۆڕەپانی ستاسیۆن دەڕۆن. چالاکییەکە بۆ پشتیوانیکردنە لە چالاکیی مانگرتنی لەیلا گیوفەن، کە ماوەی 73 ڕۆژە بۆ نەهێشتنی گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری گەلی کورد لە مانگرتندایە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی یاسر موحبی تەمەن 38 ساڵ کوڕی غۆڵامحوسێن خەڵکی بەخشی بێلوار سەر بە شاری کرماشان لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[5]
باشووری کوردستان
- لە شاری سلێمانی چلەی ماتەمینیی جەمال نەبەز بەڕێوەچوو.[2]
- بەئامادەبوونی هاوسەرۆکی گشتی و چەند ئەندامێکی دەستەی هاوسەرۆکایەتی و دەستەی بەڕێوبەریی تەڤگەریی ئازادیی، دووەمین کۆنفرانسی هەرێمی هەولێری تەڤگەری ئازادیی بەڕێوەچوو، تێیدا ئەنجومەن و هاوسەرۆکانی نوێ-یان هەڵبژارد.
هەردوو 'زیلان ئیدریس و ئاسۆ محمود' وەک هاوسەرۆکی نوێ هەڵبژێردران.[2]
- ئەمشەو فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەوروبەری گوندی ئێندزە-یان لە بناری قەندیل و دەڤەری نهێلێ لە سنوری ئامێدی لە بادینان بۆردوومان کرد.[2]
- خێزانێکی کوردی ئێزدی لەژێر دەسەڵاتی داعش ڕزگاریان بوو و بە ئەندامانی دیکەی خانەوادەکەیان شادبوونەوە.[3]
- بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەرکی لایەنە سیاسییەکان لەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستان، دەزگای ستاندارد گفتوگۆیەکی کراوەی ڕێکخست و تێیدا جەخت لەسەر گرنگیی هەبوونی پرۆژەیەکی هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان کرایەوە.[2]
- هاتنی شەپۆلی نوێی بەفر بارین، پلەکانی گەرمای سنووری شارۆچکەی پێنجوێنی دابەزاندووە و بەپێی پێشبینییەکان بۆ ماوەی یەک هەفتە پلەکانی گەرما بۆ زیاتر لە 10 پلەی ژێر سفر دادەبەزێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بەردەم بینای مالّی ژن لە ناوەندی شاری عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان تەقینەوەکە کوژراو و بریندارێ لێکەوتووەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-20
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 177

2019-01-20



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی محەممەد پەتایشی کوڕی محەممەد کەریم خەڵکی گوندی قەمتەرە سەر بە شاری پیرانشار بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران لە لایەن دادگایی ئینقلابی ورمێوە بە 7 ساڵ

زیندان مەحکووم کرا.[6]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە شارۆچکەی خانەقین، مالّی ڕوناکبیری سەلام پێشانگایەکی کتێبی بۆ کتێبەکانی 'خانەی سمۆرە و هەژار موکریانی' کردەوە، بڕیارە پێشانگاکە ماوەی دوو ڕۆژ بخایەنێت.[3]
- پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، بە بڕیاری دادگای هەولێر، (مریەم باروتجیان) یەکێک لە منداڵە دۆزراوەکانی هەڵەبجە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (ژیان کامەران) ئەوەش دوای ئەوەی لە سالّی ڕابردوودا بە هاوناز ئەحمەد ناسرابوو.[4]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک لە دەرچووانی یەکەم، دووەم و سێیەمی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لە ساڵەکانی 2016-2017 و 2017-2018، لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە هەولێر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا. خوێندکاران داواکارن، کە وەک ساڵانی ڕابردوو دابەزرێن، کە ساڵانی پێشتر دەرچووانی ئاستەکانی یەکەم، دووەم و سێیەم ڕاستەوخۆ دادەمەزران.[3]
- لە گوندێکی نزیک خانەقین چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر پۆلیسی فیدراڵی و دوو پۆلیس کوژران و بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکیشەوە هاوولاتییەکی مەدەنی بریندار بوو.[4]
- بریار وابوو ئەمڕۆ هەردوو ڕێکخراوی گەنجانی ولاتپارێز و ژنانی گەنجی شۆڕشگێڕ لەدژی داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا لەبەردەم باخی گشتیی سلێمانی کۆببنەوە و ڕێپێوانێکی هێمنانە ئەنجام بدەن، بەڵام لەلایەن هێزەئەمنییەکانی سلێمانییەوە ڕێگریان لێکرا.[1]
- لە شارەدێی حاجیاوای سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین کوڕ و باوکێک لەبەردەم ماڵەکەی خۆیاندا بەدەستڕێژی گوللە کوژران.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوو تەقینەوە لە نزیک فولکەی کاوەی ئاسنگەر و سالۆن ژین لە شاری عەفرین ڕوویدا.[3]
- لە یەکەم ساڵیادی هیرش و داگیرکەری و پاکتاوکارپی سوپای تورک و چەتەکانی بۆ سەر عەفرین، هاوولاتیانی عەفرین لە شەهبا ڕێپێوانێکیان لە دژی ئەو هێرش و داگیرکەرییە ئەنجامدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا و لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییەکی گەنجانی کورد دا بۆ ئیدانەکردنی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان، چەتەکانی ئاکەپە – مەهەپە هیرشیان کردە سەر چالاکوانەکان و 2 گەنجی کورد بریندار بوون.[1]
- سەرۆکی ئەمریکا لە شاری دۆڤەری ویلایەتی دێلوەر پێشوازی لە تەرمی ئەو چوار سەربازە ئەمریکییە کرد کە هەفتەی ڕابردوو لە تەقینەوەیەک لە منبج کوژران.[2]
- هێزی ئاسمانی ئیسرائیل هێرشی بۆ سەر چەند ئامانجێکی نێو خاکی سوریا ئەنجامدا و وەزارەتی بەرگری سوریاش دەڵێت بەرپەرچمان داونەتەوە.[4]
- فلۆرێنس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنسا ڕایگەیاند، ڕاستە ئەمریکا بڕیاریداوە هێزە سەربازییەکەی لە سووریا بکشێنێتەوە، بەڵام لە گرنگی پاراستنی کورد تێدەگات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-21

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 178

2019-01-21



باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە بەدلیس هاتووچۆکردنی هاووڵاتیبانی لە 43 دێ و لادێی پارێزگای بەدلیس قەدەغە کرد.[3]
- ئەمرۆ سەبیحە تەمیزکان کچی لەیلا گیوفەن ویستی چاوی بە دایکی بکەوێت، بەڵام بەهۆی تێکچوونی باری تەندروستییەوە گیوفەن نەیتوانی چاوپێکەوتن ئەنجام بدات.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووە سەر ماڵی لێکۆڵەرێکی کورد بە ناوی ناسر ئەمینیخا دانیشتوی دەوڵەتاوای شاری کرماشان و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە. بەوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کرماشانەوە، هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش پشکنینی ماڵەکەی ئەم لێکۆڵەر کوردە، کامپیوتێر و کەلوپەلی تایبەتی ناوبراویشیان لەگەڵ خۆ بردووە.[7]
- لاوێکی کورد بە ناوی مێهران محەممەدی خەڵکی گوندی بزڵانەی سەر بە شاری سنە، لە گەڕەکی عەباساوای ئەم شارەدا لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە دەستبەسەر کرا.[7]
باشووری کوردستان
- مامۆستایانی گرێبەست، لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران گردبوونەوە ئەنجام دەدەن و داوای دامەزراندنیان دەکەن بەشێوەیەکی هەمیشەیی، جیگری سەرۆکی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەڵێت، پشتگیری لەداواکاریەکانیان دەکەین.[2]

- لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی بە ئامادەبونی کەسوکار و هاوڕێ و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیر و نوسەران و کەسایەتی سیاسی چلەی ماتەمینی مستەفا سانح کەریم بەڕێوەچوو.[1]
- لیوا قارەمان کەمال، جێگری سەرۆک ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بۆ ساڵی 2019 هاوکاری ماددی پێشمەرگە لەلایەن ئەمریکاوە کە بڕی 450 ملیۆن دۆلاری مانگانەیە بەردەوامدەبێت، ئە و پارەیەش تەنها بۆ مووچە خەرج دەکرێت و مانگانە بۆ 36 هەزار پێشمەرگە تەرخاندەکرێت.[1]
- هێزێکی ئەمنی ئاگاداری دانیشتووانی کوردی گەڕەکی عەرەفەی کەرکووک دەکاتەوە کە خانووەکانیان بۆ کۆمپانیای نەوتی باکوور جێبهێڵن.[4]
- لە خانەقین، لە ماوەی 10ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی پەلاماری گروپی تیرۆرستی داعش بۆسەر هێزەکانی پۆلیس چوار پۆلیس کوژراون.[5]
- سەرۆکی یەکێتی گشتی جوتیارانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، سەبارەت بەشایستەی دارایی جوتیاران و وەرگرتنی گەنمی جوتیارانی هەرێم، بەغدا مامەڵەی نادروست و نادەستووری لەگەڵ هەرێمدا دەکات، دەشڵێت: ڕێکاری یاساییمان دژی بڕیارەکانی حکومەتی عێراق گرتووەتەبەر.[6]
- هاوپەیمانی نیشتمانی جێگری سەرۆکی حیزبەکەیان هەڵبژارد کە ئەویش (د. ئاڤێستا کەمال) مامۆستای زانکۆی سلێمانییە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو کاروانێکی سەربازی سوپای ئەمریکای لە باشووری حەسەکە کردۆتە ئامانج.[6] هەندێک سەرچاوە باسی گیان لەدەستدانی 8 شەڕڤان و بریندارببوونی چەند سەربازێکی ئەمریکی دەکەن.[4] میدیاکانی نزیک لە پەیەدە باس لە بریندارببوونی 2 شەڕڤان و یەک سەربازی ئەمریکی دەکەن.[3][6]
- هەردوو پەرلەمانتاری چەپی فەڕەنسا دانیلا ئۆبۆنۆ و ماتهیلدا پانۆت و جێگری سەرۆکی شارەوانیی گریگنی پاسکال تروێدەک سەردانی ڕۆژاڤایان کرد. شانەدەکە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێییەکانەوە پێشوازی لێ کرا، دواتریش سەردانی کەمپی ئێزدییەکانیان کرد. ئۆبۆنۆ لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی فەڕەنسا (AFP) دوا و ڕایگەیاند، بۆ ئەوە هاتووینەتە ئێرە، تا پشتیوانی خۆمان بۆ ڕۆژاڤا پیشان بدەین.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سوپای ئیسرائیل بە 40 موشەک هێرشی کردە سەر چەند ئامانجێک لە ناو خاکی سوریا کە بە پێگەی ئێرانی ناوی بردوون و سوپای سوریاش دەڵێت زۆربەڕەیان بەربەرچدراونەتەوە.[1]
- سەربەرشتیاری فیدراسیۆنی پەنابەران ڕایدەگەیەنێت: تەرمی گەنجێکی کوردی دانیشتووی سلێمانی لە دووری 300 مەتر لە شوێنی ژێرئاوکەوتنی بەلەمەکەی ئیتاڵیا کە ڕۆژی 19-01-2019 نقوم بوو، دۆزراوەتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: هاوپەیمانی دیموکراسی و دادپەروەری

شار و شارۆچکەکان: بەدلیس

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

وڵات: فەڕەنسا

ووڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری زەمەن - 2019-01-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-21
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-24

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 179

2019-01-22



باکووری کوردستان
- ڕێکخستنی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەی یەنیشەهری ئامەد بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانە سەر مانگرتنی هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (کەجەدە) و پەرلەمانتاری هەدەپە لەیلا گیوفەن کە 76 ڕۆژە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لە زیندان مانی لە خواردن گرتووە، پۆستەرێکیان بە دیواری بارەگەکەیان هەڵواسی کە لەسەری نووسرابوو (بەرخۆدانی زیندانەکان گەورە دەکەین). بەهۆی هەڵواسینی ئە و پۆستەرە، پۆلیس هەڵیکوتایە سەر بارەگەکە و سەرەڕای دەستبەسەرداگرتنی پۆستەرەکە، هاوسەرۆکی هەدەپە لە ناوچەی یەنیشەر وەهاب گونایدن و بەرپرسێکی هەدەپە ئارەزوو جاندان دەستگیر کران و گوازرانەوە بۆ بەرێوەبەرایەتیی ئاسایشی ئامەد.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمرۆ کارمەندان و کرێکارانی شارەوانی مەریوان-ی سەربە پارێزگای سنە، بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر پێنەدانی مووچەکانیان لەلایەن حکومەتەوە، گربوونەوەیەکی ناڕەزایییان ئەنجامدا.[2]
- هێزەکانی سپای پاسداران چوونە نێو نانەوایی گوندی حەسەنوران سەر بە شاری شنۆ و پاشان دەستیان بە سەر مۆبایلی منداڵێکی کورد بە ناوی ڕەشید مستەفا کوڕی مستەفادا گرتووە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی سپای پاسداران

پاش وەرگرتنی مۆبایلی ئەم منداڵەدا، ناوبراویان بانگهێشت کردووە.[4]
باشووری کوردستان
- لە شاخی سەیدسادق لە شارۆچکەی سەیدسادق سەر بە پارێزگای سلێمانی، هەڵمەتێکی نەمام چاندن دەستپێکرد و لە ڕۆژانی داهاتووش هەڵمەتەکە بەردەوامیی دەبێت. بڕیارە لە هەڵمەتەکەدا هەزار نەمام بچێندرێن، ئەمڕۆ 600 نەمام چێندران و ڕۆژانی داهاتووش نەمامەکانی دیکە دەچێندرێن، کە سەرجەمیان سنەوبەرن و لەلایەن شارەوانیی شارۆچکەکەوە دابین کراون.[2]
- لێژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بڕی 1 ملیار دیناری بۆ شارۆچکەی ڕانیە و 1 ملیار دیناریشی بۆ شارۆچکەی سەیدسادق جێگیر کرد.[3]
- ئەمڕۆ فیستیڤاڵی (هەفتەی سپی خلیسکانی سەر بەفر) لە شارۆچکەی پێنجوێن سەر بە پارێزگای سلێمانی دەستپێکرد، کە بۆ ماوەی هەفتەیەک بەردەوام دەبێت.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: لە کاتژمێر 7:25 خولەکی ئەمشەو بوومەلەرزەیەک لە پارێزگای دهۆکی داوە و هاوواڵتیان هەستیانپێکردووە.[3]
- حکومەتی تورکیا دەروازەی سنووری سەرزێری لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی لەنێوان باشوور و باکووری کوردستان داخست.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ژنە ئێزیدییەکی دیکەی دیلی داعش بە ناوی ئیلهام دەخیل عەلی بە یارمەتی شەڕوانانی یەپەگە و یەپەژە لە دەستی داعش لە دێرەزوور ئازاد کرا.
دەرەوەی کوردستان
- لەسەر داوای ڕەوەندی کوردی لە ئەمریکا ، بۆردی گشتی پەروەردەی شاری ناشڤیل بڕیاریدا زمانی کوردی بخرێتە ناو پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە.[3]
- زۆرترین پەیج و ئەکاونتی هاووڵاتیانی ئیتاڵی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وێنەی ئەو ژنە کوردە و منداڵە سێ مانگییەکەیان بڵاوکردەوە کە لە بەلەمێکدا ڕۆژانی ڕابردوو ڕزگارکرابوون. کۆمێنتی بەشداربووانیش دەربڕینی دڵگرانی بوو بۆ ئەو پەناخوازە کوردانە کە ڕێگایەکی سەخت دەبڕن لە پێناوی ژیانێکی باشتر.[1]
- بڕێت مەکگورگ، نوێنەری پێشووی سەرۆکی ئەمریکا لە هاوپەیمانی دژی داعش، کە دوای بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەستی لەکار کشایەوە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەفیزیونی سی ئێن ئێن، ڕایگەیاند ئەمریکا هیچ بەرنامەیەکی بۆ سوریا نییە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-01-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-01-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-22

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 180

2019-01-23



رۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی 2ی دادگایی ئینقلابی سنە حوکمی سێ ساڵ زیندانی بۆ موختار زارعی، چالاکی مەدەنیی کورد دەرکرد.[4]
- بەهۆی پێنەدانی مووچەکانیان، ماوەی زیاتر لە 24 کاتژمێرە کرێکاران و کارمەندانی شارەوانی شاری مەریوان، لەبەردەم بینای شارەوانیدا گردبوونەتەوە و سفرەی بەتاڵیان ڕاخستووە.[5]
- خەڵاتی زێڕینی ماملێ بۆ ساڵی 2019، درایە هونەرمەند حوسێن سەفامەنێش.[1]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەجەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر ئەمڕۆ بۆردومانی ناوچەی ڕەشاوا-ی سەر بە پارێزگەی دهۆکیان کردووە. بۆردومانەکە 3 کاتژمێر بەردەوام بوو و هاوڵاتیانی سیڤیل بوونە قوربانی.[2] هەندێک لە سەرچاوەکان باسی گیان لەدەستدانی 2 هاووڵاتی و بریندارببوونی 2ی تریش دەکەن. بەپێی زانیارییەکان ناوی چوار کەسەکە ئەمانەن: ئازاد شاهین پێپەرخی، ئازاد مەجید پێپەرخی، وەحید عەبدولباقی پێپەرخی و جێگر محەمەد شاجی.[1]
- لە هۆڵی کوردستانی نوێ لە سلێمانی، کۆڕێکی تایبەت بۆ سینەماکاری گەورەی کورد ڕەحیم زەبیحی جوانەمەرگ ڕێکخرا و تێیدا هەریەک لە هونەرمەند عەبدولی حەمەجوان و هاوار مستەفاخان و سەلاح ڕەش باسیان لەژیان و بەرهەمە سینەماییەکانی زەبیحی کرد.[6]
- بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە هەوالگرییەکانی سوپای تورکیا لە شارەدێی دەرکاری سەر بە شاروچکەی زانۆ پێشمەرگەیەک بەناوی ئەمین عیسا ڕەشۆ کوژرا و دواتر فڕۆکە هەوالگرییەکەش کەوتووەتە خوارەوە.[5]

- کارمەندانی خۆبەخشی تەندروستی لەبەردەم بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندوستی سلێمانی گردبوونەوە و داوایانکرد بکرێنە کارمەندی هەمیشەیی.[6]
- سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەر لە ناوچەی برادۆست دەستڕێژیی گوللەیان لە گوندنشینان کرد. بە و هۆیەوە زیان بە ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی نێو ماڵان گەیشت.[2]
- عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاریدا کە هێزی دژە تیرۆری عێراق لە کەرکووک بکشێتەوە و هێزێکی تری ئەمنی جێگەی بگرێتەوە کە دوو فەوجی سەرۆکایەتیی کۆماریان لەگەڵدایە کە زۆرینەیان کوردن.[5]
- فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق ڕایانگەیاند: مووچەی فەرمانبەری هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە بە یاسا لە بودجەی داراییی ساڵی 2019-دا جێگیرکراوە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەنێوان گوندەکانی جەلکان و مەمکان سەربە شارەدێی سەنگەسەر شەڕە تەقە ڕوویدا، قوربانیی لێ نەکەوتەوە.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لەسەر ڕێگای ناوچەی ڕاجۆ لە عەفرین تەقینەوەیەک لە ناوەندێکی چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەردا ڕوویداوە و تەقینەوەکەش کوژراو و بریندارێ لێکەوتووەتەوە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- وەزیری گواستنەوەی تورکیا ڕایگەیاند ڕۆژی 25-012019 گەشتەکانی نێوان تورکیا - سلێمانی دەستپێدەکەنەوە.[1]
- میدیای تورکیا بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ پرۆسەی دادگاییکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە دادگەی سنجان لە ئەنقەرە بەڕێوەدەچێت.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕوودا‌و - 2019-01-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-01-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-23

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 181

2019-01-24



باکووری کوردستان
- پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) ئەمڕۆ بە بەشداریی پەروین بوڵدان و سزای تەمەلی هاوسەرۆکانی گشتی لە هۆڵی کۆنفرانسی ئەیاز ئێلەگانس لە ناوچەی پەیاسی ئامەد بە ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی ناوی پاڵێوراوەکانی بۆ هەڵبژاردی شارەوانییەکان ئاشکرا دەکات، بەڵام پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر هۆڵەکە. دوای هەڵکوتانەکەی پۆلیسی تورک ئەمڕۆلا یاڵچن ڕاوێژکاری فراکسیۆنی هەدەپە و مورات گۆکداغ خەباتکاری هەدەپە دەستگیرکران. یاڵچن و گۆکداغ لەلایەن پۆلیسەکانەوە بران بۆ ناوەندی پۆلیس و دوای وەرگرتنی وتەکانیان ئازاد کران.[1]
- هەدەپە لە شاری ئامەد بە مەڕاسیمێکی بەرفرەوان کاندیدەکانی بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان و تورکیا ناساند. لە مەڕاسیمەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە کوردان ئەم دەرفەتە گەورەیە بەکاردێنن و وانەیەک دەدەنە ئاکەپە.[1]
باشووری کوردستان
- ژمارەی قوربانییەکانی بۆردوومانەکەی دوێنێ داگیرکەری تورک لە دێرەلووک بەرزبووەوە بۆ 4 قوربانی و 2 بریندار.[2]
- لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکەکانی سوپای تورکدا چوار هاوڵاتی شەهید بوون، بەڵام دوانیان نادیارن، هاوڵاتیانیش کە دەیانەوێت بەشوێن کەسوکارياندا بگەڕێن، ڕێگریيان لێدەکرێت و بنکەکانی سوپای تورک لە سنوری دێرەلوک ئاستەنگیان بۆ دروست دەکەن.[4]
- سامی ئۆشانا، بەڕێوەبەری شارەدێی دێرەلوک لەبارەی هێرشەکانی سوپای تورکەوە بانگەوازی لە حکومەت و پەرلەمانی هەرێم کرد، کە لە دژی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک دەستبەکارین و هۆشداریی بدەنە دەوڵەتی تورک بۆ کۆتاییهێنان بە هێرشەکانی.[4]
- ڕژاک، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئیدانەی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سنووری دێرەلوک کرد و داوایان کرد، هەموو لایەن و پێکهاتەکان هەڵوێستیان هەبێت، ڕاشیانگەیاند: بەکاربەدەستانی باشور دەڵێین، ئەوانەی خوێنیان ڕژا خەڵکی مەدەنی ئەم هەرێمەن، پێویستە بە سیاسەتی تەسلیمکارانەی خۆیاندا بچنەوە.[4]
- کۆچی دوایی ئەرشیڤوانی بەناوبانگی شاری سلێمانی ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە.[2]
- بەپێی بڕیارەکەی دەسەڵاتی فڕۆکەوانی تورکیا سەعات 12ی ئەمشە و گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کۆتایی پێدێت.[3]
- هێزێکی ئەمنی لە شارەدێی دینارتەی سەر بە شارۆچکەی ئاکرێ هەڵیان کوتایە سەر بارەگای کۆمیتەی دینارتەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەڕپرسی ئەو کۆمیتەیەیان بەناوی عاسف حسێن زێباری دەستگیر کرد.[5]
- ڕاوێژکارێکی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەگەڵ پێکهاتەکانی کەرکووک لە بەغدا کۆبوونەتەوە و گوتوویەتی نابێ حەشدی شەعبی لە کەرکووک بمێنێت و دەبێت پێشمەرگە بگەڕێتەوە چونکە لە نەمانی پێشمەرگە ناوچەکە بەرەوڕووی هێرشی تیرۆریستی بووەتەوە.[6]
- لەسنوری گوندەکانی ناوچەی ئیسلاحی سەربە جەلەولا گروپی تیرۆرستی داعش پەلاماری هێزەکانی پۆلیسیان داوە و شەڕێکی سەخت بەردەوامە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان

- لە ناوچەکانی ژێر داگیرکاریی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی لە جەرابلووس، 3 تەقینەوەی یەک بەدوای یەک ڕوویاندا. بە گوێرەی زانیارییەسەرەتاییەکان لە ئەنجامی تەقینەوەکان 2 کەس کوژران و 13 کەسی دیکەش بریندار بوون.[1]
- چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر تۆپبارانی گوندی ئووم هۆش-ی سنووری کانتۆنی شەهبا-یان کرد لە باکووری حەلەب.[1]

دەرەوەی کوردستان

- فایەق ئۆزگیور ئەرۆڵ، ڕەزان ساریجا و مەزڵوم دینچ پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی بچن بۆ ئیمرالی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام بدەن، بۆ جاری 784هەم سەردانی داواکاری گشتیی کۆماریی تورکیایان لە بورسا کرد.[1]
- 50 براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ کۆتایهاتن بە گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان نامەیەکی هاوبەشیان بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نارد.[1]
- جۆن پۆڵتۆن ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ڕایگەیاند: سوپای وڵاتەکەمان لە سوریا ناکشێنینەوە تاکو گرنتی پاراستنی کوردەکان نەکەین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-24
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری زەمەن - 2019-01-24
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-24

کاتی تۆمارکردن: 01-12-2018

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 182

2019-01-25



باکووری کوردستان
- دادگای تورک لە ئامەد، بڕیاریدا لەیلا گوڤەن ئازادبکرێت. لەیلا گوڤەن ئەندامی پەرلەمانی تورکیا و هاوسەرۆکی کۆنگرەی جڤاکی دیموکراتی کەجەدە، ئەمڕۆ 79 ڕۆژە لە مانگرتن لە خواردندایە. پۆلیسی تورک ڕێگەی نەدا کەس پێشوازیی لەیلا بکات و هەروەها ڕۆژنامەنووسانیش بۆیان نەبوو ئامادەی ئازادکردنەکە ببن لە زیندانی ئامەد، پاشان گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە.[1]
- ئەمڕۆ دانیشتنێکی دیکەی دادگەیی کردنی هاوسەرۆکی پێشووی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) سەلاحەدین دەمیرتاش لە لایەن نۆزدەمین دادگەی سزا قورسەکان لە هۆڵی زیندانی سینجان بەڕێوەچوو. دەمیرتاش لە ڕێی سیستەمی دەنگ و ڕەنگ (SEGBÎS) بەشداری لە دانیشتنەکەدا کرد و گوتی، بەهۆکاری سیاسی زیندانی کراوم، (داوای ئازادکردنم ناکەم). دەستەی دادگە دانیشتنەکەی بۆ 24-25ی نیسان دواخست.[6]
- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک لە موش بە بیانووی (ئەندامەتی ڕێکخستنی پەکەکە) و (پڕوپاگەندەکردن بۆ ڕێکخستن) سزای 8 ساڵ زیندانی کردنی بۆ ڕۆژنامەوانی ئاژانسی هەواڵی دیجلە (DÎHA) ئیدریس سایلگان بڕیەوە.[6]
باشووری کوردستان
- ژمارەیەک پێشمەرگەی دێرین بەرێێوان چوونە بەردەم نوسینگەی کەناڵی NRT لە سلێمانی و داوایان لێکردن سوکایەتییەکانیان بەرامبەر بەخوێنی شەهیدان خەباتی پێشمەرگە ڕاگرن.[2]
- هاوڵاتیانی دێرەلۆک دژی بۆردوومانەکانی دەوڵەتی تورک گردبوونەوەیان ئەنجامدا و ئیدانەی بۆردوومانکردنی ناوچەکەیان دەکەن لە لایەن فڕۆکە جەنگیاکانی دەوڵەتی تورکەوە، کە بووە هۆی شەهیدبوونی دوو هاوڵاتی و بێسەروشوێن بوونی چوار هاوڵاتی دیکە.[3]
- بەیانی ئەمڕۆ بە سەدان هاوڵاتی لە گەلی ڕەش لە سنوری دێرەلوک لە بادینان دەستیان بە گەڕان کرد، بۆ دۆزینەوەی ئەو چوار گەنجەی بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی سوپای تورکەوە بێسەروشوێن بوون.[3]
- لە گوندی چەمکێ تووڕێ لە نزیک گەلی ڕەشاڤەی سەر بە شاروچکەی دێرەلووک لە سنووری شاروچکەی ئامێدی، دوو کەسی سڤیل بە بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا گیانیان لەدەستدا.[4]
- حازم تەحسین بەگ، کوڕی میری ئێزدیان لەبارەی بڵاوبوونەوەی هەواڵی کۆچی دوایی میر تەحسین بەگ میری ئێزدیان ڕایگەیاند، بارودۆخی تەندروستی میر تەحسین تێکچووە و لەژێر چاودێری پزیشکی دایە.[4]
- لە سنووری شاروچکەی خورماتوو و خانەقین، هەروەها پارێزگای دیالە، هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان دەرکەوتوونەتەوە و باس لەوەشدەکرێت لە دیالە بەرپرسێکی حەشدی شەعبیان دەستگیر کردووە، بەوتەی سەرچاوەیەکیش حەشدی شەعبی چەکە قورسەکانی گواستووەتەوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی ڕژگاریی عەفرین لە عەزاز چالاکییەکیان بە چەکی قەناس ئەنجامدا و لەو چالاکییەدا چەتەیەکی داگیرکەر بە ناوی سەعد نەمیعات کوژرا.[6]
دەرەوەی کوردستان
- ئەردۆغان لە وتارێکی تەلەڤزیۆنیدا ڕایگەیاند: چاوەڕێدەکەن ئەو پەیمانە ببڕێتەسەر کە بڕیاربوو ناوچەیەکی پارێزراو بۆ پاراستنی سنورەکانمان پێکبهێنرێت، ئەگەر لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا ئەوە نەکرا، ئەوا خۆمان دەیکەین، وتیشی: ئارامگرتنیش سنوری هەیە و چاوەڕێ ناکەین بێکۆتا بۆ ئەوەی پەیمانێک ببڕێتەسەر.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: موش

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-01-25

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-01-25

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-01-25

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-01-25

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-25

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 183

2019-01-26



باکووری کوردستان
- سەزای تەمەڵی هاوسەرۆکی گشتیی پارتی دیموکراتیکی گەلان-هەدەپە سەردانی لەیلا گیوفەنی کرد کە ماوەی 80 ڕۆژە لەدژی گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان مانی لەخواردن گرتووە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی عەلی والایی بۆ ئیدارەیی ئیتلاعاتی سەربێلی زەهاو بانگهێشت و دەسبەسەر کرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزەکانی ئیتلاعات لە ڕێگەی پێوەندیی تەلەفوونیەوە ئەم هاوولاتییە کوردەیان بانگهێشت کردووە. ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: ئەم هاوولاتییە کورد بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کراوە.[6]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی محەممەد پارەکار تەمەن 30 ساڵ کوڕی کەریم خەڵکی گوندەوێلە سەر بە شاری شنۆ بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی بۆ زیندانی شاری شنۆ ڕاگوێزرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە شیلادزێ خۆپیشاندان دژی بۆردوومانکردنی داگیرکەری تورک بەڕێوەچوو. خۆپیشاندەران چوونە ناو بارەگایەکی سوپای تورکیاوە لە کۆمەڵگەی سیرێ-ی سەر بە شارەدێی شیلادزێ و چەندین ئۆتۆمبێل و تانکی سەربازییان سووتاند، لە سوپا و میتی تورک کوژراو و دیل هەیە و لە خۆپیشاندەرانیش شەهید و بریندار هەن. فڕۆکەکانی داگیرکەری تورک بۆ ترساندنی خۆپیشاندەران بە نزمی بە ئاسمانی شیلادزێ و ناوچەکەدا دەسووڕێنەوە.[2]
- تەرمی دوو هاونیشتمانیی دیکەی ئامێدی کە بەهۆی بۆردوومانەکەی داگیرکەری تورکیا کە لە گەلی ڕەشاڤا لە ئامێدی گیانیان لەدەستدا، بەیانیی ئەمڕۆ بەخاک سپێردران. [2]
- دەستەی بەڕێوەبەرایەتی تەفگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شیلادزێ ڕایگەیاند، ڕاپەڕینی جەماوەرپی شێلادزێ دژ بە داگیرکارپی پێویستە هەموو باشور بگرێتەوە.[2]
- هێزە ئەمنییەکان هێرشیان کردە سەر تیمەکانی کەناڵی ئێن ئار تی، کە ڕووماڵی گواستنەوەی بریندارانی خۆپیشاندانەکانی شێلادزێیان دەکرد و دەستگیریان کردن. پاشتر هەندێکیان ئازادکران.[2]
- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، داواکارین دەوڵەتی تورکیا کۆتایی بە تۆپبارانکردنی خاکی باشوری

کوردستان بهێنێت و هێزە سەربازیەکانیان بگەڕێنەوە خاکی تورکیا.[5]
- هێزێکی زێرەڤانی گەییشتە سێرێ بۆ پاراستنی بنکەکانی سوپای تورک.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەرناوچەکانی شیلادزی، دێرەلوک وهەرێمی زاپ بۆردومان دەکات.[3]
- هێزەکانی حەشدی شەعبی مالّ بە مالّی گوندی حەسار لە کەرکووک دەپشکنن.[2]
- بەرەبەیانی ئەمرۆ سەعات 3:15 یەکەم گەشتی هێلّی ئاسمانی تورکش ئێر گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.[1]
- ژمارەیەک تیرۆرستی داعش دوای ئەوەی دزەیان کردبووە ناو گەڕەکی بەختیاری لەباشوری خانەقین لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە وەڵام دراونەتەوە و تێکشکاون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕقانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە) لە چوارچێوەی هەڵمەتی گەردەلولی جزیر دا ئەمڕۆ ڕێڕەوێکی ئارام و پارێزەراویان لە نێوان گوندەکانی مەراشلی و باغوزی ژووردا کردەوە و لەو ڕێگەیەوە هەزار و 300 هاووڵاتیان لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگار کرد. زۆربەی ئەو هاووڵاتیانەی لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگارکراون ژن و منداڵن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی بەرگریی تورکیا ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی خۆپیشاندانەکەی شیلادزێ بڵاوکردەوە و ڕایدەگەیێنێت ''بەهۆی هاندانی پەکەکە هێرشکرایە سەر بنکەیەکی سەربازیمان لە باکووری عێراق و زیان بە بەشێک لە ئۆتۆمبێل و کەلوپەلمان گەیشتووە''.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	ئامێدی
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	زەهاو
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	شنۆ
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-26
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-26
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-27

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 184

2019-01-27



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری ماکۆ، دەکەونە بۆسەی هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە و لە ئاکامی تەقە کردنی ئەو هێزانەدا، کۆڵبەرێکی لاو بە ناویحوسێن بەڵخکانلوو ئەقدەمگیانی لە دەست دا.[5]
- شەوی یەکشەممە گرووپێک لە کۆڵبەرانی کورد، لە سنووری هەنگەژاڵی بانە کەوتوونەتە ناو مەیدانی مین و بە هۆی تەقینەوەی مین دوو کۆڵبەر بە توندی بریندار بوون. هەواڵنێری کوردپا، شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردەی بەم جۆرە ڕایگەیاندووە: ئەسعەد زەمانی خەڵکی گوندی حەوتاش و خالق خەڵکی گوندی مێرگە نەقشینە. ئەسعەد زەمانی بە هۆی تەقینەوەی مین لاقی پەڕیوە و خالقیش دەموچاوی بە توندی بریندار بووە.[5]
باشووری کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی ڕەخنەی تووند لە هەڵسوکەوتی ئەو حیزبانە دەگرێت کە خاکی هەرێمی کوردستان بۆ دژایەتی دراوسێکان بەکاردەهێنێت و ڕایدەگەیێنێت، پەکەکە لێرە ڕاهێنان دەکات و خەڵکی ئێمە باجەکەی دەدات.[2] هەروەها وتی: بەرپرسانی ئەو ناوچەیە هاوڵاتیانیان ئاگادار کردووەتەوە کە نەچنە ئەو شوێنانەی تورکیا بۆردوومانی دەکات، بەڵام هاوڵاتیان گوێ بە ڕێنماییەکان نادەن.[3]
- گەنجانی وڵاتپارێز و ژنانی گەنجی تێکۆشەر لە لێدوانی نوسراودا وەڵامی نێچیرڤان بارزانیان دایەوە و دەڵێن، ئەو قسانە وەکو شەرمەزارییەک بۆ دەسەڵاتدارانی باشور دەزانین، کە ناتوانن گەلی ئێمە بپارێزن و خاوەندارێتیان لێ بکەن.[3]
- مەڵبەندی سێ-ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لە شاری دهۆک، لە ڕاگەیەندراوێکدا ئیدانەی بۆردوومانکردنی سنورەکانی هەرێمی کوردستان و شەهیدکردنی هاوڵاتیانی کرد لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکە و ڕایدەگەیەنێت، کە ئەرکی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقە چارەسەری ئەو دۆخە بکات.[3]
- دانیشتوانی بناری قەندیل خۆپیشاندانێکیان بۆ پشتگیریکردنی خەڵکی شیلادزێ ئەنجامدا.[1]
- هێزە ئەمنییەکان لە دهۆک و شیلادزێ دەستیان کرد بە دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران و ئەو چالاکوانانەی کە پشتگیریی خۆپیشاندانەکانیان کردووە، خالید جەحفەر، بەدەل بەرواری و کۆڤان سالح ڕێکانی لەنێو گیراوەکاندان.[3]
- لە مەراسمێکدا بە ئامادەبوونی قایمقامی شارۆچکەی کەلار و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان، ئیدارەی گەرمیان خەڵاتی ڕێزلێنانی بەخشییە دەیان کرێکاری سنورەکە کە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پاکڕاگرتنی ژینگەی گەرمیان.[4]
- لە شارۆچکەی سۆرانی سەر بە پارێزگای هەولێر بەهۆی بارانەوە ئاو چووە چەند ماڵێک. قایمقامی شارۆچکەی سۆرانیش دەڵێت، تیمەکان فریایان کەوتوون و زیانی گیانی بەدواوە نەبووە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی ئەنادۆلی تورکیا بڵاویکردوەتەوە، بەپێی ڕاپۆرتی دەستەی هاوبەشی سوپای تورکیا، تۆپخانەکانی تورکیا و سوپای

ئازادی سوریا سەنگەرەکانی شەڕقانانیان لەناوچەکانی ئەعزازو معرە بۆردومان کردوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبارەی ڕووداوەکەی دوێنێ شارەدێ شیلادزێ کە تیایدا هاوڵاتیانی ناوچەکە هێرشیان کردەسەر بنکەیەکی سەربازیی تورکیا لەکۆمەڵگەی سیریە، ڕایدەگەیەنێت: یاداشتێکی ناڕەزایی دەدەینە بالْیۆزی تورکیا لەبەغدا و داواشدەکەین ئەوە دووبارە نەکاتەوە.[1]
- لەکاتی بەسەرکردنەوەی چەند یەکەیەکی سەربازیی سوپای وڵاتەکەی لە ناوچە سنووریەکاندا هوڵوسی ئاکار، وەزیری بەرگریی تورکیا باسی لە خۆپیشاندانەکانی شیلادزێ کرد، کە خۆپیشاندەران چوونە نێو سەربازگەیەکی سوپای تورکیا لە سنووورەکە، لە ئەنجامدا دوو کەس گیانیان لەدەستدا و چەند ئۆتۆمبێلێکی سەربازیش ئاگریان گرت. هوڵوسی ئاکار، پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ی بە هۆکاری خۆپیشاندانەکە دانا و گوتی کاتێک زانیان ناتوانن ڕووبەڕووی سەربازانمان ببنەوە، هەوڵدەدەن خەڵکی بێتاوان هانبدەن و بەمشێوەیە بگەن بە شتێک. بەڵام سەربازانمان ئەو هەوڵەیان لەباربرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری دواڕۆژ - 2019-01-27
[2] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری ڕووداو - 2019-01-27
[3] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-27
[4] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری پوک میدیا - 2019-01-27
[5] مالْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالْپەری کوردپا - 2019-01-28
کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 185
2019-01-28



باکووری کوردستان
- بە بڕیاری پارێزگار (والی)ی دەوڵەتی تورک لە گوندەکانی ئاغاچپنار و ئایرانجلار-ی سەر بە شاری بەدلیس هاتووچۆ قەدەغە کرا.[5]
- دادگای سزا قورسەکانی ئامەد دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ سەرۆکی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد و 40 ئەندامی دیکەی سەندیکاکە کردووەتەوە. بەڕێوەبەرانی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد پێیانوایە، گرنگی ئەو سەندیکایە لە ئاستی نێودەوڵەتی وایکردووە کە حکومەت گوشاری زیاتری لەسەر دروستبکات.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی ڕزگار محەممەدی لە بەخشی لاجانی شاری پیرانشار و لە نزیک شاری گەردکشانە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئێران دەسبەسەر کرا.[7]
- سامان ساڵحی تەمەن 24 ساڵ خەڵکی گەڕەکی قەوەخی سەقز و محەممەد کەریمی خەڵکی گوندی شوێ سەر بە شاری بانە لە چیاکانی دەوروبەری گوندی بروێشکانی سەر بە بەخشی نەنۆر بە هۆی سەرما گیانیان لە دەست دا.[7]
باشووری کوردستان
- بڕیار بوو دژی بۆردوومان و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لەسەر باشوری کوردستان، هاوکات بۆ پشتیوانی سەرهەڵدانەکانی بادینان دژی داگیرکاریی، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی لە شاری دهۆک بەڕێوەبچێت.[3] ئاسایشی پارتی ڕێگری لە خۆپیشاندانەکە کرد و چەندین هاوڵاتی، ڕۆژنامەوان و چالاکیی مەدەنی دەستگیر کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان، ڕۆژنامەوان گوهدار زێباری و دوو چالاکی دیکە لە بازگەی ئاکرێ – دهۆک لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی پەدەکە-وە دەستگیر کراون.
سەرچاوەیەک بە بۆ ڕۆژ نیووزی ڕاگەیاندووە، ئە و ڕۆژنامەوان و چالاکانەی کۆمەڵگەی سیڤیل ویستوویانە بچنە دهۆک بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە خۆپیشاندان بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە ڕاپەڕینی گەلی شیلادزێ و ئیدانەکردنی داگیرکاریی تورکیا.[5][3]
- ئەیهان سەعید، ڕۆژنامەنووس و بەرپرسی سەنتەری میترۆ لە پارێزگای دهۆک، لەلایەن ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکرا.[3]
- لێژنەی داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەنوسان ئیدانەی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوسان دەکات لەلایەن ئاسایشی پارتیەوە لە شاری دهۆک لە کاتی ڕوماڵی خۆپیشاندان بۆ پشتگیری کردنی خۆپیشاندەرانی شیلادزێ.[4]
- بەهۆی بەرزبوونەوەی زۆری ڕێژەی ئاستی ئاو، ڕێگەی سەرەکی نێوان سۆران–هەولێر داخرا و تیمەکانیش سەرقاڵی کردنەوەی ڕێگەکەن.[2]
- بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی بەنداوی سماقوڵی جارێکی دیکە، ڕێگەکە بە ڕووی شۆفێراندا داخرا، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی کۆیەش هۆشداری بە شۆفێران دەدات لەئەگەری ڕۆیشتنیان بەناو ئاوەکەدا مەترسی لەسەر ئۆتۆمبێلەکانیان دروستدەبێت.[2]
- لە ڕۆیاڵ مۆڵی هەولێر ئاگرێک کەوتەوەو بەهۆی ڕووداوەکەشەوە کەسێک گیانی لەدەستدا.[4]
- ڕۆژنامەنووس گوهدار زێباری و دوو چالاکوانی دیکە لە بازگەی ئاکرێ – دهۆک لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی پارتییەوە دەستگیرکران.[3]
- خوێندنگایەکی خوێندنی کوردی لە خانەقین گڕیگرت. بە و هۆیەشەوەیکی زیانێکی زۆری ماددی بەر خوێندنگاکە کەوتووە.[4]

- لە هۆڵی سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە فێستیڤاڵێک بۆ شاعیران ڕێکخراو یەکەم تا سێیەمی سەرکەوتوان خەڵات کران.[2]
- ناوەندی جەمال عیرفان پێشانگایەکی کتێبی لە چەمچەماڵ کردەوە و تێیدا زیاتر لە 650 ناونیشانی کتێبی تێدا نمایشکرا.[4]
- هێزێکی لیوای 61 ناسراو بە (یەکەی شەڕکەری تایبەت) لەبەغداوە گەیشتنە سەنتەری شاری کەرکووک، بڕیاریشە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا تەواوی هێزەکە بگات بۆ ئەوەی مەلەفی ئەمنی بگرنەدەست.[2]
- بەهۆی بەردەوامی بارانبارین و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی چەمی چەقان و کەنی زەرد، لە ژمارەیەک گەڕەکی شارۆچکەی سەیدسادق لافاو دروستبووە و پردێک لافاو بردویەتی و تیمەکانی بەرگری شارستانیش لە ئامادەباشیدان بۆ بەدەمەوەچوونی هاووڵاتیان.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- دەوڵەتی تورک، ئەمڕۆ گوندی سۆخانەکێ-ی سەر بە ناوچەی شێراوا-ی عەفرینی بۆردومان کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان، بۆردومانەکە تا کاتژمێر 16:30 بە کاتی ناوچەکە بەردەوام بووە و لایەنی کەم 10 گولەی تۆپ بە ناوچەوکە کەوتوون، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتووەتەوە.[5]
- لەسەر ڕێگەی عەفرین - جندرێس لە کاتی تێپەڕبوونی تراکتۆرێکدا مینێک تەقییەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا 2 کەس کوژراون کە لەنێو تراکتۆرەکەدا بوون.[5]

دەرەوەی کوردستان

- میر تەحسین بەگ، میری ئێزدییان لە نەخۆشخانەیەکی شاری هانۆفەری ئەڵمانیا کۆچی دوایی کرد.[1]
- لە شاری هانۆفەری ئەڵمانیا پرسەی میر تەحسین بەگ، میری ئێزدیانی کوردستان و جیهان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەڕێوەدەچێت. دواتریش تەرمەکەی دەهێندرێتەوە کوردستان.[6]
- 27هەمین کۆنگرەی مانگی سووری کوردستان بە بەشداریی 100 ئەندام و چەندین میوان لە شاری بۆن-ی ئەڵمانیا ساز کرا.[5]
- پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسا بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا کە مانگی ئایاری ئەمسال بەڕێوەدەچێت، 2 ژنی کوردی کاندید کرد.[5]
- کاربەدەستانی تاران و شام لەسەر 11 پەیمانی هاوکاریی ئابووریی (ستراتیژ و ماوەدرێژ) ڕێککەوتن. ئەم پەیمانانە هانی وەبەرهێنەرانی ئێران دەدەن بۆ ئەوەی ڕوو لە سووریا بکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا
وڵات: فڕەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-01-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-01-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-01-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-01-28
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-01-29

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 186

2019-01-29



باکووری کوردستان
- لە ناوەندی شاری شرنەخ و ناوچەی جزیر پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاوواڵاتییان. لەو هەڵکوتانەدا بێریڤان کوتلو پاڵێوراوی هەدەپە بۆ هاوسەرۆک شارەوانیی جزیر و چەندین ژنی تر دەستگیرکران. ناوی بەشێک لەو کەسانەی دەستگیرکراون بریتین لە: لەیلا کلچ و نوریە بیلیر بەڕێوەبەرانی هەدەپە لە شاری شرنەخ، عایشە ئالتای هاوسەرۆکی دەبەپە لە شرنەخ، زەینەب ئیدین، کومرو یۆروک، ئەمینە ئەرکوش، سەدات ئەدین، تایبەت بیلگی لە شرنەخ و بێریڤان کوتلو لە جزیر دەستگیرکران. هەورەها شیرین کلچ کە ناوی خۆی بۆ هاوسەرۆک شارەوانی تۆمارکردبوو، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی تورکیاوە دەستگیرکرا.[2]
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی ڕێیا ئارمووش لە وان، ئایفەر شاهین بیلیجی نوێنەری وەقفی مافی مرۆڤی تورکیا (تیهەڤ - TIHV) دەستیگرکرد. ئەو ژنە چالاکوانە دووگیانە و دووگیانەکەی 8 مانگە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دەزگای قەزایی حکوومەتی ئێران، 6 هاوواڵاتیی کوردی خەڵکی شاری شنۆی، بە 16 ساڵ و نیو زیندانی تەعزیری مەحکووم

کرد. بەپێی ڕەپی داسەپاو لە لایەن دادگای ئینقلابەوە، فەتاح عەلیکورد خەڵکی گوندی نرزیوێی شاری شنۆ، بە سێ ساڵ شەش مانگ زیندانی، یوونس شەریفی خەڵکی شنۆ بە سێ ساڵ و شەش مانگ زیندانی، حامید زەریفی خەڵکی گوندی خۆرشت بە سێ ساڵ زیندانی، محەممەدئەمین فەزڵی خەڵکی گوندی بێمزورتێ بە دوو ساڵ زیندانی، مەجید دەریایی خەڵکی شاری شنۆ بە دوو ساڵ زیندانی و محەممەد مەحموودتاش خەڵکی گوندی خۆرشتبە دوو ساڵ و شەش مانگ زیندانی مەحکووم کراون. دەزگای قەزایی ئەم شەش هاوواڵتییە کوردەی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی حکوومەتی ئێران، تاوانبار کردووە.[4]

- مانگرتنی کرێکار و فەرمانبەرانی بەگرێبەستی شارەوانی مەریوان بەردەوامە و کار ناکەن چونکە نۆ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە. بەو هۆیەوە زبڵ و پاشماوەی زۆر لەسەر شەقام و کۆڵانەکاندا کەڵەکە بووە و دانیشتووانی شارەکەی بێزارکردووە.[7]

باشووری کوردستان

- بەهۆی ئە و شەپۆلە باران بارینەی شەوی ڕابردوو ڕووی لە سنوری پارێزگای هەڵەبجە و شارۆچکەی سەیدسادق کردووە، 30 سەرئاژەڵی گوندنشینان لافاو بردویەتی و بۆماوەیەکیش ڕێگای هاتوچۆی نێوان پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی داخرا و لە هەردوو شارۆچکەی سەیدسادق و پێنجوێن خوێندن ڕاگیرا.[1]

- بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان ئاشکرایدەکات: کاتژمێر 9.2 خولەکی بەیانی ئەمڕۆ، بومەلەرزەیەک بە گوڕی 3.7 پلەی ڕێکختەر بە قوڵایی 17 کیلۆمەتر لە شارۆچکەی خانەقین ڕوویدا.[1]

- بەهۆی بارانبارین دروستبوونی لافاوەوە، پردی نێوان شارباژێر - پێنجوێن ڕوخاو هێڵی کارەبای سنوورەکەش پچڕا.[3]

- سوپای تورکی داگیرکەر تۆپبارانی دەڤەری برادۆست-یان کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان گوندەکانی بێسنۆک، کەندەگەری و کۆرتەک کراونەتە ئامانجی هێرشەکە.[2]

- سەنتەری ڕاگەیاندنی ئەمنی عێراق، ئەمڕۆ ڕایگەیاند: هێزێکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لە پارێزگای کەرکووک بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی هەرێمی کورستان، لەناو سنوری هەرێم، نۆ تیرۆرستیان دەستگیرکردووە کە لەلایەن دادگاوە داواکراوبوون.[1]

- بڕیار بوو ئەمڕۆ یەکێتی و پارتی بۆ تاوتوێکردنی ڕەوشی سیاسی عیراق و هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کۆببنەوە. بەڵام کۆبوونەوەکە ئەنجام نادرێت.[3]

- بەیانی ئەمڕۆ لە هەڵەبجە لەلایەن پۆلیسەوە تەرمی ژنێک لەماڵەکەی خۆیدا بە خنکاوی دۆزرایەوە.[3]

- ساڵۆنی کوردستانی نوێ کۆڕی ناساندن و بڵاوکردنەوەی دوو تۆپی تایبەت بە دیاردەی ساختەهەواڵ لە ئامادەکردنی ڕۆژنامەنووس سۆران عەلی ساز کرد.[3]

- پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاند، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی گەنجێک بڕاگەورەکەی خۆی بە چەقۆ کوشتووە.[5]

- فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی کوردستان پێی وایە تورکیا بەپاساوی بونی پەکەکە ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆردومان دەکات و بۆیە بەپێویستی دەزانێت پەکەکە خاکی هەرێمی کوردستان جێبهێڵێت و داواش لەهەردو حکومەتی هەرێم و بەغدا دەکات ئە و پرسە چارەسەر بکەن.[6]

- تەرمی گەنجێکی دانیشتووی سلێمانی بەناوی هەڵکەوت محەمەد، کە لەڕێگەی کۆچکردن بۆ ئەوروپا خنکابوو، گەیێندرایەوە سلێمانی و بەخاکسپێردرا. [7]

- بەهۆی بارانباریێ زۆر و داڕووخانی بەشێک لە و ڕێگەیەی بەناو ڕووباری حەمریندا دەچێت لە ئێوارەی دوێنێوە ئە و ڕێگەیەی نێوان خانەقین – بەعقوبە داخراوە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شاری منبج بۆمبێکی لکێنراو بە ئۆتۆمبێلێکدا تەقییەوە. بە گوێرەی زانیارییەکان تەقینەوەکە لەسەر ڕێگەی شەهیدگە ڕوویداوە و شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە بریندار بووە.[2]

دەرەوەی کوردستان

- کۆمەڵێک چالاکوانی کورد لە بەڵژیک لە دژی ڕەشبگیریی چالاکوانانی بادینان بەهۆی ڕاپەڕینەکەی شیلادزێ-وە هێرشیان کردەسەر نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە بەڵژیک و ئاڵای کوردستانیان هێنایەخوارەوە و باڵەخانەکەشیان هێلکەباران کرد.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2019-01-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-01-29
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئاوێنە - 2019-01-29
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-29

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 187

2019-01-30



باشووری کوردستان

- سەنتەری ڕاگەیاندنی ئەمنی، ئەمڕۆ ڕایگەیاند: مەفرەزەکانی بەرێوەبەرایەتی هەواڵگری و دژەتیرۆری سەر بە هەواڵگری و لێکۆڵینەوەی فیدراڵی لە کەرکووک مەفرەزەیەکی چوار کەسیی داعشیان دەسگیرکردوە کە یەکێکیان ژنە.[1][2]

- بڕیاربوو کاتژمێر 11:00ی پێشنیوەڕێ ئەمڕۆ، بەرەی نیشتمانیی دژی داگیرکاریی لە باخچەی نالیی شاری سلێمانی، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی بۆ پشتیوانیی ڕاپەڕینەکەی ڕۆژی 26ی ئەم مانگەی خەڵکی شارەدێ شیلادزێ و دەوروبەری دژ بە بارەگاکانی سوپای تورک ئەنجام بدەن، بەڵام هێزێکی ئاسایش لە باخچەکە کۆکراونەتەوە و ڕێگریان لە ئەنجامدانی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکە کرد.[3]

- هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی تیرۆر.[1]

- بەئامادەبوونی بنەماڵەی شەهیدان و کۆمێتەی خانەوادەی شەهیدانی پەکەکە لە باشووری کوردستان و هەروەها تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان و نوێنەرایەتیی کەمپی شەهید ڕۆستەم جودی، پرسەی گەریلای شەهید عەبدولباس ئەحمەد لە شارۆچکەی چوارقورنە بەرێوەچوو.[4]

- لە شاری سۆران مەراسیمێکی تایبەت بە بۆنەی ساڵیادی ئازادکردنی کۆبانێ ڕۆژئاوای کوردستان ئەنجامدرا و هەر لە مەراسیمەکەدا یادی یەکەم شەهیدی پێشمەرگە زێڕەڤان ئەکرەم لە کۆبانێ ڕۆژئاوایی کوردستان کرایەوە.[4]

- ڕاگەیاندنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵانی شارۆچکەی سۆران ڕایگەیاندوە: شەوی ڕابردوو ژنێکی دووگیان سەردانی نەخۆشخانەی کردووە بەمەبەستی دەرهێنانی کۆرپەکەی لە سکی، کاتێک منداڵەکە لەدایک دەبێت دەردەکەوێت کە شێوەی منداڵەکە وەک ماسی وایە و تەنها یەک قاچیشی هەیە. ئاماژە بەوەشکراوە: منداڵەکە بە شێوەیەکی سروشتی لەدایکبووە و دوای یەک کاتژمێر مانەوە هەر لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[1]

- بەرێوەبەری ڕێگا وبانی کۆیە ڕایگەیاند، هاتووچۆی ئۆتۆمبێل بە ڕێگای سماقوڵیدا ئاسایی بووەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی بەنداوی جەلی ئاستەنگ بۆ هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لەو ڕێگایەدا دروست ببوو.[2]

- فرۆکەجەنگییەکانی سوپای تورک بۆردومانی دەوروبەری ئاوی زێ-ی ناوچەی زێ و گردی هەقارپی سەر بە ناوچەی مەتینان-یان کرد لە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا.[4]

- کۆمەڵێک لە ژنانی وارگەی شەهید ڕۆستەم جوودی لە مەخموور، دژی گۆشەگیریی تووندی سەر ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵا ئۆجالان ئەمڕۆ لە بەردەم نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد.[4]

- بەرێوەبەری گومرگی کەرکووک – هەولێر و ژمارەیەک لە فەرمانبەرانی گومرکەکە لە لایەن دەستەی دەستپاکی عێراقەوە بە تۆمەتی کەمکردنەوەی باج بۆ ئامێری کشتوکاڵی دەستگیرکران.[3]

دەرەوەی کوردستان

- باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا بەهۆی دانانی ئاڵای کوردستان لەنێو هۆڵی کۆنفرانس، بەشداری لە کۆنفرانسی هاوبەشی خۆراک و کشتوکاڵی نێوان عێراق و هۆڵەندای نەکرد.[2]

- جۆن کەنەدی، سیناتۆری ئەمریکا ڕەشنووسی یاسایەکی پێشکەشی کۆنگرێسی وڵاتەکەی کردووە، جەخت لە سەر بەکارهێنانی هێز لەپێناو پاراستنی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکاتەوە، ئەوەش بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[2]

-لە لێدوانێکی پۆلیسی ئەڵمانیا، کە بۆ ئاژانسە ئەڵمانییەکانی داوە هاتووە، دوای یەک مانگ چاودێری پۆلیس، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە شاری شلسویگ-هۆڵشتاین، سێ کەس پێش پێکانی ئامانجەکەیان، دەستگیر کراون. هەروەها ئەوەش هاتووە کە دوانیان تەمەنیان 23 ساڵە بەناوەکانی شاهین و هێرش (کوردی باشوورن)، سێیەمیشیان تەمەنی 36 ساڵە، هاوکات ئەوەش ڕاگەیاندراوە، کە سەربە گرووپە ئیسلامییەکانن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-30

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 188

2019-01-31



باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە شاری ئێلح-ی باکووری کوردستان هاتووچۆی لە 55 شوێن قەدەغە کرد و ئە و شوێنانەی بە (ناوچەی کاتیی سەربازی) دەستنیشان کرد. بە گوێرەی بڕیارەکە لە 1ی کانوونی دووەم تا 31ی کانوونی یەکەمی 2019 واتە بۆ ماوەی ساڵێک هاتووچۆ لە و 55 شوێنە کە دەکەونە سنووری ناوچەکانی حەسکیف، سۆسان و هەزۆ-ی سەر بە ئێلح قەدەغەیە.[5]
باشووری کوردستان
- بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەهاوڕێ و هاوخەبات و کەسوکاری، مەراسمی ساڵیادی شەهیدکردنی (شەهید ئارام) لە تەنگیسەر کرایەوە.[2]
- لە نێوان کەلار و خانەقین چەکدارانی داعش هێرشیانکردەسەر هێزەکانی پێشمەرگە، بە وتەی فەرماندەیەکیش ڕووبەڕووی چەکدارەکان بوونەتەوە و لەئەنجامدا هەڵاتوون و دوو بۆمبیشیان پوچەڵکردوەتەوە.[1]
- جارێکی تر ژمارەیەک چەکدار پەلاماری بازگەی باوە مەحمودیان لە باکووری خانەقین دا.[2]
- بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئەمنی خانەقین هێزێکی سوپای عێراق و ئاسایشی گەرمیان ڕەوانەی ناوچەکە دەکرێن و هێزەکانی پۆلیسی دیالە لە ناوچەکە دوردەخرێنەوە.[1]
- دەیان چالاکی سنووری بادینان بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە و داوای دەرکردنی بنکە سەربازی و سیخوڕییەکانی دەوڵەتی تورک دەکەن لەسەر خاکی کوردستان، داواش دەکەن سنووربڕێک بۆ هێزە ئەمنییەکانی دهۆک دابنرێت.[5]
- لەبەردەم نووسینگەی لێژنەی داکۆکی لە زیانلێکەوتووانی تیرۆر لە هەولێر، ژمارەیەک لە زیانلێکەوتووانی دەستی تیرۆر گردبوونەوەیەکیان ئەنجامداوە و داوا لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن یاری بە هەستیان نەکرێت و دەڵێن ئەو نووسینگەیەی کراوەتەوە هیچ بنەمایەکی نییە و پارە لە خەڵک وەردەگرن.[3]
- لە لایەن دەستەی بااڵی هەماهەنگی نێوان پارێزگاکانەوە بە ڕەسمی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئاگادار کراوەتەوە کە لەجێی ڕێبوار تاڵەبانی بەتەمەنترین ئەندام کارەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەڕێوەببەرێت.[2]
- ئاسایش لە هەولێر کاتژمێر 19:30ی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەر ئەندامانی ئەنجومەنی ژنانی عەشتار-ی مەخموور کە ماوەی 7 ڕۆژە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵاڵا ئۆجەلان دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کردووە و لە بەردەم نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر چادریان هەڵداوە.[5]
- بەرپرسانی سەربازی ئەڵمانیا نەخۆشخانەی پێشمەرگەیان لە هەولێر کردەوە و جەختیشدەکەنەوە: لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە بەردەوامدەبن.[1]
- ئامانج هەورامی ڕایگەیاند: سەبارەت بە لێدوانێکم بۆ بەرنامەیەکی کەناڵی NRT کەتێیدا بەمەبەست دەستکاری قسەکانم کراو ئەمەش بووە جێگەی نارەزایی و ڕەخنەی خانەوادەی شەهیدان و پێشمەرگە و کیمیا باران، لێرەوە ڕایدەگەیەنم، ڕاستە ئە و وتانە هی منن، بەڵام دەستکاریی کراون و داوای لێبوردن لە سەرجەم پێشمەرگە دێرینەکان و خانەوادەی شەهیدان و کیمیاباران و ئەنفال دەکەم.[2]
- قایمقامی هەولێر ڕایدەگەیەنێت: لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا 20 دەرمانخانەیان داخستووە و بڕێکی زۆری دەرمانی بێ ستیکەریشان دەست بەسەرداگرتووە.[1]
- لە دووەم ڕۆژی دیداری هونەری گەرمیاندا لە شاڕۆچکەی کەلار، لە پێشانگایەکی ڕەنگاڵەدا کاری دەستی شێوەکارانی گەرمیان و ژنانی یارانی مێخەک، پیشاندرا.[4]

- کونسڵی گشتی نوێی یۆنان لە هەولێر ڕایدەگەیەنێت: شاندێکی باڵای بارزگانان و گەشتیاری دێنە هەرێم و حکومەتی یۆنانیش بڕیاریداوە پاشکۆی بازرگانی لە هەرێم بکاتەوە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەڕڤانانی قەسەدە لە قۆناغی کۆتایی هەنگاوی گەردەلوڵی جزیرە، زیاتر لە 150 سڤیلیان ڕزگار کرد، کە دوو ژن و منداڵێکی ئێزدیان تێدایە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- بەڕێوەبەری زانیاری نەتەوەیی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی زانیاری ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا ڕایگەیاند: لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێری ڕابردوودا، سێ زانیاری ستراتیژییان لەسەر چالاکی هێزەکانی حەشدی شەعبی عێراق سەر بە ئێرانمان بە بەرپرسانی بەغدا ڕاگەیاندوە. وتیشی: داوامان لە بەغدا کردوە لە نزیکترین کاتدا ئە و هێزانە هەڵپەسێرێت و چەکەکانیان لێوەربگرێتەوە.[1]

- ماڵپەڕی گاردیان ئەمڕۆ بڵاویکردەوە، ڕۆژنامەوان و نووسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهرۆز بوچانی کە لە دوورگەی مانووس لە ئوسترالیا پەنابەرە، بەهادارترین خەڵاتی ئەدەبیی ئوسترالیای پێ بەخشراوە. گاردیان باسی لەوە کردوە، خەڵاتی ئەدەبیی ڤیکتۆریا پریمیەر کە بەهادارترین خەڵاتی ئەدەبییە، بەهۆی نووسینی ڕۆمانی (جگە لە چیاکان دۆستی دیکەمان نەبوو) ئەمڕۆ بەبێ ئامادەبوونی نووسەرەکەی، پێشکەشی ڕۆژنامەنووس و نووسەری کورد بەهرۆز بوچانی کراوە.[5]

- سیناتۆرەکانی ئەمریکا لە ئەنجومەنی پیران بە 68 دەنگی ئەرێ لە بەرامبەر 23 دەنگی نەخێر، دەنگیان دا بە تەواوکەری یاسایەک بۆ درێژەدان بە مانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە سوریا و ئەفغانستان.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-01-31

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-01-31

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-01-31

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-01-31

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-01-31

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-01

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 189

2019-02-01



باکووری کوردستان
- لە شاری وان هێرش کرایەسەرپاسی هەڵبژاردنی هەدەپە، لەوهێرشەدا جامی پاسەکەیان شکاند و هێمای نژادپەرەستانەیان لەسەریدا نووسی.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد، لە دەوروبەری گوندی بێتووش سەر بە شاری سەردەشت، دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتیی و هێزە حکوومەتییەکان، بەبێ ئاگادار کردنەوەی پێشوو، تەقە لە کاسبکاران دەکەن. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگاداری ڕووداوەکە، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، ب5 سەر ئەسپی کاسبکاران لە ناوچوون و هەروەها هێزە نیزامییەکان، دەستیان بە سەر 15 سەر ئەسبی کاسبکاراندا، گرت.[6]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی ئاسایش هێرشی کردە سەر چالاکوانانی بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە دژی گۆشەگیریی عەبدوڵلا ئۆجەلان لە هەولێر و چادرەکەیان-یان تێکدا، چالاکوانان تا بەیانی لەبەر سەرما مانەوە و درێژەیەیان بەچالاکیی مانگرتن لەخواردن دا.[1]
- سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە ڕایدەگەیەنێت: ئە و کۆڕ و کچە خوێندکارانەی کە دەیانەوێت هاوسەرگیری ئەنجامبدەن، خەرجی ئاهەنگی هاوسەر گیرییەکەیان لە ئەستۆی زانکۆی هەڵەبجە دەبێت.[2]
- لە مەزارگەی شەرفەدین و شیخان 3 ڕۆژ پرسە دانراوە بۆ میر تەحسین بەگ.[3]
- دوای تێپەربوونی نزیکەی هەشت مانگ بەسەر ڕفاندنیان، چەکدارانی داعش وێنەی شەهیدکردنی پێشمەرگەیەک و کارمەندێکی ئاسایشیان لەسنوری کەرکووک بڵاوکردەوە. پێشمەرگەکە ناوی شاکر محەمەدە و لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ڕابردوو لەنزیک چەمی ڕۆخانە لەکاتی کارکردن لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندراوە. یەکێکی دیکەیش لەو کەسانەی وێنەی شەهیدکردنەکەی بڵاوکراوەتەوە نەوشیروان محەمەدە، گەنجێکی دانیشتوی ناوچەی حەفتەغارە شەوی 13-09-2017 لەلایەن ژمارەیەک چەکداری داعشەوە لەنێو گوندی حەفتەغار ڕفێندرا.[2]
- مانگرتنی ناسر یاگز، ئەندامی نوێنەرایەتی هەدەپە لە هەولێر دژ بە گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لە 73هەمین ڕۆژیدا بەردەوامە، ئەو سوریشە لەسەر مانگرتنەکەی تا کۆتایی بە گۆشەگیریی دێت.[4]
- پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە سنوری شارەدێی شوان دوو پێشمەرگە کە بە تانکەر ئاویان بەسەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەدا دابەشکردووە، بەهەڵە چوونەتە ناو بازگەیەکی پۆلیسی فیدراڵیەوە. سەرچاوەکە ڕوونیکردەوە دوای ئەوەی پێشمەرگەکان چوونە ناو بازگەکە لەلایەن پۆلیسی فیدراڵیەوە چەک کراون و ئیهانەیان پێکراوە. سەرچاوەکە وتیشی بۆ بەهاناوەچوونی ئەو دوو پێشمەرگەیە، هێزێکی پێشمەرگە چووە بازگەکە و بەهۆیەوە ئاڵۆزی هاتەئاراوە و هەردوولا تەقەیان لەیەکدی کرد.[5]
دەرەوەی کوردستان

- کەناڵی بی بی سی بەدواداچوونێکی کردووە دەربارەی دزین و فرۆشتنی زەیتوونی عەفرین لە لایەن حکوومەتی تورکی داگیرکەر. بە گوێرەی ڕاپۆرتی کەناڵەکە حکوومەتەکانی ئەوروپا لێکۆڵینەوە لە و زەیتوونە دەکەن کە تورکیا هەناردەی دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: وان

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-01

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-01

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-01

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-01

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری وێستگە - 2019-02-01

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-03

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-12

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 190

2019-02-02



باکووری کوردستان
- دادگای دەوڵەتی تورک لە مەلەتی سزای 14 ساڵ و 3 مانگ زیندانیکردنی بەسەر گوڵتان کشاناک و سزای 15 ساڵ زیندانیکردنی بەسەر سەباحەت تونجەل دا سەپاند.[1]
- دەیان چالاکوان و هاووڵاتیی و پەرلەمانتارانی هەدەپە سەمرا گیوزەل، ڕەمزییە تۆسون و حوسێن کاچماز لەگەڵ پاڵێوراوی هەدەپە بۆ هاوسەرۆک شارەوانیی ناوچەی سووری ئامەد فلیز بولتەکین لە بەردەم ماڵی لەیلا گیوقەن لە ئامەد کۆبوونەوە و وێستیان ڕێپێوانێکیش ئەنجام بدەن. پۆلیسی دەوڵەتی تورک گەمارۆی چالاکوانانی دا و ڕێگای نەدا ڕێپێوانەکە ئەنجام بدەن و بە چالاکوانانیان ڕاگەیاندبوو، جگە لە چەپڵە ئەگەر تیلیلی و فیکە لێ بدەن، دەست لە گردبوونەوەکەش وەردەدەن، هاووڵاتییانیش بە چەپەڵە سەرنجێکی زۆریان ڕاکێشایە سەر مانگرتنەکەی لەیلا گیوقەن.[1]
- لە شاری وان بە ڕێپێوان و ڕاگەیەنراوێک سیاسەتی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان ئیدانە کرا و ئاماژە بۆ ئەوە کرا، کە تا گۆشەگیریی سەر ئۆجالان نەشکێت، وڵات ئازادیی بە خۆیەوە نابینێت.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاووڵاتییەک بە ناوی جەواد کەریمی تەمەن 28 ساڵ خەڵکی گوندی تەختان سەر بە شاری دیهلۆڕان، بە هۆی تەقینەوەی مین بریندار بوو.[6]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی عۆسمان کلاوگیز، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە نزیک گوندی نێروانی شاری بانە، بریندار کرا.[6]
- لاوێکی کورد بە ناوی"حەمید پەروازە تەمەن 28 ساڵ خەڵکی گوندینێی سەر بە شاری مەریوان، دوای 90 ڕۆژ دەسبەسەری لە ژووری تاکەکەسی بەندیخانەی سنە و دوو هەفتە لە بەندیخانەی مەریوان، بە دانانی بارمتە بە شێوەی کاتی، تا بەڕێوەچوونی کاتی دادگاییەکەی، ئازاد کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر، لە گەڕەکی هەولێری نوێ، شەڕە تەقەیەکی زۆر لەنێوان چەند بنەماڵەیەکدا ڕوویداوە. بەڵام هیچ کەسێک بەهۆی ئەو تەقەوە گیانی لەدەستنەداوە. پاشتر پۆلیس ڕایگەیاند، شەڕەکە لەسەر کتێبێک بووە.[2]
- وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی تۆندوتیژی دژی ژنان ڕایدەگەیەنێت: لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێم و چەند ڕێکخراوێکدا،

یاداشتێکیان ئاڕاستەی پەرلەمان کردوە بۆ قەدەغەکردنی دراما تورکییەکان. دەشڵێت: بەڵێنمان پێدراوە بڕیارەکە سەد لە سەد جێبەجێدەکرێت.[3]
- لە شیلادزێ کۆبوونەوەیەک لە دژی بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان بەڕێوەچوو. میدیاکانی نزیک لە پەکەکە دەڵێن: ئەم کۆبوونەوەیە بە زۆری پارتی و میتی تورکی بووە.[4]
- سەرۆکی بەشی مێشک و دەمار لە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوای هەولێر ڕایدەگەیەنێت: ماوەیەکە نەخۆشی زەردووپی لە هەولێر سەریهەڵداوەتەوە، بەوهۆیەوە هاوڵاتیان تووشی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر دەبن، دەشڵێت: لە 2019 چەند حاڵەتێکی گیان لەدەستدان بەهۆی نەخۆشییەکە تۆمارکراوە.[3]
- لە شاری کەرکووک سانیادی شەهیدبوونی، گەریلا لەیلا والی ناسراو بە شەهید ڤیان سۆران لە مەراسیمێکدا بەشکۆوە کرایەوە.[5]
- نوسینگەی ڕاگەیاندنی وتەبێژی یەکێتی ڕایدەگەیەنێت: ئە و هەواڵەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکراوەتەوە گوایە یەکێتی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ پارتی هەڵپەساردووە و ئاخۆ پارتی بەبێ یەکێتی دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت ئەم جۆرە قسانە دووڕە لە ڕاستییەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی هاوار (ANHA) بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ لە منبج لە کاتی تێپەڕینی ئۆتۆمبێلێکی مەدەنیدا تەقینەوەیەک ڕوویدا. ئاماژ بەوەشکراوە، ئەو ئۆتۆمبێلە ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی مامۆستایان بووە. ئەوەش خراوەتەڕوو، تەقینەوەکە لەسەر ڕێگای باشووری ڕۆژهەڵاتی منبج ڕوویداوە. لەو تەقینەوەیەدا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کوژراو و مامۆستاکانی ناو ئۆتۆمبێلەکەش بریندار بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- هێزە ئەمنیەکانی تورکیا سەرۆکی دەزگای ئیسرائیل- کورد داود باغستانی-یان لە شاری ئەدەنە لەگەڵ دوو کەسی دیکە دەستگیرکرد.[3]
- تۆماس هامربەر، جێگری سەرۆکی پارتی سۆشیال دیموکراتی سوید، لە پەیامێکدا پێشنیاری کاندیدکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان- هەدەپە، کرد بۆ ئەوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێبدرێت.[5]
- تەلەڤزیۆنی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند: وڵاتەکەی تاقیکردنەوەیەکی بەسەرکەوتووپی ئەنجامداوە بۆ هەڵدانی موشەکێکی تازەی کیشوەربڕ کە مەوداکەی زیاتر لە 1350 کیلۆمەترە.[3]
- تەرمی سێ منداڵی کورد کە دانیشتووی پارێزگای هەولێرن لەئاوی نێوان تورکیا- یۆنان دەرهێنرانەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: مەلاتێ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-02
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-03
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 191

2019-02-03



باشووری کوردستان
- بەشێک لە کەمئەندامانی کوردستان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و یاداشتێکیان سەبارەت بە کێشەکانیان پێشکەش بە نووسینگەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی و سەرجەم فراکسیۆنەکان کرد.[4]
- ئەمڕۆ بەپێی فەرمانی دادوەر، حەوت کەس لە دەستگیرکراوانی بادینان ئازادکران، ئەمانە ناوەکانیانە: 1- دلوڤان زێباری، 2- ڕێدیر ڕێکانی، 3- نژیار ڕێکانی، 4- ئومێد بەروشکی، 5- شوکری محەمەد، 6- محەمەد مشیر و 7- سەلام سەدیق.[4]
- دوای ئەو نیگەرانیانەی کە لەلایەن کەسوکاری شەهیدانەوە دروست بوو لە بارەی بڕیارێکی سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە کە بڕیاریدابوو لە ڕۆژی 3/16 ئاهەنگی هاوسەرگیری بۆ ژمارەیەک لە کوڕ و کچی خوێندکار ئەنجام بدات، بەڵام ئەمڕۆ سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە و پارێزگار بڕیاریاندا ئەو چالاکییە لەو ڕۆژەدا نەکرێت.[1]
- بومەلەرزەیەک بەگوڕی 3.3 پلە بەپێوەری ڕێختەر و بەقوڵای 18 کم لە خانەقین ڕوویدا.[3]
- لە ناوچەی قوڵای سەربە خانەقین بۆمبێکی چێنراو تەقییەوە.[3]
- ئەمشە و لەلایەن ژمارەیەک چەکداری سەربە داعشەوە عەلوەی شارۆچکەی جەلەولا تەقێنرایەوە.[2]
- شاندێکی ئەنجومەنی ژنانی عەشتار لە کامپی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخمور، جارێکی دیکە لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر کۆبوونەوە، نوێنەرانی یوئێن بەڵێنیانداوە بەدواداچوون بۆ هێرشەکانی ئاسایشی هەولێر بۆ سەر چالاکوانان بکەن.[4]

- گەلەری فەیحا بۆ ڕۆشنبیری و هونەر و ڕاگەیاندن لە شاری هەولێر، پێشانگەیەکی شێوەکاریی دەیان هونەرمەندی کورد و تورکمان و مەسیحی و هەروەها عەرەبی عێراق و چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبیی لەخۆگرت.[1]
- شۆفێرانی تاکسی و ئەو کەسانەی کاری کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکەن، ناڕازین لەو بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم کە لێخوڕینی تاکسی لە بەشێکی زۆری فەرمانبەران و هێزە ئەمنییەکان قەدەغە کردوە، دەشڵێن: تەنیا ئەمڕۆ نرخی تاکسی نزیکەی دوو هەزار دۆلار (20 وەرەقە) دابەزیوە و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی وەستاوە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- دۆناڵد تەرەمپ ڕایگەیاند، بەشێک لەو هێزانەی وڵاتەکەی کە لە سووریا دەکشێنەوە، دەچنە بنکە سەربازی ئەسەد لە عێراق و لەوێوە چاودێری ئێران دەکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-03

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-03

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-03

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-03

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 192

2019-02-04



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئارام زەندی، چالاکێکی کرێکاری خەڵکی شاری سنە، لە لایەن قەراگای فەرماندەیی هێزە ئینتزامییەکان لەو شارە بانگهێشت کرا.[6]
- چوار مامۆستای کورد بە ناوەکانی سوویلا سەعیدی، مامۆستای زمانی عەرەبی، حەمید ئاریانا، مامۆستای زمانی ئینگلیسی، ئەسعەد ئەولیایی بەڕێوەبەری نووسیگەی کۆمەڵایەتی و عەتا ئیسفەندیاری مامۆستای وێژەیی زمانی فارسی، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری دیواندەرە کران. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم چوار مامۆستا کوردە بە هۆی بەشداری کردن لە مانگرتنی سەرەتاسەری فەرهەنگییان، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری دیواندەرە کراون.[6]
- چالاکێکی کرێکاری کورد بە ناوی ئومید ئەسەدی، بانگهێشتی لقی دووی پرسکەر و دادسەرای گشتیی و ئینقلابی شاری کامیاران کرا.[6]
باشووری کوردستان
- تەرمی میر تەحسین بەگ لە ئەڵمانیاوە دەگاتەوە باشووری کوردستان و لە فڕۆکەخانەی هەولێر هەشت پێکهاتەی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بە جلوبەرگی تایبەتی خۆیان لە پێشوازییدا بەشداربوون و تاجەگوڵینەیان لەسەر تەرمی میر تەحسین بەگ، میری ئێزدیانی کوردستان و جیهان دانا. بڕیارە سبەینێ لە لە کۆشکی میری لە پەرستگای لالش بە خاکبسپێردرێت.[1]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو بەهۆی تەقینەوە مینەوە دوو کۆڵبەر بە سەختی بریندار بوون و گەیەندرانە نەخۆشخانەی شارۆچکەی چۆمان-ی سەربە پارێزگای هەولێر. یەکێک لە بریندارەکان قاچێکی لە دەستداوە، دوای وەرگرتنی چارەسەری سەرەتایی ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر کراون.[3]
- لە نزیک سایلۆی ناوەندی شاری شەنگال لە کاتی دروستکردنی ڕێگەدا، ئێسک و پروسکی چەندین کەس دۆزرایەوە. ڕاگەیەنرا لە و شوێنە گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەیە و لە کاتی هێرشی چەتەکانی داعش کۆمەڵکوژی لێ کراوە. بەهۆی ئەوەی تا ئێستا لێکۆڵینەوەی پێویست نەکراوە، نازانرێت تەرمی چەند کەس لە و گۆڕە بەکۆمەڵەدا هەیە.[5]
- دوای 13 ڕۆژ لە داخستنی، ئەمڕۆ دەروازەی سەرزێرێ لەنێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەسنوری شارەدێی کانی ماسێ سەر بە شارۆچکەی ئامێدی کرایەوە.[2]
- بەپێی زانیارییەکان، سوپای تورک ژمارەیەک سەربازی ناردووەتە گەلیی بالێندە، کە ناوچەیەکی گەشتیارییە لە سنووری شارۆچکەی ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆک.[3]
- هێزەکانی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیان دوو ئەمیر و چەکدارێکی داعش دەستگیردەکەن و لە ڕاگەیێندراوێکیشدا ئاماژە بەوە دەکەن، چەکدارەکان لە سنووری ئیدارەی گەرمیان و سلێمانی دەستگیرکراون.[4]
- کۆپتەرە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر لە کاتژمێر 8:30 بۆ 9:00 دەوروبەری گوندی خەلیفان و چیادێل-یان بۆردومانکرد.[5]
- لە ناو بازاڕی شارۆچکەی سەیدسادق-ی سەر بە پارێزگای سلێمانی، گردبوونەوەیەک لەلایەن چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسانی سەیدسادق-ەوە ڕێکخرا دژی بەرتەستکردنەوەی ئازادیی و دەستگیرکردنی چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان لە بادینان.[3]
- ژمارەیەک لە شۆفێر و خاوەن تەکسییەکان لە سلێمانی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتیان دژ بە بڕیارێکی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم ئەنجامدا و شەقامێکی سەرەکیشیان داخست.[2]
- لێژنەی هاوبەشی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی بەرگری عێراق لە هەولێر کۆبوونەوە. ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان هەردوولا و بارودۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان گفتوگۆیان لەبارەوە

کراوە.[4]
- جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی کەرکووکی کرد و ڕایگەیاند، کەرکووک هێڵی سوورە و بەهیچ شێوەیەک سازش لەسەر کوردستانیبوونی ناکەین.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بە مەڕاسیمێک تەرمی هونەرمەندی ناوداری کورد عەگیدێ جمۆکە بە (میری باڵەبان) ناسراوە، لە شاری ئەریڤانی ئەرمەنستان بەخاک سپێردرا.[5]
- لەسەر داوای دانیەل سیمۆنێت ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانیی پاریس، لەیلا گیوفەن هاوولاتیبوونی فەخریی شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسای پێبەخشرا.[5]
- حسێن سەلامی، جێگری فەرماندەی گشتی سوپای پاسداران لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئێران ڕایگەیاند: داوادەکەین وڵاتانی ئەوروپا دەست لە کاروباری ئێمە وەرنەدەن، بە پێچەوانەشەوە ئەو بابەتە ناچارمان دەکات گۆڕانکاری لە ڕەوتی سیاسی، ستراتیژی و بەرگریکارانەمان بکەین.[2]
- بەرهەم سالح، سەرۆککۆماری عێراق وەڵامی لێدوانەکەی دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکای دایەوە و ڕایگەیاند، ئەمریکا داوای مۆڵەتی نەکردووە و مافی ئەوەی نییە لە عێراقەوە چاودێری ئێران بکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەرمەنستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-04

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-05
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 193

2019-02-05



باکووری کوردستان
- لە 17 گەڕەک و دێ و لادێی ناوچەکانی لیجە و پاسووری ئامەد لە کاتژمێر 6:00ی ئەم بەیانییەوە 'قەدەغەی هاتووچۆ' ڕاگەیاندرا. لە گەڕەک و دێ و لادێکانی چرالی، کایکۆی، دالجا، کوتلو، ئۆیوکلو و تورلی لە لیجە و لە گەڕەک و دێ و لادێکانی کاراگاج، کامشلی، چوکلورجا، دەمیرلی، بایرکۆی، باگجلار، ئاکبولاک، دوزجە، تەرمەن، ئویوگیور و تاش کۆپروی پاسووری ئامەد 'قەدەغەی هاتووچۆ' ڕاگەیاندرا. هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ، سوپای تورک بە بەشداریی یەکەی تایبەت دەستیکرد بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەو ناوچانەدا.[2]
- پۆلیسی ڕژێمی ئاکەپە بۆ بۆمبی گازی هێرشی کردە سەر مەڕاسیمی کردنەوەی بنکەیەکی بانگەشەی هەڵبژاردنی هەدەپە لە ناوچەی سەرێکانی. هەروەها کاندیدێکی هەدەپە بۆ هاوشارەداری ناوچەکە دەستگیر کرا.[2]
- ڕێزان ساریجا، فایق ئۆزگیور ئەرۆل، نەرۆز ئویسال و ئیبراهیم بیلمەز پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ جاری 787هەم سەردانی داواکاری گشتیی کۆماریان لە بورسا کرد بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان ئەنجام بدەن.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای سنە هۆشداری دەداتە کۆڵبەران و دەڵێت، هێزی سنووربارێزی پارێزگای سنە بۆیان هەیە تەقە لە هەر کەسێک بکەن کە لە سنووورەکانەوە بە نایاسایی هاتووچۆ دەکەن.[3]
- هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی ئێران هەڵیانکوتایە سەرماڵی موحسن ئەدوایی و ئەویان گواستەوە بە بەندیخانەی ئیدارەی ئیتلاعات-ی مەریوان.[2]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو ئاگر لەکەمپی ئاوارەکانی نزاراوە لە کەرکووک کەوتوەتەوە و بەهۆیەوە یەکێک لەخێمەکان سوتا، سەرچاوەکان باس لە گیان لەدەستدانی 3 منداڵ دەکەن.[1]
- تەرمی میر تەحسین بەگ، لە شێخان و لەنێو ماڵەکەی خۆیدا بەخاکسپێردرا.[1]
- سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عێراق کۆبوونەوە و بەردەوامی هاوکارییە سەربازییەکانییان بۆ هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە.[2]
- بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی ئاشکرایکرد کە پلانی گۆڕینی ئاراستەی شەقامەکانی سلێمانی سەرکەوتوو بووە.[5]
- لە زانکۆی سلێمانی پانێلێک لەسەر دۆخی سیاسی ئێستاو ئایندەی کوردستان بۆ چەند کەسایەتیەکی سیاسی و ئەکادیمی سازکرا و تیشک خرایە لایەنە هەمەجۆرەکانی کوردستان لە ڕابردوو و داهاتوودا.[5]
- بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: تاوەکو قوتی پێشمەرگە باشتر نەکرێت، بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ڕێگری

لەکاری تەکسی پێشمەرگەکان، جێبەجێناکەن، پسپۆڕێکی یاسایی_ش دەڵێت: بڕیارەکە یاسایی نییە.[6]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی کێلەکەوەی سەربە شارۆچکەی سەیدسادق ژنێک گیانی لەدەستدا، بەڵام هۆکار و چۆنێتی گیانلەدەستدانەکەی گوماناوییە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ سوپای تورک و چەتەکانی گۆڕستانی شەهید سەیدۆ-یان لە گوندی کەفەر سەفر لە ناوچەی جندرێس-ی سەر بە عەفرین وێرانکرد. گۆڕستانی شەهید سەیدۆ (ڕودی حاجی) کە تەرمی 183 شەهیدی یەپەگە و یەپەژەی تێدا نێژراوە، لە ساڵی 2011 دروستکراوە، بۆ بە بیرهێنانەوەی تێکۆشەری دێرسیمی ڕوودی حاجی ناسراو بە سەیدۆ ئەو ناوەی لێنراوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بەزۆرینەی دەنگ پرۆژەکەی سەرۆکی ئەمریکای ڕەتکردەوە سەبارەت بەکشانەوەی هێزەکان لە سوریا و ئەفغانستان.[6][1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-02-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-02-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-02-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-02-05
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 194

2019-02-06



باکووری کوردستان

- لە گەڕەک و دێ و لادێکانی عەجەمی، شەنلک، بیرلیک، ئابالی، ئەرگیە کێتیی نیشتمانیی کوردستانۆی، توزلاکۆی و چەپەری لیجەی ئامەد و لە لادێکانی کالادبی، ئاکچالایورت، تۆپچلار، یوکارتولاریی ناوچەی هێنێی ئامەد لە کاتژمێر 6:00ی ئەم بەیانییەوە قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیاندرا. پێش ڕاگەیاندنی قەدەغەی هاتووچۆ سوپای تورک بە بەشداریی یەکەی تایبەت دەستیکردبوو بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سێ هاوواڵاتیی کورد، خەڵکی شاری پیرانشار بە ناوەکانی باپیرە بەرزە، ئەحمەد قەلاتەڕەشی و سڵێمان محەممەمژاد، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران لە لایەن لقی 102ی دادگای کەیفەری 2ی شاری پیرانشار بە 25 مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا. بەپێی ئەو حوکمە، باپیرەبەرزە بە 8 مانگ زیندان، ئەحمەد قەڵاتەڕشی بە 5 مانگ و سڵێمان محەممەدنژاد، بە یەکساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[6]

- لاوێکی کورد بە ناوی ئاروین ئیقبالی، تەمەن 22 ساڵ، کوڕی هوشیار خەڵکی شاری پاوە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[6]

- مامۆستایەکی ئایینیی کورد، بە ناوی مامۆستا عیسا ئازەری پێشنوێژی گوندی کورانە سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ، لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کراوە.[6]

باشووری کوردستان

- پۆلیسی کەرکووک ڕایگەیاند، ئەمڕۆ لە گەڕەکی غەرناتەی کەرکووک باوکێک بە چەقۆ کوڕەکەی خۆی کوشت.[2]

- بۆ جاری دووم ئاسایشی هەولێر هێرشی کردە سەر چالاکوانانی مانگرتوو لەبەردەم نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە 30ی کانوونی دووەمەوە دەستیان بە مانگرتن دژی گۆشەگیرییەکانی سەر ئۆجالان و پشتیوانی لە لەیلا گوفەن کردووە. لە هێرشەکەی ئەمڕۆدا پێنج خوێندکاریان دەستگیرکردووە، کە خوێندکارن و بۆ پشتیوانی چالاکوانان چونەتە سەردانی چالاکییەکە.[2]

- سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا دوای سەردانەکەی بۆ بەغدا گەیشتە هەولێر و لەلایەن سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانیەوە پێشوازی لێکرا.[5]

- کاتژمێر 19-20ی ئەمشە و بە کاتی باشووری کوردستان، کۆپتەرەکانی سوپای تورکی داگیرکەر هێرشیان کردە سەر گوندەکانی کەندەگەری، بێسنۆک و گەرووی خەلیفان. بە گوێرەی زانیارییەکان کۆپتەرەکان بەچڕی بۆمبارانی ئە و شوێنانەیان کردووە و زیانیان بە ژینگە و سرووشتی ناوچەکە گەیاندووە.[2]
- ئەمشەو ئاسایشی هەولێر، جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر چالاکوانانی بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر و هەموویانیان دەستگیر کرد، کە لە ژنانی ئەنجومەنی عەشتار پێکهاتوون، ئاشایش ئەو ژنانە لە هەولێر دەردەکات.[3]
- لەهێرشێکی هاوبەشی هێزە سەربازییەکانی عێراق و هاوپەیمانی نیودەوڵەتیدا لەناوچەیەکی باشوری کەرکووک ژمارەیەک چەکداری داعش کوژران.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سەرچاوە هەرێمییەکان بڵاویانکردەوە، لە نزیک بازاڕی سەوزە و میوە لە ناوەندی شاری باب ماتۆڕ سکیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیوەتەوە. ئاماژە بەوە دەکرێت، بەهۆی ئەو تەقینەوەیە چەندین کەس بریندار بوون و زیانێکی ماددیی زۆریش بە بازاڕەکە گەیشتووە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- ئەنقەرە وڵامێکی تووندئامێزی ئاڕاستەی ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسای کرد کە لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕۆژێکی دەستنیشان کردوە بۆ زیندووکردنەوەی یادی جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان، کە لە سەدەی ڕابردوو تورکیا دژ بەو وڵاتە ئەنجامیداوە. لەو بارەیەوە ئبراهیم کالن، وتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، ئیدانەی ئەو بڕیارەی ماکرۆنی کرد سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ڕۆژی 24 نیسان بۆ یادکردنەوەی ئەو جینۆسایدە لە فەرەنسا.
ئبراهیم کالن دەڵێت: ئەو چیرۆکانەی باس لە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەکان دەکەن، درۆیەکی سیاسییە و هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە و دوورن لە ڕاستییەوە، بۆیە تورکیا گرنگی بەو درۆیانە نادات.[4]
- فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرایکرد، کە هەندێک لەمیدیاکان باس لەوە دەکەن گوایە عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق ڕەزامەندی نیشانداوە بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچە دابڕینراوەکان بەڵام ئەو دەنگۆیە درۆیە و هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە.[3]
- ئیسماعیل ئۆزەن پاڵەوانی بۆکسێنی کورد، کە دانیشتوانی ئەڵمانیایە، بە پاساوی ئەوەی 'لە تورکیا بڕیاری دەستگیرکردنی هەیە' لە کۆنسوڵخانەی تورکیا دەست بەسەر پاسپۆرتەکەیدا گیرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: فەرەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-06
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-06

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-07
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 195

2019-02-07



باکووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، لە ناوچەی ئاداکلی لە پارێزگای چەولیک بومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.1 پلە بە پێوەری ڕێختەر ڕوویدا.[1]
- هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی تورک ئەمڕۆ لە ناوەندی مێردین و ناوچەکانی مێردین هەڵیانکوتایە سەر دەیان ماڵ. لەو هەڵکوتانەدا عەلی سینجار هاوسەرۆکی هەدەپە لە مێردین، عابدین ئونای، خەلیل یاگان و عادل باشاران بەڕێوەبەرانی هەدەپە لە شاری مێردین دەستگیرکران.[1]
- بێریتان ئۆنەن ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندیی پارتی دیموکراتیکی هەرێمەکان (دەبەپە) لە ناوچەی سەیهانی ئەدەنە لە ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورکەوە دەستگیرکرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بە پێی هەواڵێکی کۆڵبەر نیوز، لەسەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چوار کۆڵبەر، کە خەڵکی هەورامان و مەریوان-ن لەلایەن هێزەکانی باشوری کوردستانەوە دەستگیرکراون و گوازراونەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار.[3]
باشووری کوردستان
- کارمەندانی تەندروستی و کۆمیتەی مانگرتن لەخواردن بۆ لابردنی گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە، شەش هەزار و 200 واژۆیان کۆکردەوە و لەگەڵ دۆسییەیەک دایانە نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان.[3]
- سەنتەری میترۆ، داوای ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانی ڕاپەڕینەکەی شیلادزێ دەکات و ڕاشیدەگەیەنێت: فەرزکردنی کۆت و بەند لەسەر فەزای مەدەنی هەوڵێکی شکستخواردووی هێزە ئەمنییەکانە بۆ بێدەنگکردنی خەڵک لە ئاست ئەو پێشێلکارییانەی سوپای داگیرکەری تورکیا بەرامبەر خەڵکی مەدەنی ئەنجامی دەدەن.[3]
- لەسەر ڕێگای گشتی نێوان شەنگال و تل عوزێر، گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەلایەن یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال- یەبەشە، دۆزرایەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک کۆماری ئێران ڕایگەیاند، ئەگەر ئەمریکا لە ڕەفتارەکانی ڕابردووی بەرامبەر بە تاران پەشیمان ببێتەوە و بەڕێزەوە قسە لەگەڵ گەلی ئێران بکات، ئەوکاتە ئێمەش تۆبەکەی قبوڵ دەکەین.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-07
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 196

2019-02-08



باکووری کوردستان

- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ، ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانییان سازکرد و ڕاپۆرتی بەشی دادپزیشکی ئەنستیتۆی لەندەن لەبارەی کەیسی کوژرانی تاهیر ئەڵچییان بڵاوکردەوە کە دوای تێپەڕبوونی 36 مانگ بەسەر ئەم کەیسەدا هێشتا بکوژانیان ئاشکرا نەکراون. لە ڕاپۆرتەکەدا ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەرانی ئامەد ڕایانگەیاند، بەپشتبەستن بەگرتە ڤیدیۆییەکان، وێنە گیراوەکان، دەنگە تۆمارکراوەکان، ڕاپۆرتی دەرخستنی ڕاستییەکان، گوتەی شایەتحاڵەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە لە ئەنجامی تەقەکردنی سێ پۆلیس، تاهیر ئەڵچی کوژراوە.[2]

- سزای 7 ساڵ و 6 مانگ زیندانی کردن بەسەر گولسەر یڵدرم پەرلەمانتاری پێشووی پارتی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)دا سەپێنرا.[4]

- بەرپرسێکی پارتی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بە ناوی باسری کارتال لە ناوچەی کەپەزێی سەر بە شاری ئەنتالیا بەهۆی بڵاوکراوەیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیندانی کرا.[4]

- بەفربارین ڕێگای 254 ناوچەی نیشتەجێبوونی لە هەردوو پارێزگای وان و مووش داخستووە. سەرۆکایەتی شارەوانی وانیش ڕایگەیاند کە لە سەرتاسەری پارێزگاکە، ڕێگای چوار ناوچەی نیشتەجێبوون داخراون.[2]

باشووری کوردستان

- سەنتەری بومەلەرزەزانی ئێران، ئاشکرایکردوە: بەرەبەیانی ئەمڕۆ سەعات 02:00 بومەلەرزەیەک بەگوڕی 4 پلەی ڕێختەر شارۆچکەی کفری هەژاندوە. ڕونیشکراوەتەوە: بومەلەرزەکە لەقوڵای 13 کیلۆمەتر لە ناخی زەوییەوە بووە. هاوکات بومەلەرزەکە کاریگەری لەسەر شارۆچکەی کەلار و شارەدێیەکانی سەرقەڵا و ڕزگاری هەبووە و هەستی پێکراوە.[1]

- بەبڕیاری دەستەی گشتیی گومرگەکانی عێراق، خاڵە گومرگییەکانی فایدە و شێراوە و لەیلان هەڵگیران و داوا لە سەرجەم دەروازە سنوورییەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەکات پابەندی بڕیارەکان بن.[2]

- لە ئەنجامی ڕووداوێکی هاتوچۆ لەسەر ڕێگای سەرەکی عەربەت-سلێمانی، چور کەس گیانیان لەدەستدا.[3]

- لە هۆڵی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سۆران پیشانگایەکی شێوەکاری لە ژێر ناونیشانی (نەوای خەرەند) نمایشکرا.[3]

- پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان ڕایگەیاندوە، بەهۆی بارانبارینەوە بەشێک لەپردی قەڵاتوپزان ڕووشاوە و مەترسی لەسەر

پردەکە دروست کردوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی ئەمشە و بۆمبارانی گوندی برجقووس-ی سەر بە ناوچەی شێراوا-ی عەفرین-یان کردووە. هێزە داگیرکەرەکان بە تۆپهاوێژ هێرشەکەیان ئەنجام داوە و تۆپبارانی گوندەکەیان کردووە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەی وۆل ستریت جۆرنالی ئەمەریکی لەسەر زاریی بەرپرسانی پێشوو و ئێستای ئەمریکا-وە وردەکاری نوێی پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە سوریا بڵاوکردەوە و ئاشکرایکرد تا کۆتای مانگی نیسانی ئەمساڵ تەواوی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە سوریا دەکشێنەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-08
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 197

2019-02-09



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵاتییەکی کورد، بە ناوی مەنسوور فەرەجزادە، تەمەن 29 ساڵ، کوڕی ڕەجەب، لە لایەن دادگای شاری قووچانەوە، بە پێنج مانگ زیندان مەحکووم کراوە. ئەو حوکمە بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران بۆ ئەم هاوواڵاتییە کوردە دەرچووە.[3]
باشووری کوردستان
- لە نزیک گوندێکی کوردنشینی ڕۆژئاوای کەرکووک چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر هێزە سەربازییەکانی عێراق و کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی کۆیە-ی سەربە پارێزگای هەولێر، لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی کۆیە شۆفێران گرد بونەوەیەکیان دژی ئەو بڕارەکەی وەزارەتی ناوخۆ کە کاری شۆفێریی تەکسی بۆ گشت ئەفسەر و کارمەندانی میلاکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و کارمەندانی میلاکی سەربازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و گشت هێزە چەکدارەکان و کارمەندانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم قەدەغەکرد، ئەنجامدا.[2]
- ئەمڕۆ لە شەنگال بە مەراسیمێکی جەماوەریی پێشوازیی لەو 12 ژن و منداڵە کرا، کە لەلایەن شەڕڤانانی قەسەدەوە لە هەنگاوی گەردەلولی جزیرە لە دێرەزۆر ڕزگارکرابوون لە دەستی چەتەکانی داعش. ناوی ئەو ژن و منداڵانەی ئازادکراون: وەها عەباس خەڵەف تەمەن 15 ساڵ، گوندی تل عەزێر، نادین فەرمان ساڵح تەمەن 18 ساڵ، گوندی سولاخ، سەبحا حەسەن کمۆ تەمەن 30 ساڵ، ناوچەی سنونێ، کە دایکی پێنج منداڵە بە ناوەکانی، فەرهاد حەربی، فەدی، لێندا، لێزا، سەلاح، ڕانیە جەلال خودێدا تەمەن 12 ساڵ، گوندی زارۆڤا، مەقبولە خدر تەمەن 33 ساڵ، گوندی تلقەسەب، بەهار بادەل لە گوندی زارۆڤا و بەسێ حەمەد تەمیر تەمەن 30 ساڵ، گوندی تلبەنات.[2]
- کاتژمێر 10:30 خولەکی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، لە هۆڵی مستەفا زەڵمی، لە شاری هەڵەبجە، پانێڵی ڕۆڵی کورد و سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا، دەستیپێکرد، کە لەلایەن کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان- کەنەکە، وە ڕێکخرابوو. ئامانجی پانێڵەکە گفتوگۆکردن بوو لەسەر ڕەوشی هەرچوار پارچەی کوردستان و دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست و ڕێگە چارەی دیموکراتیانە بۆ گرفتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست.[2]
- پارێزگاری کاتی کەرکووک ڕایدەگەیەنێت: لەگەڵ یەکێتی ڕێککەوتین لەسەر ڕادەستکردنەوەی عەرەبە دەستگیرکراوەکان کە بەبێ تاوان دەستگیرکراون. بەرپرسێکی یەکێتیش بێئاگایی خۆی لەو پرۆسەیە دەردەبڕێت.[1]
- دەنگۆی تێکچوونی تەندروستیی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەلایەن چەند سەرچاوەیەکەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام هەر ئەمڕۆ وێنەیەکی ناوبراو لە شارۆچکەی دوکان لەگەڵ شاناز ئیبراهیم ئەحمەدی خوشکی بڵاوکرایەوە.[5]
- کەشناسی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: شەپۆلێکی تەم بەشێکی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە و مەودای بینین کەمتر دەبێتەوە بۆ 500 مەتر.[1]
- شانۆگەرِیی لە چوارەوە بۆ گڵپەی ئەبەدی لە شاری کەرکووک نمایش کرا، شانۆکە باسی لە ئازارەکانی ژنانی کوردستان کرد و پێشکەش بە ڕۆحی سێوان قادر کرا.[2]
- لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا دوو پێشمەرگە لەسنوری شارۆچکەی خورماتوو گیانیانلەدەستدا. ئەوانیش هەریەک لە فەرهاد شوکر و سەرکەوت ڕەحیم لە فەوجی 2ی لیوای 144ی هێزەکانی پێشگەرگەبوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-09
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 198

2019-02-10



باکووری کوردستان

- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی دادگای باڵای تورکیا دۆسیەی لە دژی سێ پارتی کوردی باکووری کوردستان کردووەتەوە کە پاشگری کوردستانیان هەیە. سەرۆکایەتی داواکاری گشتی تورکیا، داوا دەکات چالاکی ئەو سێ پارتە لە باکووری کوردستان و تورکیا قەدەخەبکرێت. بەڵام بەرپرسانی پارتە کوردستانییەکان ئامادە نین پاشگری کوردستان لەناوی پارتەکانیان بسڕنەوە و دەڵێن، ئەگەر حیزبەکانیان داشبخرێن ئامادە نین وشەی کوردستان لەسەر ناوی پارتەکانیان لابدەن. دۆسیەکە لە دژی هەر یەک لە: پارتی دیموکراتی کوردستان - تورکیا، پارتی ئازادی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان کراوەتەوە.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ژنە هاوواڵاتییەکی دانیشتووی شاری سنە بە ناوی لەیلا (نازەنین) حوسێن پەناهی لە لایەن مێردەکەیەوە لە پارکی مندانی ئەو شارە، کوژرا.[6]

باشووری کوردستان

- ئەمرۆ سێیەمین فێستیڤاڵی خلیسکانەی سەر بەفر لە چیای کۆڕەکی گەشتیاری شاروچکەی ڕواندز بەڕێوەدەچێت و تیایدا چەندین یاریزانی ناوخۆیی و بیانی بەشداری فێستیڤاڵەکە دەکەن.[1]
- سەعات 10:30 بەیانی ئەمرۆ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس و پەرلەمانتار کۆڕی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی وەرزی تەمومژ لە نووسینی ئارێز عەبدوڵڵا لە سالۆنی کوردستانی نوێ بەڕێوەچوو.[2]
- بە ئامادەبوونی 30 کۆمپانیای گەشتیاری بیانی و ناوخۆیی، کۆڕبەندێکی گەشتیاری لە ڕواندز ئەنجامدرا، ئەوەش بە ئامانجی بەرەودان بە کەرتی گەشتیاریی و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەم ئە و کەرتە.[1]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتژمێر 11:45، لە شارەدێی قەسرێ سەر بە شاروچکەکەی چۆمان لە سنووری پارێزگای هەولێر، خۆپیشاندانێک لە ناو سەنتەری بازاری شارەدێکەوە تا بەردەم بەڕێوبەرایەتی شارەدێیەکە بەڕێوەچوو. خۆپیشاندانی هاوڵاتیان دژی نەبوونی کارەبایە، کە وەک خۆیان باسیان کرد، لە شەو و ڕۆژێکدا کەمترین کات کارەبایان هەیە.[3]
- بە بۆنەوەی چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی کورستان فۆتۆ، ئەمڕۆ پێشانگایەکی تایبەت بە تاقگەکانی کوردستان بە ناوی ململانێ لەگەڵ تاقگە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکووک کرایەوە.[3]
- ئەمڕۆ ئەو پێنج خوێندکارە ئازادکران، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە کاتی سەردانی چالاکوانانی بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان

لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکرابوون.[3]
- درەنگانی ئەمشە و لەلایەن ژمارەیەک چەکدارەوە پەلاماری هێزەکانی پاسەوانی سنور لەدەروازەی خانەقین دراوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕقانانی لە چوار بەرەوە بەردەوامن لە هەڵمەتەکانیان بۆ کۆتاییهێنان بە دواین پێگەی چەتەکانی داعش، لەو چوارچێوەیەشدا لە هەرێمی باخۆز لە دێرەزۆر، چەتەکانی داعشیان گەمارۆ داوە، کە تەنها ڕووبەری دوو کیلۆمەتریان بەدەستەوە ماوە، فەرماندەکانی قەسەدەش جەختدەکەنەوە، داعش دواین هەناسەکانی دەدات و دەسەڵاتی هەشت ساڵەی لەناوچەکە کۆتایی پێدەهێنرێت.[3]
- هێزەکانی سووریای دیموکراتیک-قەسەدە، لەهەڵمەتی کۆتایی نەهێشتنی داعشدا لەباخۆز 200 هاووڵاتی تری لەدەستی چەتەکانی داعش ڕزگارکرد.[4]
- سیروان بارزانی دژی دروستکردنی ناوچەی ئارامە لە باکوری سوریا، کە بکەوێتە ژێر چاودێڕیی تورکیاوە و دەڵێت: ئەردۆغان ئەو ناوچە جیاکراوەیە بۆ ئاوارەکردنی کوردەکان بەکاردەهێنێت و دەبێتە ناوچەی شەڕ و ململانێ.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە ئیسپانیا کەشتییەکی ڕزگارکردنی کۆچبەران بە ناوی ئالان کوردییەوە کرا و، باوکی ئالان و پووری بانگهێشتی مەراسیمەکە کرابوون.[5]
- سەرۆکی ڕێکخراوی لوتکە ئاشکرای دەکات، ئە و حەوت کۆچبەرە بێسەروشوێنبووەی ماوەی چەند ڕۆژێکە لە دەریای سپی ناوەڕاستدا لە کەسوکاریان دابڕابوون، گەیشتنەوە پارێزگای ئەزمیر لە تورکیا و سەرجەمیان سەلامەتن. وتیشی ئە و کۆچبەرانە ژمارەیان حەوت کەسە و سەرجەمیان هاوڵاتی هەرێمی کوردستانن بە ناوەکانی (هەنگاو محەمەد ئەمین، محەمەد نەوزاد عەلی، بەرهەم مستەفا عەلی، ئاری جەمال قادر، گەیلان ئەنوەر ڕەشید، مستەفا محەمەد مستەفا و ڤانکۆ جیڤارا موسا.[1]
- لە یادی 40 ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا، کە دەوڵەت بە شۆڕشی ئیسلامی ناوی دەبات، گەنجانی کورد لە لەندەن چالاکییەکیان دژی سیستمی دەسەڵاتداریی ئێران ئەنجام دا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-10

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-11
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 199

2019-02-11



باکووری کوردستان
- سەربازانی دەوڵەتی تورک لە شارۆچکەی مسرێ لە پارێزگای سێرت 13 کەسیان دەستگیرکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مەسعود شەمس نژاد، پارێزەری کوردی خەڵکی شاری ورمێ بە تۆمەتی پرۆپاگاندە دژی نیزام و هەوڵدان دژی تەناهی نەتەوەیی لە لایەن لقی 3ی دادگایی ئینقلابی ئەو شارە بە 6 ساڵ زیندان مەحکووم کرا.[5]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی مەحەمەد سەلیمی تەمەن 31 ساڵ، کوڕی جەلال، لە بەخشی سیروان سەر بە شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار گواستراوەتەوە.[5]
باشووری کوردستان
- جارێکی دیکە بەشێک لە سێ یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم بۆ ساڵی (2015-2016) خۆپیشاندانیان دەستپێکردەوە و ڕێگەی بەردەم ئەنجومەنی وەزیرانیان لە هەولێر داخست.[1]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دوو تەرم لە نزیک شەقامی پشتێنەیی کەلار دۆزرانەتەوە کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانن و پێدەچێت بەهۆی غازەوە خنکابن.[3] ئەو دوو کەسە کرێکار بوون و ناویان 'موسا سەبری منجی، جودی فارس سەبری-یە'، و دانیشتوی کامپی ئاوارەکانی شارەدێی عەربەتی سەربە پارێزگای سلێمانیین.[4]

- بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان لێژنەکانی وەزارەتی بەرگری و پێشمەرگەدا هەیە، سەر لەبەیانی ئەمڕۆ هێزێکی پێشمەرگە لەسەر ڕێگەی کفری نزیکەی 7 کیلۆمەتر چوونەتە پێشەوە بۆ ناو دوو ڕەبیەی پێشووی خۆیان (پێش 16ی ئۆکتۆبەر) لەنزیک گوندی قۆری چای.[1]
- ئەمڕۆ لە کاتژمێر 07:30ی بەیانیدا لە لێلیکانی ناوچەی برادۆست لە باشووری کوردستان شەڕ لە نێوان هێزەکانی گەریلای پەکەکە و سەربازانی سوپای تورکدا ڕوویدا.[2]
- شەوی ڕابردوو خانووی دوو خانووی دوو خێزانی کورد لە گوندی دارا-ی سنوری شارۆچکەی خانەقینی پارێزگای دیالە لەلایەن داعشەوە سوتێندرا.[4]
- لە کەرکووک لە گەڕەکی شوراوی یەک، نارنجۆکێک خرایە مالی موقەدەم فەرهاد مەحمود، کە بەڕێوبەری بنکەی پۆلیسی ئازادییە، جگە لە زیانی مادیی، زیانی گیانی بە دواوە نەبووە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- پەرلەمانتارانی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بە ئامادەبوونی پەروین بوڵدان و سەزای تەمەلی هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەرەڕای ڕێگریی پۆلیسی تورکیا، لە مەیدانی تەقسیم-ی ئیستەنبوڵ دژی گۆشەگیریی سەر ئیمراڵی خۆپیشاندانیان کرد.[2]
- سەرۆکی ئەمریکا دووبارە دڵنیاییدا لەوەی لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا 100%ی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵدەکەنەوە کە داعش گرتبووی و دەستەگرن بەسەر هەموو ئەو دەستکەوتانەی هەیانبووە لە سوریا.[1]
- لە ناوچەی چەکمەکۆی ئیستەنبوڵ کۆپتەرێکی سەربازیی تورکیا کەوتە خوارەوە. پارێزگاری ئیستەنبوڵ ڕایگەیاند 4 سەرباز مردوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سێرت
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-11

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 200

2019-02-12



باکووری کوردستان
- دەوڵەتی تورک لە 21 گەڕەک و دێ و لادێی ناوچەی لیجەی ئامەد قەدەغەی هاتووچۆ ڕاگەیاند. پێش ڕاگەیاندنی ئەو قەدەغەکارییە سوپای تورکیا دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی کرد.[1]
- ئیبراهیم بیلمەز، جەنگیز یورەکلی، فائیک ئۆزگور ئەرۆل و نەورۆز ئوویسال پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، بەمەبەستی دیداری ئۆجالان بۆ جاری 789هەم داواکاریان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی بوورسا کرد، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چالاکێکی ژینگەپارێزی، خەڵکی شاری کامیاران، بە ناوی سیروان قوربانی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[2]
- ڕێکخراوی UNPO بە هاوکاریی چەند پارلەمانتارێکی پارلەمانی ئەوروپا بۆ ڕاکێشانی سەرەنجەکان بۆ پرسی کۆڵبەرەکان لە کوردستان کەمپەینێکیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتر دامەزراندووە. بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپەینە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران لە کۆڵبەران پێشێلکردنی یاسا و پێبەند نەبوون بە یاسای نێونەتەوەیی دەزانن.[2]
باشووری کوردستان
- ژنێکی کوردی ئێزدی بەناوی مەهدیە بەشار لەگەڵ دوو منداڵی لە دەستی داعش ڕزگارکران.[5]
- پۆلیسی سلێمانی کەسێکی دەستگیرکرد کە تۆمەتبارە بەوەی دوێنێ ژنبرایەکی خۆی بە چەقۆ کوشتووە، تاوانبارەکە خەڵکی ڕۆژاوای کوردستانە.[3]
- ئاسایشی پارتی سێ کەسی دیکەی بە تۆمەتی بەشداریکردن لە خۆپێشاندان لە سنووری شیلادزێ دەستگیرکرد، کە یەکێکیان گەنجێکە بە ناوی ئەیاد ڕەمزی سەیدۆ و دوو کەسەکەی تر ناسنامەیان ئاشکرا نەبووە.[4]
- تەرمی پێشمەرگەی دێرین و کارگێڕی مەڵبەندی 24 ی ڕاپەڕین شەهلا عەبدوڵا لەگۆڕستانی گەورەی شاری قەڵادزێ بەخاکسپێدرا.[6]
- وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی لێژنەیەکی تایبەتەوە نزیکەی 10 هەزار پارچە چەکی جۆراوجۆر لەنێودەبات، بەشی هەر زۆری ئەو چەکانەش دەمانچەی تورکی و چەکی ڕاوکردن و کڵاشیەکێتی نیشتمانیی کوردستانۆفن.[5]
دەرەوەی کوردستان
- مەنسور بعێجی، پەرلەمانتاری هاوپەیمانی (البناء) لەبارەی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ کەرکووک هۆشداری دەدات و پێیوایە ئە و کارە بەواتای گەڕانەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم و هەڵوەشانەوەی ئۆپراسیۆنی سەپاندنی یاسایە کە دەسەڵاتی فیدراڵی کردوویەتی.[3]

- پۆلیسی ئەڵمانیا بەیانیی ئەمڕۆ لە شاری نۆیس هەڵیکوتایە سەر بینای وەشانخانەی میزۆپۆتامیا و کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەریی میر موزیک. لە کاتی ئە و هێرشەدا وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ڕایگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد کە بڕیاری داخستنی 2 ناوەند دراوە. پۆلیس دەرگەی میر موزیک و وەشانخانەی میزۆپۆتامیای داخست و دەستی بەسەر کەلوپەلەکاندا گرت.[1]
- لە بارەگای پارتی یەکێتی دیموکراتی- پەیەدە، لەشاری ئەسینا-ی پایتەختی یۆنان، هەریەک لە نوێنەرانی حزبی دیموکراتی ئێران، کۆمەڵەی کۆمۆنیستی ئێران، بزوتنەوەی گۆڕان، پارتی یەکێتی دیموکراتی- پەیەدە، کۆبوونەوە. لە کۆبوونەکەدا قسە لەسەر دروستکردنی هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان پارتە کوردییەکان کراوە، هەروها باس لەوەکراوە، کە کۆمیتەیەکی هاوبەش لەنێوان خۆیاندا پێکبهێنن بۆئەوەی بەدواداچوون بۆ کێشەی پەنابەران و کۆچبەرانی کورد لە وڵاتی یۆنان بکەن.[4]
- پۆلیسی ئەڵمانیا لە نزیک شاری کارلاروە هێرشی کردە سەر ئە و گەنجانەی دژ بە پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی دژ بە ئۆجالان لە شاری مانهایم-ی ئەڵمانیا بەرە و شاری ستراسبۆرگی فەڕەنسا دەستیان بە ڕێپێوانی درێژ کردبوو.[1]
- ئەمڕۆ بەهۆی گومانکردن لە بوونی پەیوەندیان بە هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی 2016، دەسەڵاتدارانی تورکیا 641 کەسیان دەستگیرکردوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: فەڕەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-12
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-12
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-12
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 201

2019-02-13



باکووری کوردستان
- زیندانیی کورد محەمەد گۆک (62 ساڵان) لە زیندانی پیێ (ت)ی دەوڵەتی تورک لە تەرسووس، بەهۆی نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد.[2]
- لەیلا گیوفەن هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی (کەجەدە) و پەرلەمانتاری پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) کە لەپێناو هەڵگرتنی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان ماوەی 98 ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە، ئەمڕۆ باری تەندروستی زیاتر تێکچوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.[2]
- لەیلا گوفەن لە نەخۆشخانە ڕەتیکردەوە چارەسەری بۆ بکرێت، بۆیە برایەوە ماڵەکەی و بەردەوامە لە چالاکیی مانگرتن دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان.[6]
- پۆلیسی تورکیا لە شاری چەولیک هەڵیکوتایەسەر ماڵی هاوواڵتیان وبەربژێری ئەنجوومەنی شارەوانی هەدەپە محەمەد باخچادوورموش و چەندین کەسی تری دەستگیرکرد.[2]
- ئۆرهان دەمیر ئەندامی مەجلیسی گەنجانی هەدەپەی شاری وان، بەرەبەیانی ئەمڕۆ لەمەڵەکەی خۆیدا دەستگیرکرا.[2]
- لە شاری مەڵەتیی باکووری کوردستان و شارەکانی ئیستەنبوڵ و کۆجائەلیی تورکیا لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا 25 کەس دەستگیر کران.[2]
- بەیانیی ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا لە ناوچەی بازید-ی ئاگری هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵ. لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکەدا 8 کەس دەستگیر کران، لەنێویاندا منداڵێک و دایکێکی خاوەن کۆرپەیەکی 6 مانگی هەن. پۆلیس هەڵیکوتایە سەر ماڵی م.س-ی 17 ساڵان، دەرگەیان شکاند و کاتێک زانیان ناوبراو لە ماڵ نییە، چەکیان لە باوکی ڕاکێشا و پێیان گوت دەبێت بانگی م.س بکات کە بگەڕێتەوە ماڵەوە. پۆلیس فشاریان خستە سەر ماڵەکە و دەستیان بە گەڕان و پشکنین کرد. 3 ڕۆژ پێشتریش پۆلیس چووبوویە ماڵەکە و پێیان گوتبوون: (هەواڵمان پێگەیشتووە کە دز هاتوونە ماڵەکەتان). خاوەنی ماڵەکە گوتبوویان ئەوە ڕاست نییە، دواتر پۆلیس ڕۆیشتبوون. م.س-ی 17 ساڵان بەر لە 4 ساڵ بەهۆی بڵاوەکراوەکانی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەستگیرکرابوو، بڕیارە سبەینێ ببرێتە دادگە. ڕاگەیەنرا هەر 8 کەسەکە کە دەستگیر کرابوون گواستراونەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایش.[2]
باشووری کوردستان
- بەشداربووی پرۆژەی گوندی کۆری لە شاری هەولێر بۆ جاری سێیەم گردبوونەوەیان لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدا. ئەوان وەک سێ هەزار و 786 خێزان، ماوەی پێنج ساڵە چاوەڕێی حکومەتی هەرێم دەکەن خانووەکانیان ڕادەستبکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا پرۆژەکە تەواونەکراوە، ئەمە لەکاتێکدایە کۆی ئە و پارانەی لەسەرجەم بەشداربووانی ئەم پرۆژەیە وەرگیراوە گەیشتووەتە 28 ملیۆن دۆلار.[1]
- تەرمی شوانێک بەناوی محەمەد کەریم حەمەجان تەمەن 35 ساڵان لە شارەدێی ناڵپارێز لە سنووری پێنجوێن بەخنکاوی دۆزرایەوە.[3]
- مەکتەبی سیاسی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کاندیدی پۆستی وەزیری داد لە حکومەتی فیدراڵیدا دەستنیشانکرد بەکاندیدکردنی (سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم) ڕاوێژکاری یاسایی مەکتەبی سیاسی.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ڕایدەگەیێنێت، پێویستە لە ماوەی شەش مانگدا سەرجەم ئەو هاووڵاتیانەی چەکیان لە ماڵەوە هەیە، سەردانی بنکەکانی تۆمارکردن بکەن و چەکەکانیان تۆمار بکەن، بە پێچەوانەوە هەرکەسێک چەکەکەی تۆمار نەکردبێت و دەست بەسەر چەکەکەیدا بگیرێت، ڕێکاری یاسایی لەگەڵدا دەکرێت و بەپێی یاسا سزا دەدەرێت.[4]

- لە ناوچەی پیشەسازی شارۆچکەی سۆران کارگەیەکی بەرهەمهێنانی نایلۆن سوتا و بەوهۆیەوە دوو کرێکاری کارگەکە بەسەختی بریندار‌بوون.[1]
- ئەمشە و لەسەر ڕێگەی ئیمام وەیس لەسنوری شارەبان بەرە و ناوچەکانی سەعدیە و خانەقین داعش پەلاماری هێزەکانی پۆلیسدا. پۆلیسێک کوژراوە و یەکێکی تریش بریندار‌بووە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای تورک و چەتەکانی کە کانتۆنی عەفرینیان داگیرکردووە، ئەمشە و بۆمبارانی گوندی برج قاس-یان کرد لە ناوچەی شێراوا-ی سەر بە کانتۆنی عەفرین.[2]

دەرەوەی کوردستان

- لە شاری زاهیدان هێرشێکی خۆکوژی کرایەسەر پاسێکی سوپای پاسداران و 40 پاسدار کوژران و بریندار‌بوون.[5]
- عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: دەبێت هەرێمی کوردستان 250 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە ڕادەستی کۆمپانیای سۆمۆ بکات.[1]
- لە شاری ئیستانبوول پۆلیس هەڵیکوتایە سەر مااڵی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، لەو ئۆپەراسیۆنەدا ڕۆژنامەوان مەلەک جیهان و چەندین کەسی تری دەستگیرکران.[2]
- لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا کۆنفرانسی پەرەپێدانی ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست کە بڕیارە ڕێکارەکانی جێگرکردنی ئاشتی و ئاسایشی هەمیشەیی لە ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست تاوتوێ بکات، بە ئامادەبوونی کاربەدەستانی باڵای زیاتر لە 70 وڵاتی جیهان دەستی بە کارەکانی کرد.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: چەویلک
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-13
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-13

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 202

2019-02-14



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورکیا لە ناوچەی نسێبین هێرشی کردە سەر پەرلەمانتارانی هەدەپە کاتێک بۆ پشتگیریی لە بەرخۆدانی لەیلا گیوفەن کۆبووبوونەوە. بەهۆی هێرشەکە پەرلەمانتار پەروٓ دوندار-یش بەسوکی بریندار بووە.[3]
- پۆلیس ئەمروٓ دەوری مالی لەیلا گیوفەنی گرت کە دەکەوێتە سەر شەقامی ئارام تگران. بە گوێرەی زانیارییەکان پۆلیس هەموو ڕێگەکانی دەوروبەری مالی لەیلا گیوفەنی داخستووە.[1]
- ئیبراهیم بیلمەز، جەنگیز یورەکلی، فائیک ئۆزگور ئەرۆل و نەورۆز ئوویسال پارێزەرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان، ئەمروٓ بۆ جاری 790هەم داواکارییەکیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئۆجالان، بەڵام ئەم جارەش داواکارییەکەیان ڕەتکرایەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمروٓ کاتژمێر 10:00 بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵک لە بەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران ماموستایان لە پارێزگاکانی کرماشان، سنە و ورمێ ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بە هەڵگرتنی پانکارد و وتنەوەی دروشم، دەستیان بە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین کردووە.[3]
- ئەمروٓ کیومەرس، فەرماندەی هێزی پاسەوانی سنووری پارێزگای سنە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا کە لە سنە بەڕێوەچوو، ڕەوایەتی بە بەردەوامی کوشتاری کۆڵبەران دەدات و دەڵێت: ئەو کەسانەی بیانەوێت خاڵە سنووریەکان و ئەو هەرێمە ئەمنی سنووریانە دیاری کراون ببەزێنن، چیتر بە کۆڵبەر هەژمار ناکرێن و دەبنە هاتووچۆکەرێی نایاسایی و دەستدرێژی کەری بیانی و تاوانکار لەقەڵەم دەدرێن.[3]
- کۆمەڵێک لە چالاکانی مافی ژنان لە شاری سنە، لە پێوەندی لەگەڵ تووندوتیژی دژی ژنان لە بەهەشتی محەممەدی ئەو شارە، لە سەر مەزاری لەیلا حوسێن پەناهی ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوە برد. ئەم ڕێوڕەسمە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ یادی هەموو ژنانی قوربانیی تووندوتیژی دەستی پێکرد و دواتر پارچە شیعرێک لە لایەن یەکێک لە بەشداربووانەوە خوێندرایەوە.[5]
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی ڕزگار محەممەدی بە بارمتەی 70 میلیۆنی تا کاتی بەڕێوەچوونی دادگا بە شێوەی کاتی ئازاد کرا. هاوکات لەگەڵ ئازادی کاتیی ئەم هاوولاتییە، هاوولاتییەکی دیکەی کورد بە ناوی عادڵ قادری تەمەن 27 ساڵ کوڕی ڕەسوڵ خەڵکی پەسوێ سەر بە شاری پیرانشار بە شێوەی کاتیی ئازاد کراوە.[6]
باشووری کوردستان
- ڕێڤینگ هروری سەرۆکی کاتیی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆبووەوە و دوای کۆبوونەوەکەش کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی ئەنجامدا. لە کۆنگرەکەدا، هروری، داوایکرد، پەرلەمانتاران ڕۆژی دووشەممە 18ی شوبات ئامادەبن بۆ تەواوکاریی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان کە بە کراوەی ماوتەوە، بۆ هەڵبژاردنی دەستەی

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی هەرێم.[3]
- وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم فەرمانی کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەڵەبجەی دەرکرد و بەپێی فەرمانەکەش چەند بنکەیەکی گومرگی ناوچەکە دەبەسترێنەوە بە و بەڕێوەبەرایەتییەوە.[4]
- تورکیا لە شاری کەرکووک ناوەندێک دەکاتەوە بۆ پێدانی فیزا بە هاوڵاتیان پارێزگاری بەوەکالەتی کەرکووکیش ڕایدەگەیەنێت: تورکیا داوای مۆڵەتی کردووە بۆ کردنەوەی کۆنسوڵخانە لە شارەکە.[3]
- دوای بڵابوونەوەی دەنگۆی ئەوەی ئەمسأل بەهۆی زۆری بارانبارینەوە بەرهەمی دانەوێڵەی جوتیاران زیانی بەرکەوتووە، کشتوکاڵی گەرمیان دەڵنیایی دەداتە جوتیاران کە مەترسی لەسەر بەرهەمەکانیان نییە و حاڵەتی زەردبوونی دانەوێڵەش ئاساییە.[4]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵ و بە ئامادەبوونی قایمقامی قەزاکە و ژمارەیەک لە بەرپرسانی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی شەهیدانی حزبی شیوعی کوردستان کرایەوە.[4]
- لە ناوەندی دەستەی کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی، لە گەڕەکی قڕگە-ی شاری سلێمانی، سیمینارێک، لە ژێر ناونیشانی 'بەهاکان لە ناوسیستمی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان' ڕێکخرا، بۆ هەریەک لە بەهەمەن تاهیر، پسپۆڕ لە بواری پەروەردە و زمان و ئومێد قەرەداغی، نووسەر و مامۆستای زانکۆ.[3]
- مەراسیمی بەخشینی یەکەمین خەڵاتی ئاڵتونی شاعیر شێخ ئەحمەد شاکەلی بەڕێوەچوو. لە کۆتایی مەراسیمەکەشدا خەڵاتی ئاڵتونی بنەماڵەی شاعیر، بەخشرایە، پێشمەرگە و نووسەر و کەسایەتی دیاری گەرمیان مامۆستا عەلی عەبدوڵا ناسراو بە عەلی پەرلەمان.[4]
- لە شارەدێی بێتواتەی شارۆچکەی ڕانیە زیاتر لە 14 هەزار پەنجە ماسی لە جۆری ماسی کارب خرایە ناو ئاوی بەنداوی سەروچاوەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- 20 ژنە پەرلەمانتاری ئەڵمانیا لە ویلایەتە جۆراجۆرەکانی ئەڵمانیا داوایانکرد، داواکەی لەیلا گیوفەن بۆ کۆتایهێنان بە گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە خێرایی جێبەجێ بکرێت.[1]
- سوپای پاسداران ئاماری قوربانییانی دوێنێی تەقینەوەی پاسێکی لە سیستان و بەلوچستان ڕاگەیاند و ئاشکرای کرد، لەو تەقینەوەدا 27 پاسدار کوژراون و 13ی دیکەش بریندارببوون.[2]
- لەئۆپراسیۆنێکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدا لەگوندی باغوز لەسەر سنووری عیراق- سوریا لە تونێلێکدا کە لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە لێدرابوو، 40 تۆن ئاڵتون و ملیۆنان دۆلاری ئەمریکی دۆزرایەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-02-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-16

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 203

2019-02-15



باکووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی تورکیا بەهۆی بڕیاری قەدەغەی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، ڕێگەیان بەرێپێوانی ئەندامان و لایەنگرانی هەدەپە لە چەند شارێکی باکووری کوردستان نەدا.[1]
- محەمەد ئۆجالان برای عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پارێزەر مەزلوم دینچ پارێزەری ڕێگەپێدراوی بنەماڵی ئۆجالان بۆ ئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن لە ڕێگەی پارێزەرەکانیانەوە سەردانی داواکاری گشتیی کۆماریان لە بورسا کرد. بەڵام ئەمجارەش داواکەیان لەلایەن تورکەکانەوە ڕەدکرایەوە[4]
- کاندیدی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بۆ هاوسەرۆکایەتیی شارەوانیی ئاگری یەلیز قەرەئەسلان زیندانی کرا.[4]
- هاوسەرۆکی هەدەپە لە جۆلەمێرگ سینان کایا بە بیانووی ئەوەی بەشداری کردووە لە چالاکییەک بۆ پشتگیری لە مانگرتنی لەیلا گیوفەن، زیندانی کرا.[4]

ڕۆژهەلاتی کوردستان
- لە چوارچێوەی ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران و گربوونەوەی ناڕەزایی ماموستایان، چەندین کەس لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیرکراون.[2]
- موختار ئەسەدی، مامۆستای زمانی ئینگلیزی و ئەندامی کانوونی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان لە بەرانبەر ماڵەکەیدا لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کراوە.[3]

- لە بیستەمین ساڵیادی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی 15ی شوباتی 1999ی دژ بە عەبدوللا ئۆجەلان، زیندانییانی سیاسیی کورد لە زیندانەکانی ئێران دەستیان بە مانگرتن لە خواردن کرد.[4]
- بەڕێرسانی خۆجێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوا لە حکومەتی ئێران دەکەن بڕیاری قەدەغەکردنی کاری کۆڵبەری هەڵبوەشێنێتەوە و ڕێگە بە دانیشتووانی ناوچە سنووربییەکان بدرێت لە ڕێڕەوە ڕێگەپێدراوەکانەوە کەلوپەل بگوازنەوە.[5]
باشووری کوردستان
- لە سلێمانی، هەریەکە لە ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک و تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان، گردبوونەوەیەکیان بۆ شەرمەزارکردنی گەلەکۆمەی نێودەوڵەتی 15ی شوباتی ساڵی 1999 ئەنجامدا.[4]
- کۆمیتەی ئامادەکاریی چالاکییەکانی 15ی شوبات، لە شاری هەولێر خۆپیشاندانێکیان ئەنجام داو چوونە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان.[2]
- بەرپرسی ڕێکخراوی بەدر لقی باکوور ڕایگەیاند، ئەمریکا هێزی سەربازی نوێی ڕەوانەی سەربازگەی K1 لە پارێزگای کەرکووک کردووە، داواشی لە حکومەت کرد پرسی ئەو هێزانە ئاشکرابکات و هۆکاری بوونیان لەکەرکووک ڕابگەیەنێت.[5]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ بەشێک لە چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین، بۆ پشتگیری لە چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسانی شێلادزێ و سنوری بادینان، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیان لە ڕانیە ئەنجامدا.[2]
- پارتی و یەکێتی لە سلێمانی کۆبوونەوە، سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە کەسیان بە پاکێجی ئەوی تریان ڕازی نەبوون.[1]
- ئەمڕۆ گروپی پارێزەرانی خۆبەخشی دۆسیەی گیراوانی شیلادزێ و گیراوانی دهۆک، لێدوانێکی نوسراویان لەسەر گیراوانی بادینان بڵاوکردەوە. پارێزەرانی خۆبەخشی دۆسیەی گیراوانی خۆپیشاندانی شیلادزێ و گیراوانی دهۆک لە لێدوانەکەدا دەڵێن: ماوەی 48 کاتژمێرە شێروان شێروانی لە زیندانی زرکا لەلایەن هێزێکی چەکداری نەناسراوەوە، بە بێ بڕیار و ئاگاداری دادگا گواستراوەتەوە بۆ شوێنکی نادیار، کە یەکێک بوو لەو 18 گیراوەی بە ماددەی 156 یاسای سزادانی عێراق تۆمەتبار کراون.[2]
- هەنارەدەی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئێران ڕاگیرا ئەوەش بە بڕیارێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم.[6]
- بەهۆی بارینی بەفرەوە، ڕێگەی نێوان سۆران، ڕواندز و چۆمان-ڕانیە لە دیوی سنووری شارەدێ وەرێ داخراوە.[6]
- بەهۆی بارینی بەفرەوە، سبەی شەممە لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندنی سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پێنجوێن کرایە پشوو.[6]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ کۆنفرانسی (چارەسەریی قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین؛ تێڕوانینەکانی عەبدوللا ئۆجەلان) لە ئەنجومەنی لۆردان-ی بەریتانیا دەستی پێکرد. ماوریس گلاسمان ئەندامی ئەنجومەنەکە لە لیستی پارتیی کرێکاران میوانداری کۆنفرانسەکەی کردووە و بە پشتگیریی سەندیکاکانی بەریتانیا کە ملیۆنان ئەندامیان هەیە، هەروەها ناوەندەکانی گەلی کورد لە و وەڵاتە بەڕێوەدەچێت.[4]
- پۆلیسی بەریتانیا هێرشی کردە سەر ڕێپێوانی درێژمەودای هەرێمی وێڵز کە بەمەبەستی ئیدانەکردنی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی 15ی شوباتی 1999ی دژ بە ئۆجالان و گۆشەگیری، بەڕێوەدەچوو.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-02-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-02-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-02-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-02-15

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 204

2019-02-16



باکووری کوردستان
- عومەر یلدرم هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتیکی گەلان - هەدەپە، لەناوچەی هەواگ-ی ڕەحا لەلایەن پۆلیسی تورکەوە دەستگیرکرا و ڕەوانەی بەندیخانەکرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی بەختیار حەسەنی کوڕی ئەحمەد، خەڵکی گوندی بلەسەن سەر بە شاری بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکان لە سنووری هەنگەژاڵ گیانی لە دەست دا.[2]
- سەحەر کازمی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری سنە، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەم شارەوە بە 5 ساڵ زیندان مەحکووم کرا.[2]
- شەپۆلێکی نوێی سەرماوسۆڵە و بەفربارین لە ڕۆژی هەینییەوە جارێکی دیکە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتووەتەوە و بەفرێکی زۆر بەتایبەت دوو پارێزگەی ورمێ و سنەی سپیپۆش کردووە. بەهۆی بەرفربارینەوە ئەمڕۆ قوتابخانەکانی زۆربەی شار و گوندەکانی ئەو دوو پارێزگەیە داخراون. بەگوێرەی ڕاگەیاندنی پەروەردەی پارێزگای سنە ئەمڕۆ شەممە 16-02-2019 هەموو قوتابخانەکانی شار و گوندەکان لە بانە، سەقز و دیواندەرە هەروەها ناوچەکانی زێویە، کەڵاتەرزان، سەرشیو، کۆماسی و جانەوەرەش داخراون. ڕێگای پەیوەندیی زیاتر لە 150 گوند لە ناوچەکانی مەریوان، بانە و سەقزیش داخراون.[3]

باشووری کوردستان

- گوتەبێژی میحوەری (باکووری عێراق)ی حەشدی شەعبی ڕایگەیاند، تاوەکو ئێستا حەشدی شەعبی لە سنووری خورماتوو و هیچ ناوچەیەکی دیکە نەکشاوەتەوە و هیچ گفتوگۆیەکیشی لەوبارەوە نەکردووە.[3]
- ئاستی ئاوی بەنداوی دوکان گەیشتووەتە زیاتر لە 505 مەتر لەئاستی ڕووی دەریا، بەڕێوەبەری بەنداوەکەش دڵنیایی دەدات کە زۆربوونی ئاوەکە زیانی بۆ ناوچە گەشتیارییەکان نابێت.[5]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی بە کۆی دەنگ بڕیاریداوە بە دوورخستنەوەی نەجمەدین کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە حیزبەکە.[5]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی بڕیاریداوە بە دانانی لەتیف شێخ عومەر، وەک وتەبێژی نوێی یەکێتیی.[5]
- دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی شاری خانەقین و پارێزگاری دیالە، تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان بە ئامادەبوونی هاوسەرۆکی گشتی و ئەندامان ولایەنگرانی بەفەرمی بارەگای خۆی لە خانەقین کردەوە.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات دوا پێگەی داعشیان کۆنترۆڵکردەوە و هەسەدەش ڕایدەگەیەنێت: لەنزیکترین کاتدا مژدەی سەرکەوتن ڕادەگەیەنن.[1]
- چیا فورات، فەرماندەیەکی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدە، لەسەر کۆتا قۆناغی شەڕی کۆتایی هێنان بە تیرۆر لە هەنگاوی گەردەلوولی جزیرە، لە دێرەزۆر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی بەڕێوەبرد. چیا فرات ڕایگەیاند: لە باخۆزی سەروو چەتەکانی داعش گەمارۆ دراون و لە مەودایەکی 600 بۆ 700 مەتر ماونەتەوە، بەهۆی ئەوەی چەتەکان خەڵکی سڤیل وەک قەڵغان بەکار دێنن، هێزەکانمان بە ئارامی پێشڕەوی دەکەن.[5]
- لەناوچەی باغوزی ڕۆژهەڵاتی فورات لەسوریا، لەلایەن شەڕڤانان 10 شەڕڤان کەلەلایەن داعشەوە بەدیلگیرابوون ڕزگارکران.[7]

دەرەوەی کوردستان

- زۆرینەی سەرچاوە کوردییەکان بڵاویانکردەوە کە دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوونوسی ناوداری کورد، لە شاری بۆن ئەڵمانیا کۆچی دواییکردووە، بەڵام پاشتر ئەم هەواڵە بەدرۆ خرایەوە.[1]
- لە زۆریک لە شارەکانی ئەوروپاوە دەیان هەزار کەس ڕوویان لە ستراسبۆرگ کرد. جەماوەری گەل دروشمەکانی ئازادی بۆ ئۆجالان و لەیلا گیوفْەن شکۆ و کەرامەتمانە دەڵێنەوە.[4]
- دەیان سیناتۆر و پەرلەمانتاری فەرەنسی داوایانکرد، حکومەتی فەرەنسا بە خێرایی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەندارای لە ڕۆژئاوا بکات، کە تورکیا کردوویەتییە ئامانج و خاوەندارییش لە بەرخودانی ژنانی کوردی مانگرتوو بکات.[4]
- ئەنگێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا هۆشداریی داوە و ڕایگەیاندووە: کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا دەبێتە هۆی بەهێز بوونی ئێران و ڕوسیا لە ناوچەکە، هاوکات جێگری سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، ئەمریکا هەروا دەستبەرداری چەتەکانی داعش نابێت.[6]
- ئەردۆگان ڕایگەیاند: بەهیچ شێوەیەک لە بڕیاری کڕینی سیستمی موشەکی ئێس 400ی ڕوسی ناکشێینەوە و هیچ فشارێکیش لە و بارەیەوە کاریگەری نابێت.[7]
- لە لێدوانێکی هاوبەشدا، 12 تۆڕ و هاوپەیمانیی عێراقیی، داوای ئازادکردنی چالاکوانانی بادینان دەکەن و دەڵێن، پێمانوایە خودی دەستگیرکردنە، پێشلکارییە بۆ مافێکی دەستووریی، کە بریتییە لە مافی ڕێکخستنی خۆپیشاندان.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-16
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-16
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 205

2019-02-17



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵاتییەکی کورد، بە ناوی ئاکام قادری، کوڕی ڕۆستەم و تەمەن 31 ساڵە، بۆ لێپێچینەوە لە گرتنگەی ئیتلاعاتی بۆکانەوە گواستراوەتەوە بۆ گرتنگەی ئیتلاعاتی ورمێ.[4]
- ڕێوڕەسمی کرانەوەی نووسینگەی وەشانگەی باشوور، بە بەشداریی کۆمەڵێک لە نووسەران، شاعیران و هۆگرانی زمانی کوردی لە شاری ئیلام بەڕێوە چوو.[4]
- مەسعود شەمس نژاد پارێزەرێکی پلە یەکی دادگا بە دانانی بارمتە لە زیندانی ناوەندیی ورمێ ئازاد کرا.[6]
- دوو چالاکیی ژینگەپارێز بە ناوەکانی ئارمان وەفایی و شاهۆ فەرەجی خەڵکی شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[4]
- چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی ئیرەج ڕەحیم زادە خەڵکی شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[4]
- چالاکێکی کورد، بە ناوی ئەفشین شەیخولئیسلامی وەتەنی، خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[4]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی زەکریا نەقشبەندی لە شاری سنە و ناوبراویان دەسبەسەر کرد.[4]
باشووری کوردستان
- فیدراسیۆنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، یاداشتێکیان ئاراستەی نووسینگەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی کرد و، داوای ئازادکردنی دەستگیرکراوانی بادینان-یان کرد.[5]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ تۆڕی پارێزەرانی خۆبەخش بە مەبەستی زانینی چارەنووسی شێروان شێروانی، چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنیی و ڕۆژنامەنووس سەردانی زیندانی زرکا-یان کرد. ڕێبین شەمامکی یەکێک لەو پارێزەرانە بە ڕۆژنیوزی وت: لە زیندانی زەرکا، ڕێکان ڕەشید و تاکور زەردەشتی-مان بینی، بەڵام شێروان شێروانی لەوێ نەبوو. سەبارەت بە شوێنی شێروان شێروانی، کە لە ڕۆژی 13ی ئەم مانگە لە زیندانی زەرکا بردرا، ئەو پارێزەرە، وتی: ئێمە لێکۆڵینەوەمان کرد و دادوەری ئاسایش پێی ڕاگەیاندین، کە شێروانی گواستراوەتەوە بۆ ئاسایشی گشتیی دهۆک و دۆسیەیکی دیکەی بۆ کراوەتەوە.[5]
- سەرۆکی کاتی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: ئەگەر ڕێککەوتنی سیاسی لەنێوان پارتی و یەکێتی نەکرێت، ئەوا کۆبوونەوەی سبەی پەرلەمانی کوردستان دواخرێت و هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت و تەنیا سەرۆکی پەرلەمانی هەڵنابژێردرێت.[2]
- فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیانی لەبارەی کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرا دەکات و ڕایدەگەیێنێت، بەشداری دانیشتنی پەرلەمان دەکەین و بەربژێرمان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەبێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورک بە چەکی قورس و مامناوەندی هێرشیان کردە سەر خاڵەکانی ئەنجوومەنی سەربازیی باب لە گوندی ویران لە ڕۆژهەڵاتی باب.[1]
- لە ناوچەی شەرا-ی عەفرین لەڕێگەی ئۆتۆمبێلی بۆمڕێژکراو بنکەی چەتەکانی سوڵتان موورادکرایە ئامانج. لەلایەکی ترەوە لە ناوچەی جندرێس عەفرین مینێک بە چەتەکانی سەربەدەوڵەتی تورکیادا تەقییەوە.[1]

دەرەوەی کوردستان
- لە شاری ستراسبۆگ وڵاتی فەڕەنسا، ڕێکخستنەکانی ئەوروپای تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان، لە بەردەم باڵەخانەکانی کۆنسە و پارلەمانی ئەوروپا و کۆمیتەی بەرگرتن لە ئەشکەنجەی ئەوروپا (سی پی تی-CPT، دژی دەستگیری و ڕەشبگیریەکانی هەرێمی بادینان و داگیرکاری ڕژێمی تورکیا و تاوانەکانی ئەو ڕژێمە لە باشور کوردستان چالاکیان ئەنجامدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: فرەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-17
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 206
2019-02-18

بەپەلە..



باکووری کوردستان

- تیپی وەرزشی جیزرە سپۆرت کە تیپێکی تۆپی پێیە، بۆ بەشداریکردن لە یارییەک لە جزیر-ی باکوری کوردستانەوە چووبوونە ئەنتالیا، تووشی هێرشی نەژادپەرەستانەی لایەنگرانی تیپی بەرامبەر هاتن. پێش ئەوەی یارییەکە دەستپێبکات، لایەنگرانی تیپی بەرامبەر دژی جزیرە سپۆرت دروشمی نەژادپەرەستانەیان وتەوە، دوای یارییەکە گروپێک لە لایەنگرانی تیپی بەرامبەر هێرشیان کردە سەر یاریزانانی تیپی جزیرە سپۆرت و سێ یاریزانیان و ڕاهێنەرێکیان برینداربوون و بە ناچاری شارەکەیان جێ هێشت.[3]

- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک جارێکی دیکە بڕیاری دا کە ئە و مندالانەی لە کاتی هێرشەکانی سەر ناوچەی نسێبین دەستگیر کراون، بە زیندانیکراوی بمێننەوە.[3]

- کاتژمێر 19:31 بە کاتی باکووری کوردستان، بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 4.2 ناوچەی سەرا-ی شاری وانی هەژاند. بە گوێرەی زانیارییەکان بوومەلەرزەکە هیچ زیانێکی گیانی و مادیدی لێ نەکەوتووەتەوە، بەڵام ترسی لای هاوڵاتیانی دروست کردووە. لایەنەپەیوەندیدارەکان ڕایانگەیاند، چەق بوومەلەرزەکە لە قووڵایی 5 کم لەژێر زەویدا بووە.[3]

باشووری کوردستان

- یەکێتی ڕایدەگەیەنێت: تا پرسی پارێزگاری کەرکووک یەکلانەکرێتەوە بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت ناکەن.[2]

- کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان بۆ چەند کاژێرێک دواخرا و پاشتر بەبێ فراکسیۆنی یەکێتی دەستی بە کۆبوونەوەکانی کرد.[1]

- هەریەک لە حزبی شیوعی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەنگیان بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرڵەمان نەدا.[1]

- میدیاکانی یەکێتی باس لەوە دەکەن کە پەرڵەمانتارانی گۆڕان دەنگیان بە کاندیدەکانی پارتی داوە.[2]

- سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردران، ڤالا فەرید بە سەرۆکی پەرلەمان و هێمن هەورامی، وەک جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و مونا قەهوەچی بە جێگری دووەم هەڵبژێردران.[6]

- بڕیاربوو ئەمڕۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی ڕێکنەکەوتنی پارتی و یەکێتی ئەنجامدانی هەڵوەشایەوە.[1]

- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی پەیامێک ئاراستەی پارتی دەکات و داوادەکات پابەندبێت بە ناوەرۆکی ڕێککەوتنی 5ی شوبات و دەشڵێت: ئەگەر دەیانەوێت خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک بێتەکایەوە، ئەوا دەبێت بە بەشداری هەموومان حکومەت پێبهێنرێت.[5]

- ئەمشە و ژمارەیەک چەکداری داعش پەلاماری دانیشتوانی گوندی حسێن مەمەیان لە خانەقین داو و شەڕ و پێکدادان ڕوویدا، لە ئەنجامدا شوانێک بە سەختی بریندار بوو.[2]

- ئەمشە و ژمارەیەک لە تیرۆرستانی داعش پەلاماری گوندی عەساکرەیان لەشارەدێی سەعدیە دا، لەئەنجامی ئە و پەلامارەدا دوو چەکداری داعش بریندار بوون و چەکدارێکی حەشدی شەعبیش بەسەختی پێکراوە.[2]

- کارمەندانی خۆبەخشی ناوەندە تەندروستییەکان، لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، بۆ جاری سێیەم گردبوونەوە و داوای دامەزراندنیان کرد، داواکارییەکانیان بە یاداشتێک گەیاندە ئیدارەی گەرمیان.[4]

دەرەوەی کوردستان

- وەزیری بەرگری فەرەنسا سەبارەت بە چارەنووسی کورد کە هێشتاش لەگەڵ داعش-دا دەستەو یەخەن، هۆشدارپی دەدات و ڕایدەگەیەنێت: نابێت ڕێگە بدەین کوردەکان دوای کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا جارێکی دیکە لە سوریا ببنە قوربانی.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی پوک میدیا - 2019-02-18
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-18
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-02-18
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2019-02-18
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕووداو - 2019-02-18
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 207

2019-02-19



باکووری کوردستان

- کۆمەڵێک ژنی هونەرمەند، سەردانی لەیلا گوفەنیان کرد، کە 104 ڕۆژە لەپێناو هەڵگرتنی گۆشەگیریی توندی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان مانی لە خواردن گرتووە، ژنان ڕایانگەیاند، ژنان هێز لە لەیلا گیوفەن وەردەگرن و لەیلا پێشەنگایەتیی تێکۆشانی ژنان دەکات.[3]
- هاوسەرۆکی لقی شرناخ-ی پارتیی هەڕێمە دیموکراتییەکان (دەبەپە) ئایشە ئالتای زیندانی کرا.[5]
- دەروازەی سنووری و گومرگی کاپی کۆی لەنێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شارۆچکەی سەرای سەر بە پارێزگای وان کرایەوە و دەستی بە کارەکانی کرد. دوو ساڵ لەمەوبەر بەردی بناخەی ئەم دەروازە گومرگییە نوێیە دانرا و بە گوژمەی 18 ملیۆن و 850 ملیۆن دۆلار دروستکرا.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی ئیقبال شەعبانی لە یەکێک لە شەقامەکانی شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[6]
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی سەلمان عابدی خەڵکی شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو هاوواڵاتییە کوردە، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران، دەسبەسەر کراوە.[6]

باشووری کوردستان

- فێستیڤاڵی هونەریی نێوان شارەکانی سلێمانی و سنە لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکەی سلێمانییەوە دەست پێدەکات کە چەندین چالاکیی لەخۆدەگرێت.[1]
- لە یەکەم کۆبوونەوەیاندا دوای هەڵبژاردنیان وەک دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ فراکسیۆنەکان کۆبوونەوە بۆ دیاریکردنی لێژنەی یاسایی.[2]
- ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستان کۆبونەوە و بڕیاریاندا، بەشداری هیچ کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان نەکەن تا ئە وکاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بڕیاردەدات یەکێتی بەشداری پەرلەمان بکات.[4]
- مانگرتن لە خواردن دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان لە شاری هەولێر، زیاتر سێ مانگە بەردەوامیی هەیە، چالاکوانان

دووپاتیدەکەنەوە، کە تا گۆشەگیرپی بەردەوامبێت، چالاکییەکانیان درێژەی دەبێت، هاوکات ڕەشی ناسر یاگز لە مەترسیدایە.[3]
- بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمان-ەوە، کە 21-شوباتە، لە کۆلێژی ئاداب-ی زانکۆی سەڵاحەدین لە شاری هەولێر پانێلێک بۆ م. فەرهیدوون سامان، سەرۆکی ڕێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوە بەناونیشانی زمان و ئیتنیکەکانی کوردستان، ڕێکخرا.[3]
- لە کافتریای ئەمنە سورەکە لە شاری سلێمانی، یادی 3755 ساڵەی جەژنی سپەندەرمەزدیان، واتە جەژنی خۆشەویستی ژنانی زەردەشتی لە لایەن ڕێکخراوی یەسنا، بە ئامادە بوونی چەندین کەسایەتی زەردەشتی کرایەوە.[3]
- چەند دەرگایەکی بەنداو و دەریاچەی دوکان بۆ ماوەیەکی کورت کرانەوە، ئامانجیش لێی ڕێگرتنە لە سەرڕێژکردنی ئاوی دەریاچەکە، چونکە بەهۆی بارانبارینی زۆرەوە ئاوی دەریاچەی دووکان بەشێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- خەڵاتی (مۆنتلۆک) کە ساڵانە و لە شاری لیۆن-ی فەرەنسا بە ناوی خەڵاتی ئازادی و بەرخۆدان دەدرێتە بەرهەمێکی ئەدەبی، بۆ ئەمساڵ بەخشرایە سەلاحەدین دەمیرتاش-ی هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) کە لە زیندانەکانی تورکیادایە. ئەم خەڵاتە لەبەرامبەر کتێبی سەحەر بەخشراوەتە دەمیرتاش کە بریتیە لە 16 کورتەچیرۆک و دەمیرتاش ساڵی 2017 لە ناو زیندانداا نووسیویەتی.[1]
- لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ئایسلەندا مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند: دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لە نزیکەوە چاودێری مامەڵەکانی تورکیا لە باکوری سوریا دەکات، وتیشی: پێشتر هۆشداریمان داوەتە تورکیا لەبارەی مامەڵەی لەگەڵ کورد لە سوریا، هەروەها وتی: ئەمریکا دەیەوێت کوردەکان لە و ناوچەیە بپارێزێت و ڕێگەش بە تورکیا نەدات هێرشبکاتە سەریان. پۆمپیۆ ڕاشیگەیاند: کوردەکان لە باکوری سوریا بەهیچ شێوەیەک هێرش ناکەنە سەر تورکیا لە ناوچەکە، بۆیە وەک ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە تورکیا نادەین هێرش بکاتە سەر کوردەکان لە سوریا، ئەگەر شتێکی لە و شێوەیە ڕووبدات تورکیا باجی قورس دەدات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-19
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 208

2019-02-20



باکووری کوردستان

- مارتینا ئەندرسۆن پەرلەمانتاری ئیرلەندی لە پەرلەمانی ئەوروپا، سەردانی لەیلا گوفەن هاوسەرۆکی کەجەدەی کرد، کە ماوەی 105 ڕۆژە لە چالاکیی مانگرتندایە.[2]
- سوپای تورکی داگیرکەر لە بەیانیی ئەمڕۆوە سەرباز و ئۆتۆمبێلی زرێپۆش دەنێرێتە گوندی مارینە-ی سەر بە ناوچەی نسێبین-ی مێردین. بە گوێرەی زانیارییەکان کە لە گوندنشینان وەرگیراون، گوندەکە کە لە بناری چیای باگۆک هەڵکەوتووە لە لایەن 16 ئۆتۆمبێلی سەربازی و پۆلیسی، هەروەها 2 ئۆتۆمبێلی زرێپۆش و چەندین ئۆتۆمبێلی مەدەنی گەمارۆ دراوە.[4]
- پارێزگاری شاری وان، چالاکیی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیی بە بیانووی (ئالۆزی) قەدەغە کرد.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە ئەمنییەکانی ئێران گروپێک لە کۆڵبەرانیان لە لەسەرسنووڕە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە ناوچەی سنووری هەنگەژاڵەی بانە دایە بەر دەستڕێژی گوللە، لە ئەنجامی ئەو هێرشە کۆڵبەرێک بەناوی 'غەریب تاجی' تەمەن 28 ساڵ بریندار بوو.[2]
- بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی مەریوان، سیمینارێک لە ژێر ناوی زمانی کوردی و جیهانی مودێرن بۆ دوکتور بەختیار سەججادی سەرۆکی بەشی زمان و وێژەی کوردیی زانستگەی کوردستان ساز کرد.[6]

باشووری کوردستان

- لە هەولێر پێشانگای نێودەوڵەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ماڵی نمونەیی بە بەشداری 70 کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی دەکرێتەوە.[1]
- پاش کۆتاییهاتنی کۆبوونەوە فراوانەکەی یەکێتی لە تەلاری هونەری لە سلێمانی لەتیف شێخ عومەر وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند: قۆناغێکی تازە هاتۆتە پێشەوە و یەکێتی قسەی جیاوازی دەبێت. لەتیف شێخ عومەر وتیشی: یەکێتی دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان قسەی جیاوازی دەبێت و پێداگری لەسەر بەرنامە گشتگیرییەکەی خۆی دەکات.[3]
- لەناو ئاسایشی ئێزیدخاندا بەشێکی تایبەت کرایەوە کە لەلایەن ژنانەوە بەڕێوە دەبرێت، بە هاوبەشی لەگەڵ ئاسایشی ئێزیدخان دەستیان بە کارکردن کرد.[2]
- ئەمڕۆ لە قوتابخانەی ئاوێسەری بنەڕەتی لە شارەدێی خورماڵ-ی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە، فێستیڤاڵی خواردنی میوە بۆ خوێندکاران بەڕێوەچوو.[2]
- لە کاتی گردبوونەوەیەکدا بۆ ئازادکردنی دەستیگرکراوانی خۆپیشاندانەکانی شیلادزێ و دهۆک، نۆ ئەندامی نەوەی نوێ و ڕۆژنامەنووسێک لە دهۆک دەستگیرکران.[4]
- هێزەکانی بنکەی پۆلیسی بەختیاری لە سلێمانی تۆمەتبارێکیان دەستگیرکرد کە ساڵی ڕابردوو هاوسەرەکەی خۆیی

کوشتوە.[3]
- دوای تێپەڕبوونی 31 ساڵ بەسەر ونبوونی منداڵێکی هەڵەبجەیی لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، ئێوارەی ئەمڕۆ بە کەسوکارە ڕاستەقینەکەی شادبوویەوە. ئە و منداڵەی دۆزراوەتەوە لەلای خێزانە ڕاستەقینەکەی ناوی خەلیل-ھ و لە ئێران ناوی محەمەد بووە، لە ئێستادا هاوسەرگیری کردووە و کچێکی هەیە و خوێندنی تەواوکردووە و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پزیشکی دادوەریدا.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە کۆتایی شەقامی عەبدولڕەحمان لە گەڕەکی یەکی حوزەیران لە شاری کەرکووک، لەلایەن هەواڵگری حەشدی شەعبی چاودێری سەرچەتەیەکی داعش کرا، کە پلەی ئەمیرە لەناو داعش و هەوڵی دەستگیرکردنی درا، بەڵام ئەو چەتەیە تەقەی لە چەکدارانی حەشدی شەعبی کرد و هەڵات و چەکدارێکی حەشدی شەعبی کوژرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شاری کۆبانێ دووەمین کۆنفرانسی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هۆڵی جاند و هونەر لە شارکە دەستی بەکارەکانی کرد، میوانانی گەنج لە نەتەوەکانی کورد، عەرەب، ئەرمەن، سوریان، فارس، ئەفغان و تورک کە بانگهێشتکراون و بەشدارن لە کۆنفرانسەکەدا. کۆنفرانسەکە بە دروشمی بە پێشەنگایەتی گەنجان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فرەڕەنگ و دیموکراتیک بەڕێوە دەچێت و بڕیارە سێ ڕۆژ بخایەنێت.[2]
- منداڵێکی تەمەن 16 ساڵان بە ناوی عەبدوڵا شیلاش لە کاتێکدا لە گوندی خربەت بەنات-ی ناوچەی سەرێکانیی سەر بە هەرێمی جزیر مەڕەکانی دەلەوەڕاند، مینێکی پێدا تەقییەوە کە پێشتر لە لایەن چەتەکانی داعش جێگیر کرابوو. لە ئەنجامی تەقینەوەکە شیلاش بریندارببوو و ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەرێکانی کرا. ڕاگەیەنرا بەهۆی سەختیی برینەکەی، ناوبراو گوازراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی قامیشلۆ.[4]
دەرەوەی کوردستان
- کوردێکی دانیشتووی ئەڵمانیا بە ناوی ئووغوور شاکار کە تەمەنی 40 ساڵانە و خەڵکی شاری دێرسم-ی باکووری کوردستانە، کاتژمێر 10ی ئەمڕۆ لە بەردەم دادگەی شاری کریفێلد بۆ ئیدانەکردنی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان خۆی سووتاند. بە گوێرەی زانیارییەکان، شاکار لە بەردەم دادگە بەنزینی بەخۆیدا کردووە و خۆی سووتاندووە. ناوبراو ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە و باری تەندروستی ناجێگیرە.[4]
- لە ئەنجامی تەقینەوەیەک لە کۆگەیەکی چەک و تەقەمەنیی بارەگەی سەربازیی ساریکایا لە ناوچەی پۆڵاتی ئەنقەرە 5 کەس بریندار بوون. وەزارەتی بەرگریی میللی تەقینەوەکەی پشتڕاست کردەوە و ڕایگەیاند، 5 سەرباز بریندار بوون.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ئێران
ووڵات: ئەڵمانیا
ووڵات: تورکیا
ووڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-02-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-02-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2019-02-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-02-22
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-20
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 209

2019-02-21



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکانی گشتیی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) پەروین بوڵدان و سەزای تەمەلی لە بارەگەی پەدەکە-تورکیا لە شاری ئامەد لەگەڵ نوێنەرانی پارتییەکوردییەکان دەربارەی هاوپەیمانەتیی هەڵبژاردن پرۆتۆکۆڵێکیان ئیمزا کرد.[4]
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، ئیبراهیم بیلمەز، سەربای کۆکلو، ڕەزیە تووڕگووت و مەزلووم دینج، پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێپەڕی پەکەکە، بۆ جاری 792مین سەردانی سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی بوورسایان کرد، بۆ ئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن و چاویان بە ئۆجالان بکەوێت.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی سێی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ بە سەرۆکایەتی نەجەفی، حوکمی 5 ساڵ زیندانی تەعزیری بۆ مەجید تیباش کوڕی

خالید خەڵکی گوندی دزەی مەرگەوەڕدا، بڕییەوە. دادگای ئینقلابی شاری ورمێ، ئەم لاوە کوردەی بە تۆمەتی ئەندامبوون و پڕوپاگەندە لە بەرژەوەندی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تاوانبار کردووە.[1]
- دۆسیەی هاشم حوسێن پەناهی، چالاکی مەزهەبی کورد بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام و تێکدانی بیرورای گشتیی ڕەوانەی لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە کرا و ناوبراو بۆ پێڕاگەیشتن بە دۆسیەکەی بانگهێشتی ئەو لقە کرا.[1]
- وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران دەستگیرکردنی دوو گرووپی داعش لە پارێزگای سنە ڕادەگەیێنێت کە بەگوتەی ئەوان بەنیاز بوون کاری تیرۆریستی ئەنجام بدەن.[5]
- ئومید شامحەمەدی، چالاکی فەرهەنگی خەڵکی شاری دیواندەرە، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە یەکساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.[1]
- لە ناوەندی فەرهەنگی و فێرکاریی بەیان لە بۆکان، ڕێوڕەسمێک بۆ پیرۆزی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی و بۆ یادی مامۆستا هەژار گیرا. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە بەشداری مامۆستایان و لایەنگرانی زمان و ئەدەبی کوردی بەڕێوە چوو، گرینگی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی و پێویستی بایەخدان بە زمانی کوردی و ئەرک و خزمەتەکانی ناوەندی فەرهەنگی و فێرکاریی بەیان خرا بەر باس و وتووێژ.[1]
- گۆرانیبێژێکی کورد بە ناوی پەیمان میرزازادە کوڕی نوردەین خەڵکی گوندی گەنگەچینی ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[7]

باشووری کوردستان

- فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا سنووری سیدەکان-یان بۆردوومان کرد.[6]
- بە بەشداری زیاتر لە 200 کۆمپانیای گەشتیاری ناوخۆیی و عێراق و وڵاتانی دوروبەر و ئەوروپا، یەکەمین دیداری نێرگزی گەشتیاری لە هۆتێل گراند ملینیۆم لە سلێمانی دەستپێکرد.[2]
- چوارەمین کۆنفرانسی پلاتفۆرمی دابڕان بە دروشمی (ئاین بۆ تاک و دیموکراسی بۆ هەموان) و دووەمین کۆنفرانسی فێمێنیزمی ڕۆشنگەری بە دروشمی (فێمێنیزمی ڕۆشنگەری و تێپەڕاندنی نەریتسالاری) لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی دەستپێکرد.[3]
- بومەلەرزەیەک سنوری پارێزگای هەڵەبجەی گرتەوە و هاوواڵتیان هەستیانپێکرد، بەڵام زیانی گیانی و ماڵی لێنەکەوتەوە.[2]
- لەژێر ناوی ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی، سەرۆکی (ئاژانسی تیکا بۆ یارمەتیدان و هەماهەنگی) لەگەڵ باڵوێزی تورکیا لە عێراق، سەردانی شارۆچکەی خورماتوو-یان کرد، ئەوان دەیانەوێت بە ناوی خزمەتگوزارییەوە دەستێوەردان لە کەرکووک و خورماتوو بکەن.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- چەکدارانی داعش لە ناوچەی باغوزی سوریا داوا لە هێزەکانی سوریای دیموکراتی (هەسەدە) دەکات کە ڕێیان پێبدات تێپەڕ بن بەرە و دوو ناوچەی تر ئەوەش لە پاش ئەوەی ئە و ناوچەیە وەک دوا مۆڵگەی داعش ڕازگارکراو بەشێکی زۆری چەکدارانی ئە و گروپە خۆیان ڕادەستی هەسەدە کردووە.[2]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە شاری عەفرین تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویداو. ڕاگەیەنرا تەقینەوەکە لەسەر ڕێگەی فەیلەق لە کاتی بەڕێوەچوونی مەڕاسیمێکی چەتەداگیرکەرەکان ڕوویداوە. بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان، تەقینەوەکە کوژران و بریندارببوونی چەندین چەتەی سەر بە ڕژێمی تورکی داگیرکەری لێکەوتووەتەوە. دەنگۆی ئەوە هەیە کە تەقینەوەکە لە ڕێی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە کرابێت.[4]
- تەقینەوەیەک لە بنکەیەکی سەربازیی سەر بەهێزەکانی یەپەگە لە گوندی کۆربیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانار سەر بە شاری کۆبانێ ڕوویداوە و، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان پێنج شەڕڤان گیانیان لەدەستداوە و شەڕڤانێکیش بریندارببووە.[5]
- لە ناوچەی خەندووڕا-ی سەر بە شاری جەرابلووس کە لەژێر داگیرکاریی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی-دایە، ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیوەتەوە. ئاشکرابوو کە بەهۆی تەقینەوەکە لانی کەم 4 سەربازی تورکیا و 3 چەتەی جەبهەی شامیە کوژراون.[4]

دەرەوەی کوردستان

- لە مەراسیمێکی تایبەتدا بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دەرەوەی ئێران و کۆمەڵەی قوربانیان، ئەو منداڵە ونبووەی هەڵەبجە کە پێشتر سەردانی هەڵەبجەی کرد و سکاڵای تۆمارکردبوو، بە دایکی ڕاستەقینەی خۆی شاد کرایەوە کە خەڵکی شارەدێی بیارەن. محەمەد عەبدوڵڵا پێشتر ناوی (خەلیل سالح) بووە و لە تەمەنی 10 مانگیدا لە شاری کرماشان لەکاتی چونیان بۆ ئێران لە کیمیابارانەکەی هەڵەبجە منداڵەکەیان لێونبووە.[2]
- دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپا سکاڵایەکی ڕەتکردەوە کە لە دژی ژێرئاوخستنی ناوچەی شوێنەوارپی حەسکیف تۆمار کرابوو.[4]
- لە ڕاپۆرتێکدا بانکی ناوەندی تورکیا ڕایگەیاندووە، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2018 قەرزە دەرەکییەکانی تورکیا بە بەراورد بە هەمان مانگی ساڵی 2017 نزیکەی 10.9 ملیار دۆلار زیادیکردووە و گەیشتووەتە 210.6 ملیار.[2]

- وەزیری ناوخۆی تورکیا، ڕایگەیاند، هەڕەشەکانی پەکەکە لەناوخۆی تورکیا بەڕێژەی 65% کەمبوونەتەوە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ڕەوشی پەکەکە لە خراپیدایە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-21
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-27

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 210

2019-02-22



باکووری کوردستان

ئەمڕۆ لە شارەدێی ئەرجیش سەر بە وان، پۆلیسی دەوڵەتی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵی هاوڵاتیان و سێ کەسیان دەستگیرکرد. لەو ئۆپەراسیۆنەدا، مەحمود چەلەبێ، مەلا موزەفەر چاگان و سدیق چیچەک دەستگیرکراون و گوازراونەتەوە بۆ ناوەندی دژە تیرۆری ئەمنییەتی ئەرجیش.[5]

- بۆ جارێکی تر داواکارییەکی دیکەی پارێزەران و خانەوادەی عەبدوڵلا ئۆجەلان و 3 زیندانیی دیکەی ئیمرالی بۆ چاوپێکەوتن ڕەتکرایەوە.[2]

- هەدەپە، سەرپیل کەمالبای، پەرلەمانتاری شاری ئیزمیر وەک کاندید بۆ سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا دەستنیشان کرد.[5]

- داواکاری گشتیی شاری ڕوحای باکووری کوردستان لە چوارچێوەی پشکنینی دادی-دا، گەشتی دەرەوەی وەڵاتی لە فاتمە ئۆجالان و محەمەد ئۆجالان خوشک و برای عەبدوڵلا ئۆجەلانی قەدەغە کرد.[2]

باشووری کوردستان

- بەیانی ئەمڕۆ هێزێکی لیوای 16ی حەشدی شەعبی و خەلیەی صقور توانیان شوێنی (مەیزەر جەوالی) یەکێک لەچەکدارە مەترسیدارەکانی داعش لەنێو گەڕەکی یەکی حوزەیران لە کەرکووک دەستنیشانبکەن و هەڵبکوتنە سەری، چەکدارەکەی داعش کە پلەی ئەمیری ناوچەی ڕەشاد ڕووبەڕووی هێزەکە بوەتەوە و لەئەنجامدا کوژراوە.[1]

- شەوی ڕابردوو، ژمارەیەک چەکداری سەربە داعش پەلاماری گوندی مەحمود عەزیزی خانەقینیان دا و شەڕو پێکدادان ڕوویدا و بە و هۆیەوە کەسێک بریندار بووە.[3]

- لە شارۆچکەی دوکان یادی 31 ساڵەی ئەنفالی دۆڵی جافایەتی بەڕێوەدەچێت.[3]

- پرۆژەی ماڵی مام ڕاگەیەنرا، کە پرۆژەیەکە لە سەر مەزاری مام جێبەجێ دەکرێت و پێکدێت لە مۆنۆمێنت و کتێبخانەی نیشتیمانیی هۆڵ و گەلەری و سەکۆی ئازاد و پارک و داری بەردار.[3]

- ئاژەڵی درندەی گورگ لە دەشتی هەریر زیاد بووە، لە ماوەی هەفتەیەکدا زیانی بە چوار ماڵە مەڕدار گەیاندووە و پەلاماری نزیکەی 200 سەر مەڕ دراون، مەڕدارەکان دەڵێن زیاتر لە سەدەیەکە بە و شێوەیە گورگ زیانی لێ نەداون و زۆر نەبوون.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- دووەمین کۆنفرسانی گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دروشمی بە پێشەنگایەتیی گەنجان، بەرەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فرە ڕەنگ و دیموکراتیک لە کۆبانێ لەڕۆژی 3هەمین-ی خۆیدا ئێوارەی ئەمڕۆ کۆتایی هات. لە کۆنفرانسەکەدا ئەنجومەنی گەنجانی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی دامەزرا.[2]

- بە گوێرەی زانیارییەکان، یەکینەتایبەتەکانی قەسەدە لە ناوچەی باغۆز-ی دێرەزۆر هەزار سیڤیلی دیکەیان لە دەستی چەتەکانی داعش ڕزگار کردووە و لە ناوچە ئارامەکان جێگیریان کردوون. لە لایەکی دیکەوە قەسەدە ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئاشکرای کرد، 3 شەڕڤان کە کۆتایی ساڵی 2018 لە لایەن چەتەکانی داعشەوە بە دیل گیرابوون، ڕزگار کراون. ئە و شەڕڤانانە بە چەپڵە و تی لی لی لە لایەن هاورێکانیانەوە پێشوازییان لێ کرا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- کۆشکی سپی ڕایگەیاند، ئەمریکا تەواوی هێزە سەربازییەکانی لە سوریا ناکشێنێتەوە، بەڵکو بەشێکی کەمیان لەو وڵاتە

دەهێڵێتەوە، کە نزیکەی 200 سەرباز دەبن.[5]
- سیاسەتمەداری کورد مەحموود کایا کە خەڵکی شاری چەولیک-ی باکووری کوردستانە و لە مانگی حوزەیرانی 2018 لە شاری دۆسلدۆرفی ئەڵمانیا لە لایەن پۆلیسی ئەڵمانیا دەستگیرکرابوو، ئەمڕۆ بەمەرج ئازاد کرا.[2]
- نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سیڤیل، ڕۆشنبیر، سیاسەتمەدار، ئەکادیمیسیەن و حقووقناسان لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا کۆبوونەوە و بۆ کۆتایی هێنان بە گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان و پشتگیری کردن لە مانگرتنەکانی دژ بە گۆشەگیری، پلاتفۆرمێکیان دامەزراند. (پلاتفۆرمی ژیان لە دژی گۆشەگیری) بە و مەبەستەی وەڵامی داواکارییەکانی مانگرتوان بدرێتەوە، لە ئاستی ئەوروپادا کاری دیپلۆماتی و سیاسی دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-22
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 211

2019-02-23



باکووری کوردستان
- پۆلیس وجندرمەی تورک لە چوارچیوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا لە وان و ناوچەی باشکالای وان هەڵیان کوتایەسەرمالی هاوواڵاتیان و لە وان 8 کەس و لە باشکالای 4 کەسیان دەستگیرکرد.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زیندانییەکی کورد بە ناوی سەلاح شەریف زادە لە زیندانی ناوەندیی ورمێ بۆ زیندانی خەلخاڵ لە پارێزگای ئەردەبێل ڕاگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 05:00ی بەیانی ئەمڕۆ، تەرمی ژنێک براوەتە نەخۆشخانەی شارۆچکەی سەید سادق-ی سەربە پارێزگای سلێمانی، کە بە پەت خنکاوە و هێشتا هۆکارەکەی نازاندرێت.[1]
- کۆمیتەی بەرگریی لە ڕۆژنامەنووسان CPJ ئیدانەی دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوس شیروان شیروانی دەکات کە بەبێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکی ئاڕاستە بکرێت دەستگیرکراوە، داواشیکرد دەستبەجێ ئازاد بکرێت.[4]
- بۆ یەکەمجار لە دوای فەرمانەکەی 3ی ئابی 2014وە، هونەرماندان و ڕۆشنبیرانی ئێزدی لە ناوچەی سنوونێ-ی سەر بە شەنگال، یەکەمین فێستیڤاڵی کلتوریان بەڕێوەبرد و بە دەیان هۆنەرمەند و میوان تێیدا بەشداربیان کرد. فێستیڤاڵەکە لە هۆڵی هێژیر لە ناوچەی سنوونێ بەڕێوەچوو، جەلۆ شەنگالی، کالۆ گرنووز و دەیان هۆنەرمەندی دیکە لەوێ ئامادە بوون.[1]
- دژی هاوردەکردنی ئاژەڵ لەدەرەوەی هەرێم، ئاژەڵدارانی سنوری پارێزگای هەولێر گردبوونەوە و داوایانکرد هاوردەکردنی ئاژەڵ سنووردار بکرێت.[1]
- لە ڕووداوێکی تەقەکردندا لە کۆمەڵگای شکارتەی سەربە شارەدێی سەروچاوە لە سنوری شارۆچکەی ڕانیە، دوو کەس تەقەیان لە کوڕ و باوکێک کرد و بە هۆیەوە باوکەکە گیانی لەدەستدا و کوڕەکەش بریندار بوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی برج حەیدەر-ی شێڕاوای عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا، بەڵام لە بارەی زیانەکانەوە زانیاری لەبەردەست نییە.[2]
دەرەوەی کوردستان

- وەزیری بەرگریی تورکیا دەڵێت، لە کۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ هاوتا ئەمریکییەکانیان لە واشنتن، جەختیان لەوە کردووەتەوە، نابێ یەپەگە و پەکەکە لە ناوچەی ئارامی سووریادا بن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-24

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 212

2019-02-24

مالئاوایی لە خۆڕێکی نیشتمان



بەڕێزان:
خزمان، هاوڕێیان، دۆست و ناسیاو و هاوشاری و هاوغەریبی، کەسە ئازیزەکانمان،

مامۆستا حەمەڕەوف محمدڕەفیقی هاوسەرم(ناسراو بە مامۆستا عادل)، باوکی لەنجە و کاربۆ و ئالا، سەرەتای کانونی دووەم بە بلیتێکی یەکسەرە بەرەو کوردستان گەڕاینەوە، وەکو ئەوەی لەگەڵ خاکی نیشتمان و شاری سلێمانی و گردی سەیوان پەیمانی بەستبێت و لەگەڵ عەشقە گەورەکەی، کە کوردستان و خاکی شیرینی ولاتە، پەیمانی بەستبێ، هەر لەوێ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت، چاوی بەکجارەکی لێکنا و گەیشتەوە باوەشی خاکی شیرینی کوردستان و بەبەکجاری و بۆ ئەبەد لەوێ مایەوە.

مامۆستا ڕەووف جیاواز لەوەی کەسایەتیەکی ڕەوشەنبیری و کۆمەڵایەتی و پێشمەرگە و تێکۆشەرێکی ناوازە و دەستپاک و ڕەوشتبەرز و چاونەترس و خۆڕاگر بوو، هاوکاتیش وەکو هاوسەر و هاوژین و هاوڕێیەکی ژیانم، پیاوێک بوو، پراوپڕی میهرەبانی و جوانی و جوامێری و پیاوێک، کە وشەیەک نیە، شایانی جوانی و گەورەیی وخۆشەویستی ئەو بێت، باوکێک بوو، کە هاوڕێ و پشت و پەنای لەنجە و کاربۆ و ئالا، مامۆستا ڕەووف لەو پیاوانە بوو، کە بڕیەی پشتی ئەم خێزانە بوو، هەربۆیە لەدەستدانی ئەو، کارەساتێکی گەورە و زیانێکی گەورە وخەمێکی نەبڕاوەیە.

ڕۆحی مامۆستا ڕەووف لە کوردستان نەهاتەوە، ڕۆژی سێشەممەی 29 ی کانوونی دووەم، ڕۆحی بەرزەفڕی لەشاسمانی کوردستانداا فڕی، ئەو ڕۆحەی نوسابوو بە خاک و خۆڵی وڵاتەوە، هەر بۆیە وڵات گەرمەشینی خۆمان بۆ گێڕا. بۆ بەرزڕاگرتنی مەرگی مامۆستا ڕەووف و بۆ هەموو ئەو نازیزانەی دەیانەوێت بەشدرای پرسەمان بن، بەشداری مالئاوایی بن، ڕۆژی یەکشەممە 24ی شوبات لەشاری ئەلمێرە کۆڕێکی ماتەم دەگێڕین، کاتژمێر 13:00 هەتا کاتژمێری 16:00، بەناوی بنەماڵەکەمان و بە ناوی ڕۆحی جوانەمەرگەوە بەخێرهاتنتان دەکەین.

ڕووناک نوری

ناردەس و کات:

Plaats: Sumatraweg 22
1335JM Almere
Datum: Zondag 24 februari 2019 ...tijd 13:00 tot 16:00 uur
Tel: +31614733501

باکووری کوردستان
- ڕۆژنامەوان و شێوەکار زەهرا دۆغان کە بەهۆی سازکردنی هەواڵ و شێوەکارییەکانی دەربارەی درێندەیی دەوڵەتی تورک لە نسێبین دەستگیرکرابوو، ئەمڕۆ ئازاد کرا.[1]
- 3 کەس بە ناوەکانی س.د، ب.ب و م.ک لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی بەشی (دژەتێرۆر)ی فەرماندارەتیی جەندەرمەی ئامەد لە شارەکانی ئیزمیر، چاناکەکاله و ئیستەنبوول دەستگیر کران و ڕەوانەی دادگەی ئامەد کران. دادگەکەی دەوڵەتی تورک بە تۆمەتی (ئەندامەتیی ڕێکخستن) بڕیاری زیندانی کردنی بۆ س.د و م.ک دەرکرد. کەسەکەی دیکەش بە مەرجی کۆنترۆڵی دادی ئازاد کرا.[1]
- ئەمڕۆ لەبەردەم 'شاروانی 3' لە شاری هەولێر، ژمارەیەک لە دانیشتووانی گەڕەکی هەولێری نوێ، بە هۆی نەبوونی خزمەتگوزاریی ڕێگاوبان و کەمی ئاو و کارەبا، گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەش لاوی خەڵکی گوندی هانەگەرمەڵەی شاری پاوە، لە لایەن مەئموورانی حکوومەتییەوە دەسبەسەر کراون.
سەرچاوەیەکی ئاگادار شوناسی ئەو شەش هاووڵاتییە کوردەی بە ناوەکانی هونەر محەممەدی، مەجید لەهۆنی، هەژیر قادری، دیار بەکری، میلاد محەممەدئەمینی و بەهمەن ڕەحمانی ڕاگەیاندووە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها دەڵێت: ئەو شەش هاووڵاتییە کوردە، لە لایەن مەئموورانی حکوومەتییەوە لە کاتی دەسبەسەر کردنیاندا، ئازار ئەشکەنجە دراون و لەو پەیوەندییەدا، هونەر مەجیدی لووتی بڕیندار و مەجید لەهۆنی لاقی بە بڕیندار بووە. ئەو شەش هاووڵاتییە کوردە، پاش دەسبەسەر کردنیان بۆ کڵانتەری شاری نۆدشە ڕاگوێزراون.[6]
- هێزە چەکدارەکانی ڕژیمی ئێران لەسەرسنوورە دەستکردەکانی نێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچە سنووریییەکانی خوی گروپێک لە کۆڵبەرانیان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە و لە ئەنجامی ئەو هێرشە کۆڵبەرێک بە ناوی مەجید عەزیمی کە تەمەنی 26 ساڵە بە سەختی بریندار بووە.[1]
باشووری کوردستان
- لە ئەنجامی داڕوخانی سەقفی بینای فەرمانگەیەکی حکومی لە هەڵەبجە 14 کرێکار بریندار بوون و بەرپرسێکی تەندروستیش ڕایدەگەیەنێت: زۆربەی برینەکان شکاوییە و مەترسی لەسەر ژیانیان نییە.[4]

- لەیلا عەلی خان هاوسەری تاکور زەردەشتی و یەشاری کوڕی، بۆ بەدواداچوون لە دۆخی چالاکوان تاکور زەردەشتی، کە ماوەی 27 ڕۆژە لە ڕەشبگیرییەکەی دەستگیرکراوە و تا ئێستا لە زیندانداید، سەردانی نوێنەرایەتیی سلێمانی ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتییان کردووە.[2]
- چەند ڕۆژێکە بەهۆی داواکردن بۆ دامەزراندن لە کارگەیەکی گوندێکی سەر بە شارەدێی بازیانی سنوری پارێزگای سلێمانی پشێوی لەنێوان دانیشتوانی گوندەکە و بەرپرسانی کارگەکە دروست بووە و تەقەش لە کارگەکە کراوە و بەڕێوبەری شارەدێی بازیانیش دەڵێت: گرفتەکان چارەسەرکراون.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی خەربەندەلووی سەر بە شارۆچکەی ئاخجەلەر لە سنووری شارۆچکەی چەمچەماڵ کچێک بەناوی (ک.ئ.م) تەمەن 21 ساڵ بە گوللەیەک کۆتای بە ژیانی خۆی هێنا.[5]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ ژنێک بە ناوی (م، ع، ق)، لەدایکبووی ساڵی 1951 لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی شەهیدانی ئازادی لە شاری سلێمانی، بە چەقۆ خۆی بریندار کرد، دوای گەیشتنی هێزەکانی بنکەی پۆلیسی ئازادی و تیمەکانی بەشی پۆلیسی بەڵگەی تاوان، کەشف و هێڵکاری شوێنی ڕووداوەکە کرا و بریندارەکە بۆ نەخۆشخانە گواسترایەوە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەوی ڕابردوو، لە کۆگەی بوتڵی غاز لە کەمپی هۆلێی باشووری شاری حەسەکە تەقینەوەیەک ڕوویدا. بە و هۆیەوە 14 کەس بریندار بوون.[1]
- شەوی ڕابردوو سوپای تورک بە قوواڵایی پێنج کیلۆمەتر لەسەر سنووری کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان، تۆپبارانی گوندی زۆرئاڤای کرد.[2]

دەرەوەی کوردستان

- فەوزی ئەتروشی بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری عێراق، بەهۆی جەڵتەی دڵەوە لە بەغداد کۆچی دوایی کرد.[3]
- بەبۆنەی 21ی شوبات ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی بە دەسپێشخەری ئەنیستیتۆی کوردو پلاتفۆرمی یارسان لە شاری ستۆکهۆڵم-ی سوید دەربارەی مێژوو و ئایینی یاری (یارسان)سمینارێک بەڕێوەچوو.[1]
- نرخی تەمەن بەرامبەر دۆلار تادێت بەرەو دابەزین دەڕوات و لە ئێستادا هەر دۆلارێک بەرامبەر 13 هەزار و 700 تمەن مامەڵەی پێوەدەکرێت.[4]
- ڕژێمی ئێران ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی تاقیکردنەوەی سەربازیدا لە کەنداوی هورمز، مووشەکێکی ژێردەریایی بەشێوەیەکی (سەرکەوتوو) تاقی کردووەتەوە.[1]
- لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی گەلاندا کە لە فەنزوێلا لە لایەن بزووتنەوەی گوندنشینانی بێخاک ساز کراوە، یادی ژنەشۆڕشگێڕی کورد ساکینە جانسز کرایەوە.[1]
- لە کۆنگرەی پارتیی چەپی ئەڵمانیادا لە شاری بۆن، پشتگیری بۆ بەرخۆدانی مانگرتوان ڕاگەیەنرا. هاوکات هاوشارەداری جزیر لەیلا ئیمرەت لە کۆنگرەکەدا گوتەیەکی پێشکەش کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بەغدا
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەڵمانیا

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-24
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-24
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-25

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 213

2019-02-25



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئارام بەهرامی تەمەن 30 خەڵکی شاری سەقز، پاش یەک حەوتوو لە دەسبەسەری، لە گرتنگەی ئەو شارە بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.[6]
- دادگاییکردنی سێ چالاکی کرێکاری بە ناوەکانی ئارمین شەریفە، جەمیل شەهابی و یەدوواڵا سەمەدی لە لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە بەڕێوەچوو.[6]
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی عەلی ئەڵڵاوەیسی تەمەن 45 ساڵ خەڵکی گوندی کۆرکۆرە سەر بە شاری سنە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ئەو هاوواڵاتییە کوردە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران بۆ لێپێچینەوە ڕەوانەی گرتنگە کراوە.[6]
باشووری کوردستان
- لەتیف شێخ عومەر وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند: یەکێتی سوورە لەسەر هەڵوێستەکانی و بەپێی ئە و پڕۆژەیەی پێشکەشمان کردووە، تا چاکسازی سیاسی نەکرێت بەشداری کۆبوونەوەی پەرلەمان ناکەین. وتیشی: بڕیارە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کۆببینەوە، بەڵام تا ئێستا کاتەکەی دیاری نەکراوە.[2]
- بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕێگارکردنی ڕفێنراوانی ئێزدی لە دەستی داعش، ڕایگەیاند: 14 منداڵ لە گوندی باغۆزی سوریا لە

دەستی داعش ڕزگارکراون.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی دەستگیرکردنی 47 تۆمەتباری لەلایەن مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی چەمچەماڵەوە ڕاگەیاند.[2]
- ئاسایشی گەرمیان دەستگیرکردنی تیرۆریستێکی لە سنوری شارۆچکەی دەربەندیخان ئاشکرا کرد کە بەڕەگەز عەرەبە و لەگەڵ سێ گروپی تیرۆریستی لە عێراق کاری کردوە و لە کاتی ئەنجامدانی کردەوەیەکی تیرۆریستیش چاوێکی لەدەستداوە.[3]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە بینای سەرای شاری سلێمانی بە ئامادەبونی شێوەکاران کۆمەڵێک لە گەنجانی شاری سلێمانی پێشانگایەکی هاوبەشی شێوەکاریان کردەوە. ئەم کۆمەڵە گەنجە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە یەکتریان ناسیوە، هەڵی ئەوەیان بۆ خۆیان ڕەخساندووە کە پیکەوە ئەم پیشانگایە بکەنەوە. لە پێشەنگاکەدا زیاتر لە 40 تابلۆ نمایشکرابوو، کە هەندێک لە تابلۆکان پۆترەیێتی کەسایەتییەکان بوون و هەندێکیشیان کێشانەوەی شێوەژیانی کەلەپوری کوردەوارپێ بوون.[5]
- بەمەبەستی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و دارشتنی نەخشەڕێگەیەک بۆ کەرتی تایبەت کۆڕبەندی هاوبەشی نێوان یەکێتی ژووری بازرگانییەکانی هەرێم و ڕێکخراوی (undp) لە هەولێر ئەنجامدەدرێت.[3]
- بەهۆی ڕووداوێکی ئاگرکەوتنەوە لە ماڵێک لەنێو سەنتەری شارۆچکەی ئاکرێ، دایکێک و دوو منداڵی سووتان و گیانیان لەدەستدا.[4]
- ئەمڕۆ لە ماجدی مۆڵ لە شاری سلێمانی، پێشانگایەکی کاری دەستی بۆ 25 گەنجی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، لە هەر دوو نەتەوەی کورد و فارس کرایەوە. ئەو پێشانگایە 18جۆر بابەتی لە خۆ گرتبوو، لەوانە جۆرەکانی ئامێری میوزیک، کەلوپەلی جوانکاری ناوماڵ، دارتاشی، مس، خاتەمکاری و شیرینی و چەند جۆرێکی دیکە، 25 کەس تێیدا بەشدارن کە چوار کەسیان ژنن.[5]
- ناسر یاگز دوای لەیلا گیوفەن لەبەرخۆدانێکی هەرە درێژماوەدایە. یاگز 97 ڕۆژە دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردنی بێسنوور. لەم هەفتانەی داوییدا دۆخی تەندروستی ناسر یاگز هەتاکو دەڕوات خراپتردەبێت. یاگز ناتوانێت بخەوێت و لەسەر جێگەکەی خۆی ڕابێت.[1]
- ئاسایشی ڕاپەڕین، دەستگیرکردنی 16 کەسی بەتۆمەتی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بەمادەدەی هۆشبەرەوە ڕاگەیاند.[5]
- لە گەڕەکی ڕزگاری شەڕ لەنێوان دوو ماڵە درواسێ دروستبووە و پەرەیسەندوە بۆ شەڕە گوللە و بەهۆیەوە کەسێک کوژراوە و یەکێکی دیکەیش بریندارببووە. کوژراوەکە ناوی (چاودێر فریاد زەنگەنەیە) و کارمەندی ئاسایشی یەکێتییە لە کەرکووک.[3]
- پیشانگەیەکی تایبەت بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئاشوری لە شارۆچکەی سۆران کرایەوە و تیایدا بەشێکی زۆری ئە و ڕۆژنامە و گۆڤارانە نمایشکران کە لە سەدەکانی ڕابردوودا بە زمانی ئاشوری دەرچوون.[3]
- وەزیری نەوتی عێراق ئاشکرایدەکات: تائێستا هیچ بڕە نەوتێکی هەرێمیان ڕادەستنەکراوە و دەشڵێت: ڕۆژانەش 80 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک بە بۆری هەناردەی تورکیا دەکرێت.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- مەزاری شێخ حامید لە گوندی قەستەل جندۆ-ی سەر بە ناوچەی شەرا لە عەفرین، شوێنێکی پیرۆزی کۆمەڵگەی ئێزدییە. سوپای تورکی داگیرکەر و گرووپە چەتەکانی کە عەفرینیان داگیرکردووە، پەلاماری مەزارەکەیان دا و وێرانیان کرد.[1]
- لەمیانەی ئە و ڕێکەوتنەی لەنێوان هەردوولادا هەیە، شەڕفانانی سوپای سوریای دیموکرات 20 چەکداری داعشی بیانی ڕادەستی حکومەتی عیراق دەکەن.[2]

دەرەوەی کوردستان

- ئەنجومەنی ژنانی شەهید ڕۆناهی لە شاری هانۆفەری ئەڵمانیا شەشەمین کۆنگرەی خۆی ساز کرد. لە کۆنگرەکەدا پەیامی بزووتنەوەی ئازادیی ژنانی ئێزدی (TAJÊ)، ئەنجومەنەکانی ژنانی گوڵان گولۆ، ئارین میرکان و بارین کۆبانێ خوێندرانەوە. دواتر هاوگوتەبێژ و ئەندامانی کۆمسیۆن هەڵبژێردران.[1]
- ژمارەیەک لە گەنجانی کورد بەئامانجی ئیدانەکردنی بێدەنگی سی پی تی لەهەمبەر چالاکانی مانگرتوو لە خواردن کە زیاتر لە 3 مانگە لەدژی گۆشەگیری سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستیان داوەتە مانگرتن، لەبەردەم ئەو ڕێکخراوەیەدا دەستیان بەچالاکی کرد و بێدەنگی ئەوڕێکخراوەیان بەتووندی ئیدانەکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2019-02-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-02-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-25
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-26
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 214

2019-02-26



باکووری کوردستان
- 4 کەس لە و 11 کەسەی ڕۆژانی ڕابردوو لە لایەن پۆلیسی تورکیا لە سنووری شاری بەدلیس دەستگیر کران، بڕیاری زیندانی کردنیان بۆ دەرکرا. ئە و کەسانەی زیندانی کران بریتین لە، گەنج مالگر چاکماک هاوژینی کاندیدی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) بۆ هاوشارەداری تاتوان، جاهید کاچان، عیسا ئەرکۆچ و کەسێکی دیکە کە ناوی نەزانرا.[4]
- بە تۆمەتی (کەمکردنەوە لە ئەردۆغان) سزای سانێک و 6 مانگ زیندانی کردن بەسەر فیگەن یوکسەکداغ-دا سەپێنرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوولاتییەکی کورد بە ناوی محەمەد سادق ئەحمەدی نیا خەڵکی شاری سنە، بانگهێشتی لقی چواری لێپرسی دادسەرای گشتیی و ئینقلابی ئەو شارە کرا. لێپرسی دادسەرای گشتیی و ئینقلابی شاری سنە، هۆکاری بانگهێشت کردنی ئەو هاوولاتییە کوردەی بە تۆمەتی بێڕێزی بە ڕێبەری حکوومەتی ئێران لە ڕێگای وتار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بێڕێزی بە ئیمام حوسێن ڕاگەیاندووە.[5]
باشووری کوردستان
- کۆبوونەوەی نائاسایی پەرڵەمانی کوردستان دەستپێکرد و ئەندامانی لیژنەی یاسایی هەڵبژێردران، فراکسیۆنی یەکێتی بەشداری نەکرد.[1]
- فەرماندەیەکی سوپای عیراق ڕایگەیاند یەکێک لە ناوچەکانی موسڵ ئێسک و پروسکی 23 هاوولاتی ئێزدیان دۆزیوە کە بە دەستی داعش کوژراون.[2]
- ناسر یاگز، ماوەی 97 ڕۆژە دژی گۆشەگیریی سەر ئۆجالان، لە شاری هەولێر مانی لە خواردن گرتووە، بەڵام باری تەندروستی دووبارە تێکچووە و گەیەندرایە نەخۆشخانە.[3]
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو سوپای تورکیای داگیرکەر لە ڕێی تۆپخانە و فڕۆکەی جەنگی، چەندین شوێنیان لە سنووری ناوچەی برادۆست بۆردومان کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان، بۆردومانەکە هەریەک لە گوندەکانی بێسنۆک و دەوروبەری، گوندی لێلیکان و گەرووی سێگرکان و گوڕەشانی گرتووەتەوە. زیان بە ژینگە و سروشتی ناوچەکە گەیشتووە. گولەتۆپێک لەنێو گوندی گوڕەشان کەوتووە و زیانی مادیی لێکەوتووەتەوە. هاوکات بەردەوام فڕۆکەی سیخوورِیی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕێنەوە.[4]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری پارێزگای سلێمانی، لە شاری چەمچەماڵ دووەمین دیداری لەتیف حامید ئەدیب و چیرۆکنوسی بەناوبانگی کورد بەڕێوەدەبات.[1]
- بەهۆی زۆری ڕێژەی دەرنەچوونیان، خوێندکارانی بەشداربووی تاقیکردنەوە دەرەکییەکان لە کەرکووک گردبوونەوە و داوادەکەن پێداچوونەوە بە نمرەکانیاندا بکرێت.[3]
- لە دیوەخانی سەرا لە شاری سلێمانی، هاوڵاتییەک بەناوی بورهان محەمەد، بە جلە کوردییەکانی خۆی پێشەنگایەکی جلوبەرگی کوردی کردەوە، ئەو تەنها ئەو جلە کوردییانەی خۆی نمایش کرد، کە چەندین ساڵە دەیانکڕێت و لەبەریان دەکات.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوو هەزار هاوڵاتی مەدەنی و بنەماڵەی چەتەکانی داعش لە سنووری گوندی باغۆز و دەوروبەری، خۆیان گەیاندە هەرێمە ڕزگارکراوەکانی دەست شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات.[3]
- هێزە داگیرکەرەکانی دەوڵەتی تورک لەنێوان گوندەکانی ئەردایْ و فەقیران لەسەر سنووری شارۆچکەی دربێسیێ-ی سەر بە

کانتۆنی حەسەکە دەستڕێژی گولەیان لە خێزانێک کرد. لە کۆمەڵکوژییەکەی دەوڵەتی تورکدا 4 هاوڵاتیی سیڤیل کوژران کە سیانیان ژنن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ، ڕەزان سارجا فایک، ئوزگور ئە ڕۆل، نەڤرۆز ویسال و جەنگیز یورەکلی لە پارێزەرانی ڕێبەر عەبدوڵلا ئۆجەلان بۆ 793مین جار سەردانی دۆزگەری گشتی تورکیان لە شاری بورسای تورکیا کردەوە، بەو مەبەستەی مۆڵەتیان پێبدات تا لە سەردانی دورگەی ئیمرلی بکەن و لەوێ چاویان ئۆجالان بریگرتەیان بکەوێت.[4]
- شارەوانیی چوێزی لی ڕوا-ی شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا گولتان کشاناک هاوسەرۆکی شارەوانیی گەورەی ئامەد خەڵات دەکات.[4]
- ئامینە کاکە باوە پارلەمانتاری سوید تاوان و داگیرکاری و کۆمەڵکوژیەکان کە ڕژێمی تورکیا دژی گەلی کورد ئەنجامی داون و دەستگیرکردنەکانی بادینان دەباتە پارلەمانی سوید و گفتوگۆیان لە سەر دەکرێت.[4]
- لە شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا گرووپێک لە نەژادپەرستانی تورک هێرشیان کردە سەر تیمێکی تۆپی پێی کوردان.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	بەدلیس
شار و شارۆچکەکان:	چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان:	حەسەکە
شار و شارۆچکەکان:	سنە
شار و شارۆچکەکان:	موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
وڵات:	فەرەنسا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-02-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-01
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 215

2019-02-27



باکووری کوردستان
- لە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنی قرکردنی سیاسی لەتورکیا، بەرەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر 6 گەڕەکی ناوچەی تاتوسێ-ی ئەرزرۆم و لە ئەنجامدا 10کەسی دەستگیرکرد. ناوی ئەوکەسانەی کە دەستگیرکراون بریتین لە، سەنول سوفاریگولو، زەکەریا کالدر ئەندامی مەجلیسی شارەوانی هەدەپە، یوکسەل کەکالدر، عەلی ساین، فەرهاد گوول، ئوندر ئوزون، سوات کانماز، عەبدوڵا کانماز و ئوزال سەیهان وکەسێکیبتر کە ناوەکەی هێشتا ئاشکرا نەکراوە..[2]
- بەرەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیسی تورکیا هەڵیکوتایە سەر بینای پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەی نازللی سەر بە شاری ئایدن. هێزەکانی پۆلیس گەمارۆی بیناکەیان دا و چوونە نێو بیناکە و دەستیان بە گەڕان و پشکنین کرد. دەستیان بەسەر زۆر کەلوپەلی نێو بیناکەدا گرت و هاوسەرۆکی هەدەپە لە ناوچەکە سینان بایراک-یان دەستگیر کرد. بە گوێرەی زانیارییەکان ناوبراو گوازراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ناوچەکە.[2]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرێی کوردپا، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، زیاتر لە 35 لاوی خەڵکی گوندی نێ، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەریوان کران و هێزە ئیتلاعاتییەکان هەڕەشەیان لێکردوون لە بەشداری کردن لە کردنەوەی ئاگری نەورۆز خۆببوێرن.[4]
باشووری کوردستان
- بە ئامانجی دەرخستنی تواناکانی ژنان، زانکۆی ڕاپەڕین، فیستیڤاڵێکی بۆ خوێندکارە کچە بەهرەمەندەکات ڕێکخست، کە تێیدا چەندین نمایشی کلتوری کوردی ئەنجامدرا و هەروەها هۆندراوە و گۆرانی پێشکەشکران.[3]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەسەر مەزارەکەی لە شاری سلێمانی، ئاژانسی ڕۆژنیوز مەراسیمێکی بە بۆنەی سێیەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ڕۆژنامەنووسی ئاژانسەکە، شۆڕش مستەفا عەلی ڕێکخست. لە مەراسیمەکەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە خانەوادە و کەسوکاری شۆڕش مستەفا و ڕۆژنامەنووسان و ژمارەیەک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی تەفگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ئامادەیبوون.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان

- چەتەکانی داعش و هاوڵاتیانی مەدەنی کە لە باغۆز هەڵهاتوون، بەڵێشاو خۆیان گەیاندە خاڵەکانی پشکنینی شەڕڤانانی قەسەدە. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی فوراتنیوز، شەڕڤانان دوای ئەوەی بەوردی کۆنترۆڵیان دەکەن دەیانگوازنەوە بۆ کامپی تایبەت. بەپێی زانیاریی و ڤیدۆی ئاژانسەکە، لەگەڵ هاوڵاتیانی مەدەنیدا بەسەدان چەتەی داعش خۆیان ڕادەستی قەسەدە کردووە.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن کە چەند سیاسییەکی دیاری ئاکەپە نیازی جیابوونەوە و دامەزراندنی حزبێکی نوێیان هەیە. ئەردۆگان ئەمە بە خیانەت ناوزەد دەکات.[1]
- کوردستانیان و دۆستانیان لە شارەکانی ڕۆژئاوای فەڕەنسا، ناوەڕاستی ئەڵمانیا، سویسرا، هۆڵەندا و چەندین شاری دیکەی ئەورووپا، بەیانیی ئەمڕۆ ڕوویان لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا کرد. بەمەبەستی سازکردنی خۆپیشاندانێکی بەرفرەوان بۆ بەردەم پەرلەمانی ئەورووپا. خۆپیشاندانەکە بەمەبەستی پشتگیری کردن لە مانگرتوانی دژ بە گۆشەگیریی سەر ئیمراڵی، بە سەرپەرشتی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیی کوردستانیانی ئەورووپا (KCDK-E) ساز کرا و ئاپۆڕای خۆپیشاندەران دانی نیوەڕۆ لە ناوەڕاستی شارەکەوە دەستیان بە خۆپیشاندان کرد.[2]
- لە شاری یۆتەبۆرِیی سوێد دەستپێشخەریی ژنان یەکەمین کۆنگرەی بەست و کۆمینی ژنانی سەمای دامەزراند. هەروەها بۆ یادی فاتۆش ساگلامگۆز (سەما) کتێبخانەی شەهید سەما کرایەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	ئاگری
شار و شارۆچکەکان:	ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
وڵات:	فەڕەنسا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-02-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-02-27

کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 216

2019-02-28



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان جارێکی دیکە داواکارییان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد.[3]
- ماوەی چوار ڕۆژە بەفر بەشێوەیەکی چڕ بەشی ڕۆژهەڵاتی باکووری کوردستانی گرتووەتەوە. بەهۆی بەفربارین و ڕەهێڵەوە ڕێگای 737 گوند و یەکەی نیشتەجێبوون لە ئەرزەڕووم، 351 گوند لە ئاگری، 160 گوند لە ئەرزینجان، 150 گوند لە دێرسم، 52 گوند لە ئیدر و 50 گوند لە قارس داخران.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سیمین چایچی، شاعیر و داکۆکیکار لە مافی ژنان، خالید حوسێنی و موزەفەر سالّح نیا، چالاکی کرێکاری و ئەندامی هاوئاهەنگی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کران و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کرا.[6]
باشووری کوردستان
- دوای چوار ساڵ لە ڕفاندنیان ئەمڕۆ ژنێک و سێ منداڵی ئێزدی شنگال لە سوریا ڕزگارکران کە لە سەرەتای هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئە و شنگالرفاندبوونی.[2]
- لە ئەنجامی دوو تەقینەوە، لە شاری موسڵ 18 کەس بوونە قوربانی کە چواریان چەکداری حەشدی شەعبی بوون.[2]
- ئەمڕۆ لە هەڵەبجە مەراسیمی ڕێزلێنان و پەردەلادان لەسەر پەیکەری مامۆستا حەکیم مەلا سالّح بەڕێوەچوو، لە مەراسیمەکەدا چەندین کەسایەتی و ڕۆشنبیر و ڕێکخرا و نوێنەری زۆربەی حزب و لایەنە سیاسییەکان ئامادەبوون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- گوتەبێژی هەڵمەتی گەردەلوولی جزیر لیلوا عەبدولّا ڕایگەیاند، داعش لە ڕووی سەربازییەوە لە سووریا کۆتایی پێهاتووە.[3]
- هێزەکانی سوریای دیموکراتی-قەسەدە ئاشکرای کرد: لە باغۆز گورزی قورس لە داعش دراوەتەوە و 24 شەڕڤانمان کە بە دیلی کەوتبوونە دەستی چەتەکانی داعش لە باغۆز ڕزگارمان کردوون.[3]
- هێزەکانی سوریای دیموکرات ڕایانگەیاند: لە ناوچەی باغوس گۆڕێکی بەکۆمەڵیان دۆزیوەتەوە کە پێدەچێت ئە و ئێزیدیانە بن کە پێشتر تیرۆرستانی داعش لەشەنگال و دەوروبەری ڕفاندویانن و لەوێ کردونیانەتە ژێر گڵەوە.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران، دووەمین ڕاپۆرتی خۆی لەسەر دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران پێشکەشی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، تێیدا ئاماژەی بەوەداوە، کە ئێران بەردەوامە لە پێشلکاری مافەکانی مرۆڤ و لە سێدارەدانی میردمنداڵان.[1]
- بە سەرپەرشتی سازمانی بەلجیکا بۆ ڕێگرتن لە تاوانەکانی قڕکردن و نکۆڵی، Women For Justîce، UGAP Europe و ناوەندی کۆمەڵگەی یەهوودیی لائیک دافید سوسکیند کۆنفرانسێک لە پەرلەمانی بڕۆکسل دەربارەی تراژیدیای ئێزدییەکان ساز کرا. نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی گەلانی ئەرمەنی، ئاشووری و توتسی ئامادە بوون کە ئەوانیش ڕووبەڕووی قڕکردن و جینۆساید بوونەتەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەرزینجان
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: قارس
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-02-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-02-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-02-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-02-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-02-28
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 217

2019-03-01



باکووری کوردستان
- بنەماڵەی ئۆجالان بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجالان سەردانی داواکاری گشتییان کرد.[1]
باشووری کوردستان
- هاوڵاتیانی ئێزدی کە لەلایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات- قەسەدەوە لەدەستی چەتەکانی داعش ئازادکرابوون، ئەمڕۆ لەلایەن مالّی ئێزدیانی هەرێمی جزیرەوە بە ئامادەبوونی فەرماندەکانی قەسەدە ڕادەستی خۆبەڕێوەبەری شەنگال کران، ئەو ئێزدیانەی ئەمڕۆ دەربازی شەنگال بوون، سێ ژن و 18 منداڵن.[5]
- لەئەنجامی بۆردومانی تۆپخانەکانی سوپای تورکیای داگیرکەر لەسەرسنوور، دارستان، باخ ومەزرای هاوواڵتیانی گوندی خەلیفان-ی برادۆست ئاگری گرتووە و زیانێکی زۆری لەهاووڵاتیان دا.[3]
- کچێکی تەمەن 29 ساڵ بە ناوی (ک.ن.م) بە دەستی براکەی لە چەمچەماڵ کوژرا.[4]
- یەکەمین کۆبوونەوەی خولی پێنجەمی پەرڵەمانی کوردستان بەبێ بەشداریی فراکسیۆنی یەکێتی بەڕێوەچوو.[1]
- بەهۆی ئە و شەپۆلە بەفربارینەی کە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە ئەمڕۆ، ڕێگای زینی وەرێ داخرا کە هەرسێ قەزاکانی سۆران، ڕواندز و ڕانیە بە یەکەوە دەبەستێتەوە.[2]
- کەشناسی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: ئە و شەپۆلەی باران و بەفرەی دوو ڕۆژە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە لە ئێوارەی ئەمڕۆ- وە کۆتایی پێدێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-03-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-03-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-03-01
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 218

2019-03-02



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سەید عەبدولواحید بەرزنجی تەمەن 30 ساڵ کوڕی سەید ئەحمەد خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان، گیانی لە دەست دا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-03-05
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 219

2019-03-03



رۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرهەنگییانی کورد لە شارەکانی سنە، مەریوان، سەقز و کرماشان بەپێی بانگەوازی شۆرای هاوئاهەنگی دامەزراوەکانی سێنفی فەرهەنگییانی ئێران، بە ئامادبوون لە نووسینگەی قوتابخانەکاندا، لە چوون بۆ پۆلەکانی خوێندن، خۆیان بوارد. مامۆستایانی مانگرتووە خوازیاری بە دەستهێنانی داواکارییە باس کراوەکانیان لە لایەن شۆرای هاوئاهەنگی دامەزراوەکانی سێنفی فەرهەنگییانی ئێران بوون.[1]
باشووری کوردستان
- فەرمانی دەستگیرکردن بۆ شاسوار عەبدولواحید دەرچوو.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-03-05
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 220

2019-03-04



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- حوکمی دوو ساڵ زیندانی تەعزیری بە پەیمان میرزازادە گۆرانیبێژی کورد، لە گرتووخانەی ورمێ، ڕاگەیەندرا.[2]
باشووری کوردستان
- پارتی و یەکێتی لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەت و ڕەوشی کەرکووک ڕێککەوتن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-03-07
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 221

2019-03-05



باکووری کوردستان
- سزای سالێک و 6 مانگ زیندانی کردن بەسەر پەرلەمانتارێکی پێشووی هەدەپەدا ئایجان ئیرمەز سەپێنرا.[1]
- پارێزەرانی ئۆجالان بە مەبەستی بینینی ئۆجالان، بۆ جاری 795مین داواکارییەکیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد.[3]
- سەرچاوە هەرێمییەکان بەئاژانسی هەواڵی فورات-یان ڕاگەیاندووە چەند تیمێکی تایبەتی سوپای داگیرکەری تورکیا لە گوندی ڕەمۆی سەربە هەرێمی چیای جوودی لە ناوچە ودەشتاییەکانی شرنەخ دەستیان کردووە بەئۆپەراسیۆنی سەربازیی. ڕاگەیەنرا کە ئۆپەراسیۆنەکە 3ڕۆژە دەستیپێکردووە و چەندین کەس بە جلی مەدەنییەوە بەشداری لە ئۆپەراسیۆنەلەدا دەکەن.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، 9 کەس لە هاوواڵتیانی خەڵکی شاری بۆکان بە هۆی خواردنەوەی ئەلکولی ناستاندارد و دەسکرد، تووشی ژەهراوی بوون هاتن و خرانە ژێرچاوەدێری پزیشکییەوە.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە سالیادی ڕاپەڕینە مەزنەکەی 5ی ئاداری 1991، لە شاری کەرکووک پیشانگەیەکی شێوەکاری لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کوردی لە کەرکووک بۆ مامۆستایانی هونەری شێوەکاریی کورد کرایەوە. لە پیشانگەکەدا زیاتر لە 65 مامۆستای پسپۆڕ لە هونەری شێوەکاریدا بەشداریان کرد. تابلۆکان گوزارشتیان لە ئازادی، شەڕی کورد دژی داعش، بەرخۆدانی عەفرین، بەرخۆدانی گەلی کورد دژ بە داگیرکاران و پێکەوەژیانی نەتەوەکان دەکرد.[1]
- پارتی و یەکێتی لێژنەیەکی هاوبەش پێکدێنن بۆ ئاسایکردنەوەی کەرکووک، لێژنەکە لە سبەینێوە چوارشەممە 06-03-2019 دەستبەکار دەبێ و هەفتەی داهاتووش دەچێتە بەغدا.[2]
- لە ئەنجامی شۆڕتی کارەبا، کارگەی غازی شارۆچکەی خورماتوو ئاگری گرت و دوای کاتژمێر و نیوێک ئاگرەکە کۆنترۆڵ کرا، هیچ زیانێکی گیانیشی لێنەکەوتەوە.[3]
- لە گوندێکی نزیک شارەدێی سەرگەڕان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوان دوو بنەماڵەدا کەسێک کوژراو و سێ کەسی تریش بریندار بوون.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئاژانسی هاوار ئێوارەی ئەمڕۆ بڵاوی کردەوە، کە چەتەکانی داعش بەردەوامن لە تەسلیمبوون بە شەڕڤانان و ئەمڕۆش نزیکەی دوو هەزار چەتە خۆیان ڕادەستکردووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-03-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-03-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 222

2019-03-06



باکووری کوردستان
- لە شاری دێرسیم، سەمرا تووران پەیامنێری ئاژانسی میزۆپۆتامیا لە کاتی سەردانی ماڵەوەیاندا لە لایەن هێزە ئەمنیەکانی تورکیاوە دەستگیر کرا. هێزە ئەمنیەکان دەستیان گرتووە بە سەر کامێرا و کەلوپەلە ڕۆژنامەوانیەکانیدا و شتومەکی ماڵەکەیان تێکداوە و سوکایەتیان بە بەخۆی و کەسوکارەی کردووە.[3]
- ئەمڕۆ هێزەئەمنییەکانی دەوڵەتی تورک لە شاری ئاگری ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپە زەلال یەرلیکایا-یان دەستگیر کرد. ناوبراو بە بیانووی گوتارێک کە لە ناوچەی بازید پێشکەشی کردبوو، دەستگیر کراوە و گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی

ئاگری.[3]
- پارێزەران ڕازیە تووڕگووت، سەربای کۆکلو، ئیبراهیم بیلمەز و مەزلووم دینچ بەمەبەستی دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان دوێنێ داواکارییەکیان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بوورسا کرد. بەڵام ئەمڕۆ داواکارییەکەیان ڕەتکردەوە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیدارەی پەروەردە و بارهێنانی شاری سەقز، پاش مانگرتنی سەرتاسەری فەرهەنگییان، هەڕەشەی لە مامۆستایانی ئەو شارە کردووە و خستوویانییەتە ژێر گوشارەوە.[6]
- مامۆستایەکی کورد بە ناوی پەیمان نەقشبەندی پاش سازکردنی دۆسیەیەکی قەزایی بە تۆمەتی پڕۆپاگەندە دژی نیزام، لە لقی 5ی دادسەرای گشتیی شاری ورمێ، بە دانانی بارمتەی 20 میلیۆن تەمەنی لە زیندانی ورمێ ئازاد کرا.[6]
- لە یادی بیست و هەشتەمین ساڵی دامەزراندنی ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی مەریوان کۆڕێک لە ژێر ناونیشانی ئاوڕێک لە فەرهەنگی کوردەواری بەڕێوەچوو.[6]
باشووری کوردستان
- شەشەمین دیداری سلێمانی بە ناونیشانی (عیراق و وڵاتانی دراوسێ، بەرەو سیستمێکی نوێی هەرێمایەتی) بەبەشداری چەندین کەسایەتی جیهانی و عیراقی لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی بەڕێوەدەچێت.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شارۆچکەی خورماتوو دوو چەکدار لەسەر ماتۆرسکیلێکەوە دەستڕێژی گوللەیان لە پۆلیسێکی تورکمان کرد و کوشتیان.[2]
- لە کەلار دیداری ژنان، کە بڕیاربوو لەلایەن پێنج ژنی پێنج ڕێکخراوی جیاوازی تایبەت بە ژنان بەڕێوەبچێت، بەڵام بە پێچەوانەوە پێنج پیاو دیدارەکەیان پێشکەشکرد، ئەوەش ناڕەزایی ژنانی لێکەوتەوە.[5]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ مانگی مینا لە شاری سلێمانی بە مەراسیمێک کرایەوە، کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر ژنان و گەنجان و هونەرمەند و ئەکتەرانی کورد بە جلی کوردییەوە ئامادەبوون.[5]
- ئەمشە و لەکاتی گەڕانەوەیان کاروانێکی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەنزیک گوندێکی سنوری مەخموور کەوتوونەتە بۆسەی داعشەوە و ژمارەیەک کوژراو بریندارییان لێکەوتووەتەوە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕقانانی قەسەدە 13 منداڵی دیکەیان لە دەستی چەتەکانی داعش ڕزگار کرد کە زۆرینەیان منداڵی ئێزدیین.[3]
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک-قەسەدە لە ئۆپەڕاسیۆنێکی تایبەتدا توانیان 3 شەڕقانی دیلی دەستی داعش ئازاد بکەن.[3]
- د. زاهیر عەلیکۆ کە خەڵکی گوندی کەفەر سەفرەی سەر بە شارۆچکەی جندرێسە لە هەرێمی عەفرین، لەلایەن چەکدارانی گرووپی زەنگی ڕفێندرا و بۆ ئازادکردنیشی داوای هەزار و 500 دۆلار دەکەن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزیری ناوخۆی تورکیا ڕایدەگەیەنێت: وڵاتەکەی بەنیازە لەگەڵ ئێران دژ بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئۆپراسیۆنێکی هاوبەش ئەنجامبدات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-03-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-03-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-03-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-06
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 223

2019-03-07



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرێی کوردپا، وەکوو نەریتی ساڵانی پێشوو، هاوولاتیبانی گوندی پاڵنگان، ئامادەکاریان بۆ بەڕێوەچوونی نەورۆزی ئەمساڵ لەو گونده کردبوو، کە لە ژێرگوشاری ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری کامیاران، ئەو ڕێوڕەسمەیان هەڵوەشاندەوە.[4]
- بە هۆی کەرەستەی چێ کراوی تەقەمەنی لە شاری بۆکان لە ماڵێکدا، هاوولاتییەک گیانی لە دەستدا و چوار کەسی دیکە بریندار بوون.[4]
باشووری کوردستان

- ئەمرۆ لە شاری هەولێر، بە نزیکبوونەوە لە 8ی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنان، ژنان وەک چالاکییەک 6 هەزار واژۆ کە ماوەیەک بەرلە ئێستا لەلایەن ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی کۆکرابوونەوە و لەگەڵ یاداشتێک ڕادەستی پارلەمانی هەرێمی کوردستان کرد.[2]
- بەبۆنەی هەشتی ئازار ڕۆژی جیهانی ژنان، لە شاری کەرکووک، لەسەنتەری ڕۆشنبیری و مااڵی ڕۆشنبیری شارەکە چەندین چالاکی هونەری و جۆراو جۆر و پێشگانگا و کاری دەستی تایبەت بە ژنانی نەتەوە جیاوازەکان بەڕێوەچوون.[3]
- لە شارۆچکەی کەلار، گروپی کچانی فۆتۆگرافەری گەرمیان، بە ناونیشانی 'خەمی ئێمە و چاوی ئێوە'، پێشانگایەکی فۆتۆگرافیان کردەوە، تیایدا، خەم و ئازارەکانی ژنان و ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە لەناو کۆمەڵگادا، نیشاندرا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی باغۆز-ی سەر بە شارۆچکەی هەجین-ی پارێزگەی دێرزوور، هێزەکانی سووریای دیموکراتی (قەسەدە) لە چوارچێوەی دوایین هەڵمەتی کۆتایی هێنان بە چەتەکانی داعش بەردەوامن لە تۆمارکردنی سەرکەوتن.
لەوچوارچێوەیەدا، شەڕقانانی قەسەدە 8 هاوڵاتی ئێزیدی دیکەیان ڕزگار کرد. زانرا 2 لە ڕزگارکراوەکان ژنن و 6شیشان منداڵن و ناوەکانی وەهان: ژنەکان/ تایسەر سلێمان و ئەدیبە مووراد. منداڵەکان/ ئەیمەن خەلیل حەجی، دلبرین جەلەر، خەیری شەرەف، موسا هادی، ئایشە و ئیبراهیم.[2]
- بە گوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ لە ناوچەکە، بەیانیی ئەمڕۆ لەسەر ڕێگەی گوندی ترندێ لە خاڵێکی پشکنینی هێزەداگیرکەرەکان تەقینەوەیەک ڕوویدا. لە ئەنجامی تەقینەوەکە سەربازێکی تورکیا کوژرا و 2 ئەندامی گرووپی چەتەی فرقەی هەمزە بریندار بوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- خەڵاتی سەرکەوتنی پارلەمانی بەریتانیا کە سااڵنە دەدرێتە کەسایەتیەک، ئەمساڵ لە ئاهەنگی نەورۆزدا کە سااڵنە لە پارلەمانی بەریتانیا ڕێکدەخرێت، بەخشرایە بەسیمە باشار هاوسەرۆکی ئەنجومەنی گەلی کورد لە بەریتانیا.[2]
- بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنانەوە یەکێتی ژنانی کوردستان لانەی ئارام و تۆڕی نێودەوڵەتی بۆ تۆندوتیژی دژی ژنان لە سوید کۆنفرانسێک سازدەکات.[1]
- هاوسەرۆکی هەدەپەی ناوچەی تۆربالی دەستگیر کرا.[2]
- لەچوار چێوەی یادکردنەوەکانی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان دا لەناوەندی پێکەوە ژیانی کورد و ئەڵمان هونەرمەند ئیسماعیلی مامڵێ پێشانگایەکی فۆتۆگرافی دیکۆمێنتاری تایبەتی بەژنە تەوارە شۆڕشگێڕانەکانی کۆبانێ کردەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	بۆکان
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەاڵتی کوردستان
وڵات:	تورکیا
وڵات:	شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-03-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئێن ئاڕ تی - 2019-03-07

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-07
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 224

2019-03-08



باکووری کوردستان
-لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا لە ئەنکەرا و جەزیر چەندین کەس دەستگیرکران. لە ناو دەستگیرکراوەکاندا بەڕێوەبەرانی هەدەپەی تێدایە.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی لە شاری کەنگاڤەری کرماشان، دوو ژنە هاوواڵاتیی خەڵکی ئەو شارەیان بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر خۆداپۆشینی زۆرەملی حجاب اجباری، دەسبەسەر کرد.[6]
باشووری کوردستان
- حکومەتی هەرێمی کوردستان پاشەکەوتی موچەی لابرد.[2]
- هەر سێ ڕێکخراوی (گەشەپێدانی مەدەنییەت CDO-، نازی بێسەرپەرشتاران و نوێگەر) بە پاڵپشتی دەزگای میدیایی کوردسات و بە هەماهانگی لەگەڵ بەڕێوبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی و بە میوانداری هونەرمەند (هانی) فیستڤاڵی (ژۆژی ژن) لە ڕۆژی جیهانی ژنان ڕێکدەخات. ئەم کۆنسێرتە خێرخوازیە و داهاتەکەی بۆ هاوکاری منالانی بێسەرپەرشت دەبێت.[1]
- لە ڕۆژی جیهانی ژناندا، 150 کچی کوردی ئێزدی ڕزگاربووی دەستی داعش چوونە پەرستگای لالش و یادی ئەو ڕۆژەیان کردەوە، داوایانکرد ئەو کچ و منداڵانەی لەبن دەستی داعشدا ماون ڕزگاربکرێن.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کرستیان ئیمدە کە بەرپرسی بانگەشەی چەتەکانی داعش بوو و لە زۆر دیمەنی ڤیدیۆییدا هەڕەشەی کردەوەی تێرۆریستی لە وەڵاتانی ڕۆژئاوا دەکرد، لە ئەنجامی هەڵمەتێکی یەپەگەدا لە ڕۆژهەڵاتی سووریا کوژرا.[3]
- هەرچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان پاشەکەوتی مووچەی هەڵوەشاندەوە، بەڵام مامۆستایانی نارازیی دەڵێن، بەردەوام دەبن لەسەر فشارەکانیان هەتا تەواوی مووچەی باشەکەوتی مامۆستایان دەگێڕینەوە و مامۆستایانی گرێبەست و وانەبێژ دادەمەزرێن.[5]
دەرەوەی کوردستان
- جارێکی دیکە دادگەی تەمیزی بەلجیکا بڕیاری دا کە خەباتی پەکەکە تێرۆریستی نییە. هەر بۆیە ش دادگەیی کردنی 37 سیاسەتمەداری کورد پەسەند نەکرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-02-27
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-03-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-08
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-27
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 225

2019-03-09



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵتییەکی کورد خەڵکی شاری مەڵکشا سەر بە پارێزگای ئیلام، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، سێ کەس لە ئەندامی بنەماڵەیەکی خەڵکی ئەو شارەی کوشت.[1]

- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی عەبدوڵسەلام حوسێنی تەمەن 29 ساڵ کوڕی پەرویز لە شارەکی فەرهەنگییانی پیرانشار، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر کرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-09

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 226

2019-03-10



رۆژهەڵاتی کوردستان

- کەسەرا نووری، خوێندکاری باڵا لە بەشی ماف، لە زانکۆی تاران و یەکێک لە بەرێوەبەرانی ماڵپەڕی مجذوبان نور، بە حوکمی دادوەر ئەحمەدزادە، بەرپرسی لقی 26ی دادگای ئینقلابی شاری تاران، بە 12 ساڵ زیندانی تەعزیری، 74 زەربە قامچی و 2 ساڵ دوورخرانەوە بۆ ناوچەی سەلاسی باوەجانی، 2 ساڵ بە نەچوونەدەرەوە و 2 ساڵ بێبەریکردن لە ئەندامەتی لە گرووپەکان و حیزبەکان و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و چالاکیی میدیایی مەحکووم کرا بوو، ئەو حوکمە بە شێوەی فەرمی ڕۆژی یەکشەممە 19ی ڕەشەممە، لە زیندان بە ناوبراو ڕاگەیەندرا.[2]

باشووری کوردستان

- سەرچەم گیراوانی ڕاپەڕینەکەی شیلادزێ شێروان شێروانی و تاکۆر زەردەشتی و ڕێکان ڕەشید و مستەفا بامەڕنێ بە بارمتەی پارە ئازادکران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-03-11
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 227

2019-03-11



باشووری کوردستان
- 17 منداڵی دیکە کە لە لایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سووریای دیموکراتی (قەسەدە) لە گوندی باغۆزی دێرەزۆر لە دەستی چەتەکانی داعش ڕزگار کرابوون، لە شەنگال ڕادەستی خانەوادەکانیان کرانەوە.[2]
- بە بۆنەی یادی 28 ساڵەی ڕاپەڕینی شاری هەولێر، 11 مین فیستیڤاڵی ئازادیی و نەورۆز لە شاری هەولێر دەستپێکرد و ماوەی 10 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[3]
- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێم ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی ناجێگیری کەشوهەواوە کردنەوەی بەشی کۆتایی شەقامی 120 مەتری هەولێر دواخەکەوێت، دەشڵێت: تائێستا هیچ بودجەیەک بۆ دروستکردنی شەقامی 100 مەتری سلێمانی دابین نەکراوە.[1]
- لە شاری کەرکووک کرێکاران و بێکاران و ئەو دەرچوانەی زانکۆ کە دانەمەزراون خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و داوای ڕەخساندنی هەلی کار و وەگەڕخستنەوەی کەرتی پیشەسازییان لە کەرکووک دەکرد.[3]
- لیوا ڕوکن سەعد حەربیە، فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە سەربازیەکانی کەرکووک لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: پلانی پاراستنی ڕۆژانی نەورۆز بەبەشداری سەرجەم هێزە ئەمنیەکانی کەرکووک بەڕێوەدەچێت، تێیدا حەشدی شەعبی و حەشدی عەشایەری و پۆلیسی ئیتیحادی بەشداردەبن و هێزی ئاسمانی عێراقیش بەشێک دەبن لەئۆپراسیۆنەکە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- 27 ڕێکخستن و لایەنی سیاسیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەمەبەستی پێکهێنانی یەکێتی بە سەرپەرشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کەنەکە) کۆبوونەوە.[2]

- دوای 24 کاتژمێر تێپەڕبوون بەسەر دەستپێکردنی دواهەمین قۆناغی هەڵمەتی لەناوبردنی چەتەکانی داعش لە گوندی باغۆز، دەیان چەتە لەگەڵ خێزانەکانیان خۆیان ڕادەستی قەسەدە کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2019-03-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-11
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 228

2019-03-12



باکووری کوردستان
- لە ئۆپەراسیۆنی پاکتاوکردنی سیاسیی ڕژێمی ئاکەپە لە دژی گەلی کورد 7 کەس لە جزیر و سەلیم ساداک ئەندامی دەستەی دیوانی کەجەدە زیندانیکران.[3]
- بەمەبەستی دەربڕینی پشتگیری، شاندێکی باشووری کوردستان چووە باکووری کوردستان و ئەمڕۆ لە شاری ئامەد سەردانی

لەیلا گیوفەن هاوسەرۆکی کۆنگرەی دیموکراتی (کەجەدە) و پەرلەمانتاری پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە)ی کرد کە لەپێناو هەڵگرتنی گۆشەگیریی سەر ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان ماوەی 125 ڕۆژە دەستی بە مانگرتن لە خواردن کردووە.[3]
- حوریەت کزل، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە لە ناوچەی ئارتەمێتان-ی وان، بەڕەبەیانیی ئەمڕۆ لە ماڵەکەیدا لە شاری بالکئەسیر دەستگیرکرا و دواتر ڕەوانەی زیندان کرا.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی تەوفیق محەممەدی خەڵکی سنە لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار گوازرایەوە.[5]
- بە هیمەتی کانوونەکانی شێعر و ئەدەب، نالی، تاوژین و ئەهورا و جێگیری فەرهەنگی کۆمەڵایەتی زانکۆی کوردستان لە تالاری مەولەوی ئەو زانکۆیە، سمێنارێک بۆ ساڵیادی کیمیای باران کردنی شاری هەڵەبجە، بەڕێوەچوو.[5]
باشووری کوردستان
- لە شاری سلێمانی ملیارێک دینار مووچەی کارمەندانی نەخۆشخانەی شار لەلایەن باندێکەوە دزرا. بەو هۆیەوە سەدان بازگە لە شاری سلێمانی و دەوروبەری بۆ دۆزینەوەی بانەکە دانرا.[1]
- لە شاری کەرکووک وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم، یادی 32 شەهیدی کردەوە، کە 28 ساڵ لەمەوبەر لە گەڕەکی شۆریجە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە گوللە باران کرابوون.[4]
- فەرماندەی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکانی کەرکووک ڕەتیکردوەتەوە ڕێگا بدەن ئاهەنگی نەورۆز لەسەر قەڵای شارەکە ئەنجام بدرێت، بەرپرسێکی یەکێتیش دەڵێت: بڕیارە لەو بارەیەوە لەگەڵی کۆببینەوە و سورین لەسەر داگیرساندنی ئاگری نەورۆز لەسەر قەڵا.[2]
- ئەمڕۆ، لە بینای وەرزش و لاوان، لە شارۆچکەی کفری سەر بە ئیدارەی گەرمیان، هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوە لە سەر ماددەی هۆشبەر و نێرگەلە و چۆنیەتی وازهێنان، بۆ دورێد سەلیم، بەرپرسی فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان و سیروان ئەحمەد ڕاهێنەر لەبەرێوەبەرایەتی خۆپاراستن ی تەندروستی گەرمیان، سازکرا.[4]
- لەلایەن ئاسایشی کەلارەوە، بە تەلەفۆن بانگهێشتی ئەندازیار هەرێم مەحمود کراوە، کە ماوەی 18 ڕۆژە دژ بە گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان مانی لە خواردن گرتووە، بە وتەی خۆشی، هەڕەشەی لێکراوە ئەگەر نەچێتە ئاسایش ئەنجامەکی باش نابێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هەڵمەتی هێزەکانی سوریای دیموکراتی- قەسەدە، لە گوندی باغۆز-ی ناوچەی هەجین بۆکۆتایی هێنان بە داعش بەردەوامە، لە و چەتانەی داعش کە لە شوێنێکی بەرتەسکدا گیریان خواردووە، سەدان چەتە خۆیان ڕادەستی قەسەدە کرد، ئە و چەتانەی خۆیان ڕادەست دەکەن لە ڕێی ئە و ڕێڕەوە دەگوازرێنەوە کە قەسەدە کردوویەتییەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2019-03-12
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-12
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-03-12
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2019-03-12
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 229

2019-03-13



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئیدارەی ئەماکنی شاری کامیاران، لە ڕێگای پەیوەندیی تەلەفوونییەوە لەگەڵ هونەرمەندانی ئەو شارە، داوای لێکردوون کە کارتی هونەرمەندیی خۆیان بەو ناوەندە حکوومەتییە بدەن تاوەکو بەشداری لە ئاهەنگی نەورۆزدا نەکەن.[5]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، مەهناز هۆژەبر، خەڵکی گوندی جووجەهی، سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە گیانی لێ ئەستێندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- پارە دزراوەکەی نەخۆشخانەی شار لە سلێمانی دۆزرایەوە و 7 تاوانبار دەستگیرکران.[2]
- هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی ڕێککەوتن بە هاوبەشی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی شنگال هەڵبدەنەوە و بڕیاریشە لە دوو ڕۆژی داهاتوودا یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ هەڵبدرێتەوە.[1]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێزەکانی ئاسایش هەردوو بارەگەی تەفگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان (ڕەژاک)یان لە شاری سلێمانی داخست. بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک دەرگەی هەردوو بارەگەکە کرانەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ شەڕفانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات-قەسەدە، دوو مندانی دیکەی ئێزدیان لە باغۆز ڕزگار کرد، بەوەش تا ئێستا شەڕفانان سەدان هاوڵاتی ئێزدیان لە دەستی داعش ڕزگارکردوە.[4]
دەرەوەی کوردستان

- بە پەسەندکردنی ڕاپۆرتی پەرلەمانی ئەورووپا دەربارەی تورکیا، دانوستانی نێوان یەکێتیی ئەورووپا و تورکیا بۆ بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتییەکە، ڕاگیرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: وەرێ

شار و شارۆچکەکان: کامیاران

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-03-13

[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-13

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-13

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-13

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 230

2019-03-14



باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک دیسان هەڵیکوتایەوە سەر بارەگای هەدەپە لە ئامەد. 3 کەس بە ناوەکانی عەبدولخالق کورت، یوسف ئاتەش و سالح جان سەڤەر کە پێشتر دەستگیرکرابوون و دوای ئازادبوونیان هەر بەردەوامبوون لە مانگرتنەکەیان، دیسانەوە دەستگیرکرانەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەووف عارفی تەمەن 50 ساڵ بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری بانە، بریندار کرا.[5]
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، کەمتر لە 24 کاتژمێر، 315 کەس لە هاووڵاتیانی خەڵکی شاری قوروەوە، بە هۆکاری نادیار ژەهراوی بوون.[5]
- چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی جەلال ڕۆستەمی خەڵکی گوندی شایینیی سەر بە کامیاران دانیشتووی ڕامسەر لە باکووری ئێران، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتییەکانەوە لە شوێنی کارەکەیدا دەسبەسەر کرا.[5]
باشووری کوردستان
- چەکدارانی داعش لە سنووری ژمارەیەک گوندی شارەدێی قەرەتەپەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین بە ئاشکرا جموجۆڵ دەکەن و لە شەواندا بە تەواوەتی ئە و ناوچانە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵیانەوە.[1]
- شاندێکی کەنەکە دەیویست بەمەبەستی چەند دیدارێک سەردانی ڕۆژاڤا بکات، بەڵام لە لایەن پەدەکە ڕێگری لێ کرا دەربازی ڕۆژاڤا بێت.[2]
- لەشاری ڕانیە ژنێک ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو دوای گەیشتنیشی بەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە باغوزی دێرەزۆر سەدان چەتەی تری داعش خۆیان ڕادەستی شەڕڤانانی قەسەدە کرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- نەژادپەرستانی تورک لە شاری پاریسی پایتەختی فەرەنسا لەسەر دیواری چێشتخانەیەکی کوردان دروشم و نووسراوی دژ بە کوردیان نووسی.[2]
- بەهۆی پێشلکارییەکانی تورکیا لە بواری مافەکانی مرۆڤ، پەرلەمانتارانی ئەوروپا داوا دەکەن گەمارۆی چەک بخرێتەسەر تورکیا و یەکێتی ئەوروپا و وڵاتانی ئەندام چەکی پێنەفرۆشن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-03-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-14

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-03-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-14
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 231

2019-03-15



باشووری کوردستان
- یەکەم گۆڕی بە کۆمەڵی کوردانی ئێزدی لە گوندی کۆچۆ هەڵدرایەوە چالاکوانێکیش دەڵێت :تەنیا لە گوندی کۆچۆ 14 گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە.[1]
- لە شارەکانی هەڵەبجە و ڕانیە 2 ژن بەهۆی ئاگر گیانیان لەدەست دا و پۆلیسیش ڕایگەیاند، خۆیان سووتاندووە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بە گوێرەی زانیارییەکان، کاتژمێر 19ی ئەمشە و لە بەردەم گەراجی شاری عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا. دەربارەی وردەکاری زیاتر هێشتا زانیاری بەدەستنەخراوە.[2]
- ئەمڕۆ ژمارەیەک چەتەی داعش خۆیان ڕادەستی هێزەکانی قەسەدە کرد لە باغۆز، لەناویاندا منداڵێکی تەمەن 11ساڵی ئێزدیی دۆزرایەوە. ناوی ئەو منداڵە تەمەن 11 ساڵە ڕیحاد نایف کووتێیە و خەڵکی گوندی تل بەناتی سەربە شەنگالە، کە لە فەرمانەکەی 2014 بۆسەر شەنگال بە دیل کەوتووەتە دەستی چەتەکانی داعش.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێکخستنەکانی گەنجان لە ئیستەنبوڵ وێستیان بۆ یادکردنەوەی کۆمەڵکوژیی بەیازید و هەڵەبجە لە زانکۆی ئیستەنبوڵەوە تا میترۆی ڤەزنەجیلەر ڕێپێوان بکەن. بەڵام پۆلیس هێرشی کرد و بە لێدان 33 گەنجی دەستگیر کرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بایەزید
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-03-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-15
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 232

2019-03-16



باکووری کوردستان
- جارێکی دیکە داواکارین خانەوادەی عەبدوڵلا ئۆجەلان و خانەوادەی زیندانییانی دیکەی ئیمراڵی بەمەبەستی سەردانی ئیمراڵی، ڕەتکرایەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بەرێوەبەری گشتیی وەرزش و لاوانی شاری کرماشان، ڕایگەیاند: وەزرشوانانی شاری کرماشان لە کێبڕکێیە ئاسیایی و نێونەتەوەییەکانی، توانییان، سەرجەم 32 میدالّ بە دەست بهێنن. بە وتەی سابیر ڕەحیمی، وەرزشوانانی کرماشانی لە ئاستی جیهاندا، ئەمسالّ توانیان 5 میدالّی زێڕ، 8 میدالّی زێو و 3 میدالّی برۆنزیان، کە سەرجەم دەگاتە 16 میدالّ، بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەسعوود تەیموری خەڵکی گوندی کلاش سەر بە شاری جوانڕۆ، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان، لە سنووری شاری نەوسوود، بە سەختی بریندار بوو.[4]
باشووری کوردستان
- لە سالّیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا ژمارەیەک چالاکیی هونەری ئەنجامدرا و پێشانگایەکی کاری دەستیش بۆ ژنان کرایەوە.[3]
- ئەمڕۆ لە دەڤەری برادۆست-ی سنووری پارێزگای هەولێر، لەنێوان گەریلاکانی هەپەگە و سوپای تورکدا شەڕ ڕوویداوە. سەرچاوە هەرێمییەکان باس لەوە دەکەن، کە سوپای تورک کوژراو و بریندارپی هەبووە و بەهێلیکۆپتەر لە مەیدانی شەڕەکە دووری خستووە.[3]
- تەرمی هاونیشتمانییەک لە گوندی سینای نزیک کۆمەڵگەی شاریا لە پارێزگای دهۆک بە سووتاوی دۆزرایەوە. هاونیشتمانییەکە ناوی قاسم متۆ بووە و کوردی ئێزدی بووە و تەرمەکەی لەناو ئۆتۆمبێلەکەیدا بە سووتاوی دۆزراوەتەوە.
''قاسم متۆ کادیری لقی 17ی پارتی بوو، سەرۆک هۆزی قەیرانی بوو و خەڵکی ناوچەی شنگال بوو''.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر چەندین شوێنیان لە هەرێمی سیدەکان بۆردومان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-03-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-16
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 233

2019-03-17



/إعلان/

في يوم الأربعاء الموافق ٢٠ مارس (آذار) ٢٠١٩ أو أي أيام أخرى ، لا توجد عطلة رسمية مطلقًا في عيد نيروز. ستواصل جميع المؤسسات الرسمية العمل في المجلس المحلي والمحاكم والتعليم والمركز الصحي والمدارس. في ٢١ مارس ٢٠١٩ وأيام أخرى ، لن يتم السماح لمواطنين في عيد نيروز (مظاهرة ، والمشي ، وحرق الإطارات والترفيه)

/ Duyurudur /

20Mart 2019 Çarşamba günü veya diğer günlerde nevruz gerekçesiyle kesinlikle resmi tatil diye birşey yoktur. Tüm resmi kurumlar meclis, nüfus, Adliye, Milli Eğitim, Sağlık ocağı ve okullar mesaiye devam edeceklerdir. 21 Mart 2019 günü ve diğer günlerde kesinlikle Vatandaşların nevruz kutlamasına müsaade edilmeyecektir. (Gösteri, yürüyüş, lastik yakma ve eğlenme gibi) Tarafımızca bu husus kontrol edilecektir duyurulur.

Meclis Baskani

Müh. Abdul Mutalib Sikh Nasan

باکووری کوردستان

- لەچوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا وباکووری کوردستان بەبەشداری پەروین بوڵدان هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە لە ناوچەی بازیدێ-ی ئاگری میتینگێک بەڕیوەچوو. هونەرمەندی کورد قادرچات لە لەمیتینگەکەدا ئامادەبوو وچەند بەرهەمێکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد، دوای کۆتایی هاتنی میتینگەکە ناوبراو لەلایەن هێزەئەمنییەکانی توکیاوە دەستگیرکرا.[3]

- یوسف ئاتەش ئەندامی هەدەپە کە لە ئامەد لەدژی گۆشەگیری عەبدوڵڵا ئۆجەلان مانی لەخواردن گرتووە لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکرا و برایەبەردەمی دادگە.[3]

- زولکوف گەزەن کە لە لەبەندیخانەی تەکیرداغ لە دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لە 1ی ئادارەوە دەستی دابووە مانگرتن لەخواردن، شەهید بوو.[3]

رۆژهەڵاتی کوردستان

- بە هۆی شەڕ و تێکەڵچوونی مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان لەگەڵ کەسانێکی چەکدار لە سنووری شاری بانە، گرووبانێکی هێزە ئینتزامییەکان کوژرا. هەواڵدەرییە حکوومەتییەکان شوناسی ئەو مەئموورە کوژراوەیان گرووبان یەکەم ئەبووزەر حەمزە کورد خەڵکی شاری مەلایری پارێزگای هەمەدان، ڕاگەیاندراوە.[7]

باشووری کوردستان

- لە هەولێر، بە بەشداری 250 کۆمپانیا دووەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی لە بواری گەشتیاریی کرایەوە.[1]

- بەڕێوەبەری پاسپۆرت و نشینگەی حاجی ئۆمەران ڕایدەگەیەنێت: باج لەسەر ئەو گەشتیارانە هەڵگیرا کە لەدەروازەی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران دێنە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەشدا: کە ئەو بڕیارە تا 25ی مانگی ئازاری ئەمساڵ کاری پێدەکرێت.[2]

- لە دوو ڕۆژدا پێنج کەس لە دهۆک بە ڕووداوی هاتووچۆ گیانیان لەدەستداوە، 22 کەسیش بریندارببوون، هۆکاری ڕووداوەکانی هاتووچۆش باران و لافاوی سێ ڕۆژە کە بێ وەستان لە دهۆک دەبارێت. بارانی بە خوڕ و لافاو 40 ڕێگەی سنووری دهۆکیان پەکخستووە، لەماوەی 26 ساڵی ڕابردوودا یەکەمجارە بارانی هاوشێوەی سێ ڕۆژی ڕابردوو لە دهۆک ببارێت.[4]

- لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکەی شاری سلێمانی پێشانگای شێوەکاری 10 هونەرمەندی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەناونیشانی هەنگاوی ڕەنگەکان لە سنە و تارانەوە کرایەوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورک لە ڕێگەی 'ئەنجومەنی خۆجێیی' ئاگادارییەکیان بڵاوکردووەتەوە کە پیرۆزبایی نەورۆز لە عەفرین قەدەغە دەکات.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-03-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-03-17
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-03-17
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-03-17
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-03-18
کاتی تۆمارکردن: 2019-01-17
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 234

2019-03-18



باکووری کوردستان

- زولکوف گەزەن کە لە زیندانی تەکیرداغ لە ئەنجامی چالاکییەکدا شەهید بوو. پۆلیسەکانی تورکیا تەرمەکەی گەزەنیان فڕاند و لە گەمارۆیەکی تۆندی ئەمنیدا خۆیان تەرمەکەیان لە ئامەد خاکسپارد.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بە بۆنەی 31کەمین ساڵیادی کارەساتی شیمیاییبارانکردنی شاری هەڵەبجە، ڕێز لە عەلی عابدی هونەرمەندی کورد خەڵکی شاری سەقز، گیرا.[3]

باشووری کوردستان

- سوپای تورکیای داگیرکەر بەردەوامە لە بۆردومانکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ناوچەکانی باشووری کوردستان و سنووری ناوچەی سیدەکانیان تۆپبارانکرد.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە ناوچەی مەحموودیەی سەر بە عەفرین کە ساڵێکە لەژێر داگیرکاریی دەوڵەتی تورکدایە، تەقینەوەیەکی کاریگەر ڕوویدا. ڕوون نەبووەتەوە کە ئەم تەقینەوەیە کێی بە ئامانج گرتووە و زیانەکانی چی بوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- عەلی عەبدوڵا ئەیوب، وەزیری بەرگری سوریا ڕایگەیاند کە سوپای وڵاتەکەی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵدەکاتەوە کە ئێستا لەژێر دەسەڵاتی شەڕڤاناندان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: سیدەکان

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2019-03-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-18
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 235

2019-03-19



باکووری کوردستان
- سەڵاحەدین کۆڵانج هاوسەرۆکی پارتی دیموکراتیکی هەرێمەکان (دەبەپە) لە شاری جزیری پارێزگای شرنەخی باکووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە دەستگیرکرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، هێزەکانی سپای پاسداران لە گوندی ئاڵیاوێ سەر بە شاری شنۆ، پێشیان بە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی جێژنی نەورۆز گرتووە.[4]
- بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێورەسمی جێژنی نەورۆزی مەلەکشاهی بە هۆی گوشاری هێزە ئیتلاعاتییەکان لەو شارەدا هەڵوەشایەوە.[4]
باشووری کوردستان
- شەڕێکی سەخت لە نێوان هێزەکانی یەبەشە و سوپای عێراق ڕوویداوە و بەردەوامە، بەوتەی فەرماندەی یەبەشەش: ژمارەیەک هەمەری سوپای عێراق سوتێنراون و دوو سەربازیش بریندارن.[1]
- خەڵکی شەنگال بە ڕێپێوانێک هەڵوێستی حکومەتی عێراقیان شەرمەزارکرد.[3]
- وەزارەتی نەوتی عێراق ئاشکرای دەکات، هەوڵەکانیان چڕۆکردووەتەوە بۆ ڕاکێشانی بۆرییەکی گواستنەوەی نەوت، لە کێڵگە

نەوتییەکانی کەرکووک بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا.[1]
- جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند، بەپێی پەیڕەو و بەرکەوتەی هەڵبژاردن بابەتی لێژنەکان یەکلاکرایەوە و سەرۆک و جێگر و بڕیاردەری لێژنەکان هەڵبژێردران.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕڤانانی قەسەدە 7 ئێزدییان لە گوندی باغۆزی سەر بە ناوچەی هەجینی دێرەزۆر لە دەستی چەتەکانی داعش ڕزگار کردووە. ئە و هاوڵاتییە ئێزدییانە کە 5 ژن و 2 منداڵی خەڵکی شەنگالن گوازراونەتەوە بۆ ناوچە ئارامەکان. ئە و کەسانەی ڕزگار کراون بریتین لە: پاکیزە مەهال حەسۆ (30 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، خەولا سمایل خوەدێدا (19 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، ئەمینە خالۆ ئزر (44 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، شامل ئیسماعیل خوەدێدا (15 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، سۆلین سلێمان (17 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، خوناو خدر ئادەم (32 ساڵان، خەڵکی گوندی کۆجۆ)، ئایدن حەدید تالی (12 ساڵان، خەڵکی گوندی خردان). [2]
- شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) گوشارەکانیان بۆ سەر پاشماوەکانی داعش لە گوندی باغۆز لە سوریا زیاتر کردووە و لە پەیامێکدا وتەبێژی ئە و گروپەش دانبەوەدا دەنێت گە شەڕڤانان گورزیان لێوەشاندوون و داوا لە چەکدارەکانی دەکات شەڕیان لەدژ بکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-03-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-03-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-03-19
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 236
2019-03-20



باکووری کوردستان
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە جۆلەمێرگ لە 31 ناوچەی پارێزگای جۆلەمێرگ قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند. ئەو قەدەغەکارییەی دەوڵەتی تورک ناوچەکانی گەڤەر، چەڵێ، شەمزینان و جۆلەمێرگ دەگرێتەوە. قەدەغەکارییەکەی دەوڵەتی تورک بە پاساوی ئاسایشی هاووڵاتیانی مەدەنی بۆ ماوەی 15 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[3]
- پۆلیسەکانی دەوڵەتی تورک ئەمڕۆ هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵی هاووڵاتیان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەدەپە و دەبەپە و پاڵێوراوی هەدەپە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە وان و 22 کەسیان دەستگیرکرد. ناوی کەسە دەستگیرکراوەکان بریتین لە: خەدیجە بارشتران، گولای یڵماز، کانییە شەکەر، بەریتان تایان، حەمید بایهان، ئەلیف یگت، بازی ئاشکان، چەتین ئویار، سۆنگول تاش، موستەفا ئەرزنگین، ئەحمەد کایا، حیکمەت ئوزنیای، دەلیل ئاکسۆی، ستار ئەمەک، گیورسەل کاماچ، فەیسەل پارلاک، جەمیل دەمان، قادر تۆپراک، هاکان دەمیر، دەلیل ئاکسۆی، م. عەلی سۆنمەز، ڕەمەزان دومان و ئازاد گوندۆگان.[3]
- دادگای تورک سانێک و 8 مانگ و 15 ڕۆژ سزای زیندانیکردنی بەسەر عایشە سوروجو پەلەمانتاریی هەدەپەی ڕحا دا سەپاند.[3]
- لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی پاکتاوی سیاسی لە شارەکانی جۆلەمێرگ و ئێلح چەندین کەس لە لایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیر کران.[3]
- لە شاری ڕوحا 38 کەس کە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی پاکتاوی سیاسیدا بە تۆمەتی (پڕوپاگەندەکردن بۆ ڕێکخستن) لە لایەن هێزەئەمنییەکانەوە دەستگیر کرابوون، ڕەوانەی دادگە کران. دادگە بڕیاری زیندانی کردنی بۆ 13 کەس دەرکرد. 25 کەسەکەی دیکەشی بە مەرجی پشکنینی دادی ئازاد کرد.[3]
باشووری کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک هەڕەشەی لە هاووڵاتیانی گوندەکانی هەڕێمی برادۆستی سنووری پارێزگای هەولێر کردووە، کە نابێت ئاگری نەورۆز بکەنەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- و. ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند: فەرماندە سەربازییەکانی وڵاتەکەی و ئێران لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ڕێککەوتون لەسەر

ئۆپراسیۆنی هاوبەش لە دژی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان.[1]
- دۆنالد ترمپ سەرۆکی ئەمریکا ڕاگەیاند کە ئەمشە و دواین مۆڵگەی داعش لە سوریا کۆنترۆڵ دەکەن.[2]
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک هەڵیکوتایە سەر بارەگای ڕێکخستنی هەدەپە لە ئەدەنە و بە ناوی پشکنینەوە دەستیان کردووە و تێکوپێکدانی کەلوپەلەکانی بارەگاکەی هەدەپە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: شەمزینان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-03-20
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-03-20
کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 237

2019-03-27



حزب الوحدة الديمقراطي الكردي في سوريا (يكيتي)

القرار الأمريكيّ الأخير لا يغيّر من واقع الجولان أرضاً سوريّة محتلّة

بيان

إلى الرأي العام

يوم الاثنين المنصرم وقّع الرئيس الأمريكي دونالد ترامب على قرار تعترف الولايات المتحدة الأمريكية بموجبه بـ(السيادة الإسرائيلية) على مرتفعات الجولان السورية المحتلّة من قبل إسرائيل منذ العام ١٩٦٧م، وأن (مرتفعات الجولان جزء من دولة اسرائيل) .

إن هذا القرار الأمريكي يتناقض تماماً مع القانون الدولي الذي يحظر الاستيلاء بالقوة على أراضي دولة أخرى، وكذلك مع جميع قرارات الأمم المتحدة ذات الصلة بوضع الجولان المحتل، كالقرارين رقم ٢٤٢ و٤٩٧. حيث اعتبرَ القرار٤٩٧ الصادر عن مجلس الأمن الدولي بتاريخ ١٧ ديسمبر ١٩٨١، الإجراءات الاسرائيلية في ضم الجولان وفرض السيادة الاسرائيلية عليه (لاغية وباطلة وبدون أي أثر قانوني دولي)، وأعاد مجلس حقوق الإنسان التابع للأمم المتحدة التأكيد على هذا الموقف عبر قرارات عديدة، آخرها في ٢٢ مارس/آذار الجاري، بُعيد تغريدة الرئيس ترامب، بالتأكيد على أن (هضبة الجولان محتلة بموجب القانون الدولي).

يمثّل هذا القرار الأمريكي أحادي الجانب بمعزل عن الأسرة الدولية والأمم المتحدة، استهتاراً واضحاً وخطيراً بالقانون الدولي ومقررات الأمم المتحدة، ويُعلي مجدداً من شأن سياسة القوة المُحضة والتفوق العسكري، ويزيد من حدّة التوتر والصراعات في المنطقة، ولذلك لا يغيّر القرار الأمريكي هذا شيئاً من حقيقة أنّ الجولان أرضٌ سورية محتلّة؛ رغماً عن قرار أمريكيّ أحادي الجانب والذي قوبل برفض عام من المجتمع الدولي بما فيه من حلفاء الولايات المتحدة وإسرائيل، ولا يمتلك القوّة القانونية الدولية ولن يكون بديلاً عن القرارات الأممية الواضحة في هذا الشأن.

ولمّا كانت سوريا وطناً مزّقته الحرب وأنهكته، دولة ومجتمعاً، جرّاء الصراع العنيف المدمّر على السلطة والتدخلات الدولية من كل حدب وصوب، خلال السنوات الماضية، فإنه لا يُبيح للقوى المهيمنة دولياً والنافذة في الأزمة السورية أن تتصرّف بالأراضي السورية وتمنحها لدول الجوار السوري، الطامعة تاريخياً بالاستيلاء على أراضيها وضمّها إليها بالقوة واستغلال الأزمة السورية لتحقيق تلك الأطماع التوسعيّة تحت ذرائع مختلفة (حماية الأمن القومي من التهديدات الخارجية) أو (حماية السوريّين من بطش النظام) أو (نصرة الشعب السوري وثورته) التي تستخدمها كل من دولة، إسرائيل (في جنوب غرب سوريا) وتركيا (في شمال سوريا) في تبرير عدوانها واحتلالها للأراضي السورية. فالجولان، كما عفرين وجرابلس واعزاز والباب وإدلب، تبقى أراضي سورية محتلّة رغم اختلاف السياق والذرائع والأدوات، ولا يلغي من هذه الحقيقة التاريخية والقانونية تفنّن اسرائيل وتركيا في اختلاق ذرائع وحجج واهية للاستيلاء على أراضي سوريّة مجاورة، ولا صفقات أمريكيّة مع اسرائيل أو روسيّة مع تركيا على حساب الحقوق الوطنية الثابتة للشعب السوري و التي تكفلها القوانين والمواثيق الدولية.

٢٠١٩/٣/٢٧

الهيئة القيادية

لحزب الوحدة الديمقراطي الكردي في سوريا (يكيتي)

الموقع الالكتروني الرسمي: www.yek-dem.com ، البريد الالكتروني: info@yek-dem.com

باکووری کوردستان
- گۆرانیبێژ پنار ئایدنلار کە لە میتینگی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لە شاری بەدلیسی باکووری کوردستان سروودی «هەرنە پێش»ی چڕی، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورکەوە ئەمرۆ دەستگیر کرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: بەدلیس

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2019-02-06

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 238

2019-04-03



حكومة أقليم كردستان العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين/ اربيل
كلية الآداب
الداتية

حکومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق
سەرۆکایەتی ئە نجوومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر
کۆلێجی ئاداب
لیژنەی ڕۆشنبیری

Kurdistan Regional Government-Iraq\ Council of Ministers\ Ministry of Higher Education and Scientific research
Salahaddin University\ College of Arts\ Personnel

ژمارە :
ڕێکەوت : 31/ 3/ 2019 زایینی 2718 کوردی

بۆ/ سەرۆکایەتی بەشە زانستییەکانی کۆلێژ

پ/ ئاگادارکردنەوە

سـلاو و ڕێـز ...

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (2019/4/3) کاتژمێر (10:30 خولەک)ی بەیانی لە هۆڵی (فەرهادی) سیمینارێک لەلایەن بەڕێزیان بەڕپرسی مالپەری کوردیپێدیا (هاوڕێ باخەوان)، لە ژێر ناونیشانی (زانیاری چییە؟ سەرچاوەکانی چین؟ بۆچی گرنگە، چۆن بەڕێوەیدەبەین و دەیپارێزین؟)، بۆ ئەم مەبەستە داوا لە سەرجەم مامۆستایانی بەشەکان دەکەین ئامادەی سیمینارەکە بن.

لـەگـەڵ ڕێـزدا...

پ.د.قادر محمد حسن
ڕاگـــر

ڕۆنـــوس بۆ:
ووسینگەی بەڕێز ڕاگری کۆلێژ.. لەگەڵ ڕێزدا .
ووسینگەی بەڕێز ی. ڕاگری کۆلێژ.. لەگەڵ ڕێزدا .
بۆبەی ڕاگەیاندن
ڕۆشنبیری کۆلێژ
بۆبەی دڵنیایی جۆری

Kurdistan Region- Erbil
E- mail: college_arts@yahoo.com

ڕێمی کوردستانی عیراق – هەولێر
0662511441

باشووری کوردستان
- ڕێکخراوی کوردیپێدیا لە کۆلیژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەڵاحەدین، سمینارێکی لەسەر بابەتی زانیاری پێشکەشکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

کاتی تۆمارکردن: 2019-03-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 239

2019-04-05



رۆژهەڵاتی کوردستان
- خەڵکی زیانلێکەوتووی لافاوەکەی ڕۆژهەڵات و ئێران، بەهۆی بەهاناوەنەچوونی حکومەتی ئێران گردبوونەوە و ناڕەزایەتییان ئەنجامداوە، بەڵام هێزەکانی ڕژیمی ئێران هێرشیان کردووەتە سەریان و لە ئەنجامدا چوارکەس گیانیان لەدەستداوە و چەندین کەسی تریش بریندارببوون.[1]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە یەک چرکەدا 800 مەتر سێجا ئاو لە دەریاچەی دوکان دەڕژێتە زێی بچوکەوە هاوکات بێڵ ماوس 60 سانتیمەتر بەرزبووەتەوە سەرڕێژ دەکات.[2]
- بەهۆی بەرزبونەوەی ئاستی ئاوی زێی بچوک، گەشتی ناو ئاو لە دوکان ڕاگیرا.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر بۆردومانی دۆڵی بەدرانی گوندی بۆکریسکان دەکەن لە بناری قەندیل.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: لوڕستان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-04-05
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی پوک میدیا - 2019-04-05
کاتی تۆمارکردن: 2019-03-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 240
2019-04-06



باکووری کوردستان
- معسووم پامای گیراوی سیاسی کورد کە لەبەندیخانی خاربێتێ لەدژی گۆشەگیری سەر ئۆجالان چالاکیی فیداپی ئەنجامدا و شەهیدبوو. ئەمڕۆ تەرمی پامای لە جەزیر-ی شرناخ لەناو گەمارۆی هێزەئەمنییەکانی تورکیادا بەخاک سپێردرا.[2]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی سوپای داگیرکەری تورکیا، کاتژمێر 16:00 بەکاتی باشووری کوردستان گوندی شەرانشێ-ی ناوچەی هەفتەێن-ی تۆپباران کرد. لەئەنجامی ئەوتۆپبارانەدا زیان وزەرەربەر خانووی هاوولاتیان کەوتووە.[2]
- بەڕێوەبەری بەنداوی دوکان ڕوونکردنەوە لەبارەی ئە و دەنگە دەدات کە لەنزیک بەنداوی دوکانەوە هەستی پێکراوە و سەرجەم هاوولاتیان و دانیشووانی قەزاکەش دڵنیادەکاتەوە کە هیچ مەترسییەک لەسەر بەنداوەکە نییە و دەنگە بیستراوەکەش دەرئەنجامی چوونە دەرەوەی هەواو ئاوە لە بێل ماوس-ەوە.[3]
- لە شاری سلێمانی کەمپەینێک بۆ هاوکاریکردنی خەڵکی زیانلێکەوتووی لورستان ڕاگەیەندرا و جەبار یاوەر-یش ڕایگەیاند.[4]
- بەرپرسێکی باڵای پارێزگای نەینەوا ڕایدەگەیەنێت: بەنداوی موسڵ هیچ مەترسی لەسەر نییە، بەڵام هۆشداری دەدات لە بەردانەوەی ئاوی زیادەی بەنداوەکە، کە دەبێت هاوولاتیان ئاگادارین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: لورستان
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2019-04-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-04-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-04-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-04-06

کاتی تۆمارکردن: 2019-03-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 241

2019-04-07



باکووری کوردستان
- لە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی لەتورکیا، فاتما گوندوز هاوسەرۆکی ناوچەیی هەدەپە-ی سڵۆپی لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستگیرکرا.[1]
باشووری کوردستان
- بە بڕیاری پارێزگاری کەرکووک بەوەکالەت، ڕووبەری زیاتر لە 850 هەزار دۆنم زەویی کورد بۆ ئەمسأڵ نەخرانە نێو پلانی کشتوکاڵی و، جووتیارەکانیان گەنم و جۆیان لێ وەرناگیرێت، جووتیارانیش ئەمە بە گورزێکی کوشندە هەژمار دەکەن.[2]
- بەڕێوەبەری ئاوی ژێرزەوی هەولێر دەڵێت، سەرەڕای ئەوەی بەهۆی بارانبارینەوە ئاستی ئاوی ژێرزەوی 30 بۆ 50 مەتر بەرزبووەتەوە، بەڵام هێشتا زووە ئەوە ڕابگەیێنن کە مەترسی وشکەساڵی و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە سنووری پارێزگای هەولێر نەماوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی 'قەڵغانی فورات'ی سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە گوندی کرێدی بە چەکی قورس هێرشیان کرە سەر سەنگەری شەڕڤانانی ئەنجوومەنی سەربازیی باب لە گوندی بوهیج.[1]
دەرەوەی کوردستان

- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو چەند کەسێکی نەناسراو هێرشیان کردە سەر ناوەندی کۆمەڵگەی دیموکراتی کورد لە ڤێلێیەرس-بۆلۆ لە پاریس.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-04-07

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-04-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-03-01

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 242

2019-04-19



باشووری کوردستان

- هەرێەکە لەسەلیم کۆپی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان و لێپرسراوی ناوەندی پەیوەندییەکانی ئە و حزبە، سەعید هەرکی ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی مەڵبەندی 11ی دەوروبەری هەولێر، ئیسماعیل ڕەسوڵ لێپرسراوی مەڵبەندی 3ی هەولێری کۆمەڵ لەنامەیەکدا دەستەکارکێشانەوەی خۆیان لە و حزبە ڕاگەیاند.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەریی کوردستان

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپیدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپیدیا - هاورێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2019-03-01

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 243

2019-05-02



باشووری کوردستان

- زانکۆی سلێمانی بڕوانامەی دکتۆرای فەخریی دایە هونەرمەند مەزهەری خالقی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 05-04-2019
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 244

2019-05-10



رۆژهەڵاتی کوردستان
- 5 هاوواڵتیی کورد لە شارەکانی مەهاباد، سەڵماس، وەرێ و میاندووئاو، بە هۆی بەرکەوتنی هەورەتریشقەوە کوژرا و بریندار بوون.[1]
-کاسبکارێکی کورد، بە ناوی ئەسعەد بۆرکە، تەمەن 21 ساڵ، کوڕی سلێمان، خەڵکی گوندی ساغالووی شاری پیرانشار، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران گیانی لەدەست دا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-05-10

کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 245

2019-05-11



باشووری کوردستان
- بەڕێوبەری گشتیی سەرچاوەکانی ئاو ڕایدەگەیەنێت: سەرڕێژبوونی بەنداوی دوکان کۆتایهات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دوکان
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 246

2019-05-12



بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەیان

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی بڕگەی (دووەم) ی ماددەی (٤) لە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژادرنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستور ژمارە (١) ی سالی ٢٠١٩ دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم لە بەرواری ٢٠١٩/٥/١٢ کاتژمێر (١١) ی بەیانی تا بەرواری ٢٠١٩/٥/١٥ کاتژمێر (١١) ی بەیانی دەکاتەوە بەو مەرجانەی کە لە ماددەی (پێنجەم) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١) ی سالی ٢٠٠٥ی هەوارکراوە هاتووە:

١– تەمەنی لە کاتی هەڵبژاردندا لە (٤٠) چل ساڵ کەمتر نەبێ.

٢– هاوڵاتی و نیشتەجێ ی کوردستان – عێراق بێت.

٣– لە هەموو مافە مەدەنی و سیاسییەکانی بەهرەمەند بێت.

منی نبی نادر قەهوچی
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان- عێراق

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان- عێراق

د. ڤالا فرید ابراهیم
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان- عێراق

باکووری کوردستان
- هەپەگە ڕایگەیاند: لە پاریزگای شرناخ لە چالاکییەکی گەریلاکاندا سەربازێکی سوپای تورک کوژراوە و بە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیای داگیرکەریش 3 گەریلا شەهید بوون.[2]
باشووری کوردستان
- دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم کردەوەو لەمڕۆوە سیڤی کاندیدان وەردەگرن.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ بەهۆی دەستکاریکردنی تەقەمەنییەوە لە هەڵەبجە تەقینەوەیەک ڕوویدا و بە هۆیەوە سێ کەس بریندار بوون، کە دوانیان پێشمەرگە بوون، بەڵام پاشتر یەکێک لە پێشمەرگەکان گیانی لەدەستدا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا هۆشداری لە تێکچوونی دۆخی ئەمنی لە عێراق دەدات و داوا لە هاووڵاتیانی دەکات سەردانی عێراق نەکەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-12

کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 247

2019-05-13



باشووری کوردستان
- دەرەنگانێکی شەوی ڕابووردوو، لە گوندی قەمتەرانی شارۆچکەی ڕانیە کچێکی تەمەن 15 ساڵ بەهەڵە لەلایەن برا تەمەن 10 ساڵانەکەیەوە کوژرا.[1]
- شەوی ڕابردوو لەئاوایی عەبدوڵڵا لە سنوری شارۆچکەی خانەقین باوک و کوڕێک لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە کوژران. کوژراوەکە ناوی نەجم شەکرە سورەمێربیە و کوڕەکەشی ناوی دلێرە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوەندی شاری عەفرین لە دژی خاڵی پۆلیسی سەربازیی چەتە داگیرکەرەکان چالاکییەک ئەنجامدرا. لەو چالاکییەدا 3 چەتە کوژران و 7 چەتەی تریش بریندار بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دواڕۆژ - 2019-05-13
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری پوک میدیا - 2019-05-13
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-14
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 248

2019-05-14


هەرێمی کوردستان / عێراق
نەتجومەنـی دادوەری
دادگای ئیکۆنیمیەوەی ئاسایشی گشتی
Council of the Judiciary
فەرمانی دەستگیر کردن
بۆ/ گشت ئەندامانی بەرێز فتی دادوەری .
گشت ئەندامانی پۆلیس
هەرکەسێک ئەم گرتنامەیەی بەر دست دەکەوێت
ناوی چواری و ناز ناو : شاسوار عبدالواحید قادر
تەمەن :
ڕەگەز : نێر
ناونیشان : سلێمانی - گۆڕی ئەلماس
پیشە : سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ
پوڵەت : سەربەستە ، بڵاڵ هاوەڵ ناوەند
جۆری تاوان و مادەی یاسایی : مادەی (٧) ایاسای تیرۆر
هەڵاتوە بە کارهێنانی نامێرەکانی سەرکردن

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لاوێکی بانەیی بە ناوی شاهۆ سپاڵی، تەمەن 20 ساڵ، کوڕی تەوفیق، خەڵکی شاری بانە، بە هۆی تەقینەوەی مین گیانی لەدەست دا و لاوێکی دیکە بە سەختی لەو ڕووداوەدا بریندار بوو. ئەم دوو لاوە کوردە، لە بەرزاییەکانی شاخی سووركێو لە نزیک گوندی نێروان، سەر بە بەخشی ئارمردەی شاری بانەدا، تووشی ئەو ڕووداوە بوون.[4]
باشووری کوردستان
- فەرمانی دەستگیرکردن لەلایەن دادگاوە بۆ سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ شاسوار عەبدولواحید دەرچوو، هاوکات فەرمانەکە ئاراستەی هێزە ئەمنییەکان کراوە.[4]
- تیرۆرستانی داعش پووش و پەڵاشی بناری چیای قەرەچوغ-یان بەنزیکەی 3 بۆ 4کم ئاگریان لێبەردا و سوتاندیان.[1]
- ئەندامێکی ئەنجوومەنی شارەدێی سەرگەڕان لە پارێزگای کەرکووک ڕایگەیاند، ژمارەیەک عەرەبی هاورده بە 25 ئۆتۆمبێل بە پاڵپشتی هێزێکی سوپای عێراق هاتوونەتە گوندی پەڵکانە و خانووە بەتاڵەکانی گوندەکە داگیر دەکەن.[2]
- هونەرمەندی شێوەکار دڵپاک سەعید لە هەولێر کۆچی دوایی کرد.[3]
- بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی کۆنەوە لە شارەدێی بازیان شەڕ و دەمەقاڵە لەنێوان دوو بنەماڵەدا دروستبوو بەهۆیەوە کەسێک کوژراوە و یەکێکی دیکەش بریندار بووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: جوولّانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-05-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-05-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری شارپرێس - 2019-05-15
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 249

2019-05-15



باشووری کوردستان
- لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: ئەوەی دوێنێ لە گوندی پەڵکانە بەرامبەر هاووڵاتیانی کورد کرا، هاوشێوەی ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەعس بوو و نابێت حکومەتی هەرێم لێی بێدەنگ بێت.[1]
- فڕۆکەیەکی هەواڵگری سوپای تورکیا لە ناوچەی ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆک کەوتەخوارەوە.[1]
- لە چیای بۆتێ لە دەڤەری بارزان، بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک، هاوڵاتییەکی تەمەن 50 ساڵی خەڵکی گوندی پێندرۆی شەهید کرد. ناوی ئەو 'کازم عەلی'ە و تەمەنی 50 ساڵە، خەڵکی گوندی پێندرۆیە و دانیشتووی شارەدێی

بەحرکەی سەر بە پارێزگای هەولێرە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی گژوگیای بەهارە ڕووی لە ناوچەکە کردووە. بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی هاوڵاتییەکە، سوپای تورک مۆڵەتی بە بە 20 کەسداوە بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی بچنە چیای بۆتێ.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کاتژمێر 16:15ی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی شاری گرێ سپی تەقینەوەیەک ڕوویدا. لە ئەنجامدا کەسێک شەهیدبوو و 4 کەسی دیکەش بریندار بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-15
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 250

2019-05-16



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەسەر بانگەوازی چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی شاری مەریوان گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی دژبە کوشتنی ژنان بەڕێوەچوو. هێزە ئەمنییەکان ڕێگریان لە بەردەوامیی چالاکییەکە کرد و چەند چالاکێکیان دەستگیر کرد.[4]
باشووری کوردستان

- هێزە ئەمنیەکانی کەرکووک دواییێ مۆڵەت دەدەنە زیاتر لە 300 خێزانی کورد بۆ ئەوەی خانووەکانیان چۆڵبکەن، لەیەکەم هەنگاویشدا خانوی چەند پێشمەرگەیەکیان ڕوخاند. خانوەکان کە ژمارەیان زیاتر لە 300 خانووە و کەوتوەتە نێو گەڕەکی عەرەفەی شاری کەرکووکەوە، لەدوای ساڵی 2003 ژمارەیەک لە خێزانە ئاوارەکان چونە ناوی و بەشێک لەنیشتەجێبوەکانی ئێستاشی بەپارە کڕیویانە.[3]
- ستافی ژووری ناوچە کوردستانییە دابڕێنراوەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەستیانلەکارکێشایەوە و ڕایانگەیاند: دوای ڕیفراندۆم سیاسەتی تەعریب و پەراوێزخستنی کورد لە کەرکووک و خورماتو و ناوچە دابڕێنراوەکان بەشێوەیەکی بەرچاو سەری هەڵداوەتەوە، دەشڵێن: لەسەرو بەندی ڕێکەوتنی گۆڕان و پارتی بۆ دروستکردنی کابینەی نوێ سەرەڕای ئیلحاحی زۆرمان بزوتنەوەی گۆڕان هیچ پشک و ئەجێندایەکی ئەوتۆی بۆ کەرکووک و خورماتو و ناوچە دابڕێنراوەکان تێدا نەبوو.[1]
- شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ دەستگیرکرا.[2]
- بە بیانووی هەبوونی بارەگاکانی پەکەکە، هێزە ئاسمانییەکانی سوپای تورکیا سێ ناوچە لە سنوری شارۆچکەی ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆک لە یەک کاتدا بۆردومان دەکەن.[3]
- لە شارۆچکەی سەرسەنگ-ی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لە سنووری پارێزگەی دهۆک، نیوەڕۆی ئەمڕۆ تەقینەوەیەک ڕوویدا. ڕاگەیەنرا تەقینەوەکە لە کاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلی سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەر ڕوویداوە و کوژراو و بریندارى لێکەوتووەتەوە.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئێوارەی ئەمڕۆ تەقینەوەیەک لەبەرامبەر بنکەی فریاکەوتن لە باکوری ڕۆژهەڵاتی منبج ڕوویداوە و بە و هۆیەوە چوار کەس بریندار بوون.[1]

دەرەوەی کوردستان

- بەپێی وتەی وەزیری دادی تورکیا لە ئەمڕۆوە گۆشەگیری سەر ئۆجەلان لە ئیمرالی هەڵگیراوە و پارێزەرەکانی دەتوانن سەردانی بکەن و بچنە دیدەنی بۆ ئەنجامدانی دیدار لەگەڵیدا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-05-16

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-16

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-16

کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 251

2019-05-17



باشووری کوردستان

- سەرچاوەیەک لە پۆلیسی خانەقین ڕایگەیاند بەیانی ئەمڕۆ لە گوندی موبارەکی سەر بە شارۆچکەی خانەقین بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبیلێکی جۆری شیری سالۆن تەقییەوە و بەهۆیەوە شۆفێرەکەی کە مامۆستایە، بریندارببوو دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانە بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لە دەستدا. وتیشی: ئەو مامۆستایە ناوی نەبیل ئەکبەر حەمەخانە و تەمەنی 40 ساڵە، بەڕەگەز کوردە و دانیشتووی گوندی موبارەکە و هەر لەقوتابخانەی گوندەکەیان مامۆستا بووە.[1]

- لە شەوی ڕابردووەوە ئاگرێکی گەورە لە سێ گوندی سنوری خانەقین کەوتووەتەوە و پوش و پاوانێکی زۆری سوتاندوە.[2]

- گروپی تیرۆرستی داعش لەڕێگەی سایت و ئەژمارەکانیان لەئینتەرنێت، وێنەی ساتەوەختی شەهید دلێر نەجم ی دانیشتووی گوندی حەبیب عەبدوڵایان بڵاوکردوەتەوە، کە هەفتەیەک پێشتر گرتبوویان، کە دواتر سوتاندویانە. هەر لە و کردەوە تیرۆرستیەدا، باوکی شەهید دلێر کەبەهانای کوڕەکەیەوە چووبوو، شەهید کرا.[2]

- پۆلیسی کەرکووک و هێزە سەربازییەکانی عێراق لەسنوری شارۆچکەی دوبز و شارەدێی پردێ کەوتوونەتە دوا پلەی ئامادەباشییەوە، ئەفسەرێکیش هۆکارەکەی ئاشکرادەکات و دەڵێت: لەترسی سوتاندنی دەغڵ و دانی جوتیارانە لەلایەن داعشەوە.[1]

- بەهۆی بوونی بۆشایی لەژێریدا و تەقینی بۆری ئیفرازەوە، پردی بەحرکە لەسەر شەقامی 120 مەترپی هەولێر دەڕمێت و بەهۆیەوە بەشێکی زۆری خەڵکی شاری هەولێر بۆ چەند ڕۆژێک بێئاو دەبن.[1]

- لە کاتژمێر 14:00ەوە فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک دەستیان بە بۆردوومانی گەلی شێران لە شارەدێی دێرەلۆک-ی سەر بە ئامێدی کردووە.[3]

- کاتژمێر 5:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ لە گوندی یوسف بەگ کە ئێستا یەکێکە لە گەڕەکەکانی خانەقین لە زەویپەکی کشتوکاڵی گوندەکە بۆمبێکی چێندراو بە هاووڵاتییەکی جوتیاردا تەقییەوە. بەهۆی ئە و تەقینەوەیەوە هاووڵاتییەکە دەستبەجێ کوژراوە کە ناوی عەلی مایخانە، تەمەنی 77 ساڵە و بەڕەگەز کورد و کورێکی کارمەندی پۆلیسی خانەقینە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆکی لیژنەی ئاسایشی نەتەوەی لەپەرلەمانی ئێران داوا دەکات گفتوگۆی نێوان ئێران و ئەمریکا بۆ هێورکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوولا لەعیراق یان قەتەر بکرێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دواڕۆژ - 2019-05-17
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری پوک میدیا - 2019-05-17
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری رۆژنیوز - 2019-05-17
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 252

2019-05-18



ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی لە کاتژمێر 07:20ی ئەم بەیانییەوە بە چڕی تەل ڕەفعەت تۆپباران دەکەن. هاووڵاتییەک شەهید بوو و 2 هاووڵاتی تر بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ووڵات: ڕۆژئاوای کوردستان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-18
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 253

2019-05-19

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بەیان

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەپێی بڕگەی (٣) ی ماددەی (٤) لە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژادنی سەرۆک تا پەسەندکردنی دەستور ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٩ ، ناوی نەو پالێوراوانەی کە مەرجی یاسایان تێدایە و خۆیان پالاوتبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق ، ڕادەگەیەنێت:

١- نێچیرڤان ادریس مصطفی بارزانی.

٢- نومێد عبدالسلام قادر.

٣- محمد حمە صالح عمر.

٤- ڕێوار عزیز مصطفی.

٥- هیوا عبدالله خدر.

منی نبی نادر قهوچی
سکرتێری پەرلەمانی
کوردستان- عێراق

هێمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان- عێراق

د.ڤالا فرید ابراهیم
سەرۆکی پەرلەمانی
کوردستان- عێراق

باکووری کوردستان
- مانگرتنی چالاکوانان دژی گۆشەگیریی سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان بەردەوامیی هەیە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەسەر سنووری دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان لە سنووری سووراوی بانە-ی سەربە پارێزگای سنە، گروپێک کۆڵبەریان داوەتە بەر دەستڕێژی گوللە. بەگوێرەی هەواڵەکە ئەو کۆڵبەرەی کوژراوە، ناوی محەمەد ڕەسوڵ عەزیزی-یە و تەمەن 40 ساڵە، باوکی سێ منداڵە و خەڵکی گوندی کانی سێفی سەربە بانەی پارێزگای سنەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.[3]
- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی ناسر (جەهانبەخش) حوسێنپوور و موحسێن حوسێنپوور، خەڵکی شاری پیرانشار، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی نیزامییانی حکوومەت، بریندار بوون. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم دوو کۆڵبەرە کە باوک و کوڕن، لە سێلوێی پیرانشاردا، تەقەیان لێ کراوە.[6]
- هونەرمەندێکی کورد بە ناوی ڕەسوڵ خالیدی، ناسراو بە ڕەسوڵ کەڵەوان، خەڵکی گوندی میرئاوای شاری بۆکان، لە ماڵەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا.[6]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە سێ ناوچەی جیاوازی شاری کەرکووک ئاگر لە دەغڵ و دانی جوتیاران کەوتەوە.[1]
- دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە بەیانێکدا ناوی کاندیدەکانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی بڵاوکردەوە.[2]
- ئاگر لە دەغڵ و دانی دوو گوندی شاڕۆچکەی سەرگەڕانی سەر بە دوبز لە کەرکووک بەردرا.[4]
- لە سنووری گوندەکانی شێخ باوە لەسنوری شارەدێی جەلەولا، ئاگر لە دخڵ و دانی جوتیاران بەربووە و زیانێکی زۆری لێکەوتووەتەوە.[5]
- دوو فڕۆکەی جەنگی تورکیا سنووری چەند گوندێکی شاڕۆچکەی سیدەکانی سەر بە شاڕۆچکەی سۆرانیان بۆردوومانکرد.[4]
- لە دووەمین سااڵیادی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، کۆنسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر لە پەیامێکدا هاوسۆزی خۆی بۆ خێزان و هاوڕێیانی کۆچکردوو دەردەبڕێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شاڕۆچکەکان: بانە
شار و شاڕۆچکەکان: بۆکان
شار و شاڕۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شاڕۆچکەکان: خانەقین
شار و شاڕۆچکەکان: سیدەکان
شار و شاڕۆچکەکان: هەولێر
شار و شاڕۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-05-19

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-05-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-05-19
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 254

2019-05-20



رۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر بە چەکی جۆری دۆشکای 23.5 ملم و 14.5 ملم هێرشی کردووەتە سەر گوندەکانی ماراناز و مالیکییەی شەرای عەفرین.[1]
- بە گوێرەی زانیارییەکان، هێزە داگیرکەرەکان ئاگریان لە زەوپی دارزەیتوونەکانی گوندەکانی سەر بە ناوچەی شێراوا بەرداوە. هەروەها چەتەکان ئاگریان لە درەختەکانی نێوان گوندەکانی باسووت و دەرمشمش بەرداوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: رۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-20
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 255

2019-05-21



رۆژهەڵاتی کوردستان
- شوێنی دانانی پەیکەری قانع، شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، لە لایەن شارەداری شاری مەریوانەوە ڕووخێندرا.[3]
باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی هونەرمەند عەلی توانا لە سلێمانی.[1]
- لەسنوری پارێزگای هەولێر فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان کەوتەخوارەوە، لە ئێستاشدا ئەو شوێنەی فڕۆکەکەی لێکەوتوەتە خوارەوە لەلایەن هێزەکانی دژە تیرۆری هەولێرەوە گەمارۆدراوە.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ و بە دیاریکراوی لە کاتژمێر 5:00ەوە لە گوندی قەرەیەتاخی سەر بە شارەدێی قەرەتەپە لەسەرچاوەیەکی نادیارەوە ئاگرێک کەوتووەتەوە و بەهۆیەوە بەرهەمێکی زۆری گەنم و جۆی جوتیارانی کورد سوتاون.[5]
دەرەوەی کوردستان
- جەمال کۆبانێ بۆ کۆتایهێنانی گۆشەگیری لەگەڵ 3 چالاکوانی دیکە لە بەرلین لە چالاکی مانگرتن دایە و بەپەلە برایە نەخۆشخانە. کۆبانێ چارەسەری قبوڵ نەکرد و لە چالاکی خۆی بەردەوامە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-05-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-21

کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 256

2019-05-22



رۆژهەڵاتی کوردستان
- فەرماندەیی یەرەکە، ڕایدەگەیەنێت، کە لە مەریوان کەسێک بەناوی پەیام لەسەر ناوی گەریلاکانی یەرەکە پارە لە هاوڵاتیان وەردەگرێت، بەڵام ئەو کەسە هیچ پەیوەندییەکی بە یەرەکەوە نییە و سیخوڕی دەوڵەتە.[4]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی گەرمیان لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردووەتەوە، ساردکەرەوەکانی سەر ڕێگای (کەلار - ڕزگاری) ئاگری گرت و، دواتر تیمەکانمان توانیان ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن.[3]
- لە گوندی تەپەکوڕەی شارەدێی شوان هێزێکی دژەتیرۆری یەکێتی بەپاڵپشتی دوو هەلیکۆپتەری هاوپەیمانان چوونەتە سەر ژمارەیەک چەکدار کە خۆیان لە کێڵگەیەکی پەلەوەردا حەشاردابوو. چەکدارەکان بۆ ماوەیەک ڕووبەڕووی هێزەکە بوونەتەوە، بەڵام دواتر دەستگیرکراون و ژمارەیان نازانرێت، بەڵام چەکداری داعش بوون.[2]
- ئەندامێکی ئەنجوومەنی باڵای نەوەی نوێ ڕایگەیاند، شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جووڵانەوەکە مانی لە خواردن گرتووە و دۆخی تەندروستی ناجێگیرە.[5]
- سەرلە ئێوارەی ئەمڕۆ جارێکی دیکە سوپای دەوڵەتی تورک لەڕێگای دوو هێلیکۆپتەرەوە بۆردوومانی گوندەکانی ناوچەی برادۆست-ی سەر بە پارێزگای هەولێر-ی کرد.[4]
دەرەوەی کوردستان
- سەرچاوەکان باس لە گیرانی نەجمەدین کەریم، پارێزگاری پێشووی کەرکووک دەکەن لە بەیروت. شەوی ڕابردوو، یان ئەم بەیانییە ناوبراو لەڕێ نەمساوە و چووەتە بەیروت تاوەکو بێتەوە کوردستان بەڵام لەلایەن ئنتەرپۆڵەوە دەستگیرکراوە.[1]
- پۆلیسی نێودەوڵەتی ئینتەرپۆڵ ڕاگەیاند نەجمەدین کەریم پارێزگاری پێشووی کەرکووک تەنها ڕادەستی دادگاکانی سەر بە

حکومەتی ناوەندی عێراق دەکاتەوە ئەوەش بەپێی هەواڵێک کە ئاژانسی ئارتی ڕوسی بڵاوکردووەتەوە.[2]
- نەجمەدین کەریم، ڕایگەیاند، بە ئازادی لە بەیروتم و بەم زووانە دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-05-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-05-22
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 257

2019-05-23



رۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ چالاکی مەدەنیی کورد بە ناوەکانی ئیدریس مینبەری، زارا محەمەدی و ڕێبوار مینبەری، خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[5]
- دوو کاسبکاری کورد، بە ناوەکانی مەلا نەجمە، خەڵکی گوندی سۆفیان و عەبدولقادر جەسووری، خەڵکی گوندی نەڵۆسی شاری شنۆ، لە لایەن پایەگاکانی حکوومەتەوە تەقەیان لێکراوە و بریندار بوون. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: سەرەڕای بریندارببوونی ئەو دوو کاسبکارە کوردە، چەند سەر ئەسپی کاسبکاران، لەنێوچوون.[5]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر (6:29) خولەکی بەیانی ئەمڕۆ، بومبەلەرزەیەک لە نزیک سنووری شارۆچکەی پێنجوێن، بەدووری 50 کیلۆمەتر لەشاری سلێمانییەوە ڕوویدا و گوڕی بومبەلەرزەکەش (3.6) بووە.[1]
- شەوی ڕابردوو ئاگر لە دەغڵودانی جوتیارانی گوندی کاکەیی زەنقەرە و عەلی سەرای سەر بە شارۆچکەی داقوق-ی پارێزگای کەرکووک بەردرا.[2]
- خاوەن پشکەکانی چاڵی لاند لەبەردەم پرۆژەکە خۆپشیاندانیان ئەنجامداو بەنیازن لە ئاسایشی سلێمانی سکاڵای یاسایی تۆمار بکەن.[3]
- پۆلیسی دارستان و ژینگەی سیروان لە دەریاچەی سیروان دەستیان بەسەر 25 تۆڕ و حەوت ماسییدا گرت، کە 293 کیلۆگرام بوون.[4]
- فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: لە دوێنێوە سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی ڕاستەوخۆ پاش بڵاوبونەوەی دەنگۆی دەستگیرکردنی د. نەجمەدین کەریم، لەهەوڵی چڕدان و خۆیان لەسەر خەت-ن، بۆ ئازاد کردنی، دەشڵێت: ئێمە هەرچی لەدەستمان دێت پارێزگاری لێدەکەین.[1]
- هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمانان ئۆپەراسیۆنێکیان دژ بە چەتەکانی داعش لە گەرمیان دەستپێکرد، چەند چەتە کوژران و دوو پێشمەرگەش بریندارن.[2]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک چیای کاروخ-یان لە سنووری شارەدێی وەرتێ-ی سەر بە شارۆچکەی ڕواندز-یان لە پارێزگای هەولێر بۆردوومان کرد.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان
- کۆمیتەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی ئێزدی لە ماڵی ئێزدییەکان لە هەرێمی جەزیرە توانی (زینە ئیبراهیم) تەمەن 19 ساڵ لە ناوچەی هەجینی سەر بە پارێزگای دێرەزۆر ڕزگاربکەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-05-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-05-24
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 258

2019-05-24



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزەکانی هەنگی سنووریی شاری پیرانشار لە شوێنێک بە ناوی شیەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەکەونە بۆسەی یەکتر و تەقە لە یەکتر دەکەن. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە نەخۆشخانەی شاری پیرانشار، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە، بە هەواڵنێری کوردپای ڕاگەیاند: لەو شەڕ و تێکەڵچوونەدا، چوار کەس لە هێزەکانی هەنگی سنووری کۆژراون و تەرمی ئەوانیان بۆ نەخۆشخانەی ئەو شارە، ڕاگوێزراون.[4]
باشووری کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ جارێکی دیکە فڕۆکە جەنگییەکانی سوپا داگیرکەرەکی ڕژێمی تورکیا، دەڤەرەکانی لێلکان و بندێوان و کەوەرت-ی سەر بە هەرێمی برادۆستی پارێزگای پارێزگای هەولێرن بە چڕی بۆردوومان کردوەتەوە.[1]
- فەرەنسا لە ڕێگەی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان نزیکەی 140 کوردی ئێزدی وەک کۆچبەر وەرگرت و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێرەوە بۆ فەرەنسا گوێزرانەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- پێگەی فەرمی چەتەکانی داعش بە ڕاگەیەندراوێک ئاگر بەردان لە دەغڵودانی جوتیارانی عێراق و سوریای گرتووەتە ئەستۆ و بە تۆڵەکردنەوە ناویهێناوە. پێگەی چەتەکان ڕایگەیاندووە، مەزراکانی گەنم و جۆ لە پارێزگاکانی کەرکووک، نەینەوا، دیالە و سەلاحەدین لە عێراق و پارێزگای حەسەکە لە سوریا لەلایەن ئەوانەوە سوتێندراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-05-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-25

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-05-25
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 259

2019-05-25



الأخبار

وساطات و«رشى» لاستعادة نجم الدين كريم

محافظ كركوك السابق:
الصندوق الأسود لـ«مافيات كردستان»

التحويلات المالية بين أربيل وبغداد وبيروت تصاعدت بشكل كبير

باکووری کوردستان
- 23 هەرێمی چەولیک، کە سنووری 6 ناوچە و ناوەندی شاری چەولیک لە خۆ دەگرێت بە بڕیاری ژمارە 1087ی سەرۆک کۆماری تورک کران بە ناوچەی ئەمنیی تایبەتی کاتی. ئەو قەدەغەکارییە لە ئەمڕۆوە 25ی ئایاری 2019 / 4ی جۆزەردان تاوەکو ڕۆژی 31ی کانوونی یەکەمی 2019 / 10ی بەفرانبار بەردەوامیی دەبێت.[2]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک لە کاتژمێر 05:00ی بەرەبەیانی ئەمڕۆوە چەندین ناوچەی برادۆست و هەندێک لە گوندەکانی سیدەکانیان بۆردومانکرد.[2]
- بەهۆی دوو ڕووداوی سوتانەوە لە ماوەی 15 کاتژمێردا لە سنووری شارۆچکەی پشدەر لە ئیدارەی ڕاپەڕین کچێک گیانی لە دەستداوە و ژنێکیش 80%ی جەستەی سوتاوە.[1]
- بەهۆی دیارنەمانی موچەی چەند مانێگێکی فەرمانبەران، ژمارەیەک لە دادوەران و مامۆستایان و فەرمانبەرانی ناڕازی لەڕێگەی 15 پارێزەری خۆبەخشەوە، سکالا لەسەر ڕێباز حەملان وەزیری دارایی و حکومەتی هەرێم تۆمار دەکەن.[1]
- ڕەشەبایەکی بەهێز چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانی گرتەوە و بەهۆیەوە زیانی ماددی بەدواوەبوو. ڕەشەباکە لەسنووری پارێزگای هەولێر زیانی زۆری بە دارو باخچەکان گەیاندوە و بەهۆیەوە چەندین دار شکانەوە.[3]
- ڕەشەبای ئەم ئێوارەیە زیانی بە ستوونی کارەبا، یاری کارەبایی سنووری ڕاپەڕین گەیاندووە و ژمارەیەکی زۆر داری سەر

شەقامەکانی شکاندووەتەوە.[4]
- لە ئێوارەی ئەمڕۆوە ئاگرێک لە شارەدێی سەرقەڵای شاڕۆچکەی کفری کەوتووەتەوە و 50 دۆنم گژوگیا و دار و دەغڵ و دان بە تەواوی سووتان.[1]
- کەنەکە ڕایگەیاندبوو، سمینیارێک بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندن و بابەتی یەکێتیی نەتەوەیی لە سلێمانی بەڕێوەدەبات، بەڵام لەلایەن ئاساییشیەوە ڕێگری لە ئەنجامدانی چالاکییەکە کرا.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە شاڕۆچکەی ڕواندزی سەر بە پارێزگای هەولێر، بەبۆنەی 93مین ساڵیادی هێنانی دەزگای چاپ بۆ ڕواندز و دەرکردنی گۆڤاری زاری کرمانجیی لەلایەن نووسەر و مێژوو نووس، حوسێن حوزنی موکریانییەوە، مەراسیمێک بەڕێوەچوو. مەراسیمەکە لەلایەن کتێبخانەی عەلی مەکتەبە و بەشێک لە خوێنەرانی سنووورەکەوە بەڕێوەچوو، کۆمەڵێک لە نووسەر، ڕۆژنامەنووس، ڕۆشنبیر و چالاکوانان تیایدا ئامادەبوون.[4]
- هاوڵاتییەک بە ناوی نەزیف محسن خەڵکی گوندی گەلەکان-ی سەربە دێرەلۆک-ی ناوچەی ئامێدی پارێزگای دهۆک، لە ئەنجامی تەقینەوەی مینێکی سوپای تورک بریندارببووە. لە ئەنجامی تەقینەوەی ئەو مینەدا، نەزیف محسن بۆ چارەسەری گوازراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی دهۆک و بریندەکەی سەختە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بەرپرسێکی سەربازی ئێران هەڕەشە لە هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات و دەڵێت: دەتوانین سەرباز و کەشتییەکانیشتان بە چەکێکی نهێنی نوقم بکەین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-05-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-25
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 260
2019-05-26



باکووری کوردستان
- عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە لە پەیامەکەیدا بۆ مانگرتوان ڕایگەیاند، لە پێش هەموانەوە ئەو هەڤاڵانەی بەشداریی چالاکیی مانگرتن و ڕۆژووی مردن بوون، لە چوارچێوەی ئەو پەیامەدا، کە 2 پارێزەری من پێتانی دەگەیەنن، چاوەڕێ دەکەم کۆتایی بە چالاکییەکەتان بهێنن.[3]
- دوای پەیامەکەی ئۆجالان لەیلا گوفەن، هاوسەرۆکی کەجەدە، پاش 200 ڕۆژ لە مانگرتن کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا.[3]
باشووری کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو لە سنوری شارەدێی عەباسیە لە حەویجەی سەر بە پارێزگای کەرکووک، دوای کەوتنەوەی ئاگر لە دەغڵودانی جوتیاران، هاوڵاتیان بۆ بە مەبەستی کوژانەوەی ئاگرەکە دەچنە شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە چوار کەس گیانیان لەدەستداو دوو کەسیش بریندار بوون، هەروەها لە سنوری شارۆچکەی داقووق هەمان حاڵەت ڕوویداوە بەوهۆیەوە پێشمەرگەیەکی کاکەیی شەهید بووە و چوار پۆلیسی بنکەی پۆلیسی داقووقیش بریندار بوون.[1]
- تاقیکردنەوەی پۆلە کۆتاکان لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، لەتاقیکردنەوەکانی ئەمساڵدا 112 هەزار و 585 خوێندکاری زانستی و وێژەیی و 3364 خوێندکاری پیشەیی بەشداری ئەو پڕۆسەیە دەکەن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەر بۆ ڕادەستکردنەوەی نەجمەدین کەریم پارێزگاری دوورخراوەی کەرکووک و دەڵێت: لە لوبنان دەستگیرکراوە و بەکەفالەت ئازادکراوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: لوبنان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 261

2019-05-27



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری شاباد (ئیسلام ئاباد) سەربە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدادانی چەکداری لە نێوان گروپێک کە نازانرێت کێین لەگەڵ پۆلیسی زانیاری ڕوویدا، لە ئەنجامی ئەو پێکدادانەدا سەرۆکی پۆلیسی زانیاری ئەو شارە لەگەڵ ئەفسەرێکی پلەبەرز بریندار بوون.[1]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی ناسر ئەوەلیان، تەمەن 55 ساڵ، خەڵکی گوندی میانە و دانیشتووی شاری مەریوان، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، بریندار کرا.[4]
- لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی سەوزی چیا و بە بەشداری کۆمەڵێک لە ژینگەپارێزانی مەریوان، بەشێک لە دارستانی چیا، هەڵکەوتوو لە پشت گەڕەکی چواریاخ، بە مەبەستی بەرگری لە ئاگرکەوتنەوە و ئاگرتێبەردان، لە گژ و گیا خاوێن کرایەوە.[4]
باشووری کوردستان
- وەزیری دارایی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: دەنگۆی ناردنی چوار موچەی پێشمەرگە دووڕە لە ڕاستییەوە، ئاماژەی بەوەشکرد کە بەغدا بۆ ساڵی 2019 پێنج موچەی ناردووە و ئەوەشی دەینێرێت بەشی موچەی تەواوی فەرمانبەران ناکات.[2]
- ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا داوای دەرکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات لەناو شارۆچکەی شەنگال و بوونیان بە کێشە وەسفدەکات.[2]
- مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دڵنیایی دایە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، کە هەموو برگە و ماددەکانی ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ پارتی وەکو خۆی جێبەجێ دەکرێت و ئەندامانی فراکسیۆنی یەکێتیش لە پەرلەمانی کوردستان ڕادەسپێرن دەنگ بە نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بدەن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-27

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-27

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-05-27

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-05-28

کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 262

2019-05-28



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی سێ چۆمانی شاری پیرانشار، کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئاکامدا، چەند کۆڵبەرێک کوژران و بریندار بوون. شوناسی دوو کەس لەو کۆڵبەرانە کە گیانیان لەدەست داوە بە ناوەکانی خالید سەلیمی، خەڵکی شاری سەردەشت و ئاکام باردڵ، خەڵکی شاری مەهاباد، ڕاگەیەندراوە.[6]

- بە هۆی شەڕ و دەمەقاڵێ لە نێوان چەند هاوواڵاتی لە شاری سنەدا، دوو هاوواڵاتی کوژران و هاوواڵاتییەکی دیکەش بریندار بوو.[6]

- ستوان یەکەم، ئیبراهیم ئاخوندزادە، ئەندامی سوپای پاسداران، لە نزیک گوندی سێگرکی شاری چاڵدێران، لە شەڕ و تێکەڵچوونێکدا، کوژرا. ئەو ئەندامەی سپای پاسداران، خەڵکی شاری ئاواجیقی سەر بە شاری چاڵدێرانە و میدیا حکوومەتییەکان ئەم شەڕ و تێکەڵچوونەیان، خستووەتە ئەستۆی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران.[6]

باشووری کوردستان

- پەرڵەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم کۆدەبێتەوە. فراکسیۆنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامی، یەکگرتووی ئیسلامی و نەوەی نوێ دەنگیان بەکاندیدەکەی پارتی نەدا و فراکسیۆنەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و پارتی و کەمینەکانی پەرلەمان دەنگیان بە نێچیرڤان بارزانی دا و بە 68 دەنگ لە 81 بووە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.[1]
- سەرچاوەکان باس لە قەیرانێکی تری سیاسی دەکەن لە باشووری کوردستان، بەهۆی دەنگنەدانی یەکێتی بۆ کاندیدی پارتی و ئالۆزیی گەورە لەنێوان پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتیدا دروستبووە.[1]
- وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، سبەینێ ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆدەبێتەوە و تاوتوێ پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی ئایندەی یەکێتی دەکات.[5]
- کۆپتەر و فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک دەوروبەری چەمی لۆلان و چیای شەکیف-یان بۆردمانکرد. هێرشەکە بە 30 کۆپتەر و فڕۆکە جەنگی ئەنجامدرا. سوپای تورک دوای بۆردومانەکە سەربازی لەسەر چیای شەکیف دابەزاند.[2]
- بەیانی ئەمڕۆ، دەنگی چەند تەقینەوەیەکی گەورە گوندەکانی بناری ئاسۆسی شارەدێی بنگردی سەر بە شارۆچکەی دوکانی هەژاند و بەڕێوەبەری شارەدێیەکەش دەڵێت: دەنگی ئە و تەقینەوانە بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەوە بووە لە دوو هاوینە هەواری سنورەکە.[3] هەندێک سەرچاوەی تر فڕۆکەکان بەهی ئێران دەزانێت.[4]
- گرتەیەکی ڤیدیۆیی فەرهاد پیرباڵ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە، کە دەگووترێت لێی دراوە و خوێن بە سەر و دەموچاوییەوەیە.[1]
- بەشێک لە شۆفێرانی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکانی دەروازەی سنووریی پەروێزخان، لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕێک پارە لێیان لەلایەن گومرگی پەروێزخانەوە مانگرتنیان ڕاگەیاند.[4]
- بەرپرسێکی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی ئەوەی لە تاقیکردنەوەی ئەمڕۆی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی 12ی ئامادەیی، پرسیارێکی درەکی هەبووە، بۆیە دوو نمرە بەسەرجەم خوێندکاران دەدرێت.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن، ئەم بەیانییە، چراخان ڕەفیق هاوسەری پێشووی ئاشتی هەورامی تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بووە لە پاریس و باری تەندروستیی ناجێگیرە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: دوکان

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-28

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-05-28

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-05-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-05-28
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 263

2019-05-29



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی پەرتاخ-ی دێرسم پۆلیسی دەوڵەتی تورک 4 کەسی دەستگیر کرد. لە لایەکی دیکەوە لە ناوچەی قەرەیازیی سەر بە شاری ئەرزرۆم کەسێک زیندانی کرا.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دارستانی گوندەکانی نژمار و بێکەڕەی شاری مەریوان، ئاگریان تێبەردرا و خەسارێکی بەرچاوی بە ژینگەی ئەو دوو گوندە، گەیاند.[5]
باشووری کوردستان
- لە کاژێر 09:15ی ئەمڕۆوە فڕۆکەکانی تورکیا سێجار چیای کورەژاریان بۆردوومان کرد، کە بەسەر شارۆچکەی شیلادزێ دەڕوانێت.[1]
- ژمارەیەک بەرپرس و ئەندامی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە سنوری پارێزگای هەولێر دەستیان لەکارکێشایەوە.[1]
- فەرەیدون عەبدولقادر لەبارەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە. (بڕوانە بابەتی پەیوەستکراو)[3]
- ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان، عومەر سەید عەلی بەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە نێچیرڤان بارزانی دەکات.[3]
- لقی سۆرانی یەکێتی لاوانی کوردستان، ئیدانەی هێرش و بۆردوومانی سوپای تورک دەکات بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان، داوا لە حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی هەرێم کوردستان دەکات چیتر لەئاست شەهیدکردنی لاوی کورد و داگیرکردنی باشوری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورک بێدەنگ نەبن.[4]
- بۆسێیەم جار ئالۆگۆڕی زیندانیان لە نێوان حکومەتی هەرێم و ئێران ئەنجامدرا و ئەمڕۆ 25 زیندانی دیکە لە کۆمەڵگەی گومرگی حاجی ئۆمەران لە نێوان هەردوولادا ئالۆگۆڕکران لەو ژمارەیەش تەنها پێنج زیندانییان لەلایەن ئێرانەوە دراونەتەوە بە هەرێم.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- مینێکی چێندراو لە نزیک گۆڕەپانی ئەشکا لە قامیشلۆ تەقییەوە. بەهۆی تەقینەوەی ئەو مینەوە زیان بەو ئۆتۆمبێلانە گەیشت، کە لە نزیک شوێنی تەقینەوەکەدا ڕاوەستابوون.[2]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و گروپە چەتەکانی ئاگریان لە باخە زەیتونەکانی دەوروبەری گوندی باسل لە ناوچەی شێراوای

عەفرین بەرداوە. ئەو ئاگرەی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی بە زەوی و باخە زەیتونەکانی گوندەکانی بەنە و عاقب-یشدا بڵاوبووەتەوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- مۆرگن ئۆرتاگۆس، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەڵێ تورکیا ڕووبەڕووی ئەنجامی زۆر ڕاستەقینە و زۆر نێگەتیف دەبێتەوە ئەگەر ئێس-400 وەربگرێت. لەوانە وەستاندنی ناردنی فڕۆکەی ئێف 35 بۆیان و ڕاگرتنی بەشداریان لە پڕۆگرامی دروستکردنیدا، هەروەها بەهۆی یاساوە ڕووبەڕووی سزای ئابووری دەبنەوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەرپی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-05-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-05-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-05-30
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 264
2019-05-30



باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو دوای ئەوەی داعش دەغڵودانی جوتیارانی سنوری گوندی حەوتەغاریان سوتاند، لەکاتی چوونی هاووڵاتیانی گوندەکە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە، کەوتوونەتە بۆسەیەکی داعشەوە و ژمارەیەک هاووڵاتی شەهیدو بریندارکردوە. ئە و کەسەی شەهید بووە پیشەی پێشمەرگەیە ناوی هەردی سامان محەمەدە و تەمەنی 28 ساڵانە.[1]
- ژمارەیەک تەقینەوە لە کەرکووک ڕوویدا و 3 کوژرا و زۆرتر لە 10 بریندارى لێکەوتەوە.[4]
- شەوی ڕابردو پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە گوندی زرگوێزی سەر پە پارێزگای سلێمانی ڕوبەروی یەکتر دەبنەوە، پاشان ئاساییشی دەکەوێتە نێوانیانەوە و بارودۆخەکە کۆنترۆڵ دەکەن.[4]
- شەوی ڕابردوو کاتژمێر 12:00 فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک دەوروبەری گوندی سێگرێ-یان لە سنووری پارێزگای دهۆک بۆردوومان کردووە.[3]
- شاسوار عەبدولواحید سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ بەکەفالەت ئازاد کرا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا کە عەلی شێر سولۆمولۆڤ، باڵیۆزی گشتی ئۆزبەکستان لە ئیمارات و بەرپرسانی یەپەگە ئامادەبوون، کەمال عاکیف، گوتەبێژی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە بەرێوەبەرایەتیی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕایگەیاند 148 ژن و منداڵی چەکدارانی داعش، کە لە کەمپی هۆڵ بوون و لە ئۆپەراسیۆنی باهۆزی جزیرە دەستگیرکرابوون، ڕادەستی حکومەتی ئۆزبەکستان دەکرێنەوە.[2]
- دیمتری بیسکۆف وتەبێژی سەرۆکایەتی ڕوسیا ئەمڕۆ، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند: ڕادەستکردنی سیستمی موشەکیی ئێس 400 بە تورکیا، بە و میکانیزمە دەبێت کە پلانی بۆ دارێژراوە، بەڵام لەسەر داوای ئەنکەرە لەماوەیەکی نزیکتردا ڕادەست دەکرێت و هیچ دواکەوتنێک لە پرۆسەکەدا نابێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-05-30
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-05-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 265

2019-05-31



باشووری کوردستان
- هێزێکی نوێی سەربازانی تورکیا گەیشتە ناوچەکانی شاڕۆچکەی زاخۆ و ئامێدی لە سنووری پارێزگای دهۆک، سەرچاوەیەکیش دەڵێت: بەرەبەیانی ئەمڕۆ گەیشتووە.[1]
- ڕژێمی تورکیا لە درێژەی داگیرکاری و تاوانەکانی لە باشوری کوردستان داوا لە گوندنشینانی سنوری پارێزگای هەولێر دەکات، تا دەستبەرداری گوندەکانیان ببن و چۆڵیان بکەن. لەو بارەوە ئاژانسی هەواڵی ڕۆژنیوز بڵاوی کردووەتەوە: بەپێی ئەو زانیاری و ڤیدیۆیەی لە هاوڵاتیانی سنوورەکەوە دەستی کەوتووە، لە گوندی خەلیفانی سەر بە ناوچەی سیدەکان سپای تورکیا لە ڕێی سیستەمێکی دەنگی تۆمارکراوەوە کە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان بڵاوی کردووەتەوە، بە زمانی کوردی داوا لە هاوڵاتیان دەکات تا سنوورەکە چۆڵ بکەن.[3]
- لە سنووری شاڕۆچکەی پێنجوێن ژنێک گیانی لەدەستدا و بەرپرسێکی تەندروستی ناوچەکەش دەڵێت: لەناو حەفری کشتوکاڵیدا خنکاوە.[1]
- فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی کەرکووک ڕایگەیاند، ڕێکخراوی داعش لە پشت تەقینەوەکانی شەوی ڕابردووی کەرکووکەوەیە و ناهێڵن ئاسایشی شاری کەرکووک تێکبدەن.[2]
- لە کاتژمێر 11ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆوە ئاگر لە دەغڵودانی جوتیارانی گوندی پەلکانەی سەر بە شارەدێی سەرگەڕان بەربوو.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان
- بە بەشداریی سەدان پزیشکی دڵ لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا و بە میوانداری پزیشکان زەینەب بینیجی لە دانمارک، ئیڤان

ئۆسێ و سەلام حوسێن لە هەولێر و خوێندکارانی ئەکادێمیای تەندروستیی ڕۆژاڤا یەکەمین کۆنگرەی پسپۆڕیی نەخۆشی و نۆژداریی دڵ دەستی پێکرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمرۆ دیمیتری پسکۆڤ وتەبێژی کۆشکی کرملین لە وەڵامی پێشنیاری ئەردوغان سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ پێکهێنانی ئاگربەست لە ئیدلب، هۆشداریی داوەتە تورکیا. دیمیتری پسکۆڤ ڕایگەیاندووە، کە تورکیا بەرپرسیاری هێرشی گروپە چەکدارەکانە لە ئیدلب بۆسەر خەڵکی سڤیل و پێگەکانی ڕوسیا لەو پارێزگایە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-05-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-05-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-05-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-05-31
کاتی تۆمارکردن: 2019-04-05
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 266

2019-06-01



رۆژهەڵاتی کوردستان

- لەبناری هەڵگورد کێشە کەوتووەتە نێوان هەر سێ حیزبی (حدکا، حدک و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران) خەباتی سازمان دەڵێت: هەردوو دیموکراتە کە گەمارۆی پێشمەرگەکانی ئێمەیان داوە فەرماندەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانش دەڵێت: ئەوان بێ پرس هاتوون بارەگایان لە نزیک بارەگای ئێمە داناوە و ئێمەش داوای ڕۆیشتنیان دەکەین.[3]

باشووری کوردستان

- لەسنوری ئیدارەی گەرمیان، لە دوو کاتی جیاوازدا، دوو ئاگری گەورە کەوتەوە و لەلایەن تیمەکانی بەرگری شارستانی گەرمیان و قۆرەتوو، لەماوەی زیاتر لە دوو کاتژمێردا کۆنترۆڵکرا، بەهۆیەوە نزیکەی 50 دۆنم دەغڵ و دانی جوتیاران سوتا و کارمەندێکی بەرگریی شارستانیش بریندار بوو.[2]

- ئاگر لە زەویە کشتوکاڵییەکانی گوندی دارا لە ناوچەی حەفتەغاری سەر بە شارۆچکەی داقوق کەوتەوە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سەرچاوە خۆجێیەکان ڕایانگەیاند، لە عەزاز لە نێوان چەتەکانی دەوڵەتی تورک و عەشیرەتی لەجێل شەڕ ڕوویدا. بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان بەهۆی ئەو شەڕەوە 7 کەس لە هەر دوولا کوژراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

پارت / لایەن: سازمانی خەبات

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-01
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-06-01
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی دواڕۆژ - 2019-06-01
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 267

2019-06-02



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوولّاتییەکی کورد بە ناوی پووریا وەیسی، خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان

- بەپێی زانیارییەکان سوپای تورک و چەتەکانی بە چەکی دۆشکا و هاوەن هێرشیان کردە سەر گوندی عەین دەقنە لە شەهبا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-02

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-02

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 268

2019-06-03



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- دەیان سەر ئەسپی کاسبکاران، لە نزیک گوندی ماشکان، سەر بە شاری پیرانشار، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی نیزامییانی حکوومەتەوە، کوژران.[3]

باشووری کوردستان

- هەردوو پارتی و یەکێتی لەڕێی دوو بەیاننامەوە دەیانەوێت کۆتایی بە جەنگی ڕاگەیاندن بهێنن.[1] (بڕوانە بابەتە پەیوەستکراوەکان)

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە گوندی باسوتی ناوچەی شێڕاوای عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا. دەوترێت تەقینەوەکە کوژراو و بریندارێ لێکەوتووەتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-04

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2019-06-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 269

2019-06-04



باشووری کوردستان

- بەهۆی دەستڕێژی گوللەی سەربازانی سوپای تورکیا، گەنجێکی کوردی ئێزدی بەناوی ئەمین ساڵح عومەر لە نزیک ڕوباری دیجلە لە زاخۆ کوژرا.[1]

- ئاگر لە بازاڕێکی سەوزە و میوە لە شاری ڕانیە کەوتەوە و زیانی مادەی لێکەوتەوە و زیانی گیانی نەبووە.[2]
- ئاگر لە بەشێک لە شاخی گوێژە لە شاری سلێمانی بەهۆکاری نەزانراو کەوتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-06-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پۆک میدیا - 2019-06-04
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 270

2019-06-05



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، لە گوندی شووشمێی سەر بە شاری پاوە، ئاگریان لە دارستانەکانی ئەو گوندە بەرداوە. لەو ئاگرکەوتنەوەدا، ژمارەیەک لە دارستانەکان و هەروەها پووش و پاوان و لەوەڕگەی ئەو گوندە سووتان.[4]
- کچێکی لاو بە ناوی سۆما خدری، کچی محەمەد، خەڵکی گوندی کێلوێی شاری بانە، بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[4]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک ئەم بەیانییە گوندەکانی گەلیی شێخ زادەیان لە سیدەکان بۆردومانکرد. لەو بۆردومانەدا 4 هاوواڵاتی بریندار بوون.[1] هەندێک لە سەرچاوەکان باسی بریندارببوونی 3 پێشمەرگە دەکەن کە یەکێکیان قاچی پەڕیوە.[2]

- شەوی ڕابردوو لە شاڕۆچکەی شارەزووری سەر بە پارێزگای سلێمانی، ئاگر لە بازاڕی سەوزە و میوە فرۆشان کەوتەوە، پێش ئەوەی تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن، تەواوی شوێنەکە سووتا.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم ڕایدەگەیەنێت بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە کاتژمێر 6:36 و 6:33 دوو بومەلەرزە بە گوڕی 4.9 و 4.4 بە پێوەری ڕێختەر و لە قوڵایی 29 کم لە خانەقین لە سنوری گەرمیان ڕوویداوە.[5]
- کاتژمێر 12:30 خولەکی نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاگر لە گۆڕستانی گەورەی شارەدێی چوارقورنەی سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین کەوتەوە و بەشێکی زۆری گۆستانەکە سووتا. بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی، حسێن عەبدوڵا، وتەبێژی بەرگری شارستانی ڕاپەڕین بە ڕۆژنیوزی داوە، ئاگرەکە بەهۆی فڕێدانی جگەرەوە کەوتووتەوە.[3]
- زەویی‌یەکی کشتوکاڵی بەرفراوانی شارەدێی سەرگەڕان لە سنوری پارێزگای کەرکووک ئاگری گرتووە و بەڕێوەبەری ناحیەکەش داوایەکی بەپەلە ئاڕاستە هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی دەکات بۆ ئەوەی بەهانایانەوە بچن.[5]
- سەرچاوەیەکی ئەمنی لە شاڕۆچکەی مەخموور، ڕایگەیاند؛ لە مەخموور ئاگر لە بەروبووم‌ی جووتیاران کەوتەوە و 80 دۆنم زەوی جووتیاران سووتا.[2]
- لە سنوری گەرمیان لە ئاکامی سێ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە بڕێکی زۆر لە پوشوپاوان و جۆی جوتیاران سوتان، وتەبێژی بەرگری شارستانی گەرمیان-یش دەڵێت: تا ئێستا هۆکاری ئە و ئاگرانە نەزانراون.[5]
- هەرێم عەبدولڕ ەحمان، کە کادیری مەکتەبی دارایی یەکێتییە، سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا لە گوندی خەلەکانی سەر بە شاڕۆچکەی دوکان مار پێیەوە داوە و بەهۆیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی شار کراوە لە سلێمانی، لەوێش دوای سێ ڕۆژ مانەوە و چاودێریکردنی تەندروستی ئەمڕ ۆ گیانی لەدەستدا.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای تورکی داگیرکەر بە ئۆبوس هێرشی کردووەتە سەر گوندی ئاقبێی سەر بە ناوچەی شێراوا-ی عەفرین و تۆپبارانی دەکات.[1]

دەرەوەی کوردستان

- ئەنجومەنی شەنگال لە دەرەوەی وەڵات (مەشەدە) ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئیدانەی کوشتنی گەنجێکی ئێزدی بە ناوی ئەمین سالح عومەر کرد کە لە لایەن سەربازانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە سنووری شاڕۆچکەی زاخۆی باشووری کوردستان کوژرا. لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە، فەرمانی شەنگال ڕۆژ بە ڕۆژ لە لایەن خوانەناسانەوە دەبێتە ڕۆژەڤ و برینەکانی ئێزدییەکان نوێ دەکرێنەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شاڕۆچکەکان: ئاگری
شار و شاڕۆچکەکان: بانە
شار و شاڕۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شاڕۆچکەکان: خانەقین
شار و شاڕۆچکەکان: دوکان
شار و شاڕۆچکەکان: زاخۆ
شار و شاڕۆچکەکان: سلێمانی
شار و شاڕۆچکەکان: سیدەکان
شار و شاڕۆچکەکان: عەفرین
شار و شاڕۆچکەکان: مەخموور
شار و شاڕۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شاڕۆچکەکان: کەرکووک
شار و شاڕۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-06-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-06-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 271

2019-06-06



رۆژهەڵاتی کوردستان
- دادگای ئینقلابی شاری سەقز، حوکمی سێ مانگ زیندانیی بەسەر وەرزشوانێکی کورد بە ناوی میلاد فازڵپوور، کوڕی محەمەد، خەڵکی گوندی مەڵقەرەنی شاری سەقزدا سەپاند. ئەو لاوە کوردە، بە بۆنەی لەبەرکردنی تێشرتێک لە جێژنی نەورۆزی ئەمسااڵدا، کە بە ئااڵی کوردستان نەخشێندرابوو، لە الیەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی شاری سەقزەوە دەسبەسەر و دواتر بە شێوەی کاتی ئازاد کرابوو.[3]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی سیروان عەزیززادە، خەڵکی خەلیفانی نەغەدە، لە ناوچەی چۆمانی سەردەشتدا، بە تەقەی ڕاستەوخۆی نیزامییانی حکوومەت، بەتوندی بریندار بوو.[3]
باشووری کوردستان
- هێرشی سوپای تورک بۆ دەڤەری برادۆست بەردەوامیی هەیە، بەهۆیەوە چەندین گوند چۆڵکراون.[1]
- لە شارۆچکەی چەمچەماڵی باشووری کوردستان ژنێک بەناوی (ل.ف.ع) لەدایکبووی ساڵی 1997 خۆی کوشت.
ڕاگەیەنرا ئە و ژنە هاوسەرگیری کردووە و دایکی دوو منداڵە.[2]
- ماڵی ئێزدییان-ی کانتۆنی جەزیر-ی ڕۆژئاوای کوردستان 13ئێزدیی تر کە لەدەستی چەتەکانی داعش ڕزگارکراون، ڕادەستی مەجلیسی خۆسەری دیموکراتیکی شەنگال-یان کرد، چاوەڕوان دەکرێت کە ئەو ئێزدییە ڕزگارکراونە ئەمڕۆ دەربازی شەنگال بن. ناوی ڕزگارکراوەکان: فەهەد قسم 15 ساڵان، شاها ڕەفۆ 30 ساڵان لەگەل دوو منداڵی خۆی بەناوەکانی هادی 6 ساڵان

و خەڵات 5سالان. زێڕێ ئیبراهیم 19 ساڵان- تەلبەنات، نافین دەرویش 24 ساڵان- شەنگال، جیلان جوقی 11 ساڵان- تەل عوزێر، وەتفا نایەف 10 ساڵان- تەل عوزەیر، هەڤاڵ ڕەشۆ 12 سالان -سولاخ، لەیلا سادۆ 20 سالان- شەنگال، هەیفا سادۆ 16 ساڵان- ڕەمبووسێ، حازیم حسێن 17ساڵان- ڕەمبووشێ، ئەسرا موستەفا 22 ساڵان- کۆچۆ.[2]
- سکرتاریای کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک، گیانلەدەستدانی دوو پێشمەرگەی ئەو حیزبەی کە بە ڕووداوی هاتوچۆ لە شاری ڕانیەی هەرێمی کوردستاندا گیانیان لەدەست دابوو، پشتڕاست کردەوە. شوناسی ئەو دوو پێشمەرگەیە بە ناوەکانی فەرهاد وەکیلی و لیمۆ کەریمی، ڕاگەیاندراوە. لەم ڕووداوەدا، پێشمەرگەیەکی دیکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە سەختی بریندار بووە و هەنووکە لەژێرچاوەدێڕی پزیشکیدایە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەگوندی جب مەخزووم هەڵکەوتوو لە ڕۆژئاوای منبج، لەڕێگەی ئۆتۆمبیلێکی بۆم ڕێژکراوەوە تەقینەوەیەک ئەنجامدرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - ڕۆژهەڵات
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: جەزیر - ڕۆژاوا
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-06-07
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 272
2019-06-07

Call for 3rd Global Hasankeyf Action Day on June 7-8

The Initiative to Keep Hasankeyf Alive and Mesopotamia Ecology Movement issued a call for 3rd Global Hasankeyf Action Day on June 7-8, 2019.



باکووری کوردستان
- عەبدوڵڵا ئۆجەلان، پەیامێکی نوێی لە ڕێگەی براکەیەوە بڵاوکردەوە و دەڵێت هەم دەوڵەت هەم پەکەکە دەبێ شێوازی دیکەی پرۆسەی چارەسەریی بگرنەبەر، بەکوشتن و خوێنڕشتن هیچ ئەنجامێکی چارەکردن بەدیناکرێت.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی دانیال عەزیزی، خەڵکی ڕەبەتی سەردەشت، بە هۆی تەقینەوەی مین، لاقێکی لەدەست دا. ئەم کۆڵبەرە کوردە، لە بەرزاییەکانی گوندی کانی زەرد، سەر بە بەخشی ناوەندیی سەردەشت، تووشی ئەم ڕووداوە بووە.[7]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابووردوو تەقە لە هۆڵێکی سینەمای شاری سلێمانی لە سێی سینەما کرا و بریندارى لێکەوتەوە.[2]
- لە هەردوو شارەدێی جەبارە و جەلەولا لە سنووری خانەقین ئاگری گەورە لە بەرهەمی دانەوێلە و باخ و ڕەزی هاووڵاتیان کەوتووەتەوە و تیمەکانی بەرگری شارستانی و هاووڵاتیان لە هەوڵی کوژاندنەوەیدان.[1]
- دەرەنگانێکی شەوی ڕابردوو، لە گوندی حەفتەغاری سەر بەشارۆچکەی داقوق سەر بە پارێزگای کەرکووک، ئاگر لە دەغڵودانی جوتیارانی کورد بەردارو زیانی زۆری لێکەوتەوە.[6]
- سوپای تورکی داگیرکەر گوندی خەلیفان و سیران-ی سەر بە شارۆچکەی سۆران-ی باشووری کوردستانی بۆمباران کرد. ڕاگەیەنرا زیانێکی زۆر بە ڕەز و باخی هاوڵاتیان گەیشتووە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- زەید یوسف بەڕێوەبەری گشتی پزیشکی دادوەری بەغدا لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس ڕایگەیاند، ڕێوشوێنی ناسینەوەی 141 ڕوفاتی دەرهێناوی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی شنگال دەستپێکردوە و سەرەتا پشکینن بۆ ڕوفاتەکان دەکرێت و دواتر نمونەی دی ئێن ئەی لە ڕوفاتەکان وەردەگیرێت و بەروارد دەکرێت لەگەڵ ئە و داتایانەی کە لە خێزانەکانەوە وەرگیراون، بۆ ئاشکراکردنی ناسنامەی ڕوفاتەکان.[5]
- ئەمریکا پرۆسەی مەشقپێکردنی فرۆکەوانە تورکەکانی لەسەر فرۆکەی ئێف 35ی سەربازیی وڵاتەکەی ڕاگرت ئەوەش وەک کاردانەوەیەک بەرانبەر بە گرژبوونی پەیوەندی نێوانیان لەپاش ئەوەی ئەنقەرە بڕیاریدا سیستمی موشەکی بەرگری ئاسمانی لە ڕوسیا بکڕێت.[1]
- ڕاگەیاندنی سوپای نیشتیمانی لیبیا ئاشکرایکرد کە هێزی ئاسمانی ئە و وڵاتە فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوانی تورکیایان تێکشکاندووە کاتێک ویستوویەتی لە بەشی سەربازیی فرۆکەخانەی معیتیقەی ئە و وڵاتە نزیک ببێتەوە و ئەمە دووەم ڕوداوی لە و جۆرەیە کە لەماوەی دوو ڕۆژدا ڕوبدات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-06-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-07
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-07
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-08
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 273

2019-06-08



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- 28 سەر ئەسپی بارهەڵگری کاسبکاران لە گوندی زێوکەی شاری پیرانشاردا، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لەنێو چوون.[3]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 6:40 خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ جارێکی دیکە سوپای دەوڵەتی تورک بە دوو فڕۆکەی جەنگی بۆردومانی گوندەکانی سیران و خەلیفانیان کرد، ئەوەش لە کاتێکدایە شەوی ڕابردووش سوپای تورک لە ڕێگە دوو هێلیکوپتەری جەنگییەوە

بۆردومانی هەمان ناوچەی کرد.[1]
- شەوی ڕابردوو، لە سنوری شارەدێی کۆکسی سەر بە شارۆچکەی کفری ئیدارەی گەرمیان، دەڕاسەیەک سوتا، هەروەها لە باشووری هەمان شارۆچکە و لەشارەدێی زنانە ئاگر کەوتەوە و زیانی زۆر بەر جوتیاران کەوت.[1]
- ێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 06:00 لێژنەی ئاشتیی و خۆشەویستیی، کە لە کۆمەڵێک چالاکوانان و کەسەیاتیی شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە پێکهاتووە، کۆبوونەوەیەکی جەماوەریان ئەنجامدا و تیایدا تاوتوێی ڕەوشی ئەمنیی سنوورەکەیان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا داوا کرا، کە حزبە کوردستانییەکان لەسەر هەمان بابەت لە خانەقین کۆببنەوە و ڕێگا چارەیەک بۆ دۆخەکە بدۆزنەوە. هەروەها، داوایان لەهەردوو حکومەتی بەغدا و هەرێم کرد، بە دەنگ خەڵکی خانەقینەوە بچن و ماددەی 140 ی دەستووری عێراق جێبەجێ بکەن.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لەکاتژمێر 12:00 زەویپەکانی سەرسنووری تورکیا لە نزیک سایلۆی گەنمی شاری دێربێسیپەی ڕۆژئاوای ئاگری کرت. ئاگرەکە لەلایەن سوپای داگیرکەری تورکیاوە بەردراوەتە ناوچەکە و بەهۆی ئەو ئاگرەوە زیاتر لە 130 دۆنم لە زەویپەکانی گەنم و جۆی هاوواڵاتیەک بەناوی موختارسووتاوە.[2]
- لە ئەنجامی تەقینەوەی متۆرسیکلتێکی بۆمڕێژکراو لە گەڕەکی غوێران-ی حەسەکە لە ڕۆژئاوای کوردستان 2کەس بریندارببوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: تربەسپی
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-09
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 274

2019-06-09



باکووری کوردستان
- یادی سیهەمین ساڵگەردی تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری کاریزماتیکی نەتەوەی کورد، بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبەکان، ڕۆشنبیران و کەسایەتییە سیاسییەکان، لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان، بەرز ڕاگیرا.[5]
باشووری کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە سنووری شارۆچکەی شنگال ئاگر لە دەغل و دانی هاونیشتمانییان کەوتەوە، دوو هاونیشتمانیش لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگرەکەدا سووتان.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ لە گوندی یوسف بەگی شارۆچکەی خانەقین، بۆمبێکی چێنراو تەقیوەتەوە و بە و هۆیەشەوە جوتیارێک بریندار‌بووە. جوتیارەکە ناوی (عەباس عەلی ڕۆستەم)ە و لەکاتی تەقینەوەی بۆمبەکە لە ناوکێڵگەکەی خۆی سەرقاڵی کارکردن بووە.[2]
- پۆلیسی دهۆک، ڕایەگەیەنێت، کە بکوژی دلین وەلید هاوڕێ باوکی دلین بووە و هەوڵیداوە دەستدرێژیی بکاتەسەر، دوای ئەوەی دلین هاواری کردووە و ڕێگای پێنەداوە، بە دار کوشتوویەتی.[3]
- شەوی ڕابردوو و پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکەی تورکیا چەند جارێک گوندەکانی برادۆست و سیدەکانی سەر بە پارێزگای هەولێری باشوری کوردستانیان بۆردومان کردوەتەوە. زانرا بۆردومانەکە زیانی گیانی لێنەکەوتووەتە، بەڵام زیانی زۆری بە ژینگە و لەوەڕگە و دارستانەکان گەیاندووە و هاوکات بووەتە هۆی ئافڕاندنی ترس و دڵەڕاوکێ زۆر بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی.[4]
- گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک ڕایگەیاند، لە سەنتەری شارۆچکەی زاخۆ کەسێک هاوژینەکەی خۆی خنکاند. پیاوەکە تەمەنی 42 ساڵە و هاوژینەکەیشی 34 ساڵە، بەگوتەی هێمن سلێمان: پیاوەکە لە بەریتانیا گەڕابوویەوە کوردستان، دوای ڕووداوەکە وێستوویەتی خۆی لە هێزەکانی ناوخۆ بشارێتەوە، بەڵام دواتر تۆمەتبارەکە بە ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراق دەستگیرکراوە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ هاووڵاتیەک لە کەلار دوای ئەوی وێستبووی زەویەکەی خۆی لە جاڕ پاکبکاتەوە 600 دۆنم زەوی لەدەخڵ و دانی هاووڵاتیانی سوتاند.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان

ولّات: باکووری کوردستان
ولّات: تورکیا
ولّات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری رووداو - 2019-06-09
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری پوک میدیا - 2019-06-09
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-09
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-09
[5] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری کوردپا - 2019-06-10

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 275

2019-06-10



باشووری کوردستان
- هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی مەولود چاوشئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان، سوپای تورک بۆردوومان و تۆپبارانی گوندەکانی برادۆست دەکات. کاتژمێر 12:00ی نیوەڕۆ، گوندی بێرکم بۆردوومان و گوندی خەلیفان سنووری برادۆست لەلایەن سوپای تورکەوە تۆپباران کرا. بۆردوومان و تۆپبارانەکان زیانی گیانیی بەدواوە نەبووە، بەڵام زیانی سروشتی ناوچەکە گەیاندووە.[2]
- بەرهەم ساڵح بۆ بەشداریکردن لە سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێم گەیشتە هەولێر.[1]
- وەزیری دەرەوەی تورکیا و شاندێکی باڵای ئێران بۆ بەشداریکردن لە سوێندخواردنی نێچیرڤان بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم گەیشتنە هەولێر. مەهدی ئەکەر پەرلەمانتاری ئاکەپە، هاکان کاراچای کۆنسوڵی تورکیا لە هەولێر، فاتیح یڵدز باڵێۆزی تورکیا لە بەغدا یاوەرەکانی چاوش ئۆغلو بوون.[1]
- پاش ئەوەی لە تەمەنی هەشت ساڵیدا منداڵێکی ئێزدی لەگوندی کوچۆ سەر بە شاروچکەی شنگال لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندرا، دوای پێنج ساڵ لە کەمپی هۆڵێ لە سوریا دۆزرایەوە. ئەو منداڵە ئێزدییە ناوی (حازم قاسم عەفدو)یە کە ئێستا تەمەنی 13 ساڵە، لە کەمپی چەکدارانی داعش لە سوریا دۆزراوەتەوە و دراوەتەوە بە مااڵی ئێزدییەکان لە هەرێمی

جزیرەی ڕۆژئاوای کوردستان.[3]
- بڕیاربوو ئەمڕۆ کاتژمێر 11:00 کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەنووس، نووسەر و کەسایەتیی دژ بە داگیرکاریی دەوڵەتی تورک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسییدا بەیاننامەیەکی هاوبەش بخوێننەوە، بەڵام ئاسایش ڕێگای پێنەدان. ئاسایشی سلێمانی بە بیانووی نەبوونی مۆڵەت ڕیگری کرد، لەکاتێکدا بەستنی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن نییە.[2]
- بەپێی هەواڵێکی سایتی ژیان، بافڵ تاڵەبانی مەراسیمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان-ی لە شاری هەولێر جێهێشت. بەپێی هەواڵەکە، بافڵ تاڵەبانی، بەهۆی شوێنی دانیشتنەکەیەوە لەتەنیشت ئیدریس نێچیرڤان بارزانی تورە دەبێت و بەشداری مەراسیمی سوێند خواردنی نێچیرڤان بارزانی ناکات و گەڕایەوە.[2]
- سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێویستی بە کۆشک و تەلار و ئاهەنگ گێڕا نەبوو، دەشڵێت پێویستە پەرلەمان کار لەسەر داخوازییەکانی خەڵک بکات، نەک مەراسمی لەو شێوەیە.[2]
- لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوە لە گوندی سفەیەی سەر بە شارۆچکەی خەبات لە سنووری پارێزگەی هەولێر سەدان دۆنم دەغڵودانی جووتیاران سووتا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی تورکیا لە ناوچەی سەرێکانی ئاگریان لە دەغڵودانی هاوڵاتیان بەردا. هەروەها بە هۆکاری نادیار لە تربەسپی ئاگرێکی گەورە کەوتەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان:	ئاگری
شار و شارۆچکەکان:	تربەسپی
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	شنگال
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-10
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 276

2019-06-11



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات لە ناوچەی قۆرەتوو، ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە و بەشێکی زۆر لە پوش و پاوان و دەخڵودانی هاوولاتیان دەسوتێنێت.[2]
باشووری کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی 87 پەرلەمانتار مەسرور بارزانیی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان.[1]
- کاژێر 1:30 دەقیقەی شەوی ڕابردوو، تەقە لە مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان کرا و بەهۆیەوە پاسەوانێک بەناوی ڕێبەند فەرهاد گیانی لەدەستدا، هاوکات دەستبەجێ لەلایەن پاسەوانانی مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕانیشەوە وەڵامی تەقەکان دراوەتەوە.[2]
- قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو یەکێتی هێرشی نەکردووەتە سەر گۆڕان.[4]
- چەتەکانی داعش سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ هێرشیان کردە سەر سەنگەری شەرڤانانی یەبەشە لە مەدیوانی شەنگال. یەبەشە بە تۆندی بەرەنگاری هێرشەکە بوویەوە و لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی چەتەکان تەقێنرایەوە و هێرشەکە تێکشکێنرا.[3]
- بۆرییەکی نەوت لە ڕێگای سەرەکی کەرکووک-سلێمانی گڕی گرت.[2]
- لەپێش نیوەڕۆی ئەمڕۆوە ئاگرێکی گەورە لەناوەندی خانەقین و لەناوچەی دارە کونارە کەوتووەتەوە و زیانێکی زۆری بەدارستان و پاوانی ناوچەکە گەیاندوە.[2]
- دەوروبەری کاتژمێر 15ی ئەمڕۆ گەریلاکانی هێزەکانی پاراستنی گەل (هەپەگە) لە گردی شەهید دەروێش-ی خواکورک چالاکییەکیان لە دژی سەربازانی سوپای تورک ئەنجام دا.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە نێو شەقامێکی شاری هەولێردا ئاسایشێک کوژرا، پاش ئەوەی بکوژ و کوژراو ڕووداوێکی هاتووچۆ لەنێوانیاندا ڕوویدا.[5]
- تەرمی ژنێکی تەمەن 75 ساڵان لە شاروچکەی ڕواندز دۆزرایەوە. پۆلیس ڕایگەیاند، ژنەکە کوژراوە و دەموچاوی شێوێنراوە.[3]
- لەکاتی کارکردن لەناو باخەکەیدا هاوولاتی سیروان حەسەن تەمەن 21 ساڵان لەگوندی محەمەد شێرگی سەربە شاروچکەی خانەقین بۆمبێکی پێدا تەقیوەتەوە و بە سەختی بریندابووە.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە سنووری نێوان باشوور و ڕۆژهەڵات لە ناوچەی قۆرەتوو، ئاگرێکی گەورە دەکەوێتەوە و بەشێکی زۆر لە پوش و پاوان و دەخڵودانی هاوولاتیان دەسوتێنێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-06-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-06-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-06-11
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 277

2019-06-12



باکووری کوردستان
- پارێزەر ڕێزان ساریجە و نەورۆز ئوویسال کە ئەمڕۆ بەمەبەستی دیدار لەگەڵ ئۆجالان سەردانی ئیمراڵییان کرد، گەڕانەوە. دوای 8 ساڵ، 2 و 22ی ئایاری 2019 پارێزەران سەردانی ئیمراڵییان کردبوو و چاویان بە ئۆجالان کەوت.[2]
- گەنجانی هەدەپە هەوڵیان دا لە دژی تێکدانی شاری مێژوویی حەسکیف لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی بدەن، بەڵام پۆلیسی تورک هێرشی کردنەسەر. ڕاگەیەنرا 33 کەس دەستگیر کراون و ڕووبەڕووی ئەشکەنجە بوونەتەوە.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنێکی لاو بە ناوی ژیلا موزەفەری، تەمەن 25 ساڵ، کچی عارف، خەڵکی گوندی پشتەی سەر بە شاری کامیاران، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[4]
باشووری کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ڕاسپارد.[3]
- پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە بناری چیای مەتین، هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا تۆتۆمبێلێکی گەریلاکانی پەکەکەیان بۆردومان کرد و سووتا.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر بەنزیخانەی ئامێدی-یان بۆردومان کرد کە دەکەوێتە نزیک لقی 18 پارتی دیموکراتی کوردستان.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە عەفرین لە ئەنجامی تەقینەوەیەکدا چەتەیەک کوژرا و 2 چەتەی تریش بریندارببوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-06-12
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-14
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 278

2019-06-13



باکووری کوردستان
- دادگەیەکی دەوڵەتی تورک سزای سالێک و 6 مانگ زیندانیکردنی بۆ محەمەد ئایدنەر هاوسەرۆکی پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لە ناوچەی دۆغانشەهیر-ی سەر بە شاری مەڵەتیی باکووری کوردستان بڕیەوە.[4]
- سەرچاوەهەرێمییەکان ڕایانگەیاندووە کە لە بەرزاییەکانی ناوچەی ئومەریانی نسێبین شەڕهاتووەتە ئاراوە، بەپێی زانیارییەکان سوپای تورکیا و یەکە شاراوەکانی دەستیان کردووە بە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش، لەو ئۆپەراسیۆنەدا دەیان زرێپۆشی سەربازیی بەشداریان کردووە. لەناوچەکە شەڕهاتە ئاراوە. ئاگرلە هەرێمەکە کەوتووە و سەربازانی تورک ڕێگە نادەن کە ئاگرەکە بکوژێننەوە. گروپی هاوکاری بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە بەنیازن بچنەهەرێمەکە بەڵام سوپای تورکیا ڕێگری دەکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ لە گوندی زەلێی سەر بە شارۆچکەی بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر سنور کۆڵبەرێک بە ناوی محەمەد حسێن زادە، تەمەن 28 ساڵ، کە باوکی دوو منداڵە لە لایەن هێزەئەمنییەکانی ئێرانەوە تەقەی لێکراوە و بەو هۆیەوە گیانی لە دەستداوە.[2]
باشووری کوردستان
- جوتیارێک بەناوی ئیسماعیل بەکر، کە 9ی ئەم مانگە لە کۆمەڵگەی بۆرک-ی سەربە شەنگال لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگر سووتابوو، دوای چوار ڕۆژ مانەوە لەنەخۆشخانەی دهۆک گیانی لەدەستدا، بڕیارە ئەمڕۆ لەشەنگال بەخاک بسپێردرێت.[1]
- حزبی شیوعی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراسی گەلی کوردستان، هێرش , بۆردمان و داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورکیایان بۆسەر خاکی باشووری کوردستان ئیدانەکرد و داوایان لە حکومەتی هەرێم کرد کە ڕێگا نەدات تورکیا هاوولاتیانی هەرێمەکە بکاتە قوربانی.[1]
- هەرچەندە بڕیاربوو ئێوارەی ئەمڕۆ کاتژمێر 05:00، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، دژ بە داگیرکاریی بۆردوومانەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر باشوری کوردستان و سووتانی دەغڵودانی جووتیاران و تەعریبکردن لە ناوچە دابڕاوەکان، گردبوونەوەی ناڕەزایی بەڕێوەبچێت، بەڵام ئاسایش ڕێگا بەو گردبوونەوەیە نادات.[2]
- لەلایەن دوو چەکدارەوە کەجلی سەربازییان لەبەردابووە تەقە لە خوێندنگەیەک لە دهۆک دەکرێت و خوێندکارێک بریندار دەکرێت.[1]

- دوای ئەوەی شەڕە تەقە لە نێوان هەردوو هۆزی زێباری و هەرکی لە شارۆچکەی ئاکرێ ڕوویدا، هێزێکی پێشمەرگەی زێرەڤانی گەیشتووە شوێنەکە و ژمارەی بریندارەکانیش بەرز بووەتەوە و چوار کەسی عەشرەتێکیان لەلایەن عەشیرەتەکەی تردوە دەستگیرکراوە.[3] هەندێک سەرچاوەی تر باس لە سووتانی زۆرتر لە 10 خانووی گوندەکە دەکەن. یەک لە بریندارەکان منداڵێکە و باری تەندروستیی زۆر خراپە.[5]
- خوێندکارانی دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان لە گەرمیان، گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان ئەنجامدا و داوای دامەزراندنیان کرد، بۆ ئەو مەبەستەش یاداشتێکی داواکارییان پێشکەش بە سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان کرد.[2]
- لە شارەدێی هەڵشۆی سەر بە شارۆچکەی پشدەر، کچێک بەهۆی تەقەی نێوان دوو بنەماڵە لەسەر کێشەی زەویوزار کوژرا.[3]
- ئاگرێکی بەهێز سنوری گەرمیانی گرتەوە، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانیش دەڵێت: زیاتر لە دوو هەزار دۆنمی لە بەرهەمی جوتیاران سوتاندووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: مەلاتێ
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-06-13
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 279

2019-06-14



باکووری کوردستان

- لە ناوچەی ئۆمەریان-ی سەر بە شارۆچکەی نسێبینی پارێزگەی مێردین، بەهۆی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا کە شەڕ هاتە ئاراوە ، ئاگر کەوتەوە.[5]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ژنێکی تەمەن 32 ساڵە بە ناوی شیوا خوسرەوی، کچی وەلی، خەڵکی باینگانی سەر بە شاری پاوە، بە هۆی کێشەی بنەماڵەییەوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.[4]

باشووری کوردستان

- تۆڕی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی سۆران سەبارەت بەو ڕەوشەی ئێستا لەناوچە کێشە لەسەرەکاندا پەیدا بووە، داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکات بەجددی بێتە سەرخەت و کێشەکانی ئەو ناوچانە لەڕێگەی تیمێکی خێرا چارەسەربکەن و هەوڵی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان بدەن.[1]

- ئەمرۆلەگوندی گۆمەشینی سنوری شارۆچکەی کۆیە ئاگر لەناو دەغڵودانی جوتیاران کەوتەوە، دواتر تیمەکانی بەرگریی شارستانی توانیان ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن. بەهۆی ئاگرەکەوە زیاتر لە 50 دۆنم دەغڵودانی جوتیاران سوتاوە.[2]

- ئاگر لە زەویيە کشتوکاڵییەکانی کوردانی شەبەک بەربوو لە نەینەوا و بە سەدان دۆنم زەوی سوتاون.[3]

- لە شاری خانەقین بە بەشدارپی دەیان بەهرەمەند و لە ژێر ناونیشانی لاوان بونیادنەری ژیانن، سێیەمین فێستیڤاڵی ئەڵوەن ئەنجامدرا و تێیدا چەندین برگەی جۆراوجۆر پێشکەش کرا.[1]

دەرەوەی کوردستان

- موقتەدا سەرد، ڕابەری ڕەووتی سەدر ئیدانەی هێرشەکانی دەوڵەتی تورک دەکات بۆسەر سنووورەکانی هەرێمی کوردستان و داوا لە حکومەتی عێراق دەکات ئەو ڕێککەوتنانە هەڵوەشێنێتەوە، کە مایەی هەڕەشەن بۆ سەر سەرەوەریی عێراق. دوای پەیامەکەی سەدر، فاتح یلدز باڵیۆزی دەوڵەتی تورک لە بەغدا، لەسەر تویتەرەکەی ناڕەزایەتیی نیشاندا و بانگەشەی ئەوەی کرد کە 'پەکەکە ئۆپۆزیسیۆن نییە'.[2]

- مەولود چاوش ئۆگلو وەزیری دەرەوەی تورکی سەبارەت بە ئەگەری سەپاندنی سزاکانی ئەمریکا هۆشداریدا کەئەگەر ئیدارەی کۆشکی سپی هەنگاوێکی لەو شێوەیە بنێت، ئەنکەرە وەڵامی دەبێت.[3]

- فەرماندەیی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە سنتکام دەناسرێت لە ڕاگەیەندراوێکدا، ڕایگەیاندووە کە وڵاتەکەی لایەنگری شەڕێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵام بۆ بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەوانە ئازادیی کەشتیوانیی، کەشتییەکی جەنگیی دیکەش دەنێرێتە ناوچەکە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: سۆران

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-14
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 280

2019-06-15



باکووری کوردستان
- بەهۆی ناکۆکی و شەڕ لەنێوان ئەندامانی دوو بنەماڵەی خێڵی ئیزۆل لە شارۆچکەی سێورەکی سەر بە شاری ڕووها لە باکووری کوردستان، ئەمڕۆ 6 کەس کوژران و 10 کەسی دیکەش بریندار بوون.[3]
باشووری کوردستان
- ئاگرێک سنوری شاخەکانی بۆین و چنار و مۆردین و چەند گوندێکی دیکەی سنوری پارێزگای هەڵەبجەی گرتووەتەوە، وتەبێژی بەرگری شارستانیش دەڵێت: تائێستا زیاتر لە 100 دۆنم دارستان و ڕەز و باخی هاوواڵتیان سوتاوە.[4]
- بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، سبەی یەکشەممە (2019-06-16) بەغدا دەست بە وەرگرتنی گەنمی هەولێر و سلێمانی دەکات و بۆ ئەمساڵ 340 هەزار تۆن گەنم لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت.[3]

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ لە شارەدێی شۆڕش بەهۆی دەستڕێژی گوللەوە لە ماڵێک ژن و پیاوێک کوژران و کەسێکی دیکەش بریندارببوون.[4]
- بەهۆی ئاگرێکەوە گۆڕستانی سەیدسادق سووتا.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە نزیک پەیمانگەی پیشەسازیی حەسەکە لە گۆڕەپانی شەقامی تەلایع ماتۆڕ سکیلێکی بۆمبڕێژکراو لە کاتژمێر 11:15 دا تەقێنرایەوە. بەرێوەبەرانی ئاسایشی ناوخۆ ڕایانگەیاند، لە تەقینەوەکەدا 2 کەس بە سوکی بریندار بوون و گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەوەی چارەسەریان بۆ بکرێت.[2]

دەرەوەی کوردستان

- تەرمی لۆرێنزۆ ئۆرستی شەڕڤانی ئینتەرناسیۆنالیستی یەپەگە گەینرایەوە زێدی خۆی لە شاری فلۆرانسی ئیتالیا.[2]
- لە چوارچێوەی فێستیڤاڵی وەرزی هاوینەی کلتوری شاری لودڤیکس هاڤنی ئەڵمانیادا قەڵای هەولێر لە زوومی کامێرای ڕۆژنامەنوس یوسف ئەحمەد مەنتکەوە دەبێتە جێی سەرنجی میوانە ئەڵمانی و بیانیەکان و مێژووی شارستانی قەڵای هەولێر لە ماوەی ڕۆژانی 15 تا 29ی حوزەیرانی 2019 لە فێستیڤاڵەکەدا نمایش دەکرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: ڕوحا

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەڵمانیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-06-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2018-12-21

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 281

2019-06-16



باشووری کوردستان
- هونەرمەند ئیسماعیل سابووری لە سلێمانی بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد.[1]
- چەندین هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە خورماتوو وازیان لە بزووتنەوە هێنا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 11-05-2019
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 282

2019-06-17



باکووری کوردستان
- شارەوانیی ئاکەپە لە بەدلیس پێش کۆکردنەوە و لابردنی تابلۆ کوردییەکان، گۆڕی شەرەفخانی بەدلیسیی نووسەر و بنەماڵەکەیان تێکدا.[1]
باشووری کوردستان
- تەرمی هونەرمەند ئیسماعیل سابووری لە سلێمانی نێژرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ لە چوارپانی سۆنیی نێو شاری قامیشلۆ تەقینەوەیەک ڕوویدا. هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و ئامبولانس ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەکە کراون. بە گوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان هاوڵاتییەک بە ناوی سەڵاحەدین ئەمین حەسەن بەهۆی تەقینەوەکە بریندار بووە. زیانێکی زۆریش بە دوکان و باڵەخانەکانی ناوچەکە گەیشتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-17
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 283

2019-06-18



باکووری کوردستان
- پارێزگاری تورک جۆلەمێرگ، بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکی و خۆپیشاندانی لە شارەکە بۆ مانگێکی دیکە درێژکردەوە.[1]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی کۆچی دوایی محەمەد مورسیی سەرۆکی زیندانیکراوی میسر، ئیخوانییە کوردەکان پرسەی ماتەمینییان گێڕا.[2]
- بەهۆی وتارێکی مەحمود سەنگاوییەوە ناکۆکی و شەڕە بەیاننامە کەوتە نێوان یەکێتی و پارتییەوە.[2] (بڕوانە بابەتە پەیوەستکراوەکان)
دەرەوەی کوردستان
- کۆچی دوایی ڕەوەند جەبار فەرمان لە ئەڵمانیا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 284

2019-06-19



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک لە ئامەد هەڵیکوتایە سەر ماڵی سەرۆکی لقی ئامەدی کۆمەڵەی 78 گانی ئالکان. پۆلیس دەرگەی ماڵەکەی شکاند و چوونە ژوورەوە. پاش پشکنینی ماڵەکە پۆلیس ئالکانی دەستگیر کرد و بردیانە بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی.[1]
- پارتیی دیموکراتیی گەلان (هەدەپە) لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵکوژییەکەی ناوچەی سیوەرەگ-ی سەر بە پارێزگەی ڕها لە باکووری کوردستان.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لاوێکی کورد بە ناوی عەلی جەوازک، خەڵکی شاری بۆکان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بانگهێشت و دواتر دەسبەسەر کرا.[3]
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی سامی محەممەدنژاد، کوڕی جەماڵ، خەڵکی شاری سەڵماس، لە شوێنی کارەکەی خۆیدا لە شەقامی ڕەزایی، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[3]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، لە شارۆچکەی قەڵادزێ (ژنێک خۆی سووتاندووە و لەسەر ڕووداوەکەش هاوژینەکەی دەستگیر کراوە.)[1]

دەرەوەی کوردستان
- سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشوی هەدەپە، لە ڕێگەی سیستەمی پەیوەندی ڤیدیۆیی (تەلەکۆنفرانس)، لەزیندانی ئەدرنەوە بەشداریکرد لە پرۆسەی دادگایکردنی، لە 19یەمین دادگای سزای قورسی سینجانی ئەنقەرە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-24

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 285
2019-06-20



باشووری کوردستان
- ناهیدە ڕەفیق حیلمی لە سلێمانی بەخاک سپێردرا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە کاتژمێر 7ی بەیانییەوە سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندەکانی مالکیە وشەوارخێ-ی ناوچەی شەرانی سەربەکانتۆنی عەفرین تۆپباران دەکەن. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا زیانی مادی بەرناوچەکە کەوتووە.[1]
- لە شەقامی سیاسی لە ناوەندی شاری عەفرین تەقینەوەیەک ڕوویدا. ڕاگەیەنرا کە چالاکییەکە لەڕێگەی ئۆتۆمبێلی بۆم ڕێژکراو ئەنجام دراوە و لەئەنجامی ئەو چالاکییەدا چەتەیەک کوژرا و بریندارییش هەیە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ئێران فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکیی لە کەندراو خستەخوارەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 286

2019-06-21



رۆژهەڵاتی کوردستان
- سپای پاسداران لە شاری شنۆ، دەستیان بە سەر 25 سەر ئەسپی کاسبکاران لەو شارەدا گرت.[2]
باشووری کوردستان
- دوو فڕۆکەی جەنگیی سوپای تورکی داگیرکەر لە کاتژمێر 16:40-ەوە دەستیان بە بۆردومانکردنی دەڤەری خواکورک و شەکیف کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-22

کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 287

2019-06-22



باکووری کوردستان

- خەدیجە بوشرا ئەندامی ئەنجوومەنی ژنانی گەنجی هەدەپە و حوسامەدین تانریکولو ئەندامی ئەنجوومەنی گەنجانی هەدەپە لە ئامەد لە کاتی پشکنینی ناسنامەکانیاندا و لە دوای پشکنینی زانیاریی گشتی (BGT) لەسەر ناسنامەکانیان دەستگیرکران.[2]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کەم دەرامەتەکان و ژنانی سەرپەرشتی خانەوادە (بێوەژن)، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر دۆخی ژیانیان و بەرزبوونەوەی کرێی خانوو، لە شاری کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گردبوونەوە و ناڕەزایەتییان دەربڕی.[3]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەری هاتوچۆی کۆیە ڕایدەگەیەنێت بەهۆی نۆژەنکردنەوە، لە کاتژمێر 12ی ئەمڕۆوە ڕێگەی سەرەکی هەولێر-کۆیە دادەخرێت.[1]
- لێپرسراوی ڕاگەیاندنی قائیمقامیەتی شارۆچکەی کەلار ڕایدەگەیەنێت، سەدان مریشکی بۆگەن لەکەنار ڕووباری سیروان فرێدراون و بەدواداچونی بۆ دەکەین.[5]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە مەراسیمێکدا لە سەرای سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لە سلێمانی بەهاوکاری کۆمەڵەی کەلەپوری مەراسیمی تەواوکاری جەژنی نەورۆزیان سازکرد بۆ بەخشینی (خەڵاتی نەجمەدین مەلا) بەو کەسایەتییانەی ڕۆڵیان لەپێشخستنی جەژنی نەورۆزدا بینیووە.[1]
- لە گوندی ساماڵ لەنێوان کۆیە و شۆڕش، گەنجێک تەقەی لە برایەکی بچووکتر لە خۆی کردووە و کوشتوویەتی.[4]
- بەپێی هەواڵێک کە ئاژانسی هەواڵی فورات بڵاوی کردووەتەوە، شەوی ڕابردوو، پێشمەرگەکانی پارتی، گردی ستراتیژی کانی ماسی و چەند گوندێکیان لەسنوری پارێزگای دهۆک، چۆڵکردووەو سوپای تورک هاتووەتە جێگایان.[4]

دەرەوەی کوردستان

- 10هەمین کۆنگرەی پێنی کورد، یەکێتیی نێونەتەوەیی نووسەرانی کورد لە شاری ئۆڵدێبورگی ئەڵمانیا بە بەشداریی ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد لە 4 پارچەی کوردستان و دیاسپۆرا (مەنفا) دەستیپێکرد.[2]
- 15هەمین فستیڤالی نێونەتەوەیی ژنانی زیلان لە شاری لێڤیرکووسێنی ئەڵمانیا بە پانێلی لەسەرناوی، توندووتیژی لەسەرژنان سیاسەتە، دەبێت ئەمە بە سەرتۆداهاتبێت دەستیپێکرد.[2]
- دۆناڵد تەرەمپ، سەرۆکی ئەمریکا جەختدەکاتەوە، هێشتا بژاردەی سەربازی دژی ئێران لەبەردەستە و ناهێڵن ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: ئەڵمانیا
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-06-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-06-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-22
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 288

2019-06-23



باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی تورکیا چیای خامتیر لە سنووری شارۆچکەی دەرکاری سەر بە شارۆچکەی زاخۆ تۆپباران دەکەن. تۆپبارانەکە ترسی بۆ هاونیشتمانیانی ناوچەکە دروستکردووە.[2]
- بەشێک لە خوێندکارانی پۆلی 12ی ئامادەیی بەهۆی هەڵەی زۆر لە تاقیکردنەوە ئەزموونییەکان جارێکی دیکە لەهەولێر هاتنەوە سەرشەقام داوای دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم دەکەن.[3]
- بەشێک لەخوێندکارانی 12ی ئامادەیی لە هەڵەبجە و سلێمانی و چەند شارۆچکەیەک بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەسەر چەند گرفتێک لەسەر تاقیکردنەوەکان و شێوازی پرسیارەکان، دەستیان بەخۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین کردووە.[4]
- کۆنفرانسی نێودەوڵەتی دیداری خۆرهەڵات و خۆرئاوا لەشاری دهۆک بە ئامادەبوونی پسپۆڕانی تەندروستی 12 وڵاتی جیهان دەستپێکرد. لە کۆنفرانسەکەدا کە دوو ڕۆژ دەخایەنێت پسپۆڕانی تەندروستی 12 وڵاتی جیهان لەبارەی چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان گفتوگۆ دەکەن.[3]
- ئاگرێکی بەرفراوان لەگوندی (باخان)ی سنوری قەرەداغ کەوتەوە، دەستبەجێ مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی قەرەداغ گەیشتە شوێنی ڕووداوەکە بەهاوکاری هاوواڵتیانی سنورەکە و ئاگرکوژێنەوە توانرا لەماوەیەکی کەمدا ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت زیانی ئاگرەکە (40) دۆنم لەپوش و پاوان سوتاو بەهۆکارە (3) هاووڵاتی دەستگیرکرا.[3]
- ئاگرێک لەگوندی (بیران) ی سەر بە شارۆچکەی پیرەمەگروون کەوتەوە دەست بەجێ مەفرەزەیەکی بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی پیرەمەگرون گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە توانرا لەماوەیەکی کەمدا ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت ڕێگە لەزیاتر تەشەنەکردنی ئاگرەکە بگیرێت، زیانی ئاگرەکە (50) دۆنم لە پوش و پاوان سووتاوە هۆکاری کەوتنەوەی ئاگرەکە نادیارە.[3]
- وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار زیاتر لە چوار ملیار دیناری بۆ ئاودانی باخچە و سەوزاییەکانی ناوەڕاستی شەقامەکانی سلێمانی دابیەکێتی نیشتمانیی کوردستانرد.[2]
- لە کاتژمێر 14:00 سوپای داگیرکەری تورک لە ڕێگەی تۆپخانە و هاوەن دەورووبەری گوندی بێدەحێ و دەریشک-ی ناوچەی مەتینای کردووەتە ئامانج. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئەنجامی ئەوهێرشەدا زیانێکی زۆر گەییشتووەتە باخ وڕەزی هاووڵاتیان.[1]
- پارێزگاری هەولێر دەستپێکردنی پرۆژەیەکی نۆژەنکردنەوەی ڕێگەی سەرەکی کۆیە هەولێری بە درێژایی 52 کیلۆمەتر ڕاگەیاند و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لە ماوەی 3 ساڵی داهاتوودا پرۆژەی جووتسایدی هەولێر کۆیە تەواو دەبێت.[2]
- لە نەخۆشخانەیەکی چەمچەماڵ هێرش دەکرێتە سەر موقیمێک و بریندار دەکرێت، سەرچاوەیەکیش لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ ڕایدەگەیەنێت، ئە و هێرشکەرەکە خەڵکی چەمچەماڵ نییە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیی گەورە شاری ئیستەنبول لە کاتژمێر 8ی ئەم بەیانییە بە کاتی ئیستەنبول دەستپێکرد و تاوەکو کاتژمێر 17 (5)ی ئێوارە بەردەوام دەبێت. لە 39 ناوچەی ئیستەنبول، 10 ملیۆن و 560 هەزار و 963 هەزار دەنگدەر دەچنە سەر 31 هەزار و 342 سندوقی دەنگدادان، دەنگەکانیان دەدەن.[1]
- گەنجێکی کورد بە ناوی وڵات عومەر بیواسیە کە خەڵکی سۆرانە، دوای ئەوەی هەوڵدەدات لە فەرنساوە بچێتە بەریتانیا تووشی ڕووداوێکی هاتووچۆ دەبێت و بەهۆیەوە ئەمرۆ گیانی لەدەستدا.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی هۆڵەند، لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە هاووڵاتیانی خۆی کردووە لە هاتوچۆکردنی سنووری سیستان و بلوچستان و کوردستان خۆیان ببوێرن. وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەند، هۆکاری قەدەغەکردنی چوونی هاووڵاتیانی بۆ سنووری ئەو دوو پارێزگایەی بۆ گرژی و ئاڵۆزییە سیاسی و نیزامییەکانی نێوان ئێران و ئامریکا، گەڕاندەوە. لەم پەیوەندییەدا، وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی دانمارک بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، داوای لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە کردووە کە لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ئێراندا، لە چوون بۆ کوردستان، خووزستان و بەلووچستان، دوورپەرێزی بکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەستەمبوڵ
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-06-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-23
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 289

2019-06-24



رۆژهەڵاتی کوردستان
- جێگری سیاسی، ئەمنی و کۆمەڵایەتی پارێزگاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەڵێت: شەوی ڕابوردوو ڕووناکییەکە لە ئاسمانی سنەدا بینراوە کە جێی ترس و نیگەرانی نییە. خۆش ئیقبال دەشڵێت: ئەو ڕووناکییە تەنە ئاسمانییەکان بووە تەنها و هیچ شتێکی دیکە نەبووە و داوا لە دانیشتووانی شاری سنە و ئەو چەند شارەی دیکە دەکات گوێ بە پڕوپاگەندەکان نەدەن و نەترسن.[3]
- سوپای پاسداران ڕایگەیاند، لە ناوچە سنووریەکانی نێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکدادان لەنێوان هێزەکانیان و گەریلاکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) ڕوویداوە.[5]

- دیاکۆ توتونچی، هەواڵنێری پایگای خەبەریی ڕێکار، لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ڕێوڕەسمی چاوپێکەوتنی بەرپرسانی قەزایی لە شاری مەهابادا، لە لایەن حامد حەیدەری، بەرپرسی شۆرای شاری مەهاباد، هێرشی کرایە سەر.[6]

باشووری کوردستان

- سوپای تورک کاتژمێر 08:10 دا چیای خانتور و گەلیی پساخا-یان لە هەرێمی سندیان لە ناوچەی زاخۆ لە پارێزگای دهۆک بۆردومان کرد.[1]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بۆردومانی گوندی ناودارۆک-ی دەڤەری برادۆستیان کرد. بەهۆی بۆردومانەکە ئاگر کەوتەوە و زیانێکی زۆر بە ڕەز و باخی هاوڵاتیانی سیڤیل گەیشت.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی ڕایگەیاند، بە مەبەستی چاکسازی و پاککردنەوەی کامێرا و سێنسەرەکانی و گۆڕینی هەندێک لە گڵۆپەکانی ناو تونێلی پێشڕەو، تونێلەکە ئەمشە و و سبەی شە و دادەخرێت. ئاماژە بەوەشدراوە، داخستنەکە لە سەعات 8 ی ئێوارە بۆ 1 ی شە و دەبێت.[2]
- ژمارەیەک لەکارمەندانی گرێبەستی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووک، لە گردبوونەوەیەکی ناڕازیدا داوا دەکەن وەکو کارمەندی هەمیشەیی دابمەزرێنرێن.[3]
- بەپێی میدیاکانی نزیک لە پەکەکە: پارتی 5 شاخی تری لە زاخۆ ڕادەستی دەوڵەتی تورک کردووە.[1]
- پەیمانگای ژنانی سەرکردە بە هاوکاریی بەشی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکدا کۆنگرەیەکی لە شاری کەرکووک ئەنجامدا. ئەو کۆنگرەیە بۆ هەڵسەنگاندنی پرسەکانی تایبەت بە ژنان و چارەسەرکردنی کێشەکان و فێرکردنی پیشە بۆ ژنان و ڕووبەڕووبوونەوەی گێچەڵ بە کچان و ژنان لە قوتابخانە و شوێنی کارکردن بوو.[1]

دەرەوەی کوردستان

- بەپێی ئەنجامی نافەرمیی دووبارە هەڵبژاردنەوەی شارەوانیی ئیستانبول، ئیمام ئۆغڵو پاڵێوراوی جەهەپە 4 ملیۆن و 741 هەزار و 868 دەنگی بەدەستهێناوە و بینالی یلدرم پاڵێوراوی ئاکەپە 3 ملیۆن و 935 هەزار و 453 دەنگی بەدەستهێناوە.[1]
- لێژنە چوار قۆڵییەکەی (ئەمریکا، بریتانیا، سعودیە و ئیمارات) لە ڕاگەیاندراوێکدا نیگەرانییەکانی خۆیان لەمەڕ ئەو بارگرژییانە دەربڕی کە لە ناوچەی کەنداوی عەرەبی هاتۆتە ئاراوە و مەترسییەکانی هەژموونی ئێران-یشیان بە تێکدانی ئاسایشی ناوچەکە و یەمەن وەسف کرد.[3]
- لە دەیەمین کۆنگرەی ناوەندی (PEN)ی کورد، (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆکنووسی باشووری کوردستان، وەکو سەرۆکی شانازی هەڵبژێردرا.[4]
- دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری چەند سزایەکی نوێی بەسەر ئێراندا واژۆکرد. ترەمپ دەڵێت، سزاکانی ئەمجارە عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەگرنەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان:	زاخۆ
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سنە
شار و شارۆچکەکان:	مەهاباد
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-06-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-06-24
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-25
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 290

2019-06-25



باکووری کوردستان
- هەپەگە کوژرانی 16 سەربازی تورکیای ڕاگەیاند، وەزارەتی بەرگریی تورکیاش ئاماژە بە گیانلەدەستدانی نۆ گەریلا لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا دەکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی محەمەد ئەمین کەنعانی، خەڵکی گوندی تەختەی سەر بە شاری سنە، بە تۆمەتی هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە 5 ساڵ زیندانیی تەعلیقی مەحکووم کرا.[5]
- کۆڵبەرێک بە ناوی هێمن ساڵحپوور، تەمەن 21 ساڵ، کوڕی سەلیم، خەڵکی گوندی ئاڵوتی سەر بە شاری بانە، لە کاتی کۆڵبەریدا، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتەوە، گیانی لەدەست داوە. ئەم کۆڵبەرە کوردە، بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو، ڕاستەوخۆ لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، نیشتەجێکراو لە پاسگای سنووریی نێوبریتان، تەقەی لێکراوە و دەستبەجێ گیانی لەدەست داوە.[5]
- یەکێک لە ئەندامانی سپای پاسداران بە ناوی شاهۆ پیروزی، خەڵکی گوندی نێی سەر بە شاری مەریوان، کەوتە بەر دەسرێژیی هەڵۆکانی زاگرۆس و ماشینەکەی درایە بەر گوللە و لە کار خرا.[5]
- هاوواڵاتییەکی خەڵکی شاری شنۆ، بە ناوی ڕەحیم ئەرشەدی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- دادگای دهۆک بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ بکوژی دلین دەرکرد.[2]
- تەرمی ڕەوەند جەبار فەرمان لە ئەڵمانیاوە گەڕێنرایەوە کوردستان و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی پێشوازی لێکرا.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی داگیرکەر ئەمڕۆ جارێکی دیکە بۆردومانی گوندی ناودارۆک-ی دەڤەری برادۆستیان کرد. بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ بۆ سەر گوندەکە ئاگر کەوتووەتەوە و زیانێکی زۆر بە ڕەز و باخی گوندنشینان گەیشتووە.[1]
- بە مەبەستی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی ڕۆژنامەوانی – ئەدەبیی سەربەخۆ، لە سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووک

کۆبوونەوەیەکی فراوان ئەنجام درا. لە کۆبوونەوەکەدا ڕۆژنامەنووس و ئەدیب و نووسەرانی پێکهاتە جیاجیاکانی شارەکە بەبێ جیاوازی ئامادە بوون و مافی بەشداریکردن و خۆپاڵاوتنیان هەبوو بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی ئەنجوومەنی ڕۆژنامەوانی - ئەدەبی.[1]
- هەڵکەوت زاهیر، ئاوازدانەری کورد لەبارەی تەندروستی هونەرمەند زیاد ئەسعەد ڕوونکردنەوەیەکی ڤیدیۆیی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، تەندروستی هونەرمەند زۆر باشە و بەردەوامە لە کارە هونەرییەکانی.[4]
- لەنێو شاری شەنگال ئاگر کەوتەوە و لە ماوەیەکی کورتدا گوندەکانی سبەهی، دۆمیز و شەهابی گرتەوە. بەدرێژایی ڕۆژەکە ئاگرەکە بەرە و گوندەکانی تل بنات، تل قەساغ، گردی جامعی و عەین شەبابک تەشەنەی کرد. گوندنشینان بە و دەرفەتە کەمەی هەیانبوو بە هاوکاریی شەرڤانانی یەبەشە و یەژەشە کە بە هاواری گوندنشینانەوە چوون، ئاگرەکەیان کوژاندەوە.[1]
- ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کەرکووک کاتژمێر 4ی ئێوارەی ئەمڕۆ مەڕاسیمێکی بۆ ڕێزگرتن لە نەوەکانی هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد سەڵاح داودە ساز کرد. لە مەڕاسیمەکەدا کە هاوسەری سەڵاح داودە ئامادە بوو، عەباس، محەمەد، ڕائد و دڵشاد کە کوڕەکانی هونەرمەند سەڵاح داودەن، چەند بەرهەمێکی باوکیان پێشکەشی ئامادەبوان کرد.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە منبج بە هۆی تەقینەوەی مینێکەوە، ئەندامێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بریندار بوو.[1]
- ئەمشە و لەنێو شاری عەفرین دوو تەقینەوەی یەک بەدوای یەک ڕوویاندا. بەگوێرەی زانیارییەکان تەقینەوەی یەکەم لە پارکی شەریعە ڕوویداوە و لە ئەنجامدا 2 چەتە کوژراون و کەسێکی دیکەش بریندار بووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- پۆلیسی ئەڵمانیا بەیانیی ئەمڕۆ لە شارەکانی گیسن، ڕوسەلهایەم و ماینتس-ی ئەڵمانیا هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵی کوردستانیان و چەند چالاکێکی سیاسی دەستگیر کرد. لە شاری ماینتس کەسێک بە ناوی عەلی و لە شاری گیسن سیاسەتمەداری کورد مەزهەر تووران بە بڕیاری دادگەی کۆبلێنتس دەستگیر کران. ڕاگەیەنرا پۆلیس بە سەگ ماڵی مەزهەر تووران-ی پشکنیوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-25

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-06-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-25
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 291

2019-06-26



باکووری کوردستان
- لە گەڕەکی یافەس لە ناوچەی جزیری شرنەخ لە دژی زرێپۆشێک لە ناو کاروانێکی سەربازیدا، بە تەقەمەنی چالاکییەک ئەنجامدرا. دەنگی تەقینەوەی دژ بەو زرێپۆشە لە هەموو شارەکەدا بیسترا. ئاماژە بەوە دەکرێت، بەهۆی ئەو تەقینەوەیەوە زیان بە زرێپۆشەکە گەیشتووە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- عەلی ئەسخەری هدایەتی، بەڕێوبەری فەرمانگەی پاراستنی ژینگەی شارۆچکەی بیجار، ڕایگەیاندوە: لە گوندی زینەڵی سەربە شارۆچکەی بیجار، منداڵێکی چوار ساڵان، دوای دیار نەمانی تەرمەکەی دۆزراوەتەوە کە شوێنی بریئی قورسی پێوە دیار بووە. وتیشی: دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە، کەلەلایەن گورگێک کەماوەیەکە لەسنوری گوندەکەیاندا پەیدابووە پەلامار دراوە و ئەویش بەهۆی سەختی برینەکەیەوە گیانیلەدەستداوە.[4]
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی هێمن بایزیدی، خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- سیروان ئیبراهیمی، بەرپرسی لقی ئەنجومەنی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی نۆژین لە شاری کامیاران، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و هیچ زانیارییەک سەبارەت بە چارەنووسی ناوبراو لەبەر دەستدا، نییە.[5]
باشووری کوردستان
- هێرشە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە دژی باشووری کوردستان بەردەوامن. پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر ناوچەی گۆشین-ی دەڤەری برادۆستیان بۆردومان کرد. لە هێرشەکەدا ئۆتۆمبێلێکی هاوڵاتیانی سیڤیل کراوەتە ئامانج. لە ئەنجامدا هاوڵاتییەک بە ناوی مەنسوور نافع کە لە شارۆچکەی چۆمان پۆلیسە شەهید بووە و براکەشی بە ناوی پەشێو نافع بریندار بووە.[2]
- لە دوێنێوە ئاگرێکی گەورە لە سنووری شارەدێی ئاغجەلەر کەوتووەتەوە و تا ئەمڕۆ کۆنترۆڵ نەکراوە.[1]
- لە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکاندا، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان چەندین چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچن.[3]
- شەوی ڕابوردوو لەناوچەی هەباتی نێوان شارۆچکەی داقوق و شارەدێی ڕەشاد بۆمبێکی چێندراو تەقیوەتەوە بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی پۆلیسی ئیتیحادیدا. بەهۆی تەقینەوەکەوە ئەفسەرێک گیانی لەدەستداوە، بەناوی (ئیحسان زاهیر) و چوار پۆلیسی دیکەش بریندارن.[1]
- لە دووەم ڕۆژی هەفتەی ڕۆشنبیری و هونەریی کەرکووک چالاکییەک بۆ یادی هونەرمەندی کۆچکردوو قادر مەردان لە

هۆڵی ڕۆشنبیری کەرکووک بەڕێوەچوو.[2]
- ئەمڕۆ 26-6-2019 لە دووشوێنی جیاواز لە سلێمانی یادی 47 ساڵەی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک کرایەوە.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە کۆڵانی سیاسیی نێو شاری عەفرین ماتۆرسکیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە. ڕاگەیەنرا بەهۆی تەقینەوەکە چەتەیەکی گرووپی ئەحرار شامیە بریندار بووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: بیجار
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 26-06-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 26-06-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 26-06-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 26-06-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 26-06-2019
کاتی تۆمارکردن: 11-05-2019
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 292

2019-06-27



رۆژهەڵاتی کوردستان
- بۆ ڕێزگرتن لە قوربانییانی کیمیاباران‌کردنی شاری سەردەشت کە لە لایەن حکوومەتی پێشووی بەعسەوە کیمیاباران کرا، ژمارەیەک لە پاسکیل سوارانی شاری پیرانشار، مەریوان و مەهاباد بە شێوەیەکی سەمبولیک، مەودای ئەو شارەیان هەتا شاری سەردەشت، بە پاسکیل پێوا.[6]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک بۆردومانی چیای کورتەکی بناری قەندیلیان کرد. بەگوێرەی زانیارییە سەرەتاییەکان، بەهۆی بۆردومانکردنی 2 ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیبانی سیڤیل 4 هاوڵاتی شەهید بوون و 5ی دیکەش بریندار بوون. هەروەها بەهۆی هێرشەکە ئاگر لە چیاکە کەوتووەتەوە.[5] (بڕوانە ڤیدیۆی پەیوەستکراو)
- لە شەوی ڕابوردووەوە ژمارەیەک ڕووداوی ئەمنی لەکەرکووک ڕوویانداوە کە بەهۆیانەوە پێنج کارمەندی هێزە ئەمنییەکان بریندار‌بوون، هاوکات دەستگیرکردنی دوو سەرکردەی داعش ڕاگەیاندرا.[1]
- دوو تەقینەوە لە شاری کەرکووک ڕوویانداوە، تەقینەوەکان پاسی نەفەر هەڵگریان کردووەتە ئامانج و بەهۆی تەقینەوەکان 17 کەس بریندار‌بوونە و یەکێکی دیکەش گیانی لەدەستداوە.[3]
- سوپای تورک لە هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا و کەمپەکانی باشووری کوردستان نووسراوێک بە دەقی (رادەست بە، ئازاد بە) بڵاوەکاتەوە. لە درێژەی نووسراوەکەدا دەڵێ: ئەمساڵ بە گشتی نۆسەد ئەندامی ڕێکخستنی تیرۆر خۆیان ڕادەستی هێزە ئاسایشەکانمان کردووە، هەموشیان دەستیان بە سەرەتایەکی نوێ کرد. تۆش دەتوانی ببیتە یەکێک لەوان.[2]
- لە هەرێمی قەندیلی باشوری کوردستان شاندێکی هاوبەشی پێشمەرگە دێرینەکان، خەڵکی نیشتمانپەروەر، ژنان و مامۆستایانی ئایینی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرش و داگیرکاری ڕژێمی تورکیا سەردانی هەرێمەکەیان کرد و پاش ڕاوێژکردن پێکەوە هاوبەشانە (کۆمیتەی بەرگری لە خاکی کوردستان) یان پێکهێنا و ڕاگەیاند.[2]
دەرەوەی کوردستان
- جێگری سەرۆکی گشتی جەهەپە بەهۆی هەڵوێستی لە هەڵبژاردنەکانی ئیستەنبووڵ، سوپاسی سەڵاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەی کرد.[3]
- عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند: سنوور بەزاندنی ئێران لەلایەن ئەمریکا یان هەر وڵاتێکی تر، باجەکەی قورستر دەبێت، وتیشی: خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکا ئەزموونێکی باش بوو بۆ ئێمە، بۆئەوەی بتوانین لە داهاتوودا، بەرپەرچی هەموو جۆرە پێشێلکارێی و دەستوەردانێکی دەرەکیی ببینەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-06-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-06-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-06-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-06-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-06-28
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-11
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 293

2019-07-02



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەی ناودارانی کورد کە ئەمڕۆ لە هۆڵی مەولەوی زانکۆی کورستان لە سنە دەستپێکرد، بە گوتاری بەرپرسانی حکومەت و شاری سنە دەستپێکرد و بە چەند پانێل و بەرنامەیەکی جیاواز کۆتاییهات.[3]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر بۆردومانی دەوروبەری گوندی سێگرێ ناوچەی نهێلی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی و ناوچەی چیادێڵی سەربە شارۆچکەی سیدەکان-یان کرد.[1]
- بۆ جارێکی تر خۆڵ و خاشاکی ناوچەی تانجەرۆی سلێمانی گرێگرت و بووە هۆی زیانگەیاندن بە ژینگەی ناوچەکە.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- بەگوێرەی زانیارییەکان کە لە سەرچاوەکانی عەفرین وەرگیراون، سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بەر لە 2 ڕۆژ لە ناوچەی ماباتا 10 هاوڵاتیی سیڤیلیان ڕفاندووە.[1]
- لە ناوچەی زرگانی حەسەکە خۆکوژێک ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوی تەقاندەوە و زیانی مادیی لێکەوتەوە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی عێراق لە جوڵانەوەکەی جیابوویەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-07-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-07-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-07-02

کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 294

2019-07-03



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە سنە، پارکی ناوداڕانی کورد لەسەر کێوی ئاویەر کرایەوە.[3]
- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی حەمید کەڕەونانی، تەمەن 24 ساڵ، خەڵکی گوندی کەڕەونانی شاری دێولان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[5]
باشووری کوردستان
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند: هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەڕێگەی چوار یاساوە دامەزراوە و پێویستی بە بڕیاری سەرۆک وەزیرانی عێراق نییە بۆ ڕێکخستەوەی, ئەوەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ هاوپەیمانییەتییەکەی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کە داوای لە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق کرد کە هاوشێوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بڕیارێک بۆ ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە دەربکات.[1]
- بە پاساوی زیادەڕۆیی، هێزێکی سەربازی کەرکووک هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵە کوردەکانی گەڕەکی عەرەفە و مۆڵەتی هەفتەیەکیان پێداون بۆئەوەی ماڵەکانیان چۆڵبکەن.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر گوندەکانی قەڵای شوارقا، مارەنەز، شوارقا و مالکیەی لە ناوچەی عەفرین تۆپبارانکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-07-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-07-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-07-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-07-06

کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 295

2019-07-04

باشووری کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ لەنێوان گوندی تونکێ و قەرەسالمی ناوچەی شوان، دوو کۆپتەری نەناسراو بینراون کە ژمارەیەک چەکدارییان داگرتووە و دواتر هەڵگیراونەتەوە و ڕۆشتوون.[1]
- دوای تەقینەوەی شەش بۆمب بە بۆڕی هەنارەکردنی نەوتی باشووری کوردستان بۆ تورکیا کە بە هێڵی کەرکووک – جەیهان ناسراوە، ئاگر لە ناوچەکە کەوتەوە.[2]
- ئەمڕۆ 15 پەرلەمانتار بە نووسراوێک کە ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانیان کردووە، داوای دانیشتنێکی ئاسایی دەکەن (بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان.)[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-07-04

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-07-04
کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 296

2019-07-05

رۆژهەڵاتی کوردستان
- لەوەڕگە و پووش و پاوەنی سروشتی گوندی گەزنەی سەر بە چەمشاری سنە، ئاگری تێبەردرا و بەو بۆنەوە ڕوبەڕێکی فراوان لە پووش و پاوان و لەوەڕگەکانی سیدۆڵە و سەرکەنە سووتاون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: سنە
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-07-06
کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 297

2019-07-06



باشووری کوردستان
- قوباد تاڵەبانی بە کاندیدی جێگری سەرۆکی حکومەت لەلایەن یەکێتییەوە دەستنیشانکرا.[1]
- لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا هێرشە پاکتاوکاری و داگیرکەرییەکانی دەوڵەتی تورک لە دژی باشووری کوردستان ئیدانەکرا. د. ڤاڵا فەرید سەرۆکی پەرلەمان داوای لە حکومەتی عێراق کرد بە ئەرکی خۆی هەستێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-07-06
کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 298

2019-07-07



رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەنسوور گرژە کوڕی محەممەد، تەمەن 21 ساڵ خەڵکی گوندی کانی زەردی شاری سەردەشت بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی گیانی لە دەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- پەکەکە ڕایگەیاند، دیار غەریب ئەندامی کۆنسەی سەرکردایەتی بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورک شەهید بووە.[1]
- پەرلەمانی کوردستان دەنگ لەسەر پڕۆژەیاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەدات، کە بەپێی یاساکە دەتوانرێ پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا هەڵبژێردرێت.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- گروپە چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر ئاگریان بەرداوەتە باخ و زەوییەکانی گوندی بیریمجی لە ناوچەی ماباتای عەفرین و زیانێکی زۆر بە دار زەیتونەکانی ئەو گوندە و دەوروبەری گەیشتووە. هەروەها چەتەکانی دەوڵەتی تورک ڕێگایان نەدا هاوولاتیيانی ئەو گوندە ئاگرەکەی سەر باخ و زەوییەکانیان بکوژێننەوە.[2]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە عەفرین، گوندی مەرەناز لە ناوچەی شێڕاوای عەفرین بە چڕی بۆردومان دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان

ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ڕۆژهەلّاتی کوردستان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالّەکانی راگەیاندن
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-07-07
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری رووداو - 2019-07-07
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری کوردپا - 2019-07-08

کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 299

2019-07-08



باشووری کوردستان
- لە سلێمانی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهید دیار غەریب بەڕێوەچوو.[1]

- مەسروور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لیستی پێکهاتەی کابینە پێشنیازکراوەکەی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 300

2019-07-09



رۆژهەڵاتی کوردستان

- محەممەد سدیق کەبوودەوند، سەرۆکی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان و چالاکی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، بە بڵاوکردنەوەی تویتێک لە لاپەڕەی کەسیی خۆیدا ڕایگەیاند کە حوکمی ممنوع الخروجیی ناوبراو دەرکراوە.[4]

باشووری کوردستان

- سوپای تورکیا هاتوچۆی لە دوو گوندی شارەدێی سیدەکانی شارۆچکەی سۆران قەدەغەکردووە و داواشی لە هاوواڵتیان کردووە لە ماڵەکانیان نەیەنە دەرەوە.[1]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر بناری چیای خانتووری سەربە شارۆچکەی دەرکارێی شارۆچکەی زاخۆی بۆردومان کرد. ڕاگەیەنرا فڕۆکە جەنگییەکانی داگیرکەر دەوروبەری گوندی شەرانش-یان کردووەتە ئامانج.[2]
- لە دوو گوندی سنووری سەنگاو شەڕ لەنێوان دوو خێزانی ئامۆزای یەکدی ڕوویدا، لە ئەنجامدا دوو برا کوژران.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بە پێشەنگایەتیی خانەوادەی شەهیدان لە شارۆچکەی دێرک-ی کانتۆنی هەرێمی جزیر مەڕاسیمی پرسە بۆ شەهیدی سەرکردە دیار غەریب (هەڤاڵ هەڵمەت) ساز دەکرێت.[2]

دەرەوەی کوردستان
- کوردانی تاراوگە، لە هەر چوار بەشی کوردستانەوە، بەمەبەستی مەحکوومکردنی تیرۆری دوکتور قاسملو و هاورێیانی، لە بروکسێل کۆبوونەوە و خۆپێشاندانێکی بەرینیان بەرپێوە برد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-07-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-07-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-07-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-07-09
کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 301

2019-07-15



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ئەنجامی دەستڕێژی گوللەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە ناوچە سنوورییەکان، کۆڵبەرێک کوژرا و سێ کۆڵبەریش بریندارببوون.[1]
باشووری کوردستان

- کاتژمێر8:45 خولەکی ئەمشەو هێلیکۆپتەرە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک بۆردومانی چیادێڵ-یانکرد لە دەڤەری برادۆست. بەهۆی بۆردومانەکەوە ئاگر لەناوچەکە بەربووە و لەدوای کاتژمێر 9:30 خولەکیش سوپای داگیرکەری تورک هاتووچۆی لەناوچەکە قەدەغە کردووە بۆیە هاوڵاتیان ناتوانن ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ووڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ئێران

ووڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2019-07-15

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژانە هەواڵ - 2019-07-15

کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 302

2019-07-17

باشووری کوردستان

- لەریستۆرانتێکی نزیک کونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر دەستڕێژی گوللە کراو بەهۆیەوە چەند کەسێک کوژران کە یەکێکیان جێگری کونسوڵخانەی تورکیایە لە هەرێم.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

ووڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] تۆماری تایبەت بۆ کوردیپێدیا | کوردیی ناوەڕاست | ئامادەکردنی کوردیپێدیا - هاوڕێ باخەوان

کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 303

2019-07-26



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- پەیوەندییە گشتییەکانی قەرارگای حەمزەی سپای پاسداران، بە بڵاوکردنەوەی بەیانییەیەک باسی لە کۆژرانی ئەندامێکی سپای پاسداران بە ناوی سەید هادی ئوجاق کرد. قەرارگای حەمزەی سپای پاسداران ڕایگەیاندووە کە ئەو ئەندامەی سپای پاسداران لە هەواری ژۆنینی دەڵەمەرزی شاری سەولاوا، لە شەڕ و تێکەڵچوونێک لەگەڵ یەکێک لە هێزە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێراندا، کۆژراوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ئێران

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2019-07-27
کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 304

2019-07-27



باشووری کوردستان
- ڕێوڕەسمی دەستبەکاربوونی حازم میر تەحسین بەگ لە پەرستگای لالش بەڕێوەچوو و بووە میری نوێی کوردانی ئێزدی.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی گوندی سۆخانەک-یان لە ناوچەی شێراوی عەفرین کردە ئامانجی تۆپخانەکانیان و بەو هۆیەوە چەندین هاوواڵاتی بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژئاوای کوردستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-07-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 305

2019-07-29



ڕۆژئاوای کوردستان
- لە گوندی سەعدە-ی سەربە ناوچەی مەرگەدێ شاری شەداد-ی کانتۆنی حەسەکە، لە کاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی خۆپاراستن بۆمبێک بە ئۆتۆمبێلێکی مەدەنیدا تەقیەوە. لە ئەنجامدا 13 شەڕفان بریندار بوون کە بریێ 5 شەڕفان سەختە.[1]
- گروپێک لەچەتەکان بەناوی تۆگای سوولتان موراد سەربە دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر لە گوندی مارسەوای شێراوای عەفرین کەسێکیان بەناوی ئازاد محمەد شێخۆ ڕفاند.[1]
- بەگوێرەی زانیارییەکان کە لە سەرچاوە خۆجێییەکانی عەفرین وەرگیراون، سوپای تورکی داگیرکەر دوروبەری گوندەکانی بەنێ و ئاقیێ-ی سەربە ناوچەی شێراوا-ی عەفرین بۆردومان دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مانْپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مانْپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-07-29
کاتی تۆمارکردن: 2019-06-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 306

2019-08-07



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەسەر سنوورە دەستکردەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە ناوچە سنووریيەکانی شاری پێرانشاری سەربە پارێزگای ورمێ-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێزە ئەمنییەکانی ڕژیمی ئێران هێرشیان کردە سەر گروپێک لە کۆڵبەران. لەو هێرشەدا کۆڵبەرێک بە ناوی فاخر عەبدوڵاهی، خەڵکی پیرانشار سەربە پارێزگای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی ئێران کوژراوە. هەروەها لەو هێرشەدا و دوای دەستڕێژی گوللەی چەکدارەکانی ئێران، 20 سەر ئەسپی کۆڵبەران-یان بە شێوەیەکی درندانە کوشتووە.[1]
باشووری کوردستان
- لە زاخۆ لەسەر زەوی شەڕ لەنێوان دوو خانەوادەدا ڕوویدا و بەهۆیەو دوو کوژراو چوار بریندارى لێکەوتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-08-08
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 307

2019-08-08



باشووری کوردستان
- 13 هەزار کەمئەندام لە هەرێمی کوردستاندا ماوەی پێنج مانگە بە بۆنەی تانەدان لە لێژنە پزیشکییەکان مووچەیان بڕاوە، ئەوانیش بۆ درێژەدان بە ژیانیان کەمپەینێکیان لە ژێر ناوی' لە پێناو قووتی جەژندا' بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری ڕاگەیاندووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-08
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 308

2019-08-09



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک بەردەبەیانی ئەمڕۆ هەڵیکوتایە سەرماڵی خەباتکاری پێشووی بڵاوکردنەوەی فوراتدا و ماڵەکەیان پشکنی.پۆلیس کاتێک هەڵیانکووتایە سەر ماڵەکەدا، درگای ماڵەکەیان شکاند و بەزۆر دەربازی ماڵەکەبوون. لەکاتی گەڕانی پۆلیسدا هەموو کەلوپەلی ماڵەکەیان تێکدا. دوای پشکنینی ماڵەکە پۆلیس محەمەد ئەمین ئاکگوون و هاوسەرەکەی بێریڤان بولتانیان دەستگیرکرد و گوازرانەوە بۆ بنکەی پۆلیسی ناوەنی ئامەد.[3]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەرێی کوردپا، ئەمڕۆ هەینی، 18ی گەلاوێژ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یوونس پیرۆتی، کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی بێورانی خوارێ شاری سەردەشت، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕووداوە، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی قوتووری خۆی، کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران و لەو تەقەکردنداء کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ناجی ئەبووبەکری، کوڕی سەبری، بەسەختی بریندار کرا.[2]
باشووری کوردستان
- بەهۆی سووتانەوە ژنێک تەمەن 43 ساڵ لە گۆندی خێڵی حەمەی سەر بەشارەدێی خورماڵ گیانی لەدەستدا و پۆلیسی هەڵەبجەش ڕایدەگەیەنن بەدواداچوون دەکەن.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە ئەیسی ڕێست کافی لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، بە ئامادەبوونی بەشێک لە هونەرمەندان و ژمارەیەک لە گەنجانی شارۆچکەکە، لە ژێر ناونیشانی (تابلۆکان دەدوێن) پێشانگایەکی شێوەکاریی بۆ هەوراز نەجمەدین کرایەوە کە گەنجێکی شێوەکاری دانیشتووی شارۆچکەی کەلارە. لە پێشانگاکەدا 17 تابلۆی جیاواز نمایشکران لە جۆری زەیتی، کە پێکهاتبوون لە تابلۆی سروشت و خەیاڵی و جۆراو جۆر.[6]
رۆژئاوای کوردستان
- بە پێی ئەوزانیارییانەی کە لە سەرچاوە هەرێمییەکانەوە وەرگیراوە، سوپای داگیرکەری تورک گوندەکانی شخوونەکێ، مەیاسێ و زرنەتەی سەربە ناوچەی شێراوای عەفرین تۆپباران دەکات.[3]
- دژی هەڕەشەکانی حکومەتی تورکیا و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هاونیشتمانیانی ڕۆژئاوای کوردستان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. خۆپیشاندەران چوونە ناوچە سنووربییەکانی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری کوردستان، دەڵێن ڕێگە نادەن سوپای تورکیا سنوور ببەزێنێت و پێبنێتە نێو ڕۆژئاوای کوردستانەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شاندی حاجییانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: دوای هەوڵدانێکی زۆر کەنالێکی تایبەت بە حاجییانی کوردستانمان لە مەککە دامەزراندووە، پەخشی کەناڵەکەش تەنیا لە هۆتێلەکانی شاری مەککە و شوێنی مانەوەی حاجییان دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-08-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2019-08-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-10
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 309

2019-08-10



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەخشی سەفائییەی شاری خۆی، کەوتنە بۆسەی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەزا ئیبراهیمی، خەڵکی گوندی کەڕکووش، گیانی لەدەست دا.[1]

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2019-08-11
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 310

2019-08-11



رۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی سەعید حەسەن پوور، تەمەن 44 ساڵ، خەڵکی گوندی کانی ڕەشی شاری شنۆ، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران، گیانی لەدەست دا.[3]
باشووری کوردستان
- حاتەم ئەلتائی وتەبێژی ئەنجومەنی عەرەبی لە کەرکووک ئاشکرایکرد، کە حکومەتی ناوەندی نامەیەکی بۆ حیزبە سیاسییە کوردییەکان ناردووە، تاکو پرسی پۆستی پارێزگاری کەرکووک دوابخرێت.[1]
- شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی دواخاڵی هێزەکانی پێشمەرگەی لە سنووری گەرمیان کرد و لە لێدوانێکدا باسی لەوەکرد لە دوای جەژن هەوڵی گفتوگۆ دەدەن لە گەڵ بەغدا بۆ چوونە پێشەوە و پرکردنەوەی ئە و بۆشاییە ئەمنیەی دروستبووە.[1]
- لە ناوچەی گەشتیاری بان قۆین، ئۆتۆمبێلێک کەوتە خوارەوە و کوڕێک و دایکی کەوتنە دەریاچەی دەربەندیخان و خنکان.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-12
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 311

2019-08-12



باشووری کوردستان
- بومەلەرزەیەک بەهێز پارێزگای هەڵەبجەی گرتەوە و لە هەندێک ناوچەیتریش هەستی پێکرا.[1]
- شەوی ڕابوردوو لەناوچەی کاکەیی سنووری شارۆچکەی داقوق شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان چەکدارانی داعش و هێزە سەربازییەکاندا دروستبووە و بەو هۆیەوە قوربانی لێکەوتووەتەوە.[2]
- لە گەرمیان دوو منداڵ یاری ئاگرین دەخەنە نێو بەرمیلێکی نەوت و دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی گەورە و بریندارببوون و سوتانی هەردوو منداڵەکە بەشێوەیەک ژیانیان لەمەترسیدایە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- خانەوادەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە، بە مەبەستی دیدار لەگەڵ ئۆجالان بەرەو ئیمرالی بەڕێکەوتن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-08-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-08-12

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 312

2019-08-14



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی سادر باپیری، کوڕی مەحموود، خەڵکی گوندی قەڵارەشی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان، پێکرا.[2]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، لە قەڵادزێ بە نارنجۆک هێرشکرایە سەر ماڵی بەرپرسی پێشووی شارەوانی قەڵادزێ.[1]
- سەرۆکی پەرلەمان لەسەر کێشەی نێوان مەلا هەڵۆ و ماریا هەورامی هاتە دەنگ و پەشیمانی مەلا هەڵۆ بەرزدەنرخێنێت و دەشڵێت داننان بە هەڵەدا، گەورەییە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 313

2019-08-15



هەوالی کۆچی دوایی شاعیری نەتەوە، عەبدوڵلا پەشێو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە، کوردیپێدیا پەیوەندیی بە مامۆستاوە کرد و وتی: زۆر زۆر باشم.

باکووری کوردستان

- لە مێردین، شرنەخ و ئیزمیر لانی کەم 27 ئەندامی هەدەپە دەستگیر کران و لە نسێبین پۆلیس بە دەستڕێژی گوللە دەرگای ماڵێکی کردەوە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورک و چەتەکانی لە گوندی چەقلای جندرێس-ی عەفین 3 هاووڵاتی مەدەنییان ڕفاندووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-15
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 314

2019-08-16



باشووری کوردستان
- شەوی ڕابردوو، چەکدارانی داعش لە گوندی جەمیل بەگی سەر بە شارۆچکەی خانەقین هێرشیانکردەسەر لیوایەکی حەشدی شەعبی و بەهۆیەوە چەکدارێک کوژراو یەکێکی دیکەش بیرنداربوو.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ فڕۆکەیەکی جەنگی تورکیا چەند ناوچەیەکی بناری قەندیلی بۆردوومانکرد، بەهۆیەوە ئاگر لە پوش و پاوانی ناوچەکە کەوتووەتەوە.[2]
- کۆچی دوایی نووسەر و هونەرمەند فەخرەدین تاهیر لە هەولێر.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-16

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-08-16

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 315

2019-08-17



باکووری کوردستان

- ئاگر لە دارستانەکانی سنووری گوندی ئاکرۆ لە ناوچەی قەرەحەسەنی شاری لیجەی پارێزگای ئامەدی باکووری کوردستان کەوتووەتەوە.[1]
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی پاکتاوی سیاسیی گەلی کورد دا پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ڕێا هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵ و 25 کەسی دەستگیرکرد.[1]
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە جۆلەمێرگ قەدەغەکاریی هەموو جۆرە چالاکییەکی مەدەنیی لە شارەکەدا بۆ ماوەی مانگێکی تر درێژکردەوە.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- پێنج هاوواڵاتیی کورد بە ناوەکانی حەسەن قادری ئەقەدەم، ڕێبوار مەلایی، ئەسکەندەر خزری، ئیسماعیل بورهانی و ئەمیر تاژ خەڵکی شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کراون.[3]

باشووری کوردستان

- لە سنووری نێوان کفری و خورماتوو هێزەکانی پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنێکیان لە دژی ئەندامانی گروپی ئاڵا سپییەکان دەستپێکرد و هێزەکانی هاپەیمانانیش بە فڕۆکە هاوکاری پێشمەرگە دەکەن.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای تورک و چەتەکانی لە عەفرین بە چەکی قورس گوندی بێن-ی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرین بۆردومانکرد. لە بۆردومانەکەدا زیان بە زەویی کشتوکاڵی و باخ و ڕەزەکانی هاووڵاتیانی ئەو گوندە گەیشتووە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: جۆلەمێرگ

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-17
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 316

2019-08-18



باکووری کوردستان
- لە شرنەخ پۆلیسی تورک هەدەپەیان کردە ئامانج و هەڵیانکوتایە سەر چەندین ماڵ و چەندین کەسیان دەستگیر کرد.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ تەقینەوە لە کۆگایەکی تەقەمەنی سوپای تورک لەسەر سنووری سوریا لە پارێزگای ختای ڕوویدا و دەنگی چەندین تەقینەوەیەکی یەک لە دوای یەک شاری ڕیحانلیی هەژاند.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو لاوی کورد بە ناوەکانی ئارام نیک پەی تەمەن 25 ساڵ، کوڕی عەزیز و عەبدوڵڵا بەشتام تەمەن 23 ساڵ، کوڕی ڕەمەزان، خەڵکی گوندی نێی شاری مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کران.[5]
- شاخەکانی شاری ڕوانسەر ئاگریان تێبەردرا و خەسارێکی بەرچاوی بە ژینگەی ئەو شارە گەیاند. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو

بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: ئاگرکەوتنەوەکە لە لایەن دەستوپەیوەندییەکانی حکوومەتی ئێران لەو ناوچەیە بۆ تێکدانی ژینگەی کوردستان بووە.[5]
باشووری کوردستان
- بڕیاربوو ئەمڕۆ وەک سااڵنی ڕابردوو سااڵیادی وەدات حوسێن لە سلێمانی ڕابگیرێت، بەاڵم ئاسایشی سلێمانی ڕێگای نەدا سااڵیادەکە بکرێتەوە. سەرباری ئەوەش لە بارەگای ڕۆژنیوز مەڕاسیمێک ڕێکخرا و خەاڵتی وەدات-یش بەخشرا.[1]
- سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بەتوندی سەرکۆنەی تەقینەوەکەی قامشلۆ دەکات و پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی کەسوکاری قوربانیان دەکات.[2]
- ماوەی چەندین ڕۆژە کێشەی بێ ئاوی بەشێک لەدانیشتوانی پارێزگای دهۆک و شارۆچکەی سمێلی گرتوەتەوەو هاوڵاتیانیش دەڵێن نرخی تەنکەرێک ئاوی خواردنەوە لە 25 هەزار دینارەوە گەیشتوەتە 80 هەزار.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورک و گروپە چەتەکانی هێرشیکانیان بۆسەر عەفرین بەردەوامە. سوپای تورکیاییای داگیرکەر و چەتەکانی لە عەفرین دەیان هاوڵاتییان ڕفاند.[1]
- لە نزیک خوێندنگەی پیشەسازیی گەڕەکی ئەرباوپی قامیشلۆ هێرشێکی خۆکوژی ڕوویدا و بەو هۆیەوە 2 کەس بریندار بوون.[1]
- دووەمین کۆنفرانسی ڕەنجدەرانی هەرێمی جزیر دەستپێکرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-08-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-08-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-20
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 317
2019-08-19



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکانی شارەوانیی گەورە شارەکانی ئامەد، وان و مێردین لە کارەکانیان دوورخرانەوە. ئەم بەیانییە دەرگای بینای شارەوانیی گەورە شاری ئامەد شکێنرا و پۆلیس بیناکانی ئەو 3 شارەوانییەی گەمارۆ دا.[3]
- دەسەڵاتی ئاکەپە – مەهەپە ئەمڕۆ دەستیان بەسەر گەورە شارەوانییەکانی ئامەد و وان و مێردینی هەدەپەدا گرت و ماوەیەکیش لەوە پێش بە پۆلیسەکانیان بارەگای هەدەپەیان لە ئامەد گەمارۆدا.[3]
- بەپێی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی ناوخۆیی تورکیا لە 29 شاردا ئۆپەڕاسیۆنی پاکتاوکردنی سیاسی ئەنجام دەدرێت و تاوەکو ئێستا 418 کەسیان دەستگیرکردووە. بەپێی سەرچاوەکان بە تایبەت لە ئامەد، وان و مێردین هەمو ئەندامانی هەدەپە و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی دەسگیرکراون. ئەو کەسانەی دەسگیرکراون و تا ئێستا ناوەکانیان ڕوون بووەتەوە بریتین لە: بەڕێوبەری هەدەپەی ئامەد کادیر ئینانیر، ئەدیپ بینبیر و عەلی ئیحسان کاراهان، ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری ناوەندی دەبەپە سەڤین بیچیچی، بەڕێوبەری هەدەپە ناوچەی باغلار خەیری ئەتیەمەز، هاوکاری سکرتێری گشتیی شارەوانی ئامەد مورات ئەمین ئۆغلۆ، ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی ئامەد محەمەد ئاکدۆغان، سەرۆکی فەرمانگەی سیاسەتی ژنانی شارەوانیی ئامەد سەڵدا باران، ئەندامی ئەنجوومەنی حزبی هەدەپە مەسعود باغچیک و بورهان کاراکۆچ، ڕۆژنامەوان تومان ئانلی، خەباتکاری شارەوانیی ئامەد مستەفا ئاکینگین و شیار داغ، مەحمود کۆرکماز، فەوزی ئیشیک، فوئاد یلڵچن، ئەندامی هەدەپە ناوچەی چنار مەحمود ئولوس و فەوزی دەمیرکران، ئەندامی هەدەپەی بیسمیل لوقمان بۆزکور، ئەندامی کۆنگرەی ئیسلامی دیموکرات نایف ئەردەم، هاوسەرۆک شارەوانیی ناوچەی پیاسی ئامەد داود کەسین و ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی پیاسی ئامەد نورشین ئاکبال.[3]
- دوای ئەوە ڕژێمی تورک دەستیگرت بەسەر شارەوانیی گەورە شاری ئامەد دا، پەرلەمانتارانی هەدەپە، هاوسەرۆکانی شارەوانییەکانی هەدەپە و بەڕێوەبەرانی هەدەپە بەرەو بینای شارەوانیی گەورە شاری ئامەد دەستیان بە ڕێپێوانکرد، پاشان لەلایەن پۆلیسەوە هێرشیانکرایەسەر.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سێ هاوواڵاتیی کورد بە ناوەکانیسەیفوڵڵا جەلیلی کوڕی ئیبراهیم، بەشیر حاتەمی کوڕی سدیق و غەفوور یاری کوڕی غەفار، خەڵکی گوندی ئەوێهەنگی شاری سنە، لە شاری دەماوەند، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کراون. ئەم سێ هاوواڵاتییە کوردە، بە تۆمەتی کەڵکوەرگرتن لە جامانە لە یەکێک لە زەماوەندەکان لە شاری دەماوەند لە کاتی هەڵپەڕکێ و پڕوپاگەندە دژی نیزام لە بەرژەوەندیی یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.[4]
- چالاکێکی مەدەنیی کورد بە ناوی ئەکبەر گەوێڵی، خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[4]
باشووری کوردستان
- لە ئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا لە بناری قەندیل چەند هاوواڵاتییەک بریندارببوون و زیانی ماددیشی لێکەوتەوە.[2]
- وەزارەتی شارەوانی هەرێم بڕیاریدا بە ڕاگرتنی کارەکانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە پارێزگاکان.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری خەندان - 2019-08-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-20
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 318

2019-08-20



باکووری کوردستان
- سەرەڕای گەمارۆکانی پۆلیس بە سەدان ئەندامی هەدەپە و هاوولاتیانی ئامەد بەیانی ئەمڕۆ کۆبوونەوەیان ئەنجامدا. گەل خۆیان گەیاندە بەندەکانی کۆنترۆڵی پۆلیس کە لەسەر ڕێگەی شارەوانی دانرابوون و بە وتنەوەی دروشم ناڕەزایەتی خۆیان نیشاندا. پۆلیسی تورکیش هێرشی کردەسەر چالاکوانان.[2]
ڕۆژهەلاتی کوردستان
- لقی 102ی دادگای کەیفەریی 2ی شاری پیرانشار، هاوولاتییەکی بە ناوی سەید ئیدریس کەسرەوی، خەڵکی گوندی نەمنجێ و دانیشتووی شاری پیرانشار، بە 7 ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد.[4]

- کاسبکارێکی کورد بە ناوی محەممەد حەمیزادە کوڕی یوونس، خەڵکی گوندی ماتەخرپەی شاری سەڵماس، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران، لە بەرزاییەکانی کێلەشێندا گیانی لەدەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- شاندێک کە لە ئەندامێکی پارتی SUP، چالاکوانێک، چالاکوانێکی بواری ژینگە و پارێزەرێکی هەرێمی کەتەلۆنیایی وڵاتی ئیسپانیا پێکهاتبوون سەردانی کامپی پەنابەرانی مەخموور یان کرد و لەلایەن رێکخراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کامپەکە، ئەنجومەنی عەشتار و ئەنجومەنی مەخمور پێشوازییان لێکرا. شاندەکەی کەتەلۆنیا لە گەڵ ئەندامانی رێکخراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کامپەکە لەسەر مێژوو، سیستمی کامپەکە، پەنابەری، هێرشەکان و گەمارۆی سەر کامپەکە گفتوگویان کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- یەکێتی ئەوروپا ڕایدەگەیێنێت، نیگەرانن لە دوورخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانی ئامەد، وان و مێردین و ئەو کردەوەیە ڕێزگرتن لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 31ی ئادار دەخاتە ژێر پرسیارەوە.[1]
- سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیس لە ئیستانبول هەڵیانکوتایە سەر ماڵی شەفین ئالاجا هاوسەرۆک شارەوانیی قەرس. ئالاجا لەوبارەیەوە ڕایگەیاند، پۆلیس ئەم بەیانییە هەڵیکوتایە سەر ماڵەکەم و تاوەکو ئێستاش هۆکاری هەڵکوتانەکەیان بۆ ڕوون نەکردوومەتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-08-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-20
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 319

2019-08-21



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کاسبکارێکی کورد بە ناوی ناسر نووری، خەڵکی شاری شنۆ، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران، لە بەرزاییەکانی کێلەشیندا پێکرا. ئەو کاسبکارە کوردە، لە لای لاقیەوە پێکراوە و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری نەغەدە کراوە. لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەمڕۆ، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە دێهستانی برادۆستی شاری ورمێ، کەوتنە بۆسەی هێزە نیزامییەکان و لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سادق ئەورازی کوڕی هارووون، بەسەختی بریندار کرا.[5]

باشووری کوردستان

- وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕایدەگەیەنێت، نیگەرانین بۆ جوتیاران کە بەروبومەکانیان بەفیڕۆدەچێت، بەڵام دڵنیایان دەکەینەوە هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان و سااڵی داهاتووش ئەنجامی کارەکانمان بەدیار دەکەوێت.[1]
- لەسنووری پێنجوێن 100 دۆنم پوش و پاوان سووتان و سێ هاووڵاتیش دەستگیرکران.[2]
- بڕیار محەمەد، پەیامنێری ڕۆژنیوز لە شاری هەولێر، لەلایەن ئاسایشی تۆپزاوای سەر بە هەولێرەوە دەستگیرکرا و دواتر ڕەوانەی ئاسایشی هەولێر کرا.[3]
- لە ڕاگەیێندراوێکدا بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ئاشکرایکرد، کاژێر 8:25 خولەکی ئەمشەو تەرمی ژنێکی دانیشتووی قەڵادزێ گەیێندراوەتە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ کە بە حەبل خنکاوە.[4]
- دوای سەردانەکەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان (ئانگرێت کرامپ کارنباوەر) وەزیری بەرگری ئەڵمانیا و (شۆرش ئیسماعیل) وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبونە وە و دواتریش کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشیان ئەنجامدا.[2]

دەرەوەی کوردستان

- ڕێکخراوی جیهانیی هیومان ڕایتس وۆچ، کە تایبەتە بە چاودێرییکردنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا، لەبارەی دووڕخستنەوەی هاوسەرۆکانیی شارەوانییەکانی ئامەد، مێردین و وان و دانانی خۆسەپێنەر لە شوێنەکانیان، ڕاپۆرتی خۆی بڵاوکردەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا هیومان ڕایتس وۆچ، نووسیوێتی: دووڕخستنەوەی سەرۆک شارەوانییەکانی ئامەد، مێردین و وان، پێشێلکارییڕووونی مافی دەنگدەرانە و دیموکراسیی لەناوخۆی وڵاتەکەدا پەک دەخات.[3]
- دوای ئەوەی سێ سەرۆک شارەوانی لەباکووری کوردستان لەکارەکانیان لادران و شوێنەکانیان بە قەیوم پڕکرانەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نیگەرانی خۆی لەو بڕیارەی وەزارەتی ناوخۆی تورکیا دەردەبڕێت.[4]
- سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە یەکەمین کاردانەوەی بەرامبەر هێرشەکانی ئەم دواییە بۆ سەر حەشدی شەعبی لە عێراق، دەڵێت: ئێران ناتوانێت لە هیچ شوێنێک لە دەستمان دەربچێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: نەغەدە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-21
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-08-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-08-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-08-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-22
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 320

2019-08-22



باکووری کوردستان
- تا ئێستا لە خۆپیشاندانەکانی باکوری کوردستاندا پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە مێردین 5 و لە ئامەد 3 ڕۆژنامەنووسی دەستگیر کردووە و هێشتا ئازاد نەکراون.[1]

- بە بڕیاری قەییومەکانی شارەوانی، ئەنجوومەنی شارەوانیی مێردین و وان هەڵوەشێنرانەوە، کە زۆربەیان ئەندامی هەدەپەن و، لێژنەیەک بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی ئەنجوومەن پێکهێنرا.[2]
- بەرخۆدانی گەلی ئامە لە دژی داگیرکەرێی ڕژێمی ئاکەپە لە ڕۆژی چوارەمی دایە. پەرلەمانتارانی هەدەپە مووسا فارسۆگولەر، هۆشیار ئوزسۆی، دێرسم داغ، ڕەمزییە تۆسوون، فەلەکناس ئۆجا و دڵشاد جامبازییش لەناو جەماوەری هەدەپە لەبەردەم بینای شارەوانی کە لە لایەن پۆلیسی تورکەوە گەمارۆ دراوە دەستیان بە چالاکی دانیشتن کرد. جەماوەری گەل لە کۆڵانی لیسە گردبوونەوە.[4]

باشووری کوردستان

- وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم بڕیاریدا لەبەرژەوەندی جوتیارانی هەرێم و بەرهەمی ناوخۆ هاوردەکردنی بەرهەمی تەماتە تا کاتێکی نادیار قەدەغە بکرێت.[3]
- دوو ڕۆژە بە هۆکارێکی نادیار، ئاگر لە پاوان و چیایی گوندی جونان لە شارۆچکەی ئاکرێ پارێزگای دهۆک کەوتووەتەوە و لە ژێر کۆنترۆڵی هاوڵاتیان و تیمەکانی بەرگری شارستانی ناوچەکە دەرچووە.[1]
- نەقیبێکی پێشمەرگە بەناوی عەلی عیسا ئۆرەماری لەگەڵ چوار هاوڕێی لەسەر ڕێگای نێوان دێرەلۆک و ئامێدی سنوری پارێزگای دهۆک لەلایەن ئاسایشی ناوچەکەوە دەستگیرکران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: دێرسیم

شار و شارۆچکەکان: ماردین

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 22-08-2019

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 22-08-2019

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 22-08-2019

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 22-08-2019

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 321

2019-08-23



دەرەوەی کوردستان
- بەگوێرەی زانیارییەکان، پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەرماڵی هاوسەرۆکانی هەدەپەی ناوچەکانی پەندیک، بایرامپاشا و بەشیکتاش-ی ئەستەنبوڵ. لە دەستبەسەرگرتنەکاندا، هاوسەرۆکانی هەدەپەی پەندیک و بایرامپاشا دەستگیر کران، هاوسەرۆکی هەدەپەی بەشیکتاش-یش بەهۆی ئەوەی لە ماڵ نەبوو، دەستگیرنەکرا.[1]
باشووری کوردستان
- وتەبێژی کەمپی مەخموور دەڵێت:بەهۆی ئەوەی ئاسایشی هەولێر ڕێگایان پێنادات بێنە هەولێر، دۆخی کوردانی باکوور لە کەمپەکە زۆر خراپە، وتەبێژی ئاسایشی هەولێر-یش دەڵێت:دوای کوشتنی دیپلۆماتکارەکەی تورکیا، ڕێگە بە هاوواڵتیانی کەمپەکە نادرێت بێنە هەولێر.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-23
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 322

2019-08-24



باکووری کوردستان

- چالاکی دانیشتن کە هەدەپەییەکان لەدژی کودەتای قەیوم بەسەر گەورە شارەوانییەکانی ئامەد دەستیانپێکردووە، لە کۆڵانی لیسە بەردەوامە.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- بە نیشانەی ڕێزگرتن لە شەهیدان شەریف باجوەر، ئومید کۆنەپۆشی و دوو هاوڕێکەی دیکەیان، پاسکیل سوارانی شاری بانە، مەودای 143 کیلۆمیتریی ئەو شارە هەتا مەریوان، دەپێون.[2]
- چواردەهەمین شانۆی سەرشەقامی مەریوان، بە بەشداریی 11 وڵاتی جیهان، دەستی پێکرد.[2]

باشووری کوردستان

- چوار گوللە هاوەن لە چەمی ڕۆخانەوە ئاراستەی گە ڕەکی ئیمام زەینەلعابدین-ی داقوق کراوە، کە دوو لە گوللە هاوەنەکان لە نزیک تەکیەی ئیمام زەینەلعابدین کەوتونەتە خوارەوە و دوو گوللە هاوەنەکەی دیکە کەوتوونەتە ناو یاریگای خوماسیی تۆپی پێ، کە بووە هۆی بریندارببوونی ژمارەیەک یاریزانی ناو یاریگاکە و شەهدبوونی دوو منداڵ، کە برابوون بەناوەکانی ئەحمەد حەسەن و محەمەد حەسەن کە یەکێکیان تەمەنی 10 ساڵ بووە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە شاری حەسەکەی ڕۆژئاوای کوردستان کۆبوونەوەی سالّانەی قەسەدە بە بەشداری 600 ئەندام و فەرماندە بە دروشمی لە تێکشکاندنی تیرۆریزمەوە بەرەو سەقامگیری دەستی پێکرد.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: حەسەکە

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-24
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 323

2019-08-25



باکووری کوردستان
- بەرخودانی ئامەد لە دژی دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکان لە ڕۆژی حەوتەمدایە. هەدەپەییەکان دیسانەوە و سەرلەنوێ لە شەقامی لیسەی ئامەد کۆبوونەوە.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سەلام ئەمینی، کوڕی محەممەد، تەمەن

30 ساڵ، خەڵکی بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە ناوچەی سنووریی نەنووری ئەم شارستانە، گیانی لەدەست دا. ئەم کۆڵبەرە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو، ڕاستەوخۆ تەقەی لێکراوە. ناوبراو خاوەن منداڵێکی 3 ساڵەیە و هاوسەرەکەشی دووگیانە.[5]
- لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا، خەڵکی مەریوان و کوردستان، لەسەر گلکۆی کاک شەریف باجوەر و کاک ئومید کۆنەپۆشیدا ئامادە بوون و یادی شەهیدانی ژینگەیان بەرز ڕاگرت.[5]
- بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی شەهیدانی ژینگە، کاک شەریف باجوەر و سێ هاوڕێکەی دیکەی، کۆڕیادێک لە لایەن ڕێکخراوەی ژینگەپارێزانی پیرانشارەوە بەڕێوەچوو.[5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عادڵ ئوموی بەدرەش، خەڵکی گوندی کەرکۆشی شاری خۆی، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران، پێکرا.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی بەرگری تورکیا ئاشکرایکرد کە سێ سەربازیان لە ناوسنووری هەرێمی کوردستان کوژران و حەوتی تریش بریندارببوون کاتێک لەگەڵ ژمارەیەک لە چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بەشەڕهاتووە.[1]
- کارگێڕێکی مەڵبەندی دووی یەکێتی ڕایدەگەیەنێت: ئەمڕۆ، هێزەکانی هاوپەیمانان دوو تۆپی دووربهاوێژیان هێناوەتە سنووری مەخموور و جێگیریان کردوون، دەشڵێت: بۆردومانی داعش لە چیای قەرەچوغ دەکەن.[1]
- حەمەی فەرەج یاریدەدەری سکرتێری گشتیی یەکێتی بۆکارو باری کۆمەڵایەتی بەهۆی نەخۆشییەوە لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[3]
- بڕیاری تەمەن 4 ساڵان کوڕی شەهید ئاسۆ مام جەلال مەسۆبی دوای دوو ڕۆژ مانەوە لەنەخۆشخانە بەهۆی ئەو نەخۆشییەی لە حەسرەت دووری باوکی دووچاری هات، دواجار ئێوارەی ئەمڕۆ بەیەکجاری چاوەکانی لەیەکنا و کۆچی دوایی کرد و بۆ هەمیشەیی گەڕایەوە ئامێزی باوکی.[3]
دەرەوەی کوردستان
- شەوی ڕابردوو فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆردوومانی حەشدی شەعبیی لە داقوق کرد.[4]
- شەوی ڕابردوو فڕۆکەکانی ئیسرائیل بۆردوومانی هێزەکانی ئێرانی لە دەوروبەری شام لە سووریا کرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 25-08-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 25-08-2019

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-08-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-08-25
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 324

2019-08-26



باشووری کوردستان
- جارێکی دیکە یەکەمەکانی سەرئاستی زانکۆکان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا و ئەمجارە بڕیاری مانگرتنیاندا.[1]
- لە مەراسیمێکی شایستەدا تەرمی حەمەی فەرەج لە گردی سەیوان بە خاک سپێردرا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێران لەتوێتێکیدا لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بەڵێنی بەرپەرچدانەوەی ئیسرائیل دەدات و ئۆپراسیۆنەکانی ئەم دواییەی تەلئەبیب لە عێراق و سوریا بە ترسنۆکانە وەسف دەکات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-08-26
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 325

2019-08-27



باکووری کوردستان
- حەلیمە بایرام وتەبێژی ئەنجومەنی هەدەپەی شارەوانی ئامەد دەستگیرکرا.[2]
- پارێزگاری دەوڵەتی تورک لە شرنەخ بۆ رێگریکردن لە چالاکییەکانی ناڕەزایەتی لە دژی دەستبەسەرداگرتنی شارەوانییەکانی هەدەپە بۆ ماوەی 15 ڕۆژ چالاکی و خۆپیشاندانی لە شرنەخ قەدەغە کرد.[2]
باشووری کوردستان
- لە قەڵادزێ ژنێکی تەمەن 36 ساڵان لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بەسوتاوی گەیەندراوەتەوە نەخۆشخانەی گشتی شارەکە.[3]
- سەر لە ئێوارەی ئەمڕۆ، بەچاودێری لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان و بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی سەوڵ و کانۆی کوردستان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان پاڵەوانێتیەک بۆ پێنج یانەی بەشداربوو لە دەریاچەی دوکان بەڕێوەچوو.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوبازاڕی شاروچکەی شەداد-ی سەر بە پارێزگای حەسەکە-ی ڕۆژاڤای کوردستان لە ڕێگەی مۆتۆرسکیلێتکەوە تەقینەوەیەک ڕوویداوە. بە گوێرەی لێدوانی بەرپرسانی ئەمنی شاروچکەکە، تەقینەوەکە بریندارباوونی 3 هاوڵاتی و شەڕقانێکی هێزەکای سوریای دیموکراتیک - قەسەدەی لێکەوتووەتەوە. لە نێو بریندارەکاندا یەکێکیان منداڵێک بووە بەناوی حارس حەسەن تەمەن 13 ساڵان.[2]
- هێزەکانی ڕژێمی تورکیا ناوچەی شەرای عەفرینی بە تۆپی دوورهاوێژ و چەکی قورس بۆردومان کرد.[2]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندی مەرەناز لە ناوچەی شەرای عەفرین بۆردومانکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-08-27

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 326

2019-08-28



رۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو، هێزێکی پۆشتەوپەردا‌خی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری گوندی "قەڵەڕەش"ی ناوچەی سەردەشت دەدەن و تەقە لە خەڵک دەکەن. لەم تەقە و هێرشەی هێزە پەلاماردەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا دوو ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوەکانی ئیبراهیم عەزیزنیژاد و عەلی بایزپەروەر بەداخەوە شەهید بوون و کەسێکی خەڵکی ئەم گوندەش بە تونڈی بریندار بووە.[5]
باشووری کوردستان

- قۆناغی دووەمی پارەی گەنمی جووتیارانی هەرێم کە بڕەکەی 30 ملیار دینارە گەیشتووەتە هەرێم و سبەی 10 ملیار دینار لە پارێزگای سلێمانی دابەشدەکرێت.[1]
- سەرۆکی یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی عێراق بە ڕووداوێکی هاتووچۆ لەنێوان هەولێر- ئاکرێ گیانی لەدەستدا، بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەڵێت؛ ئامادەکاری دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمەکەی بۆ بەغدا.[3]
- دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە شەڕخوازەکانی دەوڵەتی تورک، سنووری شارۆچکەی ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆکیان بۆردوومان کرد. فڕۆکەکان نزیکەی دوو کاتژمێر بۆردوومانی ناوچەی بەری گارێ یان کردووە و ئاگر لە سنوورەکە کەوتووەتەوەو زیانێکی زۆری بە ژینگەی ناوچەکە گەیاندووە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- فڕۆکەجەنگییەکانی ڕووسیا وسووریا خالە چاودێرییەکانی سوپای تورکیا لە شێرمەخار وئیدلب بۆردومان دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-08-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان و کورد - 2019-08-28

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 327

2019-08-29



باکووری کوردستان
- چالاکی دانیشتن لەدژی دەسبەسەرداگرتنی شارەوانییەکانی هەدەپە لە ئامەد لە ڕۆژی 11هەمینی خۆیدایە.[2]
- لە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسی دەوڵەتی تورکدا پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەرماڵی هاووڵاتیان لە ناوچەی ئاف کەڤەری ئاگری و لەئەنجامدا 4کەسی دەستگیرکرد.[2]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە شەڕخوازەکانی دەوڵەتی تورک، گوندەکانی دەڤەری گارە-یان بۆردوومان کرد، بەوهۆیەوە ئاگر لە گوندی گوزێ کەوتووەتەوەو چەندین زەوی و دارستانی گوندەکە دەسووتێن و ئاگرەکەی بەردەوامە و بە جۆرێکە هاوڵاتیان ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن.[3]
- ئاگرێکی بەهێز لەچەند کۆگایەکی جۆراوجۆری هەولێر کەوتەوە و زیانێکی گەورەیان پێگەیشت.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە بەردەوامی کردەوە دژە مرۆییەکانی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی، سوپای تورک گوندی باشەمڕای ناوچەی شێراوای عەفرینی تۆپبارانکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-08-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-08-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-29

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 328
2019-08-30



باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ لە ناوەندی شارۆچکەی شەنگال گۆڕێکی بەکۆمەڵی ئێزدییەکان دۆزرایەوە، ڕووفاتی 10 کەسی تێدایە کە لەلایەن چەتەکانی داعشەوە کۆمەڵکوژ کراون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: شنگال
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-30

کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 329

2019-08-31



لەمڕۆ شەممە 2019/8/31 لە هۆتێل کوارتز لە هەولێر، بەکێتی تۆپی پێی کوردستان بە ئامادەبوونی سەرۆک و سەرجەم لەندامەکان و نوێنەرانی یانەکانی (پلەیاباب، پلەیەک، یاڵیی فۆنسالّی کچان و یاڵیی لاوانی کوردستان)، تیرۆپسکی بۆ هەر چوار خول بۆ وەرزی 2019/2020 لەنجامدا.

خشتەی یارییەکانی گەڕی یەکەمی خولی یاڵیی تۆپی پێی یانەکانی کوردستان بەم شێوەیە دەبێت .

سیروانی نوێ- زێرەڤانی
پێشمەرگەی هەولێر - شێروانە
سۆران - نەورۆز
هەندرێن - برایەتی
دەربەندیخان - دهۆک
هەولێر - پێشمەرگەی سلێمانی

یانەی زاخۆ چاوەڕوانە
بەفەرمی یانەی ئارارات بەشداری ناکات

رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆچی دوایی نووسەر و مێژوونووس مەلا ئەحمەد نەزیری لە سنە.[4]
باشووری کوردستان
- بەرێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان ئاشکرایدەکات ئە و درزانەی بەهۆی بوومەلەرزەوە لەسەر کۆنکرێتی بەنداوەکە دروستبوون، چارەسەر کراون و لەئێستادا مەترسی لەسەر ئە و بەشە نەماوە کە تایبەتە بە کۆکردنەوەی ئاو.[1]
- لە شارەدێی شۆڕش لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە دەستڕێژی گوولّە لە دوو گەنج کرا، دەستبەجێ کەسێکیان گیانی لەدەستدا.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ ڕێکخراوی چاند و هونەری باشوری کوردستان لە ئۆفیسی خۆیان لە شاری سلێمانی، بەیاننامەیەکیان لەسەر گەمارۆی سەر کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە شارۆچکەی مەخموور بڵاوکردەوە.[3]
- بەهۆی جێبەجێکردنی پڕۆژە یاسایەکەوە 250 هەزار کورد لە هەڵبژاردنی نیسانی داهاتوو بێبەشدەکرێن، سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی پەرلەمانیش دەڵێت: دژی بێبەشکردنی کوردانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، سکاڵا لە دادگای فیدراڵی تۆماردەکەین.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ ڕێکخراوی کوردیۆ فێستیڤاڵێکی تایبەتی بە نمایشکردنی کاری دەستی ژنان لە سەیدسادق کردەوە لە فێستیڤاڵەکەدا شانۆگەرییەکی تایبەت بە منداڵان نمایشکرا و گروپی هەڵپەڕکێی ڕێکخراوی کوردیۆ چەند تابلۆیەکی هەڵپەڕکێیان پێشکەش کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆک کۆماری ئەمریکا لەتوێتێکیدا جەختلەوە دەکاتەوە وڵاتەکەی هیچ ڕۆڵێکی لە شکستهێنانی تاقیکردنەوەی موشەکەکەی پێگەی ئاسمانی سمنانیدا نەبووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: مەخموور

ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دواڕۆژ - 2019-08-31
[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری پوک میدیا - 2019-08-31
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕۆژنیوز - 2019-08-31
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-01
کاتی تۆمارکردن: 2019-07-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 330

2019-09-01



باشووری کوردستان
- لەبەردەم دادگای هەولێر، پیاوێک ژنەکەی خۆپی بە گوللە کوشت.[4]
- ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم ڕایدەگەیەنێت: هێزە ئەمنییەکانی هەرێم هیچ کەسێک

بە زۆر ناگەڕێننەوە شوێنەکانی خۆیان و ڕێگریش نین لە گەڕاندنەوەی خەڵکی ناوچەکانی خواروو عێراق بۆ سەر زێدی خۆیان ئەوەش لە وەڵامی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی ئەمنستی ئینتەرناشنال کە ئاماژەی بەوەدابوو بەسەدان ئاوارە لەهەرێم بەزۆر گەڕێندراونەتەوە شوێنەکانی خۆیان.[1]
- ئەرشەد سالحی سەرۆکی بەرەی تورکمانی سەر بەدەزگای سیخوری دەوڵەتی تورک (میت) لە لێدوانێکی بۆ چەند کەناڵێکی حزبە تورکمانیەکان ووتی : دارخورما لەسەر گەورەترین کەس دەرچێت ناهێڵین دۆخی کەرکووک بگەڕێتەوە پێش16ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2017بە واتایەکی دیکە ڕێگە نادەینەوە جارێکی دیکە پێشمەرگە و کورد دەسەڵاتی هەبێ لەم شارە.[2]
- ژمارەیەک مەلا، ڕۆشنبیر، نووسەر، چالاک و مامۆستای زانکۆ داوا دەکەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە ڕەسمی قورئانخوێندن لە پرسەکان هەڵبگرێت. وەزارەتی ئەوقاف-یش دەڵێت: ئێمە بەبێ بوونی پرۆژە ئەو بڕیارە نادەین، هاوکات مەلایەکیش دەڵێت: هیچ دەقێکی قورئان نیە باس لە خوێندنی قورئان بکات لە پرسەکاندا و ئەوە عورفە.[1]
- حزبێکی سیاسی نوێ، لە شاری سلێمانی بە ناوی بزوتنەوەی چاکسازی نیشتمانی خۆی ڕاگەیاند، کە پێشتر وەک باڵی ناڕازی ناو حزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان خۆیان نیشاندابوو، لە ساڵی 2014 ەوە داوای چاکسازیی دەکەن لەناو سۆسیالست-دا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان - حسک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-05-19
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 331

2019-09-02



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئاژانسی میهر لە زاری جەلال قەڵاشاخانی بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری پارێزگای سنە بڵاویکردۆتەوە نۆهەمین پێشانگای کتێبی لەڕۆژانی 2 بۆ 7 ی مانگی ئۆکتۆبەر ئەمساڵ بەڕێوەدەچێت و لە و پێشانگایە دەزگاکانی چاپ و پەخشی ناوخۆیی و بیانی بەشدار دەبن.[2]
باشووری کوردستان
- مامۆستایانی گرێبەستی سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران گردبوونەوە و بڕیاری بەردەوامی خۆپیشاندان دەدەن تا ئەوکاتەی وەڵامیان دەدرێتەوە. دەستەی نوێنەرانی گرێبەست لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند: ماوەی 6 ساڵە وانە دەڵێینەوە، بەڵام تائێستا هیچ تروسکایییەک بۆ کردنمان بە هەمیشەیی نابینرێت و هیچ ئومێدێکمان بە بەڵێنەکانی حکومەت نیە.[1]
- بەهاوبەشی لەگەل ڕێکخراوی سی پی تی، خانەوادەی ئەوکەسانەی لەبۆردوومان و تۆپبارانەکانی تورکیاو ئێران شەهیدبوون، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا داوایان کرد ئەوکەسانەی بەهۆی بۆردوومانەکانەوە کوژراون بەشەهید بناسێنرێن.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دادگای ئەنقەرە بریاری ئازادکردنی هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەیدا، نوێنەری هەدەپەش لە باشوری کوردستان دەڵێت: دوای شەش مانگی تر بە تەواوی ئازاد دەبێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: سنە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-09-02
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 332

2019-09-03



باشووری کوردستان
- ئاسایشی سلێمانی بەبیانووی نەبوونی مۆڵەت، ڕێگری لە سازدانی کۆڕێک کرد کە کەمپەینی دژی داگیرکاریی تورکیا بە هاوکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە ڕێکیانخستبوو.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورک و گرووپە چەتەکانی کە عەفرینیان داگیر کردووە، لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەی دواییدا، 20 کەسی سڤیلی تریان ڕفاند. لە دوو مانگی ڕابردوودا زیاتر لە 500 کەس ڕفێندراون.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لەنێو 50 بیرمەند و زانای جیهانیی بواره جۆراوجۆرەکان، پرۆفیسۆری کورد کۆچەر بیرکار لەلایەن گۆڤاری پرۆسپێکتی بەریتانییەوە وەک یەکەمین بیرمەندی جیهان بۆ ساڵی 2019 هەڵبژێردرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-03
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 333

2019-09-04



باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی سێ پێشمەرگەی هێزی زێرەڤانی لە کاتی گەڕانەوەیان لە هەولێرەوە بۆ دهۆک بێسەروشوێن بوو، باوکی یەکێک لە دەستگیرکراوەکان ئاشکرایدەکات کوڕەکەی لەلایەن حەشدی شەعبیەوە لە موسڵ دەستگیرکراوە.[1]
- شەوی ڕابردوو، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراوی چەتەکانی داعش، لە سنوری شارۆچکەی خانەقین 3 سەربازی سوپای عێراق کوژران و فەرماندەیەک و 3 سەربازی دیکەش بریندارببوون.[2]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی چوارەمین پێشانگای هونەرمەند دانا ڕەشید مەلکەندی دەکاتەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک وچەتەکانی لە عەفرین دە هاوواڵاتی عەفرینیان ڕفاند. لە دووماڵگی ڕابردوودا زیاتر لە 500 کەس ڕفێندراون. ناوی ئەوکەسانەی کە ڕفێندراون بریتین لە، نەبیح خەلیل ئیجلی55 ساڵان، هاوسەری هاووڵاتییەک بەناوی هورۆ مەنان عوسمان، لەتیفە 35ساڵ تەمەن، مولێدا عەبدولڕەحمان خەلیل، وێدات وەقاس، ئەمیرە شەهمێ، عەدنان عومەرمەجید و دایکی فەهیمە 50ساڵ تەمەن، حەسەن ئەحمەد و دایکی بەناوی زەینەب.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-04
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 334

2019-09-05



باکووری کوردستان
- حکومەتی ئاکەپە بە دانانی بەربەست ودیوارلە گەڕەکەکانی جولەمێرگ بەردەوامی بە باری نا ئاسایی دەدات. لە چەڵێ، گەڤەر، شەمزینان و ڕووبارۆک و هەندێک گەڕەک ماوەی 15 ڕۆژە بە شێوازێکی سیستماتیک وەک هەڕێمی تایبەتی پاریزراو ڕادەگەینرێن و قەدەغە لە ناوشاری جولەمێرگ بەردەوامە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- نوێنەری لایەنە کوردییەکان لەگەل لایەنی تورکمانی لە شاری بەغدادی پایتەختی عێراق دەربارەی چارەنووسی کەرکووک کۆبونەوە. کۆبوونەوەکە بە بێ ئەنجام کۆتایی هات.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: بەغدا

شار و شارۆچکەکان: جوانمێرگ

شار و شارۆچکەکان: شەمزینان

وڵات: ئێڕاق

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 335

2019-09-06



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەندامێکی خۆجێیی سپای پاسداران بە ناوی مەنسوور ئەمینی کوری عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی زەکەریانی شاری سەوڵاوا، لە لایەن کەسانێکی نەناسراوەوە، کوژرا.[3]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 05:30ی ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گوندی قەلاتوکان-سەربە شارەدێی سەنگەسەر لە شارۆچکەی پشدەریان بۆردوومان کرد.[2]
- لە گوندی سێدەر و لە مەڕاسیمی شایستەدا کتێبی فەرمانده شەهید مەحمود سێدەری بڵاوکرایەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دوکان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-09-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-09
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 336

2019-09-07



باشووری کوردستان
- شاندی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) و کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە) بۆ ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ

بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی هەرێم گەیشتنە شاری هەولێر.[1]
- ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەکۆی دەنگ لەکەشێکی هەڤاڵانەدا بڕیاریدا کۆنگرەی خۆی لە ڕۆژی 7-12ی ئەمساڵدا ببەستێت.[2]
- لە هۆڵی ئازادی حزبی شیوعی، لە شاری سلێمانی لە لایەن کەمپینی پشتیوانی لە ئازادی ڕادەربڕین و مافی مرۆڤی کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی کوردستان، یەکەمین ساڵیادی لە سێدارەدانی چالاکوانی سیاسی ڕامین حوسێن پەناهی کرایەوە.[3]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، شاخەوانی کورد، هەوراز ڕەزا، لە کاتی مەشقکردن لە شاخی هەزارمێرد کەوتووەتە خوارەوە و دەست بەجێ گیانی لە دەست داوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە عەفرین 2 هاووڵاتییان ڕفاند. کەسە ڕفێنراوەکان ناویان نوری مستەفا لە گوندی بادینا و حەنان خەلیل جندۆ لە گوندی مسکایای ژوورن لە ناوچەی ڕاجۆی عەفرین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حزبی شیوعی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-07
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 337

2019-09-08



خۆپیشاندانی
گەورەی دێموکرات
ڕۆژی یەکشەممە
ڕێکەوتی 8-9-2019
لەندەن

ناونیشان:
Embassy of The Islamic
Republic of Iran
16 Princes Gate,
Knightsbridge,
London SW7 1PT, UK

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە نزیک جادەی سنووری کانی زەردی سەردەشت، درانە بەر دەسرێژیی گوللە و لە ئاکامدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئازاد نێعمەتی، تەمەن 22 ساڵ، کوڕی جەلال، بەسەختی بریندار کرا.[3]
باشووری کوردستان
- شاندی پارتی دیموکراتیکی گەلان (هەدەپە) و کۆنگرەی کۆمەڵگای دیموکراتیک (کەجەدە) دوور لە میدیاکان لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە.[1]
- لە کەرکووک سێ تەقینەوە ڕوویانداو بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکانی پۆلیسیش سێ کەس بەهۆیانەوە بریندار بوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-10
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 338

2019-09-09



باشووری کوردستان
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: هێزەکانی هاوپەیمانان و پێشمەرگە لە چیای قەرەچووغ هێرشیان کردووەتەسەر مۆڵگەکانی داعش و بۆردومانەکەش بەردەوام دەبێت.[1]
- شاندی هەدەپە و کەجەدە لە هەولێر سەردانەکانیان لە ماوەی دوو ڕۆژ کۆتایی پێهێنان و چوونە سلێمانی، لە سلێمانی شاندەکە لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق د.بەرهەم سالح کۆبوونەوە.[2]
- لایەنە کوردییەکانی پارێزگای کەرکووک بێجگە لە جوڵانەوەی نەوەی نوێ ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بە یەک لیست و بەناوی (کەرکووکی کوردستانی) بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بکەن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابووردوو، چەند فڕۆکەیەکی نەناسراو بۆردومانی چەند گروپێکی حەشدی شەعبیان لە خاکی سووریادا کردووە، بەوهۆیەشەوە کوژراو و بریندارییان هەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-09
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 339

2019-09-10



باکووری کوردستان
- لە شاری وان و لە 8 ناوچەی سەر بە شاری وان، سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ پۆلیس هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵان و 17 کەسیان دەستگیر کرد. هاوکات هاوسەرۆکی گشتیی پارتی سۆسیالیستی بندەستان (ئەسەپە – ESP) شاهین تۆموکلو-ش لەناو دەستگیرکراوەکاندایە.[1]
باشووری کوردستان
- دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ کاتژمێر 15:30 خولەک فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی داگیرکەری تورک گوندی خالەتا-ی سەر بە شارەدێ چەمانکێ-ی سنوری شارۆچکەی ئامێدی-یان لەپارێزگای دهۆک بۆردومان کرد. بەهۆی بۆردوومانەکەشەوە ئاگرلە دارستان و پوش و پاوانی ناوچەکە کەوتۆتەوە.[1]
- جێگری سکرتێر و 6 ئەندامی جڤاتی گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بەهۆی نارەزایییان لە ئەدای بزووتنەوەکە دەستیان لەکارکێشایەوە. ناوی ئە و ئەندامانەی جڤاتی گشتی گۆڕان کە دەستیان لە جڤاتی گشتی و ئەندامێتی بزووتنەوەی گۆڕان کێشاوەتەوە. 1- مامۆستا. سالح ژاژلەیی جێگری سەرۆکی جڤات 2- پرۆفیسۆر د.عەلی تاهیر 3- دکتۆر.شەریف قادر لە تەقتەق 4- دکتۆر.سابیر ئیسماعیل لە هەولێر 5- حەیدەر حەسەن شوان لە کۆیە 6- ئاوات بەهادین محەمەد لە سلێمانی 7- عادل کاکەیی لە کەرکووک.[2]
- لە مەراسیمی عاشورادا لە خانەقین 80 کەس بە قەمە خۆیان بریندارکردووە و 10 کەسیان گەیەندراونەتە نەخۆشخانە.[3]
رۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورک کە خۆیان وەک' پۆلیسی سەربازی' بەناودەکەن، لەگەل دەزگەی هەواڵگری تورکیا هەڵیانکوتایەسەرچەند ماڵی گوندی کەفەرسەفرێ-ی ناوچەی جندرێسی عەفرین و دوای گەڕان لە ناوگوندەکەدا 7 کەسیان

ڕفاند کە ناوەکانیان بەم شێوەیە: خەلیل موورادە، خەلیل محەمەد، برمێجێ، خورشید محەمەد، شەرەفەدین عەلوش و عەلی خەلیل.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: وان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-10
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 340

2019-09-11



باشووری کوردستان
- لەشاری کەرکووک، کەمپینی 'خوێندن بەزمانی دایک' ڕاگەیەندرا، ڕێکخەرانی کەمپینەکەش کار دەکەن بۆ هاندانی هاوواڵتیانی کورد بۆ ئەوەی نەوەکانیان بخەنە بەر خوێندنی کوردی.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان

- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی هاوار، سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی بەرێوەبەری نەخۆشخانەی جیهان دکتۆر سابیر حەنان-ی 75 ساڵ تەمەنیان ڕفاندووە. تائیستا هیچ زانیارییەک دەربارەی چارەنووسی ئەو هاوڵاتییە لەبەردەستدا نییە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-11

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 341

2019-09-12



باکووری کوردستان
- لە سەر ڕێگایەکی ناوچە پاسوری سەر بە ئامەد و شاری موش تەقینەوە ڕووی داوە و بەهۆیەوە 7 کەس ژیانیان لەدەستداوە و چەندین کەسی دیکە بریندار بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: موش

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-12

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 342

2019-09-13



باکووری کوردستان
- لە پیران-ی ئامەد، لە دەشتایی گەڕەکی پیرەژمان، ڕۆژی 10ی ئەیلول لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا سدکا ئاککوم و حسێن ئۆلگاچ دەستگیر کرابوون، ئەمرۆ بە بیانووی 'هاوکاریی ڕێکخستن'یان کردووە زیندانیی کران.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- عیرفان ڕەشیدی، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی شاری پاوە، لە لایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام، بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری و دوو ساڵ ممنوع الخروجی لە ئێران، خۆناساندن و واژۆدانی بەردەوام بە ئیدارەی ئیتلاعات بۆ پشتڕاستکردنەوە لە ئەنجامنەدانی چالاکیی سیاسی و مەدەنی بۆ ماوەی دوو ساڵ، مەحکووم کرا.[3]
- چالاکێکی کرێکاری بە ناوی نەبەز (کاوە) کیانپوور خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە، بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[3]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی محەممەد هادیزادە، تەمەن 25 ساڵ، کورِی ئەسەد، خەڵکی گوندی یووسف ئاوای ناوچەی قوتووری خۆی، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران بەسەختی پێکرا.[3]
باشووری کوردستان
- سوپای تورکیا لە ڕێگەی فڕۆکەی جەنگییەوە دەستی کردووە بە بۆردومانکردنی گوندەکانی دۆڵی باڵەیانی شارەدێی قەسرێ و بەوهۆیەوەش کارەبای ناحیەکە پچڕا.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە شاری عەفرین کە لە لایەن دەوڵەتی تورکەوە داگیرکراوە، تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویدا. دەوترێت کە بەهۆی تەقینەوەکەوە کوژراو و بریندار هەیە.[2]
- چەتەکانی فەیلەق شام سەربە دەوڵەتی تورک بەرەبەیانی ئەمرۆ لە گوندی دێربەلووتی ناوچەی جندرێس-ی عەفرین 9 کەسی مەدەنییان ڕفاندووە.[2]
- سوپای داگیرکەری تورک وچەتەکانی گوندەکانی بێنێ و ئیقێبەی ناوجەی شێراوای عەفرین تۆپباران دەکەن.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-13
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-13

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 343

2019-09-14



باشووری کوردستان
- لە هەڵبژاردنی ناوخۆیی بزووتنەوەی گۆڕاندا بۆ هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتی و ئەندامانی خانەی ڕاپەڕاندن، عومەر سەید عەلی بە ڕێکخەری گشتی هەڵبژێردرایەوە.[3]
- فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکات، بەدواداچوون بکات بۆ ئاشکراکردنی چارەنووسی حەوت ڕفێندراوی بێسەروشوێنی کۆمەڵی ئیسلامی.[1]
- لەشارۆچکەی خانەقین بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرێکەوە، بیست و پێنج دۆنم زەوی پوش و پاوان و لەوەڕگا سووتا و دەیان دۆنمی دیکەش لە سووتان ڕزگارکرا.[4]

دەرەوەی کوردستان
- لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە کۆنفرانسی ڕاوێژی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەناونیشانی دۆخی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەڵوێست و چارەسەرێی دەستپێکرد و کۆنفرانسەکەش دوو ڕۆژ دەخایەنێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن: کۆمەڵی دادگەرێی کوردستان
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
وڵات: باشووری کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-14
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-14
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 344

2019-09-15



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەفشار فەتحی، کوڕی ئەحمەد، خەڵکی گوندی تەنگیسەری سەر بە ژاوەڕۆی شاری سنە، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە 6 ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.[4]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی ئیدریس وەیسی، کوڕی عەزیز، خەڵکی گوندی گردەشەیتانی شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت، گیانی لەدەست دا.[4]
- شوانێک بەناوی جەعفەر ئەحمەدی دانیشتووی گوندی تورشئاوا-ی سەربە شارۆچکەی خوی، بەهۆی تەقەی هێزە

ئەمنییەکانی ئێران ڕاستەوخۆ گیان لەدەست دەدات.[3]
باشووری کوردستان
- لە بارەگای حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری کەرکووک حزبە کوردستانییەکان لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنی حزبەکان کۆبوونەوە بۆ ڕێکەوتن لەسەر میکانزمی کارکردنی ڕاگەیاندنی حزبەکان لەکاتی بانگەشە کردن بۆ لیستە هاوبەشەکەی حزبە کوردستانیەکانی شاری کەرکووک.[1]
- دوای دیاریکردنی 3ی ئاب وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ زیندووڕاگرتن و ڕێزلێنان لە قوربانییەکان، بڕیارەکەی واژۆکرد و 3ی ئابی وەکو ڕۆژی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی ناساند.[2]
- پۆلیسی دهۆک ڕایگەیاند، ئەمڕۆ لە گوندی مەغارەی سەر بە شارەدێی قەسرۆک لە شاڕۆچکەی شێخان ی سنوری پارێزگایی دهۆک، لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، پیاوێکی 50 ساڵ هاوسەرەکەی خۆی و پیاوێکی دیکەی کوشتووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
شار و شاڕۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شاڕۆچکەکان: سنە
شار و شاڕۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-15
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 345

2019-09-16



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری سەردەشتدا، کەوتنە بۆسەی هێزی سپای پاسداران و لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەحیەدین مام خدری، بەسەختی بریندار کرا.[6]
باشووری کوردستان
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر کاتژمێر 10:45ی ئەمڕۆ بە کاتی ناوچەکە گوندەکانی سنووری گارە-یان لە ناوچەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بۆردومانکرد. بۆردومانەکە لە یەک کاتدا لە دژی چەندین گوند ئەنجامدراوە.
بۆردومانەکە بەشێوەیەکی تایبەت و چڕ گوندی سپێندار و دەوروبەری کردووەتە ئامانج. بۆردومانەکە زیانی بە زەوی و زاری هاووڵاتیان گەیاندووە.[2]
- لە شاری سلێمانی لە مەراسیمێکی تایبەتدا کۆی بەرهەمەکانی شاعیری بەناوبانگی کورد (شێخ سەلام عازەبانی) لە سێ بەرگدا بڵاوکرایەوە.[1]
- هەشتەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی خواردن، جلوبەرگ و کەلوپەلی نێوماڵ لە دهۆک کرایەوە و بۆ ئەمساڵ 60 کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی بەشداری دەکەن.[3]
- بەڕێوەبەری گومرگی گەرمیان دەستگیردەکرێت، گوتەبێژی پۆلیس دەڵێت: لەسەر بڕیاری دادگەی دەستپاکی عێراق بڕیاری دەستگیرکردنی دەرچووە و ئێستا دۆسیەکەی لای پۆلیسە تاوەکو یەکلایی دەکرێتەوە، دەستبەسەردەبێت.[3]
- بڕیاربوو ئەمڕۆ، لەپارێزگای هەڵەبجە لەزیادکردنێکی ئاشکرادا ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلی 1 تا 9ی ئەو پارێزگایە بفرۆشرێت، بەڵام بەهۆی زۆری نرخەکەیەوە هیچ کەس ئامادە نەبوو بڕە پارەیە بدات.[4]
- سەنتەری چالاکی گەنجانی کەلار، پێشانگایەکی شێوەکارییان بۆ نیشاندانی دەسترەنگینی فێرخوازانی سەنتەرەکەیان کردەوە، هەشت کوڕ و 16 کچی شێوەکار بە 51 تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ بەشداریان کرد.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە مۆزەخانەی شاری سلێمانی، بە هاوکاری ناوەندی حەوت ڕەنگە، پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ شێوەکار فائیزە فاتحی خەڵکی شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرایەوە. بەرهەمەکانی ئەو شێوەکارە پێکهاتووە لە 17تابلۆ، چواری گرافیکە و 13ی بە ناوی شاخە و زۆرێک لە ڕەنگی جیاواز تێیدا بەکار هاتووە.[5]
دەرەوەی کوردستان

- پارتی ئازادی هۆڵەندا کە پارتێکی ئۆپۆزسیۆنە لە پێشنیارپرسێکدا بۆ پارلەمانی ولاتەکەی ڕاگەیاند: لە عەفرین چەتەکانی داعش لە بری دەوڵەتی تورکیا شەڕ دەکەن و پێسیوستە لە سەر پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ داعش ناتۆ لێپرسینەوە لە ڕژێمی تورکیا بکات.[2]
- پەیمانگەی ئاماری تورکیا ڕایگەیاند: تادێت ڕێژەی بێکاریی لە تورکیا بەرزدەبێتەوە و بەهای لیرە-یش لە دابەزینی بەردەوامدایە، لەکاتێکدا لەچەند ساڵی ڕابوردوودا بەڕێژەی 30% بەهاکەی لەدەستداوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-17
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 346

2019-09-17



باکووری کوردستان
- لە ئەرزەرۆم و قەرەیاز پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەرچەندین ماڵ. لە ئەنجامی ئەو هەڵیانکوتانەی سەرماڵاندا، 7 کەسیان دەستگیر کرد کە مەلیکە گۆکسو-ی هاوسەرۆکی شارەوانی قەرەیاز-ی هەدەپە و دوو ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی تێدایە. جگە لە مەلیکە گۆکسو، سەردار گۆکسو، سەرکان گۆکسو، ئەمەل توران، ئەردال بایرام و فەرهاد کایا-ش دەستگیر کران.[3]
- بنەماڵەی ئۆجالان و سێ گیراوی دیکەی زیندانی ئیمرالی بۆئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن داواکاریان پێشکەشی دادگا کرد، بەڵام داواکەیان ڕەتکرایەوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمڕۆ ژمارەیەک لە جوتیارانی پارێزگای کرماشان بە ئامانجی دەربڕینی نارەزایەتیی لەدژی دیاریکردنی نرخێکی کەم بۆ بەرهەمی تەماتەکەیان لەلایەن دەوڵەتەوە لە بەرامبەر بینای پارێزگاری کرماشان گردبوونەوە و نارەزایەتییان دەربڕی.[5]
- نەجەف مێهدیپوور، ڕۆژنامەنووسی زیندانیی کوردی خەڵکی شاری ئیلام، بەهۆی بارودۆخی خراپی جەستەی، ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیلام لە دەرەوەی زیندان کرا.[6]
- کرێکارانی بەندەاوی کانی سێوی شاری پیرانشار، بەهۆی ڕاگیرانی ئەو پرۆژەیە، هەتا کاتی دیاریکراو، بێکار بوون.[6]
- کاتژمێر 12ی شەو بە کاتی ڕۆژهەڵات، دوو هاووڵاتی لە شاری سەولاوا بە ناوەکانی ئێران قادرمەرزی تەمەن 37 ساڵ و ڕامیار سارمی نژاد، تەمەن 24 ساڵ، بەهۆی هاتنی بوومەلەرزە لەو شارەدا، بریندار بوون.[6]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر پەردە لەسەر پەیکەری گاندی لادرا.[2]
- لەسەر سکاڵای داواکاری گشتی گەرمیان لە لایەن پۆلیسەوە هەردوو بەڕێوەبەری گومرک و بەڕێوەبەری وەبەرهێنانی گەرمیان دەستبەسەرکراون و ماوەی دوو ڕۆژە لە زیندانداون.[1]
- بەرەی عەرەبیی یەکگرتوو لە شاری کەرکووک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، لیستی هاوپەیمانیی حزبە کوردستانییەکانی کەرکووک ناوەکەی نەتەوەپەرستی دروست دەکات، بۆیە لە کۆمسیۆن سکاڵا لە دژی ناوەکەی تۆمار دەکەین.[3]
- بەرهەم ساڵح سەرۆک کۆماری عیراق ئەمڕۆ، گەیشە شاری هەولێر و لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ و فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەک لە بەرپرسانی هەرێم پێشوازی لێکرا.[4]
- کاربەدەستانی بەرەی تورکمانی لە کاتی کردنەوەی بارەگاکەیان لە کفری، هەڕەشەیان لە کاربەدەستانی هەرێم کرد و وتیان: ئەگەر ئەو کەسانەی ساڵی 2017 بارەگاکەیان سووتاندووە دەستگیر نەکرێن ئاڵۆزی لە نێوان حکومەتی هەرێم و بەرەی تورکمانی ڕوودەدات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژهەلاتی کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری دوارۆژ - 2019-09-17
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-17
[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری پوک میدیا - 2019-09-17
[5] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-17
[6] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەری کوردپا - 2019-09-18
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 347

2019-09-18



باکووری کوردستان
- ڕێژیمی ئاکەپە – مەهەپە دەستیان بەسەر شارەوانیی گۆگسیی هەدەپە لە ناوچەی قەرەیازی ئەرزرۆم داگرت و لە بریی مەلیکە گۆکسو هاوسەرۆک شارەوانیی هەدەپە، قائیمقامەی دەوڵەتی تورک لە ناوچەیە وەک قەیوم سەپێنرا بەسەر ئەو شارەوانییەدا.[1]
- ئانیک جان دایکی مەتین جان سەرۆکی لقی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ (ئیهەدە - İHD) لە خارپێت دوای 26 ساڵ لە چالاکی بۆ بە سزاگەیاندنی بکوژانی کورەکەی کۆچی دوایی کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زارا محەمەدی، ئەندامی دەسبەسەرکراوی ئەنجومەنی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتیی نۆژین بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی مێهرداد عەلیخانی، براوەتە دادگای ئینقلابی شاری سنە.[4]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ یەکەم پێشانگەی وەبەرهێنان و خانووبەرە لە هەولێر کرایەوە، کە 150 کۆمپانیا لە 10 وڵات تێیدا بەشدارن، ئەو وڵاتانە دەیانەوێ لە ڕێگەی ئەم پێشانگەیەوە وەبەرهێنان لە کەرتی بیناسازیدا بکەن لە هەرێمی کوردستان.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە باخی گشتی شاری هەڵەبجە، لەژێر دروشمی"کۆتا ڕۆژەکانی پشوو بەئاهەنگێک بەڕێدەکەین"ڤیستیڤاڵێک بۆ منداڵانی شارەکە بەڕێوەچوو، ئامانج لەم ڤیستیڤاڵەش هاندانێکە بۆ ئەوەی منداڵان بتوانن بە خۆشەویستییەکی زیاترەوە ڕوو لە خوێندن بکەن.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەبەردەوامی داگیرکاری دەوڵەتی تورک وچەتەکانی لەعەفرین، سوپای داگیرکەری تورک وچەتەکانی گوندی عاقێبە-ی ناوچەی شێروای عەفرین تۆپباران دەکات. گوندەکە هاوولاتیانی خەڵکی عەفرینی تێدا دەژین و سوپای تورک بە بێ ڕەچاوکردنی گیانی هاوولاتیان، گوندەکە بەخەستی تۆپباران دەکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆککۆماری تورکیا لەبارەی کارەکانی تایبەت بە دامەزراندنی ناوچەی ئارام بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەمریکا ڕایدەگەیێنێت، ئەگەر تاوەکو دوو هەفتەی دیکە ئەنجامێکی نەبێت، ئیدی قسە ڕازیبان ناکات و پلانی ئۆپەراسیۆنی خۆیان جێبەجێدەکەن. چاوەڕوانی پشتگیری زیاترن لەلایەن وڵاتانی ئەورووپاوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-18
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 348

2019-09-19



باکووری کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی دەوڵەتی تورک گروپێک لە کۆڵبەرانیان لە سەر سنووری دەستکردەکانی نێوان باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کردووەتە ئامانج و لە ئەنجامدا کۆڵبەرێک کوژراوە. ئەو کۆڵبەرەی کوژراوە ناوی خالس حەمیدزادە-یە و تەمەنی 22 ساڵە و خەڵکی گوندی بالولەی ماکۆ-یە لە پارێزگای ورمێی ڕۆژهەلاتی کوردستان.[2]
باشووری کوردستان
- مەحمود سەنگاوی ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی لە کاتێکدا لە دێگەڵەوە دەیوسیت بچێتە هەولێر، ئاساییشی پارتی ڕێگیریان لێیکرد و بووە هۆی ئالۆزتربوونی پەیوەندییەکانی هەردوولا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ماکۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-21
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 349

2019-09-20



باکووری کوردستان
- پارێزگاری مووش ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ڕایگەیاندووە کە لە ڕۆژی 20ی ئەیلوول هەتاکوو 4ی تەشرینی یەکەم/13ی ڕەزبەر هەموجۆرە چالاکی، ڕاگەیاندنی چاپەمەنی، کۆبوونەوە، ڕێپێوان و خۆپیشاندانی قەدەغە کردووە.[1]
باشووری کوردستان
- لە سلێمانی تەقە لە بارەگای لقی چواری پارتی کرا.[2]
- چەند کەسێکی نەناسراو دەستڕێژی گوللەیان لە کۆمیتەکانی چوار و پێنجی یەکێتی لە هەولێر کرد.[2]
- بەهۆی تەقەکردن لە بارەگاکانی یەکتر، ئاڵۆزیی زۆرتر کەوتە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتییەوە.[2]
- دەرەنگانێکی شەوی ڕابووردوو تا بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی 20ی ئەیلول، شەڕە تەقە لەنێوان گوندەکانی جەلکان و مەمکان لە سنووری شارۆچکەی پشدەر ڕوویداو شەڕەکەش ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند.[3]
- لە گوندێکی سەر بە شارەدێی جەلەولا لەسنووری شارۆچکەی خانەقین بەهۆی تەقینەوەی دوو بۆمبی چێندراو بە دوو تراکتۆردا، چوار هاووڵاتی جوتیار بریندار بوون و هەردوو تراکتۆرەکەش تێکشکاوە.[3]
- بەرپرسێکی وەزارەتی ناوخۆ ڕایدەگەیەنێت: لەسەر ڕوودواوی ڕێگریکردن لە مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە پێکهێندراوە، لە کاتێکی زوودا ئەنجامەکەی ئاشکرا دەکەین.[3]
- وتەبێژی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی ڕایدەگەیەنێت: هیچ مەترسییەک لەسەر لقی چواری پارتی لە سلێمانی نیە، دەشڵێت: ئە و هێزە ئەمنییەی لە ئێستادا لە دەوری ئە و لقە کۆبوونەتەوە، هێزە ئەمنییەکانی سلێمانین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-20
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-20
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 350

2019-09-21



باکووری کوردستان
- لەگەڵ هاتنی یەکەم ڕۆژی وەرزی پایز، ئەمڕۆ، یەکەم بەفری ساڵ لە پارێزگای ئەردەخانی باکووری کوردستان باری و پلەکانی گەرما بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزین. بەفرەکە لە لووتکەی چیای ساهارای سەر بە پارێزگای ئەردەخان و خانووەکانی گوندی یاڤوزکۆی نزیکی لووتکەکەی سپیپۆش کرد.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- گرووپێک لە کۆڵبەرانی کورد لە بەرزاییەکانی کێلەشینی شنۆدا، کەوتنە بەر دەسڕێژی گوللەی هێزەکانی سپای پاسداران. لەم تەقەکردنەی هێزەکانی سپای پاسداراندا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕێبوار عومەرزادە، تەمەن 20 ساڵ، کوڕی عێزەت، خەڵکی گوندی پووشاوێ، گیانی خۆی لەدەست دا و کۆڵبەرێکی تر بە ناوی ڕەسوڵ گوران، خەڵکی گوندی کانی ڕەش، بەتوندی بریندار بوو.[5]
باشووری کوردستان
- لە خوێندنگەی ڕێباز لە دهۆک مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زەنگی ساڵی نوێی خوێندنی لێدا.[2]
- لە سەنتەری ڕۆشنبیریی شاری کەرکووک کۆمەڵێک لە کچان و کوڕانی شارەکە بۆ ماوەی 3 مانگە بەشداریان کردبوو لە پێشبڕکێی کتێب خوێندنەوەدا و خەڵات کران، ئەم پێشبڕکێیە لەلایەن ڕێکخراوی کتێب دۆستانەوە ڕێکخرابوو بە هاوکاریی زانکۆی کتاب لە شاری کەرکووک.[1]
- چەکدارانی داعش بەرەبەیانی ئەمڕۆ (کاژێر 02:00ی بەرەبەیانی) چوونەتە سەر گوندی قایەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین و 57 گامێشی گوندەکەیان بە گوللە کوشتوون، کە نرخی هەر گامێشک پێنج ملیۆن دینارە.[3]
- ئەمڕۆ لە هوتێل چوارچرای شاری هەولێر دووەم کۆڕبەندی سەکۆی بەشداری گشتی چاکسازی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو کە ئینستیتیوتی ڕیفۆرم بۆ گەشەپێدان ڕێکیخستبوو تێیدا ژمارەیەک توێژینەوەی تایبەت بە چاکسازی خرایەڕوو.[4]
- ئەمڕۆ کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانی ئاشتی، بەو بۆنەیەوە لە شانۆی ڕۆمانی لە پارکی هەواری شاری سلێمانی چەند چالاکییەک بەڕێوەچوو.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان

- هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی منبج لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنەکانیان لە دژی شانە نووستوەکانی داعش یەکێک لە گەورەترین شانە نووستوەکانی داعش-یان تێکشکاند. شانەکە لەلایەن سەرەک چەتەیەک بە ناوی ئەبو موستەفاوە بەڕێوەدەچوو و لە 18 کەس پێکهاتبوو، کە 7 کەسیان ژن بوون.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: منبج

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-21

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-21

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-21

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-21

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-23

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 351

2019-09-22



باکووری کوردستان
- پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا (ئاکەپە) دۆسیەیەکی دیکە لە دادگا دژی سەڵاحەدین دەمیرتاش دەکاتەوە و دۆسیە نوێکەش پەیوەندی بە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هەیە و دەسەڵاتدارانی تورکیا وتوویانە کە دەمیرتاش پشتگیری لە دەسەڵاتداریەتی پەیدە کردووە و دژی هێرشی سوپای تورکیاش بووە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان..[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی شەفیع حەمیدی، کوڕی هاشم، لە نزیک گوندی خانێکی شاری ورمێ، لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران پێکرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە لەو ڕووداودا، لاقی پێکراوە و بۆ چارەسەریی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانیی شاری ورمێ کراوە.[6]
- بەشێکی زۆر لە دارستانەکانی ناوچەی دزڵی سەر بە هەورامانی شاری مەریوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگر سووتانوونی. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ئاگرەکان لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە کراونەتەوە.[1]
باشووری کوردستان
- بەچاودێری ڕاستەوخۆی وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەنتەری ڕایەڵ بۆ ئالۆگۆڕی کەلتووری لەشاری ڕانیەی دەروازەی ڕاپەرین شەشەمین فیستیڤاڵی کەلتوورە جیاوازەکان لە سێ شەودا ئەنجام درا.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێم ڕایگەیاند: کاتژمێر 1:29ی خولەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەک بە گوڕی 3، 3 پلە بەپێوەری ڕێختەرو بە قوڵایی 11 کیلۆمەتر و بە دووری 27 کیلۆمەتر، لە شارۆچکەی خانەقینی داوە و لە هەندێک شوێنی دیکەش هەستی پێکراوە. لەبارەی زیانەکانی بوومەلەرزەکە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی هەرێم، ئاماژەی بەوە کردووە: بوومەلەرزەکە هیچ زیانێکی نەبووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بەبۆنەی گرژییەکانی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیەوە، ئەمریکا هێز بۆ سعودیە و ئیمارات دەنێرێت.[2]
- کۆمیتەی یۆتۆبۆریی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پەژاک) سیمیناریکی لە ژێر دروشمی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتیک ڕێگای تێکشکاندنی داگیرکەرییە بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی ئازاد بەڕێوەبرد.[4]
- پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئیمام خومەینی لە تاران دایکی بەهمەنی قوبادی، دەرهێنەری ناوداری کورد لەلایەن هێزێکی ئەمنیەوە دەستگیرکرا، بەهمەنی قوبادیش دەڵێت، دایکی چەند کاژێرێک لەمەوبەر ئازادکراوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-22
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-23

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 352

2019-09-23



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خەلیل کەریمی، چالاکی کرێکاری کە لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە بە 2 مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرابوو، ڕەوانەی زیندان کرا.[5]
باشووری کوردستان
- لە یاریگەی نێودەوڵەتی شاری سلێمانی یەکەمین پاڵەوانێتی تیر و کەوانی یانەکانی عەرەب بۆ یەکەمجار دەستپێکرد.[2]
- لە سلێمانی بەئامادەبوونی لێپرسراوانی حکومی و حزبی و کەسوکاری شەهیدان مەراسیمی یادی 18 ساڵەی شەهیدانی خێڵی حەمە دەستپێکرد کە لەو کارەساتەدا تیرۆرستانی جوندلئیسلام و ئەنسارولئیسلام بە شێوەیەکی دڕندانە و نامرۆڤانە 43

پێشمەرگەیان لەو گوندە بەدیلی شەهید کرد و دواتر تەرمەکانیان شێواندن.[3]
- ڕێکخراوە جەماوەری و پیشییەکانی حزبە بەشداربووەکانی لیستی کەرکووکی کوردستانی لە شاری کەرکووک کۆبوونەوە و جەختیان کردەوە کە پێویستە تێکڕای حزبە کوردستانییەکان بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگادا بکەن.[4]
- ئەندامێکی وەفدی دانوستانی هەرێم لەبەغدا ڕاگەیاند: سەرۆک وەزیرانی عێراق بڕیاری دەرکردوە بۆ چۆڵکردنی بارەگاکانی پارتی لەکەرکووک کە ئێستا بەشێکی لەلایەن هێزە عێراقییەکان و حەشدی شەعبییەوە داگیرکراون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندەکانی مالکیە، شەوراخا و لەکا-یان لە ناوچەی شەرای عەفرین بە تۆپ و هاوەن تۆپباران و هاوەنبارانکرد. لەو تۆپبارانەدا شوێنی ژیان و ژینگەی هاوواڵتیان کرایە ئامانج و زیانی بە ژینگە و شوێنی ژیانی هاوواڵتییان گەیاند.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: ئەنسارولئیسلام
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-23
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-24
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 353

2019-09-24



باکووری کوردستان

- لە ناوچەی ئۆمەریان لە نێوان ستەور و نسێبین-ی مێردین ئەو ئاگرەی لە ڕۆژی 7ی ئەیلول / 16ی خەرمانانەوە لەلایەن سوپای تورکەوە بەردراوەتە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە تا ئێستا بەردەوامە. دوای 2 ڕۆژ لەو ئاگرکەوتنەوەیە، بۆ جارێکیتر ئەو سوپا داگیرکەرە ئاگری لە چەند شوێنێکی تری دارستانەکانی ئەو ناوچەیە بەردایەوە.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هاوواڵاتییەکی کورد بە ناوی دلێر نەسری خەڵکی گوندی تەنگیسەر و دانیشتووی شاری سنە، لە شوێنی کارەکەی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپای پاسداران، دەسبەسەر کرا.[5]

باشووری کوردستان

- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر سەبارەت بە هێرشکردنە سەر بارەگای بەرەی تورکمانی لە هەولێر ڕایگەیاند ڕووداوەکە بەهۆی دەمەقاڵێی نێوان شۆفێرێکی تەکسی و پاسەوانی بەردەم بارەگای بەرەی تورکمانی بووە کە ویستوویەتی ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەم بارەگای ئەو حیزبە ڕابگرێت.[2]

- وەزارەتی ناوخۆی عێراق داوا دەکات عەمید سەرحەد قادر پەیوەندی بە پۆلیسی کەرکووکەوە بکات و دەستبەکار بێتەوە.[2]

- ئەمشەو کاتژمێر 10:00 هێرشی چەکداریی کرایە سەر خاڵێکی سەربازیی حەشدی شەعبی سەر بە لیوای 23 لەنزیک ناوچەی باوەمەحمود لە شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە، لەئەنجامدا چەکدارێک کوژرا و دوانی دیکە بریندارببوون. دوابەدوای ئەو هێرشە بۆمبێکی چێندراو لەسەر ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرێک لە گوندی شێخ مەهدی لەنزیک باوەمەحمود تەقییەوە، جگە لە زیانی مادیی کە بەر ئۆتۆمبێلەکە کەوت، هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبوو. هەورەها، بەپێی وتەی دانیشتوانی گوندی دەکەی مەلا حەمید لە باکوری خانەقین، هەر ئەمشەو نزیک کاتژمێر 11 گوللە هاوەنێک کەوتووەتە ناو تەویلەیەکی ئاژەڵ و زیانی لێکەوتووەتەوە.[4]

- بۆجاری یەکەم لە شارۆچکەی کەلار لە هۆڵێکی ئامادەکراو بۆ سینەما، فیلمی سینەمایی کوردی پەیکەری دڵ بە ئامادەبوونی دەرهێنەر و ئەکتەرانی فیلمەکە نمایشکرا و بینەرێکی بەرچاو پێشوازییان لێکرد.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەنتۆنیۆ گۆتێرەس سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، 'کۆمیتەی نووسینەوەی دەستووری

بنەڕەتیی سوریا دامەزراوە'. 30 حیزب و لایەنی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لەوبارەیەوە ڕاگەیاندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند: ئێمە لە نووسینەوەی دەستوورێکی بنەڕەتیدا بەشدار نەبین ئەو دەستوورە قبوڵ ناکەین.[1]
دەرەوەی کوردستان
- گوتارەکەی سەرۆککۆماری تورکیا لە 74ەمین کۆبوونەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تێیدا هێرشی کردە سەر سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل و بە داگیرکردنی خاکی فەڵەستینییەکان تۆمەتباریکرد، کاردانەوەی لێکەوتەوە. دوای کەمتر لە کاژێرێک، بنیامین نەتەنیاهوو لە هەژماری خۆی لە تووێتەر وەڵامی ئەو گوتانەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی دایەوە و ڕایگەیاند ئەو کەسەی کە لە درۆکردن ناوەستێت لەبارەی ئیسرائیل، کوردەکان لەنێو خاکی خۆی کۆمەڵکوژدەکات و کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان ڕەتدەکاتەوە، ئێستا نابێت هێرشبکاتە سەر ئیسرائیل.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بەرەی تورکومانی ئێڕاق
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-28
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 354

2019-09-25



باشووری کوردستان
- بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا بۆ سەر ئۆتۆمبێلێکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە نزیک دووکانێکی گوندێکی سەر بە شارەدێی چەمانک-ی پارێزگای دهۆک، سێ کەس بوونە قوربانی.[1] هەندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن یەک لە قوربانییەکان گیانی لەدەستداوە.[2]
- کاژێر 10:30 خوولەکی ئەمشەو فڕۆکەیەکی جەنگی تورکیا گوندی زێوکەی سەر بە شارۆچکەی ژاراوەی لە شارۆچکەی پشدەر بۆردوومانکرد و بەهۆیەوە دوو کەس بریندار بوون.[3]
- حکومەتی عێراق ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە سنووری خانەقین زیاتر دەکات و باس لەوەش دەکرێت دۆسیەی ئەمنی ناوچەکە لە سوپا وەربگیرێتەوە و ڕادەستی ئە و چەکدارانە بکرێت.[1]
- لە هەولێر لوتکەی دەرمانسازان سازدەدرێت.[2]
- قوتابیە یەکەمەکانی خوێندنی کوردی لە شاری کەرکووک لەلایەن نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە خەڵاتکران.[3]
- شاندێک لە ژنانی ڕۆژئاوای کوردستان لە باشوری کوردستان-ن و پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ لەگەڵ یەکێتی ژنانی کوردستان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوە. شاندی ژنانی ڕۆژئاوا پێکهاتبوو لە ئاسیا عەبدوڵا کۆردیناسیۆنی کۆنگرەی ستار، ئەستێرە قاسم چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنیی، نارین مەتین سەرۆکی شەپۆلی پێشەڕۆژی کوردستان و شیراز حەمۆ هاوسەرۆکی ڕێڤەبەری مەجلیسی خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی عەفرین.[4]
- بە بەشداری 48 کۆمپانیای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، ئەمڕۆ یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتی نەوت و غاز و وزە لە هۆڵی ڕۆشنبیریی کەرکووک کرایەوەو بڕیارە ماوەی دوو ڕۆژ بخایەنێت.[4]
- دوابەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تێکچوونی باری تەندروستی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە هەندێک پەیج و ماڵپەڕدا، هەر ئێستا د. محەمەد سابیر ئەندامی بنەماڵەکەیان ڕایگەیاند ئەو هەواڵانە سەر لەبەری دوورن لە ڕاستییەوە و هێرۆ خان لەدۆخێکی زۆر باشی تەندروستیدایە.[1]
- ئەمڕۆ لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی فەرماندەکانی یەبەشە، پارێزگاری نەینەوا، بەرپرسانی خۆبەڕێوەبەریی شەنگال و چەندین بەرپرسی عێراق، لە شارۆچکەی تلعزێر، پاککردنەوەی شارۆچکەکە و دەوروبەری لە پاشماوەی چەتەکانی داعش ڕاگەیەندرا.[4]
- بە ئامادەبوونی سەدان خوێندکار و هەزاران کەس، لە شارۆچکەی ڕانیە ئاهەنگی خولی هەشتەمین دەرچوانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ژێر ناونیشانی (زانکۆ لە ناوەندی زانست و داهێنانەوە بەرەو بەگەڕخستنی توانستە ئەکادیمی و پیشەییەکان لە دامەزراوەکاندا) بەڕێوەچوو.[1]
- دامەزراوەی میدیایی کوردسات بەهۆی نەبوونی کرێی مانگانەی پەخش لەلایەن کۆمپانیای دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەرەوە پەخشی ڕاگیرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دوارۆژ - 2019-09-25
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2019-09-25
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-25
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 355

2019-09-26



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژنە هاوولاتییەکی کورد بە ناوی لەیلا زەڕئەفشان، پاش 5 ساڵ مانەوەی لە زیندانی ناوەندیی سنە، لەسێدارە درا.[2]

- سێ زیندانی بە تاوانی کڕین و فرۆشتنی ماددەی سڕکەر، بە ناوەکانی ڕەئووف (ئازاد) ئازادیخا کوڕی حاجی سدیق خەڵکی دزەی مەڕگەوەڕی وەرێ، شەماڵ (ئیبراهیم) مەحمودپوور خەڵکی شاری مەهاباد و شەهابەدین محەممەدپوور خەڵکی گوندی حاجی بایرام لە ناوچەی ئەنزەلی وەرێ، لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارەدا، لەسێدارەدران.[2]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 04:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، دوو فڕۆکەی جەنگی دەوڵەتی تورک بۆردوومانی دەوروبەری گوندی زێوکەی سەر بە شارەدێی ژاراوەی بناری قەندیلیان کرد. خەڵکی گوندی زێوکەش لە ترسی بۆردوومان لەماڵەکانیان هاتوونەتە دەرەوەو ڕوویان لە ئەشکەوت و دۆڵەکان کردووە.[3]
- بەڕێوەبەری هاتوچۆی پارێزگای هەڵەبجە ئاشکرایکرد: لە ئەمڕۆوە هاوولاتیان دەتوانن دەستبکەن بە گواستنەوەی مامەڵەکانیان لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی بۆ پارێزگای هەڵەبجە بەمەبەستی وەرگرتنی ژمارەی نوێ بەناوی عێراق – هەڵەبجە، هاوکات لە ژمارە 10 هەزار و یەکەوە ژمارە دەدرێتە هاوولاتیان.[1]
- بەهۆی نەبوونی بودجە و مووچەی مۆزەخانەکە و پارەی کارمەندانی ئەو دامەزراوەیە، لە ئەمڕۆوە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سوورەکەی شاری سلێمانی دادەخرێت.[1]
- جارێکی تر دادگای کەرکووک فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ ڕێبوار تاڵەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک دەرکرد، ناوبراویش دەڵێت: دادوەرەکە بەبێ ئاگادارکردنەوەم لە دۆسیەکە ڕاستەوخۆ فەرمانەکەی دەرکردووە.[1]
- هەزاران هاوڵاتی کامپی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، دژی گەمارۆی سەر کامپەکەیان کە 71 ڕۆژە بەردەوامە بەرەو ناو ناوەندی شارۆچکەی مەخموور دەستیان بە ڕێپێوان کرد.[3]
- کۆنسێرتی هونەرمەندان هانی و فرمێسک لە سلێمانی بە هۆی دیارنەمانی پارەی بلیت و دیارنەمانی خاوەنی کۆمپانیای جێبەجێکاری کۆنسێرتەکە هەڵوەشایەوە.[4]
- کەناڵی بی ئێم سی (BMC) پەخشکردنی درامای تورکی ڕاگرت و بڕیاریدا بە شێوەیەکی فەرمی بە هیچ جۆرێک درامای تورکی پەخش نەکات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وەرێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-26
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 356

2019-09-27



باشووری کوردستان
- لەسەر ڕێگەی هەولێر-کەرکووک وێستگەیەکی دابەشکردنی بەنزین بەناوی وێستگەی زانکۆ گڕی گرت.[1]
- دوو منداڵی ڕفێنراوی ئێزدی کە خوشک و بران، چارەنووسیان ئاشکرا دەبێ و ئێستا لە خانەیەکی بێسەرپەرشتانن لە شاری نەقشەهیری تورکیا. شاندێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا سەردانی ئەو دوو منداڵەیان کردووە. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکە دەڵێت: مانگی داهاتوو لەڕێی دادگاوە بڕیار لە چارەنووسیان دەدرێت کە ئایا لەوێ دەمێننەوە یان دەگەڕێنرێنەوە بۆ کەسوکاریان.[2]
- ئەمڕۆ بە دروشمی ڕیزگرتن لە شەهیدان، پاراستنی بەهاکان و دامەزراندنی ژیانێکی ئازادە، 10ەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی خانەوادەی شەهیدان، بە بەشداریی 400 ئەندام لە هۆڵی کۆنفرانسەکانی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور دەستپێکرد.[3]
- بەهۆی قەیرانی دارایەوە دوێنێ مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکە داخرا، فراکسیۆنی گۆڕانیش لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت، سەرچاوەی دارایی مۆزەخانەکە دابینەدەکات و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری ڕەزامەندییان نیشانداوە.[2]
- کاتژمێر 05:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، ناوەندی ڕۆشنبیری قەسرێ لەهۆڵی ناوەند، ئێوارە کۆڕێکی لەژێر ناونیشانیشانی''گۆڕان، و گۆڕانی کۆمەڵایەتی''بۆ 'ئیحسان وەڵزی' نوسەر و وەرگێڕ بەڕێوەبرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی گۆڕان
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دوارۆژ - 2019-09-27
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رووداو - 2019-09-27
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری رۆژنیوز - 2019-09-27

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 357

2019-09-28



باکووری کوردستان
- بە بڕیاری پارێزگاری تورک ئەمڕۆ لە ناوەند و ناوچەکانی جۆلەمێرگ 15 هەرێم بۆ ماوەی 15 ڕۆژ بە پاساوی هەرێمی ئەمنیی تایبەت قەدەغە کران و هەموو جۆرە هاتووچۆیەکی هاوولاتیانی لەو ناوچەدا قەدەغە کرد. بە پێی ڕاگەیەنراوەکەی پارێزگاری جولەمێرگ هەرێمەکانی ئاککاسی، چگل، کریک داغ، بووزوول، کاندل، ئالاندۆز، ئۆقوول، جەیلانێ، چەمەنلی، کازان و گردی سوارا، گردی مەولا حسێن و چیای ئۆزپناری گەڤەر و گۆل کوچوکگەلکا لە ڕۆژی 29ی ئەیلوول هەتا 13ی تەشرینی یەکەمی 2019 لە هاوولاتیانی مەدەنی قەدەغەکراوە.[4]
- هونەرمەندی کورد دۆدان ئۆزەر، لەکاتی پێشکەشکردنی کۆنسێرتێک لە کافتریایەکی شاری باتمان-ی باکووری کوردستان، هێزەکانی ئاسایش بەسەر کافتریاکەیان داداوە و کۆتاییان بە کۆنسێرتەکە هێناوە. بە گوێرەی چەند میدیایەکی تورکیا، هێزەکانی ئاسایشی باتمان مایکرۆفۆنیان لە دەستی هونەمەرمەند دۆدان ئۆزەر دەرهێناوە و ڕێگەیان نەداوە گۆرانی بە زمانی کوردی بڵێت و پێیان گوتووە گۆرانی گوتن بە زمانی کوردی لە تورکیا قەدەخەیە.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هێزە ئەمنییەکانی ڕژێمی ئێران، ئیبراهیم پیری نوێنەری شۆفێرانی ناوەندی تەندروستیی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دەستگیرکرد و ڕەوانەی شوێنێکی نادیاریان کرد. ڕاگەیاندرا، ئیبراهیم پیری پێشتر بەشدارێی لە چالاکیی ناڕەزایەتیی شۆفێران دا کردبوو.[4]
- چالاکێکی مەدەنی و ژینگەپارێزی کورد بە ناوی سیروان ڕەحیمی، تەمەن 30ی ساڵ خەڵکی شارستانی دێولان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. دەسبەسەرکردنی ئەم چالاکە ژینگەپارێزییە بەبێ نیشاندانی مۆڵەتی یاسایی بووە و ناوبراو دوای دەسبەسەرکرانی بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[8]

باشووری کوردستان
- کاتژمێر یەکی بەرەبەیانی ئەمڕۆ، ژمارەیەک چەکداری داعش هێرشیان کردەسەر گوندی مێخاس کە دانیشتوانەکەی کوردە و دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی نێوان شارۆچکەی خانەقین و کەلار. بەهۆی دەستێوەردانی گوللەی ئە و چەکدارانە سێ هاوواڵاتی گوندەکە شەهید بوون کە دووانیان بران و چەکدارەکانیش دوای پەلامارەکەیان بەرە و ناوچەیەکی نادیار هەڵاتوون.[1][2]
- شەوی ڕابردوو 12:21 بومەلەرزەیەک بە 3.1 پلەی ڕێختەر لەنێوان قەسری شیرین - خانەقین ڕوویدا. بەپێی ئاژانسەکانی تایبەت بە بومەلەرزە و کەشوهەوا، بومەلەرزەکە لە قوڵایی 7 کیلۆمەتر لەژێر زەوی ڕوویداوە و 47کم لە سەنتەری کەلارەوە دوور بووە.[3]
- نۆ حیزبی کوردستانی، کە پێکهاتوون لە (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ، بزووتنەوە، شیوعی، سۆسیالیست و زەحمەتکێشان)، ئەمڕۆ لە هەولێر کۆبوونەوە و بڕیاریان دا بە یەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا بکەن لە پارێزگاکانی: کەرکووک، نەینەوا، دیالا و سەڵاحەدین، هەروەها بانگهێشتی لایەنە کوردستانییەکانی دیکەش دەکەن بێنە نێو لیستەکەیانەوە.[5]
- زیاتر لە 100 خێزانی چەکدارانی پێشووی داعش لە کەرکووک نیشتەجێکراون و سەرۆکی لیژنەی ئەمنی ئەنجومەنی پارێزگاکەش مەترسی ئەو هەنگاوە دەخاتەڕوو و ڕایدەگەیەنێت: دەستێکی سیاسی لەپشتەوەیە.[1]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە گەلەری مۆزەخانەی شاری سلێمانی، پێشانگایەکی تایبەت بە کارە هونەرییەکانی مامۆستای شێوەکار شیرین محەمەد کرایەوە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر دوێنێ لە گوندی قەستە خدریای ناوچەی بلبلی عەفرین 5 هاوڵاتیان ڕفاندووە. ناوی ئەو هاوڵاتیانەی ڕفێنراون بەم شێوەیەن: زەکەریا محەمەد، زیادە هۆریک ڕەشید، ئاراس حەنان محەمەد، ئیبراهیم حسێن ڕەشۆ و جەلال محەمەد.[4]
- سەربازانی سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندی بەراد جێگیرکراون و لەوێوە، گوندی برج قاس و کالۆتەپەی سەر بە ناوچەی شێراوای عەفرین بۆمبەباران دەکەن. بە پێی زانیارییەکان بە دەیان تۆپ بەر دەوروبەری گوندەکان کەوتوون و تۆپباران بەردەوامە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قەسری شیرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-28
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-09-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-09-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-28
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-09-29
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-29

کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 358

2019-09-29



باکووری کوردستان
- لە دێرسیم هێزەکانی پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەک ماڵی هاووڵاتیان و خدر چیچەک و ئوزلەم تۆپراک هاوسەرۆکانی هەدەپەی دێرسیم و یونس ئاراس و جەمیلە ئاتاش بەڕێوەبەرانی پارتەکە و ئوزگە هۆشئۆغلۆ هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە دەستگیران. هەروەها بە بیانووی ئەوەی بڕیاری دەستگیرکردنی هەیە، هێزەکانی پۆلیسی تورک بە سەر ماڵی فەرهاد یلدز ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپەشیاندا دادا.[1]
باشووری کوردستان
- لە خانوویەکی کۆمەڵگەی گرزەک، چوار ڕووفاتی کوردانی ئێزدی دۆزرانەوە کە لە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە کوژراون. خێری عەلی ئیبراهیم، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئێزدی بۆ بەڵگەنامەکان ڕایگەیاند: ئەو کەسانە لە ساڵی 2014 لەلایەن داعشەوە کوژراون، بەڵام بەهۆی ئەوەی بێ ناسنامە و جل و بەرگن نازانین کێن.[3]
- بەمەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش لەنێوان کۆمپانیاکانی هەرێم و تورکیا، دیدارێکی بازرگانی لەنێوان بازرگانانی هەرێمی کوردستان و وڵاتی تورکیا ئەنجامدرا و 60 کۆمپانیای تورکی خۆیان ئامادە کردووە ڕێککەوتنی بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆبکەن.[2]
- لە هۆڵی ڕامادا لە سلێمانی، یەکەمین کۆنفرانسی ئاشتی جیهانی بۆ هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد. کۆنفرانسەکە بە چاودێری مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجامدەدرێت.[4]
- بەهۆی کەوتنەوەی ئاگرەوە لە چەمی ڕێزان نزیکەی 100 دۆنم پوش و پاوان سوتا، بەڕێوبەرایەتی دارستانیش دەڵێت، کە هۆکاری ئاگر کەوتنەوەکە، کردنەوەی ئاگر بووە لەلایەن گەشتیارانەوە.[5]
- وەزارەتی پێشمەرگە ئاشکرایکرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاداشتی پشتیوانی و هاوکارییەکانی لە عێراق و هەرێمی

کوردستان بۆهێزەکانی پێشمەرگە بۆ دوو ساڵی تر درێژ کردەوە و کونسڵی گشتی ئە و وڵاتەش لە هەولێر، یاداشتەکەی داوەتە وەزیری پێشمەرگە.[2]
رۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی سوپای تورک لە گوندی کاخرێ لەناوچەی ماباتای عەفرین ئاگریان بەرداوەتە دارستانەکانی ئەو ناوچەیە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-09-29
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-09-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-09-29
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 359

2019-09-30



باکووری کوردستان

- لە گەڕەکی ستاسیۆنی ناوچەی ئارتوغڵوو-ی مێردین، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیس هەڵیکوتایە سەرماڵێک. لە هێرشەکەدا کەسێک کوژرا و چەند کەسێک بەناوەکانی ئازاد شیمدی، خالیدە شیمدی، شەمسیە شیمدی و کەسێکی دیکە کە ناوەکەی ئاشکرا نەکراوە، لەگەڵ چوار منداڵ دەستبەسەر کران.[4]
- هاوسەرۆکی (ئیهەدە - ÎHD)ی دێرسم، گوربوز سۆلماز دەستگیرکرا.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- سێ زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی تاهێر خۆرشیدی، فاروق شاروێرانی و ئەمیر پەیغامی، خەڵکی شاری شنۆ، لە زیندانی کرماندا مانیان گرت. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو سێ زیندانییە سیاسییە، لە هەمبەر هەڵسوکەوتی نەشیاوی بەرپرسی حیفزەت ئیتلاعاتی زیندانی کرمان و گوشارهێنان بۆ ئەو سێ زیندانییە سیاسییە کوردە، ناڕەزایەتییان دەربڕیوە و دەستیان داوەتە مانگرتن.[3]
- یەکەمین فێستیڤاڵی هەنگوین لە شاری پیرانشار بەڕێوەدەچێت.[2]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی عادڵ یەعقووبی، تەمەن 26 ساڵ، کوڕی سدیق، خەڵکی گوندی بێساران و دانیشتووی شاری مەریوان، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە چێندراوەکان، لاق چەپی بڕیندار بوو.[3]

باشووری کوردستان

- سێزدەمین پێشانگای هەمەجۆری بازرگانی نێودەوڵەتی، لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر دەکرێتەوە.[1]
- لە شاری سلێمانی سمیناریک بۆ ئاسیا عەبدوڵڵا و ئەندامانی شاندی ژنانی باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا بەڕێوەچوو، تێیدا باس لە بارودۆخی ڕۆژئاوا و ڕۆڵی ژنان کرا و جەخت لە سەر یەکگرتوویی ژنان لە هەر چوارپارچەی کوردستان کرا.[6]
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی هەولێر لە ڕاگەیێندراوێکدا دەستبەسەراگرتنی نزیکەی 10 کیلۆ ماددەی هۆشبەری ڕاگەیاند و بەپێی ڕاگەیێنراوەکە، دوو تۆمەتبار بەنیازبوون ئەو ماددەیە لە ڕێگەی کۆمپانیایەکی گواستنەوەوە بنێرنە کەنەدا.[7]
- دەستڕێژی گولە کراوەتە سەر خانێکی سەربازی حەشدی شەعبی لە شارۆچکەی خانەقین سەربە پارێزگای دیالە.[6]
- کاتژمێر09:00ی ئەمشەو، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گەلی سیلێ-یان بۆردوومان کرد، ئەو شوێنەی بۆردومان کراوە

نزیکە لە گوندی دڤرێ، کە شوێنێکی گەشتیاریە و هاولاتیان زۆربەی کات لە ڕۆژەکانی پشوو ڕووی تێدەکەن.[6]
- کاتژمێر 5:00 ی ئێوارەی ئەمڕۆ بە هۆکارێکی نادیار ئاگر لە دارستان و پوش و پاوانی ڕۆژئاوای شارۆچکەی ئامێدی کەوتەوە و بەهۆیەوە زیاتر لە 15 دۆنم زەوی سوتا.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەیانی ئەمڕۆ لە ڕێگەی ژنە داعشەکانەوە لەکامپی هۆل لە هەرێمی جزیرە، ئالۆزی کەوتەوە، بەگوێرەی سەرچاوە هەرێمییەکان ژنێک کوژراوە، حەوتی دیکەش بریندارن و 50شیان دەستگیرکراون. بە گوێرەی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار، 50 ژنی داعشی لە کامپی هۆل دادگایەکی نهێنی ئیسلامییان بۆ دادگاییکردن و سزادانی چەند ژنی دیکە کردووەتەوە، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆش بە ئاگادارکراونەتەوە لەو بابەتە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەیان داوە، بەڵام ژنە داعشەکان بەرامبەر هێزەکانی ئاسایش وەستاونەتەوە و چەکیان بەکار هێناوە، تا ئێستا ڕوون نییە چۆن چەکیان دەستکەوتووە.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بە بەشداری جێگری سەرۆکی حکومەتی ئەرمینیا و بەرپرسانی دیکەی حکومەتی ئەو وڵاتە، دەرگای پەرستگایەکی نوێ لە گوندی ئاکنالیچ لە ئەرمینیا بەڕووی ئێزدییەکاندا کرایەوە کە لەڕووی ڕووبەرەوە بە گەورەترین پەرستگای ئێزدییەکان دادەنرێ. ئەو پڕۆژەیە فراوانکردنی پەرستگایەکی بچووک بوو کە حەوت ساڵ لەمەوبەر تەواوکرا و بە یەکەم پەرستگای ئێزدییەکان لە سەردەمی پاش یەکێتیی سۆڤیەت هەژمار دەکرا.[7]
- ژووری ڕاگەیاندنی ئۆپەراسیۆنی سەربازی سەر بە وەزارەتی بەرگری لیبیا بڵاویکردۆتەوە کە سوپای ئە و وڵاتە توانیویەتی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی سەر بە سوپای تورکیا لە ئاسمانی لیبیا بخاتە خوارەوە.[2]
- دوای ئەوەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بە فەرمی ڕایگەیاند کە لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە ئیسرائیل هێرشەکانی سەر بنکەکانی حەشدی شەعبی ئەنجامداوە، کمال حەسناوی، ئەمینداری بزووتنەوەی ئیبدال کە گروپێکی چەکداری سەر بە حەشدی شەعبییە دووپاتیکردەوە، وەڵامی ئیسرائیل دەدەنەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-09-30
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-09-30
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-09-30
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-09-30

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-09-30
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-09-30
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 360

2019-10-01



باکووری کوردستان
- سەزای تەمەللی هاوسەرۆکی هەدەپە داوای گۆڕینی یاسای تیرۆر لە تورکیا دەکات و ڕایدەگەیەنێت، پێویستە چاکسازی لە دادگاکانی تورکیا بکرێت.[2]
- لە چەولگ لەسەرپێدانی زانیاری کەسێک کە ناوەکەی نەزانراوە لە گوندەکانی کزلاگاچ-ی ناوچەی کانی ڕەش و گەڕەکی میرزان لە هەڵکوتانە سەرماڵاندا دوێنێ 11 کەس دەستگیرکراون. ئەو 11 کەسەی دەستگیرکراون، لە لقی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی چەولگ ڕاگیراون. ئەو 11 کەسە بە بانگەشەی ئەوەی 'ئەندامی ڕێکخستنن' دەستگیرکراون.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هەواڵدەرێی فارس ڕایگەیاند کە ئەندامێکی سپای پاسداران بە ناوی ئیبراهیم غوڵامی لە شاری شنۆ کوژراوە.[3]
- ژمارەیەک لە کاسبکارانی کورد لە سنووری شاری سەردەشت، کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی ئەو تەقەکردنەدا، کاسبکارێک بە ناوی قادر محەممەدزادە، خەڵکی گوندی تووێژەڵی شاری سەردەشت، بریندار بوو.[3]
باشووری کوردستان
- بەکۆی دەنگی حیزبە کوردستانییەکان عەبدولڕەحمان مستەفا فەتاح، پارێزگاری پێشووتری کەرکووک بە سەرۆکی قەوارەی

هاوپەیمانی کوردستانی هەڵبژێردرا.[4]
- چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلم لەسلێمانی دەستپێکرد و فیلمي خوشکاني جەنگ وەک فیلمی دەستپێک پەخش دەکرێت. چەندین ئەکتەری جیهانی لەفێستڤاڵەکەدا بەشدارن و بەسەر فەرشی سوردا پێشوازییان لێدەکرێت. لە فێستیڤاڵەکەدا 134 فیلم لە 79 وڵاتەوە بەشداڕە و وەک دەستپێک فیلمی خوشکانی جەنگ پەخش دەکرێت.[6]
- ئیخڵاس دلێمی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرایدەکات کە هەرێمی کوردستان قایل بووە ئە و 250 هەزار بەرمیل نەوتەی ڕۆژانە ڕادەستی بەغدا بکات کە لە یاسای بودجەی 2019 دا هاتووە بەڵام ئە و پرۆسەیە بۆ بودجەی 2020 دەبێت.[1]
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەزگای مین لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد: بە هاوکاری تیمێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین/گەرمیان، ئەمڕۆ، تەرمی هاووڵاتییەکی شاری کفری کە لەلایەن ڕژێمی بەعس شەهید کرابوو دۆزرایەوە. ڕوونکراوەتەوە : ئەو کەسە بەناوی داود سەمەد فرجی، کوڕی خانەوادەیەکی پێشمەرگە بوو، لە تەمەنی 14 ساڵیدا و لە ڕێکەوتی 1986/10/18 لەلایەن سوپای عێراقەوە لە شوێنێکی سەربازیی و بەشێوەیەکی شاراوە ژێرخاک کراوە. لە دوای ڕاپەڕینەوە، خانەوادەکەی بۆ تەرمەکەی لە گەڕاندان.[2]
- کاتژمێر 2:15 ی ئەمڕو فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئۆتۆمبێلێکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکەیان لە سنووری شارەدێی مانگێشکێ کردە ئامانج و 3 گەریلا گیانیان لەدەستدا.[2]
- بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری هونەری شارەزوور بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە شاعیر و شیعر دۆستان لە ئێوارەیەکی پایز و ئاوێتە بە شیعر لەژێرناوی (پایز ئاوێتەی ئەوینمە) بۆ (باست حەمە غەریب) ڕێکخست.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک گوندەکانی بەنێ و ئەقیب-ی سەربە ناوچەی شێڕاوای عەفرینی تۆپباران کرد.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە ئەستەنبوڵ، ئەردۆغان لە مەراسیمی خستنەگەڕی کەشتییەکی سەربازی درووستکراوی وڵاتەکەی، هۆشداری دایە ئە و وڵاتانەی دەیانەوێت سزای تورکیا بدەن و گوتی: ئەوان ئەژدیها خەوتووەکە بە ئاگا دەهێننەوە. هەروەها گوتی: ئێمە فڕۆکەی جەنگی و تانک و مانگی دەستکرد درووست دەکەین و لە پڕۆژەی درووستکردنی ئێف 35یش بەشدارین.[2]
- سەرۆک کۆماری تورکیا دووپاتیی دەکاتەوە ئەوان لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی سووریان و هەوڵەکانیشیان بۆ پاراستنی سنوور و گەڕاندنەوەی پەنابەرانە. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گووتیشی: ئەوان لەگەڵ هاوپەیمانان زۆر ئارامییان گرتووە و بەڵام چیتر درێژە بە ئارامگرتن نادەن و شەوێک لە ناکاو پلانەکان لە باکووری سووریا جێبەجێ دەکەن. بەهۆی ئەم لێدوانەوە لیرەی تورکی بە ڕێژەی 1.25%ی بەهاکەی لەدەستدا و لەماوەی زیاتر لە مانگێکدا نزمترین ئاستی تۆمارکرد.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-10-01
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-10-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-10-01
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-01
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 361

2019-10-02



باکووری کوردستان
- پارێزگاری تورکی شرنەخ لە 1ی تشرینی یەکەم / 9ی ڕەزبەرەوە تا 15 ڕۆژ، هەموو کۆبوونەوە، ڕێپێوان و چالاکی و کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی لە ناوەندی شارەکە و ناوچەکانی قەدەغە کرد.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- نۆهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبی کوردستان لە پارێزگای سنە کرایەوە. لە نۆهەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کوردستان لە سنە 90 دەزگای چاپ و پەخشی ناوخۆیی ئێران بەشداریان تێداکردووە و لە هەرێمی کوردستانیشەوە 13 دەزگای چاپ و پەخش بەشداریان کردووە و پێشانگاکە ماوەی شەش ڕۆژ دەخایەنێت و 30% داشکان بۆ کتێبەکان کراوە.[3]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ کۆڵبەرێک بە ناوی عەزیز ڕەئیسی لە بەرزاییەکانی کێلەشین سەر بە شاری شنۆ لە پارێزگای ئوروومییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان کوژراوە. عەزیز ڕەئیسی، خەڵکی گوندی گردیک-ی سەر بە ناوچەی مێرگەوەری شاری ورمێ-یە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.[4]
- ڕژێمی ئێران سزای سێدارەدانی بۆ هونەرمەندی کرماشانی موحسین لورستانی، بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی فەساد دەرکرد.[7]
باشووری کوردستان
- کۆنفرانسی دەرخستنی ستراتیژیەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەقامگیریی عێراق و ناوچەکە لە هەولێر،

دەستپێکرد.[2]
- چوارەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی سلێمانی لە دووەم ڕۆژدا بەردەوام دەبێت، بڕیارە ئەمڕۆ 33 فیلمی کورت و درێژ لە 14 وڵاتی جیهانەوە نمایش بکرێن، 13 فیلمیان لە کوردستانەوەیە، پانێڵێکیش دەربارەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بەڕێوەدەچێت.[4]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە ماڵێکی گەڕەکی ڕاپەڕینی شاروچکەی چەمچەماڵ دەست بەسەر ژمارەیەک چەک و تەقەمەنیدا گیرا، کە لەنێویاندا بڕێک TNT هەیە.[5]
- لە گوندی تۆپزاوە لە باشووری پارێزگای کەرکووک دوای ڕۆژێک لە بێسەروشوێنبوونی، منداڵێکی شەش ساڵ، تەرمەکەی بە سەربڕدراوی دۆزرایەوە. کەسوکاری منداڵەکەش گومانیان لە چەکدارانی داعش هەیە.[6]
- بە دەسپێشخەری ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵات (ڕووناک) سیمینارێک لەسەر هاوسەرگیری لە تەمەنی بچوکدا لە ئێران و ئەفغانستان و هەروەها تونس و تێڕی بەرامبەر ژنان لە باشووری کوردستان بەڕێوەچو، بە ئامادەبونی ڕێکخراوی ڕوناک، پڕۆژەی ژن ژیانە مەیکوژە، حیزبی هەمبەستگی ئەفغانستان سیمیناڕەکە پێشکەشکرا.[1]
- سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی بەڵێندەران ڕایدەگەیەنێت: ڕەوشی بەڵێندەران زۆر ناهەمواوە و پێویستە وەزارەتی دارایی و حکومەت ڕەوشیان باش بکات، ئەگەرنا کاریگەریی لەسەر کاری بەڵێندەران دەبێت و مایەپووچ دەبن.[5]
- کاژێر 05:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ فڕۆکەکانی تورکیا کۆنستانی کونە کۆتریان لە گوندی ڕوستێ لە سنووری شاروچکەی چۆمان بۆردوومانکرد.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بەهەزاران کەس لە گوندی خراب ئیشکێ لە کۆبانێ کۆبوونەوە و داوایانکرد نوێنەری بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکراتیکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا و مەجلیسی سووریای دیموکراتیک (مەسەدە) بەشداری کۆمیتەی نووسینەوەی دەستووری بنەڕەتی سووریا بن.[1]

دەرەوەی کوردستان

- ڕەزا باران، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی بەرلین کوردێکی باکووری کوردستانە و 40 ساڵی تەواوە بەبێ وەستان و ماندوبوون سەرقاڵی کارکردنە بۆ خەڵک و شاری بەرلین، وەک ڕێزێک بۆ ئەو خەباتەی ئەو پیاوە کوردە، لە لایەن پارێزگاری بەرلینەوە بە ئامادەبوونی دەیان کەس خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شاروچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شاروچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شاروچکەکان: سلێمانی
شار و شاروچکەکان: سنە
شار و شاروچکەکان: شنۆ
شار و شاروچکەکان: شرناخ
شار و شاروچکەکان: هەولێر
شار و شاروچکەکان: کرماشان
شار و شاروچکەکان: کۆبانی
شار و شاروچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-10-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-10-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-10-02
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 362

2019-10-03



باشووری کوردستان
- بەبۆنەی سااڕۆژی کۆچی دوایی مام جەلال، ئۆرگانەکانی یەکێتی یادی مام جەلال دەکەنەوە.[1]
- پرۆفیسۆر و کەسایەتی ناوداری کورد دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.[1]
- ئەمڕۆ لە سەنتەری ڕۆشنبیری کەرکووک لە چلانەی ماتەمینی کۆچکردنی مامۆستای مەقام و هونەرمەندی گەورەی گەلی کورد مامۆستا میقداد محەمەد عومەر لە مەراسیمێکی تایبەت یادی ئەو هونەرمەندە بەرز ڕاگیرا. لە یادکردنەوەوکە ڕۆشنبیران و هونەردۆستان و کەسایەتیەکانی شاری کەرکووک و لایەنە سیاسیەکان بەشداریان لە مەراسیمەکەدا کرد.[4]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 12:30، فڕۆکەکانی دەوڵەتی تورک چیای کورەژارۆیان لە سنووری شارەدێی شیلادزێ-ی سەربە پارێزگای دهۆک یان بۆردوومان کرد.[5]
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری بەغدا، ڕایدەگەیەنێت، کەرکووک و ناوچە دابڕێندراوەکان ڕووبەڕووی تەعریب بونەتەوە، بۆیە دەبێت کورد بە بەرنامە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری واقیعی ئێستای کەرکووک نەسەپێندرێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئیلهام ئەحمەد، هاوسەرۆکی دەستەی جێبەجێکاری ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات بە کوردستان24ی ڕاگەیاند، هێزەکانیان لە شەڕی داعش دا 11 هەزار شەهید و زیاتر لە 20 هەزار بریندار داوە، بەڵام نوێنەری ئەوان لە لێژنەی

نووسینەوەی دەستووردا بەشداری پێنەکراوە. گوتیشی: نەبوونی نوێنەری ئەوان لە لێژنەی نووسینەوەی دەستوور دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ لە سووریا و سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە وڵاتدا.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی خۆپیشاندانەکان و پشێوییەکانی بەغداوە ڕەوشی ئێڕاق زۆر خراپە و عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیری عێراق لە کاتژمێر 5ی سەرلەبەیانی ئەمڕۆوە قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاند و هەروەها خزمەتگوزاریی ئنتەرنێتیش لە ئێڕاق عەرەبی ڕاگیرا.[1]
- دکتۆر پێشەوا تاڵەبانی پێشمەرگەی دێرین و تێکۆشەر و ڕووناکبیری ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە تەمەنی 60 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێڕاق
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-10-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-10-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-10-03
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 363

2019-10-04



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی پەیمان، خەڵکی گوندی دەرمانئاوێ شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، لە شوێنێک بە ناوی پەلەکان کراوەتە ئامانجی هێزە نیزامییەکان و لە لایەن دانیشتووانی گوندی بێتووش، ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری سەردەشت کراوە. بارودۆخی تەندروستیی ئەو کۆڵبەرە کوردە، بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە، نالەبار ڕاگەیەندراوە.[5]
باشووری کوردستان
- شەوی ڕابووردوو لە گوندی پیرەشی سنووری پارێزگای هەولێر، خێزانێکی پێنج کەسیی بە ڕەگەز سووری کە باوک و دایک و سێ منداڵبوون (دوو کوڕ و کچێک) کوژران.[3]
- شەوی ڕابردوو، لە سنووری شارۆچکەی خانەقینی سەر بە پارێزگای دیالە، شەڕ و پێکدادان لەنێوان چەتەکانی داعش و هێزەکانی لیوای 8ی پاسەوانی سنوور ڕووپدا، دوای ئەوەی چەتەکان هێرشیان کرد. لەو شەڕەدا ڕزگار عەبدوڵڵا، پۆلیسی پاسەوانی سنوور و پێشمەرگەی دێرین گوللە بەر سەری کەوت و شەهیدبوو.[4]
دەرەوەی کوردستان
- خۆپیشاندان لە بەشێک لە شارەکانی عێراق بەردەوامە و ژمارەی کوژراوانی خۆپیشاندەران گەیشتووەتە زۆرتر لە 30 کەس و زیاتر لە هەزار بریندارییش هەیە. ڕەوشی ئێڕاق عەرەبی تێکچووە و ئەمریکا و وڵاتانی تر هاووڵاتیانی خۆیانیان ئاگادار کردووەتەوە کە سەردانی ئێڕاق نەکەن.[1]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایدەگەیەنێت، خولوسی ئاکار وەزیری بەرگری تورکیا لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، لەگەڵ مارک ئێسپەر وەزیری بەرگری ئەمەریکا ڕەوشی سووریایان تاوتوێ کردووە. هەر لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا، وەزیری بەرگری تورکیا نیگەرانی ئەنقەرەی لەبارەی دواخستنی هەنگاوەکانی دروستکردنی ناوچەی ئارام بە وەزیری بەرگری ئەمەریکا گەیاندووە و هەڕەشەی کشانەوەشی لە ڕێککەوتنی ناوچەی ئارام کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێڕاق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-10-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-10-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-10-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-10-05
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 364

2019-10-05



باکووری کوردستان
- وەزارەتی ناوخۆی تورکیا ڕایگەیاند فەرماندەیی سەربازیی دێرسم و دەزگای هەواڵگری تورکیا لە شارۆچکەی پلەموریّ دژی گەریلاکانی پەکەکە ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشیان ئەنجامداوە و لە ئەنجامدا دوو گەریلا گیانیان لەدەستداوە. لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی بەرگری تورکیا بڵاوی کردووەتەوە، بنکەکانی پەکەکە لە زاپ و ئاڤاشین و گارە بۆردومان کراون و لە ئەنجامدا 17 گەریلای پەکەکە گیانیان لەدەستداوە، بەڵام لەوبارەوە پەکەکە هیچ لێدوانێکی نەداوە.[1]
باشووری کوردستان
- وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنگۆی کردنە پشووی ڕۆژی شەممانی بۆ وەزارەتی پەروەردە ڕەتکردەوە.[2]
- ئەمرۆ جوڵانەوەی نەوەی نوێ لە بارەگای سەرۆکیی جوڵانەوەکە لە شاری سلێمانی یەکەمین کۆنگرەی گشتیی بەست و تیایدا شاسوار عەبدولواحید، بە سەرۆکی جوڵانەوەکە هەڵبژێردرایەوە.[3]
- ئۆرکسترای سەمفۆنیای سلێمانی بە هاوبەشی زانکۆی سلێمانی، لە هۆڵی کۆنگرێسی زانکۆی سلێمانی کۆنسێرتێکی ناوازەی میوزیکی پێشکەش بە ئامادەبوانی کرد.[2][3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەنجوومەنی سووریای دیموکرات (مەسەدە) لە نامەیەکدا کە ئاراستەی ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و گێر پێدەرسن، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری سووریای کردووە و ئاماژە بەوە دەکات،

ڕاگەیاندنی کۆمیتەی دەستووری سووریا و دووڕخستنەوەی نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر، وەک سوپرایزێک دەبینن و ئەو هەنگاوە خزمەت بە چارەسەرکردنی دۆخی سووریا ناکات.[1]
- هێزەکانی سووریای دیموکراتی (هەسەدە) ڕایگەیاند: دوودڵ نابن لە بەرگریکردن لە خۆیان و هەر هێرشێکی تورکیا بۆ سەر ناوچەکانیان دەگۆڕن بۆ جەنگێکی گشتگیر لە سنووورەکانی سووریا و تورکیا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- خەزال سیدۆ، ژنە چالاکڤانی کورد بە ئاڵای کوردستانەوە بەرەو گۆڕستانی شاری بۆن بەڕێکرا و لەوێ بە ئامادەبوونی سەدان کەس کە لە شارە جیاوازەکانی ئەوروپاوە بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئامادەبوون، بەخاکسپێردرا.[4]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژیی پارتی داد و گەشەپێداندا لە ئەنقەرە ڕایگەیاند: ئامادەکاری تەواومان کردووە و پلانی سەربازیمان داناوە لە ڕۆژهەڵاتی فورات و ڕێنمایی پێویستمان لەوبارەیەوە دەرکردووە. ئەردۆغان ڕاشیگەیاند: دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە زۆر نزیکە و لەوانەیە ئەمڕۆ یان بەیانی دەستپێبکات بە هەردوو ڕێگەی وشکانی و ئاسمانی.
ئەردۆغان لە درێژەی قسەکانیدا وتی: بەهەموو ئە و کەسانەی بەڕوومانداپێدەکەنن و دەستی دەستیمان پێدەکەن بە گفتوگۆی دیپلۆماسی لەپێناو دووڕخستنەوەی وڵاتەکەمان لە و ڕێککخراوە تیرۆریستییانە دەڵێین قسەکردن کۆتایی هات.[5]
- بەگوێرەی ئامارێکی نوێی کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، ژمارەی کوژراوان گەیشتووەتە 100 کەس و زیاتر لە 4000 کەسی دیکەش لە خۆپیشاندەر و هێزە ئەمنییەکان بریندارببوونە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: جووڵانەوەی نەوەی نوێ
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-10-05
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-10-05
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-10-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-06
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 365

2019-10-06



Office of the Press Secretary

FOR IMMEDIATE RELEASE
October 6, 2019

Statement from the Press Secretary

Today, President Donald J. Trump spoke with President Recep Tayyip Erdogan of Turkey by telephone. Turkey will soon be moving forward with its long-planned operation into Northern Syria. The United States Armed Forces will not support or be involved in the operation, and United States forces, having defeated the ISIS territorial "Caliphate," will no longer be in the immediate area.

The United States Government has pressed France, Germany, and other European nations, from which many captured ISIS fighters came, to take them back, but they did not want them and refused. The United States will not hold them for what could be many years and great cost to the United States taxpayer. Turkey will now be responsible for all ISIS fighters in the area captured over the past two years in the wake of the defeat of the territorial "Caliphate" by the United States.

###

باشووری کوردستان
- هاتووچۆی دەربەندیخان ڕایدەگەیەنێت: بەهۆی قیرتاوکردنی ڕێگای نێوان دەربەندیخان بۆ سلێمانی، ماوەی 12 ڕۆژ ڕێگای سەرەکی نێوان گەرمیان بۆ سلێمانی دادەخرێت و بۆ ئە و مەبەستەش ڕێگای لاوەکی بۆ هاتووچۆ بۆ ئەو ناوچانە دیاریکراوە.[3]
- پارێزگاری هەولێر ئاشکرای کرد: کە لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا سەرۆکی هەرێم پێی ڕاگەیاندوە ئامادەیە واژۆی بڕیاری لەسێدارەدان بکات بۆ ئە و کەسەی چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە شاری هەولێر تەواوی ئەندامانی خێزانێکی پەنابەری خۆرئاوای کوردستانی بەشێوەیەکی دڕندانە کوشت.[3]
- بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند، پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ تەرمی ژنێکی 17 ساڵ لە ماڵی خۆیدا لە گوندی سەروچاوەی شارەدێ بێتواتە دۆزراوەتەوە.[2]
- بەمەبەستی بە نێودەوڵەتیکردنی زانکۆکانی کوردستان، دووەمین کۆنفرانسی تایگەرس لە سلێمانی بەڕێوەچوو، نوێنەرانی پێنج زانکۆی جیهانیش پاڵپشتی خۆیان بۆ هاوکاریکردنیان دەبڕی و بە گرنگی دەزانن، زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندییان لەگەڵ زانکۆ پێشکەوتووەکانی وڵاتان هەبێت.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دوای هەڕەشەکانی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی، هەسەدە هێزەکانی دەخاتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.[1]
- ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە عەفرین بڵاویان کردەوە، گروپێکی چەکدار بە ناوی پۆلیسی سەربازی و هێزەکانی سووپای تورکیا، بە زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازی گوندی کورزێلێی سەر بە شاری عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستانیان گەمار دا و دەستیان بە ڕفاندنی هاوواڵتیانی گوندەکە کرد. ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ ئاشکراشی دەکات، ئە و چەکدارانە 22 هاووڵاتی کوردیان لە گوندەکە ڕفاندووە و تاوەکو ئێستاش چارەنووسیان نادیارە.[2]
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار نیوز، ئەمڕۆ چەتەکانی سەر بە بەرەی الشام دەستیان بەهەڵکەندنی گرد و شوێنەواری مێژووپی ناوچەی تل بیرا لە عەفرین کردووە. بە گوێرەی هەواڵەکە چەتەکان نەیان هێشتووە دانیشتوانی گوندەکانی ناوچەکە نزیکی شوێنی هەڵکەندنەکە ببنەوە، هەروەها لە هەڵکەندنی گردەکەدا ئامێری گەورە بەکارهێناوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- شۆن ڕۆبێرتسۆن، گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا (پێنتاگۆن) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، واشنتن گرنگی بە سەرکەوتنی ڕێککەوتنی ناوچەی ئارام لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەدات و ئەو ڕێککەوتنەش باشترین ڕێگەیە بۆ پاراستنی ئارامی ناوچەکە. گوتەبێژی پێنتاگۆن گوتیشی هەر ئۆپەراسیۆنێک بەبێ هەماهەنگی ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی فورات جێگەی نیگەرانی ئەوانە و دەشبێتە هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان و نائارامی بە دوادا دێت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-10-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-10-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-10-06
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 366

2019-10-07



باکووری کوردستان
- داگیرکەری تورک سزای زیندانی سانێک و سێ مانگی بەسەر سەڵاحەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپەدا سەپاند.[2]
لە ئۆپەراسیۆنێکی قڕکردنی سیاسیدا لە دێرسم، جەلال ئایدین، بەرپرسی پێشووی دەبەپە، مراد پۆلاد هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، بالابان تورگوت و جەمال گونگۆرموش-ی بەرپرسی هەدەپە، محەمەد عەلی یازر-ی ئەندامی ئەنجومەنی گشتی، مستەفا ئاتاچ-ی بەرپرسی فیدراسیۆنی ئەنجومەنە سۆسیالیستەکان (سەمەفە - SMF) ئۆزجان ئاتەش، فەریدە کت و بێریڤان کت گۆنگروموش دەستبەسەر کران. بەپێی زانیارییەکان بێریڤان کت گونگۆرموش بە کۆرپەیەکی سێ مانگیی سکپڕە. دەوترێت ئۆپەراسیۆنی دێرسم بەردەوامە و لەوانەیە ژمارەی دەستبەسەرکراوەکان بەرز ببێتەوە.[2]
باشووری کوردستان
- بە چاودێری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ 12مین کۆنگرەی هەنگەوانانی عەرەب لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بەڕێوەدەچێت، تیادا جێگە لە هەنگاوانانی کوردستان، هەنگەوانانی 20 وڵات لە کیشوەرەکانی ئاسیا و

ئەوروپا ئەفریقیا ئامادەی کۆنگرەکە دەبن و بەرهەمەکانی خۆشیان نمایش دەکەن.[1]
- ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان هەشتەمین پێشانگەی سااڵنەی هونەری شێوەکاری و ئیشی دەست بۆ بەرهەمی منداڵانی سودمەندی پرۆژە پەروەردەییە درێژخایەنەکانی کردەوە و بڕیارە تا سەعات 5ی ئێوارە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بێت. پێشانگەکە لە هۆڵی نیشتمانی ئەمنە سوورەکە بەڕێوەدەچێت و داهاتەکەشی بۆ (پاراستن و تەندروستی و پەروەردە) یە بۆ هەموو منداڵێک.[4]
- سێرگی لافڕۆف، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دوای سەردانی بۆ بەغدا گەیشتە هەرێمی کوردستان و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر لەلایەن مەسروور بارزانی پێشوازی لێکرا. لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ هەولێر، سێرگی لافڕۆف بە جیا لەگەڵ مەسعود بارزانی، نێچیرڤان بارزانی و مەسرور بارزانی کۆبووەوە.[7]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، فڕۆکەکانی تورکیا بۆ یەکەمجار گوندی پێشابووریان لە سنووری شاڕۆچکەی ڕزگاری سەر بە شاڕۆچکەی زاخۆی بۆردوومانکرد، بەڕێوەبەری شاڕۆچکەی ڕزگاری دەڵێت: ترس و دڵەڕاوکێی بۆ خەڵکی ناوچەکە دروستکردووە.[6]
- خەڵاتەکانی چوارەمین ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی سلێمانی دابەشکرا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئەمڕۆ سەرلەبەیانی، هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە خاڵەکانی لە سەر سنوری شاروچکەی سەرێکانی کانتۆنی حەسەکە و گرێ سپی هەرێمی فورات دەستیان بە کشانەوە کردووە.[2]
- لە ڕۆژبەی شارەکانی فیدراسیۆنی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەیان هەزار هاوواڵتی لە هەمبەر هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک ڕژانە سەرشەقامەکان.[2]
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە - QSD) لە تویتێکدا ئاماژەی بەوەدا، یەکەمین ئەنجامی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، پێشێلکردنی ڕێککەوتنی میکانیزمی ئاسایش بوو و هێزەکانی ڕژێم بە پشتگیری ڕووسیا بەرەو منبج پێشڕەوی دەکەن.[2]
- میدیاکانی تورکیا ئاشکرایانکرد: تەقینەوەیەک لە شاڕۆچکەی عەزاز لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویداوە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو چەکدارانەدایە کە تورکیا پشتیوانی دەکات و بەهۆیەوە کەسێک گیانی لەدەستداوە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- کۆشکی سپی ڕایگەیاند، تورکیا 'لە ماوەیەکی نزیکدا' ئۆپەراسیۆن ئەنجام دەدات و ئەوانیش لە سنور کشاونەتەوە و لە ئێستا بە دواوە، تورکیا بەرپرسی ئەو داعشانەیە کە زیندانیکراون.[2]
- بڕێت مەکگۆرک لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕایدەگەیەنێت ترا مپ دوای پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرکردەیەکی بیانی، خەڵاتێکی پێشکەش بە ڕوسیا و ئێران و داعش کرد.[3]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا ڕایگەیاند، سوورن لەسەر هێرشکردنە سەر ڕۆژهەڵاتی فورات لە سووریا و هێزەکانی ئەمەریکا دەستیان بە کشانەوە کردووە.[1]
- کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە بەرامبەر هەڕەشەکانی تورکیا لە سەر باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا داوادەکات دەبێت هەر کوردێک لە کوردستان یان لە هەر شوێنێکی جیهان بێت، بە گیانی پێکەوەیی، بە چالاکی و هەرکارێک کە بتوانن لە دژی دەوڵەتی تورک بوەستنەوە، بەرگری بکەن و پارێزگاری لە ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، ئەمڕۆ ڕۆژ ڕۆژی بەرخۆدانە کەنەکە داواش لە نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو مرۆڤایەتیش دەکات باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە تەنیا جێنەهێڵن.[5]
- سەرۆکی ئەمریکا لە یەکەم هەڵوێستی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و کشانەوەی وڵاتەکەی لە سووریا ڕایگەیاند: ئێمە لەو شەڕە بێمانا و بێ کۆتاییە دێینە دەرەوە. کوردیش بەبێ بەرامبەر شەڕی نەکردووە، دنیایەک پارە و چەکمان پێداون.[6]
- نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکات لە ئەگەری هێرشی تورکیا بۆ باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا، پێویستە هاووڵاتیانی مەدەنی لە ناوچەکە پارێزراوبن.[4]
- یەکێتی ئەوروپا دژایەتی خۆی لەبەرامبەر هەر هێرشێکی تورکیا بۆ سەر باکوری سوریا دەربڕی ڕایگەیاند: ئەم جەنگە دەبێتە هۆی لەباربردنی تێکڕای هەوڵە دیبلۆماتیەکان کە بۆ چارەسەری پرسی سوریا نراون.[4]
- دۆناڵد ترەمپ لە تویتێکدا دەنووسێت، هەروەک چۆن پێشتریش گوتوومە و ئێستاش دووپاتیدەکەمەوە، ئەگەر تورکیا کارێک بکات کە من بە ژیرپی بێپایانی خۆم پێموابێت سنووری بەزاندووە، ئەوکاتە ئابووریەکەی بە تەواوی وێرانەدەکەم و لەناویدەبەم.[6]
- سەرۆکی دادی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا ڕایگەیاند ئەگەر هێزی ئەمریکا پشت لە کورد بکات شکۆی ئەمریکا لەکەداردەبێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-10-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-10-07
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-10-07
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 367

2019-10-08



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری سەردەشت کرانە ئامانجی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئازاد قوربانی نژاد خەڵکی گوندی میرشێخ حەیدەر گیانی لە دەستدا و کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی موحسین بەکر عەزیز خەڵکی گوندی دۆڵەگەرم بە سەختی پێکرا.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یووسف دۆڵە، خەڵکی شاری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان بەسەختی بریندار کرا.[6]
باشووری کوردستان
- لەکاتی کارکردن لە پرۆژەیەی خزمەتگوزاری لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەڵەبجە، ئێسک و پروسکی تەرمێکی نەناسراو دۆزرایەوە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی 40 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.[1]
- مەسعود بارزانی لە توێتێکدا بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی ئەو دۆخەی لە ڕۆژئاوای کوردستان دروستووە نیگەرانی خۆی دەردەبڕێت و ڕایدەگەیێنێت: ئەو پەڕی هەوڵدەدەین تاوەکو دڵنیابین لەوەی کە خەڵکی ڕۆژئاوا نابنە قوربانی هیچ کارەساتێکی دیکە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو، ئاژانسی سانای فەرمی سوریا بڵاویکردووەتەوە کە سوپای تورکیا پێگەیەکی هەسەدەی لە ناوچەی تەل تەویل لە سنوری حەسەکە بۆردومان کردووە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە زیانەکانی ئە و بۆردومانە بدات.[1]
- سەرەڕای بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا، شەوی ڕابردوو هاوپەیمانان کاروانێکی دیکەی هاوکاری سەربازیان بۆ هەسەدە ڕەوانە کرد.[2]
- لە شاری قامیشلۆ، سەدان کەمئەندام و بریندار لە یاریگەی 12ی ئازار گردبوونەوە. بریندارەکانی شەڕ هەڕەشە داگیرکارییەکانیان لە خاکەکەیان شەرمەزار کرد، کە بە جەستەی خۆیان ئەو خاکەیان لە دەست چەتەکانی داعش ڕزگار کرد.[4]
- هاوولاتیان لە قامیشلۆ، سەرێکانی، گرێ سپی هاوسنووری تورکیا گردبوونەتەوە و ناڕەزایەتی دەردەبڕن دژی هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمەریکی بۆ سوپای تورکیا تا هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و دەسەڵاتی خۆبەڕێوبەری کوردی لە ناوچەکە کۆتایی پێ بهێنێت.[2]
- لە توێتێکدا کە لە هەژماری تایبەتی ناوەندی هەماهەنگی و سەربازی هێزەکانی سووریای دیموکرات لە تۆڕی تویتەر بڵاوکراوەتەوە، ئاشکرای دەکات، کە هێزەکانی تورکیا خاڵێکی سەربازییان لە ناوچەیەکی سنووری لە سەرێ کانیێ بۆردومان کردووە.[2]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ڕایگەیاند، هەموو ئامادەکارییەک بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا تەواو بووە و سوپا هێز و پێداویستی زیاتری ڕەوانەی سنوور کردووە. وەزارەتی بەرگری تورکیا لە بەیاننامەیەکدا ڕاشیگەیاند، سوپای تورکیا بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە دروستبوونی ڕێڕەوێکی تیرۆریستی لەسەر سنوورەکانی نادات.[2]
- ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل بڵاویانکردەوە، ئیسرائیل تاساوە بە دەرچوونی بڕیارە بە پەلەکەی ئەمەریکا بۆ کشانەوەی لە سووریا و ڕێگەدانی بە ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا بۆ ئەوەی لەشکرکێشی بکاتە سەر باکووری سووریا. ئە و بڕیارە بەرپرسە ئەمنی و سەربازییەکانی ئیسرائیلی تووشی تاسان و سەرسوڕمان کردووە.[2]

- فوئاد ئوکتای، جێگری سەرۆک کۆماری تورکیا لە یەکەم کاردانەوەی فەرمی ئەنقەرە دژی گوتەکانی دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی گوێ بە هەڕەشەکان نادات و تورکیاش ئەو وڵاتە نییە دوای هەڕەشەکان هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت.[2]
- ئەڵمانیا هۆشداری دەداتە هەر کردەوەیەکی سەربازی تورکیا بەرامبەر بە هێزە کوردیەکان.[5]
- ئەمڕۆ لە ئەمەریکا خۆپێشاندانێکی ناڕەزایەتی بەرامبەر لەشکرکێشییەکەی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان لە بەردەم کۆشکی سپی سازکرا.[2]
- مستەفا شەنتوب، سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا ڕایگەیاند، ئەنقەرە هیچ بەهایەک بۆ هەڕشەکانی دۆنالد ترەمپ، سەرۆک ئەمەریکا لەبارەی داڕووخاندنی ئابووری تورکیا دانانێت.[2]
- گوتەبێژی پێنتاگۆن، جوناثان هوفمان، ڕایگەیاند، پێمان وایە دروستکردنی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا باشترین ڕێگەی بەدیهێنانی سەقامگیرییە. گوتیشی: بەداخەوە تورکیا ڕێگەی کارکردنی تاکلایەنەی گرتووەتەبەر. هەروەها گوتی: ئێمە لە ئەنجامی ئە و هەڵوێستەی تورکیا بڕیارمان داوە هێزەکانمان لە ئاراستەی لەشکرکێشی چاوەڕوانکراوی تورکیا دوور بخەینەوە. بۆ ئەوەی ئاسایشی سەربازەکانمان بپارێزین. دووپاتیشیکردەوە، تا ئیستا هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر هێزەکانمان لە باکووری سووریا نەهاتووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-08
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-10-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-10-08

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 368
2019-10-09



باشووری کوردستان
- مەسعود بارزانی لە توێتێکدا بە تڕەمپ دەڵێت: بەڕێز سەرۆک دۆنالد تڕەمپ، بۆ ئاگاداریی جەنابت: گەلی کوردستان هەمیشە داوای مافە ڕەواکانی خۆی کردووە و بەرگڕی لە خۆی کردووە. پێشمەرگە ئەفسانەی داعشی تێکشکاند و کورد بەشێکی کاریگەر بوون لە هاوپەیمانیی دژی تیرۆر. خوێنی کورد زۆر لە چەک و پارە، بەهادارترە.[3]
- مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی مەرسومی دەستبەکاربوونی بۆ (ئایدن مەعروف) وەزیری هەرێم دەرکرد و لەمەرسومەکەدا ناوی وەک (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان) دیاریکردووە و لەمەودوا دەستبەکارەکانی دەکات. هەربەپێی مەرسومەکە کارەکانی وەزیری ناوبراو تایبەت دەبێت بە بەدواداچوون و ئاگاداربوون لەکێشە و پرسەکانی تایبەت بە پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە - QSD) لەبارەی جموجۆڵەکانی سەربازی دەوڵەتی تورک کە هەڕەشە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دەکات ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. قەسەدە لە ڕاگەیەندراوەکەدا باسی ئەوەی کرد، جموجۆڵی سوپای تورک و زانیاریەکان کە لە هەرێمەکە دەگەنە دەستمان نیشانی دەدات دەوڵەتی تورک و گروپە چەتەکانی بەنیازن هێرشێکی فراوان ئەنجام بدەن.[1]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، لە شارەی ڕەققە، چەکدارەکانی داعش لەناکاو هێرشیان کردووەتە سەر چوار خاڵی هێزەکانی سوریای دیموکرات.[2]
- لەگەڵ دەستپێکردنی جوڵەی سوپای تورکیا و گروپە چەکدارەکان، ئیدارەی خۆبەڕێوەبەرێتی ڕۆژئاوای کوردستان ئامادەباشی گشتی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕاگەیاند.[2]
- فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک گوندی مشرەفای سەرێکانی بۆردومان دەکات.[1]
- بە بڕیاری بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر، دەروازەی سێمالکا لە نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان داخرا.[4]
- هێزەکانی سووریای دیموکرات ڕایگەیاند، لە چوارچێوەی هێرشی تورکیادا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، 25 فڕۆکەی جەنگی ناوچە سنووریەکانی ڕۆژاوای کوردستان بۆردومان دەکەن.[4]
- هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە ئۆپراسیۆنەکانی دژی تیرۆرستانی داعش وەستاند.[6]

دەرەوەی کوردستان
- فەخرەدین ئالتون بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی سەرۆکایەتی تورکیا لە تویتێکدا ڕایگەیاند: سوپای تورکیا و لە گەڵ سوپای سوریای ئازاد بەمنزیکانە دەپەڕێتەوە سنوری تورکیا-سوریا.[2]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە تووێتێکدا ڕایگەیاند: سوپای تورکیا پێکەوە لەگەڵ سوپای میللی سووریا ئۆپەراسیۆنی کانی ئاشتی یان لە دژی ڕێکخراوەکانی تیرۆریستی پەکەکە/یەپەگە و داعش لە باکووری سووریا دەستپێکرد.[5]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ڕایگەیاند، هێزە چەکدارەکانی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری توانیویانە لە ناوچە سنووریییەکانی باکووری عێراق 9 چەکداری پەکەکە بکوژن. لە بەیاننامەیەکدا، وەزارەتی بەرگری تورکیا ڕاشیگەیاند، ئە و چەکدارانە لە ئاکامی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر خواکورک و حەفتانین لە باکووری عێراق (هەرێمی کوردستان) کوژراوون.[4]
- بە پێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵی فرانسا لە کۆشکی ئیلیزە، ماکارۆن لەگەڵ ئیلهام ئەحمەد دانیشتووە و ئەوەی خستووتە ڕوو کە لە ئەگەری هێرشی دەوڵەتی تورکیادا دەوڵەتی فەرانسا هەلوێست نیشان دەدات. سەرچاوەکانی نزیک لە سەرۆک کۆماری فەرانسا وتیان، ئەوەی کە ئاشکرایە فەرانسا لەگەڵ قەسەدە دایە. بۆئەوەی کە یەکێک لە هاوکارە گرینگەکانی ئێمە بوون لە دژی داعش.[1]
- ڕێس ڤان هۆلین، کۆنگرێسمانی ئەمەریکی دەمی هەڕەشەی لە ئەنقەرە کرد و گوتی: دەبێت تورکیا باجی ئە و هێرشەی بداتەوە، کە بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەستی پێکردووە.[4]
- یەکێتی ئەوروپا داوا لە ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا دەکات هێرشەکانی بۆ سەر باکوری سوریا ڕابگرێت و لەناوچەکەش بکشێتەوە.[6]
- سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی ئەحمەد ئەبو غەیت بێزاری و ناڕەزایی خۆی لەبەرامبەر خۆئامادەکردنی تورکیا بۆ هێرش و بەرپاکردنی شەڕ لەناو خاکی سوریا دەربڕی.[6]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا دەستپێکردنی هێرشی زەمینی بۆ سەر ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند.[4]
- عێراق، سعوودیە، ئیمارات، میسر و بەحرەین ئیدانەی هێرشەکەی تورکیا دەکەن بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-09
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-09
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-10-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-10-09

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 369

2019-10-10



باشووری کوردستان
- وەک هەڵوێست وەرگرتن لە دژی لەشکرکێشی و پەلاماری تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، 14 حیزب و لایەنی سیاسی هەرێمی کوردستان بڕیاریاندا ڕۆژی شەممە لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر خۆپیشاندان ئەنجام بدەن.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشی داگیرکەری تورک بۆسەر ڕۆژاوای کوردستان لە ڕۆژی دووەمدا بەردەوامە و سەرچاوەکان باس لە ئاوارەبوونی دەیان هەزار کەس دەکەن.[1]
- شەوی ڕابردوو سوپای تورکیا هێرشی کردەسەر خانّە سنووریەکانی سەرێ کانی، دوای شەڕ و پێکدادان هەسەدە هێرشەکەی تێکشکاند.[1]
- ڕاگەیاندنەکانی هەسەدە باس لە کوژرانی دەیان چەتەی داگیرکەری تورک و سووتاندنی چەندین تانک و زرێپۆشی تورک دەکەن. لەبەرامبەریشدا ڕاگەیاندنەکانی تورک باسی کوژرانی زۆرتر لە 100 شەڕڤان و داگیرکردنی 7 گوندی ڕۆژاوا دەکەن.[1]
- تەقینەوەیەک لە بارەگای بەرەی شامیە-ی سەربە سوپای تورک لە عەفرین ڕوویدا کە بووە هۆی کوژران و بریندارببوونی ژمارەیەک چەتە.[1]

دەرەوەی کوردستان
- تڕەمپ ڕایگەیاند: ئێمە یەکێک لە و سێ بژاردەمان لەبەردەستە، یان ناردنی هەزاران سەرباز و بردنەوەی سەربازییانە، گورزی دارایی و سەپاندنی سزا، یان نێوەندگیریکردن لە نێوان و کورد و تورکیا بۆ گەیشتن ڕێککەوتن
- جگە لە قەتەر، زۆرینەی وڵاتە عەرەبییەکان لەدژی داگیرکاریی تورکن لە ڕۆژاوای کوردستان.[1]
- بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل دەستوەردانی سەربازیی تورکیای دژی هێزە کوردییەکانی باکوری خۆرهەڵاتی سوریا مەحکوم کرد و هۆشداریی دا لە بەرامبەر ئەگەری پاکتاوی ڕەگەزی.[1]
- ئەردۆغان ڕایگەیاند: ئەگەر حکومەتەکانی ئەورووپا ئۆپراسیۆنەکەی ئێمە لە سوریا بە داگیرکاری ناوبنێن، ئەوا دەرگا بۆ پەنابەرەکان دەکەینەوە و بچنە ناو ئەورووپاوە.[1]
- بەهۆی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا، نرخی لیرەی تورکی دابەزی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 370

2019-10-11



رۆژی 3یەمی داگیرکارپی تورک بۆ ڕۆژاوا

- بۆردوومان و هێرش بۆسەر هەردوو ناوچەی گرێ سپی و سەرێکانی بەردەوامە.[1]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ڕایگەیاند، سەربازێکی سوپای تورکیا، بەیانی ئەمڕۆ کوژراوە و 3 سەربازی دیکە بریندار بوون. بە گوێرەی زانیاری ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی بەرگری تورکیا، ئە و سەربازە بە فیشەکی قەناسی شەڕڤانانی کورد کوژراوە.[1]
- تەقینەوەی گەورە لە قامیشلۆ ڕوویداو کوژراو و بریندارى لێکەوتەوە.[1]
- ژمارەی ئاوارەکانی ڕۆژاوا 100 هەزاری تێپەڕاند.[1]
- هەڤرین خەڵەف، ئەمیندارى گشتی پارتی سوریای ئایندە لەسەر ڕێگای سەرەکی نێوان قامیشلۆ و ڕەققە لەلایەن داعشەوە کوژرا.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هاوولاتیيانی کورد لە شارەکانی مەریوان، سنە، بانە و پیرانشار، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان سەبارەت بە هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوا بەڕێوەبرد.[3]

باشووری کوردستان

- لە وتاری ئەمڕۆدا مامۆستایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان دژی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان داوای هەڵوێست و هاوکاری بۆ ڕۆژئاوا دەکەن.[1]
- لە پەرلەمانی کوردستان ڕێورەسمی بەڕێکردنی تەرمی پەرلەمانتاری خولی سێیەمی پەرلەمان ئاهەنگ عارف بەڕێوەچوو.[2]

دەرەوەی کوردستان

- ناڕەزایيە نێودەوڵەتییەکانی لە دژی داگیرکاری تورک بۆ ڕۆژاوا بەرزتر دەبێتەوە و هەندێک وڵات باسی گەمارۆی ئابووری و ڕاگرتنی فرۆشتنی چەک بۆ تورک دەکات.[1]

- سکرتێری ناتۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕیگەیاند؛ تورکیا هاوپەیمانێکی بەهێزی ئێمەیە و لە ڕابردوودا 5 ملیار دۆلار یامەتیی تورکیامان داوە بۆ بەهێزکردنی ژێرخانە سەربازییەکەی.[1]
- 58 کۆنگرێسمانی سەربە هەردوو پارتی باڵادەستی ئەمریکا نامەیەکی ناڕەزایی ئاڕاستەی تڕەمپ دەکەن سەبارەت بە هێرشی تورک بۆسەر ڕۆژاوا.[1]
- فلادمیر پوتن، سەرۆکی ڕووسیا، لەبارەی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند، ڕەنگە هێرشی تورکیا بۆ سەر باکوری سووریا ببێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش. سەرۆکی ڕووسیا لە میانی سەردانیدا بۆ تورکمانستان لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاندووە، کوردەکان کە پاسەوانی هەزاران زیندانی داعشیان دەکرد، ئێستا ناوچەکە جێدەهێڵن. ئاماژەی بەوەشدا، ئێمە دڵنیا نین لەوەی تورکیا بتوانێت کۆنترۆڵی دۆخەکە بکات. ئەمە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ ئێمە.[1]
- مارک ئێسپەر، وەزیری بەرگری ئەمەریکا داوا لە تورکیا دەکات هێرشەکانی لە باکووری سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان) ڕابگرێت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: مەریوان

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی پوک میدیا - 2019-10-11

[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی کوردپا - 2019-10-12

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 371

2019-10-12



رۆژی 4ەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا

- مانگی سووری کورد ناوی ئەو هاوڵاتیە مەدەنیانەی ئاشکرا کرد کە لە ئەنجامی بۆردومانی سوپای تورکی داگیرکەر بۆ سەر باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا شەهید و بریندار بوون. ڕاشی گەگەیاند، لە 3 ڕۆژی ڕابردوودا 14 هاوڵاتی مەدەنی شەهید بوون و 46 هاوڵاتی مەدەنیش بریندار بوون.[1]

- مانگی سووری کوردی ڕایگەیاند، سوپای تورکیا ئەو ئامبوڵانسانە دەکاتە ئامانج کە ڕەوانەی سەرێ کانی دەکەن بۆ گواستنەوەی بریندارەکان.[1]

- دوای ئەوەی بڵاوکرایەوە گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا ڕێگای نێودەوڵەتییان لە ڕۆژئاوای کوردستان کۆنترۆڵکردووە، هەسەدە دەڵێت، هێرشمانکردووەتە سەریان و ڕێگاکەمان کۆنترۆڵکردووتەوە.[1]

- وەزارەتی بەرگریی داگیرکەری تورک ڕایگەیاند: شاری سەرێکانیی داگیرکرووە، بەڵام هێزەکانی سووریای دیموکرات، هەسەدە، ئەو هەواڵەی ڕەت کردەوە..[1]

- لە بەرەبەیانی ئەمڕۆوە سوپای تورکیا چەند کاروانێکی دیکەی سەرباز و تانک و زرێپۆشەکانی ڕەوانەی ناوچە سنووریيەکان کردووە.[1]

- لە ڕاگەیەندراوێکدا، ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد، گروپە چەکدارە میلیشیاکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، کە لە لایەن ئەنقەرەوە پشتگیری دەکرێن، 9 هاووڵاتی کوردی سڤیلیان لە ناوچەیەکی سەر بە دەفەری گرێ سپی گوللەباران کرد.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- هێزە ئیتلاعاتییەکان لە شاری مەریوان دەستیان بە دەسبەسەرکردنی ژمارەیەک لە هاووڵاتییانی شاری مەریوان کرد کە لە کۆبوونەوەی پشتیوانیی ڕۆژئاوادا بەشداریيان کردبوو. هەواڵنێری کوردپا ژمارەی هاووڵاتییانی دەسبەسەرکراوی 15 کەس ڕاگەیاندووە کە بەبێ بەڵگەی یاسایی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون. سەرچاوەی باوەڕپێکراوی کوردپا شوناسی هەندێک لە دەسبەسەرکراوەکانی: کەمال کۆنەپۆشی، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سەوزی چیا، هیمەت کەریمی، دیاکۆ تابا، موبین نادری، ئومید حەق پەرەست و موبین کەریمی، ڕاگەیاندووە.[4]

باشووری کوردستان

- پەردە لەسەر پەیکەری د. جەمال ئەحمەد ڕەشید ناسراو بە (باوکی منداڵان) لەبەردەم نەخۆشخانەی د. جەمال ئەحمەد ڕەشید لە سلێمانی لادەدرێت.[2]

- لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، خۆپیشاندان دژی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا کرا.[1]

دەرەوەی کوردستان

- کوردستانییانی دەرەوە، لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەوروپا خۆپیشاندان دژی داگیرکەری تورک دەکەن.[1]

- سەمیح شوکری وەزیری دەرەوەی میسر هەڵوێستی بەرامبەر هێرشی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر نیشاندا و وتی، ئەردۆغان بکوژە.[3]
- کۆبوونەوەی نائاسایی کۆمکاری عەرەبی سەبارەت بە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک دەستپێکرد و ئەمینداری گشتیی کۆمار ڕایدەگەیەنێت، تورکیا دەیەوێت دیمۆگرافیای ناوچەکە بگۆڕێت و داواش لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی دەکات یەک هەڵوێستبن لەبەرامبەر ئەو داگیرکارییە.[3]
- وەزارەتی دەرەوە و بەرگری فەرەنسا لە ڕاگەیێندراوێکی هاوبەشدا ڕایانگەیاند، وڵاتەکەیان فرۆشتنی چەکی بە تورکیا ڕاگرت.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-10-12
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-12
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-10-12

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 372

2019-10-13



ڕۆژی 5ەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا

- هەسەدە ڕایدەگەیێنێت، تەواوی گەڕەکەکانی سەریٚ کانی و گریٚ سپی لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانیانە.[1]

- ئەو یەکە سەربازییەی هێزەکانی ئەمریکا کە لەدوای دەستپێکردنی هێرشی داگیرکاریی تورک لە ڕۆژئاوای کوردستان لە نزیک گریٚ سپی جێگیر ببوون، بەرەبەیانی ئەمڕۆ ناوچەکەیان جێهێشت و بەرەو عەین عیسا گەڕانەوە.[2]

- سوپای داگیرکەری تورک کاروانێکی ئۆتۆمبیلی خەڵکی مەدەنی کە لە جەزیرە بەرەو سەرێکانی دەچوون کردە ئامانج. ژمارەیەکی زۆر کوژران و بریندارببوون. هێرشەکە لە ڕێگەی فڕۆکەوە ئەنجامدرا. ڕۆژنامەوانێکی ئۆکراینی و بەڕازیلی لە ناو کوژراوەکاندان.[4]

- هەسەدە و سووریا ڕێککەوتن لە دژی داگیرکارییەکانی تورک.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- گرووپی ژنانی گەلاریسی شاری کرماشان، لە هەمبەر هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوا هەڵوێستیان گرت و سەرەڕای دوو مانگ تەمریەکێتی نیشتمانیی کوردستانردن، بانگهێشتی کانالیTRTی تورکیەیان ڕەت کردەوە. ئەو گرووپە پاش ڕەتکردنەوەی بانگهێشتی کانالی TRTی تورکیە، پشتیوانیی خۆیان لە ڕۆژئاوا دەربڕی و هێرشی دەوڵەتی تورکیەیان مەحکووم کرد.[3]

- دوو کۆڵبەری کورد بە ناوەکانی عەبدوڵڕەحمان و سادق مورادی خەڵکی گوندی قەبری حوسێن، سەر بە شاری پیرانشار، بەهۆی تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران گیانیان لەدەست دا. ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە، برا بوون و بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو لە لایەن هێزەکانی سپای پاسدارانەوە، تەقەیان لێکراوە. هێزەکانی سپای پاسداران لە سنووری کۆترانی لە شاری پیرانشار، تەقەیان لەو دوو کۆڵبەرە کوردە کردووە.[3]

- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی دیاکۆ شەریفی، تەمەن 21 ساڵ، کوڕی بورهان، خەڵکی گوندی تشاری شاری پاوە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان پێکرا.[3]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆککۆماری قوبرسی تورکی (باکوور) پشتیوانیی لە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان ناکات و داوا دەکات لە بری جەنگ، زمانی گفتوگۆ و دیپلۆماسییەت زاڵ بێت. جێگری سەرۆککۆماری تورکیاش وەڵامی تووندی دەداتەوە و

دەڵێت، ئە و هەڵوێستە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی قوبرسی تورکی نییە.[2]
- ڕاوێژکاری ئەڵمانیا داوای وەستانی هێرش و پەلامارەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکات و هۆشداری ئەوەش دەدات کە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی داعش.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-10-13
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-10-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-13

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 373

2019-10-14



الإدارة الذاتية لشمال وشرق سوريا

المجلس التنفيذي

التاريخ : ١٤/ ١٠ /٢٠١٩

تعميم

بناء على مقتضيات المصلحة العامة ولحسن سير العمل في الإدارة الذاتية لشمال وشرق سوريا

يعمم ما يلي :

١- فيما يتعلق بالاتفاق الذي تم ما بين قوات سوريا الديمقراطية والحكومة السورية هو اتفاق عسكري لحماية الحدود السورية والسيادة السورية ضد الاعتداء التركي.

٢- تتابع كافة الإدارات الذاتية والمدنية السبعة ومؤسساتها أعمالها كما كانت سابقاً فلا تغيير بأي شيء و تواكب تطورات المرحلة التي نمر بها.

٣- يتم شرح هذا الاتفاق لكل العاملين في الإدارات والمؤسسات وحثّهم على عملهم في خدمة أهلنا وشعبنا وتقديم العون والمساعدة لهم.

نسخة إلى :

- كافة الإدارات الذاتية والمدنية

- مجلس سوريا الديمقراطية

الرئاسة المشتركة للمجلس التنفيذي

بيريفان خالد عبد المهباش

الأمن الداخلي

رۆژی 6ەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا

- داگیرکەری تورک هێزی زۆرتر ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ دەکات.[1]

- سوپای داگیرکەری سووریا چووەناو شاری تەبقەوە و نزیک دەبێتەوە لە سنوورەکانی باکوور و ڕۆژاوا.[1]

- سەربازانی سووپای سوریا بە دروشمی (بیلروح، بیلدەم نفدیک یا بەششار) و (ئەڵڵا، سوریا، بەششار و بەس) بەرەو ڕۆژاوای کوردستان بەڕێدەکەون.[1]

- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرایکرد کە هێزە سەربازییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش دەستیان بەکشانەوە کردووە لەسەربازگەیەکی ناوچەی خەراب عەشک لەشاری کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان و هاوکات هێزێکی زۆری سەربازی سوپای سوریا بەرە و ئە و ناوچەیە بەڕێکەوتوون.[4]

باکووری کوردستان

- لە چیای جوودی لە ناوچەی سلۆپی سەر بە شرنەخ، شەوی ڕابردوو ئاگر لە دارستانەکان کەوتەوە. پارێزگاری تورک لە شرنەخ، دوێنێ بە بیانووی ناوچەی ئارام چیای جوودی لە خەڵکی سڤیل قەدەغە کردبوو. ڕاگەیاندرا لە دەرەنجامی بۆردومانی سەربازانی تورک ئاگر لە دارستانەکانی چیاکە بەربووە. بە هیچ شێوەیەک ناکۆژێندرێتەوە، لەناوەندی شاریشەوە دووکەڵی سووتانەکە دیارە.[2]

باشووری کوردستان

- ژمارەیەکی زۆر لەخوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لەبەردەم سەرۆکایەتی زانکۆ گردبوونەوەیەکیان بۆ پشتیوانی لە بەرخۆدانی شەرڤانان و هێزی هەسەدە و خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژئاوای کوردستان ساز کرد و تێیدا وێڕای شەرمەزارکردنی هێرشە داگیرکارییەکەی تورکیا، خوازیاری ڕاگرتنی جەنگ بوون لە ڕۆژئاوای کوردستان.[3]

- بە هەماهەنگیی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، کۆنسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر و زانکۆی کوردستان - هەولێر، کۆنفرانسی هەرێمی کوردستان و ئەمریکا: هاوبەشیکردن بۆ ئاشتی و سەقامگیری بەڕێوەچوو.[5]

دەرەوەی کوردستان

- دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا لە نوێترین توێتیدا کورد تۆمەتبار دەکات بەوەی بەنیازە دیلەکانی داعش لە ناوچەکانی ژێر دەستی ئازاد بکات بۆ ئەوەی گوشار لە واشنتن بکەن دەستوەردان لەدۆخەکە بکات و ڕێگر بێت لە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر

ئە و بەشەی کوردستان.[4]
- یەکێتی ئەورووپا داوای لە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیەکە کرد کە بڕیاری بەهێز بدەن لەبارەی وەستاندنی پرۆسەی فرۆشتنی چەک بە تورکیا و داوای ڕاگرتنی هێرشی سەربازی تورکیاشی کرد بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.[4]
- ئەمرۆ دۆنالد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لە تووێتەر بڵاویکردووەتەوە، هەرکەسێک کە دەیەوێت یارمەتی سووریا بدات بۆ پاراستنی کوردەکان بەلای منەوە باشە، ئەگەر ڕووسیا بێت یان چین یان ناپلیۆن پۆناپارت بێت.[1]
- لێندسی گراهام، سیناتۆری بەناوبانگی ئەمەریکی لە دوا قسەکانیدا دووپاتیکردەوە، ڕەجەب تەیب ئەردوغان، سەرۆک کۆماری تورکیا گەورەترین هەڵەی لە ژیانی سیاسی خۆیدا کرد، کاتێک کردەی سەربازیی لە دژی کورد ڕاگەیاند.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-10-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2019-10-14

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 374

2019-10-15



رۆژی 7ەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا
- شەڕڤانان دەستبەسەر هەمەڕێکی سوپای تورکدا دەگرن.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی سمکۆ خەلیلی باغچە، خەڵکی شاری سەڵماس، بە تەقەی هێزەکانی سپای پاسداران، لە سنووری ئەو شارەدا، بەسەختی پێکرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-10-16
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 375

2019-10-16



رۆژی 8ەمی داگیرکاریی تورک بۆ ڕۆژاوا
- دوای ئەوەی چەتەکانی داعش لە کەمپی عەین عیسا هەڵهاتن بەیارمەتی چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک کەمپەکەیان سوتاند.[1]
- لە بەیاننامەیەکدا کە ئاراستەی ڕای گشتی کراوە، بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر لە ڕۆژئاوای کوردستان تورکیا بە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لە هێرشەکانیدا تۆمەتبار دەکات.[1]
- سوپای سووریا گەیشتە کۆبانێ.[1]
- شەڕڤانان 17 گوندی سنوری ناوچەکانی عەین عیسا و گرێ سپی-یان لە دەستی چەکدارانی هاوپەیمانی تورکیا ئازادکرد.[1]
باکووری کوردستان
- سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورک سینان چیفتیورەی سەرۆکی گشتی پارتی کۆمونیستی کوردستان (کەکەپە-KKP)یان دەستگیرکرد.[1]
باشووری کوردستان
- تۆپخانەکانی ڕژیمی ئێران تۆپبارانی ناوچە سنوریییەکانی باڵەکایەتی دەکەن.[1]
- ئەمشەو لە نزیک تێرمینالی شارەزوور لە سلێمانی ئامانج بابانی، پیشکێشکاری کەناڵی ئێن ئار تی و هاوژینەکەی لانە محەمەد سالح و منداڵەکەی لەناو ئوتومبیلەکەیاندا بە کوژراوی دۆزرانەوە.[1]
- کەمپینەکانی هاوکاری بۆ ڕۆژاوای کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان بەردەوامن.[1]
- بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی ڕایدەگەیەنیت: ڕووداوی کوژرانی هەردوو پێشکەشکارەکە و منداڵەکەیان خۆکوژی بووە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- لە نوێترین هەڵوێستیدا لەبارەی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا گوتی، کورد فریشتە نییە و جەختیشی کردەوە، سەپاندنی سزا بەسەر تورکیادا باشترە لەوەی شەڕ لە ناوچەکەدا بەردەوام بێت.[1]

- ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا بڕیاری دۆنالد ترەمپ بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا بە زۆرینەی ڕەها شەرمەزار کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 376

2019-10-21



باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی خەبات لە پارێزگای هەولێر کۆمەڵێک گەنجی کورد کە گەنجێکیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناسراوە بەناوی (مەسعود مەساری) بەردبارانی هێزەکانی سوپای ئەمریکایان کرد لەکاتی گەڕانەوەیان لە ڕۆژئاوای کوردستان.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوا. هاوولاتیان لە قامیشلۆ بەردبارانی ئەو هێزانە دەکەن[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 377

2019-10-23



دەرەوەی کوردستان
- ئیلهام ئەحمەد، هاوسەرۆکی هەسەدە لە کۆنگرێسی ئەمریکا چەندین دیداری سازدا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 378

2019-10-27



دەرەوەی کوردستان
- کۆژرانی خەلیفەی داعش، ئەبوبەکر بەغدادی لەلایەن دۆنالد ترەمپەوە ڕاگەیەندرا.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بەغدا
وڵات: ئێراق
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 379

2019-10-30



باشووری کوردستان
- لە دووڕیانی هێزۆپ لە ڕانیە هەزاران کەس لە پێشوازی تەرمی 3 شەڕڤانی شەهیدی باشوری کوردستان بوون کە لە بەرخۆدانی جەنگی ڕۆژاڤای کوردستان دژ بە داگیرکاری تورکیا و تاقمە چەتەکانی شەهید ببوون.[1]
- بەبەشداری 33 هەنگەوانی شارەکانی هەرێمی کوردستان بەهاوکاری کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارکی ئازادی شاری سلێمانی و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ فێستیڤاڵی چوارەمی هەنگوین دەستی بەکارەکانی کرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- چەتە بەکرێگیراوەکانی تورکیا هێرشیان کردەسەر شارەدێی ئەبو ڕاسین لە باشوری شارۆچکەی سەرێکانی و شەڕ و پێکدادان بە سەختی بەردەوامە.[2]
- چالاکوانێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند: چەتەکانی تورکیا پزیشکێکی بە ڕەگەز مێ لە تیمەکانی مانگی سووری کوردی لە شارۆچکەی سەرێکانی ڕفاند.[2]
- سوپای تورکیا و چەکدارە هاوپەیمانەکانی بە چەکی قورس هێرشیانکردەسەر شارەدێی تلتەمەر و مەترسی لەسەر داگیرکردنی شارەکە هەیە، شەڕڤانانی هەسەدە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە و بەپێی زانیارییەکانیش سوپای سوریا لە و میحوەرە پاشەکشەیانکردووە و شەڕێکی سەخت دەستپێکردووە.[2]
- داگیرکەری تورک هێزی زۆرتر ڕەوانەی ڕۆژاوای کوردستان کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- کۆنگرێسی ئەمەریکا، پرۆژەیاسای کۆمەڵکوژیی ئەرمەنەکانی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پەسەند کرد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-30

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-30
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2019-11-03
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 380

2019-10-31



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوویلاتییەکی کورد بە ناوی جەماڵ محەممەدی، کوڕی حسەین، خەڵکی شاری بانە، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی جێگیر لە پایگای بڕۆیشکانی، بەسەختی بریندار بوو. ئەو هاوویلاتییە کورده، لە کاتی کۆکردنەوەی مازۆ لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە، تەقەی لێکرابوو.[8]
باشووری کوردستان
- بە ئامادەبوونی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و ژمارەیەک لە بەرپرسان، سەندیکای پارێزەرانی کوردستان شەشەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری هەولێر دەبەستێت.[1]
- ڕۆژنامەنووسی شاری هەولێر هێمن مامەند، کە لەسەر سکاڵای مەتین بارزانی برازای نێچیرڤان بارزانی چوار شەو لە زیندانداا بوو ئەمڕۆ بە کەفالەتی 8 ملیۆن دینار ئازادکرا.[5]
- لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند، پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ کام لە ڕێککەوتنەکانیانی جێبەجێنەکردووە و ئەوان لەو دۆخە نیگەرانن.[2]
- بەبڕیاری وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانی پێنجشەممان ڕێوەڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەرجەم قوتابخانەکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت.[1]
- لە شارەدێی دەرکاری سەربە شاروچکەی زاخۆ فڕۆکەیەکی تورکیا ئۆتۆمبێلێکی کردە ئامانج و بەوهۆیەوە سێ گەریلا کوژران و یەکێکی تریش بریندارببوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە نێوەندی بازاڕی عەفرین تەقییەوە، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان حەوت کەس کوژراون و شەش کەسی دیکە بریندارببوون کە یەکێکیان مەدەنییە.[2]
- کاروانێکی هێزەکانی ئەمەریکا، ئەمڕۆ گەیشتە نزیک گوندی شەلومێ لە باشووری خۆرهەڵاتی ترپەسپی لە سەر سنووری تورکیا.[3]
- لە حەسەکە تەقینەوەیەک ڕوویدا و بەهۆیەوە چوار هاوویلاتی مەدەنی کە بەهۆی هێرشەکانی تورکیاوە لەناوچە سنوورییەکانەوە ئاوارەی شارەکە بوون بریندار بوون.[4]
- بە پێی هەواڵێکی ئاژانسی ANHA دەوڵەتی تورک 12 گوندی نزیکی ڕێگای (M4)ی نێودەوڵەتی کە دەکەوێتە نێوان گرێ سپی

و عەین عیسا ڕادەستی هێزەکانی ڕووسیا کرد.[6]
- سوپای دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هێرشی کردە سەر گوندێکی ناوچەی زرگانی سەر بە سەرێکانی و لە ئەنجام دا ژنێک گیانی لەدەست داو چەندین کەسی تریش بریندار بوون.[6]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆژنامەی لیمۆند لە بابەتێکدا باس لە خیانەتی ترامپ بەرامبەر بە کورد دەکات و دەڵێت: ترامپ دەیەوێت بە کوشتنی بەغدادی ئەوەمان لە بیر بەرێتەوە کە چۆن لە سوریا کوردی لە ژێر پێی تورکیا بەجی هێشت. ئەو ناتوانێت بە بێ کورد پیرۆزبایی تێکچوونی داعش بەدەست بهێنێت.[6]
- ڕێکخراوی داعش کوژرانی ئەبوبەکر بەغدادی پشتڕاستدەکاتەوە و خەلیفەیەکی نوێ هەڵدەبژێرێت بەناوی ئەبو ئیبراهیم هاشمی قورەیشی.[7]
- لە ڕۆژی جیهانیی شارەکاندا کە ساڵانە لە 31ی تشرینی یەکەم بەڕێوەدەچێت، ڕێکخراوی یونسکۆ 66 شاری جیهانی خستە ناو لیستی شارە داهێنەرەکانی جیهانەوە، کە یەکێکیان سلێمانییە و وەکو شاری ئەدەب دەستنیشانیکردووە و ئەوی دیکەشیان سنەیە وەک شاری میوزیک.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی کوردستان
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	بەغدا
شار و شارۆچکەکان:	حەسەکە
شار و شارۆچکەکان:	زاخۆ
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سنە
شار و شارۆچکەکان:	عەفرین
شار و شارۆچکەکان:	گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێڕاق
وڵات:	تورکیا
وڵات:	یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-10-31
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-10-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-10-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-10-31
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-10-31
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-10-31
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-03

کاتی تۆمارکردن: 2019-09-08
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 381

2019-11-01



باکووری کوردستان
- لە شاری وان و ناوچەکانی توشبا، ڕێگەی ئارمووش و ئەرتەمێنتان پۆلیسی ئاکەپە بەسەر ژمارەیەک ماڵ و باڵەخانەدا گرت و لە ئەنجامدا 15 سیاسەتمەداری ژنی دەستگیر کرد. ئەو سیاسەتمەدارانەی کە دەستگیرکراون ئەمانەن: جازیە دومان هاوسەرۆکی شارەوانی سارای، ئەدیبە بابوور بەرێوەبەری هەدەپەی وان، ڕۆژین ئاکداغ کاندیدی پەرلەمانی هەڵبژاردنی 24ی حوزەیران، موقەدەس کاراکۆچ کاندیدی پەرلەمانی هەڵبژاردنی 24ی حوزەیران، خەندان کاراکۆیون ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئارتەمێنت، بەرکان کزلبۆغا یاریدەدەری هاوسەرۆکی شارەوانی تووشبا، هاوار دەریا ئەندامی تەڤگەری ژنانی ئازاد، هاتیجە ئاکداغ ئەندامی ئینسیاتیفی دایکانی ئاشتی و نەریمان ئورار بەرێوەبەری دەبەپە. سیاسەتمەدارە ژنەکان بۆ بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی وان گواستراونەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی پەیمان یووسفی، خەڵکی گوندی دەرمان ئاوێ شاری سەردەشت، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێ گیانی لەدەست دا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، بەهۆی قورسیی بارینەکانیەوە، پاش مانگێک خەواندن بۆ چارەسەری پزیشکی لە نەخۆشخانە، گیانی لەدەست دا.[4]
باشووری کوردستان
- کاتژمێر 10:00ی بەیانی ئەمڕۆ، فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک، چیای کورتەک و ڕێگای نێوان پشدەر و بناری قەندیل-یان بۆردوومانکرد.[1]
- لە شارۆچکەی چۆمان، ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستان پێنج چالاکوان دەستگیردەکات کەکارتی هۆشیاری بەمەبەستی بایکۆتی کاڵای تورکی ڕێنمایی لەناو بازاڕدا بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکەن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرش و داگیرکەریەکانی دەوڵەتی تورک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامن و لەم چوارچێوەیەدا بە هاوکاری چەتەکانی، هێرشێکی تونڈی کردە سەر گوندی ئینەگل هاوای ناوچەی زرگانی سەرێکانی.[1]
- دەوڵەتی تورک و چەتەکانی سەر بەو وڵاتە، گوندەکانی مەرەناز و ئەلقەمیە لە ناوچەی شەرا تۆپباران دەکەن.[2]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ئەمڕۆ هەینی لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاند، لە ئاکامی تەقینەوەی مینێکی چێندراو لە ناوچەکانی ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا لە باکووری سووریا، سەربازێکی تورکیا کوژراوە و (6)ی دیکە بریندار بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی هەڕیمە دیموکراتەکان - دەبەپە
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-01
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-02
کاتی تۆمارکردن: 2019-09-22
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 382

2019-11-02



باکووری کوردستان
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی دەستگیرکردنی سەرۆکی شارەوانییەکان و سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرانی کورد دا، دەوڵەتی تورک هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی سارای شاری وان-ی دەستگیرکرد و یەکێکی سەپاند بەسەر شارەوانییەکەدا.[3]
- شەپۆلێکی بەفر بارین ڕوویکردە باکووری کوردستان و بەیانی لە ناوچەی قاموشان سەر بە قەرسی باکووری کوردستان، بەفر باری، بەو هۆیەشەوە شارەکە سپی پۆش بوو. بەشێک لە ئۆتۆمبێلی هاوواڵاتیان لە نێو بەفر گیریان خوارد، هەندێک لە هاوواڵاییانیش لە ڕێگە دوورە دەستەکاندا گیریان خوارد. هاوکات لە شارەکانی وان، ئەرزەڕوم، ئاگری و چەند ناوچەیەکی دیکەی باکووری کوردستان بەفر باریووە.[1]
باشووری کوردستان
- بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە هەوینەهاواری بێخاڵ دوو کەس کوژران.[2]
- چالاکی و خۆپێشاندانی جەماوەری ئەمرۆ لە ڕۆژی جیهانی پشتیوانی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان لە باشوری کوردستان بەڕێوە چوون، لە چوار چیوەی ئەو چالاکیانە ئەمرۆ لە شاری سلێمانی بە چالاکی جۆر بە جۆر پشتگیری خۆیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دووپاتکردەوە دژی داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەشاری کەلار بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمان و چالاکوان و ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسانی ناوچەکە بۆ ڕۆژی ڕۆژئاوا گردبوونەوەیەک ئەنجامدرا. لە و چالاکییەدا چەند وتار و دروشم خرانەڕوو کە دیارترینیان داواکردن بوو بۆ بایکۆتی کاڵای تورکی و بەردەوامیی دان بە ناڕەزایییەتییەکان و داواکردنی هاوکاری و کۆمەک بوو بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوا. لەلایەکی دیکەوە لە شارۆچکەی خانەقین کەمپەینی تایبەت بە کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ کوردانی ڕۆژئاوا ڕاگەیەندرا.[7]
- سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانستی خوێندنی کوردی لە لایەن پەیمانگەی کوردی لە پاریس و زانکۆی زاخۆوە دەستی بە کارەکانی کرد.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لەناوەندی شاری گرێ سپیدا ئۆتۆمبیلێکی بۆڕێژکراو تەقییەوە. لەو تەقینەوەیەدا دەیان کەس کوژران و بریندار بوون.[4]
- داگیرکەرانی دەوڵەتی تورک ئەم جارە لە سەرێکانی بە شێوازێکی جیاواز هێرشیان کردە سەر هاوڵاتیان. چەتەکانی دەوڵەتی

تورک جلی سەربازانی ڕژێمی سوریایان لەبەر کرد و 4 کەسی مەدەنیان کوشت.[5]
- هەسەدە چەند گوندێکی تلتەمری لە ڕۆژئاوای کوردستان کۆنترۆڵکردەوە کە کەوتبووە ژێر دەستی چەکدارانی سەر بە تورکیا، ئەو چەکدارانەی لەنێو گوندەکان مابوونەوە خەڵکیان لە ماڵەکانی خۆیان دەرکردبوو و دواتر ماڵەکانیان تاڵانکردبوو و پارە و کەلوپەلیان دزیبوون.[6]
- ئەمڕۆ هێزێکی ئەمەریکا گەیشتە شاری قامیشلۆ و بریارە بەرەو کێڵگە نەوتییەکان بەڕێبکەوێت.[1]
- لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک لەسەر ڕێگای گوندی حاج سەدوف-ی باکوری منبج، 3 چەتە کوژران.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ لە شاری ئەستەنبول ئەندام پەرلەمانەکانی پارتی گەلانی دیموکراتیک هەدەپە لە چوارچێوەی ئامادەکاریەکانی 3یەمین کۆنگرەی ئاسایی خۆیاندا بە مەبەستی بانگی بەشداریکردن، چوونە نێوە شەقام و لە سەر ڕێگای ئیستیقلال بڵاوکراوەیان بڵاو کردەوە، بەڵام لە لایەن پۆلیس و هێزە ئەمنیەکانەوە ڕێگرییەکی تووندیان لێ کرا.[5]
- گۆڤاری دیر شپیگلی ئەڵمانی بڵاویکردەوە، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە ڕاگەیەندراوێکدا داوا لە هاوواڵتییە کوردەکان دەکات، ئەوانەی ڕەگەزنامەی ئەڵمانیان هەیە، گەشت بۆ تورکیا نەکەن. گۆڤارەکە ئاشکرایکردووە، لە ماوەی مانگێدا، 14 هاوواڵتی کورد کە خاوەن ڕەگەزنامەی ئەڵمانین لە تورکیا بە تۆمەتی هاوکاریکردنی تیرۆر دەستگیر کراون. ئاماژە بەوەشکراوە، تورکیا ناوی ئەو کوردانەی لایە کە لە ئەڵمانیا چالاکوانن و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدەن.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 02-11-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 02-11-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 02-11-2019
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-02
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-02
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 383

2019-11-03



باشووری کوردستان
- لە قاوەخانەی ماڵی کلتوری لە شارۆچکەی خورماتووی سەر بە پارێزگای سەڵاحەدین، پێشانگایەکی شێوەکاری لەلایەن ڕێکخراوی 'جەماوەری خورماتوو بۆ بەهاناوە چوون و گەشەپێدان' کرایەوە. لە پێشانگاکەدا 41 تابلۆ نمایشکران، کە بەرهەمی 21 هونەرمەند بوون و سەرجەم تابلۆکان گوزارشتیان لە ژن، سروشت، ئاشتی و جەنگ دەکرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشەکانی دەوڵەتی تورک و چەتە درندەکانی بۆ سەر گەلی گرێ سپی بەردەوامە. بە پێی زانیاریەکان لە گرێ سپی بە دەیان گەنج ڕفێنراون و هەموو ڕێگەکانی شاروچکەکە داخراون.[1]
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) توانیویانە هەشت گوند لە دەوروبەری سەرێکانی، بە ناوەکانی داودیە، سەعید، ڕیحانە، سویدیە، کنبەهر، عەبووش، ئوم شەعیفە و فەیسەڵییە کۆنترۆڵ بکەنەوە.[2]
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند هێزەکانی ڕووسیا دەستیان بەسەر نادی ئەلزراعی کە دەکەوێتە نزیک فرۆکەخانەی قامیشلۆدا گرتووە و وەک ناوەندێکی سەربازیی بەکاری دەهێنن. ڕوانگەی سووری ئاشکراشی کردووە، کە حکوومەتی سووریا بەنیازە فرۆکەخانەی قامیشلۆ هاوشێوەی بنکەی سەربازیی حمێمیم بۆ ماوەی 49 ساڵ بە کرێ بداتە ڕووسیا.[2]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی، گوندی ئەلراشدییە و ئەلقاسمییەی سەر بە تل تەمریان تۆپباران کرد و لە ئەنجامدا ئۆتۆمبیلی تیمێکی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی کە بە کاری تەندروستی و پزیشکییەوە خەریک بوون، بەرکەوت. لە ئەنجامی هێرشەکەدا دکتۆر زاو سەنک کە پزیشکێکی 37 ساڵی تایلەندیە گیانی لەدەست داو و پزیشکێکی تریش بریندار بوو.[1]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی بەردەوامن لە هێرشەکانیان و گوندەکانی دەوروبەری سەرێکانی و زرگان تۆپباران دەکەن.[4]
- وەزارەتی بەرگریی ڕووسیا دەڵێت، کاروانێکی سەربازیی سوپای ئەمریکا لە ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریای نزیک لە تورکیاوە هێرشیکراوەتە سەر و سەنتەری ڕووسیاش بۆ ئاشتبوونەوەی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریا دەڵێت، لە ئەنجامی هێرشەکە کەس بریندار نەبووە.[3]
دەرەوەی کوردستان

- لە بڕۆکسل کۆبوونەوەی کۆمیتەی دیپلۆماسی هاوبەشی پارتە کوردستانیەکان بۆ بەستنی کۆنفرانسێک کە سەرجەم پارت و لایەنەکانی کوردستان تێیدا بەشدار بن دۆخۆی ڕۆژاڤای کوردستان بەتایبەتی و کوردستان و ناوچەکە بەگشتی تاوتوێ بکات دەستی پێکرد.[1]
- لە مۆمبای خەڵاتی نێودەوڵەتیی دایکە تێرێزا دەبەخشرێتە ئیمان عەبدوڵڵا ڕۆژاربووی کوردی ئێزدی دەستی داعش و نووسینگەی ڕفێندراوانی کوردی ئێزدی.[3]
- خۆپیشاندەران لە کەربەلا هێرشیان کردەسەر کۆنسوڵخانەی ئێران و ئاڵای ئێرانیان لەسەر باڵەخانەکەی هێنایە خوارەوە و ئاڵای عێراقیان لە شوێنی دانا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: خورماتوو

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-03

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-03

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-03

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-03

[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 384

2019-11-04



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک، نیلوفەر ئەلیک یلماز هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی قۆسەری لە پۆستەکەی دوورخستەوە و حسێن چام قایمقامی قۆسەری لە جێگەی دانا.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- هونەرمەندی ناسراوی کوردستان، شەهرام نازری ڕایگەیاند، بڕیاربوو دوای 26 ساڵ بە هەوڵی ئەنجوومەنی شانۆی نیشتمانی سوید لە شارەکانی ماڵمۆ و ستۆکهۆڵم کۆنسێرت بەڕێوەببات، بەڵام بەهۆی ئەوەیکە لە ڕۆژئاوای کوردستان شەڕە، کۆنسێرتەکە هەڵدەوەشێنێتەوە.[3]
باشووری کوردستان
- فڕۆکەکانی تورکیا بارەگاکانی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال (یەبەشە) ی لە گوندی خانەسۆری کۆنی سەر بە شارۆچکەی شنگال بۆردومان کرد و 2 کەس بریندار بوون.[2][3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای داگیرکەری تورک کورەژارۆی سەربە ئامێدی-یان بۆردوومان کرد.[5]
- ماوەی دوو ڕۆژە هاوڵاتیانی گوندی شەفیق لە سنووری شارۆچکەی خانەقین لە پارێزگای دیالە، بەهۆی هێرشە چەکدارییەکانەوە گوندەکانیان چۆڵ دەکەن.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابردوو کاتژمێر 1:15 خولەک تەقینەوەیەکی زۆر بەهێز شاری جەندەریسی هەژاند. گومان دەکرێت تەقینەوەکە بەهۆی ئوتومبێلێکی گەورەی مینرێژکراو بێت کە لەسەنتەری شار تەقیوەتەوە و بەهۆی بەهێزییەکەیەوە ترس و دڵەڕاوکێی دروستکرد. لەگەڵ تەقینەوەکە تەقەیەکی زۆر کراوە و نازانرێت کێن ئەوانەی تەقەیان کردووە و چەندین کەس لەم تەقینەوەیەدا بریندار بوون، بەڵام نازانرێت ژمارەی کوژراوەکان چەندن.[2]
- لە گوندی ڕەیحانییەی تل تەمر مینێک تەقییەوەو لە ئەنجامدا دو هاوڵاتی مەدەنی بە ناوەکانی (عیسا محەمەد و موهەنەد حەسیب) بریندار بوون.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە چەکی قورس گوندەکانی ئینگەل هەوا و تل وەردی شارەدێی زرگانی سەرێکانی تۆپباران دەکەن.[1]
- کاروانێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە شاری کۆبانێ کشانەوە و بەگوێرەی زانیارییەکانی هێرۆ مەولوودی، پەیامنێری کوردستان 24 لە شاری قامیشلۆ، هێزەکە بەرە و هەرێمی کوردستان هاتوونەتەوە.[4]
دەرەوەی کوردستان
- لە 40ەمین ساڵڕۆژی داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئێران، وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا کۆڕی ڕێبەری ئێران و هەشت کەسی نزیک لە خامنەیی خستە لیستی گەمارۆکانییەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: خانەقین

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رۆژنیوز - 2019-11-04
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 385

2019-11-05



باشووری کوردستان
- کاروانێکی سەربازیی ئەمەریکا کە لە ڕۆژئاوای کوردستان کشاوەتەوە بەیانی ئەمڕۆ گەیشتە سنووری دهۆک و بەرەو هەولێر کەوتوونەتەڕێ، جگە لە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان چەند ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لەگەڵ کاروانەکەدان.[1]
- هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم لە هەولێر کۆبوونەوە و دوو بڕیاریان دا: یەکەمیان ئەوەیە کە کورد لەم قۆناخەدا دەبێت یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بێت و بەهیچ شێوەیەک پەرتەوازەیی قبوولناکرێت. بڕیاری دووەمی کۆبوونەوەی سێ

سەرۆکایەتییەکە لەبارەی دەستووری عێراقە، بڕیاری کۆبوونەوەکە لەوبارەیەوە ئەوەیە: کە هەرێمی کوردستان بەهیچ جۆرێک لەگەڵ دەستکاریکردنی دەستوور نییە، بەڵام ئەگەر بڕیاری هەموارکردن و دەستکاریکردنی درا، ئەوا مەرجی هەرێمی کوردستان ئەوەیە فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان و هەر هەرێمێکی دیکەی فیدراڵ کە لەداهاتوودا لە عێراق دروستبێت پارێزراو بێت و سازش لەسەر ئەوە ناکرێت.[4]
- شەوی ڕابردوو، لە سنووری شارەدێی قەرەتەپەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین لە پارێزگای دیالە، دوو هاوواڵاتی بەناوی حەسەن والی و جەلیل بابان ڕفێنران. ئەو دوو هاوواڵاتییە دانیشتوی شارەدێی ڕزگاری سەر بە شارۆچکەی کەلارن و خەڵکی گوندی ناریێ سەر بەقەرە تەپەن.[1]
- لە 24 کاتژمێردا دووجار فڕۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی تورک، بۆردومانی دەڤەری برادۆستیان کردووە، بەهۆی بۆردومانەکانیشەوە ئاگر لەپوش و پاوانی ئەو ناوچانە بەربووە و تاکو ئێستا ئاگرەکە نە کوژێنراوەتەوە.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە گوندی قەنتەریە سەربە ناوچەی عەین عیسا، شەڕفانانی قەسەدە دژی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی چالاکییان ئەنجامدا. لەو چالاکییەدا ئۆتۆمبێلێکی چەتەکان تێکشکێندرا، 15 چەتە کوژران و 11 چەتەش بریندارببوون. هەر شەوی ڕابردووش لە گوندی تل وەرد لە زرگان شەڕێکی سەخت لە نێوان شەڕفانانی قەسەدە و سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی ڕوویدا.[2]
- ئەمەریکا لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە دوو بنکەی سەربازیی نوێ دادەمەزرێنێت.[1]
- ئاژانسی هەواڵدەری ڕەسمی سووریا(سانا)، بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ یەکەکانی سوپای سووریا دەستیان گرتووە بەسەر ژمارەیەک ناوچە لە سنووری پارێزگای حەسەکەی باکووری خۆرهەڵاتی سووریا. لە و بارەیەوە ڕادیۆی شام ئێف ئێم بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ هێزەکانی سوپای سووریا لە نزیک گوندی مەلا عەباس لە باکووری خۆرئاوای ڕمێلان چوونەتە ناو کێڵگەی نەوتی ڕمێلان و کۆنترۆڵیان کردووە.[1]
- لە گرێ سپی تەقینەوە ڕوویدا.[3]
- ئەمڕۆ هێزێکی هێزێکی سوپای سووریا لە ناوچە سنووریەکانی قامیشلۆ بڵاوەی پێکرا، کە یەکەمجارە سوپای سووریا بێتە ئەم ناوچەیە.[1]
- فڕۆکە جەنگیەکانی سوپای داگیرکەری تورک گوندی داودیە سەربە ناوچەی تل تەمر-یان بۆردوومان کرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی تێکچوونی باری ناوخۆی ئێڕاق عەرەبی و هەڵکشانی خۆپیشاندانەکان، دەستەڵاتی ئێڕاقی هێڵی ئنتەرنێتی لە بەغدا و شارەکانی تر بڕی.[3]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا ڕەخنەی لە ئەمەریکا گرت و گوتی: تا ئێستاش هێزەکانی ئەمەریکا لەگەڵ یەکینەکانی پاراستنی گەل یەپەگە گەرِی سەربازی لە و ناوچانەی سووریا ئەنجام دەدات، کە هەریەک لە واشنتن و ئەنقەرە لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون، هێزە کوردییەکان لە و ناوچانە بکشێنەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێڕاق
وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-05
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-05
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 386

2019-11-06



باشووری کوردستان
- فرۆکە شەرکەرەکانی دەوڵەتی تورکیا داگیرکەر چیای خامتری بەرامبەر گوندی بێرسفێ سەر بەشاروچکەی زاخۆیان بۆردوومان کرد.[3]
- کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو و تێیدا بڕیاری بە هەمیشەییکردنی مامۆستایانی گرێبەست لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە پەسەندکرا.[4]
- سەعات 3ی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، بەشی هونەرەکانی میوزیکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی،

لەکارگەی جگەرەکە، کۆنسێرتێک بۆ پشتگیریکردنی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان سازدەکەن.[1]
- لە سلێمانی، لە شوێنی کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ڕۆژئاوای کوردستان، بەشی هونەرەکانی موزیک سەر بە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی چالاکییەکیان ئەنجامدا.[5]
- بەڕێوبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە ڕایگەیاند: ئەمشەو تەرمی دوو گەنجی کرێکار بە ناوەکانی (سێبور محەمەد و مەحمود سەعید) گەیشتونەتە نەخۆشخانەی ڕانیە کە بەهۆی بەربوونەوەی بلۆک بەسەریاندا گیانیان لەدەستدابوو.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەرپرسێکی هێزەکانی هەسەدە ڕایگەیاند: لە باشووری سەرێکانی هێزەکانی سوریای دیموکرات هەلیکۆپتەرێکی سوپای تورکیایان خستۆتە خوارەوە.[1]
- شەوی ڕابردوو سایلۆی گەنمی خەفتە سالم سەربە گرێسپی، کە لەلایان سوپای تورک و چەتەکانییەوە داگیرکرابوو، لەلایەن شەڕڤانانی قەسەدەوە ئازاد کرا. هەر شەوی ڕابردوو شەڕڤانانی قەسەدە لە گوندی کەفیفا سەربە گرێسپی، وەڵامی هێرشی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی دایەوە و لە ئەنجامی بەربەرچدانەوەی شەڕڤانان، 11 چەتە کوژران و شەشی دیکەش بریندار بوون، شەڕڤانان هەروەها جبەخانەی چەتەکانیان لە گوندەکە تەقاندەوە.[2]
- لە گوندی بیرعیسای سەر بە ناوچەی عەین عیسا سوپای تورک و چەتەکانی هێرشێکیان ئەنجامداو شەرێکی قورس لە نێوان ئەوان و هێزەکانی سوریای دیموکراتیک ڕوویدا.[3]
- لە هێرشەکانی دەوڵەتی تورک و چەتەکانیدا بۆ سەر گوندی هەواڵکۆ-ی سەربە گرێسپی، سەربازێکی سوپای سوریا کوژرا و یەکێکی دیکەش بریندار بوو.[3]
دەرەوەی کوردستان
- نوێنەرێکی پەرلەمانی ئێران ئاشکرایدەکات، فرۆشی نەوتی ئێران 20 هێندە دابەزیوە و داوای لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردووە ڕێگەیەک بۆ چوونە دەرەوە لەم دۆخە بدۆزێتەوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: زاخۆ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-06
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 387

2019-11-07



باکووری کوردستان
- پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی ئەلکێ لە شێرناخ هەڵیکوتایە سەر چەندین ماڵ و هاوسەرۆکی هەدەپەی ئەلکێ و 11 کەسی دیکەیان دەستگیر کرد.[4]
باشووری کوردستان
- لە شارۆچکەی کەلار سەر بە ئیدارەی گەرمیان، ژمارەیەک فەرمانبەری گرێبەست گردبوونەوە و لە بەیاننامەیەکدا داوادەکەن هاوشێوەی مامۆستایان دامەرزاندنی هەمیشەییان بۆ بکرێت.[2]
- سکرتێری ڕۆژنامەوانی، ڕێواز فایەق، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕەتیکردەوە، ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کرابێت بۆ بەشداریکردنی لە دیداری مێری 2019.[3]
- وەزارەتی ڕۆشنبیری ڕێوڕەسمێکی تایبەتی بۆ لێزلێنان لە بەخشین و خزمەتەکانی ئەنوەر شێخانی، هونەرمەندی شانۆکار و پێشمەرگە سازکرد.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشەکانی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامن و لە چوارچێوەی توندکردنی هێرشەکانیان بۆ ناوچەی تل تەمر ئەمرۆ بە پشتیوانی فڕۆکەی کەشف و بە ئۆبووس و هاوەن گوندی قاسمیەی تل تەمریان بە خەستی تۆپباران کرد.[1]
- لە ناوچەی عین عیسا لە نێوان داگیرکەران و شەڕڤانانی هەسەدە لە ئێستا دا شەڕێکی قورس ڕوو دەدات.[1]
- فرۆکە بێ فرۆکەوانە جەنگیەکانی سوپای تورکی داگیرکەر، گوندێکی سەر بە ناوچەی زرگانێی سەرێکانیان بوردومان کرد.[1]
- ئەمرۆ تەرمی شەهیدان (محەمەد سۆفی 'ڕۆهات تلکۆچەر'، عەمران عەلی 'دێرسم بۆتان'، حەیدەر ئەلجەدۆ 'کەدەر بەرخۆدان'، مەحمود ئەحمەد 'بەرخۆدان'، حەمدوڵا ئاراک 'ماسیرۆ'، ئەمیر ڕندی 'ڕۆنی'، فەهمی شینگر 'دەرۆش' و ساوسانگ-ی ئەندامی ڕێکخراوی 'Free Burma Rangers') کە لە دەشتایی تەل تەمر شەهید ببوون، لە نەخۆشخانەی شەهید هۆگر وەرگیرانەوە و بە کاروانێک بەرەو گۆڕستانی شەهید خەبات بران و نێژران.[1]
دەرەوەی کوردستان
- جوناسان هۆفمان وتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا پنتاگۆن ڕاگەیاند کە بەردەوام دەبن لە پاڵپشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە شەڕکردن لەدژی داعش و وتیشی :کار بۆ ئەوە دەکەین داعش دەستی نەگات بە نەوتی باکوری خۆرهەڵاتی سوریا.[2]
- ماکرۆنی سەرۆک کۆماری فەرەنسا بۆ گۆڤاری 'The Economist' قسەی کردووە و ڕایگەیاندووە کە ئەوەی ئێستا ڕووەدات، مردنی ناتۆیە. ماکرۆن وتیشی: تورکیا کە هاوبەشی ناتۆیە، هێرش بۆ سەر شوێنێکی وەها دەکات کە بەرژەوەندییەکانمان دەخاتە مەترسیەوە. ئەوە بۆ ناتۆ کێشەیەکی گەورەیە. بریاری ئەمریکا بۆ ئۆپەراسیۆنی تورکەکان، دەمانگەینەتە دوو ئەنجام. قەسەدە کە هاوکارمانە و پێکەوە لەدژی داعش شەڕ دەکەین، دەبێتە قوربانی.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: فرەنسا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-07
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 388

2019-11-08



باکووری کوردستان
- لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا ئازیم یاجان و شەهزادە کورت هاوسەرۆکانی شارەوانی ناوچەی ڕێگەی ئارمووشی وان دەتسگیرکران. هاوسەرۆکانی شارەوانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی وان گواستراونەوە. پۆلیسی تورک باڵەخانەی شارەوانیان گەمارۆداوە و ڕێگە بە کەس نادەن بچنە ناو باڵەخانەکەوە.[1]
- پۆلیس و هێزە ئەمنیەکان لە شاری ئامەد لە یەک کاتدا هەڵیان کوتایە سەر چەندینماڵ. لە ئۆپراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا، هەر یەک لە محمد یالچین بەڕێوەبەری ڕێکخستنی (هەدەپە) و عەڵادین زوگورلی و سەفیجان یاشار ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی یەنی شەهیر و حیکمەت ئالتوگ و سەنگول داغ کاپانجی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەداری ناوچەی پەیاس و ئایسەل توفان ئەندامی دەستپێشخەری دایکانی ئاشتی و کەنان جانپۆلات ڕاوێژکاری سەمیرا گوزەلی ئەندام پارلەمانی (هەدەپە) دەستگیر کران.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ و لەکاژێر 02:17 خولەک بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 5.9 پلەی ڕیختەر باکووری ڕۆژئاوای ئێران و پارێزگای ورمێی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەژاند.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ناوەندی ڕاگەیاندنی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک-قەسەدە لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بە دەستگیرکردنی سەرچەتەی جەیش الاسلام بەناوی ئیسماعیل زایید برای محەمەد زایید کردووە، کە چەتە محەمەد زایید لە دیمەنێکدا هێرشی سەر تەرمی شەهیدێکی یەپەژە بەناوی شەهید ئامارا ڕێناس دەکرد.[1]
- لە گوندی مەسعودیە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی گرێ سپیەوە، تانکێکی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە لایەن شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیکەوە تەقێنرایەوە.[1]
- دوای ئەوەی دانیشتوانی ناوچەی دێرکی سەر بە کانتۆنی قامیشلۆ کاروانێکی هاوبەشی ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانی ڕوسیا و تورکی داگیرکەریان بەردباران کرد، سەربازەکانی تورکی فاشیست دەستڕێژی گولەیان کرد بە ناو هاوڵاتیانی مەدەنیدا و لە ئەنجامدا هاوڵاتیەک بە ناوی (سەرخوەبوون عەلی) شەهید بوو ژمارەیەکیش لە هاوڵاتیان بریندار بوون.[1]
دەرەوەی کوردستان

- مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوای کرد کە ئەوروپا هاوکاری کورد بکەن. باسی لەوەش کردووە: سەربازەکانمان لە سوریان و دەمانەوێت ئەوروپاش بێنە پاڵمان بۆ هاوکاریکردنی کورد. هاوکات ئاماژەی بەوەشداوە: دەبێت هاوکاری گەلانی عێراق و لوبنان بکرێت بۆ ڕزگاربوون لە دەستڕۆیشتووبی ئێران لەو وڵاتانە.[3]
- شارەداری بۆداپیستی پایتەختی هەنگاریا، لەسەر شوێنی کارەکەی ئالای کوردستان لە ڕیزی ئالای وڵاتان هەڵدەکات و نارەزایەتی خۆی بەرامبەر بە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان) دەردەبڕێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: دێرک
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-08

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 389

2019-11-09



باشووری کوردستان
- هێزێکی گەورەی وەزارەتی پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنێکیان لە ناوچەی پەلکانە و غەرەیان کرد لە سنووری گەرمیان، 7 مۆڵگەی داعش دۆزرانەوە و تێکدران، ناوچەکە لە ژێر کۆنترۆڵی لیوای کۆماندۆ و فەوجی ئاڵتونیە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی فەرەنساش کۆنترۆڵی ئاسمانی ناوچەی نەوجول دەکا.[2]
- عوسمان ئەحمەد، بەڕێوبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی فێرکاری شەهیدانی نوێی قەڵادزێ ڕایگەیاند: سەر لە بەیانی ئەمڕۆ دوو بریندار بە ناوەکانی سیامەند محەمەد عەبدوڵڵا تەمەن 19 ساڵ و سیروان حوسێن عەبدوڵڵا تەمەن 25 ساڵ گەیەندراونەتە نەخۆشخانەکەمان کە لەکاتی کۆڵبەری، لەلایەن هێزە سەربازییەکانی ئێران لە سنووری گوندی زەڵێی شارۆچکەی پشدەر تەقەیان لێکراوە و بریندار بوون. ئاماژەی بەوەشکرد: بریندارەکان خەڵکی گوندی ساوەی شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتن و یەکێکیان فیشەک بەر قاچی و ئەوی دیکەیان گوللە بەر سکی کەوتووە و نەشتەرگەریی بۆ دەکرێت.[3]
- ئەمڕۆ کە هاوکاتە لەگەڵ 12ی ڕەبیعولئەوەل، بەبۆنەی (مەولود) لەدایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام، محەمەد، لە شارەکانی هەرێم بەو بۆنەیەوە مەراسیمی ئاینی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی داعش/ئەلنوسرە بە ڕێنمایی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بە ئۆپۆس و هاوەن گوندەکانی داودیە، ئەریشا و قاسمیەی سەر بە تل تەمر تۆپباران دەکەن.[1]
- لە گوندی دیوەرا و شاروچکەی تل حەلەفی سەرێکانی هاوڵاتیان لەدژی داگیرکەری چالاکیەکیان ئەنجامدا. گەل دروشمی تالانکەران لە سەر خاکەکەمان بڕۆنە دەرەوەیان وتەوە. دەوڵەتی تورک و چەتەکانی هێرشیان کردە سەر هاوڵاتیان و ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیان کۆمەڵکوژ کرد.[1]
- هەزاران کەس لە دانیشتوانی دێرک لە ڕۆژئاوای کوردستان، لە بەردەم نەخۆشخانەی شەهید هۆگر کۆبوونەوە و تەرمی هەریەک لە شەهیدان (عەبدولسەلام حەسەن 'هارون چیا'، سەفقان موسا 'سەفقان دێرک'، مەعسوم مەجد 'بۆتان'، مەلک محەمەد 'بۆتان جەگەر'، سەبری عەبدولڕەحمان 'خەبات دێرک'، بەسل شاوێش 'میتان قەهرەمان'، ئیبراهیم حەسەن 'عەگین دێرک'، ڕەزوان محەمەد 'کۆرتایی ئامەد'، ڕوحولا ترنسا 'شاهان مەلەکشا'، جیهان ئاتیک 'باهۆز'، ئۆکێ ئایدن 'جەرەن کۆنیش'، عمران فێرنتا 'یاسین ئایدین'، گوزەل ئاڵتونوز 'ئاینور ئادا') وێڕای ئەوەش تەرمی شەهیدی هاوڵاتی، سەرخوەبوون عەلی، کە لەلایەن سوپای تورکیای داگیرکەرەوە لە گوندی سەرمساخی سەر بە ناوچەی گرگێ لەکێ شەهید بوو، لەلایەن جەماوەرەوە وەرگیرایەوە. دوای وەرگرتنەوەی تەرمی شەهیدان، دانیشتوان بەرەو گۆڕستانی شەهید خەبات بۆ ناشتنیان بەڕێکەتن.[4]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ کۆنفرانسێک بە ئامانجی تیشکخستنە سەر بارودۆخی کوردان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نەرویج بەڕێوەدەچێت.[1]
- شاخەوانی ئیسپانی فرناندۆ سانچز گراسا، کە پێشتر بەسەر زۆربەی شاخەکانی ئەوروپا سەرکەتبوو، چووە سەر لوتکەی هملونگ لە شاخی هیمالایا کە بەرزاییەکەی حەوت هەزار و 160 مەترە و لەوێ وێنەیەکی خۆی بە ئاڵای پەکەکەوە بڵاو کردەوە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-09
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-09

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 390

2019-11-10



باکووری کوردستان
- پارێزگاری شرنەخ لە 15 ناوچەی دەوروبەری شاخی جودیی وەکو ناوچەی تایبەتیی ئەمنی - کاتی ڕاگەیاند و ئەو ناوچانە بە تەواوەتی لە هاوڵاتیانی مەدەنی قەدەغە کران.[4]

رۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی حەسەن، تەمەن 24 ساڵ، خەڵکی گوندیتور سەر بە ناوچەی سنووریی ئەلەندی خۆی لە ئاکامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتدا بریندار بوو.[7]
باشووری کوردستان
- لە سنوری شارۆچکەی کفری ئیدارەی گەرمیان، هێزەکانی پشتیوانی دوو و هێزێکی سەربازی ئیتاڵی، دەستیان بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێک دژی پاشاوەکانی داعش کرد.[3]
- جووتیارانی کوردستان بەتایبەت ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە، بەرهەمەکانی خۆیان هێناوەتە هەولێر و لەچوارچێوەی پێشانگەیەک بەناوی بەرهەمی خۆماڵی دەیفرۆشنە هاونیشتمانیان. پێشانگەکە لەکاژێر 10:00 بەیانی ئەمڕۆ دەستپێکردووە و تاوەکو کاژێر 22:00ی ئەمشەو بەردەوام دەبێت.[1]
- نووسینگەی ڕاگەیاندنی بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند بە هەوڵی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و گشت فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ژمارەی ئەندامانی کوردی نێو لیژنەی نووسینەوەی دەستوور لە سێ کەسەوە بۆ شەش کەس زیاد کران.[2]
- لەنێو لیوای 12ی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەردەڕەش شەڕ ڕوویدا و بەهۆی بەکارهێنانی چەکیشەوە دوو پلەدار کوژران و سێ پێشمەرگەی تریش بریندار بوون.[5]
- کاژێر 9:15ی ئەمڕۆ فڕۆکەی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی دژی داعش، ژمارەیەک مۆڵگە و بنکەی چەکدارانی داعشیان لە چیای قەرەچووخ لە سنووری شارۆچکەی مەخموری باشووری پارێزگای هەولێر بۆردوومانکرد، بەوهۆیەش چەکدارانی داعش زیانیان بەرکەوتووە، بەڵام زیانەکان بەتەواوی نەزانراون.[1]
- هێزە ئەمنییەکان لە هەولێر ڕێگریبیان لە گردبوونەوەیەکی گروپی ژنانی کورد کرد، کە بڕیار بوو لەبەردەم پارکی شانەدەر گردبونەوەکەی تایبەت بە پشتیوانی لە بایکۆتی کاڵای تورکی ئەنجام بدەن.[3]
- زانا جەلال، ناسراو بە گەنجۆ شارەزووری، لە مەراسیمێکی بەشکۆدا لە شارۆچکەی سەیدسادق بە خاک سپێردرا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بەردەوامن لە هێرشکردنە سەر ناوچە مەدەنیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان. لەم چوارچێوەیەدا کاتژمێر 10:55 خولەکی ئەم بەیانییە داگیرکەرانی دەوڵەتی تورک بە پشتیوانی فرۆکەی بێفرۆکەوان، بە هاوەن و ئۆبووس هەر یەک لە گوندەکانی قاسمیە و ڕیحانیە و مەحمودیەو داودیەی سەر بە ناوچەی تل تەمریان تۆپباران کرد. لە لایەکی ترەوە سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی، چەکی قورسیان گواستەوە بۆ گوندی ئینگیلی سەر بە تل تەمر.[4]
- لە گوندێکی ناوچەی زرگانی سەر بە سەرێکانی بە هۆی تەقینەوەی مینێکی سوپای تورکی داگیرکەرەوە، 2 سەربازی ڕژێمی سوریا بریندار بوون و بە پێی زانیارییەکان، بریندارەکان گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی حەسەکە.[4]
- هێزێکی سەربازی ئەمەریکی بە ژمارەیەک زرێپۆش و تانکی ئەبرامز لەسەر ڕێگەی نێودەوڵەتی M4ەوە بەرە و تەلتەمر بەڕێکەوتن.[2]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی تەشەنەکردنی خۆپێشاندان و تووندوتیژییەکان، ئێوارەی ئەمڕۆ لە شاری بەغدا و چەند شارێکی دیکەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بە یەکجاری ڕاگیرا.[2]
- لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عیراق ڕایگەیاند لە سەرەتای سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی لە بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عیراق لە مانگی ڕابردووەوە 319 کەس لە خۆپیشاندەران و لایەنە ئەمنییەکان کوژراون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شڕناخ
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کفری
وڵات: باشووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-10
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-11
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 391

2019-11-11



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- یەکەمین پێشانگای وێنەی تایبەت بە ژنان لە شاری بانە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ژنە وێنەگرێکی کورد کرایەوە. لە و پێشانگایەدا 44 وێنەی وێنەگر ئەوین عەباسی خراوەتەڕوو کە باس لە ڕۆڵی ژنی کورد لە کۆمەڵگا و سیاسەت و پەیوەندی لەگەڵ جیهان و هەروەها ڕۆڵی ژنی کورد لە ئاشتی جیهانی دەکات.[1]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی تاهیر حوسێنی خەڵکی گوندی سەدباری شاری بانە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانەوە گیانی لەدەست دا.[7]
باشووری کوردستان
- لە سلێمانی یادی 23یەمین ساڵیادی دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی ژنان کرایەوە.[1]
- لە ناوبازاڕی شارەدێ خورماڵی سەر بەپارێزگای هەڵەبجە تیپی شانۆی خورماڵ شانۆیی ئەوینی خاکی لەسەر شەقام نمایشکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە چین و تونژەکانی سنورەکە ئامادەی بینینی بوون.[3]
- یەکەمین کاروانی هاوکاری مرۆیی بۆ پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوێکی ئەمریکییەوە

لەڕێگەی فڕۆکەیەکی تایبەتەوە گەیێندرایە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر.[4]
- سوپای تورکیا لە دەڤەری برادۆست، تۆپبارانی چیای قەلەڕەش و سپیندارۆک و گوندی گۆڕەمەک دەکات و بەو هۆیەوە زیان بە دوو ئوتۆمبێلی هاوڵاتیانی مەدەنی سنورەکە دەگات.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە سنووری حاجی ئۆمەران سوپای پاسدارانی ئێران دەستڕێژی گوللەیان لە ژمارەیەک کۆڵبەری کورد کرد و بەهۆیەوە دوو کۆڵبەر بریندارببوون. بریندارەکان ناوبان سیروان ئەحمەد تەمەن 33 ساڵ و سلێمان هەمزە تەمەن 50 ساڵە کە بۆ چارەسەری پزیشک ڕەوانەی نەخۆشخانەی گشتیی چۆمان کراون.[4]
- ئەمڕۆ فڕۆکەکانی سوپای عێراق لە سنووری شارۆچکەی قەرەتەپە چەکدارانی داعشیان کردە ئامانج، دوای بۆردوومانەکەش هێزێکی سوپای عێراق بۆ زانینی زیانەکانی داعش دەچنە شوێنەکە و دەکەونە کەمینی چەکدارانی داعشەوە، بەهۆیەوە 11 سەرباز کوژران و بریندارببوون.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سەربازانی سوپای ڕوسیا و تورکی داگیرکەر لە ڕۆژئاوای شاری دربێسی بە کاروانێکی ئۆتۆمبیلی سەربازی گەشتێکیان ئەنجام دا. دانیشتوانی ناوچەکە جارێکی تر ناڕەزایی تووندیان پیشاندا و کاروانە سەربازییەکەیان بەردباران کرد.[2]
- چەند تەقینەوەیەک لە ناوەندی شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان ڕوویدا و قوربانی لێکەوتووەتەوە. تەقینەوەکان لەڕێگەی دوو ئۆتۆمبێلی مینرێژکراوەوە ئەنجامدراون کە لە ناوەندی شاری قامیشلۆ بوون. بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان ژمارەی قوربانیانی ئە و دوو تەقینەوەیە 6 شەهید و زیاتر لە 40 بریندارن.[3]
- پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆش گوندەکانی؛ ڕەشیدیە، قاسمیە، ڕێحانیە و عەزیزیەی سەربە تل تەمر بە چەکی قورس لەلایەن سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانیەوە تۆپبارانکران.[5]
- ژمارەیەک چەکداری نەناسراو دەستڕێژی گوللەیان کردە سەر هوسیب بیدویان، چاودێری کڵێسای کاسۆلیکی ئەرمەنەکانی شاری قامشلۆ و باوکەکەی، لە ئەنجامدا هەردووکیان گیانیان لەدەستدا.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-11
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-11
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-13
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 392

2019-11-12



رۆژهەڵاتی کوردستان
- حیزبی دێموکراتی کوردستان حەڤدەهەمین کۆنگرەی خۆی لە باشووری کوردستان گرت. کۆنگرەی 17ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ژێر ناوی "کۆنگرەی شەهیدانی 17ی خەرمانان" و بە دروشمی " یەکڕیزی و تێکۆشان و هیوا بە دواڕۆژ زامنی سەرکەوتنمانن " بەڕێوەچوو، دوای دوو ڕۆژ کاری چڕوپڕ بە ڕاپەڕاندنی ئەرک و بەرنامە کاریی‌یەکانی کۆتایی بە کارەکانی هێنا. ئەم ئەندامانە بوونە ڕێبەری حیزب: خالید عەزیزی، عومەر باڵەکی، حەسەن قادرزادە، موستەفا مەولوودی، کەماڵ کەریمی، سمایل شەرەفی، سامان فەقێ نەبی، کارۆ ڕەسوڵی، مۆسا باباخانی، هەژیر عەبدۆڵاهی، عەلی بداغی، ئارەزو نستانی، خوشکە خەدیجە، سەید برایم کەریمی، سۆران نوری، خالید وەنەوشە. بە کۆی دەنگی ئەندامانی ڕێبەری کاک خالیدی عەزیزی وەک سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا. ئەمانەش بوونە ئەندامانی یەدەک: خدر بەگ، ئامانج زیبایی، شلێر مەحمودی، شەونم هەمزەیی، گەلاوێژ پەیرەوان، مەنسۆرموروەتی.[6]
باشووری کوردستان
- دەوڵەتی داگیرکەری تورک چیای کاروخ لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆردوومان دەکات.[1]
- کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، ئەمڕۆ لەسالیادی کۆچی دوای شاعیری گەورەی کورد دڵدار خاوەنی سرودی نیشتیمانی ئەی ڕەقیب سیمینارێکی بۆ جەبار ئەحمەد مامۆستای زانکۆ ڕێکخست.[4]
- ئەمشە و گەریلاکانی پەکەکە هێرشیان کردەسەر قەرەقۆلێکی سوپای تورکیا لە نزیک دەڤەری ئاڤا گیزێ لە نێوان باکور و باشوری کوردستان سنوری شارۆچکەی زاخۆ.[2]
- بەتۆمەتی تێوەگلانیان لە دۆسیەکانی گەندەڵی، دادگای لێکۆڵینەوەی کەرکووک فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ پارێزگاری کەرکووک ڕاکان جبوری و 6 بەرپرسی دیکەی شارەکە دەرکرد.[4]
رۆژئاوای کوردستان
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازیی ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کردووە و بارهەڵگرەکانیش کەلوپەلی سەربازیان هەڵگرتبوو. ڕوانگەی سووری ئاماژەی بەوەشکردووە کە کاروانە سەربازییەکەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی چووەتە شاری قامشلۆ.[3]
- ئەمڕۆ بۆ جارێکی دیکە کاروانێکی هاوبەشی سەربازیی سوپای ڕوسیا و سوپای تورکی داگیرکەر بە ئۆتۆمبیلی سەربازی و زرێپۆشەوە لە گوندی مارس میلەی کۆبانێوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی شارەکە دەستی بە گەشتێکی سەربازی کرد. دانیشتوانی کۆبانێ کە بە بینینی سەربازانی تورکی داگیرکەر نیگەرانن، زرێپۆشەکانی سوپای تورکی داگیرکەریان بەردباران کرد.[1]
- دوای ئەوەی هاوڵاتیانی کۆبانێ کاروانی ئۆتۆمبیلەکانی سەربازیی ڕوسی و تورکییان بەردباران کرد، دەستڕێژی گولە کرا بەناو هاوڵاتیانی مەدەنیدا و لە ئەنجامدا 8 هاوڵاتی بریندار بوون کە دووانیان ڕۆژنامەنووسن.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندەکانی تل تەمر تۆپباران دەکەن. لە هەرێمەکە شەڕێکی قورس بەردەوامە.[1]

- سێرینا مۆرۆنی، کۆنسوڵی گشتی ئیتاڵیا لە هەرێمی کوردستان لە توێتێکدا نووسیویەتی حکوومەتی ئیتاڵیا 12 تۆن هاوکاری بەپەلەی لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە گەیاندە کەمپەکانی ئەبو خەشەب و توێنە لە ڕۆژئاوای کوردستان.[3]
- لە گوندی ئوم کەهف سەربە تل تەمر دلیار جزیری پەیامنێری ڕوناهی تیڤی بەهۆی تۆپبارانی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانییەوە بریندار بوو گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- تەقینەیەک لە نزیک باڵیۆزخانەی لوبنان لە دمەیشقی پایتەختی سوریا ڕوویداو بەهۆیەوە ژمارەیک کوژرا و بریندارى لێکەوتەوە.[2]
- پێکهاتە و ڕێکخراوەکانی ئەمریکا داوا لە کۆنگرێس و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکەن لەکاتی گەیشتنی سەرۆککۆماری تورکیا بە کۆشکی سپی، هێزە ئەمنییەکان پارێزگاری لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە بکەن.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: حزبی دێموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)

شار و شارۆچکەکان: زاخۆ

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

وڵات: لوبنان

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-11-2019

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 12-11-2019

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 12-11-2019

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 12-11-2019

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 12-11-2019

[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 01-10-2019

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 393

2019-11-13



باکووری کوردستان
- لە چوراچێوەی زنجیرە چالاکییەکانی ڕۆژی نەهێشتنی تووندوتیژی دژی ژناندا، ئەنجومەنی ژنانی سەر بە هەدەپەی شاری ئێلح و بزوتنەوەی ژنانی ئازاد کە بەنیاز بوون بەیاننامەیەک بڵاو بکەنەوە لە لایەن پۆلیسی تورکەوە ڕێگریان لێ کراو 10 ژن دەستگیر کران.[1]
- بە فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر، قیووم لە پۆستی هەر دوو شارەوانیی هەدەپەی ناوچەکانی یەنی شەهیر و حەزرۆی ئامەد و ناوچەی هەزەخی شرنەخ و شارۆچکەی پەریی سەر بە ناوچەی مازگێردای دێرسم دانا. بە دانانی ئەم چوار قیوومەی ئەمرۆ، ژمارەی شارەوانیەکانی هەدەپە لە شارە گەورەکان و ناوچەکانی باکوری کوردستان کە لە لایەن دەوڵەتی فاشیزمی تورکەوە دەستی بەسەردا گیراون و قیوومیان بۆ دامەزراندوون، گەیشتە 20 شارەوانی.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیک لە پەرستارانی شاری سەقز، لەمەڕ دواخستنی گەڵاڵەی دامەزراندنی پەرستارانی خۆجێیی، ناڕەزایەتییان دەربڕی. ئەو پەرستارانە لە بەخشنامەیەکدا کە واژۆی ژمارەیەک لە پەرستارانی ئەو شارەی پێوەیە، دژی دواخستنی گەڵاڵەی دامەزراندنی پەرستارانی خۆجێیی بوون.[6]
باشووری کوردستان
- لەبەر کەمیی و نەبوونی مامۆستا لە لە شارەدێ سەرقەڵای سەر بە شارۆچکەی کفری خوێندکاران خۆپیشاندانیان ئەنجامداو ڕێگای سەرەکی کەلار بۆ کفری-یان داخستووە و لایەنی پەیوەندیداریش دەڵێن لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەدان.[3]
- لەبەرامبەر دانەمەزراندنیان و خراپی ڕێگا و بانەکانیان، بەشێک لە دانیشتوانی شارەدێی تەکیەی جەباری گردبوونەوە.[5]
- کارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانەی گشتی شەهید ڕەئوف بەگ لە شارەزوور، بەمەبەستی خستنەڕووی چەند داواکارییەک گردبوونەوە. داواکارییەکانیان بریتیبوون لە دامەزراندنی کارمەندانی خۆبەخش و خەرج کردنی دەرمانەی جوگرافی کەنزیکەی سانێکە ڕاگیراوە.[7]
- ژمارەیەک لە دەرچووانی تواناسازی شاری هەولێر، بەمەبەستی گەیاندنی داواکاریەکانیان لەبەردەم بینای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم گردبوونەوە و داوادەکەن حکومەت ئەو پارەیەیان بۆ خەرج بکات کە پێشتر بڕیاری لەسەرداوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی ئەردۆغان لە دەرەنگانی شەو هێرشیان بدووەتە سەر گوندی عبدولحەی کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری سەرێکانی و ڕووبەرووی وڵامێکی تووندی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک بوونەتەوەو شەڕەکە نزیکەی نیو کاتژمێر بەردەوام بووە. بە پێی زانیارییەکان، لە ئەنجامی شەڕەکەدا 4 چەتەی ئەردۆغان کوژراون.[1]
- ئەنجامدەری سەرەکی تەقینەوەکەی ڕۆژی دووشەمەی ڕابردووی قامشلۆ دەستگیر کرا و ئاشکرا کراوە کە ژمارەیەک کەسی دیکە هاوکاریان کردووە بۆ کردەوەکە. ئاسایش بلاوی کردووەتەوە، بەگوێرەی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەکانیان، ئەنجامدەری سەرەکی فەرمانەکانی لە کەسێک وەرگرتووە کە لە تورکیا نیشتەجێیە.[4]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە چڕی گوندەکانی سەر بە شاروچکەی تل تەمر تۆپباران دەکەن.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی هێرشێکی قورسیان کردووەتە سەر گوندی عەزیزییەی ئاشووری و سوریانیەکانی سەر بە تل تەمر. ئەنجومەنی سەربازی سوریانی وڵامێکی تووندی داگیرکەرانیان داوەتەوە. هێرش و بوردومانەکانیش بەردەوامن.[1]
دەرەوەی کوردستان

- سەرۆکی ئەمریکا بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێک، ئاماژەی بەوەدا، دۆخی نائاسایی وڵاتەکەی لە بەرامبەر ئێران بۆ ساڵێکی دیکە درێژ کردووەتەوە.[1]
- بەهۆی سەردانی ئەردۆگان بۆ واشنتن دی سی، ناڕەزایی زۆر لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پێشاندرا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شرناخ
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-13
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-13
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-13
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-13
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-13
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-13
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 394

2019-11-14



باکووری کوردستان

- هێزەکانی پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی شاهینبەی و شەهید کەمالی شاری دیلۆک لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنەکانی قڕکردنی سیاسی دا، بەسەر بنکەو بارەگاکانی ڕێکخستنی هەدەپەدا گرت. بەپێی زانیارییەکان لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنەکەدا موسلم کلچ هاوسەرۆکی هەدەپەی شاری دیلۆک و محمد ئوزکان هاوسەرۆکی ناوچەی شاهینبەی و هەر یەک لە هاتیجە کوچوکر و مستەفا تونج بەڕێوەبەرانی هەدەپەی ناوچەکە، بە گشتی زیاتر لە 52 کەس دەستگیر کران.[1]

- لە چوارچێوەی ئەو ئۆپراسیۆنە بەرفراوانەی سوپای تورکی داگیرکەر کە لە چەند ناوچەیەکی باکوری کوردستان دەستی پێ کردبوو، ئەمڕۆش لە دەوروبەری ناوچەی لجێ شاری ئامەد ئۆپراسیۆنێکی سەربازی ئەنجامدا.[1]

- فراکسیۆنی هەدەپە کە سێ ئەندامی لە کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ پەرلەمانی تورکیا هەیە، کشانەوەی لە کۆمیسیۆنەکە ڕاگەیاند.[5]

- پۆلیسی تورک لە ناوچەی ئەلبیستان-ی سەربە شاری مەرەش هەڵیکوتایە سەر ماڵی عەلی کیسا بەرپرسی هەدەپەی ناوچەی ئەلبیستان و لە ئەنجامدا، 8 بەرپرسی هەدەپە بە ناوەکانی عەلی کیسا، ئەلیف کیسا، خەلیل خۆشئۆغڵوو، بەکر قەرە، هەتون بارک، ئیبراهیم مایر، دیلەک بەکر و محەمەد دیلەکچی دەستگیر کران. لە لایەکی ترەوە هەر ئەمرۆ هێزەکانی پۆلیسی دەوڵەتی تورک لە ناوچەی شاهینبەی و شەهیدکەمالی شاری دیلۆک لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنەکانی قڕکردنی سیاسی دا، هەڵیانکوتایە سەر بنکەو بارەگاکانی ڕێکخستنی هەدەپە و بەپێی زانیارییەکان لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنەکەدا موسلم کلچ هاوسەرۆکی هەدەپەی شاری دیلۆک و محمد ئوزکان هاوسەرۆکی ناوچەی شاهینبەی و هەر یەک لە هاتیجە کوچوکر و مستەفا تونج بەڕێوەبەرانی هەدەپەی ناوچەکە، بە گشتی 52 کەس دەستگیر کران.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کاسبکارێکی کورد بە ناوی کامەران بەیانەک کوڕی مستەفا تەمەن 26 ساڵە، خەڵکی شاری پیرانشار لە سنووری حاجی هۆمەران لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە تەقەی لێکراوە و گیانی لە دەست داوە.[7]

باشووری کوردستان

- یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سلێمانی دەستپێدەکات. لەم پێشانگایەدا زیاتر لە 180 ناوەند و بڵاوکراوەی نیشتمانی و بیانی و عەرەبی بەشداریی دەکەن کە بریتین لە بەرهەمی وڵاتانی تونس و جەزائیر و سعودیە و ئیمارات و سۆدان و ئوردن و عێراق و ئێران و تورکیا، هەروەها کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان-یش بەشدارن.[2]

- لە هۆڵی ئیسماعیل بێشکچی لە کولێژی زمانی زانکۆی سلێمانی یادی 235 ساڵەی دامەزراندنی سلێمانی دەکرێتەوە. لە مەراسیمەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان دەبەخشرێتە چەند کەسایەتییەکەی شاری سلێمانی کە جێ دەستیان لە ڕۆشنبیری و ئەدەب و بەرەوپێشچوونی شارەکەدا هەبووە.[4]

- نزیکەی هەفتەیەکە شاری کەرکووک پڕ کراوە لە وێنەی عەلی سیستانی مەرجەعی باڵای شیعە لە نەجەف بەشێوەیەک

هەڵواسینی لەناو فەرمانگە و سەر ئۆتۆمبێلە حکومییەکان کراوەتە فەرمان.[2]
- جارێکیتر ئیدارەی کەرکووک داوایکردووە هێزە سەربازییەکان دەستتێوەردان بکەن بەمەبەستی نیشتەجێکردنەوەی عەرەبە هاوردەکانی سەردەمی سەدام لە 12 گوندی سەرگەڕان.[2]
- ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری پلە بەرز کردنەوەی سەربازی بۆ خانەنشینانی پێشمەرگە و کەمئەندامانی سەنگەر لە وەزارەتی پێشمەرگە قەد ةغة دەکات. [2]
- بەرەی تورکمانی سەبارەت بە بڕیاری دادگای فیدالی بۆ هەڵوەشانەوەی چەند ماددەیەکی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دوای تانەی لێژنەیەکی پەرلەمانی هەرێم، دەسەڵاتدارانی هەرێم بە دەستوەردان تۆمەتبار دەکات.[6]
- وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، کێشەکانی نەخۆشخانەی بەرکەوتووانی کیمیایی لە پارێزگای هەڵەبجە چارەسەر دەکرێن و کۆمەڵێک لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن.[5]
- هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بۆ بایکۆتکردنی کاڵای تورکی لە شاری هەولێر بەردەوامە و چالاکوان ڕایدەگەیەنن، بە هەڵمەتی بایکۆتکردنی کاڵای تورکی بەرگری لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن.[6]
- لەپاش تەواوبونی یاری نێوان عێراق و ئێران و بردنەوەی ئێراق، بەشێک لە هاوڵاتیانی کەرکووک هاوشێوەی ناوچە جیاجیاکانی تر خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و هەندێکیان لەڕێگای تەقەکردنی هەرەمەکی، خۆشحاڵێ خۆیان دەربڕی و بەهۆیەوە سێ کەس بریندار بوون.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەوی ڕابردوو، لە سەرێکانی لەو جێگەیەی کە گروپی سوڵتان مراد و دەوڵەتی تورکی لێیە، تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا. بە پێی زانیاریەکان زیاتر لە 15 داگیرکەر کوژران.[1]
- هێرشی هێزە داگیرکەرەکانی تورک سەرلەبەیانی ئەمڕۆش بۆ سەر گوندەکانی تل تەمر بەردەوام بوو.[1]
- کەناڵی زڤێزدای ڕووسی بڵاویکردەوە، بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایشی دەوربیە سەربازییەکانی ڕووسیا لە ناوچەکە ژمارەیەک هێلیکۆپتەر ڕەوانەی فرۆکەخانەی قامشلۆ کراوون. کەناڵەکە ئاشکراشیکردووە، ڕووسیا سیستمی بەرگری مووشەکی و ئاسمانی ناسراو بە پانتسیر بۆ پاراستنی هێلیکۆپتەرەکان لە فرۆکەخانەی شارەکە جێگیر دەکات.[3]
- تەرمی فۆتۆگرافەرە بۆرمایەکە لەسەر داوای خێزانەکەی لە تلتەمر سووتێندرا.[5]
- چەتەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر ئەمڕۆ لە ناوەندی شاری عەفرین 6 هاوڵاتی مەدەنی بەتەمەنیان ڕفاندوو ڕاشگەیێنراوە کە لەو شەش کەسە پێنجیان ژنن و هەموشیان پیر و بەتەمەنن، هەروەها ئاشکرا کراوە کە دوای چەند کاتژمێرێک 2 لەو 5 ژنەی ڕفێنرابوون، بەربوون، بەڵام چارەنووسی ئەوانی دیکە نادیارە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بەهرۆز بوجانی ڕۆژنامەنووس و پەنابەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیکەی شەش ساڵە لەدورگەی مانووس زیندانیکراوە، ئە و دورگەیەپی بەرە و نیوزلەندا بەجێهێشت.[4]
- جەیمس جێفری، نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا ڕایگەیاند، هۆشداریان لە پاکتاوی ڕەگەزی دژی کورد داوە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان) و ڕایگەیاند، پێویستە تەنها خەڵکی ئە و ناوچانە بگەڕێنرێنەوە و لە ناوچەی ئارام نیشتەجێ بکرێن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەنتاب - دیلۆک
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

ووڵات: ئێران
ووڵات: ئێراق
ووڵات: تورکیا
ووڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-14
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-14
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 395

2019-11-15



باکووری کوردستان
- خانەوادەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و گیراوانی تر بۆ ئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن، داواکاریان پێشکێشی داواکاری گشتی بورسا کرد.[1]
- بەیانی ئەمڕۆ هێزەکانی ئاسایشی تورکیا، چوار سەرۆک شارەوانیی هەدەپە-یان دەستگیرکرد و وەزارەتی ناوخۆی تورکیاش بڕیاری دوورخستنەوەیانی ڕاگەیاند. بەگوێرەی ڕاگەیێندراوێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی مێردین، هێزەکانیان هاوسەرۆکی شارەوانییەکانی شارۆچکەکانی ستێور، دێرک و شەمرەخ، بەتۆمەتی تیرۆر دەستگیرکرد کە سەر بە هەدەپەن و بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی هۆبەی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کران.[2] ناوی سەرۆک شارەوانییەکان ئەمانەن: گوڵستان ئۆنجو هاوسەرۆکی شارەوانی ستەور و نالان ئۆزئایدن هاوسەرۆکی شارەوانی شەمرەخ و مولکیە ئەسمەز هاوسەرۆکی شارەوانی دێرک و هاتیجە چەویک هاوسەرۆکی پرسوسی هەدەپە.[1]
باشووری کوردستان

- لە هۆڵی هۆتێل گراند میلینۆم لە سلێمانی، مەراسیمێکی شایستە بۆ چلەی کۆچی دوایی (پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ) بەڕێوەچوو، کە تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حکومی و بەرپرسی لایەنە سیاسییەکان و ئەدیب و ڕۆشنبیر و هاورێیانی و خانەوادەکەی ئامادەبوون.[3]
- وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، خەریکی دروستکردنی بۆردێکن بۆ کارەکانی وەرگرتنی شاری سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی یۆنیسکۆ وەک شاری داهێنەری ئەدەب و داوای لەهەمووان کرد کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانە بکەن.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورک وا بۆ زیاتر لە 3 کاتژمێر، ناوچەکانی قەندیل بوردومان دەکەن.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بە هەزاران هاوڵاتی حەسەکە، تەرمی هەر یەک لە شەهیدانی قەسەدە حسێن ئەلحسێن (لەوەند حەسەکە)، لوئەی محەمەد(گیفارا حەسەکە)، ئەیاد ئە یۆ (بروسک حەسەکە)، عە لی ئە ل-سەرای (مولازم حەسەکە), خدر محەمەد (قەیسەر حەسەکە), عە بدولرەزاق سالح (بروسک حەسەکە)یان وەرگرتەوە کە لە چوارچێوەی بەرخۆدانی شکۆدا گیانیان بەخت کردووە. هاوڵاتیان تەرمەکانیان لە ئەنجومەنی بنەماڵەی شەهیدان وەرگرتەوە و بە کاروانێک بەرەو گۆڕستانی شەهید دژوار لە گوندی داودیە بەڕێکەوتن.[1]
- بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هاوار، سوپای داگیرکەری تورک و گروپە چەتە هاوپەیمانەکانی، لە گوندی عەریشا-ی سەربە تل تەمر، 16 هاوڵاتی مەدەنیان ڕفاندووە کە لەنێویشیاندا ژن و کچی گەنج هەن. ناوی بەشێک لەو هاوڵاتیانەی کە ڕفێندراون، بەمشێوەیەیە: ئیسماعیل محەمەد، ئیسماعیل حەمۆ، خدر عەلی جەمۆ، محەمەد ئەلحەمۆ، برتەقالە عەتیە، جازییە ئەلحەزۆ، زەمۆ ئەلبیۆ، دالیا ئەلحەزۆ تەمەن 15ساڵ، عەبتا ئەلبیۆ، خدر جەمۆ.[6]

دەرەوەی کوردستان

- سەرۆکی سووریا، بەشار ئەسەد، ڕایگەیاند، دەستووری سووریا پیرۆز نییە و ئاساییە دەستکاری بکرێت. دوای شەڕیش ڕێگە بە هیچ جیاخوازییەک لە سووریا نادرێت.[4]
- نرخی بەنزین لە ئێران بۆ سێ هێندە بەرز دەبێتەوە و پشکی هەر شۆفێرێک مانگانە 60 لیتر دەبێت و نرخی ئەو برە بەنزینەش بە ڕێژەی لە سەدا 50 بەرز دەبێتەوە.[5]
- حکومەتی ئێران بڕیاریدا بە ڕاگرتنی ئینتەرنێت لە هەرێمەکانی مەهاباد و ئەهواز و شیراز کە خۆپیشاندانی فراوان لەو شارانە ئەنجام دراوە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان:	حەسەکە
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	ماردین
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
وڵات:	یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 15-11-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 15-11-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 15-11-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 15-11-2019

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-15
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-15
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 396

2019-11-16



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- خۆپیشاندان شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بەهۆیەوە بەلایەنی کەمەوە 8 کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندارببوون.[6]
باشووری کوردستان
- پڕۆسەی کۆنفرانسی کۆمیتەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسنووری مەڵبەندەکانی کەرکووک و شارەزوور و شەنگال و دهۆک و گەرمیان بەڕێوەدەچێت.[1]
- شەوی ڕابردوو فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا گوندێکی بەرواری باڵا-یان بۆردومان کرد و سێ خانووی هاوواڵتیان کراونەتە ئامانج و زیانی مادّیی زۆری لێکەوتەوە.[2]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لەسەر قەڵای شێروانە لە شاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافەوە کەرنەڤاڵی گەرمیان بۆ خۆشەویستی پێغەمبەری ئیسلام ئەنجامدرا.[4]
- لە کۆمیتەیەکی یەکێتی لە کفری بەهۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی دوو کەس بە تەقە بریندارببوون.[5]
- دەزگای گشتی کاروباری مین لە گەرمیان ئاشکرای کرد: سەر لە بەیانی ئەمڕۆ، هاوواڵتییەک بە ناوی سەفەر یوسف محەمەد لە دایکبووی 1987 بە ڕووداوی مین لە ناوچەیەکی مینڕێژکراوی سەر شاخی بەمۆ گیانی لەدەستدا.[2]

- بە بەشداری 8 ئاین و ئاینزای جیاواز، کۆنفڕانسی فرە ئایینی و پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو. بەلای پێکهاتەکانەوە گرنگە پەرە بە پێکەوەژیان بدرێت و ئەو ئەزموونەش کە هەیە بپارێزرێت و هەوڵیش بدرێت، لە ڕێگەی دەقە یاساییەکانەوە مافی پێکهاتەکان پارێزراوتر بکرێ.[2]

دەرەوەی کوردستان

- خانەوادەی کایا، هاوژینی تاهر ئەلچی کە 28ی تشرینی دووەمی 2015 لە ئامەد لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە شەهیدکرا، تورکان ئەلچی نوێنەری دەستەی کوردی دیموکراتیکی فەرەنسا و ئەندامانی ناوەندی کلتوری کوردی ئەحمەد کایا، ئینیستیتوی کورد لە پاریس و ژمارەیەک هەواداری لە گۆڕستانی لاچاسی پاریس ئامادە بوون. لە یادەکەدا گولتەن کایا، تورکان ئەلچی، نەجمەدین دەمیرکاپی هاوسەرۆکی ناوەندی کلتوری کوردی دیموکراتیک و کەندال نەزان لەسەرناوی ئینیستیتوی کوردان لە پاریس قسەیان کرد. لە قسەکاندا ڕاگەیەنرا، بە داواکاری و خەیاڵی هونەرمەند ئەحمەد کایا و شەهیدەکان تێکۆشان بەردەوام دەبێت. یادەکە دوای سەردانی گۆڕی ییڵماز گونەی هونەرمەند و دەرهێنەری سینەمای کورد کۆتایی هات.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کفری

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: تورکیا

وڵات: فرەنسا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-16

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-16

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-16

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-16

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-16

[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 397

2019-11-17

ژن ژیانە مەیکوژە
Yesterday at 21:39 ·

ئاگاداری
ڕۆژی ١٧ ی ١١ ی ٢٠١٩ یەکەم ڕۆژی دانیشتنی دادگای تاوانەکان دەبێت لە شاری سلێمانی سەبارەت بە دۆسیەی سێوان قادر و ٣ منالەکەی کە پار لە ڕووداوێکی تراجیدیدا هەر چواریان سووتان .. بە ناوی بنەماڵەی سێوان و پرۆژەی ژن ژیانە مەیکوژە بانگهێشتان ئەکەین بۆ ئامادەبوون لە پرۆسەی دادگایی کردنەکەدا ، بۆ هەموو ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مافی منداڵان و چالاکەوانانی ژنان و چالاکەوانانی مەدەنی و پارێزەران و میدیاکاران و هەموو ئەو هاوڵاتیانەی دەربەستی ئەم دۆسیەن ، هیوادارین ئامادە بن لە دادگا ..

پرۆژەی ژن ژیانە مەیکوژە
١١ / ١١ / ٢٠١٩



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- مانگرتنی هەنگاو بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکرایکردووە کە تاکوو ئێستا زیاتر لە 11 خۆپیشاندەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان گیانیان لەدەستداوەو نزیکەی سەد کەسیش بریندار بوون. بەپێی زانیارییەکان 10 کەس لە شاری جوانڕۆ، 6 کەس لە مەریوان و خۆپیشاندەرێکیش لە شاری سنە کوژراون. خۆپێشاندانەکان ئەمڕۆش لە زۆربەی شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامن.[1]
- کێژێک بە ناوی شلێر دادوەند خەڵکی میراوێی بۆکان، لە خۆپیشاندانەکاندا بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە حکوومەتییەکانی ئێران، کوژرا.[4]
باشووری کوردستان
- یەکەمین دانیشتنی دادگایی کەیسی سێوان قادر و منداڵەکانی بەڕێوەچوو، کەسوکارەکەشی داوای دەرکردنی سزای لە سێدارەدان بۆ تاوانبارەکەیسەکە دەکەن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە، کە هێزەکانی سووریای دیموکرات بە گوێرەی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕووسیا و حکوومەتی سووریا، شارۆچکەی تل تەمر ڕادەستی هێزەکانی ڕووسیا دەکات. بەگوێرەی ڕێککەوتنەکەش هێزەکانی ڕووسیا و حکوومەتی سووریا لە شارۆچکەی تل تەمر بڵاودەکرێنەوە و هێزەکانی تورکیا و چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنیش لە دەوروبەری تل تەمرەوە تاوەکو سنووری سەرێکانی دەکشێنەوە.[1]
- وتەبێژی فەرمی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک (قەسەدە) ڕایگەیاند هێرشەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بۆ سەر ڕێگای نێودەوڵەتی (M4) و تل تەمر بێ وەستان بەردەوامن.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: بۆکان

شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-17
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-18
کاتی تۆمارکردن: 2019-08-23
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 398

2019-11-18



رۆژهەڵاتی کوردستان
- خۆپیشاندان لە شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردەوە، ئێوارەی ئەمڕۆ بە تەقەی هێزەکانی ئێران لە مەریوان سێ کەس بریندارکران.[4]
باشووری کوردستان
- بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری هەولێر، بەشی میوزیک و گۆرانی لەژێر دروشمی (میوزیک و گۆرانی دەنگێک بۆ نیشتیمان) دووەم ڤیستیڤاڵی کوردستان بۆمیوزیک و گۆرانی بەبەشداری هونەرمەندو موزسیانانی هەرچوارپارچەی کوردستان سازکرد.[6]
- بۆ هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران سەبارەت بە گرنگی بایکۆت و زیانەکانی بەرهەمی تورکی، لە خوێندنگایەکی ئامادەیی شارۆچکەی دەربەندیخان چالاکییەک بە دروشمیمن کوردم، کاڵای تورکی ناکڕمبەڕێوەچوو.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت لەنێوان هێزەکانی سوریای دیموکرات هەسەدە و هێزەکانی نزیک لە تورکیا بە پشتیوانی فڕۆکە هەواڵگیرییەکانی تورکیا لە گوندەکانی دەوروبەری تلتەمەر دەستپێکرد.[1]
- تەرمی هەریەک لە (ئەحمەد عوسۆ 'بەرخۆدان قۆمەلخ'، عەبدوڵا قادر 'بروسک کۆبانێ'، مەروان تورکی 'مەروان' و ئاگر ئامەد 'زووهات')ی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکراتیک کە لە گوندەکانی سەر بە گری سپی لە چوارچێوەی بەرخۆدانی شەرەف لە وەڵامی هێرشەکانی سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی شەهید ببوون، بە مەراسیمێکی جەماوەری لە گۆرستانی شەهید دیجلە لە کۆبانی بەخاک سپێردران.[2]
- لە چالاکییەکی شەڕڤانانی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە گوندەکانی عەین عیسا، ئەحمەد حسێن جاسم ناسراو بە (ئەبو حەفز شەرقیە)کوژرا. ئە و فەرماندە سەربازییەی ئەحرار ئەلشەرقیە، سەرپەرشتیاری ئە و گروپە بووە کە هەڤرین خەڵەف- یان تیرۆر کرد.[3]
- لە گوندی شرگراک-ی باشوری گرێ سپی، لەکاتی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبێلێکی چەتە هاوپەیمانەکانی سوپای داگیرکەری تورک بەناوچەکە مینێک تەقییەوە. بەپێی زانیارییەکان، ژمارەیەک چەتە کوژراون و بریندارببوون.[7]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا سزای بەسەر (5) قەوارە و (4) کەسایەتییدا سەپاند، کە زۆربەیان لە تورکیان و تۆمەتبارن بە هاوکاریکردنی دارایی داعش.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-11-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-11-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-11-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-11-18
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-11-18
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 399

2019-11-19



رۆژهەڵاتی کوردستان
- خۆپیشاندان لە شارەکانی ڕۆژهەڵات بەردەوامن و هێزەکانی داگیرکەری ئێرانیش کوێرانە خۆپیشاندەران گوللەباران دەکەن، زۆرترین شەهید و بریندار لە شاری مەریوانە.[2]
باشووری کوردستان
- ئەمڕۆ فڕۆکە بێفڕۆکەکانی تورکیا شارەدێی خانەسۆری شەنگالیان بۆردوومان کرد و خانوبەکیان لە سەنتەری کومەڵگای خانەسۆر کردە ئامانج.[2]
- ژمارەیەک چەکداری دەمامکدار تەواوی مووچەی فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی کەرکووکیان برد و هێزە ئەمنیەکانیش بەشێوەیەک چڕ لەناو شاردا بڵاوەیان پێکراوە بۆ دۆزینەوەیان.[3]
- دیداری ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمریکی کوردستان لە دهۆک دەستپێکرد و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[4]
- لە ساڵۆنی کوردستانی نوێ ڕێورەسمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی (بەرەو کۆنگرەی چارەنووسسازی بڕیاردان) بۆ حاکم قادر حەمە جان کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەڕێوەچوو.[5]
- لە هەولێر، لە فێستیڤاڵێکدا چەندین پەرتوکی دەستنووس نمایشکران کە مێژووی نوسینەکانیان بۆ 500 ساڵ پێش ئیستا دەگەڕێتەوە، بە وتەی بەرپرسی هۆبەی دەستنووسەکان نزیکەی 700 پەرتوکی دەستنووس لە کوردستان هەیە و تائیستا پارێزراون.[3]
- لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی ناوەندی حەوت ڕەنگە بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی 11یەمین پێشانگای تایبەتی هونەرمەند ئاری بابانی کردەوە، بەڵام ناوبراو بەهۆی باری تەندروستییەوە نەیدەتوانی قسە بۆ میدیاکان بکات.[3]
- بۆ هۆشیارکردنەوەی خوێندکاران سەبارەت بە گرنگی بایکۆت و زیانەکانی بەرهەمی تورکی، لە شارۆچکەی دەربەندیخان چالاکییەک بە دروشمی (من کوردم، کاڵای تورکی ناکڕم) بەڕێوەچوو.جەختیش کرایەوە بەشێکی کاڵای تورکی مەترسی نەخۆشی جۆراوجۆریان لەسەرە.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی دوێنێ شەو هێرشیان کردە سەر گوندەکانی دەوروبەری هەرێمی دبسی سەر بە عەین عیسا و هەوڵیاندا ڕێگەی نێودەوڵەتی (M-4) داگیر بکەن. شەڕڤانانی هەسەدە وڵامی هێرشەکانیان دایەوە و لە ئەنجامدا چەتەیەکی داگیرکەر کوژرا.[1]
- ماڵی هاووڵاتیانی سەرێکانی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا تاڵان دەکرێن و چەندین خانووی کورد کراونەتە بارەگای سەربازیی میلیشیاکان. خەڵکیش ناتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانیان، هاوکات دیاردەی ڕفاندن دەستی پێ کردووە و دواتر بە برە پارەیەکی زۆر ڕفێندراوەکان ئازاد دەکرێن. ئەوەی ئێستا لە سەرێکانی ڕوو دەدات، پێشتر بەرامبەر بە خەڵکی عەفرین کراوە.[5]
- هاوڵاتیەک بە ناوی عەلائەدین ئەلحسێن بە هۆی تەقینەوەی مینێکی سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی داعش و ئەلنوسرە لە گوندی هۆشانی عەین عیسای کانتۆنی گرێ سپی هەرێمی فورات بریندار بوو.[1]
- سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا بەڵێنی پاراستنی پێکهاتەکان و بەتایبەت کریستیانەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی لە سەرۆکی تورکیا وەرگرتووە، بەڵام گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا لە چەند شوێنێک لە دژی کورد و کریستیانەکان کۆمەڵکوژییان کردووە. ژمارەیەک لە کریستیانەکان لەدوای هێرشەکەی تورکیا ناوچەکانیان چۆڵکردووە، بەڵام بەشێکیان چەکیان هەڵگرتووە و شانبەشانی هەسەدە پارێزگاری لە گوندەکانیان دەکەن.[4]
- بەگوێرەی ماڵپەڕی چەتەکانی سەربە دەوڵەتی تورک، لە گوندێکی نزیک سەرێکانی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێکراو لە نزیک بارەگایەکی سوپای تورک تەقێندراوەتەوەو کوژراو بریندارى لێکەوتووەتەوە.[7]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمڕۆ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی لیبیا لە ڕاگەیەندراوێکدا تێکشکاندنی 19 زرێپۆشی دەوڵەتی تورک کە بۆ هاوکاری چەتەکانی ڕەوانەی لیبیای کردبوو، ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: دوای خستنە ژێر کۆنترۆڵی 19 زرێپۆش کە بۆ هاوکاری گرووپە چەتەکانی گرێدراوی دەوڵەتی تورک بە کەشتیی لە تورکیاوە ڕەوانەی بەندەری مسراتە کرابوون، لە ئاسمانەوە بە فڕۆکە کرانە ئامانج و تێکشکێندران.[7]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-19
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-19
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-19
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 400

2019-11-20



باکووری کوردستان
- موسلیم کلیچ، هاوسەرۆکی هەدەپە لە دیلۆک و عەبدوڵا ئینجە هاوسەرۆکی دەبەپە، سەلمان توتوملو، هاوسەرۆکی هەدەپەی ناوچەی شەهید کامیلێ، موسلم ئۆزگان، ئەمین کاڤاک، محەمەد گوموشتەکین، سلێمان یاگز و سەردار یلدرم کە لە 14ی تشرینی دووەم لە ماڵەکانی خۆیان دەستبەسەر کرابوون، لە ئاسایش دەرهێنران و ڕەوانەی دادگای دیلۆک کران. دوای وەرگرتنی وتە لێیان، 8 کەس بە تۆمەتی ئەندامبوون لە ڕێکخستن لە لایەن دادگاوە بڕیاری زیندانیکردنیان بۆ دەرچوو. سیاسەتمەدارەکانیان ڕەوانە گرتووخانەی پیتی Aی دیلۆک.[7]
- هاوسەرۆکی شارەوانی سوروج-ی هەدەپە 'خەدیجە چەڤیک' کە لە ئۆپەراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا دەستبەسەر کرابوو، بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرچوو.[7]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بارودۆخی تەندروستیی 4 کەس لە بریندارەکانی بۆکان ناجێگیرە و 2 کەس لە بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری ورمێ کراون. هێزەکانی سپای پاسداران لە نەخۆشخانەی قولی پووری بۆکان جێگیر کراون و ئیزن بە چوونە ژوورەوەی کەس نادەن و نەخۆشخانە بووەتە پادگانی نیزامی.[5]
- خەلیل ئەسەدی بوژانی، چالاکی فەرهەنگیی پەیڕەوی ئایینی یارسان، لە گەڕەکی جەعفەرئاوای کرماشان، بێ پیشاندانی مۆڵەتی یاسایی لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر خانووی ئەم چالاکە فەرهەنگییە و دوای پشکنین، کەرەستەی کەسی، مۆبایل و کتێبەکانی ناوبراویان لەگەڵ خۆیان بردووە.[5]
باشووری کوردستان
- بەپێی ڕاگەیێندراوێکی دەستەی دەستپاکی عێراق، فەرمانی دادگا دەرچووە بۆ هەریەک لە: یاریدەدەری پارێزگاری کەرکووک بۆ کاروباری تەکنیکی، سەرۆکی پێشووی زانکۆی کەرکووک و یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و ڕاگری پێشووی کۆلێژی یاسا و سەرۆکی پێشووی بەشی یاسایی لە زانکۆی کەرکووک.[1]
- کەنالی ئێن ئارتی دوو پەخشکردنی زنجیرە فیلم و کلیپی تورکیی بایکۆتکردووە، دوو زنجیرە فیلمی تورکیش کە بەنیازبوو دۆبلاژیان بکات دەگەڕێنێتەوە بۆ تورکیا.[4]
- دواییین کاروانی کەمپەینی هاواری نیشتیمان کە بۆ پشتیوانی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەولێر ڕاگەیەندرابوو، کە پێنج تۆن دەرمان و پێداویستی پزیشکی بوو، ڕەوانەی ڕۆژئاوای کوردستان کرا.[4]
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان فەرمانی گەڕانەوەی 53 فەرمانبەری سەر بە یەکێتی لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دەرکرد، وەک قۆناغی یەکەمیش 27 فەرمانبەر گەڕانەوە سەر کارەکانیان، دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابوردوو فەرمانی گواستنەوەی ڕاژەیان بۆ کرابوو.[1]
- هەرچەندە هاوڵاتیانی باشوری کوردستان بەبەردەوامیی داوای بوژاندنەوەی بەرهەمی ناوخۆیی دەکەن، بەڵام ئەمڕۆ بەهاوکاری بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و بەشداربوونی وەزیری بازرگانی هەرێم، کونسوڵی دەوڵەتی تورک لە هەرێم، پارێزگاری هەولێر، 21مین پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ بەرووبووم و ئامێرەکانی کشتوکاڵی تورکیا و چەند وڵاتێکی دیکە کرایەوە. لە پێشانگاکەدا زۆرترین کۆمپانیای بەشدار کۆمپانیاکانی دەوڵەتی تورکن، هەروەها کۆمپانیای چەند وڵاتێکی دیکەی بیانی و ناوخۆیی بەشدارن.[4]
- پرۆژەی کلتوریی 'ئێمە دیارین' کە پرۆژەیەکی هاوبەشی کۆمەڵەی مێسلا و مس گەلەریە و خۆی لە دروستکردنی خشتی نەخشێندراو بە وێنە و نووسراو دەبینێتەوە و بۆ مۆزەخانەی کۆبانێ دروستکراوە، لە مەراسیمێکدا لە شاری سلێمانی

نمایشکرا.[4]
دەرەوەی کوردستان
- هەواڵگری ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکدا ڕایدەگەیەنێت: ڕێکخراوی داعش لە ناو سوریادا بە ئاشکرا دەرکەوتووەتەوە و لە توانایدایە هێرش بکاتە سەر خۆرئاوا، ئەوەش لەئەنجامی بڕیارێکی مانگی ڕابوردووی دۆناڵد ترامپ بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکوری سوریا.[1]
- وتەبێژی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە هێزە ئەمنییەکانی ئێران دەکات، دەستڕێژی گوللە لە خۆپیشاندەران نەکەن و لە زووترین کاتدا هێلەکانی ئەنتەرنێت بگەڕێننەوە.[1]
- سوپای ئیسرائیل لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، وەڵامی ئەو مووشەکانەیان داوەتەوە کە لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە سووریاوە ئاراستەی ئیسرائیل کراون و بەیانی ئەمڕۆ فڕۆکەکانیان چەندین بنکەی فەیلەق قودس و چەکدارانی سەر بە ئێرانیان لە سووریا کردووەتە ئامانج. سوپای سووریاش لەسەر ئەو هێرشانە بڵاویکردووەتەوە، بەرگری ئاسمانی وڵاتەکەیان لە دەروبەری دیمەشق چەند مووشەکێکی ئیسرائیلیان خستووەتە خوارەوە.[3]
- گوتەبێژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا "پێنتاگۆن ڕایدەگەیێنێت، سەرچاوەی داهاتی کێڵگە نەوتییەکانی باکووری سووریا بۆ هەسەدە دەچێت، نەک ئەمریکا.[2]
- داگیرکەری ئێران، کوژرانی 13 خۆپیشاندەری پشتڕاستکردەوە.[6]
- حکومەتی سوریا بڵاویکردەوە، بۆردوومانەکانی ئیسرائیل کۆگای چەکی سەر بە ئێرانی لە ڕیفی پارێزگای دیمەشق کردۆتە ئامانج و بەهۆیەوە 11 کەس کوژراون، کە 7 یان ئێرانین. ڕاگەیاندنی ڕەسمی سوریا ئەوەشی بڵاوکردۆتەوە، بۆردوومانەکە سەرباری زیانە گیانییەکان زیانی ماددی گەورەشی هەبووە.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان:	ئەنتاب - دیلۆک
شار و شارۆچکەکان:	بۆکان
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	ورمێ
شار و شارۆچکەکان:	کرماشان
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-20
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-20
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-20

[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-20
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 401

2019-11-21



باکووری کوردستان
- ئاژانسی هەواڵدەری تورکیا (ئەنادۆل)، گرتەی ڤیدیۆی دەستگیرکردنی کادیرێکی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە باکووری کوردستان بڵاوکردەوە. بە گوتەی گرتە ڤیدیۆییەکە، سەمرا تونجەر، کە ناوی لە لیستی خۆڵەمێشی داواکراوانی تورکیایە، لە سەر ڕێگەی سەرەکی دیاربەکر کەوتووەتە بۆسەیەکی هێزە ئەمنییەکانەوە و دەستگیرکراوە. سەمرا، لە لایەن دەوڵەتەوە داواکراو بووە و بڕی (52) هەزار دۆلاری ئەمەریکیش وەک خەڵات دەستنیشان کرابوو، بۆ هەر کەسێک زانیاری لە بارەوە بداتە دەزگاکانی دەوڵەت.[3]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەهۆی نارەزایەتی دەربڕینی هاووڵاتیانی کورد لە شارەکانی کوردستان، هێزە نیزامی و ئیتلاعاتییەکانی سپای پاسداران، بە شێوەی بەربڵاو لە شارەکانی کوردستاندا، دەستیان بە ڕەشبگیریی هاووڵاتیانی کورد کردووە.[5]
- هەریەک لە عوسمان مستەفاپوور، بەندکراوی سیاسی خەڵکی پیرانشار دوای 28 ساڵ بەندکران و محەمەد نەزەری بەندکراوی سیاسی خەڵکی سایین قەڵا دوای 25 ساڵ بەندکران لە بەندیخانەی ناوەندی ورمێ ئازاد کران.[2]
- حکومەتی ئێران زۆربەی ئەو خۆپیشاندەرانەی دەستگیرکردوون کە هەفتەیەکە لەسەر نەبوونی و گرانکردنی نرخی سووتەمەنی نارەزایی دەردەبڕن. ئامارە نافەرمییەکان دەڵێن سێ هەزار کەس گیراون. تەنانەت بریندارەکانیش لە نەخۆشخانە و ماڵەکاندا دەستبەسەرکراون و چارەنووسیان نادیارە.[6]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدی یەکێتییەوە لەشاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان چەندین چالاکی و مەراسیمی تایبەت بە و بۆنەیەوە بەڕێوەدەچێت.[4]
- ڕێکخراوی ناوەندی ڕەگ بۆ هۆشیاری و ڕاگەیاندن ڕێورەسمێکی یادکردنەوەی بۆ هەشتەم ساڵیادی کۆچی دوایی دانیال میتران لە هەولێر سازکرد کە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتی فرەنسا و نوێنەری سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی تیادا بەشداربوون.[2]
- گەڕی پێنجەمی خولی نایابی کوردستان گۆڕانکارییەکی گەورەی لە ڕیزبەندی خولەکە دروست کرد، برایەتی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی سەرکەوتنی تۆمار کرد و پێشەنگی بە سیروانی نوێ چۆڵ کرد، یانەکانی دهۆک و زێرەڤانی یەکەمین سەرکەوتنیان لەم وەرزە تۆمار کرد.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە شارۆچکەی دەربەندیخانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، لەکاتی بەڕێوەچوونی یارییەکی تۆپی پێ، لەنێوان

یانەی دەربەندیخان و یانەی زاخۆ، لەیاریگای مەحموی مامەعەزە لەشارۆچکەی دەربەندیخان، کۆمەڵێک گەنجی خۆبەخش بەمەبەستی فراوانکردنی هەڵمەتی بایکۆتکردنی کاڵای تورکی بڵاوکراوەیان بەسەر ئامادەبووواندا بڵاوکردەوە و دروشمی من کوردێکی دڵپڕم کاڵای تورکی ناکڕم-یان دەوتەوە.[1]

ڕۆژئاوای کوردستان

- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ڕایگەیاند، لە دەوروبەری کوبانێ، فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی تورکی بۆردومانی ژمارەیەک شەڕفانی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە)ی کردووە و حەوت شەڕفان کوژراوون.[3]

- ئەمەریکا کاروانێکی دیکەی هێزی سەربازی ڕەوانەی بنکە سەربازییەکانی خۆی لە باکووری تەل تەمری ڕۆژئاوای کوردستان دەکات.[3]

دەرەوەی کوردستان

- بەدەستپێشخەری ڕێکخستنەکانی پژاک لە بەریتانیا، خۆپیشاندانێک لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئێران لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا ئەنجامدرا.[1]

- ئاژانسێکی ڕەسمی ئێران ڕایدەگەیەنێت: لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا ژمارەیەک کچ و ژن لە سلێمانییەوە بۆ گێرەشێوێنی و ئاڵۆزکردنی زیاتری بارودۆخەکە هاتوون و لە خۆپیشاندانەکانی شارە جیاوازەکانی ئێراندا هاندەری خۆپیشاندەران بوون.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی ژیانی ئازاد - پژاک
پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان:	دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان:	زاخۆ
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	ورمێ
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	تورکیا
وڵات:	شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-21

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-21

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-21

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-21

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-21

[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-21

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 402

2019-11-22



باکووری کوردستان
- خانەوادەی ئوجالان و گیراوانی تر بۆ ئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام بدەن، داواکارییان پێشکێشی داواکاری گشتی بورسا کرد.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئەمنییەتیی پارێزگاری سنە و فەرماندەی هێزە نیزامییەکانی ئەو پارێزگایە، هاوواڵاتیانی ناڕازیی بە ئەندامبوون و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تۆمەتبار کردووە.[4]
باشووری کوردستان
- زیاتر لە 50 ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکەن لە نووسینەوەی دەستووری کوردستان بەشدارییان پێ بکەن.[1]
- بە بەشداری نزیکەی 600 کەس لە 64 گرووپی جیا جیای شاخەوانی، فیستیڤاڵی ساڵانەی شاخەوانانی کوردستان لە ئاکرێ بەڕێوەدەچێت کە لەلایەن فیدراسیۆنی شاخەوانی هەرێمی کوردستان ڕێکخراوە.[2]
- بەبەشداری 370 ئەندام کارەکانی دەیەمین کۆنگرەی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری هەولێر دەستپێکرد، لەو کۆنگرەیەدا تەنیا ئەنجومەنێک بۆ بەڕێوەبردنی حیزب دیاری دەکرێت.[1]
- لە کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جوودی (مەخموور) بە دڕووشمی (دروستکردنی سیستەمی دیموکراتیک، دروستکردنی ژیانی ئازادە) بە بەشداری 320 ئەندام لە ڕۆژی دووەمیدا بەردەوامە، کۆنگرەکە بە هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی کار و خەباتی دوو ساڵی هەر دامەزراوەیەک دەستی بە چالاکییەکانی دووەمین ڕۆژی کرد.[3]
- یەکگرتووی ئیسلامی داوا لە سەرۆکاتی هەرێمی کوردستان دەکات بکوژانی مەلا وشیار ئیسماعیل بە سزایی عادیلانە و یاسایی خۆیان بگەیەنن و حوکمی یاسایی لەسێدارەدانیان کە لە دادگاوە بۆ دەرچووە جێبەجێبکرێت.[1]

- لە شارۆچکەی دەربەندیخان شانۆیفەرشی سور بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان نمایشکراو پێشانگایەکی فۆتۆگرافی گوزارشتکردن لە ئازارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان کرایەوە.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگیاند: دەوڵەتی تورکی داگیرکەر دەستی کردوە بە گواستنەوەی خیزانی چەتەکان لە شاری جەرابلوسی کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئاوی فوراتەوە بۆ شاری گرێ سپی واتە ڕۆژهەڵاتی ئاوی فورات.[5]
دەرەوەی کوردستان
- ئۆلیگ سیرومۆلۆتۆف، جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا هۆشداری لەبارەی بەردەوامی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەدات و دەڵێ هێرشەکانی تورکیا هاوکارن بۆ سەرهەڵدانەوە و بەهێزبوونەوەی چەکدارانی داعش.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاکرێ
شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-22
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-22
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-22
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-22
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 403

2019-11-23

ئاگاداری بۆ دانیشتوانی وڵاتی بریتانیا

بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانی نارەزایەتی گەلانی وەزالە هاتووی ئێران و بە تایبەت خەڵکی هەمیشە زۆڵملێکراوی کوردستان، ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، خۆپێشاندانێک لە بەدەرکی سەفارەتی ڕژیمی دیکتاتۆری جمهوری ئیسلامی ئێران لە شاری لەندەن بەڕێوە دەبات .

کات: ڕۆژی شەممە ٢٣ی نۆامبر-کاتژمێر ٢ بۆ ٤ی پاشنیوەڕۆ

شۆێنی خۆپیشاندان: Princes Gate, Knightsbridge, London, 16 SW7 1PT



باشووری کوردستان
- لە گردبونەوەیەکدا لە هەولێر، ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی داوا لە سەرۆکی هەرێم دەکەن پابەندی ئەو بەڵێنە بن کە داویانە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری لەسێدارەدان بۆ بکوژانی مەلا وشیار ئیسماعیل.[2]
- وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیێنێت، بەهۆی گرفتێکی تەکنیکی لەناکاو لەبۆری غازی کۆرمۆر بەرهەمهێنانی کارەبا کەمبووەتەوە و کاریگەریی تووندی کردووەتەسەر تۆڕی کارەبای نیشتمانی.[3]
- بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندو تیژی دژی ژنان دوای نێوەڕۆی ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی ڕێکخراوەکانی بواری ژنان لە شاری سلێمانی چالاکیەکی ڕێپێوانیان ڕێکخست.[1]
- مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمریکا، سەردانی هەولێری کرد و لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا. مەسرور بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، مستەفا سەید قادر، جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، فەوزی هەریری، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک بەرپرسی هەرێمی کوردستان لەو پێشوازی و کۆبوونەوە لەگەڵ جێگری سەرۆکی ئەمریکادا بەشداربوون.[3]
- دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە گوندەکانی سنوری ناوچەی شێخ باوەی جەلەولا تەقینەوەیەک ڕوویداو جوتیارێک بریندارببوو.[6]
- کاتژمێر 03:00ی دواینیوەڕۆی ئەمڕۆ، بەشێک لە ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی ژنان بە دروشمی لە دژی داگیرکاری و ژن کوشتن بێدەنگی بشکێنە گردبوونەوەیەکیان لە باخچەی قەڵا لە شاری کەرکووک بەڕێوەبرد.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە نزیک کەمپی پەنابەران و جادەی نێودەوڵەتی (M4) هێرشکرنێکی بەهێز ئەنجام دەدرێت. هەروەها ناوەندی ناوچەی عەین عیسا تۆپ باران دەکرێت. شەڕڤانانی قەسەدە و ئەندامانی هێزی سوپای ڕژیمی سوریا وڵامی هێرشەکان ئەدەنەوە. هێرش بە مەبەستی داگیرکردنی ناوچەکە لە لایەن سوپای داگیرکەری تورکیاوە بەردەوامە.[1]
- بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە شارۆچکەی گرێ سپی 10 کەس کوژران و 20ی دیکە بریندارببوون.[2]
- بەگوێرەی ئاژانسی سانای سەر بە حکوومەتی سووریا، گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا دوو هاوواڵتیان لە گوندی عریشەی سەر بە سەرێکانیان گوللەباران کردووە. ئاماژەی بەوەشکردووە، هێزەکانی سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکان لە گرێ سپی و سەرێکانی دەستیان بە تاڵانکردنی مالی هاوواڵتیانی کورد کردووە.[4]

دەرەوەی کوردستان
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئەهواز ڕایگەیاند، بە تەنیا لە پارێزگای خوزستانی ئێران 60خۆپیشاندەر کوژراون.[1]
- لە زۆرێک لە شارە گەورەکانی ئەوروپا خۆپیشاندان دژی داگیرکەری ئێران ئەنجامدرا.[5]
- فەرەنسا لەسەر هەژموونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتەدەنگ و وەزیری بەرگری ئەو وڵاتە دەڵێت، ئەمریکا خەریکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاشەکشە دەکات.[3]
- حەیدەر عەبادی، سەرۆکی هاوپەیمانی نەسر ئیدانەی سەردانەکەی مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ عێراق دەکات و دەڵێت: بەغدا پایتەختی عێراقە نەک هەولێر.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-23
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-23
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-23
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-23
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 404

2019-11-24


Aram Hamasaeed
1 hr ·

ژنە چالاکوانێک بۆ جاری چوارەم هەڕەشەی لێدەکرێت

ڕێکخراوی ١٧ی شوبات بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاندووە: سنور کەریم چالاکوانی دیاری خۆپیشاندانەکان و چالاکوانی بواری مافەکانی ژنان بۆجاری چوارەم هەڕەشەی لێدەکرێت.
بەپێی هەواڵێکی مالپەڕی ١٧ی شوبات بۆ مافەکانی مرۆڤ، سنور کەریم ژنە چالاکوان هەڕەشە لە خۆیی و منداڵە ٨ ساڵانەکەشی کراوە.

ئەو ڕێکخراوە لەسەر مالپەڕەکەی بڵاوی کردووەتەوە: لەسەر ئەم کەیسە دەوەستین و ناوەندە جیهانیەکانی لێ ئاگادار دەکەینەوە، هیوادارین بە زووترین کات لایەنی پەیوەندیدار لە شاری سلێمانی ڕوونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو هەڕەشەو ترس و تۆقاندنە.

ڕێکخراوەکە پشتیوانی خۆی بۆ ئەو ژنە چالاکوانە دەربڕیوەو هەڕەشەی سەر ئەو ژنە چالاکوان و ڕۆژنامەنووسان وپەلکێشکردنیان بۆ دادگا بە"کپکردنی دەنگی ئازاد و تەسککردنەوەی مەودای ئازادی ڕادەربڕین" ناوبردووە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- سەرچاوەیەک لە بۆکانەوە ڕایگەیاند، خۆپیشاندانی هاوڵاتیان لە بۆکان دوێنێ شەممە لە جادەی مونتەهی بەرەو مەیدانی فەرمانداری دەستپێکرد، بەڵام خۆپیشاندەران ڕووبەڕووی هێرشی هێزە ئەمنیەکان بوونەوە و لەنێوانیاندا شەڕ ڕوویدا. بە پێی سەرچاوەکە. هێزە ئەمنیەکان ساچمەزەنیان بەکارهێناوە کە لە ئەنجامدا ژمارەیەک خۆپیشاندان کوێر بوون و ژمارەیەکیش بریندار بوون. لە ئێستادا لە بۆکان باری نائاسایی ڕاگەیەنراوە و هێزە ئەمنیەکان هەموو جادەکانی شاریان تەنیوە.[1]
- دوکتور ئازاد محەممەدیان، وتەبێژی بەرەی یەکگرتووی کورد، دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ، لە شوێنی کارەکەی لە بۆکان، لەلایەن مەئمووراني ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ورمێوە دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزاوە. هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش پشکنینی ماڵی ناوبراو، لەبتاب، چەند فلاش، چەند کتێب و هەروەها هەندێک نامیلکە و نووسراوەی دەسنووسی ڕۆژانەی ناوبراویان لەگەڵ خۆیان بردووە. بەرەی یەکگرتووی کورد لە بەیاننامەکەی خۆیدا، وێڕای ناڕەزایەتی دەربڕین لە دەسبەسەرکردنە ناڕەواکان کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە شێوەی بەربڵاو لە کوردستان ڕوویداوە، خوازیاری ئازادکردنی هەرچی زووتری دوکتور ئازاد محەممەدیان بوون.[6]
باشووری کوردستان
- گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لە ئەمڕۆوە دەست بە دابەشکردنی واپارەی گەنمی ئەمسالی جووتیاران دەکرێت.[2]
- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەسەر داوای ئەندامانی پەرلەمان، کەمپینێکیان بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند و داوایان لە هاووڵاتیان و ڕێکخراوە ناوخۆیی و دەرەکەییەکان و سەرمایەداران کرد کە بەشداری کەمپینەکە بکەن.[3]
- کارمەندانی تەندروستی سەرجەم نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکانی سنوری (پێنجوێن، سەید سادق، شارەزوور، دوکان، قەرەداغ، شارباژێڕ و چەند بەشێکی ناوەندی شاری سلێمانی)، بەهۆی کێشەی تایبەت بە دەرمانەی تەندروستی و وەڵامەنەدانەوەی داواکارییەکانیانەوە لە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی مانگرتنی درێژخایەنیان ڕاگەیاند. کارمەندانی تەندروستی بڕیاریان دا تا وەڵامیان نەدرێتەوە بایکۆتی دەوام ڕابگەیەنن.[3]
- ئەمڕۆ لە شاری کەرکووک لە بارەگای دامەزراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی تورکمان، بە ئامادەبوونی کەسایەتیەکانی تورکمان و بەرپرسی ڕێکخراوەکانی تورکمانی عێراق، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدرا، سەبارەت بە دامەزراندنی پێکهاتەکانی شارەکە لە

داموودەزگاکانی کەرکووک بەپێ سیستەمی ٪32ی پێکهاتەکانی شارەکە و وەستاندنی بەعەرەب کردنی شاری کەرکووک و دانانی عەرەبی پارێزگاکانی دیکەی عێراق لە بەرێوبەرایەتیەکانی شاری کەرکووک.[1]
- بەشێک لە پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر گردبوونەوە و پاڵپشتییان بۆ خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەربڕی.[2]
- ئەمڕۆ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شاری هەولێر کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیی ئەنجامدا و تیایدا ئاشکرا کرا، کە لە کۆنگرەی حزبەکەیاندا، کە ڕۆژی هەینی دەستیپێکردبوو، هەریەکە لە بەڵێن عەبدوڵڵا و سەعد خالید وەک سکرتێر و جێگری سکرتێری هەڵبژێردراوە و بەهەمەن حسێن-یش وەک سەرۆکی ئەنجومەنی گشتیی، کە لە 25 کەس پێکهاتوون، هەڵبژێردراوە.[4]
- بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ لە هۆتێل ڕامادا لەشاری سلێمانی ئاهەنگێکی خێزانی بەبۆنەی ناساندنی شاری سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەک شاری داهێنەری ئەدەب سازکرد و لەبەشێکیدا لەلایەن هێمن جەمیل فۆتۆگرافەر، پێشانگەیەکی شێوەکاری کرایەوە.[5]
- ئەمشەو چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر گوندی ئیسلاح لە سنووری شارۆچکەی گوڵاڵە و بەهۆیەوە چوار کەس کوژران و هەشت کەسی دیکەش بریندار بوون.[2]
- دژی تووندوتیژی دژ بە ژنان و بۆ پشتگیریکردن لە ژنان و منداڵانی ڕۆژئاوای کوردستان گردبونەوەیەک لەلایەن ژنانی هەڵەبجەوە بەڕێوەچوو.[4]
- لە شارۆچکەی ڕانیە، بە دەستپێشخەری ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان، ڕێپێوانێکی جەماوەری بۆ ڕۆژی 25ی نۆڤەمبەر ساڵڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان بەڕێوەچوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هێرشی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی بۆسەر گوندەکانی باکوری ڕۆژئاوای عەین عیسا، ڕووبەڕووی بەرخۆدانی گەورەی شەڕڤانانی قەسەدە بوەوە و تێکشکێنرا.[1]
- یەکینەیەکی دژە تیرۆری سەر بە ئەنجومەنی سەربازی منبج، شانەیەکی داعشیان دەستگیرکرد کە خانەوادەکانی داعشیان لە کەمپی هۆڵ بۆ تورکیا دەبرد.[1]
- بە مەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشەکەی 20ی ئەم مانگەی گوندی قرنفولی سەر بە گرێ سپیی سوپای دەوڵەتی تورک و چەتەکانی کە تیایدا 2 کەس گیانیان لەدەست دا و 3 کەسیش بریندار بوون، هەروەها ئیدانەکردنی پێشێلکاریەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە سەدان هاوڵاتی شاری کۆبانێ لە گۆڕەپانی ژنانی ئازاد گردبوونەوەیەکیان ساز کرد.[1]
- هاوڵاتیانی گەڕەکی جسر-ی سەر ب ناوچەی گرێ سپی لە دژی هێرشەکانی چەتەکانی ئەردۆغان بەرامبەر بە ژنان، ڕژانە ناو شەقام و کۆڵانەکان و ناڕەزاییەکی تووندیان پشاندا. هاوڵاتیان هێرشیان بردە سەر بارەگای چەتەکان و بارەگاکەیان سوتاند و لە ئەنجامیشدا 3 چەتە کوژران.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)
شار و شارۆچکەکان: قەرەداغ
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: منبج
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-24
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-24
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-24
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-25
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 405

2019-11-25



باکووری کوردستان
- لە شاری وان بڕیاری قەدەغەی ئەنجامدانی چالاکی کە 1100 ڕۆژە بەردەوامە، جارێکی دیکە درێژ کرایەوە. هەواڵی

درێژکردنەوەی بڕیارەکە لە لایەن پارێزگاری شاری وانەوە درا و بەم بڕیارە ڕێگا نادرێت لەو شارە هیچ چالاکییەک ئەنجام بدرێت و لە حاڵەتی ئەنجامدانی هەر جۆرە چالاکییەکی مەدەنیدا هێزەکانی پۆلیسی تورک ڕێگری لێدەکەن.[3]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- لە سنووری شنۆ، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت تەقەیان لە ژمارەیەک کاسبکارێکی کوردی مەهابادی کرد و لە ئاکامدا کاسبکارێکی خەڵکی ئەو شارە کوژرا. هەواڵنێری کوردپا، شوناسی ئەو کاسبکارە کوردەی بە ناوی سمکۆ (ئیسماعیل) قادرنیا کوڕی عەلی و خەڵکی گەڕەکی پشت تەپی مەهاباد ڕاگەیەندراوە. ئەو کاسبکارە کورد لە سنووری شاری شنۆ تەقەی لێکراوە. لە لایەکی دیکەوە و لە هەمان ڕۆژدا، کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری سەڵماس، لە سنووری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا. شوناسی ئەو کۆڵبەرە کورد بە ناوی ناسر موارادپوور کوڕی عەبدوڵلا و خەڵکی گوندی کۆزە ڕەشی سەڵماس ڕاگەیەندراوە. ئەو کۆڵبەرە لە سنووری شاری پیرانشار تەقەی لێکراوە.[6]

- مۆژگان کاووسی، نووسەر و چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی کەلاردەشتی مازەندەران، لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر و لە چارەنووسی ناوبراو هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی مۆژگان و بەبێ پیشاندانی مۆڵەتی یاسایی، ناوبراویان دەسبەسەر کردووە.[6]

باشووری کوردستان

- گروپی ژیان و هاوبەشەکانی لە ساڵیادی 25ی نۆڤەمبەر هەفتە چالاکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە پارکی هەواری شار لە سلێمانی چالاکییەکیان ڕێکخست تیایدا وتاری گروپی ژیان و شانۆییەک بەڕێوەچوو.[1]

- لە هەولێر هەڵمەتی شانزە ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕاگەیەندرا، بڕیارە لەو ماوەیەدا چەند چالاکییەکی جۆراوجۆر و هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە بەڕێوەبچێت، سەرۆکی پەرلەمانیش، دەڵێت: یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان کەموکورتی تێدایە و پێویستی بە هەموار کردنەوەیە، دەشڵێت: لە ماوەی نۆساڵدا نزیکەی هەزار ژن کوژاون یان خۆیان کوشتووە.[2]

- لە گەرمیان سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان بە هەماهەنگی، 25ی نۆڤەمبەر دەکەن بە هەفتەچالاکی دژ بە تووندووتیژی و داگیرکارییەکانی تورکیا بەرامبەر بە ژنان لە ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها نوێترین ئامار باس لەوە دەکات، کە ئەمساڵ لە گەرمیان هیچ ژنێک بە سوتان و کوشتن گیانی لەدەست نەداوە.[2]

- یەکینەی هەڵۆکانی هاوڵگری عێراق لە بەیانامەیکدا ڕایگیاند: لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنێکی هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش توانیومانە سێ حەشارگەی تیرۆستانی داعش لە شارۆچکەی حەویجەی سەر بەپارێزگای کەرکووک لە ناو ببەین. هەروەها لە بەیانامەکەدا ئاماژەیان بەوەداوە: لە ئۆپرسیۆنەکە پێنج چەکداری داعش کوژراون چەتەیکش بە بردینداری دەستگیرکراوە، یەکێک لە کوژراوەکان (ئەبوو بەرا) سەر چەتەی داعش بوو.[3]

- بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگاوبانی کۆیە باڵوێکردەوە، بەهۆی کارکردن تێیدا لەئەمڕۆوە بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕێگای کۆیە - کلکە سماق دادەخرێت، کە بەشێک لە شۆفێران ئەم ڕێگەیە لە نێوان پارێزگاکانی سلێمانی -هەولێر بەکاردەهێنن.[5]

- بڕیاربوو ئەمڕۆ، ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان، ڕژاک گردبووناوەیەکی ناڕەزایەتی لە بەردەم پارکی شانەدەر لە شاری هەولێر بەڕێوەببات، بەڵام بە بیانووی نەبوونی مۆڵەت ڕێگا نەدرا گردبوونەوەکە ئەنجام بدرێت.[2]

- بە تۆمەتی گەندەڵی ئیدارپی لەلایەن دەستەی دەستپاکی پارێزگای دیالەوە بەڕێوەبەری کشتوکاڵی خانەقین و جێگرەکەی دەستگیرکران کە هەردوکیان کوردن و لە خانەقینەوە گواستراونەوە بۆ بەعقوبە.[1]

- ڕێککەوتنی سەرەتایی لەنێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت و جێگیرکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجە و ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەی 2020 ئەنجامدرا، بڕیارە هەفتەی داهاتوو جارێکی دیکە شاندی هەرێمی کوردستان بچێتەوە بەغدا بۆ ئەوەی ڕێککەوتنی کۆتایی ئەنجامبدەن.[4]

- سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەمڕۆ لە دەفتەری یادگارییەکانی ئارامگەکەی، پەیامێکی بۆ مام جەلال، سکرتێری کۆچکردووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نووسیوە و تێیدا نووسیویەتی: پەرتەوازەین و ئەم کۆنگرەیەی یەکێتی خوا بە باشی بگێڕێ.[5]

- لە شارۆچکەی کفری، کۆڕێک بۆ ئەبو کاروان، بەڕێوەچوو و تێدا باسی لە داگیرکاری تورکیا کرد بۆ ڕۆژئاوایی کوردستان و ئاماژەی بەوەشدا، ئەو وڵاتە ئامانجی قڕکردنی گەلی کورده لە هەر پارچەیەک کوردستان بێت، ڕایشیگەیاند: هەڵەیەکی گەورەیە بڵێن تورکیا بەهۆی پەکەکەوە هێرش دەکاتە سەر باشوور.[2]

- ئێوارەی ئەمڕۆ، لە باخچەی تەنیشت قەڵای شاری کەرکووک، کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان گردبوونەوەیەکیان بەبۆنەی 25ی نۆڤەمبەر ساڵڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی بەڕێوەبرد.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئەمڕۆ زیاتر لە 20 تەرمی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا گەیەندراونەتە شاری ئۆرفای باکوری کوردستان و شەڕ لە عەین عیسا بە سەختیی بەردەوامە.[1]

- لە ڕۆژئاوای کوردستان دۆخی تەندروستی ڕوو لەخراپییە، ئاوی خواردنەوەی 700 هەزار کەس لە دوو شاری تلتەمر و حەسەکە گیراوەتەوە و مەترسیی لەسەر ژیانیان هەیە.[4]

- بە هەزاران ژن لە شەهبا و عەفرین، لە گوندی تەل سوسن بەرەو کامپی سەردەم ڕێپێوانیان کرد. لە ڕێپێوانەکەدا دروشمەکانی 'بەو سوێندەی خواردومانە بە باوەڕ، هەڤرین، بارین و ئاماراکان، تۆڵەتان دەکەینەوە' و 'داگیرکەریی توندوتیژییە، فاشیزم دەروخێنین' بەرز کرانەوە.[3]
- فڕۆکە جەنگییەکان شەوی ڕابردوو کاتژمێر 9:30 خولەک، گوندەکانی باشوری شاری جەرابلوس و گوندی بورج و شارەدێی ئەختەرین لە باکوری شاری باب و ناوچەی ڕاعی-یان بۆردوومان کرد. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەداوە کە ئەو فڕۆکە جەنگییانە، شوێنی پاڵاوتنی نەوت و بارەگای چەتەکانی ئەحرار شەرقیەی سەر بە دەوڵەتی تورکیان بۆردوومان کردووە. ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی سەربازیی باب لەسەر بابەتەکە ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە لە بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییە نەناسراوەکاندا ژمارەیەک زۆر چەتە کوژراون و بریندارببوون.[2]

دەرەوەی کوردستان

- ئاژانسی میللەت دەیلی تورکی بڵاوی کردووەتەوە، تورکیا دەست بە تاقیکردنەوەی سیستمی بەرگری ئێس- 400ی ڕووسی دەکات.[5]
- ڕژێمی سوریا بەهۆی ئەوەی لە کۆبوونەوەکەی جنێڤ کە لەسەر نووسینەوەی دەستووری نوێ سوریا بەڕێوەدەچێت، دژی داگیرکارییەکانی تورکیا هەڵوێست نیشان نادرێت، مێزی کۆبوونەوەکەی جێهێشت.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەڵماس
شار و شارۆچکەکان: شنۆ
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-11-25
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-25

[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-11-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-25
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-26
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 406

2019-11-26



باکووری کوردستان
- بەدیعە ئوزگوکچە ئەرتان هاوسەرۆکی شارەوانی وان دوای ئەوەی لە لایەن ڕژێمی تورکەوە لە پۆستەکەی دوور خرایەوەو لە شوێنی ئەو قەیومی جێگیر کرد، بڕیاری گرتنی بۆ دەرچوو.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی گیانبەختکردنی 143 خۆپیشاندەری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پشتڕاست کردووەتەوە.[4]
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری سەردەشت کەوتنە بۆسەی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێک بە ناوی حەسەن سااڵحپوور بەسەختی پێکرا.[7]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان لاوێکی کوردیان بە ناوی سوهەیب ئەسەدی، خەڵکی سنە، دەسبەسەر کرد. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی باوکی ئەو لاوە کوردە، پاش دەسبەسەرکردنی، بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگوێزراوە.[7]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان 6ی هاوواڵتیی کوردیان بە ناوەکانی بورهان سوبحانی، سەرکەوت ئەحمەدی، عوبەید ئەحمەدی، سالار نەورۆزی، ئاکۆ ئەیازی و بورهان کاکەییان لە سەاڵسی باوەجانی دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.[7]
باشووری کوردستان
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە مەراسیمێکدا لە هۆڵی سینەما سالم، کە ژمارەیەکی بەرچاو هونەرمەند و توێژە جیاجیاکان بەشداربیان کردبوو، هونەرمەند عەدنان کەریم نوێترین ئەلبوومی خۆی بااڵوکردەوە. ئەلبوومەکە سێ گۆرانی لەخۆدەگرێت و تێکستی گۆرانییەکان لە هەرسێ هۆنراوەی گریانی نیوەی شەو، ئەشق و ئازادی و گۆمی خوێن-ی هێمن موکریانی وەرگیراوە.[4]
- بەهۆی بۆردومانی گوندەکەیان لەلایەن فڕۆکەی تورکیاوە، دانیشتووانی گوندی سەرگەینێڵی سنووری سەنگەسەر/ پشدەر، بەتەواوی ئاواڕە دەبن. نەهرۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری شارەدێی سەنگەسەر بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، بۆردومانەکە ئێوارەی ئەمڕۆ بووە و فڕۆکەکان 3 تا 4 جار دەوروبەری گوندی سەرگەینێڵی لە قەندیل بۆردوومان کردووە. ئاماژەی بەوەشکرد زیانە گیانیەکان نەزانراون، بەڵام زیانی ماڵی زۆریان بە ناوچەکە گەیاندووە.[3]
- لە بازگەیەکی هەولێر دەست بەسەر 81 تۆن هێلکەی تورکی-دا گیرا کە نەشیاوە بۆ خواردن و لە دەروازەی سنووری باشماخ هێنراوەتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان.[3]

- بەبۆنەی 25ی نۆڤەمبەر ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان، لە کەمپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، ژنان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[1]
- بەهۆی بڕینی دەرمانەی جوگرافی (هاتوچۆ) پزیشکان و کارمەندانی نەخۆشخانە گەورە تاقانەکەی سنووری شارۆچکەی پێنجوێن، بایکۆتی دەوامیان ڕاگەیاندوە و بەرپرسێکی تەندروستیش، دەڵێت:پەککەوتنی کەرتی تەندروستی پێنجوێن، لەئەستۆی حکومەت و لایەن پەیوەندیدارەکانە.[2]
- نێچیرڤان بارزانی بە یاوەرێی جێگرەکانی سەردانی سلێمانی دەکات.[5]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ لەدرێژەی کاروچالاکییەکانی خۆی مەراسیمێکی بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی سەرەتاتکێی سەربردان بۆ نووسەر ئاریز عەبدوڵڵا ڕێکخست.[6]
- ئەمڕۆ لە زانکۆی ڕاپەڕین لە شارۆچکەی ڕانیە و لەدرێژەی چالاکییەکانی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی بەرنگاربوونەوەی تووندوتیژیی دژی ژنان-دا، سیمپۆزیومی بەشداربی ژن و سنوردارکردنی دەسەڵاتەکانیان لە کایە گشتییەکاندا بۆ هەر یەک لە بەسمە محەمەد کۆمیسار لە کۆمیسیونی باڵای مافەکانی مرۆڤ لە عێراق، د. چۆمان هەردی بەرێوەبەری گشتی سەنتەری جێندەرناسی لە زانکۆی ئەمریکی، شۆخان حەمەڕەشید پارێزەر و بەرێوەبەری ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی، بەرێوەچوو.[4]
- لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا لە ڕێگای نێوان دهۆک - موسڵ، 20 خوێندکار بریندارببوون. سەرجەم بریندارەکان خەڵکی دهۆکن.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- ئاڵانسی سای سەر بە حکوومەتی سووریا بڵاویکردەوە کە سوپای تورکیا خاڵێکی سەربازی نوێی لە گوندی حەمامات لە دەوروبەری سەرێکانی داناوە و دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازیشی ڕەوانەی خاڵی سەربازی گردی ئەبوو بەکر لە هەمان ناوچە کردووە.[3]
- وەزارەتی بەرگری تورکیا، ڕایگەیاند، لە شارۆچکەی سەرێکانی، توانیویانە تۆرێکی تونێلی سەربازی بدۆزنەوە، کە هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بەکاریان هێناوە.[3]
- لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە، تەقینەوەیەک لە کۆڵانی سیاسی ناوەندی شاری عەفرین ڕووبدا.[4]
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی بە ڕێگای فرۆکەی جەنگی بێفرۆکەوان گوندی دبس-ی سەر بە ناوچەی عەین عیسایان بوردومان کرد.[1]
- لە شارۆچکەی تل خەلەفی سەر بە سەرێکانی کە لە ژێر داگیرکەرێی دەوڵەتی تورک و چەتەکانی دایە، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقییەوە. بە پێی زانیارییەکان تەقینەوەکە کوژراو و بریندارێ لێکەوتووەتەوە.[1]

دەرەوەی کوردستان

- لە ئەنقەرە پۆلیس بەسەر مااڵی بێریڤان ئاڵتان پەیامنێری ئاژانسی میزۆپۆتامیادا گرت. هێزەکانی پۆلیس مااڵی ئاڵتانیان پشکنی و دواتر دەستگیریان کرد.[1]
- دوای ئەوەی تورکیا دەستیکرد بە تاقیکردنەوەی ڕادارەکانی سیستمی بەرگری مووشەکی (ئێس400)ی ڕووسی، سیناتۆری ئەمەریکی، کریستۆفەر ڤان هولین، ڕایگەیاند، تورکیا سنووری ڕێگەپێدراوی خۆی بەزاندووە.[3]
- بەهۆی کێشە سیاسیەکانی نێوان واشنتن و ئەنقەرە، لیرەی تورکی بەهای خۆی لەدەستداوە و جیاوازی زۆری لەگەڵ چەند ساڵی ڕابردوو هەیە. لەم بارەیەوە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا داوا لە خەڵکی تورکیا دەکات: دۆلار بەجێبهێڵن. ئەردۆغان دەڵێت: دۆلار جێبهێڵن، با ڕووبکەینەوە دراوی خۆمان، لیرەی تورکی. لیرەی تورکی چیدی بەهاکەی لەدەست نادات. بە نیشتمانپەروەرێی خۆمان وا نیشان بدەین.[3]
- سەنتەری ئەوروپی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر و ئاڵوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان (EMCDDA) لە ڕاپۆرتی ئەمسااڵی خۆیدا، کە لەگەڵ پۆلیسی ئەوروپا سەبارەت بە بازاری ماددەی هۆشبەر ئامادەیکردووە، ڕایگەیاندووە، پەکەکە تێوەگلاوە لە تاوانی ڕێکخراو و بەشداریکردووە لە بەقاچاغبردنی ماددەی هۆشبەر بۆ ئەوروپا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: دهۆک

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەردەشت

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-26
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-26
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-28
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 407

2019-11-27



باکووری کوردستان

- ئەمڕۆ سااڵرۆژی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یە و 41 تێدەپەڕێت بەسەر دامەزراندنیدا، لە سااڵرۆژی حیزبەکەیاندا پەکەکە ڕایدەگەیەنێت کە: لە و ماوەیەدا 40 هەزار شەهیدی پێشکەش بە ئازادی کردووە.[2]

- لە ئەنقەرە ئەندام و بەڕێوەبەرانی هەدەپە، ئیهادە، سەندیکای سەس بە ئۆپەراسیۆنی قڕکردن چاویان کردەوە. لە ئەنجامی سەرداگرتنی ماڵاندا 11 کەس دەستگیرکران. لە ئەنجامی سەرداگرتندا، فاتیح کانات هاوسەرۆکی ئیهادەی ئەنقەرە، فیکرەت چالاگان و بەلکیسە یورتسەڤەر بەڕێوەبەرانی سەس و بەرەکەت کار ئەندامی ئەنجومەنی هەدەپە، مەزهەر یەرلیکایا ئەندامی هەدەپە، شەهریبان باشاک، ئەتهەم ئوزگان، سەباحەدین کارلی، کەمال ئاکالان، پەرفوم چۆلاک و زیا جەبەجی دەستگیرکران. هەروەها بەهجەد یڵدرم پەرلەمانتاری پێشووی هەدەپەی سەمسوریش دەستگیرکرا. حاجی یوسف تۆپالئۆغلۆ پەیامنێری ئاژانسی دیهاش لە ناوچەی کەهتای سەمسور لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکرا. ڕاگەیەنرا لە کاتی دەستگیرکردندا هێزەکانی پۆلیس چەکیان لەسەر سەری تۆپالئۆغلۆ داناوە. لە ناوچەی وێرانشاری ڕوحالە گەڕەکی شرنەخ لە ئەنجامی سەرداگرتنی ماڵاندا عیرفان ئەردەم کە باوکی دوو منداڵە دەستگیرکرا. لە ئامەدیش محەمەد شێرین تونچ یاریدەدەری هاوسەرۆکی هەدەپە، سونگول داغ ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی پەیاس دەستگیرکران. لە ناوچەی کەرجەوسی ئێلح محەمەد یڵدرم نوێنەری کەجەدە لە کەرجەوس دەستگیرکرا. بەم شێوەیە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا 61 کەس دەستگیرکران و دواتر ژمارەیەکیان ئازادکران.[1]

باشووری کوردستان

- سەرۆکی تیمی لێکۆڵەرەوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایشی ئاگادارکردووەتەوە کە تیمەکەیان ناسنامەی 160 ئەندامی داعشیان ئاشکراکردووە کە تۆمەتبارن بە کوشتنی ئێزدییەکانی شەنگال لە ساڵی 2014.[2]

- بەبەشداری زیاتر لە 200 کۆمپانیا، فێستیڤاڵی پایز لە شاری سلێمانی کرایەوە کە بەشێکی زۆری کۆمپانیاکان ئێرانین.[2]

- بە دروشمی (خاک و ئاومان دەکەینە سەرچاوەی ئابووریمان) سێهەمین پێشانگای کشتوکاڵی بۆ بەرووبوومە خۆماڵییەکان بۆ 80 جوتیاری گەرمیان کرایەوە و وەزیری کشتوکاڵیش بەڵێنی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی و تەواوکردنی پرۆژە تەواونەکراوەکانیدا.[2]

- بووبەلەرزەیەک چەند ناوچەیەکی خانەقینی هەژاند و زیانی گیانی و مادیدی نەبووە. چەق بووبەلەرزەکەش 34 کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەاڵتی خانەقینەوە دوور بووە.[3]

- هیومان ڕایتس وۆچ ڕاپۆرتێکی لەبارەی مامەڵەی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئاوارەکانی باکووری کوردستان لە کەمپی مەخموور و سنووردارکردنی هاتووچۆی ئاوارەکانی ئەو کامپە بڵاوکردووەتەوە. هیومان ڕایتس وۆچ لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەبەوەدەکات، هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی تەممووزی 2019ەوە، بە شێوەیەکی هەڕەمەکیانە گەمارۆیان خستووەتە سەر جموجۆڵ و هاتووچۆی ئاوارەکانی کامپی مەخموور کە کوردانی باکووری کوردستانی تێدا نیشتەجێن.[4]

- لە شاری هەولێر لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان هونەرمەند عەدنان کەریم نوێترین ئەلبومی گۆرانی خۆی بە ناوی شەوبا بڵاوکردەوە.[3]

- بە بڕیاری دادگای کەرکووک 50 دۆنم زەوی کشتوکاڵی لە جووتیارێکی کورد وەرگیرایەوە و بە عەرەبێکی هاوردە درا. ئەویش بەچاودێڕی هێزە ئەمنییە عێراقییەکان زەوییەکەی کێڵا.[4]

- لە زانکۆی کۆیە دووەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەشی یاسا سەبارەت بە نووسینەوەی دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی

کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد و سەرۆکی پەرلەمان و ژمارەیەک لە بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرسی دەستوور لە کۆنفرانسەکەدا بەشدارن.[5]
- ئەمڕۆ، ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی خانزاد بەهاوکاری ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی، لە هۆڵی هۆتێل لەندەن ئای، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، لە هەفتەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کۆنفرانسێکیان ئەنجامدا.[6]
- لە ناوچەی حەفتەغاری شارۆچکەی داقوق، بەدەستڕێژی گوللەی کەسانی نادیار پێشمەرگەیەک و هاوسەرەکەی کوژران.
وتیشی: کوژراوەکە ناوی (لەتیف مەجید)ە و پیشەی پێشمەرگەیە لە هێزەکانی حەفتا، هاوسەرەکەشی ناوی (ئەمەل ئەحمەد ڕۆستەم)ە و دانیشتووی گوندی مەنسورن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی، گوندەکانی قزعەلی و بیرکەت-ی سەر بە گرێ سپیان تۆپباران کرد.[1]
- ناوەندی ڕاگەیاندنی قەسەدە ڕایگەیاند، هێرشەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بەردەوامن. قەسەدە وتی، دەوڵەتی تورکی داگیرکەر هێرشی کردە سەر زرگان و عەین عیسا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- کونسوڵخانەی ئێران لە نەجەف سووتێنرا.[7]
- ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ڕایگەیاند، ئۆپراسیۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر باکووری خۆرهەڵاتی سووریا بەردەوام دەبێت تا سەرجەم ئامانجەکانی بەدیدەهێنێت.[5]
- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، هیومان ڕایتس وۆچ ڕایدەگەیەنێت؛ تورکیا و گروپە چەکدارەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆنی سووریا دوور لە یاسا خەڵکی لەسێدارەداوە و پێشێلکاریان بەرامبەر کورد کردووە. هیومن ڕایتس وۆچ لە ڕاپۆرتێکدا ڕوونیکردووەتەوە؛ گروپە چەکدارەکان لە ناوچەکانی سەرێکانی و گرێسپی ڕێگریان لە گەڕانەوەی خێزانە کوردییەکان کردووە و بە شێوەیەکی نایاسایی دەستی بەسەر ماڵ و موڵکی هاوواڵتیانی ناوچەکەدا گرتووە.[5]
- سەید نەقوی حسێنی وتەبێژی کۆمسیۆنی ئاسایشی نەتەوەیی پەرلەمانی ئێران لە لێدوانێدا بەر لە دانیشتنی هاوبەشی کۆمسیۆنەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمان و شۆرا و ناوخۆی وڵات، ڕایگەیاند، لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکاندا نزیکەی 7 هەزار کەس دەستگیرکراون. ئەمەش لە کاتێکدایە چالاکوانان ڕایدەگەیەنن، ژمارەی دەستگیرکراوەکان زیاترە.[1]
- وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی مەغریب ڕایگەیاند، بەهۆی ئەوەی کاڵای تورکی بازاڕەکانیانی داگیرکردووەو بەپێی پێویست کاڵای ئەوان ڕێگەی نادرێت بچێتە تورکیاوە، پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ تورکیادا ڕادەگرن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: سەمسوور
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان

ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ئێران
ووڵات: تورکیا
ووڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-11-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-27
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-27
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 408

2019-11-28



یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــا"

Koerdische Vereniging in Nederland - Midia

MIDIA

بەیەکەیشتن و دیدارێک لەگەڵ ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفالدا

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی 28–11–2018 کات 19:00

Melkwegstraat 2, 2516 AJ Den Haag

Kantoor: de meevaart, Balistraat 48a-9, 1094 JN Amsterdam
Mob: 0647988634 E: kvn.midia@gmail.com k.v.k.: 4053675l Giro: 6094559

باکووری کوردستان
- لە ئاگری 5 کەس گیران، لە موش و مێرسینیش 2 کەس دەستگیر کران و لە ئێلحیش سزای زیندانی بەسەر ڕۆژنامەنووسێکدا سەپێنرا.[6]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابوردوودا سێ کۆڵبەر لەناوچە سنووریيەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونە قوربانی. یەک لە کۆڵبەرەکان بە ناوی ناسیح پورە و باوکی دوو منداڵ بووە و گیانی لەدەستداوە.[2]

باشووری کوردستان
- پەرلەمانتارانی کەرکووکی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر کوشتنی پێشمەرگەیەک و هاوسەرەکەی لەناوچەی حەفتەغار هاتنە دەنگ و داوای پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوە دەکەن.[2]
- جموجۆڵی بازرگانی و گەشتیاری لە دەروازەی سنووری نێودەوڵەتی باشماخ بەهۆی خۆپیشاندانەکانی ئێرانەوە، بەڕێژەی 90% کەمی کردووە. چاوەڕوان دەکرێت بە هێوربوونەوەی بارودۆخی ناوخۆیی ئێران ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان و گەشتەکانی ئە و سنوورە ئاسایی ببێتەوە.[3]
- بەمەبەستی ڕاگرتن و قەدەغەکردنی پەخشی دراما تورکییەکان لە تەواوی کەناڵەکانی هەرێمی کوردستان. کۆمەڵێک لە پارێزەرانی و چالاکوانانی هەولێر یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی داواکاری گشتی هەرێم کرد.[2]
- شەوی ڕابردوو ژنانی گەنجی تێکۆشەر و گەنجانی وڵاتپارێزی کوردستان بە کردنەوەی ئاگر و نووسینی ناوی پەکەکە لەسەر چیای ئەزمەڕی شاری سلێمانی، 41مین ساڵیادی دامەزراندنی پەکەکەیان پیرۆز کرد.[4]
- ئە و دوو هاووڵاتییەی شەوی ڕابردوو، لە نزیک گوندی حەفتەغار، تەقەیان لێ کرا و شەهید بوون، ئەمڕۆ تەرمەکانیان لە لایەن کەسوکارییانەوە بەخاک سپێردرا.[3]
- بەهۆی ئە و شەپۆلە سەرمایەی ڕووی لەهەرێمی کوردستان کردوە، لە بەیانی ئەمڕۆوە بەفربارین لە حاجی ئۆمەران دەستیپێکردوە.[5]
- سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا، ڕایگەیاند: لە ڕابردوودا ئێمە دژی بوونی پەکەکە بووین لە شەنگال، لەگەڵ ئەوە نین هێزەکانی پەکەکە لە شەنگال و ناوچەکانی دیکە هەبن.[2]

- دوای پێنج ساڵ لە ئەنجام نەدانی ئەمڕۆ شەشەمین فێستیڤاڵی گوڵە هەنار بۆ شیعری لاوان لە هۆڵی دکتۆر مستەفا زەڵمی لە شاری هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت. فێستیڤاڵەکە بە ناونیشانی (گوڵە هەنار باخێک بۆ چرۆی قەڵەمەکان) بەڕێوەدەچێت و بڕیارە ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بێت.[4]
- لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە شاری سلێمانی، لە لایەن دەزگای میدیایی نالیا، چلەی ماتەمینی بۆ ڕۆژنامەنووس ئامانج بابانی و هاوسەر و منداڵەکەیان، ئەنجامدرا.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە سەنتەری ڕۆشنبیری شاری کەرکووک، پێنجەمین فیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام بە بەشداری پێنج وڵات و هەشت گروپ لە هەرێمی کوردستان و چوار شاری عێراق دەستی بە کارەکانی کرد. فیستیڤاڵەکە بە نمایشکردنی شانۆیەک دەستیپێکرد، کە گوازرشت بوو لە ژیانی هونەرمەندی کەرکووکی حوسێن میسری، پاشان وتاری سەرپەرشتیاری فیستیڤاڵەکە خوێندرایەوە و تێیدا کار و چالاکی سێ ڕۆژی فیستیڤاڵەکە خرایە ڕوو.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاشکرای کرد، ئەمەریکا نزیکەی 60 بارهەڵگری سەربازیی ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر دەستی هێزەکانی هەسەدە کردووە، کە چەندین تانک و زرپێۆشان هەڵگرتبوو و هێزەکەش لە شاری قامشلۆ جێگر کران.[3]
- دوو تەقینەوە شارەکانی عەفرین و باب کە لەلایەن سوپای تورک و چەتەکانییەوە داگیرکراوە، هەژاند. تەقینەوەکەی عەفرین لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە لە گەڕەکی ئەشرەفیە ڕوویداوە، بەڵام ئەنجامی تەقینەوەکە ڕوون نەبووەتەوە. تەقینەوەکەی شاری باب-یش لە ناوندی شار و لە نزیک نەخۆشخانەی فارابی ڕوویداوە و بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لە ئەنجامی ئەو تەقینەوەیە چەند کەسێک بریندارببووە.[4]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی ئەردۆغان گوندی دبس و دەوروبەری عەین عیسا تۆپباران دەکەن.[6]
- ئاژانسی دەنگوباسی سانای فەرمی سوریا ئاشکرایکرد کە یەکەی بەرگری ئاسمانی ئە و وڵاتە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی تورکیایان لە سنوری شاری قامیشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان خستووەتەخوارەوە.[2]
- بەریتانیا هێزەکانی خۆی لە بنکەیەکی قەسرک لە تەلتەمر کشاندنەوە و لە ناوچە نەوتییەکانی دێرزوور جێگیریان دەکات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی عێراق سوتاندی کۆسوڵخانەی ئێران لە شاری نەجفی باشوری عیراق لەلاین خۆپێشاندەرانەوە بە تونديی ئیدانە دەکات.[1]
- وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، بانگهێشتی باڵیۆزی عێراق لە تاران کرد و نامەی ناڕەزایی توندی خۆی سەبارەت بە سووتاندنی کونسوڵخانەی وڵاتەکەی لە نەجەف پێدا.[3]
- دونالد ترامپ سەرۆکی ئەمریکا لە میانەی سەردانە کتوپڕەکەیدا بۆ ئەفغانستان چەند پەیامێکی سەبارەت بە پاراستنی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند. ترامپ ئاماژەی بەوەدا کە داعشیان بەتەواوی تێکشکاندووە و دەشڵێت:دەتوانین یارمەتی کورد بدەین.[2]
- دوای ئەوەی سایتێکی ئەمەریکی، ناوی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان-ی بە بابەتی کرێنی دوو ڤێلا لە ئەمەریکا لێکاندبوو. سایتەکە بە فەرمی داوای لێبوردنی لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و بابەتەکەشی لە سایتەکەدا سڕیەوە.[3]
- موقتەدا سەدر لەکاردانەوەی بەرامبەر کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خۆپێشاندەران لەلایەن هێزەئەمنیەکانەوە، ڕایگەیاند:ئامۆژگاری حکومەت دەکەم بۆ ڕێگریکردن لە خوێنڕشتن دەستبەجێ دەستلەکاربکێشێتەوە، سەدر هۆشداریشی داو وتی: دەستلەکارنەکێشانەوەی حکومەت واتە سەرەتای کۆتایی هاتنی عێراق.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: باتمان - ئێلح
شار و شارۆچکەکان: تەلتەمر
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-28
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-11-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-28
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 409

2019-11-29



باکووری کوردستان
- پارێزگاری شاری جۆلەمێرگ لە ڕاگەیێنراوێکدا، بڕیاری قەدەغەکردنی هەموو جۆرە چالاکی و گردبوونەوەیەک، کە بە دەیان

جارە لەو شارە درێژ دەکرێتەوە، بۆ ماوەی 15 ڕۆژی دیکە درێژ کردەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ئێران دەروازەی میهرانی سنووری لەگەڵ عێراق داخست و وادەی داخستنەکەشی دەستنیشان نەکردووە. یاریدەدەری پارێزگاری ئیلام بۆ کاروباری سیاسی و ئەمنی، محەمەد نوزەری ڕایگەیاند، هیچ کێشەیەک لە دیوی ئێران نییە و هۆکاری داخستنی ئە و دەروازەیە بۆ ڕەوشی ئاڵۆزی عێراق دەگەڕێتەوە. گوتیشی: وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئامۆژگاری هاوواڵاتیان دەکات سەردانیان بۆ مەزارگەکانی عێراق بۆ کاتێکی دیکە دوابخەن.[4]
- فریشتە چراغی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی ژینگەپارێزیی خەڵکی سەرپێل زەهاو، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی ئەو ڕۆژنامەوانە، بەبێ بەڵگەی یاسایی ناوبراویان دەسبەسەر کردووە. ئەو ڕۆژنامەنووسە کوردە، پاش دەسبەسەرکردنی بۆ گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە کرماشان ڕاگوێزراوە.[5]
باشووری کوردستان
- لە ناوچەی تاسلوجەی نزیک شاری سلێمانی ژنێکی بەتەمەن بە چەقۆ کوژرا.[2]
- چلەی ماتەمینی ڕۆژنامەنوس لانە محەمەد سالح لە هۆڵی تەوار لە سلێمانی بەڕێوەچوو.[5]
- داعش هێرشی کردە سەر گوندی کولەجۆ و بەهۆیەوە چەند کەسێک بریندار بوون. بە وتەی شایەتحاڵەکان، هێرشەکە سەرەتا بە چەند گوللە هاوەنێک دەستی پێکرد و دوای ئەوەی هێزەکانی ئاسایش بەدەم ڕووداوەکەوە چوون بۆمبی چێنراویان پێدا تەقێنراوەتەوە و تەقەیان لێ کراوە. لە ئەنجامدا چەند ئەندامێکی هێزی ئاسایش بریندار بوون کە یەکێکیان بەڕێوەبەری ئاسایشی کولەجۆیە.[2] زۆرینەی سەرچاوەکان باس لە شەهیدبوونی 3 کارمەندی ئاساییش و بریندارببوونی 4ی تر دەکەن.
پاشتر ڕاگەیەندرا کە لە ئاکامی ئە و هێرش و پەلامارانەدا ڕائید سمکۆ عەلی، بەڕێوەبەری ئاسایشی شارەدێی کولەجۆ و پێنج کارمەندی ئاسایش و سێ هاووڵاتی کە ماڵیان نزیک تەقینەوەکە بوو بریندار ببوون، بەڵام لەبەر سەختی برینەکەیان ڕائید سمکۆ و دوو کارمەندی ئاسایش بە ناوەکانی (جومعە عەبد، مەحمود جومعە) دوای گەیاندنیان بە نەخۆشخانە شەهیدبوون. [3]
- لە گەرمیان بڕیاری بەکارهێنانی زەرفی کاغەز بەسەر نانەواخانە و سەمونخانەکان جێبەجێدەکرێت و قایمقامیەتی کەلاریش دەڵێت: لەبەر گرانی نرخی زەرف پێشتر چاوپۆشیان کردووە و لەمەودا هەرکەس پابەند نەبێت سزای دەدەن.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ئەنجامی شەڕی نێوان شەڕڤانانی قەسەدە و سوپای داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندەکانی کۆرعەلی سەتانی و کەفیفا کە دەکەونە دەشتایی گرێ سپی، 4 سەربازی تورک و 2 داگیرکەر کوژران، 11 کەسیشیان بریندار بوون.[1]
- لە ناوەندی شاری عەفرین کە لە ژێر داگیرکەریی دەوڵەتی تورکی فاشیستدایە، تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویدا.[1]
- ئەمڕۆ لە کاتژمێر 15:50 خولەک گوندەکانی لەقلەق و زەنۆبیا و کەفیفا و برزناری سەر بە ناوچەی گرێ سپی بە سەختی تۆپباران کران.[1]
دەرەوەی کوردستان
- عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند: دەستلەکاردەکێشێتەوە و دەستلەکارکێشانەوەکەشی پێشکەشی پەرلەمان دەکات.[3]
- پوتین لە میانی کۆبوونەوەی ئەمڕۆ هەینی، لەگەڵ ئەنجوومەنی پەیوەندییە نەتەوەییەکان، لە شاری نالچیک، گوتی: ئەوەی ئێستا لە سووریا ڕووەدات، کە ئەنجامی ئەرێنی سنووردارای هەیە و لەسەر سنووری سووریا و تورکیا بەدیهاتووە، بە هاوکاری و پشتیوانی کورد بووە و لە بەرژەوەندی ئەوانداید، خەڵکانێک هەن لەوە تێدەگەن و دۆستانە مامەڵە دەکەن. پوتن دەشڵێت: پۆلیسی سەربازی ڕووسیا، مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵ دەکرێت، لەلایەن کوردی نیشتەجێی ناوچەکە، ئەوان دەبینن کە سوپای ڕووسیا بۆ پارێزگاری ئەوان چووەتە ئەوێ، ئەوەش شتێکی ڕاستە.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-11-29
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-29
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-29
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-11-30
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 410

2019-11-30



رۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوڵاتییەکی کورد بە ناوی نادر زیاڤی فەرکۆڕی محەممەد و خەڵکی گوندی مەڵا عیسای ناوچەی دەشتەبێڵی شنۆ، دەسبەسەرکرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوازرا.[3]
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، پێنج هاوڵاتیی کوردی خەڵکی جوانڕۆ بە ناوەکانی ئاریا عەزیزی، دیاکۆ میرئەحمەدی، عومران وەلیدی، هێرش میرئەحمەدی و زەکریا ئەحمەدی، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران. ئەو 5 هاوڵاتییە پێنج ڕۆژ پێش بە تۆمەتی بەشداری لە کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان دەسبەسەر و بۆ زیندانی دیزڵئاوای کرماشان ڕاگوێزران.[3]
باشووری کوردستان
- سەرچاوەیەک لە ئاسایشی گەرمیان ئەمڕۆ ڕایگەیاند: لە ئاکامی ئە و هێرش و پەلامارانەدا ڕائید سمکۆ عەلی، بەرپرسی ئاسایشی شارەدێی کولەجۆ و پێنج کارمەندی ئاسایش و سێ هاوڵاتی کە ماڵیان نزیک تەقینەوەکە بوو بریندار بوون، بەڵام لەبەر سەختی برینەکەیان ڕائید سمکۆ عەلی و دوو کارمەندی ئاسایش بە ناوەکانی (جومعە عەبد، مەحمود جومعە) دوای گەیاندنیان بە نەخۆشخانە شەهیدبوون.[1]
- دوو تەقینەوە لە شاری کەرکووک ڕوویدا کە بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لەرێی بۆمبی چێندراوەوە ئەنجامدراوە. تەقینەوەی یەکەم لە مەزادخانەی سەر شەقامی ئەتلەس ڕوویداوە و لەگەڵیدا بۆمبێکی دەنگی تەقیوەتەوە. هی دووەم تەقینەوە لەنزیک پردی ڕەشید لە گەڕەکی دۆمیز بووە. بەهۆی هەردوو تەقینەوەکەوە 16 کەس بریندار بوون کە سەرجەمیان هاوڵاتی مەدەنین.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- بەگوێرەی میدیاکانی نزیک لە هەسەدە، دەرەنگانی شەوی ڕابردوو سوپای تورکیا و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئەنقەرە، بە چەکی گران هێرشیان کردووەتە سەر خاڵەکانی سوپای سووریا لە گوندی ئوم کێف لە دەوروبەری شاری تل تەمری ڕۆژئاوای کوردستان و هێزەکانی حکوومەتی سووریاش بە چەکی گران وەڵامی هێرشەکەیان داوەتەوە و هێرشەکە تێکشکێندراوە.[2]
- تەقینەوەیەکی بەهێز لە گەڕەکی عەین ئاروس لە باشوری شاری گرێ سپی داگیرکراو ڕوویدا.[3]
دەرەوەی کوردستان

- عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەمڕۆ لە دوای کۆبونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجومەنی وەزیران دەستلەکارکێشانەوەی بە ڕەسمی ئاڕاستەی پەرلەمان کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: جوانڕۆ

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-11-30

[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-11-30

[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-11-30

کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 411

2019-12-01



رۆژهەڵاتی کوردستان
- دوای تێپەڕینی دووهەفتە بەسەر دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرکوت و دەستگیرکردنی خەڵک لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ئێرانەوە بەردەوامە.[5]
- فریشتە چراغی، ڕۆژنامەنووس و ژینگەپارێزی کوردی خەڵکی سەرپێڵ زەهاو، لە گرتنگە ئازاد کرا.[8]
باشووری کوردستان
- نێچیرڤان بارزانی، واژۆی لەسەر یاسای تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆکان نەکرد و ناردییەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.
پەرلەمانتارێکیش دەڵێت: چەند تێبینییەکی لەسەر یاساکە هەبووە و دوای دەنگدانی لە پەرلەمان، جارێکی دیکە ڕەوانەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە.[2]
- هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، لە هەولێر هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ڕاگەیەندرا و پارێزگاری هەولێریش دەڵێ: هەوڵدەدەین لە ڕیزی پێشەوە بین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.[3]
- بەمەبەستی دەربڕینی هاوخەمی بۆ قوربانیانی بەغدا و پارێزگاکانی باشور، لەچەند شوێنێکی کەرکووک ماتەمگێڕی و گردبوونەوەی ناڕەزایەتی ڕێکخرا.[6]
- هەموارکردنی دەستوور بووەتە مژارێکی گەرمی عێراق و هەرێمی کوردستان. لەو چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ نوێنەرانی کورد لە لێژنەی هەموارکردنی دەستووری عێراق لە سلێمانی وۆرکشۆپێکی ڕێکخست، تێیدا ئامادەبووان سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان لەبارەی ئەو بابەتە خستەڕوو.[2]
- شاندێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان-کەنەکە لەگەڵ هەریەک لە شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، کۆسرەت ڕەسوڵ و مەلا بەختیار کۆبۆیەوە.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- تەلەڤزیۆنی فەرمی سووریا بڵاویکردەوە، نزیکەی 20 بارهەڵگری ئەمەریکی لە عێراقەوە چوونەتە سووریا (ڕۆژئاوای کوردستان). بە گوێرەی ئە و کەناڵە، ئە و بارهەڵگرە ئەمەریکیانە لە پارێزگای حەسەکە جێگیر بوونە و مەبەستیانە پارێزگاری لە کێڵگە نەوتییەکان بکەن.[3][4]
- لە نزیک فولکەی گەڕەکی خوێرانی شاری حەسەکە ماتۆرسکیلێک بە کاروانێکی هێزە ئەمنیەکانەوە تەقیوەتەوە و لە ئەنجامدا دوو ئەندامی هێزە ئەمنیەکان بریندار بوون.[7]
دەرەوەی کوردستان
- شاندی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر بودجە و نەوت گەیشتە بەغدا.[1]
- پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ دەست لەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدیی پەسەندکرد و داواشی لە بەرهەم سالح کرد کاندیدێکی نوێ بۆ ئەو پۆستە دیاری بکات.[1]
- جارێکی دیکە کونسڵخانەی ئێران لە نەجەف سوتێندرایەوە.[1]
- لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بە بەشداریی هاوسەرۆکانی هەدەپە و بەشێک لە سیاسەتڤانانی کورد، پێنجەمین کۆنگرەی ئاسایی پارتیی هەرێمی دیموکرات (دەبەپە) بەڕێوەچوو. سالیحە ئایدەنیز و کەسکین بایندر وەکو هاوسەرۆکی نوێی دەبەپە هەڵبژێردران. کۆنگرەکە لەژێر چاودێرییەکی تووندی هێزەکانی ئاسایشدا بە بەشداریی 134 ئەندام بەسترا. ئەوەش لەکاتێکدایە کە سێ هەزار و 631 ئەندامیان لە زیندانداون. سەباحەت تونجەل، هاوسەرۆکی دەبەپە لەبەرئەوەی لە زیندانبوو، نەیتوانی بەشداریی کۆنگرەکە بکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: زەهاو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

ووڵات: ئێران
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 2019-12-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-12-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پۆک میدیا - 2019-12-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-12-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2019-12-01
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-01
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-12-03
کاتی تۆمارکردن: 2019-10-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 412

2019-12-02



باکووری کوردستان
- سەلاحەدین دەمیرتاش لەهۆش خۆی چوو و ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.[7]
ڕۆژهەلاتی کوردستان
- زارا محەمەدی، مامۆستای دەسبەسەرکراوی زمانی کورد و ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی- کۆمەلایەتیی نۆژین، بە دانانی بارمتەی 700 ملیۆن تەمەنی، بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.[5]
- چالاکێکی فەرهەنگیی خەڵکی کرماشان بە ناوی مەحیەدین ئەسغەری، لەلایەن ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.[5]
- ئەنوەر حوسێن پەناهی، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی سنە و دانیشتووی تاران، لەلایەن ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بانگهێشت و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.[5]
- کاسبکارێکی کورد بە ناوی مەهدی یووسفی، خەڵکی گوندی مێرگەدرێژی مەریوان، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت

گیانی لەدەست دا و کاسبکارێکی دیکە بە ناوی یەعقووب ڕەزایی بریندار کرا.[5]
- هاوواڵتییەکی کورد بە ناوی ئارمان شاکری خەڵکی مەریوان لە ماڵەکەی خۆیدا، لە لایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر و و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[5]
باشووری کوردستان
- دەرەنگانی شەوی ڕابووردوو لە ناوچەی نەفتخانەی نزیک خانەقین لەئەنجامی هێرش و پەلاماری چەکدارانی داعش بۆ سەر چەکدارانی حەشدی شەعبی و لە ئاکامی شەڕ و پێکدادان، پێنج چەکداری حەشد کوژران و 14ی دیکەش بریندارببوون.[1]
- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی سەردانی گەرمیان دەکات و لەگەڵ لیژنەی ئەمنی و فەرماندە سەربازییەکان کۆدەبێتەوە.[3]
- هەریەک لە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر داوای فەرمیی شێخ محەمەد بن زاید ئال نهەیان جێنشینی ئەبوزەبی، جێگری فەرماندەی باڵای هێزە چەکدارەکانی ئیمارات و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ئیمارەتی ئەبوزەبی، بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی پێشبڕکێی خەڵاتی ئیمارات فۆرمۆلا یەک، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ یەکشەممە 2019/12/1 بە سەردانێکی یەک ڕۆژە گەیشتنە ئەبوزەبی.[2]
- زانکۆ و شارەوانی هەڵەبجە لەڕێگەی چاندنی 200 نەمام و حەوت هەزار بەڕووەوە هەڵمەتی سەوزکردنی سنوورەکەیان دەستپێکرد و خوێندکارانیش بەشدارن لە چالاکییەکەدا.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- وەزارەتی بەرگری ڕووسیا بڵاویکردەوە، بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازیی ڕووسیادا لە کاتی خۆئامادەکرنیان بۆ مانۆڕێکی سەربازیی لەگەڵ سوپای تورکیا لە کۆبانێ تەقیوەتەوە. ئاشکراشی کردووە، سێ سەربازی ڕووسیا لەو تەقینەوە بریندارببوون، بەڵام بریندارەکانیان سووکە و مەترسی لەسەر ژیانیان نییە.[2]
- سوپای داگیرکەری تورک ناوچەی تل ڕەفعەت سەر بە کانتۆنی شەهبای تۆپباران دەکات و بەپێی زانیارییەکان دوو کەسی سڤیل شەهیدبوون و چەندین کەسی دیکەش بریندارببوون.[4] لە ئەنجامی هێرشەکەدا 9 هاوڵاتی شەهید بوون کە یەکێکیان منداڵە. هاوکات 10 هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون کە زۆربەیان منداڵن.[6]
- سوپای تورک و چەتەکانی، ئەو گوندانە بۆردومان دەکەن کە دەکەونە ڕۆژئاوای شاری گرێ سپی. بۆردومانەکە ڕووبەڕێکی نزیکەی 15 کیلۆمەتری لەخۆ گرتووە.[6]
- تەرمی 5 شەڕڤان کە لە هێرشەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە عەفرین شەهید ببون، لە لایەن هەزاران کەسەوە بە مەراسیمێک بەخاک سپێردران.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-02
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-02
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-02
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 413

2019-12-03



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە نیزامییەکانە دەدرێنە بەر دەسڕێژی گوللە کە لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی جەلال خالیدی خەڵکی شاری مەهاباد، پێکراوە.[7]
- ڕەشید ناسرزادە هەواڵنێر و چالاکی ژینگەپارێزی خەڵکی شاری شنۆ ئەندامی گرووپی شاخەوانەیی پێشڕەو لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا. ناوبراو کاتی گەڕانەوەی لە هەرێمی کوردستان لە جادەی پیرانشار شنۆ دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.[7]
باشووری کوردستان
- بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی کەمئەندامانەوە، دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە سەرجەمیان نابینان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە سلێمانی داوای دامەزراندنیان ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کرد. داواشیانکرد کە حکومەت هاوکاریان بێت لە ڕەخساندنی هەلیکار بۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن لەڕێگەی بڕوانامەکانیانەوە ژیانێکی شایستە بۆ خۆیان دابین بکەن.[3]
- ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مەدەنی بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە و لەبەیاننامەیەکدا مەترسی سەر کاری ڕۆژنامەگەریان لە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی یاساکە خستەڕوو.[5]

- لەپێناو خزمەتکردن بە پرۆسەی پەروەردە و خوێندنەوە و گرنگیدان بەخاوەن پێداویستی تایبەت، لە ڕۆژی خاوەن پێداویستی تایبەتدا، لەمەڕاسیمێکی تایبەتدا ڕێکخراوی (پەروەردەیەکی هاوچەرخ) بەهاوکاری (کتێبخانەی گشتی سلێمانی) بەشێکی تایبەتیان بە نابینایان لە کتێبخانە کردەوە.[3]
- حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، لەگەڵ بەغدا لەسەر پرسی بودجە و نەوت ڕێککەوتن.[6]
- لە شارۆچکەی کفری چوارەمین فێستیڤاڵی مەقام بەڕێوەچوو، کە تێیدا 9 گرووپ و 60 ژەنیار لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەشداریان تێداکردووە، دەسپێکی فێستیڤاڵەکەش بە مەقامی قەتار و خاوکەر دەستی پێکرد کە یەکێکە لە مەقامە ڕەسەنەکانی کورد لە ناوچەی گەرمیان و کەرکووک دەوترێتەوە.[2]
- ساڵۆنی کوردستانی نوێ ڕێوڕەسمی ناساندن و بڵاوکردنەوەی کتێبی لە و دیو سنوورەکانی مەرگەوە، بیرەوەرییەکانی زیندان بۆ مامۆستا مەحمود قەرەداغی پێشمەرگە و تێکۆشەری دێرین ڕێکخست.[3]
- وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕایگەیاند: لە هەنگاوێکی زانستیدا و بەئاراستەی کرانەوە بەڕوی دونیاو ئاشنابون بەکلتور و فەرهەنگ و مێژوی وڵاتی چین، کردنەوەی بەشی زمانی چینی لە زانکۆی سەلاحەدین دەبێتە تەنها بەش لەسەر ئاستی کوردستان و عیراق، بۆ پیشکەشکارانی کوردستان و عیراق کەدەتوانن بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمانی چینی وەربگرن.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بۆ شەهیدانی کۆمەڵکوژییەکەی دوێنێێ تل ڕەفعەت، ئەمڕۆ خۆبەڕێوبەریی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و دوو ڕۆژ ماتەمینی ڕاگەیاند.[7]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر کاتژمێر 9:30 خولەک دەستی بە تۆپبارانکردنی گوندەکانی سوخانەک و ئاقیبێێ ناوچەی شێراوای عەفرین کردووە.[4]

دەرەوەی کوردستان

- کچێکی دیکەی کوردی ئێزدی خەڵکی گوندی کوچو لە شاری ڕوممادی لەلایەن سوپای عێراقەوە لەدەست داعش ڕزگارکرا و نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوانی دەستی داعش دەڵێت، بەمنزیکانە دەیگێڕنەوە بۆ نێو کەسوکاری.[1]
- وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕایدەگەیێنێت، پشتگیری لەوە ناکات کە یەکینەکانی پاراستنی گەل - یەپەگە، بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسرێت.[1]
- ئیسحاق جەهانگیری، جێگری یەکەمی سەرۆک کۆماری ئێران دەڵێت: بارودۆخی ئێستای ئێران یەکێکە لە قورسترین ئە و بارودۆخانەی لە پاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی 1979 وڵاتی پێدا تێدەپەڕێت، و هۆکارەکەشی بۆ فشارەکانی ئەمەریکا لەسەر سەچاوەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئە و وڵاتە دەگێڕێتەوە.[2]
- بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەی لووتکەی ناتۆ، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، تورکیای بەدڵە و پەیوەندیی لەگەڵ سەرۆکەکەی باشە، لێدوانەکانی سەرۆکی فەرەنسایشی بە بێڕێزی ناوبرد کە پێشتر ڕێکخراوی ناتۆی بە عەقڵێکی مردوو وەسفکردبوو.[1]
- ئەرۆغان پێش بەڕێکەوتنی بۆ بەشداریکردن لە لوتکەی ناتۆ لە لەندەن بەبۆنەی 70 ساڵەی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، پلانی وڵاتەکەی بۆ دروستکردنی ناوچەی ئارام لە گرێ سپی و سەرێکانی پێشکەشی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا دەکات. گوتیشی، داوا لە وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ دەکەم یەپەگە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بناسێنێت.[2]
- ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامانی ناتۆ لە بەریتانیا باشتر ڕوونبوونەوە کاتێک سەرکردەکان چاویان بەیەک کەوت. ماکرۆن ڕوونکردنەوە لەسەر قسەکانی پێشووتری دەدات و سەبارەت بە تورکیاش ڕایگەیاند تورکیا یەپەگە و ئەوانیدی بە تیرۆریست دادەنێت. کە ئەمە پێناسەی ئێمە نییە.[1]
- نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ڕایگەیاند: لە خۆپێشاندانەکانی عێراقدا تا ئێستا 400 کەس کوژراون.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)

شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

شار و شارۆچکەکان: شنۆ

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-12-03
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-03
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-03
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-03
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-03
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-04
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 414

2019-12-04



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی شەمرەخ نالان ئوزئایدن، هاوشارەداری دیرک مولکیە ئەسمەز و هاوسەرۆکی شارەوانی ستەور گولستان ئونجو، لە زیندانی پیتی (ئە)ی مێردین بۆ زیندانی پیتی (ت) ی تارسوس دوورخرانەوە.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لقی 101ی دادگای کەیفەریی شاری بۆکان دوکتور ڕەشید کرمانج، مامۆستای زانکۆی بە 5 ساڵ زیندان مەحکووم کرد. ئەو مامۆستای زانکۆیە بە تۆمەتی بێڕێزی بە ڕێبەری نیزام و هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران تاوانبار کراوە.[3]
باشووری کوردستان
- لە هەولێر کۆنفرانسی ئاوەدانکردنەوەی موسڵ بە بەشداری کۆمپانیاکانی عێراق و کوردستان و وڵاتانی کەندا و ئەمریکا بەڕێوەدەچێت. لە کۆنفرانسەکەدا وەبەرهێنەرانی ئەمریکا، وڵاتانی عەرەبیی کەندا، عێراق و هەرێمی کوردستان بەشداردەبن.[2]
- ئەو 12 گەنجەی لە لە باشووری کوردستانەوە بۆ پشتگیری لە بەرخۆدانی ڕۆژئاوا لەدژی داگیرکەری دەوڵەتی تورک بەشداریان لە شەڕدا کردبوو و لە کاتی گەڕانەوەدا لە لایەن ئاسایشی دهۆکەوە دەستگیرکرابوون، ئازاد کران.[1]
- ئەمشە و جارێکی تر تیرۆرستانی داعش پەلاماری هێزەکانی پێشمەرگەیان لە سنوری دەکە و قەرەبڵاغ لە سنوری کوڵەجۆ و خانەقین داوە و تێکشکاون.[7] سەرچاوەکان باس لە قوربانیی ڕیزەکانی پێشمەرگە دەکەن بەڵام ئامارێکی دروست لەمڕۆدا نەدراوە بەدەستەوە.
- حەشدی شەعبی ئاماژە بەوەدەکات کە هێرشێکی چەتەکانی داعشی لە نزیک خانەقین تێکشکاندووە و ڕایگەیاند کە چەکدارێکیان لەلایەن چەتەکانەوە کوژراوە.[4]
- ڕێکخەرانی کۆکردنەوەی واژوو بۆ پرۆژە یاسای دەستوری هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنن، واژوەکانیان ئاڕاستەی پەرلەمان کردووە و لێژنەی یاسایی پەرلەمانیش بەڵێنیان پێداون لەکاتی گفتوگۆی دەستور بانگهێشتی ڕێکخراوەکان دەکەن.[6]
- عەتا سەراوی چەند زانیارییەک لە بارەی شەهیدکردنی 48 پێشمەرگەی یەکێتی دەخاتەڕوو، مەلا کرێکاریش تۆمەتبار دەکات بەوەی بەرپرسە لە شەهیدکردنی ئەو پێشمەرگانە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە هەندێک کەس و لایەن هەوڵ دەدەن مەلا کرێکار بهێننەوە هەرێم.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوچەی فافین لە شەهبا، مەراسیمی بەخاک سپاردنی شەهیدانی کۆمەڵکوژییەکەی ناوچەی تل ڕەفعەت کە بە تۆپبارانی سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی شەهیدبوون دەستپێکرد. مەراسیمەکە بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە هاوڵاتیانی کانتۆنی شەهبا و ئاوارەکانی عەفرین کە لە کامپی شەهبا دەژین، بەڕێوەدەچێت.[4]
دەرەوەی کوردستان
- داداگای مافەکانی مرۆڤی ئەوروپا لەسەر دەستگرتن بەسەر زانیارییە ئەلکترۆنییەکانی پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە کە لە پەیوەندیی نێوان پارێزەر – بریگرتە وەک ڕازی پیشەیی دەپارێزرێت و لەسەر ڕادەست نەکردنەوەیان یان لەناوبردنیان، سزای بەسەر دەوڵەتی تورکدا سەپاند.[1]
- شەوی ڕابردوو کۆنسوڵگەری ئێران لە شاری نەجەف بۆ جاری سێیەم لەلایەن خۆپیشاندەرانی عێراقییەوە سووتێندرا.[4]
- ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی بڵاویکردەوە، دوای شەڕی سارد، بەردەوام پرسی عێراق هەژموونی هەبووە بەسەر کۆی ئە و

گفتوگۆ سەربازییە ستراتیژیانەی لە وڵاتانی خۆرئاوا بەڕێوەچوون. ئێستا ئە و عێراقەی لە دوای (2003)ەوە، بنیاتنراوەتەوە، لە لێواری داڕمانە.[5]
- یەنس ستۆلتنبێرگ، ئەمینداری گشتیی هاوپەیمانی باکووری ئەتلەسی ناتۆ ڕایگەیاند، لە لوتکەی ناتۆدا پرسی ناوهێنانی یەپەگەیان لە سووریا پێشنیاز نەکرد، کە پێشتر ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا داوای لە هاوپەیمانێتییەکە کردبوو بیخەنە لیستی تیرۆرەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-04
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-04
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-04
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-04
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 415
2019-12-05



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورک لە موش هەڵیانکوتایە سەر ماڵان و ئەندامانی ئەنجومەنی گشتی هەدەپەی شارەکەیان دەستگیر کرد بە ناوەکانی محەمەد دەمیر و محەمەد شاکر تۆغروول کە پێشتر لەسەر کار لادرابوون.[1]
رۆژهەڵاتی کوردستان
- لە ڕووداوێکی تەقینەوە گاز لە ئاهەنگی هاوسەرگیری لە سەقز 11 کەس کوژراون و تاوەکو ئێستا 34 کەس بریندارن. بە گوتەی حوسێن خۆش ئێقبالّ جێگری، سیاسی، ئەمنیی و کۆمەڵایەتی پارێزگاری سنە، لە تەقینەوەکەدا 11 کەس گیانیان لەدەستداوە کە پێنجیان منداڵن، پێنجیان ژنن و یەکێکی دیکە لە کوژراوەکان پیاوە. 34 کەسی دیکەش بریندارببوون و دۆخی 3 لە بریندارەکان باش نییە.[4]
باشووری کوردستان
- لە هێرشەکەی دوێنێ شەوی داعش بۆسەر دەکەی سەرچەم لە باشووری ڕۆژئاوای خانەقین لە گەرمیان، 3 پێشمەرگە بە ناوەکانی لوقمان نەجم تاهیر لەدایکبووی 1986ە و خەڵکی شارۆچکەی دەربەندیخان، زیاد خەلیفە سوڵتان لەدایکبووی 1986ە و خەڵکی شارۆچکەی کفری و مەعروف محەمەد مەحمود لەدایکبووی 1957ە و خەڵکی شارۆچکەی چەمچەماڵە. بریندارەکانیش ناویان شوان مەجید و سەڵاح ئیبراهیم محەمەدە.[3]
- چالاکییەکانی شەشەمین سالّیادی تیرۆری ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی دەستپێکرد، لە یەکەم چالاکییشد لەسەر مەزارەکەی تاجە گوڵینە دانرا و خانەوادەکەی ئاشکرایانکرد، کە لەبەر ئەوەی بڕوایان بە دادگا نەماوە، خۆیان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە لە کەیسەکەدا و چەند سەرەداوێکیان دەستکەوتووە و لە داهاتوودا ئاشکرای دەکەن.[6]
- ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڕیاریدا کۆنگرە بۆ 21-12-2019 دوابخات.[3]
- بەشێک لەکادران و لایەنگرانی یەکێتی بۆ دووپاتکردنەوەی هەڵوێستیان لەسەر بەستنی کۆنگرە و دوانەخستنی، لەبەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتی گردبوونەوە و ئاماژە بۆ ئەوەشدەکەن، تا سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاری بەستنی کۆنگرە نەدات لەئەمسالّدا بەردەم مەکتەبی سیاسی چۆڵناکەین.[5]
- تەرمی ژنێکی 35 ساڵە لە خورماتوو دۆزرایەوە کە بە فیشەک کوژراوە.[5]
- لەژێر دروشمی ئەگەر چەک نەبم هونەر ئەبم بۆ ڕۆژئاوا، ڕێکخراوی نوێگەر بۆ گەشەپێدانی هونەری پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ پشتیوانی لە ڕۆژئاوای کوردستان کردەوە.[6]
- کاتژمێر 04:00ی ئێوارەی ئەمڕۆ، لە گوندی سوڵتانێ دێ-ی سەر بە شارەدێی ژاراوەی شارۆچکەی پشدەر، ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان-ڕژاک سمینارێکی لە سەر 25ی نۆفەمبەر و وشیارکردنەوەی ژنان لەسەر تووندوتیژییەکان بەڕێوە چوو.[6]
- لە مەراسیمی شەشەمین سالّیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی-دا، شەشەمین خەڵاتی کاوە گەرمیانی بەخشرایە نوسەر و سیاسەتمەداری کورد لە باکوری کوردستان، سەڵاحەدین دەمیرتاش، خەڵاتەکە لەلایەن نوێنەرایەتی هەدەپەوە وەرگیرا.[6]
- لە دواییین چالاکی بۆ شەشەمین سالّیادی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی، ئەمشەو لەو خانووەی کە کاوە گەرمیانی تێیدا شەهیدکرا، لە گەڕەکی سەرکەوتن لە شارۆچکەی کەلار-ی ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، کاتژمێرێک پێش کاتی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی تا کاتی تیرۆرکردنەکەی گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو. لە گردبوونەوەکەدا، لە ساتەوەختی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانیدا، هەموو ئامادەبووان ساتێک بە بێدەنگی بۆ بەرزڕاگرتنی ڕۆحی کاوە و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی وەستان.[6]

رۆژئاوای کوردستان
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە شەوی ڕابردووەوە هێرش دەکەنە سەر گوندی ئاریدای گرێ سپی. هێرشی داگیرکەری لە لایەن قەسەدەوە تێکشکێنرا و داگیرکەرەک کوژرا.[1]
- شەوی ڕابوردوو لە ئەنجانی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بە کاروانێکی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی تورکیا لە جەرابلوس 5 سەرباز کوژران و 12ی دیکە بریندارببوون.[2]
- لە هەریەک لە شارەکانی (قامشلۆ، حەسەکە، تەل کۆچەر، دێرە زۆر، تەل حەمیس، گرکێ لەگێ، ترپەسپی، عامودا، ڕەقا، دربێسی) ڕێپێوانی جەماوەری بەڕێوە چوو و بە دروشم و بەرزکردنەوەی پانکارت کۆمەڵکوژیی تەل ڕەفعەت شەرمەزار کرا.[1]
- دوای نێوەڕۆ لە ناوەندی شاری سەرێکانی دوو تەقینەوە ڕوویداوە. بە گوێرە زانیاریەکان بە هۆی تەقینەوەکە کوژراو بریندار هەیە.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بابەتی کوشتنی کچێک بەناوی وێلما، تەمەن 17 ساڵان و پارچەپارچەکردنی تەرمەکەی و ئاشکرابوونی بکوژەکەی کە کوردێکی باشووری کوردستانە بەناوی تیشکۆ شاباز، بووەتە بابەتی گەرمی مێدیاکانی سەید و دیسان هەستی تووڕەیی بەشێک لە سوێدییەکانی بەرامبەر کۆچبەران جوڵاندووە.[4]
- لە شاری شاریقەی ئیمارات دەرهێنەرێکی کوردی خەڵکی شاری دهۆک بە ناوی زانکۆی دهۆکەوە بە بەڵگەفیلمێک بەشداریی فیستیڤاڵی فیلمی زانکۆکانی کرد و خەڵاتی یەکەمی بەڵگەفیلمی وەرگرت.
دەرهێنەری بەڵگەفیلمەکە ناوی ڕێبەر ڕوشدییە و بە بەڵگەفیلمی چاڵێنج بەشداریی فیستیڤاڵەکەی کردووە.[4]
- وەزیری بەرگریی ئەمریکا ڕایدەگەیێنێت، پرۆسەی کشاندنەوەی سەربازەکانیان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا کۆتاییهاتووە و ئێستا 600 سەربازیان لە چەند ناوچەیەکی دیکەی سووریادا جێگیرکردووە.[4]
- زیاتر لە 100 هونەرمەند، ڕۆشنبیر، سیاسەتمەدار و نوێنەری ڕێکخراوەکان ئاشکرایان کرد، کە لەپێناو پێکهاتنی یەکێتی نەتەوەیی کورد ڕێپێوانێک لە لۆزانەوە بۆ جنێف ئەنجامدەدەن.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان:	حەسەکە
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	خورماتوو
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
شار و شارۆچکەکان:	دەربەندیخان
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
شار و شارۆچکەکان:	قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان:	گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان:	موش
شار و شارۆچکەکان:	کفری
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-05
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-05
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-05
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-05
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-05

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 416

2019-12-06



باکووری کوردستان
- یلماز شاڵان هاوسەرۆکی شارەوانی بێگر و یاکوب ئالماچ هاوسەرۆکی شارەوانی قەلقەلی و ئەرکان ئاجار هاوسەرۆکی ناوچەی ئەلباک لە شاری وان، لە ئەنجامی ئۆپراسیۆنی قڕکردنی سیاسیدا لە ناو ماڵەکانیان دەستگیر کران و گواستیانەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی شارەکە.[1]
- دایک و باوکی سەڵاحەدین دەمیرتاش، تاهیر دەمیرتاش و سەعدیە دەمیرتاش لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ لای سەلاحەدین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی پێشووی (هەدەپە) تووشی ڕووداوی هاتوچۆ بوون و بەوهۆیەوەش بریندار بوون.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- چوار هاوواڵاتی بە ناوەکانی مستەفا خەیری، یاسین خەیری، نافیع مینایی و ئیبراهیم حوسێن نژاد، خەڵکی سەقز، بەپێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران. ئەو چوار هاوواڵاتییە کوردە، لە گەڕەکی تازاوای سەقز دەسبەسەر و بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە ڕاگوێزراون.[5]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، فەوجەکانی لیوای (16)ی پێشمەرگەی بەرە و سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگری لە سنووری گەرمیان جوڵاند.[3]

- تەقینەوەیەک لە گەڕەکی پەنجا عەلی لە کەرکووک لە نزیک هێزێکی پۆلیسی شارەکە ڕوویدا.[4] تەقینەوەکە بوەتەهۆی بریندارببوونی پۆلیسێکی کورد بەناوی (کاروان یاسین عوسمان) و پاشان بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.[6]
- لە سنووری جەلەولا چەکدارانی داعش هێرشیان کردەسەر پۆلیسی فریاکەوتنی ناحیەکە و لە ئاکامدا شەش پۆلیس کوژران و بریندارببوون.[4]
- کۆنسوڵخانەی ئێران لە سلێمانی دەڵێت، ئەو کەسانەی تۆمەتباربوون بە دەرمانخوارکردن و سووتاندنی خێزانێکی هەڵەبجەیی لە ورمێ دەستگیرکراون.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- کەناڵی RTی ڕووسیا بڵاویکردەوە، کاروانێکی گەورەی پۆلیسی سەربازی ڕووسیا گەیشتووەتە فڕۆکەخانەی قامشلۆ. بە گوێرەی زانیاری کەناڵەکە، کاروانە ڕووسییەکە بە یاوەری هێزە کوردییەکان لە شارۆچکەی عەین عیساوە چووەتە قامشلۆ.[3]
- دانیشتوانی شاری حەسەکە لە دژی کۆمەڵکوژییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیر ڕژانە ناو شەقامەکان و بە یەک دەنگ وتیان، تا دوا هەناسە لە دژی ئەوانەی منداڵەکانمان دەکوژن، تێدەکۆشین.[1]
- لە شارۆچکەی عەلی بابجەلی کە دەکەوێتە باکوری ناوچەی عەین عیسا هاوڵاتیان لە دژی داگیرکەرانی دەوڵەتی تورک خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.[1]

دەرەوەی کوردستان

- جارێکی دیکە (زەیتی عەفرین) دەبێتە ڕۆژەڤی پەرلەمانی تورکیا. دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بۆ یەکەمجار دان بەوەدا دەنێن کە بازرگانیی نایاسایی بە زەیتی عەفرینەوە کراوە. پەرلەمانتارانی جەهەپە و هەدەپە دەڵێن: داهاتی بە قاچاخبردنی زەیت دیار نییە و بە لۆژیکی (غەنیمەت) بازرگانی بە زەیتەوە دەکرێت.[2]
- هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی تووندوتیژی دژ بە خۆپیشاندەران لە عێراق چەند سەرچاوەیەکی ئەمریکی ڕایدەگەیەنن: واشنتن سزا بەسەر ژمارەیەک بەرپرسی عێراقیدا دەسەپێنێت.[4]
- تەقە لە خۆپیشاندەرانی بەغدا دەکرێت و زۆرتر لە 10 کەس دەکوژرێن.[6]
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، سزای بەسەر 4 بەرپرسی عێراقیدا سەپاند، کە 3 لەوانە بەرپرسی حەشدی شەعبین و لە ئێران نزیکن. بە گوێرەی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی گەنجینەی ئەمەریکا، هەریەک لە قەیس خزعەلی سەرۆکی میلیشیای عەسائیبی ئەهلولحەق لەیس خزعەلی برای، خەمیس خەنجەر و حوسێن فالح عەزیز لامی لە لیستی سزا داراییەکانی ئەمەریکان.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-06
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-06
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-06
[6] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 417
2019-12-07



باکووری کوردستان
- لە گوندی سۆگوکپنار (مووشیان)ی سەربە ناوچەی توتاکی ئاگری، سەربازانی تورک ئۆپەراسیۆنێکیان دستپێکردبوو، لە پێدادانی دوای ئۆپەراسیۆنەکە، کەسێک بەناوی مورادکایا کە باوکی 3 منداڵە، کوژرا. ئەوەش زانراوە کە لە گوندەکە 10 کەس دەستگیر کراون، کەسێک بەناوی جەمال ئاکسۆی-ش بریندار بووە و ڕەوانەی نەخۆشخانەی لێکۆڵینەوەی وان کراوە.
هەروەها ئەوەش وتراوە کە سەربازانی تورک هاوڵاتیانی گوندەکەیان ئەشکەنجە داوە.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو ئەندامی گرووپی شاخەوانی هەڵۆی شاری سەقز بە ناوەکانی فایەق یووسفی و هادی محەممەدزادە، لە لایەن دادسەرای گشتیی و ئینقلابی ئەو شارەوە بە زیندان مەحکووم کران. بە پێی ئەو بڕیارە، ئەو دوو کەسە بەتۆمەتی پڕوپاگەندە دژی نیزام لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی تراکتەوە بە تاوانبار ناسراون.[4]
باشووری کوردستان
- سەرچاوەیەکی ئەمنی ڕایدەگەیەنێت: شەوی ڕابووردوو چەکدارانی داعش لە سنووری شارەدێی گوێر جوڵەیان کردووە و هێزەکانی پێشمەرگەش خراونەتە ئامادەباشی.[1]

- شەپۆلێکی بەفر بارین سنووری حاجی ئۆمەران و چیای ئەزمەڕ و چیاکانی شارباژێڕ و چەند ناوچەیەکی دیکەی هەرێمی گرتوەتەوە و بەپێی پێشبینییەکانی کەشناسیش، باران بارین بەردەوام دەبێت و لە ناوچە شاخاوییە سنوورییەکانیش ئەگەری بەفربارین هەیە.[3]
- مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جەیمس جێفری، نوێنەری سەرۆکی ئەمەریکا لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکە، هەرێەک لە وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر و چەند بەرپرسێکی دیکەی هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا بەشدارن.[5]
- بەرەبەیانی ئەمڕۆ چەکدارانی داعش بەقۆستنەوەی کەشوهەوا ی ناوچەکە هێرشیانکردوەتە سەر چەکدارانی لیوای 56ی حەشدی حەویجە لەناوچەی دەنادیشی قەزاکە. ڕوبەڕوبونەوە لەنێوانیان ڕویداوە و بەهۆیەوە دوو چەکداری حەشد کوژراون.[1]

دەرەوەی کوردستان

- ڕەوشی ناوخۆیی ئێڕاق عەرەبی زۆر خراپ تێکچووە بە تایبەتی شاری بەغدا، لە پاش ڕوودواوەکانی شەوی ڕابردوو کە زۆرتر لە 30 کەس کوژران و زۆرتر لە 100یش بریندار بوون، سوپا هێزەکانی خۆیی لە گەڕەکەکانی بەغدا بڵاوە پێکردووە.[2]
- فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان بارەگای موقتەدا سەدر لە نەجەف بۆردومان دەکات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: شارباژێڕ (چوارتا و ماوەت)

شار و شارۆچکەکان: مەخموور

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

وڵات: ئێڕاق

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2019-12-07
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری پوک میدیا - 2019-12-07
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردپا - 2019-12-07
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردستان 24 - 2019-12-07
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-08

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 418

2019-12-08



باکووری کوردستان
- هێزە سەربازییەکانی ڕژێمی تورک هەڵیان کوتایە سەر گوندەکانی سەر بە ناوچەی ڕێزان و پەیاس و چناری سەر بە ئامەد و لە ئەنجامی ئەو ئۆپراسیۆنەدا زیاتر لە 13 هاوڵاتی دەسگیر کران.[1]
باشووری کوردستان
- وەکو کاردانەوە بەرامبەر دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردن دژی سەرۆکەکەی، بەرەی عەرەبی یەکگرتوو لە کەرکووک هۆشداری دەدات لە تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی شارەکە.[2]
- ژمارەیەکی بەرچاوی میدیای عێراق و ناوچەکە بە بایەخەوە وتارەکەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڵاوەدەکەنەوە کە بە بۆنەی تێپەڕبوونی 100 ڕۆژ بەسەر کارکردنی کابینەی نۆیەم پێشکەشی کرد و دەستکەوتەکانی حکوومەتی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان خستەڕوو.[3]
- هەڵمەتی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ پاراستنی گەڕەکە کلتوورییەکانی شاری سلێمانی دەستپێکرد.[4]
- لە چوارچێوەی چالاکییەکانی تایبەت بە ڕۆژی مافی مرۆڤ و دژی ئەو کۆمەڵکوژییەی دووی ئەم مانگە، سوپای داگیرکەری تورکیا لە تل ڕفعەت ئەنجامیدا، کە بووە هۆی شەهیدبوونی 10 کەس و بریندارببوونی 10 کەسی دیکە، کە زۆرینەیان منداڵ بوون، ئەمڕۆ ژمارەیەک لە هاوڵاتیانی شاری هەڵەبجە لەبەردەم نوسینگەی مافی مرۆڤ لە شاری هەڵەبجە گردبوونەوە.[5]
- لەسەر سکاڵای سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، ڕۆژنامەنووس شوان عادل دەستگیرکرا.[5]
- مایلز کاگینز، گوتەبێژی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ڕاپۆرت و شرۆڤە دەڵێت، زیاتر لە 100 هەمەری سەربازی و ژمارەیەک پارچەی کەرەستە سەربازییەکان و هاوەن و فیشەک و بێتەل دەدەنە هێزەکانی پێشمەرگە.[6]
- لە میانەی هەڵمەتی 16 ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان، سەنتەری یەکسانی جێندەری زانکۆی هەڵەبجە، دیداری ژنانی شایستەی بۆ 5 ژنی بەتوانای شارەکە لەژێر ناونیشانیمن دەتوانم بەرێوەببرد. دیدارەکە بۆ هەریەک لە دکتۆرە مهاباد کامیل سەرۆکی زانکۆی هەڵەبجە، دادوەر سۆزان حەمەشەریف، دادوەر لەدادگای بەرایی هەڵەبجە، دادوەر شەونم محێدین دادوەر لەدادگای بەرای هەڵەبجە، دکتۆرە هەتاو حەمە ساڵح مامۆستای زانکۆی هەڵەبجە و پارێزەر شۆخان حەمەڕەشید سەرۆکی ڕێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان ساز درابوو.[5]

- شەوی ڕابردوو، بەشێک لە بازاڕی قەیسەریی کفری بەهۆی بارانبارینەوە دادەڕمێت.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە ناوەندی پارتی یەکێتی دیموکراتیک (پەیەدە) کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لە نێوان نوێنەرانری حزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد، عەرەب و سریان لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی ناو سوریا دەستیپێکردووە. بە ئامانجی وتوێژکردن لەسەر ڕێبازەکانی نزیکبوونەوەی تێڕوانینەکان و لەوەش زیاتر وتوێژکردن لەسەر پرۆژەی خۆبەڕێوەبەری و یاسای خۆبەڕێوەبەری هەرێمیی سوریا، ئەو کۆبوونەوەیە بەڕێوە چوو.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڕۆیتەر کۆڵقیل وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، لەگەڵ ئەوەی ئاگربەست ڕاگەیەنراوە، هێرشی سەر ڕۆژئاوا و باکووری سوریا بەردەوامە و وتی، ئێمە بە هۆی ڕووداوەکان کە ڕاستەوخۆ خەڵکی مەدەنی دەکرێتە ئامانج، نیگەرانین.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کفری
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-08
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-08
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-08
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-08
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 419

2019-12-09



باکووری کوردستان
- بۆ لێسەندنەوەی مافی پارێزبەندی لەبارەی 18 پەرلەمانتاری هەدەپە 21 دۆسیە ئامادەکران و بۆ پەرلەمانی تورکیا نێردران.[2]
- لەو هاوسەرۆکی شاروانیانەی لە 6ی کانونی یەکەمدا لە وان لە ئەنجامی هەڵکوتانە سەر ماڵان دەستبەسەر کرابوون کە پێکهاتبوون لە هەریەک لە هاوسەرۆکی شارەوانی بێگری یلماز شالان، هاوسەرۆکی شارەوانی قەلقەلێ دیلان ئۆرەنجی و یاقوب ئالماچ بریاری زیندانیکردنیان بۆ دەرچوو، هاوسەرۆکی شارەوانی ئەلباک ئەرکان ئاجار و هاوسەرۆکی شارەوانی بێگرێ لەیلا بالکان بە مەرجی چاودێریی دادگا، ئازاد کران.[2]
- هاوسەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە سەڵاحەدین دەمیرتاش کە ئێستا لە گرتووخانەیە دەڵێت، دەمێکە نەخۆشە و گرفتی تەندروستی هەیە، هێشتا نەخۆشییەکەیشی دەستنیشاننەکراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی یادگار ئیسماعیلی خەڵکی گوندی زڵێی بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان بریندار کرا.[8]
- لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت لە زانکۆی کوردستان لە شاری سنە، بە سەرپەرشتی د. ڕەحمەت سادقی، سەرۆکی زانکۆ و ئامادەبوونی مامۆستا و خوێندکاران، بڕوانامەی ڕێزلێنان بەخشیرایە هەڵمەت عاسی حوسێن، مامۆستای زانکۆی گەرمیان لە هەرێمی کوردستان.[5]
- چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی سابیر قادری تەمەن 43 ساڵ و خەڵکی دێولان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.[8]
باشووری کوردستان
- لە سەعات 8ی بەیانی ئەمڕۆوە کۆنفرانسی مەڵبەندەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەرتاسەری باشووری کوردستان و ئێراق دەستپێکرد.[1]
- دوای زیاتر لە چوار مانگ لە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس زوبێر برادۆستی لە لایەن ئاساییشی دهۆکەوە، ئازاد کرا.[2]
- بەمەبەستی ئیدانەکردنی ئەو دەستدرێژییەی کرایە سەر خێزانێکی هەڵەبجەیی لە شاری ورمێ و دەربڕینی هاوخەمی بۆیان، بەئامادەبوونی کەسوکارەکەیان فەرمانبەرانی شارەوانی هەڵەبجە بۆ ماوەی کاتژمێرێک کارەکانیان ڕاگرت. هێمن باقی یەک لە ئەندامانی ئەو خێزانە بووە و کارمەندی شارەوانیی هەڵەبجەیە.[3]
- لە ناو بنکەی پۆلیسی کفری پۆلیسێک تەقە لە برایەک و براژنی خۆی دەکات و هەردووکیان دەکوژێت.[4]
- بەیانی ئەمڕۆ، دژی کەمبوونەوەی کارەبای نیشتمانی بەشێک لە هاوواڵتیانی شارۆچکەی پێنجوێن گردبوونەوە و ڕێگەی سەرەکی هاتوچۆیان داخست.[1]
- شێخ سدیق عەبدولعەزیز ڕابەری پێشووی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان لە شاری سلێمانی کۆچی دواییکرد.[4]
- دادگای سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، ناتوانن هیچ کاتێک دیاری بکەن بۆ کۆتایی هاتنی دۆسیەکەی سێوان قادر و سێ منداڵەکەی، بەڵام هەموو لایەک دڵنیا دەکەنەوە دادگا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بڕیار دەدات و هیچ لایەنگرییەکی پێوە دیار نابێت.[3]
- سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێم لە کۆتایی هەفتەی بەڕەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا ڕایگەیاند: لەساڵی 2014 وە تا ئێستا قەبارەی گەندەڵی 423 ملیار دیناری تێپەڕاندووە و توانیومانە لە و ڕێژەیەدا بڕی 17 ملیار و 790 ملیۆن دینار بۆ حکومەت

بگەڕێنینەوە و بڕی 2 ملیار و 770 ملیۆن دیناریش دەستی بەسەرداگیراوە.[3]
- گرێبەستی خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری بۆ پرۆژەی دروستکردنی ئاوەڕۆی هەولێر واژۆکرا و بەگوتەی پارێزگاری هەولێر، یەکێک لەگرفتە گەورەکانی شارەکە چارەسەر دەکات.[5]
- ئەمشەو لە ڕێگەی سێ گوللە هاوەنەوە گوندی تۆپزاوای کاکەیی لە سنوری داقوق موشەک باران کرا، هاوەنەکان بەر چەند ماڵێک کەوتون و زیانی مادی زۆری لێکەوتوەتەوە، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی نەبووە.[3]
- دانیشتوانی گوندی دەکە لە سنووری خانەقین داوا دەکەن، هێزە ئەمنییەکان سەر و ماڵیان لە مەترسییەکانی چەکدارانی داعش بپارێزن، هەروەها دەڵێن: خەریکە داعش وەک سەرەتای دروستبوونی دەبێتەوە بە هێزێکی مەترسیدار لە سنووری شارۆچکەی خانەقین و پارێزگای دیالە، ئەمەش وایکردووە تا ئێستا 25 گوندی کوردنشین ماڵەکانیان بەتەواوی چۆل بکەن.[6]
- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:30ی سەرلەبەیانی، لەبارەگای ڕێکخراوی ژیانەوەی گەنجان، سمینارێک بە بەشداری 150 خوێندکاری زانکۆ، سەبارەت بە کێشەکانی ژن لەلایەن ڕۆژە تاتانی چالاکوان و ڕۆژنامەنووس، بەڕێوەچوو.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی گوندی تەل وەرد و شاروچکەی زرگانی سەرێکانی تۆپباران دەکەن.[2]
- خوێندکار و مامۆستایانی عەفرین و شەهبا بە ڕێپێوان و ڕاگەیەنراوەکانیان لە بەرامبەر بارەگای سەربازانی ڕووسیا لە شەهبا کۆمەڵکوژی تەل ڕەفعەتیان شەرمەزار کرد کە لە ئەنجامیدا 10 کەس شەهید بوون کە 8 کەسیان منداڵ بوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- سەرۆکی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕایگەیاند، دەستمان کردووە بە نیشتەجێکردنی یەک ملیۆن کەس لە ناوچەکانی سەری کانی و گرێ سپی باکووری سووریا.[6]
- دوای ئەنجامدانی چەند هێرشێک بۆ سەر چەند بارەگایەکی لە عێراق لە ڕۆژانی ڕابردوودا، ئەمڕۆ ئەمریکا 500 ئۆتۆمبێلی سەربازیی ڕەوانەی عێراق کرد و لە بنکەی سەربازیی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنبار جێگیرکردن.[7]
- باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق داوای لە هاوواڵاتییەکانی کرد سەردانی عێراق نەکەن، ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە کە ئەو داواکارییە هەڕێمی کوردستان ناگرێتەوە.[3]
- ئەحمەد سەحاف، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، وەزارەتەکەیان ئەمڕۆ بانگهێشتی باڵیۆزی هەریەک لە وڵاتانی فەرەنسا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و کەنەدای کردووە و ناڕەزایەتی خۆیانیان لەبارەی دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق پێ ڕاگەیاندووە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان
پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کفری

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-09
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-09
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-09
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-09
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-09
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-09
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-10
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

بابەت: 420

2019-12-10



رۆژهەڵاتی کوردستان
- لاوێکی کورد بە ناوی عوسمان ڕۆستەمزادە کوڕی مەحموود خەڵکی گوندی شمشێری پاوە، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، بریندار بوو.[3]
باشووری کوردستان
- بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ-ەوە، ئەمڕۆ، بە دەستپێشخەریی نووسینگەی مافی مرۆڤ لە سلێمانی، لەبەردەم تەلاری هونەرەوە بۆ بەردەم نووسینگەی مافی مرۆڤ، ڕێپێوانێک بەڕێوەچوو.[4]
- بۆ ڕێکخستنی یەکەهەڵوێست و کاری هاوبەشی فراکسیۆنەکان نێوەڕۆی ئەمڕۆ، کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی هەرێم لەگەڵ لایەنەکانی (یەکێتی، پارتی، یەکگرتوو، گۆڕان و کۆمەڵ) دەستپێکرد.[5]
- بەتۆمەتی وەرگرتنی پارە و جیاوازیکردن لەدامەزراندنەکاندا، ژمارەیەک بەرپرسی تەندروستی کەرکووک لەلایەن دەستەی دەستپاکیەوە دەستگیرکران و دواتر بەکەفالەت ئازادکران کە یەکێکیان کوردە.[5]
- ئەمرۆ لە هوتێل شیراتۆن لە شاری هەولێر، لە مەراسیمێکدا کە لەلایەن ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازییەوە ڕێکخرابوو، خەڵاتی ئەڵتوونی بە خشرایە دایکە شەریفە کە ناسراوە بە دایکی ڕامین حوسێن پەناهی.[7]
- جیاواز لە هەڵمەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ژنان، ئەمڕۆ هونەرمەند ئازاد سەوزە لە ناوبازاڕی سەیدسادق و بە هەڵواسینی چەند وێنە و کردنەوەی پێشانگاو بەکار هێنانی بڵندگۆ بۆ بانگەشەی نەهێشتنی تووندوتیژی دژ بە ژنان.[5]
- شەپۆلێکی بەفر بارینی چڕ شاخی زینی وەرتێی گرتۆتەوە، بەو هۆیەشەوە ڕێگای هاتوچۆ لە نێوان سنووری شاروچکەی ڕانیە و شارەدێی وەرتێ گیراوە.[5]
- بەهۆی بەفرباریی زۆر دەروازەی سنووری سەرزێڕ لە دەڤەری ئامێدی داخرا.[2]
- یەکێک لە ئەندامانی ئەو خێزانە هەڵەبجەییەی لە وڵاتی ئێران لەلایەن گروپێکی تاوانکارەوە جەستەیان سوتێنرا لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.[6]
- وەزیری کارەبای هەرێم ڕایگەیاند: هاووڵاتی و حکومەت ترلیۆنێک و 107 ملیار دینار قەرزارن. لەحاڵەتی ئاساییشدا چوار تا پێنج هەزار مێگاوات خواست لەسەر کارەبا هەیە.[5]
- ئەمڕۆ لە ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و لەکۆتا ڕۆژی هەڵمەتی 16 ڕۆژ بۆ بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان، بەدروشمی لاوان داکۆکی لەمافەکانی مرۆڤ دەکەن، مەراسیمێک لە شاری هەڵەبجە بەڕێوەچوو. مەراسیمەکە بەئامادەبوونی نوێنەری وڵاتان و ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ بوو، تێیدا کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتاری نمایش کرا کە باسی لەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکرد.[7]
- یەکەمین پێشانگەی کشتوکاڵ و کەرەستەی پیشەسازیی خۆراک لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی سلێمانی کرایەوە. 105 کۆمپانیا تێیدا بەشدارن کە زیاتر لە نیوەیان لە وڵاتانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە هاتوون.[1]
ڕۆژئاوای کوردستان
- لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا عەلی مەملووک، سەرۆکی ئاسایشی نیشتمانی سووریا سەردانی سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی قامیشلۆی کردووە و داوایلێکردوون کوڕەکانیان لەناو هێزەکانی سووریای دیموکرات - هەسەدە بکێشنەوە، ئەوەش کاردانەوەی لایەنەکانی ڕۆژئاوای لێکەوتووەتەوە. پارتی یەکێتیی سووریا لە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر پارتی دووەمە، سەنحەریب بێرسۆم، هاوسەرۆکی پارتی یەکێتیی سووریا دەڵێت، ئاماژەکان باش نین و هەوڵدەدرێت ناکۆکی لەنێوان پێکهاتەکانی ناوچەکەدا دروستبکرێت و هەسەدە دابەشبکەن.[1]
دەرەوەی کوردستان
- ڕاوێژکارێکی سوپای پاسدارانی ئێران ڕایگەیاند: ئەگەر ئیسرائیل بچووکترین هەڵە بەرامبەر ئێران بکات، لە لوبنانەوە، تەلئەڤیڤی پایتەختی ئە و وڵاتە لەگەڵ زەوی تەخت دەکەین.[2]
- لێژنەی پرچەککردن لە ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرانی ئەمەریکا، لە پرۆژە بودجەی 2020دا قەدەغەیکردووە، واشنتن فرۆکەی ئێف35 بفرۆشێت یان بیگوازێتەوە بۆ تورکیا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (راپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: لوبنان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-12-10
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-10
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-10
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-10
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-10
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-10
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-10
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 421

2019-12-11



باکووری کوردستان

- لە ناوچەی قۆسەر، نوسەیبین و ئەرتوکلوی مێردین پۆلیسی تورک هەڵیکوتایە سەر ماڵان و ژمارەیەک کەسیان دەستگیرکرد. لە ناو دەستگیرکراوەکاندا سالح کودای هاوسەرۆکی هەدەپەی ئەو شارە، دەریا ئەتهەم سەرۆکی ژووری پزیشکانی مێردین و نەدا ئالپەر و ئەمەل ئۆرهان ئەندامانی هەدەپە هەن.[4]

- سەربازانی تورک لە گوندەکانی چەمێ ئەلیکا و سپێنیی ناوچەی لیجەی ئامەد، 4 کەسیان دەستگیرکرد کە یەکێکیان باوکی ڕۆژدا نازلیئەر هاوسەرۆکی شارەوانی کارازە. سەربازان لە گوندی چەمێ ئەلیکا فەرمان نەرگیز و هارون ئۆیونلو و لە گوندی سپێنیش ئادەم نازلیئەر باوکی ڕۆژدا نازلیئەر هاوسەرۆکی شارەوانی کاراز و کەسێکی تریان دەستگیرکرد. دەستگیرکاوەکان بۆ فەرماندەیی جەندرمەی ئامەد گواستراونەوە.[4]

- هونەرمەند یلماز چەلیک کە لە شاری دێرسم دەستگیر کرابوو، سزای زیندانی بەسەردا سەپێنرا.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆڕی پەردەلادانی کتێبی چریکەی دڵ، دووهەمین بەرهەمی مەهدی فەللاحی ڕۆستەمان، ناسراو بە سەرمەس، بە بەشداریی مامۆستایان، شاعیران، نووسەران و ئەدەبدۆستانی شارەکانی سەقز، بۆکان، مەهاباد، پیرانشار، بانە، مەریوان، سنە و ساحێب و دەوروبەری بەڕێوە چوو.[6]

- سمکۆ مەعروفی، چالاکی ئەدەبیی خەڵکی بۆکان، لەلایەن لقی 101ی دادگای کەیفەریی ئەو شارەوە بە 2 ساڵ زیندان مەحکووم کرا.[6]

باشووری کوردستان

- شەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆ لە هەولێر دەستپێکرد و لە ماوەی شەش ڕۆژدا 12 کاری شانۆیی کورستان و چەندین وڵاتی بیانیش تیایدا نمایش دەکرێ.[1]

- بەهۆی دواکەوتن و تەواو نەکردنی پرۆژەکەیان، بەشداربووانی پرۆژەی لانە سیێ لە شارۆچکەی کەلار، گردبونەوەیەکیان ئەنجامدا و داوای دیاریکردنی کاتی تەواوبوونی پرۆژەکە و دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری دەکەن.[3]

- لە سنووری گەرمیان کارەبای نیشتیمانی هەرسێ شارەدێی مەیدان و پێباز و شێخ تەویل و نزیکەی 300 گوند دەپچڕێت و

لایەنی پەیوەندیداریش دەڵێت: کەوتنی تاوەڕێکی 33 کەی ڤی هۆکاری پچڕانی کارەباکەیە. [5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فەرماندەی سوپای سووریا لە حەسەکە ڕایگەیاند، گرووپە چەکدارەکانی سەر بە تورکیا لە ڕێگەی ئێم 4 پاشەکشەیان کرد و سوپای سووریا تەواوی ڕێگەی نێودەوڵەتی ئێم 4 کۆنترۆڵ دەکات.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە پەرلەمانی ئەوروپا کۆنفرانسی پشتگیری لە ڕۆژئاوا و لەدژی داگیرکەری دەوڵەتی تورک دەبەسترێت.[4]
- بەهای تومەنی ئێرانی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی بۆ کەمترین ئاستی شەش مانگی ڕابردووی دادەبەزێت، دەگاتە ئاستی 13 هەزار و 800 تومەن بەرامبەر دۆلارێک.[1]
- کۆمیتەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان (سی پی جەی-CPJ) لە ڕاپۆرتێکی تایبەتدا ڕایگەیاند، زۆرترین ڕۆژنامەنووس لە چین، تورکیا، سعودیا و میسر لە زیندان دان.[4]
- نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق هێزە ئەمنییەکان و میلیشیاکان بەدەستگیرکردنی هەڕەمەکی خۆپیشاندەران و چالاکوانانی مەدەنی تۆمەتبار دەکات.[1]
- مایک پۆمپێیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ئاشکرایکرد، کۆشکی سپی سزای نوێی بەسەر ژمارەیەک بەرپرسی ئێراندا سەپاند و گوتیشی: هەر کۆمانیایەک مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات، سزای دەدەین. سەبارەت بە عێراقیش دووپاتیکردەوە، بە وردی چاودێری خۆپێشاندانەکان دەکەین هەوڵیش بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئە و وڵاتانە دەدەین، کە هەژموونیان بەسەر عێراقەوە هەیە.[1]
- لێژنەی کاروباری دەرەوە لە کۆنگرێسی ئەمەریکا پرۆژە بریاری سەپاندنی سزای بەسەر تورکیادا پەسەند کرد، ئەمەش بەهۆی هێرشی ئە و وڵاتە بۆ سەر باکووری سووریا و کڕینی دژەمووشەکی S-400ی ڕووسی.[1]
- فەرماندەی هێزی دەریایی لیبیا، ڕایگەیاند: فەرمانمان پێکراوە، هەر کەشتییەکی تورکیا نزیک کەناراوەکانمان بێتەوە، نوقمی ئاوی بکەین.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: بۆکان
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: دێرسیم
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-11
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-11
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-11
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-11
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-11
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-14

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 422

2019-12-12



باکووری کوردستان
- لە ناوچەی قۆسەری مێردین سەرلەبەیانی ئەمڕۆ پۆلیسی تورک هەڵیانکوتایە سەر ماڵی نیلوفەر ئەلیک ییڵماز هاوسەرۆکی شارەوانی قۆسەر کە 4ی تشرینی دووەم قەیوم لە جێگاکەی دانرابوو و دەستگیرکرا. لە لایەکی تر دیلبەر سولهان جێگری هاوسەرۆکی شارەوانی قۆسەریش دەستگیرکرا.[1]

- پۆلیسی شارۆچکەی بایەزیدی سەر بە پارێزگای ئاگری، عەزیز ئۆروچ، ڕۆژنامەنووس و عەبدوڵا ئەکەک، هاوسەرۆکی هەدەپەی لە بایەزید و هاوڵاتییەک بە ناوی ئەکرەم موفتئۆغلۆی دەستگیرکرد.[3]
- هەر یەک لە ڕازیبە تورگوت و ڕەزان ساریجا و سەربای کۆکلو و ئیبراهیم بیلمەز پارێزەرانی ڕێبەری پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان بۆ ئەوەی سەردانی ئیمرالی بکەن و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام بدەن، داواکارییان پێشکێشی داواکاری گشتی بورسا کرد. لە 7ی مانگی ئابی ئەمسالەوە تا ئێستا وەڵامی داواکاری پارێزەرانی ئوجالان نەدراوەتەوە.[1]
- تیمەکانی بەشی دژە تیرۆری ئاسایشی ئامەد لە ناوچەی پەیاس هەڵیان کوتایە سەر دوو گوند و لە ئەنجامی لێپرسینەوەدا 22 کەسیان دەستگیر کرد. بە پێی پرۆپاگەندەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش لە ئەنجامی هەڵمەتی گەڕان و لێپرسینەوەدا 271 کیلۆ و 475 گرام تەقەمەنی و 8 بۆمبی دەستی و 12 گولە ئارپیجی و 7 چەک و ژمارەیەکی زۆر فیشەک و کەپسولی ئەلەکتریکی و کۆنترۆڵی تەقاندنەوەو دوربینی سەر چەک و کەلەپەلی ڕێکخستن و چەندین کەلوپەلی دیکە، دەستیان بەسەردا گرتووە. بە دەستگیرکردنی ئەو 22 کەسە، تەنها لە ماوەی حەفتەیەکدا ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئامەد دەستگیر کراون، گەیشتە 59 کەس.[1]

باشووری کوردستان

- ئەمرۆ پردی گوێر دوای نۆژەنکردنەوەی کرایەوە، کە درێژترین پردە لە باشووری کوردستان، درێژیەکەی هەزار و 350 مەترە، هەولێر و مووسڵ و کەرکووک بە یەکەوە دەبەستێتەوە، جگە لەوە مووسڵ بە هەموو شارەکانی عێراق گرێ دەدات. ئەم پردە داعش ساڵی 2014 تەقاندیەوە.[2]
- ماوەی 17 کاتژمێرە بە بەردەوامی چەندین فڕۆکەی جەنگی کە گومان دەکرێت فڕۆکەی جەنگی تورکیا بن زۆر بە نزمی بەسەر ئاسمانی دەڤەری ڕاپەڕیندا دەسوڕێنەوە و ترس و دڵەڕاوکێیان لای هاوواڵتیان دروستکردووە.[4]
- بە دروشمی (جوانی پایز لە هەڵەبجە و هەورامان) بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ و سەنتەری ژیوا، پێشانگەیەکی وێنەیی بۆ 27 فۆتۆگرافەری سنووری پارێزگای هەڵەبجە و دەوروبەری کردەوە کە وێنەکان گوزارشت بوون لە پایزی هەڵەبجە و هەورامان.[4]
- بەدروشمی ژن، ئاسایش، ئاشتی و ڕەنگکردنی جیهانی پرتەقاڵی کۆمەڵەی ژنانی ئاشتی بەغدا بە هاوکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کەرکووک، بە کردنەوەی پێشەنگایەکی شێوەکاری و پانێڵێک لە هۆڵی ڕۆشنبیری کەرکووک، کۆتایی بە چالاکییەکانی 16 ڕۆژەی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژ بە ژنان هات.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هێزێکی سوپای سووریا، کە پاسەوانی فڕۆکەخانەی قامشلۆن، ڕێگەیان نەدا کاروانێکی سوپای ئەمەریکا بە ناوچەکەدا تێپەڕێت و کاروانەکەیان ناچار بە گەڕانەوە کرد.[2]

دەرەوەی کوردستان

- کۆنفرانسێکی تایبەت بە بەشدارپی نوێنەری نەتەوەکانی ئێران، چالاکانی مافی مرۆڤی و نوێنەرانی یەکیەتیی ئوروپا، سەبارەت بە بارودۆخی نەتەوەکانی ئێران لە بارەگای سەرەکیی یەکیەتیی ئوروپا لە بروکسێل بەڕێوە چوو.[7]
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا لە ڕاگەیەندراوێکدا وەڵامی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکای داوەتەوە و ڕایگەیاندووە واشنتن بێ ڕێزیی بە سەروەری ئاسایش و نەتەوەپی تورکیا دەکات. ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەمەریکا بەنیازی جێبەجێکردنی پڕۆژەیەک بووە لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام تورکیا گورزێکی کوشندەی لە پڕۆژەکەی ئەمەریکا داوە و نەیهێشتووە سەر بگرێت.[2]
- خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی وەسبەی شاری بەغدا تەقەکەرێک دەکوژن و بە ستوونی ترافیکلایتەوە هەڵیدەواسن.[5]
- وەزیری بەرگری ئەمریکا ڕایگەیاند: هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا هەماهەنگییەکی پتە و فراوانیان لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات هەیە.[6]
- لە ناوەندی کەلتوری سەر بە شارەوانی نۆرنبێرگ، پێشانگای وێنە کرایەوە و وێنەیەک لە ڕۆژئاواش لە پیشانگاکە نمایش کرا. لەسەر گوشاری لۆبی تورک، شارەوانی وێنەکەی لە پیشانگا لابرد.[1]
- ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بەفەرمی دانی نا بەوەی کە کوشتاری ئەرمەن لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە ئەنجامدراوە. ئەم بڕیارە تورپیی دەوڵەتی تورکی لێکەوتەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: بایەزید
شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ
شار و شارۆچکەکان: ماردین
شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 12-12-2019
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 12-12-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 12-12-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 12-12-2019
[5] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 12-12-2019
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 12-12-2019

کاتی تۆمارکردن: 01-11-2019
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 423

2019-12-13



باکووری کوردستان

- لە ناوچەی پانۆسی ئاگری جەندرمەکان هەڵیانکوتایە سەر گوندەکانی گامیشڤان، سوڵیانموت، نەنەجانی و لە ئەنجامدا 9 هاوڵاتیان دەستگیرکرد. هۆکاری دەستگیرکردنی هاوڵاتیان نەزانرا و بۆ فەرماندەیی جەندرمەی پانۆس گواستراونەوە. ناوی 3 کەس کە دەستگیرکراون ئاشکرا بوو کە ئەمانەن: ئادەم ڕەزا ییڵدز، ڕەمەزان دینچ و دورسون ئاکتەپە.[4]

باشووری کوردستان

- ئەمڕۆ، سێ ڕۆژە، بەبەردەوامیی چەند فڕۆکەیەکی جەنگی نەناسراو بە سەر ئاسمانی ڕانیە، قەڵادزێ و کۆیەدا دەسووڕێنەوە بێ ئەوەی هیچ شوێنێک بۆردوومان بکەن.[1]

- ئەمڕۆ سوپای تورکیا بە دوو فڕۆکەی جەنگی و تۆپ بۆردوومان و تۆپبارانی ناوچە ئاوەدانییەکانی سنووری شارۆچکەی سیدەکانی سەر بە شارۆچکەی سۆرانی کرد.[3]

- دوای نزیکەی شەش ساڵ، منداڵێکی کوردی ئێزدی گەڕێندرایەوە لای کەسوکارەکەی لە کەمپی مام ڕەشان لە شارۆچکەی شێخان. بێوار قاسم لە تەمەنی شەش مانگیدا کەوتووەتە دەستی داعش و لە تەلەعفەر لای خێزانێکی تورکمانی داعش بووە.[3]

- ڕێوڕەسمی جەژنی فەقیرانی کوردانی ئێزدی بەڕێوەدەچێت.[3]

- لە چوارچیوەی هەڵمەتی ڕووبەرو بوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان لە کەرکووک پێشەنگایەکی وێنەکێشان بۆ کچانی شارەکە کرایەوە.[4]

- بەهۆی خۆپێشاندانی خەڵکی گوندی قەرەنی ئاغا لە سنوری شارۆچکەی ڕانیە دژی کەمی کارەبای نیشتیمانی و دابەشنەکردنی نەوت، ڕێگای هاتوچۆی نێوان ڕانیە سلێمانی داخرا.[2]

- دوای کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی دوێنێ بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکووک کە حەشدی شەعبی بەوە تۆمەتبارکرد هەڕەشەیان لێ کردووە، لایەنگەرانی حەشدی شەعبی ڕێگای سەرەکی کەرکووک – بەغدایان داخست. حەشدی شەعبی هەڕەشەی ئەوەیان کردبوو، لە ئەگەری بڵاوکردنەوەی ناوی دامەزراوان، ئەگەر هاتوو بەدڵی ئەوان نەبوو، هەڵدەکووتنە سەربینای بەڕێوەبەرێتی پەروەردە.[5]

- ماراسۆنی بایسکلسواری (راید ئۆن) بۆ ساڵی دووەم لەسەریەک و بە بەشداری ژمارەیەک لە پەرلەمانتار و هونەرمەند و کەسایەتییەکانی هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان لە هەولێر بەڕێوەچوو. مەودای پێشبڕکێیەکە حەوت کیلۆمەتر و لە شەقامی 40 مەتریەوە بەرە و پارکی شار و بەردەم قەڵا بوو، لە پێشبڕکێیەکەدا زیاتر لە 500 بایسکلسواری کوڕ و کچ بەشداریان کرد.[5]

- حکومەتی عێراق مووچەی مانگی کانوونی یەکەمی 2019ی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی نارد و بەڕێوەبەری لقی هەولێری بانکی ناوەندیی عێراق دەڵێت، لە ڕۆژی پێنجشەممەوە پارەکە خراوەتە سەر ژمارە بانکیی وەزارەتی دارایی.[3]

- چیرۆکنووس محەمەد ئەمین ئەحمەد کۆچی دوایی کرد.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە نیوەڕۆی ئەمڕۆوە، سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی، لە گوندی کەندالا، گوندەکانی دەشتایی ڕۆژئاوای گرێ سپی بۆردومان دەکەن. بە هۆی تۆپبارانەکەوە چەندین ماڵ لە گوندی قزەلی، بیرکانێ و سارنجێ ڕووخاون.[4]

دەرەوەی کوردستان

- لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بریتانیادا دوو کورد توانیان لە دوو پارتی ڕکابەری ئە و وڵاتە سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ببنە

ئەندامی پەرلەمان. نەدیم زەهاوی پالێتوراوی پارتی پارێزگاران و فریاڵ کلارک پالێتوراوی پارتی کرێکارانی بریتانیا ئە و دوو کوردە بوون کە توانیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئە و وڵاتە سەرکەوتن بەدەست بهێنن.[2]
- ئەحمەد داودئۆغلو، سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا، بەڵێنی ئەوەیداوە کۆتایی بە فەرمانڕەوایی پارتی داد و گەشەپێدانی (ئەکەپە) بهێنێت و ڕایگەیاندووە، دیموکراسییەت لە تورکیا گەڕاوەتەوە دواوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سیدەکان
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کۆیە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-13
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری دواڕۆژ - 2019-12-13
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ڕووداو - 2019-12-13
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-13
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری کوردستان 24 - 2019-12-13
[6] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەری پوک میدیا - 2019-12-13
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 424

2019-12-14



باکووری کوردستان

- پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) دەنگی بە و ڕەشنوسە نەدا کە لەلایەن ژمارەیەک پارتی تورکیاوە ئامادەکرا و تیایدا ناڕەزایی بەرامبەر بڕیاری ناساندنی کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان بەجینۆساید لەلایەن ئەمریکاوە نیشاندا.[1]

- حەیرانبێژ (دەنگبێژ) سلۆ قز کە هەموو خزمەکانی لە کۆمەڵکوژی دەرسیم لە ساڵی 1938 گیانیان لەدەستدا، لە تەمەنی 104 ساڵیدا کۆچی دوای کرد.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کاسبکارێکی کورد بە ناوی عەزیز مەعرووفی کوڕی حوسێن و خەڵکی گوندی بێمزوورێ، سەر بە شاری شنۆ، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری ئەو شارەدا بوو بە قوربانی.[6]

باشووری کوردستان

- بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیانی شاری هەڵەبجە گروپی زەریاب، بە هاوکاریی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشبیری و هونەری هەڵەبجە، یادی هونەرمەند حوسێن عەلی کردەوە.[3]

- سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: لە پرۆژەی چاکسازیدا، ژمێرە و حسابی سەرجەم هێزە سەربازی و ئەمنییەکان دەکەونە ژێر دیوانی چاودێری دارایی هەرێم و یەکەی ژمێریاری بۆ هیچ هێزێکی سەربازی و حیزبی نامێنێت، جگە لە هەڵوەشاندنەوەی مووچەی هەزاران خانەشینی، هەر حەوت فەرمانگەکانی خانەنشینی هەرێم نامێنن و یەک فەرمانگەی خانەنشینی دروستدەکرێت.[1]

- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵمەتێکی بۆ پشتگیریی لە بەرهەمی نێوخۆیی ڕاگەیاند و پێشوازی لە هەموو دەستپێشخەرییەک دەکات بۆ پشتیوانیکردن لە هەڵمەتەکە، داواش لە هەموو لایەک دەکات سەرنج و بۆچوونەکانیان لەبارەی پرۆژەیاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان بنێرن.[2]

- لە شاری هەولێر کۆنفرانسێک بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ گفتوگۆکردنی کێشە و گرفتەکانی بەردەم سیستەمی دادوەریی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئە و کێشانە چارەسەر بکرێن و دادگا و سیستەمی دادوەری لە هەرێمی کوردستان سەربەخۆ و سەروەر بێت.[5]

- حکومەتی هەرێمی کوردستان لێژنەیەکی بۆ پرسی ماددەی 140 پێکهێناوە و داوای کاراکردنەوەی ماددەی 140 لە بەغدا

دەکات، ئەرشەد سالحی، سەرۆکی بەرەی تورکمانیش دەڵێت، دەبێت کورد لەگەڵ عەرەب و تورکمان ڕێکبکەوێت پاشان بچێتە بەغدا.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- مەزڵوم کۆبانێ، فەرماندەی گشتیی هەسەدە لە تووێتێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، بڕیارەکەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمریکا دەبێتە هۆکاری ئەوەی تورکیا نەتوانێت گەلی کورد کۆمەڵکوژ بکات و وادەکات تورکیا واز لە داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان بهێنێت.[2]
- بەسەدان دانیشتووی ناوچەی تەل تەمر، تەرمی شەهید ئەحمەد ئەلبیکەیر (دڵشێر)یان بە مەراسیمێک بەخاکسپارد کە لە بەرخۆدانی شەرەفدا شەهید ببوو.[4]
- بەگوێرەی سەرچاوە خۆجێییەکان، شەوی ڕابردوو تۆپخانەکانی تورکیا و گرووپە چەکدارەکان گوندەکانی تل وەرد و تل شەعیریان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی تل تەمر تۆپباران کردووە. لە میحوەری ڕۆژئاواش، هێزەکانی حکومەتی تورکیا و گرووپە چەکدارەکان بە چەکی قورس هێرشیان کردووەتە سەر سایلۆی گوندی قز عەلی کە بە دووریی 40 کیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کۆبانێ هەڵکەوتووە.[2]
- لە ناوچەی تەبقای سەر بە فیدراسیۆنی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بە هەزاران کەس ڕژانە سەر شەقام و داگیرکەرییەکانی دەوڵەتی تورکیان شەرمەزار کرد. خەڵکی تەبقا پشتیوانی خۆیان بۆ هێزەکانی سوریای دیمۆکراتیک دووپات کردەوەو وەک هێزی پاراستی پێکهاتەکان ناویان برد.
دەرەوەی کوردستان
- ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوا لە حکومەتی عێراق دەکات، لێکۆڵینەوە لە تووندوتیژییەکان و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و ڕفاندنی چالاکوانان بکات.[3]
- لە مۆسکۆ پێشانگای ئەو وێنانەی لە لایەن منداڵانی ڕۆژئاواوە کێشرابوون، کرایەوە. منداڵان بە کێشانی وێنەیان ئاماژەیان بە تاوانی مرۆڤایەتی بەرامبەر باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا کرد.[4]
- هاوپێشەکانی ڕۆژنامووس عەزیز ئۆروچ کە لە لایەن ڕژێمی تورکەوە دەستگیر کراوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر ناوی عەزیز ئۆروچ ڕۆژنامەنووسە "AzizOruçGazetecidir" کەمپینێکیان دەست پێکرد.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان:	دێرسیم
شار و شارۆچکەکان:	شنۆ
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
وڵات:	یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-14
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-14
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-14
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-14

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-14
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-15
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 425

2019-12-15



ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- شەوی ڕابردوو لە شاری سەقزی سەربە پارێزگای سنە، لەلایەن دوو کەسەوە تێزاب کراوە بە سەر دایک و کچێکدا. بەپێی هەواڵێکی هرانا، ئەو دایک و کچە لە شەقامی سەعدی لەلایەن دوو کەسی نەناسراوەوە کە لەسەر ماتۆرسکیل بوون، لە پشتەوە تێزابیان پێدا کراوە.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی هادی حەسەنی کوڕی عوسمان، تەمەن 19 ساڵ و خەڵکی ڕەبەت، بوو بە قوربانیی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان.[5]
- هێزە ئیتلاعاتییەکان بە هێرش کردنە سەر ماڵی کەسیی سێ چالاکی فەرهەنگیی کورد بە ناوەکانی سۆهراب مورادی، داریووش مورادی و ئەحمەد بەساتی و پاش پشکنینی ماڵەکەیان، ئەوانیان دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیاریان ڕاگواستووە. سۆهراب و داریووش مورادی لە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ماڵپەڕی هەسارەن و ئەحمەد بەساتی لە شاعیرانی خەڵکی شاری شائابادی کرماشانە و هەتا ئێستا چەندین بەرهەمە شێعریی ئەو شاعیرە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.[5]
باشووری کوردستان
- ژنێکی گەنج لە شارەزوور بە ناوی (خ ی ع)، کە تەمەنی 23 ساڵە، بەهۆی سووتانەوە گیانی لەدەستدا، کە بانگەشە دەکرێت خۆی سووتاندبێت.[1]
- هێزەکانی لیوای 16 و 5ی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە لە دەوروبەری کولەجۆ ئۆپەراسیۆنێکیان بۆ ئەو ناوچانە دەستپێکرد کە گومان دەکرێت چەکدارانی داعش خۆیان لێ حەشار دابێت.[2]
- زیندانیانی سیاسی لە قەڵادزێ گردبوونەوە و بەیاننامەیەکیان ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان کردو داوایان کرد، بەناوی پرۆژەی چاکسازی مافەکانیان لێ زەوت نەکرێت.[3]
- ئەمڕۆ لە هۆڵی سەعد عەبدوڵا لە شاری هەولێر، کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی پلانی گۆڕینی هەڵسوکەوت بەمەبەستی نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێینە، لە هەرێمی کوردستان لە ژێرناونیشانی (کۆمبی پلان) بە پێشەنگایەتی سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی دانیشتوان و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەڕێوەچوو، تێیدا بڕیاری هەڵمەتێکی 18 مانگی بۆ نەهێشتنی خەتەنەکردنی مێنە درا.[4]
- شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی عێراق ئەمڕۆ ڕایگەیاند: دوو ئەندامی پۆلیسی فیدراڵی عێراق لە شاری کەرکووک لەلایەن چەکدارانی داعشەوە کوژراون.[2]
- لە شارۆچکەی کەلار، بەرەی نیشتیمان دژی داگیرکاری لە گەرمیان، پێشانگایەکی فۆتۆگرافیان کردەوە، بۆ نیشاندانی وێنەی

بریندارانو قوربانیانی داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورک لە ڕۆژئاوای کوردستان.[4]
- لە شارۆچکەی ڕانیە-ی ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین لە هۆڵی 5ی ئازار چلەی دوو شەرفانی یەکینەکانی پاراستنی گەل-یەپەگە دەلیل خالید و کارزان خورشید بە مەراسیمێکی شکۆدار بەڕێوە چوو.[4]
- مامۆستایانی وانەبێژی خوێندنی کوردی لە خورماتوو لەبەرامبەر دانەمەزراندنیان لە بەردەم پەروەردەی خورماتوو گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.[3]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندی هۆشانان لە ڕۆژئاوای ناوچەی عەین عیسا تۆپباران دەکەن.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-15
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-15
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-15
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-15
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-16
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 426

2019-12-16



باکووری کوردستان
- پارێزگاری شاری مێردین بڕیاری قەدەخەکردنی چالاکی و گردبوونەوەی لە شارەکەو ناوچەکانی دەوروبەری درێژ کردەوە.[3]
- دانیشتنی دادگاییکردنی سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ بێ ئەوەی پارێزەرەکانیان لێ ئاگادار بکرێنەوە، بەڕێوە چوو، لە دانیشتنی دادگاشدا، سەلاحەدین دەمیرتاش ڕایگەیاند: "لە کاتێکدا کە بکوژ ئازاد دەکرێت من داوای ئازادبوون ناکەم".[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوو هاوواڵتیی کورد بە ناوکانی کاوە ساڵحی و حەمزە عەزیزی، خەڵکی جوانڕۆ، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.[2]
- شەوی ڕابردوو، ئاکۆ جەلیلیان، نووسەر، زمانزان و فۆلکلۆرناسی بەتوانای کورد لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان، پاش هێرش کردنە سەر ماڵی ئەو نووسەرە کوردە و پشکنینی ماڵەکەی، ناوبراویان دەسبەسەر کردووە. هێزە ئیتلاعاتییەکان بەبێ نیشاندانی بەڵگەی یاسایی ئەم نووسەرە کوردەیان دەسبەسەر و هۆکاری دەسبەسەرکردنی ناوبراو ناڕوونە.[2][5]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ئازاد خوسرەوی کوڕی عوسمان و خەڵکی گوندی نێ مەریوان، لە بەرزاییەکانی تەتەی هەورامان، بەهۆی سەرمابردووییەوە گیانی لەدەست دا و فەرهاد خوسرەوی کە برایەتی لەو ڕووداوەدا ون بووە. لەو ڕووداوەدا، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی حوسێن کەرەمی بەسەختی تووشی سەرمابردووبی بووە و بۆ چارەسەرێی پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی کراوە. بە وتەی شایەتحاڵەکان، چەند کۆڵبەرێکی دیکە لەو ڕووداوەدا بێسەروشوێن و گەڕان بە دوای کۆڵبەرانی ونبوو درێژەی هەیە.[2]
باشووری کوردستان
- سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباranی هەڵەبجە ئاشکرایکرد، ئەنجامی ئەو پشکنینانە گەڕاونەتەوە کە بۆ منداڵێکی ونبووی هەڵەبجە بەناوی خەلیل محەمەد ساڵح ئەنجامدرابوو، دەرکەوتووە کە لە100% منداڵی ونبووی هەڵەبجەیە و خەڵکی شارەدێی بیارەیە.[1]
- ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دواین کۆبوونەوەی خۆی بەرلە بەستنی کونگرەی چوارەمی یەکێتی بەست و تاوتوێ ئامادەکارییەکانی کۆنگرەی کرد.[4]
- بەهۆی ئەو تەمومژەی شەوی ڕابردوو هەولێری گرتەوە و بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتیان سەرجەم گەشتەکانی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ڕاگیرا.[4]
- بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی پلە باڵاکان و پێداچوونەوە بە یاسای چاکسازی گردبوونەوەیەک لەبەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا.[5]
- پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی خۆیدا پرۆژە یاسای ڕیکلامی بازرگانی پەسەند کرد.[4]
- وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێم ڕایدەگەیەنێت، پڕۆژەی دروستکردنی شەقامی 100 مەتری سلێمانی لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانە و لەداهاتوویەکی نزیکدا بەئەنجام دەگات.[1]
- ڕێورەسمی دابەشکردنی خەڵاتەکانی شەشەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی هەولێر بەڕێوەچوو. خەڵاتی باشترین ئەکتەری کوڕ بە شانۆکار نەهرۆ محەممەد لە شاری سلێمانی بەخشرا، هەروەها خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ بە خانمە شانۆکاری مەغریبی ڕەشیدە بەخشرا. خەڵاتی باشترین دەرهێنەری شانۆیی بە ئیدریس شەوکەت لە شاری چەمچەماڵ بەخشرا،

هەروەها خەڵاتی باشترین چارەسەری درامی بە محەممەد جەمیل لە شانۆگەری شەرەف بەخشرا، دواین خەڵاتیش خەڵاتی باشترین بەرهەم بوو، کە بە سینان عەزاوی لە بەغدا بەخشرا.[6]
- دەستەی دەستپێشخەری بۆ کۆنفرانسی یەکێتی نەتەوەیی، لە لایەن کۆمەڵێک چالاکوان و نووسەر و کەسایەتییەوە بە خستنەڕووی نەخشە ڕێگایەک ڕاگەیەندرا، بڕیارە لە باشوری کوردستان بەشێوازی جیاواز کار بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی بکات و بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کۆبونەوە ئەنجامدەدات.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- جەنەڕاڵ مەزلوم کۆبانێ فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) لە تویتێکدا لەتۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دوایین هەڵوێستی خۆیانی سەبارەت بە چەکدارە زیندانیکراوەکانی داعش ئاشکراکردو ڕایگەیاندووە، گومانی تێدانییە کێشەی 12 هەزار چەکداری دەستگیرکراو لای ئێمە چارەسەر ناکرێت، ئەگەر لە جنێف و لەسەر مێزی گفتوگۆی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیار لەسەر چارەنووسیان نەدرێت لەچوارچێوەی چارەسەرە سیاسیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سوریا.[4]
- هەزاران خوێندکار و مامۆستا لە کۆبانێ هێرشە داگیرکارییەکانی دەوڵەتی تورکیان شەرمەزار کرد.[3]
دەرەوەی کوردستان
- ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕاپۆرتێکی دیکەی لەسەر خۆپێشاندانەکانی ئەم دووایییەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند کە لە خۆپیشاندانەکاندا 304 کەس کوژراون.[3]
- تادێت گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا زیاد دەبێت و کەشتییەکی جەنگی و مووشەک هاوێژی ئەمریکا گەیشتووەتە دەریای ڕەش.[5]
- شانەی ڕاگیاندنی ئەمنی عێراق ڕایگەیاند، لە هێرشێکی چەکدارانی ڕێکخراوی داعش لە سنووری پارێزگای دیالە 5 ئەندامی هێزە ئەمنییەکان کوژران.[6]
- سەرۆکی سووریا، بەشار ئەسەد، ڕایگەیاند، تورکیا تێوەگلاوە لە فرۆشتنی نایاساییانەی نەوتی سووریا.[6]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک کۆماری تورکیا بە مەبەستی بەشداریکردن لە یەکەمین لوتکەی جیهانی پەنابەران کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە جنێف بەڕێوە دەچێت، سەردانی جنێڤ کرد، بەڵام لە لایەن هیچ بەرپرسێکی سویسراوە پێشوازی لێنەکرا.[3]
- هەمایون عەباسی سەرنووسەری گۆڤاری ژیلوان لە تاران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیر کرا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	بیارە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان:	جوانڕۆ
شار و شارۆچکەکان:	چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	ماردین
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-16
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-16
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-16
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-16
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-16
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-16
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 427

2019-12-17



باکووری کوردستان
- لە 46 گوندی ناوەندی بەدلیس قەدەغەی هاتوچوو ڕاگەیەنرا. پارێزگاری بەدلیس لەبارەی قەدەغەکەوە ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەدا لە 46 گوندی سەر بە ناوەندی بەدلیس تا فەرمانی دووەمین قەدەغەی هاتووچوویان ڕاگەیاندووە.[1]

- هێزەکانی پۆلیس لە مەڵەتی هەڵیانکوتایە سەر ژمارەیەک مااڵی تر و عایشە ئیشک هاوسەرۆکی پێشووی ئەسەپەی مەلەتی و ساییمە تونجەل بەرێوەبەری کۆمەڵەی کلیوری پیر سوڵیان عەبداڵ، هاتیجە زەنگین و بەتول کورناز کاندیدی پەرلەمانی هەدەپە و گوڵێ دۆغان، ڕەیهان باکیر و خاتون ئایدن ئەندامانی هەدەپەیان دەستگیرکرد.[1]
- ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخستنە پیشەییەکان لە شاری ئامەد، لەسەر دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووس عەزیز ئۆروج لێدوانیاندا و داوایانکرد کە دەستبەجێ سەربەست بکرێت.[6]

ڕۆژهەاڵتی کوردستان

- لە شاری شاباد لە پارێزگای کرماشانی ڕۆژهەاڵتی کوردستان، هێزێکی دەمامکدار هەڵیان کوتایە سەر ماڵی ژنە چاالکوان، ئانیسا جەعفەری مێهر و دەستگیریان کرد. بەپێی وتەی کەسوکارەکەی، ئەو هێزە دەمامکدارە لەکاتی هەڵکوتانە سەر ماڵی ئانیسا جەعفەری مێهر، دەستیان گرتووە بەسەر کەلوپەلی تایبەتی، مۆبایل، الپتۆپ و کتێبەکانی-دا.[6]
- تەرمی هاوواڵتییەکی خەڵکی سەوڵاوا بە ناوی ئێرشاد ڕەحمانیان کە لە خۆپێشاندانەکانی مەریوان دەستبەسەر کرابوو، لە بەنداوی گاڕان دۆزرایەوە.[2]
- والی دروودی و عومەر ئیمامی، دوو زیندانیی سیاسیی کورد، بە ڕەزامەندیی دادستانی و ئیدارەی ئیتالعاتی یەزد لە زیندان ئازاد کران.[7]

باشووری کوردستان

- ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە باشووری کوردستان بەرز ڕادەگیرێت. لە زۆرینەی خوێندنگا و فەرمانگەکان ئاڵای کوردستان بەرزکرایەوە.[4]
- دوو مندااڵی شەهید هوجام سورچی ئاڵای کوردستان لە ئەنجوومەنی وەزیران بەرزدەکەنەوە.[4]
- ماوەی زیاتر لە دووساڵە لە زانکۆی کەرکووک ڕێگری لەخوێندکارانی کورد دەکرێت، کە بۆنە نەتەوایەتییەکانیان ئەنجام بدەن وەکو هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و پۆشینی جلی کوردی و ڕۆژی ئاڵا و بۆنەکانی نەورۆز. [2]
- پاش یەکالکردنەوەی کەیسی بێسەروشوێن بوێکی دیکەی کیمیابارانی هەڵەبجە لە دادگا و کەرتەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ لە ڕێوڕەسمێکدا خەلیل سااڵح محەمەد، بەخێزانەکەی شاد بووەوە و لەاڵیەن پارێزگاری هەڵەبجەوە ناسنامەی پێ بەخشرا.[5]
- هاوڵاتیانی کامپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخموور، خۆپیشاندانێکی فراوانیان لە دژی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک بەڕێوەبرد و بانگەوازییان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد هەڵوێست بنوێنن و بە ئەرکی خۆیان هەڵسن.[6]
- بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێن ئامادەکارییەکان بۆ بەستنی کۆنفرانسی نیشتمانیی بزووتنەوەکە تەواو نەبوون، بۆیە ئەم مانگە فریای بەستنی کۆنفرانسەکە ناکەون کە پێشتر بڕیاریان لێ دابوو، بەرپرسێکی بزووتنەوەکەش پێشبینی دەکات کۆنفرانسەکە بکەوێتە مایسی 2020.[3]
- فەرماندەیەکی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: لە سنووری چیای قەرەچووغ لە شاروچکەی مەخموور لەاڵیەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە، مۆڵگەی چەکدارانی داعش بۆردومان کران.[2]
- لە خانەقین لە اڵیەن هێزە ئەمنییەکانەوە چەکدارێکی داعش دەستگیر کرا کە پێشتر لەبەر تێوەگالنی لە چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی لە اڵیەن دادگاوە داواکراوبووە.[2]
- ئەندامانی کوردی لێژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنن: کە مەترسی هەیە ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا لەبارەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەرێگەی بەغداوە و ناردنی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق، هەڵبوەشێندرێتەوە.[2]
- بەشی سێیەمی شەقامی (120م)ی شاری هەولێر، کە بازنەییە و بە دەوری هەولێردا دەسووڕێتەوە، لە ڕێوڕەسمێکدا بە ئامادەبوونی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان کرایەوە.[5]
- لە یادی 34 ساڵەی شەهیدان ئارام و سەردار و هیوادا، بە ئامادەبوونی شاناز ئیبراهیم ئەحمەد و قوباد تاڵەبانی و خانەوادەی شەهیدان و لێپرسراوانی حزبی و حکومی و ژمارەیەک لە کەسایەتی و مامۆستا و خوێندکارانی ئامادەیی ڕۆشنبیری کوڕان لە سلێمانی ڕێوڕەسمێک بۆ ڕۆژی ئاڵا ڕێکخرا.[8]
- هیمداد سەباح سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی بەرزڕاگرتنی ئاڵا، ئامادە نەبوو ئاڵای هەرێمی کوردستان لە مل بکات.[6]
- لە گەڕەکی تەیراوای شاری هەولێر پیاوێک بەناوی حەیدەر ئەسعەد تەمەن 34 ساڵ، هاوسەرەکەی خۆی و خوسووەکەی کوشتووە، دواتریش خۆی کوشتووە. هاوسەری بکوژەکە ناوی وەال موحسین بووە و تەمەنی 26 ساڵ بووە، دایکیشی، کە دەکاتە خەسووی وەال، ناوی سەمیرە کازم بووە و لە ساڵی 1964 لەدایکبووە.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هێرشەکانی سوپای تورکی داگیرکەر بۆ سەر باکوور و ڕۆژهەاڵتی سوریا بەردەوامە. سوپای تورکی داگیرکەر گوندی قزەلیی گرێ سپی تۆپباران کرد. لە الیەکی ترەوە سوپای داگیرکەر بە چەکی قورپس هێرشی کردە سەر گوندی خربەت کە 15 کیلۆمەتر لە کۆبانیەوە دوورە.[1]
- مەزڵوم عەبدی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاند، خەباتی ئەوان بۆ دروستکردنی یەکڕیزی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، هەنگاوی

دروستکردنی متمانە لەنێوان لایەنە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێدەکات. مەزڵوم عەبدی ئاماژەی بەوەشکرد، سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی لەمبارەیەوە هەبووە و سوپاسی هەرێمی کوردستان دەکات.[5]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر لە عەین عیسا هێرشی کردە سەر ئۆتۆمبێلێکی هێزەکانی ڕژێمی سوریای داگیرکەر.[1]
دەرەوەی کوردستان
- مارک ئیسپەر، وەزیری بەرگری ئەمەریکا گوتی: پێویستە من قسە لەگەڵ هاوتا تورکەکەم بکەم، بۆ ئەوەی بەڕاستی لە مەبەستی لێدوانەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا تێبگەم، کە گوتبووی بنکەی سەربازی ئینجەرلیک دادەخەم، کە هێزی سەربازی ئەمەریکا لە و بنکەیە جێگیرکراون.[5]
- عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر لە وەڵامی پرسیاری کچە کوردێک ڕایگەیاند، هیچ کەسێک ناتوانێت ناسنامەی نەتەوایەتی کورد بسڕێتەوە و گوتی: گەلی کورد بە درێژایی 60 ساڵی ڕابردوو نالاندوویەتی.[5]
- یاسین ڕەئووف، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاهیرە، سوپاسنامەیەکی ئاڕاستەی عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر کرد لەپای هەڵوێستە دیارەکانی و پشتیوانییەکانی بۆ پرسی کورد و مافە ڕەواکانی.[8]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	بزووتنەوەی گۆڕان
پارت / لایەن:	بەرەی تورکومانی ئێراق
پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	بەدلیس
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان:	مەخموور
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان:	کرماشان
شار و شارۆچکەکان:	کۆبانی
شار و شارۆچکەکان:	کەرکووک
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-17
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-17
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-17
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-17
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-17
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-17
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-17
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 428

2019-12-18



باکووری کوردستان
- هاوسەرۆکی شارەوانیەکانی هەدەپەی گومگم ئولکو کارائاسلان، هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەت کۆپ عەدنان تۆپچو و هاوسەرۆکی شارەوانی شاروچکەی لیز دلاوەر کەسکین دوێنی لە شاری موش لە ئەنجامی هەڵکوتانە سەر ماڵان دەستگیرکران و بە بیانۆی پرۆپاگاندە بۆ ڕێکخستن لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە لە پۆستەکانیان دوورخرایەوە. لە جێگەی هاوسەرۆکی شارەوانیەکان قەیوم دامەزرێنران. قایمقامی کۆپ محەمەد ئیلیدی بووەتە سەرۆکی شارەوانی کۆپ و لیز، قایمقامی گمگم ئەرتوغرول ئافجی بووەتە سەرۆکی شارەوانی گورگم.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- زیاتر لە 2 هەزار کەس لە خەڵکی مەریوان و دەوروبەری، بۆ دۆزینەوەی کۆڵبەرانی ونبوو، لە بەرزاییەکانی تەتە-ی هەورامان لە حاڵی گەڕاندان.[3]
- بە تۆمەتی بەشداریکردن لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی ئەمدواییەدا، پۆلیسی کرماشان 250 کەسی لە پارێزگای کرماشان ڕاگەیاند. عەلی ئەکبەر جاویدان، فەرماندەی پۆلیسی پارێزگای کرماشان ئەمڕۆ ڕایگەیاند، 250 کەس کە لە خۆپێشاندانەکاندا

بەشداربوون یان هانی خەڵکیان داوە ناڕەزایەتی دەربڕن، دەستبەسەرکراون. دەشڵێت، زۆربەی گیراوەکان، تەمەنیان لەنێوان 20 بۆ 35 ساڵ دایە.[5]
- کۆنسێرتی گرووپی مۆسیقای ژنانی گلاریسی کرماشان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی ئەو شارەوە بۆ شەوی یەڵدا، پێشی پێگیرا و هەڵوەشایەوە.[3]
- لە شاری کرماشان، 'فوئاد موزەفەری' و 'فەرزاد سەفەرە' لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە لە ماڵەکانی خۆیان دەستگیرکران.[2]
باشووری کوردستان
- تەرمی شەڕڤانی یەپەگە زەردەشت گەرمیانی کە لە بەرخۆدانی سەرێکانیی ڕۆژئاوای کوردستان شەهیدببوو، لە شاری سلێمانییەوە بەڕێکرا بۆ شارۆچکەی کەلار.[2]
- لە شارۆچکەی کەلار فەرمانبەرانی گرێبەست گردبونەوەیان ئەنجامدا و داوای دامەزراندنیان بەشێوەی هەمیشەیی دەکەن.[2]
- بەهۆی هەڕەشە و مەترسییەکانی چەکدارانی داعش، هاوواڵاتیانی کوردی نیشتەجێی سنووری زەنگاباد ناچار بوون چەک هەڵگرن و پاسەوانی و پارێزگاری لە گیان و ماڵی خۆیان بکەن. داواکارن پێشمەرگەی زیاتر ڕەوانەی سنوورەکەیان بکرێت و بنکە و بارەگای زیاتری سەربازیی بکرێنەوە. فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت لە هەنگاوی یەکەمدا چواردە بنکەی سەربازییمان دامەزراندووە و ژمارەی بنکەکانیش زیاتر دەکەین.[1]
- بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ، چوارەمین فێستیڤاڵی شانۆی قەزاکان لە چەمچەماڵ دەستپێکرد و بڕیارە دوو ڕۆژ بەردەوامبێت.[6]
- نیوەڕۆی ئەمڕۆ بەسەدان هاوواڵاتی شاری کەرکووک بەشداربوون لە پێشوازی کردن لە تەرمی شەرڤانی شەهید محەمەد حوسێن ناسراو بە نافدار کەرکووک کە لە بەرخۆدانی ڕۆژئاوای کوردستان دژ بە داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا شەهید ببوو، پاش گەرانەوەی تەرمی پیرۆزی شەهید نافدار کەرکووک بە مەراسیمێکی شکۆدار بە دروشمی شەهید نامرن لە گۆرستانی ڕەحیم ئاوای شاری کەرکووک بەخاک سپێردرا.[4]
- بەهۆی نەگەڕانەوەی ئەنجامی ئەو پشکنینانەی کە بۆ 74 خێزانی هەڵەبجەیی کرابوو لەزانکۆی شاهانەی بریتانی، دادگای هەڵەبجە دۆسیەی منداڵە ونبووەکانی داخست و سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەش لەو کارە هۆشداری دەدات.[7]
- دەستەیەک لە هونەرمەندان، ڕۆشنبیران و کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی بە گردبوونەوەیەک لە دژی ڕووخاندنی ماڵی هونەرمەندی کۆچکردوو کەریم کابان، ناڕەزایەتیان دەربڕی و داوا دەکەن ماڵەکەی کەریم کابان ببێتە گەلەریەکی هونەری و بۆ دروست کردنی تەلار و تاوەری بەرز نەڕوخێنرێت.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- ئیدارەی خۆبەڕێوەبەرایەتی باکوور و خۆرهەڵاتی سووریا گەڵاڵەیەکی ئاشتی و دەستپێشخەرییەکی ئاشتەوایی بە ئامانجی کرانەوەی سیاسی و گەڕانەوەی ئەنەکەسە بۆ گۆڕەپانی سیاسی باکووری سووریا ڕاگەیاند.[1]
- بە سەدان هاوڵاتی شارۆچکەی شەداد جەنازەی شەهید موهەنەد شعێبی شەڕڤانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە لە ناوچەی ئەلسوور-ی سەر بە دێرزۆر شەهید بوو، لە ناوەندی ئەنجومەنی کەسوکاری شەهیدانەوە وەریانگرت و گواستیانەوە بۆ گۆڕستانی شەداد.[4]
- سوپای داگیرکەری دەوڵەتی تورک ڕۆژانە بەردەوامە لە تۆپبارانکردنی ناوچە جیا جیاکانی فیدراسیۆنی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و لەم چوارچێوەیەشدا ئەمڕۆ گوندی جەپھەی سەر بە ناوچەی عەین عیسای تۆپباران کرد.[4]
دەرەوەی کوردستان
- وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ڕەخنەی توند لە بڕیاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا لەبارەی گەمارۆخستنە سەر تورکیا دەگرێت و ڕایدەگەیەنێت، ئەنقەرە بێدەنگ نابێت.[1]
- پەرلەمانی عێراق لە کۆی 50 ماددە، 14 ماددەی نێو پرۆژەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پەسندکرد، کاتێک دەنگدان گەیشتە سەر ماددەکانی 15 و 16 نوێنەرانی کورد داوایان کرد دەنگدان لەسەر ئەو دوو ماددەیە دوابخرێت، بەڵام ئەو داوایەی کورد نادیدەگیرا، بۆیە نوێنەرانی کورد و زۆربەی نوێنەرانی سوننە و بەشێک لە پەرلەمانتارەکانی دیکە لە هۆڵەکە چوونەدەرەوە بەمەش ڕێژەیی یاسایی ئامادەبوون نەما. دواتر سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ نوێنەرانی کورد کۆبوونەوە بەڵێنی دا ئەو دوو ماددەیە نەخاتە دەنگدان، جارێکی دیکە نوێنەرانی کورد گەڕانەوە، بەڵام کاتێک هەستیان کرد جارێکی دیکە هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی ئەو دوو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە، نوێنەرانی کورد بەتەواوی لە دانیشتنەکە کشانەوە بۆیە لە کۆتاییدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان بڕیاریدا دانیشتنەکە کۆتایی پێبێهێنرێت و بۆ ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو دوابخرێت.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کرماشان
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-18
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-18
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-18
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-18
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-18
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-18
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-18
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 429

2019-12-19



ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- ماوەی سێ ڕۆژە هاووڵاتیانی خەڵکی مەریوان و گوندەکانی مەریوان و هەورامان، لە ملەی تەتە، بە دوای کۆڵبەرێکی ونبووی خەڵکی گوندی نێی مەریوانن و هەتا ئێستا هەوڵەکانیان بێئاکام ماوەتەوە. هاووڵاتیانی خەڵکی مەریوان و گوندەکانی ئەو شارە و هەورامان، بۆ سێهەمین ڕۆژە کە لە حاڵی گەڕان بە دوای کۆڵبەری ونبوو فەرهاد خوسرەوین کە لە ملەی تەتە بەهۆی سەرما و سۆڵەوە ون بووە.[5]

- موژگان کاووسی، نووسەر و چالاکی فەرهەنگیی خەڵکی شاری کەلاردەشتی مازندەران بۆ دادگای نەوشەهر و دادگا ئەو ژنە نووسەرە کوردەی بە 69 مانگ زیندان مەحکووم کرد.[5]

باشووری کوردستان

- شەوی ڕابردوو، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بۆردوومانی ناوچەی برادۆست لە سنووری پارێزگای هەولێریان کردووە. بەهۆی بۆردوومانەکەشەوە زیانی زۆر بەر موڵک و زەوی هاوڵاتیان کەوتووە و ئاگرێکی زۆر لە ناوچەکە کەوتووەتەوە. بە پێی زانیارییەکان تا درەنگانێکی شەو، فڕۆکە جەنگییەکان زۆر بە نزمی بەسەر ئاسمانی ناوچەکە سووڕاونەتەوەو ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری بۆ هاوڵاتیانی سنورەکە دروستکردووە.[1]

- نیوەڕۆی ئەمڕۆ فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر دەستیان بە بۆردوومانکردنی گوندەکانی وەڵاتوکان، سێوێس، شێخان و خۆرانی-یان لە بناری قەندیل کرد. دواتریش فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکی داگیرکەر دەستیان کرد بە بۆردوومانکردنی ناوچەکانی قوبەی سەرداران، شاخی درەبی، گۆڕی قەڵاتی و کۆسپی کەوەتێ-ی سەر بە شارەدێی وەرتێی سەر بە شارۆچکەی ڕواندز لە پارێزگای هەولێر.

- هاوکات لەگەڵ بۆردوومانی گوندەکانی قەندیل، فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورک دەستیان بە بۆردوومانکردنی وەرتێ کرد.[4]

- چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەولێر لەدژی ڕوونکردنەوەیەکی لێژنەی فەتوا خۆپێشاندانیان ئەنجامدا.
لەخۆپیشاندانەکەدا چالاکوانان و ڕێکخراوەکانی ژنان داوایان لە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە ڕێگە نەدەن لێژنەی فەتوا لەدژی تاک، فەتوا بدات و ئازادییەکانی تاک کەمبکاتەوە.[3][1]

- دژ بە 'فەتوای تەکسی'ی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان، لە شاری سلێمانی ڕێپێوانێک بۆ بەردەم نووسینگەی

پەرلەمان ئەنجامدرا و هیچ پەرلەمانتارێکیش ئامادەنەبوو پێشوازیی لە چالاکوانان بکات.[4]
- فەرماندەیەکی هێزەکانی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: دەرەنگانی شەوی ڕابوردوو، فرۆکەکانی هاوپەیمانان 12 بنکە و بارەگای داعشیان لە سنووری چیای قەرەچوغ بۆردومان کردووە.[2]
- لەبارەی سەوزکردنی چیای گوێژەوە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ پارێزگارو قائیمقامی سلێمانی ئەنجامدراو تێیدا پرۆسەی سەوزکردنی چیای گوێژە ڕاگەیەنرا.[3]
- لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکە، لە مەراسیمێکدا مۆزەی خۆڕاگری کرایەوە، کە تێیدا مێژووی زۆرێک لە و جوامێر و قارەمانانی کوردی بەرجەستەکراوە کە ڕۆژگارێک لەژێر چەپۆکی دڕندانەی ڕژێمی بەعسی ڕووخاودا و لەکونجی زیندانەکاندا کوردستانیان لەناو دڵیاندا دەپاراست.[3]
- بەهۆی ڕێگەنەدان بە دروستکردنی خانوو، لە ڕانیە هاوواڵاتیەک لەناو بیانی سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا.[2]
- لە شەنگال چەتەیەکی داعش لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ئێزدیخانەوە دەستگیرکرا و دوای لێپرسینەوە، ڕادەستی پۆلیسی عێراق کرا.[4]
- لەبەرامبەر داخستنی گەراجی پاسەکانی داون تاون، خاوەن پاسەکان لەبەردەم بازاڕی داون تاون گردوبوونەتەوەو مانگرتنیان ڕاگەیاند و شەقامی 30 مەتریان داخست.[2]
- کۆبەندی ژنان دەتوانن – کوردستان بە هاوکاریی ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان گفتوگۆیەکی کراوەی لەژێر ناونیشانیوێنای ژنان لە ڕێکلامە بازرگانییەکاندا لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی بۆ هەریەک لە د.ئاشتی حەمەساڵح، مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، هانا شوان ڕۆژنامەنووس و لوقمان وەرتی، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ڕێکخست. لە گفتوگۆ کراوەکەدا باس لە بەکارهێنانی ژنان کرا بە شێوەیەکی نەشیاو دوور لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، کە زۆرێک لە بازرگان و خاوەن کۆمپانییە ڕیکلامییەکان، بۆ بەدەستهێنانی داهات و دوور لە بەها مرۆییەکان، وەک کاڵا مامەڵە لەگەڵ ژن دەکەن.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر گوندی عەلییە ڕەش سەر بە شارۆچکەی مەخموور لە سنووری نێوان هەولێر و موسڵ. [2]
- بەڕێوەبەری ژینگەی پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند، لە سنووری پارێزگای دهۆک 12 پاڵاوگەی نایاسایی داخران.[6]
ڕۆژئاوای کوردستان
- شاندێکی دانیمارکی بەسەرۆکایەتی سوندەر سورین کە پەرلەمانتارێکی دیاری دانیمارکە سەردانی خۆسەری دیموکراتی لە ڕۆژئاوا دەکەن، جەختیشیان کردۆتەوە کە پاڵپشتی هاوکاری ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن و ئیدانەی هێرش وپەلامارەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر ناوچەکە دەکەن.[3]
- بە ئامادەبوونی سەدان هاوڵاتیی شاری ڕەقا و گوندەکانی دەوروبەری تەرمی شەهید عەبدولعەزیز محمد ناسراو بە 'مۆرۆ ڕەقا' لە گۆڕستانی شەهیدان بەخاک سپێردرا.[1]
- وەزارەتی بەرگریی تورکیا بڵاویکردەوە، لە ئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبرێژکراو لە تل حەلەف لە باشووری ڕۆژئاوای سەرێکانی لە ڕۆژئاوای کوردستان، پێنج کەسی سڤیل گیانیان لەدەستدا.
وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە ڕاگەیێندراوێکدا تەقینەوەکەی خستە ئەستۆی شەرڤانانی یەپەگە و ئاماژەی بەوەشکرد، سێ کەس لەوانەی گیانیان لەدەستداوە منداڵ بوون. [6]
دەرەوەی کوردستان
- چوار کۆنگرێسمان داوایەکیان ئاراستەی کۆنگرێسی ئەمریکا کردووە کە بەپەلە لێپێچینەوە لە تورکیا بکرێت بەهۆی بەکارهێنانی چەکی فسفۆری سپی لە دژی کوردەکان لە باکوری سوریا.[2]
- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاشکرایکرد لەبەر هۆکاری ئەمنی، ژمارەی دیپلۆماتکارەکانی لە عیراق، کەمدەکاتەوە.[3]
- وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە ڕاگەیێندراوێکدا بڵاویکردەوە، عەبدولقاسم سەڵاواتی و موحەممەد موقەیسە سزادراون، ئەوەش لەبەرامبەر ئەشکەنجەدانی هاووڵاتیانی ئێرانی و کەسانی خاوەن دوو وڵاتینامە.[6]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان: ئاگری
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی

شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-19
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دوارۆژ - 2019-12-19
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-19
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-19
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-19
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-19
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 430

2019-12-20



باکووری کوردستان
- پۆلیسی تورکیا، لەشاری ئامەدی باکوری کوردستان، فیلیز بۆلۆتەکین، هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی سوری ئامەدیان لە سەر لیستی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) لە ماڵەکەی دەستگیر کرد. لەهەمانکاتدا، پۆلیسی تورک، یەلماز ئیکەن، ئەندامی شارەوانی سوریان لە ماڵەکەی خۆی دەستگیر کردووە و هەڵیانکوتاوەتە سەر شارەوانی سوری ئامەد و دەستیان بە گەڕان و لێکۆڵینەوە کردووە.[1]
- پارێزگاری ڕوحا بۆ مانگێک ڕێپێوان، لێدوانی ڕۆژنامەنووسی، میتینگ و هەموو چالاکیەکی قەدەغەکرد. پارێزگاری ڕوحا ئاماژەی بەوەدا، بڕیارەکە ئەو چالاکیانە ناگرێتەوە کە لە لایەن قایمقام و پارێزگارەوە ڕێگەیان پێدەدرێت. قەدەغە تا 17-01-2020 بەردەوام دەبێت.[6]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- دوای 4 گەڕان، تەرمی کۆڵبەر فەرهاد خوسرەوپی و تەمەنی 14 ساڵ لە بەرزاییەکانی تەتەی هەورامان دۆزرایەوە. ڕێوڕسمی بەخاکسپاردنی ئەو کۆڵبەرە تەمەن 14 ساڵەیە، بە بەشداریی هەزاران کەس لە هاوواڵاتیانی مەریوانی بەڕێوە چوو و هاوواڵاتییان، دژی گیانلەدەستدانی ئەو کۆڵبەرانە، دژی حکوومەتی ئێران دروشمیان دا.[4]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی ڕەحیم عەباسی خەڵکی هەرزەنێی سەردەشت، لە کاتی کۆڵبەریدا لە بەرزایی بەربووەوە. ئەو کۆڵبەرە کورده، لە کاتی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت تووشی ئەو ڕووداوە بووە.[8]
باشووری کوردستان
- یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرینەی ئامادەکارییەکانی بۆ بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حزبەکەی تەواوکردووە و سەرکردەکان و دەزگای هەڵبژاردنی ئەو حزبەش جەخت دەکەنەوە کە کۆنگرە لە کاتی دیارکراوی دا دەبەسترێت.[2]
- ئەمرۆ تیروپشک بۆ ڕیزبەندی ناوی ئەو کاندیدانە دەکرێت کەخۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی گشتی یەکێتی کاندید کردووە و ئەندامێکی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانیش دەڵێت، تیروپشکەکە لە کەشێکی ئازاد و بەئامادەبوونی میدیاکانی یەکێتی دەکرێت.[3]
- لە سلێمانی، پەردە لەسەر پەیکەری محەمەد عومەر عوسمان ناسراو بە جەنەڕاڵی پایز لادرا.[3]
- لە جەلەولا، سێ برا لەلایەن ئامۆزایەکیانەوە کوژران، چونکە ئامادەنەبوون خوشکەکەیان بدەنە ئەو ئامۆزایەیان.[4]
- لە هەولێر، دیداری گەشەپێدانی حەج و عومرە لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینییەوە سازکرا.[2]
- لە شنگال و ناوچە ئێزدی-نشینەکان، جەژنی ڕۆژوو بەڕێوەدەچێت.[4]
- لە کەلار، وەک دەربڕینی ناڕەزایەتی دژ بە پرۆژەی چاکسازیی حکومەتی هەرێم، بەتایبەت لە خانەنشین و مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان گردبوونەوە.[5]
- بەشێک لە کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە لەبەردەم ماڵی عومەری خاوەر گردبوونەوە و لە کۆنگرەیەکی

ڕۆژنامەوانیدا ئەوەیان خستەڕوو، دەستبردن بۆ موچە و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان بەناوی چاکسازییەوە هێڵی سورە و هەڵوێستی توندمان دەبێت.[1]
- دەزگەی خێرخوازیی بارزانی بڕی یەک ملیۆن دیناری عێراقی دەدات بە هەر خێزانێک لە خێزانی خۆپیشاندەرە کوژراوەکانی بەغدا، سەرۆکی دەزگەکەش دەڵێت، ناوی 115 خانەوادەیان تۆمارکردووە و لە بەرنامەیاندایە هاوکارییەکان بگەیەنن دەست کەسوکاری سەرجەم کوژراوەکان.[7]
- مەراسیمی شەوی یەڵدا لەهۆڵی تەلار شاری سلێمانی ئەنجامدرا، کە تێیدا چەندین چالاکی جۆراو جۆر و کوردەواری ئەنجامدرا.[3]
- لە شارۆچکەی کەلار، بەبۆنەی شەوی یەڵداوە، ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا و شیعر خۆێندنەوە ئەنجامدرا، کەتێدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیان ئامادەبوون.[5]
- مەراسیمی شەوی یەڵدا لەقاوەخانەی مالی کلتوری خورماتوو بە ئامادەبوونی گەنجان و هاووڵاتیانی سنووورەکە بەڕێوەچوو، کە تێیدا چەندین چالاکی ڕۆشنبیری و کلتوری و پارچە میوزک و شیعر و گۆرانی پێشکەش کران.[3]
- هاوشێوەی شار و شارۆچکەکانی دیکە، لە چۆمان-یش بە مەراسیمی ئەدەبیی و هونەریی شەوی یەڵدا بەڕێکرا.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە گوندی کەفیفای داگیرکراوەوە گوندی قزەلیی گرێ سپییان تۆپباران کرد.[6]
دەرەوەی کوردستان
- بەهۆی ناکۆکی لایەنە سیاسییەکان، ڕاسپاردنی کەسێکی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، بۆ ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو دواخرا. بەرهەم سالح سەرۆک کۆماری عێراق، پەیامێکی بەپەلەی بۆ دادگای فیدراڵی ناردووە، بۆ یەکلاییکردنەوەی دیاریکردنی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: شنگال
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-20
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-20
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-20
[4] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-20
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-20
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-20
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-21
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 431

2019-12-21



باکووری کوردستان
- بەبۆنەی 41 ساڵەی کۆمەڵکوژیی مەڕاش، چالاکییەکی یادکردنەوە بەڕێوەچوو. سەدان کەس لە گۆڕەپانی نەخۆشخانە لە گەڕەکی یۆرک سەلیمس مەڕاش کۆبوونەوە، یادی شەهیدانی کۆمەڵکوژی کرایەوە و هەتا جەمخانەی ئەرنلەران بە ڕێپێوان چوون. نوێنەرانی کۆمەڵە و فیدراسیۆنەکانی عەلەویان، پەرلەمانتەرانی هەدەپە زەینەل ئوزەن، کەمال پەکۆز و سەمرا گوزەلیش بەشداری چالاکی یادکردنەوەکە بوون.[2]
باشووری کوردستان

- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەبەشداریی زۆرتر لە هەزار ئەندام لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت. لەم کۆنگرەیەدا 121 ئەندامی ئەنجوومەن هەڵدەبژێردرێت.[1]
- کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی ئە و حزبە هەڵبژێردرا. هاوکات هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا بەختیار، قادرحەمەجان و جەعفەر شێخ مستەفا و عیماد ئەحمەد و عومەر فەتاح و ئەرسەلان بایز و دلێر سەید مەجید ئەندامن لەو ئەنجوومەنەدا تێیدا.[1]
- کارەکانی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرەی یەکێتی بە دەستنیشانکردنی هەریەک لە بەرهەم ئەحمەد سالح، قوباد تالەبانی و ڕێواز فایەق، بۆ سەرکردایەتی حزبەکە کۆتایی هات.[1]
- مەلا یاسین وتەبێژی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ڕایگەیاند: یەکێتی دەتوانێت بەسەرکەوتوویی کۆنگرەی خۆی ببەستێت و بەفۆرمێکی نوێوە دێتەوە مەیدانی کورد‌ایەتی. وتیشی: سەرکردایەتییەکی بەهێز لەناو یەکێتییەکی بەهێزدا بارودۆخەکان باشتر دەکات و ئاشتی و ئارامی مسۆگەر دەکات. هەر لەکۆنگرەکەدا مەلا یاسین ئاماژەی بەوەشدا، لەکۆنگرەکەدا هیچ بڕیارێکی مەرکەزی نەدرا و بڕیارەکان بە دەنگدان دەرچوون.[5]
- لە چوارچێوەی هەڵمەتی بایکۆتکردنی کەلوپەلی تورکیدا ژنانی گەنج لە ناوچەی ڕانیەی سلێمانیی لە ژمارەیەک کۆڵان پۆستەری بایکۆتیان هەڵواسی. لە سەر پۆستەرەکان ناوی هەموو کۆمپانیا و مارکەی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر نووسراون بۆ ئەوەی گەل کەلوپەل و خواردەمەنیەکانیان بایکۆت بکەن.ژنانی گەنج پۆستەرەکانیان لە زۆر دەڤەری شارەکە هەڵواسی.[2]
- لە کۆمەڵگای شاوێسی شاری هەولێر برایەک هەستاوە بەکوشتنی براکەی خۆی کە هۆکارەکەی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە.[3]
- بەهۆی ئاژاوەی نێو یاریگەکان فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان سەرجەم چالاکییەکانی بۆکاتێکی نادیار ڕاگرت، خولەکە دەست پێناکاتەوە تاوەکوو سەرجەم یانەکان بەڵێنی سەلامەتی یاریزانان و هاندەران و ناوبژیوانان نەدەن.[4]
- وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان مەراسیمێکی بۆ شەوی یەلدا ڕێکخست. لە مەراسیمەکەدا 200 کەس بەشداربوون و چەندین شیعر و گۆرانییەک پێشکێشکران. دواتر خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە چەند هونەرمەند و شاعیرێک.[6]

ڕۆژئاوای کوردستان

- هێرشەکانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر بۆ سەر ناوچەکە بەردەوامەو بەم چورچێوەیەدا گوندی سەیدای سەر بە ناوچەی عەین عیسای بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا 3 کەسی مەدەنی بریندار بوو.[2]
- سەدان هاوڵاتی دانیشتووی ناوچەی عەفرین، تەرمی هەردوو شەهید بەناوەکانی (ڕەمەزان عەفرین- جوان عەفرین) و (ئیبراهیم ئەحمەد- جوودی چیا) کە لە 18 کانونی یەکەم لە قۆناغی دووەمی بەرخۆدانی سەردەم شەهید ببوون، لەبەردەم نەخۆشخانەی ئافرین-ی ناوچەی فافین-ی کانتۆنی شەهبا وەرگیران و بە کاروانێک بەرەو گۆرستان بەڕێکران.[2]

دەرەوەی کوردستان

- باری ناوخۆیی ئێڕاق عەرەبی خراپتر دەبێت و شەوی ڕابردوو لە ناسریە چەندین بارەگای حیزبی سووتێندران.[1]
- دۆنالد ترامپ پێشنیارنامەی بودجەی 2020ی وڵاتەکەی واژۆکرد. لەو پێشنیارنامەیەدا دەوڵەتی تورک لە بەرنامەی بەرهەمهێنانی فڕۆکەکانی 'ئێف-35' دەرکراوە، جگە لەوەش لە پیشنیارنامەکەدا چەند سزایەکی دیکەش بەسەر دەوڵەتی تورکدا سەپێنراوە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	ڕانیە (ڕاپەڕین)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێڕاق
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-21
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-12-21
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-12-21
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-12-21
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی روودا‌و - 2019-12-21
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 432

2019-12-22



باکووری کوردستان
- ڕۆژنامەیەکی نوێی کوردی، بەناوی خوەبوون لە ئامەد، دەستی بە چاپ و بڵاوکردنەوە کرد. ڕۆژنامەکە بە دەستپێشخەری ژمارەیەک نووسەر و ڕۆژنامەوانی کورد, بە شێوەیەکی هەفتانە بە زمانی کوردی دەردەچێت. ڕۆژنامەکە هەوڵێکە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەران لە تەواوی بەشەکانی کوردستان، بە کوردانی کازاخستان و ئەرمەنستانیشەوە. ئە و ڕۆژنامە 12 لاپەڕەییە، بە زاراوەی کرمانجی و زازاکی چاپ و بڵاودەکرێتەوە.[2]
- سارا کایا هاوسەرۆکی پێشووی شارەوانی نسێبین کە لە لایەن ڕژێمی تورکەوە دەستگیرکرابوو، بۆ زیندانی پیێ (ت) تارسوس دوورخرایەوە.[1]
- میتینگی پلاتفۆرمی ڕەنج و دیمۆکراسیی لە ئامەد بە مەبەستی بەدیهێنانی ژیانێکی شکۆمەندانە و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، بەڕێوە

چوو. هێزە ئەمنییەکان و پۆلیسی تورک لە بەردەم بەرزکردنەوەی پانکارتەکانی دژی شەر، ڕێگریان خستە بەردەم چالاکییەکە.[1]
- بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنی پلاتفۆرمی ژنانی کوردی یەکگرتوو لە ئامەد کۆبوونەوەیەک ڕێکخرا. لەیلا گوڤەن هاوسەرۆکی کەجەدە، سالیحا ئایدەنیز هاوسەرۆکی دەبەپە، پەرلەمانتارانی هەدەپە، ئەرەن کەسکین هاوسەرۆکی کۆمەڵەی مافی مرۆڤ، چالاکڤانانی بزوتنەوەی ژنانی ئازاد، ئەندامانی پێنووسی ژنانی میزۆپۆتامیا، ئەنجومەنی دایکانی ئاشتی ئامەد، شانۆی شاری ئامەد بەشداریان لە کۆبوونەوەدا کرد.[1]
- کوردیناسیۆنی کۆمەڵەی ژنانی کوردستان (کەژەکە) ڕایدەگەیەنێت: کە ژیان و سەلامەتی و تەندروستی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە مەترسیدایە، پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە)ش دەڵێت: دیداری نێوان ئۆجەلان لەگەڵ کەسوکار و پارێزەرەکانی قەدەغە کراوە.[5]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێک بە ناوی کەیهان ئەکرەمی کوڕی مەجید و خەڵکی گوندی کوێرەگوێزی سەر بە سەقز، پاش 97 ڕۆژ لە خەواندن لە نەخۆشخانە، بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تاران گیانی لەدەست دا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، ڕۆژی یەکشەممە، 24ی خەرمانان، لە سنووری سێفی سەقز و لە شوێنێک بە ناوی گناوە، کرایە ئامانجی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت.[6]
- ئاکۆ جەلیلیان، نووسەر، لێکۆڵەر و فۆلکلۆرناسی بەتوانای کورد، پاش حەوتوویەک دەسبەسەری، بە دانانی کەفالەت ئازاد کرا.[6]
- مێرمندالێکی مەریوانی بە ناوی میلاد فەیزی پوور، تەمەن 15 ساڵ، لە سەرەتای بێلواری بێعسەتی مەریوان لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. هێزە ئیتلاعاتییەکان لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەو مێرمندالەدا، ناوبراویان ئازار و ئەشکەنجە داوە. ئەو مێرمندالە کوردە بە هەڵگرتنی پلاکارت، بەنیسبەت کوشتاری کۆڵبەران و گیانلەدەستدانی فەرهاد و ئازاد خوسرەوی، دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی گوندی نێ کە بەهۆی سەرمابردوویەوە لە کاتی کۆڵبەریدا گیانیان لەدەست دابوو، دژکردەوەی نیشان دا.[6]
باشووری کوردستان
- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی دووەمیدا بەردەوامیی هەیە و ئەمڕۆ بڕیاربوو ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن بەڵام دواخرا بۆ سبەینێ. هەڵبژاردنەکە لەلایەن چەند دادوەرێکەوە سەرپەرشتی دەکرێت کە هیچ پەیوەندییان بە کۆنگرەوە نییە. بەرهەم ئەحمەد ساڵح بەهۆی بارودۆخی زۆر خراپی بەغدا و ئێراقەوە، گەڕایەوە بەغدا و ئەمڕۆ لە کۆنگرە ئامادە نەبوو.[3]
- پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی لە کۆنگرەی چواردا پەسەندکرا.[3]
- دەرەنگانی شەوی ڕابوردوو لە نزیک شارەدێی سەعدییەی سەر بە شارۆچکەی خانەقین چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی چەکدارانی حەشدی شەعبی. لە ئاکامی شەڕ و پێکدادانی نێوانیان چەکدارێکی حەشدی شەعبی کوژرا و سێ چەکداری دیکەش بریندار بوون کە هەموویان خەڵکی خواروو عێراقن.[1]
- شەوی ڕابردوو چوار هێلیکپتەر بۆردوومانی چەمی ڕووباری سیروانیان کرد لە سنووری گوندەکانی ئیسڵاح، ئوم حونتە، شیرک و قایە، کە دەکەونە ڕۆژئاوای شارۆچکەی خانەقین-ی سەر بە پارێزگای دیالە. تا ئێستا نازاندرێت ئەو هێلیکۆپتەرانە سەر بە چ وڵاتێکن کە بۆردوومانیان کردووە.[4] پاش بۆردوومانەکە تەرمی 8 چەکداری داعش لە ناوچەکە دۆزرانەوە.[5]
- لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لە هەولێر، ئۆرکێستڕای کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ ئۆرکێستڕای جۆرجیا، چەند پارچە میوزیکێکی کوردی و کلاسیکیان پێشکەشکرد.[7]
- وتەبێژی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئەو دەنگۆیە ڕەتدەکاتەوە کە دەگوترێت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری نوکتە و پێکەنین لە فەرمانبەران قەدەغە کراوە.[2]
- شارەوانی سلێمانی لە گەڕەکی کانی بای شاری سلێمانی، بە بیانووی زیادەڕۆیی، شەقامێکی بە دەیان بەقاڵ چۆڵکرد و مێز و عارەبانەکانیانی بە شۆفڵ ڕامااڵی.[4]
- خۆپیشاندانی پشتیوانی بۆ یەکینەکانی بەرخۆدانی شەنگال-یەبەشە، و یەکینەکانی ژنانی شەنگال-یەژەشە، بە بەشداربوونی سەدان کەس و بە بەرزکردنەوەی ئالاکانی یەبەشەو یەژەشە و ئاسایشی ئێزیدخان لەبەردەم ئەنجوومەنی گەل لە خانەسۆر دەستپێکرد و تا بەردەم ناوەندی سەردان و پێشوازیکردنی یەبەشە بەردەوامی کرد.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوڵاتیانی شەداد و گوندەکانی باکووری دێرە زۆر تەرمی شەڕڤان حەمود لەتیف ئەلئەربیدیان بە مەراسیمێک لە گۆرستانی شەهیدانی شەداد بەخاکسپارد کە لە 16ی کانونی یەکەمدا شەهید ببوو.[1]
- ڕوانگەی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردووەتەوە، زیاتر لە 100 بارهەڵگر هاوکاری سەربازی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دەرگای سنووری وەلیدی هاوسنوور لەگەڵ هەرێمی کوردستان، گەیشتە ناوچەکانی دەست هێزەکانی سووریای دیموکرات. ئاماژەی بەوەش کردووە، هاوکارییەکان پێکدێن لە زرپێوش، ئۆتۆمبێلی سەربازی، لەگەڵ چەک و تەقەمەنی.[2]
دەرەوەی کوردستان

- ئەمڕۆ سەرلەشکر فەرەج مەهدەوی فەرماندەی هێزی دەریایی لیبیا لە کاردانەوەیەک دژی ڕێککەوتنەکەی دەوڵەتی 'هاوپەیمانی لیبیا لە تەرابلوس' و دەوڵەتی تورک بۆ ناردنی سەرباز و چەک لەلایەن تورکیاوە بۆ تەرابلوس و دەستێوەردانەکانی تورکیا لە وڵاتەکەی هەڕەشەی کرد. مەهدەوی بە 'عەرەبیە'ی ڕایگەیاند:هێزی دەریاییمان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادەیە و توانای باشی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشلکردنی سنووری کەناراوەکانی لیبیا لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە، هەموو ئەو کەشتییانەش بەرەو لیبیا دێن دەخرێنە ژێر کۆنترۆڵ.[4]
- سەرۆک کۆماری تورکیا دووپاتی کردەوە، وڵاتەکەی تەنیا هەنگاوێکیش لە پلانەکەی لە سووریا پاشگەز نابێتەوە، و لەسەر جێبەجێکردنی ئە و یاداشتەش سوورە، کە لەگەڵ حکوومەتی ویفاق لیبیا لە دژی سوپای خەلیفە حەفتەر واژۆیان کردووە.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن:	پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان:	ئامەد
شار و شارۆچکەکان:	خانەقین
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	سەقز
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	باکووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات:	ئێڕاق
وڵات:	ئەرمەنستان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان

[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-22
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-22
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-22
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-22
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-22
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-22

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 433

2019-12-23



باکووری کوردستان

- دوای ئەوەی ئەمڕۆ فیلیز بولوت تەکین و جەمال ئوزدەمیر هەر دوو هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی سوور ڕاپێچی بەردەم دادگا کران و بڕیاری گرتنیان بۆ دەرچوو، هەر یەک لە سالیحا ئایدەنیز هاوسەرۆکی پارتی هەڕێمە دیمۆکراتەکان و زەیات جەیلان هاوسەرۆکی هەدەپەی شاری ئامەد و ئەندامانی شارەوانی ناوچەی سوور و بەڕێوەبەرانی هەدەپە وبستیان لە بەردەم دادگا لێدوانێک بۆ ڕای گشتی بڵاو بکەنەوە، بەڵام ڕووبەرووی هێرشی هێزەکانی پۆلیسی تورک بوونەوە. ئەندامانی هەدەپە کە لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە گەمارۆ دران، بە دروشم و چەپڵە گەمارۆ و گرتنەکانیان شەرمەزار کرد. هەروەها هێزەکانی پۆلیس ڕێگایان نەدا ڕۆژنامەنووسان ڕووداوەکە بگوازنەوەو چالاکییەکە تۆمار بکەن و بە لێدان لە ناوچەکە دووریان خستەوە و هەتا مایکی هەندێک ڕۆژنامەنووسیش لەدەستی ئەندامانی هەدەپەدا مانەوە.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- مانگرتنی مامۆستایان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی جێبەجێ نەبوونی داخوازییەکانیان دەستیپێکرد.[3]

باشووری کوردستان

- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سێیەم ڕۆژیدا بەردەوامە و ئەمڕۆ ئەندامانی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێن و وەفدێکی باڵای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق چاودێری پڕۆسەی دەنگدانەکە دەکات..[1]
- مەلا یاسین ڕەئوف وتەبێژی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، درەنگانێکی ئەمشە و پڕۆسەی دەنگدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گشتی سەرکردایەتی لەناو کۆنگرە کۆتایی دێت و سبەینێ ئەنجامی دەنگدانەکە ڕادەگەیەنین. وتیشی: یەکێتی بەسەرکەتوانە هەنگاوەکانی کۆنگرەی خۆی بەرێ کردو لەماوەی سێ ڕۆژی ڕابردوودا هیچ کێشە و گرفتێک نەهاتوەتە پێشەوە و کۆنگرە زۆر بەباشی بەڕێوەچووە.[5]
- بە ئامادەبوونی نوێنەری زانکۆکانی هەولێر و ڕێکخراوە مەدەنییەکان، ئەمڕۆ لە هۆتێل دیدمان لە شاری هەولێر، یەکەمین دیداری زانکۆکانی هەولێر کە لەلایەن ڕێکخراوی چاوی زانکۆ سازکرابوو بەڕێوەچوو. دیداری زانکۆکانی هەولێر، لە شاری هەولێر بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی ئەمریکی بۆ دیموکراسی بەڕێوەدەچێت، بڕیاریشە لە داهاتوودا دیداری هاوشێوە لە شاری سلێمانی بەڕێوەبچێت.[3]
- ئەمڕۆ لە بەردەم بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی گشتی گەرمیان، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، مامۆستایانی وانەبێژ، دژی دانەمەزراندن و بە هەمیشەیی نەکردنیان گردبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و داواکارییەکانیان خستە ڕوو.[3]
- دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان بە مەبەستی ئاشکراکردنی ناوی دامەزرێندراوەکان جارێکی دیکە لەبەردەم پەروەردەی کەرکووک خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، بەڕێوبەری پەروەردەی کەرکووکیش دەڵێت: لەم هەفتەیەدا ناوەکان ئاشکرا دەکرێت.[3]
- لاهور شێخ جەنگی ڕایدەگەیەنێت ئێستا بەرەی سەرەکی چەکدارانی داعش زنجیرە چیاکانی حەمرینە و شارەزاییان زیاترە و مەترسیشیان لە ڕێکخراوی قاعیدە زیاترە و ئەگەر دۆخەکەش وا بڕوات داعش لەساڵی 2020دا باشتر خۆیان ڕێکدەخەنەوە.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە ئێوارە یادێکدا بەهاوکاری مالی سۆفی کەریم، ناوەندی ڕۆشنبیری سارا، کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان، دەنگی ڕەسەنی کوردی هونەرمەندی کۆچکردوو، محەمەدی مەلێ بەبیرهێنرایەوە.[3]

- یاداشتنامەی هەماهەنگی و هاوکاری لەنێوان دەستەی گشتی گومرگەکانی ئێران و گومرگی هەرێمی کوردستان، لە لایەن میر ئەشرەفی، بریکاری وەزیری دارایی و ئابووری و سەرۆکی گشتی گومرگەکانی ئێران و ساماڵ عەبدورەحمان، بەڕێوەبەری گشتی گومرگەکانی هەرێمی کوردستان لە تارانی پایتەختی ئێران واژۆ کرا.[2]

ڕۆژئاوای کوردستان

- گروپە چەتەکانی سەمەرکان کە سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەرە، لە گوندی ئاشکان-ی سەر بە ناوچەی جندرێس، دوو هاوڵاتیان ڕفاند بە ناوەکانی محمد کەماڵ عومەر و عبدۆ کەماڵ عومەر. هەروەها لە گوندی ئانقەلی سەر بە ناوچەی شیێ-ی سەر بە عەفرینیش دوو هاوڵاتی دیکە ڕفێنران بە ناوەکانی ڕەشید جەرکۆ و محمد جەرکۆ.[4]

دەرەوەی کوردستان

- شاندێکی پێشمەرگەی کوردستان بەسەرۆکایەتی عەزیز وەیسی، فەرماندەی هێزەکانی زێرەڤانی بە فەرمی بانگهێشتی پاریس کراون و لە ڕێورەسمێکدا لەگەڵ هێزی سەربازیی فەرەنسا ئاگری سەرکەوتنیان لەسەر مەزاری سەربازی ون کردەوە.[6]
- بەگوێرەی هەواڵی میدیا عێراقییەکان کە لە زاری سەرچاوەیەکی سیاسی نزیک لە سەرۆکایەتی کۆمارەوە بڵاوکراوەتەوە، بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆک کۆماری عێراق هەڕەشەی دەست لەکارکێشانەوەی کردووە، ئەگەر گوشاری زیاتری بخرێتەسەر، بۆ ڕاسپاردنی کاندیدێکی سەرۆک وەزیران، کە دژی خواستی خۆپیشاندەران بێت.[2]
- کوردانی فەیلی لە گۆڕەپانی تەحریر خێوەتێکیان داناوە و داوا دەکەن کە کۆتای کورسی پەرلەمانیان بۆ زیاد بکرێت لە یەک کورسیەوە بۆیان بکرێت بە سێ کورسی و دابەش بکرێت بەسەر شارەکانی بەغدا, دیالە و کوت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە کوتلە شیعیەکان هەواڵی ئەوەیان دەدا ئەو کورسیە کۆتایەش کەم بکەنەوە و بە هاوبەشی بیدەن بە کوردانی ئێزیدی و فەیلی، فراکسیۆنە کوردیەکانیش ئەوەیان ڕەتکردەوە.[2]
- پۆلیسی یۆنان ڕایگەیاند ئوتۆمبێلێکی دیبلۆماسی تورکیا لە یۆنان سوتێنراوە، ڕووداوەکەش هاوکاتە لەگەڵ ئەو بارگژییە تونەدەی کەوتۆتە نێوان وڵاتی تورکیا و یۆنان، کە هەردووکیشیان ئەندامن لەپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ).[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی هەرێمە دیموکراتەکان - دەبەپە

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئاگری

شار و شارۆچکەکان: ئامەد

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: عەفرین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: ڕۆژاوای کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-12-23
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-12-23
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-23

[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-23
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری رووداو - 2019-12-23
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 434

2019-12-24



باکووری کوردستان
- سەزای تەمەڵی، هاوسەرۆکی هەدەپە لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، سەرۆک کۆماری تورکیا دژایەتی گەلی کورد گەلانی دیکە دەکات، بە دڵنێکی ئارام وڵاتێکی دیکە داگیر دەکات. ئەو دەیەوێت مێژوو دووبارە بکاتەوە.[2]
- ئەمڕۆ پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە، ڕازیە تورگوت، سەربای کۆکلو و ڕێزان ساریجا و ئیبراهیم بیلمەز، بۆ دیدار لەگەڵ بریگرتەکەیان لە زیندانی ئیمرالی، داواکاریان پێشکەشی سەرۆکایەتیی داواکاری گشتیی شاری بۆرسا کرد.[4]
- حەسیبە مەنگیرکائون هاوسەرۆکی دەبەپەی شاری مێردین لە چوارچێوەی لێپرسینەوەیەکدا کە بۆ وەرگرتنی وتەی چووبووە ئاسیش، دەستگیر کرا.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان ڕایگەیاند دوو لە ناوچە سنووریەکانی خۆی دوو کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ناوچە سنووریەکانی سەردەشت و خۆی بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی پاسەوانیی سنووری کۆماری ئیسلامی بریندارببوون.
"حامد عابد"، کاسبکاری کوردی خەڵکی شاروچکەی "کۆتول"ی خۆی و "هیوا سەدیق زادە"، کۆڵبەری سەردەشتی لە ناوچە سنووریەکانی ئەو شارانەدا دراونەتە بەر دەستڕێژی گوللە و بریندارببوون.[1]
- کۆڵبەرێک بە ناوی عەزیز عەزیزی خەڵکی گوندی 'بەنەژاژی' سەربە شاری بانە لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە

ئاوایی گۆمانی سەر سنووری چۆمان بە تەقەی هێزە ئەمنیەکانی دەوڵەتی ئێران لە بە سەختی بریندار بووە و گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەی شاری بانە. هەر ئەمڕۆ لە ناوچە سنووریەکانی هەورامان، کۆڵبەرێک بە ناوی سەلاح دەرزیانی لە بەرزاییەکانی کوێستانی تەتە لە ناوچەیەی 'قەتڵگا' کەوتووەتە خوارەوە و بە سەختی بریندار بووە.[4]

- عەلی بەدرخانی نووسەری کورد پاش کۆتاییهاتنی سزای 3 ساڵ بەندکرانەکەی لە بەندیخانەی ناوەندیی وەرێ ئازادکرا.[1]

باشووری کوردستان

- بڕیارە ئەمڕۆ ئەنجامی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوبکرێتەوە. بەگوێرەی ئەنجامە بەراییەکان، لە بازنەی سلێمانی ئەم کەسانە دەرچوون، شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، ئاراس شێخ جەنگی، سالار عومەر نوری، سەرکەوت زەکی، شوانەی نۆکان، وەستا حەسەن، تەلار لەتیف، هەڵۆ پێنجوێنی، مستەفا چاوڕەش، ئاسۆس عەلی. لە بازنەی هەولێریش کورەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ زۆرترین دەنگیان هێناوە. لە کەرکووکیش سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە بافڵ تاڵەبانی و لاهور شێخ جەنگی زۆرترین دەنگەکانیان هێناوە. وتەبێژی کۆنگرەش ڕایگەیاند، لەبەرئەوەی دەنگەکان زۆرن ئەمڕۆ ناتوانین ئەنجامی هەڵبژاردنەکە ڕابگەیەنین و سبەینێ پاش تەواوبوونی هەژماردنی هەموو دەنگەکان، سەرئەنجامەکەی ڕادەگەیەنین[3]

- لە دانیشتنی ئەمڕۆی، پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی 77 پەرلەمانتار، خولی پاییزەی بۆ ماوەی 30 ڕۆژ درێژ کردەوە. ئامانج لەمەش پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازییە.[3]

- دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە ئەمساڵدا 75 دۆسیەی گەندەڵیی ڕەوانەی بەردەم دادگاکان کراون و یەکلا کراونەتەوە، هەروەها زیاتر لە دوومانگیشە پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای دەستەی دەستپاکی ئاراستەی پەرلەمان کراوە بەڵام تا ئێستا پرۆژەکە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە.[4]

- ئەمڕۆ کاتژمێر 10:00 دەرچوانی بەشی ئەندازیاریی کارەبا، نەوت و گاز و کیمیایی، لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کەرکووک، لەبەردەم بینای ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک گردبوونەوە و ماوەی سێ کاتژمێر لەبەردەم بینای ئەنجومەن مانەوە. دەرچوانی بەشی ئەندازیاریی داوای دامەزراندن دەکەن و دەڵێن، لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی داواکارییەکەیان، ڕێکاری تر دەگرنە بەر.[4]

- بەهۆی ڕووداوێکی تەقەکردن لە بانکی شیمالی شاری هەولێر کەسێک بریندارەبێت، تەقەکەرەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتووە و گوتەبێژی پۆلیسی هەولێریش دەڵێت شەڕەکە بەهۆی کێشەیەکی تایبەتەوە بووە.[5]

- ئەمشەو چەکدارانی داعش هێرشیان کردووەتە سەر کێڵگەی نەوتی خەبازە لەسنووری شارۆچکەی دوبز و لە ئەنجامدا پۆلیسێک بەناوی (وەلید حەمید) بە ڕەگەز کورد کە خەڵکی شارۆچکەی خورماتووە شەهید بووە و دوو پۆلیسی دیکەش بریندار بوون.[6]

- سەرچاوەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگە لە سنوری شارۆچکەی مەخموور ڕایگەیاند: بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکی چێندراو بە ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیەک لە گوندی عەتیرە لە سنوری شارەدێی سەرگەڕانی شارۆچکەی مەخمور، 3 کەس کوژراو 2ی دیکەش بریندار بوون.[4]

ڕۆژئاوای کوردستان

- بە سەدان هاوڵاتیی ناوچەی دربێسی بە مەراسیمێکی شایستە تەرمی شەڕفانی هێزەکانی عەلەوی ناوخۆیی شەهید ئەیاز عومەریان لە ئەنجومەنی کەسوکاری شەهیدان-ی دربێسی وەرگرت و بە کاروانێک بەرەو گۆڕستانی شەهید ڕوستەم جودی بەڕێکرد.[1]

دەرەوەی کوردستان

- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، سوپای سووریا خاڵێکی چاودێری سوپای تورکیای لە گوندی سەرمانی باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ئیدلب گەمارۆ داوە، ئەمەش دوای ئەوەی هێزەکانی سوپای سووریا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بە هاوکاری هێزەکانی ڕووسیا پێشڕەوی لە و ناوچەیە کردووە.[2]

- وێڕای هەڕەشەکانی سەرۆک کۆماری تورکیا بۆ داخستنی بنکەی سەربازی ئینجەرلیک - ئامەد، لە وڵاتەکەی کە لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بەکاردەهێنرێت، وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا پێنتاگۆن گرێبەستێکی بۆ دروستکردنی تەلارێک لە و بنکەیە لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای تورکی واژۆ کرد.[2]

- فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بایکۆتی پرۆسەی دەنگدانیان لەسەر ماددەکانی 15 و 16ی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق کرد. بە گوێرەی ناوەڕۆکی ماددەی 15ی پرۆژەیاساکە، بازنەی هەڵبژاردن لە پارێزگاوە بچووک دەکرێتەوە بۆ قەزا و تێیدا یەکەم و زۆرینە سەردەکەوێت و سەرجەم دەنگەکانی دیکە دەفەوتێن.[2]

- سوپای نیشتیمانی لیبیا ڕایگەیاند، فڕۆکە جەنگیەکانیان زرێپۆشێکی تورکیایان لە تەرابلوس تێکشکاندووە.[4]

- وەلید موعەلیم وەزیری دەرەوەی ڕژێمی سوریا ئاشکرایکرد، کە ئەوان چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ لایەنی تورک ئەنجامداوەو ڕاشیگەیاندووە: تورکیا لە باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا سوود لە ڕێککەوتنی لەگەڵ ڕووسیا وەردەگرێت و پاکتاوی ئەتنیکی پەیڕەو دەکات.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە

پارت / لایەن: پارتی هەڕێمە دیموکراتەکان - دەبەپە
پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: بانە
شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: خورماتوو
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: مەخموور
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ورمێ
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-24
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-24
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-24
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-24
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-24
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 435

2019-12-25



باکووری کوردستان
- لە شاری وانی باکووری کوردستان قەدەغەی چالاکی و خۆپیشاندان کە سێ ساڵە بەردەوامە، 15 ڕۆژی تر درێژ کرایەوە.[2]
- سەڵاحەدین دەمیرتاش ڕایدەگەیەنێت، دەسەڵاتی ئاکپارتی تاوانبارترین دەسەڵاتی کۆماری تورکیایە و بۆ بەردەوامیدان بە دەسەڵاتەکەی، سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان وەک بارمتە بەکاردەهێنێت. دەمیرتاش دووپاتیشدەکاتەوە، ئەردۆغان بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرکردووە و ئەگەر تاهەتایەش لە زیندان بمێنێتەوە، داوای ئازادکردن لە ئەردۆغان ناکات.[4]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- هاوواڵاتییەکی ئیلامی بە ناوی ئەحمەد شاهد کوڕی ڕەزا، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا و ناچێ چالاکیی میدیایی هەبێت. دادگای ئینقلابی ئیلام، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران، ئەو حوکمەی بەسەر ئەو هاوواڵاتییە کوردەدا سەپاندووە.[6]
- سێ هاوواڵاتیی کورد بە ناوەکانی فەرامەرز فەتاح نژاد کوڕی فەتاح، شاپوور حەبیبی کوڕی عیسا و فەرزین ڕۆستەمی کوڕی عەلی، خەڵکی گوندی ئەویهەنگی سەر بە سنە، لە دەماوەند لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.[6]
باشووری کوردستان
- لەمڕۆوە تا 04-01-2020 پشووی فەرمییە لە باشووری کوردستان.[1]
- پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکانی ئەنجومەنی گشتی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دە بازنە کۆتایی هاتووە و لە چوار بازنەی دیکەش دەست بەجیاکردنەوەی دەنگەکان کراوە.[5]
- دەزگای خێرخوازی بارزانی بە هاوکاری ڕێکخراوی ئێڵ دی ئێسی ئەمەریکی پرۆژەیەکی تەندروستی ڕادەگەیەنن بۆ دابیەکێتیی نیشتمانیی کوردستانردنی پێداویستی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان. لە قۆناغی یەکەمیشدا پێداوستی پزیشکی دەگەیەنن نەخۆشخانەکانی هەرێر و باسرمە و دارەشەکران و پرۆژەکە بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام دەبێت.[4]
- بە پێی زانیاریەکان، کاتژمێر 12:00 هێرشێکی قورس بە چەکی قورسەوە بەرامبەر گوندەکانی گرێ سپی ئەنجامدراوە. داگیرکەران گوندەکانی شۆربە نیسک و بیرکەتی گرێ سپییان تۆپباران کرد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری فلۆرانس 'Rîseûp4 Rojava' دەستی بە کەمپینی بایکۆتکردنی کەلوپەل و خواردەمەنی تورکیا کرد. لە کۆڵانە

قەڵەبالّخەکانی فلۆرانس پانکارت و بلاوکراوە بلّاوکرانەوە و بانگەوازی بۆ خەڵکی ئیتالّیا کرا، بانکی یونیکرێدی، کۆمپانیای چەکی لێژۆناردۆ و کۆماپانیای چۆکۆلاتەی تورکی بایکۆت بکەن. پانکارتی نا بۆ شەڕ، لەم سەری ساڵەدا فەریرۆ بایکۆت بکەن' لە ناو کۆڵانەکان هەڵواسرا.[2]
- شەوی ڕابوردوو، خۆپیشاندانی بەرفراوان لە دیوانیە بەڕێوەچوو و خۆپیشاندەران بارەگاکانی حیزبی دەعوە و ڕەوتی حیکمە و عەسائیبی ئەهلی حەق و ڕێکخراوی بەدریان سووتاند.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئیلام

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: وان

وڵات: باشووری کوردستان

وڵات: باکووری کوردستان

وڵات: ئێران

وڵات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-25
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-12-25
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-12-25
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-12-25
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-12-25

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 436

2019-12-26



باکووری کوردستان

- لە کەناراوەکانی عادلجەوازی بەدلیس-ی دەریاچەی وان، کەشتییەکی کۆچبەران نوقم بوو. تیمەکانی فریاکەوتن گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو 64 کەسیان ڕزگار کرد، بەڵام 7 کەس گیانیان لەدەستدا. پارێزگاری بەدلیس ڕایگەیاند، کەشتییەکە کە پەنابەری پاکستانی و بەنگلادێشی و ئەفغانی هەڵگرتبوو، کاتێک نزیک بووەتەوە لە کەناراوەکە، نوقم بووە.[1]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کۆنسێرتی ئۆرکێستڕای مەریوان کە بڕیار بوو ئەمڕۆ و سبەینێ، 5 و 6ی بەفرانبار بەڕێوە بچێت، لەلایەن ئەندامانی ئەو گرووپەوە بەو هۆیەوە کە ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی بەرانبەر بوو لەگەڵ چلەی شەهیدانی خەزەڵوەر و بۆ ڕێزگرتن لەو شەهیدانە و بنەماڵەکانیان و هەموو خەڵکی مەریوان، هەڵوەشێندرایەوە.[6]

- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدرێی کوردپا، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، چوار هاوواڵتیی کورد لە پاوە بە ناوەکانی کەیهان عەزیزی، ئاشنا حەسەنزادە، سروش ئەمینی و ئەکبەر محەممەدی، بانگهێشت و لێپرسینەوەیان لێکراوە. ئەو چوار هاوواڵتییە کورد لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە هەڕەشەیان لێکراوە و پاش چەند کاتژمێرێک لێپرسینەوە، ئازاد کراون.[6]

- لە شارۆچکەی پیرانشاری سەر بە پارێزگای ورمێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنێکی تەمەن 20 ساڵ بە ئاگر سووتا و گیانی لەدەستدا. ئەو ژنە گەنجە بەهۆی ڕێژەی زۆری سووتاوییەکەیەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا، کەسوکارەکەشی دەڵێن، خۆی خۆی سووتاندووە.[1]

- چالاکێکی سیاسیی کورد بە ناوی عادل بەهرامی، خەڵکی کامیاران و دانیشتووی تورکیە، لەلایەن کاربەدەستانی ئەو وڵاتەوە دیپۆرتی ئێران کرایەوە.[6]

- دوکتور ناسر هیمەتی، دەروونناس، نووسەر و شاعیری ئیلامی، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە لە ئیسفەهان دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو چالاکە کوردە بەهۆی ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی کۆمەڵگە و پشتیوانی لە گیانبەختبووانی خۆپیشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەر، دەسبەسەر کراوە.[6]

باشووری کوردستان

- بەرەبەیانی ئەمڕۆ، پرۆسەی جیاکردنەوەو هەژمارکردنی دەنگەکانی کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەرکەوتووی کۆتاییهات و لیژنەی دادوەریش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ناوی ئەندامانی دەرچووی بۆ ئەنجومەنی

سەرکردایەتی گشتی ڕاگەیاند.[2]
- لە کافێ نێتی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکە بە ئامادەبونی چەند کەسەیاتییەکی شارەزای مێژوویی ئەمرۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی سەربە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی پانێلی دیرۆکی بابانەکان و پاراستنی یادەوەریمانی سازکرد.[2]
- سوپای فینلەدا لە ڕاگەیێندراوێکیدا ڕایگەیاندووە، لە سەرەتای ساڵی داهاتوو هێزەکانی لە عێراق دەگوازێتەوە هەرێمی کوردستان و لە هەولێر جێگیریان دەکات.[3]
- بەهۆی ناجێگیری بارودۆخی ئەمنییەوە، لەکۆی 12هەزار خێزانی کریستیان لە کەرکووک تەنیا 1500 خێزان ماون، بۆ ئەمساڵیش وەکو هاوسۆزییەک بۆ خانەوادەی شەهیدانی خۆپێشاندانەکانی عێراق و ناجێگیری بارودۆخی ئەمنی، بڕیاریاندا هیچ جۆرە ئاهەنگێک نەگێڕن، سەرۆکی ئەساقیفەی کەرکووک و سلێمانی دەڵێت ئەزموونی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووە و پێویستە بۆ هەموو ناوچەکانی عێراق بگوازرێتەوە.[4]
- لە بازگەی دێگەڵە دەستبەسەر زیاتر لە 22 تۆن هێلکەی بەسەرچوودا گیرا و قائیمقامی شارۆچکەی ناوەندی هەولێریش داوا لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی کشتوکاڵ دەکات لێژنەیەک لەسەر ئاستی باڵا پێکبهێندرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو حاڵەتەو دەشڵێ ئەمە جاری یەکەم و دووەم نییە ئەو هێلکانە هاوردەدەکرێن.[3]
- پارێزەرانی شاری هەولێر، ڕایدەگەیەنن، ئەگەر داواکاری گشتی هەرێم وەڵامی یاداشتەکەیان لە بارەی ڕاگرتنی زنجیرە فیلمە تورکییەکانەوە نەداتەوە، ئەوا هەنگاوی دواتریان بۆ ڕاگرتنی پەخشکردنی ئەو زنجیرە فیلمە تورکییانە، تۆمارکردنی سکاڵا دەبێت.[5]
- شەوی ڕابردوو، لەسەر ڕێگای نێوان سەیدسادق - هەڵەبجەی تازە مەیخانەیەک سوتا.[2]
- دوای ئەوەی ناوی دامەزراوانی پەروەردەی کەرکووک ئاشکراکران و پشکی زۆرینە بەر عەرەب کەوتبوو، تورکمانەکانی کەرکووک دژی کەمیی پشکەکانیان و پشتگوێخستنیان خۆپیشاندانیان کرد.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای تورکی داگیرکەر ناوچەی تل ڕەفعەت، کە بە هەزاران خەڵکی مەدەنیی تێیدا دەژیت، بە تۆپ و چەکی قورس تۆپباران کرد.[1]
- سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی، بە چەکی قورس هێرشیان کردووەتە سەر گوندی ئەریدای سەر ب ناوچەی عەین عیسا و تۆپبارانی دەکەن.[1]

دەرەوەی کوردستان
- سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن، بەرهەم ئەحمەد ساڵح دەستی لەکارکێشاوەتەوە.[7]
- ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لە لێدوانێکی لە ئەنقەرە ڕایگەیاند، لە 7 کانوونی دووەم، دوای ڕەزامەندی پەرلەمان، هێز بۆ لیبیا دەنێرین.[4]
- ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاویکردەوە کە درەنگانی شەوی ڕابردوو کاروانێکی سەربازی تورکیا لە ڕێگەی دەروازەی سنووری کەفەر لووسین لە باکووری ئیدلبەوە چووەتە نێو سووریا، کە لە 85 ئۆتۆمبێلی سەربازی و زرێپۆش پێکهاتوون.[4]
- بەپێی هەواڵێکی سایتی سۆمەریەنیوز باری نائاسایی لەنێو هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕاگەیاندراوە وەک ئامادەکارییەک بۆ وو بەڕووبونەوەی هەندێک لە جموجۆڵەکانی سوپای ئەمریکا.[8]
- گوتەبێژی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا، ئیبراهیم کالن، ڕەخنەی لە وڵاتانی کەنداو گرت بە هۆی مامەڵەکردنیان لەگەڵ مەزڵوم کوبانێ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە). ئیبراهیم کالن ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بێدەنگ نابێت لە ئاست ئە و دیدار و کۆبوونەوانەی لەگەڵ فەرهاد عەبدی شاهین ناسراو بە مەزڵووم کوبانێ ئەنجام دەدرێن.
گوتیشی: ئێمە هەندێک وڵاتی کەنداو دەبینین کە لەگەڵ مەزڵوم کوبانێ کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی دژی تورکیا بەکاری بهێنن و ئەوە بە بێ وەڵام لە لایەن تورکیاوە تێناپەڕێت.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: ئیلام
شار و شارۆچکەکان: بەدلیس
شار و شارۆچکەکان: پاوە (هەورامان)
شار و شارۆچکەکان: پیرانشار - خانە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: وان
شار و شارۆچکەکان: کامیاران
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
ولّات: باشووری کوردستان
ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئێران
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-26
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2019-12-26
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی روودار - 2019-12-26
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-12-26
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2019-12-26
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2019-12-26
[7] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[8] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دوارۆژ - 2019-12-26
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 437

2019-12-27



باکووری کوردستان

- بە پێی ناوەندی بوومەلەرزەزانی لە ناوچەی سویرجەی شاری خارپێت کاتژمێر 10:02 بە قۆڵاتی 7 کیلۆمەتر لەژێر زوفیەوە بوومەلەرزە ڕوویداوە. بە ئەنجامەکان زیانی گیانی دروست نەبووە. لە دیلۆک، مەڵەتی، ئامەد، ئەرزەڕۆم و ڕوحاش هەستیپێکراوە. لە لایەکی ترەوە ڕاگەیەنرا، بوومەلەرزەکە هێزەکەی 5.1 بووە و 3، 8 کیلۆمەتر لە قوڵاتی زەویدا بووە. بوومەلەرزەکە ترسێکی زۆری لەناو خەڵکدا دروست کردووە و هاووڵاتیان ماوەیەکی زۆر لە کۆڵانەکان مانەوە.[1]
- لە کۆڵانی گەڕەکی ئۆفیسی ناوچەی یەنیشەهیری ئامەد ژنێک بە ناوی دەنیز، ک. کە لە بینایەک دەژیا بەهۆی هێرشی چەکداریەوە کوژرا. ڕاگەیەنرا کاتێک منداڵە ساڵ و نیوەیەکی لە باوەشدا بووە، دەنیز، ک. کوژراوە.[1]
- لە شارەوانی ناوچەی قەرەیازی، تاتۆس و قەرەقۆچانی ئەرزەڕۆم 15 ئەندامی ئەنجوومەنی هەدەپە لەلایەن ڕژێمی ئەنقەرەوە لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە.[1]
- لەسەر بڕیاری پارێزگاری جوڵەمێرگ هاتوچۆ لە پێنج ناوچەی پارێزگاکە قەدەغە کرا، ماوەی قەدەغەکە 15 ڕۆژ دیاریکراوە لەو هەرێمانە کە ناویان نراوە هەرێمی ئاساییشی تایبەت.[4]

ڕۆژهەڵاتی کوردستان

- کاسبکارێکی کورد بە ناوی سەعدی سەفایی، خەڵکی دیواندەرە، لە جادەی ئەندیمشک بە تەقەی هێزە نیزامییەکان گیانی لەدەست دا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە کاتێکدا تەقەیان لەو کاسبکارە کوردە کردووە کە ناوبراو هیچ جۆرە شتومەکێکی قاچاخی پێ نەبووە.[7]

باشووری کوردستان

- گەنجێکی دانیشتووی خانەقین تەرمەکەی لەنێو ئاوی ڕووبارێکدا دۆزرایەوە و پێش فڕێدانی بۆ نێو ئاوەکە بەچەند گوللەیەک کوژراوە.[2]
- لە ناوچە شاخاوییەکانی سنووری شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک، تا کاتژمێر 11:00ی ئەمڕۆ، 40 سانتیم بەفر باریوە.[2]
- بوومەلەرزەیەک بە گوڕی 3.2 پلەی ڕێختەر بە دووری نۆ کیلۆمەتر لە قەڵادزێ ڕوویدا و هاونیشتمانیان هەستیانپێکردووە.[6]
- لە ڕێگەی چەند گوللە کاتیۆشایەکەوە سەربازگەی کەیوان لەخۆراوای شاری کەرکووک کرایە ئامانج، هێزە ئەمنییەکانیش دەڵێن: دەست بەسەر ئەو ئۆتۆمبێلەدا گیراوە کە بۆردومانەکەی ئەنجامداوە.[2]
- لە ماوەی چل و هەشت کاتژمێردا (40) سم بەفر لە حاجی ئۆمەران و ڕێگای هاملتۆن باریوە، کۆی گشتی بەفرباری لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان تا ئێستا گەیشتۆتە (70) سم، ئەم شەپۆلەی سەرماوسۆڵە پلەکانی گەرمای بۆ 7 پلەی ژێرسفری سیلیزی دابەزاندووە، جووتیارانیشی لەدڵەڕاوکێی وشکەساڵی و کەمئاوی ڕزگارکرد.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ جارێکی دیکە، بەفرباریەن ڕێگەی زینی وەرتێی داخست و هاتوچۆی لەنێوان سنووری ڕاپەڕین و ناوچەکانی سۆران و ڕواندز و چۆمان لەو ڕێگایەوە وەستاند.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە دێرک بە هەزاران کەس بەشداریان لە پرسەی شەهید محەمەد حەمۆ بە نازناو سیپان عەفرین کرد.[1]
- ئەمەریکا هەوڵەکانی چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی لایەنە ناکۆکەکانی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان بگەنە ڕێککەوتن و بە یەکەوە ئیدارەیەکی هاوبەش دروست بکەن و وتاری سیاسییان یەکبخەن و نوێنەرایەتی خۆیان بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە

نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پرسی سووریا یەکبخەن.[3]
- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی ناوچەی تل ڕەفعەت و گوندێکی عەین عیسایان بە تۆپ و چەکی قوورس تۆپبارانکرد.[4]
- کاروانێکی سەربازی ئەمریکا کە دەیان بارهەڵگری کەلوپەلی سەربازی و لۆجیستی لەخۆگرتووە سنووورەکانی هەرێمی کوردستانی بەرەو پارێزگای حەسەکە بەڕێوەچوو.[2]
دەرەوەی کوردستان
- 170 ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق نامەی دەستەکارکێشانەوەی سەرۆک کۆماری عیراق ڕەتدەکەنەوە. لە بەیاننامەیەکدا ئەندامانی ئەنجوومەن ڕایانگەیاند: ئێمە ئەو ئەندامانەین کە ئیمزامان لەسەر تایبەتمەندییەکانی سەرۆک وەزیرانی پێشوو کردوە، وە دوای ئەوەی نامەی دەستەکارکێشانەوەی سەرۆک کۆمارمان بینی کە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی نوێنەران کراوە، ئێمە بەتەواوی ئەو داوایە ڕەتدەکەینەوە.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: ئامەد
شار و شارۆچکەکان: ئەرزەروم
شار و شارۆچکەکان: جوڵەمێرگ
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: حەسەکە
شار و شارۆچکەکان: خانەقین
شار و شارۆچکەکان: دیواندەرە
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: قەڵادزێ (پشدەر)
شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
شار و شارۆچکەکان: ڕوحا
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
وڵات: یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-27
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-27
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-27
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-27
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پوک میدیا - 2019-12-27
[6] ڕووبەڕوو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2019-12-28

کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 438

2019-12-28



باکووری کوردستان
- بە بۆنەی سالّیادی کۆمەڵکوژیی ڕۆبۆسکی کە لە 28-12-2011 لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی دەوڵەتی تورکەوە ئەنجامدرا و تێیدا 34 ڕۆڵەی کورد کۆمەڵکوژ کران، لە گوندی ڕۆبۆسکی مەراسیمێکی یادکردنەوە بەڕێوە چوو.[1]
- داواکاریی خانەوادەی عەبدوڵلا ئۆجەلان و کەسوکاری گیراوانی سیاسی بۆ سەردانکردنی دورگەی ئیمرالی، لەلایەن داواکاری گشتیی بورساوە ڕەتکرایەوە.[7]
باشووری کوردستان
- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرس ڕایگەیاند بەهۆی کەوتنە خوارەوەی موشەکێک لە سەربازگەی کەیوان (K1) لە باشوری ڕۆژئاوای شاری کەرکووک کارمەندێکی گرێبەستی ئەمریکی لەو سەربازگەیە کوژرا.[1]
- هەشتەمین کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە هەولێر بە بەشداری 900 ئەندام دەستی بەکارەکانی کرد و سەڵاحەدین بەهادین جارێکی دیکە وەک ئەمینداری گشتی یەکگرتوو هەڵبژێردرایەوە.[2]
- لەناوچە شاخاوییەکانی سنووری شاروچکەی ئامێدی لە پارێزگای دهۆک بەفربارین بەردەوامی هەیە. بەپێی سەرچاوە کەشناسییەکان لە سنوری شارەدێی کانی ماسێ سەر بە شاروچکەی ئامێدی زیاتر لە 50 سم بەفر باریوە.[3]
- ئەمڕۆ لە هۆڵی بۆنەکان لە شاروچکەی سەیدسادق، مەراسیمێک لەلایەن ڕێکخراوی کوردیۆ بۆ خەڵاتکردنی 203 کەسایەتی ساڵی 2019 لە شارو شاروچکەکانی، سلێمانی، دەربەندیخان، هەڵەبجە، سەیدسادق، شارەزوور و گەرمیان. ئەو 203 کەسایەتیە وەک کەسایەتی ساڵ دەستنیشان کران لە بوارەکانی ڕاگەیاند، بەڕێوەبەری فەرمانگە و خوێندنگاکان، شاعیر و نوسەر.[7]

- بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ئەمنی و دوای زیاتربوونی کردەوەکانی داعش، هێزێکی سەربازی سوپای عێراق ڕەوانەی سنووری کەرکووک کران. ئەمەش لە کاتێکدایە، لە هێرشەکەی سەر سەربازگەی (کەی1)، بەڵێندەرێکی ئەمەریکی کوژرا و ژمارەیەک ئەندامی هێزی سەربازی ئەمەریکا و عێراقیش بریندارببوون.[5]
- لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانییەوە و بەهۆی هەبوونی دەرمانی ماوەبەسەرچوو دەرمانخانەی دایک داخرا.[6]
- ئەمڕۆ لە شارەدێی ڕزگاری (تۆپزاوە)ی سەر بە شارۆچکەی خەبات لە سنووری پارێزگای هەولێر، پیاوێک بە فیشەک هاوسەرەکەی خۆی کوشت.[7] قوربانییەکە ناوی ئاواز عەبدوڵڵا یە و لەدایکبووی 1971ە کە نزیکەی 30 ساڵە هاوژینی یەکدین.[4]
- بەمەبەستی خستنەڕووی داتای پێشێلکارِیی و داواکاری پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا لە شاری هەولێر کۆنفرانسێک بەڕێوەچوو.[3]
- ئەمڕۆ لە ڕێوڕەسمێکدا لە شاری سلێمانی بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر لەهونەرمەندان و هونەر دۆستان یادی ڕۆژی جیهانی سینەما کرایەوە. هاوکات لەمەراسیمەکەدا لەپای ئەنجامدانی کارە هونەرییەکانیان خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە هەریەک لەهونەرمەندان (ئازاد پێنجوێنی، ڕۆژان محەمەد، شەونم محەمەد، ناز ساڵح و کرمانج فەرەج).[6]
- چەند حاڵەتێکی ئەنفلۆوەنزای بەراز لە پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە و بۆ ڕێگریکردن لە زیاتر بڵاوبونەوەی پەتاکە چەندین ڕێککار گیراونەتەبەر.[5]

ڕۆژئاوای کوردستان

- شەهید سدیق ڕەمەزان ناسراو بە جودی ملیتان کە لە 25ی تشرینی دووهەم لە سەرێکانی شەهید ببوو، بە مەراسیمێکی شایستە بە بەشداری هەزاران هاوڵاتی لە قامشلۆ بەخاک سپێردرا.[1]

دەرەوەی کوردستان

- وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایدەگەیێنێت، خەڵکی ئێران مافی خۆیەتی پرسە بۆ ئەو قوربانییانە دابنێت کە لەلایەن خامنەییەوە کوژراون و ڕژێمی ئێران لە خەڵەکەکەی خۆی دەترسێت.[4]
- قەیس خەزعەلی، سەرکردەی گروپی عەسائیب ئەهلی حەق، هەڕەشەی لە بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عێراق کرد بەهۆی ڕەتکردنەوەی ڕاسپاردنی کاندیدی هاوپەیمانی بینا بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق. قەیس خەزعەلی، هێرشی کردە سەر بەرهەم ساڵح و ڕایگەیاند، ئەنجێندای ئەمریکا پیادە دەکات کە یان دەبێ دەستلەکاریکێشێتەوە یان لەکارلادەبرێت.[5]
- کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عیراق لە ڕاگەیەنراوێکدا، ئەوەی ئاشکراکردووە لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانەوە لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردووەوە تا ئێستا، 166 خۆپیشاندەر ڕفێنراون یان چارەنووسیان نادیارە، داواشی لە دەزگا ئەمنییەکان کرد چارەنووسی دەستگیرکراوەکان، ئاشکرا بکات.[6]
- میدیا ڕۆژئاواِیی و عەرەبییەکان بڵاویانکردەوە، تورکیا ئامادەکاری دەکات، بۆ ئەوەی هێزی سەربازی پیادە، دەریایی و ئە و گروپە چەکدارانەی سووریا بۆ لیبیا دەکات، کە فەرمان لە ئەنقەرە وەردەگرن، ئەمەش وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ داواکاری حکوومەتی ویفاق لیبیا، کە داوای لە ئەنقەرە کردووە لە دژی هێزەکانی حەفتەر پشتیوانی سەربازی بکات.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش

پارت / لایەن: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

شار و شارۆچکەکان: ئامێدی

شار و شارۆچکەکان: پێنجوێن

شار و شارۆچکەکان: دەربەندیخان

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سەیدسادق (شارەزوور)

شار و شارۆچکەکان: قامیشلۆ

شار و شارۆچکەکان: موسڵ و دەشتی نەینەوا

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە

شار و شارۆچکەکان: کۆبانی

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)

ووڵات: باشووری کوردستان
ووڵات: ڕۆژاوای کوردستان
ووڵات: ئێران
ووڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ووڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-28
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-28
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2019-12-28
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-28
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2019-12-28
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2019-12-28
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 439

2019-12-29



باکووری کوردستان

- عەدنان تۆپچوو هاوسەرۆکی شارەوانی ناوچەی کۆپی مووش کە لە لایەن ڕژێمی ئاکەپەوە دەستگیرابوو لە مووشەوە بەرەو مەڕاش دوورخرایەوە.[1]

باشووری کوردستان

- عەمید سامان تاڵەبانی، بەرپرسی هەمئاهەنگیی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق، کرایە فەرماندەی فیرقەی ئاڵتوونی دژەتیرۆری عێراق و شوێنی فازڵ بەروارپی گرتەوە.[3]

ڕۆژئاوای کوردستان

- لە نزیک ناوچەی عەین عیسا لە نێوان گروپە چەتەکانی سەر بە دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و هێزەکانی ڕژێمی سوریا شەڕ و پێکدادان ڕوویدا.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی دوای ئەوەی هێرشیان کردە سەر گوندەکانی بیرکەتیک و کۆپرلیکی گرێ سپی، هێرشیان کردە سەر گوندی سەلیبێ ئەو ناوچەیەیش. هەروەها گوندەکانی مەراناز و ئەلقاسمیەی ناوچەی شەرای عەفرینیش بە سەختی تۆپباران دەکرێن.[1]

دەرەوەی کوردستان

- وەزارەتی بەرگرپی ئەمریکا ڕایگەیاند، هێزەکانیان هێرشێکی ئاسمانیان بۆسەر پێنج بنکەی کەتایبی حیزبوڵڵا لە سووریا و عێراق ئەنجامداوە.[2]
- شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی عێراق، ڕایگەیاند، لە ئاکامی بۆردومانی فڕۆکەکانی ئەمەریکا بۆ سەر بارەگای لیوای (45)ی حەشدی شەعبی لە قائیم (4) چەکداری حەشد کوژران و (30)ی دیکە بریندار بوون.[4]
- ئەمڕۆ ڕوانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند، کە تا ئێستا 300 چەتەی دەوڵەتی تورک خۆیان گەیاندووەتە لیبیا و هەزار چەتەی دیکەش کە لە ئێستادا لە بارەگاکانی سوپای تورک پەروەردە دەبینن، چاوەڕێ دەکەن بگوازرێنەوە لیبیا.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: موش
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-29
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2019-12-29
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2019-12-29
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 440

2019-12-30



باکووری کوردستان
- پارێزگاری ڕژێمەکەی ئاکەپەی شاری دیلۆک 48 ناوچە کە دەکەونە سەر سنووری باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بۆ ماوەی 15 ڕۆژ وەکو 'ناوچەی تایبەتی ئەمنی' ڕاگەیاند.[2]
باشووری کوردستان
- کۆچی دوایی ئەکتەر و پێشکەشکاری دیاری کوردستان، ئاسۆ عومەر سواره به نۆبەی دڵ له سلێمانی.[1]
- دوای ئەوەی ئاسایشی سلێمانی سینەما سالمی ئاگادارکردەوە کەنابێت ئەو فیلمە نمایش بکرێت، لە ڕاگەیەندراوێکدا، سینەما سالم ئەوکارەی ئاسایشی بە مامەڵەیەکی میلیتاری ناوبرد و ڕاشیگەیاند: ئاسۆکانی ئازادی ڕادەربڕین و فەزای گشتی تاریکتر دەکات.[2]

- سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ نوێنەرانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەبارەی بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزای وەرزیH1N1 لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانی لە شاری هەولێر ڕایگەیاند، سێ نەخۆشی هەڵگری ڤایرۆسی H1N1 کە دووانیان خەڵکی موسڵ و شرگات و نەخۆشێکی دیکەیان خەڵکی سووریا بووە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و بەهۆی ئەوەی بەتووندی توشی ئەنفلۆنزابووبوون گیانیان لەدەستداوە.[4]
- هاوڵاتیانی کەمپی پەنابەرانی شەهید ڕۆستەم جودی لە مەخمور، بە خۆپیشاندانێکی فراوان گۆشەگیری سەر عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری پەکەکە و هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیان ئیدانە کرد.[5]
- ئێوارەی ئەمڕۆ لە ناو بازاڕی شارۆچکەی کفری سەربە ئیدارەی گەرمیان، بەشێک لە چالاکوانانی شارۆچکەکە، هەڵسان بە کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی، بۆ نیشاندانی درندەیی و داگیرکاریەکانی دەوڵەتی تورک لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان و وێنەی بریندارانی و قوربانیانی چەکی فسفۆڕ. زۆربەی وێنەکان پێکهاتبوون لە بریندارانی و قوربانیانی مەدەنی هاوڵاتیانی ڕۆژئاوای کوردستان، لە بەرکەوتووانی چەکی فسفۆڕ و کیمیاوی.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوڵاتیانی شاری حەسەکە و گوندەکانی دەوروبەری، تەرمی سێ شەهیدی قەسەدە بە ناوەکانی ئالان دەروێش، نەجدەت حەمادە و جاسم ئەل-لوێد-یان بە مەراسیمێکی شایستە لە گۆڕستانی شەهید دژوار لە گوندی داودیبە، بەخاک سپارد.[2]
دەرەوەی کوردستان
- عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری عێراق هۆشداریدا لەدەرەنجامە خراپەکانی ئە و هێرشەی کە هێزەکانی ئەمریکا کردیانە سەر یەکەیەکی حەشدی شەعبی لە شاری قائیم و دەشڵێت :ئە و هێرشەی ئەمریکا مەترسداڕە.[3]
- دوای هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر بارەگای دوو لیوای حەشدی شەعبی لە خۆرئاوای عێراق، بەرپرسانی ئەمریکا جارێکی تر هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێگەی تر دەکەن لەدژی حەشد.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان:	ئەنتاب - دیلۆک
شار و شارۆچکەکان:	حەسەکە
شار و شارۆچکەکان:	سلێمانی
شار و شارۆچکەکان:	موسڵ و دەشتی نەینەوا
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	کفری
شار و شارۆچکەکان:	کەلار (گەرمیان)
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 30-12-2019
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 30-12-2019
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕووداو - 30-12-2019
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 30-12-2019
کاتی تۆمارکردن: 01-11-2019

ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 441

2019-12-31



باشووری کوردستان

- دوای ئەوەی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباranی هەڵەبجە، ئاماژەیان بە مانەوەی شەش ژێرزەمین کرد کە هێشتا کاریگەریی چەکی کیمیاییان لەسەر ماوە جێگری پارێزگاری هەڵەبجە دەڵێتئەو ئەنجامانەی کە لایەنە نێودەوڵەتییەکان ڕایانگەیاندووە، دەریدەخەن ژینگەی هەڵەبجە مەترسیی لەسەر نەماوە، بەڵام نازانین ئەو ژێرزەمینانە لەکوێن کە باس لە ژەهراویبوونیان دەکرێت.[3]

- ئەمڕۆ دووجار لەسەر یەک فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا بۆردومانی پاوانی گوندی کێستەیان لە سنووری ناوچەی بەرواری باڵا کرد و زیانی مادّی بەر خانووبەرەی هاووڵاتیان لە ناوچەکە کەوت.[4]

- بۆ ڕێگریکردن لە کارەکانی بەڕێوەبەری شارەوانی نوێی کەرکووک، کە دوو ڕۆژە بە بڕیاری بەنگین ڕێکانی، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شارەوانیەکانی عێراق دەستبەکاربووە، هێزێکی ئەمنی گەمارۆی شارەوانی کەرکووکیان داوە.[4]

- بارودۆخی ئەمنی کەرکووک وەک هاوڵاتیانی کەرکووک دەڵێن: ساڵ بەساڵ بەرەو خراپی زیاتر دەچێت، بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کەرکووک، لەماوەی ساڵی 2019دا، هەزار و 668 ڕووداوی ئەمنی ڕوویانداوە، لەدوای 16ی ئۆکتۆبەریشەوە 25 هەزار خێزانی عەرەب لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هاوردەی کەرکووک کراون.[4]

- لە شاری سلێمانی لە مزگەوتی حاجی محەمەدی کۆڵەک، پرسەی هونەرمەند ئاسۆ عومەر سواڕە بەڕێوەچوو، ئەم پرسەیە بە یەک لە گەورەترین پرسەکانی شاری سلێمانی دادەنرێت لە ڕووی ئاپۆڕای سەردانکەرانی پرسەکەوە.

ڕۆژئاوای کوردستان

- دوا نیوەڕۆی ئەمڕی لە کاتژمێر 15:55 خولەک سوپای تورکی داگیرکەر گوندەکانی مالکییە و ماراناز و سۆخانەک و عاقیبی

سەر بە ناوچەی شێراوا و شەڕای تۆپباران کرد.[2]
- ئەمڕۆ دوای ئەوەی دەوریپەی هاوبەشی ڕوسی - تورکی لە نێوان گوندەکانی عالیا و لەیلان گەڕا و تێپەڕی، سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندی ئوم خیر سەربە تل تەمریان تۆپباران کرد. لە ئەنجامی ئەو تۆپبارانانەدا، زیانێکی زۆر بە ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان کەوت.[2]
دەرەوەی کوردستان
- هەواداراڵی حەشدی شەعبی هێرشیان کردەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئێراق و پرسگەکەیان سووتاند. ئەم ڕووداوە باری ناوخۆیی ئێراقی بەتەواوەتی تێکدا و تڕەمپیش ڕایگەیاند کە ئێران لەم کارەدا تاوانباری یەکەمە.[1]
- بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆماری عێراق گوتی: عێراق لەڕووی ئەمنی و سەروەرییەکەی و ئایندەی گەلەکەیەوە، ڕووبەڕووی تەحەدیاتی مەترسیدار کراوەتەوە. ئەم گوتانەی سەرۆک کۆماری عێراق لە بەیاننامەیەکدا هاتوون و دووپاتیکردەوە، هەڵکوتانە سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا پێشێلکردنی پەرەنسیپ و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی عێراقە.[4]
- وەزیری بەرگری تورکیا، خلووسی ئاکار، ڕایگەیاند، وڵاتەکەی دەستی بە ئامادەکاری کردووە بۆ ناردنی هێزی سەربازی بۆ لیبیا.[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەرکووک
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2019-12-31
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2019-12-31
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردستان 24 - 2019-12-31
کاتی تۆمارکردن: 2019-11-01
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 442

2020-01-01



باشووری کوردستان
- کەناڵی بی بی سی بریتانی وێنەی جوانترین ئاهەنگ و یارییە ئاگرینەکانی سەری ساڵی زاینی 2020ی بڵاوکردۆتەوە و وێنەیەکی سلێمانیش کە هۆتێل شاری جوان تێیدا دەردەکەوێت وەک یەکێک لە جوانترین 10 شارەکانی جیهان دیاریکراوە.[2]
- بە بڕیاری فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا شەهاب جاهد حەمەخان زەنگەنە کە ئەفسەرێکی کوردە و خەڵکی پارێزگای هەولێرە، وەک فەرماندەی گشتیی هێزی ئاسمانیی عێراق دەستبەکاربوو.[3]
- هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک چەند وێنەیەکی بڵاوکردووەتەوە، کە ئەمڕۆ 2020-01-01 سەردانی مەنزڵگەی سەرۆک مام جەلالی کردووە لە دەباشان.[4]
- ئێوارەی ئەمڕۆ، لەشارۆچکەی چەمچەماڵی سەر بەپارێزگای سلێمانی، تەرمی هاوڵاتییەکی تەمەن 25 ساڵی ڕۆژئاوای کوردستان دۆزرایەوە. بەوتەی سەرکەوت ئەحمەد، وتەبێژی پۆلیسی سلێمانی، ئەو هاوڵاتییە ناوی، محەمەد ئەمین ڕوومیە، لەدایک بووی ساڵی 1995 و ئاوارەی ڕۆژئاوایی کوردستانە و خەڵکی شاری کۆبانێ-یە، دانیشتوی شارۆچکەی چەمچەماڵ بووە.[5]
- باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا ڕایدەگەیەنێت: سەرجەم کاروبارەکانی کونسوڵخانەی گشتی بۆ کاتێکی نادیار هەڵپەساردووە و داواشدەکات بۆ هەر کاروبارێک سەردانی کونسوڵخانەی هەولێر بکرێت.[2]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش (130) بارهەڵگر هاوکاری سەربازی و لۆجستی گەیاندە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای دیموکرات(هەسەدە).[6]
- سوپای تورک و چەتەکانی، گوندەکانی مالکییە و مەرەناز و شەوارخە و قەڵای شەوارخەی سەر بە ناوچەی شەڕای عەفرین تۆپباران دەکەن.[7]
دەرەوەی کوردستان
- ئەندامانی حەشدی شەعبی لە گەمارۆی باڵوێزخانەی ئەمریکی لە بەغدا کشانەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سووریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان: چەمچەماڵ
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان

ولّات: ڕۆژاوای کوردستان
ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
ولّات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی راگەیاندن
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-01
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-01
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری پۆک میدیا - 2020-01-01
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-01
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-01
[7] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-01
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 443

2020-01-02



باکووری کوردستان
- پارێزەرانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پەکەکە بە مەبەستی سەردانی ئیمرالّی و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵیدا، سەردانی داواکاری گشتی شاری بورسایان کرد.[4]
باشووری کوردستان
-بۆ داواکردنی ئازادکردنی ئیدریس سەلیم، پیشمەرگەی دێرین و ئەندامی تەفگەری ئازادی کە زیاتر لە 7 مانگە لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە دەستگیرکراوە، ئەمڕۆ، لەبەردەم نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو.[2]
- بە ئامانجی پشتیوانی لە بایکۆتی کالّای تورکی، لە شاری سلێمانی فێستیڤالّی بەرهەمە خۆماڵییەکان دەستپێکرد، کە 16 ڕۆژ بەردەوام دەبێت.[4]
ڕۆژئاوای کوردستان
- کاروانێکی سەربازیی هاوبەشی ڕوسی و تورکی لە دەوروبەری گوندی ئاشمێ کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کۆبانێ، دەستی بە

گەشتێکی سەربازی کرد. لە گوندی چارقلی-ی کۆبانی کە کاروانە هاوبەشەکە بەوێدا تێپەڕ بوو، لە لایەن گوندنشینانەوە ڕووبەرووی نارەزایەتی بووەو زرێپۆشەکانی سوپای تورک بەرباران کردان. لە گوندی خۆرخۆر کە بە دووری 17 کیلۆمەتر دەکەوێتە ڕۆژئاوای کۆبانی، داگیرکەران گازی فرمێسک ڕێژیان لە دژی خەڵکی مەدەنی بەکار هینا و هاوڵاتیانیش بە بەرد وڵامی داگیرکەرانیان دایەوە.[1]
- هاوڵاتیانی ناوچەی گرێ سپی کە لە لایەن دەولەتی تورکەوە داگیر کراوە، بە مەبەستی دەرکردنی چەتەکان لەو شارە، چالاکییەکی شەرمەزارکردنیان ئەنجامدا.[1]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی تورکیا پرۆژەپێشنیازی ناردنی هێزی سەربازی بۆ لیبیا خستە دەنگدانەوە و بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەسندکرا.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: کۆبانی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-02
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-02
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-02
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-02
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 444

2020-01-03



ڕۆژئاوای کوردستان
- سەدان دانیشتووی تەبقا، بەشداری مەراسیمی بەخاکسپاردنی شەهیدانی ئەنجومەنی سەربازی تەبقایان کرد کە لەژێر چەتری قەسەدەدایە، ئەو دوو شەهید پێکهاتبوون لە هەریەک لە ئەحمەد جەدوو (ئەحمەد شیهاب) و شەمسی جەدوو (ئەبو ئالا) کە لە بەرخۆدانی شەڕە لەدژی سوپای تروکی داگیرکەر و چەتەکانی شەهید ببوون. مەراسیمەکە لە گۆرستانی شەهیدانی تەبقا بە خولەکێک ڕێزگرتنی سەربازی لەلایەن شەڕڤانانی ئەنجومەنی سەربازی تەبقا و جەماوەری ئامادەوە بەڕێوەچوو.[2]
دەرەوەی کوردستان
- لە هێرشێکی ئەمریکییەکاندا، هەردوو قاسم سلێمانی و ئەلموهەندیس و چەند ئەندامێکی تری حەشدی شەعبی و سوپای پاسداران لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغداد کوژران.[1]
- د. بەرهەم سالح سەرۆک کۆمار عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی کوشتنی ئەبومەهدی موهەندیس و قاسم سلێمانی دەکات، ڕاشیگەیاندووە: موهەندیس و سولەیمانی ڕۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوەیان بینیوە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی داعشدا.[1]
- لە جێگەی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئێران، ئیسماعیل قائانی دانرا.[1]
- دۆنالد تڕەمپ سەرۆکی ئەمریکا لەبارەی پلانی تورکیا بۆ ناردنی سەربازەکانی بۆ لیبیا، هۆشیاری دایە ئەردۆغان و وتی، ئەو هەنگاوە دەستوەردانە لە کاروباری ناوخۆی لیبیادا.[1]
- ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران ڕایگەیاند: لە کات و ساتی گونجاو تۆڵەی قاسم سلێمانی و ئەوانی تر دەکەینەوە.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن:	هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د
شار و شارۆچکەکان:	بەغدا
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئێراق
وڵات:	ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات:	تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-03
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 445

2020-01-04



رۆژهەلاتی کوردستان
- ئارام فەتحی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەریوان، لەلایەن ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.[6]
باشووری کوردستان
- بەڕێوەبەری خۆپاراستنی تەندروستی هەڵەبجە ئاماژە بەوە دەکات: هەموو ئامادەکارییەکمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەنفلۆنزای وەرزیی ناسراو بە H1N1 کردووە و لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن چارەسەری (تامیفلۆ) ئامادەکراوە، هاوکات هەموو ئەو دەنگۆیانەش ڕەتدەکەینەوە کە باس لە توشبوونی هاوڵاتییەک دەکەن بە نەخۆشی ئەنفلۆنزای بەراز.[3]
- لە دوێنێ شەوەوە شەپۆلێکی بەفربارین ناوچە سنوربیەکانی پارێزگای دهۆکی گرتووە و ڕێگای چەند ناوچەیەکیش بەو هۆیەوە داخران. بەهۆی بەفربارینی زۆرەوە هەر یەک لە ڕێگاکانی زاخۆ -کانی ماسێ، سەرزێر - کانی ماسێ، سەرسنک -سیارەتیکا، دهۆک -دەڤەری بەرواری باڵا داخراون.[4]
- لە شەوی ڕابردووەوە شەپۆلێکی بەفر بارین شارەدێی وەرتێ و قەسرێ و دۆڵی ڕۆست و چەند گوندێکی باڵەکایەتی لە سنوری پارێزگای هەولێر گرتووەتەوە.[5]
- فەرماندەی جێبەجێکاری هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بڕیاریداوە 60 ڕاوێژکاری سەربازی ڕەوانەی هەرێمی کوردستان و عێراق بکات.[4]
- داوانیوەڕۆی ئەمڕۆ لەمەراسیمێکدا لە کتێبخانەی هەژار موکریانی لە هەڵەبجە، دوو کورتە فیلمی دەرهێنەر و سینەماکار، سەلاح ئەحمەد ناسراو بە سەلاحەڕەش نمایشکران و هۆڵێکی بچوکی سینەماییش لەناو کتێبخانەکەدا کرایەوە، کە بڕیارە هەفتانە فیلمی تێدا نمایشبکرێت.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان

- سوپای داگیرکەری تورک و چەتەکانی گوندەکانی هۆشان و خالدییەی سەر بە ناوچەی عەین عیسا بە ئۆبۆس و هاوەن تۆپباران دەکات.[1]
دەرەوەی کوردستان
- بە مەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشە داگیرکەرییەکانی سەر ڕۆژئاوای کوردستان و پشتیوانی بۆ یەپەگە، لە ناوەندی گشتی پارتی چەپی ئەڵمانیا ئاڵایەکی گەورەی یەپەگە هەڵواسرا.[1]
- دوای کوژرانی قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس و ئاڵۆزبوونی دۆخی عێراق، پەیمانی باکوری ئەتڵەسی باکور-ناتۆ، بڕیاریدا بە شێوەیەکی کاتی سەرجەم کارو چالاکیەکانی لە عێراق ڕابگرێت.[2]
- لە ناوچەی تاجی باکوری بەغدای پایتەخت کاروانێکی ئۆتۆمبێل بۆردومانکرا و بەپێی هەندێک سەرچاوە هێزێکی حەشدی شەعبی لە و هێرشەدا کراوەتە ئامانج.[2]
- حکوومەتی ئێران ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاگادار دەکاتەوە کە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی مافی بەرگریکردن لەخۆیان هەیە.[4]
- ئێران ئاڵای سووری هەڵدا کە لەلایەن شیعەکانەوە بە هێمای تۆڵەکردنەوە دادەنرێت. ئاڵاکە لەسەر مزگەوتی جەمران لە شاری قوم هەڵکراوە کە لەلایەن مەزهەبی شیعەوە بەرامبەر خوێنی ڕژاوی ناحەق هەڵدەکرێت و بانگەوازێکە بۆ تۆڵەکردنەوە کەسێکە کە گیانی خۆی بەخشیوە. لەسەر ئاڵاکە بە عەرەبی نووسراوە: ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت تۆڵەی خوێنی حوسێن بکەنەوە[4]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن:	حەشدی شەعبی
پارت / لایەن:	یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ
شار و شارۆچکەکان:	چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان:	دهۆک
شار و شارۆچکەکان:	زاخۆ
شار و شارۆچکەکان:	مەریوان
شار و شارۆچکەکان:	هەولێر
شار و شارۆچکەکان:	هەڵەبجە
وڵات:	باشووری کوردستان
وڵات:	ڕۆژاوای کوردستان
وڵات:	ئێران
وڵات:	ئەڵمانیا
وڵات:	تورکیا
وڵات:	یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و ڕووسیا
QR Code:	

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-04
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-04
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-04
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-04
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2020-01-04
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 446

2020-01-05



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئارام فەتحی شاعیر، ڕۆژنامەنووس و چالاکی مەدەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە مەریوان دەستگیرکرا.[2]
باشووری کوردستان
- ئێران، لە هەردوو کۆنسوڵخانەی خۆی لە هەولێر و سلێمانی، پرسە بۆ کوژرانی قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەق قودسی سوپای پاسداران دەگێڕێت.[1]
- نەسرولا ڕەشنودی، سەرکونسوڵی ئێران لە هەولێر ئەمڕۆ لە میانەی پرسەی قاسم سلێمانی-دا بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: لە دژی کوشتنی قاسم سلێمانی هەموو خەڵکی ئێران خواستی تۆڵەسەندنەوەی هەیە، خواستی جیهانی ئیسلام و بەرەی بەرگرییە کە تۆڵە لە ئەمریکا بکاتەوە.[3]
- هێزەکانی ئەمریکا و کونسوڵخانەی ئە و وڵاتە لە هەولێر چەند ڕیوشوێنێکی توندی ئەمنی دەگرنەبەر و بەردەوامیش فڕۆکە و هەلیکۆپتەری ئەمریکی بەئاسماندا دەسوڕێنەوە.[3]
- لە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکە ڕێورەسمی ناساندن و واژۆکردنی سێ کتێبی نوسەر سمکۆ سابیر لە بواری (ئەنفال و تێگەیشتنە جیاوەزەکان- جینۆسایدی زەرگۆشەکان-شێخ حوسێنی هەزارکانی) ئەنجامدرا. کتێبەکان تایبەتن بەتاوانی و ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد.[4]
- لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین و چەندین شارۆچکە و شارەدێی دیکە، خۆپیشاندانی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەردەوامە، کە داوا دەکەن حکومەت دایان بمەزرێنێت.[5]
- ژمارەی چەکدارەکانی حەشدی شەعبی لە شارۆچکەی شەنگال لە 600 چەکدارەوە بۆ 100 چەکدار کەمبووەتەوە و ئەوانەش لە ترسی ئەمریکا جموجۆڵی خۆیان کەمکردووەتەوە.[3]
دەرەوەی کوردستان
- دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا بە توندی وڵامی هەڕەشەکانی بەرپرسانی ئێرانی دایەوە کە دوای کوشتنی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودس لە ئەمریکایان کرد و وتی، ئەگەر هێرشێک ئەنجامبدرێت، 52 ئامانجمان لە ئێران دیاریکردووە و بە زودترین کات هێرش دەکەینە سەریان.[1]
- پەرلەمانی ئێراق پرۆژە بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی هاوپەیمانانی لە ئێراق پەسندکرد و فراکسیۆنە کوردییەکان بەشداریی دانیشتنەکەیان نەکرد. لە دانیشتنەکەدا وێنەی قاسم سلێمانی لە هۆڵی پەرلەمان بەرزکرایەوە[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: حەشدی شەعبی

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: شنگال

شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: هەڵەبجە
شار و شارۆچکەکان: کەلار (گەرمیان)
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئێراق
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالەکانی راگەیاندن
[2] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-05
[3] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی دواڕۆژ - 2020-01-05
[4] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی پوک میدیا - 2020-01-05
[5] مالپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالپەڕی رۆژنیوز - 2020-01-05
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 447

2020-01-06



باکووری کوردستان
- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گەنجان-ی پارتی دیموکراتی گەلان فەرهاد کالکان لە شاری موش دەستگیر کرا.[1]
- دوای ناوچەکانی جزیر و هەزەخ-ی شرناخ، لە نسێبین و ستەورێش پۆلیس ڕێگری لە ئەندامانی هەدەپە کرد
بۆچوونەژووروەوەی ناو شارەوانیەکان کە قەییوم لەجێگایان دانراوە. دەوری هەردوو شارەوانیەکان گەمارۆدراوە بە پۆلیس و ئۆتۆمبێلی زرێپۆس و ڕێگە بەهیچ ئەندامێکی هەدەپە نادەن بچنە ژووروەوە.[1]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی خزر بینەوا، خەڵکی سەردەشت، پاش 10 ڕۆژ خەواندن لە نەخۆشخانەی مەهاباد، بەهۆی قورسیی برینەکانیەوە، گیانی لەدەست دا. ئەو کۆڵبەرە کوردە، لە کاتی کۆڵبەری سەری وەبەر گوللەی هێزە نیزامییەکان کەوتبوو. ئەم کۆڵبەرە کوردە، ڕۆژی هەینی، 6ی بەفرانبار، لەگەڵ گرووپێک لە کۆڵبەران، لە سنووری سەردەشت لەلایەن هێزەکانی حکوومەتەوە تەقەیان لێکراوە.[6]
باشووری کوردستان
- ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕایدەگەیەنێت: دوای کوژرانی قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێران هاوپەیمانان بڕیاریانداوە مەشق و ڕاهێنان بە سەرجەم هێزە عێراقییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە ڕابگرن.[3]
- شەوی ڕابردوو شەپۆلێکی چڕی بەفر بارین سنوری شارچکەکانی، سۆران و چۆمان و ڕواندز'ی لە سنووری پارێزگای هەولێر گرتەوە، کە بەهۆیەوە لەهەندێ ناوچە هاتوچۆ پەکی کەوتووە. نزیکەی یەک مەتر بەفر لەڕێگای زینی وەرتێ باریوە، بەهۆیەوە ڕێگای نێوان ڕانیە و وەرتێ داخرا.[5]
- بەڕێوەبەری مەزرای پەروێزخان بە بڕیاری دادگا دەستگیرکرا و بەپێی بەدواداچوونەکان ئە و بەرپرسە کوردە تۆمەتبارە بەوەی ڕێگەی داوە کۆمپانیایەکی دڵنیایی جۆرێی لە مەرزەکە کار بکات.[3]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری برگنی وڵاتی نەرویج بەهۆی گرگرتنی خانووەکەیان چوار ئەندامی خێزانی کوردی خەڵکی بلبلەی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان گیانیان لەدەستدا، کە دایکێک و سێ خوشکبوون.[4]
- دۆناڵد ترامپ هەڕەشەی سەپاندنی سزای قورس بەسەر بەغدا دەکات، ئەگەر بێت و هێزەکانی ئەمریکا لەسەر خاکی عێراق

دەربکات.[2]
- لە تویتێکدا لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر، تڕەمپ نووسیویەتی: ئێران هەرگیز دەستی بە چەکی ئەتۆمی ناگات.[2]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
شار و شارۆچکەکان: جزیرا بۆتان
شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەردەشت
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: موش
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-06
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی دواڕۆژ - 2020-01-06
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی پوک میدیا - 2020-01-06
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - 2020-01-06
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەڕی کوردپا - 2020-01-06
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 448

2020-01-07



باکووری کوردستان
- ئەمڕۆ دانیشتنی بڕیاردان لەسەر داوای 'بێڕێزیکردن بەرامبەر سەرۆک کۆمار' کە لە دژی فیگەن یوکسەکداغ هاوسەرۆکی گشتی پێشووی هەدەپە درابوو، بەڕێوە چوو، یوکسەکداغ لە ڕێگای سیستمی دەنگ و ڕەنگەوە بەشداریی لە دانیشتنی حەفتەمین دادگای سزاکانی ناوچەی ئاسلیی شاری وان کرد، لە دانیشتنی دادگاییەکەدا پارێزەری تەییب ئەردۆغان سەرۆکی گشتی ئاکپارتی بەشداربوو. لە ئەنجامی دادگاییەکەدا لێژنەی دادگاکە بەبڕی هەزار و 740 لیرەی تورکی سزای یوکسەکداغدا سەپاند.[5]
باشووری کوردستان
- کۆمپانیای شیفرۆنی ئەمریکی تایبەت بە وەبەرهێنانی نەوت سەرجەم کارمەندەکانی لە هەرێمی کوردستان کشاندەوە وەک هەنگاوێکی خۆپارێزی لە هەر مەترسیەک کە بەهۆی کوژرانی قاسم سلێمانی فەرماندەی فەیلەق قودسی ئێران ڕووبەڕوویان ببێتەوە.[3]
- بەڕێوەبەری لقی هەرێمی کوردستانی بانکی ناوەندی عێراق دڵنیایی دەدات لە پارەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان. ڕاشیگەیاند: پارەی مووچەی هەرێم لە بەردەستە و لە بانک ئامادەیە و هەرکاتێک فەرمانی خەرجکردنیشی دەرچوو ڕادەستی وەزارەتی دارایی هەرێم دەکرێت.[3]
- کاریگەری گرژییەکان لەسەر عێراق لەگەڵ ئەوەی هەر زوو دەرکەوتن، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان پێچەوانەیە، خاوەنی نوسینگەکانی کڕین و فرۆشتن نایشارنەوە بازاڕیان گەر وەک جاران نەبێت کەمی نەکردوە و خەڵکی بەردەوامن لە کرین و فرۆشتن بە خانووبەرەوە.[4]
- لە کۆمەڵگای سیرێ سەربە شیلادزێ لە ئامێدی سەربە پارێزگای دهۆک، گەنجێک بەناوی قەهرەمان شوکری زەینەدین لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ئەو ناوچەیەوە دەستگیرکراوە.[1]
- ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان- ڕژاک، سەر لە بەیانی ئەمڕۆ لە گوندی بەستێ و دوانیوەڕۆ لە گوندی توتمەی بناری قەندیل بە دروشمی 'ژنانی شۆڕشگێڕ بەژیانیان مەشخەڵیان داگیرساند، بەشەهید بوونەکەشیان بوونە بوورکانی شۆڕش' یادی حەوتەمین ساڵەی شەهیدبوونی (ساکینەجانسز، فیدان دۆغان و لەیلاشایلەماز) ی کردەوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- هاوڵاتیانی عەفرین و شەهیا، تەرمی شەهید ڕۆستەم جودی شەڕڤانی یەپەگەیان بە مەراسیمێکی شکۆدار لە ناوچەی ئەهرەز بەخاکسپارد. لە مەراسمەکەدا یادی شەهید سیپان و عەفرینیش کرایەوە.[1]
- تەرمی شەهید مەحمود محەمەد ئەندامی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە تل تەمر-ی سەربە فیدراسیۆنی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە مەراسیمێک بە خاکسپێردرا.[1]
- دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و چەتەکانی کە پاشماوەی داعش و ئەلنوسرەن دوێنێ ئێوارە هێرشیان کردە سەر گوندەکانی عەین عیسا و گرێ سپی.[1]
دەرەوەی کوردستان
- پەرلەمانی ئێران لە دانیشتنی خۆیدا پێشنیارێکی دژی ئەمریکا پەسەند کرد کە بەپێی ئەو پێشنیارە، لەمەودوا، سوپای ئەمریکا بە گشتی وەک سوپایەکی تیرۆریستی لەلایەن ئێرانەوە دەناسرێت، 200 ملیۆن یورۆش بودجەی زیادە بۆ فەیلەق قودس تەرخان کرا.[2]
- گروپێک لە کوردستانیان کردەوەکانی دژی ئیدریس سەلیم ئەندامی تەڤگەری ئازادیان شەرمەزار کرد کە لە لایەن پەدەکەوە

دەستگیرکراوە و دۆخی تەندروستی باش نییە، کوردستانیان لەبارەی ئیدریس سەلیم دۆسیەیەکیان پێشکەش بە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی کرد.[1]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: پارتی دیموکراتی گەلان - هەدەپە
پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: یەکینەکانی پاراستن (گەل YPG - ژنان YPJ - شەنگال (YBŞ)
شار و شارۆچکەکان: ئامێدی
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: عەفرین
شار و شارۆچکەکان: گرێ سپی
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: باکووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ئێران
وڵات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان
وڵات: تورکیا
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-07
[2] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[3] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-07
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردستان 24 - 2020-01-07
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕۆژنیوز - 2020-01-07

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 449

2020-01-08



رۆژهەڵاتی کوردستان
- ئارام فەتحی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەریوان، بە دانانی بارمتە ئازاد کرا.[6]
باشووری کوردستان
- وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی ئەحمەد دڵزاری شاعیر، ئاهەنگێکی بۆ سازدەکات و ڕێز لەو شاعیرە دەنێت.[1]
- سوپای پاسداران لە تۆڵەی قاسم سلێمانی بە چەند ڕۆکێتی بالیستی دوورهاوێژ سەربازگەکانی ئەمەریکای عەین ئەسەدی ئەنبار و هەولێری بۆردومان کرد. ڕۆکێتەکان هیچ زیانێکی گیانیی لێ نەکەوتەوە.[3]
- وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند، موشەکەکانی هەولێر هیچ زیانێکی گیانی و مادییان لێ نەکەوتووەتەوە. یەک لە موشەکەکان لە فڕۆکەخانەی هەولێر و ئەوی تریان لە بەردەڕەش کەوتووەتە خوارەوە.[3]
- ئێوارەی ئەمڕۆ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەندرو مۆریسن، وەزیری دەوڵەتی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقای باکوور ئەنجامدا و مەسرور بارزانی ڕایگەیاند، هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخی ناوچەکە بەردەوامدەبن.[5]
- هاتووچۆی سلێمانی هاوواڵتیان ئاگادارەدەکاتەوە بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆرەوە ڕێگەی سیتەک بەکارنەهێنن.[4]
- بەهۆی بەفربارینەوە ڕێگای هاتووچۆ لەنێوان شارەدێی دینارتە بۆ دەڤەری بارزان کە 62 گوند لەخۆدەگرێت داخرا.[4]
- بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر لە سنوری شارەدێی وەرتێ کە ئیدارەی ڕاپەرین بەهەریەک لە قەزاکانی سۆران و چۆمان و ڕواندز دەبەستێتەوە ڕێگا داخراوە و بەڕێوەبەری شارەدێی وەرتێش دەڵێت: ناتوانین ئەمشە و ڕێگاکە بکەینەوە.[4]
- لە چەند ناوچەیەکی سنووری پارێزگای دهۆک بوومەلەرزەیەکی بەهێز ڕوویدا و دیواری چەند ماڵێک تەقیوە.[5]
ڕۆژئاوای کوردستان
- سوپای داگیرکەری تورک و گروپی چەتە هاوپەیمانەکانی کە بەشێکیان بریتین لە داعش، ئەلقاعیدە و نوسرە، هەریەک لە گوندەکانی دبس و هۆشان سەربە عەین عیسا تۆپباران دەکات.[2]
- هێزەکانی سووریای دیموکرات - هەسەدە نزیک لە ناوچەکانی سەرێکانی دەستیان بە ئۆپەراسیۆن کرد و شەڕقانانی هەسەدە گوندی مەناخیان لەنێوان تلتەمر و سەرێکانی لەدەست هێزە چەکدارەکان دەرهێنا.[5]
- وەزارەتی بەرگریی تورکیا لە ڕاگەیێندراوێکدا کوژرانی چوار سەربازی وڵاتەکەی بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند.[5]
دەرەوەی کوردستان
- لە شاری بریمن-ی ئەڵمانیا، مستەفا چەلیک سیاسەتمەداری کورد دەستگیرکرا.[2]
- فڕۆکەیەکی ئۆکرایینی لە تاران کەوتە خوارەوە و نزیکەی 170 سەرنشین گیانیان لەدەستدا، لەنێویاندا 10 کورد هەبوون کە 5یان خەڵکی مەهاباد و 3یان خەڵکی سەقز و 2یشیان خەڵکی سنە بوون.[3]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

پارت / لایەن: دەوڵەتی ئیسلامی - داعش
پارت / لایەن: هێزەکانی سوریای دیموکرات - هـ. س. د

شار و شارۆچکەکان: چۆمان (باڵەکایەتی)
شار و شارۆچکەکان: دهۆک
شار و شارۆچکەکان: سلێمانی
شار و شارۆچکەکان: سنە
شار و شارۆچکەکان: سۆران
شار و شارۆچکەکان: سەرێکانی
شار و شارۆچکەکان: سەقز
شار و شارۆچکەکان: مەریوان
شار و شارۆچکەکان: مەهاباد
شار و شارۆچکەکان: هەولێر
شار و شارۆچکەکان: ڕواندز
وڵات: باشووری کوردستان
وڵات: ڕۆژاوای کوردستان
وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
وڵات: ئەڵمانیا
وڵات: تورکیا
وڵات: شانشینی یەکگرتوو (بەریتانیا)
QR Code:

سەرچاوەکان
[1] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-07
[2] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-08
[3] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن
[4] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری دواڕۆژ - 2020-01-08
[5] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری ڕووداو - 2020-01-08
[6] ماڵپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | ماڵپەری کوردپا - 2020-01-08
کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02
ناوی تۆمارکار: هاوڕێ باخەوان

بابەت: 450

2020-01-09



باکووری کوردستان
- لە ئەنجامی هەڵمەتێکی چەتەگەرانەی پۆلیسی ڕژێمی ئاکەپەدا بۆ هەڵکوتانە سەر ماڵان، لە نسێبین، 5 کەس دەستگیر کران.[2]
ڕۆژهەڵاتی کوردستان
- بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، چەند ڕۆژ پێش، یەکێک لە بەرکەوتووانی کیمیاباران سەردەشت بە ناوی عەبدوڵڵا سەیدە، گیانی لەدەست دا.[7]
- بەپێی سەرچاوە ئێرانییەکان لەناو فڕۆکە ئۆکرانییەکەدا کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر کەوتەخوارەوە، 12 کوردی ڕۆژهەڵات گیانیان لەدەستداوە. قوربانییەکان خەڵکی کرماشان، مەهاباد، سنە و سەقزن.[1]
- لە ئەنجامی ئەو شەپۆلی بەفرباریناوی ناوچەکەی گرتوەتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەچەند شارێک خوێندنگەکان داخراون و بەفرباریینیش بەردەوامە.[6]
- کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی مەجید مەزلوومی، تەمەن 25 ساڵ، خەڵکی گوندی جخورکەندی شاری چالدێران، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا.[8]
باشووری کوردستان
- دوای ئەوەی ڕۆژی 08-01-2020، لەلایەن بەرپرسەبەرایەتی پەروەردەی کەرکووکەوە ناوی دامەزراوانی پەروەدەی شارەکە ڕاگەیەندرا هەر زوو نیگەرانی پێکهاتەی کوردی لێکەوتەوە، چونکە بەشێوەکی تاکڕەوانە و بێ ڕچاوکردنی مافی پێکهاتەکان دانراوە.[3]
- بوومەلەرزەیەک ڕوویدا و لە چەند ناوچەیەکی وەک پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکووک هەست بە بوومەلەرزەکە کراوە، بەڵام هیچ زیانێکی بەدواوە نەبووە.[5]
- بەهۆی ئاڵۆزییەکانی ڕۆژانی ڕابردوو، گەشتەکانی ئێران و تورکیا بۆ هەولێر و سلێمانی وەستابوون، لەمڕۆوە گەشتەکان دەستپێدەکەنەوە.[1]
- بە بەشداریی هاوڵاتیانی ڕانیە و ئەندامانی چەند ڕێکخراوێکی ژنان، یادی هەر سێ ژنە شۆڕشگێڕی کورد ساکینە جانسز، فیدان دۆغان و لەیلا شایلەمەز کرایەوە.[7]
ڕۆژئاوای کوردستان
- فڕۆکەی جەنگی بێفڕۆکەوانی دەوڵەتی تورکی داگیرکەر خاڵی پشکنینی ئاسایشی ڕۆژئاوایان لە دەروازەی چوونە ناوەوەی ناوچەی عەین عیسا بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا 2 کەس بریندار بوون.[2]
دەرەوەی کوردستان
- ئەمیر حاجیزادە، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران ڕایگەیاند، هێرشە مووشەکییەکانی بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا بەردەوامدەبن.[4]
- وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی میسر، فەرەنسا، قوبرس و یۆنان بۆ تاوتوێکردنی پێشهاتەکانی لیبیا و ڕۆڵی تورکیا لە و وڵاتە کۆبوونەوە. لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، بەیاننامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد، تێیدا یادداشتی لەیەکتێگەیشتنی تورکیا و لیبیایان ڕەتکردەوە و ڕایانگەیاند، ئە و یادداشتە پێچەوانەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە. هەروەها یادداشتەکەی ئەنقەرە و تەرابلووسیان بە پێشێلکردنی مافی سەروەری وڵاتانی دیکەی سەر دەریای ناوەڕاست لەقەڵەمدا.[5]

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شار و شارۆچکەکان: سلێمانی

شار و شارۆچکەکان: سنە

شار و شارۆچکەکان: سەقز

شار و شارۆچکەکان: مەهاباد

شار و شارۆچکەکان: نوسەیبین

شار و شارۆچکەکان: هەولێر

شار و شارۆچکەکان: ڕانیە (ڕاپەڕین)

شار و شارۆچکەکان: کرماشان

شار و شارۆچکەکان: کەرکووک

ولّات: باشووری کوردستان

ولّات: ڕۆژاوای کوردستان

ولّات: ڕۆژهەلاتی کوردستان

ولّات: ئێران

ولّات: ئەمریکا، ویلایەتە یەکگرتووەکان

ولّات: تورکیا

QR Code:

سەرچاوەکان

[1] دیارینەکراو | کوردیی ناوەڕاست | تەواوی کەنالّەکانی ڕاگەیاندن

[2] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی ئەی ئێن ئێف نیوز - 2020-01-09

[3] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی دواڕۆژ - 2020-01-09

[4] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی ڕووداو - 2020-01-09

[5] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی کوردستان 24 - 2020-01-09

[6] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی پوک میدیا - 2020-01-09

[7] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی ڕۆژنیوز - 2020-01-09

[8] مالّپەڕ | کوردیی ناوەڕاست | مالّپەڕی کوردپا - 2020-01-09

کاتی تۆمارکردن: 2019-12-02

ناوی تۆمارکار: هاورێ باخەوان

لیستەی ئاماژەکاری ناو و شوێنەکان

ا

اری 624

ب

بابان 686
بابە 244
باپیر 287, 314
باتمان 150, 151, 153, 157, 207, 255, 355, 392, 479, 533, 638, 639, 701, 734
باخان 548
باخچە 236, 548
باخی 92, 252, 343, 347, 369, 525, 537, 550, 551, 624
باخی گشتی 252, 347, 369, 624
باخە 145, 513
باخەوان 13, 19
بادینان 83, 367, 378, 384, 387, 391, 397, 399, 422, 424, 426, 447
بارام 236
باران 95, 97, 103, 160, 198, 248, 269, 281, 283, 292, 294, 302, 345, 355, 387, 391, 452, 466, 473, 583, 720, 753, 757
بارزان 58, 165, 188, 269, 338, 492, 822
بارزان قەساب 188
بارزانی 33, 151, 304, 357, 503, 530, 564, 655, 676, 720, 784, 795
بارک 702
بارین 283, 292, 317, 345, 367, 444, 680, 726, 753, 814, 818
بارین کۆبانێ 444
بازارگە 301
بازیان 294, 491
بازیانی 442
باساوێ 48
باسرمە 795
باسوتێ 112
باغچە 670
باغوز 420
بافڵ تاڵەبانی 59, 530, 793
بافا 183
باکوری 55, 71, 79, 82, 92, 104, 112, 124, 129, 159, 177, 188, 200, 205, 207, 246, 278, 332, 412, 428, 431, 494, 587, 632, 655, 660, 661, 663, 681, 689, 700, 702, 715, 723, 725, 748, 751, 781, 783, 815
باکوور 53, 180, 205, 206, 311, 422, 430, 441, 514, 516, 549, 589, 633, 647, 655, 659, 664, 666, 668, 769, 775, 778, 822
باکووری 21, 22, 25, 26, 30, 31, 33, 35, 37, 38, 41, 44, 46, 47, 49, 51, 54, 55, 56, 57, 58, 59, 60, 61, 62, 63, 64, 70, 71, 72, 73, 75, 76, 78, 80, 82, 83, 85, 87, 88, 89, 91, 92, 93, 95, 100, 103, 111, 118, 119, 120, 122, 124, 126, 127, 129, 131, 133, 134, 136, 138, 148, 150, 152, 153, 154, 156, 158, 160, 162, 164, 166, 168, 170, 172, 173, 175, 177, 179, 180, 183, 184, 185, 187, 189, 193, 194, 195, 196, 198, 200, 202, 206, 207, 210, 211, 214, 216, 218, 220, 222, 224, 225, 226, 227, 229, 230, 232, 233, 235, 238, 242, 245, 248, 250, 252, 254, 256, 258, 259, 262, 264, 266, 269, 271, 273, 275, 277, 279, 281, 283, 287, 289, 291, 294, 296, 297, 301, 303, 306, 307, 310, 312, 314, 315, 316, 317, 318, 319, 324, 325, 327, 328, 331, 334, 336, 340, 342, 343, 344, 345, 346, 347, 349, 351, 354, 356, 358, 361, 365, 366, 367, 368, 370, 372, 373, 376, 377, 378, 380, 383, 384, 386, 391, 392, 393, 395, 401, 403, 405, 407, 411, 412, 413, 415, 417, 418, 419, 421, 423, 428, 429, 430, 432, 433, 434, 436, 437, 438, 439, 441, 446, 448, 450, 451, 452, 456, 457, 461, 465, 466, 469, 471, 473, 475, 476, 477, 478, 480, 482, 483, 484, 489, 498, 506, 508, 512, 525, 528, 529, 532, 534, 535, 536, 537, 538, 540, 541, 542, 543, 546, 551, 553, 556, 572, 573, 577, 579, 580, 581, 583, 584, 587, 590, 591, 594, 597, 605, 611, 614, 615, 622, 624, 625, 626, 627, 628, 629, 632, 636, 638, 639, 640, 642, 644, 646, 647, 651, 653, 654, 657, 660, 663, 668, 671, 678, 679, 680, 681, 684, 686, 689, 691, 694, 700, 702, 704, 705, 714, 716, 717, 718, 724, 727, 729, 730, 731, 733, 736, 741, 746, 748, 750,

752, 754, 756, 761, 763, 766, 768, 769, 772, 774, 777, 782, 783, 785, 787, 789, 790, 792, 795, 796, 797, 800, 802, 805, 806, 811, 818, 820, 821, 824
باڵا 171, 181, 185, 220, 280, 290, 292, 463, 706, 744, 798, 808, 814
باڵەکایەتی.. 55, 95, 96, 98, 169, 194, 260, 261, 311, 317, 332, 412, 422, 513, 554, 616, 647, 671, 672, 679, 697, 734, 753, 784, 794, 801, 814, 815, 819, 823
بامەڕێ 349, 463
بانە .. 54, 55, 83, 84, 109, 131, 132, 158, 174, 175, 181, 231, 233, 234, 238, 239, 243, 244, 254, 255, 260, 264, 265, 266, 271, 272, 285, 286, 296, 297, 309, 328, 329, 338, 339, 345, 346, 382, 385, 395, 396, 424, 425, 432, 433, 469, 473, 474, 491, 492, 498, 521,522, 535, 551, 590, 592, 662, 676, 696, 697, 756, 757, 761, 762, 793, 794
باهۆز..... 693
باوە 108, 202, 316, 391, 498
باوە مەحمود 108, 202, 316, 391
باوەڕ 726
باوەنور..... 167
باینگان 193
برادۆست 28, 77, 90, 100, 105, 144, 163, 280, 296, 331, 334, 375, 387, 414, 446, 452, 472, 501, 506, 523, 528, 529, 566, 697, 780
براوە..... 188
برج 418, 439, 639
برجک..... 186
برۆا 161
بروسکە..... 185
بروومەند بەهرامی..... 210
بروێشکانی 384
بڕیار 57, 94, 114, 126, 150, 179, 190, 236, 238, 257, 260, 291, 311, 384, 387, 422, 586, 637, 695, 756, 773, 797
بڕیار کاوە..... 179
بزوتنەوەی چاکسازی نیشتمانی 601
بزووتنەوەی گۆڕان... 63, 67, 69, 70, 72, 73, 74, 86, 88, 90, 92, 104, 142, 143, 145, 156, 157, 167, 185, 199, 222, 223, 271, 297, 352, 359, 381, 494, 498, 511, 512, 513, 531, 539, 612, 617, 637, 775, 776
بژی..... 269, 296
بلکان 139
بلەسەن..... 424
بورج..... 40, 41, 182, 726
بورج حەیدەر..... 40, 41
بورهان..... 340, 446, 583, 666, 727
بورهان محەمەد 446
بوو 13, 19, 24, 30, 37, 44, 48, 56, 58, 62, 67, 72, 73, 75, 79, 81, 83, 85, 94, 98, 105, 110, 111, 114, 121, 124, 150, 152, 163, 165, 171, 174, 177, 188, 196, 204, 209, 218, 220, 231, 233, 236, 238, 248, 258, 260, 267, 275, 278, 279, 289, 291, 294, 299, 305, 314, 323, 325, 326, 328, 341, 343, 351, 354, 359, 361, 363, 367, 371, 373, 374, 384, 387, 395, 397, 409, 422, 439, 461, 463, 472, 473, 475, 491, 492, 497, 511, 523, 550, 552, 555, 604, 627, 642, 644, 655, 676, 680, 682, 688, 691, 693, 695, 703, 712, 714, 725, 734, 736, 738, 759, 766, 768, 770, 773, 778, 786, 797, 812
بۆتان 51, 81, 231, 255, 429, 466, 689, 693, 819
بۆزان 47
بۆکان 158, 159, 162, 163, 181, 182, 222, 223, 224, 225, 230, 231, 243, 244, 266, 267, 273, 274, 294, 295, 346, 427, 435, 436, 456, 457, 459, 460, 498, 542, 543, 708, 714, 715, 722, 723, 746, 747, 761, 762
بۆکریسکان 54, 231, 482
بۆین 537
بیارە 436, 773
بێتواتە..... 653
بیجارِ..... 181
بێخاڵ 680
بیران..... 548
بێرسفێ 687
بێریڤان 156, 303, 349, 386, 572, 654, 728
بێریڤان کوتلو 386

بێریڤان هەڵەن ئشک 156
بێریڤان ئاڵتان 728
بێساران 642
بێگرێ 756
بێگەرد 97
بێمزورێ 387
بینا 366, 803
بێنێ 615
بێوار 766
بێوران 43
بێورانی خواری 572
بەحرکە 495
بەختیار 75, 424, 432
بەختیار حەسەنی 424
بەخشی 28, 44, 142, 170, 190, 218, 340, 367, 384, 413, 491, 525, 573
بەدرخان 13
بەدلیس 119, 134, 135, 170, 171, 202, 203, 273, 274, 316, 317, 347, 348, 370, 371, 384, 385, 446, 447, 480, 540, 774, 776, 797, 798
بەدیشەن کارابوولاک 279
بەدەل بەرواری 382
بەراد 227, 639
بەردان 230, 505
بەردەڕەش 79, 695, 822
بەرزان 125
بەرزی 46
بەرزە 231, 287, 314, 403
بەرکە 277, 487
بەرمیزە 280
بەرهەم 85, 122, 124, 127, 135, 145, 147, 148, 150, 165, 196, 263, 292, 304, 311, 339, 400, 412, 529, 610, 622, 740, 773, 784, 786, 788, 791, 798, 803, 809, 813
بەرهەم لەتیف 311
بەرهەم ئەحمەد سالّح 122, 124, 147, 148, 196, 786, 788, 791, 798
بەرواری 125, 139, 165, 171, 212, 250, 706, 808, 814
بەڕێز 15, 352, 659
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی 116
بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پێنجوێن 422
بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخموور 283
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی 148
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجە 21
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی 722
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین 645
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان 260, 308
بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی 22
بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی کۆیە 409
بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر 194, 280
بەرەی تورکمانی 43, 64, 67, 163, 244, 264, 345, 601, 622, 632, 703, 769, 775
بەرەی دیموکراسی گەل 54, 104
بەست 449, 651, 772
بەشار ئەسەد 705, 773
بەشدار 86, 235, 262, 266, 602, 633, 683, 714
بەشیر حەداد 204, 212, 695
بەغدا 22, 27, 39, 50, 55, 64, 94, 129, 133, 135, 142, 150, 238, 244, 249, 276, 282, 286, 292, 304, 306, 317, 320, 343, 361, 371, 376, 387, 392, 403, 442, 456, 489, 509, 525, 527, 529, 536, 537, 574, 596, 606, 645, 648, 655, 674, 677, 686, 695, 721, 725, 740, 744, 751, 753, 764, 768, 773, 775, 784, 788, 791, 809, 810, 813, 818

بەفر 296, 316, 318, 329, 331, 334, 341, 345, 347, 350, 355, 365, 367, 373, 411, 450, 680, 753, 759, 800, 802, 814, 818
بەکار 424, 620, 643, 759, 812
بەکرکایا 103, 126, 179
بەڵێن 723
بەڵێن عەبدوڵڵا 723
بەمۆ 283, 707
بەند 164, 275, 405
بەنداوی باوەنوور 25
بەنداوی دوکان 424, 483, 488
بەنداوی سماقوڵی 384
بەنداوی کانی سێو 622
بەنداوی موسڵ 483
بەنداوی ئەلیسۆ 52
بەنگین 200, 808
بەنی 227
بەها 781
بەهادین 142, 612
بەهار 272, 290, 409
بەهرامی 107, 443, 797
بەهرۆز 392, 703
بەهرۆز بوچانی 392
بەهمەن 343, 420, 441, 723
بەهمەن حسێن 723
بەهێز 148, 150, 177, 193, 214, 233, 240, 361, 424, 506, 535, 575, 597, 615, 669, 684, 720, 736, 738, 786, 822
بەیان 222, 435

پ

پاراستن ,381 ,373 ,364 ,348 ,335 ,323 ,311 ,309 ,302 ,295 ,270 ,255 ,244 ,186 ,117 ,115 ,112 ,90 ,88 ,86 ,82 ,72 ,61 ,36 ,34 ,32
402, 406, 410, 425, 440, 449, 452, 458, 460, 462, 477, 514, 524, 532, 538, 552, 569, 629, 649, 652, 655, 660, 684, 686,
692, 717, 744,747, 755, 771, 779, 781, 815, 821
پارتی دیموکراتی کوردستان . ,139 ,133 ,132 ,131 ,130 ,129 ,128 ,127 ,124 ,121 ,120 ,98 ,97 ,92 ,90 ,88 ,86 ,72 ,71 ,57 ,53 ,52 ,33
147, 151, 177, 184, 200, 201, 206, 207, 274, 298, 302, 329, 339, 341, 357, 359, 361, 396, 411, 422, 443, 444, 456, 503,
511, 520, 533, 541, 550, 625, 626, 631, 634, 645, 676, 677, 678
پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە..... ,135 ,123 ,112 ,104 ,101 ,98 ,90 ,84 ,82 ,76 ,74 ,72 ,61 ,55 ,53 ,50 ,48 ,46 ,41 ,38 ,25 ,21
137, 139, 147, 149, 151, 157, 161, 163, 165, 190, 196, 203, 207, 215, 217, 221, 223, 225, 227, 231, 234, 236, 246, 249,
260, 265, 267, 270, 278, 288, 297, 298, 302, 304, 311, 313, 325, 337, 352, 357, 359, 367, 369, 379, 381, 383, 387, 390,
396, 406, 414, 416, 436, 440, 447, 458, 462, 472, 479, 489, 494, 508, 510, 525, 531, 533, 536, 548, 550, 552, 555, 562,
564, 575, 592, 616, 634, 645, 652, 660, 677, 694, 699, 717, 726, 728, 731, 734, 747, 764, 794, 807, 812
پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان - دەبەپە 58
پارێزگای سلێمانی .... ,413 ,401 ,399 ,373 ,350 ,345 ,306 ,294 ,273 ,257 ,254 ,231 ,225 ,198 ,177 ,169 ,167 ,106 ,100 ,79 ,71 ,46
439, 442, 444, 446, 514, 522, 596, 636, 716, 803
پارێزگای هەولێر ,472 ,439 ,411 ,409 ,399 ,396 ,382 ,359 ,306 ,296 ,262 ,231 ,224 ,212 ,198 ,151 ,144 ,137 ,118 ,116 ,103 ,100
478, 484, 493, 500, 501, 503, 505, 506, 512, 515, 528, 650, 672, 695, 698, 780, 803, 810, 814, 818
پاسی 118, 555
پاک 230, 236, 238, 550, 634
پاکیزە 477
پاڵانی 196
پاڵنگان 459
پاوان 52, 95, 106, 177, 521, 531, 548, 560, 586, 588, 617, 640
پاوە ..... ,441 ,404 ,403 ,323 ,321 ,284 ,283 ,242 ,196 ,195 ,194 ,193 ,190 ,174 ,171 ,170 ,167 ,158 ,154 ,150 ,149 ,123 ,45 ,44
442, 521, 522, 536, 615, 616, 666, 667, 759, 797, 798
پایز 627, 645, 730, 764, 783
پردێ 22, 495
پرشنگ 186

پشتیوان 262
پشدەر ... ,626 ,594 ,587 ,576 ,543 ,535 ,506 ,416 ,348 ,346 ,339 ,317 ,315 ,263 ,225 ,193 ,137 ,124 ,106 ,105 ,66 ,54 ,45
634, 678, 693, 694, 727, 748, 767, 771, 801
پشوو 142, 422, 624, 643
پلاتفۆرمی دابڕان 363, 435
پنار ئایدنلار 480
پۆلا 323
پۆلیس ,290 ,285 ,283 ,275 ,260 ,244 ,233 ,228 ,210 ,200 ,196 ,175 ,160 ,154 ,152 ,148 ,145 ,135 ,124 ,104 ,86 ,79 ,70 ,38 ,35
291, 301, 303, 313, 316, 334, 354, 359, 365, 369, 371, 372, 376, 390, 395, 407, 416, 417, 419, 439, 448, 470, 531, 542,
552, 572, 577, 583, 584, 610, 611, 620, 642, 681, 691, 728, 730, 751, 775, 790, 818
پێباز 761
پیران 392, 615
پیرانشار .. ,250 ,249 ,248 ,213 ,212 ,201 ,200 ,186 ,175 ,174 ,173 ,172 ,169 ,159 ,158 ,155 ,154 ,119 ,118 ,117 ,116 ,86 ,85 ,36
251, 264, 265, 266, 267, 288, 289, 290, 298, 299, 300, 314, 315, 336, 337, 368, 369, 384, 385, 403, 404, 419, 420, 453,
463, 487, 498, 505, 510, 511, 519, 520, 527, 555, 570, 580, 584, 585, 592, 618, 619, 622, 623, 642, 643, 657, 658, 662,
663, 666, 667, 702, 703, 716, 717, 725, 726, 743, 744, 761, 762, 798
پیرمام 61, 345, 346, 350, 357
پیرۆز 705, 733
پیرەمەگروون 548
پێشڕەو 331, 550, 743
پێشمەرگە .... ,376 ,375 ,371 ,359 ,341 ,316 ,304 ,275 ,248 ,244 ,242 ,234 ,229 ,204 ,163 ,158 ,118 ,110 ,97 ,94 ,86 ,77 ,36 ,25
378, 389, 391, 393, 401, 404, 409, 414, 415, 420, 489, 503, 509, 521, 555, 558, 580, 588, 601, 610, 641, 645, 659, 689,
695, 744, 746, 748, 753, 754, 775, 781, 793, 805, 818
پێشوو ,522 ,516 ,459 ,434 ,418 ,408 ,393 ,372 ,335 ,333 ,309 ,300 ,253 ,223 ,180 ,169 ,155 ,136 ,134 ,113 ,96 ,85 ,84 ,66 ,63
551, 558, 592, 645, 656, 658, 663, 666, 669, 677, 683, 704, 705, 709, 711, 719, 726, 729, 737, 742, 752, 758, 762, 769,
782, 794, 801, 815
پیشە 224, 310, 550
پێشەوا 649
پێشەوا تاڵەبانی 649
پێنجوێن . ,418 ,417 ,387 ,373 ,367 ,344 ,343 ,315 ,219 ,218 ,173 ,119 ,118 ,101 ,100 ,76 ,75 ,72 ,71 ,70 ,69 ,66 ,57 ,56 ,47 ,46
422, 503, 504, 515, 516, 586, 722, 723, 728, 756, 757, 794, 803
پەخشان 323
پەرست 188
پەڕلەمانی کوردستان 137, 142, 446, 452, 511
پەرویز عەبدی 69
پەروێزخان 227, 229, 511, 818
پەروین 148, 150, 184, 230, 376, 414, 434, 473
پەسوێ 419
پەسەند 59, 149, 163, 275, 277, 461, 675, 762, 772, 820
پەشێو 553
پەلکانە 693
پەڵکانە 491, 492
پەنجا عەلی 751
پەیام 254, 291, 501
پەیڕەو 477, 793
پەیمان 224, 435, 455, 458, 650, 678
پەیمان میرزازادە 435, 455
پەیوەست 19, 120, 308

ت

تابا 664
تابلۆ 444, 540, 682
تاتوان 446
تاتۆس 800

تار 236
تارا 349
تاران 67, 79, 96, 98, 100, 115, 125, 128, 203, 289, 332, 385, 406, 463, 629, 734, 741, 773, 788, 822
تاشان 89
تاڤگە 411
تاڵەبانی 25, 75, 97, 151, 175, 242, 343, 391, 530, 636, 805
تانجەرۆ 196
تانیا 349
تاهیر ئەڵچی 407
تایمز 43
ترکەش 36
تریێ 116
تل 104, 110, 207, 208, 216, 240, 405, 409, 470, 552, 653, 682, 684, 686, 689, 693, 695, 697, 699, 700, 703, 705, 708, 728, 738, 742, 744, 746, 754, 769, 781, 798, 801, 809, 820
تل بنات 552
تل بەنات 470
تل جیهان 208, 216
تل حەلەف 693, 781
تل شەعیر 769
تل عەزێر 409
تلکۆچەر 689
توانا 15, 249, 260
تورک 24, 27, 28, 31, 41, 49, 52, 56, 60, 64, 77, 79, 81, 83, 95, 122, 133, 137, 139, 141, 153, 159, 169, 173, 175, 179, 200, 202, 204, 207, 213, 218, 222, 225, 231, 233, 235, 238, 250, 263, 264, 267, 273, 275, 277, 280, 282, 288, 289, 292, 294, 301, 303, 306, 315, 316, 329, 336, 338, 340, 343, 348, 356, 358, 367, 369, 370, 376, 378, 380, 384, 386, 389, 391, 395, 399, 401, 403, 405, 413, 415, 417, 426, 428, 433, 435, 437, 439, 441, 446, 448, 457, 469, 472, 474, 478, 489, 492, 495, 497, 501, 503, 506, 511, 512, 514, 517, 519, 521, 523, 526, 529, 531, 532, 534, 536, 541, 542, 544, 546, 548, 550, 555, 561, 562, 566, 568, 572, 578, 580, 581, 583, 587, 589, 594, 596, 597, 601, 603, 604, 607, 612, 613, 615, 622, 624, 625, 636, 638, 640, 642, 645, 648, 654, 659, 661, 662, 664, 666, 668, 670, 671, 675, 677, 678, 680, 682, 684, 686, 688, 689, 691, 693, 695, 697, 698, 700, 702, 705, 710, 712, 714, 723, 725, 728, 734, 736, 742, 746, 748, 751, 752, 754, 761, 763, 771, 775, 778, 780, 783, 786, 788, 790, 793, 801, 805, 807, 809, 810, 812, 815, 822
تورکمان 48, 175, 246, 254, 263, 264, 275, 345, 398, 458, 722, 769
تورکە 195, 382
تووێ 378
تۆپخانە 65, 446, 548
تۆڵە 50, 312, 340, 816
تۆمار 0, 1, 19, 34, 52, 67, 221, 275, 287, 291, 306, 341, 417, 435, 503, 506, 622, 716, 790
تیپی شانۆی سێکانی 288
تیپی شانۆی ئاشتی 288
تیشک 161, 210, 401
تیشکۆ 749
تێکۆشەر 173, 649
تیلەکۆ 152
تەحسین تەها 118
تەرزە 318
تەرگەوەڕ 258
تەشار 148
تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان 25, 95, 206, 258, 259, 260, 262, 263, 264, 265, 267, 269, 270, 272, 276, 278, 280, 284, 293, 296, 297, 300, 302, 306, 308, 309, 317, 323, 336, 337, 341, 350, 352, 355, 367, 380, 381, 389, 390, 422, 424, 427, 449, 467, 468
تەقتەق 83, 156, 612
تەکیەی جەباری 700
تەلار 530, 778, 784, 793
تەلار لەتیف 793
تەڵعەت سامان 357

تەمۆ..... 304
تەمەن..... 21, 28, 34, 35, 37, 39, 44, 50, 52, 58, 61, 66, 83, 85, 90, 92, 104, 105, 109, 111, 116, 118, 120, 122, 144, 146, 150, 152, 155, 162, 165, 169, 170, 179, 181, 184, 188, 193, 200, 204, 207, 208, 210, 214, 216, 220, 225, 227, 230, 233, 238, 242, 243, 246, 250, 253, 264, 267, 271, 273, 275, 285, 287, 294, 296, 298, 299, 303, 305, 308, 314, 316, 321, 325, 326, 328, 336, 340, 345, 349, 351, 356, 363, 365, 367, 380, 384, 395, 403, 409, 413, 417, 419, 426, 432, 442, 443, 452, 453, 463, 469, 470, 487, 490, 491, 492, 498, 504, 509, 531, 533, 534, 536, 551, 558, 562, 572, 574, 581, 591, 594, 604, 609, 615, 622, 627, 638, 642, 666, 693, 695, 697, 702, 705, 749, 756, 770, 775, 783, 788, 797, 810, 824
تەنگیسەر 391, 632
تەنیا 57, 64, 67, 69, 86, 100, 123, 137, 145, 148, 224, 233, 264, 289, 308, 349, 365, 398, 426, 470, 572, 655, 718, 721, 789, 798
تەوار 349, 736
تەوار عادل 349
تەوحید حەقدار 58
تەورێز 285
تەویل 657
تەوێلە 195
تەینا‌ڵ 251

ج

جابر 149
جاشێران 363
جانێ 131, 233
جاویدان هەکاری 37
جندرێس 45, 280, 323, 385, 402, 426, 578, 615, 791
جوامێر 781
جوان 444, 786, 810
جوانڕۆ 61, 76, 144, 145, 179, 180, 303, 304, 356, 357, 472, 708, 709, 738, 739, 772, 773
جوانی 764
جوتیار 173, 626
جودی 39, 118, 184, 294, 297, 306, 367, 389, 397, 413, 599, 636, 637, 728, 775, 793, 803, 807, 820
جولەمێرگ 89, 92, 238, 605, 638
جومعە عەبد 736, 738
جووتیار 210
جووجەهی 467
جۆلەمێرگ 31, 35, 58, 81, 137, 210, 222, 233, 266, 275, 303, 328, 421, 478, 541, 580, 638, 736
جیاواز 163, 193, 223, 359, 361, 554, 557, 572, 620, 680, 707, 759, 773
جێگر 43, 235, 374, 477, 734
جێگیر 30, 56, 148, 264, 336, 373, 433, 666, 676, 703, 727, 740
جیهان 349, 385, 399, 418, 548, 590, 603, 613, 655, 693, 696, 810
جەبار ئەحمەد 698
جەبارە 525
جەعفەر 34, 228, 275, 343, 618, 786
جەعفەر مونیر 275
جەعفەر ئەحمەدی 618
جەلال 25, 86, 129, 349, 409, 413, 469, 602, 609, 639, 648, 654, 695, 743
جەلال جۆبار 129
جەلال خالید 743
جەلال خالیدی 743
جەلال ڕۆستەمی 469
جەلال محەمەد 639
جەلی 283, 389
جەلەولا 64, 85, 131, 220, 347, 352, 355, 376, 397, 498, 525, 626, 720, 751, 783
جەمال خەزنەدار 101
جەمال عیرفان 385

جەمال عەبدول 262
جەمال نەبەز 283, 290, 310, 313, 367
جەمال ئەحمەد ڕەشید 92, 95, 181, 664
جەمیل بایک 217, 231, 298
جەنگیز چیچەک 220, 358
جەنگە 655
جەیران 60
جەیلان 160, 790

چ

چاپخانەی چوارچرا 14
چاڤ لاند 503
چالاک 94, 101, 108, 167, 323, 352, 421, 431, 601, 652, 681
چاودێر 327, 444, 740
چرا 243, 511
چراخان 511
چرۆ 305
چنار 152, 537, 583
چنارۆک 139
چناری 754
چنور 349
چوارتا 76, 388, 723, 753
چوارقورنە 389
چۆمان ... 55, 96, 98, 169, 194, 261, 311, 317, 332, 399, 411, 412, 422, 513, 553, 554, 616, 647, 672, 678, 679, 697, 728, 734, 753, 784, 793, 794, 800, 801, 815, 818, 819, 822, 823
چۆمان هەردی 728
چێ 331, 459
چی 19, 36, 475
چیا 424, 509, 664, 693, 786
چیا فورات 424
چیانە 287
چیرۆک 13, 39
چیک 210, 220
چیمەن 127, 349
چەرمۆ 231
چەکۆ 116
چەڵێ 58, 92, 159, 275, 478, 605
چەمانکێ 198, 612
چەمچەماڵ 101, 142, 143, 146, 147, 156, 157, 169, 231, 238, 239, 246, 254, 255, 270, 282, 300, 316, 349, 350, 357, 385, 420, 442, 444, 446, 447, 452, 492, 524, 548, 554, 565, 647, 701, 749, 773, 778, 779, 810
چەمێ 761
چەولک 138
چەولگ 56, 644

ح

حاجی 95, 97, 135, 160, 168, 173, 181, 297, 304, 310, 324, 332, 343, 402, 473, 512, 636, 697, 702, 730, 733, 753, 800, 808
حاجی حەسەن 135, 343
حاجی محەمەد 808
حاجی ئۆمەران 97, 168, 310, 332, 473, 512, 697, 733, 753, 800
حاجیاوا 228, 240
حاسڵ بادبەرین 36, 298
حزبی بەعس 244

حزبی شیوعی کوردستان..... 66, 142, 215, 220, 221, 244, 298, 302, 341, 350, 420, 428, 429, 534, 535, 608
حسێن.... 28, 33, 34, 46, 48, 69, 79, 81, 95, 97, 100, 104, 114, 129, 142, 161, 222, 349, 400, 428, 522, 524, 615, 638, 684, 705
حسێن ئەحمەد..... 33
حسێن ئەحمەدی..... 33
حکومەتی هەرێمی کوردستان... 22, 34, 63, 73, 75, 77, 86, 129, 131, 142, 163, 168, 186, 246, 258, 264, 269, 278, 287, 290, 292, 298, 304, 357, 371, 391, 415, 461, 467, 511, 531, 537, 564, 574, 586, 596, 627, 629, 651, 659, 668, 676, 705, 716, 730, 734, 740, 742, 768, 770, 780, 822
حوسێن عەبدوڵڵا..... 693
حوسێن عەلی..... 768
حوسێن یوکا..... 60
حوسێن ئەحمەدی..... 105, 168
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران..... 98, 100, 103, 110, 144, 171, 517
حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان..... 69, 718
حەبەش..... 34
حەسار..... 381
حەسەکە... 59, 180, 371, 442, 447, 505, 527, 538, 557, 569, 590, 594, 655, 656, 657, 658, 676, 677, 686, 695, 705, 725, 726, 740, 749, 751, 762, 801, 807
حەسەن 29, 34, 36, 37, 40, 45, 48, 60, 63, 92, 101, 110, 120, 124, 132, 133, 137, 146, 160, 172, 174, 195, 205, 224, 228, 230, 233, 236, 248, 253, 269, 273, 299, 326, 345, 363, 365, 409, 531, 540, 554, 574, 580, 594, 604, 612, 686, 693, 695, 698, 727, 793
حەسەن حاجی..... 146
حەسەن زیرەک..... 554
حەسەن سالح..... 727
حەسەن قادری..... 580
حەسەن کوردە..... 233
حەسەن ئەحمەد..... 604
حەسەن ئەمینی..... 120
حەسەنی..... 363, 770
حەشدی شەعبی... 36, 43, 73, 74, 97, 98, 110, 165, 175, 210, 220, 221, 223, 240, 241, 265, 282, 308, 309, 316, 332, 355, 361, 362, 376, 377, 378, 379, 381, 392, 424, 425, 428, 429, 433, 437, 438, 450, 451, 458, 464, 465, 558, 559, 578, 579, 586, 592, 604, 611, 631, 632, 633, 634, 635, 642, 643, 742, 746, 747, 751, 753, 766, 767, 788, 789, 798, 805, 807, 809, 810, 813, 815, 816
حەفتەغار..... 110, 393, 733
حەکیم کاکەوەیس..... 242, 322
حەکیم مەلا سالح..... 450
حەلیمە بایرام..... 594
حەلەب..... 377
حەمدیە..... 152
حەمید..... 13, 133, 179, 181, 183, 204, 285, 294, 316, 323, 395, 399, 478, 558, 632
حەمەی فەرەج..... 592, 593
حەوا تەکین..... 283
حەوتاش..... 382
حەویجە..... 110, 234, 249, 753
حەیات..... 160, 366
حەیدەر..... 44, 48, 75, 88, 117, 192, 439, 558, 612, 689, 721, 775
حەیدەر عەبادی..... 48, 75, 88, 117, 192, 558, 721

خ

خاپوور..... 212
خاچی سووری نێودەوڵەتی..... 442
خاک..... 196, 236, 296, 593, 695, 730
خاکی. 56, 59, 62, 90, 163, 169, 173, 175, 183, 195, 206, 227, 311, 369, 371, 380, 382, 387, 391, 512, 534, 555, 559, 611, 633, 645, 660, 696, 727, 818
خالد..... 61

خالید حوسێنی 90, 107, 450
خالید دۆسکی 287
خالید عیسا 308
خالید عەزیز 97, 698
خالید عەزیزی 97, 698
خالید گۆران 190
خالەتا 612
خان 160, 304, 356, 634
خانای قوبادی 179
خانزاد 286, 731
خانێ 200
خانی 431
خانەسۆر 199, 257, 712, 788
خانەقین 81, 82, 86, 88, 97, 98, 103, 104, 106, 108, 118, 119, 123, 124, 125, 126, 131, 132, 141, 165, 173, 175, 177, 178, 202, 203, 204, 205, 208, 209, 210, 211, 221, 227, 238, 244, 255, 258, 261, 262, 263, 265, 268, 274, 286, 287, 288, 290, 292, 293, 308, 309, 313, 315, 316, 317, 337, 347, 348, 350, 352, 353, 355, 359, 360, 369, 371, 377, 378, 379, 381, 384, 385, 387, 388, 391, 392, 397, 398, 412, 414, 418, 424, 425, 428, 429, 438, 469, 490, 495, 498, 500, 522, 525, 527, 528, 531, 532, 536, 578, 579, 604, 605, 612, 617, 626, 627, 628, 629, 632, 633, 634, 635, 639, 642, 643, 650, 680, 681, 684, 686, 697, 721, 723, 725, 726, 742, 746, 747, 748, 749, 751, 757, 775, 776, 784, 788, 789, 800, 801
خانەی سمۆرە 369
خاوێن 509
خاوەن 25, 172, 196, 198, 218, 231, 269, 272, 288, 350, 399, 417, 503, 592, 681, 744, 781
خدر محەمەد 705
خدر محەمەد (قەیسەر حەسەکە) 705
خراب 125, 199, 647
خرابە 183
خراپە 111, 131, 535, 649
خورشید 612, 771
خورماتوو 27, 40, 51, 58, 59, 61, 63, 71, 72, 73, 74, 97, 99, 100, 101, 116, 117, 141, 156, 157, 161, 175, 188, 204, 205, 210, 211, 214, 215, 224, 225, 228, 229, 237, 240, 241, 242, 246, 273, 274, 275, 276, 278, 285, 286, 292, 293, 317, 341, 349, 350, 352, 353, 354, 355, 378, 379, 409, 410, 424, 425, 435, 436, 456, 457, 458, 539, 580, 581, 682, 683, 748, 749, 771, 784, 794
خورمآل 432, 572, 696
خولە 88
خوناو 477
خوی 441, 618
خوێندکار 146, 200, 236, 295, 354, 397, 634, 728, 757, 773
خۆر 163
خۆشناو 199, 319
خۆشناو ئەنوەر 199
خۆشناوەتی 237, 346
خۆشی 54, 141, 148, 151, 466
خێڵی حەمە 572, 630
خەبات 244, 272, 296, 298, 306, 517, 530, 672, 689, 693, 803
خەرەند 407
خەڵات 216, 220, 224, 341, 385, 447, 524, 627, 716
خەلیفان 92, 219, 280, 399, 404, 452, 525, 529
خەلیل 37, 64, 96, 101, 107, 116, 129, 134, 196, 242, 243, 304, 326, 349, 355, 405, 433, 435, 460, 604, 608, 612, 630, 702, 714, 772, 775
خەلیل کەریم 243, 630
خەلیل کەریمی 243, 630
خەلیل محەمەد 612, 772
خەلەکان 139
خەندان 465, 476, 484, 566, 584, 678

د

دابین 373, 464, 743
دابەش 43, 100, 155, 212, 290, 350, 678, 791
دادوەر 41, 150, 156, 285, 352, 397, 463, 754
دارا 58, 414, 517
دارا هێنێ 58
دارگرێ 96
داریان 193
دارە 43, 531
دارەشەکران 795
داعش 16, 17, 29, 32, 33, 37, 38, 41, 46, 48, 54, 55, 59, 63, 64, 65, 67, 71, 72, 73, 74, 77, 78, 79, 81, 82, 85, 86, 88, 90, 94, 95, 96, 97, 98, 103, 104, 110, 112, 116, 117, 118, 119, 121, 124, 125, 126, 131, 132, 137, 139, 148, 149, 153, 155, 158, 159, 161, 165, 175, 178, 186, 199, 202, 203, 204, 205, 207, 209, 210, 211, 212, 213, 220, 221, 224, 225, 227, 228, 229, 234, 241, 242, 246, 248, 249, 255, 272, 275, 276, 288, 290, 292, 293, 295, 306, 308, 309, 311, 313, 317, 319, 334, 335, 337, 338, 339, 341, 343, 344, 347, 348, 353, 357, 359, 360, 362, 363, 364, 367, 369, 371, 373, 376, 377, 381, 390, 391, 392, 393, 394, 398, 399, 400, 404, 409, 410, 412, 414, 415, 416, 418, 420, 424, 425, 428, 429, 433, 435, 436, 437, 438, 443, 444, 446, 447, 449, 450, 451, 452, 456, 458, 460, 461, 462, 464, 465, 466, 467, 468, 469, 470, 477, 479, 491, 492, 495, 501, 502, 503, 504, 505, 514, 515, 516, 523, 524, 529, 530, 531, 555, 575, 578, 579, 592, 598, 604, 610, 611, 621, 627, 628, 634, 635, 639, 641, 643, 647, 648, 649, 650, 655, 656, 657, 658, 659, 660, 663, 667, 668, 669, 671, 672, 674, 677, 683, 689, 690, 693, 694, 695, 697, 710, 712, 715, 719, 723, 725, 726, 731, 734, 736, 742, 744, 746, 747, 748, 749, 751, 752, 753, 754, 755, 757, 764, 766, 767, 770, 771, 773, 775, 776, 778, 779, 781, 788, 789, 790, 791, 793, 794, 803, 810, 813, 820, 821, 822
داقوق 110, 165, 185, 186, 206, 246, 260, 265, 275, 329, 345, 503, 517, 553, 575, 590, 592, 731, 757
دالیا 46, 705
دانا 56, 339, 383, 399, 604, 683, 684, 700
دانیال 525, 716
داهات 781
داود 332, 396, 583, 645
داود باغستانی 396
داود سەمەد فرجی 645
داودیە 807
داودیە 682, 686, 693, 705
داودە 552
دایان 816
دایک 252, 310, 613, 650, 750, 770, 803
دزلی 236, 629
دزەی مەرگەوەڕ 218, 324, 435
دژوار 71, 705, 807
دژەتیرۆر 361
دلاوەر 777
دڵپاک 491
دڵپاک سەعید 491
دڵخواز 275
دڵدار 698
دڵسۆز 75
دڵشاد 235, 349, 552, 588
دڵگەش 56
دڵنیا 198, 214, 269, 663, 756
دڵۆڤان 142, 236
دڵۆڤان سالح 236
دلیار 699
دلیار جزیری 699
دلێر 495, 632, 786

دلێر سەید مەجید 786
دلین 528, 551
دهۆک . 43, 46, 79, 83, 84, 86, 110, 116, 117, 139, 159, 161, 163, 165, 171, 175, 176, 177, 181, 183, 192, 199, 201, 211, 221, 236, 237, 238, 239, 244, 246, 255, 267, 268, 269, 270, 298, 309, 313, 329, 347, 348, 363, 364, 373, 375, 382, 383, 384, 385, 391, 392, 399, 400, 422, 426, 427, 432, 433, 442, 472, 473, 474, 492, 494, 507, 514, 515, 516, 528, 534, 546, 547, 548, 550, 551, 552, 582, 588, 596, 604, 605, 612, 619, 620, 621, 627, 628, 634, 635, 645, 648, 649, 685, 686, 706, 707, 712, 716, 728, 747, 749, 757, 781, 800, 802, 814, 815, 820, 821, 822, 823
دواڕۆژ 22, 23, 24, 26, 28, 29, 31, 32, 33, 35, 37, 38, 40, 42, 44, 45, 47, 49, 51, 53, 55, 57, 60, 62, 64, 65, 66, 68, 70, 72, 74, 76, 78, 80, 82, 84, 87, 89, 91, 93, 95, 96, 99, 102, 104, 107, 109, 111, 113, 115, 117, 119, 121, 124, 125, 127, 128, 130, 132, 134, 136, 138, 140, 141, 143, 146, 147, 149, 151, 155, 157, 159, 162, 164, 166, 167, 169, 171, 174, 176, 178, 180, 182, 185, 187, 189, 191, 192, 195, 197, 199, 201, 203, 205, 208, 209, 211, 213, 215, 217, 219, 221, 223, 226, 227, 229, 232, 235, 237, 239, 241, 243, 245, 247, 250, 251, 253, 256, 257, 259, 261, 263, 266, 268, 270, 272, 276, 279, 281, 282, 284, 286, 289, 291, 293, 296, 302, 305, 307, 309, 312, 313, 318, 319, 325, 330, 333, 335, 337, 339, 342, 344, 346, 348, 351, 353, 355, 358, 360, 362, 364, 368, 370, 372, 374, 375, 379, 383, 386, 388, 390, 392, 394, 397, 398, 400, 402, 405, 408, 410, 412, 414, 416, 418, 421, 423, 425, 427, 429, 431, 434, 436, 438, 443, 445, 451, 453, 457, 459, 467, 468, 469, 471, 474, 477, 479, 490, 491, 492, 493, 494, 496, 498, 500, 502, 504, 507, 509, 510, 512, 516, 518, 521, 523, 526, 530, 532, 533, 535, 537, 538, 547, 549, 551, 554, 556, 559, 565, 573, 575, 576, 577, 579, 581, 587, 589, 592, 593, 595, 596, 597, 600, 601, 602, 605, 611, 616, 618, 621, 623, 627, 628, 630, 631, 633, 635, 636, 638, 640, 641, 646, 648, 651, 652, 654, 656, 658, 660, 669, 676, 677, 682, 685, 688, 690, 692, 696, 697, 698, 699, 701, 704, 705, 707, 711, 713, 715, 717, 719, 721, 724, 726, 729, 732, 735, 737, 739, 741, 743, 745, 747, 750, 752, 753, 755, 758, 760, 763, 765, 767, 769, 774, 776, 779, 782, 785, 787, 789, 794, 796, 799, 801, 804, 806, 807, 809, 811, 812, 815, 817, 819, 821, 823, 825
دوان 426
دوران کاڵکان 225, 298
دوکان 22, 23, 31, 33, 107, 135, 192, 196, 198, 218, 254, 258, 326, 359, 409, 431, 437, 438, 482, 483, 488, 511, 522, 540, 594, 607, 722
دوندار 281, 419
دونیا 167
دووبز 188, 206
دوور 92, 124, 350, 609, 639, 658, 727, 730, 781
دۆدان 638
دۆدان ئۆزەر 638
دۆستان 58, 645, 803
دۆستی 392
دۆغان 79, 160, 188, 441, 775
دۆڵەتوو 305
دۆڵەگەرم 657
دیار ..... 70, 96, 100, 118, 151, 296, 441, 553, 562, 563, 564, 751, 756.
دیار غەریب 562, 563, 564
دیاری 56, 70, 72, 118, 148, 186, 295, 419, 443, 449, 718, 740, 756, 781, 806
دیاکۆ 550, 664, 666, 738
دیبەگە 41
دیجلە 272, 304, 308, 378, 520, 710
دیدار 24, 245, 289, 328, 347, 419, 458, 494, 532, 575, 608, 792, 798
دێرسیم 47, 48, 57, 59, 61, 62, 63, 70, 72, 74, 76, 82, 86, 88, 93, 94, 123, 134, 135, 137, 232, 237, 303, 304, 433, 451, 457, 458, 513, 588, 640, 641, 643, 652, 656, 690, 701, 762, 769
دێرک 209, 293, 564, 692, 693, 704, 800
دێرین 103, 228, 415, 649, 650, 744, 811
دێرەلوک 376, 378, 381
دیکە 275
دێگەڵە 798
دیلان 756
دێلێژە 294
دیناران 152
دینارتە 822
دیوانەرە 133, 148, 228, 229, 231, 254, 255, 285, 286, 308, 309, 399, 400, 424, 425, 435, 436, 800, 801
دیوانی چاودێری دارایی 768

دێولان 558, 638, 756
دەباشان 810
دەپ 660
دەربەندیخان..... 121, 133, 161, 225, 282, 283, 284, 290, 302, 345, 346, 444, 504, 574, 599, 653, 710, 711, 712, 713, 717, 719, 748, 749, 802, 803
دەرسیم 56, 58, 60, 62, 75, 81, 768
دەرکەوت 13, 306, 355
دەرمان 30, 50, 58, 135, 177, 234, 650, 678, 714
دەروێش 189, 209, 531, 689, 807
دەریا 160, 196, 424, 678, 761
دەرەبەیان 321
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم 13
دەزگای گشتی کاروباری مین 706
دەشتی . 50, 112, 132, 141, 159, 190, 196, 202, 203, 246, 247, 278, 286, 325, 437, 447, 451, 483, 510, 537, 605, 765, 803, 807
دەگاگا 316, 323
دەلیل خالید 771
دەماوەند 583, 795
دەنیز 37, 281, 288, 303, 359, 800
دەنیز فورات 37

ڕ

ڕابوون 212
ڕابوون مەعروف 212
ڕابەر 148, 352
ڕاپەڕین 45, 137, 165, 198, 208, 228, 361, 444, 507, 522, 542, 586, 653, 800, 816
ڕاجۆ 43, 73, 77, 375
ڕازی 39, 86, 226, 308, 361, 422, 746
ڕاستی 44
ڕامان 332
ڕامیار 622
ڕامین 33, 48, 69, 79, 90, 94, 95, 97, 100, 114, 142, 168, 608, 759
ڕانیە .. 27, 45, 52, 55, 61, 106, 125, 127, 128, 129, 130, 137, 138, 139, 161, 165, 166, 185, 194, 199, 208, 209, 214, 215, 218, 219, 229, 231, 232, 240, 241, 262, 263, 277, 278, 280, 283, 284, 290, 297, 306, 307, 314, 315, 317, 336, 337, 346, 362, 363, 364, 369, 373, 375, 390, 409, 420, 422, 423, 439, 440, 445, 449, 452, 469, 470, 471, 490, 507, 521, 522, 524, 607, 626, 630, 634, 635, 653, 675, 679, 688, 723, 728, 729, 759, 760, 765, 766, 767, 771, 781, 782, 786, 801, 818, 824, 825
ڕاوێژ 120
ڕزگار 36, 131, 150, 193, 295, 308, 348, 381, 384, 392, 419, 437, 458, 460, 464, 467, 477, 650, 657, 797
ڕزگاری 124, 177, 276, 308, 363, 407, 444, 501, 655, 686, 803
ڕواندز..... 39, 40, 171, 253, 359, 360, 411, 412, 422, 423, 452, 503, 504, 507, 531, 532, 780, 782, 800, 801, 818, 819, 822, 823
ڕواندزی 171, 359, 507
ڕوانسەر 48, 581
ڕوانگە 280
ڕوکەن 35, 160
ڕوکەن دەمیر 35
ڕوناک 260, 647
ڕوناهی 699
ڕووش 407
ڕووکەن 96
ڕوون 13, 19, 205, 475, 583, 585, 643, 734
ڕۆژ 13, 35, 56, 59, 73, 85, 87, 92, 93, 95, 98, 118, 127, 134, 142, 144, 163, 167, 170, 175, 188, 190, 194, 208, 218, 229, 244, 250, 252, 258, 260, 262, 269, 272, 273, 275, 277, 279, 281, 287, 290, 291, 300, 302, 303, 308, 311, 328, 338, 345, 359, 365, 369, 384, 393, 395, 399, 417, 433, 464, 478, 508, 522, 534, 548, 557, 592, 594, 610, 617, 632, 634, 638, 646, 653, 654, 675, 698, 712, 734, 738, 744, 754, 759, 778, 788, 793, 800, 806, 811, 818, 824
ڕۆژا 334

ڕۆژان 803
ڕۆژانە 19, 92, 116, 202, 252, 283, 357, 418, 645, 778
ڕۆژبین 678
ڕۆژدا 81, 92, 294, 328, 336, 341, 473, 525, 647, 725, 761
ڕۆژی .. 0, 1, 13, 16, 19, 24, 29, 44, 52, 56, 58, 61, 62, 64, 66, 67, 79, 81, 83, 86, 92, 94, 97, 103, 105, 107, 111, 120, 123, 126, 128, 129, 131, 135, 137, 138, 142, 148, 162, 166, 172, 175, 181, 184, 188, 192, 199, 204, 207, 212, 218, 220, 242, 243, 248, 257, 260, 262, 269, 272, 276, 286, 287, 290, 294, 301, 308, 332, 347, 352, 354, 356, 362, 371, 375, 385, 389, 391, 397, 404, 419, 424, 426, 431, 432, 435, 442, 460, 461, 463, 467, 473, 506, 551, 553, 557, 588, 591, 597, 608, 615, 619, 627, 632, 638, 651, 655, 661, 664, 670, 677, 680, 700, 716, 718, 720, 723, 725, 728, 733, 736, 740, 743, 754, 759, 766, 775, 778, 784, 786, 788, 790, 793, 795, 803, 818, 824
ڕۆژین 269
ڕۆژە 38, 58, 81, 87, 92, 93, 116, 185, 240, 246, 285, 301, 310, 318, 334, 336, 347, 351, 359, 367, 372, 378, 380, 391, 417, 430, 432, 442, 444, 446, 450, 452, 466, 473, 582, 588, 605, 622, 636, 684, 724, 742, 766, 780, 808
ڕۆژەڤ 522
ڕۆست 814
ڕۆستەم 39, 173, 204, 276, 294, 306, 389, 397, 426, 528, 599, 636, 637, 718, 728, 731, 775, 807, 820
ڕۆشنبیر 183, 231, 242, 298, 323, 371, 438, 450, 507, 530, 601, 705, 749
ڕۆمان 165, 175
ڕۆناهی 243, 444
ڕیاز 308
ڕێباز 290, 506, 627
ڕێباز حەملان 290, 506
ڕێبوار 25, 48, 103, 151, 175, 329, 343, 361, 391, 503, 580, 627, 636
ڕێبوار کاکەیی 361
ڕێبین 426
ڕێبەر 86, 98, 245, 328, 447, 450, 466, 622, 749
ڕێبەر ئەحمەد 622
ڕێبەند 531
ڕێحان 269
ڕێحان حەمادی 269
ڕێزان 70, 401, 532, 640, 754, 792
ڕێژوان 341
ڕێڤینگ هروری 329, 419
ڕێکار 550
ڕێکان 98, 199, 222, 313, 426, 463
ڕێکان ڕەشید 199, 426, 463
ڕێکانی 200, 382, 397, 808
ڕێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان 286
ڕێکخراوی ژیان 757
ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید 244
ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ 110, 764
ڕێکخراوی کوردیپێدیا 0, 1, 15, 19, 481
ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان 257, 655
ڕێکخراوی نوێگەر 313, 748
ڕێکخراوی ئاشتی خێرخوازی 759
ڕێکەوت 13, 19, 129, 188
ڕێکەوت حەمە ڕەشید 129
ڕێگا 336, 389, 466, 527, 534, 700, 725, 822
ڕێگر 668
ڕێناس 691
ڕێواز 689, 786
ڕێواز فایەق 689, 786
ڕەبیعە 43
ڕەبەت 105, 343, 770

ڕەجەب .... ,686 ,669 ,660 ,657 ,655 ,652 ,645 ,633 ,409 ,343 ,332 ,311 ,292 ,229 ,226 ,151 ,141 ,139 ,110 ,108 ,82 ,48 ,43 ,27
728 ,747 ,757 ,773 ,776 ,798
ڕەجەب تەیب ئەردۆگان ..... 660 ,48
ڕەحمەت حەکیمی نیا ..... 81 ,69
ڕەحیم باپیری 116
ڕەحیم زەبیحی ..... 374 ,285 ,281
ڕەز 551 ,550 ,537 ,525 ,85 ,77
ڕەزا باران 647
ڕەزا ئیبراهیمی 573
ڕەزان ..... 764 ,447 ,377
ڕەزیە 434
ڕەسوڵی نادری 118
ڕەشکین 111
ڕەشۆ ..... 639 ,524
ڕەشید کرمانج 746
ڕەشیدیە 697
ڕەفیق حیلمی 212
ڕەگەز ..... 793 ,675 ,650 ,341 ,275 ,105 ,44
ڕەنج ..... 787 ,83
ڕەوشەن 349
ڕەوەند ..... 551 ,541
ڕەوەند جەبار فەرمان ..... 551 ,541
ڕەئوف حەسەن 310

ز

زاپ ..... 651 ,381 ,179 ,159 ,21
زاخۆ .... ,676 ,656 ,570 ,565 ,550 ,548 ,528 ,522 ,521 ,520 ,516 ,515 ,267 ,251 ,244 ,207 ,206 ,177 ,163 ,133 ,29 ,28
815 ,814 ,717 ,699 ,698 ,688 ,681 ,677
زارا 741 ,624 ,503 ,349
زارا محەمەدی ..... 741 ,624 ,503
زاری ..... 791 ,620 ,602 ,507 ,186 ,145 ,125 ,74
زاری کرمانجی 507
زاگرۆس ..... 298 ,238 ,231
زاموا 48
زانا 695 ,308 ,231 ,160 ,131 ,109
زانکۆ . ,714 ,698 ,668 ,653 ,637 ,634 ,601 ,535 ,464 ,420 ,413 ,369 ,354 ,343 ,295 ,280 ,271 ,258 ,193 ,188 ,185 ,173 ,171 ,48
816 ,793 ,790 ,756 ,743 ,742
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی ..... 290 ,238 ,161
زانکۆی چەرموو 273
زانکۆی دهۆک 749
زانکۆی ڕاپەڕین ..... 728 ,634 ,448 ,295
زانکۆی سلێمانی .. 781 ,754 ,702 ,668 ,651 ,486 ,401 ,371 ,290 ,271 ,262 ,258 ,257 ,238 ,228 ,190 ,188 ,186 ,181 ,179 ,177 ,161
زانکۆی سەڵاحەدین ..... 744 ,481 ,431 ,175
زانکۆی کۆیە ..... 730 ,385 ,159
زانکۆی کەرکووک ..... 775 ,714
زانکۆی گەرمیان 756
زانکۆی هەڵەبجە ..... 754 ,397 ,393 ,88
زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی 458
زانیار ,449 ,439 ,392 ,338 ,336 ,323 ,316 ,294 ,289 ,227 ,210 ,192 ,188 ,158 ,114 ,103 ,100 ,97 ,95 ,43 ,23 ,19 ,15 ,14 ,13 ,1 ,0
751 ,716 ,662 ,644 ,546 ,515 ,509 ,481 ,470
زانیار مورادی ..... 323 ,316 ,294 ,114 ,103 ,100 ,97 ,95 ,23
زانیاری ..... 751 ,716 ,662 ,644 ,546 ,515 ,509 ,481 ,470 ,449 ,439 ,392 ,227 ,210 ,97 ,43 ,19 ,15 ,14 ,13 ,1 ,0
زاهیر عەلی 458

زریان 174
زریان سەرچناری 174
زوبێر برادۆستی 756
زۆراڤا 126
زیاد ئەسعەد 552
زێباری 301, 384, 397, 535
زێڕ 472
زێڕەڤانی 381
زیلان 359, 367, 546
زین 222
زیندانی وەرێ 146, 172, 458
زیندانی ئامەد 187, 260, 354, 378
زینە 504
زێوکە 210
زەبیحوڵڵا ڕەئووفی 204
زەردووپی 396
زەردەشت 778
زەرێ 30
زەریف 354, 359, 366
زەکی بەگ 120
زەکی شنگالی 50, 52, 54, 58
زەکی کۆچ 189
زەلال 73, 179, 457
زەلال جەگەر 73
زەلال یەرلیکایا 457
زەڵم 220
زەمۆ 705
زەمین 101, 145
زەنگین 775
زەنگەنە 258, 810
زەهاو 195, 257, 262, 263, 285, 286, 380, 381, 736, 740
زەهرا 160, 188, 441
زەینەب جەلالیان 23
زەینەب ئولبەجی 246

ژ

ژان 357
ژنانی گەنجی تێکۆشەر 181, 222, 382, 733
ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی 126, 214, 255
ژیان 19, 39, 57, 83, 85, 326, 349, 369, 438, 530, 631, 725, 744, 788
ژیلا 533
ژیلوان 773
ژین 369
ژیوا 764
ژەنیار 744

س

سابری 229
سابیر نادری 305
سات 73, 79, 81, 122, 134
ساتی 813
سادق ئەحمەدی 446

سارا 207, 359, 787, 790
ساراک 787
ساراکایا 787
سارە 275
ساز 90, 207, 260, 385, 387, 432, 442, 444, 449, 450, 552, 564, 668, 723, 754
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران 305, 517
ساکینە جانسز 343, 345, 349, 352, 354, 442, 824
سال 365
سالار 27, 38, 303, 727, 793
سالار تەنهایی 303
سالار عومەر 793
سالار مەحمود 38
سالحاوا 321
سالک 355
سالم 120, 283, 295, 343, 346, 350, 688, 727, 806
سالیان 210, 250
سالە .. ,493, 470, 446, 441, 426, 417, 390, 363, 359, 356, 354, 314, 308, 281, 246, 199, 194, 169, 165, 120, 77, 69, 43, 28, 19
803, 795, 770, 748, 702, 697, 625, 602, 536, 529, 528, 498, 495
ساماڵ 546, 791
سامان 174, 231, 384, 431, 698, 805, 807
سامان بەرزنجی 807
سامان سالحی 384
سامان کەریم 231
سامان نەسیم 174
سامی 46, 194, 376, 542
سانا 308, 686
سدیق مورادی 75
سری ساکیک 184
سکاڵا 168, 314, 361, 506, 599, 622, 798
سگێرێ 95
سلێمان بادۆشێوە 28
سلێمانی ... ,79, 76, 75, 66, 65, 57, 56, 53, 52, 48, 47, 46, 45, 44, 43, 42, 41, 40, 39, 36, 34, 33, 32, 28, 25, 23, 22, 21, 19, 14, 13
83, 84, 85, 90, 92, 94, 95, 96, 98, 100, 105, 106, 111, 112, 116, 117, 120, 121, 123, 124, 125, 126, 127, 128, 129, 130,
131, 132, 133, 135, 137, 141, 142, 143, 148, 149, 151, 153, 156, 157, 161, 163, 167, 171, 172, 173, 175, 176, 177, 178,
179, 180, 181, 182, 186, 188, 190, 192, 194, 196, 198, 199, 206, 207, 208, 212, 213, 215, 216, 217, 220, 221, 222, 223,
224, 225, 227, 228, 229, 231, 232, 234, 236, 237, 239, 240, 241, 246, 248, 249, 251, 252, 253, 257, 258, 259, 260, 261,
262, 263, 264, 265, 267, 269, 271, 272, 274, 275, 276, 278, 283, 284, 286, 287, 288, 290, 292, 293, 294, 295, 296, 297,
300, 308, 309, 311, 313, 316, 317, 318, 323, 326, 341, 343, 344, 346, 347, 348, 349, 350, 352, 353, 354, 355, 356, 357,
359, 360, 363, 364, 367, 368, 369, 371, 373, 374, 375, 376, 377, 378, 379, 381, 387, 388, 389, 390, 397, 398, 399, 400,
401, 402, 407, 408, 412, 415, 416, 420, 422, 426, 427, 430, 431, 432, 433, 435, 436, 442, 444, 445, 446, 448, 449, 458,
461, 462, 464, 465, 466, 467, 468, 474, 483, 486, 500, 503, 504, 507, 514, 521, 522, 525, 530, 531, 532, 537, 539, 540,
544, 546, 547, 548, 550, 551, 552, 554, 557, 563, 564, 582, 592, 593, 596, 599, 601, 603, 604, 605, 607, 608, 610, 611,
612, 620, 621, 626, 628, 630, 631, 634, 635, 636, 639, 640, 641, 642, 643, 645, 647, 648, 649, 651, 652, 653, 655, 656,
664, 665, 669, 671, 672, 675, 677, 680, 681, 687, 688, 696, 697, 702, 703, 705, 712, 713, 714, 715, 717, 720, 721, 722,
723, 725, 726, 728, 730, 731, 733, 734, 736, 740, 743, 744, 749, 751, 754, 755, 756, 757, 759, 766, 767, 772, 773, 775,
776, 778, 779, 780, 781, 783, 784, 786, 788, 789, 790, 791, 793, 794, 798, 802, 803, 806, 807, 808, 810, 811, 812, 813,
816, 822, 823, 824, 825
سماقوڵی 363
سمایل شەرەفی 698
سمکۆ 181, 332, 417, 670, 725, 736, 738, 761, 816
سمکۆ عەلی 736, 738
سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم 417
سنجک 73
سنور 123, 412, 534, 655
سنوێ 269, 409
سنوور 83, 103, 105, 123, 165, 249, 291, 304, 439, 555, 572, 645, 650, 657

سنین 52
سنه..... 29, 33, 39, 40, 60, 61, 81, 82, 90, 92, 103, 107, 109, 110, 111, 112, 114, 116, 118, 119, 127, 129, 130, 133, 135, 142, 144, 145, 148, 149, 154, 158, 159, 163, 168, 169, 172, 173, 177, 178, 183, 184, 185, 186, 188, 204, 205, 230, 232, 236, 237, 243, 245, 246, 248, 249, 254, 255, 257, 269, 270, 283, 284, 285, 286, 287, 288, 290, 303, 304, 305, 328, 329, 336, 337, 361, 370, 371, 372, 374, 375, 395, 396, 399, 400, 401, 402, 411, 412, 413, 414, 419, 420, 424, 425, 426, 427, 430, 431, 435, 436, 443, 445, 446, 447, 450, 451, 454, 466, 474, 498, 503, 504, 511, 518, 519, 549, 550, 551, 552, 557, 558, 559, 560, 583, 584, 599, 602, 615, 616, 618, 619, 620, 621, 624, 630, 631, 632, 633, 635, 636, 639, 646, 647, 662, 663, 677, 708, 709, 718, 719, 727, 728, 741, 742, 748, 750, 751, 756, 757, 761, 762, 770, 771, 794, 795, 796, 822, 823, 824, 825
سوارچاک 282
سوپا 71, 110, 118, 242, 295, 380, 505, 632, 634, 657, 753
سوپای پاسداران 29, 74, 94, 101, 105, 110, 118, 129, 145, 148, 154, 156, 183, 250, 288, 343, 349, 400, 418, 420, 511, 549, 629, 697, 759, 813, 816, 822, 824
سور 231, 719
سوریا 55, 90, 92, 98, 112, 120, 145, 151, 158, 161, 169, 178, 181, 201, 205, 223, 278, 290, 306, 308, 311, 317, 331, 336, 339, 350, 364, 369, 371, 373, 377, 383, 392, 402, 408, 412, 414, 420, 424, 429, 431, 435, 437, 443, 450, 475, 477, 479, 505, 529, 581, 593,633, 642, 655, 657, 659, 661, 664, 668, 675, 677, 688, 689, 695, 699, 715, 720, 723, 725, 734, 744, 755, 764, 769, 773, 775, 778, 781, 793, 805, 806, 820
سوریاش 369, 371
سورێژە 85
سورەیا خدری 109
سوسن 726
سوکە 224
سۆران.. 63, 90, 107, 111, 139, 171, 212, 213, 255, 270, 273, 306, 317, 332, 383, 384, 385, 387, 389, 390, 396, 407, 408, 418, 422, 444, 445, 452, 498, 513, 525, 526, 536, 564, 698, 767, 800, 801, 818, 819, 822, 823
سۆران عەلی 387
سۆزان 754
سۆزدار 349
سۆفیان 503
سۆلین 477
سۆما 111, 334, 521
سێ گر 444
سیامەند 324, 693
سیپان 800, 820
سیتەک 822
سیدۆ 652
سێدەر 607
سیدەکان 65, 66, 82, 94, 97, 99, 100, 101, 106, 110, 112, 116, 117, 120, 121, 137, 193, 194, 219, 234, 280, 435, 436, 472, 475, 498, 507, 515, 516, 521, 522, 528, 557, 565, 767
سیران 92, 525, 527
سیروان 34, 77, 81, 208, 412, 413, 415, 466, 503, 523, 531, 546, 553, 638, 693, 697
سیروان بارزانی 77, 412
سیروان ڕەحیم 638
سیڤا 165
سێگرکان 446
سێمالکا 244, 659
سیمالکا 269
سێمێلکا 272
سینا 254, 365
سینان 245, 421, 448, 671, 773
سینە 814
سێوان 316, 318, 323, 409, 708, 756
سەباح تاهیر 110
سەباحەت تونجەل 158, 269, 275, 291, 395, 740
سەبیحە 370

سەحنە 242
سەحەر 39, 160, 183, 246, 254, 424, 431
سەحەر کازمی 39, 183, 246, 254, 424
سەدا تاشکین 162
سەرا 428, 446
سەرباز 26, 81, 112, 137, 150, 222, 224, 239, 255, 266, 319, 363, 414, 432, 438, 507, 661, 664, 697, 749, 789
سەربەخۆ 188, 196, 278, 552, 768
سەربەست 775
سەرپیل کەمالبای 437
سەرتیپ 223
سەرچاوەی کوردی 19, 872
سەرچەم 463, 748
سەرحەد قادر 632
سەرخوەبوون عەلی 691, 693
سەردار 152, 172, 236, 278, 352, 622, 714, 775
سەردۆش 67, 200, 305
سەردەشت 43, 48, 92, 105, 106, 107, 108, 116, 117, 131, 132, 152, 153, 158, 170, 171, 198, 199, 220, 221, 238, 239, 248, 249, 266, 273, 274, 275, 276, 298, 299, 305, 306, 316, 317, 340, 341, 343, 344, 351, 353, 356, 357, 393, 394, 510, 511, 524, 525, 526, 555, 562, 572, 576, 595, 596, 609, 610, 621, 644, 645, 650, 657, 658, 678, 679, 694, 727, 728, 783, 784, 792, 794, 818, 819, 824
سەردەم 13, 19, 27, 726, 786
سەرزێری 373
سەرسنک 814
سەرسەنگ 494
سەرشیو 424
سەرشەقام 83, 146, 548, 734
سەرکان 622
سەرکەپکان 240, 283, 306
سەرکەوت 81, 137, 272, 409, 727, 793, 810
سەرکەوت ئەحمەد 727, 810
سەرکەوت ئەحمەدی 727
سەرگەلێ 95
سەرگەلی 122
سەرمەند 269
سەرنج 131, 740, 768
سەرهەنگ 285
سەرو 337
سەروەت 337
سەروەر 306, 768
سەرۆک 27, 34, 81, 85, 112, 117, 122, 125, 129, 131, 135, 137, 139, 141, 145, 147, 148, 150, 196, 204, 222, 224, 226, 262, 269, 292, 295, 306, 315, 326, 332, 343, 357, 359, 371, 375, 404, 406, 418, 428, 472, 477, 503, 506, 516, 558, 585, 586, 599, 610, 622, 631,643, 645, 649, 658, 659, 661, 669, 686, 689, 704, 728, 736, 739, 744, 747, 759, 767, 773, 775, 784, 789, 791, 792, 798, 801, 803, 807, 809, 810, 813, 820
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان 714, 720
سەرێ 657, 661, 664, 666
سەری ڕەش 59
سەعدی ئەحمەد پیرە 725
سەعدیە 355
سەعدیە 175, 220, 227, 265, 418, 428, 750
سەعید کاکەیی 363
سەفین 81, 346
سەفەر 271, 706
سەفەر یوسف 706
سەفەر یوسف محەمەد 707

سەقز . 26, 27, 52, 53, 58, 59, 90, 91, 94, 105, 106, 111, 156, 157, 158, 179, 180, 181, 182, 183, 204, 205, 222, 223, 234, 260, 261, 266, 289, 290, 298, 299, 316, 317, 384, 385, 424, 425, 443, 445, 454, 458, 475, 523, 524, 700, 701, 748, 749, 750, 751, 752, 753,761, 762, 771, 788, 789, 822, 823, 825
سەڵاح خدر 349
سەڵاح داودە 552
سەڵاح ئەحمەد 814
سەڵاحەدین بەهادین 802
سەڵاحەدین دەمیرتاش.... 50, 75, 95, 150, 184, 246, 267, 275, 291, 375, 378, 396, 543, 555, 629, 654, 741, 748, 750, 756, 772, 795
سەڵاحەدینی ئەیوبی 303
سەلاسی باوەجانی..... 75, 210, 212, 463, 727
سەلام 148, 150, 208, 290, 292, 369, 397, 516, 591
سەلام سەدیق..... 397
سەڵماس 28, 37, 38, 58, 59, 140, 141, 188, 352, 353, 487, 542, 543, 585, 670, 725, 726
سەلیم..... 64, 125, 345, 465, 551, 821
سەما 160, 449
سەمرا توران..... 457
سەمسوور..... 60, 61, 731
سەنتەری ڕۆشنبیریی شار 627
سەنگاو..... 269, 282, 564
سەنگەر 73, 484, 531, 703
سەنگەسەر 375, 607, 727
سەوزە..... 155, 246, 404, 521, 522, 759
سەوڵاوا..... 81, 154, 191, 236, 258, 300, 316, 323, 340, 567, 607, 622, 775
سەید..... 105, 118, 133, 137, 139, 160, 175, 183, 192, 212, 222, 225, 235, 242, 275, 439, 453, 567, 584, 698, 722, 731, 749
سەید برایم 698
سەید ڕەزا..... 235
سەید سادق 118, 133, 137, 139, 175, 225, 439, 722
سەید عەبدولواحید بەرزنجی..... 453
سەید قادر 236
سەیدخان 345
سەیدسادق 118, 133, 138, 139, 176, 225, 284, 373, 385, 387, 388, 399, 400, 402, 440, 538, 599, 645, 695, 701, 707, 723, 759, 771, 798, 802, 803
سەیدۆ 28, 40, 402, 415
سەیدە 824
سەیران..... 285, 349

ش

شا 795
شاباز..... 749
شاپان 137
شاجوان 240, 308
شاخ 250, 290
شاخۆ 252
شاخی..... 111, 134, 152, 163, 165, 170, 184, 242, 252, 266, 278, 359, 373, 491, 521, 550, 608, 693, 694, 707, 759, 780
شاخە 152, 336, 620
شاخەوان..... 223
شاد..... 352, 435, 775
شادیە 281
شاربازێر..... 76, 388, 722, 723, 753
شارۆچکەی حەویجە 725
شارۆچکەی شێخان..... 199, 214, 283, 619, 766

شارە ,283 ,273 ,271 ,260 ,255 ,246 ,226 ,222 ,214 ,191 ,190 ,158 ,142 ,135 ,114 ,111 ,109 ,107 ,101 ,98 ,78 ,67 ,62 ,61 ,58 ,28
285, 328, 336, 345, 357, 365, 399, 411, 413, 419, 443, 446, 458, 467, 505, 509, 581, 590, 601, 652, 664, 677, 700, 717,
721, 725, 736, 761, 780, 812
شارەبان 418
شارەزوور... ,700 ,698 ,695 ,671 ,645 ,599 ,538 ,440 ,402 ,400 ,388 ,385 ,373 ,284 ,283 ,225 ,176 ,148 ,139 ,138 ,133 ,101 ,37
701, 706, 707, 722, 723, 759, 770, 771, 798, 802, 803
شارەوانیی سلێمانی 236
شاسوار 145, 216, 454, 491, 494, 501, 514, 651
شاسوار عەبدولواحید 145, 216, 454, 491, 494, 501, 514, 651
شاکار 314, 433
شاکر محەمەد 393
شالان 756
شاناز 98, 409, 740, 775, 793
شاناز ئیبراهیم ئەحمەد 98, 409, 740, 775, 793
شاندی 75, 88, 131, 156, 277, 279, 292, 357, 572, 608, 609, 610, 634, 642, 725, 740
شانۆ 287, 761
شانۆکار 357, 689, 772
شانەدەر 695, 725
شاها 523
شاهان 693
شاهۆ 152, 154, 156, 167, 170, 242, 250, 252, 269, 305, 426, 491, 551
شاهۆ سادق 269, 305
شایان 195
شایستە 86, 705, 743, 793, 803, 807
شرناخ 64, 73, 79, 172, 200, 210, 260, 343, 430, 489, 818
شکارتە 228
شکۆ 56, 424
شلێر 698, 708
شلێر دادوەند 708
شمشێر 44, 242
شنکال 17
شنگال..... ,199 ,176 ,173 ,172 ,155 ,126 ,124 ,112 ,86 ,85 ,82 ,81 ,78 ,76 ,75 ,65 ,59 ,58 ,57 ,53 ,52 ,51 ,50 ,43 ,38 ,28 ,17 ,16
201, 202, 203, 204, 205, 223, 225, 234, 240, 241, 268, 269, 293, 295, 297, 299, 300, 302, 304, 306, 313, 316, 317, 341,
400, 406, 410, 440, 450, 451, 452, 467, 468, 470, 472, 477, 510, 524, 525, 526, 528, 529, 530, 532, 535, 552, 598, 635,
684, 685, 713, 734, 782, 783, 784, 816
شنۆ .... ,171 ,170 ,165 ,161 ,160 ,151 ,150 ,117 ,116 ,110 ,109 ,108 ,107 ,86 ,85 ,78 ,77 ,59 ,58 ,57 ,56 ,51 ,50 ,43 ,38 ,37 ,30
174, 176, 183, 203, 208, 209, 266, 268, 283, 284, 308, 309, 316, 317, 329, 363, 364, 372, 373, 380, 381, 387, 388, 476,
477, 503, 504,545, 551, 552, 553, 554, 574, 586, 587, 628, 642, 643, 644, 645, 646, 647, 725, 726, 738, 739, 743, 744,
768, 769
شوان 37, 101, 194, 393, 501, 559, 612, 748, 754, 781
شوانە 305
شوانی 288
شوانە 112, 170
شوش 125
شوێ 384
شۆخان 728, 754
شۆراو 97, 224
شۆربە 795
شۆڕش 33, 131, 145, 186, 234, 448, 538, 546, 586, 599
شۆڕش حاجی 145
شۆڕش ئیسماعیل 586
شۆڕشگێر 324, 369
شۆشمێ 148
شیار 177, 583
شیاو 264

شێخ تەویل 761
شێخ حەیدەر 48
شێخ سەلام 620
شێخ عیسا 110, 175
شێخ عەبدول 212
شێخ محەمەد 742
شێخ مستەفا 106, 786
شێخ مستەفا بەرزنجی 106
شێخان 252, 401, 780
شیخان 393
شێخانی 689
شێر 169, 266, 514
شیراز 30, 634, 705
شێران 495
شێراوە 407
شێرزاد 39, 220, 324, 550
شیرزاد 23
شێرزاد حەسەن 550
شیرک 788
شێرکۆ بێکەس 13, 31
شێرکۆ جەودەت 265
شێرکۆ عەبدوڵڵا 249
شێروان 73, 422, 426, 463
شیروان 236, 255, 439
شێروان شێروانی 422, 426, 463
شێروانی 426
شیرین 386, 639
شیرین محەمەد 639
شێلادزێ 98, 341, 380, 422
شیلان 258
شیلان شاکر 258
شێلمان 296
شیلۆ 50
شیناوێ 168
شەباب 172
شەبەک 536
شەرا 50, 304, 426, 444, 678
شەرانشێ 483
شەریف 69, 81, 142, 160, 181, 216, 349, 439, 590, 592, 612
شەریف باجوەر 69, 81, 142, 181, 216, 590, 592
شەرەفخانی بەدلیسی 540
شەشە 192
شەعبان 34
شەڤین ئالاجا 585
شەماڵ 349, 636
شەمرەخ 704, 746
شەمزینان 35, 58, 59, 92, 222, 225, 233, 238, 239, 275, 478, 479, 605, 606
شەن 160, 281
شەنگال 30, 37, 43, 50, 52, 54, 56, 58, 64, 77, 111, 126, 155, 175, 200, 204, 222, 231, 257, 267, 274, 292, 294, 298, 302, 304, 306, 312, 341, 399, 405, 409, 439, 452, 464, 470, 476, 509, 522, 523, 531, 534, 552, 598, 634, 706, 730, 733, 781, 788, 816
شەهاب میهەنخا 283
شەهابەدین 263, 636
شەهریار 351

شەهلا 415
شەهیا 820
شەهید ئارام 391
شەهێن 297, 349
شەونم 698, 754, 803
شەونم هەمزەیی 698

ع

عادل عەبدولمەهدی 192, 306, 375, 404, 418, 643, 649, 736, 739, 740, 807
عادڵ قادری 419
عادڵ کەرەمی 39
عارف تەیفور 85
عاسف حسێن زێباری 376
عاسی 258
عالیە 118
عامودا 749
عایشە سوروجو 478
عوسمان بایدەمیر 287
عوسمان ڕەمەزانی 356
عوسمان سەعیدی 174
عوسمان مستەفاپوور 716
عوسمان ئەحمەد 693
عومەر باڵەکی 698
عومەر سەید 271, 512, 617
عومەر عەلی 21, 96
عومەر فەتاح 786
عومەر کالۆ 151
عومەری خاوەر 783
عیرفان ڕەشیدی 615
عیزەدین 648, 705
عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ 648, 705
عیماد 786
عیماد ئەحمەد 786
عە بدولرەزاق سالح (بروسک حەسەکە) 705
عەبابەیلێ 236
عەباس 160, 249, 271, 285, 325, 409, 528, 552, 686
عەباس ئاوا 271
عەبدول محەمەد 145
عەبدوڵا کان 448
عەبدولڕەحمان 52, 101, 110, 160, 194, 214, 216, 267, 433, 528, 604, 644, 693
عەبدولڕەحمان مستەفا فەتاح 644
عەبدولقادر سالح 277
عەبدولقادر سالحیان 277
عەبدوڵڵا پەشێو 577
عەبدوڵڵا حاجی 238
عەبدوڵڵا ئۆجەلان 25, 41, 83, 98, 127, 137, 161, 179, 187, 216, 220, 245, 248, 259, 269, 273, 275, 289, 297, 302, 310, 313, 324, 326, 328, 334, 336, 341, 343, 347, 351, 354, 358, 365, 367, 369, 377, 380, 391, 393, 401, 405, 415, 419, 421, 430, 433, 434, 437, 444, 447, 450,458, 466, 471, 473, 498, 508, 525, 575, 704, 746, 764, 788, 792, 802, 807, 811
عەتا سەراوی 746
عەدنان بیلەن 289
عەدنان کەریم 727, 730
عەربەت 305, 407
عەرەبی هاوردە 48, 206, 275, 491

عەزیز ڕەئیسی..... 646
عەزیز سالّحی 192
عەزیز عەزیزی 793
عەزیز قادر 352
عەزیز وەیسی 791
عەزیز ئۆروچ 764, 769, 775
عەزیزیە 169
عەزیم ئەحمەدی 148, 150
عەشتار 391, 397, 404, 585
عەفرین ... 21, 24, 25, 27, 28, 29, 31, 32, 34, 36, 40, 41, 42, 43, 45, 48, 49, 50, 51, 52, 53, 59, 61, 63, 70, 73, 74, 77, 78, 79, 81, 82, 84, 88, 90, 91, 94, 96, 101, 104, 106, 108, 110, 112, 114, 115, 123, 142, 143, 145, 156, 157, 161, 179, 180, 181, 182, 186, 187, 196, 209, 210, 211, 218, 219, 221, 225, 227, 242, 276, 278, 280, 288, 295, 300, 311, 323, 326, 359, 360, 365, 366, 367, 368, 369, 375, 378, 385, 394, 402, 408, 418, 426, 427, 435, 436, 439, 440, 444, 445, 456, 457, 458, 460, 470, 474, 475, 490, 499, 513, 519, 520, 522, 533, 544, 552, 554, 557, 558, 559, 562, 568, 569, 572, 573, 578, 580, 581, 582, 594, 597, 603, 604, 605, 608, 612, 615, 616, 621, 624, 631, 634, 635, 639, 641, 645, 653, 661, 676, 677, 703, 712, 713, 726, 728, 729, 734, 735, 736, 742, 744, 746, 747, 751, 757, 786, 791, 800, 806, 809, 810, 819, 820, 821
عەلی بایزپەروەر..... 595
عەلی بەدرخان..... 793
عەلی بەدرخانی 793
عەلی توانا 500
عەلی جومعە..... 36
عەلی حوسێنی 183, 222
عەلی حەیدەر..... 79
عەلی خان 442
عەلی خەلیل 612
عەلی سەرا..... 503
عەلی عابدی 105, 475
عەلی عوسمان..... 286
عەلی عەبدو 177, 420, 475
عەلی عەرەب 85
عەلی عەونی..... 52
عەلی قەرەداغی 54
عەلی ناجی..... 56
عەلی نادر 133
عەلی نادری 133
عەلی نەسیری..... 181
عەلی وەیسی 179
عەلی ئیبراهیم..... 640
عەلی ئیسماعیل..... 363
عەلی ئیسماعیلی 363
عەلی ئەللاوەیسی 443

غ

غانم سەباح نادر..... 301
غەفوری 88

ف

فاروق شاروێرانی 642
فازڵ میرانی 503
فائیزە 620
فائیزە فاتحی..... 620
فایەق 377, 752
فرمێسک 636, 812

فرۆ 236
فرۆکەخانەی سلێمانی 34, 196, 357
فریا 323
فریاد 444
فریشتە 671, 736, 740
فریشتە چراغی 736, 740
فوئاد مەعسوم 120, 148
فیدان دۆغان 345, 820, 824
فیدایی 142, 483
فیدراسیۆنی زیندانیانی سیاسی کوردستان 350
فیگەن یوکسەکداغ 214, 446, 772, 820
فەتحوڵڵا 149
فەخرەدین تاهیر 578
فەردین مستەفایی 52
فەردین ئەدوایی 300, 316, 323
فەرمان 50, 359, 409, 703, 761, 803
فەرمان سالح 409
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان 19
فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان 466
فەرهاد ,780 ,772 ,640 ,622 ,531 ,524 ,511 ,448 ,414 ,409 ,357 ,352 ,349 ,328 ,322 ,264 ,221 ,218 ,150 ,133 ,109 ,104 ,101 ,50
783, 788, 798, 818
فەرهاد پیرباڵ 511
فەرهاد تونچ 133, 221, 357
فەرهاد خوسرەوی 772, 780, 783
فەرهاد خوسرەوپی 783
فەرهاد سالح 150
فەرهاد سەحراپەیما 50, 322
فەرهاد کالکان 818
فەرهاد محەمەد 349, 352
فەرهاد مستەفا 101
فەرهەنگ 744
فەرەح 229
فەرەیدون عەبدولقادر 512
فەرەیدوون 431
فەلەکناس ئۆجا 588
فەوزی ئەتروشی 442

ڤ

ڤالا فەرید 428
ڤان ,728 ,660 ,79
ڤیان 349, 396
ڤەژین 298

ق

قادر 26, 28, 101, 109, 122, 190, 316, 409, 412, 478, 554, 612, 644, 708, 710, 712, 756
قادر عێزەتی 122
قادر عەلی 28
قادر قادر 190
قادر قادری 190
قادر کەرەم 101
قادر مەردان 554
قارەمان 110, 124, 172, 371

قاس 182, 418, 639
قاسم 119, 137, 349, 472, 529, 593, 634, 766, 813, 815, 816, 818, 820, 822
قاسم سلێمانی 593, 813, 815, 816, 818, 820, 822
قاسملو 565
قاسملوو 135, 528
قاسمیە 695, 697
قامشلۆ 240, 582, 697, 698, 700, 703, 734, 749, 751, 803
قامیش 697, 734, 759
قامیشلۆ 92, 98, 99, 125, 181, 182, 205, 207, 223, 241, 276, 433, 512, 513, 540, 582, 657, 658, 662, 663, 672, 673, 681, 682, 683, 684, 685, 686, 691, 692, 697, 699, 701, 703, 735, 749, 751, 759, 765, 803
قانع 500
قزقاپان 57
قزلباش 196
قلابان 260
قوباد 34, 59, 71, 75, 114, 216, 257, 267, 531, 561, 720, 742, 775, 786
قوباد تاڵەبانی 34, 59, 71, 75, 114, 216, 257, 267, 531, 561, 720, 742, 775, 786
قوتی 401
قۆرغ 158
قۆری چای 414
قۆرەتوو 288, 517, 531
قەدش 236
قەراج 301
قەرس 193, 235, 585
قەرەبڵاغ 746
قەرەتەپە 500, 697
قەرەچوغ 73, 79, 118, 491, 592, 781
قەرەداغ 87, 196, 345, 346, 548, 722, 723
قەرەیاز 622
قەرەیازی 624, 800
قەستەل 50, 444
قەستەل جندۆ 444
قەسرێ 142, 615, 637, 814
قەسری شیرین 83, 84, 177, 178, 257, 285, 286, 356, 357, 639
قەڵا 112, 466, 716, 720, 766
قەڵاتی 780
قەڵادزێ 66, 105, 106, 224, 225, 262, 263, 264, 265, 314, 315, 316, 317, 338, 339, 347, 348, 415, 416, 535, 542, 543, 576, 586, 587, 594, 693, 694, 766, 767, 770, 771, 800, 801
قەڵای نوێ 352
قەڵای هەولێر 287, 538
قەڵەمی هاوچەرخی کورد 283
قەندیل 21, 54, 56, 90, 173, 179, 196, 225, 226, 228, 231, 255, 340, 343, 367, 382, 482, 583, 678, 705, 727, 780, 820
قەیسەری 121, 260
قەیسەرپی کفری 755
قەیسەرپی کەرکووک 267

ک

کابان 778
کاخرێ 641
کارا60
کارزان 116, 142, 163, 771
کارمەند 275
کاروان 46, 67, 179, 214, 223, 273, 725, 751
کاروان سالار 46

کاروان محەمەد.....179
کاروان یاسین عوسمان 751
کاروخ عوسمان.....142
کارۆ 698
کارێز.....167
کارە 76, 106, 190, 274, 318, 415, 552, 639, 778, 803
کارەی 157, 806
کاژێر.....85, 131, 145, 147, 168, 202, 219, 224, 238, 244, 267, 338, 512, 531, 586, 627, 634, 647, 695
کافێ.....798
کاک ئەحمەدی شێخ.....236
کاکەیی.....75, 192, 222, 246, 503, 508, 575, 612, 757
کالا781
کامیار 271
کامیاران... 116, 117, 127, 148, 154, 158, 181, 220, 254, 256, 269, 285, 286, 303, 304, 305, 307, 326, 336, 337, 338, 339, 399, 400, 415, 416, 459, 467, 468, 469, 533, 553, 554, 797, 799
کامیان.....285, 331, 343
کامەران 57, 369, 702
کانی..... 24, 33, 36, 48, 54, 71, 105, 122, 139, 156, 165, 186, 212, 214, 248, 264, 329, 338, 341, 399, 498, 525, 546, 562, 574, 609, 627, 644, 660, 661, 664, 666, 757, 802, 814
کانی ڕەش.....71, 212, 574, 627, 644
کانی زەرد.....48, 105, 525, 562, 609
کانی سوور.....338
کانی سێف.....498
کانی ماسێ 36, 54, 139, 156, 329, 341, 399, 802, 814
کاوانی.....175
کاوە.....96, 112, 144, 172, 212, 244, 277, 280, 297, 310, 317, 349, 615, 748, 772
کاوە بەهرامی.....144
کاوە ڕەش.....96
کاوە گەرمیانی 277, 280, 748
کاوە محەمەد.....212, 297
کچان 249, 295, 550, 594, 627
کرماشان. 39, 40, 61, 67, 68, 71, 72, 83, 84, 90, 91, 122, 123, 139, 144, 145, 148, 157, 158, 159, 171, 172, 173, 179, 180, 188, 196, 224, 225, 230, 233, 234, 241, 242, 257, 258, 259, 260, 261, 277, 278, 285, 286, 318, 319, 338, 339, 340, 342, 361, 362, 367, 368, 370, 371, 419, 420, 435, 436, 454, 461, 462, 472, 509, 510, 546, 547, 622, 623, 647, 666, 667, 714, 715, 736, 737, 738, 739, 741, 742, 771, 776, 777, 779, 824, 825
کرمانج.....803
کری 75
کرێکار.....271, 387, 413, 441, 688, 746
کفری 41, 42, 97, 99, 141, 204, 205, 242, 258, 259, 262, 263, 265, 273, 274, 275, 276, 302, 407, 408, 414, 466, 507, 527, 580, 581, 622, 623, 645, 695, 700, 701, 706, 707, 725, 726, 744, 745, 748, 749, 755, 756, 757, 807
کلیس.....101
کوبانی.....131, 204
کوچو 744
کوڕانی.....627
کورتەک.....179, 678
کورد... 0, 1, 13, 15, 16, 17, 19, 23, 31, 33, 37, 39, 44, 48, 50, 58, 61, 67, 70, 72, 73, 75, 79, 81, 85, 88, 89, 92, 94, 95, 98, 100, 103, 105, 107, 109, 111, 114, 116, 118, 120, 122, 129, 131, 133, 135, 137, 139, 140, 142, 144, 150, 152, 155, 156, 158, 160, 163, 164, 166, 168, 170, 172, 174, 177, 179, 181, 183, 184, 186, 187, 190, 191, 193, 196, 198, 201, 204, 206, 208, 210, 212, 214, 216, 218, 220, 223, 224, 226, 228, 230, 233, 236, 242, 243, 246, 250, 254, 258, 260, 263, 264, 267, 271, 275, 277, 281, 283, 285, 287, 289, 294, 296, 299, 302, 303, 305, 308, 311, 312, 314, 316, 318, 321, 322, 324, 326, 328, 331, 335, 336, 338, 340, 343, 345, 348, 350, 351, 356, 359, 361, 363, 365, 367, 368, 370, 372, 374, 380, 382, 384, 387, 389, 392, 393, 395, 398, 399, 403, 409, 412, 413, 416, 417, 419, 422, 424, 426, 429, 430, 433, 435, 438, 439, 442, 443, 446, 453, 454, 455, 456, 458, 460, 461, 462, 464, 465, 469, 472, 473, 475, 483, 484, 487, 492, 494, 495, 498, 500, 503, 509, 510, 512, 518, 523, 525, 528, 542, 546, 548, 550, 551, 553, 557, 558, 562, 572, 573, 574, 576, 580, 581, 583, 585, 586, 591, 596, 599, 601, 603, 608, 609, 613, 615, 617, 618, 620, 627, 629, 632, 635, 638, 642, 644, 648, 650, 652, 655, 657, 659, 661, 662, 664, 666, 668, 670, 671, 672, 676, 678, 680, 685, 692, 695, 696, 698, 702, 707, 712, 716, 720, 722,

727, 730, 734, 736, 738, 740, 741, 743, 748, 751, 755, 756, 759, 766, 768, 770, 772, 775, 778, 783, 787, 792, 795, 797, 800, 802, 816, 818, 822, 824
کوردان 128, 311, 362, 376, 447, 469, 693, 707
کوردستان ... 0, 1, 13, 15, 16, 19, 21, 22, 23, 24, 25, 26, 27, 28, 29, 30, 31, 32, 33, 34, 35, 36, 37, 38, 39, 40, 41, 42, 43, 44, 45, 46, 47, 49, 51, 52, 53, 54, 55, 56, 57, 58, 59, 60, 61, 62, 63, 64, 65, 66, 67, 68, 69, 70, 71, 72, 73, 74, 75, 76, 77, 78, 80, 82, 83, 84, 85, 86, 87, 88, 89, 91, 92, 93, 94, 95, 96, 97, 98, 99, 100, 102, 103, 104, 105, 106, 107, 108, 109, 110, 111, 112, 114, 115, 116, 117, 118, 119, 120, 121, 122, 123, 124, 125, 126, 127, 128, 129, 130, 131, 132, 133, 134, 136, 138, 140, 141, 142, 143, 144, 145, 146, 147, 148, 149, 150, 151, 152, 153, 154, 155, 156, 157, 158, 159, 160, 162, 164, 166, 167, 168, 169, 170, 171, 172, 173, 174, 176, 177, 178, 179, 180, 181, 182, 183, 184, 185, 186, 187, 188, 189, 190, 191, 192, 193, 194, 195, 196, 197, 198, 199, 200, 201, 202, 203, 204, 205, 206, 207, 208, 209, 210, 211, 212, 213, 214, 215, 216, 217, 218, 219, 220, 221, 222, 223, 224, 225, 226, 227, 228, 229, 230, 232, 233, 234, 235, 237, 238, 239, 240, 241, 242, 243, 245, 247, 248, 249, 250, 251, 252, 253, 254, 256, 257, 258, 259, 261, 262, 263, 264, 265, 266, 268, 269, 270, 271, 272, 273, 274, 275, 276, 277, 278, 279, 280, 281, 282, 283, 284, 285, 286, 287, 288, 289, 290, 291, 293, 294, 295, 296, 297, 298, 299, 300, 301, 302, 303, 304, 305, 307, 309, 310, 311, 312, 313, 314, 315, 316, 317, 318, 319, 320, 321, 322, 323, 324, 325, 326, 327, 328, 329, 330, 331, 332, 334, 335, 336, 337, 338, 339, 340, 342, 343, 344, 345, 346, 347, 348, 349, 350, 351, 353, 354, 355, 356, 357, 358, 360, 361, 362, 363, 364, 365, 366, 367, 368, 369, 370, 371, 372, 373, 374, 375, 376, 377, 378, 379, 380, 381, 382, 383, 384, 385, 386, 388, 389, 390, 391, 392, 393, 394, 395, 396, 397, 398, 399, 400, 401, 402, 403, 404, 405, 406, 407, 408, 409, 410, 411, 412, 413, 414, 415, 416, 417, 418, 419, 420, 421, 423, 425, 426, 427, 428, 429, 430, 431, 432, 433, 434, 436, 437, 438, 439, 440, 441, 442, 443, 445, 446, 447, 448, 449, 450, 451, 452, 453, 454, 455, 456, 457, 459, 460, 461, 462, 463, 464, 465, 466, 467, 468, 469, 470, 471, 472, 473, 474, 475, 476, 477, 478, 479, 480, 481, 482, 483, 484, 485, 486, 487, 488, 489, 490, 491, 492, 493, 494, 495, 496, 497, 498, 499, 500, 501, 502, 503, 504, 505, 506, 507, 508, 509, 510, 511, 512, 513, 514, 515, 516, 517, 518, 519, 520, 521, 522, 523, 524, 525, 526, 527, 528, 529, 530, 531, 532, 533, 534, 535, 536, 537, 538, 539, 540, 541, 542, 543, 544, 545, 546, 547, 548, 549, 550, 551, 552, 553, 554, 555, 556, 557, 558, 559, 560, 561, 562, 563, 564, 565, 566, 567, 568, 569, 570, 571, 572, 573, 574, 575, 576, 577, 578, 579, 580, 581, 582, 583, 584, 585, 586, 587, 588, 589, 590, 591, 592, 593, 594, 595, 596, 597, 598, 599, 600, 601, 602, 603, 604, 605, 607, 608, 609, 610, 611, 612, 613, 614, 615, 616, 617, 618, 619, 620, 621, 622, 623, 624, 625, 626, 627, 628, 629, 630, 631, 632, 633, 634, 635, 636, 637, 638, 639, 640, 641, 642, 643, 644, 645, 646, 647, 648, 649, 650, 651, 652, 653, 654, 656, 657, 658, 659, 660, 661, 662, 663, 664, 665, 666, 667, 668, 669, 670, 671, 672, 673, 674, 675, 676, 677, 678, 679, 680, 681, 682, 683, 684, 685, 686, 687, 688, 689, 690, 691, 692, 693, 694, 696, 697, 698, 699, 700, 701, 702, 703, 704, 705, 706, 707, 708, 709, 710, 711, 712, 713, 714, 715, 716, 717, 718, 719, 720, 721, 722, 724, 726, 727, 729, 730, 731, 732, 733, 735, 736, 737, 738, 739, 740, 741, 742, 743, 745, 746, 747, 748, 749, 750, 751, 752, 753, 754, 755, 756, 757, 758, 759, 760, 761, 762, 763, 765, 766, 767, 768, 769, 770, 771, 772, 773, 774, 776, 777, 779, 780, 782, 783, 784, 785, 786, 787, 789, 790, 791, 792, 794, 795, 796, 797, 799, 800, 801, 802, 804, 805, 806, 807, 808, 809, 810, 811, 812, 813, 814, 815, 816, 817, 818, 819, 820, 821, 822, 823, 824, 825
کوردو 442
کوردی ,19, 23, 28, 40, 43, 46, 52, 79, 83, 89, 92, 94, 95, 104, 105, 110, 111, 119, 120, 139, 140, 153, 155, 161, 163, 165, 168, 172, 174, 179, 196, 200, 202, 204, 218, 222, 231, 236, 254, 266, 272, 278, 285, 294, 308, 316, 323, 331, 341, 363, 367, 371, 373, 384, 387, 390, 411, 413, 415, 424, 426, 432, 435, 446, 448, 456, 461, 472, 474, 505, 511, 515, 520, 613, 615, 622, 632, 634, 638, 657, 664, 675, 677, 680, 683, 695, 703, 707, 725, 736, 738, 740, 741, 744, 749, 766, 771, 775, 778, 781, 787, 791, 792, 818, 824
کورده .. ,27, 28, 81, 83, 85, 97, 107, 122, 140, 167, 196, 204, 228, 250, 271, 273, 285, 300, 323, 326, 328, 332, 338, 343, 347, 361, 370, 373, 380, 399, 409, 430, 441, 443, 491, 503, 523, 525, 551, 583, 586, 629, 642, 647, 650, 666, 676, 678, 725, 727, 736, 750, 759, 767, 772, 783, 788, 797, 800, 810, 818
کوشتیان 458
کوناره 531
کویک 15
کۆبانێ ..... ,104, 123, 157, 159, 169, 199, 201, 204, 207, 304, 326, 433, 435, 437, 442, 460, 500, 647, 668, 671, 684, 698, 710, 714, 723, 742, 769, 773, 810, 811
کۆپ 777
کۆجۆ 477
کۆچۆ 52, 470, 524
کۆچەر 27, 43, 78, 175, 603, 749
کۆچەر بیرکار 27, 43, 175, 603
کۆدۆ 142
کۆرتەک 387
کۆرش 285
کۆرش شەریفپوور 285
کۆسار 28
کۆسرەت 124, 156, 161, 196, 262, 271, 357, 740, 786, 793

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی..... 124, 196, 271, 786
کۆڤان..... 382
کۆڵان..... 786
کۆلیت..... 52
کۆڵیت..... 191
کۆمار..... 86, 135, 141, 147, 221, 665, 813, 820
کۆماری 27, 34, 46, 69, 72, 85, 101, 106, 111, 122, 125, 126, 128, 129, 131, 136, 139, 141, 145, 147, 148, 150, 174, 181, 196, 216, 221, 224, 226, 249, 259, 276, 292, 295, 297, 315, 332, 343, 347, 349, 357, 358, 396, 404, 406, 506, 516, 550, 595, 599, 610, 622, 645, 658, 660, 669, 686, 689, 728, 734, 744, 747, 773, 776, 784, 789, 791, 792, 795, 798, 801, 803, 809
کۆمپانیای نەوتی باکوور..... 371, 550
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی..... 44, 177
کۆمەک..... 680, 688
کۆمەڵگەی شاریا..... 472
کۆمەڵی دادگەڕیی کوردستان..... 65, 72, 90, 125, 485, 513, 617
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان..... 70, 106, 115, 514, 524
کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات..... 246
کۆمەڵەی ژنانی کوردستان (کەژەکە)..... 788
کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە..... 114, 343, 772, 778, 808
کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان..... 675
کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان..... 725
کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان - کەنەکە..... 149, 183, 194, 263, 298, 350, 410, 465, 469, 507, 603, 617, 656, 740
کۆنە..... 200
کۆپی..... 43, 485
کۆیە..... 97, 99, 100, 101, 104, 108, 139, 154, 155, 156, 157, 159, 177, 178, 189, 249, 262, 263, 283, 284, 346, 385, 389, 390, 409, 410, 536, 537, 546, 547, 548, 549, 612, 725, 731, 767
کیبریە ئەفرەن..... 160, 164
کێستە..... 156
کیشوەر..... 349
کێڵی..... 120
کێڵەشین..... 116, 174, 646
کەرکووک. 22, 23, 25, 26, 39, 40, 41, 42, 43, 44, 45, 46, 47, 48, 49, 50, 51, 52, 53, 54, 56, 58, 59, 62, 63, 64, 65, 66, 67, 68, 69, 70, 71, 72, 73, 74, 76, 79, 80, 81, 82, 88, 90, 91, 92, 93, 95, 96, 98, 99, 100, 102, 104, 108, 110, 116, 117, 120, 121, 123, 127, 128, 131, 132, 139, 149, 151, 158, 159, 161, 162, 163, 164, 165, 166, 169, 175, 176, 177, 178, 179, 180, 181, 182, 185, 186, 187, 188, 189, 190, 192, 194, 198, 199, 200, 201, 204, 205, 206, 207, 210, 211, 212, 213, 218, 219, 220, 221, 222, 223, 227, 228, 229, 234, 236, 237, 239, 242, 244, 245, 247, 251, 254, 256, 258, 260, 261, 263, 265, 267, 269, 270, 275, 276, 278, 281, 282, 285, 286, 288, 292, 293, 298, 299, 301, 302, 304, 306, 307, 308, 309, 313, 314, 315, 316, 317, 319, 325, 329, 332, 341, 342, 343, 344, 345, 346, 349, 350, 353, 357, 359, 360, 361, 362, 363, 364, 371, 375, 376, 377, 381, 385, 387, 388, 389, 390, 391, 392, 393, 394, 396, 400, 401, 402, 403, 404, 409, 410, 411, 412, 414, 415, 416, 420, 422, 423, 428, 429, 433, 435, 436, 437, 438, 444, 445, 446, 447, 455, 456, 457, 460, 464, 465, 466, 477, 484, 485, 491, 492, 494, 495, 496, 498, 501, 502, 503, 504, 505, 508, 512, 514, 515, 516, 517, 522, 525, 526, 531, 532, 550, 552, 554, 555, 556, 558, 559, 574, 575, 592, 601, 606, 610, 611, 612, 613, 619, 622, 623, 627, 628, 631, 633, 634, 635, 636, 637, 639, 644, 645, 647, 648, 649, 698, 699, 702, 703, 706, 707, 713, 714, 715, 720, 721, 722, 724, 725, 726, 730, 731, 734, 735, 738, 739, 740, 744, 745, 751, 753, 754, 755, 758, 759, 760, 764, 765, 766, 767, 770, 771, 776, 778, 779, 790, 791, 793, 794, 798, 799, 800, 801, 802, 803, 808, 809, 824, 825
کەریم سنجاری..... 137
کەریم کابان..... 778
کەریم ئەسغەری..... 248
کەسانی..... 70, 108, 278, 731, 781
کەسنەزان..... 118
کەسەرا نووری..... 463
کەڵاتەرزان..... 424
کەلار 26, 42, 52, 53, 72, 132, 137, 138, 141, 146, 147, 162, 167, 220, 221, 224, 225, 242, 249, 253, 257, 259, 262, 263, 264, 265, 272, 277, 278, 280, 282, 283, 284, 285, 286, 287, 288, 293, 301, 302, 308, 309, 311, 313, 314, 315, 317, 332, 345, 346, 382, 383, 391, 392, 400, 407, 408, 413, 414, 420, 429, 445, 458, 459, 460, 466, 501, 502, 504, 517, 522, 528, 535, 546, 547, 573, 574, 575, 620, 621, 623, 632, 633, 639, 654, 680, 681, 686, 689, 690, 694, 700, 701, 707, 726, 731, 737, 739, 745, 748, 749, 751, 758, 761, 762, 771, 778, 779, 782, 783, 784, 791, 804, 807, 817

کەمال ڕەئوف 143, 148, 153
کەمال ڕەئوف محەمەد - بابی لالۆ 143, 148, 153
کەمالّ کەریمی 698
کەمال موفتی 269, 271
کەمال مەزهەر 424
کەمال ئەحمەد 273, 275, 278
کەمالّ ئەحمەدی نژاد 103
کەوێن 283
کەوسەر 246
کەوەرت 92, 505
کەیهان کەڵهوڕ 76
کەیوان زەبیحی 285

گ

گابار 81
گارا 50, 77
گارە 140, 206, 597, 620, 651
گردی سەیوان 95, 313, 593
گرکێ لەگێ 749
گروپی ژیان 46, 725
گری 710
گرێ سپی. 204, 205, 207, 209, 213, 214, 215, 219, 240, 241, 260, 261, 350, 493, 655, 656, 657, 662, 663, 664, 665, 666, 667, 671, 677, 680, 681, 682, 683, 686, 688, 691, 692, 710, 711, 712, 713, 719, 720, 721, 723, 731, 736, 737, 738, 739, 742, 744, 749, 757, 766, 767, 775, 776, 784, 795, 796, 805, 806, 812, 820, 821
گور 48
گوریوز سۆلماز 642
گورزی 450, 661
گورگەچاڵ 81
گوزەل ئالتونوز 'ئاینور ئادا 693
گوڵاڵە 220, 723
گوڵان 444
گوڵبەهار 349
گوڵستان 214, 359, 704
گوڵناز 288
گوڵێ 40, 775
گوڵە 590, 734
گوندی 21, 24, 26, 28, 30, 31, 33, 34, 36, 37, 40, 41, 43, 44, 48, 50, 52, 54, 56, 58, 64, 67, 73, 75, 77, 79, 81, 85, 87, 90, 92, 95, 101, 103, 105, 107, 110, 116, 118, 120, 122, 124, 126, 131, 133, 135, 137, 139, 141, 145, 148, 152, 154, 156, 165, 169, 170, 172, 174, 177, 179, 181, 183, 184, 186, 188, 190, 191, 193, 196, 198, 200, 202, 204, 206, 208, 210, 212, 214, 216, 218, 220, 222, 224, 226, 233, 235, 238, 242, 243, 246, 250, 253, 258, 260, 264, 273, 280, 281, 283, 287, 289, 292, 294, 296, 298, 299, 301, 304, 305, 310, 315, 316, 318, 321, 323, 325, 326, 329, 331, 334, 338, 340, 343, 345, 350, 352, 356, 359, 361, 363, 365, 367, 368, 370, 372, 377, 378, 381, 382, 384, 387, 393, 395, 399, 402, 403, 408, 409, 414, 417, 424, 426, 428, 432, 435, 437, 439, 441, 443, 446, 448, 452, 456, 458, 459, 464, 466, 467, 469, 470, 472, 476, 482, 483, 484, 487, 490, 491, 492, 495, 498, 500, 501, 503, 507, 509, 511, 513, 514, 515, 517, 519, 521, 523, 525, 526, 528, 529, 533, 534, 546, 548, 550, 551, 553, 557, 558, 559, 560, 562, 564, 568, 569, 572, 573, 574, 576, 578, 580, 581, 583, 584, 588, 592, 594, 595, 597, 607, 608, 612, 615, 618, 620, 624, 625, 627, 629, 632, 634, 636, 639, 641, 642, 644, 646, 650, 653, 655, 657, 659, 661, 666, 671, 676, 678, 681, 682, 684, 686, 687, 689, 691, 693, 695, 696, 698, 700, 703, 705, 710, 712, 720, 723, 725, 727, 731, 733, 736, 738, 741, 744, 748, 752, 756, 759, 761, 766, 768, 771, 772, 774, 778, 780, 784, 786, 788, 791, 793, 795, 798, 802, 805, 807, 808, 811, 820, 822, 824
گوندەک 216
گوندەوێڵە 56, 380
گوهبەل 81
گوهدار زێباری 384
گوێر 154, 301, 752, 764
گوێزەکوێرە 191

گۆران 81, 290
گۆران محەمەد 81
گۆرانی 192, 240, 242, 282, 288, 448, 638, 710, 727, 730, 784
گۆڤار 13
گۆڵی 142
گۆیژە 781
گیزێ 698
گیلان 257
گەرمیان 26, 30, 41, 42, 53, 71, 72, 104, 131, 132, 138, 141, 147, 161, 162, 167, 221, 225, 238, 242, 249, 253, 257, 259, 262, 263, 265, 269, 272, 278, 280, 282, 283, 284, 286, 288, 292, 293, 301, 302, 309, 311, 313, 315, 317, 332, 345, 346, 382, 383, 391, 392, 399, 400, 407, 408, 414, 420, 428, 429, 444, 445, 459, 460, 466, 501, 502, 503, 504, 517, 522, 528, 535, 547, 573, 574, 575, 620, 621, 622, 623, 633, 639, 645, 653, 654, 681, 686, 690, 693, 694, 701, 706, 707, 725, 726, 730, 731, 736, 737, 738, 739, 742, 744, 745, 748, 749, 750, 751, 758, 761, 762, 771, 779, 782, 784, 790, 791, 802, 804, 807, 816, 817
گەرۆتە 346
گەڕەکی کانی 788
گەشت 67, 82, 144, 149, 216, 292, 357, 381, 437, 482, 681
گەڤەر 35, 58, 81, 266, 275, 478, 605, 638
گەلان 41, 48, 57, 58, 59, 75, 76, 77, 78, 79, 90, 101, 104, 124, 125, 130, 131, 132, 135, 149, 151, 152, 153, 155, 156, 157, 158, 159, 161, 164, 165, 167, 175, 180, 184, 185, 190, 194, 196, 199, 201, 215, 218, 219, 227, 230, 231, 236, 239, 246, 248, 249, 255, 262, 263, 269, 273, 274, 276, 278, 279, 280, 283, 284, 288, 291, 292, 297, 303, 304, 309, 310, 311, 335, 340, 341, 348, 349, 350, 352, 354, 355, 357, 359, 365, 366, 372, 373, 375, 376, 377, 378, 379, 380, 381, 387, 394, 396, 402, 406, 407, 408, 414, 417, 418, 420, 421, 422, 423, 424, 431, 434, 436, 438, 446, 447, 448, 449, 456, 458, 460, 462, 466, 469, 474, 479, 480, 485, 533, 534, 535, 542, 543, 546, 555, 578, 582, 583, 585, 588, 589, 590, 592, 594, 597, 602, 608, 609, 610, 611, 622, 624, 629, 641, 645, 655, 678, 681, 689, 692, 701, 703, 705, 715, 731, 740, 749, 751, 756, 757, 762, 764, 768, 769, 776, 778, 783, 784, 786, 788, 789, 791, 793, 801, 818, 819, 821
گەلاوێژ 61, 287, 572, 698, 723
گەلی ڕەشاڤە 378
گەنجۆ 695
گەنم 484, 500, 505, 527, 537
گەوران 192
گەیلان 412
گەیلانی 75, 199

ل

لاجانی 384
لادێ 218, 318, 345
لاڤا 210
لالش 28, 399, 461, 568
لانە 671, 736, 761
لانە محەمەد سالّح 671, 736
لاهور شێخ جەنگی 123, 790, 793
لاوان 46, 66, 86, 135, 332, 466, 536, 734, 759
لاوی 195, 236, 254, 441, 448, 512, 581
لاوە 61, 97, 111, 116, 133, 196, 435, 491, 523, 727
لایە 52, 154, 536, 681
لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان 101
لوتفی 234
لوتکە 412
لوڕستان 482, 483
لوقمان عەبدولقادر 341
لوقمان مورادی 23, 95, 98, 100, 114
لوقمان مورادی 23, 95, 98, 100, 114
لوو 146

لۆلان 90, 511
لێزا 409
لێژان 331
لێژمه 255
لێلکان 505
لیمۆ 524
لەتیف حامید 446
لەتیف ڕەشید 262
لەتیف شێخ عومەر 424, 432, 443
لەوەند 96, 705
لەیل 820
لەیلا شایلەمەز 345, 352, 824
لەیلا قاسم 71, 286
لەیلا ئیمرەت 442
لەیلان 218, 407, 809
لەیلانه 343

م

ماباتا 34, 557
ماجد 357
ماردین 153, 183, 349, 406, 578, 584, 585, 588, 643, 705, 762, 765, 773
مارینه 432
ماشکان 85, 210, 264, 519
ماکۆ 73, 74, 114, 115, 196, 214, 215, 343, 344, 382, 383, 625
مام جەلال 13, 86, 148, 262, 267, 592, 648, 725, 810
مام ڕەش 214, 766
ماملێ 374, 460
مامەش 258
مانگی سووری کوردستان 385
مانی 279, 297, 334, 347, 351, 372, 380, 417, 430, 446, 466, 473, 501
ماهیر 28, 81, 160
ماوەت 76, 388, 723, 753
محێدین حەقشناس 303
محەمەد پژوهی 69
محەمەد پۆلا 60
محەمەد حاجی 153, 271
محەمەد حاجی فەرەج دێکۆنی 153
محەمەد حسێن 534
محەمەد حسێن زادە 534
محەمەد حەسەن 21, 40, 590
محەمەد حەسەن محەمەد 21
محەمەد حەمۆ 800
محەمەد خرەد 200
محەمەد سالح 105
محەمەد سالح دیلان 105
محەمەد سدیق ڕۆستەمی 168
محەمەد شێرکۆ 41
محەمەد شێرین 730
محەمەد شیرین 345
محەمەد شەریف 160
محەمەد عارف 118
محەمەد عوسمان 45
محەمەد عومەر عوسمان 783

محەمەد عەبدوڵڵا 260, 264, 435, 693
محەمەد عەلی 28, 88, 185, 654
محەمەد کەریم 417
محەمەد گۆک 417
محەمەد مەلا قادر 359
محەمەد نوری 160
محەمەد نوزەری 736
محەمەد نەزەری 716
محەمەد وەفا کۆچاکلی 41
محەمەد ئایدن 534
محەمەد ئایدنەر 534
محەمەد ئەحمەد 352
محەمەد ئەمین 220, 252, 341, 412, 551, 572, 766, 810
محەمەد ئەمین کەنعانی 551
محەمەد ئەمین ئەحمەد 766
محەمەدی مامڵێ 791
محەمەدئەمین عەبدوڵڵاهی 273
مریەم قازی 332
مستەفا بایرام 301
مستەفا چاوڕەش 793
مستەفا چەلیک 822
مستەفا زەڵمی 409, 734
مستەفا سااح کەریم 300, 371
مستەفا سەید قادر 720
مستەفا عەلی 308, 412, 448
مستەفا محەمەد مستەفا 412
مستەفا مەولودی 97
مسێریک 269
منارە 194
مهاباد 158, 754
موحسین بەکر عەزیز 657
موحسین لوڕستانی 646
موختار زارعی 107, 374
موسڵ 111, 112, 131, 132, 158, 159, 190, 203, 204, 247, 278, 285, 286, 446, 447, 450, 451, 483, 510, 537, 604, 605, 728, 746, 765, 781, 803, 807
موفتی 56
موفتی پێنجوێنی 56
موکریان 135, 310
مونا قەهوەچی 428
مووچە 37, 39, 110, 163, 190, 206, 238, 285, 290, 341, 371, 783
مۆردین 537
مۆزەخانەی سلێمانی 31, 712
مۆزەی خۆراگری 781
مۆنۆمێنتی هەڵەبجە 85
میاندواو 103, 135, 158
میانە 509
میتان 693
میدیا 13, 80, 82, 84, 85, 87, 89, 91, 93, 95, 99, 102, 107, 109, 111, 113, 119, 121, 123, 125, 127, 130, 132, 136, 138, 140, 143, 146, 147, 151, 153, 155, 159, 162, 164, 166, 167, 169, 171, 174, 176, 178, 180, 187, 195, 197, 203, 205, 209, 211, 213, 215, 217, 219, 221, 222, 224, 226, 227, 229, 232, 235, 241, 243, 245, 249, 251, 253, 256, 259, 261, 263, 266, 268, 269, 270, 271, 272, 274, 277, 279, 282, 284, 286, 289, 291, 293, 296, 301, 303, 305, 307, 309, 312, 313, 315, 318, 330, 331, 333, 337, 339, 342, 344, 346, 348, 351, 353, 355, 358, 360, 362, 364, 366, 370, 372, 377, 379, 381, 383, 386, 388, 392, 398, 402, 408, 410, 412, 416, 418, 421, 425, 429, 431, 434, 436, 438, 440, 445, 447, 451, 453, 459, 460, 462, 470, 474, 482, 484, 491, 492, 494, 496, 499, 502, 504, 507, 511, 512, 515, 516, 521, 523, 526, 529, 532, 535, 537, 538, 547, 549, 551, 553, 554, 556, 558, 570, 573, 582, 587, 588, 593, 595, 600, 602, 605, 607, 609, 610, 612, 621, 623, 630, 631,

636, 640, 641, 643, 646, 648, 649, 652, 656, 658, 660, 663, 665, 669, 676, 677, 681, 688, 696, 697, 701, 704, 706, 707, 711, 713, 717, 721, 724, 729, 732, 735, 741, 743, 745, 747, 750, 753, 755, 758, 760, 765, 767, 771, 774, 777, 779, 782, 785, 787, 791, 792, 796, 799, 801, 803, 804, 811, 817, 819, 825
میر 48, 378, 385, 393, 399, 401, 416, 568, 791
میر تەحسین بەگ 378, 385, 393, 399, 401, 568
میران 349
میراوای 162
میراوێ 170, 174
مێردین 81, 152, 154, 183, 405, 432, 536, 577, 583, 585, 586, 587, 632, 642, 704, 746, 761, 763, 772, 792
میرزا 88, 255
میرشاد 349
میرشێخ حەیدەر 657
میرکان 60
مێرگان 36
مێرگە 116
مێرگەسوور 44, 45
میلاد محەمەد 158
میلان 204
مینا 458
میوان 385, 439
مەبەست 196, 348
مەتین 160, 218, 533, 624, 634, 676
مەتین جان 624
مەتینا 177
مەتینان 85, 120, 389
مەجید تیباش 434
مەجیدێ سلێمان 79
مەحما خەلیل 43
مەحمود جومعە 736, 738
مەحمود سەعید 688
مەحمود سەنگاوی 541, 625, 626
مەحمود عەباسی 359
مەحمود عەزیزی 437
مەحمود قەرەداغی 744
مەحمود کتابی 83
مەحمود محەمەد 820
مەحوی 275
مەخمور 177, 204, 298, 397, 585, 793, 807
مەخموور 33, 37, 38, 39, 40, 41, 42, 74, 77, 78, 80, 119, 138, 154, 155, 173, 178, 194, 208, 209, 225, 231, 232, 269, 270, 284, 294, 295, 296, 297, 301, 302, 306, 312, 313, 389, 391, 458, 492, 522, 585, 589, 592, 599, 611, 636, 637, 695, 718, 719, 728, 729, 730, 731, 753, 775, 776, 781, 782, 793, 794
مەردان 208
مەرزە 229
مەرگەوەر 258
مەریوان 58, 59, 67, 68, 69, 70, 71, 72, 81, 82, 83, 84, 103, 104, 107, 108, 109, 111, 112, 122, 123, 133, 143, 154, 156, 157, 158, 179, 180, 181, 182, 184, 185, 190, 192, 195, 196, 200, 201, 226, 227, 228, 229, 234, 235, 237, 242, 243, 245, 287, 288, 294, 295, 305, 306, 323, 324, 329, 372, 373, 374, 375, 387, 388, 395, 396, 401, 402, 405, 406, 424, 425, 426, 427, 432, 433, 448, 449, 454, 458, 493, 494, 500, 501, 502, 509, 510, 512, 513, 551, 552, 555, 581, 582, 590, 592, 629, 642, 643, 662, 663, 664, 665, 708, 709, 710, 711, 713, 741, 761, 762, 772, 773, 775, 776, 777, 779, 780, 782, 784, 788, 789, 797, 799, 814, 815, 816, 817, 822, 823
مەزرا 56, 170
مەزڵوم کۆبانێ 769, 773
مەزڵووم 101, 245, 434, 458, 798
مەزهەری خالقی 486
مەسرور بارزانی 273, 295, 345, 531, 533, 627, 655, 659, 734, 742, 753, 754, 775, 822

مەسعود بارزانی 33, 59, 61, 86, 124, 129, 190, 250, 262, 290, 345, 655, 657, 659
مەسعود شەمس نژاد 413, 426
مەسۆپی..... 592
مەعسومە 39
مەلا بەختیار..... 175, 740, 786
مەلا هەڵۆ 576
مەلا یاسین 786, 790
مەلا یاسین ڕەئوف..... 790
مەلا ئەحمەد نەزیری..... 599
مەڵێ..... 202
مەلیکە گۆکسو 622, 624
مەم..... 222
مەمکان 375, 626
مەنسور..... 69, 415
مەنسوور گرژە 562
مەهاباد 48, 49, 52, 53, 114, 115, 118, 119, 133, 135, 136, 139, 181, 182, 187, 202, 203, 220, 221, 230, 232, 254, 256, 266, 299, 300, 310, 311, 323, 324, 331, 332, 340, 341, 362, 487, 510, 511, 550, 555, 636, 725, 726, 743, 745, 761, 762, 818, 819, 822, 823, 824,825
مەهدی فەللاحی ڕۆستەمان 761
مەولەوی 94, 466, 557
مەیدان..... 761

ن

نادیە موراد 155, 161, 234, 288, 292, 300
نارین..... 634
ناز 803
نازەنین 411
ناسر سدیق 69
ناسر یاگز 359, 393, 431, 444, 446
ناسر ئەمینی 370
ناسریە 786
ناڤین 524
نانپارێز 173, 315, 417
نالی 466
نالیا 734
نامدار 195
ناهیدە 544
ناهیدە ڕەفیق حیلمی 544
ناویان 46, 69, 95, 110, 142, 171, 188, 236, 263, 365, 413, 608, 697, 748, 769, 800
ناوە 19, 57, 219, 303, 428
ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو 50
نحۆ عیبادی 336
نزارکێ..... 83
نژمار 512
نسێبین..... 220, 310, 340, 419, 428, 432, 441, 534, 577, 632, 787, 818, 824
نگڵ 361
نگین..... 193
نما 257
نوری دەرسیمی 70
نوری مەحمود..... 116
نورەدین..... 50
نووسەر 15, 101, 143, 160, 242, 252, 283, 300, 303, 322, 411, 420, 507, 530, 540, 578, 599, 601, 725, 728, 772, 780, 787, 797
نۆدشە 441

نۆکان 793
نێ 181, 236, 448
نیاز 33, 46, 168
نیاز عەبدوڵڵا 46
نیازی 242, 449
نێچیرڤان بارزانی .. 79, 131, 137, 150, 190, 257, 273, 290, 295, 304, 345, 348, 357, 359, 382, 403, 503, 509, 511, 512, 529, 533, 610, 622, 655, 676, 720, 728, 740, 742
نێروە 222, 313
نیشتمان 88
نیشتیمان 349, 710, 714, 771
نیو 700 ,387 ,212 ,124 ,115 ,50
نێوان 21, 32, 34, 37, 41, 43, 48, 58, 63, 71, 75, 77, 80, 85, 89, 97, 100, 116, 126, 131, 133, 135, 141, 142, 148, 154, 161, 163, 171, 172, 191, 204, 207, 214, 216, 235, 242, 244, 248, 252, 254, 258, 267, 272, 274, 275, 280, 282, 283, 286, 287, 290, 301, 304, 306, 308, 316, 318, 332, 338, 343, 345, 347, 350, 352, 356, 359, 375, 381, 384, 387, 389, 391, 396, 399, 405, 414, 422, 430, 432, 441, 444, 456, 468, 476, 495, 498, 499, 509, 510, 512, 517, 531, 535, 541, 548, 549, 553, 570, 572, 576, 580, 588, 622, 625, 626, 629, 632, 639, 653, 659, 661, 662, 677, 678, 686, 688, 689, 698, 703, 725, 728, 736, 744, 746, 755, 759, 766, 773, 775, 781, 788, 791, 798, 805, 809, 818
نێوە 681
نەبەز 615
نەجمەدین کەریم 177, 244, 424, 501, 503, 508
نەجمەدین مەلا 546
نەخشە 773
نەخۆشخانەی شار 92, 98, 105, 116, 129, 181, 224, 399, 439, 466, 467, 505, 522, 586, 650, 714, 793
نەخۆشخانەی فێرکاری 92, 693
نەخۆشخانەی هیوا 188
نەدیم زەهاوی 767
نەرمین 243
نەریمان 167, 172, 179, 349, 678
نەریمان عەزیز فەقێ محەمەد 167
نەریمان محەمەد 349
نەزمی ئەحمەد 96
نەشمیل 294
نەغەدە 93, 95, 96, 266, 268, 523, 524, 586, 587
نەقشبەندی 426, 458
نەمام 158, 373, 742
نەنۆر 384
نەهرۆ عەبدوڵڵا 727
نەوتی 48, 77, 92, 100, 135, 188, 212, 227, 238, 357, 418, 444, 477, 559, 686, 688, 689, 773, 775, 793
نەوجول 693
نەورۆز 231, 347, 415, 419, 448, 464, 466, 474, 476, 478, 532, 775
نەوزاد 39, 160, 188, 190, 412
نەوزاد هادی 188, 190
نەوشیروان 110, 262, 393, 498
نەوشیروان مستەفا 262, 498
نەوەی نوێ 88, 145, 204, 205, 212, 238, 239, 298, 350, 426, 427, 432, 433, 491, 492, 494, 501, 502, 511, 514, 530, 557, 610, 611, 651, 652

هـ

هاجەر سەعیدی 92
هادی سەلیمی 264
هاژە 114, 188, 323
هاڤین 340
هانا 781
هانی 385, 461, 636, 778

هاوار 52, 70, 132, 209, 257, 329, 332, 350, 374, 396, 456, 613, 643, 653, 678, 705
هاوار حاجی 132
هاویر 212
هاوبەش 39, 44, 71, 73, 82, 181, 205, 207, 260, 363, 416, 456, 458, 479, 530, 534, 640, 725, 800
هاوتا 440, 776
هاورێ... 0, 1, 14, 19, 22, 23, 24, 26, 28, 29, 31, 32, 33, 35, 37, 38, 40, 42, 44, 45, 47, 49, 51, 53, 55, 57, 60, 62, 64, 65, 66, 68, 70, 72, 74, 76, 78, 80, 83, 84, 87, 89, 91, 93, 95, 96, 99, 102, 105, 107, 109, 111, 113, 115, 117, 119, 121, 124, 125, 127, 128,130, 132, 134, 136, 138, 140, 141, 143, 146, 147, 150, 152, 153, 155, 157, 159, 162, 164, 166, 167, 170, 171, 174, 176, 178, 180, 182, 184, 185, 187, 189, 191, 192, 195, 197, 200, 201, 203, 205, 208, 209, 211, 213, 215, 217, 219, 222, 224, 226, 227, 229, 232, 235, 237, 239, 241, 243, 245, 247, 250, 251, 253, 256, 257, 259, 261, 263, 266, 268, 270, 271, 272, 274, 277, 279, 281, 282, 284, 286, 289, 291, 293, 296, 297, 299, 301, 303, 305, 307, 309, 312, 313, 315, 318, 319, 320, 321, 322, 324, 325, 327, 328, 330, 333, 335, 337, 339, 342, 344, 347, 348, 351, 353, 355, 358, 360, 362, 364, 366, 368, 370, 372, 374, 375, 377, 379, 382, 383, 386, 388, 390, 392, 394, 397, 398, 401, 402, 405, 406, 408, 410, 413, 415, 416, 419, 421, 423, 425, 427, 429, 432, 434, 436, 438, 440, 443, 445, 447, 449, 451, 453, 454, 455, 457, 459, 461, 462, 463, 464, 465, 467, 468, 470, 471, 472, 474, 476, 477, 479, 480, 481, 482, 484, 485, 486, 487, 488, 490, 491, 492, 493, 494, 496, 497, 499, 501, 502, 504, 506, 507, 509, 510, 512, 513, 515, 516, 518, 519, 520, 521, 523, 524, 526, 527, 529, 530, 532, 533, 535, 537, 538, 539, 541, 542, 543, 545, 547, 549, 551, 553, 554, 556, 558, 559, 560, 561, 563, 564, 565, 566, 567, 568, 569, 570, 571, 573, 574, 575, 576, 577, 578, 579, 581, 582, 584, 585, 587, 588, 589, 591, 593, 595, 596, 598, 599, 600, 601, 603, 604, 605, 606, 608, 609, 610, 611, 612, 613, 614, 616, 618, 619, 621, 623, 624, 625, 627, 628, 630, 631, 633, 635, 636, 638, 640, 641, 644, 646, 648, 649, 651, 652, 654, 656, 658, 660, 662, 663, 665, 667, 669, 670, 672, 673, 674, 676, 678, 679, 682, 683, 685, 687, 688, 690, 692, 694, 696, 698, 699, 701, 704, 706, 707, 709, 711, 713, 716, 717, 719, 721, 724, 727, 729, 732, 735, 737, 739, 741, 743, 745, 747, 750, 752, 753, 755, 758, 760, 763, 765, 767, 770, 771, 774, 777, 779, 782, 785, 787, 789, 792, 794, 796, 799, 802, 804, 806, 808, 809, 811, 812, 814, 815, 817, 819, 821, 823, 825
هاورێ باخەوان . 0, 1, 14, 19, 22, 23, 24, 26, 28, 29, 31, 32, 33, 35, 37, 38, 40, 42, 44, 45, 47, 49, 51, 53, 55, 57, 60, 62, 64, 65, 66, 68, 70, 72, 74, 76, 78, 80, 83, 84, 87, 89, 91, 93, 95, 96, 99, 102, 105, 107, 109, 111, 113, 115, 117, 119, 121, 124, 125, 127, 128,130, 132, 134, 136, 138, 140, 141, 143, 146, 147, 150, 152, 153, 155, 157, 159, 162, 164, 166, 167, 170, 171, 174, 176, 178, 180, 182, 184, 185, 187, 189, 191, 192, 195, 197, 200, 201, 203, 205, 208, 209, 211, 213, 215, 217, 219, 222, 224, 226, 227, 229, 232, 235, 237, 239, 241, 243, 245, 247, 250, 251, 253, 256, 257, 259, 261, 263, 266, 268, 270, 272, 274, 277, 279, 281, 282, 284, 286, 289, 291, 293, 296, 297, 299, 301, 303, 305, 307, 309, 312, 313, 315, 318, 319, 320, 321, 322, 324, 325, 327, 328, 330, 333, 335, 337, 339, 342, 344, 347, 348, 351, 353, 355, 358, 360, 362, 364, 366, 368, 370, 372, 374, 375, 377, 379, 382, 383, 386, 388, 390, 392, 394, 397, 398, 401, 402, 405, 406, 408, 410, 413, 415, 416, 419, 421, 423, 425, 427, 429, 432, 434, 436, 438, 440, 443, 445, 447, 449, 451, 453, 454, 455, 457, 459, 461, 462, 463, 464, 465, 467, 468, 470, 471, 472, 474, 476, 477, 479, 480, 481, 482, 484, 485, 486, 487, 488, 490, 491, 492, 493, 494, 496, 497, 499, 501, 502, 504, 506, 507, 509, 510, 512, 513, 515, 516, 518, 519, 520, 521, 523, 524, 526, 527, 529, 530, 532, 533, 535, 537, 538, 539, 541, 542, 543, 545, 547, 549, 551, 553, 554, 556, 558, 559, 560, 561, 563, 564, 565, 566, 567, 568, 569, 570, 571, 573, 574, 575, 576, 577, 578, 579, 581, 582, 584, 585, 587, 588, 589, 591, 593, 595, 596, 598, 599, 600, 601, 603, 604, 605, 606, 608, 609, 610, 611, 612, 613, 614, 616, 618, 619, 621, 623, 624, 625, 627, 628, 630, 631, 633, 635, 636, 638, 640, 641, 644, 646, 648, 649, 651, 652, 654, 656, 658, 660, 662, 663, 665, 667, 669, 670, 672, 673, 674, 676, 678, 679, 682, 683, 685, 687, 688, 690, 692, 694, 696, 698, 699, 701, 704, 706, 707, 709, 711, 713, 716, 717, 719, 721, 724, 727, 729, 732, 735, 737, 739, 741, 743, 745, 747, 750, 752, 753, 755, 758, 760, 763, 765, 767, 770, 771, 774, 777, 779, 782, 785, 787, 789, 792, 794, 796, 799, 802, 804, 806, 808, 809, 811, 812, 814, 815, 817, 819, 821, 823, 825
هاوسەر 234, 393, 734
هاوکار 228, 262
هاوناز 56, 369
هندی 275, 326
هوجام سورچی 775
هورامان 193
هوشیار 212, 403
هونەر 105, 118, 223, 398, 433, 441, 546, 748, 803
هونەر ئەمین 223
هۆرام 155
هۆزان 131, 233, 341
هۆزان جانێ 131, 233
هۆزانەوان 129
هۆزە 759
هۆژان 267
هۆژین 266, 349

هۆش..... 175, 377
هۆشمەند 26, 109
هۆشیار..... 588
هۆشەنگ 110
هۆکار..... 402
هۆگر..... 689, 693
هۆڵی 770
هۆڵی گەل..... 248
هۆنراوە 280
هیدایەت عەبدوڵڵاپوور..... 109, 160
هێدی..... 340
هێرش 39, 63, 64, 82, 100, 103, 112, 139, 151, 175, 177, 210, 250, 272, 276, 298, 331, 356, 369, 390, 393, 431, 512, 534, 548, 555, 657, 660, 662, 664, 667, 678, 689, 700, 715, 720, 725, 727, 736, 738, 742, 749, 770, 772, 781, 816
هێرۆ..... 31, 59, 98, 120, 236, 409, 634, 684, 786, 810
هێرۆ ئیبراهیم 31, 59, 98, 120, 236, 409, 634, 786, 810
هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد..... 31, 59, 98, 120, 236, 409, 634, 786, 810
هیزە 196, 331, 740
هێمن..... 224, 428, 528, 551, 553, 676, 723, 727, 756
هێمن جەمیل..... 723
هێمن عەلی 224
هێمن مامەند..... 676
هێمن موکریانی 727
هێمن هەورامی..... 428
هیوا 61, 150, 199, 202, 698, 792
هیوا حەفیدی 202
هیوا حەمید..... 61
هیوا حەمید ناسراو بە هەڵۆیست پارتیزان..... 61
هەبووە..... 46, 94, 188, 194, 201, 229, 242, 352, 357, 382, 472, 511, 702, 715, 740, 746, 776
هەتاو..... 109, 754
هەردی..... 514
هەردی سامان محەمەد..... 514
هەردەم 14
هەرسین 317
هەرشەم..... 163, 361
هەرمان 114, 225, 323
هەریر 437, 795
هەرێم .. 34, 39, 48, 50, 56, 58, 77, 81, 86, 92, 101, 114, 118, 124, 126, 137, 142, 155, 161, 163, 168, 170, 175, 177, 181, 183, 190, 192, 204, 212, 214, 216, 218, 229, 231, 238, 244, 255, 262, 265, 267, 272, 273, 278, 280, 284, 302, 304, 310, 314, 323, 334, 338, 341, 343, 347, 350, 359, 361, 363, 371, 373, 375, 376, 382, 387, 389, 392, 395, 398, 399, 409, 413, 417, 420, 422, 435, 439, 444, 452, 464, 466, 489, 492, 506, 509, 511, 512, 522, 527, 529, 533, 534, 548, 566, 583, 588, 596, 599, 600, 608, 622, 629, 631, 638, 640, 648, 653, 659, 676, 685, 693, 700, 703, 714, 720, 733, 743, 746, 756, 759, 768, 772, 775, 783, 798, 820
هەرێم کەمال ئاغا..... 212
هەزارمێرد..... 608
هەژار..... 39, 264, 369, 435, 814
هەژار موکریانی 39, 369, 814
هەژیر 441, 698
هەست 824
هەستی..... 144, 177, 338, 407, 483, 575, 629, 749
هەشتیان 267
هەڤاڵ..... 19, 564
هەڤاڵ نەژاد 19
هەڤرین خەڵەف 662, 710
هەڤرەست شوان 206

هەڵات 433
هەڵشۆ 105
هەڵکەوت 387, 552
هەڵکەوت زاهیر 552
هەڵگورد 517
هەڵمەت 564, 756
هەڵمەت عاسی 756
هەڵوێست 41, 95, 115, 174, 202, 297, 617, 661, 662, 671, 775
هەڵۆ 793
هەڵۆ پێنجوێنی 793
هەڵۆکانی زاگرۆس 54, 238, 551
هەڵەبجە 21, 34, 37, 38, 56, 57, 75, 76, 85, 86, 88, 108, 114, 115, 118, 119, 126, 127, 131, 132, 133, 135, 136, 137, 138, 139, 142, 143, 144, 145, 148, 151, 158, 159, 173, 188, 192, 195, 196, 198, 199, 206, 207, 208, 209, 220, 221, 234, 236, 237, 242, 249, 260, 261, 262, 263, 269, 286, 308, 309, 317, 341, 342, 344, 369, 387, 388, 393, 394, 397, 398, 409, 410, 420, 432, 433, 435, 436, 441, 442, 450, 451, 466, 470, 472, 475, 489, 537, 538, 548, 549, 575, 620, 621, 624, 636, 657, 658, 695, 696, 697, 703, 723, 734, 735, 742, 751, 754, 755, 756, 757, 759, 760, 764, 765, 768, 772, 773, 775, 776, 778, 779, 783, 784, 798, 799, 802, 803, 808, 809, 814, 815, 816, 817
هەڵەبجەی تازە 188, 798
هەمزە گوندوز 303
هەموار 725
هەمیشە 94, 659
هەمین 252
هەمەدان 120, 285, 286, 473
هەنار 94, 173, 190, 192, 193, 734
هەناسە 751
هەنگاو 54, 179, 412, 708
هەنگەژاڵ 424
هەواڵ 157, 216, 302, 441, 460, 566
هەوراز 572, 608
هەوراز ڕەزا 608
هەورامان 45, 123, 149, 155, 156, 167, 171, 190, 194, 196, 238, 242, 269, 284, 321, 323, 404, 405, 436, 442, 522, 536, 616, 667, 759, 764, 772, 773, 777, 780, 783, 793, 798
هەورامانی 252, 300, 316, 323, 340, 629
هەولێر 13, 19, 22, 23, 24, 25, 28, 31, 32, 33, 37, 38, 39, 40, 41, 42, 43, 44, 45, 50, 51, 52, 58, 59, 64, 67, 68, 73, 74, 75, 77, 78, 79, 80, 83, 84, 85, 94, 98, 99, 104, 108, 114, 115, 116, 117, 118, 119, 120, 121, 125, 127, 128, 130, 131, 132, 133, 134, 139, 144, 145, 151, 157, 161, 163, 165, 166, 169, 171, 173, 175, 176, 177, 181, 182, 185, 186, 187, 188, 190, 192, 193, 194, 196, 198, 199, 202, 203, 204, 205, 206, 207, 212, 213, 214, 215, 217, 219, 222, 223, 225, 226, 227, 228, 229, 231, 232, 234, 236, 237, 240, 244, 245, 246, 248, 249, 252, 253, 254, 256, 257, 262, 264, 265, 269, 270, 276, 280, 282, 287, 288, 290, 295, 297, 300, 301, 304, 306, 310, 311, 313, 322, 323, 324, 331, 332, 341, 345, 346, 350, 352, 353, 354, 355, 357, 359, 360, 361, 362, 363, 364, 368, 369, 384, 385, 389, 390, 391, 392, 393, 394, 395, 396, 397, 398, 399, 400, 403, 404, 412, 413, 417, 418, 422, 430, 431, 432, 433, 438, 440, 441, 442, 444, 445, 446, 447, 460, 464, 465, 472, 473, 474, 479, 481, 484, 485, 491, 492, 495, 498, 500, 502, 505, 507, 513, 516, 529, 530, 532, 537, 538, 546, 547, 548, 566, 578, 586, 587, 589, 596, 597, 600, 605, 608, 610, 612, 622, 623, 624, 625, 626, 627, 628, 632, 633, 634, 635, 637, 639, 641, 642, 643, 646, 647, 650, 653, 655, 656, 661, 668, 669, 673, 676, 677, 685, 686, 695, 697, 699, 700, 701, 703, 707, 710, 711, 712, 713, 714, 715, 716, 717, 718, 719, 720, 721, 723, 725, 726, 727, 729, 730, 731, 733, 735, 740, 746, 747, 753, 757, 759, 761, 762, 764, 765, 766, 767, 768, 769, 770, 771, 772, 773, 775, 776, 780, 782, 783, 784, 786, 788, 789, 790, 791, 793, 794, 796, 798, 799, 802, 803, 807, 810, 812, 815, 816, 817, 819, 822, 823, 824, 825
هەولێری نوێ 395, 441

و

واژۆ 46, 62, 149, 156, 460, 757, 791, 793
وان 37, 38, 103, 104, 118, 119, 126, 137, 152, 153, 160, 161, 168, 169, 179, 180, 254, 256, 279, 280, 281, 282, 287, 288, 289, 290, 296, 301, 302, 310, 311, 316, 317, 331, 332, 340, 342, 347, 348, 359, 360, 365, 366, 386, 388, 393, 394, 395, 396, 407, 408, 417, 418, 429, 430, 431, 432, 433, 437, 438, 439, 440, 466, 478, 479, 583, 584, 585, 586, 588, 611, 612, 678, 679, 680, 681, 691, 692, 724, 726, 727, 729, 750, 751, 752, 756, 757, 796, 797, 799, 820

وەرێ .. 50, 51, 85, 92, 93, 107, 108, 111, 112, 123, 129, 130, 142, 143, 144, 145, 147, 159, 160, 161, 173, 174, 176, 183, 184, 185, 188, 193, 194, 202, 203, 216, 217, 259, 267, 268, 277, 278, 287, 288, 294, 295, 312, 314, 315, 322, 324, 325, 329, 331, 332, 334, 335, 336, 337, 340, 342, 361, 362, 369, 403, 404, 413, 414, 419, 420, 424, 425, 426, 427, 434, 436, 439, 440, 455, 458, 467, 468, 487, 570, 586, 587, 629, 636, 646, 678, 692, 714, 715, 716, 717, 751, 756, 757, 793, 794
وریا 188
وریا خوسرەوی..... 188
وشیار 718, 720
وڵات 13, 22, 23, 24, 26, 27, 29, 30, 32, 33, 34, 35, 36, 38, 40, 42, 43, 44, 45, 47, 49, 51, 53, 55, 57, 59, 60, 61, 62, 63, 65, 66, 68, 70, 72, 74, 76, 78, 80, 82, 84, 86, 87, 88, 89, 91, 93, 94, 96, 99, 102, 104, 106, 108, 110, 112, 113, 115, 117, 118, 119, 121, 123, 125, 126, 127, 128, 130, 131, 132, 134, 136, 138, 140, 141, 143, 145, 147, 149, 151, 153, 155, 157, 159, 162, 164, 166, 167, 169, 171, 173, 176, 178, 180, 182, 183, 184, 185, 187, 189, 190, 192, 194, 196, 197, 199, 201, 203, 205, 207, 209, 211, 213, 215, 217, 219, 221, 223, 225, 227, 229, 232, 234, 235, 237, 239, 241, 242, 245, 247, 249, 251, 253, 256, 257, 259, 261, 263, 265, 268, 270, 272, 274, 276, 278, 280, 281, 282, 284, 286, 288, 290, 291, 293, 294, 295, 297, 299, 300, 302, 304, 307, 309, 311, 312, 313, 315, 317, 319, 322, 324, 325, 326, 327, 328, 329, 330, 332, 333, 335, 337, 339, 342, 344, 346, 348, 350, 351, 353, 355, 357, 358, 360, 362, 364, 366, 368, 369, 370, 371, 372, 373, 375, 377, 379, 381, 383, 385, 386, 388, 390, 392, 394, 395, 396, 398, 400, 402, 404, 406, 408, 410, 412, 414, 416, 418, 420, 423, 425, 427, 429, 431, 433, 434, 436, 438, 440, 442, 443, 445, 447, 449, 451, 452, 454, 455, 457, 459, 460, 462, 464, 465, 466, 468, 469, 471, 472, 474, 476, 477, 479, 480, 481, 482, 483, 484, 485, 486, 487, 488, 489, 490, 491, 492, 493, 494, 496, 497, 498, 499, 500, 502, 504, 505, 507, 508, 510, 511, 513, 514, 515, 516, 517, 518, 519, 520, 521, 522, 524, 526, 527, 528, 529, 530, 532, 533, 535, 537, 538, 539, 540, 542, 543, 544, 545, 547, 548, 549, 550, 552, 554, 556, 558, 559, 561, 562, 563, 564, 565, 566, 567, 568, 569, 570, 571, 573, 574, 576, 578, 579, 581, 582, 584, 585, 587, 588, 589, 591, 592, 593, 594, 595, 596, 597, 598, 600, 601, 602, 603, 605, 606, 607, 608, 609, 610, 611, 612, 613, 616, 617, 619, 621, 623, 624, 625, 626, 628, 630, 631, 633, 635, 636, 637, 639, 641, 643, 645, 647, 649, 650, 652, 654, 655, 656, 658, 660, 661, 662, 663, 665, 667, 669, 670, 672, 673, 674, 675, 677, 679, 681, 683, 685, 686, 688, 690, 692, 694, 696, 697, 699, 701, 703, 704, 705, 707, 709, 711, 713, 715, 717, 719, 721, 724, 726, 729, 731, 732, 734, 735, 737, 739, 740, 741, 742, 745, 747, 749, 750, 751, 752, 753, 755, 758, 760, 762, 765, 767, 769, 771, 773, 776, 779, 782, 784, 786, 789, 791, 794, 796, 799, 801, 804, 806, 807, 809, 810, 811, 812, 813, 815, 817, 819, 821, 823, 825
وڵوبە 92
ویکیپیدیا 19
وێنە 15, 127, 407, 714, 759, 764
وەرێ..... 422, 452, 503, 759, 780, 814, 818, 822
وەرداش..... 359
وەرزە 716
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی 722
وەزارەتی پلاندانان..... 292
وەزارەتی پێشمەرگە..... 25, 36, 86, 106, 110, 131, 158, 228, 234, 242, 371, 399, 401, 409, 558, 640, 693, 703, 750, 770, 818
وەزارەتی پەروەردە 73, 77, 100, 105, 124, 234, 278, 420, 511, 651, 676, 687
وەزارەتی تەندروستی 86
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی..... 43, 171, 280, 292
وەزارەتی داد 294
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان..... 39, 192, 287, 596, 786, 788, 798
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان 422
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار..... 548
وەزارەتی کارەبا..... 67, 720
وەزارەتی ناوخۆ ... 39, 154, 165, 219, 223, 229, 231, 249, 262, 265, 280, 284, 302, 398, 399, 401, 409, 415, 508, 583, 586, 626, 632, 651, 700, 704, 777, 822
وەزارەتی ئەوقاف 601, 783
وەزیر 57
وەفا..... 343
وەفایی 426
وەلی دێوانە..... 135
وەلید حەمید 793
وەنەوشە 698
وەیس 227, 418
وەیسی 158, 167, 170, 208, 518, 618

ی

یادگار.....756
یادگار ئیسماعیل.....756

ئ

ئاراس.....13, 14, 151, 160, 639, 640, 793
ئاراس شێخ جەنگی.....151, 793
ئاراس ئیلنجاغی.....14
ئارام .. ,744, 703, 668, 658, 653, 650, 624, 581, 460, 443, 419, 399, 381, 362, 340, 332, 319, 303, 269, 222, 194, 133, 107, 73
775, 792, 814, 816, 822
ئارام تیگران.....73
ئارام زەندی.....399
ئارام فەتحی.....107, 814, 816, 822
ئارام قادر.....222, 341
ئارام محەمەد.....269, 303
ئارام محەمەدی.....269, 303

ی

یارسان.....442, 714

ئ

ئارمان.....238, 287, 426, 742
ئارمان غەفووری.....287
ئاروین.....403

ی

یاروەیس.....223

ئ

ئاری.....317, 412, 712
ئاری بابان.....712
ئاری هەرسین.....317
ئاریا.....738
ئاریانا.....399
ئاریز.....411, 728
ئاریز عەبدوڵلا.....411, 728
ئارین.....349, 444
ئارین میرکان.....444
ئارەزوو.....372
ئارەش سادق.....23
ئازاد.... ,254, 246, 223, 219, 190, 179, 174, 166, 160, 158, 150, 144, 137, 131, 114, 103, 81, 79, 77, 61, 58, 53, 50, 39, 27
266, 273, 278, 281, 283, 287, 297, 308, 317, 322, 323, 329, 337, 338, 349, 352, 373, 374, 376, 395, 419, 426, 437, 439,
441, 443, 458,478, 503, 514, 523, 550, 555, 569, 587, 602, 609, 629, 636, 642, 657, 660, 668, 678, 688, 700, 712, 716,
717, 722, 740, 741, 746, 756, 759, 772, 775, 783, 788, 797, 803, 822
ئازاد پێنجوێنی.....803
ئازاد تۆفیق.....131, 137, 158, 317
ئازاد خوسرەوی.....772, 788
ئازاد عومەر.....349

ئازاد هەورامی..... 81
ئازادی ,349 ,345 ,306 ,297 ,292 ,286 ,278 ,267 ,264 ,262 ,252 ,249 ,230 ,220 ,186 ,184 ,154 ,129 ,114 ,104 ,90 ,79 ,58 ,56 ,39
351, 354, 359, 383, 411, 419, 422, 424, 427, 431, 442, 456, 467, 502, 549, 608, 621, 629, 675, 723, 727, 730, 748, 806,
811, 820
ئازادە..... 637, 718

ی

یاسا..... 43, 88, 89, 110, 170, 204, 206, 265, 271, 306, 352, 361, 375, 415, 417, 714, 730

ئ

ئاسنگەر..... 161, 369
ئاسۆ..... 173, 195, 253, 278, 367, 592, 806, 808
ئاسۆ عومەر سوارە..... 806, 808
ئاسۆ ئەحمەد..... 173
ئاسۆس..... 511, 793
ئاسیا..... 472, 634, 642, 655
ئاسیا عەبدوڵڵا..... 642

ی

یاسین قادر..... 288
یاسین قادر بەرزنجی..... 288
یاسین مەحمود..... 212

ئ

ئاشتی... ,678 ,668 ,660 ,640 ,628 ,511 ,418 ,396 ,358 ,338 ,300 ,292 ,287 ,279 ,269 ,200 ,194 ,127 ,126 ,86 ,83 ,66 ,58 ,48 ,39
682, 691, 696, 712, 764, 778, 781, 786, 788
ئاشتی هەورامی..... 511
ئاشکرا.... ,700 ,664 ,642 ,637 ,626 ,469 ,448 ,444 ,426 ,415 ,407 ,376 ,366 ,306 ,277 ,275 ,249 ,221 ,165 ,151 ,135 ,85 ,40 ,36
703, 715, 723, 766, 790, 803
ئاشنا..... 797
ئاغجەلەر..... 553
ئافا 698
ئافان..... 155, 196
ئافان نەجمەدین..... 155, 196
ئافدار..... 28
ئافرین..... 786
ئافێستا..... 371
ئاقیێ..... 569
ئاکار..... 383, 650, 809
ئاکام..... 426, 510
ئاکرێ..... 47, 301, 302, 309, 376, 377, 384, 385, 444, 535, 588, 596, 718, 719
ئاکۆ..... 13, 90, 727, 772, 788
ئاکۆ محەمەد..... 13
ئاکۆ مینایی..... 90
ئاگا 645
ئاگر ئامەد..... 710
ئاگری.. ,236 ,235 ,234 ,219 ,218 ,199 ,196 ,180 ,179 ,155 ,154 ,137 ,130 ,129 ,98 ,90 ,76 ,75 ,67 ,59 ,58 ,57 ,56 ,55 ,54 ,50 ,27
260, 383, 417, 418, 421, 422, 448, 449, 450, 451, 452, 456, 457, 458, 466, 469, 473, 474, 478, 479, 492, 499, 501, 502,
513, 517, 522, 525, 527, 530, 548, 560, 562, 575, 582, 597, 632, 633, 641, 680, 681, 733, 734, 752, 753, 764, 766, 767,
781, 791
ئاگرین..... 575

ئاڵ 728
ئالا 813
ئاڵا 273, 580, 775
ئالان 412, 807
ئالان کوردی 412

ی

یالملی 233

ئ

ئامارا 691
ئاماژ 396
ئامانج 50, 52, 69, 90, 145, 165, 169, 177, 188, 191, 204, 206, 208, 214, 225, 311, 312, 328, 334, 338, 371, 391, 424, 426, 475, 548, 553, 555, 564, 581, 620, 624, 625, 631, 645, 664, 666, 671, 676, 697, 698, 706, 712, 715, 734, 755, 793, 800, 815
ئامانج شوکری 328
ئامودا 135, 276
ئامێدی 46, 47, 54, 55, 98, 100, 101, 104, 122, 123, 139, 153, 159, 163, 165, 178, 181, 182, 198, 199, 202, 203, 206, 207, 212, 213, 214, 215, 222, 223, 236, 238, 239, 244, 250, 251, 313, 329, 334, 335, 340, 341, 349, 350, 367, 373, 378, 379, 380, 381, 383, 399, 400, 492, 493, 494, 495, 507, 515, 516, 533, 557, 588, 596, 612, 620, 621, 643, 684, 759, 800, 801, 802, 803, 820, 821
ئامینه کاکه باوه 447
ئامەد .. 21, 30, 54, 55, 58, 59, 81, 82, 83, 84, 87, 88, 92, 134, 135, 148, 154, 155, 158, 159, 160, 161, 164, 165, 166, 167, 184, 185, 188, 189, 190, 193, 194, 200, 201, 206, 207, 218, 219, 230, 231, 233, 234, 238, 239, 246, 248, 255, 262, 263, 271, 272, 274, 275, 277, 279, 287, 291, 294, 295, 301, 302, 303, 304, 306, 314, 315, 334, 335, 340, 341, 345, 346, 347, 348, 354, 355, 356, 357, 358, 360, 372, 373, 376, 377, 378, 379, 384, 385, 395, 401, 402, 403, 404, 407, 408, 415, 416, 422, 434, 436, 441, 442, 447, 465, 466, 469, 473, 474, 475, 528, 542, 543, 546, 572, 580, 583, 584, 585, 586, 587, 588, 590, 591, 592, 594, 597, 614, 615, 616, 691, 692, 693, 700, 701, 702, 703, 707, 731, 754, 755, 761, 762, 764, 775, 776, 783, 784, 787, 789, 790, 791, 793, 794, 800, 801

ی

یانه 308

ئ

ئاهەنگ 530, 662, 810
ئاوا 271, 285
ئاوات 346, 361, 612
ئاوات بۆکانی 346
ئاواره 114, 601, 727
ئاوارەکان 202, 311, 494
ئاواز 803
ئاویان 393
ئاویەر 111, 558

ی

یاوەر 483

ئ

ئاوەکە 424, 800
ئایا 637

ئایندە..... 662

ی

یلماز چەلیک 761
یوسرا ڕەجەب..... 272
یوسف 141, 173, 290, 336, 469, 473, 495, 525, 528, 538, 730
یوسف بەگ..... 141, 495, 528
یوسف ئەحمەد مەنتک 538

ئ

ئومێد..... 63, 137, 222, 254, 397, 420
ئومێد دەباغچی موکری 254
ئومید شامحەمەدی..... 228, 231, 308, 435
ئومێد قەرەداغی 420
ئومید کۆنەپۆشی..... 69, 142, 590, 592
ئومید ئەسەدی 285, 399
ئۆکتای جاندەمیر 301
ئۆمەران..... 473
ئیبراهیم پاشای بابان..... 94
ئیبراهیم حسێن..... 639
ئیبراهیم خەلیل 36, 202, 206, 349
ئیبراهیم دلاوەری..... 129
ئیبراهیم غولّامی 644
ئیبراهیم محەمەد 69, 748
ئیبراهیم ئەحمەد..... 21, 209, 786
ئیتلّاعات 107
ئیجلال قەوامی 60, 135
ئیحسان دۆغرەمەچی..... 287
ئیحسان وەنّزی..... 637
ئیدارە..... 52, 204
ئیدارەی ڕاپەڕین 185, 228, 262, 306, 347, 361, 369, 506, 522, 771
ئیدارەی گەرمیان... 25, 71, 141, 262, 264, 277, 286, 302, 311, 313, 345, 382, 399, 428, 466, 517, 527, 534, 572, 689, 695, 706, 731, 748, 790, 807
ئیدریس سایلگان 378
ئیدریس سەلیم..... 811, 820
ئیدریس مینبەری..... 503
ئیدریس نێچیرڤان بارزانی 530
ئیدریس یلّماز..... 331
ئێڕاق..... 14, 40, 51, 55, 61, 86, 88, 114, 115, 122, 123, 125, 147, 247, 265, 317, 332, 338, 339, 442, 606, 649, 650, 674, 677, 686, 703, 704, 753, 756, 758, 786, 789, 809, 813, 816, 817
ئێرشاد ڕەحمانیان 775
ئیرەج محەمەدزادە..... 61
ئیسماعیل 28, 48, 101, 109, 167, 181, 220, 229, 236, 336, 404, 477, 485, 534, 539, 540, 574, 580, 612, 691, 702, 705, 718, 720, 725, 813
ئیسماعیل بێشکچی 702
ئیسماعیل سابووری..... 539, 540
ئیسماعیل سوسەیی 28
ئیسماعیل عەزیزی 48
ئیسماعیل محەمەد 705
ئیسماعیل ئۆزەن..... 404
ئیفراز 365
ئیڤان 516

ئیقبال مورادی..... 71
ئیلام..... 58, 59, 83, 84, 172, 173, 271, 272, 275, 276, 314, 315, 321, 426, 427, 462, 463, 477, 622, 736, 795, 796, 798
ئێلح 62, 80, 150, 151, 153, 154, 156, 157, 206, 207, 255, 279, 354, 355, 391, 392, 478, 479, 533, 639, 700, 701, 730, 734
ئیلهام ئەحمەد 308, 648, 660, 673
ئیمام 184, 202, 230, 418, 446, 550, 590, 629
ئیمان عەبدوڵڵا 683
ئێندزە 367
ئێوارە..... 41, 94, 147, 252, 266, 269, 548, 550, 637, 655, 790, 820
ئەبو حەمزەی کوردی 234
ئەبو زەید 255
ئەحمەد تورک 184
ئەحمەد حاجی ڕەشید..... 359
ئەحمەد حسێن..... 710
ئەحمەد حەسەن 101, 590
ئەحمەد دڵزار..... 822
ئەحمەد دەنیز 359
ئەحمەد ڕەجەب 332
ئەحمەد سەعید..... 278
ئەحمەد عارف..... 118
ئەحمەد قادری 183
ئەحمەد کایا 478, 707
ئەحمەد محەمەد 75, 96
ئەحمەد محەمەد عەلی..... 96
ئەحمەد مستەفا 101
ئەحمەد مەحمود 28
ئەحمەد یوسف 52
ئەحمەد ئەمینی 118
ئەحمەدی خانی 118
ئەدهەم جومعە 175
ئەدەب..... 466, 677, 702, 705, 723
ئەرسەلان..... 27, 69, 294, 786
ئەرسەلان بایز 786
ئەرسەلان جەوزاک 69
ئەرکان بەهرامی 210

ی

یەریڤان 80

ئ

ئەریڤان 79
ئەرەن کەسکین..... 788

ی

یەزدا..... 183

ئ

ئەزمیر..... 412
ئەزمەڕ 177, 753
ئەزهەر..... 199
ئەستێرە 634

ئەسرا سۆلین دال.....160

ی

یەسنا.....431

ئ

ئەشرەفیە 734

ی

یەعقوب یوسف 64

ئ

ئەفشین.....426
ئەفریکێ 236
ئەفیندار 160
ئەکادیمیای سیاسەت و هزری دیموکراسی..... 21
ئەکبەر گەوێڵی 583
ئەکرەم خەلیلی.....144
ئەکرەم ساڤجی 193
ئەکرەم عەلی.....263
ئەکرەمی مەحمودی سالحی ڕەشە 376

ی

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.....72, 186, 188, 192, 265, 382, 383, 428, 429, 719, 802, 803
یەکێتی ژنانی کوردستان 460, 634
یەکێتی نووسەرانی کورد.....196, 246
یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان.....212
یەکێتی ئافرەتانی کوردستان 88
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان 40, 56, 57, 63, 64, 70, 74, 88, 97, 98, 101, 111, 112, 121, 123, 124, 125, 130, 132, 143, 145, 147, 148, 149, 151, 161, 175, 196, 207, 223, 248, 249, 260, 267, 270, 271, 272, 276, 301, 302, 314, 315, 332, 339, 343, 344, 345, 346, 349, 350, 357, 363, 364, 376, 377, 396, 400, 417, 418, 422, 425, 429, 431, 432, 433, 443, 444, 447, 456, 502, 509, 510, 511, 520, 541, 561, 592, 608, 625, 626, 640, 641, 649, 676, 677, 706, 707, 712, 733, 734, 740, 748, 749, 756, 757, 772, 773, 776, 783, 784, 786, 788, 789, 790, 791, 793, 794, 795, 796, 797
یەکینەکانی پاراستنی گەل - یەپەگە.....744
یەڵدا عەباسی.....282

ئ

ئەلک.....336
ئەڵوەن.....359, 536
ئەلیاس.....214
ئەلیاسی.....230
ئەمنە سوورەکە 98, 430, 636, 655, 781
ئەمیر 186, 202, 254, 314, 356, 399, 580, 642, 689, 824
ئەمیر پەیغامی 642
ئەمیر تاهیری.....356
ئەمیر سوهەیلی 254
ئەمیری.....121, 246, 437
ئەمیرئاباد 283
ئەمین عیسا ڕەشۆ 374

ئەنجام 13, 21, 41, 95, 105, 158, 169, 194, 210, 243, 249, 264, 267, 274, 290, 297, 306, 311, 329, 335, 354, 365, 369, 370, 377, 387, 389, 395, 397, 401, 408, 412, 422, 435, 466, 531, 544, 552, 583, 606, 629, 655, 659, 661, 677, 681, 686, 689, 695, 697, 704, 718,720, 725, 734, 764, 775, 798
ئەنجومەن 151, 198, 367, 793
ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان 202, 212
ئەنسارولئیسلام 630, 631
ئەوین 696
ئەوین عەباسی 696
ئەیهان سەعید 384
ئەیووب جەوانپوور 234



ئەم بایندەرە، سەرئەنجامی کاری بەردەوامی چەند ساڵەی ئەرشیڤوانانی کوردیپیدیایە. بەبڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە کوردیپیدیا هیچ دەستکەوتێکی مادی پەیداناکات. تکایە لە کاتی سوودوەرگرتن لەم بایندەرە لە تۆژینەوە و نووسینەکانتاندا، ئاماژە بە ناوی ئەم بایندەرە، ژمارەی وەشان، ساڵی دەرچوون و کوردیپیدیا بکەن.

This binder is the result of several years of continuous work by Kurdipedia archivists. Kurdipedia will not receive any material gain from the publication of this work. Please mention the name of this binder, version number, year of publication and Kurdipedia when using this binder in your research and writings.

kurdipedia.org

contact@kurdipedia.org

کوردیپیدیا، پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردییە.

2008-2025